# جەنگی دژە تیرۆر

## بەرەو کوێ ؟

نەوزادی موهەندیس

چاپی یەکەم
سلێمانی
٢١٠٨

مافی لە چاپدان و لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە بۆ نوسەر

## پێناسی کتێب:


- ناوی کتێب : جەنگی دژە تیرۆر بەرەو کوێ ؟
- نوسەر : نەوزادی موهەندیس
- بابەت : سیاسی
- پیتچنین و هەڵەبڕی : نەوزادی موهەندیس
- نەخشەسازی ناوەڕۆك و بەرگ : زەردەشت علی سۆرانی
- تیراژ : ٥٠٠ دانە
- شوێنی چاپ : چاپخانەی پیرەمێرد / سلێمانی
- نۆبەتی چاپ : چاپی یەکەم / ٢٠١٨

لەبەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی (١٤٨٧ ) ساڵی ٢٠١٨ی پێدراوە

# ناوەڕۆك

============

**بابەت** ======== **لاپەڕە** =========


پێشكەشە ........................................ ٩

پێشەكی ........................................ ١٠

**بەشی یەكەم** ........................................ ١


## بابەتی سیاسی


ئەرێ عێراقی نوێ لە ڕێگەی تەنگژە دروستكردنەوە بەڕێوەدەچێت ؟ ................١٨

دەسەلأت و ڕژێمی بەعسی سوریا لە سەرەمەرگدان..................................٢٣

نهێنی سەركەوتنی هۆگۆ شافێز بۆ چوارەم جار ......................................٢٦

مالكی پیاوی قۆناغەكە یان پیاوی دروستكردنی تەنگژەكان لە عێراقدا؟ ............٣١

قۆناغەكە هەڵوێست ونیەتێكی ڕاشكاوانە وڕاستگۆیانەی گەرەكە ؟ ...................٣٤

ئایندەی دەسەلأتی ئیسلامیەكان بەرەو كوێ ؟........................................٣٨

دیموكراسیەت لە ڕۆژهەلأتی ناوەڕاستدا بەشەرتی چەقۆیە ! .........................٤١

لە پێناو قولترکردنەوەی تەبایی كۆمەلأیەتیدا ئاین و كۆمەڵگە،پەیوەندی نێوانیان
باگیانی یەكدی قبوڵكردن لەناو كۆمەڵگادا گەشە پێبدەین ..........................٤٥

پیاوە تەنهاكە بردیەوە ! ..............................................................٤٩

ئەرێ هیچ كەس دەزانێت كەی حكومەت پێكدەهێنرێت؟ ...............................٥٥

پۆستە گشتییەكان لەنێوان خزمەتكردن وبازرگانیدا ...................................٥٩

باهەمووانمان تابۆ حیزبیەكان تێپەڕبكەین ! ...........................................٦٢

تكایە باچیدی پیرۆزیەكان لەبەرچاوی نەوەی نوێ ناشیرین نەكەین ...................٦٥

پاش هەڵمەتی گەرمی هەڵبژاردنەکان نۆرەی هێورکردنەوە وپێکەوە کارکردنە ......... ٦٨
عێراق گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ململانێ ناوچەیی و جیهانیەکان ..................... ٧٠
ئەم قۆناغەی خەبات پێویستی بە یەکڕیزی نیشتیمانی هەیە ......................... ٧٤
ئەریٚ داعش ڕووی ڕاستەقینەی ئیسلامە یان.....؟ ..............................٧٧
ڕۆڵی ڕوناکبیر لە غیابی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە کوردستاندا .........................٨١
داعش وەك دیاردەیەکی دژ بە مرۆڤایەتی بەجیهانیبون ! ..........................٨٧
پێویستە بەرەیەکی بەهێزی نێونەتەوەیی دژ بە تیرۆریستان پێکەوەبنرێت ............٩٠
ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تازە چۆن دەبێت ؟ ...................................................٩٣
خوێندنەوەیەك بۆ بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان و عێراق........................ ٩٨
ڕۆڵی تاك لە بونیادی کۆمەڵگەدا لە ڕابوردوو و ئێستادا ..................................١٠٣
عێراق ولاٚتیکی دەوڵەمەند و گەلێکی هەژار ...................................................١٠٧
تورکیا لە ڕۆڵی ڕابەرایەتیەوە بۆ کەنارگیری لە ڕۆژهەلاٚتی ناوەڕاستدا ...............١١١
داعشێکی بیٚ دایك و باوك چارەنوسی بەرەو کویٚ ؟ .....................................١١٥
هەڵویستی لیستی خزمەت لەپارێزگای سلێمانی لەنێوان ..........................١١٨
جەنگی دژە تیرۆر بەرەو کویٚ ؟ .................................................................١٢١
چۆن داعش بچوکبکرێتەوە، قەتیسبکرێت،بەرەو زبڵدانی مێژوو توڕ هەڵبدرێت ...... ١٣٩
باشەنگال بۆ شەنگالیەکان بێت .........................................................................١٤٣
کۆڕبەندی ئابوری داڤۆس و کاریگەری لەسەر سیاسەتەکانی دونیا .......................١٤٧
بۆچی هێزی پێشمەرگەی کوردستان یەکبگرێتەوە؟ ........................................١٤٩
پێدەچێت داعش تەنها بۆ شەڕی کورد دروستکرابێت ...................................١٥٣
ئەریٚ مادەی ١٤٠ ی دەستورتان لە بیر ماوە ؟ .....................................١٥٦
سەردەمی زێڕینی نەوت نزیکە لە کۆتایی هاتن! .........................................١٥٩
ڕۆژهەلاٚتی ناوەڕاست سەرچاوەی توندوتیژی وململانێکان لە مێژوودا ............... ١٦٣

کێرڤی هێز و دەسەلأتی داعش بەرەو هەڵدێربونەوە دەچێت ......................١٦٧
ئێران هەنگاو بەرەو فراوانکردنی هەژمونی خۆی لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناویندا .....١٧٠
سێ کوچکە ١٧٦
ڕێکەوتنامە; ١٨٢.
ئەریٚ داعش گەلانی عێراقی یەکخست یاز ردن؟ ..............................١٨٥
مۆتەکەی دابەشکردنی عێراق لە کوێوە و بو ـوی . ..............................١٨٨
جارێکی تریش کێشەی نەوت و بودجە لە نێوان هەرێم و بەغداد گەرم بۆوە ..........١٩٢
کابینەی هەشتی حکومەت و قەیرانەکان دووڕووی دراوێکن ! ......................١٩٥
سازان بۆچی و لە پێناو چیدا ؟ ................................................١٩٩
لەدوای ڕێکەوتنە ئەتۆمیەکەی .. ڕۆڵی ئێران لەناوچەکەدا بەرەو کویٚ ؟ .............٢٠٣
گەر سەرۆکی هەرێممان نەبێت چی دەبێت ؟ ......................................٢٠٨
هەرێم لە کوێی چاکسازیەکانی بەغدادایە؟ ......................................٢١١
ئاکەپە و ئەردۆگان لە شکستەوە بۆ شکستێکی گەورەتر ..........................٢١٥
کێ دەبێتە هۆکاری کردارەکی دابەشبوونی عێراق؟ ..............................٢١٩
١١ی سێپتەمبەر سەرەتایەکی بیٚ کۆتای تیرۆر لە جیهاندا ! .......................٢٢٣
ڕوسیا لە ڕۆڵی کۆمبارسەوە بۆ پاڵەوان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ! ................٢٢٧
چارەسەر... باهەمووومان ببین بە پارتی ! .......................................٢٣٢
تورکیا لە دوای هەڵبژاردنی پێشوەختەوە بەرەو کویٚ ؟ ...........................٢٣٥
ئابوری عێراق و کوردستان هەنگاو بەرەو مایەپووچ بوون ! ........................٢٤١
ئەریٚ جەنگی جیهانی چوارەم دەستیپێکردوە ؟! ..................................٢٤٥
سیستەمی سیاسی کوردستان بەرەو کویٚ ؟ .......................................٢٥٠
سووتاندنی ئالأکان... کەلتورێکی دواکەوتوو ....................................٢٥٥
کۆدەنگی نیشتیمانی لە کوردستاندا بەرەو کویٚ ؟ ...............................٢٥٧

گەوجایەتی ئەردۆگان .. تورکیا و ناوچەکە بەرەو کوێ دەبات؟ ........................ ٢٦٠

داعش ... زیانبەخشێکی بە سوود ! ........................................................ ٢٦٥

کورد لە نێوان ململانێ مەزهەبییەکانی سعودیە و ئێراندا .................................. ٢٧٠

ئەم قەیرانە داراییە چ پەندێکی فێری هەموان کرد؟ ........................................ ٢٧٥

ئەو دوو پرسیارەی کە هەموان چاوەڕوانی وەڵامەکانیانین ! ........................ ٢٨٠

فیدراڵیەت کورد کردیە نمونەی سیستەمی حوکمڕانی لەناوچەکەدا ........................ ٢٨٤

بەرەو بە [illegible] ... ٢٨٨

ململانێ [illegible] ... ٢٩٣

ئەردۆگان هیتلەری سەدە[illegible] بیست و یەکەم ! ..............................................

پارتی چی گەرەکە ؟ ........................................................................ ٣٠٠

بەغداد کورتترین ڕێگا بۆ هەرێمی کوردستان ...................................... ٣٠٤

گرنگی و کاریگەری ڕزگارکردنەوەی موصڵ بۆ کورد ............................ ٣٠٨

ناڕەزایی جەماوەر و بێ باکی دەسەڵات تاکەی ؟ ................................... ٣١٢

ساڵی ٢٠١٦ساڵی برسێتی و بێ مووچەیی و ساڵە بە جەفاکە ........................ ٣١٦

نان و ئازادی یا هیچیان یان پێکەوە ........................................... ٣١٨

یەمەن بەرەو هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت ........................................ ٣٢٢

**بەشی دووەم**.............................................. ٣٢٦

## بابەتی تایبەت بە کورد

دواجار ئیمپراڵی و قەندیل بونە چەقی چارەسەری مەسەلەی کورد ..................... ٣٢٧
بژاردەکانی بەردەم کورد لەمەڕ ئەم دۆخە مەترسیدارەدا ...................... ٣٣١
ڕاپرسی و ڕۆڵ و کاریگەری لەسەر یەکلایکردنەوەی مەسەلە ........................ ٣٣٥
ئەرێ پەلەمان نەکرد لە گەڕانەوەماندا ؟............................................ ٣٤٧
سازانی نیشتیمانی دروشمی قۆناغەکە ............................................ ٣٥١
تکایە باکۆنگرەی نەتەوەییمان بەبێ مەرجی دراوسێکان بێت .......................... ٣٥٥
لە پەراوێزی نزیکبونەوەی عێراق و تورکیادا...پێگەی کورد بەرەو کوێ ؟ ............ ٣٥٩
با ئیدی وەکو کورد دروشمی کوردایەتی پێش ئیسلامەتی بەرزبکەینەوە .............. ٣٦٢
مەسەلەی کورد لە ئێستادا مەسەلەی پلە یەکی ڕۆژهەڵاتی ناوینە .................... ٣٦٧
با لێنەگەڕێین (( پەیەدە )) بەتەنها بێت ؟........................................... ٣٧١
تکایە سلێمانی مەکەنە قوربانی مەرامەکانتان ! ....................................... ٣٧٥
ئەرێ براکا[illegible] ٣٧٨
ئەرێ بەڕاس[illegible] ٣٨١
ئایندەی کورد لەنێوان جەمسەری ململانێ[illegible]ەڵات لە تورکیادا .................. ٣٨٤
نەوت هێشتا هەر نیقمەتە و نەبۆتە نیعمە[illegible] ! ................................ ٣٨٩
ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بە گیرفانی بەتاڵەوە ناکرێت ! ............... ٣٩٢

سیستەمی کۆنفیدڕاڵی گونجاوترین دروشمی قۆناغەکە وئایندەی سیاسی ............٣٩٥
ئەرێ دامەزراندنی پەیوەندی کورد – ئیسرائیل حەرامە ؟ ....................... ٤٠٠
کۆبانیێخاڵی کۆکەرەوەو یەکێتیی کورد ......................................٤٠٤
چارەنوسی پرۆژەی دەستوری هەرێم بەرەو کوێ ؟......................................٤٠٧
ڕێککەوتنی هەرێمو بەغدا..دەسکەوتێکی گەورە بۆ کوردستان ......................... ٤١١
سەرئەنجام شاری سلێمانی ئەم گرەوەشی بردەوە .......................................٤١٥
ئەرێ کوردستان پێویستی بە یاسای لەناکاو (( تەواری)) هەیە ؟ ......................... ٤١٧
بۆچی ئاکەپە لەم هەڵبژاردنەی تورکیادا هەدەپە بە ڕکابەری سەرەکی خۆی ..........٤٢١
هەدەپە سەرکەوت، کوردیش بردیەوە ................................................٤٢٥
١٩ ی حوزەیران .. ڕۆژێکی غەمناک و یادێکی پڕ سوێ ...........................٤٢٩
ساردوسڕی و چۆڵی هۆڵەکانی کۆڕو کۆبونەوە ئەدەبیەکان .............................٤٣٢
هەڵبژاردنی پێشوەختە لەچ کاتێکدا؟ بۆچی ؟ ...........................................٤٣٦
پێکەوە بین یان لێکەوە بین ؟ ................................................................٤٤٠
سلێمانی دڵە هەمیشە زیندووەکەی کوردستان و کوردایەتی .............٤٤٤
دەوڵەتی کوردی لەنێوان خەون و دروشمبازیدا ! ..........................................٤٤٧
ئەرێ بە ڕاست دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیمان دەوێت ؟ ...............................٤٥١
کورد و بەغداد کامیان ئەویتر تەلاق دەدات ؟ ..........................................٤٥٤
کورد لە کوێی گەمە سیاسیەکەی ناوچەکەدایە ؟ ........................................٤٥٧
کورد دوای داعش بەرەو کوێ ؟ ..................................................٤٦١

ئەم دۆخە قەتیسەی هەرێم تاکەی ؟ ........................................................ ٤٦٥
بەرەو ڕێکخستنەوەی نێو ماڵی کورد ........................................................٤٦٨
کورد و گەلەکۆمەکیەکی نوێ لە ناوچەکەدا ........................................................ ٤٧٢
سیاسەتی فرۆشتنی سەربەخۆی نەوتی هەرێم لە نێوان سەرکەوتن و شکستدا ! ..... ٤٧٦
چارەسەرێکی مامناوەندی بۆ ئەم دۆخەی ئێستای هەرێم ...........
دیدار لەگەڵ گۆڤاری سلێمانی .......... ..................................٥٠٥

## بەشی سێیەم ........................................................ ٥٠٨

## بابەتی تایبەت
## بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان

ئایندەی گەنج لە بەرنامە و فەلسەفەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا ..............٥٠٩
یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و هەنگاو بەرەو ئاینده ..................................٥١٨
یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەکوێی ئەم بارودۆخە ..................................٥٣٢
ئەم هەموو دژایەتیکردنەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە پای چی ؟ ...............٥٣٥
تکایە با ئەمڕۆشمان لە دوێنێمان نەچێت ................................................... ٥٤٣
یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هێشتا لە هەڕەتی گەنجێتی و داهێنانداية .............٥٤٦
پشتیوانی یەکێتی لە هەدەپە لە نێوان ئەرك و موزایەدەدا ...............................٥٥٠
یەکێتی نیشتیمانی کوردستان قوتابخانەی پێگەیاندنی نەوە جیاوازەکان ............ ٥٥٤
هەموان لە حزوری مام جەلالدا ........................................................ ٥٥٨
لەیادی ٤٠ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیدا...یەکێتیەکی چۆنمان گەرەکە؟ .............٥٦١

یەكێتی نیشتیمانی كوردستان چ سازانێكی گەرەكە؟ .............................. ٥٧٠
یەكێتی نیشتیمانی كوردستان ،هەمیشە بەشێك لە چارەسەر ........................... ٥٧٤
هەموو ڕووناكیەكان بە ئاڕاستەی یەكێتین ................................ ٥٧٨
حكومەتی ڕزگاری نیشتیمانی لە پێناو چیدا ؟ ........................................ ٥٨٢
خوێندنەوەیەك بۆ ڕێكەوتنامە سیاسیەكەی نێوان ........................................٥٨٦
ڕێكەوتنەكەی یەكێتی وگۆڕان لەنێوان تاكتیك و ستراتیژی سیاسیدا .............................. ٥٩١
ئەرێ یەكێتی نیشتیمانی كوردستان لە توانایدایە لەم دۆخە قەتیس و ....................... ٥٩٤
لە یادی ڕاپەڕیندا ..قسەیەك لەسەر بارودۆخی یەكێتیەكەمان ........................ ٦٠٧
پەیڤێك بۆ [illegible] ٢٤ [illegible] ..... ٦١١

## بەشی چوارەم

بەشی چوارەم ........................ ..................... ٦١٤

## بابەتی تایبەت بە زانست و ئەندازیاران

پیشەسازی مەرەكەب ..................................................................... ٦١٥
چۆن بواری پیشەسازی كوردستان ببوژێنینەوە و گەشەشی پێبدەین ؟ ...................٦٢٠
پیشەسازی پلاستیك ........................................................................٦٢٦
ئایندەی كەرتی پیشەسازی بەگشتی لە كوردستاندا بەرەو كوێ ؟ ......................٦٤٢
خوێندنەوەیەك بۆ سیاسەتی نەوتی كوردستان ......................................٦٥٢
داهات و خەرجی نەوتی هەرێمی كوردستان بە ژمارە ............................. ٦٦٥
دابەزینی نرخی نەوت و كاریگەریە خراپەكانی لەسەر ئابوری جیهان ..................٦٦٨
كەی دەتوانرێت بە داهاتی نەوتی كوردستان جێگەی پشكی ١٧٪ ...................٦٧٢
پیشەسازی پترۆكیمیاویات لە كوردستاندا .............................................٦٧٥
بەنزینی كوردستان و مەترسیەكانی ...................................................٦٨٣

غازی سروشتی کوردستان و گرنگیەکەی بۆ ئایندە ........................ ٦٨٩
پیشەسازی بۆن ........................................................ ٦٩٦
بەرزبونەوەی نرخی نەوت لە بەرژەوەندی کێدایە ؟ ........................ ٧٠٣
جیاوازی هەرێم و بەغداد لەسەر هەناردەکردنی نەوت بەژمارە ..................... ٧٠٧
نرخی نەوت ڕوو لەبەرزبونەوە دەکات ........................................ ٧١٠
تەکنەلۆژیای نانۆ ....................................................... ٧١٢
سەلامەتی پیشەسازی .................................................... ٧٢٤
لە دابەزینی نرخی نەوتدا کورد گەورەترین زیانی بەردەکەوێت ..................... ٧٣٩
خاڵە لاوازەکانی یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٦ بۆ هەرێمی کوردستان ................. ٧٤٤
پیشەسازی چنین و قوماش ............................................... ٧٤٨
غازی سروشتی کوردستان نیعمەتێکی تالآنکراو ................................ ٧٦٠
پیشەسازی مۆم .......................................................... ٧٦٤
پیشەسازی شەکر لە کوردستاندا ............................................ ٧٧٤
پیشەساز ٧٨٣
پیشەسازی نەوتی بەردی ................................................ ٧٨٩
ئەرکی دوای پەسەندکردنی بودجەی گش ٢٠١٧ مان چیە ؟ ...................... ٨٠٠
دەبێت پەیوەندی نێوان ئەندازیاران و بەڵێندەران چۆن بێت ؟ ...................... ٨٠٦
چۆن ژینگەی دەوروبەرمان لە پیسبوون بپارێزین ................................ ٨٠٩
ڕۆڵ وکاریگەری نەوت لەداگیر و دابەشکردنی کوردستان و هەنگاو بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی ........................................ ٨١٣

پێشکەشە :-

- پێشکەشە بە گیانی پاکی یەك بەیەکی پێشمەرگە و گەریلا و شەرڤانان لە کوڕان و کچانی گەنج و جوانی کورد لەهەر چوار بەشەکەی کوردستاندا کە خوێن و گیانی خۆیان بەخشیوە لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی کوردو

**کوردستاندا لە جەنگی دژی تیرۆریستانی داعش و داگیر و دابەشکەرانی کوردستاندا. هەزاران سڵاو لە گیان و یادی هەمیشە زیندوو نەمرتان لە مێژوو و دیرۆکی گەلەکەماندا.**

- **بە گیانی پاکی هەموو ئەو قوربانیانەی دەست و فکری ڕەش و تاریك و دواکەوتوی تیرۆریستانی داعش و ئەوانی تر، کە لە پێناو ئاشتی و ئارامی و ئازادی و سەرفرازی و سەربەخۆیی خاك و نیشتیمان و گەلەکانیاندا بونەتە قۆچی قوربانی و گیانی خۆیان بەخشیوە لەهەر جێگەیەکی دونیادا بێت.**

# پێشەکی

- ئەم کتێبەی لەبەردەستی تۆی خوێنەردایە بریتیە لە کۆکراوەی هەموو ئەو بابەتە سیاسی و ئابوری و زانستی و ئەندازیاریانەی بەندە کە لەماوەی ٤ ساڵ (( ٢٠١٣ تا ٢٠١٦)) نوسیومن،کە خۆی لە (( ١٦٥ )) بابەتدا دەبینێتەوە.

بابەتەکانیش بەپێی ڕێکەوتی نوسینیان و بەدوایەکی ڕۆژ و مانگ و ساڵەکان دانراون، بۆئەوەی شێوەیەك لە پەیوەندی و بەدوایەکیدا هەبێت ولە ٤ بەشدا ڕێکخراون کە بریتین لە:

**بەشی یەکەم:** تایبەت بە بابەتە سیاسیەکانی کورد و عێراق و ناوچەکە و دونیایە .

**بەشی دووەم:** تایبەتە بە بابەتەکانی کورد لەهەر ٤ بەشەکەی کوردستاندا .

**بەشی سێیەم:** تایبەتە بە بابەتەکانی وابەستە و پەسیوەست بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە بەندە وەك ئەندامی ئەنجومەنی ئەکادیمیای هوشیاری و پێگەیاندنی کادران ئیلتیزامی حیزبی و ڕێکخراوەیم هەیە و دیدو بۆچون و ڕەخنەی خۆشم هەیە لەسەر تەواوی کاروکردەوە و بەرنامە و تێڕوانینی حیزبەکەی خۆم.

**بەشی چوارم:** و کۆتایش تایبەتە بە زانست و ئەندازیاری وەك ئەندازیارێك و سەرنوسەرێکی ١٥ ساڵەی گۆڤاری ئەندازیاران لە بوار و پسپۆڕیەکەی خۆمدا نوسیومن.

- لێرەدا جێگەی خۆیەتی کە ئەوە بۆ خوێنەر و هەڤاڵە ئازیزەکانی خۆم لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا ڕوونبکەمەوە، کە تەواوی نوسین و بیرو بۆچون و پێشبینیەکانم کەلە چوارچێوەی بابەتەکاندا خستومنەتە ڕوو کە زۆرێك لە بابەتەکانیش لە یەکێك یان زیاتر لە ڕۆژنامە و گۆڤار و سایتێکدا بلأوکراونەتەوە، هەریەکەیان ڕەنگدانەوەی ڕووداوێك یان پێشهات یان وتە و کرداری سەرکردەیەك ، حیزبێك لە وڵاتێکی دەورو جیران و دونیا هاتۆتە نوسین و هەر لەسەر ئەو فاکتەرانە پێشبینیەکانمان دەربڕیوە،جا هەندێك جار ڕاستیەکانمان پێکاوە و هەندێك جاری تریش سەرچیخ چووین و هەڵەمان کردوە .بەڵام خۆشبەختانە هەڵەکانی ئێمەی چاودێر یان قەڵەم بەدەست یان وەکو هاوڵاتیەکی سادەی ئەم کۆمەڵگایە، هەڵەی کوشندە نەبون و ناشبن چونکە ئێمەومانان بڕیاربەدەستی کۆتایی نین لەهیچ بوارێکی سیاسی و ئابوری و سەربازی و حوکمڕانیدا لەم هەرێمەدا کە بەداخەوە نە حوکمڕانیە ٢٦ ساڵیەکەی و نە ئۆرگان و جومگەکانی بڕیار بەدەست بە پێی پلان و لێکۆڵینەوە و ڕاوێژکردن کارناکەن و گوێش بۆ کەسانی شارەزا و پسپۆڕیش ناگرن،هەربۆیە هەڵەی ئێمە و مانان هەڵەیەکی سپین و کوشندە نین وەك هەڵە کوشندە و ڕەش و خوێناویەکانی بەناو سەرکردە سیاسیەکانمان.

ئەوەی مەبەستمە ئەوەیە کەلەکاتی خوێندنەوەی هەر بابەتێکدا دەبێت خوێنەری ئازیز بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەم و ڕێکەوتەی کە نوسینەکەی تیادا بلأوکراوەتەوە و بە پێودانگ و پێوەری ئەو زەمان و زەمینەیە بابەتەکانمان و بیروبۆچونەکانمان هەڵبسەنگێنێت نەك بە پێوەری ئەم سەردەمی دوای نزیکەی ٤ ساڵ،کە ئاشکرایە لەنێوان ساڵانی ٢٠١٣ تا ٢٠١٨ کۆمەڵ گەلێك ڕووداو و پێشهات لە هەرێم و عێراق و ناوچەکە و دونیاشدا ڕوویانداوە کە کەم کەس و کەم حکومەت و کەم دەزگای لێکۆڵێنەوەی خاوەن پارەو پول و ئامێرو تەکنەلۆژیای نوێ و زۆر وزەوەندی ناوچەکەش پەییان پێ بردوە و لایان ڕوون و ئاشکرابوە.

هەربۆیە ئێمەومانانیش گەر بیربۆچونەکانمان نەپێکابێ ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداو و پێشهاتە زۆر خێراکان کە لە پشت دەرگا داخراو و تاریکەکاندا پیلانیان بۆ داڕێژراوە.
لەلایەکی تریشەوە هەڵە و سەرچیخچوون یەکێکە لە سیفاتەکانی مرۆڤ ،چونکە هەر مرۆڤێك لەچوارچێوە و سنوری زانیاری و ئاستی هوشیاری خۆیدا بیردەکاتەوە و پێشبینیش دەکات، ئاشکراشە سنور و چوارچێوەی بیرو هەستەکانی هەموو مرۆڤەکانیش سنوردارن و هیچ مرۆڤێك نیە کە لەڕادەبەدەر بتوانێت خوێندنەوەی ڕاستودروست بکات بۆ دەوربەرو جیهانیش،سادەترین نمونەش ئەو سیاسی و بەناوسەرکردە و بڕیاربەدەستانەن لەجیهان و ناوچەکە و کوردستانیشدا کە سەرەڕای هەبوونی ئەو هەموو ئامێر و تەکنەلۆژیا نوێیانەی سەردەمیش بۆ هەواڵگری و گوێهەڵخستن و پەپکە نانەوە کەچی هەندێك ڕووداو ڕوودەدەن کە لەخەیاڵیشیاندا نەبوە و بیریشیان لێنەکردۆتەوە(( گەشترین نمونەش ڕووداوی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ ە لەسەر دەستی ڕێکخراوی قاعیدەی تیرۆریست دژ بە گەورەترین و ڕابەری هەموو جیهان ئەمریکا کە لەناو جەرگە و پایتەختی ئەو وڵاتەدا ڕوویاندا)) ،جا چ جای ئێمەومانان کە تەنها سەرچاوەمان دەزگاکانی ڕاگەیاندنە و بۆچون و خوێندنەوەی خۆمانە بۆ دەوروبەرمان.

- خاڵێکی تر کە حەزدەکەم ڕوونی بکەمەوە ئەوەیە کە خوێنەر لەوانەیە هەست بەوە بکات کە لەنێوان بابەتێك و بابەتێکی تردا جۆرە ناڕێکی و ناتەباییەك هەیە و یان هەندێکجار بیروڕاو و بۆچونەکانیش پێچەوانەی یەکترن، کە ئەمەش جارێکی تر بۆخۆی کارێکی ئاساییە چونکە تەواوی نوسین و بیرۆکەکانیشیان لەو ڕووداوانەوە هەڵهێنجراون کەلەو کات و ساتەدا ڕوویانداوە و ئەشێت کە کەمێك پێچەوانە و دژایەتی هەستپێبکرێت لەنێوان بیروەڕاکاندا، بۆخۆی جیاوازی بۆچون و خوێندنەوەکانیش بەهەمان شێوە کارێکی ئاساییە بەمەرجێك جیاوازیەکانیان نێوان ئاسمان و ڕێسمان نەبێت لەسەر تەنها بابەتێك.

- خاڵێکی تر کە پێویست بەڕوونکردنەوە دەکات ،ئەوەیە کە لەهەڵبژاردنی ناونیشانی کتێبەکانمدا و بەتایبەتیش بابەتە کۆکراوەکانمدا،هەمیشە ناگەڕێم بەدوا ناونیشانێکی نامۆ و بەدەر لە ناونیشانی بابەتەکەنماندا،بەڵکو یەکێك لەناونیشانی بابەتەکانی ناو کتێبەکەم هەڵدەبژێرم کە ڕەنگدانەوەی ئەو ماوەیە بێت کە

نوسینەکانمی لەخۆگرتوە و پانتاییەکی گەورەش و کاریگەریەکی بەرچاویشی هەبوبێت بۆسەر هەموانمان، ناونیشانی ئەم کتێبەم بریتیە لە (( جەنگ دژی تیرۆر بەرەو کویَ ؟)) .

- ئاشکرایە جەنگی دژە تیرۆر لەمێژە بەرۆکی ناوچەکە و کورد و هەموو دونیاشی گرتوە لەسەر دەستی ڕەشی تیرۆریستان وتوندڕەوەکانی خاوەن فکر و ئایدیای کۆنەپارێز و دواکەوتویی لە ڕێکخراو و دەوڵەت و ئۆرگانە هەواڵگری و جاسوسیەکانی ناوچەکە و دونیادا و گەرەکیشیانە کە ئەو فکر و بۆچونە نامۆیانە بە سەر دونیا و سەردەمی ئێستاماندا بسەپێنن بەزەبری شمشێر و لەسایەی سیاسەتی تۆقاندن و ترس و سەربڕین و سووتاندن و تەقاندنەوە و تێکدانی ئاشتی و ئارامی کۆمەلاَیەتی و لەبەریەکهەلوەشاندن و هەڵتەکاندنی هەموو بیروباوەڕە نوێگەراو مرۆڤدۆست و ئاشتیپارێز و ڕەتکردنەوەی دروشم و بنەماکانی دیموکراسی و ئازادی ودادوەری و یەکسانی و پێشێلنەکردنی مافەکانی مرۆڤ و ...هتد.

خۆشبەختانە ئەو هێزو ڕێکخراو و حیزب و سەرکردە توندڕەوانە لەهەر نەتەوە و ئاین و مەزهەبێك بووبن هەمیشە ڕووبەڕووی دۆڕاندن و تەریکبون و بەرەوزبلَدانی مێژووی مرۆڤایەتی بونەتەوە، خۆشبەختانەش لەم سەردەمەدا کەمن ئەو کەس و لایەن و دەولَەتانەی کە پشتگیری لە فکر و ئاڕاستەی تیرۆر و تاریکی و کۆنەپارێزی دەکەن و زۆرینەی کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکانیش پشتئەستوور بە مێژوو و شارستانێتی و بڕوابوون بە ژیان و کاری پێکەوەیی و ئاشتی و تەبایی لەنێوان کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکاندا مرۆڤدۆستانە پشتیوانی لە ئاسایش و ئارامی و پێشکەوتن و داهێنانە نوێکان دەکەن بە بیروباوەڕی دیموکراتی و ئازادی و پێشکەوتوخوازانە کە کراوەن بەڕووی هەموو کۆمەڵگاکاندا. بۆیە تا تیرۆر و تیرۆریستان و تۆقاندن و فکری تەکفیری و توندڕەوی هەبێت جەنگی دژی تیرۆریش هەر بەردەوام دەبێت.

بۆیە ناونیشانی ئەم کتێبەم بریتیە لە جەنگ دژی تیرۆر بەرەو کویَ ؟ کە کوردیش وەکو گەلانی ناوچەکە و دونیاش بۆتە قوربانی و لەهەمان کاتیشدا قوربانیەکی زۆریشی بەخشیوە دژی تیرۆر و تیرۆریستان و ئەنجامیش سەرکەوتنی بەدەستهێناوە

و خۆشبەختانەش کورد لە بەرەی زۆرینەی کۆمەڵگاکانی دونیادا دژ بە بەرەی تیرۆریستان سەنگەری گرتوە،هەرئمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە مەسەلەی کورد لەم قۆناغەدا زۆر زیاتر لەجاران و بە بەراوورد بە ١٠٠ ساڵی ڕابووردوو گەشە و پێشبکەوێت و ببێتە جێگەی متمانە و سەرنجی زۆرێك لە دەوڵەتانی ناوچەکە وزلهێزەکانی دونیاش . هەموانیش بەپەرۆشیەوە پشتیوانی مادی و مەعنەوی لەکورد دەکەن چ لە ڕۆژئاوا بێت یان باشوور و تەنانەت لە باکوریش پشتیوانی لە داوا ڕەوا دیموکراتیەکانی کورد دەکەن.

هەربەم شێوەیە کوردیش لەجێگەی خۆی ڕانەوەستاوە و لە جوغزی چوارچێوەیەکی تەسك و بچوك و قەتیسدا خۆی گرمۆڵەنەکردوە و لەخەباتی ڕەوای کوردایەتیدا بەردەوامە و لەم قۆناغەدا کە ڕووداو وپێشهات و ئاڵنگاریەکان ومەترسیەکانیش زۆر نزیك بونەتەوە لەماڵی کورد،هەنگاوێگ زیاتر چۆتە پێشەوە بەرەو سەربەخۆیی و ڕزگاربونی یەکجارەکی و بە ئاشکرا بەهەموان ڕاگەیاندوە کە سەربەخۆیی دەوێت و کار بۆ ڕیفراندۆمێکی سەرتاسەریش دەکات لانی کەم لەم بەشەی باشووری کوردستاندا،بەڵام بەداخەوە داروپەردووی تەواو و ئامادەمان بۆ سازنەداوە بەهۆی شەپڕیوی و شڵەژان و ناڕێکی و دڕدۆنگی نێو ماڵی کورد خۆی بەهۆی زاڵبون و تۆخکردنەوەی بیری تەسکی حیزبایەتی و کەسی و بنەماڵەیی و خۆبەزلزانی و نەرمی نەنواندان لەبەرامبەر یەکتردا،کەبۆخۆی ئەم مەترسیەی ناوخۆمان گەلێك گەورەتر و گاریگەرترە لە جەنگی دژ بەتیرۆریستانی داعش و ئەوانی تریش.

**لەکۆتایدا** بەپێویستی دەزانم وەك هەموو جاران سوپاس و خۆشەویستی خۆم بۆ هاوسەر و منداڵەکانم دەرببڕمەوە بەهۆی دڵسۆزی و پەرۆشی و هاوکاریکردنیان بۆم وەك هەمیشەش پشتیوانە پۆلاینەکەم بوون بۆ نوسین و سەرخستنی هەموو کار و پڕۆژەیەکم.

بەهەمان شێوە بەپێویستی دەزانم کە سوپاس و پێزانینی خۆم ئاڕاستەی کاکە ((زەردەشت عەلی سۆرانی))بکەم کە هەمیشە لەخۆبوردوانە هاوکاریکردووم لە دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆکی کتێبەکانمدا.

بەوهیوایەی ئەم کتێبە و ئەوانی تریشم بوبنەتە دەرخەر و پیشاندەرێکی ڕاستگۆیانەی ڕووداوەکان لەو قۆناغانەی کە ڕوویانداوە و ببنە سەرچاوەیەکیش بۆ مێژوو و بە ئەرشیفکردنی دۆخی سیاسی و ئابوری و زانستی کۆمەڵگاکەشمان و جێگەیەکی هەرچەند بچوکیش بێت پڕ بکاتەوە لە کتێبخانەی کوردەواریدا.

**لەگەڵ ڕێزی**........

**نەوزادی موهەندیس**

**سلێمانی**

١ / ١ /٢٠١٨

Nawzad_mohandis@yahoo.com

# بەشی یەکەم
# بـــــابــــەتــــی ســــیــــاســــی

## ئەرێ عێراقی نوێ
## لە ڕێگەی تەنگژە دروستکردنەوە بەڕێوەدەچێت ؟*

❖ ئاشکرایە دەوڵەتی عێراق لەسەرەتای دروستکردنیەوە بەم سنور و پێگە جوگرافیەی ئێستای کە هەیەتی کە لەساڵی ١٩٢١وە لەلایەن براوەکانی جەنگی جیهانی یەکەمەوە و بەتایبەتیش ئینگلیزەوە دروستکرا،هەر لە دەسپێکەوە بەکۆمەڵێ کێشە و گرفتی سنور و نەتەوە و ئاین و مەزهەبی جیاوازەوە ئەم عێراقە سەیروسەمەرەیەیان دروستکرد و هێنایەنە بوون. ئاشکراشە ئەمەش جۆرێك بوو لە سیاسەتی زلهێزەکانی ئەو سەردەمە بۆ ئەوەی هەرگیز ئەم کۆمەڵگا و وڵاتانە لەلایەك بێ کێشە و گرفت نەمێننەوە و لەلایەکی تریشەوە هەمیشە پێویستیان بەو زلهێزانە هەبێت لەدوای سەربەخۆبونیشیان لە

ڕووی سیاسی و ئابوری و سەربازی و مەعریفی و ...هتدوە.هەرواش دەرچوو،ئەوەتا عێراق هەر لەسەرەتاوە کێشەی سنوری لەلایەك لەگەڵ تورکیا لەسەر ولایەتی موصلّ و لەگەڵ ئێران لەسەر شەتولعەرەب و لەگەڵ کوێت لە سەر سنورە ئاویەکان و کە ئەم دووانەی دواییان دوو جەنگی کاولکاری و گەورەی لێکەوتەوە و بە ملیۆنان عێراقی بێتاوانی تیادا لەناوچوون و لەگەڵ تورکیاشدا هەمیشە ولایەتی موصلّ خاڵی لاوازی عێراقە و دەوڵەتی تورکیا دوای نزیکەی ۹۰ ساڵیش هەر بەتەمای گەڕانەوەیەتی بۆ سەر سنورەکانی خۆی.

کێشەی نەتەوە و ئاین و مەزهەبە جیاوازەکانیش کە هەمیشە ئامادەگی و بونیان هەبوە لە عێراقدا و لەسایەی ئەم کێشە و گرفتانەوە عێراق بەدرێژایی مێژووی دروستبوونی بۆماوەی ۹۱ ساڵە بە ئێستاشەوە هەمیشە سەرقاڵی شەڕ و جەنگی ناوخۆیی و دەرەکی بوە لەلایەك دژ بە کورد و تورکومان و شیعەوە وەك دوو نەتەوەو مەزهەبی جیاواز لە دەسەڵاتدارانی بەغداد کە خۆیان عەرەبی سونە مەزهەب بوون و لەماوەی ۸۳ ساڵی دەسەڵاتیاندا لەڕێگەی زەبر و زەنگ و ئاگر و ئاسنەوە حوکمی عێراقیان کردووە. لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی صدامیشەوە لە ۹ نیسانی ۲۰۰۳وە هاوکێشەکان هەڵگەڕاونەتەوە و دەسەڵاتداران لە عەرەبی سونەوە گۆڕاون بە عەرەبی شیعە، کە پێدەچێت هەردووکیان بۆ کورد وەکیەك بن.
بەڵام ئەوەی لەماوەی ئەم ۹ ساڵەی ڕابووردوودا بینیمان لەسەر دەستی دەسەڵاتدارانی بەشێکی دەسەڵاتداری شیعەکان نەك هەمووانیان هیچی کەمتر نەبووە لەکار و کردەوە و مامەڵە و سیاسەت و پیلان بۆ ئازاردان و سەرکوتکردن و لەناوبردن و هەنگاونان بەرەو تاکڕەوی و دیکتاتۆریەت و پێشیلکردنی مافەکانی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبیەکانی تر لەکورد و عەرەبی سونە و تورکومان و مەسیحی و ...هتد.

بۆیە پێدەچێت دەسەڵاتدارانی دەستڕۆیشتوی حوکمڕانانی بەغداد لەناویشیاندا حیزبی دەعوە و لیستی دەوڵەتی یاسا و نوری مالکی سەرۆك وەزیران لەهەموانیان پڕکێشتر بن بۆ چەسپاندنی دەسەلأت و ئایدۆلۆژیای تایەفەگەری شیعە مەزهەب لەعێراقدا و گەرەکیانە تۆڵەی ۸۳ ساڵی دەسەلأتی سونەکان بە کەمترین ماوە لەعەرەبی سونە و ئەوانی تریش بکەنەوە و بۆڕیشیان بدەنەوە و وەك دەڵێن دەبێت بوترێت (( ڕەحمەت لەکفن دن)).لەبەرانبەر کوردیشدا کە هەمیشە و بەدرێژایی ۸۳ ساڵەی دەسەڵاتدارانی عەرەبی سونە لە ڕابوردوودا شەریك و هاوپەیمانی شیعە بوە لە زوڵم وزۆرلێکردن و لەناوبردن و گرتن و ڕاوەدونان و ئەنفال و جینۆساید و کیمیاویباران و وێرانکردنی دێهات و گوند و شار و هۆرەکاندا و

لەولاشەوە لەخەباتی دژ بە دیکتاتۆریەت و ڕووخاندنیشیدا هاوپەیمانێکی سەرڕاست و بەئەمەك بوە و لەکاتێکدا کە هیچ نوایەك بۆ لەخۆگرتن و حەوانەوەی ئۆپۆزسیۆن نەبوە لەهەموو دونیادا کوردستان ئارامترین و دڵفراوانترین نوا بوە بۆیان بە سونە و شیعەوە و بەتایبەتیش شیعەکان.بەڵام ئەوەتا لەسەردەمی دەسەڵاتی لاوازی ئەماندا هێندە ڕووقایمن و جورئەتیان هەیە کە دەڵێن هاوپەیمانی کورد و شیعە درۆیەکی شاخدارە و هەر بوونی نیە و تەنها ئەوە بۆ سەردەمی ئۆپۆزسیۆن بەسوود بوە و ئێستا باوی نەماوە.

ئەمە دوای ئەو هەموو قوربانیدان و نەرمی نواندن و هەندێکجاریش تەنازولکردن و شەریکایەتیە ڕاستەقینە و ڕاستگۆیانەی کورد دێت کە لە پێناو ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی صدامیدا بەخشیویەتی و لەدوای ڕوخاندنیشی کورد بەهەموو توانایەوە ڕوویکردە بەغداد بەمەبەستی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی دەوڵەتی نوێی عێراق بە شەریکایەتی و چەسپاندنی بنەماکانی تەوافوقی نیشتیمانی و کاری پێکەوەیی و دیموکراسیەت و سیستەمی پەرلەمانی و فیدراڵی و ڕێزگرتنی هەموو پێکهاتەکان و ئازادی و یەکسانی تاکەکان و کۆمەڵە و ڕێکخراو وپارتە سیاسیەکان و زۆرجارانیش نەرمی زۆری نواندوە لەسەر مافە ڕەواکانی خۆشی، کە ئاشکراشە دەسەڵاتدارانی بەغدا بە ئێستاشەوە زۆر لەوە لاوازتربوون کە کورد ئەو هەموو نەرمی و ئاسانکاریانەیان بۆ بکات.بەڵام کورد لە دڵسۆزی و پەرۆشی بۆ پاراستنی یەك و یەکگرتوویی خاك و گەلانی عێراقی بوە و سیاسەتێکی نەرم و هێمن و حەکیمانەی پەیرەو کردوە و هەمیشە وەك دادوەر و برای تەبایی و هاوپەیمانی و پێکەوەکارکردن و شەراکەت ناوبژیوانی نێوان شیعە و سونەکانی کردوە و هەموانی لەسەر مێزی گفتوگۆ لە بەغداد نەك لە پایتەختەکانی دراوسێ کۆکردۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەیتوانی کە سیاسەت و بڕیارێکی هەڵەشە و سەرپێیانەی بدایە بە جیابونەوەی کوردستان لە عێراقی عەرەبی. بەڵام دیارە ئەم هەڵوێستانەی حکومەتی بەغداد دژ بە کورد هەڵگەڕانەوەیەتی لەهەموو بەها ڕەوشتی و شۆڕشگێڕی و شەریکایەتی و برایەتی کوردو عەرەب و هاوپەیمانێتی کوردو شیعە..

ئەوەتا ساڵانە کێشە و گرفت دروست دەکەن بۆ بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان و گەرەکیانە لە ١٧٪ وە کەمی بکەنەوە بۆ ١٢٪ و وەك چەکێك و فشارێکی سیاسی هەڵیدەبڕن بەڕووی کورددا و لە مەسەلەی پێشمەرگەشدا هەمیشە بە میلیشیا ناویدەبەن و بەڵام بەناچاریش قبوڵیانە و لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا بودجە و موچەکەی بۆ دابین ناکەن و دەڵێن

دەبێت بێتە ژێر فەرمانی فەرماندەیی گشتی سوپای عێراقەوە و تائەوکاتەش لە چەك و تەقەمەنی و ڕاهێنان و مەشق بێبەشیان کردوە.لەسەر مەسەلەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانیش کە بەداخەوە بەهەڵە و نەزانین(( بەناوچە کێشە لەسەرەکان)) لە دەستور و لەمادەیەکی نیوە مردووی ١٤٠ دا هاتوە و بەلاَم ماوەی ٩ ساڵە کاری جدیان نەکردوە بۆ جێبەجێکردنی وەك ئەوەی لە دەستوردا هاتوە و هەر ڕۆژە و هەر ساڵەی بە بیانویەکەوە ڕێگری و بەربەستی زیاتری بۆ دروستدەکەن.و کێشە و گرفت دەخوڵقێنن بۆ تێکدارنی باری ئارامی و ئاسایشی ئەو ناوچانە و تا بەو بیانوانەوە سوپاو دەسەلاَتی خۆیانی تیادا بچەسپێنن وەك ئەوەی کە کردیان بە دروستکردنی (( ئۆپەراسیۆنی هێزی دیجلە )) و هێنانیان بۆ کەرکوك و گەرەکیان بوو لەو ڕێگەیەوە کورد و هێزی پێشمەرگە بترسێنن و پاشەکشەیان پێبکەن، بەلاَم خۆشبەختانە هەموو هێزە سیاسیە کوردیەکان بەیەك هەڵوێستی یەکگرتوو و پتەوەوە وەلاَمیان دانەوە و هەر ئەوەش بوو کە حکومەتی عێراقی جورئەتی هاتنە پێشەوەی زیاتری نەکرد و خۆ ئەگەر فشار و ناوبژیوانی هەندێ ولاَتانی دراوسێ و ئەمریکا نەبوایە کار گەیشتە ئەوەی کە شەڕ هەلاَیسێت و جارێکی تریش لە عێراقی نوێدا خوێنی کورد و عەرەب بەدەستی یەکتری برژێتەوە .

حکومەتی عێراقی کە لە ئێستادا لەلایەن حیزبی دەعوە و لیستی دەوڵەتی یاساو نوری مالکیەوە بەڕێوەدەبرێت، لەسایەی بێتوانایی خۆیان و سیاسەتێکی توندڕەو و بێ پلان و بیرلێنەکراوە بۆ ئەنجامەکان و هەڵنەسەنگاندنی هاوکێشەی هێزە ناوخۆیی و ناوچەییەکان و بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتانی زلهێز گەرەکیانە لە ئەنجامی خوڵقاندنی تەنگژە سیاسیە یەك لەدوایەکەکانەوە دەسەلاَتی خۆیان زیاتر بچەسپێنن و بەرەو تاکڕەوی و دیکتاتۆریەت هەنگاو بنێن بەشێوەیەك توشی غروری سیاسی و خۆ بەزلزانی بون و هەر پێکهاتە و شەریکێك تەنانەت لە شیعەکان خۆشیان ناڕەزایی دەربڕن و بەڕوویاندا بوەستنەوە زۆر بێمنەتانە دەڵێن خواحافیزیان بێت، ئەوان بیریان چووە کە ئەم حکومەتەی مالکی لە ئەنجامی ڕێکەوتنی هەمووانەوە هاتوە و بەهەڵوەشانەوەی هاوپەیمانی و ڕێکەوتنەکان حکومەتەکەش دەچێتە چوارچێوەی نەمان و هەڵوەشانەوە و ئەوان بیریان چووە کە بەغداد بەش و مافی هەموانی پێوەیە و چیدی بەغداد چۆڵناکرێت بۆ یەك حیزب و سەرکردە.کێشە دروستکردن لەگەڵ کورددا مانای گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی بەعس و سیاسەتە هەڵەشە و خراپەکاریەکانی و بۆ چوارگۆشەی یەکەم و خاڵی سفر.

ئەوەتا هێشتا تەنگژەی سیاسی خوڵقێنراوی لەگەڵ کوردو کوردستاندا چارەسەر نەکردوە پەلاماری قاچی سەرکردە و هێز و پارتە سیاسیە سونەکان دەدات و بەبیانوی تێوەگلانیان لە کاری تیرۆریستی ڕووبەڕووی داداگایان دەکاتەوە بەنیازی دوورخستنەوە و ڕاوەدونان و دەرکردنە دەرەوەیان لە گۆڕەپانی سیاسیداو بەمەش هێندەی تر عێراقی ڕووبەڕووی مەترسی لێکهەڵوەشان و پارچەپارچەکردن کردۆتەوە و تەنگژەیەکی سیاسی قوڵتری خوڵقاندووە.کە حکومەت و دامودەزگاکانی حکومەتی توشی ئیفلیجی کردوە وکار و خزمەتگوزاریەکان خراپتر بوون و ئەوەتا بەغدادی پایتەخت بەرگەی ٤ کاتژمێر بارانی نەگرتو نقومبوو لە ژێر لافاو و باراناودا.

ئەگەر حکومەت و سەرانی لیستی دەوڵەتی یاسا بەم سیاسەتە هەڵەشە و توندڕەو ناحەکیمانەیان گەرەکیان بێت دەسەڵاتی سیاسی عێراق قۆرخبکەن بۆ خۆیان بەتەنها ئەوا سەرچیخچوون،چونکە مەترسیەکانی ئەو کارە و لەم قۆناغە ناسکەی ناوچەکەی پێدا تێپەڕدەبێت زۆر لەوەگەورەترە کەئەوان حسابیان بۆ نەکردوە و لەپێش هەمواندا بەسەر خۆیاندا دەشکێتەوە و ئەو عێراقە دەوڵمەندو پانوپۆڕەی ئێستایان لەبەردەستدا نامێنێت و گەلانی عێراقیش جارێکی تر وەك ئێستا پێکەوە هەڵناکەن و کەئەوەش ڕوویدا ئیدی وڵاتێك بەناوی عێراقەوە لەسەر نەخشەی سیاسی دونیا نامێنێت و ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی بەرژەوەندی هەندێ وڵاتانی دراوسێی مەزهەبگەراوە .

لەکۆتاییدا عێراق و گەلانی زۆر ماندوون بەدەست شەڕ و نەهامەتی و هەژاری و بێکاری و نەخۆشی لەناوخۆو دەرودراوسێوە،و چیدی توانای بەرگەگرتنی ڕۆژگارە سەختەکانی ڕابوردویان نەماوە و نایەنەوێت بگەڕێنەوە بۆ سیستەمێکی سواو وتاقیکراوە لە دیکتاتۆریەت و خۆسەپاندن،بەڵکو هەموان گەرەکیانە کە لە عێراقی نوێدا هاوکار و بەشدار و یەکسان و ئازادو تێر بن و بەخۆشی و ئارامیەوە گوزەران بکەن و ئایندەشیان بنەخشێنن و سوود لەو خێر وبێرە زۆرەی عێراق وەربگرن بۆ ئاوەدانکردنەوە وگەشە و پێشکەوتنی هەموو بوارەکانی ژیان.نەك بۆ خۆ پڕچەککردن و کڕینی فڕۆکە و تانك و تۆپ و کوشتوکوشتار و تەنگژە دروستکردن.چونکە عێراق هێندەی پێویستی بە چەسپاندنی یاساو ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆروتیرۆریستان و گەندەڵی و مشەخۆری و ڕێکخستنەوەی ژێرخانی دەسەڵاتداری خۆی هەیە نیو هێندە پێویستی بە سیاسەتی خوڵقاندنی تەنگژەی سیاسی نیە لەناوخۆدا

،چونکە عێراقێکی پڕ کێشە و گرفت و تازە ڕزگاربوو لە چنگی دیکتاتۆریەت بەم شێوە و عەقڵیەتەوە ناچێت بەڕێوە و سەرکەوتنیش بەدەست نایەنێت.بەڵکو زیاتر بەرەو هەڵدێر و لەناوچوون دەچێت.هەربۆیە پێویستە دەسەڵاتدانی عێراق پەند لەمێژووی ڕەشی ڕابووردووی دەسەڵاتدارانی عێراقی پێش خۆیان و چارەنوسی نزیکی دەسەڵاتدارانی دەرودراوسێش وەربگرن و هەڵەکانی ئەوان دووبارەنەکەنەوە تاخۆشیان بەدەردی ئەوان نەچن و هەمان چارەنوس چاوەڕێیان نەکەن.

---

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی خەبات لە ژمارەکانی ٤٢٢٩ و ٤٢٣٠ لە ٢ و٣/١/٢٠١٣ و هەواڵ ژمارە٥٠٣ لە ٢٠١٣/١/٥ و سایتی خەندان لە ٢٠١٣/١/٣ و سایتی مەکتەب ڕێکخستن لە ٢٠١٣/١/٥دا بڵاوکراوەتەوە.

## دەسەلات و ڕژێمی بەعسی سوریا لە سەرەمەرگدان...*

❖ نزیکەی ٢ ساڵ دەبێت ڕاپەڕینی گەلانی سوریا دژ بەڕژێمی بەعسی سوریا بەردەوامە و ڕۆژانەش ڕژێمی بەعسی ئەسەدی لە سوریا کە ماوەی ٤٠ ساڵە لەسەر کورسی حوکمی ئەو وڵاتەن بەدەیان هاولاتی بێتاوان و بێچەك لە ژن و منداڵ وگەنج و پیر دەکوژن و هیچ شاروشارۆچکەیەکی ئەو وڵاتەش نەماوە کە بەدەست پیاوانی ئەو ڕژێمەوە تۆپباران و کاولکاری نەیانگرتبێتەوە .ئەسەد و سەرانی ڕژێمەکەشی زۆر بە خوێن ساردیەوە بەرگری لە هەڵوێستەکەی خۆیان دەکەن و درێژە دەدەن بەخوێنڕشتن و کاولکاری وڵاتەکەیان.تەنها لە پێناو مانەوەی زیاتری چەند ساڵێکی تر لەسەر کورسی حوکم. بەڕاستی ئەم جۆرە ڕژێمانە تا سەر ئێسقان مۆرکی تاکڕەوی و دیکتاتۆری و بنەماڵەییان پێوە دیارە و دوورن لە هەموو بەها گرنگەکانی دیموکراسی و ئازادیخوازی و ئاشتی و پێکەوە ژیانی گەلان و تەنها لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیەکانی سەرکردە و بنەماڵە و مەزهەبەکەی خۆیاندا تێدەکۆشن و ئیدی گوێنادەنە هیچ بەرژەوەندیەکی تری هاولاتیانی

گەلەکەیان.دەبوایە بەشار ئەسەد و ڕژێمەکەی هیچ نەبوایە تەنها وەك وەفایەك بۆ ئەو دڵسۆزی و بێدەنگیەی گەلەکەی بۆ ئەو هەموو زوڵم و زۆرەی کە لەماوەی ٤٠ ساڵدا لێیانکراوە، لە چرکەساتی یەکەمی ڕاپەڕینەکانەوە هاوشێوەی بن عەلی لە تونس ئازادانە و ئازایانە وازی لە کورسی حوکم بهێنایە و لەهەمان کاتدا خۆشی و گەلەکەشی و وڵاتەکەشی دوور دەخستەوە لە کوشتن و کاولکاری. بەڵام ڕژێمی بەعسی ئەسەدی سەلماندی کە ڕژێم و پارتێکی تاسەرئێسقان دەمارگیر و توندڕەو و فاشیە و تەنانەت بەرامبەر گەلەکەی خۆشی بە پێچەوانەی هیتلەر و پارتی نازی ئەڵمانیاشەوە کار دەکەن ،لەکاتێکدا هیتلەر و پارتەکەی لانی کەم لە پێناو سەربەرزی و پاراستنی ناو وناوبانگی ڕەگەزی ئاری وئەڵمانیدا درێژەی بەشەڕ و کاولکاریەکانی دەدا بەسەر گەلانی دونیادا.

❖ **لێرەدا پرسیار ئەوەیە بۆچی ڕژێمی سوریا ناڕوخێت وەك هاوشێوەکانی لە تونس و لیبیا و میسر و یەمەندا ؟ کێ پشتیوانێتی؟ و بۆچی؟ ئایا هێندە بەهێزە کە ئەوەندە خۆڕاگربێت؟ یان بەرژەوەندیە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکان ڕێگا نادەن؟یان ئەوەتا سوریای هەژار و بێ نەوت و کەم دەرامەت هێندە ناهێنێت بەلای خاوەن بەرژەوەندیەکانەوە تا ڕزگاری بکەن؟**

ئاشکرایە ڕژێمی سوریا و سوریاش بۆ خۆی هێندە بەهێز و بەتوانا نیە لە هیچ کام لە ڕووەکانی سیاسی و ئابوری و سەربازی و ڕێکخستنیشەوە. بۆیە بەرگریکردن و مانەوەکەی لە خودی ڕژێمەکەوە نیە بەهێندەی ئەوەی کە دەستێوەردانە دەرەکیەکان ڕۆڵ دەبینن لە مانەوەی و بەردەوام بوونی ئەوانیش تەنها بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیانە لە ناوچەکەدا نەك لە خۆشەویستی ڕژێمەکەی ئەسەد بێت. چونکە سوریایەکی هەژار و بێنەوت و سامانی زۆر و زەوەندی سروشتی بەلای زلهێزەکانەوە ئەوەندە ناهێنێت کە خەرجیەکی زۆری تیادا بکەن، وەك ئەوەی کە لە لیبیادا کردیان. لەکاتێکیشدا نازانن و بەرچاویان ڕوون نیە و دەترسن لە ئایندەی دەسەڵاتەکەی، کە ئایا ئیسلامیە توندڕەوەکان دێنە سەر حوکم یان هێزە لیبڕاڵ و دیموکراسی وعیلمانیەکان دەسەڵات دەگرنە دەست . چونکە تاکو ئێستا وێنای سیاسی شانۆی ڕووداو و ململانێکان لە نێوان هێزەکانی ئۆپۆزسیۆندا بە باڵی سیاسی و سەربازیەوە تەڵخە و ڕۆشن نەبۆتەوە کە چ لایەنێك و ئاڕاستەیەك بەهێز و باڵادەستە لەسەر زەمین و لەناو جەماوەردا. تا لەسەر ئەو ڕۆشناییە پلان بۆ ئایندەی سوریا دابڕێژن.

بەهەموو پێودانگەکان ڕژێمەکەی سوریا ڕووخاوە و وەك لە ڕووی پزیشکیەوە دەوترێت (( لەڕووی جێگاوە مردوە)). چونکە کەمترین ڕووبەری زەمینی سوریای بەدەستەوە ماوە، ڕێکخستنە حیزبی و سەربازی و هەواڵگریەکانی لێك هەڵوەشاو و دابڕاون ، حکومەتێکی بێتوانا و بێ پلان و گۆشەگیری هەیە، ڕۆژانەش لێپرسراوە باڵاکانی مەدەنی و سەربازی لێ جیادەبێتەوە و کارگەیشتۆتە ئەوەی کە

بنەماڵەی ئەسەد خۆشی لە هەڵپەی پەیداکردنی پەناگەی ئارامن بۆ خۆیان و دەنگوباسەکانیش بڵاویانکردەوە کە خوشکە گەورەکەی و منداڵەکانی دکتۆرە بوشرا بەرەو ئیمارات و تەنانەت دایکیشی هەڵهاتوون.لە پشت پەردەشەوە هەوڵە سازشکاریەکانیش لەنێوان زلهێزەکان و پشتیوانانی سوریا بەردەوامە تاکۆتایی بەم شانۆگەریە تراجیدی و خوێناوییە بهێنرێت.

لە ئێستادا هەموان هەست بەدوورکەوتنەوەی هەڵوێستی چین دەکەن لە بەرگریکردن لە ڕژێمەکەی ئەسەد و بە پێچەوانەی سەرەتاوە بەرگریلێناکات، ئێرانیش کە بەدۆست و هاوپەیمانی ستراتیژی سوریا و ڕژێمەکەی دادەنرا وەك چەند مانگ لەمەوبەر پشتیوانی و بەرگری لێناکات هەرچەندە هەندێ جار لەلایەن هەندێ لێپرسراوەوە لێداوانی پشتیوانی دەدرێت ، لە ئێستادا ئێران هێندەی گرنگی دەدات بە چەسپاندنی زیاتری دەسەڵاتی ئیخوان موسلیمینەکان لە میسر نیو هێندە گرنگی ناداتە ڕژێمەکەی ئەسەدی سوریا ،چونکە ڕۆڵی میسر لە ئایندەدا بۆ ئێران گرنگترە وەك لە بەرگریکردن لە ڕژێمێك کە لەسەرە مەرگدایە و چاوەڕوانی ڕووخانی دەکرێت لەهەر چرکەیەکدا، ئەو ڕاستیەش لە بیر نەکەین کە دۆخی سیاسی و ئابوری ئێران بۆ خۆشی چیدی ڕێگە نادات کە خەرجی بێشومار بکات لە سوریادا چونکە بۆ خۆشی لە ژێر کاریگەری توندی ئابلۆقەی ئابوریدا دەناڵێنێت.

ئەوەی زۆر گرنگ و یەکلاکەرەوەیە هەڵوێستی ڕوسیایە لە ڕژێمەکەی سوریا چونکە ڕوسیا دوو جار مافی ڤیتۆی لەئەنجومەنی ئاسایشدا بەکارهێنا بۆ پاراستنی ڕژێمەکەی ئەسەد و بەبەردەوامی پشتیوانی و پارێزگاری لێدەکرد و ئەم هەڵوێست و پێگە و نفوزە بەهێزەی ڕوسیا لەبەرامبەر ئەمریکا و ئەوروپادا هۆکاری سەرەکی بوون بۆ مانەوەی ڕژێمی سوریا تاکو ئێستا، بەڵام پێدەچێت ئەم هەڵوێستەی ڕوسیاش بەو کۆنکرێتیەی پێشووتر نەمابێت و لە پشت پەردەوە ڕێکەوتن و سازشی کردبێت لەسەر ڕووخان و لەناوبردنی ڕژێمەکەی سوریا لەبەرامبەر پاراستنی بەرژەوەندیەکانیدا لەناوچەکەدا بۆ ئایندە. ڕوسیا لە ئێستادا باس لە حکومەتی ئینتیقالی دوای ئەسەد دەکات و ئەسەدیش بەهێڵی سوور نازانێت وکەتۆتۆتە خۆ بۆ ڕزگارکردنی هاوڵاتیانی لەو وڵاتە و دەرکردنیان لە ڕێگەی لوبنانەوە ،گەر ئەمە ئاماژە بێت بۆ شتێك ئەوا ئاماژەیە بۆ دەستهەڵگرتن و پشتکردنی ڕوسیایە لە ڕژێمەکەی ئەسەد، هەروەك چۆن هەمان هەڵویستی نواند لەبەرامبەر ڕژێمی بەعسی صدامیدا پێش ڕووخاندنی.ئەم هەڵوێستەی ڕوسیا مژدە بەخشە بۆ کۆتایهاتنی ئەو ڕژێمە و وەك دەڵێن لە لێواری ڕووخان و سەرەمەرگدایە.

هەربۆیە ئەرکی ئۆپۆزسیۆنی سوریایە بەهەموو لایەنەکانەوە و بەتایبەتیش کورد کە خۆیان ساز و ئامادە بکەن بۆ قۆناغی دوای ئەسەد و ئیشوکار و چالاکیەکانیان زیاتر و باشتر ڕێکبخەن و کوردەکانیش ئەرکی گەورە و مێژوییان لەئەستۆدایە لە ڕزگارکردن و پاراستنی ناوچە کوردیەکان

و چەسپاندنی دەسەلآت و مافە ڕەواکانیان لەدەستورو ئایندەی دەسەلآتی سیاسی لە سوریادا و دەبێت ئەو هەلأنەی لە باشوری کوردستاندا ڕوویانداوە دووبارەی نەکەنەوە. بەهیوای ئەوەی بە زووترین کات پەردەی کۆتایی بەسەر دوا بەشی شانۆگەری ٤٠ ساڵەی دەسەلآتی ڕژێمی بەعسی ئەسەدی سوریا بهێنرێت و گەلانی ئەو ولآتەش بە دیموکراسی و ئازادی و ئاشتی و ئارامی و پێشکەوتن شاد ببن.

--------------------------------------------

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٤٢٤٨ لە ٢٠١٣/١/٣٠و هەواڵ ژمارە ٥١٠ لە ٢٠١٣/٢/٢٣ و سایتی خەندان لە بەرواری ٢٠١٣/١/٣٠دا بلآوکراوەتەوە.

لەپەراوێزی کۆچی دوایدا..

## نهێنی سەرکەوتنی هۆگۆ شافێز
## بۆ چوارەم جار لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا.. *

- کۆماری فەنزەوێلای پۆلیڤاری کە پایتەختەکەی شاری کاراکاسە و زمانی فەرمی ئیسپانیە و لە ١٨١١/٨/٥دا سەربەخۆیی وەدەستهێناوە لە داگیرکەری ئیسپانی بەڕابەرایەتی جەنەڕاڵ سیمۆن پۆلیڤار و ڕووبەری گشتی ولآت بریتیە لە ٩١٢٠٥٠ کیلۆمەتری چوارگۆشە و ژمارەی دانیشتوانەکەشی بریتیە لە ٢٤ ملیۆن کەس بەپێی ئاماری ساڵی ٢٠٠٩ و پێگەی ئەم ولآتە دەکەوێتە باکوری کیشوەری ئەمریکای لاتینیەوە و دراوسێکانی بریتین لە ولآتانی بەڕازیل و کۆلۆمبیا. ناوی فەنزەوێلا بەزمانی ئیسپانی واتای (( ڤینیسیای بچوک )) دێت چونکە کاتێك لە ساڵی ١٤٩٩دا لە هەڵمەتێکدا بە سەرکردایەتی ئەمیریگۆ فسیۆشی و ئەلونسۆدی ئۆخیدا ئەنجامدرا لە کەنارەکانی باکوری

ڕۆژئاوای کەنداوی فەنزەوێلا بینیان کە دانیشتوانەکەی ماڵەکانیان لەسەر ئاو دروست کردوە وەك شاری ڤینیسیای ئیتالیا ئیدی لەوکاتەوە لەوەوە ناوی فەنزەوێلایان بەسەر ئەو ناوچەیەدا دابڕی.

فەنزەوێلا بەڕێژەی ٨٠٪ ی داهاتەکانی پشت دەبەستێتە سەر نەوت و بەمەش دەبێتە چوارەم وڵات لە جیهاندا بۆ بەرهەمهێنانی نەوت و سێیەم وڵاتیشە کە نەوت دەداتە ئەمریکا، لە پاڵ نەوتیشدا دەوڵەمەندە بە گازی سروشتی وکانزاکانی ئاسن و ئاڵتون و ئەڵماس .ئەم وڵاتە لە ٢٣ ویلایەت و ژمارەیەك دورگە پێك دێت.سیستەمی حوکم تیایدا کۆماریە و دوو ئەنجومەنی پیران کە لە ٥٠ ئەندام و پەڕلەمان کە لە ١٩٩ ئەندام پێك دێن و هەردووکیان بە هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ و گشتی هەڵدەبژێردرێن و سەرۆك کۆماریش بۆماوەی ٦ ساڵ بەهەمان شێوە هەڵدەبژێردرێت و بۆی هەیە دوو ماوەی لەسەریەك خۆ هەڵببژێرێت. فەنزەوێلا لە ئێستادا ٨ پارتی سیاسی گەورەو بچوکی تیادایە.

فەنزەوێلا بە جوانترین وڵاتی دەریای کاریبی دادەنرێت و زۆرترین گەشتیار ساڵانە ڕووی تێدەکەن لەبەر جوانی و سەرنجڕاکێشی کەش و هەوا و تۆپۆگرافیای زەویەکەی کە دەشت و دۆڵ و دارستان و شاخی جۆراوجۆری تیادایە.دانیشتوانەکەی تێکەڵەیەکن لە ئیسپانی و هندیە ئەمریکیەکان و کەمینە ئەوروپییەکان و زنجیەکان، ئاینی فەرمی کاسۆلیکە، بەڵام ئیسلام و پرۆتستانت و جولەکە و ئاینی ئۆریشاشی تیادایە.

فەنزەوێلا لەدوای دەرکەوتنی نەوت تیایدا لەناوچەی باکوری ڕۆژهەڵاتیداو بەرقەراربوونی سیستەمی دیموکراسی کە دوو حیزبی سەرەکی فەرمانڕەواییان دەکرد یەك بەدوای یەکدا لە ساڵی ١٩٥٢وەوە و ئەم دوو حیزبە سەروەت و سامانی وڵاتیان بەهەدەر دەدا و بۆ خۆیان و بەرژەوەندی حیزبەکانیان بەکار دەهێناو لە بانکەکانی ئەمریکا و سویسرا کۆیان دەکردەوە و سەرەڕای دەوڵەمەندی وڵاتەکە کەچی زۆررینەی خەڵکیش بەدەست هەژاری و نەخوێندەواری و دواکەوتویی و نەخۆشیەوە و نەبونی ئاو و کارەبا و ڕێگاوبان و تەندروستیەوە دەیانناڵاند و بەم شێوەیە گەندەڵی و سەرکوتکردن ڕۆچووبوە ناو سەرجەم ئۆرگانەکانی ژیانی سیاسی و دەوڵەتی ئەو وڵاتەوە.تا ساڵی ١٩٩٨ کە لە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریدا کۆلۆنێل هۆگۆ شافێز توانی ٨٠٪ دەنگەکان بۆ خۆی مسۆگەر بکات و ببێتە ٦١ هەمین سەرۆك کۆمای فەنزەوێلا.و بە فەرمی لە ١٩٩٩/٢/٢دا بۆ یەکەم جار بوە سەرۆك کۆمار.

هۆگۆشافێز لەدایك بووی ساڵی ١٩٥٤ه و سەر بەحیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی فەنزەوێلایە و لەسەربازیەوە پێگەیشتوە و ئاینی کاسۆلیکی ڕۆمانیە، شافێز بەوە بەناوبانگە کە بانگەشەی تەواوکاری سیاسی و ئابوری دەکات لە نێوان وڵاتانی کیشوەری ئەمریکای لاتینیداو دژایەتیکردنی ئیمپریالیەت و ڕەخنەی توندیش لەلایەنگرانی بەجیهانبوونی لە لیبڕاڵە نوێکان دەگرێت و بەهەمان شێوەش ڕەخنە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکاش.

لەساڵی ١٩٩٢دا هەستا بە هەوڵێکی کودەتای سەربازی شکستخواردوو لە ئەنجامدا بەندکرا و تا لە ساڵی ١٩٩٤دا ئازادکرا و هەر لەو ساڵەدا هەستا بە دامەزراندنی بزوتنەوەیەکی سیاسی بەناوی بزوتنەوەی کۆماری پێنجەم کە بە MVR ناسراوە و بزوتنەوەیەکی چەپە و خۆی بە وتەبێژی سیاسی هەژاران دادەنێت و هەر لەبەر ئەمەش هەژارانی ئەو وڵاتە لە ساڵی ١٩٩٨دا دەنگیان پێدا کە زۆرینەی دانیشتوان پێکدێنن، شافێز لەو کاتەوە گەلێك هەڵمەتی ئابوری و کۆمەلاّیەتی لەناوخۆی وڵاتدا ڕابەرایەتی کردوە بەمەبەستی باشتر کردنی گوزەران و بارودۆخی هەژارانی وڵاتەکەی وەك هەڵمەتی دژی نەخوێندەواری و نەخۆشی و پەتاکان و خراپی خواردن و نەبوونی خزمەتگوزاری تەندروستی و ڕێگاوبان و ئاو و کارەبا و هەژاری .

شافێز تا ئێستا توانیویەتی بۆ چوار جاری یەك لەسەر یەك سەرکەوتن بەدەست بێنێت لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەو وڵاتەدا بەم جۆرە:

١. لە ساڵی ١٩٩٩-٢٠٠٠ لەم ماوەیەدا گۆڕانکاری لەدەستووردا ئەنجامدا.

٢. لەساڵی ٢٠٠٠-٢٠٠٦ کەلەم ماوەیەدا هێزی ئۆپۆزسیۆن بەهێز ببوو وە هەوڵێکی کودەتای سەربازیش لە دژی دراو ناڕەزایی و مانگرتنیش سەرتاپای وڵاتی گرتەوە و داوای ڕاپرسی گشتیان کرد لەسەر مانەوەی یان نا و لە ئەنجامدا بە ڕێژەی ٥٩٪ مانەوەی بەدەست هێنا.

٣. لەساڵی ٢٠٠٦-٢٠١٢ بەڕێژەی ٦١٪ سەرکەوتنی بەدەست هێنایەوە و لەم ماوەیەدا توانی دوای متمانە وەرگرتن لە پەرلەمان سیستەمی حوکم لە وڵاتدا بگۆڕێت بۆ سۆسیالیستی لەسەر بنەمای مارکسی-لینینی و شافێز ڕایگەیاند کە مەسیح یەکەم کەسێکی سۆسیالیستی بوە و لەسەر ڕێچکەی ئەو دەڕوات بەپێی بنەما مارکسیەکان. لەسەر ئەم بنەمایەش هەستا بە خۆماڵیکردنی کۆمپانیای تەلەفۆنات و کارەبا. و لەساڵی

٢٠٠٦وە شافێز لە ناو ١٠٠ کەسایەتی گرنگی جیهان هاتە ئەژمارکردن لەلایەن گۆڤاری تایمی ئەمریکیەوە و دوای دامەزراندنی پارتی سۆسیالیستی یەکگرتووی فەنزەویلاوە لە ساڵی ٢٠٠٧دا PSUV شافێز هاوپەیمانی لەگەڵ هاوشێوەکانی لە کیشوەری ئەمریکای لاتیندا دروستکرد لەگەڵ هەریەکە لە سەرۆکی پاراگوای فرناندۆلۆگۆ و سەرۆکی پۆلیڤیا ئیفۆ مۆرالیس و سەرۆکی بەڕزایل لۆلا دیسیلڤا و سەرۆکی ئەکوادۆر ڕەفاییل کۆریا.

شافێز لە ٢٠١١/٦/٣٠وە لەشاری هاڤانای کوباوە لەنەخۆشخانەوە ڕایگەیاند کە تووشی نەخۆشی شێرچەنجە بوە و لە ماوەی پشووداندایە.

٤. لە ٢٠١٢/١٠/٧ – بۆ ... سەرکەوت بەسەر بەرامبەرەکەیدا ئەنریکە کابرلیس بە جیاوازی ١٠٪ دەنگەکان .

- **ڕوانینێکی گشتی بە سیاسەتەکانی شافێزدا**

کەسایەتی جەنەڕاڵ سیمۆن بۆلیڤار کەلەسەدەی نۆزدەهەمدا ژیاوە و ڕابەرایەتی جەنگی سەربەخۆبوونی فەنزەویلای کردوە لەساڵی ١٨٢١دا دژی داگیرکەران دوای جیابونەوەی لە کۆلۆمبیای گەورە و هەربۆیەش ناوی فەنزەویلا بریتیە لە کۆماری فەنزەویلای بۆلیڤاری و پارەکەشی بۆلیڤایەو زۆرێك لە دەزگا و جێگا گشتی و گرنگەکان و پەیکەری لە گۆڕەپان و شەقامەکانی بەناوەوە کراوە وەك پێزانینێك بۆ ڕۆڵی ڕابەرایەتی و شۆڕشگێڕی لەمێژووی فەنزەوێلادا،بۆتە بنچینە بۆ بیرۆکەکانی شافێز.

سیاسەتی ئابوری: بریتی بوە لە گەشەپێدانی ئابوری و زیادکردنی داهات و بەرزکردنەوەی ئاستی داهاتی نەتەوەیی و تاك و نەهێشتنی بێکاری و خۆماڵیکردنی جومگە گرنگەکانی وڵات لە ژێر دەستی کۆمپانیا ئابوریە فرە نەتەوەکاندا و توانی داهاتی نەتەوەیی بگەیەنێتە ٢ر١٤٦ ملیار دۆلار و بەشی تاك لەو داهاتە بریتیە لە ٦١٠٠ دۆلار و ڕێژەی گەشەکردنی بریتی بێت لە ٧ر٢٪ و هێزی کار ٩ر٩ ملیۆن کەس بێت.

سیاسەتی کۆمەڵایەتی: بریتیە لە نەهێشتنی نەخۆشیە کوشندەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان و نەهێشتنی نەخوێندەواری و پێشکەشکردنی خزمەتگوزرای ئاو و کارەبا و ڕێگاوبان و هۆکارەکانی پەیوەندی و ..هتد.

لەبواری ڕاگەیاندن و میدیاو دیموکراسیدا لایەنگری ئازادیەکانی تاك و گروپ وڕێکخراوەکان بوە و پاراستنی مافەکانی مرۆڤیش لە پێشەوەی ئەرکەکانیدا بوە.

سیاسەتی دەرەوەی: بریتی بوە لە دروستکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ ولآتانی کیشوەری ئەمریکای لاتینیدا بۆ تەواوکاری لە بواری بازرگانی و وزەدا.
لەبەرامبەر ئەمریکادا :
فەنزەوێلا چوارەم ولآتی بەرهەمهێنەری نەوتی دونیایە و دووەم ولآتی گەورەشە کە نەوت دەدات بە ئەمریکا. بەلآم ئەمریکا شافێزی قبولّ نیە لەبەر چەند هۆکارێك لەوانە: بوونی پەیوەندی توندوتۆڵی لەگەڵ سەرۆکی کوبا فیدڵ کاسترۆ و سەردانەکانی بۆ عێراق و لیبیای سەردەمی صدام و قەزافیدا و ڕەخنە گرتنی توندی لە ئەمریکا لەسەر بۆردومانکردنی ئەفغانستان و بێلایەن بوونیشی لە جەنگی دژ بە شیوعیەکانی کۆلۆمبیا.وپشتیوانی کردنیشی لە ئێران.
شافێز و ئیسرائیل:
لەکاتی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر کەرتی غەزەی فەلەستنیدا شافێز سەفیری ئیسرائیلی لە فەنزەوێلا دەرکرد و سەفیرەکەی خۆشی گەڕاندەوە و ووتی هیچ سوودێك لە پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا نیە. و لە وتەیەکی بەناوبانگیشیدا ووتی(( پێویستە هەردوو سەرۆکی ئیسرائیل و ئەمریکا ڕاپێچی دادگا بکرێن ئەگەر لەم جیهانەدا ویژدانێکی زیندوو مابێتەوە، دەڵێن سەرۆکی ئیسرائیل بەرگری لە گەلەکەی دەکات ئەمە چ دنیایەکی بێسەروەبەریە کە ئێمە تیایدا دەژین)).
لەکۆتاییدا نهێنی سەرکەوتنی چوارەم جاری شافێز بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری فەنزەویلا و ولآتێکی سۆسیالیستی نزیك لە ئەمریکای ڕابەری تاك و تەنهای جیهان ، بریتیە لە نزیکی ئەو سەرۆکە لە ئازار و داواکاری و خەمەکانی چینە هەژارەکەی ولآتەکەیەوە و هەر ئەوانیش پشت و پەنا ڕاستەقینەکەین و شافێز لەو ماوانەی سەرۆکایەتیدا گەلێك دەسکەوتی بۆ هەژارانی ولآتەکەی هێناوەتە دی لە نەهێشتنی هەژاری و بێکاری و نەخوێندەواری و نەخۆشی و دواکەوتوی و توانیویەتی ئاستی گوزەران و داهاتیان بەرزبکاتەوە و لە ڕووی تەندروستی و پێداویستیە کۆمەلایەتیەکانیشەوە لەش ساغ و تەندروستیان بکات و توانیویەتی بوێرانە سیاسەتە سۆسیالیستی و ئابوریە گەورەکانی خۆی پیادە بکات و بشبێتە کەسایەتیەکی کاریگەری جیهانی . ئەویش وەك سەرۆکەکانی ولآتانی کیشوەرەکەی کە مەدێکی سۆسیالیستی و چەپیان بەخۆوە بینی و لەهەڵبژاردنەکاندا نوێنەرانی خەڵکە ڕەسەنەکەی ولآتەکانیان

سەرکەوتنیان وەدەست هێنا کە ئەمەش گەڕانەوەی مافەکان بوو بۆ خاوەنەکانیان کە بۆ ماوەی چەندین سەدە کەمینە ئەوروپیەکان بالأدەست بوون.کە پێدەچێت ئەم جۆرە لە فەرمانڕەوایەتی چەپەکان لەو کیشوەرەدا تا ماوەیەکی تریش بەردەوام بن.و دەکرێت شافێز بکرێتە نمونەیەکی سەرکەوتوی حوکمڕانی بۆ زۆرێك لە وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سوود لەبەرنامە و پلانە گەشەسەندوکانیشی وەربگیرێت.

---

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٦٠٢٦ لە ٢٠١٣/٣/١٣ و سایتی خەندان لە بەرواری ٢٠١٣/٣/٩دا بلأوکراوەتەوە.

# مالکی پیاوی قۆناغەکە
# یان پیاوی دروستکردنی تەنگژەکان لە عێراقدا؟*

❖ عێراقی نوێی دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی صدامی کە لەم ڕۆژانەدا یادی ١٠ ساڵەی دەکەینەوە هیچ کات هێندەی ئێستا لە قەیران و تەنگژەی سیاسیدا نەبوە و هیچ کاتیش هێندەی ئێستا ململانێکان توند نەبونە و هیچ کاتێکیش هێندەی ئێستا لایەنە سیاسیەکان و سەرکردەکان ناتەبا و لێکدوور نەبون ، بەشێوەیەك کە هەموانیان لە ماوەی ساڵێك یان زیاترە پێکەوە ڕووبەڕوو کۆنەبونەتەوە و یەکدیان نەبینیوە کە ئەمە بۆ خۆی ئاماژەیەکی ترسناکە چونکە بۆتە هۆی دروستبونی بێمتمانەیی و لێکدابڕان و دواتریش لێکتێنەگیشتن و درزدروستبون و سەرهەڵدانی قەیران و ململانێ و دەستخستنە ناو کاروباری وڵات و هاندانی زیاتریان بۆ لێکدوورکەوتنەوە لەلایەن لایەنە دەرەکیەکانەوە. کە ئەم حاڵەتەش تەنها لە بەرژەوەندی هێزە دەرەکیەکانی عێراقە نەك ناوخۆکانی.

ئاشكراشە كە ئەو لایەن و كەسەی كە پێویستە ڕۆڵی ناوبژیوانی و ڕابەرایەتی و پاراستنی ئەو دۆخە برایەتی و تەبایی و پێكەوە كاركردنە ببینێت ئەو كەس و لایەنەیە كە دەسەڵاتی بەدەستەوەیە چونكە لێپرسراوەو بڕیاردەری سەرەكیە و دەسەڵاتە دارایی و كارگێڕی و سەربازیەكانی لەلا كۆبۆتەوە.كە ئاشكراشە لە ئێستادا ئەو كەس و لایەنە  لیستی دەوڵەتی یاسایە كە لەلایەن  د. نوری مالكیەوە سەركردایەتی دەكرێت بە سیفەتی ئەمینداری گشتی حیزبی دەعوەی ئیسلامی لە عێراقدا كە بۆ جاری سێیەمە هەڵبژێردرێتەوە بۆ ئەو پۆستە لەناو حیزبەكەیدا .بۆیە لە ئێستادا و دوای دوو ماوەی سەرۆكایەتی حكومەتی عێراقی و جێگە و پێگە قایمكردنی لەناو حیزبی دەعوەدا بەتایبەتی و لەناو سەرجەم شیعەكان بەگشتی و تەنانەت هەندێ لایەن و كەسایەتی سونەشدا  و بەحوكمی یاسا و دەستور و دەسەڵاتەكانیشی نوری مالكی یان لەخۆی گۆڕاوە یان گەرەكێتی تا ئەو پەڕی دەسەڵاتەكانی بەكاربهێنێت گەرچی زیادەڕەوی و تاكڕەویشی تێبكەوێت. بەم كارەشی بۆتە هۆكاری دروست بون و سەرهەڵدانی قەیران لەدوای قەیران و عێراقی بەگشتی ڕووبەڕووی تەنگژەی سیاسی و ئابوری و كۆمەڵایەتی كردۆتەوە و لەسەر ئاستی ناوخۆ و ناوچەكە و دونیاشدا عێراقی نەك بەرەو پێش بردووە بەڵكو گەلێك جار واسەیر دەكرێت و دەبینرێت كە عێراقی سەردەمی صدام حوسەینی گۆشەگیرو ئابڵۆقە دراوە و وایلێهاتوە عێراق لە پێگە و جوگرافیا عەرەبی و ناوچەیی و نێودەوڵەتیەكانیشی دابڕاوە .

مالكی بەم هەنگاوانەی كە دژ بە لیستی عێراقیە و سەركردەكانی پیادەی دەكات هەر لە عەلاوی و هاشمی و عیساوی و ئەوانی تریان و دواتر بەرامبەر بە كورد و سەركردایەتیەكەی و مافەكانیان و گوێپێنەدان و پشتگوێخستن و دواخستن و جێبەجێنەكردنی مادەكانی دەستور و یاساكان و دواتریشیان بەرامبەر شیعەكان و لە ئێستاشدا هەڕەشە و گوڕەشەش لە مەرجەعە باڵاكانی شیعەش دەكات بەوەی كە فتواو لێدوان دژی حكومەتەكەی نەدەن ئەگینا دژەكانیان هاندەدات و هاوكاری مادی و مەعنەویان دەكات و ئەوان بچوك دەكاتەوە.كە ئەمە دوا هەوڵ و زیادەڕەوی و حساب بۆ نەكردنی ئەوانی دیكەیە لەلایەن خودی مالكی و حیزبەكەشیەوە. بۆیە مالكی گەر وابزانێت بەم تاك ڕەویە و حساب بۆنەكردن و تەصفیەی حساباتەی لەگەڵ هەمووواندا بۆی دەچێتە سەر و عێراق دەكاتە ماستی مەیوو و خۆشی دەبێتە سەركردە و زەعیمی ئەوحەد كە هیچیان لەم سەردەمەدا نەك لە عێراقدا بەڵكو لەناوچەكە و دونیاشدا باویان نەماوە ، ئەوا بەهەڵەدا چوە و هەرگیز ئەو خواست و ویستە خۆ بەزلزان و غرور و سەرمەستیەی بۆ ناچێتە سەر و عێراق و عێراقیەكانیشی بۆ لە قاڵب نادرێتەوە.

چونکە زەمەن زەمەنی تاك ڕەوی و دیکتاتۆری نیە بەڵکو زەمەنی کرانەوە و بەرژەوەندیە ئابوریەکان و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانە. لە ئێستادا سیاسەت بۆتە پاشکۆ و ئابوری و بازرگانی و بازاڕ بۆتە ڕابەر و هەمووان لە حکومەت و سەرکردە و کۆمپانیاکانەوە بەدوای بەرژەوەندیە ئابوریەکانیاندا ڕا دەکەن نەك بەدوای سیفات و نازناوی گەورە و زەبەلاحی بێناوەڕۆکی سیاسیدا کە هیچ دەسکەوتێکی بۆ وڵات و گەل تیادا نیە. چونکە سیاسەت کۆمەڵگاکان ناژێنێت و پێشیشیان ناخات بەڵکو ئەوە ئابوریە کە گوزەرانی تاك بەتاکی جەماوەر خۆش دەکات. بۆیە هەرگیز وڵاتێکی دەوڵەمەندی وەك عێراق بەخاك و گەلەکانیەوە جارێکی تر ناچنەوە چوارچێوە تەسك و بەندی ئاساکەی جارانیان ، چونکە نەخۆیان ڕێگە بەو سەرکردەو لایەنە دەدەن کە گەرەکێتی بیانگێڕێتەوە بۆ دواوە و بە ئاگر و ئاسن حوکمیان بکات، و نە دەوڵەتانی ناوچەکە و دونیاش لێدەگەڕێن عێراق بەو دەوڵەمەندی و نازداریەوە تەنها لەلایەن کەسێك و حیزبێکی دیاریکراوەوە ببرێت بەڕێوە و بە ئارەزو و ویستی ئەو خێر و بێری عێراق تەخشان و پەخشان بکرێت.

بۆیە لە خوێندنەوەی هەڵسوکەوت و مامەڵەی نوری مالکی تەنها ئەوە دەخوێنرێتەوە و تێدەگەیەنرێت کە ئەو پیاوە قەوارە و شێوەی خۆی لێگەورە و گۆڕاوە و لێیتێکچوە کە هێشتا زۆری ماوە بۆ ئەوەی ببێتە پیاوی قۆناغەکە و عێراقێکی پڕ گێچەڵ و ململانێ  دەرباز بکات و ببێتە جێگەی ستایش و پیاهەڵگوتنی هەموان،چونکە پیاوی ڕزگارکەر و کاریزما  لەخۆڕا هەڵناکەوێت و لەڕێگەی توندو تیژی و بەکارهێنانی هێزەوە پەیدا نابێت ئەوە  بە هیمەت و توانا و لێهاتوی و خزمەتکردن بە گەل و وڵاتەوە و قوربانیدانی گەورەو و سیاسەتی حەکیمانە و دووربینی و پشوودرێژی و خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی دۆخە ناوخۆیی و ناوچەیی و دونیاییەکانەوە بەڕاستی و دروستی دەبێت نەك بەهەڵە و کەوتنە داوی دەزگا جاسوسیە نێودەوڵەتیەکان و بە هەڵەدا بردن و ڕێگە لێتێکدان دەبێت ، بەڵکو مالکی بەم کردار و ڕەفتارانەی بۆتە هۆکار و سەرچاوەی دروستکردن و سەرهەڵدانی قەیران و تەنگژە یەك لەدوای یەك و عێراقی نغرۆی گێژاوێکی پڕ مەترسی و  ئاڵۆز کردۆتەوە کە هیچ کەس لە دۆست و دوژمنان حەسودی پێنابەن.عێراق لە ئێستادا لەهەموو کات زیاتر چاوەڕوانی دابەشبونی خاك و گەلەکەی لێدەکرێت، چونکە هیچ پێکهاتەیەك و هیچ ئاین و مەزهەبێك هێندەی ئێستا لەگەڵ یەکدا دڕدۆنگ و دوورە پارێز نین لە یەکتری ، هەربۆیە زیاد لەهەموو کات عێراق پێویستی بە پیاوێکی سیاسی ژیر و موحەنەك و دڵفراوان و  هاوسەنگ لە پەیوەندیەکانیدا لەگەڵ هەمواندا هەیە، کە بەداخەوە لە ئێستادا بونی نیە یان غائبە لەسەر گۆڕەپانەکە، هەربۆیە پیاوی قۆناغەکە لە عێراقدا نیەو مەگەر تەنها پەروەردگار عێراق بپەڕێنێتەوە بۆ کەناری ئارامی و ئاشتی و دڵنیایی.چونکە بەداخەوە بەویست و پلان بێت یان بە ناچاری بێت هەموو سەرکردەو لایەنەکان لە ئێستادا بۆ خۆیان بونەتە یەکێك لە جەمسەری قەیرانەکان، کە

ئەمەش هێندەی تر وایکردوە هەمووان ببنە دوژمنی یەکتری نەك دۆست و هەر ئەم هۆکارەشە بۆتە هۆی ئەوەی کە هیچ کامیان نەتوانن ڕۆڵی ناوبژیوانی و دادوەر و چارەسەرکەری قەیرانەکان ببینن، هەموانیشان بە ناچاری چاوەڕوانی فریادڕەسێکی دەرەکی دەکەن کە کۆیان بکاتەوە و لەم گێژاو و قەیرانە ڕزگاریان بکات کە بەداخەوە لەم قۆناغەدا ئەو فریاد ڕەسەش بونی نیە و گەر هەشبێت ڕاستگۆ نیە بۆ عێراق و گەلەکەی و تەنها لە تێڕوانین و بەرژەوەندی ئایندەی خۆیەوە هاوکاری دەکات و هەربۆیەش چاوەڕوانیەکان وەك چاوەڕوانی گۆدۆ وایە و هەر ناگات، کە پێدەچێت قەدەری عێراق و عێراقیەکان هەر تەنگژە و ململانێ و خوێنڕشتن و نەهامەتی و خوێن و فرمێسك بێت لەسایەی حوکمی سەرکردە گەمژە و نەزان و تاکڕەو و خۆبەزلزانەکانەوە کە لە بەرواری دەستپێکی مێژووەوە عێراق و وڵاتی دوو ڕووبار و میسۆپۆتامیای کۆن و نوێ بەدەستیەوە دەناڵێنێت.

---

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٤٢٩٤ لە ٢٠١٣/٤/٩ و سایتی خەندان لە بەرواری ٢٠١٣/٤/٥دا بڵاوکراوەتەوە.

لە پەراوێزی مشتومڕی هەموان لەسەر ڕەشنوسی دەستوری هەرێم...

## قۆناغەکە هەڵوێست ونیەتێکی ڕاشکاوانە وڕاستگۆیانەی گەرەکە ؟*

❖ ئاشکرایە ڕەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان کە لە ١٢٢ مادده پێکهاتوە لە دانیشتنێکی پەڕلەمانی کوردستان لە ٢٠٠٩/٦/٢٤دا لەلایەن پەڕلەمانی کوردستانەوە و بە ئامادەبوونی تەنها ٩٧ ئەندام پەڕلەمان لەکۆی ١١١ ئەندام کە ١١٠ی زیندوو ١ ئەندام پەڕلەمانیش کۆچی دوایی کردبوو بە ٩٣ دەنگی (( بەڵێ )) ی سەرجەم فراکسیۆنەکانەوە و ١ دەنگی نەخێر و ٣ ئەندامیش دەنگیان نەداوە و ٧ ئەندامیش هەر لەوکاتەدا بەیاننامەیەکیان دژ بەو ڕەشنوسە دەرکردوو تیایدا داوایان لە هەموان کرد کە دەنگی بەڵێی پێنەدەن، تێپەڕێنرا، و ئەوەی کەماوەتەوە بریتیە لەوەی کە ئەم ڕەشنوسە بخرێتە بەردەم جەماوەری گەلەوە و لە پرۆسەیەکی ڕاپرسی ئازاد و نهێنیدا بە بەڵێ یان نەخێر پەسەند یان ڕەتبکرێتەوە.وەك لە مادەی ١١٨ هاتوە کە دەڵێت (( ئەم دەستورە پاش

ڕەزامەندی زۆرینەی دەنگدەرانی گەلی هەرێمی کوردستان لە ڕاپرسیەکی گشتیدا بە پەسەندکراو دادەنرێت )).

❖ لێرەدا پرسیار ئەوەیە، کە ئایا ئەم ڕەشنوسی دەستورە کۆدەنگیەکی سیاسی و نیشتیمانی لەسەرە؟ ئایا هەموان بەسەرجەم برگە و مادەکانی ڕازین؟ ئەگەر نا بۆ تێپەڕێنرا و ؟ بۆچیش دوای ٤ ساڵ نەخراوەتە ڕاپرسیەکی جەماوەریەوە؟تاکو شەرعیەتی جەماوەر و زۆرینەی گەلیشی لەگەڵدا بێت ؟ ئەی لە ئێستادا بۆ هەموان بەدەسەلاٌت و ئۆپۆزسیۆنەوە ڕای جیاوازیان لەسەری هەیە و دابەشبونەتە سەر دوو بەرە ، دەسەلاٌت یان ڕاستر نیوەی دەسەلاٌت لەگەڵ تێپەڕاندنیدان بەو شێوەیەی کەهەیە و پەسەند بکرێت و بەرەی ئۆپۆزسیۆن و نیوەکەی تری دەسەلاٌتیش لەگەڵ گەڕانەوەی ڕەشنوسەکەدان بۆ پەرلەمان و چێکردنی هەموارکردنەوە و دواتر ڕاپرسیکردن لەسەری..

وەك دەردەکەوێت لەکاتی خۆشیدا و لە ئێستاشدا ئەو ڕەشنوسە کۆدەنگیەکی سیاسی و نیشتیمانی لەسەر نەبوە، هەربۆیە لە ساتی لەدایکبونیەوە بوە جێگەی مشتومڕ و ڕەخنە لێگرتن لەلایەن ئۆپۆزسیۆن و ڕۆشنبیران و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیەوە و هەرئەمەش وایکرد کە دەسەلاٌت جورئەتی ئەوە نەکات کە ڕەشنوسەکە بخاتە بەردەم گەلەوە تا پەسەند یان ڕەتیبکاتەوە، چونکە زۆر باش دەیانزانی کەبەو زۆرینەیەی پەرلەمان ناتوانن کۆدەنگیەکی گشتگیری جەماوەری بۆ کۆبکەنەوە و لە ڕاپرسیدا پەسەندبکرێت، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە خۆشیان هەستیان بەو کەموکوڕی و نادیموکراتیەی ناو ڕەشنوسەکەیان دەکرد کە هەرچۆنێك بوایە گەرەکیان بوو تێبپەڕێنن. بەو هیوایەی ئەم کارەیان بۆ سەربگرێت و سیستەمی حوکمڕانی لە کوردستانی ئازاد و دیموکراسیدا بگێڕنەوە بۆ دواوە بۆ حوکمڕانی تاك حیزبی و تاك سەرکردەیی و بنەماڵەیی. ئەوان ئەو کاتە نەیانتوانی کە ڕەشنوسەکە بخەنە بەردەم جەماوەرەوە کە وەك ئێستاکە هێندە دژی نەبوو ،جا ئێستاکە هەر ناتوانن چونکە گەڕانەوەی ڕەشنوسەکە بۆ ناو هۆڵی پەرلەمان نەك داواکاری هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانە بەڵکو بۆتە داواکاریەکی زۆر سەرەکی و هەنوکەیی تەواوی جەماوەری گەلەکەشمان، و بەپێی ماددەی ١٢٠ و خاڵی دووەم کە دەڵێت (( سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران پێکەوە،یان سێ یەکی ئەندامانی پەرلەمان بۆیان هەیە پێشنیازی هەموارکردنی دەستوور بکەن)). هەروەها لەهەمان مادده و خاڵی چوارەمدا کە دەڵێت (( پەرلەمانی کوردستانی –عێراق

بۆی هەیە بەزۆرینەی ۳/۲ ی ژمارەی ئەندامەکانی ڕەزامەندی لەسەر پێشنیازەکە دەربېڕێت)) و لەخاڵی پێنجەمیشدا دەڵێت (( گەلی کوردستان –عێراق لە ڕاپرسیەکی گشتیدا، بەزۆرینەی دەنگدەران ، ڕەزامەندی لەسەر هەموارکردنەکە دەدات)). کەواتە ئاماژە بەم بڕگانە لە خودی ڕەشنوسی دەستورەکە خۆی گەڕانەوەی ئەم ڕەشنوسە و هەموارکردنەوەی کارێکی دەستوری و یاساییە،کەواتە دەسەڵات گەر بیەوێت بە تۆپزی ئەو ڕەشنوسە ناکامڵە تێبپەڕێنێت ئەوا لەلایەك خۆی دەخاتە بەردەم دووڕیانێکی مێژوویی و زۆر هەستیارەوە بەوەی کە ئەمە مانای گەڕانەوەیە بۆ دواوە و بۆ دەسەڵاتی تاکڕەویی و خۆسەپاندن و پاشگەزبونەوەشە لەبەردەم هەموو دونیای پێشکەوتنخواز و دۆستە دێرین و نوێکانی مەسەلەی کوردیش لە عێراق و ناوچەکە و دونیاشدا .بەوەی چەندساڵە خۆمان بادەدەین بەو نیمچە ئازادی و دیموکراسیەی کە بەخوێنی هەزاران ڕۆڵەی ئەم گەلە هاتۆتە دی و لەلایەکی تریشەوە حساب بۆنەکردنی ڕای زۆرینەیە کە بنەمای دیموکراسیەتە و بەمەش ڕاستەوخۆ شەرعیەتی جەماوەریش لە باڵای حوکمڕانیەکەی خۆی دادەماڵێت و بەمەش سەردەمێکی نوێی توندوتیژی و خۆپیشاندانی جەماوەری و ناڕەزایی توندی لەناوەوە و دەرەوەی کوردستانیش دژی ئەم دەسەڵاتەی ئێستا دروست دەبێت، جابۆیە کارێکی ژیرانە نابێت گەر دەسەڵات سوور بێت لەسەر تێپەڕاندنی ئەو ڕەشنوسە، وخۆی بخاتە سوچێکی تەسکی گۆڕەپانە سیاسیە فراوانەکەی کوردستانەوە. و خۆی بچوك بکاتەوە لەبەردەم دۆست و نەیارانیشدا، کە لە ئێستادا بەهێندەی دۆستەکانمان بگرە زیاتریش دژمان هەیە لە ناو عێراق و ناوچەکە و دونیاشدا.

کەواتە چیبکرێت دەربارەی ئەم مەسەلە گرنگ و زێدە هەستیارەی کە پەیوەندی بە ئێستا و ئایندەی تاك بەتاك و سیستەمی حوکمڕانی گەلەکەمانەوە هەیە ؟ چۆن و بەچ شێوازێك ئەم مشتومڕە بێزەنتیە بېڕێتەوە لە نێوان بەرەی لایەنگران و بەرەی دژی ئەم ڕەشنوسە؟

لەخوێندنەوەیەکی وورد و مەنتیقی بۆ بارودۆخی سیاسی شڵەژاوی عێراق و کوردستان و ناوچەکە ، دەگەینە ئەو ئەنجامە حەتمیەی کە پێویستە لەسەر دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن و جەماوەریش هەموانیان پێکەوە ڕێکبکەون لەسەر ڕێکەوتنێکی نیشتیمانی و نەتەوەیی وەها کە هەموان لانی کەم لە سەر زۆرترین خاڵ و بڕگە و مادەکانی ئەو ڕەشنوسە ڕێکبکەون و هەموو مەسەلە نیشتیمانی و نەتەوایەتیەکان کۆدەنگی لەسەر بکەن و

مەسەلە دوورنماکان کە کاریگەریان هەیە لەسەر ئایندەی سیستەمی حوکم لە کوردستاندا بە ڕێکەوتن و لێکتێگەیشتن و سازان بڕێننەوە و هەر بەمەش دەتوانن کوردستان لە قەیرانی بێدەستوری و لە قەیرانی نائارامی و دوور لە یەکتری لەنێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات و جەماوەریش ڕزگار بکەن و هەموانیش دەست بگرن بە قوڵفی یەك و یەکگرتوویی وسەروەری ئەم هەرێمەوە و هەموو بەرژەوەندیە حیزبی و بچوکەکان بکەنە قوربانی بەرژەوەندیە باڵاکانی نیشتیمان و نەتەوەوە. بەتایبەتیش لە ئێستادا کە ئاسۆی ئایندەی مەسەلەی کورد لە باکوریش ڕۆشنبۆتەوە و تیشکی ئاشتی و ڕێکەوتن لەنێوان دەوڵەتی تورك و هێزی ڕزگاریخوازی کورد بەڕابەرایەتی پەکەکە و ئۆجەلان و هەموو هێزە سیاسیە کوردیەکانی تریش لەناوخۆی تورکیادا پەخشبۆتەوە بەسەر باشور و پارچەکانی تریشدا و ئومێد و هیوا و خەونە گەورەوچەندان ساڵە ودووردرێژەکانی کوردایەتیش بۆ سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانج نزیك و نزیکتر دەبێتەوە، هەربۆیە دەرچوونی ئەم هەرێمە لەم قەیرانە یاسایی و دەستوریە کارێکی مێژوویی و گرنگە و ڕووی هەموان دەگرێتەوە و پێویستیشە لەسەر هەموان هەڵوێستێکی جەریئانە و ڕاشکاو و نەترسانە و ڕاستگۆیانە دەربخەن و دووربکەونەوە لەدڵڕازیکردنی یەکتری و دەستگرتن بە هاوپەیمانیەکی دووقۆڵی فشەڵ و لەرزۆکی واوە کە تەنها بەرژەوەندی حیزبی تێدایە نەك نیشتیمانی و نەتەوەیی، چیدی پێویست ناکات کە درێژە بەم مشتومڕە بدرێت، و لەئێستادا هەموان بە حیزب و سەرکردە و جەماوەریشەوە لەدووڕیانێکی مێژوویدان بۆ یەکلایکردنەوەی ئەو ڕەشنوسە چونکە گرنگی ئەو ڕەشنوسە بۆ هەرێمەکەمان پێویستیەکی ژیاریە و بەنەبون و پەسەندنەکردنیشی شەرعیەتی هەموو دەسەڵات و حوکمڕانیەکەی چەندین ساڵەشمان دەکەوێتە ژێر پرسیار گەلێکی گەورەوە و ئەوەشی لەسەر بێیاسایی و بێدەستوری بنیاتنرابێت هەمووی بێ یاساو بێ بنەمایەکی دەستوری دەبێت ، دەکرێت ڕۆژێك لە ڕۆژان نەوەکانی داهاتوو لە کەمتەرخەم و خەمساردو لێپرسراوەکان و دەسەڵاتداران بپرسێتەوەو بە سزای یاسایی و دەستوری خۆیان بگەیەنێت لەسەر ئەو کەمتەرخەمی وپشتگوێخستنەیان.

---

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٦٠٧٩ لە ٢٠١٣/٥/١٧ وسایتەکانی ستاندارد کورد لە ٢٠١٣/٥/١٥ و چاوی گەل و ئاژانسی نها ٢٤ لە ٢٠١٣/٥/١٦دا بلاْوکراوەتەوە.

# ئایندەی دەسەلاْتی ئیسلامیەکان بەرەو کوێ ؟*

❖ ئاشکرایە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەلاْتی ناوەڕاست بەگشتی لەوکاتەوەی کە ئاینی ئیسلامی پیرۆز هاتۆتە خوارەوە پێش ١٤٣٤ ساڵ لەمەوپێش زۆرینەیان بونەتە کۆمەڵگایەکی ئیسلامی و ڕێز لەو ئاینە و پەیڕەوانی و ڕابەرانی دەگرن و هەمونیان لەدڵەوە خۆیان بەتاکێکی ئیسلامی دادەنێن گەرچی لەڕواڵەت و کار و کردەوە و گوتاریشیاندا ئەوە ڕەنگ ناداتەوە. ئاستی نەرمونیانی و توندڕەوی پەیڕەوکردنی دابونەریتە ئاینیەکان لە تاك بۆ تاکێك و لە کۆمەڵگایەك بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێت ، هەیە زۆر پابەندە و هەشە بەپێچەوانەوە کراوەترە،بەداخەوە لەو کۆمەڵگایانەی کە گەرەکیانە ئاین و شەریعەتی ئیسلامی بەزۆر و دوور لە خواستی تاکەکانیان بسەپێنن و کۆمەڵگایەکی داخراو وعەقڵ دۆگما و دوور لە پێشکەوتن و داهێنانەکان و کپکردنی ئازادیەکان بێننە دی، هەمیشە کێشە و ململانێی توندی دەروونی و سیاسی و ئابوریان تیادا سەرهەڵدەدات و دەبنە

کۆمەڵگایەکی هەژار و دواکەوتوو ، چونکە تاکەکان و گروپەکان ناتوانن خواست و ویست و ئارەزوەکانیان بێننەدی و تاکێکی داخراو و ناڕۆشنیان لێدەردەچێت. کۆمەڵگاش کۆمەڵگایەکی بێبەرهەم و مشەخۆر و دوور لەداهێنان دەبێت.

ئیسلام وەك ئاینێکی ئاسمانی ڕێزلێگیراو گرنگی دەداتە بەهاو خووڕەوشتە مرۆڤایەتیەکان و پاك و بێگەردە و پەیوەندی تاکەکان و پەروەردگار ڕێك دەخات و ڕێنیشاندەرێکی ڕاست و دروستیشە بۆ ژیان و گوزەران و تاڕادەیەکی باشیش دەتوانێت خۆی بگونجێنێت لە گەڵ ڕووداو وپێشهات و سەردەمە جیاوازەکاندا، کە ئەمەیە ئیسلامی ڕاست و دروست و بێگەرد و خوازراو لەلایەن زۆرینەوە.

بەڵام دوای ئەوەی کە کۆمەڵێك گروپ و تاقم و سەرکردەی توندڕەو و دەمارگیر و داهێنەری بیری گەڕانەوە بۆ پێشینەکانی سەردەمی پەیامبەر و خەلیفەکان(( سەلەفیەکان)) ئیسلامی سیاسی پەیدا بوو ،کە مەبەستی سەرەکیان گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی بووە نەك پاراستن و گەشەپێدانی چەمکە ڕۆحی و دونیاییە جوانەکانی ئیسلام، لەو پێناوەشدا ململانێی خوێناویان داهێنا لەناو خودی کۆمەڵگا ئیسلامیەکان و کۆمەڵگای ئیسلامییان دابەشکردە سەر چەندین بیروبۆچوونی جیاواز و دژ بەیەك و لەولاشەوە ململانێی توند و ناڕەوایان دەستپێکرد لەگەڵ ئاین و کۆمەڵگاکانی دەرەوەی ئیسلامیشدا و وێنایەکی ڕەش و تاریك و تیرۆر و تۆقاندنیان کردە بەر ئیسلام و لەبەر چاوی دۆست و دوژمنان سوك و ناشیرینیان کرد.

نمونەی ئیسلامی توندڕەو و باڵادەستی سیاسی لەکۆن و نوێدا زۆرن لە مێژوودا کە نمونەی ڕەش و سەرنەکەوتو بون لە دەسەڵات و بەڕێوەبردنی وڵات و کۆمەڵگاداو هیچیان پێنەبوە بۆ ئایندە و جگە لە کوشتن و گەڕانەوە بۆ دواوە و داتەپینی ئابوری و توندکردنی دابونەریتە کۆمەڵایەتیەکان و ئەنجامیش ڕووخاندن و سەرەونگوم بوون و تورهەڵدانیان بوە بۆ زبڵدانی مێژوو.دەوڵەتانی خەلافەتی ئەمەوی و عەباسی و مەمالیك و عوسمانی و ..هتد لەکۆندا نمونەی زەقی ئیسلامی سیاسی سەرنەکەوتوو بون و لەم سەردەمەشدا کۆماری ئیسلامی ئێران و حکومەتە تەمەن کورتەکەی تاڵیبان لە ئەفغانستان و حکومەتە ئیسلامیە سیاسیە تەمەن [1] ساڵەکەی ئیخوان موسلیمینەکان لە میسر و سەرکردە دۆڕاو و زۆربلێکەیان محمد مورسی نمونەی گەشی سەرنەکەوتووی ئیسلامی سیاسین لەم زەمەنەدا.

پێش دوو ساڵ و لە بەهاری عەرەبیدا و لە ساتی گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن ئیسلامیەکانەوە لەو وڵاتانەدا لەڕێگەی شەرعیەتی جەماوەری و پڕۆسەی هەڵبژاردنی دیموکراسیەوە هاتنە سەر حوکم و گەلێك گروپ و تاقم و حیزب ناو و دروشم و ناوەڕۆك و بەرنامەی خۆیان گۆڕی و وایان دەزانی چیدی هێزە عیلمانی و پێشکەوتوخوازو دیموکراسیەکان ناگەڕێنەوە سەر حوکم و ئیدی سەردەمی ئیسلامەتی و ڕابوونی ئیسلامیە و لانی کەم نەوەیەك لە سایەی ئەم حوکمەدا پێدەگەن و گەشە دەکەن و ئەوانیش دەتوانن درێژە بەدەسەڵاتی خۆیان بدەن.

بەڵام ئەوەی کە ڕوویدا ئەوەبوو کە ئەو ڕەوتە ئیسلامیانە و بەتایبەتیش ئیخوانەکان کە خۆیان بە دامەزرێنەری فکری ئیسلامی سیاسی و شۆڕشگێڕی دادەنێن و خۆیان بەخاوەنی مێژوویەکی گەورە((١٩٢٨)) و دەسەڵاتێکی فراوان دەزانن لە جیهانی ئیسلامیدا و لق و چڵیان لەناو زۆرینەی کۆمەڵگا ئیسلامیەکاندا هەیە بە کوردستانی خۆشمانەوە، دەرکەوت کەمتر لە ٢ساڵی تەمەنیاندا کە هیچ بەرنامەیەکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی ڕۆشنیان پێ نیە و ناتوانن ئیدارەی کۆمەڵگایەکی میسری هەژار و نابوتی ئابوری و ئاڵۆزی سیاسی و لێکترازاوی کۆمەڵایەتی گەورەی وەك میسر بدەن و نەیان توانی نمونەیەکی سەرکەوتوو گەشی ئیسلامی پێشکەش بکەن وەك ئەوەی کە لە تورکیا و تاڕادەیەکیش لە ئێراندا هەیە پێشکەش بکەن و خۆیان بکەنە پێگە و مەکۆی سەرەکی و بەهێزی ئیسلامە سونیەکان لەناو جیهانی ئیسلامدا.هەربۆیە کەوتنە بەر تورەیی و بێزاری و خۆپیشاندان و ناڕەزایی گەلانی میسر و داوای ڕۆشتن و لابردن و گۆڕانیان لێکردن بە ئاشتیانە . بەڵام ئەوان چونکە نیەتێکی ڕاستگۆیانەیان نەبوو بۆ خزمەتکردنی گەلانی بەشمەینەت و هەژاری میسر بەهەمان شێوەی حوکمی ٦٠ ساڵەی عیلمانیەکانی پێش خۆیان و بگرە توندتریش بە چەك و کوشتن و هەڕەشەو گاڵتەپێکردن و سوکایەتیپێکردن بە دادگا و دادوەرانەوە وەڵامی جەماوەر و هێزە سیاسیەکانیان دایەوە، ئەوەبوو کە سوپا هاتە گۆڕەپانەکەوە ووتەی توندی خۆی ئاڕاستەی ئیخوان و سەرۆکەکەیان کرد و ماوەی تەنها ٤٨ کاتژمێری پێدان بۆ وەڵامدانەوەی جەماوەر، ئەنجامی کەلەڕەقی و نادیموکراسی و خۆسەپاندن و کورسی پەرستن خۆیانی لێگۆڕین و لەبەرامبەر هێزی گەورەو لەبننەهاتوی جەماوەردا چۆکیان داداو خۆیان و چارەنوسیان بەرەو زیندان و دەستبەسەرکردن برد.

ئەم ئەنجامە دراماتیکیەی ئیخوانەکان لەم سەردەمەدا زەبرێکی کوشندەیە بۆ جەستەو فکری ئیسلامی سیاسی لە دونیادا بەکوردستانی خۆشمانەوە، بۆیە ناکرێت نمونەی ئیسلامی سیاسی پەرش و بڵاوبکرێتەوە لە جیهاندا ،چونکە مۆدێلی ئەو هێزە ئیسلامیە نەماوە و مێژوو و ڕووداوەکانیش سەلماندیان کە زۆر لەدواوەی ڕووداو و پێشهات و پێشکەوتنەکان و داخوازی و ویستی جەماوەر و کۆمەڵگاوەن.بۆیە کە ئێستایان گەیشتبێتە خاڵی بنبەست و دوورخستنەوە لەدەسەلاَت و بێزاربونی جەماوەر لێیان تەنها لەماوەی ساڵێکدا ئیدی چ ئومێد و خەونێك هەیە بۆ ئایندەیان، هەربۆیە گەر ئێستایان لێڵ و ناڕۆشن بێت ئەوا بەدڵنیایی ئایندەیان گەلێك تاریك و توون دەبێت.بۆیە دەکرێت هێزە ئیسلامیەکانی کوردستان پەندێك وەربگرن لەم ئەزمونەی ئیخوانەکانی میسر و بەسەر کار و کردەوە و دروشم و بەرنامەی خۆیاندا بچنەوە و سوود لەهەڵەکانی ئەوان وەربگرن و دووبارەیان نەکەنەوە، کە هەرچەندە ئەم هێزە ئیسلامیانەی کوردستان لەسەرەتای ڕاپەڕینەوە ویستیان بە خراپترین شێواز نمونەی ئیسلامی سیاسی بسەپێنن لە کوردستاندا، بەلاَم هەرزوو سنوریان بۆ دانراو ولێنەگەڕان کە نمونە خراپ و سەرنەکەوتوەکانی ئیسلامی سیاسی ئەفغانستان لە کوردستان دووبارە بکەنەوە و کوردستان بکەنە ئەفغانستانێکی دواکەوتوو هەژار و نەخۆش.

---

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٤٣٥٩ لە ٢٠١٣/٧/٩ و هەواڵ ژمارە ٥٢٩ لە ٢٠١٣/٧/١٣ و هاوڵاتی ژمارە ١٠٩٥ لە ٢٠١٣/٧/١٠ وسایتی خەندان لە بەرواری ٢٠١٣/٧/٨دا بلاَوکراوەتەوە.

# دیموکراسیەت لە ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاستدا بەشەرتی چەقۆیە ! *

❖ ئاشکرایە پڕۆسەی دیموکراسی پڕۆسەیەکی گشتگیرە و هەمەلایەنەی ژیانی کۆمەڵگا دەگرێتەوە و ناکرێت پچڕپچڕ بکرێت و بەشێوەی ئینتیقائی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت،بەشێوەیەك لە کوێدا و بە چ شێوازێك لەبەرژەوەندی خۆم بوو قبوڵی بکەم و بە پێچەوانەشەوە ڕەتیبکەمەوە.

پڕۆسەی دیموکراسی وەك پاکێجێکی ئامادە نیە کە کۆمەڵگا یان سیستەمی سیاسی کتومت پیادەی بکات،بەڵکو پڕۆسەیەکی زیندوو بەجوڵە و گەشەکردووە بەبەردەوامی، کەواتە

پێویستە مامەڵەی پرۆسەیەکی بەردەوام گۆڕاوی لەگەڵدا بکرێت و لە قۆناغ و وێسگە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا بە گونجاوترین شێواز مامەڵە و پیادە بکرێت.
ئەم پرۆسەیە گرنگیەکەی لەوەدایە پەیوەستە بە ژیان و گوزەران و بیرکردنەوە و پلانی تاك بە تاکی کۆمەڵگاوە،نەك تەنها پارتی سیاسی و دەسەلأت و سیستەمی سیاسیەوە.چونکە هەرکاتێك دیموکراسیەت بوە کەلتور و بەپیرۆزی تەماشاکرا لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگاوە و تەماشاکرا ئەو کاتە بۆخۆی کۆمەڵگا و سیستەمە سیاسیەکەش بەناچاری و بەڕاستگۆیانە پیادەی دەکەن.
ئاشکرایە لەسایەی سیستەمی دیموکراسی ڕاستەقینەدا ،لەلایەك تاك هوشیارە بۆ ماف و ئەرکەکانی و لەلایەکی تریشەوە دەسەلأت و سیستەمەکەش ناتوانن سەرپێچی و زیادەڕۆیی و مافپێشێلکردن پیادە بکات. هەربۆیە تاك دەبێتە تاکێکی داهێنەر و چاودێر بەسەر سیستەمە سیاسیەکەوە و دەسەلأتی سیاسیش دەبێتە جێبەجێکاری سیستەمە دیموکراسیەکە و چەسپاندن و پیادەکردنی بنەمای بەداموەدەزگاییکردن و تێڕوانینی دەسەلأت وەك وەزیفە نەك میراتی دەچەسپێت، بەمانایەکی تر پارتی دەسەلأتدار دەبێتە فەرمانبەری جێبەجێکار و خزمەتکاری کۆمەڵگا و تاکەکان بەباشترین شێواز بۆ ئەوەی جارێکی تر و زیاتر متمانەی جەماوەر وەدەستبێنێت و بمێنێتەوە لەدەسەلأتدا.
ئەم ڕاستیانەی سەرەوە لەدونیای دیموکراسیەتی ئەوروپاو ڕۆژئاوادا هەستپێدەکرێت و دەبینرێت و لەسەر زەمینەی واقع پیادە دەکرێت. هەربۆیەشە کۆمەڵگا و سیستەمێکی سیاسی چەسپاو و ئارام و سەقامگیر و خۆشگوزەران و داهێنەری لێکەوتۆتەوە.
بەلأم بەپێچەوانەوە کۆمەڵگا و سیستەمە سیاسیە ڕۆژهەلأتیەکان بەگشتی و کۆمەڵگاکانی ناوچەی ڕۆژهەلأتی ناوەڕاست یان ڕاستتر کۆمەڵگا عەرەبی و ئیسلامیەکان.پرۆسە و سیستەمی دیموکراسیان هەر قبولْ نیە وەك بنەما یان گەر بەناچاریش ملیاندا بۆ قبوبڵکردن و پیادەکردنی ئەوا بەمەرج قبوڵی دەکەن و تائەوکاتە و جێگایەی کە لەبەرژەوەندی خۆیاندا بێت و تادەگەنە دەسەلأت و کورسی حوکم. ئیدی هەموو بنەما و پیرۆزیەکانی دیموکراسیەت پێشێل دەکەن و دەسەلأت و دیموکراسیەت وەك چەکوشێکی ئامادە سەیردەکەن بۆ سەرکوتکردن و پێشێلکردنی مافەکان و زەوتکردنی ئازادیەکان و بەتالأنبردنی سەروەت و سامانی گەل و هەژارکردنی کۆمەڵگا و خۆ دەوڵەمەندکردن.

ئەوەتا لەدوای پرۆسەی بەناو بەهاری گەلانی عەرەبیەوە و گەیشتنە دەسەلات لەلایەن هێز و پارت و بزوتنەوە سیاسیە ئیسلامیەکانەوە لە ئیخوان و سەلەفی و ...هتد. هەموانیان ئەوپەری توانایان خستە کار کە لەرێگەی هەلبژاردن و دیموکراسیەتەوە بگەنە دەسەلات. بەلام لەدوای کەمتر لە ٢ سال نەیانتوانی کە بەردەوامی بە حوکم و دەسەلاتەکانیان بدەن و متمانەی زۆرینەی جەماوەر بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن و لانی کەم یەك دەیەسال لە حکومدا بمێننەوە. چونکە ئەوان تەنها بە مەرج و بە رووکەشی دیموکراسیەتیان قبولە و راستگۆیانە لە بنەما و ناوەرۆکە مرۆڤایەتیەکانی دیموکراسیەت تێنەگەیشتون و قبولیان نەکردووە.ئەزمونی دەسەلاتی ئیسلامی سیاسی لە تونس و لیبیا و میسر و تەنانەت لە ئێران و تورکیاش کە خۆیان بە دەولەتانێکی ئیسلامی میانرەو و دیموکراسی دادەنێن،لە یەکەم وێسگەی تاقیکردنەوەیاندا بۆ راسگۆبونیان بەرامبەر دیموکراسیەت، رووی رەش و توندرەوی و تاکرەوی خۆیان دەرخست، ئەوەتا لە تورکیای ئەردۆگانی عەدالەت و گەشەپێدانەوە و دوای ١٠ سال لە حکومرانیان و لەیەکەم ئەزمونی رووبەرووبونەوەیاندا لەگەل جەماوەری تورە و نارازی لە سیاسیەتەکانیان لە مەیدانی تەقسیم و لە گەزی پارکدا، ئەوپەری توندوتیژیان بەکارهێنا بەرامبەر هاولاتی سیڤل و بێچەکی خۆیان و سەرئەنجامیش نە پرۆژەکەیان بۆ جێبەجێکراو ملیشیاندا بۆ داواکاری خۆپیشاندەران.کە هەر ئەم ئەزمونە پرسیار گەلێکی گەورە و گوماناوی دەخاتە سەر نیەتی ئەردۆگان و حیزبەکەشی بەرامبەر هەولەکانیان بۆ چارەسەرکردنی کێشە و مەسەلەی کورد لە تورکیادا.

لە ئێرانی ئیسلامیشدا بۆ دەیە سالێکە رێگە بە رەوتی ریفۆرمخوازی و کرانەوە و ئازادیەکان نادرێت کە دەسەلاتی سیاسی بگرنە دەست، بەلام لەدواجارداو لە هەلبژاردنی سەرۆکایەتی ئێراندا حەسەن رۆحانی بە زۆرینەی دەنگی گەلانی ئێرانی تینوو بۆ ئازادی و دیموکراسیەت دێتە سەرحوکم و بەسەر توندرەو و نادیموکراسیەکاندا سەردەکەوێت.

ئەوە دەولەتانی کەنداوی فارس بە پاشا و ئەمیر و سولتانەکانیانەوە دەسەلاتیان قۆرخ کردوە بۆ بنەمالەکانیان و هیچ ئومێدێك نیە بۆ ئەوەی دیموکراسیەت لەم ولاتانەدا گەشەبکات و بچەسپێت.نەك هەر ئەوەش بەلکو هان و پشتیوانی هەموو بزوتنەوە توندرەوە ئیسلامیەکانیش دەدەن لە دونیادا بۆ گەیشتن بەدەسەلات.

ئەم نمونانەی دەسەلاتی ئیسلامی سیاسی نمونەی زیندوون وبەلگەی حاشا هەلنەگرن بۆ ئەوەی کە ئەم سیستەمە سیاسیانەی ناوچەکە سەرراست و راستگۆ نین لەگەل پرۆسە و

پیادەکردنی دیموکراسیدا. و هەمیشە دیموکراسیەت وەك پەیژەیەك بەکاردەهێنن بۆ گەیشتن بە دەسەلآت و گەرەکیشیانە پەیژەکە لەدوا خۆیان ڕابکێشنە سەرەوە تا کەس و لایەنی تر نەتوانن لەدوا ئەوان بەکاریبێنن و بگەنە دەسەلآت و لەو پێناوەشدا پەنا دەبەنە بەر هەموو ڕێگە ناشەرعیەکان لە فرۆفێڵ و تەزویر و ساختەکاری و دەنگکڕین و بەشینەوەی سەروەت و سامانی گەل و ئیمتیازات و ...هتد. وەك هۆکارێکی ناشەرعی بۆ گەیشتن بەدەسەلآت، هەر لەبەر ئەوەشە کە دەگەنە دەسەلآت بە خراپترین شێواز حوکم دەکەن چونکە لەسەر بنەمایەکی هەڵە و دزیکردن و ساختەکردن بونەتە حوکمدار نەك بە متمانەی ڕاستەقینەی جەماوەر.

بەداخیشەوە، ئەزمونی حوکمداری لە کوردستانی خۆشماندا هاوشێوەی سیستەم و حکومڕانیەکانی ناوچەکەیە و ئەمیش وەك ئەوان دیموکراسیەت تەنها بە شەرتی چەقۆ (( سور و شیرینی لە کڕینی شوتیدا)) یان قبوڵە و پیادەی دەکەن.

بەهیوای ئەوەی ئەم ئەزمون و دەسەلآتە خۆماڵیەمان ، دوور لە ئەزمونە ڕەش و تاڵ و تاریکەکان و سەرنەکەوتوەکانی ئیسلامی سیاسی و تاکڕەوانی ناوچەکە. بەوپەڕی ڕاسگۆیی و شەفافانە و سەر ڕاستانە پڕۆسەی دیموکراسیەت وەربگرن و پیادەی بکەن و گەشەشیپێبدەن و بیچەسپێنن و بیکەنە شاڕێگەی ژیان و بەرنامەی حوکمداریان و دەوڵتمەداریان و بیکەنە مۆدێلێکی جوان و گەشەکردو و لەناوچەکەدا،چونکە بە بەڵگەی بەرجەستە و بینراو ئەو سیستەمە سیاسیانەی پیادەی سیستەمێکی دیموکراسی دەکەن گەشەکردووو پێشکەوتووو چەسپاوترن وەك لەو سیستەمانەی کە تاکڕەوی و دیکتاتۆری پەیڕەو دەکەن. نمونەی زیندووش هەموو دەوڵەتانی دیموکراسی ئەوروپاو ڕۆژئاوایەو لەناوچەکەشدا دەوڵەتی ئیسڕائیلە کەماوەی زیاتر لە ٦٠ ساڵە لەناوجەرگەی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاستی پڕ لە کێشە وململانێکاندا و هەبوونی مەترسی زۆر گەورە لەسەر مانەوە و بوونی، درێژەی بە بەرنامە و سیستمی دیموکراسی خۆیداوە و بۆتە نمونەیەکی چاولێکراویش لەناوچەکەدا و توانیویشێتی سەرکەوتنی سیاسی و ئابوری و سەربازی و کۆمەلآیەتیش بەدەستبهێنێت .

---

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٤٣٦٦ لە ١٨/٧/ ٢٠١٣و هەواڵ ژمارە ٥٣١ لە ٢٠١٣/٧/٢٧ و سایتی خەندان لە بەرواری ١١/٧/ ٢٠١٣ و ستاندارکورد لە ٢٠١٣/٧/١٢دا بلاْوکراوەتەوە.

لە پێناو قوڵترکردنەوەی تەبایی کۆمەڵایەتیدا ئاین و کۆمەڵگە،پەیوەندی نێوانیان...

# باگیانی یەکدی قبوڵکردن لەناو کۆمەڵگادا گەشە پێبدەین*

❖ کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان وەك بونەوەرێکی زیندوو، لەیەککاتدا کاریگەری لەسەر دەوروبەرەکەی دەبێت و لەلایەن دەوروبەرەکەشیەوە کاریگەری لەسەر دەکرێت. جا ئاست و ڕادەی ئەو کاریگەری و فشارانە لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت لە بڕو هێز و تواناندا. بۆیە بە جیاوازی کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان لەڕەنگ و زمان و ئاستی ڕۆشنبیری و ئابوری و ...هتد.یاساوڕێسای دادەنرێت بەمەبەستی ڕێکخستنی ژیان و گوزەران و دیاریکردنی ئەرك و مافەکان لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە لەنێوان تاکەکان خۆشیاندا. بەهەمان شێوەش ئاینە ئاسمانیەکانیش لەسەر بناغەی ئەو جیاوازیانەی کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان لە قۆناغ و سەردەمی جیاوازدا لەڕێگەی نێردراو وپەیامبەر و کتێبە

ئاسمانیەکانەوە ئامۆژگاریەکانی خۆی بۆ ناردوون تا هانیان بدات بۆ کاری چاکە و نەکردنی کاری خراپە و ڕێکخستنی شێوازی ژیان و گوزەران و پەرستن و پەیوەندی تاکەکان و کۆمەڵگاکان لەگەڵ یەکتردا و لەگەڵ خوداشدا.
بەم شێوەیە مەبەست لەهاتنە خوارەوەی ئاینە ئاسمانییەکان و یاسا و ڕێسا دونیاییەکانیش تەنها ڕێزگرتن و سەروەرکردنی خودی مرۆڤ بوە و لە پێناو خۆشی و کامەرانی و ڕێکخستنی ژیان و گوزەرانیدا بوە و هۆکارێك بوون بۆ دوورکەوتنەوە لە گێژاو وئاژاوە و دوژمنایەتی و ناکۆکی و ململانێی توندوتیژ لەگەڵ یەکدا و وەکیەکی و یەکسانی و دادپەروەری بووە.
بەڵام بەداخەوە لەهەموو زەمانێکدا مرۆڤەکان بڕوبیانوی بێئەرزشیان دروستکردوە و داتاشیوە بۆ ئەوەی بەگژ یەکدا بچنەوە و لەو پێناوەشدا پەنایان بردۆتە بەر هۆکار گەلێکی نامرۆڤانە لە کوشتن و خوێن ڕشتن و تیرۆرکردن و تۆقاندنی یەکتری و هەموو بنەماو پرەنسیپە جوانە مرۆڤایەتیەکانیان پێشێل کردووە، تەنها بۆ دەستخستنی دەسەڵات یان سەروەت و سامان یان داگیرکردنی وڵاتێك یان زۆرجاران بۆ هەوەسبازی و تێرکردنی غەریزە وەحشیگەرانەکانی دەسەڵاتدارێك، گەلێك یان وڵاتێکیان خاپور و لەناو بردووە.
بەم شێوەیە مرۆڤ هێندەی لەگەڵ تاکی بەرامبەریدا لەمرۆڤ دڵڕەقتر و بێویژدان و بێوەفاو بێڕێز بوە هیچ کات بەرامبەر ئاژەڵ و بونەوەرەکانی تر و سروشت ئاوها نەبوە. هیچ کاتێکیش سروشت و بونەوەرەکانی تر بەهێندەی مرۆڤ خۆی کاریگەری خراپیان نەبوە لەسەر مرۆڤەکان.
بەداخیشەوە زۆرجاران لەلایەن دەسەڵاتداران و سیاسیەکانەوە پەنا براوەتە بەر ئاین و پیاوانی ئاینی و دەقە پیرۆزەکان بۆ هێنانەدی مەرام و خواستە شەڕەنگێزو نامرۆڤانەیەکانیان و هەوڵیش دەدەن ئاین و پیاوانی ئاینیش و دەقە پیرۆزەکانیش بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان بەکاربهێنن. چونکە زۆرباش لەگرنگی و کاریگەری ئاین و پیاوانی ئاینی دەزانن لە کۆمەڵگادا بەجیاوازی ئاینەکانەوە.
بەداخیشەوە ژمارەیەك لە پیاوانی ئاینی ترسنۆك و ناڕۆشنبیر و بەرژوەندپەرست و تێنەگەیشتوو لە ئەرك و مەهامەکانی ئاین ،پیاوانی ئاینی خۆیان تەسلیمی ئەو دەسەڵاتدارانە کردوە و بونەتە پەیژەیەك بۆ سەرکەوتن و وەدیهێنانی خواستە نامرۆڤانەیەکانیان و پەردەپۆشکردنیان لەڕووی ئاینەوە و بۆیان حەڵاڵ کردوون.

یاخود زۆرجاران ئەو پیاوە ئاینیانە یان ڕۆشنفکر و مونەزیرەکانیش بونەتە هۆی داڕشتن و داهێنانی بیرۆکە و فکری توندڕەو و توندوتیژی و بەکارهێنانی هێز و چەك و هەڕەشە و تۆقاندن و تیرۆرکردنی بەرامبەر بەبیانوی سەپاندنی ئاین و حوکمی شەرعی خودا لەسەر زەوی و لەناو کۆمەڵگاکاندا و زۆرجارانیش هێندە توندڕەو و پێیان لێهەڵکێشاوە کە سەریکردوە بۆ لادان لەدەقە پیرۆزەکان و حەز و ئارەزو و ویستەکانی خۆیانیشیان تێکەڵکردوە و ئاینیان لە ڕێگە پاك و بێگەردەکەی خۆی لاداوە.

لەکاتێکدا کە خودا خۆی فەرموویەتی (( لا اکراه فی الدین)) بۆیە زۆرجاران پیاوانی ئاینی خۆیان بونەتە هۆی هەڵایسانی شەڕ و جەنگ و خوێن ڕشتن و هەزاران کەسی بێگوناهیان لەناوبردووە بە فتوایەك یان گوتە و هاندانێکی دوور لە ڕۆحیەتی پاکی دەقە پیرۆزەکان، ئەمە بۆ هەموو ئاینەکانە بێجیاوازی کە لەمێژوودا نمونەیان زۆرە.بەهۆی تۆخکردنەوە و چاندنی تۆوی دووبەرەکی و ڕق وکینە لەنێوان ئاینەکان و تاکەکان و کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکانەوە و بەمەش شیرازەی خێزان و کۆمەڵگایان شێواندووە و تێکداوە.

❖ لەم سەردەمەی ئێستای کۆمەڵگای کوردەواریشدا بەداخەوە لەلایەك ژمارەیەك لە پیاوانی ئاینی توندڕەو و عەقڵ دۆگما و چەقبەستووی فکری و لەلایەکی تریشەوە ڕۆشنبیران و نوسەرانی توندڕەو و بێئەزمونیشەوە، زۆرجاران بونەتە هۆکار و فاکتەرێکی نێگەتیف بۆ تێکدانی باری ئاسایی و سەقامگیری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردەواری بەبیروڕا و بۆچوون و تێڕوانینە کاڵ فام و توندڕەو ودەمارگیریەکانیانەوە. هەرلایەکیان بەویست و ئارەزووی خۆی کۆمەڵگایان دابەشکردۆتە سەر دووبەرەی موسوڵمان وکافران یان ئاینی و عیلمانی دژ بەیەك و بەشێوەیەك ڕق و قینە و ناکۆکیان چاندووە کە هیچ کامیان ئەویدی قبوڵ ناکەن و وەکو دووبەرەی تێگەیشتووی خاوەن فکر و یەك بەرژەوەندی نیشتمانی و نەتەوایەتی لەیەك ناڕوانن بەڵکو وەك دوو سەرسەختی یەکتری سەیری یەکتری دەکەن. ئەوان بیریان چووە کە هیچ گەل و نەتەوەیەك بەهێندەی کورد لە مێژوودا زیانی بەرنەکەوتوە بەهۆی توندڕەوی و پەرۆشی و ساویلکەیی و دڵسۆزی بۆ ئاینەکەیەوە و لەبەرامبەریشدا تەنها داگیر و دابەشکردنی گەل و خاکەکەی دەسکەوتوە و نەیتوانیوە وەکو گەلانی عەرەب و فارس و تورك ئاین بۆ سوود و قازانجی نەتەوەکانیان بەکاربهێنن و ببنە سەردەست نەك کۆیلەو داگیرکراو.

❖ لێرەدا مەبەستمان ئەوەنیە کە ڕەخنە لەخودی دەقە پیرۆزەکانی قورئان و فەرموودە و پیاوانی ئاینی بەڕێزی گەلەکەمان بگرین و لێپرسراوێتیان بخەینە ئەستۆ بەتەنها. بەڵکو پێویستە زانایانی ئاینی کورد چیدی دەروێشانە و چاونوقاوانە دوای وتە و ڕاو بۆچوون و تێڕوانینە توندڕەو ودەمارگیریەکانی دەرەوەی سنورەکانی کوردستان نەکەون و ئاین بۆ مەبەستی پێکەوە ژیان و قبوڵکردنی یەکتری و چاندنی ڕۆحیەتی برایەتی و تەبایی و یەك و یەکگروتوی بەکار بهێنن لەنێوان تاکەکان و سەقامگیری و ئارامی کۆمەڵگای کوردەواریشدا .هەروەها کۆمەڵگای کوردەواریش دانەبڕین لە کۆمەڵگا پێشکەوەتوەکان و نەیکەینە کۆمەڵگایەکی داخراو وقەتیسکراو لەچوارچێوەیەکی تەسك و تاریك و نەیگێڕینەوە بۆ سەردەمانێکی دواکەوتو و هەژار و نەخۆش و نەخوێندەوار. باپیاوانی ئاینی و زانا ئاینیە بەڕێزەکان لەگەڵ ڕووداو و پێشهات و گۆڕانکاری و داهێنانە زانستیە نوێکانی سەردەمدا خۆیان ئاشنا بکەن و بگونجێنن و تێڕوانینی کوردانەی نوێیان هەبێت بۆ دەقە پیرۆزەکان و ئاین و دەقەکان وەك بونەوەرێکی بێگیان و نازیندوو سەیر نەکەن ،بەڵکو وەك بونەوەرێکی هەمیشە زیندوو نەمر و گەشەکردوو گۆڕاو وبزۆك لێیبڕوانن.با زانایني ئاینی کوردی بەڕێز لە عەرەبەکان عەرەبتر نەبن بۆ ئاینەکەیان.

دەبێت هەموانمان پێکەوە لەم کۆمەڵگایەدا بە سەرکردە و پارتە سیاسیەکان و ڕۆشنبیر و نوسەران و ڕۆژنامەنوسان و پیاوانی ئاینی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیەوە و جەماوەر و چین وتێژەکانی کۆمەڵگای کوردەواریەوە، هەموانمان مەسەلە نیشتیمانی و نەتەوایەتیەکان بخەینە سەروو هەندێ بیروباوەڕ و مەزهەب و ئاین و لە هەموانیانمان لا پیرۆزتر بێت و ململانێی ناتەندروست و ناشەریفانە نەکەینە پیشە لەنێوان خۆماندا و هەموانیشمان ئەرکمانە کە پارێزگاری لە بەهاو خووڕەوشت و سیفاتە جوانەکانی کۆمەڵگای کوردەواری بکەین و نەیان کەینە قوربانی بەناو ئازادی و سەربەستی تاك و هەموانمان یەك گوتاری و یەك هەڵوێستی بپارێزین و خۆمان ساز و ئامادە بکەین بۆ خەونە گەورەکەمان کە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆیە،نەك خۆ خەریك بکەین بەوەی کاممان کافرە و کێمان مسوڵمانە و کاممان دەچینە جەهەنەم و کامیشمان دەڕۆین بۆ بەهەشت، چونکە ئەو کارە و ئەو جیاکاریە و ئەو هەڵسەنگاندنە تەنها کاری پەروەردگار خۆیەتی نەك مرۆڤەکان.چونکە هیچ مرۆڤێك مافی جێنشینی خوداو دووان بەناوی خوداو حوکمکردن بەناوی خوداوەی نیە و خودای گەورە زۆر لەوە گەورەترە کە

عەقڵ و مەنتیق و توانا زهنی و فکریەکانی مرۆڤ پەیی پێبەرێت، با ئەوەی کاری مرۆڤە بەجوانترین و ڕاستگۆترین شێوە جێبەجێبکەین و ئەوەی کاری خوداشە بۆ خودای بەجێبیێڵین تا بە بەزەیی و دڵنەرمی و بەخشندەیی خۆی بەندە گوناهکارەکانی خۆی ببەخشێت.

---

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە ١١١٩ لە ٢٠١٣/٨/١٥ و سایتی چاوی گەل و ستاندارکورد لە ٢٠١٣/٨/١٤ دا بلأوکراوەتەوە.

خوێندنەوەیەك لە پەراوێزی هەڵبژاردنی ٩/٢١دا...

## پیاوە تەنهاکە بردیەوە ! *

❖ هەڵبژاردنی ٢٠١٣/٩/٢١ سەنگی مەحەك بوو بۆ هەموو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان، چونکە سەنگ و قورسایی هەمووانی دەرخست ئەگەر زۆر ڕاستیش نەبێت ، چونکە تەزویر و فرۆفێڵەکان لێنەگەڕان کە هەڵبژاردنێکی پاك و پوخت و بێ خەوش بەڕێوەبچێت تا هەموان بەڕاستی سەنگ و قورسایی و قەوارەی خۆیان بزانن، بەهەر حاڵ ئەم پرۆسەی هەڵبژاردنە وێسگەیەکی یەکلاکەرەوە بوو بۆ هەموان و بەتایبەتیش بۆ یەکێتی و بزوتنەوەی گۆڕان، چونکە دەریخست کە یەکێتی بەداخەوە بەرەو لاوازی وبچوکبونەوە و کەمبونەوە چوە و لەبەرامبەریشدا بزوتنەوەی گۆڕان بەرەو هەڵکشان و گەورەبوون و گەشەکردن چووە ، لەڕووی دەنگ و جەماوەرو ڕاست و ڕاستگۆیی سیاسەت و بەرنامە و دروشمەکانیەوە.

سەرکەوتنی بزوتنەوەی گۆڕان بەدەرەجەی ئیمتیاز بۆ کەسایەتی و کاریزمایی نەوشیروان مستەفا دەگەڕێتەوە و دواتر بۆ پشتیوانی و لایەنگری جەماوەر بۆ سیاسەت و بیروڕاو

بۆچونەکانی، نەوشیروان مستەفا بەتەنها بزوتنەوەی گۆڕانی دامەزراند و گەشەی پێدا و توانی لەماوەی ٥ ساڵی تەمەنیدا ٣ هەڵبژاردنی گەورە و سەخت لە کوردستان و عێراقدا بباتەوە ، ئەو بەتەنها ڕادیۆیەك و تەلەفزیۆنێك و سایتێکی ئەلکترۆنی و ڕۆژنامەیەك توانی شکست بە هێزی یەکەمی سیاسی و سەربازی لەکوردستاندا بهێنێت کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە و هەرخۆشی یەکێکە لەدامەزرێنەرانی یەکێتی.ئەو بەتەنها سەرکردایەتی و ڕابەرایەتی بزوتنەوەی گۆڕانی کرد و داڕێژەر و ڕێکخەری سیاسەت و بۆچونەکانی بوو، هەر ئەو بەتەنها ڕێکخستن و هەیکەلی ڕێکستنی بزوتنەوەکەی داڕشتوە لەسەر بنەماو بۆچون و ڕچەو مۆدیلێکی نوێ وجیا لە هەموو حیزبە سیاسیەکانی تری کلاسیکی کوردستان.ئەو بەتەنها بێ هێزی پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس توانی سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنێت، ئەو بەتەنها توانی ڕای گشتی جەماوەری ناڕازی کوردستان بۆ خۆی مسۆگەر بکات، ئەو بەتەنها لە بانگەشەی هەڵبژاردندا و بەبێ هاوکار و بەبێ مەکتەب سیاسی و جێگر و سەرۆك و سەرکردە و بنکردە توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و لە هێزێکی تازە لەدایکبووی ٥ ساڵە و کەم ئەزمون گرەوی گەمەی دیموکراسی لە گەورەترین هێزی سەر گۆڕەپانەکە بباتەوە کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە.ئەو پیاوە تەنهایە توانی بەتەنها بەرەو ڕووی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار و بەتوانا لە ڕووی مادی و مەعنەوی و پاشخانی مێژوویی و توانای سەربازی و پەیوەندیە ناوچەیی و نێودەوڵەتی و ماکینە بەهێزەکانی ڕاگەیاندنیان و توانا زەبەلاحە ئابوریەکەیان بوەستێتەوە و بتوانێت هەڵوێستەیان پێبکات.و کارتی سوریان بەڕوودا بەرزبکاتەوە و پێیان بڵێت و تێیان بگەیەنێت کە چیدی ناتوانن پاوانخوازی دەسەڵات بن و هەتاهەتایە هەر ئەوان دەمڕاست و حاکمی ڕەهای کوردستان بن و تەنها ئەوان سەروەت و سامانی ئەم میلەتە زەوت بکەن، ئەو بەتەنها توانی وا لەهەردوو حیزبی دەسەڵات بکات کە دان بە بچوکبونەوە و بێ متمانەیی جەماوەر و سیاسەتە هەڵەکانیاندا بنێن و لەمەودوا حساب بۆ بزوتنەوەی گۆڕان و سیاسەتەکانی بکەن،ئەو بەتەنها وایکرد کە جەماوەری کوردستان بەلایەنگرانی هەردوو حیزبیشەوە هوشیار تر ببنەوە و چیدی پەردەی بێدەنگی بدڕن و کەڕ ولاڵ ئاسا ملکەچی بڕیارە ناڕەواکانی سەرکردە و پارتەکانیان نەبن و بوێرانەتر داوای مافە ڕەواو زەوتکراوەکانیان بکەن.ئەو پیاوە تەنهایە تێیگەیاندن کە بوونی هێزی گەورەو زەبەلاحی ئابوری و سیاسی و سەربازی بەس نیە بۆ بردنەوەی گەمەی دیموکراسی بەڵکو ئەوە متمانەی جەماوەر و ڕاستگۆیی

بەرنامە و فکر و کردەوەیە کە زامنی بردنەوەی گەمەی دیموکراسی و جەماوەری دەکات و ترس و تۆقاندن و ویژدان کڕین داوی هیچ سەرکردە و پارت و تاکڕەوێکی دونیای نەداوە تا داوی یەکێتی و پارتی بدات.

❖ ئەریَ ئەم سەرکەوتنەی نەوشیروان مستەفا و گۆڕان لەخۆڕاوە هاتوە؟

نەخێر بەڵکو لە لایەك لە ئەنجامی خۆسەپاندن و گوێنەگرتن و ملهوڕیکردنی هەردوو پارت و سەرکردەکانیانەوە هاتوە بۆ داواکاریە ڕەواکانی جەماوەر و بەهەدەردان و دزینی سەروەت و سامانی میلەت و ناعەدالەتی و نەبونی خزمەتگوزاری و ...هتد. و لەلایەکی تریشەوە بۆ پارێزگاریکردنی بزوتنەوەی گۆڕان بوە لە ماف و داواکاری و پشتگیرکردنی داخوازیەکانی هەموو چین و توێژەکانی میلەتەوە بوە لەبەرامبەر فیرعەونەکانی پارتی و یەکێتیدا.بۆیە ئەم سەرکەوتنە یەك لەدوا یەکانەی بزوتنەوەی گۆڕان لەماوەی ٥ ساڵدا لەخۆڕاوە نەهاتوە و بەڵکو داواکاری و پێویستی قۆناغەکە سەپاندویەتی و بەفڕوفێڵ و تەزویرات نەبوە و، ئەگەریش ساختەکاری لە بنکەیەك یان دوان و زیاتر کرابێت ئەوا جارێکی تر لە ئەنجامی گەندەڵی و گەمژەیی کادر و سەرکردە و ئۆرگانەکانی یەکێتیەوە بوە کەلەپاش ٣٨ ساڵ تازە بەتازە دەڵێن وەلا فێڵمان لێکراوە، ئەی شارازەیی و ئەزمونی چەند ساڵەتان بۆ کوێ برد، جا کەوایە و ناتوانن بەرگری لە مافەکانی خۆتان بکەن ، ئیدی چ پێویست دەکات لەسەر کورسی حوکم بمێننەوە و هەندێکیشتان بەنیازی دەستکاری و گۆڕانکاری ئەنجامەکان بن و بتانەوێت بەتۆپزی بمێننەوە و درێژە بە گەندەڵی و دزی و ساختەکاری و بەتاڵانبردن بدەن،ئێوە بەناو سۆسیال دیموکراتن و بڕواتان بە هەڵبژاردن و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بە ئاشتیانە هەیە ئیدی چ پێویست دەکات هێندەی تر خۆتان و مێژوە پڕ شانازیەکەتان ڕەش و تاریك و ناشیرینتر بکەن، بڕۆن وازبێنن و دووربکەونەوە و جێگەکانتان بەجێبێڵن بۆ ئەو گەنجە بەتوانا و لێهاتوانەی کە سەربازی ون ئاسا و شەووڕۆژیان خستۆتە سەر یەك بۆ خزمەتی یەکێتی، ئێوە بونەتە بارێکی قورس بەسەر ئەستۆی یەکێتیەوە وناتوانن چیدی ڕابەرایەتی ئەو حیزبە تێکۆشەرە بکەن، بەداخەوە دەرکەوت کە تەنها مام جەلال بوە کە یەکێتی ڕاگرتبو نەك ئێوەی بێتوانا، ئەوەتا لەیەك فورسەتی غائب بوونی مام جەلالدا بێتوانایی ئێوە و ڕووی ڕاستەقینەتانی دەرخست کە کەسانێکی مشەخۆر و بیَ جەماوەر و بێمتمانەن و ناتوانن تەنانەت ئیدارەی حیزبەکەی خۆتان و ململانیَ ناڕەواکانیشتان بدەن. و ئێوە بە سیاسەتە هەڵەکانتان سلێمانی و گەرمیانتان لەدەست خۆتاندا کە بە قەڵای سیاسی

و سەربازی خۆتانتان دەزانی.ئێوە کە خۆتان بەحیزبێکی پێشکەتووخواز و خاوەن ڕچە و ڕێبازێکی سۆسیالیستی دەزانن دەرکەوت کە ناتوانن لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی سەردەمدا خۆتان بگونجێنن و خۆتان نوێبکەنەوە.لەبەرامبەریشدا پارتی کە وا ناسراوە حیزبێکی بنەماڵەیی و دواکەوتوو عەشایەرە دەرکەوت کە ئەو لەتوانایدایە لە ئێوە زیاتر خۆ بگونجێنێت و نوێبکاتەوە لەگەڵ ڕۆحی سەردەم و گۆڕانکاریەکاندا.

❖ ئایندەی یەکێتی بەرەو کوێ؟گۆڕانیش چی لەبەردەمدایە؟

گەر یەکێتی بەجدی بیر لە گۆڕانکاری بنەڕەتی و ڕیشەیی نەکاتەوە لە سیاسەت و بیروبۆچون و بەجدی بەسەر کار و کردەوەکانیدا نەچێتەوە و خۆ ڕێکنەخاتەوە ونەگەڕێتەوە بۆلای جەماوەرەکەی و بەزوترین کات پلینۆم یان کۆنگرەی چوارەمی خۆی نەبەستێت و بەجدی گوێ لە کادران و ڕۆشنبیران و دڵسۆزانی نەگرێت و بەنیاز بێت هەر بەم سەرکردایەتی و دەموچاوە بێزراوانەوە بەردەوام بێت و سەرقافڵەی کاروانەکە بکات ئەوا نەك جارێکی تر خراپتریشی بەسەر دێت بەڵکو گورگان خواردووش دەبێت و بەتەواوەتی بچوك و بەرەو نەمان هەنگاو دەنێت.بۆیە ئایندەی یەکێتی و چارەنوسی لەدەست نەوەیەکی نوێدایە نەك ئەم سەرکردایەتیەی ئێستای، ئەم کەوتنەی یەکێتی لەهەموو شکستەکانی هەکاری و قۆناغی کیمیاوی و ئەنفالەکانی ساڵی ١٩٨٨ و ٣١ی ئاب وجیابونەوەی گۆڕان لێی گەورەترە ، چونکە هەموو ئەو کارەساتانە لەلایەن دوژمنەکانیەوە بەسەریدا سەپێنرابوو کە ململانێیەکی ڕەوابوو جگە لە جیابونەوەی گۆڕانخوازەکان، بەڵام ئەم شکستەی بەدەستی جەماوەرەکەی خۆی توشی بوو بە پلەی یەکەم بۆیە ساڕێژبوون و ئاشتکردنەوە و متمانە بەدەستهێنانەوەی ئەو جەماوەرە زۆر قورسە،بۆیە ئایندەی یەکێتی زۆر ڕوون نیە، وەستاوەتە سەر هەڵوێست و کرداری سەرکردایەتی ئێستای کە لەوپەڕی باشیدا پێویستە پاشەکشە بکەن و قۆناغی نوێ تەسلیم بەنەوەیەکی نوێ بکەن و چاوەڕوانیش بن بۆ چەند ساڵێکی تر لە ڕیزی سێیەم گەر چوارەم نەبێت چاوەڕوانبن ، کە بۆخۆم ئەو پاشە ڕۆژە تاریکە بۆ یەکێتی بەڕەوا نابینم.و ئەم شکستەی یەکێتی بەو شێوەیە و بەو گەورەییە چاوەڕوانکراو نەبوو، بەڵکو تەنها چاوەڕوانی لەدەستدانی چەند کورسیەکی کەم دەکرا.

لەبەرامبەریشدا، بزوتنەوەی گۆڕان ئەرك و کاری گەورەی لەبەردەمدایە و لە ئەستۆدایە و دەرگایەکی والآتری لەبەردەمدا کراوەتەوە بۆ چوونە ناو دەسەلآت و فەرمانڕەوایی ، بەلآم هەڵبژاردەکانیش ساناو ساکار نین و گەلێك سەخت و دژواریشن، بەلآم لە دونیای سیاسەتدا

موستەحیل بونی نیەو دوژمنی دوێنیّ دەبێتە دۆست و بەرژوەوەندیەکان هەموان کۆ دەکاتەوە. بۆیە بۆ پێکهێنانی حکومەت هێشتا زووە کە بەرچاو ڕوون بین ، بەلاَم لە ئەنجامە بەراییەکانەوە دەردەکەوێت کە پارتی سەرەڕای گزی و فێلّ و ساختەکاری توانیویەتی پلەی یەکەم بەدەست بێنێت و پالێوراوی یەکەمە بۆ پێکهێنانی حکومەت،بەلاَم بە تەنها نا ، بەلّکو حوکمی ئەنجامەکانە کە دەبێت حکومەتێکی شەریکایەتی پێك بهێنێت، جا یا لەگەلّ گۆڕان وەك براوەی دووەم و بیّ سەرئێشەو بیّ پەنا بردنە بەر هێزە ئیسلامیەکانی تر چونکە بەهەردووکیان ژمارەی پێویست لەکورسیەکانی پەڕلەمان و زیاد لەنیوە پێکدێنن و بەمەش دەتوانن حکومەتێکی تاڕادەیەك زۆرینە لە ژمارەی کورسی و جەماوەر و ناوچەکان لەخۆ بگرن،بەلاَم بۆ زیاتر سەرکەوتنی ئەم حکومەتە باشتر وایە کە لایەنی تریش بەشداری پێبکەن بۆئەوەی کێشە و گرفت نەیەتە ڕێگەیان و هەڵەکانی یەکێتی و پارتی ڕابووردوو دووبارەنەکەنەوە، بەلاَم دووری لە بیروبۆچوون وهەبوونی ململانێی توندی فکری و سیاسی و بۆچونەکان وادەکەن کەئەم هەلّبژاردەیە زۆر نزیك نەبێت، هەربۆیە پارتی گەر بیەوێت حکومەت پێك بێنێت  دوور لە گۆڕان ئەوا دەبێت لەجیاتی یەك شەریك ئەوا پەنا بەرێتە بەر چەندین شەریك لە یەکێتی و پارتە ئیسلامیەکان و نەتەوەکانی تر کە ئەمەش بۆخۆی جارێکی تر حکومەتێکی ڕەنگ و دەنگ جیاوازی  دوور لەیەك لە بەرژەوەندی و بیر و بۆچووندا دەبێت،چونکە پارتی ئەمجارە ناتوانێت بەتەنها لەگەلّ یەکێتیدا و دوای کەمبونەوەی ژمارەی کورسیەکانی حکومەت پێك بهێنێت و نەهاوپەیمانی ستراتیژیش وەکو خۆی دەمێنێتەوەو ئەمجارەیان یەکێتی بچوکتر و بێهێزتر دەبێت و پارتیش ئەگەر هاوبەشی بە یەکێتی بکات ئەوا لە ڕووی بەزەیی و سۆزەوەیە نەك حساب بۆکردنی سەنگ و قورسایی یەکێتی جارانی بێت و پارتیش وەکو دەلّێن هەقی بەرودوا لە یەکێتی دەکاتەوە و داخی دلّی لە ٦٦ وە پێدەڕێژێت و سەرکردەکانیشی سووك و ڕەزیل دەکات. گەر پارتی نەیتوانی حکومەت پێك بێنێت ، ئەوا پالێوراوی دووەم  بزوتنەوەی گۆڕانە، کە دەتوانێت لەگەلّ هێزە ئیسلامیەکان و یەکێتیدا بەسانایی حکومەت پێك بێنێت دوور لە پارتی،کە ئەم فورسەتە فورسەتێکی مێژوویی و بێوێنەیە لە مێژوودا بۆ وەدەرنانی پارتی لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و بچوککردنەوە و نەهێشتنی و ڕزگارکردنی میلەتی کوردیشە لەهەموو پۆخلّەوات و سیاسەتی بەبنەمالّەیی کردنی حوکمڕانی لەکوردستاندا هاوشێوەی بنەمالّە عەرەبەکانی کەنداوی عەرەبی کە پارتی خەوی پێوە دەبینێت. بەلاَم ئەمجارەشیان

بەڕێوەبردنی کوردستان چ بیٚ پارتی و چ بیٚ یەکێتی بۆ هیچ هێزێکی تر سانا و بیٚ گرفت نابێت، هەربۆیە یەکێتی و پارتی تائێستاش دەتوانن بەلانسی هێزەکان ڕابگرن و تێکیشبدەن، تا ئەو کاتەی لە قۆناغەکانی داهاتوودا بەتەواوەتی بچوك دەبنەوە و کاریگەری گەورەیان نابێت.چونکە بە سانایی دۆڕاندنیان قبولْ ناکەن و زۆر نزیکە پەنا بۆ بەکارهێنانی هێز وشەڕهەلایسانەوە ببەن، بەلام ئەوکات شەرعیەتی هەلبژاردنەکان ڕێگرە لەبەردەمیاندا و ناتوانن لەبەردەم دونیای دیموکراسیدا خۆڕابگرن و هەرهێندەی ٤ سالیش لە دەسەلات دووربکەونەوە سانا نیە گەڕانەوەیان بۆ حوکم و دەسەلات.چونکە سەرچاوەی دارایی و دزی و گەندەلیەکانیان و زەوتکردنی سەروەت و سامانی میلەتیان لێدەسێنرێتەوە و بەمەش هێز و توانای سەربازیشیان بچوك دەبێتەوە.

### ❖ ئەی چارە چییە؟

چارەسەر بریتیە لە چارەسەرێکی مام ناوەندی و دلڕازیکردن کە چارەسەرێکی نابەدلە، بەلام لەبەرژەوەندی هەموان و ئایندەی ئەم ئەزمونی حوکمڕانیەی کورددا و لەبەر بەرژەوەندی بالای نەتەوە و نیشتیمان و لەبەر ئەوەی مەسەلەی کوردیش لە ئێستادا لەناوچەکەو دونیاشدا ئاسۆکانی ڕوونتر بونەتەوە، هەربۆیە دەبێت هەمووان دەست بگرن بە قولفی یەك و یەکگرتوویی ڕیزەکانی میلەتەکەمانەوە و حکومەتێکی هاوبەش و بنکە فراوان پێك بێنن هەریەکە بە قەوارە و لەسەر بنەمای ئیستیحقاقی هەلبژردنەکە و متمانەی جەماوەر بێت و بەشداری بکەن و بەمەش هەموان بەشدار دەبن و قۆناغەکەش ڕزگار دەکەن و دەتوانن گەر ڕاستگۆ بن لەگەلْ یەکتردا و لەگەلْ میلەتیشدا ئەوا باشترین خزمەت بکەن و برایەتی و تەباییش بپارێزن و خۆش ئامادەکەن بۆ قۆناغ و هەنگاوی گەورەتر بە ئاڕاستەی داخوازی و مافە نەتەوەییەکان گەر هەریەکەیان کەمێك لەخۆبووردوو بێت و پیٚ بنێت بە بەرژەوەندیە تەسك و بچوکە حیزبی و کەسایەتی و عەشایەریەکانی خۆیاندا.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی کوردستان پۆست لە بەرواری ٢٠١٣/٩/٢٦دا بڵاوکراوەتەوە.

**لە پەراوێزی هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی حکومتدا...**

# ئەری هیچ کەس دەزانێت کەی حکومەت پێکدەهێنرێت؟*

❖ بەداخەوە دوای زیاتر لە ٢ مانگ لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی لەم هەرێمەدا لە ٢٠١٣/٩/٢١دا، تاکو ئێستا لەبەر ڕێکنەکەوتنی سیاسی ونەبونی متمانە وبەرنامەیەکی نیشتیمانی نەتوانراوە کە سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵببژێردرێت و لانی کەم دەسەڵاتی یاسادانانەکەمان ببێتە یاسایی و دەست بەکارەکانی بکات. و ڕێگەش خۆش بکات بۆ پێکهێنانی حکومەت و کابینەی هەشتەم.

لەدونیادا چەند جۆرە حکومەتێك هەیەو لەکات و قۆناغە پێویست و ناسك و مەترسیدارەکاندا پێك دەهێنرێن بەمەبەستی زاڵبوون بەسەر بارودۆخە ناجێگیرە سیاسیەکەدا و هەوڵدەدەن کە قۆناغەکە تێبپەڕێنن وباری ئاسایی بگێڕنەوە بۆ وڵات. لەو جۆرە حکومەتانەش:بریتین لە (( حکومەتی دیاریکراو،حکومەتی حیزبی زۆرینە ،حکومەتی ئیئتیلافی،حکومەتی یەکێتی نیشتیمانی،حکومەتی سەربازی ،حکومەتی

کاتی،حکومەتی بەکرێگیراو یان بوکەڵەیی،حکومەتی کار بەڕێکەر،حکومەتی فیدڕاڵی)) کە هەموانیشیان لەسەر چەند بنەمایەکی هاوبەش پێکدەهێنرێن لە:

١. بنەماکانی ڕێکخستنی مامەڵە و دابونەریتەکان.
٢. بنەمای سەروەری.
٣. بنەمای ڕەوایەتی(( شەرعیەت)).
٤. بنەمای پسپۆڕی دادوەری.
٥. بنەمای جێبەجێکردنی یاساکانی حکومەت.

❖ لێرەدا پرسیار ئەوەیە ، ئەرێ ئەم حکومەتەی ئێستامان کابینەی حەوت چ جۆرە حکومەتێکە؟ ئەی دەبێت حکومەت و کابینەی هەشتەمین لەسەر چ بنەما و چ جۆرێك لە حکومەت پێکبهێنرێت بۆ دەربازبوون لەم تەنگژە سیاسیەی هەرێمەکەمان؟

بەکورتی حکومەتی ئێستامان و کابینەی حەوت بەسەرۆکایەتی نێچیربارزانی حکومەتی کاربەڕێکەرە، چونکە ماوەی یاسایی و دەستوری خۆی تەواو کردوە وتەنها لەبەر ئەوەی بۆشایی سیاسی و یاسایی و ئیداری دروست نەبێت ،بۆی هەیە ئیشوکارەکان بەڕێبکات تا حکومەت و کابینەی نوێ دەستبەکاردەبێت، ئاشکراشە کە حکومەتی کار بەڕێکەر دەسەڵاتی حکومەتی تەواوی نیە لە ڕووی ئیمزاکردنی گرێبەستی نێودەوڵەتی و بڕیارە چارەنوسسازەکاندا، بۆیە ئەوەی ئەم حکومەتە بیکات دەچێتە قاڵبی زیادەڕەوی لە دەسەڵات و بنەمایەکی یاسایی و شەرعیەتی نابێت.

بۆ حکومەتی ئایندە و کابینەی هەشتەمیش، بەپێی دەستور و یاساو دابونەریتە باوەکان، لە ئەنجامی هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی ٩/٢١دا، لەبەرئەوەی کە هیچ حیزبێکی سیاسی بەتەنها ٥٠٪ کورسیەکانی پەرلەمانی وەدەست نەهێناوە بۆیە دەکرێت حکومەتێکی ئیئتیلافی پێك بهێنرێت لە ٢ یان ٣ یان زیاتر لەنێوان حیزبە براوەداکاندا و بتوانن پێکەوە زیاد لە ٥٠٪ کورسیەکانی پەرلەمان پێکبێنن.کەواتە لەم دۆخەی کوردستاندا بەبێ دوودڵی و بەبێ شەرمکردن لەم حیزب یان ئەو حیزب دەتوانرێت براوەی یەکەمی هەڵبژاردن لەلایەن سەرۆکی هەرێم و پەرلەمانی کوردستانەوە ڕابسپێردرێت بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی ئیئتیلافی .ئاشکراشە هەمیشە حکومەتە ئیئتیلافیەکان بەبەراورد لەگەڵ حکومەتی حیزبی زۆرینەدا هەمیشە لاواز و لەبەردەم مەترسی هەڵوەشانەوەدا بوە لە ئەنجامی پاشەکشەی یەکێك لە پێکهێنەرانی حکومەتەکە و هەمیشە دەکەوێتە ژێر

ڕەحمەتی بەشداربوەکانەوە و حکومەتێکی جێگیر و چەسپاو و بەهێز نیە. بەڵام بارودۆخێکی ناچاری هێناویەتیە کایەوە و بەمەبەستی زاڵبوون بەسەر تەنگژە سیاسیەکان و تێپەڕاندنی قۆناغەکە پەنای بۆ دەبرێت، لە ئێستاشدا و لە هەوڵە سەرەتاییەکاندا بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەت هەست بەو بێمتمانەیی و دوور لەیەکتری و ترس و بێئومێدیە دەکرێت لە نێوان لانی کەم حیزبە براوەکاندا و هەربۆیەشە ناتوانرێت ڕێکەوتنێکی کۆنکرێتی لە نێوانیاندا ئەنجام بدرێت.

زۆر کەس و لایەن پێیان وایە کە لەم دۆخەی ئێستای کوردستاندا حکومەتێکی بنکە فراوان پێکبهێنرێت لانی کەم لە ٥ حیزبە براوە سەرەکیەکە، یان هەندێکی تر پێیان باشە کە هەموو حیزبە سیاسیەکان بەشداری لەم حکومەتەدا بکەن، ئەوەی کە ئاشکراشە ڕاسپێردراوی پارتی بۆ سەرۆکایەتی حکومەتیش لەو هەوڵەدایە کە هەموان بەشداری پێبکات ، ئەم کارەشی تەنها لەبەر ناو وناوبانگی خۆی و حیزبەکەی و سەرکەوتنی کابینەکەیەتی نەك لەبەر بەرژەوەندی گشتی . ئەمەش لە خۆیدا ناهەقیە بەرامبەر یەکەم دەنگدەر و جەماوەری حیزبە سیاسیەکان و دواتریش حیزبە براوەکان.بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە ، لەلایەکی تریشەوە هەوڵێکی دژە دیموکراسیەتە کە ڕێگە دەگرێت لە دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن و بەردەوامبونیان بۆئەوەی هیچ ڕەخنەیەك لەکابینەکەی نەگیرێت و کەموکوڕی و گەندەڵیەکانی وەدەرنەخرێت،و ئۆپۆزسیۆنیش بکاتە شەریك لە گەندەڵی و کەموکوڕیەکاندا،ئەم جۆرە حکومەتە پێی دەوترێت ((حکومەتی یەکێتی نیشتیمانی))، بەڵام لەم دۆخەی ئێستای کوردستاندا ناکرێت ئەم جۆرە حکومەتە پێکبهێنرێت چونکە کوردستان نەلەشەڕی ناوخۆیدا دەرچوە و نە دۆخێکی سیاسی زۆر ناجێگیریش بوونی هەیە،هێندە هەیە کە ململانێی سیاسی تەندروست هەیەو ئەوەش کارێکی ئاساییە.کەواتە گەر بویسرێت حکومەتێکی بنکە فراوانی وا پێکبهێنرێت ، ئەوا بەدڵنیایەوە حکومەتێکی لەرزۆك و لاواز و نەچەسپاو دەبێت و تەنها بۆ جوانکردنی سیما ودڵڕازیکردنی هەموانە، چونکە ئەزمونی ئەم جۆرە حکومەتەمان بینی و تاقیکردەوە لە کابینەی پێنجەمدا بەسەرۆکایەتی هەمان کەسایەتی پارتی کە ژمارەی وەزیرەکانی زیاد لە ٤٠ وەزیر بوو، کە حکومەتێکی قەبە و بێناوەڕۆك و بێدەسکەوت بوو ،ئەم ژمارە زۆرەی وەزیر و بریکار و پۆستە باڵاکانی تر، هیچی لێناکەوێتەوە جگە لە قورسترکردنی ئەستۆی حکومەت و میلەت و بەهەدەردانی خەرجیەکی زۆرتر، کە لەئێستادا پێویست دەکات

حکومەتێکی کەم و پوخت و چوست و چالاك هەبێت نەك حکومەتێکی بارگران و لەش قورس و قەڵەو. خۆ ئەگەریش لەو جۆرە حکومەتە پێکناهێنرێت ئیدی چ پێویست بەم هەموو دڵڕازیکردن و موجامەلە سیاسیە ناڕاستگۆیانە هەیە لەگەڵ هەموو حیزب و سەرکردەکاندا بەبچوك و گەورەوە و بەڵێن و داوا لەهەموان دەکرێت بۆ بەشداربون. گەر بەڕاستی دەویسرێت بنەمای کاری سیاسی و حیزبایەتی لەکوردستاندا ڕێکبخرێت و ڕێزیش لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و ڕای جەماوەر بگیرێت هیچ پێویست ناکات چەند حیبزێکی بچوکی بێ بەرنامە و جەماوەر بەشدارییپێبکرێن لەحکومەتدا.هەموو ئەم هەولانە دەچنە چوارچێوەی درێژەدان بەتەمەن و دەسەڵاتی ئەم کابینەیە و کات کوشتنی زیانبەخش بۆ هەموان.

لە ئێستادا و دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت وایلێهاتوە بوە بە مەتەڵ و بەکەس هەڵناهێنرێت و هیچ کەس نازانێت کەی دەبینە خاوەنی حکومەتی نوێ،چونکە هەموو لایەنەکان هێندەی پەرۆشی بەدەستهێنانی زۆرترین وەزارەت ودەسکەوت و پلەو پۆست و ئیمتیازاتەکانە بۆ خۆی و بۆ حیزبەکەی نیو هێندە بەتەنگ بەرژەوەندی گشتی میلەتەوە نین، ئەگینا ئەوە چ مەهزەلەیەکی کۆمیدیە کە نەتوانرێت لە ٣ پارێزگای ٤ ملیۆن کەسیدا حکومەتێك پێك بهێنرێت لەماوەی ٢ مانگدا، لەکاتێکدا لە ولاتێکی وەکو ئەڵمانیادا کە لە ٢٢/ ٩دا هەڵبژاردنیان کردو پەرلەمانیان دامەزراند و حکومەتیش زیاتر لە مانگێکە دەستبەکاربوە کە لە ڕووی ژمارەی دانیشتوان و ڕووبەر خاکەکەیەوەو ژمارەی حیزبەکانیشیەوە بە دەیان جار گەورەتر و زۆرترە لە کوردستان، چونکە ئەوان لەلایەك متمانەی سیاسیان بەیەك هەیەو لەلایەکی تریشەوە بەرژەوەندی میلەتیان لەسەروو بەرژەوەندی سەرکردە و حیزبەکانیانەوە داناوە و بە هەق و هەقیقەتیش دەوڵمەتدار و بەئەزمون و ڕاستگۆن لەگەڵ بەڵێن و میلەتەکەی خۆشیانداو ئێمەش بە ١٨٠ دەرەجە پێچەوانەی ئەوانین.

ئاشکرایە بنەمای حکومەتی سەرکەوتوو لە بنچینەدا بریتیە لە بەرنامە و پلانە دیاریکراوەکەی بۆ ئەو ماوە یاساییەی کە پێی دەبەخشرێت و متمانەی پەرلەمان و میلەتیش هەر لەسەر ئەو بنەمایە وەردەگرێت . نەك لەسەر بنەمای سەرۆك و جێگر و ژمارەی حیزب و وەزیرەکان.

ڕاستە دەبێت حکومەت لە کەسایەتی خاوەن بڕوانامە و پسپۆڕی و تەکنیکارو بەئەزموون و شارەزا پێکبهێنرێت و سەربەخۆش بن لەکاری وەزارەتەکانیاندا و هەموانیان وەك یەك تیم کاربکەن.

بەو هیوایەی کە پێکهێنانی حکومەت و کابینەی هەشتەم زوو لە دایك ببێت بە لەدایکبونێکی ئاسایی نەك بە نەشتەرگەری قەیسەری و حکومەتێکی بەهێز و ڕەشیق و خاوەن دەسەڵات و بەرنامە و پلانی گەشەکردن و ئاوەدانکردنەوەی زیاتری هەموو چین و توێژ هەموو ناوچەکانی کوردستان بێت .

________________________________

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە ١١٩٢ لە ١٢/١/دا بلاۆکراوەتەوە.

# پۆستە گشتییەکان لەنێوان خزمەتکردن وبازرگانیدا.... *

❖ بەداخەوە لەم سەردەمەی ئێستاماندا ، هێندەی بیر لەدەسکەوتە مادیەکان دەکرێتەوە لەکاتی وەرگرتن یان پێسپاردنی کەسێك بۆ پۆستێکی گشتی نیوهێندە بیر لە خزمەتکردنی جەماوەر و خەڵکی ناکرێتەوە، کە بەڕای بەندە ئەمە سەرەتا و دەسپێکی بیرکردنەوەیەکی گەندەڵیە و دواتر بەکرداریش پیادەی دەکات لەکاتی وەزیفەکەیدا، ئەم کارەش گەلێك هۆکاری هەیە، لەوانە کاڵبونەوەی ئینتیما و خۆشەویستی بۆ گەل ونیشتیمان،چاولێکردنی لێپرساو و باڵادەستەکان،کاڵبونەوەی بیروباوەڕوفکر و تۆخبونەوەی خۆشەویستی دەسکەوت و ئیمتیازاتە مادیەکان، نەمانی هیچ ڕێز و تەقدیرێك بۆ بەهاو خوڕەوشتە مرۆڤایەتیە باڵا و پاکیزەکان، گوێنەدان بە پاراستنی ناووناوبانگ و کەسایەتی، هەڵپەکردن بۆ هەرچی زووتر خۆ دەوڵەمەندکردن و کۆکردنەوەی زۆرترین بڕی

سەروەت و سامان،لەکۆتایشدا تێڕوانینی کەسەکان بۆ ئەو پۆست و پلە گشتییانە وەك ئیمتیاز و دەسکەوت و سەفقەیەکی بازرگانی نەك وەك ئەرك و وەزیفە و خزمەتکردن.
بەداخەوە کە کۆمەڵگای کوردەواریمان و کەسایەتیەکانمان لەم قۆناغە هەستیار و سەرەتایەدا کە تازە بەتازە خەریکە دەکەوینە سەر شاڕێگەی دروستبونی قەوارە و کیان و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان ئاوها بیرو کردارمان بێت ، بەڕاستی جێگەی مەترسی و لیبوورد‌بونەوەیە.چونکە لە مێژووی هیچ گەلێکدا نەبوە بە گەندەڵی و مشەخۆری دەستپێبکات و ئەنجامیش سەربکەوێت و دەوڵەت دروست بکات، گەلان هەمیشە قوربانیدەربوون و گیانفیدایی و خوێن و فرمێسکی زۆریان ڕشتووە تا گەیشتونەتە سەربەخۆیی و ڕزگاریان.لەبەرامبەر خۆخەریکنەکردن بە کۆکردنەوەی سەروەت و سامان و دەسکەوتی مادیدا.چونکە خەباتگێڕ و شۆڕشگێڕان چەکی بیروباوەڕ و خۆشەویستی گەل و نیشتیمانیان هەڵگرتوە و تاکێکی هوشیار بونە بە بیروباوەڕ و شەرعیەتی شۆڕشگێڕی و خزمەتکردن و ئینتیما بۆ گەل و نیشتیمان و هەرکاتێك لایان دابێت لە شاڕێگەی خەبات ئەوا تووشی هەڵدێران و گەندەڵی و پوکانەوە بوونەتەوە.
جا دروستکردنی تاکی هوشیار و دڵسۆز بۆ بیروباوەڕ و گەل و نیشتیمان ئەرکی پارتە سیاسیەکانە لەپێش هەمواندا، بۆئەوەی باشترین تاکی خزمەتکار بهێننە بەرهەم کە لە ئایندەدا خزمەت بەگەل و نیشتیمان بکات، بەڵام بەداخەوە گەلێك لە پارتە سیاسیەکانی کوردستان تەنانەت کار بە پەیڕەو پرۆگرامی ناوخۆی خۆشیان ناکەن و مێژوو و ڕابووردووی خەباتی دەیان ساڵەی شاخی خۆشیان لەبیرچۆتەوە کاتێك گەیشتونەتە دەسەلآت و شیرینی کێکەکەی دەسەڵاتیان چەشتوە و هێندەی بیر لە دەسکەوتە مادیەکان و هەڵخەڵەتاندنی تاك و کۆمەڵگا دەکەنەوە بە بەرزکردنەوەی دروشمی باق و بریق و بەناوی گۆڕانکاری و چاکسازیەوە بۆ وەدەستهێنانی دەنگەکانیان نیوهێندە باکیان بە پێگەیاندنی تاکی هوشیاری کوردی نیە، بەدڵنیاییەوە ئەو پارت و سەرکردانەی سیاسەتی ڕۆژ پیادە دەکەن دووربێت یان نزیك هەر پەشیمان دەبنەوە و کەوتن و سەرەونگوم بون چارەنوسی خۆیان و حیزبەکانیانە.
دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی تەنها لە ڕووی سیاسی و ئابوریەوە نابێت بەڵکو سەرەتا بە دروستکردنی تاکێکی ساغڵەمی کوردی دەبێت کە پەروەردەکرابێت بە فکر و بیروباوەڕ و ئینتیماو دڵسۆزی بۆ گەل و نیشتیمان ، هەر چەندە لە ڕووی ئابوری و سیاسیەوە

بەهێز بین بەڵام کە خاوەنی ئیدارەیەکی بێتوانا و مشەخۆرو گەندەڵ بووین ئەوا لەماوەیەکی کەمدا ئەو دەسەڵات و ئیدارەیە دادەڕزێت و دادەڕمێت.

ئەوەی مەبەستە لێرەدا و لەسەرووبەندی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکان و پێشتریش هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا بوو، ئەوەی دەبینرێت و دەبیسرێت لەو کەسانەی پاڵێوراون و لە چۆنێتی بیرکردنەوەیان و بەرنامەی کاری داهاتوویان لەو پۆستانەدا وورد دەبیتەوە، بەداخەوە زۆربەیان مایەی دڵتەنگی و بێزارین ، چونکە وەکو پێشتر باسمان کرد گەلێکیان تێڕوانینێکی هەڵە و هەلپەرستیان هەیە بۆ ئەو پۆستانەو زۆربەیان گەر هەموانیان نەبێت هێندەی چاویان بڕیوەتە دەسکەوتە مادیەکان و پرسیاری موچە و دەرماڵە و ئۆتۆمبێل و شوقە دەکەن نیوهێندە خۆیان خەریك نەکردوە بە دانانی بەرنامەیەکی تۆکمە و داڕێژراو بۆ کارەکانیان و زۆربەیان وەك سەفقەیەکی بازرگانی بیریان لێکردۆتەوە و بە تێڕوانین و تێگەیشتن و بنەمای زیان و قازانج ئەو پۆستانە هەڵدەسەنگێنن، کە ئیدی دەبێت ئەم کەسە چ خێر و بێرێکی بۆ کوردایەتی و بۆ گەل و نیشتیمان لێچاوەڕوان بکرێت.لەکاتێکدا سوود و قازانجی خۆی دەخاتە سەروو بەرژەوەندیە باڵاکانی گەل و نیشتیمانەوە.

لەو ڕۆژانەدا ناسراوێکی پەرلەمانتارم بۆی گێڕامەوە کە لەکاتی موچە وەرگرتنی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستاندا برادەرێکی ئەندام پەرلەمانی بەناو ئۆپۆزسیۆنی کۆن کاتێك ژمێریار بڕی موچەکەی پێڕاگەیاندووە ، ڕازینەبوە ئەو بڕە وەربگرێت ، نا لەبەر دڵسۆزی و بەخشینەوەی بەهەژارانی ولاتەکەیدا بەڵکو لەبەرئەوەی ئەو بڕە زۆر کەمەو و ئەو بەنیازی زۆر زیاتر هاتۆتە پەرلەمان و ئەگەر وابێت ئەو زەرەریەتی، چونکە ٣٠٪ موچەکەی دەبێت بداتە حیزبەکە و هەندێکی تریشی بۆ کرێی شوقە ، گەر وابێت هێندەی بۆ نامێنێتەوە، هەربۆیە ناڕازی بوە کە بڕی ٤ ملیۆن دینار وەربگرێت لە جیاتی ٨ ملیۆن دینارەکە.

ئا ئەمە سەیرو سەمەرە و مەخسەرەی ولات و کۆمەڵگا و تاکی کوردەواری و نوخبە و سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیر و یاسادانانەکانمان ، ئیدی بۆ گلەیی لە تاکێکی هەژار و نەخوێندەوار و ڕەشوڕووتی ولاتەکەمان بکەین. هەربۆیە تا بیر و هۆشی تاکەکانمان لەلای پارە و سەروەت و سامان و ڕەز و باخ و ڤێلاو شوقەکانمان بێت بەداخەوە نزیکبونەوەمان لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی و گێڕانەوەی ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستان دوورتر دەکەونەوە و هەمیشە وەك خەونێکی زڕی وەدینەهاتوو دەمێننەوە و خەون و ئوێدی

نەوەکانی ئایندەش بە با دەدەین  چونکە هەموو کات ڕۆحیەتی سازش و فرۆشتن و هەرزان بازاڕی وڵات و گەل و خاکەکەمان  لە نەست و بیرکردنەوەی شاراوەماندا ئامادەگی هەیە بەرامبەر بە بڕە دۆلار و دیناریك.و هەمیشە لەجیاتی ئەوەی تاکی کورد تاکێکی بەهێز و دەستپێشخەر و دڵسۆز بێت بۆ گەل و نیشتیمان بەداخەوە تاکێکی سازشکەر و نەفس نزم و بێئینتیما دەبێت.

________________________________

* ئەم بابەتە لە  ڕۆژنامەی هاوڵاتی  ژمارە ١٢٢٠ لە ٢٠١٤/١/١٢ و هەواڵ ٥٥٣ لە ٢٠١٤/١/١٨دا بڵاوکراوەتەوە.

## باهەمووا نمان تابۆ حیزبیەکان تێپەڕبکەین ! *

❖ بەداخەوە لای ئێمەی ڕۆژهەلاتی حیزب بۆتە چاوگی ژیان و گوزەران و خۆدەوڵەمەندکردن، هەربۆیەشە بۆتە کالایەکی پیرۆز و هەموانمان بەڕێزەوە لێیدەڕوانین و هەوڵیشی بۆ دەدەین کە بەشداری تیادا بکەین و چمکێکی بگرین، بەداخیشەوە نەك بۆ مەبەستی خزمەتکردنی گەل و وڵاتەکەمان بەڵکو بۆ وەدەستخستنی کۆمەڵ گەلێك دەسکەوتی کەسی و پەیداکردنی قوتی خۆمان و منداڵەکانمان و بۆ خۆدەوڵەمەندکردن، چونکە حیزب لێرە هێندە پیرۆزە کە یاساش ناتوانێت لێیبپێچێتەوە و سزا و دادوەری بەسەردا بسەپێنێت ، حیزب وایلێهاتوە کە بۆ زۆر کەس نیە باسی لێوەبکات  و تەنها بۆ نوخبەیەکی دەستڕۆیشتوە کە چۆنیان بوێت ئاوها وبۆ بەرژەوەندی و قازانجی خۆیان و بنەماڵەکانیان و دەورەوبەرەکانیان هەڵیدەسوڕێنن و ئیدی کەسانی بێ پشت و پەنا لە ڕووی ئاین و مەزهەب و ناوچە و خانەوادە و سەروەت و سامان و عەشرەتەوە هیچیان بۆ نامێنێتەوە و ناتوانن بەهێزی بیر و بازوی خۆیان پێبگەن و پێشبکەون.. حیزب هێندە

پیرۆز بووە کە هێڵێکی سووری بەدەوردا کێشراوە کە قەدەغەیە تێپەڕ بکرێت و ببەزێنرێت.
کەسانێك هەن لە ڕابووردوو ئێستاشدا حیزبەکانیان هێندە لاپیرۆزە کە ناتوانن دان بەهەقیقەتەکاندا بنێن گەرچی حیزب و سەرکردەکانیشیان بە ڕۆژی نیوەڕۆ و لەبەرچاوی هەمو گەلدا جاسوسی بۆ دوژمنان دەکەن و خیانەتی نیشتیمانی دەکەن و قوتی هەژاران دەدزن و سەروەت و سامانی میلەت تالأنفرۆش دەکەن، کەچی هەر حیزب و سەرکردەکانیان لا پیرۆزە و ناتوانن تابۆکانی تێپەڕ بکەن.
ئەو کەسانە هێندە مێشکیان پڕکراوە بەخورافاتی مێژوو و ڕابووردوو و شانازی سەرکردە و حیزبەکانیان لایان بۆتە دەقە پیرۆزە ئاسمانیەکان و لادان لێیان پێیان وایە کوفرە و ڕەتکردنەوەی فەرمانی خودای گەورەیە.کەسانێکی ئاوها چ ڕۆڵێکی پۆزەتیفیان لەناو کۆمەڵگادا نیە جگە لە ژمارەیەك و دەنگێکی کوێرانە نەبێت بۆ حیزب و سەرکردەکانیان.
هەربۆیە حیزب و سەرکردە لە ڕۆژهەلأتدا بەگشتی و کوردستانی خۆشمان بە تایبەتی بونەتە جمکێکی لێکدانەبڕاو و یەکێك لە پیرۆزترین پیرۆزییەکان و ئیتاعەکردنیشیان بۆتە فەرزێکی عەین لەسەر هەموان بەچاك و خراپیانەوە.
حیزبایەتی هێندەی بۆ مەرامی سیاسی و دەسکەوتی تاك و سەرکردە و بنەماڵەیە ، نیوهێندە بۆ خزمەتکردن نیە، هێندەی وەکوو میراتی باو وباپیران لێیدەڕوانرێت نیو هێندە وەکو ئەرك و وەزیفەیەك لێیناڕوانرێت ، هێندەی بۆ خۆ سەپاندن و قۆرخکاریە نیوهێندە بۆ خزمەتکردن نیە.
حیزب ولایەنگرەکانی شەلم کوێرم بازدەدەن بەسەر هەموو بەها پیرۆزەکانی گەل و نیشتیماندا لە پێناو پۆست و پلە و دەسکەوتی حیزبایەتی خۆیاندا و هێندەی بیر لە ساختەکاری لەدەنگدان و ناو صندوقەکانی هەڵبژاردندا دەکەنەوە بۆ زیاتر بەردەوامبونیان لە دەسەلأتدا نیوهێندە بیر لە دانان و داڕشتنی پلان و سیاسەتێك ناکەنەوە کە لە بەرژەوەندی گەل و میلەتدا بێت.

- **لێرەدا پرسیار ئەوەیە ، ئەرێ حیزبایەتی ڕاستەقینە ئاوهایە؟ ئایا دەکرێت چیدی بەو تێگەیشتنە هەڵە و کۆنەوە لە حیزب و سەرکردە بڕوانین ؟ ئەرێ بۆچی نابێت تەنها لەسەر بەرنامە و پلان و سیاسەت و ڕاستگۆیی و متمانە و لێهاتووی لایەنگری و دەنگدا نمان بۆ حیزبەکان پیادە بکەین؟ ئەی کاتی ئەوە نەهاتوە کە تابۆ حیزبیەکان ببەزێنین و جیا لە حیزب و سەرکردە و**

بەرنامەکانیان بەرنامە و کەسایەتی و کاندیدی حیزبێکی تر هەڵببژێرین ؟ دەیان پرسیاری تریش..

وەڵامی کورت و کرمانجی ئەوەیە کە حیزب و حیزبایەتی جگە لە کۆمەڵگەلێك پرەنسیپ و دیسپلین کە هەموانیان بۆ زیاتر ڕێکخستنی ژیان و گوزەرانی تاکەکانی کۆمەڵگایە و هۆکارێکیشە بۆ ئاڕاستەکردن و هوشیارکردنەوە و خزمەتکردن چیدی تر نیە، هەربۆیە حیزبایەتی ڕاستەقینە بریتیە لە بەرنامە و زانست و واقعبینی و وەزیفە بۆ خزمەتکردن و وەدیهێنانی خواست و ئامانجەکانی کۆمەڵگا، بۆیە لێرەوە دەکرێت و کارێکی زۆر گونجاویشە کە ئەگەر ئەندامێك یان کادرێکی حیزبێکی دیاریکراو لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا دوای هەڵسەنگاندنی بەرنامەی کاری حیزب و کاندیدێکی تر بتوانێت دەنگی خۆی پێبدات بەو هیوایەی کە ئەو کاندیدی حیزبەی تر بەرنامە سیاسی و ئابوری و کۆمەلآیەتیەکانی لە خزمەتی گەلدا بن، باچیدی کوێرانە و بە چاویلکەی تەسکی حیزبیانەوە بیر نەکەینەوە و دەمارگیری کوێرانە پیادەنەکەین لە هەڵبژاردنەکانی کاندیدەکاندا بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان و پەرلەمان و ...هتد.باهەموانمان لەناو ئەو چەپکە گوڵەی کاندیدە جیاوازەکاندا با باشترین و لێهاتووترین وبوێرترینیان هەڵببژێرین ئەگەر لە حیزبەکانی خۆشمان نەبن.

دڵنیام هەر کاتێك وشیاری تاکی کورد گەیشتە ئەو ئاستەی کە لە سەر بنەمای بەرنامە و لێهاتووی و بێلایەنی و کوردایەتی نەك حیزبایەتی دەنگ بدات بە هەر کاندیدی حیزبێك جگە لە حیزبەکەی خۆی ، ئەوا تەواوی سیستەمی سیاسی کوردستان گۆڕانکاریان بەسەردا دێت ودەچنە خزمەتی گەل و نیشتمانەوە و مافەکانمان دێنە دی و گۆڕانکاری و چاکسازیەکانیش باشتر چێ دەبن و دەخەملێن و کاملیش دەبن ولآتیش لە قەیران و تەنگژەی سیاسی دەرباز دەبێت و باشتریش بنەماکانی دیموکراسی و ئازادیەکان و سەروەری یاسا و مافەکانی مرۆۋ و ئاشتی و پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردەواری دەچەسپێن و دێنە دی .

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی ناوەندی دەرەوە و کوردستان پۆست و پێنوسەکان و لە ٢٠١٤/٣/١٣ وئاوێنە نیوز لە ٢٠١٤/٣/١٤ دا بلاوکراوەتەوە.

# تکایە باچیدی

# پیرۆزیەکان لەبەرچاوی نەوەی نوێ ناشیرین نەکەین... *

❖ کورد و کۆمەڵگای کوردی وەك هەموو کۆمەڵگاو میلەتانی تری دونیا و ناوچەکە هەڵگری کۆمەڵێ گەلێك داب و نەریتی باوپایرانیەتی بەچاك و خراپیەوە یان بە جوان و ناشیرینیەوە و ئیدی بۆتە بەشێك لە کەلتور و مێژوومان، پێمان خۆش بێت یان نا بۆتە موڵك و میراتی بۆمان. بەهەمان شێوەش شۆڕش و خەبات و بەرخۆدان و شۆڕشگێڕ و سەرکردەکانیشی لەم چوارچێوە دەرناچن و هەموانیان بەدرێژایی کاروانی خەباتی کوردایەتی توشی چەندین نسکۆ و هەستانەوە بون ، پێشموایە لەدونیاشدا هەموو شۆڕشی میلەتانی تریش هەمان ڕچە و ڕێبازیان گرتوە و خاڵی نین لەهەڵە و وێسگەی ڕەش و تاریك ، بۆیە هیچ نەنگیەك نیە کە هەندێ جار گەر ڕەخنە لە شۆڕشگێڕ و سەرکردە و پارتە سیاسیەکانی خۆمان بگرین ، بەڵام بەمەبەستی پەند لێوەرگرتنیان و دووبارەنەکردنەوەیان نەك بۆ ناشیرینکردنی هەموو مێژوو و خەباتیان کە بۆخۆیان بونەتە بەشێك لە مێژووی

میلەتەکەشمان.چونکە هەموو ئەو سەرکردە و شۆڕشگێڕانەش وەك ئەم دەسەڵاتدارانەی ئێستامان لە کۆتاییدا هەر مرۆڤن و ئەوانیش وەکو هەموانی ترمان بریتین لە کۆمەڵێك غەریزە و حەزو ئارەزوو کە دەکرێت زۆرجاران سەرکەوتن بەدەستبێنن و زۆرجاری تریش توشی نوچدان و سەرچیخچوون ببنەوە.

تائێرە هەموو ڕەخنەکان جێگەی قبوڵکردنن و پێشموایە کەسانی بیرمەند و ژیر و سیاسەتمەداری سەرکەوتوو پشوودرێژ بە گیانێکی وەرزشیانەوە وەریان دەگرێت و هەوڵیش بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکان دەدات.

بەڵام ئەوەی جێگەی تێڕامان و شۆکبونە ئەوەیە کە دوژمنانی دوێنێمان و ئەو کەس و سەرکردە و ڕژێمانەی دەوروبەرمان کە داگیرکاری کوردستانن وبۆ سەدان ساڵە دژایەتی بچوکترین خەون و خەیاڵ و مافە ڕەواکانی گەلەکەمان دەکەن، لە ئێستادا بیانکەینە دۆست و پشتیوان و کەسان و سەرکردە و پارتی سیاسی ڕێزلێگیراو ،نەك هەر ئەوەش بەڵکو بیانکەینە لێپرسراو و دەمڕاستی کۆمەڵگاکەشمان و بیانکەینە جێگە متمانە وبەمەش هەموو ڕابووردوە ناشیرینەکانیان و ڕەفتارە قێزەون و گوتارە دژ بەکوردایەتیەکانیان لەبیر بکەین و وەکو ئەوەی کە هیچ ڕووینەدابێت.

لای هەمووان ئاشکرایە کە ڕژێمی بەعس و سەرانی و بەعسیەکان هەموانیان هێندە دوژمن و شەڕانگێز و سەرسەخت بوون دژی گەلەکەمان کە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا دڕەندەترین شالآوی لەناوبردنیان ئەنجامداوە دژ بەگەلی کورد و کوردستان لە کیمیاوییباران و ئەنفال و جینۆساید و قاتوقڕکردنی میلەتەکەمان کە لەمێژووی نوێی مرۆڤایەتیدا هاوشێوەی نیە.

کەچی تازە بەتازە هەندێ لایەن و سەرکردە گەرەکیانە لە پێناوی هەندێ بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی و کۆکردنەوەی دەنگی جەماوەردا لەلایەك بەعسی و بەعسیبوون بکەنە کارێکی ڕەوا و جوانکاریشی بۆبکەن و بیانکەنە سەرکردە و دەمڕاستی نەوەی نوێ و شانازیشیان پێوەبکەن ، و لەلایەکی تریشەوە سەرتاپای مێژووی دڕاندایەتی ئەو ڕژێم و ئەندام و لاینەگرەکانیشیان لەبیر هەموان ببەنەوە و ئەستۆپاکی مێژویشیان بدەنێ و لەلای سێهەمیشەوە نەوەی نوێش بکەنە دوژمنی سەرسەختی ئەم ئەزمون و دەسکەوت و شۆڕش و شۆڕشگێڕانی دوێنێی گەلەکەمان و بەمەش ببنە هۆکارێکی سەرەکی بۆ سڕینەوەی ڕۆژگارە سەخت و خوێناویەکان لە بیرەوەری و یادەوەری هەمواندا و بەمەش نەوەی نوێ بە گیانێکی ڕقهەڵگرتوو لەمێژوو و ڕابووردوو و شۆڕشەکانی گەلەکەمان پەروەردە بکەن و تەنها

بیریان بەو ئاڕاستەیە بەرن کە دوێنی و مێژووی گەل و میلەتیان لا پیرۆز نەبێت و تەنها وەکو کوڕی ڕۆژ و سەردەمی خۆیان بیربکەنەوە .
بەڵام بەداخەوە ئەو لایەن و سەرکردانە نازانن یان خۆیان دەگەوجێنن گەر بەو ئاڕاستە فکریە بیربکەنەوە کە نەوەی نوێ بکەنە دۆست و لایەنگر و پشتیوانی خۆیان و بیانکەنە دوژمنی سەرکردە و پارتە موخەزرەمەکانی گەلەکەمان کە مێژووی قۆناغێکی ئەم میلەتەیان بە گیان و خوێن و فرمێسکی هەزاران لاو و گەنج و دایکانی ئەم میلەتە نەخشاندوە و ئێستای ئەوانیان هێناوەتە دی . ئەوان لە کۆتایدا تەنها ڕووڕەشی بەردەم مێژووی میلەتەکەیان و سەرلێتێکدانی نەوەیەکیان بۆ دەمێنێتەوە و ئەو نەوەیەی ئەوان ئێستا بەم شێوەیە پەروەردەیان دەکەن لە ئایندەدا دەبنە ئەو تولە مارانەی کە بەگەردنی خۆشیانەوە دەدەن چونکە بەداخەوە لەسەر بێڕێزکردنی هەموو پیرۆزیەکانی ئەم میلەتە و پێشینانی خۆیان پەروەردەیان کردوون.

❖ بۆیە لێرەدا جێگەی خۆیەتی کە هەموان بە سەرکردە و پارتە سیاسیەکانەوە کە ڕێگە بەخۆیان نەدەن کە لانی کەم بەعسیەکان و بەعسیبوون بکەنە کەسانێکی فریشتە ئاسا و کارێکی سادە و ئاسایی بۆ نەوەکانمان و تەنها ئەوەندە بەسە کە بەر دڵفراوانی دایکانی شەهیدان کەوتوون و لێبوردن گروتنیانەتەوە و وەك هاوڵاتیەکی ئاسایی ناو کۆمەڵگا ژیان دەگوزەرێنن، چیدی پێویست ناکات کە ببنە سەرکردە و ڕابەر و دەسەڵاتدار لەناو کۆمەڵگادا.لە مێژووی میلەتان و خەباتیاندا هەمیشە کەسانی جاسوس و خیانەتکار و پیاوان و داروەدەستی دوژمنان و داگیرکارانی وڵات وەك کەسانێکی قێزەون و پەراوێزخراوی کۆمەڵگا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت نەك وەك ئەمیر و پاشاو خانەدان.. بۆیە ئێمەی کوردیش پێویست دەکات کە لانی کەم هەمان هەڵوێستمان هەبێت و کەمێك ڕێز لە ڕابووردوو و مێژوو و دابو نەریتی کوردەواریمان بگرین ونەبینە ڕچەشکێنێکی خراپ بۆ داهێنانێکی خراپتر بە ڕێزگرتنمان لە بەعسی و بەعسییەکان .و ببنە فریادڕەسی نەوەیەك و قۆناغێکی میلەتەکەمان لەبەردەم زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگاکەمانداو هێندە جوانیان بکەین کە سەرەڕای بەعسیبونیان و ڕەفتار و کردارە ناشیرینەکانی ڕابووردوویان ببنە جێگە متمانەی لاوان و گەنجانی وڵات تەنها لەبەر سەرکەوتن و دەسکەوتێکی کاتی هەڵبژاردن، بەمەرجێك ئەو لایەن و سەرکردانە بیرو مێشك و تێڕوانینی نەوەیەکی ئەم گەلەیان لەسەر دوژمنایەتی و دڕندایەتی و قێزەونی ڕژێمی بەعس و سەران و بەعسیەکان گۆش کردبێت و لە پێناو وەدرنان و ڕووخاندنی بەعسیەکانیشدا بەهەزاران لاو و گەنجی ئەم میلەتەیان بە شەهیدکردنداو کردیاننە قوربانی بۆ ئەم سەردەمە..

❖ جێگەی خۆیەتی بپرسین ئەرێ ئەو بەعسیانە کە لە ڕابووردودا کربوتانە دێوەزمەو ڕەفتار فاشی و دوژمنی سەرەکی میلەتەکەمان ئێستا خێرە نەوەکانیان و ئەندامەکانیان دەکەنە فریشتەی بێگوناهو دەیان کەنە دەمڕاست و سەرکردە و بەڕێوەبەری ولأتەکەمان؟ ئایا بەم کارەتان پرسیار دروست ناکەن لەسەر کۆی ڕابووردوو ئێستای خۆتان لە فکر و ئایدیاو مامەڵە و گوتاری سیاسیتان؟ گەر لۆژیکیانە وەڵام بدرێتەوە تەنها ئەوەیە کە یان دەبێت دوێنی هەڵەبووبن یان ئەمڕۆ کە لەهەردوو باردا هەرتەنها میلەت و چینە هەژار و تاکەکانی کۆمەڵگا زەرەرمەند بوون و بونەتە سووتەمەنی خەون و سیاسەتە هەڵەکانتان وئێوەش هەر سەرکردە و دەستڕۆیشتوو بێگوناه دەرچوون..

---

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٦٣٨٢ و سایتی ناوەندی دەرەوە دا لە ٢٠١٤ /٥/١٥ بلأوکراوەتەوە.

## پاش هەڵمەتی گەرمی هەڵبژاردنەکان

## نۆرەی هێورکردنەوە و پێکەوە کارکردنە... *

• ئاشکرایە لەکاتی بەڕێوەبردنی هەر هەڵمەتێکی هەڵبژاردندا لە دونیاو لە کوردستانی خۆشماندا ، ئاستی بەریەککەوتن و بەکارهێنانی زمانی زبر و هەندێ جاریش تەشهیرکردن بەیەك و هەڵدانەوەی لاپەڕە کۆنەکانی بەرامبەر دەبنە دیاردەیەکی ڕۆژانە و ئاسایی ، بەلأم بەداخەوە دیاردەیەکی پڕ شەرمەزرای و قێزەون چونکە حساب نە بۆ مێژووی هاوبەش ونە بۆ برایەتی و تەبایی نێوخۆی دەکەن وهیچ ڕێزێکیش بۆ دابونەریت و بەها و ئاکارە کۆمەلأیەتیە جوانەکانی کۆمەڵگاش ناهێڵنەوە و هەموانیان دەخەنە لاوە کە هەموو ئەمانەش بە پاڵنەری دەمارگیری وحیزبایەتی تەسك و کۆکردنەوەی ژمارەیەك دەنگ دەکەن.. لەلایەك حیزبایەتی لەم کوردستان و ناوچەی ڕۆژهەلأتەدا شێوازێکی هەڵە و دوور لە ئاکاروبە ڕێچکەیەکی هەڵەی دوور لە گیانی یەکتر قبوڵکردن و شارستانیدا براوە و لەلایەکی تریشەوە دەنگدەر بەهوشیارانە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکەدا ناکات و ویژدان و دەروونی زیندووی خۆی بەکارناهێنێت لە هەڵبژاردن و دیاریکردنی کاندیدی شیاو و گونجاو بۆ ئەنجومەنەکان وەك نوێنەرێکی خۆی.

دەنگدەر لە کوردستاندا هێندەی بە سۆز و پاڵنەری ناوچەگەرێتی و عەشرەتچێتی و حیزبایەتی تەسك و تەکەتەولی ناڕەوا و مەحسوبیەت و مەنسوبیەت دەنگ دەدات نیو هێندە بە پاڵنەری بڕوانامە و لێهاتوویی و ئەزموون و کارامەیی کەسەکان دەنگ نادات.هەربۆیەش لەم پرۆسەی هەڵبژاردنانەدا کەسانێك سەردەکەون کە زۆر جاران شایستەی ئەو پلەو پۆستانە نین و ناشتوانن کاری گەورە و خزمەتگوزاری باش پێشکەش بە جەماوەر و هاوڵاتیان و شارەکەشیان بکەن.لێرەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی کە بڵێین سیستەمی دیموکراسیش بۆخۆی نمونەیترین سیستەمی سیاسی نیە،چونکە زۆر جاران لە ئەنجامیدا هەڵە و ناتەواوی و کەسانی نەشیاو دێنە پێشەوە کە زیانیان زیاترە وەك لە قازانجیان و تەنها وەك ژمارە و کورسیەك پڕدەکەنەوە ئەگینا بۆخۆیان ناوەڕۆکیان پوچەڵ و بەتاڵە.

- لەم هەڵبژاردنانەدا تەنها ئەو کەسانە سەردەکەون کە توانای دارایی گەورەیان لە پشتەو لێپرسراوە دەستڕۆیشتوەکانی حیزبەکانیشیان پشتگیریان دەکەن لەڕێگەی کارئاسانی و پشتیوانی دارایی و هەندێ جاریش چاوسورکردنەوە و فشارخستنە سەر و دواتریش گزیکردن و ساختەکردنیش لە دەنگەکاندا.بۆیە کەسێك چەندە بەتوانا و لێهاتوو خاوەن ئەزمونی کردارەکی بێت لە پسپۆڕیەکەی خۆیدا هەرگیز چانسی بردنەوەی نابێت بەتایبەتیش لە شارە گەورەکاندا، چونکە نە عەشرەت و نە ناوچەیەکی دیاریکراو و نە توانایەکی دارایی گەورە و نە لێپرسراوێکی دەستڕۆیشتووش پشتیوانی لێدەکات و شارەکانیش تاڕادەیەك شارستانیتر بیردەکەنەوە ..چونکە بەداخەوە سەرتاپای حیزبە سیاسیەکانی کوردستان لەسەر بناغەی ناوچەگەرێتی و عەشرەتچێتی و مەحسوبیەت و مەنسوبیەت داڕێژراون و دامەزراون و نمونە زیندوەکانی ئەمڕۆشمان بریتین لە پێدان و بەخشینەوەی پلەو پۆستە وەزاری و حکومیەکان بۆ خەڵکی ناوچەکان وکەسە نزیکەکانی لێپرسراوان و پیادەی ئەو پەندە کوردیە دەکەن کە دەڵێت (( پاروو لە دەم کەوتە خوارەوە بۆ کۆش باشە)). جا کەسانێکی بێپشت و پەنای سیاسی و ئابوری هەرچەندە زانا و لێهاتوو و شارەزا بێت ئەنجامی هەر دۆڕاندن و پشتگوێخستنە.

هەربۆیە ئەم هەڵبژاردنانە و ئەنجامەکانی هەمیشە دەکەونە بەر ڕەخنەی تاك و کۆمەڵگاو تەنانەت حیزبەکان خۆشیان و ڕێکخراوە مەدەنی و پیشەیەکانیش هیچیان لە ئەنجامەکان ڕازی نین.. هەرئەمەشە کە وڵاتمان ساڵ بەدوای ساڵدا دواکەوتووتر و وێرانتر و سیستەمە سیاسیەکەشمان ڕۆژبەڕۆژ لە پاشەکشەدایە و ساڵ بە ساڵ خۆزگەمان بەپار دەڵێینەوە..

بەو هیوایەی لە ئایندەدا هەم کاندیدی هوشیار و بەتوانا بپاڵێورێن و هەم دەنگدەریش وشیارانەتر بەشداری بکات لە چەسپاندن و گەشەکردنی سیستەمی دیموکراسی وڵاتدا..

- لەکۆتایشدا دەڵێین کاتی گەرمی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان تەواو بوو، ئیدی کاتی هێورکردنەوەی دڵ و دەروونەکانە و کاتی پلاندانان و بیرکردنەوەی وورده بۆ چۆنێتی پێکەوەکارکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان بە شارەکان و بە هاوڵاتیان و بە کوردستانیش وچیدی ململانێی حیزبایەتی ڕۆڵی نابێت و تەنها خزمەتکردن بکەنە دروشمی هەموانتان.

---

* ئەم بابەتە لە هەواڵ ژمارە ٥٧٠ لە بەرواری ٢٠١٤/٥/٣١ و سایتەکانی ناوەندی دەرەوە و مەڵبەندی سلێمانی و پی یوکەی میدیادا لە ٢٠١٤ /٥/٢٧ دا بلاْوکراوەتەوە.

# عێراق

## گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ململانێ ناوچەیی و جیهانیەکان... *

❖ مێژووی دەوڵەتی عێراق لە دەسپێکی ئەم خاکەوە بۆ زیاتر لە ٥ هەزار ساڵ دەچێت مێژوویەکی خوێناویە و هەمیشە بۆتە گۆڕەپانی ململانێکانی دەوڵەتانی سەردەستی ناوچەکە لە قۆناغە جیاوازەکاندا و دواتریش بۆتە پەلکێشکردنی زلهێزەکانی دونیاش بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەو ململانێ ناوچەییانە و بەمەش ئەوەی کە زیانی گەورەی پێگەیشتوە تەنها و تەنها گەل و خاکی عێراق بوە، هەرئەمەش وایکردوە کە ئەم وڵاتە هەمیشە لە گێژاوێکی خوێناوی دووبارە و بەردەوامدا بێت . لەلایەك هیچ سەرکردە و سەرۆك و پادشایەکی ئەم عێراقە نەبوە بە سەلامەتی دەربچێت و دوور لە کوشتن و کودەتا و لابردن و لەسێدارەدان نەبێت و خەڵکەکەشی هەر بۆخۆیان بونەتە هۆی تاك ڕەو و دیکتاتۆر دروستکەر و هەربۆخۆشیان لەناویان بردوە وئەم ڕەفتار و کردار و توندوتیژیەیان لەباوباپیرانەوە بۆ ماوەتەوە وبۆتە بەشێك لە کەلتوری گەلانی عێراق. وەك بڵێی لەسەرەتای دەسپێکی مێژووی ئەم وڵاتە هەر لەسۆمەری و بابلیەکان و دواتریش جەنگەکانی فارس و ڕۆم و دواتریش ئیسلام و دواتریش جەنگە نەتەوەییەکان و فاشیەکان دژ بەگەلانی خۆی و دژ بەگەلانی دراوسێش لە کۆن و نوێدا دیاردەیەکی سەمەرەن و

عێراق بۆخۆشی پێکهاتەیەکی سەیرو سەمەرەو عەجیبی هەیە لە جیاوازی نەتەوە و ئاین و مەزهەب و ...هتد..

عێراق لە ئێستاشدا و دوای ڕزگارکردن لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانەوە و لەدوای ١٢ ساڵ هێشتا گیرۆدەی گەردەلول و گێژاوێکی هێند توند و مەترسیدار بوە کە ئەوسەری تونێلەکەی هێشتا تەم تومان و نادیارە و هیچ کەس و لایەنێکیش ناتوانێت گرەنتی دواڕۆژێکی ڕوون و دیار بداتە پاراستنی یەك و یەکگرتوویی گەلانی عێراق و خاکەکەشی.

دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسی صدامی کە ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵی خایاند بە ڕەشترین سەردەم و قۆناغی حوکمداری دادەنرێت بۆ گەلانی عێراق و لەساڵی ٢٠٠٣دا توانرا ئەو ڕژێمە لەگۆڕ بنرێت بەخۆی و سەرکردەکەشیەوە، بەڵام ئەوەی ئێستا دووبارە دەبێتەوە لەسەردەستی کۆنە بەعسیەکان و ڕێکخراوە توندڕەوە سەلەفیە ئیسلامیەکان سەدان بەردیان داوە بە پشتی ڕژێمەکەی بەعس و صدامیشدا، لە توندوتیژی و فاشیەت و خوێنەخۆری و تاکڕەوی و ڕەگەزپەرستی و مەزهەبچێتی تەسك و خوێناوی، عێراق لە ئێستادا لەبەر هەڕەشەو مەترسی کەرت و پەرتبوون و دابەشوونی ڕاستەقینەدایە لەسەر دەستی ڕێکخراوی ئیسلامی و سەلەفی توندڕەو بەناوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و دەوڵەتی شامدا (( داعش)).

لەم ساتە وەختەی مێژوودا لەماوەی ئەم ١٢ ساڵەی ڕابووردوودا هیچ هێز و ڕێکخراوێکی تیرۆریستی هێندەی داعش مەترسی دروست نەکردوە لەیەك کاتدا لەسەر دەسەڵات و حکومی شیعە لە بەغداد و لەکوردستانیش و بەگشتیش بۆ ناوچەکە.داعش بەدڵنیایی دروستکراوی دەستی دەزگا موخابەراتی و جاسوسیەکانی زلهێزەکانی دونیاو دەوڵەتانی ناوچەکەیەو جێبەجێکەری پیلانێکی زۆر گەورە و مەترسیداریشە نەك هەر لە عێراق بەڵکو لە هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و کە ئەمەش ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر سیاسەتی جیهانی و هاوکێشەی هێزەکان و سیاسیەکان قڵپەدەکاتەوە و گۆڕانکاریەکی گەورەش لە ناوچەکەدا دێنێتە کایەوە. چونکە مەترسیەکانی داعش هێندە گەورە و مەترسیدارە بەڕاست بێت یان بەدرۆ دەوڵەتانی گەورەی ناوچەکە لە تورکیا و ئێران و سونەکانی کەنداویش زۆر بە گەرمیی و بە دیقەتەوە لە خۆئامادەکردن و چاودێریدان بۆ قۆناغی نوێ و هەر ڕووداوێکی ناوەختی تر. بۆیە بەڕاستی داعش

ئاگرێکی هەڵایساندوە کە کوژاندنەوەی نە لەدەستی خۆیدایە و نەلەدەستی دروستکەر و بزوێنەرەکانیشدایە .

- **لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئایا کورد و هەرێمەکەی و دەسەلاتەکەی لەکوێی ئەم گۆڕانکاری و مەترسیەدان؟ ئایا دوورن یان نزیکن؟ ئایا هەڕەشەلێکراون ؟ یان سەلامەت و ئارامن؟ ئایا کورد چی بکات و هەڵوێستی چی بێت و چ دەبێت ؟ لەناوەڕاستی ئەم ئاگرەدا؟**

کورد و هەرێمی کوردستان لە چەقی مەترسی و گۆڕانکاریەکانی ناوچەکەدان و بەهیچ شێوەیەك نە دەتوانێت خۆی دوور بگرێت و نەزەمانەتی سەلامەتی و ئارامیشی دراوەتیٚ و هەمیشە لەسەنگەری پێشەوەی بەرگری و هەڕەشەکرداندا بوە و مان و نەمانی لە مەترسیدایە و پێویستە کورد هێندەی بۆی دەکرێت خۆی دوور بگرێت لەو هەڕەشە و جەنگە سەپێنراو و نەخوازراوەدا و تەنها هەوڵی پارێزگاری ناو ماڵ و دەسەلات و هەرێمەکەی خۆی بدات و لەگەڵ گۆڕانکاریەکانیشدا پێشەوە بچێت و چی لە بەرژەوەندی خۆی و داهاتووی دەسەلاتەکەیدا بوو بیکات و نەهێڵێت بۆشایی دەسەلات و هێز لەناوچە جێگە ناکۆکەکاندا لەلایەن سوپاو دەسەڵاتی بەغدادەوە بقۆزرێتەوە دژ بە کورد .

کورد دەبێت ئەم هەلە زێڕینە لەدەست خۆی نەدات و تەواوی سنورە مێژوویی و جوگرافیاییەکانی کوردستانی باشوور کۆنترۆڵ بکات و بیکاتە ئەمری واقیع و خۆی و دەسەلاتەکەی بسەپێنێت ، ئەوەی لەماوەی ١٢ ساڵی ڕابووردوودا نەمانتوانی لەڕێگەی دەستور و یاساو پەرلەمان و دانوسانەوە وەریبگرینەوە ئێستا ئەم هەلکەوتە مێژوویەمان بۆ هەلکەوتوە و گەرەکە لەدەستی نەدەین و هەڵەی ساڵی ٢٠٠٣ دووبارە نەکەینەوە، هەربۆیە توندوتۆڵکردنی هێزی پێشمەرگە و سەنگەری ناوخۆی کوردستان و پاراستنی سنورەکان و ئامادەسازی میللی و ڕێکخراوە مەدەنیەکان و میدیاو ...هتد. بۆ ئەم ڕووبەڕووبونەوەیە زۆر پێویستە.

نابێت کورد بەفرت و فێڵ و خۆش زمانی و بەڵێنی ناڕاستی نە بەغداد و نە داعشیش فریوبخوات و هیچ نەرمیەك و سازشێك قبوڵ نەکات و تا دەتوانێت خۆی لە شەڕی سونە و شیعە بەدوور بگرێت . ئەم جەنگەی داعش جەنگێکی بەتەنها داعش و ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بچووك نیە بەڵکو ئەمە بە لەجیاتی جەنگی زلهێزەکانی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوایە و شەڕی ولاتانی ناوچەکەیە بە سونە و شیعەوە. بەداخەوە لەسەر گۆڕەپان و حسابی دەوڵەتی عێراق و گەلانیدا .

عێراق لە ئێستادا بۆتە گۆڕەپانی سەرەکی یەکلاکردنەوەی ململانێ ناوچەیی و جیهانیەکان و لە کۆتایشدا هەر گەل و خاکی عێراق زەرەرمەندی سەرەکی دەبێت و زۆر نزیکیشە کە تاسەر ئەم گەل و خاکەی عێراق بەیەك و یەکگرتووی نەمێنێتەوە، ئەوەشی ڕوون نیە ئەوەیە کەئایا ئەم شەڕە تەنها لە چوارچێوەی عێراقدا دەمێنێتەوە یانیش سەر دەکێشێت بۆ وڵاتانی ناوچەکە و بەتایبەتیش ئێران ، چونکە ئێران زۆر بە جدی هەڕەشەکانی وەرگرتوە و خۆشی ئامادەکردوە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی سەربازی و هەموو هێزەکانی خستۆتە حاڵەتی ئامادەباشیەوە ،چونکە گەر داعش سەرکەوتووبێت و دەوڵەتی شیعی لە بەغدادا بڕوخێنێت ئەوا ئێران دەبێتە سەنگەری پێشەوە و یەکەم بۆ ڕووبوونەوەی ئەم مەترسیە کە زۆر دەترسێت هەموو ڕۆئاژوای لە پشتەوە بێت و ئەم بۆسە و کەمینە بۆ ئێران نرابێتەوە.

بەهەرحاڵ ئەم پیلان و هەڵتۆقینە لەناکاو وچاوەڕوان نەکراوەی داعش لەم کات و ساتەدا بێ مەلأمە ولەخۆڕا و بە ڕێکەوت نەهاتۆتە گۆڕێ و گەلێك ئاکتەر و کارەکتەری گەورە بەنهێنی و ئاشکرا لە داڕشتنی سیناریۆکەیدا هاوبەش و هاوکاربوون.. بۆیە زیاد لە سیناریۆیەك ڕەنگە جێبەجێبکرێت و زیاد لە ئامانجێکیش دیاریکرابێت، ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە کوردە کە چ ڕۆڵ و کاریگەری و چ ئەنجام و دەسکەوتێکی دەبێت و بۆ دانراوە، بەهیوای ئەوەی ئەم هەلە بقۆزرێتەوە و لە ئامانجی سەربەخۆیی و ڕزگاری یەکجارەکی نزیکمان بخاتەوە.

---

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٦٤٢٧ لە ٢٠١٤/٧/٧ و سایتەکانی مەکتەب ڕێکخستن و ئاوێنە نیوز و پی یو کەی میدیا لە ٢٠١٤/٦/١٨دا بڵاوکراوەتەوە.

## ئەم قۆناغەی خەبات پێویستی بە یەکڕیزی نیشتیمانی هەیە... *

- یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی سەرنەکەوتن و وەدینەهاتنی ئامانج و خواست و مافە ڕەواکانی کورد لە مێژووی کۆن و نوێشدا ئەوەبوە کە بەداخەوە هەموان بەبیروڕا جیاوازەکانەوە لەسەر ئاستی سەرکردە و پارتی سیاسی و ناوچە و عەشرەت و کۆمەڵگای کوردەوای لەسەر یەك پلان و ئامانجی نەتەوەیی و نیشتیمانی ڕێکنەکەوتن و یەك دەنگ و یەك ڕەنگ و یەك هێز نەبون، هەمیشە کورد لە خەباتی شۆڕش و شاخ و ڕووبەڕووبونەوەی سەربازیدا سەرکەوتوبوە و توانیویەتی دوژمنان تێکبشکێنێت و ناچاری پاشەکشە و گفتوگۆشیان بکات، بەڵام سیاسیەکان بەداخەوە لەسەر مێزی گفتوگۆ بەرهەمی قوربانیدان و خەباتی ڕۆڵەکانی گەلەکەمانیان بەهەدەر داوە و نەیانتوانیوە ئامانج و خواست و مافە ڕەواکان وەدەستبێنن و گیردۆدەی ململانێ و کێشمەکێش بوون لەلایەك لەگەڵ دەسەڵاتداران و لەلایەکیش لەناوخۆی خۆیدا، کەهەر ئەمەش بۆتە هۆی لاوازی هەڵویست و گوتاری سیاسی کورد و ئەنجامیش پاشەکشە و دووبارە دەستدانەوە چەك و خەباتی شاخ و شۆڕشی خوێناوی لێکەوتۆتەوە،، نمونە زیندوەکانیش لەسەردەمی مەلیك مەحموددا کاتێك مەلیك حوکمداری خۆی ڕاگەیاند لەکۆتایی جەنگی جیهانی یەکەمدا کە ژمارەیەك لە وڵاتان و گەلانی ناوچەکە و دونیاش بونە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان ، بەڵام کورد لەبەر یەك نەبوون و ڕێکنەکەوتن لەگەڵ مەلیکدا سەرەڕای گلەیی و گازندە و کەموکوڕیەکان دژایەتیان کرد و ئەنجامیش یەکەم مەملەکەت و حوکمداری کورد

لەناوچوو کە تائێستاش نەمانتوانیوەتەوە حوکمداریەکی هاوشێوە دابمەزرێنینەوە، لە کۆتایی جەنگی دووەمیشدا بەهەمان شێوە کاتێك قازی موحەمەد کۆماری کوردوستانی ڕاگەیاند ژمارەیەك لەهۆز و تیرەکانی کورد دژایەتیان کرد و دۆستایەتی دەسەلأتیان کرد و هەر ئەمەش بوە هۆی ڕووخاندنی ئەو کۆمارەو جارێکی تر فورسەتێکی مێژوویی دەوڵەتمەداریمان لە کیس چوەوە.بۆیە لە ئێستادا زۆر گرنگە کە هەموان بە سەرکردە و پارتە سیاسیەکان و جەماوەر هەموان بە جیاوازی بیروبارەڕو بۆچوون و ئینتیمایەکەوە یەکڕیزی نیشتیمانی و نەتەوەیی بپارێزن و هەموان ئاستی تێفکرین و تێڕوانین و بۆچونی تەسکی حیزبی و تایەفی و ناوچەگەرێتی خۆیان بەرزبکەنەوە بۆ ئاستی نەتەوە و نیشتیمان و پێکەوە خەبات بکەن بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان..

- لەم قۆناغەدا دوای هاتنە گۆڕەپانی سیاسی و سەربازی عێراقەوە لەلایەن چەکدارانی داعشەوە و خۆسەپاندنیان بەسەر هەمواندا و هێنانەکایەی بارودۆخێکی نەویستراو و چاوەڕواننەکراوی وەها کە هەمووانی تووشی شۆك کردوە، کورد لەهەموان زیاتر پێویستی بە یەك ڕیزی نیشتیمانی هەیە لەبەرامبەر ئەم قەیران و تەنگژە و هەڕەشانەدا بۆ سەر خاك و گەلانی کوردستان و ئەزمونی حوکمڕانیەکەی ، چونکە دوور نیە وەکو مێژووی ڕابووردوومان گەر دەست بە ئەڵقەی یەك و یەکگرتووی ڕیزەکانمانەوە نەگرین زۆر ئاسانە کە وەکو ئەزمونەکانی مەلیك مەحمود و قازی پێشەوامان بەسەردا بێت و ئەم ئەزمون و فورسەتە زێڕینەمان بۆ سەدەیەکی تر لە دەستبچێت،.
- ئاشکراشە یەك ڕیزی نیشتیمانی تەنها بە گوتە و دروشم نابێت بەڵکو دەبێت لەسەر زەمینەی واقیعدا ڕەنگ بداتەوە و هەموان هەستی پێبکەن و هەموانیش بەشداریەکی گەرموگوڕی تیادا بکەن و هیچ کەس و سەرکردە و لایەنێکیش ڕاوبۆچون و هەژموونی خۆی نەسەپێنێتە سەر ئەوانی تر و خۆی نەکاتە تەنها بڕیاردەر لەجیاتی هەموان ، ئەم قۆناغە پێویستی بە بونی ئیجماعێکی سیاسی و جەماوەری و سەربازی هەیە لەسەر کۆی مەسەلە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان و پەراوێزخستن و حساب بۆنەکردنی ئەوانی تر دەرئەنجام و پەرچەکرداری نەخوازراوی لێدەکەوێتەوە کە هەموانیان بەزیان دەگەڕێتەوە بۆ خەباتی نەتەوەیی و نیشتیمانیمان و دوژمنان سوودیی لێوەردەگرن.

جا ئەم یەك ڕیزی نیشتیمانیە هەم بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان لەبەردەم دوژمنان و ناحەزاندا گەرەك و پێویستە هەمیش بۆ ناو خۆی حوکم و دەسەلأتی کوردی خۆمان لە

حكومەت و پەرلەمانی كوردستان و لە حكومەتە خۆجێیەكانی پارێزگاكانیشدا گەلێك پێویستترە ، ناكرێت ئێمە تەنها بۆ جوانكردنی سیمای كورد لەبەردەم دونیای دەرەوەدا وا خۆمان پیشان بدەین كە یەك و یەكگرتووین بەڵام لەناوخۆی حوكمەت و دەسەڵاتی ناوخۆییەكاندا كێبڕكێی توندمان هەبێت و هەوڵی سڕینەوە و بچووككردنەوەی ئەوانی تر بدەین و حساب بۆ دەنگ و جەماوەر و ئیستیحقاقی هەڵبژاردنەكان نەكەین ،وەك ئەوەی كە ڕوویدا لە ئەنجومەنی پارێزگاكانی دهۆك و هەولێردا لەلایەن پارتیەوە سەرەڕای ناڕازی بوونی هێز و فراكسیۆنەكانی تر. جا ئەم هەڵوێستە دووفاقیە و پێوانەكردن بە دوو میكیال ئەمە بۆخۆی هەڕەشەی درزتێبوون و تێكدانی یەكڕیزی نیشتیمانی دەكات ودەردەخات و پەكیشی دەخات، كە كورد لە ئێستادا لەهەموو كات زیاتر پێویستی بەو یەكڕیزی و تێگەیشتن و لێكنزیكبونەوەیە هەیە نەك جوداخوازی و خۆسەپاندن و حساب بۆنەكردنی ئەوانی تر، چونكە ئەو هێزانەشی كە پەراوێز دەخرێن كارتی گوشاریان بەدەستەوەیەو دەتوانن بەكاریببێنن و بەهێزترینیشیان خۆكێشانەوەیانە لە حكومەتی هەرێمی كوردستان كە دوای ٩ مانگ توانرا پێكبهێنرێت، جا تا كات نەگەیشتۆتە ئەو هەڵوێستە دەكرێت پارتی بەسەر هەڵویستی تاكلایەنەی خۆیدا بچێتەوەو یەكڕیزی گەل و خاكی كوردستانیش بپارێزێت و هێندەی سیاسەتی ئینتیقائیەت و تەسكی حیزبایەتی پیادە دەكات نیوهێندە سیاسەتی پاراستنی یەكڕیزی سیاسیی ونیشتیمانی و نەتەوەیی پیادە بكات و ئەم قۆناغە هەستیارەی خەبات پێكەوە تێبپەڕێنرێت و هیچ كەس و لایەنێك نەبێتە هۆی لەدەستدانی ئەوەی هەیە و وەدەستیش هاتوە و بۆ سەدەیەكی دی هەموان لە چاوەڕوانی و بێئومێدیدا بین و خەونی نەوەكانی داهاتوشمان لەگۆڕبنێین.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی مەکتەبی ڕێکخستن دا لە ٥/٧/ ٢٠١٤ دا بڵاوکراوەتەوە.

## ئەرێ داعش ڕووی ڕاستەقینەی ئیسلامە یان.....؟ *

❖ زۆرترین ناو و زۆرترین باس کە لەماوەی ئەم مانگەدا باسیکراوە و ناوی هاتوە بریتیە لە وشەی داعش (( دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام )).. ئەم وشەیە هەربۆخۆی ترس و تۆقین و دڵەڕاوکێ دەگەیەنێت و وشەیکی نامۆ و مەترسیدارە وبەشێوەیەکی خێرا و بروسك ئاسا لەناو هەموو پێکهاتەکانی عێراق و ناوچەکە و دونیاشدا بڵاوبۆوە و بوە باس و خواسی ڕۆژنامە و گۆڤار و سەرجەم میدیاکان و هەروەها بوە جێگەی گرنگیپێدانی دەزگا جاسوسیەکانی ناوچەکە و دونیاو سیاسەتەمەداران و کۆڕوکۆبونەوە نهێنی و ئاشکراکان..

هەبوو بۆ خۆڕێکخستن و پەیوەندی دروستکردن لەگەڵیدا بۆ ئەوەی لە ئایندەدا ببێتە هاوپەیمانی و لە زیان و هەڕەشەکانی خۆی لابدات و هەشبوو بۆ پلاندانان دژی و سەرنەکەوتنی و ڕاوەدوونان و تەفروتوناکردنی خۆی ساز و ئامادە دەکرد.جا لەم نێوەدا گەلێك وڵاتان و دەزگا جاسوسیەکان تێوەگلاون و ئایندەش زامنی دەرخستنی ڕاستیەکان و بەڵگەکانن لەو بوارەدا..

ئەوەی گرنگە داعش توانی لەکەمتر لە نیومانگدا خۆی بسەپێنێتە سەر گۆڕەپانی سیاسی و سەربازی عێراق و ناوچەیەکی پان و بەرین و لە قوڵایی خاکی عێراقدا داگیربکات و حوکم و دەسەڵاتی خۆی تیادا ڕابگەیەنێت و یاساو ڕێساکانی خۆی بچەسپێنێت و بشتوانێت ببێتە جێگە متمانەی بەشێك لە دانیشتوانی ئەو ناوچانە و هاوکاری و کۆمەکی

پێشکەش بکەن . داعش خۆی وەك بزوتنەوەیەکی ئیسلامی سەلەفی توندڕەوی سونە مەزهەب دەرکەوتوە و خۆی ناساندوە و ئامانجەکانیشی بریتین لە ڕزگارکردنی عێراق و شام لە دەسەلأتی شیعە مەزهەب و گەڕانەوەی حوکمی سونەکانە، جا بەو ئامانجانە گەلێك ڕێکخراوی تری ئیسلامی و عیلمانی لەژێر ئەو چەترەدا کۆبونەتەوە و هەموو هێز و توانا دارایی و سەربازیەکانیان یەکخستوە و ئەمەش بۆ خۆی هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆیە لەسەر دەسەلأتی شیعە مەزهەبی ١٢ ساڵ تەمەنی لە عێراق و دواتریش بۆ سەر ئێران و ئامانجی ستراتیژیشیان بریتیە لە پێکەوەنان و زیندووکردنەوەی خەلافەتی ئیسلامی لەناوچەی ڕۆژهەلأتی ناوەڕاستدا.

لە پێناو ئەم ئامانجانەشدا داعش لە بەکارهێنانی هیچ هۆکار و میکانیزمێك ناپرینگێتەوە و تاڕادەی ئەوەی کە حەرامیشی حەلأڵ کردوە بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی وەکو ئەو گوتەیەی کە دەڵێت (( ئامانج بیانووی هۆکارە )) .

داعش لە مامەڵەیان لەگەڵ خەڵکانی دژ بەخۆیان زۆر توندوتیژن و بەوپەڕی وەحشیگەرایی مامەڵە دەکەن و مرۆڤەکان سەردەبڕن و بێگوناهان دوور لە دادگایەکی تەنانەت ئیسلامیش حوکم دەدەن و سەروەت و سامانەکانیش بە غەنیمەت دەزانن و تەنانەت ناموسی کچان و دایکانیش بەبیانوی ((نیکاحی جیهادەوە)) حەلأڵ کردوە و دزینی سەروەت و ماڵی گشتی بۆخۆیان ئاساییە و بەشێوەیەك هێندەی وەکو هێزێکی بەکرێگیراو و دز و جەردە و مافیا دەردەکەون کە دوورن لەهەموو بەها ئەخلاقی و مرۆیی ودینیەکانەوە ، نیو هێندە وەکو بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخواز و ئیصلأحی و لێبوردەیی و خاوەن بەرنامە و کار و تێڕوانینی چاکسازی و گۆڕانکاری کۆمەڵگاکان مامەڵە ناکەن ،، هەرئەمەش وایکردوە کە نیشانەی پرسیار لەسەر ئەم بزوتنەوە قارچك ئاسایە دابنرێت و هەمووان بە گومان و دوودڵیەوە لە ئێستا و ئایندەیان بڕوانن، تا ئێستا لە هەندێ ولأتی کەمەوە نەبێت نە متمانە و نە هاوکاری مادی و مەعنەوەی ناکرێت.

ئەوەی ئاشکرایە داعش بۆخۆی بەتەنها نیە و داردەست و پەلکێشی هێزە ناوچەییەکانە و ئەم شەڕ و ململانێیەی ناوعێراق بەتەنها بۆ داعش نیە و بەڵکو داعش بە نیابەتی ئەو هێزانە پیلانەکان جێبەجێدەکات.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئەرێ داعش بەم کار و کردەوانەی نمونەی ڕاستەقینەی دینی ئیسلامە؟ یان بەم مامەڵە و بەکارهێنانی زەبر و زەنگەی دەبێتە هۆکاری ناشیرینکردنی

ئیسلام و ئیسلامیەکان ؟ ئایا ئەم مامەڵە و تێفکرینەی داعش سوودی زیاترە بۆ ئیسلام یان زیان؟ ئەی هەڵوێستی ئیسلامیەکان لە کوردستان چیە بەرامبەر داعش ؟
بەکورتی داعش بەم مامەڵە و کردارانەی ناشیرینترین شێوەی ئیسلامی پێشکەش بە کۆمەڵگای ئیسلامی و ناوچەکە و دونیاش کرد کە هەموان لە ئێستادا گەر لە داعشەوە بڕواننە ئیسلام ئەوا بە ئاینێکی تۆقێنەر و دڵ ڕەق و زەبروزەنگ دەیناسن نەك وەك ئەوەی کە هەزاران ساڵە ئێمەی کورد و گەلانی ناوچەکەش ئیسلامەمان قبوڵکردوە و بە ئاینێکی ئاشتی و ئارامی و لێبوردەیی و برایەتی و هەموو بەها جوانەکانمان زانیوە. هەربۆیە داعش بۆ نەوەی نوێ وێنایەکی ڕەش و تاریك و کوشتن و بڕین و ترس و مەرگەساتی پێشکەش کرد کە هەموانیان لە ئێستادا بە تێڕوانین و تێگەیشتنێکی دوور لە ناوەڕۆك و بنەما جوانەکانی ئیسلام دەڕواننە ئەم ئاینە و مێژوەکەیی کە بۆتە مایەی دوورکەوتنەوەی زیاتر لە پەیڕەوکردنی ئەو ئاینە، کە بۆخۆشی لێرەدا جارێکی تر نیشانەی پرسیار لەسەر داعش و داعشیەکان دروست دەکات کە لە ڕووییەکەوە ئەو تێفکرینە دێتە ئاراوە کە داعش دروستکراوی ڕێکخراوە توندڕەوە مەسیحی و جولەکەکانی دونیا بێت و بۆ ناشیرینکردنی ئاینی ئیسلام هانیانبدات و بەشێوەیەك لە شێوەکان جەنگ و ململانێی دێرینی مەسیحیەت و ئیسلامی سەدەکانی ڕابووردوو بێت.سادەترین بەڵگەش بوونی ئەو ژمارە زۆرەی ئەوروپیەکان و وڵاتانی ترە لە ڕیزەکانی داعشدا و ئەوان لەهەموان توندڕەوترن لە کوشت و کوشتارەکاندا.چ سونە بێت یان شیعە و چ کوردیش بێت.چونکە هەمونیان هەر بەناو ئیسلامن.
جا بەم شێوەیە داعش هێندەی سوودو قازانجی بە دژە ئیسلام و ئیسلامیەکان گەیاندوە نیوهێندە سوودی بە ئیسلام نەگەیاندوە و بەڵکو زەرەرو و زیانەکانی بۆ ئیسلام گەلێك گەورەترە و مەزنترە. بەداخیشەوە ئەو هێزە ئیسلامیانەی لە کوردستاندان و کە لەئێستادا هەموانیشیان لە دەسەڵاتی سیاسی ئەم هەرێمەدان نە بەچاك نەبەخراپ هەڵوێستێکی ڕوون و ئاشکرایان لەبەرامبەر داعشدا نەنواندوە و خۆیان پاراستوە لە قسەکردن لەسەر دنیابینی داعش و هەڵوێست و گوتارەکانیان و بە جدیش بەشداری لە کۆمەك و هاوکاری هێزی پێشمەرگەدا ناکەن و لە میدیاو ڕاگەیاندنەکانیاندا گرنگی بەو بابەتە نادەن و هەڵوێستێکی لاوازی نیشتیمانی و نەتەوایەتی دەنوێنن و وەکو بڵێی چاوەڕوانی یەکلاکردنەوەی ململانێ و جەنگەکەن و گەر داعش سەرکەوتنی بەدەستهێنا ئەوا

ڕاستەوخۆ دەبنە لایەنگری وەکو هێزی ئیسلامی و گەریش سەرنەکەوت ئەوا زەرەریان نەکردوە.

بۆیە بەڕاستی داعش وەك چۆن چاوەڕوان نەکراو بوو بەم خێراییە گەورە ببێت و ببێتە پالأوانی سەر گۆڕەپانەکە و بەشێوەیەك کە بەهێزێکی کەمی نا مونەزەمەوە بتوانێت سەرکەوتن بەسەر سوپای عێراقیدا وەدەستبهێنێت و ناوچەیەکی فراوان داگیربکات و مقاوەمەتیش بکات و بتوانێت شەڕی بەرەی بکات و پێشکەوتنی بەردەوامیش وەدەستبهێنێت، ئاواش چاوەڕوان نەکراو بوو کە ببێتە مایەی ئازادکردنی ناوچەکانی کوردستان بەبێ شەڕ و جەنگێکی قورس و خوێناوی و بەمەش سوودێکی گەورە و مێژوویی بە کورد و کوردستان بگەیەنێت لەم قۆناغەدا.

بەلأم دەبێت ئەو ڕاستیە بزانین کە بەدڵنیایی داعش دۆستی کورد و مەسەلەکەی نیە و هیچ کاتێکیش ڕازی نابێت کوردستان سەربەخۆ و ئازاد بێت ، بەلأم لەم قۆناغەدا ناتوانێت چەند بەرەیەك دژ بەخۆی بکاتەوە هەربۆیە نەرم و نیانە لەگەڵ کوردا و هەرکاتێکیش لە ناوچەیەکدا بزانێت سەرکەوتوو دەبێت بەو پەڕی تواناوە دژی کورد و هێزی پێشمەرگە ڕادەوەستێت بەتایبەتیش لە ناوچەکانی کەرکوك و حەمرین و گەرمەسێردا.

بۆیە کورد نابێت بەچاوی دۆستەوە لە داعش بڕوانێت، بەڵکو تەنها سوود لەو ململانێیانە ببینێت و بە قازانجی مەسەلەی کورد بیشکێنێتەوەو بتوانێت پارێزگاری لەماڵ و حاڵی کوردستان بکات و تابتوانێت شەڕ لە ناوخاکی کوردستان دووربخاتەوە و سنورەکانی کوردستان بپارێزێت و لە چاوی داعشیشەوە نەڕوانێتە دینی ئیسلامی پیرۆز کە داعشیەکان لێیبێبەرین.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی ئیسلام پەیک لە ٢٠١٤/٧/٣ و ئاوێنە نیوز لە ٢٠١٤/٦/٢٩ وستاندارکورد لە ٢٠١٤/٦/٣٠دا بلأوکراوەتەوە.

# ڕۆڵی ڕوناکبیر

## لە غیابی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە کوردستاندا.... *

- ئاشکرایە ژیانی سیاسی و سیستەمی سیاسی هەر کۆمەڵگایەك کاتێك سیستەمێکی تەندروست دەبێت کە لەسەر بنەمای ئازادی و دیموکراسی و عەدالەتی کۆمەلأیەتی بنیات نرابێت، ئەم سیستەمە سیاسیە تەندروستەش تەنها لە سایەی چەسپاندن و خەملأندنی دیموکراسیدا چێ دەبێت نەك سیستەمێکی تاکڕەو و توتالیتاری و دیکتاتۆریەتدا.

ئاشکراشە سیما گەشەکانی سیستەمی دیموکراسی هەڵبژاردن و دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەلأتە لە نێوان سەرکردە و پارت و بزوتنەوە وگروپ و ڕێکخراوە سیاسیەکاندا.

کە ئەم کارەش وا پێویست دەکات کە لە سیستەمی دیموکراسیدا و لەکاتی ئاشتی و ئاسایش و ئاسایدا، پارتە سیاسیەکان دابەش ببنە سەر دوو بەرە، بەرەی دەسەلأت و بەرەی ئۆپۆزسیۆن. ئەم دووبەرەیە ئاساییە لە ململانێی سیاسی و کێبڕکێدا بن بۆ گرتنە دەسەلأتی سیاسی بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی هاولأتیان و ولأت و گەشەپێدانی لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا هەریەکەیان بە پێی بەرنامە سیاسیەکەی خۆی.

ئەم دوو بەرەیە گەر بەڕاستی نیەتی خزمەتکردنی ولأت و کۆمەڵگایان هەبێت، ئەوا دەبێت ببنە دوو جەمسەری تەواوکەری هاوکێشە سیاسیەکە، نەك دوو جەمسەری پڕ کێشە و ململانێی ناڕەوا و دوورکەوتنەوە لە یەکتری و تێکدانی سیستەمە سیاسیەکە و کارکردن لە سەر حەز و ئارەزووەکانی جەماوەر و وورووژاندنیان.

جا هەر کاتێك لە دەوڵەتێکدا و لە سیستەم و هاوکێشە سیاسیەکەیدا،تێکچوون ڕوویدا و بەرەی ئۆپۆزسیۆن بونی نەما، یان ڕۆڵ و کاریگەری کزولاواز بوو لە گۆڕەپانی سیاسیدا و ئاکتیڤ و کارا نەما بەهەر هۆیەکەوە بێت، ئەوا سیستەمە سیاسیە دیموکراسیەکە ناتەواو و ناکامڵ دەبێت. کە لە کۆتایشدا بە زیانی گەورە بۆ بەرژەوەندی هاولاَتیان و تەواوی کایە سیاسی و دیموکراسی و ئازادیەکان لە ولاَتدا دەشکێتەوە.

- لەم قۆناغەی ئێستای کوردستاندا و بەتایبەتیش دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٣/٩/٢١ ی پەرلەمانی کوردستان و هەڵبژاردنی ٢٠١٤/٤/٣٠ ی پەرلەمانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمدا. بە بیانوی پاراستنی ئارامی و ئاسایشی کوردستان و دوورکەوتنەوە لە زمانی زبر و ڕەخنەی توند و کەشوهەوای بارگاوی. هەروا بە بیانوی پاراستنی یەکریزی نیشتیمانی کوردستانەوە.هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی کوردستان زۆر بە پەرۆشەوە هەنگاو و بڕیاریان نا بۆ چوونە ناو دەسەلاَتی سیاسی کوردستانەوە و زۆر بەتوندی داوای مافی هەڵبژاردنی خۆیانیان دەکرد و بەگەرمیش شەڕی دەسکەوت و پلەو پۆست و ئیمتیازاتیان دەکرد لە هەرێم و بەغدادیش.

ڕاستە مافی هەموو هێز و پارتێکی سیاسیە کە هەوڵ بۆ گەیشتنە دەسەلاَت بدات بۆ زیاتر خزمەتکردنی هاولاَتیان و ولاَت لە ڕێگەی جێبەجێکردنی بەرنامە سیاسیەکەیەوە. بەلاَم بەم شێوەیەی چونە ناو دەسەلاَتەوە لەلایەن هەرسێ هێزە ئۆپۆزسیۆنەکەوە مایەی دەیان پرسیارە لەسەر نیەت و کار و بەرنامە و دروشمەکانی ڕابوردویان.

لەهەمان کاتیشدا دەستگرتن بەدەسەلاَتەوە لەلایەن هەر هێز و پارتێکی سیاسیەوە بێت تاسەر،هەمان نیشانەی پرسیار دروست دەکات.

بەداخەوە لەڕۆژهەلاَت بەگشتی و لە کوردستانیش بەتایبەتی، پارتی سیاسی هێندەی بۆ خۆژیاندن و خۆ دەوڵەمەندکردن و دەستخستنی پلەو پۆست و ئیمتیازاتە، نیو هێندە بۆ خزمەتکردنی کۆمەلاَنی خەڵك نیە.هەربۆیەش هیچ کات سیستەمێکی سیاسی دیموکراسی ڕاستەقینە ناچەسپێت و گەلان و کۆمەڵگاکانی ئەم ناوچانەش هەرگیز پێشکەوتن و گەشەکردن و ئاشتی و ئارامیش بەخۆیانەوەی نابینن و بەبەردەوامی لە گێژاوی ململانێی خوێناویدا ژیان دەگوزەرێنن و دیموکراسی و ئازادی و عەدالەتی کۆمەلاَیەتیش تەنها وەك دروشمێکی بێناوەڕۆك دەمێننەوە و هەرگیز ناچەسپێن.

لە ئێستادا و لەهەرێمی کوردستاندا هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی کارا و ئەکتیڤ نەماوە بەمانای بون و کاریگەری، چونکە هەر پێنج هێزە گەورە و براوەکەی هەڵبژاردنەکان بونەتە شەریك و هاوبەش لە دەسەڵاتدا. ئیدی بەم شێوەیە هاوکێشەی سیاسی لە کوردستاندا لەدوو جەمسەریەوە بۆتە تاك جەمسەر و بەمەش هاوسەنگی هێز و هاوکێشە سیاسیەکان تێکچوە و لاسەنگ بوە.و ئەمەش تەنها بەزیانی هاوڵاتیان شکاوەتەوە چونکە هیچ هێز و لایەنێك پارێزگاری لەمافەکانیان ناکات و هەموان لەهەوڵی پاراستنی دەسەلات و بەرژەوەندی حیزبەکانی خۆیاندان.

لەکاتێکدا هێزی ئۆپۆزسیۆن گەر بە دروشم و ڕووکەشیش بوبێت واخۆی نمایشدەکرد کە پارێزەری ماف و نمایندەی داخوازیەکانی جەماوەرە و هەوڵدەدات بۆ وەدیهێنانیان و پارتە دەسەلاتدارەکانیشی خستبوە بەر ڕێژنەی ڕەخنەو ژێر مایکرۆسکۆبی چاودێریەوە و بە باش و خراپیانەوە هەر زمانی ناڕازی بوو.هەر ئەمەش وایکرد کە زۆرێك لە دەنگەدەران و جەماوەر لەدەوریان کۆبێتەوە وفریو بخۆن و بیانگەیەننە دەسەلات.

- **ئالێرەدا ئەو پرسە دێتە پێشەوە، ئایا لە غیابی بون و نەمانی ڕۆڵ و کاریگەری هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی کارا لە کوردستاندا کێ و چ کەس و لایەنێکی تر ئەو ڕۆڵە ببینن؟ ئایا ڕوناکبیران لەم قۆناغە و چرکەساتەدا ئەرك و پەیامیان چ دەبێت و دەتوانن چ ڕۆڵێك بگێڕن؟ و دەیان پرسی تریش...**

پێشەکی گەرەکە بزانین ڕووناکبیر کێیە و بەکێ دەڵێن و ئەرك و کاریان چیە لەناو کۆمەڵگا و لەناو پارتە سیاسیەکانیشدا. لە پێناسی ڕوناکبیردا، گەلێك پێناسی جیاواز هەیە، ئەوەتا ئەنتۆنیۆ گرامشی دەڵێت (( دەتوانرێ بگوترێ کە هەموو مرۆڤەکان ڕوناکبیرن، بەلام هەمویان ڕۆڵی ڕوناکبیر ناگێڕن ))، یان لە پێناسێکی تردا دەڵێت (( هەر کەس ئەمڕۆ لە یەکێك لە بوارەکاندا خەریکی کاربێت کە پەیوەندی بە بەرهەم و دابەشکردنی زانستەوە هەیە، بە ڕووناکبیر دەژمێردرێن))،

جۆلێن بندا دەڵێت (( ڕوناکبیران دەستەیەکی گچکەی فەیلەسوفن و کە بە بەهرە و ئیمتیازە ئاکارە باشەکانیان، بە ویژدانی مرۆڤایەتی دۆژمێردرێن )).

ئیداورد سەعیدیش دەڵێت (( ڕوناکبیر کەسێکە هۆی بونەکەی گێڕانی ڕۆڵی نوێنەرایەتی هەموو ئەو خەڵکە و ئەو بابەتانەیە کە لە کاتی ئاساییدا، یان فەرامۆشکراون و یان بەنهێنی پارێزراون )).هەروەها دەڵێت ((ڕوناکبیر ڕوویەکی دیارە، کەسێکە بە ئاشکرا نوێنەری

جۆرێك دیدوبۆچونە، کەسێکە سەرباری جۆرەها تەگەرە، خوڵقێنەری دەرکەوتەی لێزانانەیە بۆ کۆمەڵ)).

بەڵام هەموانیان لەسەر چەند سیفات و خەسڵەتێکی هاوبەش ڕێککەوتون کە پێویستە لە کەسێکدا هەبێت ئەوکات دەتوانرێت پێیبوترێت ڕوناکبیرintellectual ، لەو سیفاتانەش:

١. دەبێت کەسێك بێت لە بیرکردنەوەدا ئیجابی بێت و ڕۆحیەتی گەشبینی بڵاوبکاتەوە نەك ڕەشبینی و نائومێدی.

٢. دەبێت خاوەنی ڕۆشنبیریەکی هەمەلایەنە و دەوڵەمەند بێت.

٣. دەبێت دوور بێت لەهەر لایەنگیریەکی حیزبی و تایەفی و ئاینی و مەزهەبی و نەتەوەیی دیاریکراوەوە.

٤. دەبێت لەکاتی کێشە و تەنگژە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکان و..هتد. بەشێوەیەکی بابەتیانە باس لە کێشەکە و چارەسەرەکانیشی بکات ، دوور لە کەوتنە ژێر هیچ کاریگەریەکی ماکینەی ڕاگەیاندنەکانەوە.کە سەر بەو حیزب یان ئایدیا یان مەزهەب و ئاینەوە بێت.

٥. دەبێت کەسێك بێت، هەوڵی هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگا بدات و لەو مەسەلانەدا قسە و ڕاوبۆچوونی هەبێت کە گرنگن بۆ ئێستاو ئایندەی کۆمەڵگا.

٦. کەسێکی زیرەك و بیرمەند و ڕەخنە گربێت و خاوەن بیرۆکە و چارەسەریش بێت بۆ کێشە و تەنگژەکان. بەکورتی دەبێت ڕەخنەگرێکی کۆمەڵایەتی بێت و توانای دیاریکردن و شیکردنەوەی بابەتیانەی هەبێت.

بەم شێوەیە دەکرێت بەکەسێك بوترێت ڕوناکبیر و ئەم سیفەتەش ئەرك و لێپرسراوێتی گەورە دەخاتە ئەستۆی، لە گرنگترین ئەرك و ڕۆڵی ڕوناکبیر بریتیە لە:

ڕوناکبیر ئەرکێتی کە پارێزگاری لەماف و داخوازی هاوڵاتیان بکات بەرامبەر دەسەلأت یان هەر گروپ و ڕێکخراوێك.ئەمەش دەتوانێت جێبەجێبکات لە کاتێکدا:

١. ڕوناکبیر دەبێت ئازاد و سەربەخۆ بێت و لایەنگیری بۆ هیچ سەرکردە و پارتی سیاسی و گروپ و ڕێکخراو و مەزهەب و ئاینێك نەبێت.

٢. دەبێت ڕوناکبیر، نیشتیمان پەروەر بێت و ئاسۆی فکر و لێکدانەوەی تەنها لە خزمەت گەل و نیشتیمان و هاوڵاتیاندا بێت.

هەربۆیە لەم قۆناغەی ئێستای کوردستاندا کە ئۆپۆزسیۆنی سیاسی ئامادەگیەکی جدی نیە، دەبێت ڕوناکبیران ڕۆڵی هۆشیارکردنەوەی جەماوەر و دەستپێشخەری چارەسەری کێشە و تەنگژەکان بکەن و چاودێر و ڕەخنەگرێکی نیشتیمانپەروەرانەش بن و بەڕاستگۆیانە ببنە پارێزەری مافەکانی هاولآتیان. و لەناو کۆمەڵگا و لەناو پارتە سیاسیەکانی خۆشیاندا دەبێت کاریگەری خۆیان هەبێت و ئەوان ببنە هەوێن و هۆکار و گروپی فشاری پرۆسەی چاکسازی و نوێبونەوە و ڕۆشنکردنەوەی فکر و بەرنامە و ئایدیای سەرکردە و حیزبەکانیان و نەبنە بەشێك لەململانێ و تەکەتولەکان و ببنە هۆکاری هێنانە پێشەوەی بیر و جەستەی نوێ.

هەرچەندە ڕاستیەکی مێژوویی هەیە کە هەرگیز سیاسەت و ڕووناکبیر پەیوەندیان باش نەبوە و دوژمنایەتیەکی ڕەگداکوتراو و قوڵیشیان لەنێواندا هەیە. بەتایبەتیش دەسەلآتە دیکتاتۆرو داخراو وکۆنەپارێزەکان کە هەمیشە لە ڕوناکبیر و خاوەن قەڵەمە ئازادەکان ترساون و دژایەتیان کردوون گەر نەبوبنەتە بڵندگۆی سیاسەت و بەرنامەکانیان.

هەربۆیە ڕۆشنبیرانی ناو حیزبە سیاسیەکان ئەرکێکی گەورەیان لە ئەستۆدایە، چونکە دەبێت لەدەرەوەی چوارچێوەی سیاسەتی حیزبەکانی خۆیاندا بیروڕاو بۆچونەکانیان دەربڕن و خۆیان قەتیس نەکەن لە چوارچێوە تەسك و بچوکە حیزبیەکاندا و هەر بەمەش دەتوانن ببنە پێشڕەو و دەستپێشخەرو ڕووناکردنەوەی ئاسۆکانی گۆڕانکاری لە فکر و ئایدیاو بەرنامەی حیزبەکانیاندا.

ڕوناکبیری کارا بەو سیفەتەی دەنگی نەتەوە و زمانحاڵی جەماوەرە و چاوێکی تیژی بینەری ڕووداو و پێشهاتەکانە و دڵی زیندووی خواست و ویستەکانی کۆمەڵگایە و چونکە ڕوناکبیر دەبێت ڕاستەوخۆ لەناو جەماوەردا بژێت و سادە و ساکاریش بێت لەناویاندا، دەبێت وەك سەربازێکی ون و دڵسۆز و نیشتیمانپەروەر ببێتە پارێزەری بونیاتنانی کۆمەڵگایەکی هۆشیار و تێگەیشتوو.

ڕوناکبیری کارا کە پاڵفتەی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگان و هەمیشە لە هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی گۆڕانکاری و ڕۆشنکردنەوەی کۆمەڵگا دەبێت جیاوازبن لە بەناو ڕووناکبیرانێ کە یان بەتەنها ڕۆڵی تەماشاکەری ڕووداوەکان دەبینن و هیچ ڕۆڵ و کاریگەرییان نیە و یان تەنها بەشێوەیەکی ڕەشبینانە بیردەکەنەوە و ئاسۆی هیواو ئومێدەکانی جەماوەر لەناو دەبەن و یانیش بەشێوەیەکی هەلپەرستانە هەڵوێست وەردەگرن بۆ بەرژەوەندی تایبەت و کەسیەکانی خۆیان.

- لە کۆتاییدا دەڵێین هیچ شۆڕشێکی گۆڕانکاری بەبێ ئامادەگی ڕوناکبیران سەرکەوتوو نەبوە و لەبەرامبەریشدا هیچ شۆڕشێکی چەواشەکاریش بەبێ هاکاری ڕوناکبیران سەریهەڵنەداوە. هەربۆیە ڕۆڵ و کاریگەری ڕوناکبیران دووجەمسەرە و زۆر گرنگ و کاریگەریشە ، جا هەر کاتێك ڕوناکبیران ئیجابیانە ڕۆڵە مێژوییەکەی خۆیان گێڕا ئەوا کۆمەڵگایەکی هوشیار و دەسەڵاتێکی دیموکراسی و خزمەتکار دێتە ئاراوە و گەر بە پێچەوانەشەوە ڕووناکبیران ڕۆڵێکی نێگەتیفیان بینی و دوای ماکینەی ڕاگەیاندنی دەسەڵاتەکان کەوتن و کەوتنە داوی حیزبایەتی تەسك و بچوکەوە و خواستی وەدەستهێنانی پۆست و پلە و ئیمتیازاتیان کەوتە کەڵکەڵەوە ئەوا بەدڵنیاییی کارەسات دەقەومێ لەو کۆمەڵگاو دەسەڵاتەدا و ئایندەیەکی ڕەش و تاریکیش چاوەڕەوان دەکرێت، بەهیوای ئەوەی کە ڕوناکبیرانی کوردستان لەبەرەی ڕۆڵە ڕاستەقینە و مێژووکردەکەدا بن بۆ خزمەتکردنی کوردو کوردستان.

---

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٦٤٥٢ لە ٢٠١٤/٨/١٠ و هاوڵاتی ژمارە ١٣٧٠ لە ٢٠١٤/٨/١٩ و هەواڵ ژمارە ٥٨٠ لە ٢٠١٤/٨/١٦ و سایتی پێنوسەکان لە ٢٠١٤/٨/٨ و مەکتەب ڕێکخستن لە ٢٠١٤/٨/٨دا بلاْوکراوەتەوە.

## داعش
## وەك دیاردەیەکی دژبە مرۆڤایەتی بەجیهانیبون ! *

❖ بەجیهانبوون (( گلۆبالیزەیشن)) لە دوای ساڵی ١٩٩١وە سەریهەڵدا ، لەئەنجامی ڕووخاندنی بلۆکی سۆسیالیستی و هەڵکردنی باهۆزی دیموکراسی لە دونیای سۆسیالیستیدا و هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیتی جاران و ڕووخاندنی دیواری بەرلین.بەمشێوەیە نەزمی جیهانی و سیاسەت و جوگرافیای جیهانی گۆڕانی گەورەی بەسەردا هات و دونیا لە دووجەمسەری سیاسی و سەربازیەوە گۆڕدرا بۆ تاك جەمسەری ئەمریکا و ڕۆژئاوا و سیستەم و نەزمیکی نوێ هاتنە گۆڕێ، کە بەناچاری زۆرێك لە ڕژێمەکانی دونیای عەرەب و ناوەڕاستی ڕۆژهەلاْت و بەگشتی دونیاش خۆیان لەگەڵ ئەم نەزمە نوێیەدا گونجاند و دروشم و سیمای خۆیانیان گۆڕی . هەر لە ئەنجامی ئەم سەرکەوتنەی دونیای سەرمایەداریدا گەلێك پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و ژمارەیی هاتنە دونیاوە کە لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابووردودا وەك خەون وابوون، بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای فەزایی و پەیوەندیکردن و ئینەترنێت و کۆمپیوتەر و مۆبایل و ..هتد. جیهانێکی پانوپۆڕی جاران و دوور لە یەکتر و تێکلاْو نەبوو، وەك دەڵێن بوە گوندێکی زۆر بچوك کە هەموان ئاگاداری یەکتربون و پەیوەندی دۆستایەتی و بازرگانیان گەشەپێدا و شارستانێتێکانی دوێنی کە گەلێك لەیەکتر دوور بون و تەنانەت دوژمنی یەکتریش بوون ئەمڕۆ بونەتە دۆست و هاوپەیمان و لێکنزیك، کار بەمەشەوە نەوەستا و سنورە جوگرافیا پیرۆزەکان و سەروەری دەوڵەتان و شکۆداری سیاسیەکان کەوتە بەرهەڵمەتی لەناوبردن و کاڵبونەوە و چیدی وڵاتێك یان ڕژێمێك و سەرکردەیەك تاکڕەوانە

نەیاندەتوانی بڕیاری سیاسی و سەربازی و ئابوری بدەن، نەك هەرئەوەندە بەڵکو هێندە ڕۆڵ و کاریگەری سیاسەت و سیاسەتمەدارانیش بچوکبونەوە کە ئابوری ئازاد و بازاڕ و بازرگانی و کۆمپانیا زەبەلاحە ئابوریە فرە نەتەوەییەکان بڕیاری کۆتاییان دەدا لەسەر بڕیارە سیاسی و پلانە ستراتیژیەکانی وڵاتان و سیاسەتمەداران بونە گرگنی دوای ئابوری و بازاڕی ئازاد وکۆمپانیا ئابوریەکان.

ئەم دیاردەی بەجیهانیبونە گەلێك دیاردەی پۆزەتیفی لەگەڵ خۆیدا هێناکە هەموانیان بونەتە هۆی پێشکەوتن و گەشەکردن و خۆشگوزەرانی هاولاَتیان و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، هەر لە نەمانی پیرۆزی سنورە دیاریکراو وسەپێنراوە جوگرافیاکان و نەمانی دیکتاتۆریەت و کرانەوەی وڵاتان و سنورەکان و کۆمەڵگاکان و کرانەوەی بازاڕ و دروستبونی میدیای ئازاد و هۆکارەکانی پەیوەندیکردن و ...هتد.

❖ بەڵام بەداخیشەوە هەر ئەم دیاردەی بەجیهانبوونە لەگەڵ خۆیدا گەلێك دیاردەی نێگەتیف و قێزەون و دژ بە مرۆڤایەتیشی هێنا، کە پێکەوە و هەموانیان بونەتە بەلاَ و نەهامەتی بۆ تەواوی مرۆڤایەتی و سەرتاسەری جیهانیان گرتۆتەوە و بونەتە هەڕەشە و مەترسی بۆ هەموو ئەو دیاردە جوان و خزمەتگوزرای و پێشکەوتنانەی دونیا، هەر لە دیاردەی تیرۆر و سەرهەڵدانی بزوتنەوە توندڕەو و دەمارگیر و دواکەوتو و کۆنەپارێزەکان و گرانبوونی ژیان و گوزەران و سەرهەڵدانی شەڕ و شۆڕ و دیاردەی کۆچ و ئاوارەبوون و هەژاری زیاتر و سەرهەڵدانی چەندین جۆری نەخۆشی و پەتا کە لەڕابووردودا هەر نەبوون ، بەڵام لە ئێستادا هەموو ئەم دیاردانە بونەتە دیاردەیەکی جیهانی و پێبەپێی دیاردە پۆزەتیفەکان لە گەورەبون و گەشەکردنی بەردەوامدان و هەموو دونیا پێیانەوە سەرقاڵ و خەریکن و لە ئێستادا بونەتە مەترسی گەورە و بچوکبونەوە و نەمانیشیان بونەتە کارێکی سەخت و دژوار و هەموو سەروەت و سامان و توانا سەربازی و تەکنەلۆژیەکان لە پێناو کپکردنەوە و لەناوبردنیادا بەهەدەر دەڕوات.

ناوچەی ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاستیش بۆ خۆی وەك هەمیشە بۆتە کوانوی سەرهەڵدانی ئەو بزوتنەوە توندڕەوانە بە ئیسلامی و نائیسلامیەوە و هەر لەم ناوچەیەشەوە هەڕەشە لە ئاشتی و ئارامی هەموو دونیادەکەن، یەکێك لەو دیاردە قێزەون و مەترسیدارانەی ئێستا سەرهەڵدانی بزوتنەوەیەکی توندڕەو و مەترسیداری دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شامە (( داعش))کە زۆر توندڕەوانە و بێ بەزەییانە هەڕەشە لەهەموو دونیا دەکەن و دونیایان

سەرقاڵکردوە بەخۆیانەوە، بەداخیشەوە ئەم شەڕی داعش و توندڕەوانە لە ئێستادا یەخەی کوردیشی گرتوە و مەترسیەکانی هاتۆتە بەردەرگای کورد و کوردستان.هەر لەماوەی ئەم دوو مانگەدا چەندین کارەساتی مرۆیی و جینۆساید و قەتڵوعامیان دژ بەکورد و کوردستانیان ئەنجامداوە بەبێ جیاوازی لەنێوان پێکهاتە و نەتەوە و ئاین و مەزهەبەکاندا کە بەم کارانەیان بونەتە دوژمنی هەموان و هیچ دۆست و پشتیوانیەکیان لە کوردستاندا نیە.کە پشتیان پێببەستن و سەرکەوتن بەدەستبێنن.

خۆشبەختانە کورد هەموانیان پێکەوە بونەتە یەك جەستە و یەك گیان بۆ پارێزگاری لە کورد و کوردستان و بۆ یەکەم جارە لە مێژووی نوێدا کوردان ئاوها پێکەوە کاردەکەن و خەباتی نەتەوایەتی خۆیان گەشە پێداوە و خۆڕاگری و بەرگرییان وایکردوە کە هەموو دونیای پێشکەوتوو لە ڕۆژهەلأت و ڕۆژئاوا بەهانایەوە بێن و یارمەتی مادی و مەعنەوی پێشکەشبکەن و کوردستانیان کردۆتە بەشێك لە سیاسەت و پلانی خۆیان و بەرگری لێدەکەن.

بەدڵنیاییەوە ئەم دیاردەی تیرۆر و تیرۆریستانەی داعش و هاوشێوەکانی تا سەر سەرکەوتن بەدەستناهێنن و ئەنجام هەر سەرکەوتن بۆ هێز و بزوتنەوە و توانا و گەلانی ئاشتیخواز وپێشکەوتن و داهێنانە مرۆڤایەتیەکان و تەواوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەبێت و هەمیشە دیاردە پۆزەتیفەکانی بەجیهانیبوون زاڵ دەبن.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی پێنوسەکان و ئاوێنە نیوز لە ٢٠١٤/٨/٢٢ و مەکتەب ڕێکخستن و پی یو کەی میدیا لە ٢٠١٤/٨/٢٣ و خەندان لە ٢٠١٤/٨/٢٤ و هەواڵ ژمارە ٥٨٢ لە ٢٠١٤/٨/٣٠ و کوردستانی نوێ ژمارە ٦٤٧٢ لە ٢٠١٤/٩/٢دا بڵاوکراوەتەوە.

لە یادی ١٣ ساڵەی ١١ سێپتەمبەردا..

## پێویستە بەرەیەکی بەهێزی نێونەتەوەیی دژ بە تیرۆریستان پێکەوەبنرێت.. *

- پێش ١٣ ساڵ لەمەوبەر و لە ١١ سێپتەمبەرو ٣شەممەی ڕەشی ساڵی ٢٠٠١دا ڕووداوێکی هێندە گەورە و کاریگەر ڕوویدا کە هەموو جیهانی کردە دووبەرەوە ، ئەویش ڕووداوی تەقینەوەی هەردوو باڵەخانەی بازرگانی جیهانی بوو لە شاری نیویۆرك و هێرشکردنە سەر بینای کۆشکی سپی و پێنتاگۆن لەلایەن چەند فڕۆکەیەکی نەفەرهەڵگرەوە کە تیرۆریستانی سەر بە ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی ئوسامە بن لادن سەرپەرشتیاری ئەو هێرشە نامرۆڤانەیان دەکرد ، ئەنجام زیاد لە ٥ هەزار مرۆڤی سیڤلی بێتاوان و هەزارانی تریش بونە قوربانی..ئەم ڕووداوە گەورەیی و کاریگەری و مەترسیەکانی لەوەدا بوو کە لە پایەختی ئابوری و سیاسی گەورەترین دەوڵەتی دونیا و ڕابەری تاك جەمسەری دونیادا (ئەمریکا) ڕوویدا. و لەلایەن هێزێکی بچوکی نەناسراوی ئەو کاتەوە کە ڕێکخراوێکی توندڕەوی سەلەفی ئیسلامی بوو بەناوی قاعیدەوە کە لە ئەفغانساتەوە ڕابەرایەتی دەکرا لەلایەن ئوسامە بن لادنی دۆستی کۆن و دوژمنی نوێی هەموو ڕۆژئاواو ئەمریکاوە بوو. دوژمنێك کە نەخاوەن دەوڵەت و نە خاوەن سوپایەکی مەزن و ڕێکخراو و نە بەهێندەی ئەمریکاش پێشکەوتوو بوو لەڕووی ئابوری و سیاسیی و سەربازیەوە.. بۆیە ئەم ڕووداوە نەك ئەمریکا بەڵکو هەموو جیهانی هەژاند و ئیدی لەوکاتەوە دونیا بە دواکەوتوو پێشکەوتوەوە و بەڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایەوە بونە دوو سەنگەری دژ بەیەك، بەرەی تیرۆر و تیرۆریستان کە هەموو ئەو گروپ و ڕێکخراو و وڵاتە دیکتاتۆر و تاکڕەو وکۆنەپارێزانەی لەخۆ دەگرت کە دژ بە پێشکەوتن و هەژمون و دەسەڵاتی ڕۆژئاواو ئەمریکا بوون و بەناوی جیهاد و صحوەی ئیسلامیەوە یەکیان

گرتبوو، بەرەی دژ بە تیرۆر و تیرۆریستانیش هەموو ئەو وڵاتانەی دەگرتەوە کە دژی خوێنڕێژی و توندیژی ئاینی و مەزهەبی و نەتەوایەتی بون و هەوڵیاندەدا کە دونیایەکی ئارام و ئاسایش و دیموکراسی بێننە دی.

هەربۆیە ئەم دووبەرەیە لەماوەی ١٣ ساڵدا لەململانێیەکی بەردەوامی خێناویدان و هەرجارە و لەشەڕێکدا ئەم یان ئەویان سەردەکەون و درێژە بەجەنگە پڕ مەترسی و نەبڕاوەکەی دژ بە مرۆڤایەتی دەدەن.

بەرەی دژە تیرۆر هەنگاو و هەڵمەت و هێرشی گورچکبڕی لە تیرۆریستاندا لەهەموو دونیادا لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلآت و توانا مادی و مەعنەوی و لۆجستیکیەکانیانی تێکشکاند و چەند ڕژێم و ولآتیان سەرەونگوم کرد وەك تالیبانی ئەفغانستان و بەعسی صدامی لە عێراق و گەلێك جێگەی تری دونیا. و پەلوپۆی ڕژێمە تاکڕەوەکانیشان کردو بێهێز و لاوازیان کردن و لە کۆتاییشدا توانیان کە سەرکردەی ڕێکخراوی قاعیدە لە پاکستان ئوسامە بن لادن بکوژن و لەناوی بەرن و بەمەش قاعیدە و ڕێکخستنەکانی بونە ڕێکخراوێکی سەرلێشێواوی دونیایی و بلآوبونەوە بەهەموو دونیادا ، ئەم هەنگاوە بۆخۆی سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ ئەمریکاو هەموو بەرەی دژ بە تیرۆریستان، بەلآم لەهەمان کاتیشدا بوە هۆی زیاتر بلآوبونەوەی ئەو گروپ و ڕێکخراوانەی هاوشێوەی قاعیدە بون و ئەمجارەیان زۆر توندڕەوتر و مەترسیدارتر و پێشکەوتوانەتر کاری تیرۆریستیان ئەنجامدەداو بەڕاستی بونە هەڕەشە و مەترسیەکی گەورە بۆ هەموو ئاشتی و ئارامی هەموو دونیا بەگشتی و بەتایبەتیش ناوچەی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست لەدوای سەرهەڵدان و بەرپابوونی شۆڕشی گەلانی عەرەبی لەساڵی ٢٠١١ بەدواوەو توانیان زیاتر خۆیان بچەسپێنن و لەسەر زەمینەی واقیع بون و هەڕەشە و مەترسی خۆیان پیشان هەموو دونیا بدەن بەوەی کە لەڕووی سیاسی و ئابوری و سەربازی و ڕاگەیاندنەوە گەلێك پێشکەتووتر بون . لە ئێستادا لە ولآتانێکی وەکو لیبیا و سوریا و عێراق بەڕاستی بونەتە هەڕەشە و ڕووبەرێکی فراوانی خاکی ئەو ولآتانەیان بەدەستەوەیە و بوێریان هێندەیە کە دەوڵەتێکی خەلافەتی ئیسلامی لەلایەن((داعشە))وە ڕاگەیاندراوە و جارێکی تر هەڕەشە لە خودی ئەوروپاو ئەمریکاش دەکەن.

کوردیش وەك کاراکتەرێکی زیندوو لەم ناوچەیەدا هەر لەساڵی ٢٠٠١وە بۆتە ئەندامێکی کارای بەرەی دژە تیرۆر و بەو توانا مادی و مەعنەویە کەمەی کە هەیەتی و بەپشتیوانی

هێـزە نێودەوڵەتیـەکان تـوانی لەکوردسـتاندا سـەرکەوتنی بەرچـاو بەسـەر هێـزە تونـدڕەوە ئیسلامیەکاندا بەدەستبهێنێت و لـە ئێستاشـدا بۆتـە سـەنگەری یەکـەم و پێشـەوەی بـەرەی دژە تـیرۆر و لەبەرامبـەر هێـزە زەبەلاحەکـەی داعشـدا ڕاوەسـتاوە و بەرگریـەکی بێوێنـە لـە هـەموو ئاشـتی و ئـارامی دونیـا دەکـات و لـەجیاتی هـەموان دژی داعـش و داعشـیەکان لەجەنگدایە..

ئاشکراشە شەڕی داعش ئەرکی هەموو کۆمەڵگای نێونەتەوەییە نـەك تـەنها وڵات و نەتـەوە و هـەرێمێك ، بۆیـە ئـەرکێکی ئەخلاقیـە کـە کۆمـەڵگای نێودەوڵـەتی پشـتیوانی مـادی و مەعنەوی کورد بکەن لەم جەنگەدا، چونکە سەرکەوتنی کورد سەرکەوتنە بۆ هـەموو بـەرەی دژە تیرۆر بەپێچەوانەشەوە شکستوخواردنی کورد شکستە بۆ هەموو جیهانی پێشـکەوتوو دیموکراسیەت.

بەداخەوە لە ئێستاشدا و دوای ١٣ ساڵ و بینینی چەندین کارەسات و نامرۆڤایـەتی هێـزە تیرۆریستیەکان کەچی هەندێ وڵات هێشتا بەشێوەیەك لە شێوەکان پاڵپشت و پشـتیوانی مادی و مەعنـەوی تیرۆریسـتان دەکـەن و نایەنـەوێت بچنـە بـەرەی دژە تیرۆریسـتانەوە،بۆیە لـەم یـادەدا ئـەرکی کۆمەڵگـەی نێونەتەوەییـە کـە بەجـدی کـار بکـات بـۆ بێهێزکـردن و نەهێشـتنی تواناکـانی داعـش و تونـدڕەوەکان و تیرۆریسـتان و ئـەو وڵاتانەشـی کـە پشـتیوانیان لێدەکـەن و پلانێـك و بەرەیـەکی سیاسـی و سـەربازی و ئـابوری بـەهێز پێکەوەبنێت بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم هەڕەشەیەی سەر مرۆڤایەتی و ڕێگەنـەدەن جـارێکی تر کارەساتی ١١ سێپتەمبەری ٢٠٠١ دووبارە ببێتەوە.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی پێنوسەکان و ستاندارکورد و مەکتەب ڕێکخستن و پی یو کەی میدیادا لە بەرواری ١١/٩/٢٠١٤دا بلاۆکراوەتەوە.

## ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تازە چۆن دەبێت ؟*

❖ ئاشکرایە لەدوای کۆتایهاتنی جەنگی گەرمی جیهانی دووەمەوە لەساڵی ١٩٤٥وە دونیا دابەشبوە سەر دوو بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای سەرکەوتوو لە جەنگەکەدا ، بەڕەسمی و بەناو کۆتایی بە جەنگێکی خوێناوی هات کە بە ملیۆنان کەسی بێگوناهی تێداچوو ، بوەهۆی کارەساتێکی دڵتەزێنی مرۆڤایەتی کە تائێستاش لە هەندێ جێگەی جیهاندا بەدەست ئاسەوارەکانیەوە دەناڵێنن بەتایبەتی ئەو جێگایانەی کە بەر بۆمبی ئەتۆمی کەوتوون. بەلاّم لە ڕاستیدا جەنگەکە لە شێوازی گەرم و ڕووبەڕووبونەوەی ڕاستەوخۆدا گۆڕدرا بە شێوازی ململانێیەکی نهێنی سارد کە بەڕواڵەت تەقەمەنی و هێرشی سەربازی مەیدانی تیادا ڕووینەئەدا، بەلاّم زۆرجاران خوێناویتر بوو بەهۆی ڕوودانی کودەتای سەربازی لەو ولاّتانەی کە کەوتوبونە نێوان ململانێکانی بلۆکی سۆسیالیستی و بلۆکی سەرمایەداریدا.جەنگەکە هەر جەنگێکی سەربازی نەبوو بەڵکو هەموو بوارەکانی سیاسی و ئابوری و سەربازی و کەلتوریشی گرتبۆوە، ئیدی پاراستنی سیسمەتە دیکتاتۆریەکان و سەروەری و سیادەی ولاّتان و پیرۆزی سنورە دەستکردەکان تائەوپەڕی پارێزگاریان لێدەکراو هیچ مانایەك بۆ دیموکراسیەت و مافی گەلان و چارەنوسیان نەمابۆوە و هەموویان کرابونە قوربانی بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەکان.

بەم شێوەیە هەردوولا پارێزگاریان لە کۆمەڵە سەرکردە و سیستەمێکی سیاسی لەولاّتانی خولگەی خۆیان دەکرد و بەم شێوەیە تاکۆتایی ساڵەکانی هەشتاکانی سەدەی بیستەم جیهان دەقی گرتبوو بە دووجەمسەریەوە و گەلێك سەرکردەی تاکڕەو و دەستسوور بە خوێنی میلەتەکانیان درێژەیان بە حوکمی تاکڕەوانە و بنەماڵانەی خۆیان دەدا، بەلاّم لەسەرەتای ساڵی هەشتاکانەوە جۆرێ گۆڕانکاری بەسەر بیروبۆچون و پلانی گەورە زلهێزەکاندا هات ،بەوەی کە چیدی پێویست ناکات ئەم بارودۆخەی دونیا هەروا بەردەوام بێت دوای دڵنیابوون و یەکلابونەوەی ولاّتانی دونیا بەسەر دوو جەمسەرەکەدا، بۆیە بۆ خۆگونجاندن و هێنانە ئارای پڕۆسەیەکی گۆڕانکاری لەدونیادا وەك هەنگاوێکی

پڕکێشیش لەلایەن ڕۆژئاواوە بۆ بەلایەکدا خستنی ململانێکان دەستیانکردە گۆڕانکاری لەهەندێ سیستەم و حوکمڕانانی دۆستی خۆیان، ئەوەبوو لەساڵی ١٩٧٩وە لەلایەن ئەمریکاوە بیردۆزەی فەوزای دروستکەر داڕێژرا بۆ گۆڕانکاری لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەمەبەستی گۆڕینی دەموچاوی حوکمڕانان و سیستەمی حوکمی ئەو ناوچەیە و دووبارە دروستکردنەوەی سیستەمی ناوچەکە بەشێوازێکی نوێ کە ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی نوێی لێوە بەرهەم بێت.

سەرەتاش بە گۆڕینی حوکمی ٣٦ ساڵەی محمد ڕەزا شای ئێران دەستیان پێکردو دواتر هەڵایسانی جەنگی ٨ ساڵەی نێوان عێراق-ئێران بەشێك بوو لەو پلانە و هەروەها توندکردنی هێرش و گەمارۆ بۆ سەر فەلەستینیەکان و هەندێ گۆڕانکاری لەدەموچاوەکانی حوکمڕانانی تونس و قەتەر و بەحرەین و ئوردن و...هتد.دەچونە چوارچێوەی ئەم پلانەوە، ئەوەبوو لەناوخۆی یەکێتی سۆڤیەتی جاراندا و بەگرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن میخائیل گۆرباتشۆفەوە بیرۆکەی (( بیرۆسترۆیکا و گلاسنۆست)) هاتە کایەوە کە مەبەست لێی ئاشکراکردن و دەرخستنی ڕاستیەکان بوو بۆ گەلانی سۆڤیەت و هەموو دونیاش، و هەنگاو نانبوو بەرەو کرانەوە و سیستەمی سیاسی بەرەو دیموکراسیەت و تورهەڵدانی سیستەمی شیوعیەت و بیروڕای دیکاتۆریەتی پرۆلیتاریا و کۆتایهاتن بە قۆناغێکی ترسناك و مەترسیدار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا.ئەوەبوو لەساڵی ١٩٩١وە دوای داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە و وەدەرنانی بەگەلەکۆمەکی جیهانی بەسەرکردایەتی ئەمریکا و ڕزگارکردنی کوێت،و هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیتی جاران و سەربەخۆبوونی کۆمارەکانی و هەڵکردنی باهۆزی دیموکراسی کە زۆریك لە سەرکردە و سیستەمە دیکتاتۆریە شیوعیەکانی ڕووخاند لە ئەوروپاو هەموو دونیاشدا و ڕووخاندنی دیواری بەرلینیشی لێکەوتەوە .

نەزمێکی نوێی جیهانی هاتە ئاراوە کە خۆی دەبینیەوە لە تاك جەمسەریدا بەڕابەرایەتی ئەمریکا، کە تائێستاش و بۆ ماوەی ٢٣ ساڵە بەردەوامە و لەگەڵ خۆیدا گەلێك دیاردەی نوێی هێنایە ئاراوە کە سەرتاسەری ژیان و گوزەرانی مرۆڤایەتی لەگەڵ خۆیدا گۆڕی هەر لە دیاردەی بەجیهانیبوون و نەمانی پیرۆزی سنورەکان و سیادەی وڵاتان و شۆڕشی پەیوەندی و داهێنانی تەکنەلۆژیا زانستیەکان کە دونیایان سەرقاڵ و خەریك کردوە

بەخۆیانەوە. هەموو ئەمانە لە چوارچێوەی گۆڕانکاری جیهان بەگشتی و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەتایبەتی هاتنە ئاراوە.

لە دەیەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابووردووەوە و لە ئەنجامی ڕزگارکردنی ئەفغانستان لە دەست شۆرەوی و پیاوەکانی و گرتنە دەستی ئیسلامە توندەڕەوەکانەوە ئیدی ئەو وڵاتە بوە لانکەی لەدایکبونی ئیسلامی توندڕەو کە سەرەتا بەدەستی ڕۆژئاوا دروستبون و کۆمەککران، و کار گەیشتە ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠١دا کارەساتێکی خوێناوی لە ناوجەرگەی ئەمریکادا وەك یەکەم کاری تیرۆریستی لەسەر ئاستی دونیا بەرپا بکەن و بەمەش دونیا بوە دووبەرەی دژ بەیەك بەرەیەکی دژ بە تیرۆر وتیرۆریستان و بەرەیەکی تیرۆریستان .

ئەنجامیش ئەمریکا و هاوپەیمانانی جیهانی توانیان سەرکەوتن بەدەستبێنن و سیستمی تاڵیبانی ئەفغانستان بروخێنن و بەدواشیدا لەساڵی ٢٠٠٣شدا ڕۆژێمی بەعسی صدامیش لەناوبەرن و ئیدی پڕۆسەی گۆڕانکاریەکان هەر بەردەوام بوون تا لە ساڵی ٢٠١١ و لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریە بەردەوامانەدا لەم ناوچەیەدا شۆڕشی گەلانی عەرەبی کە بە بەهاری عەرەبی ناسرا سەریهەڵداو گەلێك گۆڕانکاری لە سیستەمی حوکم و سەرکردە نەمرەکان و درێژخایەنەکانی عەرەبدا ڕوویدا هەر لە تونس و لیبیا و میسر و یەمەن و سوریاوە و سەرهەڵدانی بیرۆکەی گۆڕانکاری تەنانەت لە وڵاتانی کەنداوی عەرەبیش و جێگەی تریشدا سەریان هەڵداوە.بەمەش دونیا و ناوچەکەش هەنگاو و قۆناغێکی تر دەچێتە پێش بۆ چەسپاندن و نەخشاندنی سەر لەنوێی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

لە ئێستاشدا دیاردەی تیرۆر و تیرۆریستان بۆتە سەرقاڵکەری پلە یەك لەسەر ئاستی دونیاو هەموانی بەخۆیەوە خەریککردوەو بوشەتە مەترسیەکی ڕاستەقینە بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی هەموان ، چونکە نەخشە و پلانی ئەوان دامەزراندنی دەوڵەتێکی خەلافەتی ئیسلامیە لەهەموو دونیادا بێجیاوازی بە ئەوروپاو ئەمریکاشەوە سەرەڕای سنوری خەلافەتی ئیسلامی کۆن.کە هەمان ناوچەی جوگرافیایی بیردۆزەی فەوزای دروستکەری ئەمریکاو ڕۆژئاوا دەگرێتەوە بە زیادیشەوە. بۆیە گەورەبوون و بەهێزبون و دەستڕۆیشتوویی داعش مەترسیەکی گەورەیە بۆ سەرنەگرتنی ئەو نەخشە و پلانەی ئەمریکا بۆ وەدیهێنانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ کە مەبەست درێژەدانە بە بوون و بەردەوامی بەرژەوەندیەکانی ڕۆژئاوا لەناوچەکەدا.

بۆیە پێدەچێت لە ئەنجامی ئەم ململانێ توندوتیژەی تیرۆریستان و بەرەکەی دژیان جارێکی دیش دونیا دابەشبونێکی دی بەخۆیەوە ببینێت کە واپێویست دەکات ئەمریکاو ڕۆژئاوا بەدوای بەدیلی نوێدا بگەڕێن بۆ هاوپەیمانیکردن لەگەڵیاندا جیاواز لەم هاوپەیمانە کلاسیکیانەی کە بەدەیان ساڵە پارێزگاریان لێدەکەن، هەر بەمەش دەتوانرێت ڕۆژهەلأتێکی ناوەڕاستی نوێ بێتە کایەوە.

ئەمریکا پێویستی بەگۆڕانی ڕژێمەکانی ئێران هەیە وەك سەرچاوە و پشتیوانیەکی گەورە و خاوەن هێز و نفوزی شیعی لەناوچەکەدا و هەڵتەکاندنی ئەو ولأتە و دابەشبونێتی.

دواتر پێویستی بە گۆڕینی سیستەمی حوکمی بنەماڵەی ئال سعودیش هەیە لە جزیرەی عەرەبیدا کە زیاد لە ١٠٠ ساڵە حوکمڕان و دەمڕاست و پشتیوانی مادی و مرۆیی هەموو بزوتنەوە توندڕەوە سەلەفیە جیهادیە سونە مەزهەبەکانە لەناوچەکە و جیهانیشدا، بەلأم ئیدی کاتی ئەوە هاتوەکە گۆڕانکاریان بەسەردا بهێنرێت و ئەو ولأتەش بچوکبکرێتەوە و تواناکانی دابەشبکرێتە سەر چەند ولایەتێکی بچوك.

دواتر ولأتێکی گەورە و بەناو دەمڕاستی ئیسلامی و میراتگری خەلافەتی عوسمانی وەك تورکیاش پێویستی بەگۆڕانکاری گەورەتر هەیە و دەبێت ئەو ولأتەش هێز و بڕست و مەترسیەکانی لێببڕێت و بچوك و دابەش بکرێت.

بۆخۆی سنوری جوگرافیای ڕۆژهەلأتی ناوەڕاستی نوێ هەموو ولأتانی عەرەبی و تورکیا و ئێران و پاکستان و ئەفغانستان دەگرێتەوە ، خۆشبەختانە گۆڕانکاریەکان هەمووانی کەم تازۆر گرتۆتەوە و ناوچەکەی خستۆتە سەر سکەی گۆڕانکاری و هوشیاری هاولأتیان وکرانەوەی بازاڕەکان و تێکەلأوبونی شارستانێتیەکان.

ئەوە ماوە کە ئەمریکا و ڕۆژئاوا لەجێگەی ئەو هاوپەیمانە کلاسیکیانەدا کێ و چ لایەن و سیستەمی حوکمێکی تر بکاتە هاوپەیمان و پشتیوانیان لێبکات و پشتیان پێببەستێت بۆ قۆناغی داهاتوو؟ کە بتوانن بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوری و سەربازیەکانی لەناوچەکەدا بپارێزن؟

بەڕای بەندە لەم هەموو ئاڵوگۆڕی جوگرافیاو سنورانەدا دەبێت کورد کە نەتەوەیەکی دێرینی ناوچەکەیەو لە ئێستادا زیاد لە ٤٠ ملیۆن کەس دەبێت و خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی خۆی نیە و لەبەرئەوەی بۆماوەی ١٠٠ ساڵە زیاترە خاك وگەلەکەی دابەشکراوەتە سەر فارس و تورك و عەرەبدا و لە ئێستاشدا لەهەمووان زیاتر تێدەکۆشێت

لەبەرەی دژ بە تیرۆر وتیرۆریستاندا و نەتەوەیەکی ئازادیخواز و زیندوە و کاردەکات بۆ چەسپاندنی ئاشتی و ئارامی ناوچەکە و دونیاش و گەلێك قوربانی گەورەشی لەو پێناوەدا بەخشیوە و لەڕووی ئابوریشەوە خاوەنی یەدەگێکی نەوت و غازی سروشتی دەوڵەمەندە وەك دوو سەرچاوەی گرنگی وزەی دونیاو دەتوانێت کاریگەری ئیجابی هەبێت لە ئایندە و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ڕۆژئاوا و ئەمریکادا، هەربۆیە بۆچونەکان بەو ئاڕاستەیەن کە کورد لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی نوێدا پێشبینی دەکرێت لەو گۆڕانکاریانەدا پێگە و قورسایی گەورەی بەربکەوێت.چونکە کورد لە ولاتانی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریادا سەرە ڕمی گۆڕانکاریەکانن و هۆکارێکی گەورەبوون بۆ داڕوخانی ڕژێمەکانیان و گۆڕانکاریەکان.و هەربۆیە هیچ گۆڕانکاری وپێکهێنانێکی سیاسی و ئابوری و جوگرافیای نوێ لەم ناوچەیەدا سەرناگرێت بەبێ چارەسەری کێشەی کورد و هاوبەشیکردنی کورد لە هاوکێشە سیاسیەکانی داهاتوودا.

بەهەمان شێوە لە ئێران و تورکیاو سعودیەدا وەك سێ ولاتی گەورە و کاریگەری ئەم ناوچەیە ، دەبێت ئەمریکا و ڕۆژئاوا بەدوا ئەو هێز و لایەن و پێکهاتە نەتەواییانەدا بگەڕێت کە دیموکراسیخواز و لیبڕاڵن و دەتوانن ڕۆڵی یەکلاکەرەوە ببینن لەو گۆڕانکاریانەداو بەمەش دەتوانرێت هاپەیمانی نوێ وەدەستبخەن.

پێدەچێت ئەم پرۆسەی گۆڕانکاریانە و پێکهێنانەوەی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی نوێیە دەیە سالێکی تریش بەردەوام ببێت تا گۆڕانکاریەکان دەخەملێن و هێزە تازە دروستبوەکانیش جێگە و پێگەی خۆیان دەگرن و ناوچەکەش دەق بە نەزمێکی نوێوە دەگرێت.گەر بتوانرێت سەرکەوتنی گەورە بەسەر هێزی تیرۆریستاندا تۆمار بکرێت.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی ئاوێنە نیوز و مەکتەب ڕێکخستن لە ٢٠١٤/٩/٢٠ و پی یو کەی میدیا و پێنوسەکان و خەندان لە ٢٠١٤/٩/٢١ و کوردستانی نوێ ژمارە ٦٤٨٩ لە ٢٠١٤/٩/٢٢دا بلاوکراوەتەوە.

# خوێندنەوەیەك بۆ

# بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان و عێراق... *

❖ لەمێژە عێراق بە ولاتی نیفاق و فیتنە ناوبانگی دەرکردوە و ئیدی ئەم سیفەتە بەدرێژایی مێژوو بۆتە تەوقێکی ئاگرین و چۆتە ئەستۆی سەرکردە و گەلانی عێراقەوەو تا ئێستاش هەموانی بێ جیاوازی لە ئاتونی خۆیدا سوتاندوە و ئومێدیش ناکرێت بەم زووانە عێراق و گەلەکەی بە ئاشتی و ئارامی و ئاسایش و خۆشگوزەرانی شاد بن.

لە ئێستادا و دوای ١١ ساڵ لە ڕزگارکردنی عێراق لە حوکی ڕژێمی بەعسی صدامی کە هیوا و خەونی هەموو عێراقیەکان بوو، کە ئیدی عێراقێکی نوێ کە پڕاوپڕبێت لە دیموکراسیەت و ئازادی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی گەل و نەتەوەکان بێتەکایەوە کە دووربێت لە کوشتوکوشتاری چەندین ساڵەی ڕژێمی بەعسیان و ڕۆژگارە سەختەکانیان لەبیر بەرێتەوە. بەڵام داخەکەم کە ئەو خەونەش وەکو چەندین خەونی تر نەهاتە دی و نەك هەر هەنگاوی جدی نەنرا بەرەو ئاو ئامانج و دروشمە جوانانە، بەڵکو لە پێشتر و خوێناویتر ململانێ سیاسی و تایەفی و مەزهەبی و نەتەوەییەکان تۆخ بونەوە و بە سەدان هەزار کەسی بێگوناهی عێراقی لەناوبران.و لە ئێستاشدا کە شەڕی لەلایەك تایەفی و مەزهەبی سونە و شیعە هەر بەردەوامە گەرچی هەندێك خاوبونەوەی بەخۆیەوە بینیوە و لەلایەکی تریشەوە هەڕەشە گەورە و پڕ مەترسیەکەی داعش بۆتە مۆتەکەیەك و سەرودڵی هەموانی گرتوە و هەموانی بەخۆی و دروشم و ئامانجە دوور لە مرۆڤایەتیەکانیەوە خەریك کردوە و کەمی مابوو کە بەغدادی پایتەختیش بکەوێتە ژێر دەستیان و بەمەش کۆماری عێراقی نوێ سەرەونگوم ببێت و بەغدادیش وەکو لەمێژینە ببێتەوە بە پایتەختی خەلافەتی بەناو ئیسلامی داعشەوە.

❖ گۆڕانکاریە سیاسیەکانی ناو عێراق لە هەڵبژاردنی پەرلەمان و حکومەت و سەرۆك کۆمار بەداخەوە تەنها وەك پرۆسەیەکی رۆتین و بەزۆرکرد هاتنە بوون ئەگینا تا ئێستا هیچ گۆڕانکاریەکی گەورە و جدی هەست پێناکرێت لە بەرنامە و کار و کردەوەی حکومەتی عەبادیدا چ بەرامبەر سونەکان و چ بەرامبەر کورد و ئەوانی تریش. تەنانەت ململانێ سیاسیەکان ناو ماڵە بچوکەکانی نەتەوە و تایەفە و مەزهەبەکانیشی گرتۆتەوە، ئەوەتا شیعە و سونە و کورد و تورکومان و مەسیحی هەموانیان هێندە گیرۆدەی ململانێی ناوماڵی خۆیان بوون کە چارەسەری کێشە گەورەکانی عێراقیان لەبیرچۆتەوە و هەموانیان سەرقاڵی نێو کێشە و ململانێ نارەواکانی سەر پۆست و پلە و ئیمتیازاتەکانی خۆیانن. جا تا ئەو کێشەی ناو ماڵانە خۆیان چارەسەرنەکرێن بەدڵنیایی کێشەکانی عێراق چارەسەر ناکرێن و بۆ دەیە ساڵێکی تریش درێژە دەکێشن.

❖ **ئەی چارەسەر چیە ؟**

دەبێت هەموو لایەنەکان بەبێ جیاوازی گەر دەیانەوێت لە عێراقێکی یەك و یەکگرتوودا بمێننەوە و ببنە شەریکی ڕاستەقینە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بەنیەتێکی پاك و بە متمانەیەکی پتەوەوە دەستبخەنە دەستی یەك و بەرنامەی کار و نەخشە ڕێگایەکی تەواو عێراقیانە جێبەجێبکەن، دوور لە دەستێوەردانی دەرەکی و ملکەچکردن بۆ ئەم دراوسێ یان ئەو دراوسێ و ئەو زلهێزی ناوچەکە و دونیا.پێویستە عێراق ببێتە وڵاتێکی خاوەن سوپاو هێزێکی پتەو و ڕاستەقینە کە بتوانێت پشت ببەستێتە سەر هێز و بازوی خۆی دژ بە هەڕەشەکانی تیرۆریستان و دەرەوەی سنورەکانی.

دەبێت هەموو لایەنەکان بەسەر کاروکردەوە ومامەڵە و پەیوەندی و جەمسەرگیریە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکانیاندا بچنەوە و چیدی خۆیان نەکەنە کۆیلەی ئەم یان ئەو لایەن و بڕیار و ڕاسپاردەکانیان جێبەجێبکەن.

دەبێت حکومەتێکی بنکە فراوانی تەواو نیشتیمانی و پێکهاتوو لەهەموو لایەنە سیاسیە بەهێزەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق پێکبهێنرێت و بەکردارەکی شەراکەتێکی ڕاستەقینە و پێکەوەکارکردنێکی ڕاستگۆیانە پیادە بکەن و هەڵەکانی ڕابووردروو دووبارە نەکەنەوە، هەر بەمە عێراق و بارودۆخە سیاسیەکەی دەتوانێت کەشێکی ئارام و ئاسایش دابین بکات و بتوانێت لا بکاتەوە بەلای ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی هاوڵاتیان و پێگە و سەنگینی خۆشی لەناوچەکە و دونیاشدا بگێڕێتەوە.

❖ ئاشکرایە لە پەراوێزی باشبون و گۆڕانکاری لە بارودۆخی سیاسی عێراقدا ڕاستەوخۆ بەباشی ڕەنگدەداتەوە لەسەر بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستانیش چونکە پەیوەندیەکی ئۆرگانیکی لەنێوانیاندا هەیە، بەداخەوە کوردستان بۆخۆشی کەوتۆتە گێژاوێکی سیاسی و تەنگژەیەکی ئابوری و بارودۆخێکی سەربازی واوە کە هیچ کەس حەسوودی پێنابات، ئەوەتا لەسەر ئاستی سیاسی گوتار و کردار و مامەڵەی سیاسی پتەو و گەرموگوڕ نابینرێت لەنێوان سەرکردە و پارتە سیاسیە کاراکاندا،ناکۆکیەکان و ململانێ حیزبیەکان هێندە تۆخبونەتەوە کەلەم کاتە تەنگانە و پڕ مەترسیەدا کۆبونەوەیەکی لوتکەی سیاسی ناتوانرێت ببەسرێت بۆ یەکخستنی هەڵویست و گوتارەکان، ناتوانرێت ڕێکەوتن و هاوپەیامنێتیەکی درێژخایەنی نەتەوەیی و نیشتمانی لەنێوان هەموان واژۆ بکرێت،لەسەر بچوکترین مەسەلە کۆك و تەبا نین و خاڵی ناکۆکیان بەهێزتر وتۆختره و هیچ سەرکردەیەك نەرمی نانوێنێت و لە غرور و تەکەبوری خۆی ناکەوێت و دووربینانە ناڕوانێتە ئاینده و مەترسیەکانی.کە ئەم قۆناغە بەهەق پێویستی بەسەرکردەیەکی پشوو درێژ و سادە و خاکی وەك مام جەلال هەیە کە چەندین جار بەو هەڵوێستە لەخۆبوردوانەی کە زۆر جاران لەسەر حسابی خۆشی و یەکێتیش بوە بەڵام مەسەلە نەتەوەیی و ئاییندەییەکەی لەلا پیرۆزتر و گەورەتر بوە و هەربۆیە قوربانی گەورەشی بۆ داوە.

لەسەر مەسەلەی ئابوری ولاتیش ئەوەتا ماوەی ١٠ مانگە هەرێم کەوتۆتە تەنگژەیەکی کوشندە و مەترسیداری ئابوری و داراییەوە و تا ئێستاش ئەوسەری تونێلەکە بە ڕوونی دیار نیە، هەموو ئەمانەش بەداخەوە لە ئەنجامی ناکۆکی سیاسی و سەپاندنی ڕای لایەنێك و هەڵەی سیاسەتی ئابوری و لێکدانەوە و حسابکردنی هەڵەی هاوکێشە سیاسیەکان و نەخوێندەنەوەیەکی ڕاستەقینە بوە بۆ گۆڕانکاریە ناوچەیی و جیهانیەکان و خۆبەستنەوە و جەمسەرگیری تاك لایەنە لەگەڵ ئەم ولات و ئەو ولات کە تەنها ئەوان قازانجیان کردوە و کوردیش دەست بەتاڵ لێی دەرچوە و خەریکیشە دەخنکێت.

لەڕووی سەربازیەوە، بەداخەوە هێزەکانی پێشمەرگە سەرەڕای نواندنی قارەمانێتی و گیانفیدایی گەورە و بێوێنە، بەڵام بەهۆی نەبونی دیسپلینی سەربازی و چەك و تەقەمەنی پێویست و نەبونی مەشق و ڕاهێنان و نەبونی پلان و بەرنامەی هێرش و بەرگری تۆکمە و یەکگرتوو و نەبونی سەرکردایەتیەکی هاوبەشی سەربازی تۆکمە و خاوەن بڕیاری ڕاستەقینە، کە بەداخەوە تاکو ئێستا هەروەکو سیستەمی سەربازی هەموو دونیا لە

هەرێمدا سەرۆکی ئەرکانی گشتی هێزی پێشمەرگە نیە کە تەنها ئەو بەفعلی بڕیار بەدەستی سەربازی بێت. هەموو ئەمانە و زۆری تریش بونەتە هۆی ئەوەی کە هێزی پێشمەرگە تاکو ئێستا لە ڕووبەڕووبونەوەی داعشدا لەبەرەی بەرگریکاریدا بێت نەك هێرش و پەلاماردانداو گەر یارمەتی دۆستەکانی کورد نەبوایە زۆر نزیك بوو کە هەولێری پایتەختیش داگیر بکرێت و بەری ڕەنجی لانی کەم ٢٣ ساڵەی حوکمی کوردی بەهەوادا بڕۆیشتایە.
بۆیە بەم بارودۆخە ناجێگیر و شڵەژاویە سیاسی و ئابوری و سەربازیەی هەرێمی کوردستانەوە ناتوانرێت هەنگاو بەرەو پێشەوە بنرێت لەلایەك بەرەو ڕووی یەکدی لەناو ماڵی کورد خۆیدا و لەلایەکی تریشەوە ناتوانرێت بەرەو مەسەلە نەتەوەییەکانیش هەنگاوی جدی هەڵبنرێت و ئەوەتا بۆ هاوپشتی کوبانی و کوردانی ڕۆژئاوا هەرێمی کوردستان هێندە ڕۆڵی نەبینەوە و نەیتوانیوە پەیوەندیە ئابوری و بازرگانی و سیاسیەکانی خۆی بەگەڕ بخات و دۆستان و هاوپەیماننان بۆ مەسەلەی کورد بجوڵێنێت ، ولەلای سێهەمیشەوە ناتوانرێت هەموان کۆك بن بۆ چارەسەری کێشەکان لەگەڵ عێراقدا و ئەوەتا ماوەی ٣٢ ڕۆژ تێپەڕبوە بەسەر ماوەی ٣ مانگەکەی کە دیاریکراوە بۆ حکومەتی عەبادی بۆ نواندنی نیاز پاکی بۆ چارەسەری کێشەکان بەڵام کورد تا ئێستا نەیتوانیوە یەکڕابێت لەسەر بەشداریکردنی وەزیرەکانی و ئاکتیفکردنی ڕۆڵ و پێگەی خۆی لەبەغداد کە هەق وابوو هێندە دوانەکەوێت چونکە کوردستان لەوپەڕی خراپی و ئاڵۆزی سیاسی و ئابوری و سەربازیدایە.
لەلای چوارەمەوە کورد بەم بارودۆخەیەوە ناتوانێت هێز و سەنگ و قورسایی خۆی ڕابگرێت لەنێوان جەمسەرگیری ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکاندا و بە بێهێزی و لاوازی دەردەکەوێت و بەداخیشەوە لە ئەنجامی هەڵە خوێندنەوەی هاوکێشە و بەرژەوەندیەکاندا کەوتۆتە هەڵەی گەورەوە کە خۆی گیرۆدەی بارودۆخێکی سیاسی و ئابوری کردوە کە سانا نیە بەسەرکەوتوی لێیدەربچێت و هێندە بەمەرامی بەرژەوەندی تاکی سەرکردە و حیزبی چونەتە پێشەوە نیوهێندە بۆ بەرژەوەندی نەتەوە و نیشتیمان خۆیان نمایش نەکردوە هەربۆیە هەڵوێست و پێگە و پەیوەندیەکان لەرزۆك و لاوازن.
بەهەمان شێوە کورد لەماوەی ئەم ١١ ساڵەدا نەیتوانیوە ببێتە کارەکتەرێکی سیاسی جێگە متمانەی زلهێزەکان و بەتایبەتیش ئەمریکا و بتوانێت لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی ئەواندا خۆی بگونجێنێت وهەموو هێلکەکانی نەخاتە ناو سەبەتەی وڵاتانی ناوچەکەوە و هێشتاش کورد

لە پێگەی کارتێکی گوشارەوە نەبۆتە پایەیەکی کۆنکرێتی بەهێزی ناو گەمە سیاسیەکانی ناوچەکە تا زلهێزەکان پشتی پێببەستن.

❖ **دەبێت کورد چی بکات ؟**

چارەسەری ئەم بارودۆخە مەنگ ومەیوەی عێراق و کوردستان بەوە دەبێت کە کورد سەرەتا کێشەکانی ناو ماڵی خۆی بەزووترین کات چارەسەر بکات لەڕووی سیاسی و ئابوری و سەربازیەوە و لەسەر ئاستی حکومەتی هەرێم و پارێزگاکانیش تەواوی دامودەزگاکان بەپێی ئیستیحقاقی هەڵبژاردن و هێز و نفوزی سیاسی و سەربازی لایەنەکان هەموو کێشەکان یەکلا بکرێنەوە و بەم شێوەیە کێشەی ناوماڵی کورد چارەسەر دەبێت و کورد بەرچاو ڕوونتر دەبێت بۆ ڕووکردنە یەکلاکردنەوەی کێشەکانی لەگەڵ عێراقدا. چونکە تا کێشەکانی ناوخۆ چارەسەرنەکرێن مەحاڵە کورد بتوانێت هیچ کێشەیەکی دەرەکی پێچارەسەر بکرێت بەویست و ئامانج و بەرنامەی خۆی.و بەهەمان شێوە بەیەك و یەکگرتوی دەتوانن لەمیانەی گفتوگۆیەکی نیشتیمانیانە و شەراکەت و پێکەوەکارکردن لەسەر ئاستی عێراقیش هەموو کێشە سیاسی و ئابوری و سەربازیەکان چارەسەر بکەن ، هەرکات کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغداد چارەسەرکران ئەوا دەتوانن پێکەوە ڕووبەڕووی هەموو هێرش و پەلامار و مەترسیەکانی داعش ببنەوە و بەدڵنیاییش سەرکەوتن بەدەست دەهێنن و بەم شێوەیەش دەتوانن پێکەوە سەنگ و قورسایی عێراق و هەرێمیش بگێڕنەوە لەسەر ئاستی ناوچەکە و دونیاش و سیادە و سەروەریەکەی بپارێزن و تاڕادەیەك ئومێد و خۆش خەیاڵی بۆ گەلانی عێراق و کوردستان زیندووبکەنەوە و بتوانن قۆناغێکی گەرچی کەم و ڕاگوزەریش بێت فەراهەم بکەن و چرۆی ئومێدەکان ببوژێنەوەو لەم تەنگژە سیاسی و ئابوری و سەربازیە خۆ دەرباز بکەن.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی مەکتەب ڕێکخستن و پی یو کەی میدیا و پێنوسەکان لە ٢٠١٤/١٠/١١ و ستاندارکورد و ئاوێنە نیوز لە ٢٠١٤/١٠/١٣دا بلاوکراوەتەوە.

# ڕۆڵی تاك

## لە بونیادی کۆمەڵگەدا لە ڕابوردو و ئێستادا.. *

- تاك لەهەموو کۆمەڵگایەکدا هەر لەسەرەتاو دەستپێکی مێژووی مرۆڤایەتیەوە تاکو ئێستاش ڕۆڵ و کاریگەری گەورە و گرنگی گێڕاوە لە بونیادی کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکاندا و هەموو گەشە و پێشکەوتن و داهێنان و سەرکەوتن و شارستانێتیەکان و ...هتد. هەموانیان لە ئەنجامی ڕەنج و تێکۆشان و خەبات و کۆڵنەدان و بەدواداگەڕانی تاکەکانی مرۆڤەوە وەدیهاتون و تا ئەو ئاستەی ئێستای مرۆڤایەتی پێیگەیشتوە. و تاك بەردی بناغەی پێکەوەنان و بەرزکردنەوەی تەواوی تەلاری مێژوو و ڕابووروی مرۆڤایەتی بوە.

تاك لەسەردەمانی کۆندا میحوەری هەموو پرۆسەی گۆڕانکاریەکان بووە لەسەر ئاستی سیاسی و ئابوری و کۆمەلآیەتی و سەربازی و فەرهەنگ و فەلسەفە و بیرمەندیدا.هەربۆیە لەو سەردەمانەدا چەندین کەسایەتی کاریزما هەڵکەوتوون لەسەر ئاستی جیهان وڕۆڵ و کاریگەریان بینیوە و ئاڕاستەی ڕووداوەکانیان بەشێوەیەك گۆڕیوە کە سەرتاپای مێژووی مرۆڤایەتیان گۆڕیوە و خزمەتی گەورەیان بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی گەیاندوە.و هەریەکەیان لەبوار و پسپۆڕی خۆیاندا جێگە دەستیان دیاربوە و تائیسێتاش بەنەمری ماونەتەوە و نەوەی ئێستا سوود لە بەهرە و داهێنان و ئەزمونەکانیان وەردەگرێت و بە سەرسوڕمان و تێڕامان ونەوازشەوە لەکار و کردەوەکانیان دەڕوانێت. چونکە ئەوان بوون کە توانیویانە مێژوو دروستبکەن بەو ڕۆڵ و کاریگەری و کاریزماییەیان.

هەربۆیە لەم بارەیەوە دوو ڕای جیاواز هەیە : کە یەکێکیان دەڵێت دروستکردنی مێژوو لەتواناو هێز و کاریگەری مرۆڤ و تاکەکاندا نیە بەڵکو ئەوە پرۆسەیەکی مێژووکردی حەتمییە و دەبێت هەر ڕووبدات ((کە جەبریەکان )) یان پێدەڵێن. ڕاکەی تریش دەڵێت نا دروستکردنی مێژوو وەستاوەتە سەر توانا و لێهاتووی و خەباتی مرۆڤەکان جا بە خراپ یان بە باش، بیّ حسابکردن بۆ ڕۆڵی گۆڕانکاریەکان و پێگەیشتنی هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و ڕۆشنبیری و دەروونی و لەسەروو هەموشیانەوە هوشیاری جەماوەرە. نمونەی ئەو کەسایەتیانەش گاندی هندی و جۆرج واشنتۆنی ئەمریکی و ماندێلای ئەفریقیاو هەموو بیرمەندانی بواری ئابوری و فەلسەفە و ئەدەب و هونەر و ...هتد.بەم شێوەیە لە ڕابووردوودا تاك ڕۆڵ و کاریگەری هەبوە لەسەر تەواوی ڕووداوەکانی دەوروبەری و هەر بۆخۆشی تاکە پاڵەوانی گۆڕپانەکەی مرۆڤایەتی بووە.

- بەڵام لە ئێستادا و لە سەردەمێکدا کە وا دونیا بچوکبۆتەوە و بۆتە گوندێکی هاوچەرخ و نزیك لەیەکتر لە سایەی نەزمی نوێی جیهان و دیاردەی بەجیهانبووونداو پێشکەوتنە سەرسوڕهێنەرەکانی تەکنەلۆژیای پەیوەندی و گواستنەوە و هاتوچۆ و نەمانی سنورەکان و تێکەڵاوبونی شارستانێتیەکان و هوشیاربونەوەی تاك و کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان بە ئەرك و کارەکانیان. تاك ئەو ڕۆڵە پێشەنگ و ڕابەرایەتیەی ڕابوردوی نەماوە و هێواش هێواش کاڵ دەبێتەوە لەبەرانبەر تۆخبونەوەی ڕۆڵی هاوپەیمانی وگروپ و کۆمپانیا و ڕێکخراوەکاندا..

لە ئێستادا تاك ڕۆڵی میحوەری نەماوە لە گۆڕانکاریەکان لەهیچ بوارێکدا، ئەوەتا لەبواری سیاسەتدا سەرکردەیەکی تاك و تەنها و کاریزما نابینیت لە دونیادا کە بیروبۆچون و تێزی سیاسەتەکانی کاریگەری گەورەی هەبێت لەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی تەنانەت سەرۆکی گەورەترین وڵاتیش ، چونکە هیچ وڵاتیك بەتەنها ناتوانێت جڵەوی ڕوداو و گۆڕانکاریە جیهانیەکان بکات و ببێتە ڕابەر و پێشەوا و تاکە بڕیاردەر. ئەوەتا هەرلەدوای کۆتایی جەنگی جیهانی دوەمەوە و پێکهێنانی بلۆکی سەرمایەداری ڕۆژئاوا و بلۆکی سۆسیالیستی ڕۆژهەڵات و دابەشبونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و وڵاتانی دونیا بەسەر ئەو دوو بلۆکەدا ، چیدی ڕۆڵی بۆ سەرکردە و وڵاتەکان وەك تاکە کاراکتەرێك نەهێشتۆتەوە . لەبواری

سیاسیدا ئێستا هاوپەیمانیە سیاسی و ستراتیژیەکان ڕۆڵ دەبینن و بەمەش کاری پێکەوەیی جێگەی کاری تاکی گرتۆتەوە، لەبواری ئابوریشدا ئەوەتا هێندەی کۆمپانیا فرە نەتەوە و زەبەلاحە ئابوریەکان ڕۆڵ و کاریگەری گەورە دەبینن لە دونیادا هیچ وڵات و کۆمپانیایەك هەرچەندە گەورە و بەهێز و دەوڵەمەند بێت بەتەنها ناتوانێت ئەو ڕۆڵە بگێرێت ، چونکە بازاڕاکان و بازرگانیاکان و پێداویستیەکانی سەردەمی کۆمەڵگاکان هێندە فراوان و گەورە بوون کە لەتوانای تاکە وڵات و کۆمپانیایەکدا نیە پێداویستی و داواکاریەکانیان دابین بکات. هەربۆیە پەنا دەبرێتە بەر پێکەوەنانی گروپ و ڕێکخراو وکارتێلە گەورە ئابوریەکان لەناوچە و کیشوەرە جیاوازەکانی دونیادا. لەبواری کۆمەلأیەتی و فەرهەنگ و ئەدەب و هونەریشدا بەهەمان شێوە لە ئێستادا هەوڵی تاکە کەسی نابینین کە ڕۆڵی گەورە و کاریگەر و ڕابەرایەتی ببینێت و ناسراو بێت لەسەر ئاستی جیهان. بەڵکو ئەو بوارانەش هەموانیان پەنایان بردۆتە بەر کاری پێکەوەیی و تیکەلأو لەشارستانێتی و ڕۆشنبیریەکان و پێکەوە دەتوانن هونەر و ئەدەب و بیریاری و هزرمەندی خۆیان بەدونیا بناسێنن و لە ئێستادا ناتوانرێت بە هێز و توانای تاکە کەس شاکارێك یان کارێکی ناوازەی شارستانی یان ئەدەبی و هونەری بوخوڵقێنرێت، هیچ تاك و سەرکردەیەکیش چەندە بەتوانا و بەهێز و کاریزما بێت لەسەر ئاستی کێشە نێودەوڵەتی و ناوچەیی و تەنانەت عەشرەت و خێزانێکیشدا تاك ناتوانێت تەواوی ئەو کێشانە چارەسەر بکات ، بەڵکو پەنا دەبەنە بەر کۆمەڵە و ڕێکخراو و گروپەکانی فشار و لۆبیەوە بۆ هاوکاریکردن و کارکردنی پێکەوەیی بۆ چارەسەری کێشەکان ، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەم بوارەدا کاری گەورە و گرنگ ئەنجام دەدەن. لەبواری سەربازیشدا بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ڕاستەوخۆ و جەنگ و تەنانەت بۆ ڕووبوبەڕوبونەوەی کارەساتە سروشتیەکانیش تاکە وڵاتیك بەتوانا و هێزی خۆی ناتوانێت بەریان پێبگرێت، بەڵکو دەبێت هانا بۆ دۆست و هاوپەیمان و تەواوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ببات بۆ هاوکاری و پشتیوانیکردنی و دەربازبوون لەو جەنگ و کارەساتانەدا.ئەوەتا لە ئێستادا هێندە تەکنەلۆژیا سەربازیەکان ڕۆڵ دەبینن هێزە پیادە و سەربازە تاکەکان ڕۆڵ نابینن لە یەکلایکردنەوەی جەنگ و کارەساتەکاندا.نمونەی جەنگەکانی ئێستای دژ بە تیرۆریستان و دوژمنانی مرۆڤایەتیدا بەڵگەی زیندوون بۆ بچوکبونەوەی ڕۆڵی سەربازی تاك و سەرکردە وسوپای تاکە وڵاتێك بۆ ڕوبەڕوبونەوەی هەڕەشە وهێرش و پەلامارەکانی سەر تەواوی مرۆڤایەتی لەبەرانبەر ڕۆڵی تەکنەلۆژیادا.

بەم شێوەیە دونیای ئێستا و قۆناغی ئێستا زۆر جیاوازە لە ڕابووردوو،هەر ئەوەشە کە وایکردوە لە ئێستادا وەك ڕابوردوو هیچ سەرکردەیەك و ڕابەرێکی نەمر و نەتەوەیی و جیهانی هەڵناکەوێت یان بیرمەند و هزریارێکی لێوەشاوە و هەڵکەوتوو بەدیار ناکەوێت ، چونکە ڕۆڵی میدیا و هۆکارەکانی پەخشکردن و گواستنەوە هێندە گەورە و فروان و خێرابوون کە بواریان بۆ پێگەیشتن و دروستبون و کامڵبوونی لەسەرخۆی هیچ کاراکتەرێکی سیاسی و ئابوری و سەربازی و هونەر و ئەدەب و زانست نەهێشتۆتەوە کە بە تێپەڕبوونی کات و دەوڵەمەندبوونی ئەزمون و شارەزاییان و بەپرۆسەیەکی مێژوو کردی خۆڕسکدا تێبپەڕن.

لەگەڵ هەموو ئەم ڕاستیانەشدا ناکرێت و ناتوانرێت ڕۆڵی سەرەکی و دەسپێکی تاك لە هیچ پرۆسەیەکی گۆڕانکاری و بونیادنانەوەی کۆمەڵگاکاندا سفر بکرێتەوە ، چونکە تا ئێستاش ئەو هەموو پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایانە هەر بۆ تاك و بیر و هۆشمەندی و داهێنانی تاکەکان دەگەڕێتەوە و بەبێ تاك هیچ کارێکی بچوك یان گەورە ئەنجام نادرێت، تەنها ئەوەندە هەیە ئەو ڕۆڵە سەرەکی و میحوەریەی جارانی نەماوە کە دەسکەوتێك یان داهێنانێك بەری ڕەنجی تاکە کەسێك یان زانایەك یان سەرکردە و قارەمانێك بێت بەڵکو ئێستا بەری ڕەنجی تەواوی تاکەکان و کۆمەڵگاکان و مرۆڤایەتیە و خێروبێر و زیانەکانیشی بۆ هەموانە ، بەچاکە یان خراپە ڕەنگدانەوەی دەبێت بۆ سەر تەواوی گوزەرانی مرۆڤایەتی.

---

* ئەم بابەتە لە هەواڵ ژمارە ٥٨٩ لە ٢٠١٤/١٠/٢٥ و سایتەکانی مەکتەب ڕێکخستن و ستاندارکورد لە ٢٠١٤/١٠/١ و پێنوسەکان لە ٢٠١٤/١٠/٢دا بلاْوکراوەتەوە.

# عێراق

# ولاْتیکی دەوڵەمەند و گەلێکی هەژار*

- عێراق بەهەموو پێودانە زانستی و مەعریفیەکان لەبواری جیۆلۆجیدا بەولاْتێکی دەوڵەمەند دادەنرێت، لەبەربوونی بڕێکی زۆر و هەمەجۆر لە سامانی سروشتی لە ژێر خاکەکەیدا. هەربۆیە ئایندەی ئەم ولاْتە مژدەبەخش و دڵخۆشکەرە و ئومێد دەکرێت کە ببێتە یەکێك لەو ١٠ ولاْتەی ناوچەی ڕۆژهەلاْتی ناوەڕاست کە بەولاْتانی گەشەکردوو و خاوەن پیشەسازی دەناسرێن و لەجیهانیشدا لە لیستی ولاْتانی پیشەسازیدا ئەژمار بکرێت.

عێراق لە لیستی ولاْتانی دەوڵەمەند بە سامانی سروشتی لە ڕیزبەندی نۆیەمدایە لەسەر بنەمای خەملاْندنی نرخی ئەو سامانە سروشتیانە کە دەگاتە ١٥ تریلیۆن و ٩٠٠ ملیار دۆلاری ئەمریکی. لەم ڕیزبەندیەدا ڕووسیا بە یەکەم ولاْت دێت بە ٧٥ر٧ تریلیۆن دۆلار و ئەمریکا بە دووەم ولاْت بە ٥٥ر٤٥ تریلیۆن دۆلار و سعودیەش بە سێیەم ولاْت دێت بە ٣٤ر٤ تریلیۆن دۆلار.

ئەم سەرژمێریە لەسەر بنەمای ١٠ سامانی سروشتی حسابکراوە کە بریتین لە : نەوت و غازی سروشتی و خەڵوز و دارستان و تەختە و ئاڵتون و زیو و مس و یۆرانیۆم و خامی ئاسن و فۆسفات.وەك پێوەرێك بۆ دەوڵەمەندی هەر ولاْتێك.ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە عێراق چەندین توخم و کانزا و سامانی سروشتی تریشی هەیە وەك جیوەی سوور کە توخمێکی نادر و گران بەهایە.

عێراق لە ڕووی بوونی یەدەگی نەوتەوە دووەم ولاْتە لەناوچەی ڕۆژهەلاْتی ناوەڕاستدا دوای سعودیە و بەتەنها ڕێژەی ١١٪ی نەوتی یەدەگی جیهانی تیادایە.و ٩٪ یەدەگی فۆسفاتی جیهانی تیادایە و١٣٧ تریلیۆن مەتر سێجا غازی سروشتیشی هەیە کە پێنجەم ولاْتی جیهانە.

عێراق لە ئێستادا بڕی ١٥٠-١٦٠ ملیار بەرمیل نەوتی خاوی یەدەگی هەیە و لە بوونی ٧٤ کێڵگەی نەوتیدا تەنها ١٥ کێڵگەیان لەکار و بەرهەمدان. ئەمە جگە لەوەی کە باس لەوە دەکرێت ٤٠٠ جێگەی تر لە عێراقدا هەن کە دەوڵەمەندن بە بوونی پێکهاتەی هایدرۆکاربۆنی لەنەوت و غازی سروشتی . کە گەر ئەو ناوچانەش بەرهەمیان هەبێت ئەوا بڕی یەدەگی نەوتی عێراق دەگاتە ٣٦٠ ملیار بەرمیل و ئەم بڕەش پێداویستی نزیکەی ٣ سەدەی داهاتووی گەلانی عێراق دابین دەکات.

لەم ڕێژەیەش بەتەنها ٨٠ ملیار بەرمیل نەوت کە دەکاتە ڕێژەی ٧١٪ لە ناوچەی باشوری عێراقدان لە پارێزگاکانی بەسرە و میسان و زیقاڕ. و لە باکور و ناوەڕاستیشدا بڕێکی باش یەدەگی نەوت و غازی سروشتی هەیە و بەتەنها کێڵگە نەوتیەکانی کەرکوك ١٣ ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگی تیادایە کە دەکاتە ڕێژەی ١٢٪ی هەموو نەوتی عێراق.

کوردستانیش وەك هەرێمێکی دەوڵەتی عێراقی فیدڕاڵ بێبەش نیە لەم دەوڵەمەندیە لە نەوت و غازی سروشتی و هەموو کانزا و ناکانزا و توخمە گران بەهاکانی تر. ئەوەتا بڕی یەدەگی نەوتی کوردستانیش بریتیە لە سێیەکی یەدەگی نەوتی عێراق و دەگاتە نزیکەی ٤٥-٥٠ ملیار بەرمیل نەوت کە دەکاتە ٥٪ نەوتی یەدەگی جیهان و غازی سروشتیشی بریتیە لە ٣ تریلیۆن مەتر سێجا .کە جۆری نەوتی عێراق و کوردستانیش لەباشترین جۆرن و بە تێچوویەکی کەم دەردەهێنرێن و بە ئاسانیش بیر لێدەدرێت و هەڵدەهێنجرێن. و لە ئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژانە بڕی ١٨٠ هەزار بەرمیل و لە کاتێکی نزیکیشدا دەیگەیەنێتە ٣٠٠ هەزار بەرمیل و نیاز وایە کە لە چارەکی یەکەمی ٢٠١٥شدا بگەیەنرێتە ٥٠٠هەزار بەرمیل و لەساڵی ٢٠١٦شدا ببێتە ١ ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا.

و تائێستا لەساڵی ٢٠١٤وە حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی ٣٤ر٥ ملیۆن بەرمیل هەناردەی دەرەوە بکات لە ڕێگەی بەندەری جیهانی تورکیەوە و بەمەش توانیویەتی بڕی ٢ر٨٧ ملیار دۆلار وەك داهات دەستبخات.

بەم شێوەیە ئەم وڵاتی عێراقە بەهەموو پێودانەکان بەوڵاتێکی دەوڵەمەند حساب دەکرێت و ئایندەیەکی ڕۆشن و مژدەبەخشی هەیە. بەڵام لەگەڵ ئەم دەوڵەمەندیەدا نەتوانراوە داهاتی تاکی عێراقی بەرزبکرێتەوە و ژیانێکی خۆشگوزەرانی بۆ وەدیبهێنرێت و دادپەروەریەکی کۆمەڵایەتی بچەسپێنرێت کە هەموو تاکەکان هەست بە بون و ئینتیمای نیشتیمانی خۆیان بکەن .ئەوەتا دەبینین لەعێراقدا کۆی داهاتی نیشتیمانی یەکسانە بە ١٢٥ر٦٥٥ ملیار

دۆلار کە تواناى کڕینە، گەر ئەم ژمارەیە دابەشبکرێتە سەر ژمارەى دانیشتوانى عێراق کە نزیکەى ٣٢ ملیۆن کەسە ئەوا هەر تاکێك تەنها ٨ر٣ دۆلارى بەردەکەوێت وەکو داهات کە ئەمە بڕێکى زۆر کەمە .ئەم ئامار و ژمارانەى لاى خوارەوە مەترسی سەر گەلانى عێراق نیشان دەدات گەر بەزوویی پلانی زانستی دانەنرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان:
ڕێژەى بێکارى لەنێوان ٣٥-٤٦٪ و ئاستی هەژارى ٣٠٪ لە ژمارەى دانیشتوان کە بە ٤ ملیۆن کەس دادەنرێن کە لەژێر هێڵی هەژاریەوەن، مردنی منداڵی خوار ٥ ساڵان بریتیە لە ٣٧ منداڵ لەهەر هەزار منداڵێك لەساڵی ٢٠١١دا و ٩ر١ ملیۆن عێراقی لە برسێتیدا دەژین کە یەکسانە بەڕێژەى ٧ر٥٪ و ٨ر١ملیۆن کەس لەماڵ وحاڵی خۆیان کۆچیانکردوە بەهۆى شەڕو شۆڕ و ململانێ تایەفی و مەزهەبیەکانەوە و ژمارەى هەتیوان ( بێ دایك و باوك ) بریتیە لە ٧ر٥ ملیۆن منداڵ تاساڵی ٢٠٠٦ و ژمارەى بێوەژنان بریتیە لە ٣ ملیۆن بێوەژن بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوى یونیسێف.
بەم شێوەیە ئەم ژمارانە ئاستی مەترسی ژیان و گوزەرانی تاکی عێراقی دەردەخەن و بەهیچ شێوەیەك ئەو سەروەت و سامانە زۆر و زەوەندەى ڕەنگی نەداوەتەوە لە ژیان و گوزەرانی زۆرینەى گەلانی عێراقدا و بەڵکو تەنها کەمینەیەکی کەمی دەسەڵاتداران و مشەخۆرانی ناو کۆمەڵگا سوودیان لێبینیوە.

**هۆکارەکانی ئەم بارودۆخە دەگەڕێتەوە بۆ :**

١. نەبونی دەسەڵاتیکی میللی ودڵسۆز بەئایندەى گەلانی عێراق.
٢. بەردەوامی شەڕ و ململانێ سیاسی و تایەفی و مەزهەبیەکان و شەڕى دژى تیرۆریستان.
٣. پیلانی وڵاتانی ناوچەکە و دونیاش بۆ زیاتر داتەپاندنی ژێرخانی ئابورى عێراق و هەژارکردنی گەلەکەى.
٤. پاشەکشەکردنی گەشەسەندنی پیشەسازى و کشتوکاڵ و پشتبەستن تەنها بەداهاتی نەوت.
٥. لەکار وەستانی پرۆژە پیشەسازیە گەورە و ستراتیژیەکان لە عێراقدا.
٦. نەبوونی یاسای غاز و نەوت و یاسایەکی مۆدێرنی وەبەرهێنان بۆ هاندانی کەرتی تایبەت.
٧. بوونی گەندەڵی دارایی و ئیدارى لەهەموو جومگەکانی دەوڵەتی عێراقیدا.

٨. نەبوونی سیاسەتێکی ڕۆشن و پلانی واقعی و زانستی و شاردنەوە و تاریکاندنی ڕاستیەکان و درۆکردن لەگەڵ هاولاٚتیان و نەمانی متمانەش لەنێوان جەماوەر و دەسەلاٚتداراندا.

- هەموو ئەمانە و گەلێکی تریش پێکەوە بونەتە هۆی داڕمانی ژێرخانی ئابوری و هەژارکەوتن و برسیبون و کۆچکردنی ملیۆنان خەڵکی عێراق و بەم شێوەیە عێراق هەرچەندە ولاٚتێکی دەوڵەمەندە بەلاٚم گەلانی عێراق گەلانێکی هەژار و برسی و نەخۆش و دواکەوتوون. دیارە ئەم ڕاستیانەش بۆ هەرێمی کوردستانیش تاڕادەیەك هەر ڕاستە بەڕەچاوکردنی گەشەو پێشکەوتنێکی کەم لەسایەی ئارامی و ئاسایشی بەرقەراربوو لە هەرێمی کوردستاندا.

* ئەم بابەتە لە هەواڵ ژمارە ٥٩٢ لە ٢٠١٤/١١/١٥ و سایتەکانی مەکتەب ڕێکخستن وئاوێنە نیوز و ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە ٢٠١٤/١١/١٠ و ستاندارکورد لە ٢٠١٤/١١/١١ و پێنوسەکان لە ٢٠١٤/١١/١٠دا بلاۆکراوەتەوە.

# تورکیا

## لە ڕۆڵی ڕابەرایەتیەوە بۆ کەنارگیری لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا.. *

- تورکیا وەك ولاَتێکی خاوەن مێژوو و کەلتورو ڕابوردویەکی پرشنگدار و خاوەن دەسەلاَت لەناوچەی ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست و تەنانەت ناوەڕاستی ئەوروپاشدا کە زیاد لە ٥٠٠ ساڵ حوکمڕانی ئەم ناوچانەی کردوە و بەگەورەیی و پانوپۆڕی خاکەکەی ٧٨٣٥٦٢ کیلۆمەتر چوارگۆشە و بە زۆری ژمارەی دانیشتوانەکەی کە زیاد لە ٧٠ ملیۆن کەسن و بەهەڵکەوتەی جوگرافیاکەی لە سەر سێ ڕێیانی ئاسیا و ئەوروپاو ئەفریقیادا و ڕوانینی بەسەر دەریاکانی ڕەش و سپی و مەڕمەڕە و ئیجەدا، هەمیشە ویستویەتی کە ڕۆڵی ڕابەرایەتی لەناوچەکەدا بگێڕێت و دەسەلاَت و نفوزی خۆی بەسەر هەمواندا بسەپێنێت و ولاَتانی ناوچەکەش لە خولگەی ئەودا بسوڕێنەوە .بەتایبەتیش ئەم خەون و خولیایەی لەسەردەمی تاك دەسەلاَتی ئاك پارتیدا بەسەرۆکایەتی تەیب ڕەجەب ئەردوگاندا گەشەی کردوو زیندووبوە و، بەوەی کە لەساڵی ٢٠٠٢وە و تاکو ئێستا بەتەنها حکومەت و پەڕلەمان بەڕێوە دەبات و لەمێژووی دەوڵەتی تورکیای نوێدا نەبوە کە حیزبێك هێندە بەهێز و کارا بێت و بۆ ماوەی ١٢ ساڵی ڕێك بەتەنها و بە سەرکەوتوویی گرەوی هەڵبژاردنەکان بباتەوە و زۆرینەی دەنگی گەلانی تورکیا بۆخۆی مسۆگەر بکات. لە ڕاستیشدا ئەم تاك حیزبیە وایکردوە کە تورکیا لەم ماوەیەدا ئاشتی و ئارامیەکی سیاسی باش بەخۆیەوە ببینێت و لەسایەی ئەم ئارامیە سیاسیەشدا ئابوری تورکیا زۆر گەشەی کردوە و داهاتی تاك و نەتەوەیی گەلێك بەرزبۆتەوە و لەبوارەکانی کشتوکاڵ و بازرگانی و پەروەردە و شارەوانی و تەندروستیدا هەنگاوی بەرچاوی هەڵناوە.

توانیویەتی تاڕادەیەکیش کێشە ناوخۆییەکانی لەگەڵ سەرجەم حیزب و ڕێکخراو و نەتەوەکانی تردا خاو بکاتەوە و بەتایبەتیش لە مەسەلەی کورددا هەنگاوی بەرچاوی هەڵناوە و لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی ئاشتەوایدا گەر نیوەناچڵ و بەدڵی کوردیش نیە

بەلاَم توانیویەتی گەلێك ماف بۆ کوردان بگێڕێتەوە  کە لەسەردەمانێکدا بۆ کورد وەك خەون وابون لە تورکیادا و کوردانیش بەهەمان شێوە لە ئاست گرنگی و ناسکی قۆناغەکەدا بە بوێری و چاونەترسانەوە هەنگاویان ناوە و لە ئیسێتادا زمان و زانکۆ و تەلەفزیۆن و دادگاکان بەکوردی دەدوێن و تەنانەت بۆ یەکەمین جار کوردێك(( سەلاحەدین دەمیرتاش)) توانی بە ئاشکرا خۆی بپالێوێت بۆ سەرۆك کۆماری تورکیاو ڕێژەی ٩٪ دەنگەکانی وەدەستهێنا.

لەسەر ئاستی ناوچەکە و دونیاشدا توانیویەتی پێگەی خۆی قایمتر و چەسپاوتر بکات و ڕێز و سەنگینی خۆی بپارێزێت و لەهەموو کێشە و ناکۆکیەکانی ناوچەکە و دونیاشدا دەنگ و ئامادەگی هەبێت.

بەم شێوەیە تورکیای ئەردۆگان خەونی  زیندوکردنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە خەیاڵیدا گەشەی کردوە و خۆی دادەنێت بە میراتگری سوڵتانەکان و لە ئێستادا ئاك پارتی هەم زۆرینەی پەرلەمان و هەمیش حکومەتێکی تاکلایەنە و هەمیش سەرۆك کۆماری لەدەستدایە و جڵەوی باڵی سەربازیشی بۆخۆی مسۆگەرکردوە. و ئەردۆگانیش بۆتە پیاوی پلە یەك لە تورکیادا.

هەموو ئەم کار و دەسکەوتانە وا لە ئەردۆگان و حیزبەکەی دەکات کە شێوەیەك لە غرور و کبریائیان پێوە دیاربێت لەهەڵسوکەوت و مامەڵەکردنیان لەگەڵ دەوروبەریانداو زیاد لە پێویست متمانەیان بەخۆیان هەیە و بەرەو تاکڕەوی زیاتر هەنگاو دەنێن و جۆرە حساب بۆ نەکردنێك لە هەڵسوکەوت و گوتاریاندا هەست پێدەکرێت.

هەرئەم هۆکارەشە کە تورکیا کەوتۆتە هەندێ هەڵەی کوشندە و خۆبەزل زانینی زیاد لە پێویست لەبەرامبەر هێزەکانی تری ناوچەکە و دونیاشدا.

ئەوەتا تورکیا کە ٨ وڵات دراوسێیەتی لەگەڵ هیچ کامیاندا پەیوەندیەکی دۆستانەی گەرموگوڕ بەیەکیانەوە نابەستێتەوە و بەڵکو لەگەڵ هەمواندا کێشەیەك یان زیاد لە کێشەیەکی هەیە . ئەوەتا لەگەڵ بولگاریاو یۆنان و قوبرسی یۆنانیدا کێشەی کەمینەکان و خاکیان هەیە لە مێژەوە و لەگەڵ ئەرمینیاو ئازەربایجاندا بەهەمان شێوە کێشەی مێژوویی خاك و میلەتیان هەیە و لەگەڵ ئێراندا ململانێ درێژخایەنە مێژوییەکانی ڕۆم و عەجەمیان بەشێوەیەکی سارد هەر بەردەوامە و لەگەڵ عێراق و سوریای ئێستادا لەوپەڕی پەیوەندی خراپدایە. لەگەڵ زلهێزەکانی ناوچەکەشدا بەهەمان شێوە لەگەڵ میسر((گەیشتە ئاستی

دەرکردنی سەفیری وڵاتەکانیان)) ولە ئێستاشدا بەهۆی پێکەوەنانی هاوپەیمانی و ڕێککەوتن لە نێوان یۆنان و میسر و قوبروسدا بۆ گەڕان و دۆزینەوەی نەوت لەئاوە هاوبەشەکانی نێوانیاندا تورکیا هەموو هێزی دەریایی و وشکانی خستۆتە ئامادەباشیەوە و بە مەترسی بۆ سەر خۆی حساب دەکات چونکە هەرسێ وڵات لە ئێستادا پەیوەندیەکانیان لەوپەڕی خراپی و ساردیدایە. لەگەڵ سعودیەی سونە مەزهەبدا لەسەر ڕابەرایەتی کردنی دونیای ئیسلامدا ناکۆکن و لەگەڵ ئێرانی شیعە مەزهەبیشدا خراپتر. لەگەڵ ئیسرائیلیشدا کە هێزێکی نائیسلامی خاوەن نفوز و پشتیوانیی ڕۆژئاواشە لەناکۆکی توندایە(( لە ئەنجامی لێدانی ئیسرائیل بۆ ئستولێکی تورکیا لە دەریای سپیدا بەناوی کەشتی مەرمەرە گەیشتە ڕادەی دەرکردنی سەفیری وڵاتەکانیان)). هەروەها بەهۆی بەشدارینەکردنی لە جەنگی کەنداوی سێیەمدا و ڕێگەنەدانی بە هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ بەکارهێنانی بنکەی سەربازی ئینەجەرلیك لەو کات و لە ئێستاشدا لەجەنگی دژ بە تیرۆریستانی داعشدا و پشتیوان و هاوکاری داعش وەك مەترسیەك بۆ سەر ئاشتی و ئارامی تەواوی جیهان کێشەی گەورەی بۆخۆی دروستکردوە لەگەڵ ئەمریکا و ئەوروپیەکانیشدا.ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە تورکیا لەساڵی ١٩٥٢وە ئەندامی پەیمانی ناتۆی سەربازیە و لەساڵی ١٩٨٩شەوە داوای بون بە ئەندام بونی کردوە لە بازاڕی هاوبەشی ئەوروپیدا و تائێستا نەیتوانیوە ئەو خەونەی وەدیبهێنێت لەبەر گەلێك هۆکاری سیاسی و ئابوری و سەربازی و ...هتد. لە ئێستادا هێندەی تر تورکیا بێئومێد بوە لە بون بە ئەندام لەو یەکێتیەدا و دژایەتیەکی زۆریش دەکرێت لەبەر پشتیوانیکردنی لە تیرۆر و داعش.

بەم شێوەیە تورکیای ئەردۆگان لە ئێستادا لەهەموو کات زیاتر گۆشەگیرتر و کەنارخراوترە لەبەر هەڵوێست و خەون و خەیاڵە فراوانخوازی و خۆ بەزلزانینەکانی .پێشبینی و لێکدانەوەی ئەم بارودۆخەی کە تورکیا لەناوچەکەدا هێناویەتیە ئاراوە بە پشتیوانیکردنی لە بەرەی تیرۆر و داعش پێدەچێت کە ئەم جەنگە بەسەرکەوتنی بەرەی دژە تیرۆر تەواو ببێت هەرچەندە درێژخایەنیش بێت و ئەوکات هێزی داعش تەنها جێگەیەك کە بۆی بچن بریتیە لە تورکیا، چونکە وڵاتانی خاوەن تیرۆریستەکان هیچکامیان قبوڵ ناکەن ئەو کەسانە وەربگرنەوە و بگەڕێنەوە وڵاتەکانیان و لەبەرئەوە تورکیا بە حوکمی نزیکی خاك و پەیوەندیەکانی لەگەڵ داعشدا دەبێتە مۆڵگەی کۆکەرەوەی داعشیەکان و ئەنجامیش

لەناوخۆی تورکیادا دەبنە مایەی نانەوەی سەرئێشە و کێشەی قوڵ بۆ دەسەلاّتی تورکیا کە بۆخۆی لەبنچینەدا جەنگێکی ساردو شاراوەی هەیە لەنێوان حکومەتی ئەردۆگان و باڵی فەتوحولاّ گویلەن . مێژووی ئیسلام و ئیسلامیەکانیش دووپاتی ئەو ڕاستیە دەکەنەوە کە هیچ کات دوو بزوتنەوە یان دوو باڵی جیاواز لە ڕەوت و مەزهەب و بۆچووندا لەگەڵ یەکدا هەڵناکەن و ئەوکاتیش تورکیا بۆخۆی دەبێتە گۆڕەپانی ململانێکانی ئیسلامیەکان و کێشەی کورد و ئەرمەن و عەلەویەکان و ..هتد. زیندوو دەبنەوە و بەمەش ئەو تولە مارانەی کە تورکیا بەخێوی کردن دەبنە تەوقی نەفرەت و دەچنە گەردنی تورکیا خۆیەوە.

ئەم پێشکەوتنە دراماتیکیەی ناو تورکیا ئەنجام هەڵوەشاندنەوە و دابەشبونی تورکیای لێدەکەوێتەوە و بەمەش تورکیا پێش ئێرانی هاوسێ ئیسلامیەکەی یەك و یەکگرتویی خاك و گەلانی تیادا ڕوودەدات. ئاشکراشە کە ئەم گۆڕانکاریانەش هەموانیان لە چوارچێوەی بیردۆزەی فەوزای دروستکردا ڕوودەدەن کە ئامانج لێی دروستکردنەوەی ناوچەی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستی نوێیە بە فۆڕمێکی تازەوە کە بریتیە لەهەڵوەشاندنەوەی ولاّتە گەورەکانی ناوچەکە و ڕێکخستنەوەیان لە شێوەی ولاّتانی بچوکتردا . کە ئەم قۆناغە بۆ کوردیش مایەی گۆڕانکاری گەورەیە و دەبێت کورد خۆی ئامادە بکات بۆ ئەو قۆناغە و وەك هەموانیش وای بۆدەچن کە کورد تاکە نەتەوەیە کە گەورەترین سوود و قازانج لەم گۆڕانکاریانە وەردەگرێت.

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی مەکتەب ڕێکخستن وپێنوسەکان و ستاندارکورد لە ٢٠١٤/١١/١٦ و خەندان لە ٢٠١٤/١١/١٧دا بلاّوکراوەتەوە.

## داعشێکی بێ دایك و باوك چارەنوسی بەرەو کوێ؟*

• داعش وەك ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ، سەرهەڵدانی و گەورەبونی و مەترسیەکانی لەکاتێکی کەمدا بونە جێگەی مشتومڕو لێکدانەوە و تێڕامان، چونکە ڕێکخراوێکی ئاوها نەشاز و دوور لەهەموو سیما گەشەکانی ژیان و ئاوەدانی و سەردەمیانە، چۆن توانی بەو کاتە کەمە ببێتە جێگەی قبوڵکردنی زۆرێك لە گەنجانی دونیا لە ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاواوە و بە هەزاران کەس خۆی بخزێنێتە ڕیزەکانیانەوە و بەشێوەیەکی زۆر توند و سەرمەستانە کاری تیادا بکەن و بتوانن سنوری دوو وڵاتی ڕەسمی ناوچەی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست بسڕنەوە و مەترسی گەورەش دروست بکەن بۆ ڕووخاندنی ڕژێمەکانی سوریاو عێراق و هەڕەشە لەهەموو ناوچەکە و ئەوروپاو ئەمریکاش بکەن.

بەڕاستی دیاردەی هەڵتۆقینی داعش ، دیاردەیەکی سەیرو سەمەرەی بەرهەمی بەجیهانبونە و جیهانی بەخۆوە خەریك کردوە. ڕێکخراوێك کە نە خاکێك و نەگەلێکی دیاریکراوی هەبێت و نە ئایدیاو نەبەرنامەیەکی ڕۆشن و خزمەتکردنی هەبێت. بەشێوەیەك وایە کە لە مەلۆتکە و منداڵێکی بێ دایك و باوك دەچێت، سەیرە بەم بارودۆخەوە بتوانێت ژمارەی چەتەکانی و قەوارەی دەسەلاّتەکەشی هێندە گەورە و گەشە بکات لەدونیایەکی پڕ لە پێشکەوتن و زانیاری و تەکنەلۆژیای سەردەمدا، لە ناوچەیەکی گەرم و پڕ لە ململانێدا، لەناوچەیەك کە ململانێی مێژوویی دونیای مەسیحی و ئیسلام و دواتر فەلەستین و عەرەب لەگەڵ ئیسرائیلدا و دواتریش خاڵی کۆبونەوەی بەرژەوەندیەکانی زلهێزەکان وەك ناوچەیەکی دەوڵەمەند بە هەردوو سەرچاوەی نەوت و غازی سروشتی لە دونیادا.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە کێ و چ وڵات و لایەنێك لە پشت دامەزراندن و گەورەکردن و پشتیوانیکردنی داعشەوەیە؟ ئایا داعش نوێنەرایەتی ئیسلامی ڕاستەقینە دەکات؟ یان نوێنەرایەتی و دەستکێشی دەزگا موخابەراتیەکانی ناوچەکە و دونیایە؟ئایا داعش چارەنوسی بەرەو کوێ دەڕوات؟

ئەو ڕاستیانەی کەلەماوەی ئەم چەند ساڵ و مانگەدا بۆ هەموان ئاشکرا بوو، ئەوەیە کە داعش سەرچاوەی مادی و مرۆیی نادیارە و هێزەکانی پشت پەردە و هەڵسوڕێنەرانی تاڕادەیەك نادیارن و زۆریش نزیکە کە ئەو هێزانە لە بنچینەدا خۆیان لە ململانێیەکی توندا بن و بەرژەوەنیەکانیان بەریەك بکەوێت، هەربۆیەش هەموانیان بەشێوەیەك لە شێوەکان هاوکار و پشتیوانن بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان ئەم دڕندەیەیان دروستکردوە و لەبەرامبەر نەیارەکانیاندا بەکاری دێنن، ئەوەی کە باس دەکرێت دەزگا موخابەراتیەکانی ئەوروپاو ئەمریکا و ئیسرائیل و قەتەر و سعودیە و تورکیاو تەنانەت ئێران و ڕوسیاش لە پشت دروستکردن و هاوکاری داعشەوەن.ئاشکرایە داعش بەم شێوەیە لە چێشتخانەیەکی جیهانیدا ئامادەکراوە و زۆر لایەن و دەزگای موخابەراتی لە پشتیەوەیەتی و بەلاَم ماڵیش نیە لەسەر هیچ لایەك و ولاَتێك، بەڵکو موڵك و خزمەتکاری هەموانیانە و داعش بە پێی پلان و سیاسەتی ئەوان دەبزوێت نەك ڕێکخراوێکی سەربەخۆ و خۆڕسك و مێژووکرد بێت.لە بنچێنەدا نوێنەرایەتی ئەو ولاَت و دەزگایانە دەکات نەك ئیسلامی ڕاستەقینە و پاك و بێگەرد و ئاینی هەموان و ئاشتی و سەلامەتی و بەها جوانەکان.

داعش بە بەرنامە تیرۆریستیەکەی و بە نواندنی توندتیژیەکانی لە ناوچەکەدا و لەو ناوچەانەی داگیری دەکات، بەهیچ شێوەیەك نەبۆتە جێگەی قبوڵکردنی زۆرینەی خەڵکەکەی، چونکە لەگەڵ ویست و خواستی سەردەمەکەدا ناگونجێت و لەگەڵ ئازادی و دیموکراسی و مافەکانی مرۆۋ و ژناندا وێك نایەتەوە. داعش بۆخۆی وەك دەرئەنجامێکی ناڕەسەنی ئایدیاو بیرو فەلسەفەیەکی توندوتیژ هاتۆتە بون و وەك وەلاَمدەرەوەیەکی ئەو بارودۆخە سیاسی و ئابوری و کۆمەلاَیەتیە تێکچوو و هەژار و دواکەوتوەی ناوچەکە هاتۆتە مەیدان و ئالاَی دژایەتی هەموو سیستەمەکانی ناوچەکە و دونیاشی هەڵگرتوە.داعش ڕێکخراوێکی بێ بەرنامەی سیاسی و ئابوری و کۆمەلاَیەتی و خزمەتکردنە، کە هەموو ئەمانە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت و خەلافەتێکی پان و پۆڕو گەورە کە بەنیازن لەم ناوچەیە و دونیاشدا دایبمەزرێنن و خەونی پێوە دەبینن کارێکی مەحاڵە و بەهیچ لۆژیك و عەقلێك قبوڵ ناکرێت ، هەربۆیەش دوای ماوەیەك لەمانەوەیان و ئاشکرابوونی بەرنامە و نیەت و ماهیەتیان خەڵکی لێیان بێزار دەبێت و لە ئێستادا دەنگی ناڕەزایی و تۆڵەکردنەوە و دەرکردنیان دەستیپێکردوە. خۆشیان ئەو ڕاستیەیان بۆ دەرکەوتوە کە ناتوانن تا سەر و بۆ ماوەیەکی درێژ درێژە بەمان و دەسەلاَتیان بدەن. ئەو

ولأتانەشی کە بەفعلی پشتیوان و هاوکاریان دەکەن هەر لە سعودیە و قەتەر و تورکیا، خاوبونەوەیەکیان پێوە دیارە. هەربۆیە چارەنوسی داعش وەك ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بەرەو هەڵدێر و نەمان و لاوازبون و بچوکبونەوەی بەردەوام دەچێت، ئەوەتا لەماوەی هەفتەیەکدا تەنها لەکوردستاندا لەناوچەکانی جەلەولاو حەمرین و گەرمەسێر و گوێر و زومار و کوبانێدا ، لەپاشەکشەدان دوای ئەوەی کە هێزی هاوپەیمانان کەوتنە هاریکاری هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق. لە ئێستادا دەستپێشخەری شەڕ و هێرشکردن لە دەستی داعشدا نەماوە و ئەوان لە پاشەکشەی بەردەوامدان.. هەربۆیە داعش لەکۆتایدا وەکو خۆڵی ناو دڕك دابەشدەبێتەوە سەر ئەو ولأتانەی کە هاوکاری و پشتیوانیان کردوە و چەتەیان بۆ ناردوون، بەم شێوەیە داعش بێ خاك و بێ گەل و بێ نەوا دەمێنێتەوە. ئەوکات ئەو ولأتانەی کە هاوکاریان کردون بەتایبەتیش تورکیا دەبێتە مۆڵگەی سەرەکی کار و چالاکیان و لەکۆتایشدا لەناخی تورکیاو کۆمەڵگاکەیەوە بەتوندترین شێواز دژی دەسەلأتی تورکیاو ئاکەپە دەوەستنەوەو تورکیاش باجی هەڵە و دەستێوەردان و هاندان و پشتگیریەکەی دەدات بۆ داعش دژی گەلانی سوریاو عێراق و پێشبینیش دەکرێت کە تورکیا ڕووبەڕووی هەڵوەشاندنەوە و شەڕی ناوخۆ و ململانێی نەتەوەیی و مەزهەبی ببێتەوە و ئەو دەسکەوتە کەمەی لە پشتگیری داعش وەدستیهێنا هەموو بەزیانی گەورە بشکێتەوە بەسەر خۆیدا.کە ئەمەش باشترین پاداشتە بۆ سیاسەتە هەڵە و خەونە زڕ و نەزۆکەکەی زیندووکردنەوەی خەلافەتی عوسمانی لەناوچەکە و دونیادا بۆ سەرانی ئاکپارتی.

* ئەم بابەتە لە هەواڵ ژمارە ٥٩٥ لە ٢٠١٤/١٢/٦ و کوردستانی نوێ ژمارە ٦٥٤٤ و پی یو کەی میدیا لە ٢٠١٤/١٢/٢ وسایتەکانی مەکتەب ڕێکخستن وپێنوسەکان و ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە ٢٠١٤/١٢/١ و کوردیۆ لە ٢٠١٤/١٢/٣دا بلاْوکراوەتەوە.

# هەڵویستی لیستی خزمەت لە پارێزگای سلێمانی لەنێوان سەرزەنشتکردن و پیاهەڵگوتندا.. *

- لەدوای ڕاگەیاندنی ڕێکەوتننامەی نێوان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕاندا لە بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە ٢٠١٤/١٢/١١دا لەسەر دابەشکردنی پۆستەکانی پارێزگای سلێمانی لەنێوان خۆیاندا . کە بەم ڕێکەوتنامەیە کۆتایی هات بە ٧ مانگ چاوەڕوانیکردنی جەماوەری پارێزگاکە و کێشە و گرفتێك و گرێ کوێرەیەکی قورس کرایەوە وئەنجامیش بوە مایەی خۆشحاڵی هەموان و ئیدی لە ئێستادا هەموانیشمان چاوەڕوانی بەرجەستەکردنی ئەو ڕێکەوتنامەیە دەکەین لەسەر زەمینەی واقیع و گەرەکمانە ڕۆژێك زووتر پۆست و پلەکان پڕبکرێنەوە بەکەسانی شیاو بۆئەوەی بەزووترین کات بکەونە خزمەتی شارەکەمان و هەریەکە لای خۆیەوە بەڵێنەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانیان جێبەجێبکەن و قەرەبووی ئەو دواکەوتنە بکەنەوە.
- ئەوەی لێرەدا مەبەستمە کە دوای ئەو ڕێکەوتنە لەلایەن گەلێك کەسەوە هەڵوێستەکەی لیستی خزمەتیان (( کۆمەڵ و یەکگرتوو)) لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیدا شەن و کەو کرد و هەبوو سەرزەنشتیان کردن و دواکەوتنی ئەو ٧ مانگەیان بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەخستە ئەستۆی ئەو لیستەوە ، چونکە نەیاتوانی خۆیان ساغ بکەنەوە بەلایەنگری لیستێك لە لیستەکانی یەکێتی و گۆڕان و ئیدی هەر لەسەرەتاوە کێشەکەیان یەکلابکردایەتەوە بە قازانجی لایەکیان.

لەلایەکی تریشەوە هەندێك بەهەڵویستەکەیاندا هەڵدەڵێن و دەستخۆشیان لێدەکەن، بەوەی کە نەبونەتە پاشکۆی هیچ لایەك و پارێزگاریان لە هەڵوێستی خۆیان کردوە و نەبونەتە بەشێك لەململانێی ئەو دوولایەنە و سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی خۆیان پاراستوە.

گەر بەووردی و بەویژدانەوە بڕوانینە ئەو هەڵوێستە، دەبێت هەرئەوە چاوەڕوان بکەین لە دوو حیزبی سیاسی ئیسلامی کە واناسراون سەربەخۆن لەبڕیاردان و هەڵوێستی سیاسی خۆیاندا و خۆشیان بە پاشکۆی هیچ لایەکی تر نازانن و تەنها داوای مافی هەڵبژاردنی خۆیان دەکەن بەپێی سەنگ و قورسایی و دەنگ و ژمارەی کورسیەکانیان. وەك بنەمایەکی سیاسی ڕۆشن و ئاشکرا هەر حیزبێك بەرنامە و گوتاری سیاسی خۆی هەیە و بەپێی بەرژەوەندیەکانی حیزبی و جەماوەری خۆی هەڵسوکەوت و مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکاندا دەکات، جا هەندێ جار دەیپێکێت و هەندێ جاری تریش سەرچیخ دەچێت، کە لەهەردوو باردا سەرکردایەتی حیزب بەرئەنجامەکان لەئەستۆ دەگرێت بە باش یان بەخراپ.

بۆیە ئەم هەڵوێستەی لیستی خزمەت بەلای منەوە هەڵوێستێکی واقع بینانە بوو و دوورکەوتنەوە بوو لە پاشکۆیەتی هیچ لایەك و سەربەخۆیی بڕیاری سیاسیی خۆیانی پیشاندا و نەبونە لایەنگری هیچ لایەکیش. ڕاستە لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستەدا ڕەنگە بە پێی حەز و ئارەزووی خۆیان پۆست و پلەیان دەستنەکەوتبێت وەك شەریکێکی ڕێکەوتنامەکە و دڵی چەندین کادر و لایەنگری خۆیانیان لێڕەنجا بێت، بەڵام بەلای منەوە ئەم هەڵوێستەیان باشترین و ڕاسترین هەڵوێست بوە، چونکە بەڕای بەندە گەر بەهەر لایەکدا بیانشکانایەتەوە لاکەی تریان لێدەڕەنجا و بەشێوەیەك لەشێوەکان دەبونە ناحەزی یەکتر بەتایبەتیش لەشاری سلێمانیدا و دەبونە هۆکاری سەرهەڵدانی پشێوی و نائارامی لەناو پارێزگاکەدا چونکە هەردوولای یەکێتی و گۆڕان خاوەن جەماوەر و لایەنگری زۆرینەن و بەتایبەتیش کە یەکێتی نیشتیمانی لە دەسەڵاتدایە و هەموو جومگەکانی ئیداری و ئەمنی بەدەستەوەیەوە ،ڕەنگبوایە کە کاردانەوەیەکی توندی لێبکەوتایەتەوە. بۆیە ئەم هەڵوێستەی لیستی خزمەت بەپلەی یەکەم خزمەتی بە تەواوی پارێزگاکە و ئەمنیەت و ئاسایشی شار کردوو شاری لە ئاژاوە و پشێوی دوورخستەوە و پارێزگاری لە هەڵوێستی سیاسی سەربەخۆی خۆشی کرد. من پێموایە گەر بچوایەتە پاڵ هەر لایەکیان ڕەنگبوایە پۆستێ یان زیاتریان پێبدایە کە ئەوکات ڕەخنەکان زیاتر دەبون و هەڵوێستیشان هێندە بەهێز و سەربەخۆ نەدەبو و بە

پاشکۆیەتی و پۆست و پلە پەرستیش ناویان دەبردن و پێویستیش دەبوو کە بەماوەی ئەم ٤ ساڵەی داهاتوو ببونایەتە پاشکۆی حیزبە گەورەکەی براگەورەیان لە باش و خراپەکانیاندا.

بەداخەوە زۆرجاران لەسەر ئاستی حیزبی سیاسی یان سەرکردە و تەنانەت ڕۆشنبیر و تاکەکانیش ناتوانرێت هەڵوێستێکی ڕاست و دروست و دڵخوازی خۆت به ئازادانەو سەربەخۆیانە دەربڕیت دوور لە دڵڕازیکردن و نەرمینواندن و حساب بۆنەکردنی چواردەورەکەت کە هەر ئەمەش وایکردوە کە پڕۆسەی دیموکراسیەت و ئازادیەکان تائێستا لە کوردستاندا لەژێر پرسیاردا بمێنەوەو هێشتاش بەتەواوەتی نەچەسپیون و لەقۆناغی دەڵەمەیی و ڕاگوزەریدابن چونکە هەموانمان تەنها ئەوەندە ئازادی و دیموکراسیمان قبوڵە کە لە سەر ناو و ناوبانگ و کار و کردەوەی خۆمان قسە نەکرێت و ڕەخنە نەگیرێت و دیموکراسیمان بە شەرت قبوڵە کە هەر ئەمەشە خاڵی سەرەکی لاوازی پڕۆسەی پێشنەکەوتن و گەشەنەکردنی دیموکراسیەت و ئازادیەکان لەکوردستان بەتایبەتی و لە ڕۆژهەڵاتدا بەگشتی.

* ئەم بابەتە لە هاوڵاتی ژمارە ١٤٥٥ لە ٢٠١٤/١٢/٢٣ و سایتەکانی ئاوێنە نیوز و پێنوسەکان لە ٢٠١٤/١٢/٢٢ و کوردیۆ و خەندان لە ٢٠١٤/١٢/٢٣ و ستاندارکورد لە ٢٠١٤/١٢/٢٨دا بڵاوکراوەتەوە.

# جەنگی دژە تیرۆر بەرەو کوێ ؟*

❖ **مێژووی سەرهەڵدانی تیرۆر**

ئاشکرایە مێژووی سەرهەڵدان و دەستپێکردنی تیرۆر لە جیهاندا زۆر لەمێژە و یەکەم کاری تیرۆریستیش لەسەر دەستی کوڕەکانی ئادەمەوە ڕویداوە لەسەرەتای مێژووی مرۆڤایەتیدا و ئیدی کاروانی تیرۆر و تۆقاندن سەرچاوەی گرتوە و سەرتاپای مێژووی مرۆڤایەتی خوێناوی کردوە.و ئەوەتا لە سەدەی یەکەمی مێژوودا گروپێکی جولەکە دژی ڕۆمانیەکان کاری توندوتیژیان ئەنجام داوە و حەشاشەکان لەسەدەی یانزەهەمدا دژی هاولاتیان و دەسەلات و سەردەمی شۆڕشی فەڕەنساش لەنێوان سالانی ١٧٨٩–١٧٩٩ کە مێژوونوسان ناوی دەبەن بە ((قۆناغی ترس)) کاری تیرۆریستیان ئەنجام داوە.و لەسەدەی بیست و یەکیشدا و لەم چەند ساڵەی دوایدا دیاردەی تیرۆر بۆتە دیاردەیەکی جیهانی و هەموو کونجێکی دوور و نزیکی ئەم دونیایەی گرتۆتەوە و بۆتە مەترسی و هەڕەشەیەکی جدی بۆ سەر هەموو کۆمەڵگاکان و بۆتە هۆی زیان گەیاندن بە ئابوری جیهان بە ملیارەها دۆلار و گەورەترین کاری تیرۆریستیش بریتی بوو لە کارەساتی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ی ئەمریکا کە لەلایەن ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی توندڕەوی سەلەفی ئیسلامیەوە ئەنجامدرا.و دواتر کاری تیرۆریستی گەلێك ولاتانی دونیای گرتەوە هەر لە یابان و چین و ڕوسیا و پاکستان و هندستان و ئێران و عێراق و ئەفغانستان و سعودیە و ئوردن و میسر و مەغریب و تەنزانیا و کینیا وبەریتانیا و ئیسپانیا و فلیپین و ...هتد.

وشەی تیرۆر لە وشەی ئینگلیزی و ئەصڵی لاتینی terror وە هاتوە وتیرۆریستیش لە terrorism وە.کە مانای ترس و تۆقاندنی خەڵکانی بێ چەك و مەدەنی دێت بۆ لاوازکردنی ڕۆحی مەعنەوی دوژمن.

- **پێناسەی تیرۆر:**

دەزگا و دەستە و ڕێکخراو و کەسانی نێودەوڵەتی پسپۆڕ لە بواری لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی دیاردەی تیرۆردا. زیاد لە ١٠٠ پێناسەی جیاوازیان بۆ تیرۆر کردوە لەوانە:

- بریتیە لە و کردارانە کە بە سروشتیان دەبنە هۆی دروستبوونی هەستی ترس و دڵەڕاوکێ لەهەر مەترسیەك بەهەر شێوەیەك بێت.
- بریتیە لە ترساندنی کەسەکان بەهۆی کارە توندوتیژیەکانەوە.
- بریتیە لە بەکارهێنانی پلان بۆ داڕێژراوو ڕێکخراو بۆ ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی دروستبوونی ترس بەمەبەستی وەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو.
- بریتیە لە کردارێکی بێ بەزەیی و قێزەون.
- بریتیە لە کارێك کە پێچەوانەی بەها کۆمەڵایەتیەکانە و دەبێتە هۆی دەست بەسەراگرتنی کەرامەتی مرۆڤ.
- **کێ دەبێتە تیرۆریست؟**

هەندێ پێیان وایە کەسێك یان گروپێك دەبنە تیرۆریست چونکە ناتوانن پرۆسەی گۆڕان چێ بکەن بەهۆی ئامڕازە ڕەواکانەوە. وەك هۆکاری ئابوری یان ناڕەزایی و داواکاری جەماوەری بۆ گۆڕان.

- **جۆرەکانی تیرۆر**
- تیرۆر و تیرۆریستان چەندین شێواز و تەکنیك و ئامڕازی جۆراوجۆریان بەکارهێناوە بۆ لەناوبردنی دژەکانیان.و دوو جۆری سەرەکی تیرۆر هەیە:

١. **تیرۆری ڕەوا**

وەك کاری شۆڕش و خەبات و بەرگریکاری لە پێناو پاراستنی خاك و مێژوو و کەلتور و وەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوەیی. وەك خەباتی ڕەوای چەکداری و شۆڕشەکانی کورد و فەلەستینیەکان و هەموو نەتەوە ژێر دەستەکانی تر.

٢. **تیرۆری ناڕەوا**

- وەك تیرۆر لەسەر ئاستی (( دەوڵەت و گروپ و مافیا و نێودەوڵەتی و تاکەکەسیش )) پەیڕەو دەکرێت و لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاشدا شێوازی جێبەجێکردنەکانی تیرۆر گۆڕاون و پێشکەوتون و بەشێوازی هەڕەمەکی یان ڕێکخراو پیادەکراون. تیرۆر لە

ئێستادا و لەسەردەمی بەجیهانبووندا بۆتە دیاردەیەکی جیهانی و هۆکاری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی لە پشتەوەیە و چەوساندنەوەی کەسەکانە بەبێ جیاوازی ڕەگەز و دین.

- بەداخیشەوە لەکوردستانیشدا بەهەمان شێوە تیرۆر مێژوویەکی کۆنی هەیە و لەگەڵ یەکەم دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی میدیادا و لەناو بنەماڵەی فەرمانڕەوادا تیرۆر پیادەکراوە و دواتریش هەموو میرنشین و دەسەڵاتە ناوچەیی و ناوخۆییەکان و شۆڕشەکاندا، دیاردەی تیرۆر بوون و ئامادەگی هەبوە، لەلایەك لەناو چینی دەسەڵاتدا و خودی بنەماڵە فەرمانڕەکاندا لە ئەنجامی ململانێی سەر کورسی و دەسەڵاتیاندا و لەلایەکی تریشەوە لەلایەن دەسەڵاتەوە بەرامبەر بەکەسان و گروپ و دەستە و تاقمە دژەکانیان و جۆرەها ئامراز و شێوازیشیان گرتۆتە بەر.هەر لە تیرۆرکردنی ڕاستەوخۆو ژەهرخواردن و خنکاندن و تەقاندنەوەی ماڵ و ئۆتۆمبێل و ڕفاندنی کەسە نزیکەکانی ڕکابەرەکان و هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە و ئەتککردنی ناموس و بڕینی ئەندامەکانی جەستە و سزادان و تواندنەوەی بەمادەی کیمیاوی و پیادەکردنی سیاسەتی کۆمەڵکوژی و لەناوبردن و ڕاگواستن و ئابڵۆقەی ئابوری و بڵاوکردنەوەی دیاردە دزێوەکانی کۆمەڵایەتی و پیادەکردنی سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەیی و زمان و کەلتور و مێژوو و جوگرافیاو ...هتد.
- کورد وەك نەتەوە لە مێژە بەدەست تیرۆری ڕێکخراو و پلان بۆ داڕێژراوی دەوڵەتانی سەردەستی ناوچەکەوە لە تورك و فارس و عەرەب دەناڵێنێت و لەوانیشەوە فێری تیرۆر و تۆقاندن بوە بەرامبەر تاکەکان و گروپەکان و پارتە سیاسیەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان.

بەم شێوەیە دەسەلات و دەسەلاتدارانی کوردیش چ لەسەردەمی قۆناغی شاخ و شۆڕشی چەکداریدا و چ لە قۆناغ و سەردەمی حوکمی مەدەنی و دیموکراسی و پەڕلەمانی و شەرعیەتیشدا بێ بەش نین لە ئەنجامدانی تاوانی تیرۆر و چەسپاندنیشی و قوڵکردنەوەشی و پێشخستنی شێواز و ئامرازەکانیشی لە کۆمەڵگای کوردەواریدا. و لەسەردەمی هەردوو شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێی گەلەکەشماندا چەندین تێکۆشەر و کەسایەتی ناسراو لەڕووی سیاسی و ئابوری و ڕۆشنبیریەوە تیرۆرکراون.

- **لێرەدا پرسیار ئەوەیە. ئایا دەسەڵاتداران لەهەر کۆمەڵگاو وڵاتێکدا بە چ نیاز و مەبەستێك تیرۆر پیادە دەکەن؟ بەرامبەر بەکێ ؟ و ئەم دیاردەیەش تاکوێ و بە چ ئاڕاستەیەکیش جێبەجێ دەکرێت و تاکوێ بەردەوام دەبێت؟**
- سەرەتا دەبێت ئەو ڕاستیە لە بیر نەکەین کە دیموکراسیەتی هەر دەسەڵاتێك تا ئەو ئاست و خاڵەیە کە مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتەکەیان دروست نەکات و دیموکراسیەتێکیشیان گەرەکە کە بەمەرجی خۆیان بێت. چونکە لە بنچینەدا نە بڕوایان بە دیموکراسیەت هەیە و نە ڕاستگۆشن لە پیادەکردنیدا و نە بڕواشیان بەکاری سیاسی و مەدەنی و ئۆپۆزسیۆنبوون و گۆڕانیش هەیە و نایانەوێت ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتیش بە ئاشتیانە ئەنجام بدرێت وتەنها و تەنها بۆ جوانکردنی ڕووی ڕەشی دەسەڵاتەکەیانە لەبەردەم دەورو جیران و دونیادا.
- دەسەڵاتەکان تیرۆر پیادەدەکەن بە نیازی ئەوەی هەموو دەنگە نارازیەکان و دژەکانیان کپ بکەن بەمەستی زیاتر چەسپاندنی دەسەڵاتەکانیان و درێژەدان بە مانەوەیان لەسەر کورسی دەسەڵات. بۆ ئەوەی زۆرترین سەروەت و سامانی گەل بدزن و بەهەدەری بدەن.
- دەسەڵاتەکان تیرۆر پیادەکەن بەرامبەر کەسانی سیاسی و ڕۆشنبیر و نوسەر و ڕۆژنامەنوس کە کەسانی مەدەنی و دیموکراسیخوازان. دەسەڵاتەکان نەچەکیان هەڵگرتوە و نەداوای ڕووخاندنی ئەم دەسەڵاتەن و نە بەنیازی کودەتاشن. بەڵکو تەنها و تەنها وشە و قەڵەمیان لەلایە و نیازیان چاکسازی و گەشەکردن و بە مۆدێرکردنی دەسەڵاتە خۆماڵیەکانیان.
- هەمیشە ئازادیخوازان وڕەخنەگرانی دەسەڵات. بوێری و ئازایەتی و نەترسانیان کردۆتە دروشم بۆ ڕووبەڕوبونەوەی دەسەڵات و خوێن و ژیانی خۆیان کردۆتە خەڵات بۆ چەسپاندنی دیموکراسیەت و ئازادیەکان لە کۆمەڵگاکانیاندا.
- **جەنگی دژی تیرۆر تاکوێ و بەرەو کوێ؟**

مێژووی مرۆڤایەتی و ململانێکانی زۆر لەمێژە دیاردەی تیرۆری لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتوە و تیرۆریش وەك دیاردەیەکی زادەی کێشمە کێش و ململانێ نارەواکان لەلایەك و لەلایەکی دیشەوە بەهۆی توندڕەوی و ڕەتکردنەوەی دایەلۆگ و ژیانی سەردەم و مەدەنیەتەوە هەر لەکۆنەوە تا ئێستا هاتۆتە بوون و کاریگەرێکی نێگەتیڤانەی کردۆتە

سەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ، تیرۆر بۆ خۆی وەك دیاردەیەکی لەمێژینەو قێزەون و دزێو لە فەرهەنگی ململانێ و دژایەتیکردنەکاندا لەزۆر زەمەن و جێگەدا پەنای بۆ براوە لەلایەن کەسان و گروپ و تەنانەت دەوڵەتانیشەوە و بەدرێژایی مێژوو تیرۆر حزوری هەبووە لە ململانێکان و ئاڕاستە پێچەوانەکانی پێشکەوتوخواز و مەدەنیەت دژ بەکۆنەپەرست و عەقڵ دۆگماکاندا .....

هەربۆیەش لە ئێستادا و دوای سەرهەڵدانی تیرۆر هەمیشە لەلایەن ئەو گروپ و دەوڵەت و کەسانەوە پەنای بۆ براوە کە بەشێوەیەکی توندڕەو و تاك ڕەو مەسەلەکانیان لێك داوەتەوە و تەنها ڕێگا چارەش لای ئەوانە زەبر و زەنگ و تۆقاندن و تیرۆر کردن بووە . و هەموو جۆرە دایەلۆگ و دانوسان و پێکەوە ژیانێکیان لەگەڵ بەرامبەری جیاواز لە ئایدیا و بۆچوون و لێکدانەوەدا ڕەتکردۆتەوە .

هەمیشە تیرۆر و تیرۆریستان لەناو ئەو کۆمەڵ و گروپ و دەوڵەتانەدا سەری هەڵداوە کە لەسەر بنەمای ئاینی یان قەومی یان ئایدیایەکی خۆپەرست و کۆنەپەرستی توندڕەو هاتوونەتە بوون و بوونی هەموو ئاین و قەومیەتێك و ئایدیایەکی تر ڕەت دەکەنەوە و دەیانەوێت تەنها و تەنها خۆیان دەم ڕاست و پێشەوا و باڵا دەست بن .

بەم شێوەیە دوای سەرهەڵدانی بزوتنەوە دینیەکان کە ڕێڕە و وئاڕاستەیەکی توند ڕەو و بەکارهێنانی زەبر و زەنگ و تۆقاندنیان گرتۆتە بەر بە تایبەتیش لەناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا . دیاردەی تیرۆر بەشێوەیەکی بەرچاو و ترسناکتر لەجاران سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە و تاڕادەیەکیش جەماوەری بۆ زیاد بووە. ئەم دیاردەیەش لەهەموو دونیادا بڵاوە و بەتایبەتیش لە دونیای ئیسلامەتیدا گەشەی زۆر ترسناکی بۆ سەر داهاتووی مرۆڤایەتی کردووە .

تیرۆریستان بۆ داواکردن و سەندنی ماف و بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی پەنایان بردۆتە بەر تیرۆر و تۆقاندن لەجیاتی هەڵبژاردن و پەیڕەوکردنی دیموکراسیەت و بڕواهێنان بە پێکەوەژیانی گەلان و ململانێی شارستانێتەکان و پێکەوەنانی کۆمەڵگایەکی ئاشتی و ئارام لەجیهاندا .

تیرۆر و مەترسیەکانی و شێوە و ئامرازە بەکارهاتووەکان لەجێبەجێکردنیدا لە ١١ ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ دا لە ڕووداوەکانی واشنتۆن و نیوێۆرکدا گەیشتنە ترۆپکی ترس و مەترسی بۆ سەر داهاتووی کۆمەڵگەی دونیا و تیرۆریستان بەبێ گوێدانە هیچ

پڕەنسیپ و پاراستنێکی مافەکانی مرۆڤ، ڕۆحی هەزارەها مرۆڤی بێ گوناهو گەورەترین سیمای شارستانێتی مرۆڤایەتیان لەگەڵ زەویدا تەخت کرد و ئێستاش بەشێوەیەکی زۆر ترسناکتر لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی ڤایرۆسی کوشندەی وەك ( ئەنتراکس و مەوادی کیمیاوی . هتد.) وە هەڕەشە لە گیانی هەزارەهای تر دەکەن و هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و کوشندەتر دەکەن وەك هەوڵەکانیان لە شانشینی ئوردندا لەم مانگەدا کە ئەگەر هەوڵەکەیان سەری بگرتایە بەپێی هەواڵەکان نزیکەی ۲۰ هەزار کەس دەبونە قوربانی ئەو هەوڵە تیرۆریستیە .

بۆیە لەبەرامبەر ئەم هەموو مەترسیەدا کە دیاردەی تیرۆر و تیرۆریستان وەك دیاری سەدەی بیست و یەکەم بۆ مرۆڤایەتیان هێناوە پێویست دەکات کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەیەك دەنگ و ڕەنگەوە و بەهەموو ئاین و بیروڕایەکەوە و بەهەموو نەتەوە و ڕەچەڵەکێکەوە و بەیەکگرتووی و بەهێزەوە بەرامبەر ئەم دیاردەیە بوەستن و جەنگ دژی تیرۆر درێژە پێبدەن تائەو کاتەی کە ڕەگ و ڕیشەی تیرۆریستان لەهەموو دونیادا هەڵدەکێشن و کۆمەڵی مرۆڤایەتی لە ترس و تۆقاندن و مەرگێکی بەردەام و شاراوە ڕزگار دەکەن .

لەئێستادا کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی سەرکردایەتی ئەو جەنگە ڕەوایە دەکەن پێویست دەکات کەکۆمەڵی کوردەواریش بەسەرجەم بیرو بۆچوون و ئایدیا جیاوازەکانەوە بەئیسلامی و علمانی و نەتەوەیی و ....هتد هاوبەشی لەو جەنگەدا بکەن چونکە کورد سەرەڕای جەنگ دژی داگیرکردن و ڕزگارکردنی وڵات و بەدەست هێانی مافەکانی و چەسپاندنی لە دەستوری هەمیشەیی عێراقی داهاتوودا کەوتۆتە بەر مەترسی تیرۆر و تیرۆریستانەوە و دەیانەوێت ئاشتی و ئارامی کوردوستان تێك بدەن و کوردوستانیش بکەنە تاریکستان و بەعەقڵی دۆگما و بۆگەنی کۆمەڵێك سەرلێشێواو ، کۆمەڵگەی کوردەواریش کە شەیدای ئازادی و دیموکراسیەت و پێکەوە نانی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتو و مەدەنیەتە کە تیایدا یاساو مافەکانی مرۆڤ سەروەربێت و دەیەوێت بەئاشتی و ئارامی و دوور لە شەڕ و تیرۆر سەرگەرمی ژیاندنەوە ی ژێرخانی ئابوری و کۆمەلایەتی و سەرجەم بوارەکانی ژیانی خۆی بێت تێك بدەن و ببنە ڕێگر بۆئەوەی کورد نەتوانێت وەك گەلێکی شارستانی و ئاشتی پەروەر و زیندووی ئەم دونیایە بەشداری گەرم و گوڕ بکات لە پاراستنی ئاشتی ناوچەکە و دونیادا و ڕۆڵی

خۆی ببینێت لە پڕۆژە ناوچەیی و جیهانیەکاندا و ببێتە کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو و هەر بەژێر دەستەیی ولاَتانی ناوچەکە بمێنێتەوە .

زەمانەتی سەرکەوتن لە جەنگ دژی تیرۆردا بریتیە لە بەردەوامی و بەهێزی بڕوا بوون بە ڕەوایی جەنگەکە لەسەر ئاستی حکومەتەکان و ڕای گشتی جەماوەریش . بۆیە ئەم جەنگە جەنگێکی تەقلیدی نیەو لەهەموو ڕووەکانیەوە چاوەڕێی زوو کۆتایی هاتنی ناکرێت و پێویست دەکات کە بە نەفەسێکی درێژەوە درێژە بەم جەنگە بدرێت و بەرەیەکی فراوانتر پێك بهێنرێت تائەو کاتەی کە دەتوانرێت ئەم دیاردە دزێو ناشیرین و پڕ مەترسیە بنەبڕ بکرێت یان هیچ نەبێت سست و سڕ بکرێت بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ کە تیایدا کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەئاشتی و ئارامی بژێت و پلانی ستراتیژی ووورد و بەهێزیی تریش دابنرێت بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم دیاردەیە .

---

- **تیرۆر لەفەرهەنگی کوردەواریدا**

تیرۆر وەك دیاردەیەکی دزێو و قێزەون و دوور لەهەموو خووڕەوشتێکی شۆڕشگێڕانەی ڕەسەن . هیچ کاتێك لەکاروانی دوورو درێژی خەباتی کوردایەتیدا جێگەی نەبۆتەوەو کوردیش هیچ کاتێك نەیویستووە لەڕێگەی تیرۆرو تۆقاندن و زەبرو زەنگێکی بێویژدانانەوە مافەکانی خۆی بەدەست بهێنێت تەنانەت لەگەڵ دوژمن و داگیرکەرەکانی کوردستانیشدا . چ جای لەگەڵ کوردو برادینیەکانی خۆیدا . هەروەها کورد بەدرێژایی خەباتی کوردایەتی نەیویستووە نەکورد وەك گەلێك و نەشۆڕشە ئاشتیخوازو پێشکەوتنخوازەکەشی ناوو ناتۆرەی تیرۆرست و تیرۆری لێبنرێت و دوژمنانی ئەو هەلە بقۆزنەوە بۆ بەگژداچوونەوەی و تەریککردنی لەکۆمەڵگەی مرۆڤایەتی وشۆڕشگێڕایەتی ڕەسەن . مێژووی تیرۆر زۆر کۆنەو گەلێك شۆڕش و گروپ و گەل تەنانەت دەوڵەتانیش کاری تیرۆریان کردووە و پەنایان بۆ بردووە بۆ گەیشتن بەئامانجەکانیان . ئەگەریش خۆشیان نەیان کردبێت ئەوا زۆر جار بەناوی هاوکاریەوە پشتیوانی تیرۆریستانیان کردووە .بەلاَم ترسناکی دیاردەی تیرۆر لەدوای کارەساتی ٣ شەممەی گەورە ، کەلە ١١ ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ لەشاری نیویۆرکو واشنتۆن لەئەمریکا ڕوویاندا ئەوەندەی تر دڕندەیی و بێبەزەیی و ترسناکی تیرۆر و تیرۆرستانیان بۆ جیهان دەرخست و کاریکی وای کرد کە هەموو جیهان تەنانەت لەزۆر

لەو ولاْتانەشی کە پەنای تیرۆرستیانیان دابوو گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە دەبێت بەشێوەیەکی دەستە جەمعی لەسەر ئاستی هەموو دونیا بەرەیەکی بەهێزو یەکگرتوو دروست بکەن دژ بەتیرۆرو تیرۆرستان و نەهێڵرێت چیدی لەوەزیاتر ئاشتی و ئارامی مرۆڤایەتی و جیهان بخەنە مەترسیەوە . کورد بەدرێژایی خەباتی ڕەوای کوردایەتی خۆی بۆتە قوربانی کاری تیرۆرستی و لەو پێناوەدا چەندین سەرکردەو شۆڕشگێڕی ئەم گەلە بەدەستی تیرۆرستان شەهید کراون . لەبەرامبەر هەموو ئەم کارە دڕندانانەشدا کورد هیچ کاتێك تەنانەت بیریشی لەکاری تیرۆرستی نەکردۆتەوە بەرامبەر بە دامو دەزگا و پیاوانی دوژمن و داگیرکەرانی کوردستانیشدا . لەزەمانی خەباتی چەکداری و شاخیشدا کە قۆناغێکی نائاساییەو لەهەموو جێگەیەکدا و هەموو کردەوەیەکی تیا ئەنجامدەدرێت بەباش و بەخراپەوە ، تەنانەت کورد لەو کاتانەشدا بیری لەکاری خۆکوژی و تیرۆرستی نەکردۆتەوەو کە کەسانی بی ٔگوناهو بیٔ چەکی تێدا بوبێتەقوربانی و ئامانج ، بەڵکو تەنها ئەوکەسە بۆتە ئامانج کە زۆر کاری دڕندانەو دوژمنایەتی دژ بەشۆڕش و کوردایەتی و کەسوکاری پێشمەرگەو خیانەتی بەگەل و نیشتمان کردووە ، وهەمیشە ماڵ و منداڵ و ژن و کەسوکاریان پارێزراون ، دیارترین بەڵگەش بۆ ئەو ڕاستیە ئەوەیە کەلە ڕۆژانی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دا ڕوویاندا و تۆڵەی کورد تەنها بۆ کەسانی خوێنڕێژ و تاوانباران بوو نەك کەس و کارو ژن و منداڵەکانیان . کورد بەدرێژایی شەڕی براکان لەکوردستاندا لەزەمانی شاخ و شاریشدا هیچ کاتێك و لەو پەڕی گەرمەی شەڕو ناکۆکیەکاندا بیریان بۆ تیرۆر کردنی سەرکردەو کادرو کەسانی بێگوناهی یەکتر نەکردۆتەوە . لەئێستاشدا و لەو جێگایانەی کەکورد و نەتەوەکان و مەزهەبە جیاوازەکانی تیادا دەژین و چەندین کاری تیرۆرستی بەرامبەر بەسەرکردەو کادرو کەسانی بیٔ چەك و سیڤلی کورد دەکرێت لە شارەکانی کەرکوك و موصڵ و تکریت و فەلوجە و حەویجەو بەعقوبەو ...هتد . کورد هەمیشە وەلاْمەکەی بەدایەلۆگی شارستانیانەو دیموکراسیانە بووەو هیچ کاتێك بیری لە کردەوەی قێزەونی تیرۆرو تیرۆرستی نەکردۆتەوە و ناشیکاتەوە ، نالەبەر ئەوەی کورد ترسنۆکە و خاوەنی مافی ڕەوای خۆی نیە لەو جێگایانەدا بەڵکو تەنها لەبەرئەوەی کە کورد لەپڕەنسیبی شۆڕشگێڕی و کوردایەتی خۆیدا هیچ کاتێك بڕوای بەترس و تۆقاندن و تۆڵە سەندنەوەی ناڕەوا نەبووەو هەمیشە شاڕێگا ڕاستەکەی شۆڕش و کوردایەتی گرتووەو

لە ئێستاشدا درێژە بەو کاروانی خەباتە دیموکراسی و مەدەنی و سیاسیە دەدات بۆ سەندنی مافەکانی و دەشییەوێت کەنەتەوەو مەزهەبە جیاوازەکانیش لە عێراقی داهاتوودا چاو لەکورد بکەن و ئەزموونی چەند ساڵەی کورد لەکوردستانی ئازادا بکەنە پێشەنگ بۆ خۆیان . بەم شێوەیە دەبینین کە دیاردەی تیرۆر لە فەرهەنگی خەباتی کوردایەتیدا بەدرێژایی مێژوو جێگەی نەبۆتەوەو بیریشی لێنەکراوەتەوە . بەڵام تازە بەتازە لەسەر دەستی کۆمەڵێك سەرلێشێواو و بەناوی ئیسلامی پیرۆزەوە کە ئیسلام بێبەریە لێیان دیاردەی تیرۆر لەکوردستاندا سەری هەڵداو یەکەم قوربانیش تەنها کەسانی وولاتپارێزو دڵسۆز بەکورد و کوردستان بوون لەناوچەی هەڵەبجەو هەورامانـدا . ئەوگروپەسەرلێشێواوە بە وکارانەیان لەلایەك ناوی ئیسلامی پیرۆزو لەلایەکی تریشەوە ناوی کوردو کوردایەتیان لەکەدار کردوو کوردیان وەك گەلێکی حەز بەتوندو تیژی و ئیرهابی پیشانی جیهان داو زەرەری زۆریان گەیاندە ناوبانگی کورد وەك گەلێکی شارستانی و حەز بەدیموکراسیەت و مەدەنیەت و ئاشتی و ئارامی .. بۆیە ئەم کارەی ئەم گروپە چەندین جار دەچێتە چوارچێوەی تاوانە گەورەکان کەلێخۆشبونیان مەحاڵە ، بۆیە پێویست دەکات کەسەرجەم پارتە سیاسیەکان بەعیلمانی و ئیسلامیەوە و ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەریەکان و سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردەواریەوە بەهێزێکی نەبڕاوەوەو یەکگرتوەوە دژی دیاردەی تیرۆر و تیرۆرستان بوەستنەوە و ڕێگە نەدەن کۆمەڵگای کوردەواری بشێوێنرێت و بەرەو دواوەو ڕۆژگارە تاریکەکانی ببەنەوە .

- **جەنگی دژە تیرۆر بەرەو کوێ ؟**

هیچ دوو کەسێك لەسەر ئەو ڕاستیە ناکۆکنین کە دونیای پێش ڕووداوی یانزەی سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠١ی ئەمریکا زۆر جیاواز و گۆڕاوە لەگەڵ دونیای دوای ئەو ڕووداوە . کارەساتی یانزەی سێپتەمبەر یان(( سێشەمەی گەورە)) لە ئەمریکادا بوە خاڵی وەرچەرخانێکی مێژویی لەسەر ئاستی سیاسی و ئابوری و سەربازی و ...هتد.لە دونیادا.بەشێوەیەك هەر لە گەورەترین وڵاتی دونیاوە تا بچوکترینیان کەوتنە چاوخشاندنەوە بە پلان و سیاسەت و ستراتیژیەتی خۆی. ئەم ڕووداوە بووە هۆی شڵەقاندنی گۆمی مەنگی دونیای پاش جەنگی سارد. بەشێوەیەك ئەو ئاشتی و ئارامییەی لەسایەی سیستەمی نوێی جیهانی و گەشەسەندنی تەکنەلۆژیا و بەجیهانیبوونی دونیاوە

هاتە ئاراوە، سەرتاپایانی گۆڕی بە دونیایەکی نائارامی و پڕ لە جەنگ کە هەرگیز جێگای متمانە و ئاشتی و تەبایی و برایەتی تیادا نابێتەوە و دونیای کردە دوو بەرەوە.کە دژ بەیەك و دوژمنی سەرسەختی یەکتر بن لە بیروبۆچون و ستراتیژ و بەرنامەیاندا.بەرەی تیرۆریستان و بەرەی دژە تیرۆر.

بەم شێوەیە ئەم ڕووداوە بوە سەرەتای دەستپێکی قۆناغێکی مەترسیدار لە دونیادا و پڕۆسەیەکی گەورە و جیهانی هێنایە ئاراوە بەناوی پڕۆسەی جەنگی دژە تیرۆر.

- **لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئەم پڕۆسەیە دوای دەسپێکردنی گەیشتۆتە چ ئاستێك ؟ئایا توانیویەتی ئامانجەکانی لەبنەبڕکردنی تیرۆردا بهێنێتە دی؟یان بە پێچەوانەوە ئەم پڕۆسەیە لەبەردەم خۆڕاگری و تەشەنەسەندن و بەهێزبوونی بەرەی تیرۆریستاندا شکستی خواردووە؟ئەمە و چەندین پرسیاری تریش.**

بۆ وەڵامدانەوەی هەموو ئەم پرسیارانە دەبێت زۆر بەدیقەتەوە بڕوانینە ئەو پڕۆسە گرنگ و هەستیارە. چونکە ئەم جەنگی دژە تیرۆرە گەلێك جیاوازی هەیە لەگەڵ جەنگە گەورەکانی دونیا کە بەرامبەر بە دوژمنێکی ئاشکرا بەرپا دەکرا و هەموو توانا و هێزێکی تیادا بەکار دەهات و سەرکەوتن یان سەرنەکەوتن بەندبووە بە توانای مادی و مرۆیی هەرلایەکەوە و زۆر جارانیش توانراوە کات و جێگەی دەسپێك و کۆتایی جەنگەکانیش دیاری بکرێت. بەڵام لەم جەنگەدا دوو بەرەی دژ بەیەك کە زۆر جیاوازیان هەیە لە توانا و هێز و تەکنەلۆژیا و ستراتیژەوە.بەڵام سەرکەوتنیش زۆر ئاسان نیە و ماوەی کۆتایی هاتنی جەنگەکانیش دیار نیە و پڕۆسەیەکی گشتگیرە و بەشێوەیەك کە هیچ دەوڵەت و کۆمەڵگایەك ناتوانێت بەشداری تیادا نەکات و هەست بە ئارامی و ئاشتی بکات. دوژمن لێرەدا پەرش وبڵاوە و لە هەموو جێگایەکدا بوونی هەیە و شاراوەیە و خاوەن هیچ هەست و سۆزێکی مرۆڤایەتی نیە و سنوور و جوگرافیا و نەتەوە و مەزهەب و دیانەتەکان ناناسێت و دژ بەهەموو شارستانیەت و پێشکەوتنەکانیشە.

بەرەی دژە تیرۆر بەڕابەرایەتی ئەمریکا و هەموو وڵاتانی ئەوروپا و پێشکەوتنخوازی دونیایە و بەرەی تیرۆریستانیش بەڕابەرایەتی ڕێکخراوی قاعیدەی توندڕەوی سەلەفی و جیهادی بەڕابەرایەتی ئوسامە بن لادن و ئەیمەن زەواهیری و هەموو ئەو وڵات و کۆمەڵگا و ڕێکخراوە توندڕەوە دواکەوتوانەن کە چاویان بە ڕووناکی و شارستانیەت و پێشکەوتنەکانی مرۆڤایەتی هەڵنایەت.

ئەم پڕۆسەیە لە ئێستادا کە ماوەی ١٢ ساڵە بەردەوامە و لەگەڵ ئەوەی توانراوە زەبری گورچکبڕ بهاوێژرێتە جەستەی ئەو ڕێکخراوە و لە ئەنجامدا هەردوو ڕژێمی تاڵیبان لە ئەفغانستان و ڕژێمی بەعسی صدامی لە عێراقدا بڕوخێنرێت. بەڵام هێشتا ئاسۆکانی دواڕۆژ و سەرکەوتنەکان ڕوون نین و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی نەیانتوانیوە سەرکەوتنی یەکجارەکی بەدەست بهێنن لەو دوو وڵاتەدا.بگرە پڕۆسەکە سەختتر بوە بەهۆی دروست بوون و سەرهەڵدانی گەلێك كێشەی دونیایی و بەتایبەتیش لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە بۆ ئەمریکا گرنگیەکی گەورەی هەیە و دەست بەسەراگرتن و مانەوە و بوونی هێزی سەربازیی تیایدا کارێکی ژیاری و زێدە گرنگە.

سەرهەڵدانی تۆڕەکانی ئەلقاعیدە لە وڵاتانی ناوچەکەدا و نانەوەی کێشە و گرفت بۆ ئەو وڵاتانە و وەستانیان دژی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا هێندەی تر سەرکەوتنی ئەم پڕۆسەیەی خستۆتە ژێر پرسیارەوە. هەربۆیە پێویستە ئەمریکا بە عەقڵیەت و ستراتیژێکی نوێوە ڕابەرایەتی ئەم پڕۆسەی دژە تیرۆرە بکات بەشێوەیەك کە بتوانێت جوڵە و چالاکی ئەو تۆڕە تیرۆریستیانە لەناوچەکە و دونیاشدا سست و لاواز بکات و ڕێگا بگرێت لە هەڵایسانی جەنگی تایەفی و مەزهەبی و دینی لەناوچەکەدا و تابتوانێت ڕیزەکانی هاوپەیمان و دۆستەکانی توندوتۆڵتر بکات و دوژمنی زیاتر بۆ خۆی و بەرژەوەندیەکانی دروست نەکات و ئیدارەی ململانێکانیشی لەگەڵ ئێران و سوریا و حیزبوڵا و حەماس باشتر و توندوتۆڵتر بکات،چونکە ئەو وڵات و ڕێکخراوانە تائێستاش بە ئاشکرا و بەنهێنی دژایەتی ئەمریکا و بەرژەوەندیەکانی دەکەن و لە ململانێیەکی توندیشدان بۆ ئەوەی بەرنامە و ستراتیژیەتی ئەمریکا شکستپێبهێنن و نمونەی عێراقیش بەڕوونی ئەو ڕاستیە دەردەخات کە هەموو ململانێکانیان لەگەڵ ئەمریکادا لە عێراقدا چڕکردۆتەوە.

بۆیە دەکرێت بڵێین پڕۆسەی جەنگی دژە تیرۆر قۆناغی باشی بڕیوە، بەڵام هێشتا لە کۆتایی نزیکنەبۆتەوە و پێشبینیش دەکرێت کە بۆ ماوەیەکی زیاتر درێژە بکێشێت و هیچ کەس و لایەنێکیش کلیلی سەرکەوتن و کۆتایی هاتنی ئەم جەنگەی مسۆگەر نەکردووە و لە گیرفانیدا نیە .هەربۆیە دونیا هەمووی بەرەو ئاسۆیەکی لێڵ و نادیار هەنگاو دەنێت.

- **ڕووداوی ١١ی سێپتەمبەری ئەمریکا سەرەتایەك بۆ گۆڕانکاری گەورە لەدونیادا و نمونەیەکی زیندووی تیرۆری نێودەوڵەتی...**

➢ لەمێژووی مرۆڤایەتیدا گەلێك ڕووداو بونەتە خاڵی وەرچەرخان و گۆڕانی گەورە لەدونیادا بەشێوەیەك کە دونیای پێش گۆڕان و دوای گۆڕانەکە گەلێك جیاواز بوون لەیەکتری. گەورەیی و کاریگەری ئەو ڕووداوانە دەبنەهۆی بێ وێنەیی ڕووداوەکە. لەو ڕووداوانەش ڕوودانی هەردوو جەنگی جیهانی و بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی بۆ یەکەمجار لەسەدەی بیستدا لەشارەکانی هێرۆشیماو ناگازاکی لەیابان لەلایەن ئەمریکاوە.

ئەم ڕووداوانە هێندە گەورەو کاریگەربوون کە تائێستاش کاریگەریان لەسەر دونیا هەر ماوە و وەکو چەند وێسگەیەکی گرنگ لە قۆناغەکانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا بەخاڵی وەرچەرخان دادەنرێن لەبەر گەورەیی و کاریگەری و ژمارەی قوربانیانیان و مەترسیەکانیان بۆ سەر ئایندەش.

لەسەرەتای سەدەی بیست ویەکەمیشدا و لەکاتێکدا کە هیچ کەس و وولات و لایەنێك بەنیازنەبوون کە دونیا گۆڕانێکی گەورەو ڕووداوێکی گەورەتری تیادا ڕووبدات، ڕووداوێك کە سەرتاپای بیروبۆچونەکان داگیر بکات و بەخۆیەوە سەرقاڵی بکات ڕووداوێك کە کاریگەری و مەترسیەکەی هێندە گەورەبوون کە دونیای کردە دووبەش و دووئایدیاو دوو گوتار و دووهەڵوێست. ئەم ڕووداوە دونیایەکی نوێی هێنایە ئاراوە کە زۆر جیاواز بوو لەدونیای پێشخۆی .ڕووداوێك کە ئەگەر لەهەر جێگە و وولاتێکی تردا ڕووی بدایە هێندەی ئێستا کاریگەر و مەترسیدار نەدەبوو.هەربۆیە ئەم ڕووداوە لەگەورەیدا بێ وێنەیە لەکاریگەریدا بێ هاوتایە لە یەکلایکردنەوەی دونیادا مەترسیدارتریشە،هەربۆیە بەڕووداوە گەورەکە یان ڕووداوی سەدە ناودەبرێت، ئەویش ڕووداوی ١١ی سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠١ی ئەمریکایە کە لەڕۆژی ٣شەممەدا ڕوویدا و بە ٣شەممەی ڕەش یان ٣شەممەی گەورە ناوزەد دەکرێت . ڕووداوەکە لەناو جەرگەی هەردوو شاری گەورە و گرنگی واشنتۆن و نیویۆرکدا ڕوویاندا و بە ٥-٧ فڕۆکەی مەدەنی هێرش کرایە سەر ( سەنتەری بازرگانی جیهانی و پێنتاگۆن و کۆنگرێس و کۆشکی سپی ) و هێرشەکانی سەر پێنتاگۆن و سەنتەری بازرگانی سەریان گرت و ئەوانی دی ئامانجەکانیان نەپێکا . ئەم ڕووداوە گەورەیەکەی لەوەدایە لەناو جەرگە و هەناوی ڕابەری دونیادا ڕوویدا لە ئەمریکای بڕیار بەدەست و بڕیاردەر لە سەر ئێستای دونیا ڕوویدا لە سەنتەری ڕابەری سیستەم و نەزمی نوێی دونیادا ڕوویدا لە مەڵبەندی پێشکەوتن و داهێنانە سەرسوڕهێنەرەکاندا ڕوویدا . ئەم ڕووداوە لەلایەن وولاتێکی گەورەو ئامادە بۆ شەڕەوە بەرپا نەکرا بەڵکو لەلایەن

ڕێکخــراوی ئیســلامی تونـدڕەوی ئەلقاعیـدە بەڕابەرایـەتی ئوسـامە بـن لادنـەوە پـیلان و ئامادەکاری و جێبەجێکردنیشی بۆ دانراو ئەنجام درا و تیایدا هەردوو تاوەری سەنتەری بازرگانی جیهانی کە هەریەکەیان لە ١١٠ نهۆم پێك هاتبون و خاپورکران و تەخت بوون لەگەڵ زەویدا و پێنتاگۆنیش بەشێکی گەورە و گرنگی لێ وێرانکراو زیاد لە ٥هەزار کەسی سیڤڵ بونە قوربانی ئەو کارەساتە. بەم شێوەیە ئەم کارەساتە بوە هۆی ڕاچەنینی هەموو دونیا بەگەورەو بچوکەوە و دونیا لەدوای ڕووداوەکە بوە دونیایەکی تر و دابەشبوە سەر دووبەرەی دژبەیەك، بەرەی دژە تیرۆر بەسەرکردایەتی ئەمریکا و بەرەی تیرۆریستان بەسەرکردایەتی تۆڕی جیهانی ئەلقاعیدە و هەموو ئەو وولات و گروپ و ڕێکخراوە ئیسلامی و توندڕەوانەی کە هاوکاری و پشتیوانیان لەم ڕێکخراوە دەکرد.

ئیدی جەنگێکی گەورەی دونیایی ڕاگەیەنرا، بەڵام جیاواز لەهەردوو جەنگی جیهانی و جەنگی سارد، ئەم جەنگە بەلای نوسەری بەناوبانگی ئەمریکاوە ئەلیۆت کۆهینەوە بە جەنگی جیهانی چوارەم ناودەبرێت بەو پێیەی جەنگی سارد جەنگی سێیەمی جیهانی بوە ،ئەم جەنگە جەنگێکی شاراوە و دوژمنێکی نهێنی و بڵاو لەناو ڕیزەکانی بەرامبەریدا، دوژمنێك خاوەن بەرنامە و شێواز و ئامرازی تایبەتی کە جیاواز بوو لە شێوە و شێواز ئامرازی سوپایەکی مۆدێرن و ڕێکخراو و خاوەن ئەزموونی شەڕ.دوژمنێك بەمرۆڤایەتی و شارستانیەت و پێشکەوتن و هەموو ئاکارێکی خۆش گوزەرانی و ژیاری . ئەم دوژمنە هیچ سڵێك ناکاتەوە لەهیچ ئامانج و وێرانکاریەك و دەست ناپارێزێت لە هیچ بوارێکی ژیانی پێشکەوتوو لە ئەمریکا و ئەوروپا و تەنانەت لە وولاتە ئیسلامیەکانیش .

بەم شێوەیە ئەمریکاش لەگەڵ هاوپەیمانەکانی هەموو ئەو گروپ و ڕێکخراو و وڵاتانەیان خستە لیستی تیرۆریستانەوە کە دالدە و پشتیوانی مادی و مەعنوەی لە ئەلقاعیدە دەکەن و کردیاننە ئامانجە جەنگیەکانیان،ئیدی بە ئارەزووی خۆیان هەر گروپ و ڕێکخراوێك لەگەڵ سیاسەت و بەرژەوەندی و ئامانجەکانیاندا ڕێك نەدەکەوت هەرچەندە ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی و مقاوەمەتی شەرعیش بونایەو لەپێناو مافە ڕەواکانی گەلەکانیاندا تێبکۆشانایە ئەوانیشیان دەکردە تیرۆریست و فشارو گەمارۆی ئابوری و مادیان دەخستنە سەر و ناویان لەلیسی ڕەشی تیرۆریستاندا تۆمار دەکردن .

بەم شێوەیە ئەم ڕووداوە بوە (( خوێنەکەی عوسمان ))* و ئەمریکا خۆی کردە خاوەنی و بەکەیفی خۆی و لەڕوانگەی بەرژەوەندیەکانیەوە هەر وولات و ڕێکخراوێك کەلەگەڵ ئامانج

و تێڕوانینەکانی ئەودا نەدەگونجا دەیکردە تیرۆریست و دوژمنایەتی دەکرد بەبێ ئەوەی گوێبداتە ئەوەی کە مقاوەمە و شۆڕشگێڕە یان نا.ئاشکراشە کاری تیرۆریستی و مقاوەمەت هێڵێکی باریکی لێڵیان لەنێوانداییەوە وهەموو شۆڕشگێڕی ومقاوەمتێکی شەرعی گەلان ئەگەر پەنا بباتە بەر کوشتنی ڕەشکوژی و خەڵکانی بێ گوناهو مەدەنی و ئاوادەنیەکان ئەوا دەبێتە تیرۆریست و هەربۆیەش تائێستا پێناسەیەکی ڕوون و ئاشکرای تیرۆریست و مقاوەمەی شەرعی لەدونیادا نیە و نەکراوە .چونکە کارێکی زەحمەتە و ئاسان نیە .هەربەهۆی ئەم ڕووداوەوە بوو کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هێرشیان کردە سەر ڕژێمی تاڵیبان و ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لە ئەفغانستاندا و توانرا ئەو ڕژێمە بڕوخێنرێت و ئەلقاعیدەش لەبەریەك هەڵبوەشێنرێت و لاواز و پەرت وبڵاو بکرێت و دوای ئەم جەنگەش ئەندام و لایەنگرانی ئەلقاعیدە بەهەموو دونیادا بڵاوبونەوە و جەنگەکە قۆناغێکی نوێی بەخۆیەوە بینی و دواتر ئەمریکا پەلاماری ڕژێمی عێراقیشی دا و ئەویشی ڕووخاند و هێندەی تر ئاژاوەکە قوڵبوەوە وبەتایبەتیش لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە لە بنچینەدا بۆخۆی ناوچەیەکی گەرمی ململانێی نێوان عەرەب و ئیسرائیل بوە و پڕکێشە و ململانێ بووە. هەربەهۆی ئەم ڕووداوەوە بوو کە ئەمریکا پڕۆژەیەکی گەورەی گۆڕان و ڕیفۆرمی بۆکۆمەڵگاو حکومەت و دەسەڵاتدارانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داڕشت بەناوی پڕۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەوە کەمەبەست لێی گۆڕانکاری بوو لە سیستەمی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و بەزانستیکردنی ئەو کۆمەڵگایانە بوو .چونکە ئەمریکا لەو ڕاستە گەیشتبوو کە هەژاری و دواکەوتووی و چەوسانەوە و نەخوێندەواری لەم کۆمەڵگایانەدا هۆکاری سەرەکین بۆ دروست بوونی توندڕەوی و تیرۆر. کەئەمانەش مەترسی گەورەن بۆ سەر ئەمنی نەتەوەیی ئەمریکا و ڕۆژئاوا لەمەودای دوورو نزیکدا . هەربۆیەش چارەسەر بریتیە لە چێ کردنی سیستەمێکی دیموکراسی لەجیاتی تاك ڕەوی و دیکتاتۆریەت، چەسپاندنی ئابوریەکی بەهێزو کراوە و شەفاف و بازاڕێکی ئازاد لەجێگەی ئابوریەکی داخراو و ئاڕاستکراو وکۆنترۆڵی حکومەتەکان. گۆڕینی سیستەمی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگایەکی داخراوەوە کە مافەکانی مرۆۋ و ژنانی تیادا پارێزراو نەبوبێت و هیچ جۆرە ئازادیەکی تیادا نەبێت بەسیستەمێکی سەربەست و ئازاد و کراوە .کە تاکەکانی کۆمەڵ هەست بەبوون و وجودی خۆیان بکەن لەجیاتی کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو نەخوێندەوار و هەژار و بێ کار کۆمەڵگایەکی زانستی و

پێشـــکەوتوو خۆشـــگوزەران دابمەزرێنن.بەمـــەش دونیایـــەکی نـــوێ دوور لـــەتیرۆر و تیرۆریسـتان دادەمـەزرێت کـە جێگـەی تونـدڕەوی و دەمـارگیری تیادانامێنێتـەوە . ئـەم پرۆژەیە سنوری جوگرافیاکەی هەموو وولاّتە عەرەبیەکان و ئیسڕائیل و تورکیا و ئێران و پاکستان و ئەفغانستان دەگرێتەوە . ودوای ڕووخانی هەردوو ڕژێمی تالیبان و بەعس ، فشارەکان لەسەر سوریاو ئێران چڕبونەتەوە بەهۆی پشتگیریان لە حیزبولاّی ئیسلامی و کێشە ئەتۆمیەکەی ئێران و دەستێوەردانی کاروباری عێراق.

لەبەرئەمە گۆڕانکاریەکان بەڕێوەیە بۆ ناوچەکە و ولاّتانی عەرەبی ناوچەکەش کەوتونەتە خـۆ بـۆ ئەنجامـدانی ڕیفـۆرم لەهـەموو بوارەکـانی ژیانـدا و دەیانـەوێت بەمـەش سـیماو ڕوخســاریان جــوان بکــەن و لــەگوڕوتینی پرۆســەکەش کــەم بکەنــەوە و تــابتوانن جەماوەرەکانیشیان ڕازی بکەن ، هەروەکو عەلی عەبدولاّی سەرۆکی یەمەن ووتویەتی (( پێش ئەوەی سەرمان بتاشن باخۆمان چاکی بکەین))** بەلاّم نازانن کە ئەوکارانەی ئەوان دەیکەن نابێتە ڕێگر لەبەردەم داواکاری گەلەکانیان و ئەمریکاشدا .چونکە ئەوان بەهیچ شێوەیەك ئامادەنین ڕیفۆرمێکی ڕاستەقینە ئەنجام بدەن چونکە سەرکەوتنی و ئەنجامدانی ڕیفۆرم مانای ڕووخان و لەناوچوونی خۆیانە.بەلاّم ئەم باهۆزی گۆڕانکاری و ڕیفۆرمانە بەڕێوەیە و بۆ پێش دەچێت و درەنگ بێت یان زوو هەموو ئەو دەسەلاّت و حکومەتانە دەگۆڕێت و کۆمەڵگایەك و ناوچەیەکی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستی نوێ دێتە ئاراوە .

بەم شێوەیە ڕووداوی ١١ی سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠١ی ئەمریکا کاریگەری گەورەی بەجێهێشتوە لەسەر هەموو دونیا و بەتایبەتیش ئەم ناوچەی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستە و هاندەر و هۆکاری سەرەکیشە بۆ چێکردنی پرۆسەی ڕیفۆرم و سەرکەوتنیشی ....

- **جەنگی دژە تیرۆر و ئـایندەی گەلی کوردستان**

ڕۆژی ١١/ ٩/ ٢٠٠١ بەڕۆژێکی ئاسایی ناژمێردرێت لەمێژووی مرۆڤایەتیداو ڕۆژێکە کە هەرگیز لە یاد ناچێت لەسەدەی بیست و یەکەمدا ، چونکە ئەو ڕۆژە سەرەتای دەستپێکی سەردەمێکی نوێ بوو لەدونیاداو ترسناکی کارەساتەکە ویژدانی مرۆڤایەتی هەژاندو بێ بەزەیی تیرۆریستانیشی دەرخست بەرامبەر مرۆڤایەتی و شارستانیەت و پێشکەوتن ، کارێکی وای کرد کەناوەندی بڕیار بەدەستەکانی دونیا چاو بخشێنێتەوە بەسەرجەم نەخشەو پلانەکانیاندا و خۆ ئامادە بکەن بۆ جەنگێکی درێژ خایەن بەرامبەر بەدوژمنێکی نەناسراو و پەرشو بلاّو بەهەموودونیادا ، کاریگەری ئەو هێرشانە ئەوەندە

گـەورەو پڕمەترسـی بـوو بـەجۆرێك کـە کۆمەڵگـەی مرۆڤایـەتی کـردە دوو بـەرەو دووسەنگەری جیاواز سەنگەری دژ بەتیرۆر و تیرۆرستان بەرامبەر سەنگەری تیرۆرستان . کوردیش وەك هـەموو گـەلانی دونیـاو لەسـایەی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتاندا و لـەم پارچـە ئـازادو ڕزگـارەدا ، هـەر زوو سـەنگەری دژە تـیرۆری هەڵبـژارد . ئـەم هەڵوێسـتەی کوردیش هەڵوێستێکی تەکنیکی و سەرپێی و ڕاگوزەر نییە ، بەڵکو لەئەنجامی تێگەیشتن و لێکۆڵینەوەیەکی قوڵ و هەڵسەنگاندنێکی ژیرانەوە هات بۆ کاریگەریی و هۆکارو دەر ئەنجامی ئەو هێرشانە بوو ، چونکە کورد زۆر لەمێژەوە بۆتە قوربانی دەستی تیرۆرستان و کۆنـە پەرسـتان ، ئـەم هەڵوێسـتەی کـوردیش چـەند ڕاسـتیەکی دەرخسـت کـە مایـەی خۆشحاڵیە لەوانە :-

❖ کورد لەسایەی ئازادی و حکومڕانی زیاد لە ١٠ ساڵەی خۆیدا ، توانیویـەتی درك بـــەگۆڕانکاریی پێشـــهات و سیاســـەتە نێودەوڵەتیـــەکان بکـــات و هـــەوڵ دەدات لەبەرژەوەندی مەسەلە ڕەواکەیدا بەکاریبهێنێت .

❖ پێشکەوتن و کرانەوەی عەقڵ و لێکدانەوەی دیپلۆماسیەتی کوردی دەریخست کە ئاوا هەڵوێستێکی ڕاشکاوانە دەرببڕێت و بەعەمەلیش بەشداری لەجەنگی دژ بە تیرۆردا بکات .

❖ بەم هەڵوێستە کورد نواندی ، ئەو ڕاستیە دەردەخات کەکورد لەهەوڵی ئەوەدایە لەمـەودوا لـە پاشـکۆو پـەڕاوێزی ڕووداوەکانـدا نەمێنێتـەوە و مەسەلەکەشی لـەکارتێکی گوشاری ناو یارییە سیاسیەکانەوە بگۆڕێت بەپایەو دینگەی جێگیرو بەهێز لەنەخشەو پلانەکانی زلهێزەکانداو بتوانێت بەئاڕاستەی بەرژەوەندیەکانی ئەوان بیگونجێنێت .

❖ **لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە کە ئایندەی کورد دوای ئەم هەڵوێستەو دوای دەستپێکی ئەم سەردەمە نوێیە بەرەو کوێ دەچێت ؟ ئایا کورد بەم بارودۆخەی ئێستایەوە دەتوانێت لە ئاست ئەو گۆڕانکاریانەدا بێت و بتوانێت زامنی ئایندەی مەسەلەکەی بکات ؟ ئایاکاتی ئەوە نـەهاتووە کورد لەناو خۆیدا بەعەقلیەتێکی کراوەتر و بەگیانێکی پڕ لە لێپرسراوێتی و پەرۆشی زیـاترەوە لەگەڵ یەکدا مامەڵە بکەن و هەوڵی چارەسەرێکی هەتـا هەتـایی بدەن بۆ کێشەکان و ئاشـتیەکی سەرتـاسەری و پتەو جێگیر بکەن لەکوردستـاندا ؟**

➢ وەڵامی ئـەم پرسـیارانەو چـەندانی تـر ، بـەکورتی هـەر ئەوەیـە کـە بـەڵێ کـاتی ئـەوە هاتووە کە کورد بکەوێتە خۆ هەوڵی بەپەلە بۆ چارەسـەر کردنـی کێشـە ناوخۆییـەکان

بدات و ڕیزەکانی خۆی ڕێکبخاتەوەو برایەتی و تەبایی و هاوڕایی و یەکگرتووی خۆی سەرلەنوێ ببوژێنێتەوەو پرۆسەی ئاشتی بەرەو پێش ببات و کۆمەڵگەی کوردەواری وەك کۆمەڵگەیەکی ئاشتیخواز و پێشکەوتن خوازی حەز بەژیانێکی ئازادو دیموکراسی و شارستانیەت پێشانی گەلانی ناوچەکەو دونیا بدات ،بەم شێوەیەش کۆمەڵگەی کوردەواری یەکو یەکگرتوو و بەهێز لەدژی دوژمنانی ناوخۆ و دەرەوە پێك دێت بەشێوەیەك کەئایندەی کوردایەتی ڕووناك و پرشنگدار دەبێت ، دەنا بەپێچەوانەوە ئایندەمان بەرەو نادیار دەڕوات و تەنیا خۆشی بەرپرسیار دەبێت لەبەردەم گەل و مێژوو و نەوەی داهاتووشدا .

هەر لەبەر ئەم هۆیانەشە کە ئەرکێکی هەنوکەیی و گرنگە کە چیدی پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتیمانی نێوان کوردان بەگشتی و دەسەلآت و ئۆپۆزسیۆن لە باشوری کوردستاندا نەگاتە بنبەست ، لەم قۆناغەدا دەسەلآت و ئۆپۆزسیۆن لەم هەرێمەدا لێپرسراوێتی مێژوویان لەئەستۆدایەو دەبێت کارێکی وابکەن کەکوردایەتی لەسەر دەستی ئەواندا بگاتە دوا ئامانج و مەنزڵی خۆی بەهەمان شێوە ئەرکی سەرشانی سەرجەم پارت و ڕێکخراوو جەماوەریشە لەدەرەوەو ناوەوەی کوردستان هەوڵبدەن کەئەم باردۆخە گونجاوەی دونیا لەبەرژەوەندی کوردایەتی بەکاربهێنن و چیدی مەسەلەی نەتەوەکەمان نەکەینە قوربانی بەرژەوەندی تایبەتی حزبی و هەوڵبدەین ئایندەی کوردایەتی زامن و مسۆگەر بکەین .

### ❖ ئەنجام

سەرئەنجام دیاردەی قێزەون و مەترسیداری تیرۆر بۆتە ئافەتێکی مەترسیدار و کوشندە بۆ سەرجەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بێ جیاوازی دین ورەگەز و نەتەوە وولآتەکان،هەربۆیەشە ئەرکی هەموانە بەبێ جیاوازیان بەرەنگار و ڕێگری لە زیاتری تەشەنە و بلآوبونەوە و بالآدەستی تیرۆریستان بوەستنەوە و چیدی ڕێگە نەدەن ترس و تۆقاندن جێگەی ئاشتی و ئاوەدانی و ئارامی بگرێتەوەو کۆمەڵگای پێشکەوتوخواز وئازادی و دیموکراسی بگەڕێتەوە بۆ دواوەو بۆ سەردەمی کۆن و تاریك و هەژار و نەخۆشەکان. ڕێگەنەدرێت کە کەسان و گروپ و لایەنی عەقڵ دۆگما و چەقبەستووەکان جێگە بە بیری کراوە و سەردەمیانە و مرۆڤدۆستانە بگرێتەوە.

لەم پەتا کوشندەیەی تیرۆردا هیچ کەس و لایەن و سەرکردە و وڵاتێك بەدوور نیە و هەموان لەبەردەم هەڕەشە و مەترسیەکانیدان ، گەر ئەمڕۆش نەبێت ئەوا سبەینێ بەرۆکیان پێدەگرێت.بەڵام خۆشبەختانە هەموانیش ڕووی ڕاستەقینەی تیرۆر تیرۆریستانیان بۆ ئاشکرابوە و لەماوەیەکی زۆر کەمدا پیلان و بەرنامە نامرۆڤانەییەکانیان بۆ ئاشکرابوە و ئەوەتا لەدوای کەمتر لە ساڵێکی بزوتنەوە ئیسلامیەکان کە بەناشەرعی و لەسەر باڵی شۆڕشی لاوان و بەهاری

عەرەبیـدا هاتنـە سـەر حـوکم ،تەنانـەت لـەناو کۆمـەڵگای عـەرەبی و ئیسـلامیەکان خۆشـیاندا نـەیانتوانیوە ببنـە جێگـرەوەی هێـزی عیلمـانی و پیشـکەوتوخوازەکان و شکسـتیان هێنـاوە لـە حـوکمڕانی و باڵادەسـتبونیان لـە نـاو کۆمـەڵگاکانی خۆشـیاندا چـونکە بـەو عـەقڵ و بەرنامـە کۆنـەپارێز و دواکەوتوییانـەوە نـاتوانن لەبـەردەم خواسـت و ویسـتە کراوەکـانی ئـەم کۆمـەڵگا و سـەردەمەدا خـۆڕابگرن و ، سـەرئەنجامیش شکسـت و نسـکۆ و چـونەوە نـاو قۆزاخـە تەسـك و تاریکەکانیان چارەنوسیان بوو.

بۆیە ئومێد زۆرە کە هەردەم بەرەی دژی تیرۆر و تیرۆریستان سەرکەوتن بەدەستبهێنن و کۆتـایی گەمەکـەش هـەر بـۆ بـەرەی ئاشـتی و ئـاوەدانی و ئـارامی کۆتـایی پێبێـت ، کـە بەخۆشحاڵیشـەوە کورد و کۆمەڵگای کوردەواریش نەك هەر یەکێکن لە هاوکاران و پشتویوانانی ئەم بەرەیـە بـەڵکو کاراکتـەرێکی زینـدوو چـالاکی ئـەم بەرەیەشـن و تـونراوە کـە کۆمـەڵگاو سیتسـەمێکی مـۆدێرن و ئاشتیخواز و ئاوادەن پێکەوە بنێن و لەناو ئەم دوورگەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی پڕ ململانێیانـەدا بتـوانن پارێزگـاری لەدەسـکەوتە گـەورەکان بکـەن کـە لەسـەر هـەموو ئاسـتە سیاسـی و ئـابوری و کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی و ئاوەدانی هەرێمەکـەمان وەستهاتوە و بەرامبـەر هـەموو هـەوڵێکی تیرۆریستان ڕابوەستنەوە ، نزیکترین نمونەش وەڵامدانەوەی توند و بـەهێز و لـەکاتی خۆیـدا بـوو بۆ ئەو هەوڵە شکست و سەرنەکەوتوەی تیرۆریستان کـە کردیانـە سـەر دەزگـای ئاسایشـی گشـتی لە هەولێری پایتەختدا.

---

* مەبەست لە خوێنی خەلیفەی سێیەمی ئیسلامە ( عوسمانی کوڕی عەفان )) کە ئەمەویەکان بەناوی تۆڵە سەندنەوە لەهەموو گروپ و لایەنە نەیارەکانیانەوە بۆ دەسەڵاتەکەیان دەکەوتنە سەرکوتکردن و لەناوبردنیان .

** لە چاوپێکەوتنێکی عەلی عەبدولا صاڵحی سەرۆکی پێشووی یەمەندا لەگەڵ کەناڵی عەرەبیەدا ڕاگەیاند ،دەربارەی ڕووداوی ١١ ی سێپتەمبەر و کاریگەریەکانی لەسەر دونیای عەرەب و ئیسلام دایناوە.

سەرچاوەکان:

=========


١. پێگەی ئینتەرنێتی ویکیبیدیا، الموسوعة الحرة
٢. العنوان:الإرهاب والعولمة /مركز الدراسات والبحوث/٢٠٠٣م
٣. مستقبل الإرهاب في هذا القرن/د. أحمد فلاح العموش/٢٠٠٦م
٤. واقع الإرهاب في الوطن العربي/ محمد فتحي عيد /١٩٩٩م

* ئەم بابەتە لە کۆڤاری شرۆڤە ژماری ٢١ زستانی ٢٠١٤دا بلاۆکراوەتەوە.

# چۆن داعش

# بچوکبکرێتەوە، قەتیسبکرێت،بەرەو زبلدانی مێژوو تورھەلبدرێت... *

- سالی ٢٠١٤ سالێکی ڕەش و تاریك و خوێناوی بوو بۆ سەرجەم دونیا بەگشتی و بەتایبەتیش بۆ گەلانی سوریاو عێراق بەتایبەتی ،بەھۆی ھێرش و پەلامارەکانی تیرۆریستان و چەتەکانی داعشەوە بۆ سەر ئەو ناوچانە و ئەنجامدانی کوشت و بڕ و جینۆساید و بەتالاٌنبردنی سەروەت و سامان و بە کەنزیزەگرتنی ژنان و کچان و سەپاندنی یاسا نامرۆڤانەییەکانیان . داعش تەمەنی لە ٤سالٌ تێپەڕ ناکات بەلاٌم توانی بەھۆی ترس و تۆقاندن و پەنابرندنە بەر کاری تیرۆریستی و توندوتیژیەوە خۆی بسەپێنێتە سەر گۆڕەپانی سیاسی و ئابوری و کۆمەلاٌیەتی ناوچەکە و ھەڕەشەی جدیش بکات لەسەر ئاشتی و ئارامی ھەموو دونیا.
- لێرەدا پرسیار ئەوەیە نهێنی ئەم سەرکەوتن و بەگژداچونەوەی داعش بۆ ھەموو دونیا چییە؟ ئایا چ ھێز و لایەنێکی لە پشتەو ھاوکاری و کۆمەکی مادی و مەعنەوی دەکات و سەرچاوە داراییەکانی لەکوێوە سەرچاوە دەگرن؟

داعش بۆخۆی ھێزێکی ئیسلامی توندڕەوی سەلەفی ((ناصالٌحە))،ھیچ ئایدۆلۆژیایەکی دیار و ستراتیژێکی ڕۆشن و بەرنامەیەکی سیاسی و ئابوری و کۆمەلاٌیەتی پێشکەوتووی سەردەمیانەی نیە و نیەتی ئاوەدانکردنەوە و پێشکەوتنی کۆمەلگای پێنیە، بەلکو داعش لەپەنای ناوی ئیسلام و سەلەفیەتەوە خۆی گەورەکردوە و بەناوی شەریعەتی ئیسلامەوە خۆی و کاروکردەوەکانی ناساندووە،ئەو بەڕوالەت داوای خەلافەتێکی پان و پۆڕی ئیسلامی دەکات،بەلاٌم ھیچ بنەمایەکی زانستی و واقعی پیادە ناکات بۆ ئەوەی ژێرخانێکی پتەوی سیاسی و ئابوری بنیات بنێت، ئەو پەنا دەباتە بەر ڕێساو یاسایەك کە زەمەنیان بەسەرچوە و لەگەلٌ پێشکەوتن و گۆڕانکاریەکانی سەردەمەدا ناگونجێن و ناتوانن وەلاٌمدەرەوەیەکی ڕاست و دروستی خواست و ویستە زۆرەکانی کۆمەلگا بن، داعش ھیچ کاتێك ناتوانێت درێژە بەحوکم و دەسەلاٌتی ناڕەوا و نا شەرعی خۆی بدات کە لە ڕێگەی

زەبر و زۆر و تیرۆر و تۆقاندنەوە وەدەستی هێناوە ، داعش دەسەڵاتێکی زڕ و بێبەرە چونکە شەرعیەتی یاسایی و جەماوەری لە پشتەوە نیە، بەلام هەلومەرجێکی شڵەژاوی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست هێناویەتە بون و گەورەی کردوە و وەك مشەخۆرێك لە پەراوێزی ئەو بارودۆخەدا گەشەو گەورە بوە و دەسەلاتی خۆی سەپاندوە، داعش هێزی سەربازی خۆی بە فریودان و بەڵێنی ناڕەواو نالۆژیکی بەچەکدارەکانی توانیویەتی ژمارەیەك گەنجی بێ بەرنامە و شکستخواردوی ناو کۆمەڵگاکانیان کۆبکاتەوە ولەدەوری خۆی بیانهێڵێتەوە و شەڕی هەموانیان پێبکات. داعش هێزێکی سەربازی عەقیدەیی و پتەو و بەهێز و مەشقپێکراوی نیزامی نیە، بەڵکو کۆمەڵێك چەتە و هەوەسباز وبەکرێگیراو وفریودراوی تێکەلاوی هەموو ئاین و نەتەوە و مەزهەبێکی لەخۆگرتوە، کە ئەمانە تەنها یەك خاڵی هاوبەش کۆیکردونەتەوە ئەویش توندیتژی و خوێنڕشتن و ئەتکردنی ناموسی تاك و کۆمەڵگاکانە ، ئەگینا نە زەمینەیەکی هاوبەشی بیروباوەڕ و نە بەرژەوەندیەکی دینی و دونیاییان پێکەوە نیە.نەخاکێکی هاوبەش و نەگەلێکی هاوبەشتنو نەزمانێکی هاوبەش و نەکەلتورێکی هاوبەشیشیان هەیە، کە ئەمانە بنەمای نەتەوە و دەوڵەت و خەلافەتێکی بەهێز و پانوپۆڕ پێکدێنن.

ئەو ڕاستیەشمان بیرنەچێت کە داعش دروستکراوی دەستی کۆمەڵێك داموزدەزگای موخابەراتی ناوچەیی و نێودەوڵەتین و هەریەکەشیان بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاری دێنن.

ڕاستیەکی ئاشکراو بەرچاو هەیە کە بریتیە لەوەی کە داعش ئەم هەموو هێز و توانا داراییە گەورەیەی لە کوێوە هێناوە و سەرچاوەی داهاتەکانی چین کە بتوانێت ئەم شەڕە ناوچەیی و دونیاییە بەرپا بکات و خۆی بکاتە هێزێکی حساب بۆکراو، جاهەر کات توانرا سەرچاوە داراییەکانی دیاریبکرێت و بشتوانرێت لە ئایندەدا ئەو سەرچاوانە بنەبڕبکرێت ، ئەوا زۆر بەسانایی دەتوانرێت داعش لە مەنگەنە بدرێت و بچوك و قەتیسبکرێت و دواجاریش سەرکەوتنی کۆتایی وەدەستبهێنرێت و تورِ بدرێتە ناو زبڵدانی مێژوەوە، لەو سەرچاوانە:

- کۆمەك و هاوکاری و پشتیوانی مادی و مەعنەویە، لەلایەن تاك و گروپ و ڕێکخراوەکانەوە، بەناوی کۆمەکی مرۆییەوە، بەتایبەتیش لە ولاتانی کەنداوی عەرەبیەوە بەناوی پشتیوانی مەزهەبی سونەوە دژ بە مەزهەب و دەسەلاتدارانی شیعە مەزهەبەوە لە سوریا و عێراقدا، بەتایبەتیش هەردوو ولاتانی سعودیە و قەتەر و کۆنە بەعسیەکانی دانیشتوی ئەو ولاتانە و بەتایبەتیش ئیماراتی عەرەبی.کە بەسەدان ملیۆن دۆلاریان پێشکەشکردون.هەروەها هاوکاریە مادی و مەعنەوی و جاسوسی و تەکنەلۆژیاکانی دامودەزگا موخابەراتیەکانی ناوچەکە و دونیاش پێیان.

- سەرچاوەیەکی تر بریتیە لە پەنابردن بۆ سەندن و داواکردنی پارەی زۆر بۆ ئەو بیانیانەی کە دەسگیریان دەکەن یان دەیانڕفێنن،وەك لە ڕفاندنی ڕۆژنامەنوسە ئەمریکیەکەدا ڕوویدا کە داوای زیاد لە ١٣٠ ملیۆن دۆلاریان کرد و ئەمریکاش نەیداو داعشیش ڕۆژنامەنوسەکەی سەربڕی.
- داعش هەرلەسەرەتاوە هەوڵی داگیرکردنی ئەو جێگە و ناوچانەی ئەدا لە سوریاو عێراق کە ناوچەی دەوڵەمەندن بە سەرچاوەی سروشتی و کارگە و ناوچەی پیشەسازین، بۆئەوەی بیانفرۆشێتەوە و سەرمایەیەکی گەورەی دەسکەوێت و هەرواشی کردوە و چەندین کارگەی پیشەسازی و دانەوێڵەی هەڵگیراوی ناو کۆگاکانی لە سوریاو عێراق فرۆشتۆتەوە بە بازرگانە تورکەکان.
- نەوت و غازی سروشتی، سەرچاوەیەکی گرنگ و گەورەی داهاتی داعشەو بە ملیۆنان دۆلار دەسکەوتی ڕۆژانەیانە، ڕۆژانە لە سوریادا ٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی خاو دەردەهێنن لە کێڵگە نەوتیەکانی (( جبسا و کۆنیکۆ و عومەر شەدادی))وبە نرخێکی مامناوەندی ٣٠ دۆلاری دەیفرۆشێتەوە و لەعێراقیشدا ڕۆژانە ١٠٠ تانکەری نەوتی خاو کە هەریەکەیان بەهای ٩٠٠٠ دۆلارە و هەر بەرمیلێك بە ٢٦ دۆلار دەفرۆشێتەوە بەبازاڕە ناوخۆیەکان و تورکیاو ئێرانیش ، ئەمە سەڕەرای غازی سروشتی بۆ ماڵان و وێسگە کارەباییەکان و ...هتد. کەوەك سەرچاوە ئاگادارەکان ڕایانگەیاندوە کە ڕۆژانە داعش لەنەوت و غازی سروشتی و موشتەقاتەکانی بڕی ٣ ملیۆن دۆلاری دەستدەکەوێت و لە ساڵێکدا دەکاتە یەك ملیار و ٥٠٠ ملیۆن دینار.
- سەرچاوەیەکی تر بریتیە لە پارەی ناو بانکەکان: ئەوەبوو لەداگیرکردنی شاری موصڵ لە عێراق بڕی ٤٢٥ ملیۆن دۆلاریان دەستبەسەردا گرت.
- سەرچاوەیەکی تر، بریتیە لە داهاتی ئەو چەك و تەقەمەنی و پێداویستیە جەنگیانەی کە لە سوپای عێراق و سوریاوە بەدەستی دەهێنن کە بە ملیۆنان دۆلار مەزەندە دەکرێن و دەتوانن بیانفرۆشنەوە لە بازاڕە ناوخۆیی و ناوچەییەکاندا.
- وەرگرتنی باج لەهاوڵاتیانی ژێر دەسەلاتیان، بۆ نمونە هەر خێزانێك بڕی ١٧ دۆلار و نیویان لێ دەسێنن لەبەرامبەر دابینکردنی ئاو و کارەبا و پاراستنیاندا لە سوریا.
- کۆکردنەوەی زەکاتی سالانە لە هاوڵاتیان کە ئەمە ش بڕێکی زۆر و زەوەندە.

داعش بەم شێوەیە و لەڕێگەی ئەم سەرچاوە داهاتیە زۆر و زەوەندانەوە بۆتە هێزێکی دارایی زەبەلاح و بچوکبونەوەی بۆتە کارێکی قورس.

جا بەمەبەستی بچوککردنەوە و لەناوبردنی داعش ، پێویستە ئەم هەنگاوانە بگیرێتە بەر:

- تووندکردنەوەی هێرش و پەلامارە ئاسمانیەکانی هاوپەیمانان بۆ سەر بارەگا و مۆڵگەکانیان لە سوریاو عێراقدا ، ئەم هەڵمەتانەی هاوپەیمانان کاریگەری گەورەیان هەبوەو دەشبێت.
- هاوکاری و یارمەتی سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بدرێت بە مەشق و ڕاهێنان و پێدانی چەکی قورس و کاریگەر بۆ ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆریستانی داعش.
- هاوپەیمانان پلانی هێرشی زەمینیش پیادە بکەن بۆئەوەی پانتایی جوگرافی داعش بچوك و بەرتەسکبکەنەوە و وەدەریان بنێن لە جێگە و ناوچە ستراتیژی و دەوڵەمەندەکان بەنەوت و غازی سروشتی.
- فشار خستنە سەر دەوڵەتانی ناوچەکە بەتایبەتیش تورکیا بۆ ئەوەی هاوکاری مادی و مەعنەوی زیاتری داعش نەکات.
- فشار خستنە سەر وڵاتانی کەنداو بەگشتی بۆ ئەوەی کۆمەکی دارایی لە داعش ببڕن و چیتر توندڕەو سەلەفیەکان نەنێرن بۆ سوریاو عێراق.

دەکرێت لە ڕێگەی ئەم هەنگاوانەوە کاریگەری بخرێتە سەر داعش و چیدی نەتوانێت موچەی چەتەکانی دابین بکات و درێژەش بە دسەلاتی سەپێنراوی خۆی بدات و هێواش هێواش ڕەگی ژیان و مانی بپچڕێنرێت. بەدڵنیاییەوە هەرکات ئەم سەرچاوە داراییانەی نەما ناتوانێت بەرگری بکات ولەماوەیەکی کەموکورتدا ڕووبەڕووی تێکشکان و هەڵهاتن دەبێتەوە و ناوچەکەش ئارامی و ئاشتی بۆ دەگەڕێتەوە. چونکە داعش لەسەر خاك و وڵات و لەناو گەلی خۆیدا نیە و لەسەر زەمینەیەکی پتەو و چەسپاو کار ناکات.بەڵام چونکە کورد خاوەنی ئەم وڵاتەیە و ئامادەیی خوێنبەخشین و گیانفیدائییە بۆ گەل و وڵاتەکەی توانیویەتی گەورەترین سەرکەوتن بەدەستبهێنێت،زیندووترین نمونەش سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە لەبەرەکانی جەنگدا بەڵام بەپێچەوانەوە داعش لەو هۆکارە گرنگە بێبەشە و هەربۆیەش گەر نیەتێکی ڕاستگۆیانە هەبێت بۆ لەناوبردنیان چانسی سەرکەوتنیش زیاتر دەبێت.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی پێنوسەکان و ستاندارکورد و پی یو کەی میدیا لە ڕۆژانی ١ و٢٠١٥/١/٥ و کوردستانی نویٚ ژمارە ٦٥٧٢ و ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە ٢٠١٥/١/٦ و هەواڵ ژمارە ٦٠١ لە ٢٠١٥/١/١٧دا بلاٚوکراوەتەوە.

# باشەنگال بۆ شەنگالیەکان بێت... *

- شەنگال وەك ناوچەیەك و دواتر وەك قەزایەکی دێرینی باشووری کوردستان مێژوو و بونی ڕەگ داکوتراوی هەیە لە قولایی کوردبون و کوردایەتیدا و برا ئێزیدیەکانیشمان بەهەمان شێوە سەرەڕای ئەو هەموو نەهامەتی و دوژمنایەتی و پەلامار و هێرشی لەناوبردن و جینۆسایدەی بەسەریاندا هاتوە هەر لەزەمانی تەیموری لەنگەوە تا عوسمانی و سەفەویەکان و دواتر ڕژێمەکانی عێراقەوە و لە ئێستاشدا لەسەر دەستی چەتەکانی داعشدا بۆ زیاتر لە ٧٠ جارە توشی کارەساتی جەرگبڕ بونەتەوە بەمەبەستی سڕینەوەی مێژوو و جوگرافیاو ناسنامەیان وەکو کورد و دین و ناوچەکەشیان.

دوای داگیرکردنی شەنگال لەسەرەتای مانگی ئابی ٢٠١٤وە لەلایەن چەتەکانی داعشەوە و ئەنجامدانی جینۆسایدو ئەنفالی ئێزیدیان و بردنی سەروەت و سامان و بە سەبایاکردنی ژن و کچەکانیان.. شەنگال بوە سیمبولی خۆڕاگری و بەرگری و ناوچەیەکی کارەسەتبار و بەکەوتنی بەدەستی داعشەوە هەموو کورد و و تەنانەت زلهێزەکانیشی هێنایە جوڵە و بەرگریکردن لێیان. لەسەر ئاستی جەماوەری و حکومەتەکانیش.

- لە ئێستاشداو دوای هەڵمەتی ڕزگارکردنەوەی شەنگال لەلایەن هێزی پێشمەرگەی قارەمانی کوردستانەوە توانراوە چیای شەنگال و چەند گەڕەکێکی ئەو شارە ڕزگاربکرێتەوە و هیوا و ئومێدیش زۆرە کە لەداهاتوودا شارەکە هەمووی ڕزگاربکرێت و برا ئێزیدیەکانمان کە ئاوارەی هەرێم و ناوچەکە بوون بە سەربەرزی بگەڕێنەوە بۆ ناو ماڵ و حاڵ و دیاری خۆیان.

داعش بەبێ هیچ پرس و تێڕامانێك هەڕەشەیەکی گەورە و مەترسیدارە بۆ سەر ئاشتی و پێکەوە ژیانی گەلان لە ناوچەکە و دونیاشدا و بۆ کوردیش بەتایبەتی. بەڵام یەك سوودی گەورەی بە کورد گەیاندوە ئەویش ئەوەیە هەموو کوردانی لەهەرچوار بەشەکەدا یەکخستوە و هەموانی کۆکردۆتەوە و هەموانی بێ جیاوازی سنور و ناوچەکان کردۆتە دوژمنی خۆی و جارێکی تر وایکرد کە خوێنی کوردانی هەر چوار بەشەکە تێکەڵ بە یەکدی ببنەوە و هەموانیان پێکەوە خەبات بکەن بۆ ڕزگارکردنەوەی ئەو ناوچە و شار و شارۆچکانەی کە داعش دەستیبەسەردا گرتوون.

کەوتنی شەنگال کارەسات بوو ، کە دەبێت کەمتەرخەم و لایەنی بەرپرس لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت و هەروا بە سانایی دەرباز نەبن، و سەرکەوتنەکانیش کە زۆر گەورەن نابێت ببنە مایەی لێخۆشبونیان،چونکە لەو هەڵاتن و بەدەستەوەدانەی شەنگال بە هەزاران کەسی بێتاوان لە ژن و منداڵ و پیر و گەنج بونە قوربانی و ئاوارەبوون و سەرگەردان بوون، کە زۆر ئەستەمە بەسانایی ئەم کارەسات و خوێن و فرمێسکانەی یەزیدیان لە بیر بکرێت.

ڕزگارکردنەوەی شەنگال و هەموو ناوچەکانی تریش ئەرکی هەموو کوردانە و هیچ کەس و لایەنێك ناتوانێت بەتەنها بەو کارە هەڵبستێت و ناشبێت ڕێگە لە هیچ کەس و لایەنێکی کوردی بگیرێت کە خۆبەخشانە هاتۆتە پێش بۆ مەیدانەکە بۆ ڕزگارکردنی ناوچەکان. ئێمەی کورد هەموو مافمان بەسەر بست بەبستی خاکی کوردانەوە هەیە لە کوردستانی گەورەدا ، بەڵام خاوەنی ناوچەکان و شار و شارۆچکەکان لە پێش هەمواندا ئەو مافەیان هەیە و با شەنگالیش وەکو هەموو ناوچەکانی تر بۆ شەنگالیەکان خۆیان بێت و کار و ئەرکی سەرەکی لە ئەستۆی خۆیاندا بێت بەهاوکاری و ئامۆژگاری و کاری پێکەوەی لایەنەکانی تر.

بەبۆنەی ئەوەی کە لە ٢٠١٥/١/١٤دا کۆبونەوەیەکی شەنگالیەکان لە چیای شەنگال کراوە بە ڕێبەرایەتی پەکەکە و بەشداری هەندێ لایەنی کوردستانی باشوریش،لەبنچینەدا کۆبونەوەکە وەکو ئەوەی ڕاگەیەندراوە بۆ خۆڕێکخستنەوە و پێکهێنانی چەند لیژنەیەك بوە بۆ سەرپەرشتی ئیشوکاری ئاوارە و ڕزگارکردنی زیاتری شەنگال و ناوچەکە لە ڕووی ئیداری و پێشمەرگایەتیەوە بوە، نەك وەك ئەوەی ڕاگەیەندراوە کە پەکەکە دەیەوێت کانتۆنێکی سەربەخۆ پێکەوە بنێت بۆ شەنگالیەکان.

تەنانەت گەر پێکهێنانی کانتۆنێك یان ناوچەیەکی خۆبەڕێوەبەری دیموکراسیش بێت لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستان هیچ مەترسی و هەڕەشەیەك دروست ناکات بۆ سەر دەسەڵات و پێگەی هەرێمی کوردستان. تەنانەت لە دەستوری عێراق و پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستانیشدا هاتوە کە ئەو ناوچانەی زۆرینەی لە نەتەوەیەك و مەزهەبێك و ئاینێك بن دەتوانن ئیشوکاری ئیداری ناوچەکەی خۆیان بەخۆیان بەڕێوەی ببنەن هەر لە خوێندن و نوسین و تەندروستی و پۆلیس و دادگاو...هتد.

وشەی CANTON بەمانای ولایەت یان هەرێم یان ناوچە دێت و بۆ یەکەم جاریش لەساڵی ١٤٧٥ وە بەکارهاتوە و لە ئێستاشدا وڵاتێکی وەکو سویسرا لە ٢٦ کانتۆنی

سەربەخۆ پێکهاتوە لە چوارچێوەی وڵاتی کۆنفیدراڵی سویسریدا کە لە نەتەوە و ئاین و مەزهەب و زمانی جیاوازی ئەڵمانی و ئیتالی و فەرەنسی و ڕۆمانی پێك هاتون و هەر کانتۆنێکیش خاوەنی دەستور وپەرلەمان و حکومەت و دادوەری و ئاڵای خۆیەتی و بە قەوارەو ژمارەی دانیشتوان و ڕووبەری جیاواز پێك هاتون و سویسرا وەك وڵاتێکی ئاشتیخواز و دیموکراسی لە دونیادا لێیدەڕوانرێت و نمونەیەکی دەگمەنی پێکەوەژیان و ئازادیەکانە.

هەربۆیە لەمەسەلەی شەنگالیشدا پێویست بەم هەموو هەراو زەنایە ناکات و هێندە مەترسیەکی گەورەش نیە بۆ ئایندەی هەرێمی کوردستان.

لەم قۆناغەی خەباتی کوردایەتیدا کە تووشی شەڕێکی نارەوای سەپێنروای داعش بوینەتەوە هێندەی پێویستمان بە یەك ڕیزی و تەبایی نێوخۆیی هەیە نیو هێندە پێویستمان بە گرژی و ئاڵۆزی و لێکترازانی ڕیزەکانمان نیە. دروستکردن یان بیرۆکەی پێکەوەنانی کانتۆن وەکو دەسەلاتێکی ئیداری خۆبەڕێوەبەری لەناوچە و شار و شارۆچکە جیاوازەکاندا بەشێوەیەکی دیموکراسی و ئازادانە لەلایەن دانیشتوانی ناوچەکەوە کارێکی پێویستە بۆ زیاتر خۆڕێکخستنەوە و سەرپەرشتیکردنی ئیشوکاری ناوچە جیاوازەکان و بەم کارەش دەتوانرێت کە ڕیزەکانی کۆمەڵگای کوردەواری ڕێکبخرێتەوە و ڕێگریش دەبێت لە قۆرخکاری و سەپاندنی دەسەڵاتی لایەنێك یان حیزب و سەرکردەیەکی دیاریکراو کە هەندێ لایەن مەبەستی حیزبی خۆیان گەرەکە نەك نەتەوە و نیشتیمان. ڕاستە کوردایەتی لەم قۆناغەدا گەیشتۆتە ئاستێکی باڵا و ئامانجی پێکەوەنان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیە، بەڵام پێکەوەنانی ئیدارەی خۆبەڕێوەبەری دیموکراسی یان کانتۆنەکان لە گرنگی ئەم هەنگاوانە کەم ناکەنەوە، چونکە هیچ کاتێك کانتۆنەکان نابنە دەوڵەت و دەسەلات و پێگەی دەوڵەتیشیان نابێت و نیشە. بەڵکو لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا دەمێننەوە.

ئەو ڕاستیەش لەبیر نەکەین کە هەر کوردێك لەهەر جێگەیەکی ئەم دونیایەدا بێت مافی ئەوەی هەیە خۆی بەخاوەنی کوردستان بزانێت و خەبات و گیانفیداییشی بۆ بکات و لەخێروبێرەکانیشی سوود و کەڵك وەربگرێت، هەربۆیە هیچ حیزب و سەرکردە و لایەنێك نابێت ئەو مافە بەخۆی بدات کە ڕێگری بکات لەکاری پێکەوەی و هاوکاری و پشتیوانی یەکتری لەکاتی ئاشتی و تەنگانەشدا. چونکە ئەزمونی ئەم چەند مانگەی ڕابووردوو لەسەر

زەمینەی واقع ئەو ڕاستیەی سەلماند کە هیچ هێز و لایەنێك ناتوانێت لەم قۆناغەدا بەتەنها ڕووبەڕووی هەڕەشە و مەترسیەکانی چەتەکانی داعش و بەرەی تیرۆریستانی جیهانی ببێتەوە.

بۆیە ڕاستر وایە کە هەمووان، بەو ئاڕاستەیە بیر بکەینەوە کە گەر خۆمان کارێکمان پێنەکرا با ڕێگەش لە براکانمان نەگرین، لەکاتێکدا هەموانمان هانامان بۆ دۆست و دوژمنەکانمان لە ناوچەکە و دونیاشدا بردوە بۆ هاوکاری و پشتیوانیکردنمان، ئیدی چ عەیبەیەکە کە لەنێوخۆی ماڵی کوردایەتیدا هاوکاری لەیەکتر قبوڵ بکەین.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی مەکتەب ڕێکخستن وستاندارکورد و پێنوسەکان لە ٢٠١٥/١/٢١ وئەنجومەنی سەرکردایەتی لە ٢٠١٥/١/٢٥ و لە کوردستانی نوێ ژمارە ٦٥٩٢ لە ٢٠١٥/١/٣٠دا بلاوکراوەتەوە.

# کۆڕبەندی ئابوری داڤۆس و کاریگەری لەسەر سیاسەتەکانی دونیا.. *

❖ ئەم کۆڕبەندە بۆ یەکەم جار لە لایەن مامۆستای زانستی ئابوری (( کلاوس شواب))تەمەن ٦٦ ساڵەی بەڕەچەڵەك ئەڵمانی و بە ڕەگەزنامەی سویسری دامەزرا لەساڵی ١٩٧١دا.. بەمەبەستی کۆکردنەوەی کۆمپانیا ئابوریەکانی جیهان و داڕشتنی سیاسەتێکی ئابوری و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە و گرفتە ئابوریەکان.

ئیدی لەو ساڵەوە تاکو ئێستا ساڵانە لە گوند یان شارۆچکە یان هاوینەهەواری داڤۆس لە ڕۆژهەڵاتی سویسرا ئەم کۆنگرە جیهانیە دێتە سازدان ، کە ساڵانە زیاد لە ٢٠٠٠–٢٥٠٠ کەسایەتی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و میدیاکار و ...هتد. بەشداری تیادا دەکەن.

کۆنگرەی داڤۆش ڕێکخراوێکی ناحکومیە و، ئامانجی سوود و قازانج نیە. لەم کۆڕبەندەدا باس لەسەرجەم کێشە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و فکری و ژینگەیی لەسەر ئاستی جیهان دەکرێت، کە کاریگەریان هەیە بۆ سەر ڕەوشی دانیشتوانی جیهان. کۆنگرەی داڤۆس ساڵانە لە نێوان ٢١–٢٤ هەموو مانگێکی جەنیەوەری ساز دەکرێت کە تیایدا سەرۆکی وڵاتان و وەزیر و کەسایەتی ئابوری و سەرمایەداران لە دونیادا بەشداری تیادا دەکەن.

ئەم کۆڕبەندە هیچ دەسەڵاتێکی نیە کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پشتی پێببەستێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر سیاسەتی وڵاتانی دونیاو بەتایبەتیش وڵاتە هەژارەکان. ئەم کۆڕبەندە بڕیارەکانی مولزەم نین بۆ جێبەجێکردن و بەیانی کۆتایشی نیە.بەڵام کۆڕبەندی داڤۆس بەنهێنی جیهان بەڕێوە دەبات لەڕێگەی دەستبەسەراگرتنی شادەمارە ئابورییەکان لە جیهاندا و هەروەها کلیلی چارەسەرە سیاسیەکانیشی لەلایە لە زۆربەی وڵاتاندا.

ئەم کاریگەرییەی داڤۆس دەگەڕێتەوە بۆ بەشداریکردن و کۆنترۆڵکردنی کاروباری کۆڕبەندەکە لەلایەن کۆمپانیا ئابوریە زەبەلاحەکانی دونیاوە و کاریگەرییان هەیە لەسەر دانانی خشتەی گفتوگۆکان و داوەتنامەی کەسایەتیەکان و دواتریش بڕیارەکانی کۆڕبەندەکە.

❖ ئەم کۆڕبەندە لە بنچینەدا بۆ دەوڵەمەند و خاوەن سەرمایە و کۆمپانیا زەبەلاحە ئابوریەکانە بەڵام هەندێ جار کەسایەتی لەسەر ئاستی سەرۆك و سەرۆك حکومەتەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەمیش بانگهێشت دەکەن ، تەنها بۆئەوەی کاریگەرییان لەسەر دابنێن بۆ ئەوەی دەرگای وەبەرهێنان لەوڵاتەکانیادا بەڕووی کۆمپانیا ئابوریە زەبەلاحەکاندا بکەنەوە و کارئاسانی زۆریشیان بۆبکەن بۆ دۆزینەوە و دەستخستنی بازاڕی نوێ بۆ کاڵاکانیان.ئەو وڵاتانەش بەزۆری بانگهێشت دەکرێن کە لەخولگەی سیاسەتەکانی ئەمریکادا دەسوڕێنەوە و دژەکان بانگناکرێن.

❖ ئەوەتا تەنها ئەو کۆمپانیا ئابورییانە بەشداری دەکەن و دەبنە ئەندام کە سەرمایە و داهاتەکانیان لە ١ ملیار دۆلار زیاتر بێت لە ساڵێکدا و هاوبەشی ساڵانەش بریتیە لە ١٢٥٠٠ دۆلار و خەرجی بەشداریکردنیش دەگاتە ٦٥٠٠ دۆلار ،بەڵام بەشداریکردن لە دانانی خشتەی کارەکاندا دەگاتە ٢٥٠٠٠٠ دۆلار و پارەی ئەندامێتی هەمیشەیی بریتیە لە ٧٨٠٠٠ دۆلار و نرخی ١ ژووری مامناوەند بریتیە لە ٦٠٠ دۆلار و کۆی خەرجی ١ نەفەر بۆ ئەو ٤ ڕۆژە لە داڤۆس دەگاتە ٤٠ هەزار دۆلار.هەربۆیە ئەم هەموو خەرجیە قەبانە نە بەخەڵکی هەژار و نە بەکۆمپانیا بچوکەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەم هەڵدەسوڕێت و بەمەش لەکۆڕبەندەکەدا بەشدار نابن و دواتریش بەناچاری دەبێت پەیڕەوی ئەو سیاسەتە ئابوریانە بکەن کە کۆمپانیا ئابوریە زەبەلاحەکان دایدەڕێژن لە کۆڕبەندی ئابوری ساڵانەی داڤۆسدا.

❖ لەکۆڕبەندی داڤۆسی ساڵی ٢٠١٥دا ، کە خولی ٤٥ هەمینی بوو، ئەو کێشە و بابەتانەی کە باڵی کێشا بوو بەسەر گفتوگۆکاندا بریتی بوون لە: تەنگژەی دارایی جیهانی و ڕاوەستان و پاشەکشەی پیشەسازی و بێکاری و نەخۆشیە بڵاوەکان و دابەزینی نرخی نەوت لە جیهاندا و پیسبوونی ژینگە و تیرۆر و توندوتیژیەکان.. کە ئەمانە کۆمەڵ گەلێك بابەتی هەنوکەیین کە ڕووبەڕووی هەموو جیهان بونەتەوە بە دەوڵەمەند و هەژارەوە و پێویست دەکات کە بڕیار و لێکتێگەیشتن و سیاسەت و پلانی دەستەجەمعی هەبێت بۆ ڕووبەڕووبونەوەیان، چونکە ئەم کێشانە زۆر گەورە و کاریگەر و مەترسیداریشن بۆ ئێستا و ئایندەی کۆمەڵگای جیهانی.

❖ بەم شێوەیە کۆڕبەندی داڤۆسی جیهانی گرنگی و کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر داڕشتنی سیاسەتی ئابوری و سیاسیەکان لەدونیادا و کۆڕبەندی خواپیاوەکانە بۆ ئەوەی باشتر و زیاتر دەستبگرن بەسەر سیاسەت و ئابوری هەموو جیهاندا و کۆنترۆڵی گەشە و پێشکەوتنەکانی جیهانی سێیەمیش بکەن و لەژێر سایە و سیاسەتی ئەواندا بمێننەوەو بەمەش پارێزگاری لە جیهانی یەکەمی پیشەسازی و پێشەکەوتووی باکوری گۆی زەوی دەکەن و گەرەکیانە باشوری زەویش هەر بەهەژاری و دەستەمۆیی خۆیان بمێنێتەوە.

---

* ئەم بابەتە لە هەواڵ ژمارە ٦٠٣ لە ٢٠١٥/١/٣١ و سایتەکانی مەکتەب ڕێکخستن و ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە ٢٠١٥/١/٢٤ و ئاوێنە نیوز لە ٢٠١٥/١/٢٧ و ستاندارکورد لە ٢٠١٥/١/٢٨ و کوردستانی نوێ ژمارە ٦٥٨٨ لە ٢٠١٥/١/٢٦دا بڵاوکراوەتەوە.

# بۆچی هێزی پێشمەرگەی کوردستان یەکبگرێتەوە؟*

- هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەهەموو شۆڕشەکانی کوردستاندا، هێزێکی نیشتیمانپەروەر و مقاوەمەتکار و خۆبەخش و گیانفیدای کوردو کوردستان بوە و ، هیچ کەس و لایەنێك ناتوانێت ڕۆڵی مێژوویی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەلاوەبنێت و قوربانی و گیانبەخشیەکانی و دەسکەوت و سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە لەبەرچاو نەگرێت، دەبێت هەموان ئەو ڕاستیە بزانن کە ئەمنیەت و ئاسایش و گەشەوپێشکەوتنی کوردستان سەرجەمیان بەری ڕەنج و ماقاوەمەتی پێشمەرگەیە.

بەحوکمی ئەوەی کە چەندین حیزبی سیاسی لەکۆنەوە تاکو ئێستا هەبوە وبەشداری شۆڕشی شاخیان کردوە و لە دوای ڕاپەڕینیشەوە بەهەمان شێوە خاوەنی هێزی پێشمەرگەی خۆیان بوون و ماونەتەوە بەتایبەتیش هەردوو حیزبی یەکێتی و پارتی وەکو دوو هێزی گەورە و دەسەلأتدار، ئەو هێزی پێشمەرگانە بەناو دابەشبونەتە سەر ئەو دوو حیزبە و لەژێر چاودێری و پلان و بەرنامە و سیاسەتی ئەو دوو حیزبەدا هەڵسوڕێنراون و فەرمانەکانیان جێبەجێکردوە.

هەردوو حیزب لەدوای ڕاپەڕین و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە توانیویانە کە هێزی پێشمەرگە نوێبکەنەوە لەڕووی چەك و تەقەمەنی و مەشق و ڕاهێنان و دیسپلینی سەربازییەوە و تاڕادەیەکی باشیش هێزێکی پێشمەرگەیی بە دیسپلین پێکەوە بنێن و سیمای میلیشیای چەکداری لێدوور بخەنەوە ، کە هەرچەندە هێشتا کاری زۆرتر ماوە بۆ پێکەوەنانی هێزێکی پتەو وئامادە و مۆدێرنی پێشمەرگەیی.هەردوولا چەندین کۆلێژی سەربازی و ئەرکان و ئەکادیمیای پۆلیسیان دامەزراندوە و خزمەتی هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆ دەکەن.

- ئەم کارانەی هەردوو حیزب ڕاستە بەرگێکی حیزبیانەیان پۆشیوە و مەحسوبن لەسەر ئەو دووحیزبە، بەلأم ئەمە ڕێگر نەبوە لەوەی کە هێزی پێشمەرگەی هەردوولا وەکو هێزێکی نیشتیمانی پارێزگاری بکەن لەو دەسکەوتانەی حکومەتی هەرێم و شەڕی دوژمنان و داگیرکەران و تیرۆریستان بکەن، هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ئێستادا لەسەنگەری پێشەوەی مقاوەمەتکردنە لە کوردستان لە خانەقین و مەندەلیەوە تا موصڵ و

شەنگال و کوبانێ کە هەمووی خاکی کوردانە و خوێنی کوردان بەهاوبەشی دەڕژێت لەسەر بست بە بستی خاکی کوردستان، بەهەمان شێوە ئەم هێزی پێشمەرگەیە لەهەڵبژاردنەکاندا تەنها دەنگیان بۆ دوو حیزبەکەی خۆیان نەبوە بەڵکو دەنگەکانیان دابەشبونەتە سەر هەموو حیزبەکان بە ئۆپۆزسیۆنی جاران و دەسەلأتدارانی ئێستاوە، ئیدی چ بەڵگەیەك هەیە کە هێزی پێشمەرگە تەنها هی پارتی و یەکێتین.

تەنانەت گەر واشبێت بەلأم بۆ ڕۆژێکیش دوانەکەوتون لە مقاوەت و بەرگریکردن لەخاکی کوردستان و هەموو دانیشتوان و دەسکەوتەکانی کوردستانیان پاراستوە بە ئۆپۆزسیۆن و دەسەلأتەوە. کەواتە هێزی پێشمەرگە بەهەق هێزێکی نیشتیمانی و دڵسۆز و خەمخۆری سەرتاسەری کوردستانە و هیچ کەس و لایەنێك ناتوانێت سیفەتی نیشتیمانی لە هێزی پێشمەرگە دامالێت.زۆرجاران سیفەتی میلیشیاو هێزی حیزبی دەخرایەی پاڵ پێشمەرگەوە، بەلأم لە ئێستادا هەموان بۆیان دەرکەوت کە هێزی پێشمەرگە نە یەکێتیە و نە پارتی بەڵکو پارێزەری سەروەت و سامان و خاکی هەموو کوردو کوردستانە بە ئۆپۆزسیۆن و دەسەلأتدارانەوە.

- ***پرسیار لێرەدا ئەوەیە ، بۆچی هێزی پێشمەرگەی کوردستان یەکبگرێتەوە؟ سوودو قازانج لەم کارەدا چییە؟ ئایا تەنها بە یەکگرتنەوەیان دەبنە هێزێکی نیشتیمانی؟ یان ئەم داواکاریە نیەت و مەبەستی شاراوەی حیزبی و لایەنی سیاسی لە پشتەوەیە؟***

وەلأم ،هەموو کوردێکی بەشەرەف و دڵسۆز لەگەڵ هەموو هەنگاوێکی جدی و خەمخۆرانەدایە بۆ ئێستا و ئایندەی کوردستان، هیچ کەس و لایەن و سەرکردەیەك ناتوانێت ببێتە ڕێگر لەبەردەم پرۆسەیەکی گرنگی مێژوویی وەك یەکگرتنەوەی هەموو هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەژێر چەتری وەزارەتی پێشمەرگە و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا. هەوڵەکانی یەکگرتنەوەی هەردوو هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەنێوان پارتی و یەکێتیدا زۆر لەمێژەو دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٦ و یەکەم کۆبونەوە لە ٢/٨/٢٠٠٦دا بۆ ئەو مەبەستە کراوە و بەدوایدا بەدەیان کۆبونەوەی هاوبەشی هەردوولا سازکراوە بۆ یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە و وەزارەتی پێشمەرگەش لە نێوان ساڵەکانی ٢٠٠٦ تا ٢٠٠٩دا و تەنانەت لە ئێستادا ١٢ لیوای هاوبەش هەیە وەك بنەچینەیەك بۆ ئەو پرۆسەی یەکگرتنەوەیە کە ئەمە نیەتی ڕاستەقینەی هەردوولایە بۆ یەکگرتنەوە و تەنانەت لە ژێر

فشاری هێزە هاوپەیمانەکاندا بۆئەوەی هاوکاری زیاتری هێزی پێشمەرگە بکەن بەچەك و تەقەمەنی و مەشق و ڕاهێنان کۆبونەوەیەکی هاوبەش لە ٢٠٠٦/١٢/٢٧دا کراوە .
بەڵام پڕۆسەیەکی وا گەورە و گرنگ هەروا ئاسان نیە و ناتوانرێت لەماوەیەکی کورتدا جێبەجێبکرێن دوور لە زەمینەسازی و دابینکردنی پێداویستیە مادی و مەعنەویەکان لە چەك و تەقەمەنی و بیناو سەربازگە و مەشق و ڕاهێنان و موچە و دەرماڵەی پێویست و شیاو بۆ هەموانیان.پڕۆسەی یەکگرتنەوە نابێت هەر بۆ ناو و شکڵیات بێت دەبێت بەهەق و هەقیقی پڕۆسەیەکی گشتگیر و کامڵ بێت.هەموانیشیان لەسەر ئەو بابەتە یەك دەنگن ، بەڵام لەخۆڕاو بەبێ پرس و ڕای یەکتری و بەتایبەتیش هەردوو لایەنی پارتی و یەکێتی ئەم کارە سەرکەوتوو نابێت ، چونکە ئەو هێزانە بەناویش بێت دابەشبونەتە سەر ئەو دوو حیزبە و چەندین ساڵە خەرجی و ماندوبونیان لەگەڵدا دەکێشن و شەهید و قوربانیەکانیان بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە ، ئێستا لە ناکاو و بەتەنها بە بڕیارێکی سەر کاغەز ئەم مێژوو و ڕابوردوو و دەسکەوتانە بەسانایی دەستیلێهەڵناگیرێت و هیچ کامیان بە ئاسانی ناچنە ژێر باری ئەو پڕۆسەیەوە .بۆیە دەکرێت بەدانیشتن و ڕێکەوتنی پێشوەختە و زەمینە سازی بکرێت.
هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ئێستاشەوە کە لەژێر دەسەڵاتی دوو حیزبدان و دوو فەرماندەی جیاوازیان هەیە ، بەڵام هەمیشە وەك هێزێکی نیشتیمانی بە باوەڕ بە کوردایەتی گیانفیداییان کردوە و جیاوازیان لە نێوان ناوچەکاندا نەکردوە ، کەواتە مەرجی نیشتیمان بونی هێزی پێشمەرگە بەند نیە بە پڕۆسەی یەکگرتنەوەوە، بەڵکو نیشتمانەپەرستی ئەرك و واجبی هەموو تاکێکی کوردە.
دەنگۆی یەکگرتنەوە و پڕۆسەی یەکگرتنەوە، گەرچی داوایەکی ڕەوایە بەڵام لەناوەخندا مەبەستی شاراوە و نەخوازراوی لە پشتەوەیە، بۆنی دژایەتی لایەنێك و چەکداماڵینی لێدەکرێت بۆ حسابی لایەن و کەسانی تر. وەکو دەڵێن(( كلمة حق يراد بها الباطل))، بۆیە وەك یەکێتی نیشتمانی کوردستان هیچ ڕێگریەك ناکرێت و بەڵکو هەڤاڵ مام جەلال یەکێك بوە لەو سەرکردانە بەشاهێدی پارتی خۆشی کە پێشنیاز و پشتگیری لە پڕۆسەی یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە کردوە ، بەڵام دەبێت بە گفتوگۆو دانیشتن و لێکتێگەیشتن بێت نەك تەنها بەبڕیاری فەوقی و مەکتەبی بێت، گەر نیەتەکە ڕاست و ڕاستگۆیانەیە با وەك نیازپاکی و دەستپێشخەری لە لایەنی پارتیەوە دەستپێبکرێت و وەزارەتی پێشمەرگەش

تەنها لایەن و مەرجەع بێت  و بێلایەنانە ئەو کارە ئەنجام بدرێت دوور لە هەستیاری حیزبایەتی و ناوچەگەری.

بۆیە پڕۆسەی یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە پێویست بە موزایەدات‌ی سیاسی و دەسکەوتی حیزبی ناکات، بەڵکو ئەوە پڕۆسەیەکی نیشتیمانی ونەتەوایەتی و کوردایەتی پیرۆزە و هیچ کەس و لایەنێك ناتوانێت ڕێگری لێبکات، گەر مەبەست ڕێکخستنەوە و پتەوکردن و خزمەتکردنی زیاتری هێزی پێشمەرگە بێت.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی مەکتەب ڕێکخستن لە ٢٠١٥/١/٢٦دا بلاْوکراوەتەوە.

# پێدەچێت داعش
# تەنها بۆ شەڕی کورد دروستکرابێت... *

• ئەوا بۆ ماوەی ٨ مانگ دەچێت ، شەڕی چەتەکانی داعش بەرۆکی کوردستانی گرتوە هەر لە کوبانێی ڕۆژئاواوە و تا دواخاڵی سنوری باشوری کوردستان لە خانەقین و مەندەلی و قەرەتەپە و جەلەولا بە تێپەڕبوونی زیاد لە ١٢٠٠ کیلۆمەتر لە ڕەبیعە و خازەر و شەنگال و تەلەعفەر و گوێر و مەخمور و دبس و کەرکەك و دوزخورماتو و چیاکانی حەمرینی سنوری مێژوویی کوردستان..

ئەم شەڕکردنەی دژی کورد پێدەچێت ڕێکەوت و لەخۆڕا نەبێت، بەڵکو پیلانی پێشوەختی داگیرکەرانی کوردستان و تەنانەت زلهێزەکانی دونیاشی لە پشتەوە بێت. چونکە ئەوەی لەسەر زەمینی واقیع و سەنگەرەکانی شەڕەکەدا دەبینرێت وگۆڕەپانی شەڕەکان تەنها لە کوردوستاندا چڕکراوەتەوە و هەموو هێز و توانا مادی و مرۆییەکانی داعش دژ بە کورد و کوردستان و دەسکەوت و سەروەریەکانە. بۆیە گومانی زۆر دەکرێت ئەم شەڕە تەنها وەك دەستکێشێك وابێت بۆ لەناوبردن یان لانی کەم سەپاندنی کارتە فشارە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکان بێت بەسەر کوردا ، یان سازش و نەرمی نواندن بێت لەنێوان زلهێزەکانی دونیاو هێز و دەوڵەتە ناوچەییەکاندا وەك تورکیا و سعودیە و ئێران.

ئەگینا ئەوە چ نهێنیەکە داعش بۆخۆی لە سوریاوە سەریهەڵدا و شەڕی دژی ڕژێمی بەعسی ئەسەدی دەستپێکرد و شەڕی لەگەڵ هەموو هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانیشدا بەرپاکرد، بەڵام لەنیوەی ڕێگەدا وازی لەشەڕی هەموان هێنا بە ڕژێمەکەی بەشار ئەسەدیشەوە و ڕووی کردە کوردو کوردستان هەر لەسوریاوە تاکو عێراق..

بۆیە ئەگەری زۆر هەیە و بەڵگەی سەلمێنراویش هەیە کە دەوڵەتێکی وەکو تورکیا بەمادی و مەعنەوی هاوکاری و پشتیوانی داعش دەکات و لەبەرامبەریشدا داعشیش سیاسەتەکانی تورکیا جێبەجێدەکات.

• شکستی داعش لە ٢٠١٥/١/٢٦دا لە کوبانێ و بەرکەوتنی گورزێکی کوشتندە بۆ سیاسەتەکانی تورکیاو داعشیش لەسەر زەمینەی واقیع لە ئەنجامی مقاوەمەت و بەرگریکردنێکی شێر ئاسایانەی کوبانییەکان کە توانیان تەنها لە ماوەی ١٣٢ ڕۆژدا شکستی گەورە بدەنە داعش و ڕێگەیان نەدا کوبانێ بکەوێت کە خەونی زڕی تورکیا و

داعشەکان بوو. ، بەم سەرکەوتنەی کوردان تورکیاو داعشەکان تووشی شۆك و شڵەژانێکی گەورە بوون.

هەربۆیە لە ئێستادا بەهەمان شێوەی کوبانی پەلاماری کەرکوك دەدەن و گەرەکیانە شادەماری سیاسی و ئابوری کورد و کوردستان بڕن و دەزانن کە کەرکوك چەندە گرنگ و کاریگەرە بۆ ئێستا و ئایندەی کوردستان، بەڵام ئەوان لە بیریانچوە کە سەد ساڵە شۆڕش و خەباتی کوردایەتی لەسەر کەرکوك بوە وکورد هیچ کات ئامادە نیە بچوکترین سازش لەسەر بستێك خاکی کوردستان بکات جا چ جای لەسەر خاکی کەرکوك .

- لێرەدا و لەم ساتە وەختە مێژووییەدا ، دەبێت سەرکردایەتی کورد باشتر لە هاوکێشە و ڕێکەوتن و بەرژەوندیە سیاسی و ئابوریەکانی هەم خۆی هەمیش وڵاتانی ناوچەکە و زلهێزەکانیش هەڵبسەنگێنێت و بەسەر کار و بەرنامەی خۆیدا بچێتەوەو بەهەر شێوەیەك بوە لەم قۆناغە ناسکەدا بتوانێت کوردستان و دەسکەوتەکانی چەند ساڵە بپارێزێت ، و کارێك نەکات کە ڕەنجی چەند ساڵەی کورد بەفیڕۆ بچێتەوە. ئەمەش لەلایەك بە یەك و یەکگرتویی هەموو ڕیزەکانی کورد دەبێت لەهەر چوار بەشەکەدا و هەمئاهەنگی زیاتری سیاسی و پێشمەرگایەتی دەبێت و گوتار و کرداری هەموان پێکەوە بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەم پیلان و داونانەوە ناوچەیی و نێودەوڵەتیە بێت.بەپێچەوانەوە تاکڕەوی لە فەرمان و بڕیار و سەرکردایەتیکردندا دەبێتە مایەی زیاتری پەرتەوازەیی و لێکترازانی ڕیزەکان و ئەمەش دەچێتە خزمەت بەرژەوەندی دوژمنان و داعشەکانەوە.

کورد پێویستە بەڕاستی لەم قۆناغەدا دوژمنی خۆی باش بناسێت چ لەناوخۆی کوردستان و چ لەناو عێراق و چ لە ناوچەکەشدا، بەداخەوە کورد دۆستی کەم و دوژمنی زۆری هەیە.

کورد پێویستە لەم قۆناغەدا ،وەك هاوپەیمانێك لە سەنگەری بەرەی دژە تیرۆردا داوا لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بکات کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بە هێزی پیادە و زەمینیش بەشداری شەڕی چەتەکانی داعش بکەن، چونکە بەتەنها هێزی ئاسمانی و پەلامارە ئاسمانیەکان بەس نین و ناتوانن تەواوی ئامانجەکان بپێکن و داعش و هێزی سەربازیەکانی لەناو بەرن ، و ئەم هەلەی کە هاتۆتە پێش بۆ هاوکاری و یارمەتی کوردان لەلایەن ژمارەیەك وڵاتانی دونیاوە باشتر بقۆزرێتەوە و بخرێتە خزمەت مەسەلەی کوردەوە.

دەبێت ئەو ڕاستیەش بزانین کە داعش دروستکراوی دەستەجەمعی زۆرێك لەوڵاتانی دونیا و ناوچەکەشە و هەریەکەشیان بۆ بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەکانی خۆی کەڵکی

لێوەردەگرن ، بۆیە وەك ڕایانگەیاندوە کە لەناوبردنی داعش ماوەیەکی زۆری گەرەکە، دیارە زلهێزەکان خۆیان باش لە توانا و هێزی داعش دەزانن و بەئاگان و پیلانیشیان هەیە بۆ مان و نەمانی ، بەڵام گەرەکیانە سیاسەتەکان و بەرژەوەندیەکانی خۆیانی پێجێبەجێبکەن.

بەداخەوە کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی تێکڕا وەك تەماشاکەرێك سەیری ئەم جەنگە ناڕەوا و سەپێنراوە دەکات و تا ئێستاش کورد وەك و شەریك و مقاوەمەتکارێکی ڕاستەقینە نابینن لەهاوپەیمانێتیە نێودەوڵەتیەکەیاندا، لەکاتێکدا تەنها کورد توانیویەتی سەرکەوتن بەسەر داعشدا تۆمار بکات و بەرەنگاری ببێتەوە و هێرش و پەلامارەکانی ڕابگرێت، بۆیە وەکو ئەرکێکی ئەخلاقی کۆمەڵگای نێودەڵەتی پێویستە جدیانەتر هاوکاری و پشتیوانی لەکورد و دەسەڵات و ئەزمونەکەی بکەن و وەکو شەریکێکی سەرەکی و ڕاستەقینە و ڕاستگۆ مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و نەهێڵن قەڵای کوردایەتی دژ بە تیرۆر و داعش بڕمێت ، چونکە بە ڕمانی کورد سەرەتای داڕمان و ئاژەوە و هەڕەشە و مەترسی داعش بۆ سەر ئەو وڵاتانەی کە هاوکاری داعش دەکەن دەستپێدەکات و جەنگێکی گەورەتر و فراوانتر هەڵدەیسێت کە هیچ کەس گرەنتی کۆتایی و سەرکەوتنی بۆ مسۆگەر ناکرێت.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە ٢٠١٥/٢/١دا وهەواڵ ژمارە ٦٠٦ لە ٢٠١٥/٢/٢١ و کوردستانی نوێ ژمارە ٦٥٩٥ لە ٢٠١٥/٢/٣دا بڵاوکراوەتەوە.

# ئەرێ مادەی ١٤٠ ی دەستورتان لە بیر ماوە ؟ *

- مادەی ٥٨ ی ئیدارەی کاتی دەوڵەتی عێراقی و مادەی ١٤٠ی دەستوری عێراقی یەکێکن لەو مادە دەستوریانەی دەستوری هەمیشەیی عێراق کە لە ساڵی ٢٠٠٥وە لەلایەن گەلانی عێراقەوە پەسەندکرا بە کوردیشەوە، کە زۆرترین گفتوگۆو گەنگەشەی دەربارەی کراوە و مادەیەکە کە ناکۆکی زۆری لەسەرە لەنێوان کورد و شیعە و سونە و تورکمان و ..هتد. و هەرلایەك تێڕوانین و تێگەیشتنی جیاوازی دەربارەی هەیە.

مادەی ١٤٠ی دەستور مادەیەکە کە گەلێك ناوچە و پارێزگای جیاواز دەگرێتەوە لە باکور و ناوەڕاست و باشوری عێراق لە پارێزگاکانی کەرکوك و صلاح الدین و موصلّ و دیالی و بەغداد و واست و زیقاڕ و میسان و بەسرە و نەجەف و کەربەلاو...هتد.

ئەم مادەیە بەلای هەموانەوە گرنگە و هەریەکەش لەبەرژەوەندی نەتەوەیی و مەزهەبی خۆیەوە لێیدەڕوانێت، بەڵام بۆ کورد لەهەموان زیاتر گرنگی هەیە،چونکە پەیوەستە بە کۆمەڵێك جێگە و ناوچەوە کە لەڕووی جواگرافیاو مێژووە سەر بەکوردستانن و بەزۆری زۆردارەکی و لە ئەنجامی سیاسەتی سڕینەوە و سوتماککردن و ئەنفال و کیمیاوی بارانی ڕژێمە یەك لەدوایەکەکانی عێراقەوە و لە ئەنجامی سیاسەتێکی دوژمنکارانەوە هاتۆتە بوون، هەروەها ئەو ناوچانە کە مادەی ١٤٠ ی دەستور دەیانگرێتەوە و پەیوەندیان بەهەرێمی کوردستانەوە هەیە لە تەلەعفەر و شەنگال و خازەر و گوێر و دبس و کەرکوك و دوزخورماتوو و داقوق و جەلەولاو قەرەتەپە و سەعدیە و مەندەلی و خانەقین و...هتد.هەموو ئەم جێگایانە لە ڕووی سیاسی و سەربازی و ئابوری و دانیشتوانەوە گرنگیەکی گەورەیان بۆ ئێستا و ئایندەی هەرێمی کوردستان هەیە و ناکرێت بەهیچ بیانویەکەوە دەستیان لێهەڵبگیرێت و چارەسەرکردن و هەوڵدان بۆ گەڕانەوەیان بۆ باوەشی نیشتیمانی دایك دوابخرێت.ناکرێت قەدەری سێیەکی ڕووبەری هەرێمی کوردستان بەنادیاری بهێڵرێتەوە .

- بەداخەوە مادەی ١٤٠ی دەستور دەبوایە لە ٢٠٠٧/١٢/٣١ هەرسێ قۆناغی (( ئاساییکردنەوە و سەرژمێریکردن و ڕاپرسی دانیشتوان)) جێبەجێبکرایە ، بەڵام ئەوە ٧ ساڵ زیاترە کە ئەم مادەیە دەستی دەستپێدەکرێت لەنێوان حکومەتەکانی بەغداد و هەریەکەیان کردویەتیە کارتێکی فشار بۆ سەر هەرێم و سەرکردایەتی کورد و مامەڵە و

سازشکردنی پێوە دەکەن.لەلایەك بودجەی پێویستی بۆ دابین ناکەن لە میزانیەی ساڵانەدا و لەلایەك ڕێگری و بەربەستی بۆ دروستدەکەن و لەلایەك جگەلەوەی کە هاتووەکان ناگەڕێنەوە تازە بەتازە خەڵکانی تر دێنن بۆ ئەو ناوچانە.

دەسەڵاتدارانی عەرەب بە سونە و شیعەیانەوە زۆر دڵخۆشنین بەجێبەجێکردنی مادەی ١٤٠، پێیان وایە کە بۆ کورد سوود و قازانجی زیاترە وەك لەوان، چونکە کێشە سنوریەکانی نێوان ئەو پارێزگایانەی تری عێراق تاڕادەیەك کێشەی ئیدارین و دەتوانرێت بە فەرمانێکی ئیداری سنوری پارێزگاکان ڕێکبخرێنەوە و کۆتایی بەو کێشانەیان بێنن. بەڵام کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکانی هەرێمی کوردستان کێشەی نەتەوە و نیشتیمانێکە، و خەبات و شۆڕشی کوردایەتی لەم بەشەی باشووردا هەموانیان لەسەر کەرکوك و خانەقین و جێگەکانی تر نەگەیشتونەتە ئەنجام چونکە سەرکردایەتی کورد هیچ جۆرە سازش و نەرمیەك نانوێنن لەسەر ئەو مەسەلە گرنگ و هەستیارە. کەرکوك بۆ کورد وەکو سەر وایە بۆ لاشەی مرۆڤ و کوردستانی باشووور بێ کەرکوك هیچ گرنگ و قورسایی جواگرافیایی و مێژوویی نامێنێت و لەڕووی ئابوری و سەربازیشەوە دەروازیەکی گرنگە بۆ کوردستان بە ناوەڕاست و باشوری عێراق و سەرچاوەی داهاتی زۆر و زەوەندی نەوت و غازی سروشتیشە.

لەماوەی ٧ ساڵی ڕابووردوودا کورد پێکەوە سەرەڕای جیاوازیەکانیان لە بەغداد کاری باشیان بۆ جێبەجێکردنی مادەکە کردوە، بەڵام لە ئاستی پێویست و گرنگی مەسەلەکەدا نەبوە، ئەوەتا لە میزانیەی ساڵی ٢٠١٥دا تەنها بڕی ١٠٢ ملیار دینار تەرخانکراوە بە دوو قۆناغ لەسەر بودجەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران نەك وەك میزانیەی سەربەخۆی مادەی ١٤٠. کەئەمەش پێدەچێت هەر بۆ ڕازیکردنی کورد بوبێت ئەگینا لەوەناچێت ئەو بڕە پارەیەش خەرج بکرێت.

- بۆیە بەڕاستی دەبێت نوێنەرانی کورد لەبەغداد هەموانیان پێکەوە لە سەرۆکایەتی کۆمار و پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیراندا هەوڵێکی جدیتر لە ساڵانی ڕابووردوو بدەن بۆ جێبەجێکردنی ئەو مادە گرنگەی دەستوور. چونکە زیاتر دواکەوتنی دەبێتە هۆی کاڵبونەوەی کاریگەریەکەی و دوژمنان ئەو هەلە دەقۆزنەوە کە وایدابنێن مادەی ١٤٠ مردوە و ئیدی زیندوو نابێتەوە و قابیلی جێبەجێکردنیش نیە، جا بۆئەوەی ئەو هەلە نەدەینە دەست عەرەبە شۆڤێنیی و دەمارگیرەکانی هاوشێوەی (( حەنان فەتلاوی)) و ئەوانی ترەوە، دەبێت هەوڵی جدی بدرێت بۆ جێبەجێکردنی،

بەتایبەتیش لەم قۆناغەدا کە کورد بە هێز و بازوی خۆی و بەخوێنی ڕۆڵەکانی هەموو ئەو ناوچانەیان ڕزگارکردۆتەوە لەدەستی داعش و سوپای عێراقیش، ئەم هەلی سەرکەوتن و قۆناغە وەك سەرەتای ڕزگارکردنەکانی ساڵی ٢٠٠٣وایەو کورد لەم چرکە ساتە مێژووییەدا بەهێز و دەسەلأتە لەسەر زەمینەی واقیع و پێویست ناکات چیدی نەرمی و سازشکردن بنوێنێت و کورد پێگەیەکی بەهێزی هەیە و هەموانیش بە سونە و شیعە و دۆست و دوژمنانیشەوە ڕۆڵ و کاریگەری کوردیان بۆ دەرکەوت لە ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆریستانی داعشدا، بۆیە ئەم هەلە مێژوویەی کە هاتۆتە پێش ناکرێت لەدەست بدرێت و قەدەری کەرکوك و هەموو ناوچەکانی تر جارێکی تربخرێتەوە بەردەم کات ونادیاری، بۆیە ئەرکی سەرەکی پەرلەمانتارانە کە بەجدی هەوڵ بدەن بۆ جێبەجێکردن و بوژاندنەوە و کاراکردنی مادەی ١٤٠ی دەستورکە لە لە پەرلەمانی عێراقەوە دەرچوە، کەبۆ کورد وەك شادەماری ژیان وایە و تا ئەو مادە دەستوریە جێبەجێنەکرێت ئەوا هەرێمی کوردستان لاشەیەکی تەندروست و هێز و توانایەکی بەهێز و پتەویشی نابێت و بەرپرسیارێتی مێژوویشی دەکەوێتە ئەستۆ لەبەردەم نەوەکانی ئایندەدا.بۆیە ئەرکی ئەندام پەرلەمانە کوردەکانە کە کارکردن بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ بکەنە لە پێشینەی هەرە گرنگی کارەکانیان و هیچ کات لەبیری نەکەن وفشاری خۆیان بخەنە سەر حکومەت وەکو دەسەلأتی جێبەجێکردن کە ئەرکی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستوری لە ئەستۆدایە.

---

*ئەم بابەتە لە سایتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و مەکتەب ڕێکخستن لە ٢٠١٥/٢/٤ وستاندارکورد لە ٢٠١٥/٢/٧دا بڵاوکراوەتەوە.

لەپەراوێزی لوتکەی حکومی دوبەیدا...

# سەردەمی زێڕینی نەوت نزیکە لە کۆتایی هاتن! *

- لەڕۆژانی ٩-٢٠١٥/٢/١١ دا خولی سێیەمی (( لوتکەی حکومی دوبەی)) بەڕێوەچوو، کە ئەم لوتکەیە بە دووەم لوتکەی گەورەی جیهانی دەژمێردرێت کە ماوەی ٣ ساڵە لەلایەن حکومەتی ئیمارات و ئیمارەتی دوبەیەوە ڕێکدەخرێت و دەنگ و سەدایەکی گەورەی جیهانی هەیە. ئەم لوتکەیە جیا لە لوتکەکانی تر تەنها کەسایەتی و وەفدە ڕەسمیەکان تیایدا بەشدار نابن، بەڵکو خەڵکانی تریش هاوبەشی دەکەن. لە پسپۆران و شارەزایانی بواری کەرتی حکومی لەدونیادا.لەپاڵ سەرۆك وەزیر و وەزیر و کەسایەتیە جیهانیەکاندا. کە تیایدا ١٠٠ کەسایەتی جیهانی ئەزمون و شارەزایی خۆیان دەخەنە ڕوو لە ئیدارە و سەرکردایەتیکردندا.
- ئەم لوتکەیەی ساڵی ٢٠١٥ ژمارەی بەشداربوانی بریتی بوو لە ٤٠٠٠ کەسایەتی جیاواز لە ٩٣ وڵاتی دونیاوە بەشداریان تیادا کرد. بەهاوکاری نەتەوە یەکگرتوەکان و بانکی نێودەوڵەتی و کۆڕبەندی ئابوری داڤۆس و ڕێکخراوی هاریکاری ئابوری و گەشەپێدان.لە ژێر ناونیشانی (( سەرکردایەتیکردنی خزمەتگوزاری حکومەت)). ئەم لوتکەیە لە بنچینەدا گرنگی دەدات بە ((بڵاوکردنەوەی هۆشیاری بەمەبەستی گرنگیدانی زیاتر بە گەشەکردنی خزمەتگوزاریەکان کە لەلایەن حکومەتەکانەوە پێشکەش دەکرێن بە هاوڵاتییان)).و هەروەها ((گفتوگۆ دەکات دەربارەی ئیشوکاری حکومەت و پێشکەوتنە بەدەستهاتوەکان لەسەر ئاستی دامودەزگاکاندا، بیرۆکە و پلان دەربارەی شێوە و سروشتی هەڵسوکەوتی دام و دەزگاکان لە ئایندەدا بەبەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ و بەرنامە زیرەکەکان)).
- تەوەرە سەرەکیەکانی ئەم لوتکەیە کەلەماوەی ئەم ٣ ڕۆژەدا ٥٠ دانیشتنی پسپۆڕی ڕێکدەخرێت باس لە :

١. بیرۆکراسیەتی حکومەت دەکرێت، بەوەی کە لەم سەردەمی تەکنەلۆژیا پێشکەوتوانەدا پێویست دەکات کە تا ئەو پەڕی ئاست، بیرۆکراسیەت کەمبکرێتەوە چونکە بیرۆکراسیەتی توانا پڕۆکێن تەنها چارەسەر و قەدەری هاوڵاتیان نیە ،بەڵکو دەبێت

لە ئایندەدا تا بەرزترین ئاست بیرۆکراسیەت کەمبکرێتەوە، چونکە تەنها بەهەدەردانی کاتی لێدەستدەکەوێت.

٢. گرنگی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا ژمارەییەکان لە کاروباری حکومەتدا، بەمەبەستی زووتر و باشتر ڕایکردنی مامەڵەی هاولاَتیان و بەفیڕۆنەدانی کات، بەلاَم ئەم تەکنەلۆژیایەش نابێت بەشێوەیەك بێت کە ببێتە دەستهەڵگرتنی تەواو لەدەستی کار و ببێتە مایەی دروستبوون یان زیادبوونی بێکاری.گەرەکە هەر ولاَتە بە پێی گونجاندنی بارودۆخی تایبەتی خۆی سوودی لێوەربگرێت.

٣. گرنگیدان بەمەسەلەی تەندروستی و خوێندن و فێرکردن و خزمەتگوزرایەکانی تری حکومی،وەك شارە زیرەکەکان و شەقامە زیرەکەکان و بیرۆکەی هەوری کەسی(( کە دەبێتە هۆی سێبەر دروستکردن و فێنکردنەوەی کەسەکە بەبەردەوامی بەهۆی ئامێری دیقەت بەرزی هەستیارەوە)) ،بە ئامانجی گەیشتن بە خۆشگوزەرانی هاولاَتیان لەسەرجەم بوارەکاندا لە حکومەتی ئایندەدا.

٤. ڕۆڵی ژن لەکاروباری ولاَت و حکومەتدا.

٥. هاوکاری نێوان حکومەتەکان و کەرتی تایبەت.

❖ ئەوەی کەلێرەدا مەبەستە ئەوەیە کە لە وتاری شێخ محمد زاید ئال نهیاندا هات کە وەلی عەهدی ئیمارەتی ئەبوزەبیە و دەڵێت (( ئاینده نەوت نیە)).

لێرەوە گرنگی ئەو بۆچون و تێڕوانینە دەخەمە ڕوو کە ئایندەی دەسەلاَت و حکومەت و کۆمەڵگاکانی ئەم ناوچەیە و دونیاش نەبەسراوەتەوە تەنها بەنەوت و غازی سروشتیەوە،و هەر ولاَتێك لەو بڕوایەدا بێت کە نەوت تاسەر دەمێنێت و چۆڕ بڕ نابێت ئەوا بەهەڵەدا چووە، شێخ محمد دەڵێت ئێمە لە ئیمارات کە خاوەنی نزیکەی ١٠٠ ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگین و لە ئێستادا ڕۆژانە ٢٢٨٠٠٠٠ بەرمیل نەوت هەناردە دەکات و بەم پێیەش تەنها دەتوانین تا ٥٠ ساڵی ئاینده پشت بە داهاتی نەوتەکەمان ببەستین دوای ئەوەی نەوتەکەمان و نەوتی ناوچەکەش بەرە و نەمان و کۆتایی دەچێت. هەربۆیە لە ئێستاوە ئێمە بیرمان لەوەکردۆتەوە کە جێگرەوەی نەوت بدۆزینەوە و کاری بۆبکەین بۆئەوەی دوای پەنجا ساڵ نەگەڕێینەوە بۆ دواوە بەڵکو هەمیشە بۆ پێشەوە هەنگاو بنێین.

لە ئێستادا ئیمارات تەنها ٣٠٪ پشت دەبەستێتە سەر داهاتی نەوت لەکاتێکدا لەساڵی ١٩٧١دا دوای سەربەخۆبوونی بەڕێژەی ٩٠٪ پشتی بە داهاتی نەوت بەستبوو، و لە ٧٠٪

داهاتەکانی لەجۆری ترن وەك پیشەسازی و گەشتوگوزار و وەبەرهێنان.و هەر ئەمەش وایکردوە کە لەماوەی ٨ مانگی ڕابووردووی دابەزینی نرخی نەوتدا ئیمارات و ئابوریەکەی بەهیچ شێوەیەك کەم وکوڕی و کورتهێنانی بەخۆیەوە نەبینی و وەك دەڵێت (( ماڵەکەمان یەکگرتو و چەسپاوە))..

یەکێك لەو بیرۆکانەی کە هەر لە ئێستاوە کاری بۆدەکەن و بۆ ٥٠ ساڵی داهاتووش بریتیە لە وەبەرهێنان لەبواری خوێندن و فێرکردندا بەو نیازەی کە ئەوان گەنجانێکی خوێندەوار و سەرکەوتوو ئامادەبکەن بۆ ئاینده ، ((چونکە دەسەڵاتی نایاب ئەو دەسەڵاتەیە کە هەر تاکێکی کۆمەڵگا بە سامانێکی نیشتیمانی دادەنێت)).و هەروەها دەڵێت (( سەرکردەی لێهاتوو ئەو کەسەیە کە بتوانێت ئامانجەکانی خۆی وەدیبهێنێت، سەرەڕای هەموو ئاستەنگ و ڕێگریەکان کە دێنە بەردەمی)).

❖ **لێرەدا پرسیار ، ئەوەیە ئەی دەبێت کورد چۆن بیر بکاتەوە بۆ ئاینده و چ پلان و تێڕوانینێکی هەبێت بۆ ئاینده و سامانە سروشتیەکەی لەنەوت و غازی سروشتی؟**

خۆشبەختانە هەرێمی کوردستانیش بە وەفدێکی پایە بەرز بەشداری لەو کۆنگرەیەدا کرد، بەڵام خۆزیا لە جیاتی ئەو بەڕێزانە ژمارەیەك کەسانی پسپۆڕ و شارەزای ئیداری حکومەتیشیان لەگەڵدا بوایە، نەك تەنها ئەنجومەنی باڵای نەوت و غازی هەرێم کە کۆنگرەکە هیچ پەیوەندیەکی بە نەوتەوە نەبوە، بەهەرحاڵ بەشداریکردنەکە و ئامادەبونەکە و داوەتنامەکە بۆ خۆی گرنگە،و خۆزیا بەنیوهێندەی ئیماراتیەکان ئێمەش ئەزمون و دەسکەوتمان وەدیبهێنایە بۆ هەرێمەکەمان لەماوەی ئەم ٢٣ ساڵەی دەسەڵاتماندا ، چونکە ئیماراتیەکانیش تەنها ٢٠ ساڵ لە پێش ئێمەوەن وئەوان لەساڵی ١٩٧١ وە هاتونەتە دەسەڵات واتە تەنها ٤٣ ساڵە کە ئیماراتیان لە بیابانێکی وشك و برنگەوە کردۆتە چەقی بازاڕ و کار و بازرگانی هەموو دونیا و بەعەقڵ و حیکمەت و ڕاوێژی بیانیەکان توانیویانە کۆمەڵ گەڵێك دەسکەوت وەدیبێنن کە لەسەر ئاستی دونیا بیۆێنەن و لەهەموو دونیاوە گەواهی پێشکەوتن گەشەکردنیان بۆ دەدەن.

ئیمارات تاکە وڵاتی عەرەبیە کە سیستەمی فیدڕاڵی پیادە دەکات و لە ٧ هەرێم پێکهاتوە ((ئەبوزەبی و ودوبەی وشاریقە ورەئسلخەیمە وعەجمان وئوملقەیون وفوجێرە ))و ڕووبەری زەویەکەی تەنها ٨٣٦٠٠کیلۆمەتر چوارگۆشەیە و ژمارەی دانیشتوانەکەی ٩٣٤٦٠٠٠ کەسە.داهاتی تاك لە ساڵێکدا بریتیە لە ٤٩٠٠٠ دۆلاری ئەمریکی لەکۆی داهاتی ناوخۆیی کە ئەم داهاتە بەرزە ئیماراتی لە پلەی چوارەم داناوە لەسەر ئاستی دونیا لەدوای سەنگافوراو نەرویج و ئەمریکاوە و لە پلەی یەکەمیشدایە لە سەر ئاستی وڵاتانی عەرەبیدا.

لەسایەی سیاسەتێکی نەرم و بێلایەنی و دووربینیەوە توانیویەتی ئەو وڵاتە بکاتە جێگە و پێگەیەکی گرنگی ئابوری و سیاسی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دونیاشدا.

### ❖ کەی نەوت کۆتایی دێت و چۆڕ بڕ دەبێت؟

گروپێکی ئابوری یابان پێشبینی دەکەن کە لەدوای ٦٨ ساڵ یەدەگی نەوتی جیهانی چۆڕ بڕ ببێت لە ئەنجامی زیاد بەکارهێنانی نەوت لەلایەن چین و هندو هەندێ ولاّتی تازە پێگەیشتوەوە.

یەکێتی گەشەپێدانی نەوتی یابان دەڵێت کاتی چۆڕبڕ بونی نەوت کەمبۆتەوە بە ١١ ساڵ بەبەراورد بە پێش ٥ ساڵ لەمەوبەر، بەهۆی بەرزبونەوەی ڕێژەی بەکارهێنانی نەوت بە ٥ر٨٪.

هەروەها یەکێتیەکە ڕایدەگەیەنێت کە جەخت دەکاتەوە کە یەدەگی جیهان لەنەوت کە بریتیە لە ٢ تریلۆین و ١٠٠ ملیار بەرمیل تەنها بەشی ٣٧ ساڵ لە بەرکارهێنان دەکات.و بە حساب کردنی ئەو نەوتە یەدەگانەی کە تائێستا نەدۆزراونەتەوە ئەوا ماوەکە بەرزدەبێتەوە تەنها بۆ ٦٨ ساڵ.و پێشبینیش دەکرێت کە ئەگەر بەدواگەڕان و دۆزینەوەی نەوت بوەستێت ئەوا دەکرێت کە زووتر لەو کاتەش نەوت چۆڕبڕ ببێت.

- بۆیە دەبێت کورد و هەرێمی کوردستان سوودو کەڵك لە ئەزمون و شارەزایی ئیماراتیەکان وەربگرێت و هەر لە ئێستاوە تەواوی هێلکەکانی نەخاتە سەبەتەی نەوت و غازی سروشتیەوە هەرچەندە زۆر و زەوەند بێت، ئەوەتا لەماوەی ٨ مانگی ڕابووردوودا بینیمان کە زۆری نەوتەکەمان نەبوە هۆی خۆشگوزەرانی و زۆری داهات بەهۆی دابەزینی نرخەوە. کەواتە لێر بەدواوە پێویستە بەدوای سەرچاوەی داهاتی تردا بگەڕێین کە خۆشبەختانە هەرێمی کوردستان دەوڵەمەندە بە زەوی و زاری کشتوکاڵی و ئاوی سازگار و لەوەڕگاو دارستان و کەشوهەوایەکی گونجاو بۆ بەخێوکردنی مەڕو مالاّت و ڕەشە ولاّخ و پەلەوەر و ماسی و لەلایەکی تریشەوە گەلێك کەرەسەی خاوی پیشەسازی هەیە بەهەموو جۆرەکانی خۆراکی و کیمیاوی و بیناکاری و خزمەتگوزرایەکانی ترەوە .

هەروەها لە ڕووی گەشتوگوزاریشەوە بەهەمان شێوە خاوەن سروشتێکی جوان و دڵگیرە. دەتوانرێت بەم شێوەیە هەرلە ئێستاوە پشتبەستنمان بەداهاتی نەوت و غازی سروشتی کەمبکەینەوە بۆئەوەی لە ئایندەدا و لەکاتی تەنگژەکانی دابەزینی نرخی نەوتدا تووشی شۆك و دارمانی ئابوری نەبینەوە.. بەهیوای ئەوەی سەرکردایەتی سیاسی و دەسەلاّتداران لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا تەنها بەدروشم کوردستان وێکنەچوێنن بەدوبەی بەڵکو بە کردار و هەنگاو و پلانی زانستی و واقعی هەوڵی بۆ بدەن لە پێناو گەیشتن بەخۆشگوزەرانی و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەران و چەسپاندنی عەدالەتی کۆمەلاّیەتی هاوشێوەی دەوڵەت و دەسەلاّتدارانی ئیمارات.

---

*ئەم بابەتە لە سایتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و مەکتەب ڕێکخستندا لە ٢٠١٥/٢/١٤ و ستانداركورد لە ٢٠١٥/٢/١٣دا بڵاوکراوەتەوە.

# ڕۆژهەلاٌتی ناوەڕاست

# سەرچاوەی توندوتیژی وململانێکان لە مێژوودا.. *

- لەسەرەتای دەسپێکی مێژووی مرۆڤایەتیەوە، ناوچەی ڕۆژهەلاٌتی ناوەڕاست بۆتە سەرچاوە و کانگای سەرهەڵدانی ململانلایٚ مێژووییەکانی مرۆڤایەتی و ئەنجامیش توندوتیژی و یەکتر سڕینەوە و ڕاوەدوونان و دەرکردن و داگیرکردنەکانی بەدوادا هاتوە، ئەم پرۆسە مێژووییە قێزەونە تا ئێستاش بەردەوامی هەیە و ئەم ناوچەیە هەمیشە هەموو جیهانی بەخۆیەوە سەرقالٚ کردوە .

ئەم ناوچەیە بەو پێیەی کە جێگەی دابەزینی ٣ ئاینی ئاسمانی بوە لە ئاینی جولەکە و مەسیحیەت و ئیسلام،کەدوابەدوای یەکتر هاتوون لەناو کۆمەڵگایەکی دواکەوتوی هەژار و نەخوێندەوار و قێزەون لە ڕەوشت و ئاکاری کۆمەلاٌیەتیدا، نهێنی هاتنە خوارەوە ٣ ئاینی سەرەکی ئاسمانی لەم ناوچەیەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دانیشتوانی ئەم ناوچەیە لە خراپترین مرۆڤەکان و کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان بوون هەر لە بوونی دەمارگیری نەتەوەیی و مەزهەبی و وئاینی و دواتر نزمی ئاستی بەها و ئاکارە ڕەوشتیە کۆمەلاٌیەتیەکان و نێوانی نێر و مێکان و هەموو کارو کردەوە خوێنڕێژیەکان هەر لە کوشتن و دزین و هەڵکوتانە سەریەکتری و چەتەیی و...هتد. هەربۆیە ئەم ٣ ئاینە و بەهەزاران پەیامبەریان بۆ نێردراوە کە ئاڕاستەی ژیان و گوزەران و ئاستی تێگەیشتن و هوشیارکردنەوەیان بەرزبکەنەوە و لە ئاستێکی ئاژەلی و تێنەگەیشتوویان ڕزگار بکەن و بەرزیان بکەنەوە بۆ ئاستی مرۆڤێکی کاملٚ و تێگەیشتوو کە بتوانێت سەرکردایەتی و ڕابەرایەتی کۆمەڵگاکانیان بکەن و هێمنی و ئارامی و پێشکەوتن بلاٌوبکەنەوە..

بەلاٌم بەداخەوە زۆرێك لەو پەیامبەرانە بەهۆکاری ناهۆشیاری و دواکەوتوی و حەزنەکردن بە یاساو ڕێسا مرۆڤانەییەکان لەلایەن کۆمەڵگانی خۆیانەوە تیرۆر و لەناوبراون یان هەر لەدوای نەمان و لەناوچوون و مردنی ئەو پەیامبەرانە عەقلیەتە خێلەکی و پاشاگەردانیەکان گەڕاونەتەوە بۆ دۆخی ئاسایی خۆیان و چیدی کۆمەڵگایەکی ساغلەم و تەندروست بەرهەم نەهاتووە،بەڵکو لەجاران دڕندەتر و خوێنڕێژتر و دەمارگیر تر دروست

بۆتەوە، هەربۆیە بەبەردەوامی پەیامبەر و مرۆڤە هوشیارەکان نێردراون و هەوڵی لێبڕوایان داوە بۆ هەنگاونان بەرەو پێشکەوتن و گەشەکردنی عەقڵ و ژیاری ئەو کۆمەڵگایانە.

بەداخەوە تا ئێستاش ئەو کۆمەڵگایانەی ئەم ناوچەیە هەروەکو خۆیان ماونەتەوە و کەلتور و کەلچەرێکی هەڵە و توندوتیژ و یەکتر سڕینەوە و دەمارگیری دوور لەهەست و سۆزی مرۆڤایەتی پەیڕەو دەکەن و تا ئێستاش لەبازنەیەکی بۆشی دواکەوتوی و هەژاری و نەخوێندەواری و خۆسەپاندن و تاکڕەوی و کوشتن و بڕین دەخولێنەوە و وەکو بەلاو نەفرەتێکی مێژووی و مرۆڤایەتی هەموو دونیایان لێکراوە و بەردەوامیش دەبێت تا کۆتایی ژیان.

ئەم ناوچەیە جگە لەوەی کە هەڵکەوتەیەکی جیۆ سیاسی و ئابوری و سەربازی گرنگی هەیە لە سەر ئاستی دونیا بەوەی کەوتۆتە ناو چەقی دونیاوە و ناتوانرێت ئەم پێگە گرنگەی لەبەرچاو نەگیرێت، هەربۆیە هەمیشە ململانێ سیاسی و ئابوری و سەربازیەکان لەم ناوچەیەوە سەرهەڵدەدەن و بونەتە چەقی ململانێ نێودەوڵەتیەکان و بەرژەوەندی زلهێزەکان و کۆمپانیا ئابوریەکانیش وادەخوازێت کە دەستوەربدەنە ناو سەرجەم بوارەکانی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵگاکانەوە و هەریەکە بۆ بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوری و سەربازیەکانی خۆیان بەکاریان بهێنن.

هەرئەمەش وایکردوە کە ئەم ناوچەیە ببێتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ململانێکان و کۆمەڵگاکانی ئەم وڵاتەنەو ناوچەکەشی گیرۆدەی ململانێکان کردوە لەکاتێکدا لە بنچینەدا ئەم کۆمەڵگایانە بۆخۆیان زەمینەیەکی لەباریان هەبوە بۆ پەیداکردن و سەرهەڵدانی کەسانی توندتویژ و گروپە توندڕەوە ئاینی و مەزهەبی و نەتەوەییەکان..

ئەوەتا لە ئێستادا ناوچەکە و دونیاش گیرۆدەی دەستی داعش بونەتەوە وەك گروپێکی توندڕەوی سەلەفی و ئاینی و ئیسلامی، کە بەجدی هەڕەشەی دروستکردوە بۆ سەر مەسەلەی ئاشتی و ئارامی و پێشکەوتنی ناوچەکە و دونیاش. و هەموو بەها و پیرۆزیە مرۆڤانەییەکان و تەنانەت ئیسلامیشی تێپەڕاندوە و پێشێلی کردوون و تا ئەوپەڕی ئاست وێنەی ئیسلامی لێبوردەیی و ئاشتی لێڵ و تەڵخ کردوە و هێندەی خزمەت بە دوژمنانی ئیسلام دەکات نیو هێندە خزمەت بە ئیسلامی ڕاستەقینە وڕەسەن ناکات.

ئاشکرایە داعشیش وەك بەرهەم و ئەنجامێکی ئەو زەمینە لەبارە هاتۆتە بوون کە ناوچەکە و کۆمەڵگاکانی ئەم ناوچەیە وەبەری هێناون.. بەداخیشەوە ئەوەی سەران و حکومەتەکانی

ناوچەکەو دونیاش بەدوایدا دەچن و هەوڵی بۆ دەدەن تەنها شەڕ و جەنگ و گەرمکردنی ململانێکانە و پلان دانانە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی سەربازی لەگەڵ داعشدا، بەڵام ئاشکرایە کە داعشیش وەکو هەموو گروپە توندڕەوە جولەکە و مەسیحییەکان و ئیسلامەکانیش بەرهەمی قۆناغ و سیاسەت و بارودۆخێکی توندوتیژی و هەژاری و دواکەوتوی و چەوساندنەوەی حاکمە تاکڕەو و خۆسەپێنەکانە، کە هیچ بوار و مەودایەکیان نەهێشتۆتەوە بۆ ئازادیەکان و چەسپاندنی دیموکراسیەت و ڕێزگرتن لە خواست و ویستەکانی تاکەکان و کۆمەڵگاکان و دیاردەی گەندەڵی و بەهەدەر دانی توانا مادی و مرۆییەکان وایان کردوە کە گەنجان و لاوانی ئەم کۆمەڵگایانە بە نێر و مێیەوە ڕووبکەنە ئەو گروپانەکە وەك داعش وان، وەك دەرچە و هەناسەدانێکی ئازادی تاکی خۆیان، ئەگینا ئەوە چ نهێنیەکە کە گەنجێکی ئەوروپایی یان ئەمریکا و کەنەدا و ڕوسیا و ...هتد.بەجیاوازی جێندەرییەوە ڕوودەکەنە ناو ڕیزەکانی داعش و چەندین گروپی توندڕەوی تر لە ئەفریقاو ئاسیا و ئەمریکاکانیش، ئەوەی ئاشکرایە کە نە یەکێتیەکی فکری و ئایدۆلۆژی لەنێوانیاندا هەیە و نە یەکێتیەکی ئیمان و بیروباوەڕ بۆ ئازادی و سەربەخۆیی خاك و نیشتیمان کۆیان دەکاتەوە ، بەڵکو تەنها سەرکوتکردنی ئازادیە تاکەکانیانە کە کۆیان دەکاتەوە بەبێ جیاوازی و لە وڵات و کۆمەڵگاکانی خۆیان لەلایەن دەسەڵاتدارە سەپێنراوەکانیانەوە ماف و ئازادی و ژیان و گوزەرانیان بۆ دابین ناکرێت.

- جا باشترین چارەسەر بۆ بنبڕکردنی دیاردەی تیرۆر و تیرۆریستان و توندوتیژیەکان وململانێ سیاسیەکان لەم ناوچەیەدا، بریتیە لە گۆڕانکاری و چاکسازی و نوێبونەوە لەدەسەڵاتەکانی ناوچەکەدا و هەوڵدانە بۆ بڵاوکردنەوەی هوشیاری مرۆڤانەیی و ڕێزگرتنە لە مافەکانی مرۆڤ بە جیاوازی جێندەریەوە و بڵاوکردنەوەی زانست و تەکنەلۆژیا نوێیەکانە و فەراهەمکردنی ئازادی و دیموکراسیەتە لەسەر هەموو ئاستەکان و بەشداریپێکردنی گەنجان و لاوانە وەکو توانای نوێ و عەقڵ و لێهاتوی نوێ بۆ زیاتر خزمەتکردنی گەل و نیشتیمانەکانیان، وبەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و گوزەرانی تاکەکانە و نەهێشتنی گەندەڵی و چەوساندنەوە و زوڵم و زۆری دەسەڵاتدارانە بۆ هاوڵاتیانی خۆیان ، بڵاوکردنەوەی ڕۆحیەتی پێکەوە ژیان و کارکردن و یەکتر قبوڵکردنە و گەشەدانە بە گیانی دایەلۆگی شارستانێتی و ئاینەکانە لەنێوان یەکتردا و کاڵکردنەوەی بیری توندو تیژی و دەمارگیری

ئاینی و سیاسی و مەزهەبی و نەتەوەییە و یەکسان کردنی هەمووانە لەبەردەم یاسایەکی مرۆڤانەی پێشکەوتوخوازانەدا.

گەرەکە کە  ئاین و مەزهەب تەنها وەك ئەرکێکی تاك بەرامبەر دروستکەر خۆی تەماشا بکرێت و ڕێزیشی لێبگیرێت.

بەم شێوەیە دەتوانرێت کە ناوچەکە و دونیاش بگەنە ئاشتی و ئارامی چونکە ئەو ڕاستیە سەلمێنراوە بەبێ ئاشتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دونیا ئاشتی و ئارامی بەخۆیەوە نابینێت، ئەمەش بە چارەسەرکردنی کێشە سەرەکی و درێژخایەنەکانی ناوچەکە دەبێت وەك کێشەی فەلەستین و جولەکە و کێشە و مەسەلەی نەتەوەی کورد و کێشەی کەمە نەتەوەییەکانی تری ئەمازیغ و بەربەرەکانی ڕۆژئاوای نیشتیمانی عەرەبەکانە و کەمینە مەزهەبیەکانی شیعە و بەهائی و کێشەی مەسیحی و کلۆدۆئاشوور و ..هتد دەبێت.

تا ئەم کێشانە بە شێوەیەکی عادیلانە چارەسەر و بنەبڕنەکرێن ئەوا ئەستەمە ناوچەکە و دونیاش ئاشتی و ئارامیان پارێزراوبێت. کە چارەسەرکردنی ئەم کێشانەش هەروا سانا نیە بۆیە پێدەچێت ناوچەکە و دونیاش تا ماوەیەکی تری مێژوویی بەم ململانێ و توندوتیژیانەوە گیرۆدە ببێت و چەندان گروپی توندڕەوی هاوشێوەی داعشی ئێستا بەرهەم بهێنێت و درێژە بە ماکینەی خوێن و فرمێسك و کوشتوکوشتاری مرۆڤایەتی بدات.

---

* ئەم بابەتە لە  سایتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی  و پێنوسەکان لە ٢٠١٥/٢/٢٢دا وەمەکتەب ڕێکخستن و ڕادیۆ ناوخۆ لە ٢٠١٥/٢/٢٣دا وهەواڵ ژمارە ٦٠٨ لە ٢٠١٥/٣/٧ دا بلاْوکراوەتەوە.

# کێرڤی هێز و دەسەلاَتی داعش بەرەو هەڵدێربونەوە دەچێت.. *

- داعش لەسەرەتای دروستبونیەوە ئامادەگی خۆی لەسەر گۆڕەپانی سیاسی و سەربازی لە سوریادا سەپاند و بوە هێزێکی خاوەن هێز و دەسەلاَت لەناو سەرجەم هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی سوریادا و توانی بەهاوکاریە مادی و مەعنەویەکانی ولاَتانی سونەی کەنداوی عەرەبی و تورکیا ڕۆژ دوای ڕۆژ خۆی بسەپێنێت و ڕۆڵ وکاریگەری سەرەکی هەبێت و دوای سوریاش ڕووی کردە عێراق و ئەوەبوو لەمانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤دا توانی لەهەلَمەتێکی غافلَگیریدا شکست بە سوپای عێراقی بهێنێت و سێیەم پارێزگای گەورەی عێراق کە شاری موسڵە داگیر بکات و تەواوی دام و دەزگا و هێزە چەکدارەکانی حکومەتی مالکی وەدەربنێت و هێواش هێواش تەواوی پارێزگاکەی داگیر کرد و ڕوە و پارێزگای تکریتیش کەوتە ڕێ و توانی بەشێکی زۆری ئەو پارێزگایەش داگیر بکات و لەسەر پێشڕەویەکانی بەردەوام بوو بەرەو شاری بەغداد و بەناو ئامانجی سەرەکیان داگیرکردنی بەغداد و ڕووخاندنی حکومەتە شیعە مەزهەبیەکەی نوری مالکی بوو.. لەپارێزگای ئەنباریشدا لە سەرەتای پرۆسەی ڕزگاری عێراقەوە لە ساڵی ٢٠٠٣وە هێزە ئیسلامیە توندڕەوەکان بالاَ دەستن و بنکە و مۆڵگەی سەرەکیان هەبوە و مەترسیشیان لەسەر بەغدادی پایتەخت دروست کردوە..
- لەناوچەی کەرکوك و گەرمەسێریشدا بەهەمان شێوە مەترسی گەورەیان دروست کردبوو بۆ ناوچە کوردنشینەکان.و تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی هێرش و پەلامارەکانیان بکەنە سەر هەرێمی کوردستان و هەولێری پایتەختیش . لەمانگی ئابی ڕابودروشەوە ، بەهەقیقەت شەڕی داعش بۆتە تەنها شەڕی کورد و کوردستان و بەتەنها کورد توانیویەتی بەبەرگریەکی قارەمانانەی خۆی و دواتریش هێز و پشتیوانی هاوپەیمانەکان شکستی گەورە بداتە داعش و لە دوای چەند مانگ لە خۆڕاگری و قارەمانێتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان داعش لە ئێستادا لە بەرەی هێرش و پەلامارەوە پاشەکشەی کردوە بۆ بەرەی بەرگریکردن و هەلاَتن لە جەنگەکەدا، کە ئەمەش بۆخۆی گۆڕانکاریەکی گەورەبوو لە هاوسەنگی جەنگەکەدا بە قازانجی کورد.
- ئەوەی ڕاستی بێت پاشەکشە و دۆڕاندن و هەلاَتنی داعش لە شکستی گەورەی داعشەوە هات لە سەرنەکەوتن و بە ئامانج نەگەیشتنی لە داگیرکردنی تەواوی شاری

کوبانێی قارەمان لە ڕۆژئاوای کوردستاندا، و ئەو بەنیاز بوو کە بەداگیرکردنی کوبانێ لەلایەك ڕاستەوخۆ بگاتە سنورەکانی تورکیاو ئەو سنورانە لەسەر کورد دابخات و لەولاشەوە کانتۆنی جزیرە لە کانتۆنی عفرین دابڕێت و لەلای سێهەمیشەوە بەداگیرکردنی موسڵ و شەنگال و ڕەبیعە سنوری نێوان ڕۆژئاواو باشوور دابخات و پەیوەندی و هاوکاری نەتەوەییانەی نێوان ئەو دوو بەشەی کوردستان ببڕێت و بەمەش گورزێکی کوشندە بداتە شەڕڤانانی پەیەدە و پەیەژە و بتوانێت گەمارۆی سیاسی و ئابوری و سەربازیان بدات و چۆکیان پێدابات. بەڵام خۆشبەختانە و بە قارەمانێتیەکی بێ وێنەی شەڕڤانان کە بونە هۆی سەرسامی هەموو دونیا بە هێز و خۆڕاگری و گیانفیداییان توانرا هەموو پیلانەکانی داعش پوچەڵبکرێتەوە و لەدوای ١٣٢ ڕۆژ و لە ٢٠١٥/١/٢٦دا تەواوی کوبانێ و دەوروبەریشی ڕزگار بکرێتەوە.

- بەم شێوەیە لەساتە وەختی شکاندنی داعش لە کوبانێوە کێرڤی هێز و دەسەڵات و هەژمونی داعش بەرەو خلۆربونەوە و هەڵدێر بۆتەوە و ورەو توانای چەتەکانی و سەربازی تێکشکاوە و لەهیچ بەرەیەکی جەنگدا خۆیان بۆ نەگیراوەتەوە. دوای ئەو شکستە گەورەیەیان و بۆ تۆڵەکردنەوە لە بەرەبەیانی شەوی ٢٠١٥/١/٣٠دا هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر شاری کەرکوکی قارەمان بەو هیوایەی کە بتوانن شکستەکەی کوبانێیان بشارنەوە، بەڵام ورە و خۆڕاگری هێزی پێشمەرگە ئەو خەونەشیانی پوچەڵکردەوە . لە ئێستاشدا کە یادی ڕاپەڕینی گەلەکەمانە و لە ٢٠١٥/٣/٩دا هێزی پێشمەرگە و دژە تیرۆری قارەمان توانراوە سەرکەوتنی گەورە بەسەر داعشدا ئەنجام بدەن و مەترسی داعش و چەتەکانی لە کەرکوکی خۆشەویست دوور بخەنەوە.
- بەم شێوەیە داعش هێز و بڕستی لێبڕاوە و لەهەموو قۆڵەکانی جەنگدا ڕووبەڕووی تێکشکان و هەڵاتن و مەرگ دەبنەوە و سەرچاوە دارایی و داهاتەکانی بەرەو وشك بوون دەچێت و ڕۆژ بەڕۆژ ڕووبەری دەسەڵاتی بچوك دەبێتەوە و پێشبینیش دەکرێت کە لەچەند مانگی داهاتووشدا گورزی زیاتری لێبدرێت و شاری موسڵیشی لێ پاکبکرێتەوە.
- ئەم کارەش بەوە دەکرێت کە سوپای عێراقی و هێزەکانی حەشدی شەعبی هەمئاهەنگی زیاتر لە نێوانیاندا هەبێت و حکومەتی بەغدادیش هاوکاری و پشتیوانی مادی و مەعنەوی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکات و ململانێ و کێشە و گرفتە سیاسی و داراییەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن و هەوڵیش بدرێت هێزەکانی هاوپەیمانان بە جدی تر

هاوکاری هەرێم و بەغداد بکەن و بتوانن بەهەموان داعش ڕووبەڕووی شکستی گەورە و زیاتری سەربازی بکەنەوە و وەدەربیبنێن لە عێراق و ئەم مەترسیە دووربخەنەوە و بەمەش داعش یەکێك لە پێگە گرنگ و ستراتیژیەکانی خۆی لەدەست دەدات و تەنانەت تورکیای هاوپەیمانیشی بڕیاری داوە کە هێزی سەربازی زەمینی خۆی بەشداریپێبکات لە ڕزگارکردنی موسڵدا دژ بە داعش کە ئەمەش بۆخۆی سەرەتایەکی تری دڵخۆشکەرە بۆ زیاتر قەتیس و بچوکبونەوەی داعش لە عێراقدا و داعش خۆشی باش هەستی بە مەترسی نەمان و بچوکبونەوەی کردوە هەربۆیە لە ئێستادا لەهەوڵی دۆزینەوەی پێگەیەکی ترە بۆ ئایندەی خۆی و ڕووی کردۆتە ڕۆژئاوای ولاَتانی عەرەبی و بەتایبەتیش لیبیا کە ژینگەیەکی گونجاو و لەبارە بۆ گەشەکردنی داعش و بەمەش نیاز و مەرامی داعش بۆ زیاتر پەلهاویشتنی بەرەو ئەوروپاو ڕۆژئاوا دێتە دی.

- لە ئەنجامی ئەم شکست و هەلاَتنە بەردەوامانەوە داعش لە کۆتاییدا هەر بەرەو لەناوچوون و مەرگ و هەڵدێر دەبێتەوە و بەمەش تەواوی ئاشتی و ئارامی مرۆڤایەتی لەمەترسیەکانی ڕزگار دەبێت و خەونی گەڕانەوەی ڕەوڕەوەی مێژوو بۆ سەدە تاریکەکانی ناوەڕاست لەبار دەچێت و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە ئازادی و ئاشتی و خۆشگوزەرانی ژیان بەڕێدەکەن.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی مەکتەب ڕێکخستن و SNN وپێنوسەکان و ستاندارکورد لە ٢٠١٥/٣/١٠دا و لە هەواڵ ژمارە ٦٠٩ لە ٢٠١٥/٣/١٤ دا بلاَوکراوەتەوە.

# ئێران

## هەنگاو بەرەو فراوانکردنی هەژمونی خۆی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا.. *

❖ ئێران ماوەی ٣٦ ساڵە کۆمارێکی ئیسلامی شیعە مەزهەبی تیادا باڵادەستە ، کە بۆتە کۆمارێکی بێوێنەی ئەم سەردەمەدا ، چونکە بەدرێژایی سەدان ساڵ لە ئێراندا سیستەمێکی سیاسی ئیسلامی دەسەڵاتی نەبوە و دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانیش لە مانگی بەهمەنی ساڵی ١٩٧٩دا و کۆتایهێنان بە تەمەنی ٢٥٠٠ ساڵەی شاهەنشاهی و سەڵتەنەتی لە ئێڕاندا، ئیدی ئێرانێکی نوێ هاتە ئاراوە کە سیستەمێکی ئیسلامی شیعە مەزهەبی تیادا چەسپاند و هەر لەسەرەتاشەوە بوە مایەی نیگەرانی و تورەکردنی دەرودراوسێ و ناوچەکە و دونیاش. چونکە دروشمی ((نەڕۆژهەڵاتی و نەڕۆژئاوایی و تەنها ئیسلامی)) هەڵگرتبوو وەك ئاماژەیەك بۆ ئەوەی کە گوێڕایەڵی نە ڕۆژ ئاوا و نە ڕۆژهەڵات نابێت و تەنها ڕێچکەی خۆی ئیسلامی و ئێرانیە و دواتریش بۆ گەشەپێدان و زیاتر چەسپاندنی سیستەمەکەی هەوڵی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی دەدا بۆ دەرەوەی ئێران و بەتایبەتیش بۆ ئەو وڵاتە دراوسێیانەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین کە کەمینە یان زۆرینەی شیعەیان تیادایە بەڵام بندەست و زوڵملێکراون. لە پێناو جێبەجێکردنی ئەو دروشمەدا شەڕی ٨ ساڵەی عێراق و ئێران هەڵایسا و بە ملیۆنان گیانی تیادا بونە قوربانی.




خەونی زیندووکردنەوەی ئیمپراتۆریەتی فارسی کۆن

❖ ئێران لەماوەی ئەم ٣٦ ساڵەی تەمەنیدا توانیویەتی له سیاسەته ناوخۆیی و ناوچەیی و دونیاییەکانیشدا تاڕادەیکی باش سەرکەوتووبێت.ئەوەتا بەدرێژایی ئەو ٣٦ ساڵە لەناوخۆی خۆیدا و دوای کۆتایهاتنی جەنگی ٨ ساڵەی لەگەڵ عێراقی صدام حسێندا، توانی لەهەموو بوارەکانی سیاسی و ئابوری و سەربازی و کۆمەڵایەتیشدا گەشە بکات و قەرەبووی ئەو چەند ساڵەی جەنگ بکاتەوە و پشتی بەسته سەر توانا مادی و مرۆییەکانی ناوخۆی خۆی و سیاسەتی پشتبەستن بەخۆی پیادەکرد و سەروکەوتوش بوو، نەك هەر توانی ئابوری و سەربازی خۆی گەشەپێبدات بەڵکو توانی بەرهەمە هەمەجۆرەکانیشی هەناردەی دەرەوە بکات و هێز و سوپایەکی بەهێزی خاوەن بڕوای مەزهەبی پێکەوە بنێت کە لە ئێستادا ژمارەی دەگاتە ٩٠٠ هەزار سەرباز و یەکێکە لە سوپا بەهێزەکانی ناوچەکە و دونیاش.

توانیشی لەڕووی زانستی و تەکنەلۆژیای نوێی مەدەنی و سەربازیشەوە گەشە بەتواناکانی بدات و ئەوەتا ماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵە سەرگەرمی گەشەپێدانی بەرنامەی ئەتۆمی خۆیەتی و ململانێیەکی توندیش دەکات بۆ بە ئەنجام گەیشتنی سەرەڕای دژایەتیکردن و بەرگریکردنی ئەمریکا و ڕۆژئاوا لەو بەرنامە ئەتۆمیەی.

❖ ئێران لە ڕووی سیاسیشەوە تاڕادەیەکی گەورە جێگیرە سەرەڕای بونی ململانێی سیاسی نێو باڵەکانی لەنێوان کۆنەپارێز و ڕیفۆرمخوازەکاندا کە لەساڵی ٢٠٠٥دا گەیشتە ترۆپکی ململانێکانی لەکاتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی دووەمی ئەحمەدی نەژاد وموسەویدا، بەڵام هەموانیان لەسەر خەتی ئیمام خومەینی و ولایەتی فەقیە یەك دەنگ و یەك ڕان. کە هەر ئەمەش گرەنتی مانەوە و یەك و یەکگرتوویی ڕیزەکانی ناوخۆی داوە و توانیویەتی بەرامبەر هەموو فشارە سیاسی و ئابوری و سەربازیە دەرەکیەکان بوەستێتەوە.

❖ لەسەر ئاستی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوینیش ئێران لەهێزێکی سیاسی و ئابوری و سەربازی بچوکەوە لە ئێستادا بۆتە هێزێکی ناوچەیی کاریگەر و خاوەن نفوز و هەژمون و توانیویەتی تونا و هێز و دەسەڵاتی خۆی بەهەموان بناسێنێت و تاڕادەیەکیش بۆتە هەڕەشەیەکی جدی بۆسەر ئەو وڵاتانەی ناوچەکە کە دژایەتی ئێران دەکەن.چونکە ڕوبەرێکی ١٦٤٨١٩٥ کیلۆمەتر چوارگۆشە وژمارەی دانیشتوانی ساڵی ٢٠١٣ی بریتیە لە ٧٩٨٥٣٠٠٠ ملیۆن کەس و کۆی داهاتی نەتەوەیی لەساڵی ٢٠١١دا بریتی بوە لە

٨٢٧٣٤٤ ملیار دۆلار و داهاتی تاك بریتی بوە لە ١٠٧٩٧ دۆلارو ٩٠٠٠٠٠ سەربازی ئامادە و نزیکەی ١١ ملیۆن هێزی بەسیجی هەیە و لە ڕووی ژمارەی فڕۆکەی جەنگی و کەشتیگەل و چەك و تەقەمەنی نوێ و موشەك و مودەڕەعات و ...هتدوە.ئێران بەرامبەر هەموو ولآتانی کەنداو بەتوانایە.و لەسەر ئاستی ناوچەی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست پێنجەم سوپایە و لەسەر ئاستی دونیاشدا هەژدەهەمین سوپایە. ئەوەتا لە ناوەڕاستی ساڵەکانی هەشتای سەدەی ڕابوردوە و لەڕێگەی دروستکردنی حیزبولاّی لوبنانیەوە هێز و هەژمونی خۆی لەسەر تەواوی جومگە سیاسی و ئابوری و سەربازیەکانی ئەو ولآتە داناوە و هەر لەسەرەتای دەسەلآتی ئیمام خومەینیشەوە و دەسپێکی شەڕی ئێران عێراقیشدا توانی هاوپەیمانیەکی ستراتیژی لەنێوان خۆی و سوریادا مۆر بکات و بەمەش توانی هەنگاوێکی گەورەتر بنێت بەرەو دەرەوەی ئێران و جێگە پێی خۆی باشتر قایم بکات و سوریا بوە پشتیگیرکەری ژمارە یەکی ئێران لەجەنگی عێراقدا و بوە یەکەم ولآتی عەرەبی شیعە مەزهەبیش کە لەدەرەوەی ڕیزەکانی عەرەب پشتگیری لە ولآتیکی دژە عەرەب بکات .

لەساڵی ٢٠١١شەوە و دوای ڕاپەڕینی گەلانی عەرەبی و لەبەهاری عەرەبیدا ئێران ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لەوەی کە درێژە بەململانیٚ ناوخۆییە سیاسیە مەزهەبیە نەتەوەیەکانی ئەو ولآتانە بدات و بەمەش جارێکی تر نفوزی خۆی سەپاندە سەر هێزە ناوخۆییەکانی ولآتانی عەرەبی و لەلایەکی تریشەوە هەموو هەوڵی بۆ دوورخستنەوەی ئەو جەنگانە بوو لە ناوخۆی ئێراندا و تا ئێستاش بەباشی سەرکەوتوبوە و ئیدارەی ململانێکانی داوە.لەساڵی ٢٠٠٣ شەوە عێراق بۆتە پێگە و مۆڵگەی سەرەکی ئێران و بەبیٚ ئێران ناتوانرێت هیچ بڕیارێکی سیاسی و ئابوری و سەربازی بدرێت، بەشێوەیەك ئێران لە ئێستادا سێبەری خۆی خستۆتە سەر هەموو جومگەکانی دەوڵەتی عێراقی لە ڕێگەی زۆرینەی شیعە مەزهەبەوە و هەر ئێرانیشە کە ڕاستگۆیانە بەرگریکرد لە مانەوەی ئەو دەوڵەتە دژی هێرش و پەلامارەکانی داعش و بەمەش خەونە مێژوویە دێرینەکانی سەفەویەکانی وەدیهێنا بەداگیرکردنی بەغداد و کردنی بە پاشکۆی تاران.

ئەوەتا ماوەی چەند ساڵێکیشە بۆتە هۆی هەرا و ئاژاوە نانەوە لە دەوڵەتی بچوکی میرنشینی بەحرێندا و وای کرد کە بە پەلە سعودیە هێزی بەرگری بنێرێتە ئەو میرنشینەو لە ڕووخاندن ڕزگاری بکات،و هەر لە ساڵی ١٩٧١ یشەوە سیٚ دوورگەی ولآتی ئیماراتی عەرەبی بەهێز داگیرکردوە(( دوورگەکانی ابو موسا و تونب الکبرا و تونب الصغرا))،

بەهەمان شێوە لەڕێگەی پشتیوانی و هاوکاری کەمینەی حوسیە شیعەکانەوە لە یەمەندا توانیویەتی پێگە و هێز و نفوزی خۆی گەشە پێبدات و لە ئێستادا حوسیەکان توانیویانە حکومەت و دەوڵەتی شەرعی یەمەن بڕوخێنن و بونەتە هێزی سەربازی یەکەم و بەهێز و هەنگاو بەرەو دەرپەڕاندنی پاشماوەی حکومەتی مەنسور عەبد ڕەبەی سەرۆك کۆمار دەنێن لە عەدەنیش و هەربۆیە بەپەلە و ماوەی چەند ڕۆژێکە ولاتانی کەنداوی عەرەبی گەلەکۆمەکیان کردوە و هێرشی ئاسمانیان دەستپێکردوە بۆسەر هێزە حوسیەکان.

ئێران لە میسر و لیبیا و تەنانەت مەغریبی عەرەبیشدا لەڕێگەی جولاندنی کەمینە شیعەکانەوە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی و ململانێ و کێشە نانەوە لەو ولاتانەدا.

هەر ئەمڕۆ ٢٠١٥/٣/٢٨ لە کۆبونەوەی لوتکەی ولاتانی عەرەبیدا لە شەرم شەیخی میسر، سەرۆك و پاشاکانی عەرەبی بڕیاریاندا کە هێزێکی هاوبەشی سەربازی عەرەبی پێکەوە بنێن بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەموو هەڕەشەیەکی سەربازی دەرەکی کە مەبەستیان ئێرانە ، و تەنها ولاتیك کە ناڕازی بوە عێراق بوە و سوریاش هەر ئامادەنەبوە و لوبنانیش بەبێ سەرۆك ئامادە بوە. ولاتانی عەرەبی لە ئێستادا لەهەموو کاتەکان زیاتر هەست بە لێکترازاوی و پەرشوبلاوی وبێهێزی دەکەن لەبەردەم هەڕەشە دەرەکیەکاندا.

هەربۆیە ئێران بەڕاستی لە ئێستادا بۆتە هێزێکی مەترسیدار و خاوەن هەڕەشە بۆ تەواوی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوین و دژایەتیەکی فراوانی لەگەڵ گەلێك ولاتانی عەرەبیدا هەیە، ولەگەڵ هەندێکی تریشیاندا دۆست و خاوەن هەژمونە وەك عێراق و سوریا و لوبنان و یەمەن و تەنانەت سەڵتەنەتی عومانیش. وبەشێوەیەك لە شێوەکان توانیویەتی ببێتە بڕیار بەدەست و لایەنێکی سەرەکی ململانێکان بە بەرژەوەندی و قازانجی خۆی.کە ئەم ولاتانە بۆخۆیان پێگەی گرنگی جیۆ سیاسی و سەربازی و ئابوریان هەیە و لە قۆناغێکدا سەری ڕمی بوژاندنەوەی ڕۆحیەتی نەتەوەیی عەرەبی بوون لەبەرامبەر دەوڵەتانی وەکو ئێران و تورکیا و ئیسرائیلیشدا. بەلام بەکەوتنی ئەم ولاتانە بەدەستی ئێرانەوە ئێستا مەترسی گەورە هەیە لەسەر سعودیە و میسر وەك دوو ولاتی گەورەی عەرەبی سونە مەزهەب و وەك نمایندە و دەمڕاستی هەموو عەرەبەکان.

ئێران بەگەمارۆدانی سعودیە و نیمچە دورگەی عەرەبی لە باشورەوە لە ڕێگەی یەمەن و سەڵتەنەتی عومانەوە و لە باکوریشەوە لەڕێگەی عێراق و سوریاو لوبنانەوە، بەتەواوەتی هێز و بڕست لە سعودیە دەبڕێت و دواتریش دەتوانێت جوڵە بخاتە ناو کەمینەی شیعە

لەناو سعودیەدا و بتوانێت ببێتە هۆکاری سەرهەڵدانی راپەڕین و ناڕەزایی لەناوخۆی سعودیەداو بەکەوتنی سعودیەش ئیدی قەڵا بەهێزەکەی سونە مەزهەب دەکەوێت و دەڕمێت و بەدەسوەردانە ناو سیاسەتی میسریشەوە هێندەی تر ئێران باڵادەست دەبێت و خەونی زیندووکردنەوەی ئیمپراتۆریەتی سەفەوی کۆن دەکاتە ئەمری واقیع و دەوڵەتی فاتیمیەی شیعە مەزهەب لە میسر پێك دێنێتەوەو تەواوی ناوچەی شام و عێراق و دورگەی عەرەبی دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

هۆکار و پاڵنەری سەرەکی ئێران بۆ ئەم هەنگاونان و بەرەو پێشەوە چونە سەربازی و سیاسی و مەزهەبیەی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی هێزێکی تیرۆریستی وەکو داعشی سونە مەزهەب لەناوچەکەدا و وایکردوە کە وێنای تەواوی ئیسلامەکان و بەتایبەتیش سونەکان زۆر ناشیرین بکات لەبەردەم دونیاداو ئەم هەلەی قۆستۆتەوە بە قازانجی خۆی و سەرقاڵبونی ڕۆژئاواشی بەهەمان شێوە بەهەل زانیوە و توانیویەتی لەلایەك هەژمون و دەسەڵاتی خۆی لەناوچەکەدا بسەپێنێت و لەلایەکی تریشەوە ڕۆژئاواشی بە گفتوگۆی بێزەنتی نێوانیانەوە سەرقاڵکردوە تایبەت بەبەرنامە ئەتۆمیەکەی کە تا مانگی ٦ی داهاتوو ماوەی پێدراوە و ئێران گەرەکێتی کە تا ئەو کاتە بەتەواوەتی وڵاتی یەمەنیش بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و ئیدی بەتواناتر و بە هێز و بوێری ترەوە دانوسان لەگەڵ ئەمریکاو ڕۆژئاوا دەکات (( ٥+١)) و دەتوانێت کارتی فشاری زۆر بەکار بهێنێت.

لەم ململانێیەشدا توانیویەتی تا ئێستا تورکیای گەورەی سونە مەزهەبیش لەخۆی ڕازی بکات یان لانی کەم دووری بخاتەوە و خۆی لێلاداوە بۆ ئەوەی نەبێتە بەشێك لە ململانێکانی تا ئەوکاتەی بەتەواوەتی هەژمونی خۆی دەسەپێنێت و تا جارێکی تر ململانێی عوسمانی و سەفەویی دێرینی نێوانیان زیندوو نەکاتەوە.

بەم شێوەیە ئێران لە ئێستادا هەوڵی ئەوە دەدات کە لە هێزێکی بچوکی نیشتیمانیەوە ببێتە هێزیکی گەورەی ناوچەیی و تەنانەت نێودەوڵەتیش و ئیدی دەبێتە دەمڕاست و قسەکەر و بڕیار بەدەستی ناوچەکە و بەناچاریش زلهێزەکانیش دەبێت لەگەڵیدا دانوسان و ڕێکەوتن بکەن.بەڵام گریمانەی ئەوەش دەکرێت کە بەرژەوەندیە باڵاکانی ئابوری و سیاسی زلهێزەکان لەهەموو ئان و ساتێکدا یەکبگرنەوە لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا و لەو نێوەندەدا ئێران بکەنە قوربانی وەك چۆن شای ئێرانیان لەساڵی ١٩٧٩دا کردە قوربانی و یەکەم ڕژێمی ناوچەکە بووکە لەچوارچێوەی سیستەمی گۆڕین و هەڵتەکاندنی ناوچەی

ڕۆژهەڵاتی ناویندا جێبەجێیانکرد لە چوارچێوەی بیردۆزەی فەوزای دروستکەردا.دەکرێت جارێکی تریش مێژوو خۆی دووپات بکاتەوە بەڕووخاندنی ڕژێمی ئیسلامی لە ئێراندا وەك لەمپەرێك لەبەردەم سیاسەت و بەرژەوەندیەکانیاندا ، چونکە بوونی وڵاتێکی بەهێزی ناوچەیی وەك ئێران لە بەرژوەندیاندا نیە بەبەراوورد لەگەڵ بوونی ژمارەیەك میرنشینی بچوکی عەرەبی کە هەمیشە پارێزەر و گوێڕایەڵی سیاسەت و بەرژەوەندیەکانیان بون و دەبن و بە لابردنی ئێرانیش لەبەردەمیاندا دەتوانن کە پرۆسەی ڕێکخستنەوەیەکی نوێی تەواوی ناوچەکە بێننە دی بەبەرژەوەندی زلهێزکان و پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان.

کوردیش لە هەموو ئەم ململانێیانەدا کەوتۆتە چەقی هاوکێشەکان و دەبێت بە وریای و ژیریەوە مامەڵە بکات و بتوانێت ڕۆڵ و پێگە و پایەی بەهێزی ئێستای خۆی بپارێزێت لە سەنگەر و بەرەی دژە تیرۆردا و بتوانێت بەقازانجی خۆی ڕووداو وپێشهاتەکان بقۆزێتەوە.

---

*ئەم بابەتە لە سایتی SNN لە ٢٠١٥/٣/٢٨دا و ئەنجومەنی سەرکردایەتی و مەکتەب ڕێکخستن و پێنوسەکان لە ٢٠١٥/٣/٢٩ و ستاندارکورد لە ٢٠١٥/٤/٥دا بلاْوکراوەتەوە.

# سێ کوچکەی
# جیهاد و غەنیمە و ژن لای داعش... *

- سەرهەڵدان و گەورەبون و گەشەکردن و ناسینی داعش وەك ڕێکخراوێکی سەلەفی و جیهادی توندڕەوی ئیسلامی سونە مەزهەب لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەنانەت هەموو دونیاش بە کاتێکی زەمەنی کەم و کورت ، بوە هۆی ئەوەی کە پرسیار گەلێك دەربارەی ئەم ڕێکخراوە توندڕەوە تیرۆریستیە و ڕابەرانی و بەرنامە و فکر و ئایدیای بێتە گۆڕێ و هەموان سەرقاڵ بکات بەخۆیەوە و لەهەمان کاتیشدا ترس و دڵەڕاوکێش بخاتە دڵ و دەروونی هەموانەوە بەگەورە و بچوکەوە و لەیەك کاتدا وڵاتانی زلهێز و ناوچەکەش لەلایەك بەنهێنی و ئاشکرا هاوکاریان دەکرد بەمەبەستی دوورخستنەوەی شەڕی داعش لە خۆیان و وڵاتەکانیان و لەلایەکی تریشەوە بۆ جێبەجێکردنی مەبەست و مەرامەکانی خۆیان و پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان لەناوچەکەدا. هەربۆیە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی وەك داعش لەماوەی کەمتر لە ساڵێکدا ناو وناوبانگی لەهەموو دونیادا بڵاوبۆوە و ڕیکلامی بۆ دەکرا چونکە دەستکرد و دەستنێژی ئەو وڵاتانە و دام مودەزگا جاسوسیەکانیان بوە.

جا داعش بۆخۆی لە ڕێچکەی ئەم تەمەنە کورتەیەدا وەکو بینیمان و بەبەردەوامیش ئەم کارانەیان دووبارە دەکەنەوە ، کار و کردەوەیان وەك ڕێکخراوێکی بەناو ئیسلامی و سەلەفی و گەڕانەوەی پێشینەی صاڵحی ئیسلامی و جێبەجێکردنی ئایەت و فەرمودە و کردەوەکانی هاوەڵان بەنیازی زیندوکردنەوەی سەردەمی زێڕینی ئیسلام و چەسپاندنی شەریعەتی خودا لەسەر زەویدا بەبێ جیاوازی ، کەوتنە دەستگرتن و هەوڵدانی گەرموگوڕ بۆ جێبەجێکردنی ٣ خاڵی گرنگ بۆ وەدیهێنانی ئامانجە گڵاوەکانیان، ئەوانیش سێ کوچکەی جیهاد و غەنیمە وژنن. ئەم سێ کوچکەیە بونەتە میحوەری هەموو کار و کردەوەی داعش و لەڕێگەی ئەم خاڵەوە ویستویانە لەلایەك جیهاد بەناوی ئیسلامەوە ڕابگەیەنن و کەسانی کاڵ فام و تێنەگەیشتوو لەگەنجانی بێ ئەزمون و بێ باوەڕێکی پتەو ڕاکێشن بەلای خۆیاندا و بەمەش هەموو گروپە توندڕەوە ئیسلامیەکان لە دونیای ئیسلامدا لەگەڵ دەوڵەتەکانیشدا بەپارە و سەروەت و سامانی زۆر و زەوەندیان بکەنە پشتیوانی هەوڵ و کار و مەرامەکانیان، بەهۆی دەسکەوتنی غەنیمەی بەناو شەڕ و جیهاد دژی کافران و

موونافیقانیشدا دەبنە هێزێکی دەوڵەمەند و خاوەن سەرمایە و دەتوانن درێژە بەتەمەن و دەسەلا ت و نفوزی خۆیان بدەن و هەرواشیان کردوە.لەرێگەی خاڵی سێیەمیشەوە کە بە ناشەرعی و دوور لەهەموو ئاکار و رەوشتێکی مرۆڤانە و ئیسلامیانەی راستەقینە وەك سەردەمی ئەمەوی و عەباسی و عوسمانیەکان و ...هتد. نەك هاوەلأنی سەرەتا کەوتونەتە گرتن و بە سەبایاکردنی ژنانی مسوڵمان لەلایەك بۆ تێرکردنی حەز و غەریزە ئاژەڵیەکانیان لە سێکس و رابواردن و لەلایەکی تریشەوە بۆ هەڵخەڵەتاندنی ئەو گروپ و کەس و تاکانەی کە روویان تێدەکەن لەولأتان و کۆمەڵگاکانی خۆیاندا لەکاری سێکس قەدەغەن و بە ئاسانی دەستیان ناکەوێت.

جا ئەم سێ خاڵە کەوەك وەتەرێکی گرنگ پەیوەستە بە گیان و رۆح و بیرکردنەوەی هەموو تاکیکی مرۆڤەوە و کاریگەری گەورەشیان هەیە لەسەر هەست و نەستەکانی مرۆڤ بونەتە کارەکتەری گرنگ بۆ بەردەوامیدان بە ژیان و مان و بەردەوامی داعش و دەشتوانن بەبەردەوامی سووتەمەنی ئەم جەنگ و ململانێییان پەیدا بکەن لەناو کۆمەڵە دواکەوتوو هەژار و نەخوێندەوارەکانی جیهاندا.

**پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئەرێ داعش بەدەستگرتنی بەم سێ خاڵەوە پیادە و پەیرەوی پێشینەی صالحی ئیسلامی دەکەن؟ یان بەئارەزوو هەوەسبازی خۆیان ئەم کارانە دەکەن و بەبەرژەوەندی هێز و دەسەلأتی خۆیان پیادەیان دەکەن؟ ئایا حوکمی ئیسلام لەسەر ئەو سێ خاڵە چۆنە ؟ و داعشیش چۆن بەکاریان دەهێنێت بۆ مەرامەکانی خۆی؟**

سەرەتا بۆ زانینی حوکمی شەریعەت و ئیسلام دەربارەی خاڵی یەکەم کە جیهادە لە پێناو رێگای خودادا، بەکورتی بریتیە لەوەی کە جیهاد لە پێناو خودادا دژ بە نەفس و شەیتان و بێ باوەڕان و مونفیقان/ دووڕوەکان دەکرێت، جیهاد فەرزی عەین نیە و بەڵکو فەرزی کیفایەتە، و جیهادی کافر و مونافیقانیش ٤ ئاستی هەیە ، بەدڵ و بە زمان و بە ماڵ و بەگیان دەکرێت. ئاشکرایە جیهادی گیان بۆ کافران و بەزمانیش بۆ دووڕووانە، و جیهادی گیانیش گەورەترین ئاستی جیهادە لەرێگای خودادا، ودواتر جیهاد بەماڵ و دوعاکردن و ئامۆژگاری و رێگانیشاندان و یارمەتیدان بۆ رێگای چاکە دێت.

جیهاد بەچەند قۆناغێك دژ بەکافران پیادە کرا ، لەسەرەتاوە بە پەیمامبەر راگەیاندرا کە ئاگادارکردنەوەی نەفسی خۆی و دواتر خزمەکان و قەوم و دواتر عەرەبەکانی دەوروپشت و دواتریش هەموو عەرەب و لەکۆتاشدا هەموو دونیا، ئەم ئاگادارکردنەوەیە لە ئیسلام و

شەرع و حوکمەکانی خودا چەندین ساڵی خایاند و دوور لە کوشتن و بڕین بوو تەنها دژ بە کافران بوو بە پلەی یەکەم و دواتر بۆ ئەهلی جزیە واتە ئەهلی کیتاب لە جولەکە و مەسیح و دیانتەتەکانی تر کاتێك جزیەیان نەدابێت، گەر جزیەیان دابێت ئەوا ئازاد بوون لەسەر مانەوە یان نەمانەوەیان لەسەر دینی خۆیان.

لێرەدا دەردەکەوێت کە جیهاد لە ئیسلامدا دژی ئیسلام ناکرێت، بەڵام ئەوەتا داعش ئەوەی شەڕیان دەکات بریتین لە ئیسلام بەسونەو شیعە و کورد و ..هتد.و هەموانیان ئەهلی تەقوا و ئیمان و شەهادەتن. ئیدی جیهاد دژی کێ و بۆچی ؟ بۆچی داعش ڕووی چەك و تفەنگیان ناکەنە ئەهلی جزیە  لە ئەوروپا و ئەمریکا و ڕۆژهەڵات. گەر بەڕاستیانە دینی خودا و ئیسلام گەشە و گەورە بکەن لەهەموو دونیادا، هەرچەند ئیمان و بڕوا و ئاین بەزۆر ناچەسپێنرێت و هیچ کاتیش نەخودا نە پەیامبەری ئیسلام بەزۆر ئیسلامیان نەساپاندوە و تاکەکانیان ئازاد کردوە لەوەرگرتن یان ڕەتکردنەوەی ئیسلام.

خاڵێك دەربارەی جیهاد و مەرجەکانی کە کێن ئەو کەسانەی کە جیهادیان لەسەرە، ئیسلام دیاریکردوە کە ئەم کەسانە جیهاد دەکەن:

١. ئیسلام دەبێت جیهاد بکات.
٢. کەسی عاقڵ جیهاد دەکات.
٣. باڵغ و پێگەیشتوو بێت نەك منداڵ.
٤. نێر بێت، واتە مێ یان نێرەموك جیهادی لەسەر نیە.
٥. توانای دابینکردنی پێداویستیەکانی جەنگی هەبێت ئەوکات وەك ئەسپ و شمشێر و خواردن و...هتد.واتە هەژار جیهادی لەسەر نیە.
٦. کەم ئەندام نەبێت.

ئەوەی لە داعش دەیبینین بەزۆر یان بەخوایشتی خۆیان غەیرە ئیسلام لەڕیزەکانیاندا شەڕدەکەن بەناوی جیهادەوە وەك ڕاگەیەندراوە زیاد لە ٢٠ هەزار غەیرە ئیسلام لە ناو داعشدان و هەروەها داعش پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی منداڵان و فێرکردنیان بۆ جەنگ ، لەلایەکی ترەوە کەسانی بێ هۆش و بێ بیر بەهۆی مادە سڕکەرەکانەوە دەنێرێت بۆ کاری خۆکوژی و زۆر جارانیش زنان و ئافرەتانیش بەکاردەهێنێت و گوێ ناداتە کەسی کەمئەندام یان شێت و بیرکۆڵ و ..هتد.

بەم شێوەیە داعش وشەی جیهادی وەك پەردەپۆشکردنێك بۆ هەڵخەڵەتاندنی هەموان بەکارهێناوە ، بەڵام لە ڕاستیدا هەموو کار و کردەوەکانی دوورن لەشەرع و حوکمی خودا و ئیسلامەوە..

- خاڵی دووەم کە داعش کاری لەسەر دەکات بریتیە لە کۆکردنەوەی غەنیمە و سەندنی سەرانە و جزیەیە لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا بەزۆر و بەهێزی تفەنگ. ئەمەش بەحساب پەیڕەوی لە شەرع و ڕێنمایی و کاروکردەوەکانی ئیسلام دەکات، کە ئیسلامی ڕاستەقینە لێیان بێبەرییە.ئەوەتا لەگەڵ داگیرکردنی هەر شار و شارۆچکە و گوندێکدا ڕایستەوخۆ هەڵدەکوتنە سەر بانکەکان و دزینی پارە و پول تیایدا و سەندنی سەرانە و دزینی ماڵ و سەروەت و سامان و ئۆتۆمبێل و ..هتد. لە تاکەك و خێزانەکان و دزین و ئاودیوکردن و ڕاوڕوتکردنی موڵك و ماڵی حکومەت لە گەنجینەکانی خواردن و دانەوێڵە و کارگە و مەکینە و ئامێرە کشتوکاڵی و پیشەسازیەکان و دواتریش بۆ دزین و هەرزان و تالأنفرۆشتنی نەوت و غازی سروشتیە لە کێڵگە نەوتیەکانی سوریا و عێراق و ئێستاش لیبیاو ..هتد.
- بەم شێوەیە جارێکی تر دژ بەحوکمەکانی ئیسلام پەیڕەو دەکەن و تەنها بۆ بەرژەوەندی و خۆ دەوڵەمەندکردن و مافیا ئاسا ئەو کارانە دەکەن بۆ ئەوەی لە ڕووی ئابوریەوە بەهێز و دەوڵەمەند بن و بتوانن بۆ چەند ساڵێك درێژە بەتەمەن و ڕاوڕووتکردنی خۆیان بدەن. ئەگینا حوکمی ئیسلام بۆ غەنیمە و دەسکەوتەکان بەم شێوەیەیە، غەنیمە لە ئیسلامدا بریتیە لە موڵك و زەوی کە دابەشدەکرێت لەناو جەنگاوەراندا و ماڵ و موڵکی گواستراوە دەگوێزرێتەوە بۆ وڵاتی ئیسلام و دەخرێتە بەیتولمال و دواتر بەیەکسانی بەسەر هەموو چین و توێژەکاندا دابەشدەکرێتەوە.دیلیش بەشێکە لە غەنمیمە.غەنیمە بریتیە لەهەموو ئەو کەل و پەل و موڵك و ماڵ و زەوی و ژنانەی دوژمنی ئیسلام کە تەنها بەشەڕ دەستیان بەسەردا گیراوە و بەشداری شەڕیان کردوە دابەشدەکرێن.

لێرەشدا جارێکی تر ئیسلام قەدەغەی کردوە کە موڵك و ماڵی ئیسلام ژن و منداڵیان بەدیل بگیرێن و وەکو غەنیمە سەیریان بکرێت ، ئەم حوکمی غەنیمەیە تەنها بۆ کافرانە . کەچی داعش ئەوەی دەیکاتە غەنیمە و دەسکەوتی شەڕ و بەناو جیهاد هەمووی هی ئیسلام و مسوڵمانانە. بەم شێوەیە جارێکی تریش داعش دژ بە ئیسلام و قورئان و خودا و پەیامبەر و پێشینە صاڵحەکانی دەوەستێتەوە.

- خاڵی سێیەم که تایبەت بە ژن و سێکس و ڕابواردنەوە، کە بەداخەوە داعش بەم کاروکردەوانەی هێندە ئیسلام و مسوڵمانانی ناشیرن کردوە کە هیچ کەس حەسودی بە ئیسلام نابات، هەموانی وا تێگەیاندوە کە ئیسلام دینی شەڕ و کوشتن و بڕین و دزین و تالأنکردن و سێکس و ڕابورن و ژنە. بە پێچەوانەوە کە ئاینی ئیسلام ئاینێکی پشوودرێژ و سەلامەت و مرۆڤ دۆست و خاوەن بەها و ڕەوشت و ئاکاری جوانە و هەزاران ساڵە ئەو ڕاستی و پاکی و بەها جوانانە ڕایانگرتوە و هێشتویانەتەوە نەك ئەم دەجال و خوێنڕێژ و تیرۆریستانە.

لە ئیسلامدا حوکمی سەبایا و ژنان بریتیە لەوەی کە نابێت ژنانێك تەنانەت لە کافرانیش بکوژرێن کە بەشداری شەڕیان نەکردوە دژی ئیسلام، بەهەمان شێوە منداڵان و پیر و پەکەوتەکانیشیان.سەبایا واتە گرتنی ژنانی کافرانە بە دیل، نەك ژنانی مسوڵمانان.بەڵام لە جاهلیەتدا لەکاتی هەڵکوتانە سەر یەکتری هەموو ژن و منداڵی یەکتریان بە سەبایا دەکرد و کڕین و فرشتنیان پێوە دەکردن. کە ئیسلام ئەمەی قەدەغە کردوە.و تەنها ئەو ژنی کافرانە بە سەبایا دەبرێن کە لەکاتی شەڕدا بەدیل دەگیرێن و ئیسلام ڕەتدەکەنەوە یان جزیە نادەن.

بەڵام دەبینین کە داعش هەموان بەبێ جیاوازی موسڵمان و ئەهلی کیتاب و کافران بەدیل دەگرێت و بە سەبایا کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکات و کاری سێکس و ڕابواردنیان بەزۆر لەگەڵدا دەکات. کە ئەم کارەشیان جارێکی تر ناچێتەوە چوارچێوەی حوکم و پێڕەویکردنی شەرعی ئیسلامەوە.

بەداخەوە داعش لەنێوان مسوڵمان و کافراندا تێکەڵی کردوە و لێکیان جیا ناکاتەوە، موسڵمان ئەو کەسەیەکە شەهادەت بەخودا و پەیامبەر بهێنێت و کاریان پێبکات بەئاشکرا و نهێنی و دژایەتیان نەکات. کافرانیش ئەو کەسانەن کە بڕوایان بەخودای تاك و تەنها نەبێت و بڕوای بە موحەمەد پەیامبەر نەبێت و بڕوای بە زیندووکردنەوەش نەبێت.

ئیدی لە ئیسلامدا زۆر ئاشکرایە کە جیهاد و غەنیمەت و بە سەبایاکردنی ژنان کێ دەگرێتەوە . بەڵام داعش وەك دەستکرد و دروستکراوێکی دەستی دامودەزگا جاسوسیە غەیرە ئیسلام و ئیسلامیەکانیش تەنهاو تەنها لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی ئەو لایەنانەدا کار دەکات و پێ دەنێتە سەر هەموو پیرۆزی و بەها ڕەوشتی و ئاینیەکانی

ئیسلامی بێگەرد و بەمەش تەنها و تەنها ئیسلام ناشیرین و ڕسوا دەکات و دوژمنانی خواو و مرۆڤایەتیش سوودی لێدەبینن.

کوردیش بەداخەوە هەر لەسەرەتای ئیسلامەوە تا ئێساش هەر بەدەست گروپ و تاقمە توندڕەوە ئیسلامیە کوردی و غەیرە کوردیەکانەوە گیرۆدەی خواردوە و شەڕ و کوشتاری ناڕەوای بەرامبەر کراوە و ویستراوە بە پیلان کورد و دەسەلاّت و خاك و نەتەوەکەی لەناوببرێت و لە سەر مێژوو و جوگرافیاشدا بسڕێتەوە، بەلاّم ڕەوایی مەسەلەی کورد و مەزلومیەت و پاراستنی لەلایەن پەروەردگارەوە هەموو ڕیسێکی دوژمنانی کردۆتەوە خوری و کورد و مەسەلە ڕەواکەی هەر ماونەتەوە و بەردەوام بوون، دلّنیاشم کە کورد لەم جەنگە ناڕەوا سەپێنراوەی داعشیشدا هەر سەردەکەوێت و داعشی درۆزن و فێلّباز و تیرۆریست هەر ڕیسوا و نابوت دەبێت و لەناو دەچێت.

---

*ئەم بابەتە لە سایتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و مەکتەب ڕێکخستن و پێنوسەکان لە ٢٠١٥/٤/٢دا وهەوالّ ژمارە ٦١١ و ٦١٢ لە ٤ و ٢٠١٥/٤/١١ دا بلاّوکراوەتەوە.

# ڕێکەوتنامەی ئەتۆمی

## (( ٥+١ )) و ئێران لەبەرژەوەندی کام لایەنە؟*

- لەبەرواری ٢٠١٥/٤/٣دا ڕێکەوتنامەیەکی سەرەتایی لە نێوان وڵاتانی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و ئەڵمانیا ( ٥+١) لەلایەك و ئێرانیش لەلایەکی ترەوە واژۆکرا لە شاری لۆزانی سویسرا، ئاشکرایە ئەم ڕێکەوتنامەیە لە ئەنجامی دانوسانی چەندین ساڵە هاتە بەرهەم و تاڕادەیەکی زۆر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دونیاشی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردبوو ، و ببوە مایەی مەترسی و هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندی وڵاتە زلهێزەکان و هاوپەیمانەکانیشیان لەناوچەکەدا.

ئێران لەدوای کۆتایی هاتنی شەڕی عێراق –ئێرانی هەشت ساڵەوە لەساڵی ١٩٨٨و دواتر سەرقاڵبوونی بە بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابوری داتەپیوی لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا توانی لەماوەی دەساڵەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابووردودا کە هێز و توانای سیاسی و ئابوری و سەربازی و پەیوەدنیەکانی خۆی ڕێکبخاتەوە و بەهێزیشی بکات و خۆی بکاتە کاراکتەرێکی دیار و خاوەن نفوزی ناوچەکە و لەهەموو ڕووداو پێشهاتەکانیشدا ڕۆڵ و کاریگەری هەبێت و بتوانێت بەرژەوەندیەکانی خۆی و هاوپەیمانەکانی بپارێزێت. لە لوبنان و سوریا و دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسیش لە ساڵی ٢٠٠٣دا عێراقیشی کردە پێگە و مۆڵگەی بەهێزی خۆی و ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکادا لەسەر گۆڕەپانی عێراقدا ڕووبەڕوو بوەوە و تاڕادەیەکی گەورە توانیویەتی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت و لە ئێستادا بە ئاشکرا و بەنهێنی نفوز و هێزی خۆی لەعێراقدا بەکاردەهێنێت و لە یەمەن و نیمچە دورگەی عەرەبیشدا بۆتە هەڕەمەکی ڕاستەقینە بۆ سەر وڵاتانی عەرەبی کەنداو و هێواش هێواشیش نزیك دەبێتەوە لە سنورەکانی ئیسڕائیل. .ئێران بەپێی هەڵکەوتەی جیۆسیایەکەی لەناوچەکەدا پێگەیەکی گرنگ و ستراتیژی هەیە و دەتوانێت کاریگەری بە ئەرێنی و نەرێنی هەبێت لەسەر هەموو ڕووداوەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی دوور و ناوەڕاستیش.

- یەکێك لەو مەسەلە گرنگانە بەلای ئێرانەوە ئەوەبوو کە ببێتە هێزێکی ئەتۆمی لەناوچەکەدا هاوشێوەی پاکستان و هندستان بەمەش لەلایەك بوون و هێزی خۆی دەسەلمێنێت و لەلایەکی تریشەوە دەبێتە ئەندامی یانەی ئەتۆمی نێودەوڵەتی و حسابی

زیاتری بۆ دەکرێت لەناوچەکەدا و دەتوانێت بە شەڕ یان بە ئاشتی ئامانجەکانی خۆی وەدیبهێنێت و ببێتە هێز و دەوڵەتێکی گەورەی شیعە مەزهەبی ناوچەکە و دونیاش و زیاتر بتوانێت هاوکاری و یامەتی کەمینە شیعەکان بدات لەولاتانی ناوچەکەدا.

- ئەم ڕێکەوتنە لەچەندین خاڵی گرنگ پێکهاتوە کە بە بەرژەوەندی هەردوولایە لەوانە:

١.کەمکردنەوەی ژمارەی ئامێری دەرکردەی ناوەندی بەکارهاتوو لە پیتاندنی یۆرانیۆمدا بەبڕی دوو لەسەر سێ کە بۆ بەرهەمهێنانی بۆمبی ئەتۆمی بەکاردێت لە ١٩ هەزارەوە بۆ ٦١٠٤ ئامێر بەپێی ڕێکەوتنەکە و ئێران تەنها دەتوانێت ٥٠٦٠ ئامێر بەکاربهێنێت بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم.

٢. ئامێری دەرکردەی ناوەندی ڕێگە پێدراو بۆ مانەوە کە ژمارەیان تەنها ٦١٠٤ لەنەوەی یەکەم دەبن.

٣.ڕێژەی پیتاندنی یۆرانیۆم لە ٦٧ر٣٪ زیاتر نابێت بۆ ماوەی ١٥ ساڵ.

٤.کەمکردنەوەی هەڵگیراوی یۆرانیۆمی پیتێنراو لە ١٠ هەزار کغم بۆ ٣٠٠کغم بۆ ماوەی ١٥ ساڵ.

٥.دانانی ئامێرەکانی دەرکردەی ناوەندی و ژێرخانی پیتاندنی یۆرانیۆمی ماوە لەژێر چاودێری ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی دەبێت و بەکارناهێنرێت تەنها بۆ جێگرتنەوەی ئەوانەی لەکاردان.

٦.ئێران بۆی نیە دامەزراوەی نوێ بنیات بنێت بەمەبەستی پیتاندنی یۆرانیۆم لەماوەی ١٥ ساڵدا.

٧.بەکارنەهێنانی دامەزراوەی (فۆردۆ) و هەڵنەستان بە لێکۆڵینەوەی پیتاندنی یۆرانیۆم لەو دامەزراوەیەدا بۆ ماوەی ١٥ ساڵ. و هەوڵدان بۆ گۆڕینی بۆ دامەزراوەیەك کە بۆ مەبەستی ئاشتیانە بەکاربهێنرێت.

٨. ڕێگەدان بە ئێران بە پیتاندنی یۆرانیۆم تەنها لە دامەزراوەی ( ناتانز) بۆ ماوەی ١٠ ساڵ بە بەکارهێنانی ٥٠٦٠ ئامێری دەرکردەی ناوەندی لەنەوەی یەکەم.

بەم شێوەیە تاڕادەیەك توانای ئێرانیان قەتیس کردوە لانی کەم بۆ ماوەی ١٥ ساڵ و ئێران لەم ماوەیەدا زۆربەی کار و چالاکیە ئەتۆمیەکانی ڕادەوەستێنێت و لەژێر چاودێریدا دەبێت.هەموو ئەم خاڵانە دەبێت لەماوەی ٩٠ ڕۆژدا ئێران جێبەجێیان بکات و تا کۆتایی مانگی حوزەیرانی داهاتوو ئەوکات ڕێکەوتنامەی کۆتایی واژۆ دەکرێت .

- لەبەرامبەریشدا ئێران چەند دەسکەوتێکی وەدیهێناوە لەوانە:

١. هەڵپەساردنی سزا ئابوریەکانی سەپێنراو بەسەریدا، دوای دڵنیابونەوەی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی کەوا ئێران هەموو بەندەکانی ڕێکەوتنامەکەی جێبەجێکردوە.

٢. بەڵام گەر ئێران پابەند نەبوو ئەوا دەکرێت سزاکان نوێ بکرێنەوە.

٣. ڕاوەستاندنی کارکردن بەهەموو ئەو بڕیارانەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کە دەرکراون دەربارەی بەرنامە ئەتۆمیەکەی ئێران لە ڕابووردودا و لەکاتێکدا کە ئێرانیش چارەسەری هەموو هەنگاوەکانی کردوە لە ( پیتاندن و دامەزراوەی فۆردۆ و ئاراك و شەفافیەتدا).

٤. داڕشتنەوەی پڕۆژە بڕیارێکی نوێ لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا تایبەت بە گواستنەوەی تەکنەلۆژیای هەستیار و ..هتد.

٥. گێڕانەوەی سەپاندنی سزاکان لەکاتی پابەندنەبوونی ئێران بە ڕێکەوتنەکەوە.

٦. مانەوەی سزاکانی ئەمریکا لەسەر ئێران کە تایبەتن بە مەسەلەکانی تیرۆر و مافەکانی مرۆڤ و ڕۆکێتی بالستی بەپێی ڕێکەوتنەکە.

ئەم ڕێکەوتنە گەر بە ووردی لێبڕوانرێت کارێکی زەحمەت و دژوار بوە کە هەردوولا بگەنە ئەم ئاستە لە تێگەیشتن و متمانە بەیەککردن ، چونکە ماوەی زیاتر لە ٣٦ ساڵە کۆماری ئیسلامی ئێران دژایەتی هەموو سیاسەتەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا دەکات لەناوچەکەدا و بەهەمان شێوەش ئەوانیش تاتوانیویانە ئێرانیان لە قاڵب داوە و ڕێگەیان نەداوە بە ئاسانی گەشە بکات و بەچەندین ڕێگە سزای ئابوری و سیاسی و نێودەوڵەتیان بەسەردا سەپاندوە.

ئەم ڕێکەوتنامەیە گەرچی سەرەتاییە بەڵام ڕێگە خۆشکەرە بۆ ڕێکەوتنێکی کۆتایی و بەپێی ڕێکەوتنەکە ئیرادەی نێودەوڵەتی توانی سەربکەوێت و لانی کەم بۆ ماوەیەکی کاتی ١٥ ساڵەیی ڕێگە لەبەدەستهێنانی بۆمی ئەتۆمی ئێرانی بگرێت و ناوچەکە و دونیاش لە شەڕێکی قورس و دژوار دوور بخاتەوە و ئەمریکا و ڕۆژئاوا توانیان دڵنیایی بدەنە هاوپەیمانە عەرەب و کەنداویەکان و ئیسرائیلیش کە تا ماوەی ١٥ ساڵی تر سەلامەت دەبن لە هەڕەشەکانی ئێرانی ئەتۆمی.

- لەبەرامبەردا ئێران ڕاستە چۆتە ژێر باری ئیلتیزاماتێکی قورسەوە کە توانا ئەتۆمیەکەی تاڕادەیەکی زۆر قەتیس و بچوك دەکاتەوە، بەڵام لەسەر ئاستی ستراتیژدا توانی کە بیسەلمێنێت توانای وەدەستهێنانی بۆمبی ئەتۆمی و چەکی ئەتۆمی هەیە بۆ مەسەلەی ئاشتیخوازانە و دەتوانێت سوود لەو تەکنەلۆژیا پێشکەوتوە وەربگرێت. ئێران بەم هەنگاوەی خۆی کردە شەرێکێکی ئەمریکا و ڕۆژئاوا لەمەسەلەی ئەتۆمیدا و لانی کەم بوە لایەنێکی گفتوگۆکان لەسەر ئاستی دونیا لەمەسەلەی ئەتۆمدا، ئێران بەم ڕێکەوتنامەیە سەرەتایەکی نێودەوڵەتی و ڕەسمی و

دانپیادانراوی دونیای بۆ خۆی مسۆگەر کرد لەمەسەلەی ئەتۆمیدا. ئێران گەرچی بۆ ماوەی ١٥ ساڵ لەژێر چاودێری ئاژانسی ئەتۆمی نێودەوڵەتیدا دەبێت بەلأم دوای ١٥ ساڵەکە دەبێتە هێزێکی ئەتۆمی ناسراو لانی کەم ئاشتیخواز و هەرکاتێکیش بیەوێت دەتوانێت بۆ مەسەلەی سەربازیش سوودی لێببینێت.

ئەو خاڵەی کە جێگەی هەڵوێستە لەسەر کردنە ئەوەیە کە ناکۆکیەکانی ئەمریکا و سزاکانی لەسەر ئێران لەمەسەلەی تیرۆر و مافەکانی مرۆڤی ناوخۆی ئێران و موشەکە بالیستیەکانی ئێران نەبەسراوەتەوە بەم ڕێکەوتنامەیەوە و دەکرێت ئەمریکا و ئێران بەجیا لەسەر کۆی ئەم بابەتانە گفتوگۆ بکەن و بتوانن لەئەنجامی دانوسانەوە بگەنە ڕێکەوتنێکی تر. بەلأم ئەم کارەش بۆخۆی زۆر هەستیار و گرنگە چونکە مەسەلەی تیرۆر و هاوکاری مادی و مەعنەوی ئێران لە گروپە توندڕەوەکان و تیرۆریستان بەلای ئەمریکاوە بۆتە مەسەلەیەکی زێدە گرنگ و کاریکردۆتە سەر تەواوی مەسەلەکان لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و مەسەلەی دیموکراسی و ئازادی و مافەکانی مرۆڤیش لەناوخۆی ئێراندا یەکێکی ترە لەو بابەتانەی کە ئەمریکا گەرەکێتی گەشە و کرانەوەی زیاتری تیادا ئەنجام بدرێت.

لەمەسەلەی موشەکە بالستیەکانیشدا،ئێران بەجدی هەڕەشەیە بۆ سەر بەرژەوەندی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیشی لەناوچەکەدا و ئێران جگە لەهێزە ئەتۆمیەکەی خاوەنی هێزێکی سەربازی و سوپای گەورەیە کە کە لەسەر ئاستی دونیا ١٨ هەمین سوپایە لە ڕووی چەك و تەقەمەنی و ژمارەوە و خاوەنی هێزێکی موشەکی بالیستی زۆر گەورە و بەهێزە کە مەترسیەکانی هیچی کەمتر نیە لەمەترسی بۆمبی ئەتۆمی لەم قۆناغەدا. ئاشکراشە ئەم ڕێکەوتننامایە خاڵی نهێنیش لەخۆی دەگرێت کە ڕەنگە پەیوەندی بەتەواوی مەسەلەکانی ناوچەکە وە هەبێت.

بۆیە هەموو ئەم بابەتانە بۆخۆیان بون و دەبنە کێشە و گرفت لەبەردەم ئەم ڕێکەوتنەدا و هیچ کەس و لایەنێکیش ناتوانێت زامنی تەواوی جێبەجێکردنی ڕێکەوتنەکە بکات . چونکە لەهەموو ئان و ساتێکدا دەشێت کێشە و گرفتە سیاسی و ئابوری و سەربازیەکان و بەرژەوەندیە تێکچڕژاوەکانی هەموو لایەنەکان تێك بگیرێن و ببنە کۆسپ لەبەردەم سەرگرتنی ڕێکەوتنەکەدا. و لەهەردوولاشەوە لایەن و گروپی توندڕەو هەن کە گەرەکیانە ڕێکەوتنامەکە نەگاتە ئەنجام و درێژە بە ململانێکانیان بدەن . بەشێوەیەکی گشتی ڕێکەوتنەکە لەبەرژەوەندی ئاشتی دونیا و ناوچەکەدایە و هەردوولایان کەم تازۆر سوودمەند دەبن لەم ڕێکەتننامەیە.

---

*ئەم بابەتە لە سایتی مەکتەب ڕێکخستن و پێنوسەکان لە ٢٠١٥/٤/١٢دا خەندان ٢٠١٥/٤/١٣ دا بلأوکراوەتەوە.

# ئەرێ داعش گەلانی عێراقی یەکخست یان پەرتی کردن؟*

• جێگری سەرۆکی ئەمریکا جۆ بایدن لەم ڕۆژانەدا ڕایگەیاند کەوا داعش هۆکاری یەکخستنەوەی گەلانی عێراق بوە و هەموانی کۆکردۆتەوە لەسەر دژایەتیکردنی تیرۆر و تیرۆریستان..

گەر بەدیقەت لەسەر زەمینەی واقیع لەم ڕاگەیاندنەی بایدن ووردببینەوە، ئەوا لە دیویکەوە ئەم وتەیە ڕاستە ، چونکە داعش بەبێ جیاوازی لەیەك کاتدا دژایەتی و دوژمنایەتی هەموو ئاین و مەزهەب و نەتەوەکانی دەکرد لە عەرەب و کورد و ئیسلام و مەسیحی و ئێزیدی وسونی و شیعەشەوە..داعش پێش کوشت و کوشتاری شیعەکان پەلاماری ناوچە سونیەکانی دەدا لە ڕومادی و موصلێ و تکریت و بوە هۆکاری کوشتن و بڕینی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی بێتاوانی ئەو ناوچانە و دواتریش ڕاوڕووتکردن و دزینی سەروەت و سامانی خەڵکی و حکومەت و وێران و کاولکردنی ئەو ناوچانە. کە هەموانیان عەرەب و سونە مەزهەبیش بوون، مەبەستی سەرەکی داعشیش دیاربوو کە داگیرکردنی بەغداد و ڕووخاندنی دەوڵەت و حوکمی شیعە مەزهەبی عەرەبەکان بوو، بەڵام نەیتوانی ئەو کارە بکات و شکستی خوارد.

لە نیوەی ڕێگەشدا پەلاماری هەرێمی کوردستانی داو بەنیازی خۆی بیکاتە ولایەتێکی ئیسلامی وجێگیری بکات و هەرێمی کوردستانی بە پاروویەکی سانا دەزانی ، بەڵام خۆشبەختانە کورد توانی بەتەنها سەنگەری بەرگری لەهەموو مرۆڤایەتی بگرێت دژی داعش و تیرۆریستان و بەسەدان بریندار و زیاد لە ۱۰۰۰ ڕۆڵەی کورد شەهید بکات لە پێناو پاراستنی ئەمن و ئاسایش و دەسکەوت و ئەم ئەزمونەی گەلەکەماندا و توانراوە تاکو ئێستا سەرکەوتنی گەورە بەدەستبێنێت و پاشەکشەش بە داعش بکات.

داعش ئێزیدی و مەسیحی و کلدۆ ئاشوری و کاکەیی و هەموانیانی کردۆتە ئامانج لە کوشتن و بڕین و ئاوارەکردن و دەستبەسەراگرتنی سەروەت و سامان و ماڵ و حاڵ و ژن و منداڵیان.

داعش بەم سیاسەتە هەڵە و بەم بیرکردنەوە دواکەتوەی خۆی کردە نمونیەکی زۆر ناشیرینی ئیسلام و هەموانی لەخۆی توڕەکرد و لەماوەی کەمتر لە ٦ مانگدا ڕووی ڕاستەقینە و ماهیەتی خۆی پیشان هەمواندا کە دژی مرۆڤ و مرۆڤایەتی و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی و سەروەری یاسا و تەنانەت دژی ئاینی ئیسلامی پیرۆزیشە نەك تەنها مەسیحی و ئێزیدی و ئەوانی تر..هەربۆیە هەموانی یەکخست لەدوژمنایەتیکردنیدا.

بەڵام گەر لەدیویێکی ترەوە بڕوانینە هەوڵەکانی داعش ئەوا بەپلەی یەکەم و ئیمتیاز داعش بوە هۆکاری لێکترازان و لێکهەڵوەشانی هەموو پێکهاتەکانی گەلانی عێراق و عێراقێکی تاڕادەیەك یەك و یەکگرتوی ئاینی و مەزهەبی و نەتەوەیی کردە گەلانێکی لێکدابڕاو و دوژمن بە یەکتری و لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٣وە تاکو ئێستا لەسەر دەست و سیاسەتی توندڕەوی قاعیدە و گروپە توندڕەوە ئیسلامیەکان و دواتریش داعش هەموانیان بونە دوژمنی سەرسەختی یەکتری و سونە و شیعەی عەرەب لەگەڵ یەکدا و کورد و عەرەب پێکەوە دژ بەیەك و مەسیحی و ئیسلامی و ئێزیدی دژ بەیەك. لەئێستادا هەموان هێندەی دوژمنی یەکترن دوژمنی داعش نین و زۆر جارانیش هەندێك لایەن بە ئاشکرا و بەنهێنی هاوکاری و کارئاسانیی داعشیان دەکرد دژ بەیەکتری.

ئەوەتا هەر داعش بوە کە بۆتە هۆی دروستبوونی هێزی حەشدی شەعبی شیعە مەزهەب کە تەنها دژایەتی ناوچە سونی و سونیەکان دەکات و پێش دەچێت لەئایندەشدا دژایەتی کوردیش بکەن وەکو نەتەوە و وەکو سونە مەزهەبیش کەئەمەش بۆخۆی هۆکاری لێکترازانی زیاترە نەك کۆکردنەوە و لێکنزیکردنەوەی هەموو پێکهاتەکان.کەواتە داعش هیچ کات هۆکاری کۆکەرەوەی عێراقیەکان نەبوە بەڵکو هەمیشە هەوڵی پەرتکردن و لێکدوورخستنەوەیانی داوە و هەر ئەم سیاسەتەش وایکردوە کە هەموان بێنە سەر ئەو بڕوایەی کە عێراق چیدی ناتوانێت بە یەك و یەکگرتوویی بمێنێتەوە ودابەشبببێتە سەر سێ ناوچەی شیعە و سونە و کوردنشین و بەمەش چیدی عێراقێکی یەك و یەکگرتویی نامێنێت و دەبێتە ٣ وڵاتی جیاواز.کە ئەمەش بۆخۆی لە گۆڕانانی دەوڵەتی عێراقی یەکگرتوە بۆ هەتاهەتایی و لێکدابڕانی گەلانی عێراقیشە.. ئیدی پرسیار ئەوەیە داعش چۆن هۆکاری یەکخسنەوەی گەلانی عێراقە.نەك بەتەنها عێراق بەڵکو داعش هەموو دونیای کردە دوو سەنگەری دژ بەیەك ، ئەوەتا لە ڕیزەکانیدا بەهەزار هەزار هاوڵاتی ئەمریکی و ئەوروپی و ڕۆژهەلاتی بە نەتەوە و ئاین و مەزهەبی جیاواز لە ڕیزەکانیدا دژی هەموو بەهاو ئاکارە پیرۆزەکانی مرۆڤایەتی دەجەنگن و تەنانەت خودی کۆمەڵگاکانی ئەمریکاو ئەوروپاشی لێکترازاندوە و کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتیشی تیادا دروستکردوون.بەم شێوەیە هێزێکی کۆنەخواز و دواکەوتوو دژ بەمرۆڤایەتی وەکو داعش هیچ کاتێك نەبۆتە هۆکاری یەکخستنی گەلانی دونیا بەڵکو بۆتە هۆکاری تۆخکردنەوەی ململانێ و دوژمنایەتی و زیاتر دوورخستنەوەی کۆمەڵگانی مرۆڤایەتی لەیەکتری.

---

*ئەم بابەتە لە سایتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و مەکتەب ڕێکخستن و پێنوسەکان و SNN لە ٢٠١٥/٤/٢٧دا وخەندان ٢٠١٥/٤/٢٨ دا بڵاوکراوەتەوە.

# مۆتەکەی دابەشکردنی عێراق لە کوێوە و بۆ کوێ؟*

- کاتێك مەملەکەتی عێراق لەساڵی ١٩٢١دا لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بەزۆرە ملێ پێکەوەنرا دوور لەخواستی زۆرینەی گەلانی عێراق لە عەرەب و کورد و تورکومان و مەسیحی و ئیسلام و سابیئە و ئێزیدی و کلدۆ ئاشوری و ..هتد.ئیدی لەو ڕۆژگارەوە خەون و ئاواتی جیابونەوە و لێکدوورکەوتنەوە لەلایەن هەموو ئەو پێکهاتانەوە سەوز بوە لەناخ و ڕۆحیاندا. عێراق بەو پێکهاتە عەجیب و غەریبەیەوە تا ئێستا وەك دەڵێن بەیەك و یەکگرتویی ماوەتەوە ، بەڵام لەدرێژەی ئەو تەمەنە ٩٤ ساڵییەدا گەلێك شۆڕش و ڕاپەڕین و کودەتای سەربازی تیادا ئەنجام دراوە. گەلانی عێراق بەبەردەوامی لەسایەی دەسەڵاتێکی زۆردار و خۆسەپێن و تاکڕەو و بەئاگر و ئاسن حوکمکراون.. هەربۆیە ئەم وڵاتە لەلایان بۆتە دۆزەخ و هەمیشە ویستویانە ڕۆژێك زووتر لێی جیاببنەوە و سەربەخۆیی و ئازادی خۆیان وەدەستبخەن.

بیرۆکەی دابەشبوونی عێراق بۆ سێ دەوڵەتی بچووك لەمێژە بیری لێکراوەتەوە و پێشنیازکراوە ، ئەوەتا سەرەتا پێش ڕووخاندنی ڕژێمی شای ئێران ، زلهێزەکانی ئەو کاتەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات لە دوورگەی گوادالۆپێی فەرەنسی دەریای کاریبی لە ئەمریکای ناوەڕاست لە ساڵی ١٩٧٩دا بڕیاریان لەسەر گۆڕانکای و دابەشکردنەوەی جوگرافیای ئەم ناوچەیە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داوە بەبەرژەوەندی خۆیان.ئەوەبوو یەکەم پرۆسەی گۆڕانکاریەکانیش بریتی بوو لە شۆڕشی ئیسلامی ئێران و ڕووخاندنی ڕژێمی حەمەڕەزای شای ئێران دوای ٤٣ ساڵ لە دەسەڵات و گوێڕایەڵی بۆیان.دواتر لەلایەن مەناحیم بیگنی سەرۆك وەزیرانی ئیسڕائیلەوە لە ١٩٨٠/١٢/١١دا پێشنیازی کردوە عێراق تاکە دەوڵەتی عەرەبیە کە دوژمنایەتی ئیسڕائیل دەکات بۆیە دەڵێت دەبێت عێراق دابەشببێتە سەر سێ دەوڵەتی کورد و سونە و شیعە.هەر ئەو مەترسیەش بوو کە عێراقیان ڕاپێچی جەنگێکی ٨ ساڵە کرد لەگەڵ ئێراندا و دواتریش لەساڵی ١٩٨١دا ئیسڕائیل لە دامەزراوە ئەتۆمیەکەی عێراقیشیدا.

ئەم بیرۆکەی دابەشبوونی عێراقە وەك مۆتەکەیەك ناو بەناو دەهاتە سەر سنگی عێراق و دەسەڵاتدارانی و ترس و بیمی لەناخدا دروست دەکردن، ئەوەتا جارێکی تر ولەساڵی

٢٠٠٦دا لەلایەن لیژنەیەکی ١٠ کەسی لە سەناتۆرەکانی ئەمریکاوە کە بە پڕۆژەی بیکەر–هاملتۆن ناسراوە داوای دابەشبوونی عێراقیان کردۆتەوە بۆ سەر ٣ دەوڵەتی کوردی و سونی و شیعی.دوای ساڵێکیش لە ٢٠٠٧/٩/٢٦دا لەلایەن سەنەتۆری ئەمریکی جۆ بایدنی دیموکراتیەوە پێشنیاز و پڕۆژەی دابەشکردنی عێراق کراوەتەوە بۆ سێ دەوڵەتی کوردی و سونی و شیعی.

بەم شێوەیە بیرۆکەی دابەشکردنی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٤٠ ساڵ لەمەوپێش و لە ئێستاشدا واپێدەچێت گەیشتبێتە دوا قۆناغەکانی بۆ جێبەجێکردنی لەسەر زەمینەی واقیع.چونکە زەمینەیەکی لەبار و گونجاو ڕەخساوە بۆ ئەو مەسەلەیەو ئیدارەی ئەمریکا بە دیموکرات و کۆماریەکانەوە گەیشتونەتە ئەو باوەڕەی کە دوای ١٢ ساڵ لە ڕزگارکردنی عێراق و حوکمڕانی شیعەکان کە ئیدارەیەکی سەرکەوتوو نەبوون و وێنایەکی گەش و جوانی پێکەوەژیان و دیموکراسیان هەست پێنەکردوە،گەرەکیانە کە ئەم عێراقی بەزۆر لکێنراوە جیابکەنەوە و هەر یەکە لە کورد و سونە و شیعە بکەنە خاوەن دەوڵەتێکی بچوکی بێهێز لەناوچەکەدا هاوشێوەی شێخنشینەکانی کەنداوی عەرەب بۆئەوەی بە سانایی بتوانن هێز و دەسەڵاتی خۆیانیان بەسەردا بسەپێنن و بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوری و نەوتی و سەربازیەکانی خۆشیان بپارێزن ئەمە نیەتی ڕاستەقینەی بیردۆزەی فەوزای دروستکەرە کە لەساڵی ١٩٧٩وە پلانی بۆ داڕێژراوە بەوەی کە دەوڵەتە گەورەکانی ناوچەکە دابەشبکەنە سەر وڵاتانێکی بچوکی بێهێز و لەم چوارچێوەیەشدا تورکیا و ئێران و سعودیەش پاڵێوراون بۆ ئەو دابەشبونە.

شەڕی داعش و تیرۆریستانیش هێندەی تر جیاوازی و ململانێکانی پێکهاتەکانی عێراقی گەورە و فراوانکردو ئەم جەنگەش توانا ڕاستەقینەکانی هەرسێ پێکهاتەکەی دەرخست کە کامیان بە ڕاستگۆیانە بەرگری لەسەروەری خاکی عێراق دەکەن، ئاشکرایە نزیکەی ساڵێکە داعش هێرش و پەلامارەکانی کردۆتە سەر عێراق و توانی موصڵ و تکریت و گەلێك جێگەی تر و ڕومادیش داگیربکات لەئەنجامی بێتوانایی سوپاو سەرکردایەتی شیعی عێراقەوەو لەم هێرشانەشدا کوردستان بەشی شێری بەرکەوت و تەنها هێزی پێشمەرگەی قارەمان بووکە توانی بەتەنها بەرگری لە خاکی هەرێم و تەواوی سەروەری عێراق بکات و زیاد لە ١٢٠٠ شەهید و ٣ هەزار بریندار بدات و بێ پشتوپەنایەکی ڕاستەقینە لە بەغدادەوە.بەڵکو ئەوە تەنها هێز و بازوو و دڵسۆزی کورد و پێشمەرگە بوو بۆ خاك و

نیشتمانەکەی. لەلایەکی تریشەوە ئەوەی لەم جەنگەدا زیانی گەورەی پێگەیشت سونەی عەرەب بوو چونکە هەموو شەڕەکان لەسەر خاکی سونە و دانیشتوانەکەی بوون، هەربۆیە ئەوانیش هەستیان بەبێ پشتیوانی بەغداد کرد و بونە لایەنێك کە گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە ناتوانرێت پشت بە بەغدادی شیعی ببەسرێت لەشەڕی دژ بەداعش و ڕزگارکردنی ناوچە سونە کانیاندا.هەربۆیە لەوپەڕی دژایەتیکردنیان بۆ هێزەکانی هاوپەیمانی و ئەمریکا بایاندایەوە بۆ دۆستایەتیکردن و داواکردنی یارمەتی و هاوکاری سیاسی و سەربازی.ئەم هەڵویستە و تێڕوانینەی کوردو سونە بەلای شیعەکانەوە سەخت بوو، هەربۆیە ویستی لەلایەك ئەو بەدگومانیەی کوردو سونە بڕەوێنێتەوە و لەلایەکی تریشەوە ویستی بەهێزی گروپ و میلیشیا شیعەکان و لەسەروو هەموشیانەوە حەشدی شەعبی ئەو ناوچانە ڕزگاربکاتەوە، بەڵام چونکە نیەتێکی ڕاستگۆیانەیان نەبوو تا ئێستا نەیانتوانیوە سەرکەوتن بەدەستبێنن، شیعە هەرچەندە لە سەردەمی دەسەڵاتی حیزبی بەعسدا خۆی زوڵم و زۆری بینیوە بەدەست دەسەڵاتی مەرکەزی بەعسی بەغدادەوە کەچی ئێستا بۆخۆی لایەنگری سەرسەختی دەسەڵاتی مەرکەزی و خۆسەپاندنە و نایهەوێت سیستەمی فیدڕاڵی بچەسپێت و هەرێمی زیاتر دروست ببێت.

لە ئەنجامی ئەم ڕاستیانەوە لیژنەی هێزە چەکدارەکان لە کۆنگرێسی ئەمریکیدا لە ڕۆژی پێنجەشەمە ٢٠١٥/٤/٣٠دا بەکۆی ٦٠ دەنگ و ٢ دەنگی دژ پڕۆژە بڕیارێکیان پەسەند کرد بەمەبەستی هاوکاریکردنی ڕاستەوخۆی کورد و سونەکانی عێراق بە چەك و بڕی ٢٥٪ ی ٧١٥ ملیۆن دۆلار یان بۆ دابینکردوە و گەر حکومەتی بەغداد پڕۆسەی ئاشتەوای نیشتیمانی و پێکەوەژیانی پێکهاتەکان و بەشداری ڕاستەقینەیان نەکات لە دەسەڵات و هاوکاری و پشتیوانی حەشدی شەعبی نەبڕێت و هێزێکی پارێزەری سونەش دانەمەزرێت ، ئەوا بڕی ٦٠٪ ئەو پارەیە ڕاستەوخۆ دەدرێتە کورد و سونەکان.ئەم هەڵوێستەی ئەمریکا بۆخۆی وەك دوا ئاگادارکردنەوەی شیعەکانە و گەرەکێتی تێیان بگەیەنێت کە چیدی عێراقێکی یەکگرتوو نامێنێنەوە و ئەمریکا وەك دوو دەوڵەتی سەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ کورد و سونەدا دەکات و دابەشبونی عێراقیش چیدی وەك مۆتەکە و شەبەح نامێنێتەوە و دەبێتە ئەمری واقیع و بە تەنهاش ئێوەی شیعە مەزهەب لێی بەرپرسیارن. ئاشکراشە ئەم بڕیارە لەم سات و کاتەدا و دوای نزیکبونەوەی ڕێکەوتنی ئێران و ڕۆژئاوا لەسەر مەسەلە ئەتۆمیەکەی بەدوور نازانرێت کە ئەو ململانێیانەی ئێران و ئەمریکاش ڕۆڵیان هەبێت لەم

بڕیارەدا، بەهەمان شێوە ناوچەی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست وەك پاکێجێك وایە و هەموو مەسەلەکان گرێدراوی یەکترین وەك مەسەلەی فەلەستین و سوریا و عێراق و یەمەن و حیزبولاّی لوبنانی و ولاّتانی کەنداو و ..هتد. بۆیە دەکرێت ئەو زلهێزانە گەمەی سیاسی خۆیان لەسەر هەر مەسەلەیەك بکەن و سازش و نەرمونیان بن و کارتی فشاری خۆشیان بەکار بێنن.

ئەوەی ماوەتەوە ئەم بڕیار و هەڵوێستەی ئەمریکا تەواو گونجاوە لە گەڵ خەون و ئاواتەکانی کوردا و دەکرێت ببێتە ڕێگە خۆشکەرێك بۆ دامەزرازندنی دەوڵەتی کوردی و جارێکی تریش لەیادی ١٠٠ ساڵەی ڕێکەوتنامەی سایکس بیکۆی ساڵی ١٩١٦ دا ئەو زوڵمە مێژووییە لەسەر کوردو کوردستان هەڵبگرن و لەپای ١٠٠ ساڵ لە دابەش وداگیرکردن پاداشتمان بدەنەوە بە دامەزراندی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی، کە لە ئێستادا و نزیکەی یەك ساڵی ماوە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا هەردوو حیزبی دیموکرات و کۆماریەکان لەهەڵپەی ئەوەدان کە کاری گەورە بکەن بۆ سەرنج ڕاکێشانی هاولاّتیانی خۆیان و دۆستەکانیان لەناوچەکە و دونیاشدا، خوابکەین ئەمەش گەمەیەکی سیاسی کاتی نەبێت و خەونە دێرینەکەمان لێ نەکەنەوە بەبڵقی سەر ئاو ، بۆیە گەرەکە کورد لەم دابەشبونە نوێیەی ناوچەکەدا ڕۆڵ و کاریگەری هەبێت و سایکس بیکۆی دووەم بەبەرژەوەندی خۆی تەواو بکات.

---

*ئەم بابەتە لە سایتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و مەکتەب ڕێکخستن و پێنوسەکان و ڕادیۆ ناوخۆ لە ٢٠١٥/٥/٣دا وهەوالّ ژمارە ٦١٦ لە ٢٠١٥/٥/٩ دا بلاّوکراوەتەوە.

# جارێکی تریش کێشەی
# نەوت و بودجە لە نێوان هەرێم و بەغداد گەرم بۆوە.. *

- لە بەرواری ٢٠١٤/١٢/٢دا هەرێمی کوردستان و بەغداد ڕێکەوتنێکیان واژۆکرد لەسەرئەوەی کە ڕۆژانە هەرێم بڕی ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی هەرێم و ٣٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی کەرکوك لە ڕێگەی هێڵی بۆری نەوتی هەرێمەوە لە بەندەری جیهانی تورکیەوە لەژێر کۆنترۆڵی کۆمپانیای فرۆشتنی نەوتی عێراق ((سۆمۆ))وە بفرۆشێت و لەبەرامبەریشدا بەغداد پشکی ١٧٪ هەرێم بەتەواوەتی و لەکاتی خۆیدا ڕەوانەی هەرێم بکات . ئەم ڕێکەوتنە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقەوە بەکۆی دەنگ پەسەند کراو دواتر بەیاساش لە پەرلەمانەوە بوە بنچینەی پەسەندکردنی پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٥ ی عێراق. و ئەم ڕێکەوتنە بوە مایەی دڵخۆشکردنی هەموان و بەتایبەتیش هەرێمی کوردستان و دەبوایە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٥وە جێبەجێبکرایە،چونکە هەرێم ماوەی ساڵی ٢٠١٤ بە تەنگژەیەکی دارایی قورسدا تێپەڕیکرد بەهۆی نەناردنی موچە و بودجە و شەڕی سەپێنراوی داعشەوە.

بەڵام ئەوە ٤ مانگی تەواوە هیچ لایەك نە هەرێم و نەبەغداد نەیانتوانیوە پابەندی تەواوی ڕێکەوتنامەکە بن، هەرئەمەش وایکردوە کە تا ئێستا کێشەی فرۆشتنی نەوت و ناردنی بەشە بودجەی هەرێم بەردەوام بێت و لەم مانگی نیسانەشدا کێشەکان گەرمتر بونەتەوە لەگەڵ بەرزبونەوەی پلەی گەرمای عێراقدا، بەهۆی ئەوەی کە هەرێم بەپێی ڕاپۆرتی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان کە لە ٢٠١٥/٥/٦ دا بلاویکردۆتەوە دەڵێت (( ١٦٨٧٨٩٨٥ بەرمیل لەنەوتی خاو واتە بەتێکڕای ٥٦٢٦٣٣ بەرمیل ڕۆژانە لە ڕێی هێڵی بۆری کوردستانەوە هەناردەی بەندەری جیهانی تورکی کردوە)) و بۆیە پێویستیشە بەغداد لەمانگی نیساندا بڕی ١ تریلیۆن و ٢٠٠ ملیار دینار وەك بەشە بودجەی هەرێم بنێرێت، لەبەرامبەریشدا بەغداد دەڵێت هەرێم تەنها بڕی ٤٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە فرۆشتوە و هەربۆیە سەرەتا بڕی ٥٤٣ ملیار دیناری خستۆتە سەر حسابی هەرێم و دواتریش بەبێ هۆیەکی دیاریکراو ڕێژەی ١٠٪ بڕیوە کە دەکاتە ١٨٥ ملیار دینار. بۆیە گەر هەرێم لە ٣ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا کەمتەرخەم بوبێت ئەوا بەدڵنیایی لەمانگی نیساندا بەغداد کەمتەرخەمە و

خۆی لە ئەرك و بەر پرسیارێتی یاسایی بەرامبەر هەرێم دەدزێتەوە و لە ئێستاوە هیچ گلەییەك نامێنێت لەسەر هەرێم و دەبێت هەموانمان ڕوو بکەینە بەغداد و داوای تەواوی موستەحەقاتی هەرێم بکەین بە هەموو جیاوازی دەنگ و ڕەنگەکانمانەوە و بەیەك گوتار و هێز و هەڵوێستەوە بەغداد ناچار بکەین بە ناردنی پشکی تەواوی ١٧٪ ی هەرێم و ، ئیدی کۆتایی بە تراجیدیایی بێ موچەیی و بێ بودجەیی بهێنین و ڕێگەنەدەین لەمە زیاتر درێژە بکێشێت.

- **لێرەدا پرسیار ئەوەیە ، ئەم ناڕۆشنی و ناشەفافیەتە بۆ لەلایەن هەردوولاوە؟ هۆکار چییەو چارەسەر چۆنە؟**

بەدڵنیاییەوە هەرێم لە مانگەکانی ١ و ٢ و ٣ دا نەیتوانیوە کە پابەندی خۆی ڕابگەیەنێت بەفرۆشتنی نەوتەوە کە ڕۆژانە ٥٥٠ هەزار بەرمیلە ، بەڵام خۆشبەختانە لەمانگی نیساندا توانیویەتی ئەو بڕە نەوتە بفرۆشێت و بەمەش بۆ یەکەم جار کورد تەواوی پابەندی خۆی بە ڕێکەوتنەکەوە کردوە ، بەڵام بەغدادیش دەڵێت ٣ مانگی یەکەمی ئەمساڵ کە هەرێم نەیتوانیوە پابەندی ڕێکەوتنەکە بێت هەربۆیە تا ئەو کاتەی ئەو بڕە نەوتە کەمەی کە نەیتوانیوە بیفرۆشێت تەواو دەکات ئەو کات بەغداد پابەندە بە ناردنی بەشە بودجەی هەرێمەوە.

ئەم ناردن و نەناردنی نەوتە لە نێوان هەرێم و بەغدادا بۆتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ گەرمبونەوەی کێشەکان.

هەربۆیە دەبێت هەردوولا لەنزیکەوە گفتوگۆی جدی بکەنەوە و زۆر بەڕاشکاوانە خاڵ بخەنە سەر پیتەکان و بەبێ دوودڵی و ترسەوە تەواوی مەسەلەکان یەکلا بکەنەوە. ناکرێت بەم شێوەیە ساڵی ٢٠١٥ ش هەروا بڕوات و میلەتەکەشمان بەبێ موچەیی ساڵ بەڕێبکات و بەبێ بودجەش وڵات بەڕێوە ناچێت.

گەر بەغدادیش ڕازی نیە بەو یاسایەی کە لە پەرلەمانی عێراقەوە دەرچوە ئەوا هەرێم بە ناچاری دەستکراوە دەبێت کە ڕاستەوخۆ و تاك لایەنە نەوتی خۆی بفرۆشێت و کێشەی دارایی خۆی چارەسەر بکات. و لەئێستادا کە هەرێم بڕی فرۆشتنی گەیاندۆتە ٥٥٠ هەزار بەرمیل لەڕۆژێکدا واتە لە مانگێکدا دەتوانێت بڕی ١٦٥٠٠٠٠٠ بەرمیل نەوت بفرۆشێت و گەر ١ بەرمیلیش بە ٦٠ دۆلار بفرۆشێت ئەوا بڕی پارەکەی دەکاتە ٩٩٠ ملیۆن دۆلار و لە ئێستاشدا خۆشبەختانە نرخی ١٠٠ دۆلار بریتیە لە ١٣٠ هەزار دیناری عێراقی و بەم پێیەش کۆی بڕی پارەی نەوتی فرۆشراو دەکاتە ١ تریلیۆن و ٢٨٧ ملیار دیناری عێراقی کە ئەمە تەواوی بەشە بودجەی هەرێمە بۆ مانگێك و دەتوانرێت موچە و خەرجیەکانی تریشی لێدابین بکرێت. و بەم شێوەیە دەتوانرێت پشت بەداهاتی نەوتەکەمان ببەسرێت و هیچ پێویستیمان بەو بڕە پارەیەی بەغداد نەمێنێت کە بەو شێوە نارێك و پێکە بۆمان دەنێرێت وەك ئەوەی کە سواڵی لێبکەین.

وەك وەزارەتی سامانە سروشتیەکانیش ڕایان گەیاندوە کە تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٥ دەتوانرێت بڕی نەوتی فرۆشراو بگەیەنرێتە ٨٠٠ هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا . کە بەم بڕە نەوتە بەتەواوەتی لە کێشەی دارایی و بیٚ موچەیی و بیٚ بودجەیی ڕزگارمان دەبێت. بۆیە دەکرێت کاری جدی بکرێت لەگەڵ کۆمپانیا نەوتیە جیهانیەکاندا و دۆزینەوەی بازاڕ و کارئاسانیکردن بۆیان.

لەماوەی ساڵ و نیوی ڕابووردوودا تەنانەت پێشتریش هەرێم هەستی بە بونی نیەتێکی ڕاستگۆیانە نەکردوە لەلایەن بەغدادەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و دوای چەندین سەردان و کۆبونەوە ڕۆژ بەڕۆژ بەغداد لە بەڵێن و ڕێکەوتنەکان پەشیمان دەبێتەوە و جۆرە خۆ دزینەوەیەك پیشان دەدات، هەموان دڵمان خۆش بوو بەوەی کە کابینەی نوێی حکومەتی عێراقی بە ڕۆحیەتێکی نوێوە مامەڵە لەگەڵ هەرێم دەکات بەڵام بەداخەوە ئەوەی لەسەر زەمینەی واقیع دەیبینین تەنها دووبارەکردنەوەی ڕابوردوە بەڵام بەشێوەیەکی توندتر و کوشندە تریش. بۆیە بیٚ متمانەیی لەنێوان هەردوولادا هۆکاری سەرەکیە و ئەرکی هەردوولاشە کار بکەن بۆ ڕەواندنەوەی هەور و تەمی ئەو بێمتمانەییە، گەر بیانەوێت درێژە بە کاری پێکەوەیی و پێکەوە ژیانی بدەن لە عێراقێکی یەکگرتووودا، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت دەسەڵاتدارانی بەغداد کە لە مەزهەبی شیعەن بۆخۆیان هانی هەرێمی کوردستان و سونە مەزهەبەکانیش دەدەن بۆ جیابونەوە و وەدەرنانیان لەو عێراقەی کە هیچ لایەك پێویستی پێی نەماوە، لەڕێگەی فشار و گوشاری سیاسی و ئابوری و سەربازیەوە و بەشدارینەکردنێکی ڕاستەقینە لەسەرجەم ئۆرگانەکانی حکومەتی عێراقیدا بە پێی ئیستیحقاقی هەڵبژاردنەکان و چێنەکردنی پڕۆسەیەکی ئاشتەوایی ڕاستەقینەی نیشتیمانی، کە بەم شێوەیە و لەماوەی ١٢ ساڵی دەسەڵاتیاندا وێنەیەکی جوان و گەشاوەیان پێشکەش نە بەکورد و نە بەسونە و نەبە هیچ پێکهاتەیەکی عێراقی و ناوچەکە و دونیاش نەکردوە، هەربۆیە دەسەڵاتدارانی عێراقی لە بەغداد سەرکەوتوو نەبون لە پاراستنی ڕیزەکانی گەلانی عێراقدا ، ئیدی مافی هەموانیشە کەوا داوای مافە ڕەواکانی خۆیان بکەن لەسەر بنەمای پێکەوەکارکردن و تەوافوقی سیاسی و دیموکراسیەت کە هەموان لە دەستوردا دانیان پیاداناوە.بە پێچەوانەشەوە ئەوە تەنها دەسەڵاتدارانی بەغدادن کە گەرەکیانە عێراق دابەش ببێت و گەلانی عێراقیش لێکجودا ببنەوە و سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری خۆیان دابین و مسۆگەر بکەن.

---

*ئەم بابەتە لە کوردستانی نویٚ ژمارە ٦٦٨١ و سایتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و مەکتەب ڕێکخستن و پێنوسەکان لە ١٧و٢٠١٥/٥/١٨دا و خەندان لە ٢٠١٥/٥/٢٠ وهەواڵ ژمارە ٦١٨ لە ٢٠١٥/٥/٢٣ دا بڵاوکراوەتەوە.

## کابینەی هەشتی حکومەت و قەیرانەکان دووڕووی دراوێکن ! *

- لەبەرواری ٢٠١٤/٦/١٨دا کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان سوێندی یاساییان خوارد و متمانەیان وەرگرت و ئیدی بەڕەسمی بونە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێم و دەست بەکار بوون. هەر لەسەرەتاوە جیاوازی ئەم کابینەیە لەکابینەکانی پێشتر دەرکەوتن بەوەی کە نزیکەی ٩ مانگی خایاند تا لەدایك بوو و هاتە بوون و پێکهێنان و بەمەش درێژترین ماوەی پێچوو تا پێکهێنرا و ڕێکەوتنی لەسەر کرا (( کە هەر ئەمەش نیشانەی خراپ بوو بۆ کابینەکە))و دووەم جیاوازیش ئەم کابینەیە ناوی لێنرا کابینەی بنکە فراوان چونکە هەر سێ حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکەش بەشداریان تیادا کرد بە پێچەوانەی کابینەکانی ترەوە کە پێیان دەوترا کابینەی دوو حیزبەکە . هەموان زۆر دڵخۆش بووین بەوەی کە ئەم کابینەیە دەبێتە جێگە متمانەی زۆرینەو حکومەتێکی بەهێز و دەتوانێت کێشە و گرفت و قەیرانەکان چارەسەر بکات و جەماوەری کوردستان بخاتە قۆناغێکی نوێوە و خۆشی و خۆشگوزەرانی و ئاوەدانی زیاتر و پڕۆژە و کار و بەرهەمی زیاتر بۆ جەماوەر برەخسێنێت و وەدیبێنێت.
- بەڵام بەداخەوە لەماوەی ساڵێکی تەمەنی ئەم کابینەیەدا ئەوەی خەونمان پێوە دەبینی نەهاتە دی و بەڵکو زۆرێك لەوەی کە هەشمان بوو لەدەستماندا ،ئەوەتا لە ئێستادا نزیکەی ٤٩٠ ڕۆژە کە بەشە بودجەی حکومەتی هەرێم کە بڕی ١٧٪ ی پشکی هەرێمە بڕدراوە و مووچەی مووچەخۆرانیش بەهەمان شێوە نەماوە و بە ٣ مانگ جارێك مووچە دەدرێت، زۆربەی پڕۆژە ئاوەدانیەکان لەکار ڕاوەستاون و بێکاری ڕووی کردۆتە وڵات و خزمەتگوزرایەکان لە ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبا و ڕێگاوبان و پرد وتەندروستی و پەروەردە و ..هتد. هەموانیان پەکیان کەوتوە و زۆر خراپتر بون لە ساڵانی سەرەتای ڕاپەڕین ، حکومەت بۆتە قەرزاربار و وڵاتی تووشی قەیرانێکی دارایی قوڵ کردۆتەوە و ئاسۆکانی چارەسەریش دیار نین، ئەمە لەناوخۆی کوردستان و لەگەڵ عێراقیشدا ڕۆژ بە ڕۆژ قەیران و کێشەکان قوڵتر دەبنەوە و چارەسەرەکانیش وونتر دەبن و دوور دەکەونەوە ، لەگەڵ

دەوڵەتانی دراوسێشدا هیچ کات پەیوەندیە سیاسی و ئابوریەکان هێندە گەرم و گوڕ نەبون کە هەرێم دڵنیابێت لە ئایندە و هەموو کات بە ترس و دڵەڕاوکێوە لەو پەیوەندیانەمان ڕوانیوە و هێواشترین هەوا مەترسی بۆ تێکدانیان دروست کردوە و هەموو کاتیش ئەو پەیوەندیانە هێندەی بە قازانجی سیاسی و ئابوری ئەو وڵاتانە بووە نیو هێندە بەقازانجی خۆمان نەبوە. لەگەڵ دەوڵەتانی دونیاشدا پەیوەندیەکان و هاوکاری و پشتیوانیەکانیان تەنها وەك دەنگۆ و هەواڵی دڵخۆشکەر وابوون، سەرەڕای هەموو ئەم کێشە و گرفت و کەموکوڕیانەش ، لەسەردەمی ئەم حکومەتەدا هەرێم ڕووبەڕووی شەڕی داسەپاوی داعشی تیرۆریست بوەوە و ماوەی یەك ساڵی ڕێکە کوردستان خوێن و فرمێسك دەڕێژێت و زۆرێك لەناوچە کوردنشینەکانی داگیرکراوە و ناشتوانێت کە ڕزگاریان بکات.

- بەم شێوەیە حکومەتی هەرێم و کابینەی هەشتی بونەتە هێما و سومبوڵی قەیرانەکان و قەیران دوای قەیران سەرهەڵدەدات و زۆرێك پێیان وایە بەنیەتی پێشوەختە ئەم قەیرانانە دروست دەکرێن، ئەوەی لای هەموانیش ئاشکرایە کە سەرچاوە و هۆکاری سەرەکی ئەم قەیرانانە بریتین لە پەیڕەکردن و پیادەکردنی سیاسەتێکی هەڵەی نەوتی لەلایەن حکومەت و وەزارەتی سامانە سروشتیەکانەوە، تا ئێستا حکومەتی هەرێم سیاسەتێکی نەوتی شەفاف و ڕوون و ئاشکرا پەیڕەو ناکات و داهات و فرۆشی ئەو نەوتە ئاشکرانیە و ناچێتە خەزێنەی حکومەتی هەرێمەوە و تەنها و تەنها وەزارەتی سامانە سروشتیەکان و لایەنێکی سیاسی لە دەسەڵاتدا بەئاگان لەو فرۆشتن و داهاتە نەوتیانە،هەر ئەم سیاسەتە هەڵەیە بوەهۆی تێکدان و بڕانی پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغداد و پشکی ١٧٪ هەرێم و نەمانی موچە.

بەشێوەیەك سیاسەتی نەوتی هەرێم بە شەخسەنە کراوە و بەغداد هەوڵ و هەنگاوی متمانە دروستکردنی هەڵنا بۆ ئاسایکردنەوەی نێوان و پەیوەندیەکان و ئاڵوگۆڕێکی بەرچاوی لە کەس ودەموچاوەکان و سیاسەتە نەوتیەکانیدا کرد بۆ ئەوەی مەسەلەی نەوت نەبێتە مەسەلەیەکی شەخسی نێوان وەزیرێك یان کاربەدەستێك، بەڵام بە پێچەوانەوە هەرێم تا ئێستا پێداگیری دەکات لە سەر مانەوەی وەزیری سامانە سروشتیەکان کە بۆتە بەردی سەر ڕێگای چارەسەرەکان کە هەق وایە ئیتر بیر لە گۆڕانکاری لەو وەزارەت و وەزیرەدا بکرێتەوە.

قەیرانەکانی سووتەمەنی و درێژە کێشانیان بەهەمان شێوە لە ئەنجامی سیاسەتی هەڵەی نەوتیەوەیە و بۆتە هۆی پەکخستنی هەموو بوارەکانی ژیان لەناوخۆی هەرێمدا و وەستاندنی وێسگە کارەبابییەکان و کارگە پیشەسازیەکان و تەواوی ئۆرگانەکانی تری خزمەتگوزرای و لەدەرەوەش بۆتە هۆی مایە پوچبونی حکومەت و قەرزوەرگرتن و بەتالآنفرۆشتنی نەوتی کوردستان.

ئەم وەزارەتی سامانە سروشتیانە بۆتە سەرچاوەی قەیرانە سیاسی و دارایی و خزمەتگوزاریەکانی حکومەت و حکومەتی خستۆتە دۆخێکی نەخوازراو وشڵژانەوە کە زۆر سەختە لەماوەیەکی نزیکدا چارەسەر بکرێت، چونکە ڕاستگۆیی و متمانەی خۆی لەدەست داوە لە بەرامبەر ناوخۆ و عێراقیشداو بۆتە هۆی ئەوەی کە هەرێم پابەند نەبێت بەو ڕێکەوتنانەی کەلەگەڵ بەغدادا واژۆکراون و بەم شێوەیە هانی بەغدادیشی داوە کە هەڵویستی ڕەق و دوور لە دۆستایەتی بنێت بەرامبەر بەکوردستان.

ئەمە سەرەڕای قەیرانە سیاسیەکانی ناو هەرێم کە لەسەردەمی ئەم کابینەیەدا سەریان هەڵداوە و گەورەترینیشیان قەیرانی پڕۆژەی دەستوری هەرێم و یاسای سەرۆکایەتی هەرێمە، کە بەداخەوە تەنها لایەنێکی سیاسی پێداگیری دەکات لەوەی کە پڕۆژەیەکی دەستوری ناکامڵ و دوور لە دیموکراسی و ئازادیەکان دابڕێژرێت و پێگە و کورسی سەرۆکی هەرێمیش تەنها قۆرخ بکات بۆ یەك سەرکردە و یەك حیزب،کە هەموو ئەمانە بونەتە هۆکاری دروستکردنی درز لە ڕیزی یەکگرتوویی جەماوەر و دابڕانیان لەیەکتر و نانەوەی شڵەژانی سیاسی و ناجێگیری بازاڕ و ئابوری و دروستکردنی دڵەڕاوکێی ناپێویست لەم قۆناغە هەستیارەدا.

کە گەر بەبیرێکی نیشتیمانیانە و خەموخۆرانە بیربکرێتەوە دەکرێت ئەو کێشەو گرفتانە بە سیاسەتێکی نەرم ونیان و سازان و لێکتێگەیشتنێك کەهەموان لەدەوری کۆبکاتەوە و ئیجماعێکی سیاسی و نیشتیمانی دروست بکات چارەسەر بکرێن و ، تەنها بیر لە بەرژەوەندی کەسی و حیزبی و بنەماڵەیی نەکرێتەوە و بیر لە قۆرخکاری و مانەوە و تاکڕەوی و خۆ سەپاندن نەکرێتەوە، ئەگینا ئەم دەسکەوت و حکومەت و دەسەلآتە ٢٤ ساڵیەمان لەدەست دەچێت کەخەونی دوژمنانە .دەبێت هەموان پابەند بین بەبنەما سەرەکیەکانی نیشتیمانی و پێکەوەکارکردن و ئیجماعی سیاسی و هیچ کەس و لایەنێك بیر لە تاك ڕەوی و دەرچوون لەو

ئیجماعە سیاسیە نەکاتەوە و بڕوای تەواوی بە زۆرینە و کەمینە هەبێت و بڕوای بە ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەلاّت هەبێت و هەوڵی پاوانخوازی و مۆنۆپۆلکردنی دەسەلاّت نەدات ، چونکە سەردەمەکە سەردەمی تاکڕەوی و یەك حیزبی و یەك بنەماڵەیی نیە بەڵکو سەردەمی ئازادی و دیموکراسی و ئاشتی و خۆشگوزەرانیە، هەرکەس و لایەنێك بتوانێت متمانەی زۆرینەی جەماوەر و پەرلەمان بەدەستبێنێت ئەوا دەبێتە جێگە متمانە و بەپێچەوانەشەوە دەبێتە تاکڕەو و تەریککراو و نەخوازراو.

بەم شێوەیە بەداخەوە لە سەردەمی کابینەی هەشتدا و لەماوەی ئەم ساڵەدا ئەوەی دەسکەوت بێت نەهاتۆتە دی بەڵکو زۆرێك لە دەسکەوت و پێشکەوتنەکانیش گەڕاونەتەوە دواوە و لەدەستچوون،بۆیە کابینەی هەشت بەهەق بۆتە کابینەی خولّقێنەری قەیرانەکان و وای لێهاتوە ئەم کابینەیە و قەیرانەکان بونەتە جمك و لێکدانەبڕاون و بونەتە دووڕووی دراوێك ، کە گەر بەشێوەیەکی زانستی و بێلایەنی کار و کردەکانی ئەم کابینەیە هەڵبسەنگێنرێت و لەتەرازوی لێپرسینەوەدا دابنرێت ئەوا بەدڵنیاییەوە لاسەنگ دەبێت بەلای قورسی کەمتەرخی و بێتوانایی و لێنەهاتوویی و سەرنەکوتوویدا، بۆیە دەکرێت بیر لە دەست لەکارکێشانەوە و دوورکەوتنەوەی کابینەکە بکرێتەوە ، هەرنا با بۆ جارێکیش بێت لەماوەی ئەم ٢٤ ساڵەدا ببیستین و ببینین کە لەم هەرێمەدا کابینەیەکی حکومی لەبەر کەمتەرخی و بێتوانایی وازی لەکارەکانی هێناوە و دەستی لەکارکێشاوەتەوە و ڕێگەی چۆڵکردوە بۆ توانای نوێ لەپێناو بەرژەوەندی جەماوەر و گەلی کوردستاندا.بەوهیوایەی وەك چۆن ئەم کابینەیە لە قەیران دروستکردندا لێزان و دەستپێشخەر بوە ئاوهاش دەستپێشخەریەکی مێژوویی بکات بۆ ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەلاّت و دەست لەکاربکێشێتەوە وەك بنەمایەکی جوانی دیموکراسی و سەروەربوونی یاسا و ڕێزگرتن لەمافەکانی تاك و کۆمەڵگای کوردەواری.

---

*ئەم بابەتە لە سایتی ناوەندی دەرەوە و پێنوسەکان لە ٢٠١٥/٦/٢٦ و مەکتەب ڕێکخستن لە ٢٠١٥/٦/٢٧ وکوردستانی نوێ ژمارە ٦٧١٨ لە ٢٠١٥/٦/٢٩ و ڕادیۆناوخۆ لە ٢٠١٥/٧/١دا بڵاوکراوەتەوە.

# سازان بۆچی و لە پێناو چیدا؟*

- ئەوەی لەم ڕۆژانەدا زۆر باسی لێوەدەکرێت و بۆتە جێگەی مشتومڕی گەرمی حیزب و سەرکردە و جەماوەریش بریتیە لە باسوخواسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکەوتن و سازان لەسەری بەشێوەیەك کە هەموان لەسەری ڕێکبکەون و هەموانیش بەخۆشی یان بە پاڕانەوە وبەتۆپزی بێت جارێکی تر ڕازیبن بە درێژکردنەوە و مانەوەی سەرۆکی هەرێم لە پۆستەکەیدا بۆ دووساڵی تر.
- **پرسیار لێرەدا ئەوەیە ، ئەرێ لەم کات و سات و قۆناغەدا تەنها کێشەی هەرێمەکەمان درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکی هەرێمە و هیچی تر؟ یان دەیان کێشەی کەڵەکەبووی گەورەتر و مەترسیدارتر هەیە بۆ سەر ئایندەی هەرێمەکەمان و کەچی باسیان لێوە ناکرێت؟ ئایا هەرێمەکەمان بەبێ سەرۆکیش هەر ناڕوات بەڕێوە؟ و دەیان پرسیاری تر.**

بەداخەوە هێندەی ئەم مەسەلەیەی سەرۆکی هەرێم تۆخکراوەتەوە و هەموانی بەخۆیەوە سەرقاڵکردوە نیوهێندە کێشە هەنوکەییەکانی سیاسی و ئابوری و بازرگانی و کۆمەڵایەتیەکان هیچ کەس و لایەنێکی سەرقاڵ نەکردوە،کەدەبوایە مەسەلەی سەرۆکایەتی هەرێم دوا بابەت بوایە کە مشتومڕیان لەسەر بکردایە،هەرێمەکەمان ماوەی زیاد لە ٥٠٠ ڕۆژە دەناڵێنێت بەدەست نەبونی بودجە و موچەی مانگانەی فەرمانبەران و شەڕی داعش و گەمارۆی ئابوری و ناجێگیری سیاسی و ئەمنی و سەرهەڵدانی کۆچ و ڕەوی گەنجان بۆ دەرەوەی هەرێم و نەبوونی خزمەتگوزاریەکانی ئاو و کارەبا و سووتەمەنی و ...هتد. کەچی هەموان هەر باس باسی سەرۆکی هەرێم و زەرورەتی مانەوەی و پاراستنی کورسیەکەی دەکەن. بەداخەوە هەموو ئەم هەڵە و کەموکوڕی و کێشانە لە ئەنجامی نائیدارەیی و فەشەل هێنانی حوکمڕانیی حکومەتی هەرێمەوە سەریان هەڵداوە چونکە حیزبایەتیان تۆخکردۆتەوە بەسەر مەسەلەی نیشتیمانی و نەتەوەییەکاندا و بەرژەوەندی سەرکردە و بنەماڵە و حیزبیان خستۆتە سەروو بەرژەوەندی گەل و نیشتیمانەوە، بەڕای بەندە هێندەی چارەسەری کێشە و کەموکورتی و خزمەتگوزاریەکان گرنگە بەلای تاك و

کۆمەڵی کوردەواریەوە نیوهێندە بوون یان نەبوونی سەرۆکی هەرێم گرنگ نیە، چونکە هەموانمان هیچ دەسکەوت و گەشەکردن و پێشکەوتنێکی گەورەمان لەجەنابی سەرۆکەوە نەدیوە تا لێی بپاڕێینەوە بۆ مانەوە و ڕابەرایەتیکردنمان.

- **لێرەوە پرسیارگەلێکی تر سەرهەڵدەدات و دەوروژێت کە ئایا چ پێویست بە سازان دەکات لەسەر مەسەلەیەك کە یاسا بڕیبێتیەوە؟ ئایا سازان بەمانای تەوافوق و پێکەوەکارکردنە یان سەپاندنی ڕای کەمینەیە بەسەر زۆرینەدا؟ ئایا ئەم سازانەی باسدەکرێت لە پێناو بەرژەوەندی باڵای هەرێمەکەماندایە یان لە پێناو بەرژەوەندی سەرکردە و حیزبێکدایە؟ئایا سازان لای کەمینە چۆنە و لای زۆرینەی سیاسیش چۆن لێکدەدرێتەوە؟ ڕێکەوتنی سیاسیە یان صوڵحی عەشایەریە؟**

وەك ئاشکرایە مەسەلەی سەرۆکی هەرێم لەهەردوو یاسای ژماری ١ ساڵی ٢٠٠٥ و یاسای ژمارە لە ٣٠ حوزەیرانی ٢٠١٣دا دیاریکراوە کە سەرۆك دەبێت لەناو پەڕلەمانەوە هەڵبژێردرێت و تەنها بۆشی هەیە دوو خولی دوابەدوای یەکتری سەرۆك بێت،و بۆشی نیە کە جارێکی تر ماوەکەی بۆ درێژبکرێتەوە. ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە لە ئەنجامی پیادەی سەرۆکایەتی هەرێم بۆ ماوەی ١٠ ساڵ لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە و هەڵبژاردنی لەلایەن جەماوەرەوە و بەو دەسەڵاتە زۆر و زەوەندەی کە هەیەتی ، ئەنجام دەرکەوت کە کێشە و کەموکورتی زۆر هەیە و سەرەتای تاکڕەوی و خۆسەپاندن و قۆرخکاری سیاسیش لەلایەن سەرکردە و حیزبێکەوە سەریان هەڵداوە، وتەنانەت تا ئیستا بینایەك بۆ سەرۆکایەتی هەرێم لە پایتەختدا دروستنەکراوە وەك ئەوەی کە سەرۆك هەر دەبێت لە پارتی و بنەماڵە بێت بۆیە هەر لە سەری ڕەش ماوەتەوە، کە هەموو ئەمانەش لەگەڵ سیستەمی سیاسی دیموکراسی و ئازادیەکاندا وێك نایەتەوە و دژن بەیەکتر، هەربۆیە لەڕووی یاسایی و سیاسیشەوە چیدی پێویست بەو بونی هەڵە و بۆشاییە ناکات و لە ئێستادا زۆرینەی سیاسی و جەماوەریش ڕێکەوتون لەسەر هەموارکردنەوەی ئەو یاسایانە بەشێوەیەك کە سیستەمە سیاسیەکە ببێتە پەڕلەمانی و سەرۆك لە پەڕلەمانەوە هەڵبژێردرێت و دەسەڵاتەکانیشی کەمبکرێتەوە و تەنها وەکو ڕەمزێکی هەرێمەکەمان بمێنێتەوە لەبەرامبەردا حکومەت و پەڕلەمان کارا بکرێت و بنەمای ئاشتی و دیموکراسی و ئازادی و ئاڵگۆڕی دەسەڵات بنیاتبنرێت و دووربکەوێتەوە لە تاکڕەوی و قۆرخکاری دەسەڵات.هەربۆیە ئەم سازانەی کە باس دەکرێت نابێت لەسەر حسابی پێشێلکردنی یاسا و دەقە یاساییەکان بێت وڕای کەمینە زاڵبکرێت بەسەر زۆرینەیەکدا کە بێبەشکراوە لە

شەریکایەتیەکی ڕاستەقینەی دەسەلاّت و دوور خراوەتەوە لەناوەندی بڕیار .ئەم سازانەی کە لایەنێك مەبەستێتی تەنها پاراستنی بەرژەوەندی حیزب و سەرکردەیەکە نەك بەرژەوەندیە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان، کە ئەمەش کارێکی دوور لە دیموکراسیەت و پێکەوەکارکردن و شەراکەتی ڕاستەقینە و ئاڵوگۆڕکردنی ئاشتیانەی دەسەلاّتە،سازان بەلای زۆرینە سیاسی و جەماوەریەکەوە بریتیە لەوەی کە هەموان ڕێکەون لەسەر مەسەلە چارەنوسسازەکان و بەشێوەیەك کە پشێوی و پاشاگەردانی و ناجێگیری سیاسی و ئابوری لە هەرێم دووربخرێتەوە و دامودەزگاکانی حوکمڕانی لەسەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت و پەرلەمان و دادوەری بەرەو موئەسەساتی ببرێت و جێگیر بکرێن و لەپێناو بەرژەوەندی هیچ کەس و لایەنێکدا پێشێل نەکرێن، سازان بۆ بەرژەوەندی بالاّی ئاییندە و ئێستای هەرێمەکەیە، سازان واتای ڕێکەوتن بۆ کاری پێکەوەیی و بەرەوپێشبردن و چەسپاندنی عەدالەتی کۆمەلاّیەتی و وەکیەکی و یەکسانیەلە ئەرك و مافەکاندا، بەلاّم بەداخەوە بەلای کەمینەوە بریتیە لەوەی کە تەنها بەشی شێر بۆ خۆی بێت و هەر خۆی دەمڕاست و بڕیاردەر بێت و هەرخۆی براگەورە و دابەشکەرو پێدەری پلە و پۆست و ئیمتیازاتەکان بێت، کەمینەی ئێستا لە پەرلەماندا بریتیە لە فراکسیۆنی پارتی و ئەو حیزبۆکانەی کە بەپێدانی ئیمتیازات و پلە و پۆستی مادی دوای کەوتون و زۆرینەش بریتین لە ٤ فراکسیۆنی گەورەی پەرلەمان کە لە ٢٣ حوزەیراندا کارتی سوور و ستۆپکردنیان بەڕووی پارتیدا هەلّبڕی و تێیان گەیاند کە چیدی پارتی نابێت دەمڕاست و بڕیاردەری تاکانە بێت، بەم شێوەیە لەدونیای دیموکراسیدا هەمیشە زۆرینە بڕیاردەر و کەمینەش ڕێزلێگیراو بوە نەك بە پێچەوانەوە.ئەم سازانەی کە پارتی گەرەکێتی بریتیە لە صولّحی عەشایەری ناو دیوەخانەکان و گەڕانەوە بۆ سەردەمی عەشایەری و خێلّەکی نەك سەردەمی مۆدێرنە و دیموکراسی و حوکمی قانون و موئەسەساتی دامودەزگاکانی حوکمڕانی و جێگرتنەوەی پەرلەمان و ڕای زۆرینەیە، هەربۆیە سازانێك بەم شێوەیە بێت هیچ کات لەبەرژەوەندی بالاّی گەل و نیشتیماندا نابێت و ناکرێت بەبیانوی سازانەوە پێشێلکردنی یاسا و ڕای زۆرینە هەنگاوی بەسەردا بنرێت. ناکرێت گەر خۆم بەشدار و دەمڕاست و ڕابەر نەبوم ئیدی کۆتایی بەهەموو دەسەلاّت و ئەزمون و پێکەوەکارکردنێك بهێنرێت، نابێت کەخۆم نەمتوانی ڕای خۆم بسەپێنم ئیدی هەریەکە بۆ مالّی خۆی و ٢٤ ساڵ حوکمڕانی و ئەزمون و دەسەلاّت پەرش و بلاّو ببێتەوە و ماڵ جیایی بکرێت و

هەڕەشەی شەڕی ناوخۆ و دوو ئیدارەیی بکرێتەوە، ناکرێت کەخۆم کاری چاکە و بنیاتنانم پێنەکرێت ڕێگریش بکەم لە کەسانی تر.

- بۆیە سازان دەبێت سازانێکی ڕاستەقینە و لەچوارچێوەی یاسا و بەرژەوەندی باڵای هەرێمەکەماندا بێت نەك لە پێناو بەرژەوەندی و مانەوەی دەسەڵاتی حیزب و سەرکردەیەکدا بێت، سازان دەبێت هەموو کێشە و مەسەلەکان بگرێتەوە وەك یەك پاکێج نەك قەتیسبکرێت تەنها لەمەسەلەی کورسی سەرۆکی هەرێمدا، چونکە کێشەکانی هەرێمەکەمان هەموویان پێکەوە بەندن و ناکرێت پچڕ پچڕ بکرێن، هەربۆیەش سازانی هەموان و بڕیاری پێکەوەی هەموان دەبێت لەم قۆناغە هەستیار و مەترسیدارەدا تەنها لە پێناو بەرژەوەندی گەل و نیشتماندا بێت.

---

*ئەم بابەتە لە سایتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و مەکتەب ڕێکخستن و پێنوسەکان و ڕادیۆ ناوخۆ و ناوەندی دەرەوە لە ٢٠١٥/٧/٨دا وستاندارکورد لە ٢٠١٥/٧/٩ وهەواڵ ژمارە٦٢٥ لە ٢٠١٥/٧/١١ دا بڵاوکراوەتەوە.

# لەدوای ڕێکەوتنە ئەتۆمیەکەی ..
# ڕۆڵی ئێران لەناوچەکەدا بەرەو کوێ ؟*

- ئاشکرایە لە بەرواری ٢٠١٥/٧/١٤دا ڕێکەوتنێکی مێژوویی لە نێوان ئێران لەلایەك و کۆمەڵەی وڵاتانی٥+١ لەلایەکی ترەوە لەسەر مەسەلەی توانا ئەتۆمیەکەی ئێران واژۆ کرا و بەمەش کۆتایی بە ململانێ و دانوسانی چەندین ساڵە هات و هەموان ئاهێکی پڕ حەسرەت و ئیسراحەتیان هەڵمژی، بەوەی کە توانیویانە ڕێگری بکەن لە بڵاوبونەوەی چەکی ئەتۆمی لەناوچەکەدا و مەترسی بەکارهێنانیان لەناوچەکە و دونیاش دوور خستەوە لەکاتی بەکارهێنانیدا لەململانێی ناوچەکە و دونیاشدا. ئاشکرایە ئێران لەساڵەکانی پەنجاکانی سەدەی ڕابووردووەوە خاوەنی پڕۆژەی وزەی ئەتۆمیە بۆ بەکارهێنانی ئاشتیانە دوور لە مەبەستی جەنگ، بەڵام لەدوای کۆتایهاتنی جەنگی عێراق-ئێرانەوە لەساڵی ١٩٨٨ وە پلانی هەبوە بۆ گەشەپێدان و پێشخستنی بنکە و کورە ئەتۆمیەکانی بۆ بەکارهێنانی بۆ مەبەستی جەنگ، هەرچەندە بە ئاشکرا ئەمەی نەدەدرکاند، ئاشکراشە ئێران سوودی لە تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی ڕوسیا و کۆریای باکور وەردەگرت لەو بوارەدا، هەر ئەمە بووە هۆی ترس و تۆقاندنی ئەمریکا و ئەوروپا لە نیەتەکانی ئێرانی ئایندە.
- ڕۆژئاوا باش دەزانێت کە گەر ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی لەناوچەکەدا لەلایەك دەبێتە دووەم وڵاتی گەورەی ئیسلامی لەدوای پاکستانەوە و لەلایەکی تریشەوە هەڕەشە دروست دەکات بۆ سەر ئیسڕائیلی هاوپەیمانی ئەمریکا و ڕووبەڕووی دەوەستێتەوە و لەهەمان کاتیشدا هەڕەشە دروست دەکات بۆ سەر هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لەناوچەکەدا و بەتایبەتی وڵاتانی کەنداو و سعودیە و ئەمەش بەرژەوەندیەکانیان دەخاتە بەر مەترسیەوە.

ئەمریکاو ئەوروپا پشوو درێژیەکی گەورەیان نواند لە دانوسانەکاندا هەربۆئەوەی دووربکەونەوە لە جەنگ و بەهێرش و پەلاماری سەربازی کێشەکە چارەسەر نەکەن و ناوچەکەش دووربخەنەوە لەماڵوێرانیەکی تر.ئیدارەی سەرۆك ئۆبامای دیموکراتخوازەکان هەمیشە کارتی هەڕەشە و گوشاریان دەخستە دوایین کارت و ئێرانیش لەم دواییانەدا نەرمی زیاتری نواند و بە سیاسەتێکی ژیرانە و حەکمیانە توانیان ئەوەی گەرەکیان بوو وەدەستی بێنن لە هەڵگرتنی گەمارۆی ئابوری ٣٠ ساڵەی سەر وڵاتەکەیان و دەستکردنەوەی ئێران لە فرۆشتنی نەوت و کڕینی چەك و تەقەمەنی نوێ و بوژاندنەوەی ئابوری و بازرگانی کە ئێران لە ٣٠ ساڵی ڕابووردوودا بە پشت بەستن بە توانای مادی و مرۆییەکانی خۆی توانی خۆی ڕابگرێت لەبەردەم هەموو پیلان و هەڕەشە و گەمارۆکاندا.

- **پرسیار لێرەدا ،ئەوەیە کە ئایا ئەم هەموو ترسەی ئەمریکا و ئەوروپا لە تواناکانی ئێران بۆ ؟ بۆ لەگەڵ وڵاتانی تردا بەشەڕ و لەگەڵ ئێراندا بە ئاشتی کۆتاییان بە کێشەکان هێنا؟**

ئەگەر بە زمانی ئامار و ژمارە تواناکانی ئێران بخوێنینەوە و تێپڕابمێنین ،ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە بۆچی ئەمریکا و ئەوروپا هێندە نەرمونیانن لەگەڵ ئێراندا،چونکە دەزانن شەڕ لەگەڵ ئێراندا هێندە ئاسان نیە و بەزوویش کۆتایی نایەت و ناوچەکە و دونیاش دەگرێتەوە و بەرژەوەندیەکانی هەموانیش بە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتەوە دەکەوێتە مەترسیەوە ، بۆیە باشترین ڕێگا هەر ڕێگای ئاشتی و دانوسانە.ئێران وەك وڵاتێکی خاوەن ٨٠ ملیۆن کەسی کە ١٪ دانیشتوانی جیهان پێکدێنێت و ڕووبەرێکی فراوانی ١٦٤٨١٩٥ کم دووجا کە ١٨ هەمین وڵاتی جیهانە،خاوەنی سێیەم ئابوریە لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و ٢٩ هەمینە لەسەر ئاستی جیهان و بەشێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستێتە سەر هەناردەکردنی نەوتی خاو کە١٠٪ یەدەگی هەموو جیهانی هەیە کە ١٥٤ ملیار بەرمیل نەوت و بەهەمان شێوە یەدەگی غازی سروشتیشی بریتیە لە ٢٩ر٦١ تریلیۆن مەتر سێجا کە ڕێژەی ١٥٪ی یەدەگی هەموو جیهانە.ئەمە سەرەڕای پشت بەستنی بە پیشەسازی و کشتوکاڵ و ..هتد.

بەهەمان شێوە ئێران خاوەنی وزە و توانایەکی سەربازی گەورەیە بەشێوەیەك کە لەناوچەکە ڕکابەرێکی بەهێزی نیە تەنها وڵاتی سعودیە نەبێت کە ئێران هەمیشە لە زۆر ڕووە بەهێزترە، ئەوەتا بەپێی ئامارێکی مانگی ٢٠١٥/١ ئێران خاوەنی ٥٤٥هەزار سەربازی هەمیشەیی و ١ ملیۆن و ٨٠٠هەزار سەربازی یەدەگیە و لەکاتی جەنگیشدا ٤٦ ملیۆن کەسی هەیە لەتەمەنی سەربازیدا، بەمەش لەسەر ئاستی جیهان لە پلەی ٢٢ هەمیندایە وخاوەنی ١٦٥٨ دەبابەیە کە ١٧هەمینە لەسەر ئاستی دونیا و خاوەنی ١٣١٥ ئۆتۆمیل و بارهەڵگری سەربازیە و ٣٩٧ پارچەی دەریایی هەیە و ٣٢ ژێر ئاویشی هەیە و فڕۆکەی سەربازیشی بریتیە لە ٤٧١ فڕۆکە کە لەسەر ئاستی جیهان ٢٤ هەمین وڵاتە و لەو ژمارەیەش ١٣٧ فڕۆکەی جەنگی و ١٣٥ هەلیکۆپتەر و ٣١٩ فڕۆکەخانە و ٣ بەندەری ئاوی هەیە. لەبواری ڕۆکێتی سەربازیشدا ئێران لە پلەی چوارەمدایە لەسەر ئاستی جیهان و ١٤٧٤ سەکۆی هەڵدانی ڕۆکێتی هەیە بەمەش ٥ هەمینە لەسەر ئاستی دونیا و بەناوبانگترین ڕۆکێتیش زەوی بەزەویە کە توانای بڕینی ١٨٠٠کم دووری هەیەوچوارەم ئستوڵی دەرياييشە لەدونیادا.ولەئێستاشدا و دوای ١٥ ساڵی تر ئێران بەپێی ئەو ڕێکەوتنامەیە دەبێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی و دەستی کراوە دەبێت بۆ پێشخستنی توانا ئەتۆمیەکەی، ئێران میزانیەی ساڵی ٢٠١٥ بریتی بوە لە ٢٩٤ ملیار دۆلاری ئەمریکی کە یەکێکە لە گەورەترین میزانیەکانی وڵاتانی ناوچەکە و ئەمەش توانا و دەوڵەمەندی ئێران نیشان دەدات ،لەکاتێکدا سعودیە تەنها بڕی ٢٢٩ر٣ ملیار دۆلار میزانیەکەیەتی و وڵاتێکی گەورەی وەکو تورکیاش تەنها بڕی ٢٢٥ ملیار دۆلار میزانیەکەیەتی.کە بەشێکی گەورەی بۆ بواری سەربازی تەرخانکردوە و سوپای ئێرانیش سێیەم سوپای ئیسلامیە لە ڕووی ژمارەی سەربازی و توانای سەربازیەکانیەوە.

هەربۆیە ئەم توانا سەربازی و ئابوریە گەورەیەی ئێران وایکردوە کە دۆست و دوژمنانی لەناوچەکە و دونیاشدا حسابی گەورەی بۆ بکەن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئێران وەك گەورەترین وڵاتی ئیسلامی پەیڕەوی مەزهەبی شیعە دەرکەوتوە و ڕابەرایەتی هەموو

شیعەکانی دونیا دەکات و هاوکاری و یارمەتی مادی و مرۆییان پێشکەش دەکات و بۆتە ڕکابەری سەرەکی وڵاتی سعودیەی ڕابەری سونە مەزهەبەکانی جیهانی ئیسلامی.ئەوەتا نفوز و دەسەڵاتی ئێرانی شیعە مەزهەب لە هەریەکە لە عێراق و سوریا و لوبنان و عومان و یەمەن و تەنانەت ئەفغانستان و پاکستان و ...هتد.گەورەیە و خاوەن بڕیار و دەسەڵاتەو لە ئێستادا ئێران ململانێ لەگەڵ ئەمریکادا دەکات لە سەر فراوانکردنی نفوز و دەسەڵاتەکانی لەناوچەکەدا، بەمەش ڕۆڵ و کاریگەری ئێران هێندەی تر گەورە و مەترسیدار بوە و بۆ ئایندەش ئێران دەبێتە یەکێك لە یاریکەرە سەرەکیەکانی ناوچەکە و بەبێ هاوکاری و ڕێکەوتن و ڕاوێژکردن بە ئێران سەختە ئارامی و ئاشتی ناوچەکە بپارێزرێت، هەربۆیە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕۆڵ و کاریگەری ئێران بۆ هەموان دەردەکەوێت و وڵاتانی بچوك و گەورە گەرەکیانە لە ئێران نزیك ببنەوە و لانی کەم نەیکەنە دوژمنی خۆیان و بەرژەوەندیەکانیان.

- هەربۆیە کوردیش وەك گەلێکی ناوچەکە و لەماوەی ٢٤ ساڵی ئەزمونی حوکمڕانی لەباشووری کوردستاندا و وەك هاوسێیەکی نزیکی ئێران و خاوەن بەرژەوەندی و سنوری جوگرافیای دوور و درێژ و بونی بەشێکی گەورەی کوردستانیش لە ئێراندا و هاوبەشی لە ڕەچەڵەکی ئاریایی و نزیکی زمان و کەلتور و..هتد. پێویست دەکات کە دۆستایەتیەکی نزیك و گەرموگوڕ هەبێت لەنێوان ئێران و کوردستاندا، چونکە وڵاتێك و دراوسێیەکی گەورەی وەك ئێرانی ئەتۆمی و سەربازی و ئابوری و سیاسی و فەرهەنگی لەبەرامبەر هەرێمێکی بچوکدا دەبێت هەر بە ئاشتیانە و دۆستایەتی ئەو ناهاوسەنگیە ڕابگرین و بەرژوەندیەکانی خۆمان و مانەوەمان بپارێزین و هەرچی دەیکەین خۆمان لەشەڕی ئەم دراوسێ زەبەلاحەمان بپارێزین و هیچ شەرم و نەنگیەکیش نیە کە لە قۆناغە جیاوازەکاندا نەرمیش بنوێنین، چونکە نەئێمە دەتوانین کوردستان بگوێزینە و نە ئێرانیش دووربخەینەوە لەخۆمان، بۆیە باشترین چارەسەر دۆستایەتیە نەك دوژمنایەتی و لە ئێستاو ئایندەشدا پێویستمان بە ئێران دەبێت و ئەویش لە قۆناغە جیاوازەکانی شۆڕش

و کوردایەتیدا هەمیشە هاوکار و پەناگەیەکی دۆستانە بوە گەر لەبە بەرژەوەندی خۆشی بوبێت.

هەربۆیە ڕۆڵ و کاریگەری ئێران لانی کەم تا ٢٠-٣٠ ساڵی تر بەرەو هەڵکشان وگەورەبون دەچێت و پێدەچێت بەهۆی گۆڕانکاری لە سیاسەتی ئەمریکاو ئەوروپاشدا لەبەرامبەر ئێراندا هەژمونی ئێران بەسەر ناوچەکەدا زیاتر ببێت و سەردەمی ڕەزا شا دووبارە ببێتەوە و ئێران لەجیاتی وڵاتانی سعودیە و میسر و تورکیا ببێتە کارتی بەقازانج بۆ ئەمریکاو ڕۆژئاوا دژ بە بەرژەوەندیەکان و هەڵکشان و گەورەبوونی ڕۆڵ و توانا ئابوری و سەربازیەکانی ڕوسیا و چینی ئاینده و ..هتد.هەربۆیە ناتوانن چاوبپۆشن لەڕۆڵ و توانا و کاریگەری ئێران لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بۆ خۆی لە بنچینەدا ناوچەیەکی گەرموگوڕی ململانێکان و چڕبونەوەی بەرژەوەندیە ئابوریەکانی هەموانیانە و خاڵی ناکۆکی و ململانێکانیشیانە و هەر لایەکیان بتوانێت ڕابەرایەتی ناوچەکە بکاتە دۆست و پشتیوان و هاوپەیمانی خۆی ئەوا بەدڵنیاییەوە بەرژەوەندیە ئابوری و سیاسی و سەربازیەکانی بۆ چەندین ساڵی ئاینده مسۆگەر دەکات.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی پێنوسەکان لە ٢٠١٥/٧/٢٥ و ناوەندی دەرەوە لە ٢٠١٥/٧/٢٧ و هەواڵ ژمارە ٦٢٧ لە ٢٠١٥/٨/١دا بڵاوکراوەتەوە.

# گەر سەرۆکی هەرێممان نەبێت چی دەبێت ؟*

- کاتێك لە ٤/١٠/١٩٩٢دا لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بۆیەکەم جار بە فەرمی و بە ئاشکرا ، سیستەمی فیدراڵی پەسەندکرا بۆ شێوازی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغداد ، ئەمە سەرەتایەك و پێشکەوتنێکی گەورە بوو لە داواکاری و داخوازیەکانی گەلەکەمان کە دەیان ساڵ بوو دەستمان گرتبوو بە دروشمی دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان. لەساڵی ٢٠٠٥یشدا و دوای نوسینەوە و ڕاستاندنی دەستوری هەمیشەیی بۆ عێراقی دوای ڕژێمی بەعسی صدامی توانرا جارێکی تر داخوازیە سەرەکیەکانی گەلەکەمان لەو دەستورەدا جێگیر بکرێت لە دیموکراسی و پێکەوەکارکردن و تەوافوقی سیاسی و سیستەمی پەرلەمانی و فیدراڵی و هەروەها چەسپاندنی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتەکانیشی وەك تاکە هەرێمی فیدراڵی لە عێرقدا.. بۆخۆی ئەم بنەماو داخوازیانە سەرکەوتنێکی گەورەی سیاسەتی کوردی بوون.
- هەموان بە جیاوازی دەنگ و ڕەنگەکانەوە لەم هەرێمەدا خەون و ئاواتیان ئەوەبوە کە هەرێمەکەمان وەك دەسەڵاتێکی خۆبەڕێوەبەری نیمچە سەربەخۆ ڕۆژ دوای ڕۆژ گەشە و پێشکەوتنی زیاتر بەخۆوە ببینێت و سیستەمێکی سیاسی چەسپاو و جێگیر و دامەزراوی تیادا بێت لەسەر بنەماکانی دیموکراسی و ئازادی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ژنان و سەروەربونی یاسا و عەدالەتی کۆمەڵایەتی دوور لە چەوساندنەوە و زوڵم و زۆر و کوشت و کوشتار و هەموان پێکەوە بە ئەرکی نیشتیمانی و نەتەوایەتی هەڵبسن.

لە ئێستادا و دوای تێپەڕبوونی ٢٤ ساڵ بەسەر تەمەنی ئەو ئەزمون و دەسەڵاتەدا و دوای دامەزراندنی ئۆرگانەکانی سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و حکومەت و دادوەری. چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی هەرێمەکەمان دیاریکراون و چەسپێندراون و لەماوەی ئەم ٢٤ ساڵەشدا زیاد لە ٣ پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمان و ئەنجومەنی شارەوانیەکان و پارێزگاکان جێبەجێکراون و تاڕادەیەکی باش هۆشیاری سیاسی و ماف و ئازادیەکان و دیموکراسیەت لەهەرێمەکەماندا گەشەیان کردوە و چوونەتە سەر سکە و ئاڕاستەی

ئاسایی خۆیان، ماوەتەوە ئەوەی کە دەبێت هەموانیش پابەندی یاسا و دەستور بن و بڕوای تەواویشیان هەبێت بە ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەلآت و کاری جدیش بکەن بۆ نوسینەوەی دەستورێکی هەمیشەیی بۆ هەرێمەکەمان، دوور بکەونەوە لە قۆرخکردن و خۆسەپاندن و هەڕەشە و گوڕەشەی بێ ناوەڕۆك بە هەلآیسانەوەی شەڕی ناوخۆ و دابەشکردنەوەی هەرێمەکەمان بۆ دوو زۆنی زەرد و سەوز و بێهێزکردنی ویست و ئیرادەی گەلەکەمان ، بەتایبەتیش لەم سات و کاتە هەستیار و ناسکەدا کە هەرێمەکەمان و ناوچەکەش بەگشتی ڕووبەڕووی بەلآی چەتەکانی تیرۆریستانی داعش بۆتەوە.

لە ئێستادا و لەو کاتەدا مەسەلەی سەرۆکایەتی هەرێم و هەموارکردنەوەی یاساکەی و تەواوبوونی ماوەی سەرۆکی هەرێم لە ٢٠١٥/٨/١٩دا، و گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی لە سەرۆکایەتیەوە بۆ پەڕلەمانی و کەمکردنەوەی دەسەلآتەکانی سەرۆکی هەرێم.. بونەتە کۆمەڵ گەلێك مەسەلەی گەرموگوڕی ڕۆژ کە هەموانی سەرقاڵکردوە و گەیشتۆتە ئاستێکی مەترسیدار لە هەڕەشە و چاوسووکردنەوە و تێکدانی بارودۆخەکە و ئاسایش و ئارامی هەرێمەکەمان و هەمووانی دابەشکردۆتە سەر دوو بەرەی دژ بەیەك و ناکۆك و کارگەیشتۆتە ئەوەی تەواوی ولآتانی دروسێ و زلهێزەکانیش هاتونەتە سەر خەت، لەڕاستیشدا هەموو ئەو مەسەلانە مەسەلەیەکی یاسایی تەواون و پێویست بەگەورەکردن و بەسیاسیکردنیان ناکات.

- **لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئەگەر تا ٨/١٩ و بەدواوە لایەنە سیاسیەکان نەگەیشتنە ڕێکەوتن و سازانێك کە هەموانیانی لەسەر کۆك بن چی ڕوودەدات؟ ئایا ئەگەر سەرۆکی هەرێمان نەبێت چی دەبێت؟**

ئەگەر تا ٨/٢٠ لایەنە سیاسیەکان نەگەیشتنە سازان، ئەوا بەپێی یاسا دەسەلآتەکانی سەرۆکی هەرێم لەلایەن جێگری سەرۆکەوە پیادە دەکرێت یان سەرۆکی پەڕلەمان بۆ ماوەی ٦٠ ڕۆژ کاری سەرۆکی هەرێم دەکات بەمەرجێك لەو ماوەیەدا کار بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکێکی نوێ بکرێت ، یان ئەوەتا هەمواری یاسای سەرۆکی هەرێم بکرێت و تیایدا سیستەمی سیاسی هەرێم بکرێتە پەڕلەمانی و ئەوکاتیش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەناو پەڕلەمانەوە سەرۆکێکی نوێ هەڵدەبژێردرێت و بەم شێوەیە بە میکانیزمێکی یاسایی و

پەڕلەمانی کێشەکە چارەسەر دەکرێت و هەرێمیش لە کێشەی چۆڵبوونی پێگەی سەرۆك ڕزگار دەبێت.

تەنانەت ئەگەر نەگەیشتنە ئەم ئەنجامانەش و لایەنێك هەر سوور بوو لەسەر دانانەوە و درێژکردنەوەی ولایەتی سەرۆکی هەرێم بۆ ٢ ساڵی تر، و لەبەرامبەریشدا هیچ کام لەو لایەنانە ڕازینەبوون بەو کارە ، ئەوا لە ٨/٢٠ بەدواوە هەرێمەکەمان بێ سەرۆك دەمێنێتەوە ، ئەوکاتیش تەنها کاری پەسەندکردنی یاسا دەرچووەکانی پەڕلەمان دوادەکەوێت، بەڵام لەو کاتەشدا هەموو یاسایەك دوای دەنگدان لەسەری لە پەڕلەمانەوە و ناردنی بۆ سەرۆکی هەرێم بۆ پەسەندکردنی، بە ((ئا)) یان (( نا))، دوای ١٥ ڕۆژ یاساکە بە پەسەندکراو دادەنرێت. بۆیە هیچ کاریگەریەکی نێگەتیفی نابێت و با پەڕلەمانیش لەو ماوەیەدا هیچ یاسایەکی گرنگ دەرنەکات. بۆیە کاری پەڕلەمان بەردەوام دەبێت و هیچ پەیوەندیەکی نیە بەکاری سەرۆکی هەرێمەوە.ئەم کێشە و گرفتەش لە گەلێك وڵاتان ڕوویانداوە و هیچ ڕێگریەکی گەورەشی دروست نەکردوە ، ئەوەتا وڵاتی لوبنان ساڵێك و ٢ مانگە سەرۆکی کۆماریان نیە و وڵاتیش بەڕێوە دەچێت، بۆیە نەبوون یان چۆڵبونی پێگەی سەرۆکی هەرێم بەشێوەیەکی کاتی کارێکی نەگەتیفی گەورەی نابێت.

لەلایەکی ترەوە گرنگە ئەم پرۆسەیە بەشێوە یاساییەکەی چارەسەر بکرێت دوور لە هەستیاری و دڕدۆنگی سیاسی لەنێوان لایەنەکاندا و هیچ کامیان وەك خۆسەپەندان و شکاندنی هەیبەتی ئەوی تر لێینەڕوانێت ، گرنگیشە کە چیدی پەنا نەبرێتە بەر درێژکردنەوەی ماوە یاساییەکان بۆ ئەوەی نەبێتە نەریتێکی خراپی چاولێکراو لەداهاتوشدا و هەموان ڕێز لە یاسا و بڕیار و دەنگدەران بگرن و وڵات بەرەو دامەزراوەیی و موئەسەساتی بەرن و کێشە و قەیرانە زۆرەکانی هەرێمەکەمان نەبەستنەوە بە کێشەی سەرۆکی هەرێمەوە کە تاکە کەسێکە لەکۆمەڵگای کوردەواریدا و با چارەنوسی میلەتێك لەبەر خاتری تاکە کەسێك بەرەو هەڵدێر نەبرێت.

گرنگیشە کە هەموان بە سەرکردە و پارتە سیاسیەکانەوە لە هەستیاری قۆناغەکەش تێبگەن و هیچ کامیان هێندە ڕەق و سوور نەبن لەسەر مەسەلەیەك کە ئاشتی و ئارامی هەرێمەکەمان بخاتە بەر مەترسیەوە و ئەوەی هەمانە و نیمانە لەدەستمان بچێت و با هەموان بەرژەوەندیە باڵاکانی گەل و نیشتمان و نەتەوەکەمان بخەینە سەروو بەرژەوەندیە کەسی و حیزبیەکانەوە و هەر بەمەش گرەوی سەرکەوتن بەدەست دێنین.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی خەندان و ڕادیۆ ناوخۆ و پێنوسەکان لە ٢٠١٥/٨/١٠ و سایتیSNN لە ٢٠١٥/٨/١١ و ناوەندی دەرەوە لە ٢٠١٥/٨/١٢ ٢٠١٥ ٢٠١٥دا بڵاوکراوەتەوە.

# هەرێم لە کوێی چاکسازیەکانی بەغدادایە؟*

• ئاشکرایە لە ٢٠١٥/٨/٩دا سەرۆك وەزیرانی عێراق د. حەیدەر عەبادی گوژمەیەك لە چاکسازی ئیداری ڕاگەیاند ، لەلایەك لە ئەنجامی هەڕەشە و توڕەبوونی جەماوەر و ئارامکردنەوە و هێمنکردنەوەیان و لەلایەکی تریشەوە لەسەر داوای مەرجەعی باڵای شیعەکان سەید علی سیستانی بوو. ئەم هەنگاو و بڕیارانەی عەبادی هەرچەندە درەنگ کەوتبوو بەڵام هەنگاوی گرنگ و پڕ مانا و مەترسیداریشن بۆسەر کەسی خۆی و ڕەنگە دژەکانی بە شیعە و سونە و کوردیشەوە فشارەکانیان لەسەری زیاد بکەن و بەگژیدا بچنەوە چونکە بەرژەوەندی زۆرێك لە کەسایەتیە دەستڕۆیشتوو خاوەن پلە و پۆستەکانی خستۆتە مەترسیەوە، هەرچەندە تاکو ئێستا هیچ کەس و سەرکردە و لایەنێك بوێری ئەوەی تیادا نەبوە کە دژایەتی ئەو پاکێجە چاکسازیانە بکات بە ئاشکرا و هەمووان پشتیوانی خۆیان بۆ دووپاتکردۆتەوە.

عەبادی بەم هەنگاوەی سەرەتایەکی دروست و پڕ بوێری پیشاندا بە ئاڕاستەی چاکسازی و گەڕانەوە بۆ ڕای جەماوەر و خزمەتکردنی زیاتریان و لەلایەکی تریشەوە بەربەست و ڕێگری گەورە و ئاشکرای دیاریکرد لەبەردەم گەندەڵی و گەندەڵکاراندا و ڕێگەی گرت لەبەردەم بەهەدەردانی سەروەت و سامانی ئەم وڵاتە و بەرژەوەندی کەمینەیەکی زۆر کەمی خستە مەترسیەوە و دڵی زۆرینەی جەماوەریشی خۆش کرد و ئومێد و هیوایەك بەدواڕۆژی ئەم وڵاتە بوژایەوە ، بەوەی کە پیاوانێکی حوکمڕانی بوێر و ڕاستگۆ ماون کە بەهانای ئایندەی نەوەکان و وڵاتەکەوە بچن و بەرگریی لێبکەن.

سەرکەوتنی ئەم هەنگاوە بەندە بە سووربون و بوێری و ڕاستگۆیی عەبادیەوە وەك کەسی دەستڕۆیشتوی حکومەتی عێراق و پاڵپشتی مەرجەعیەت و لایەنە سیاسیەکان و بەتایبەتیش حیزبەکەی خۆی حیزبی دەعوەی ئیسلامی کە زۆرێك لە هاوەڵانی خۆی دژایەتی و ململانێی توندی حیزبیان هەیە لەگەڵیدا (( کوتلەی نوری مالکی))و گەرەکیانە کە سەرکەوتوو نەبێت. بەڵام عەبادی و ڕاستی مەبەست و بەرنامەکەی زامنی سەرکەوتن و

بەرەو پێشچوونێتی. هەنگاو و بڕیارەکانی عەبادی خۆی دەبینێتەوە لە نەهێشتنی پۆستی جێگرانی سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیران و کەمکردنەوەو تێکەڵکردنی هەندێ وەزارەت و نەهێشتنی دەرماڵە تایبەتەکان و کەمکردنەوەی ژمارەی پاسەوانی لێپرسراوان و کەمکردنەوەی پۆستە باڵاکان لە وەکیل وەزیر و ڕاوێژکار و ب. گشتی و لێپرسینەوە لە کەسە گەندەڵەکان و قەدەغەکردنی سەفەر لێیان و لێپرسینەوەشیان و ڕەوانەکردنیان بۆ بەردەم دادگا.

ئەم هەنگاوانە سەرجەمیان بونە جێگەی ڕەزامەندی تەواوی ئەنجومەنی وەزیران و بەکۆی ٣١ دەنگ پەسەندکراو هەر دوێنێش ٢٠١٥/٨/١١ بەکۆی دەنگی ٢٩٦ ئەندام پەرلەمانیش پەسەندکران.ئەنجامی ئەم بڕیارانە وەك ئاشکراکراوە دەبێتە هۆی گەڕانەوەی بڕی ٦ ملیار دینار بۆ خەزێنەی وڵات.

عەبادی ئەم هەنگاوانەی لەکاتێکدا هەڵنا کە عێراق وەکو دەوڵەت لە لێواری ڕووخان و هەڵوەشاندایە بەهۆی بوونی گەندەڵیەکی ئیداری و دارایی گەورە لەهەموو جومگەکانی حوکمڕانیدا ، لەگەڵ ئەوەی کە عێراق وڵاتێکی نەوتی گەورە و دەوڵەمەندە وشەشەمین وڵاتی جیهانە لەڕووی یەدەگی نەوت و غازی سروشتیەوە و لەئێستادا ڕۆژانە زیاد لە ٣ ملیۆن بەرمیل نەوت هەناردە دەکات ، کەچی ناتوانێت پێداویستیەکانی دەوڵەت و پڕۆژە وەبەرهێنەکان دابین بکات و تەنانەت ناتوانێت موچەی فەرمانبەرانیش دابین بکات و لەهەوڵی وەرگرتنی قەرزێکە بەبڕی ١ملیار و ٢٠٠ ملیۆن دۆلار لە بانکی دراوی نێودەوڵەتی. بۆیە ئەم هەنگاوە چاکسازیانە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عێراقدا و ناهێڵێت عێراقیش بەدەردی یۆنان بچێت.

بۆیە سەرکەوتن و بە ئەنجامگەیشتنی ئەم هەنگاوانەی عەبادی گەلێك گرنگ و پڕ بایەخن بۆ تەواوی عێراق بە کوردستانیشەوە.

- **پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا هەرێمی کوردستان لەکوێی ئەم هەنگاوانەی عەبادیدایە؟ ئایا دەسەڵاتدارانی هەرێمیش وەك عەبادی بوێریان تیادایە هەنگاوی لەو جۆرە هەڵبنێن؟ ئایا**

**دەسەلآتدارانی کوردستان دەتوانن تابۆ حیزبی و بنەماڵەیی و کەسیەکان تێبپەڕێنن و بەرژەوەندی جەماوەر و هەرێمەکەمان بخەنە سەروو بەرژەوەندیە کەسی و حیزبیەکانەوە؟**

ئەوەی ئاشکرایە هەرێمی کوردستان خاوەنی ٢٤ساڵ حومکڕانێتی خۆیەتی و تا ڕادەیەك نیمچە سەربەخۆیە و ئەزمونێکی باشی لە حوکمڕانیدا هەیە و ئۆرگانەکانی حوکمڕانی چەسپاو و تاڕادەیەك جێگیرن لەگەڵ بوونی کەموکوڕی و لاوازیەکانیشیدا ، بەو پێیەی عێراقیش تەنها خاوەنی ١٢ ساڵی حوکمڕانی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی صدامیە و دەوڵەتی عێراقی نوێ تەنها ١٢ ساڵ تەمەنێتی.. بەڵام بەداخەوە لە ئەنجامی سیاسەتی هەڵەی تایەفی و ئاینی و ململانێی سیاسی و گەورەیی نفوزی دەرودراوسێ و زلهێزەکان دەوڵەتی عێراق نغرۆی گەندەڵیەکی گەورەی دارایی و ئیداری و سیاسی بۆتەوە و عێراق لەسەر ئاستی جیهاندا شەشەمین وڵاتی گەندەڵە بە کوردستانیشەوە. کە ئەم گەندەڵیە بۆتە خۆرکە و هۆکاری سەرەکی پێشنەکەوتن و ناعەدالەتی عێراق و کوردستانیش.

لەڕابووردوودا ئەو وتەیە باوبوو کە دەبێت عێراق چاو لە هەرێم بکات لە گەشەکردن و خزمەتگوزاریەکان و دیموکراسی و جۆری حوکمڕانی و پەیوەندیە ئابوری و بازرگانیەکانیدا و هەرێم نمونەیەکی گەش بوو بۆ عێراق. هەموو ئەم پێشکەوتن و گەشەکردنانەی هەرێم بەو مانایە نەبوون کە هیچ کەموکوڕی و گەندەڵی و ناعەدالەتی نەبوە لەم هەرێمەدا بەڵکو ئەوە گەندەڵی و گەندەڵکارانی حوکمڕانانی بەغداد بوو کە هەرێمی پێ جوان و گەشاوە بوە و خۆشی نغرۆی دواکەوتن و هەڵوەشانەوە کردوە.

بەڵام بەغداد بەم هەنگاوەی پێش هەرێمی دایەوە و عەبادی بوێری زۆری نواندوە بەئاڕاستەی چاکسازی و وەستانەوە دژی گەندەڵی، کە هەق وابوو هەرێم ئەم هەنگاوەشی پێش عێراق هەڵبنایە.

ئاشکرایە لەم هەرێمەی خۆشماندا گەندەڵی و کەموکوڕی و قەیران و ناعەدالەتی زۆر هەیە، بەشێوەیەك کەمینەی دەسەلآتدار لەو پەڕی خۆشی و ئیمتیازات و پلە و پۆستی بەرزدان و زۆرینەیەکی زۆریش لەوپەڕی هەژاری و بێکاری و ناخۆشیدا دەژین، ئەم هەموو

قەیرانەی بەرۆکی هەرێمەکەمانی گرتۆتەوە لە نەبونی بودجە و مووچە و بێکاری و نەبوونی خزمەتگوزاریەکان و قەیرانی کارەبا و ئاو و سووتەمەنی و کۆچی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات و ڕاوەستاندنی زیاد لە ٢٠٠٠ پرۆژەی وەبەرهێنان.. هەموو ئەمانە بونەتە هۆکاری مەترسیدار و ڕاستەقینە بۆ بەرەو هەڵوەشانەوەی جومگەکانی حوکمڕانی لەکوردستاندا لەئەنجامی سیاسەتی هەڵەی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ..هتدی دەسەڵاتدارانەوە.بەشێوەیەك هەرێمێکی دەوڵەمەند بە نەوت و غازی سروشتی زیاد لە ١٧ ملیار دۆلار قەرزدارە و گەرەکیشە قەرزێکی ٥ ملیار دۆلاری تر بکات. کە هەموو هەمانە بەکارەسات دەشکێنەوە بەسەر هەرێمەکەماندا.

بۆیە پێویستە هەرێم و دەسەڵاتدارانیش پلان و بەرنامەی جدی و مکوڕیان هەبێت دژ بە گەندەڵی و گەندەڵکاران بۆ ڕێگرتن لەبەهەدەردانی توانا مادی و مەعنەویەکانی هەرێمەکەمان و نەهێشتنی ناعەدالەتی و زوڵم و زۆر و چەوساندنەوە. هەربەم ڕیفۆرم و چاکسازیانە دەتوانین هەرێمەکەمان بەگەشاوەیی و پێشکەوتویی بهێڵینەوە و دەبێت هەوڵی گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی و چەسپاندنی دیموکراسی و ئازادیەکان بدەین و پلانی ئابوری تۆکمە و بەهێزمان هەبێت و سەروەت و سامانی وڵات بخەینە خزمەت هاونیشتیمانیانەوە ، چونکە برسێتی و بێکاری لای جەماوەر پاڵنەری سەرەکی تورەبون و ناڕەزایی و هەڵگەڕانەوەیانە دژی دەسەڵات و دەبێت دەسەڵاتدارانی هەرێمیش ئەو ڕاستیە باش بزانن کە بەرگەگرتن و پشووی جەماوەری ناڕازیش سنورێکی دیاریکراوی هەیە. و ئەم پشوودرێژیەی جەماوەریش لەوە سەریگرتوە کە هەست بەمەترسی و هەڕەشەکانی سەر هەرێمەکەمان دەکەن لەلایەت چەتەکانی داعش و وڵاتانی دراوسێوە و خەمخۆری ڕاستەقینەی دەسکەوتەکانن و هەربۆیە پرکێشی ناکەن دژی دەسەڵاتدارانی هەرێمەکەمان،بۆیە دەبێت دەسەڵاتدارانیش لەمەترسی گەورەبونی زیاتری ئەو تورەبونانە تێبگەن و بەهەندیشی وەربگرن.

---

*ئەم بابەتە لە سایتی خەندان و پێنوسەکان لە ٢٠١٥/٨/١٢دا وهەواڵ ژمارە ٦٢٩ و ستاندارکورد لە ٢٠١٥/٨/١٥ دا بلاوکراوەتەوە.

# ئاکەپە و ئەردۆگان لە شکستەوە بۆ شکستێکی گەورەتر.. *

- ئاشکرایە لە ٧ حوزەیرانی ٢٠١٥دا هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا ئەنجامدرا بۆ خولی بیست و پێنجەمین و بەیەکێك لە هەڵبژاردنە گەرموگوڕ و پڕ ململانێکان دێتە هەژمارکردن،بەهۆی ئەوەی هەرلایە و دەیویست سەرکەوتنی گەورە بەدەست بێنێت و خواست و بەرنامەکەی خۆی جێبەجی بکات ، بەڵام ئەنجامەکان بەگشتی چاوەڕوان نەکراو بون و بەتایبەتیش بۆ ئاك پارتی دەسەڵاتدار کە ماوەی ١٢ ساڵ بەتەنها لەسەر حوکم و دەسەڵاتی تورکیا بوو.چونکە دوای ٢ خولی هەڵبژاردنی یەك لەدوایەکی سەرکەوتوانە ئاکپارتی توشی شکستێکی گەورە بوەوە کە نەیتوانی نیوەی کورسیەکانی پەرلەمان بەدەست بێنێت و تەنها ٢٥٨ کورسی بەدەستهێنا لەکۆی ٥٥٠ کورسی و جەهەپەش ١٣٢ کورسی و مەهەپە و هەدەپەش هەریەکەیان ٨٠ کورسیان وەدەست هێنا.

بەم شێوەیە کۆتایی بە حوکمی ١٢ ساڵەی تاکڕەوانەی ئاکپارتی و ئەردۆگان هات و لە ئێستادا بەناچاری دەبێت پەنا بباتە بەر یەکێك لەو سێ هێزە بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی ئیئتیلافی و پێکەوەیی. کە ئاشکراشە مێژووی حکومەتەکانی تورکیا ئەوەیان سەلماندوە کە حکومەتی ئیئتیلافی هیچ کات سەرکەوتوو نەبوە لەبەر ناکۆکی و ململانێ حیزبیەکانی نێوان پارتە بەشداربوەکان و هەمیشە حکومەتێکی لەرزۆك و بێهێز بونە.ئەو سێ لایەنەش هیچ کامیان لەماوەی ئەو ١٢ ساڵەی حوکمی ئەردۆگان و ئاکپارتیدا دۆست و نزیکیان نەبوە و بەڵکو دژایەتی و ناحەزیان زیاتر بوە ، بەهۆی غرور و کبریائی ئەردۆگانەوە کە بۆتە بەشێك لە قەیرانەکان بەهۆی ئەوەی کە دەیەوێت سیستەمی حومڕانی لە پەرلەمانیەوە بگۆڕێت بۆ سەرۆکایەتی و زیادکردنی دەسەڵاتی و دەستوەردانە ناو کاروباری حکومەتەوە لەلایەك ولەلایەکی تریشەوە ئاکپارتی و ئەردۆگان هیچ کات ئەو حیزبانەی لەدەسەڵات و بڕیارەکاندا بەشدار پێنەکردوە، بۆیە ئەوانیش لە ئیسێتادا سوورن لەسەر هەندێ داواکاری خۆیان کە وەك ڕێگری و بەربەستێك وان لەبەردەم پێکهێنانی حکومەتی نوێی تورکیادا.

- ئەردۆگان دوای ١ مانگ دواخستن و ئاشکرابوونی ئەنجامە ڕەسمیەکانی هەڵبژاردنەکان ، جارێکر تر ئەحمەد داود ئۆغڵوی سەرۆکی ئاك پارتی ڕاسپارد بۆ پێکهێنانی حکومەت لە ٢٠١٥/٧/٩دا. بەپێی یاساش دەبێت لەماوەی ٤٥ ڕۆژدا حکومەت پێکبێت و پەڕلەمان متمانەی پێبدات . بەڵام ئەوەتا ٣٥ ڕۆژ تێپەڕیوە و دوای چەندین کۆبونەوە و سەردانیکردنی داود ئۆغڵو بۆلای ئەو سێ لایەنە، بەڵام ئاسۆی پێکهاتنی حکومەت ڕوون نیە و هیچ کام لەو سێ لایەنە بەڵێنی بەشداریکردنیان نەداوە لە حکومەتێکی ئیئتیلافی بە سەرۆکایەتی ئاکپارتی.
- هۆکارەکانی پێکنەهێنانی حکومەت و ڕەتکردنەوەی سێ لایەنەکە بۆ بەشداریکردن:

١. ئاکپارتی و ئەردۆگان لەماوەی ١٢ ساڵی ڕابووردوودا زۆر بەلوت بەرزی و بێمنەتیەوە مامەڵەیان لەگەڵ لایەنە سیاسی و مەسەلە گرنگەکانی ولاتدا دەکرد و بەجۆرێك توشی غرور و خۆ بەزل زانین هاتبون بەهۆی ئەو دەسکەوتە سیاسی و ئابوری و ئارامیەی کە بۆ تورکیایان وەدەسهێنابوو،کە وایلێکردبوون کە لەهەڵبژاردنەکاندا زۆر بێمنەتانە بەشداریان دەکردوو بڕوای تەواویان بەسەرکەوتنێکی گەورە هەبوو.کە ئەمە ڕووی ڕاستەقینەی ئاکپارتی و ئەردۆگانیان بۆ تەواوی گەلانی تورکیا دەرخست کە دووربوون لە خزمەتکردن و گەشەپێدانی ولأت و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی هەژاران و بێکارانی ولأتەکە.

٢. هەڵە سیاسی و ئابوری و سەربازیەکانیان و مامەڵەی خراپ و نادۆستانەیان لەگەڵ لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان و پاشگەزبونەوەیان لە بەڵێنەکانیان دەربارەی مەسەلەی کورد و پرۆسەی ئاشتەوایی لە تورکیادا،هۆکارێکی تری ڕەتکردنەوەی هەدەپە و لایەنەکانی تربوو.

٣. مەسەلەی گەندەڵی ئیداری و دارایی کە زۆرێك لە وەزیر و کاربەدەستانی ئاکپارتی گرتبۆوە کە لە ساڵی ٢٠١٣دا بوە باسوخواسی گەرمی ڕۆژ و ڕۆژنامەکان و بە

ئابڕووچونێکی گەورە لەسەر ئاکپارتی و ئەردۆگان حساب کران ، بەشێوەیەك کە هەردوو کوڕەکەی ئەردۆگان(( بیلال و بوراق)) خۆشی تیایدا بوون.

٤. دەوڵەتی تورکیا لە مێژە گیرۆدەی ململانێیەکی شاراوەی پشت پەردە لە نێوان باڵ و کوتلە و دەزگا جاسوسیە ناوخۆی و دەرەکیە جیاوازەکانی لایەنە سیاسی و باڵە توندڕە و ناسیونالیستی تورکی و نەتەوە پەرست و تۆرانیەکانی گورگە بۆرەکان و مەهەپە و ئەرگەنەکۆن و ئیسلامە میانڕەوەکان و گولەنیەکان و دەستە و گروپە مافیاییەکان و...هتد. بۆتەوە .

ئەمانە هەموییان پێکەوە بونە هۆکاری زویربون و تورەبونی جەماوەر لە ئاکپارتی و ئەردۆگان ودەنگیان پێنەدان و توشی شکستێکی گەورە بونەوە کە بەناچاری دەبێت هانا بۆ پارت و سەرکردە سیاسیەکانی ناحەزیان بەرن بۆ پێکەوەنانی حکومەت.کە ئەم شکستە خەون و خەیاڵە پلاوەکانی ئەردۆگانیان کردە بڵقی سەر ئاو لەوەی کە دەیویست سیستمی حوکمڕانی بگۆڕێت بۆ سەرۆکایەتی بە قازانجی خۆی و فراوانکردنی دەسەلاتەکانی و خەون بینینی بە زیندووکردنەوەی سەردەمی عوسمانیەکان و خۆی لێببوە خەلیفە و هەوڵی دەمڕاستیکردنی هەموو جیهانی عەرەب و ئیسلامی دەدا.

بۆیە دوای ئەم شکستە ئەردۆگان و ئاکپارتی توشی شڵەژان و شۆك بون و کەوتنە هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە لەهەموان و هەرزوو ڕایگەیاند کە پرۆسەی ئاشتەوایی لە تورکیادا کۆتایی هات و ئیدی جموجۆڵە سەربازیەکان دەستیان پێکردەوە و کوشت و کوشتار لە کوردستانی باکور هەڵگیرسیایەوە و کوردانیش بوێرانە ڕووبەڕووی هەموو پەلامار و هێرشەکان بونەتەوە.

ئەم شکستەی هەڵبژاردنەکان بۆ ئاکپارتی و ئەردۆگان زۆر بەسوێ بوو چونکە سەرەتا بوو بۆ شکستێکی گەورەتریان کە ئەویش نەتوانین و سەرنەکەوتنیان بوولە قەناعەت پێکردنی ئەو سێ لایەنە بۆ بەشداریان لە حکومەتی ئیئتیلافیدا کە ماوەی ٣٥ ڕۆژی ڕێکە داود ئۆغلۆ لەهەڵپەی پێکهێنانیدایە. ئەم شکستەشیان هێندەی تر ئەردۆگان و ئاك پارتی تورەکردوە ، چونکە بەپێی یاسا دوای ٤٥ ڕۆژ سەرۆك کۆمار لیستی براوەی دووەم

ڕادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت کە ئەویش جەهەپە یە کە خاوەنی ١٣٢ کورسیە و گەر ئەو سیّ لایەنە بیانەوێت حکومەت پێکبێنن دوور لە ئاکپارتی دەتوانن چونکە پێکەوە خاوەنی ٢٩٢ کورسین کە زیاد لە نیوەی کورسی پەڕلەمانە. بەڵام ئەگەری ئەم حکومەتەش زۆر لاوازە چونکە جەهەپە و مەهەپە دوژمنی مێژوویی کورد و مەسەلەکەین و بەتایبەتیش مەهەپە کە بۆ پێکهێنانی لەگەڵ ئاکپارتیدا مەرجی سەرەکی کۆتایهێنانی پرۆسەی ئاشتی و دان و سانە لەگەڵ پەکەکە و لێپرسینەوەی گەندەڵکارانە. کە ئەمانەش دەبنە هۆکاری ئەوەی کە ئەم سیّ لایەنە نەتوانن حکومەت پێك بێنن.

بۆیە لەماوەی ئەم ١٠ ڕۆژەی کەماوە هیچ ئومێدێك نیە بۆ ئاکپارتی کە بتوانێت حکومەت پێکبهێنرێت،چونکە هەرسیّ لایەنەکە ئەوەیان ڕەتکردۆتەوە کە بەشداری حکومەتێکی کورت ماوە و کاتی بکەن. هەربۆیە بۆ دەربازبوون لەم دۆخە چەقبەستوە دەبێت بڕیاری هەڵبژاردنی پێشوەختە بدرێتەوە بەمەبەست و نیازی ئەوەی کە گۆڕانکاری لە تەرازووی هێز و ژمارەی کورسیەکانی لایەنەکاندا ڕووبدات و بتوانرێت ژمارەی کورسی و دەنگەکانیان زیاد بکەن، بۆ ئەوەی ئاکپارتی بتوانێت بەتەنها حکومەت پێك بهێنێت، بەڵام لە ئەگەری زیادبونی چەند کورسیەکیشدا کە ٦٢ کورسی لەدەست داوە ئاك پارتی هەر ناتوانێت حکومەت بەتەنها پێك بێنێت و خەون و ئاواتی ئەردۆگانی سەرۆك وەدیبێنێت بۆ گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی بۆ سەرۆکایەتی چونکە لانی کەم پێویستی بە ٣٦٧ کورسی دەبێت کە ئەمەش ئەگەرێکی دوورە بۆ وەدەستهێنانی ئەو ژمارە کورسیە لەلایەن ئاکپارتیەوە، ئەوەی پێشبینی دەکرێت هەر دەبێت حکومەتێکی ئیئتیلافی پێکبهێنرێت و ئەمەش سەرەتای لاوازبون و دوورکەوتنەوەی یەکجارەکی ئاکپارتی و لاوازبوونی ئەردۆگانی سەرۆکیشێتی و بەدووریش نازانرێت کە کودەتای سەربازیش ڕووبدات و ئەردۆگان و ئاکپارتیش بەدەردی نەجمەدین ئەربەکان و حیزبی ڕەفای ساڵی ١٩٩٥ بچن و بۆ هەتاهەتایە لە حوکم و دەسەڵات و شانۆی سیاسی دوور بخرێنەوە.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی پێنوسەکان لە ٢٠١٥/٨/١٥ و ستاندارکورد لە ٢٠١٥/٨/١٧ و هەواڵ ژمارە ٦٣٠ لە ٢٠١٥/٨/٢٢ و کوردستانی نویّ ژمارە ٦٧٥٧ و پی و یو کەی میدیا لە ٢٠١٥/٨/٢٣دا بلاْوکراوەتەوە.

# کێ دەبێتە هۆکاری کردارەکی دابەشبوونی عێراق؟*

- لەو کاتەی دەوڵەتی عێراقی لە ساڵی ١٩٢١وە لەسەر ڕاسپاردە و پشتیوانی ئینگلیزەکان بەزۆر و دوور لەخواستی گەلانی عێراق پێکەوە نرا و کرایە دەوڵەتێکی ژێر ئینتیدابی بەریتانی و تاساڵی ١٩٥٨کە شۆڕشی ١٤ ی ڕەمەزان کۆتایی بە سیستەمی پاشایەتی هێنا و دواتریش لەسەردەمی کۆماریدا و ڕژێمە یەك لەدوایەکەکانیدا لە بەعسیەکان و نەتەوە پەرستەکاندا و تائێستا و لەدوای ڕووخاندنی کۆماری دووەم لەساڵی ٢٠٠٣وە ، ئەم دەوڵەتە بەڕووکەش هەر دروشمی یەك پارچەیی خاك و گەلانی عێراقیان بەرزدەکردەوە و لەو پێناوەشدا بە هەزاران ڕۆڵەی ئەم گەلانەیان کردە قوربانی دروشمێکی بێناوەڕك و دوور لە واقیع و ڕاستیەوە.
- گەلانی عێراق بە پێکهاتە جیاوازەکانیەوە لە نەتەوە و ئاین و مەزهەبی جیاواز و لەهەڵکەوتەی خاکەکەیەوە کە جیاوازیەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە ، هیچ کات خۆویستانە لایەنگری مانەوەی یەك و یەکگرتوویی نەبوە، بەڵکو هەریەکەیان بە ئاشکرا و بەنهێنی لەهەوڵی خۆ ڕزگارکردندا بوە لەو چوارچێوە بە زۆر سەپاو و دروستکراوەدا.هەریەکەشیان لە قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکاندا بەبیانوی جیاوازەوە دەستیانداوەتە ڕاپەڕین و ناڕەزایی و خۆپیشاندان و شۆڕشکردن دژی دەسەڵاتدارانی بەغداد.
- لەدەرەوەی عێراقیشدا پلان و بەرنامەی جیاواز هەبوە بەو ئاڕاستەیە لەلایەن وڵاتانی ناوچەکە و زلهێزەکانیشەوە ، هەریەکەشیان بیانوی خۆی هەبووە بۆ ئەو کارە ، چونکە عێراق وەك وڵاتێکی دەروازەی عەرەبەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە و پێگەی گرنگی جیۆسیاسی و دەوڵەمەند بەنەوت و بەهێزی سوپاکەی بەجۆرێك لە جۆرەکان دەبوە هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندی ئەو وڵاتانە و بەکردارەکیش عێراقیان تووشی شەڕی ٨ ساڵەی عێراق _ئێران و هەردوو جەنگی کەنداو کردەوە و لە ئێستاشدا ڕووبەڕووی ترسناکترین جەنگی دژە تیرۆر دژی داعش بۆتەوە و عێراق بۆتە گۆڕەپانی سەرەکی ئەو

جەنگ و ململانێ نێونەتەوەیی و ناوچەیی و ناوخۆییانەش و ماوەی زیاتر لە ١٢ ساڵە درێژەی هەیە.

- کورد هەمیشە سەرەنێزەی خەباتی ڕزگاری و سەربەخۆیی و ئازادی بوە لەو عێراقی سەیرو سەمەرەیەدا کە دوور لەخواست و ویستەکانی کورد دروستکرابوو..کورد لە عێراقدا بەدرێژایی تەمەنی ئەو دەوڵەتە لە ململانێیەکی ناهاوسەنگدا بوە بە سیستەمی پاشایەتی و کۆماریەکانەوە و تاکو ئێستاش..و لەو پێناوەشدا بەدەیان کارەساتی مرۆڤانەی تێپەڕاندوە و قوربانی و خەبات و خوێن و فرمێسکی زۆری ڕشتوە.کە ئەم داواکاریەی کورد داواکاری و مافێکی ڕەوای خۆی بوە چونکە کورد وەك نەتەوەیەکی جیاواز لە زۆرینەی عەرەبی شیعە و سونە و وەك خاکێکی جیاوازتریش مافی ئەوەی هەیە کە داوای جیابونەوە بکات و وەك ڕاستیەکی مێژوویش تا ساڵی ١٩٢٥ و دوای زیاتر لە ٤ساڵ لەدامەزراندنی عێراق وەکو دەوڵەت ولایەتی موصڵ نەخراوەتە سەر ئەو دەوڵەتە و تەنها سنوری عێراق لە زنجیرە چیای حەمرین تێپەڕی نەدەکرد.
- لەئێستاداو لە ئەنجامی خەباتی دەیان ساڵەی کورد لە عێراقدا توانیویەتی ببێتە خاوەنی هەرێمێکی نیمچە سەربەخۆو داموزدەزگای حوکمڕانی خۆی و هەنگاوەکان و پلانەکانیش بەرەو ئازادی و ڕزگاری زیاترە لە ڕووی سیاسی و ئابوریەوە و هەموو ئومێد و هیواکان بەرەو دامەزراندن و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیە و جیابونەوەی یەکجارەکیە لەم دەوڵەتی بەناو عێراقەدا..بەڵام بەداخەوە تائێستا ئەو خەون و ئاواتەی کورد بە زۆر هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکیەوە نەهاتۆتە دی!!!
- **پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە لە ئێستادا کێ لەدوای کورد ، لەهەوڵی جدی و کردارەکیدایە بۆ دابەشکردنی عێراق و جیابونەوەی پێکهاتە وخاکەکەی؟**

ئەوەی تێبینی دەکرێت کە لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی صدامیەوە لەساڵی ٢٠٠٣وە و هاتنە سەر حوکم و دەسەڵات لەلایەن پێکهاتەی عەرەبی شیعەوە و کۆنترۆڵکردنی هەموو جومگە گرنگەکانی دەسەڵات و پلاندانان بۆ وەدەرنانی سونە و تەنانەت کوردیش لە

ناوەندی بڕیار و هەوڵی قەتیس و بچوککردنەوەی هەردوو پێکهاتەی سوونە و کورد لە سوپا و ناو وەزارەتەکان و پەرلەمان و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و ڕاوەدوونان و وەدەرنانی سەرکردە سیاسیە سونەکان و دوورخستنەوەیان بەبیانوی جیاوازەوە ، هەموو ئەو کارانەی شیعەکان بەرەو تاکڕەوی و قۆرخکاری دەچێت لە دەسەڵاتی عێراقدا،لەئێستادا کورد بەداخەوە بەهێندەی سەرەتای ڕووخانی ڕژێمی بەعس بەهێز و خاوەن نفوز نەماوە لە بەغداد بەهۆی لەلایەك غیابی بەڕێز مام جەلال وەك سەرکردە و شۆڕشگێرێکی سەرسەختی دیکتاتۆریەت و وەك کاریزما و خاوەن نفوز و ڕێزلێگیراو لەلایەن هەموانەوە و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی سیاسەتی هەڵەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە و خوێندنەوەی هەڵەی ڕووداو و پێشهاتەکانەوە و لە ئێستادا شیعەی باڵا دەستی عێراق کەوتۆتە بڕینی بەشە بودجەی هەرێم و موچەی فەرمانبەران و بڕینی بەشە خۆراکی مانگانە و ...هتد. دژی کورد و سونەکانیش نەمەرجعێکی بەهێزی کۆکەرەوە و نە سەرکردایەتیەکی دیار و بەهێزیان ماوە و تەنانەت خاکەکەشیان لەهەردوو پارێزگاکانی ئەنبار و موصڵ و بەشێکی صلاح الدین و دیالەش لەژێر دەستی داعش لەلایەك و هێزە شیعیەکان لەلایەکی تردایە و بەمەش هێز و نفوزی سونە لە عێراقدا بەرە و نەمان و بچوکبونەوەی زیاتر دەچێت،و لە ئێستادا سونەکان لەهەموان زیاتر خوزیاری جیابونەوە و پێکەوەنانی هەرێمێکی فیدراڵین هاوشێوەی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی جیابونەوە و دەرچوون لەژێر حومکڕانی شیعەکاندا.

- شیعەکان بۆخۆشیان لەناو خۆیاندا کە لە چەندین هێز و ڕەوت و حیزبی سیاسی عیلمانی و مەزهەبی پێکهاتوون و بەڕواڵەت لە ناو ماڵی شیعی یەکگرتوودا کۆکراونەتەوە بە ڕاسپاردەی ئێران، بەڵام ململانێی سیاسی و حیزبی و بنەماڵەیی و نفوزێکی گەرموگوڕ لە نێوانیاندایە و تەنها وەك دەڵێن (( خودایان یەکە)) ئەگینا زۆر دژ بەیەکن و لەهەوڵی پەرتکردن و لاوازکردنی یەکتریدان.
- لەئێستادا هەوڵەکانی عەبادی سەرۆك وەزیران بۆ چاکسازی و تەرشیقی ئیداری و نەمانی گەندەڵی و ڕێکخستنەوەی دامودەزگاکانی حکومەت لە ژێر فشاری خۆپیشاندەرانی جەماوەری عێراقیدا کە ماوەی ٦ هەفتەیە بەردەوامە بەپشتیوانی مەرجەعی گەورەی شیعەکان، ئەو ململانێ ناوخۆییەی شیعەکانی زیاتر تۆخکردۆتەوەو هەرچەندە تائێستا و بە ئاشکرا هیچ سەرکردە و

لایەنێك دژایەتی خۆی بۆ هەنگاوە بەناو چاکسازیەکانی عەبادی دەرنەبڕیوە ، بەلاَم بەنهێنی و لە پشت پەردەوە ئەم هەنگاوانەیان پێخۆش نیە و تەنانەت کەوتونەتە دژایەتی کردنیشی و ئەمەش بۆخۆی سەرەتای کۆتایهاتنی یەکڕیزی شیعەکانە و هەریەکەیان لە ئێستادا لەهەوڵی پاوانکردنی پارێزگاکانی باشووردان بۆئەوەی لە ئایندەدا هەرێمی خۆیان پێکەوە بنێن و پارێزگای بەسرەش ڕابەری ئەو ڕەوتە دەکات، شیعەکان بەهۆی زۆری مەرجەع و جیاوازیە مێژوویەکان و بونی هێزی میلیشیای چەکداری جیاوازەوە ، پاڵێوراون بۆ سەرهەڵدان و دەسپێکی قۆناغێکی جیاوازی دژ بەیەك و شەڕی ناوخۆ و ئەهلی لە باشور و ناوەڕاستی عێراقدا و بەم کارەش بە فعلی هەنگاو هەڵدەنرێت بەرەو دابەشبوونی عێراق لانی کەم بۆ سێ هەرێمی شیعی و سونی و کورد لە باشور و ناوەڕاست و باکوری عێراقدا و دواتریش هەنگاو بەرەو سەربەخۆبونی هەریەکەیان بۆ دەوڵەتێکی ئیتنی و مەزهەبی جیاواز لەیەکتر و بەمەش بۆ هەتاهەتایە ئیدی ترس و هەڕەشەی دەوڵەتی عێراق بۆ ناوچەکە و دونیاش نامێنێت و بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوری و نەوتیەکانی زلهێزەکانیش ناکەوێتە بەر مەترسیەوە.

- هەربۆیە ئەوەی پێشبینی دەکرێت کە شیعەکان بۆخۆیان کە زۆرینەی عێراقن ببنە هۆکاری سەرەکی دابەشبوونی گەلان و خاکی عێراق و ببنە وەدیهێنەری پلانە مێژوویەکەی جۆبایدنی جێگری سەرۆکی ئەمریکا کە لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابووردووەوە بانگەشەی بۆ دەکات و بە چارەسەرێکی گونجاوی دادەنێت بۆ نەهێشتن و چارەسەرکردنی کێشە و قەیرانی عێراق لەناوچەی ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاستدا و بەمەش شیعەکان بۆخۆیان دەبنە ڕابەری ڕووخاندنی یەکەم خشتی تەلاری لەرزۆکی بەناو دەوڵەتی عێراق و ئیدی دروشمە بێناوەڕۆکە دێرینەکەی برایەتی و یەکێتی خاك و گەلانی عێراق دەبێتە بلّقی سەر ئاو و بۆ هەتاهەتایە عێراقێکی یەکگرتوو ناوی لە مێژوو و جوگرافیادا نامێنێت.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی مەکتەب ڕێکخستن و پێنوسەکان لە ٢٠١٥/٩/٧ و خەندان لە ٢٠١٥/٩/٨ وهەواڵ ژمارە ٦٣٣ لە ٢٠١٥/٩/١٢دا بلاَوکراوەتەوە.

# ١١ی سێپتەمبەر
# سەرەتایەکی بێ کۆتای تیرۆر لە جیهاندا! *

- مێژووی تیرۆر لە جیهاندا لەگەڵ دەسپێکی مێژووی مرۆڤایەتیدا دەستیپێکردوە و مرۆڤایەتی لە ڕۆژانی سەرەتایەوە تا ئێستا و بۆ ئایندەش گیرۆدەی نەفرەتی خودایی بۆتەوە  کە دووچاری پەتای تیرۆری کردۆتەوە و بەو پێیەش ژیان و گوزەرانی مرۆڤی کردۆتە جەهەنەم لەسەر زەوی و خۆشی و خۆشگوزەرانی و ئارامی ژیانی قڵپکردۆتەوە.

لەم سەردەمەدا و لەهەزارەی سێیەمی مێژوودا و لەسەدەی بیستویەکدا دیاردەی قێزەونی تیرۆر بۆتە دیاردەیەکی جیهانگیر و سەرتاپای جیهان و کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکانی خستۆتە بەر هەڕەشە و مەترسیەوە و بەشێوەیەك دوورترین جێگەی ئەم جیهانە ئارام و سەلامەت نەماوە.

دیاردەی تیرۆ لەهەرکوێ بێت پەیوەستە بە چۆنێتی بیرکردنەوەو شێوازی گوزەران و ئاستی هوشیاری تاکەکانی مرۆڤەکانەوە، بەشێوەیەك لەهەر کوێ هەژاری و توندڕەوی و دواکەوتوویی و نەخوێندەواری هەبوو بەدڵنیایەوە لەوێدا دیاردەی تیرۆربونی هەیە و گەرای داناوە و ژینگەیەکی گونجاوی بۆ خۆی دۆزیوەتەوە.

لەمێژوودا دەبینین کە هەموو دیاردەیەکی توندڕەوی لە فکری نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی و چینایەتیدا هەمیشە تیرۆری بەرهەم هێناوە بەبێ جیاوازی نەتەوە و ئاین و مەزهەبەکان و خەباتە چینایەتیەکان، هەموانیان بۆ وەدەستهێنانی ئامانجەکانیان هەرچەندە ڕەوا و شەرعیەتیشی هەبوبێت پەنایان بردۆتە بەر تیرۆر و تۆقاندن و ترساندنی بەرامبەرەکانیان و هیچ کات نەرمی و ڕێبازی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتنیان نەگرتۆتە بەر.

- بەداخەوە لە ئێستادا دیاردەی تیرۆر پەیوەست بوە بە ئیسلامی سیاسیەوە لەناوچەکە و دونیاشداو هەموان دەستی تۆمەت درێژدەکەن بۆ ئیسلامی سیاسی و توندڕەوی بیروباوەڕی ئیسلامی، لەمەشدا ناهەقیان نیە،چونکە بەدرێژایی مێژووی

ئیسلامی سیاسی لە سەرەتای دەیەی سیەکانی سەدەی ڕابوردووەوە کاتێك حەسەن بەنا لە میسر لە ساڵی ١٩٢٨دا کۆمەڵی اخوان موسلیمینی دامەزراندو پێشتریش فکری توندڕەوی ئیسلامی لەلایەن جەمالەدینی ئەفغانی و محمد عەبدەوە گەشەی پێدراوە و دواتریش ڕەشید ڕەزا بەتیۆری کرد وئیدی تائێستا ئەم ڕەوتە توندڕەوە جیهانیە بۆتە سەرەنێزەی توندڕەوی و زیندووکردنەوەی سەرەتاکانی ئیسلام بەشێوەیەکی خوێناوی ڕەش و تاریك و چەندین قوتابی و قوتابخانەی توندڕەویان بەرهەمهێناوە لە وڵاتانی عەرەبی و ناوچەکە و جیهانیشدا. بەرهەمی ئەم توندڕەویانە سەید قوتب و ڕەوتی وەهابی سەلەفی سعودیە و جەماعەی ئیسلامی ئەبو عەلای مەودودی لە پاکستان و هەموو بزوتنەوە توندڕەوەکانی ئەفغانستان و ئێران و جەزائیر و کوردستان و ..هتدیشن.

- ئەم دیاردەیە وەك لە مێژووی دامەزراندنیدا ئاشکرا کراوە و ڕۆبێرت درایڤۆس لە کتێبی ((گەمەی شەیتان))دا ئاشکرای کردوە کە هەموانیان بەجۆرێك لە جۆرەکان بەدەست و پشتیوانی مادی دەزگا جاسوسیەکانی ڕۆژئاوا دروستکراون و گەشەیان پێدراوە بە ئامانجی بەرگرتن لە پەلهاویشتن و بەهێزبوونی یەکێتی سۆڤیەتی جاران و ڕەوتی کۆمۆنیستی لە جیهاندا لەسەردەمی شەڕی سارددا.هەرئەمەش بوە هۆی ئەوەی کە لەدەیەکانی هەشتای سەدەی ڕابوردووەوە و لەدوای داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە ئیدی شەڕی توندڕەوانی ئیسلامی بە ئاشکرا دەستیپێبکات و بتوانن سۆڤیەت لە ئەفغانستان دەربکەن و ولایەتێکی ئیسلامی لەو وڵاتەدا دابمەزرێنن و توانا و هێزێکی سەربازی گەورە پێکەوە بنێن و دواتریش هەرخۆیان بونە هەڕەشە بۆسەر بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاو ڕۆژئاوا و(( تولە مارەکان لەخاوەنەکانیان هەڵگەڕانەوە ))و هێندە بوێریان پەیداکردبوو ئەوەبوو لە ١١ ی سێپتەمبەری ٢٠٠١دا کە بە سێشەممەی ڕەش ناسراوە گەورەترین کاری تیرۆریستیان لەناو جەرگەی ئەمریکادا جێبەجێکرد و بەفڕۆکە هێرشیان کردە سەر هەردوو تاوەری سەنتەری بازرگانی جیهانی لە نیویۆرك و واشنتۆن.ئەم کارە ئەمریکاو دونیای هەژاند و هەموانی تووشی شۆك کردو ئیدی

لەوبەروارەوە دونیا بەسەر دووبەرەی تیرۆر و دژە تیرۆر دابەشبوو، تائێستاش بەردەوامی هەیە و ١١ی سێپتەمبەر بوە دەستپێکێکی بیٚ کۆتا بۆ کاری تیرۆریستی جیهانی لەسەر ئاستی دەوڵەتان و ڕێکخراو و بزوتنەوە ئیسلامیە توندڕەوەکان، ئەم کارەساتە لەدوای خۆی بوە هۆی ئەوەی کە دونیا بەگشتی بکەوێتە بەر مەترسی و هەڕەشەوە و ئاشتی و ئارامی جیهانی قڵپکردەوە و وڵاتانی گەورە و بچوك و بەهێز و بێهێز کەوتنە خۆ بۆ خۆ پارێزی و دوورخستنەوەی جەنگی تیرۆریستان لە خۆیان، بەڵام بەداخەوە ئەم جەنگە دەستپێکی هەیە بەڵام بێکۆتایە و هەموانیشی گرتۆتەوە و لە ئێستادا گۆڕەپانی سەرەکی ئەو جەنگە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەو بەتایبەتیش عێراق و سوریایە، ئەوەی زیاتر ئاگری ئەم جەنگەی خۆشکرد و ژینگەیەکی لەبارتری بۆ ڕەخساند ئەو ڕاپەڕینە جەماوەریانەی گەلانی عەرەب بوو کە بەناوی بەهاری عەرەبیەوە دەستیان پێکرد دژی دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆری وڵاتەکانیان لە تونس و لیبیا و میسر و یەمەن و سوریا و ...هتد. و ئیدی ئەم پاشاگەردانیە بوە هۆی بەهێزبوون و دروستبوونی چەندین نەوەی نوێ لە توندڕەوە ئیسلامیەکان و لەئێستادا داعش بۆتە میراتگری سەرەکی و کوڕی شەرعی سەلەفیزم وئەلقاعیدەی ئوسامە بن لادن و مەلاعومەری تاڵیبانی ئەفغانستان و دونیای بەخۆوە خەریك کردوە و پێشبینیش ناکرێت بەم زووانە کۆتاییان پێبێت، چونکە سیاسەت و پیلانی زلهێزەکان و وڵاتانی ناوچەکەشی لە پشتەوەیە و گەرەکیانە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نویٚ بێنە ئاراوە دوای قڵپکردنەوەی هەموو دامودەزگا پاشایەتی و کۆماریەکانی ناوچەکە و بەشێوەیەك فەوزا و بێسەروبەریەك بێتە کایەوە کەدواتر بە پێی پلان و بەرنامەی خۆیان ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوینی نوێ پێکەوە بنێن.

- بەداخەوە کوردیش وەکو نەتەوەیەکی زیندوو کارای ناوچەکە لەم جەنگە نەگریسەوە گلاوە و بۆتە سەرەنێزەی دژی داعش و خاکی کوردستانیش لە باشوور و ڕۆژئاوادا بۆتە گۆڕەپانی سەرەکی ململانیٚ نێونەتەوەییەکە و خۆشبەختانەش کورد بەهێز و

بازووی پێشمەرگە قارەمانەکانی و شەڕڤانانی بۆتە سیمبولی ئازادی و ڕزگاری دژی چەتەکانی تیرۆریستانی داعش.

هەربۆیە یادی ١١ی سێپتەمبەر بۆتە خاڵی وەرچەرخانی مێژووی مرۆڤایەتی ئەم سەدەیە و دیاردەی تیرۆر و تیرۆریستانیش بونەتە پەڵەیەکی ڕەش بە تەوێڵی ئیسلامی سیاسی توندڕەوەوەکە هێندەی زیانیان بە ئاینی ئیسلامی پاك وبێگەرد گەیاندوە، نیوهێندە قازانجیان پێنەگیاندوە و بەم کارانەیان ناوچەکە و هەموو وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامییان کردۆتە گۆڕەپانی جەنگەکە کە تەنها خەڵك و خاکی ئەو وڵاتانە و ئابوری و بازاڕو گەشەی ئابوریان زیانی پێدەگات و بەشێوەیەك لە شێوەکان ناوچەکەیان بەداگیرکردن داوە نەك ڕزگارکردن.و ئەم جەنگە نەگریسەی دژی تیرۆریستان بوە هۆی سەرهەڵدانی بیرۆکە و بیردۆزەی (( بەریەك کەوتنی شارستانێتیەکان)) کە لەلایەن کۆماریخوازە نوێکانەوە لە ئەمریکا سەریهەڵدا و هەردووك لە (( بێرنارد لویس و سامۆئیل هانتینگتۆن)) ڕابەرایەتی دەکرێت و ئەوان پێیان وایە کە (( جەنگی دژی تیرۆریزم بریتیە لە بەریەکەوتنی شارستانێتی ڕۆژئاوای مەسیحی و جولەکە و شارستانێتی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی و پێیان وایەکە دوای فاشیزم و کۆمۆنیزم ئەوا ئیسلام و باڵی ڕاستی ئیسلامی سیاسی دوژمنی سەرەکی کەلتور و فەرهەنگ و شارستانێتی ڕۆژئاوایە و ، بەهەموو توانایەکیانەوە هەوڵی پەکخستن و بچوککردنەوەی دەدەن و ڕەوایەتی دەدەنە ئەو جەنگە لەهەر کوێ بێت)).

تاکە چارەسەریش بۆ دیاردەی تیرۆر و توندڕەوی بریتیە لە خۆشگوزەرانی و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەران و هوشیاری تاك و کۆمەڵگاکان و چەساپاندن و زیندووکردنەوەی گیانی لێبوردەیی و نەرمی نواندن و گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن لەنێوان هەموو نەتەوە و ئاین و مەزهەبە جیاوازەکاندا دوور لە خوێنڕشتن و ترس و تۆقاندن وتوندڕەوی.

---

*ئەم بابەتە لە سایتی پی یو کەی میدیا و مەکتەب ڕێکخستن و پێنوسەکان لە ٢٠١٥/٩/٩دا و لە کوردستانی نوێ ژمارە ٦٧٧١ و ئەنجومەنی ناوەند لە ٢٠١٥/٩/١٠ و سایتی ناوەندی دەرەوە لە ٢٠١٥/٩/١٤ و ڕادیۆ ناوخۆ لە ٢٠١٥/٩/٢٣دا بلاْوکراوەتەوە.

# ڕوسیا

## لە ڕۆڵی کۆمبارسەوە بۆ پاڵەوان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ! *

- ڕوسیا وەك میراتگری یەکێتی سۆڤیەتی هەڵوەشاوە لەساڵی ١٩٩١وە ڕۆڵ و کاریگەری خۆی بۆ دەیە ساڵ و زیاتریش لەهەموو دونیادا و بەتایبەتیش لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وەك زلهێزێك و جەمسەرێکی ململانێ جیهانیەکە لەدەستداوە و خۆشی بچوك و گۆشەگیرکەوتوە و هاوپەیمان و دۆستەکانیشی بێئومێد و دەستخەڕۆ خستوە..

گەر بە مێژووی یەکێتی سۆڤیەتی جاران و ڕوسیای ئێستاشدا بڕوانین ،ئەوا هەمیشە دووڕوویی لە بەڵێن و وازهێنان و بەجێهێشتنی هاوپەیمان و دۆستەکانیان لەنیوەی ڕێگادا پیشەی هەمیشەیی و سیاسەتی حیزبی شیوعی سۆڤیەتی و حکومەتی کرملین بوە بۆ وڵات و حکومەت و تەنانەت حیزبە شیوعیەکانی ئەو وڵاتانەش.

ئەوەتا کاتێك شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەڕابەرایەتی حیزبی شیوعی سۆڤیەتی سەرکەوت لەگەرمەی جەنگی جیهانی یەکەمدا ، ڕاستەوخۆ لەو جەنگە کشایەوە و کەلێنێکی گەورەی خستە ناو هاوکێشە سیاسی و سەربازیەکانەوەو ئیدی لێرەوە ڕۆڵ و کاریگەری یەکێتی سۆڤیەتی ڕوو لە بچوکبونەوە و گۆشەگیری کرد.

لە جەنگی جیهانی دووەمیشدا یەکێتی سۆڤیەت ڕووبەڕووی داگیرکردنی ئەڵمانیەکان بوە و کارەساتی بەناوبانگی ستالینگرادی لێکەوتەوە و هێندەی نەمابوو مۆسکۆی پایتەختیش بگیرێت و لە ئەنجامیشدا یەکێتی سۆڤیەت تەنها توانی چەند وڵاتێکی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی بخاتە ژێر ڕکێف و خولگەی خۆیەوە و ژمارەیەك حیزبی شیوعی لە دونیادا دروست بکات کە زۆرینەیان نەیانتوانیوە بگەنە دەسەڵات و هەمیشە یەکێتی سۆڤیەت بەبەکارهێنانی سیاسەتی توندوتیژی و تواندنەوەی نەتەوە و ئاینەکان و پشتیوانیکردنی لە هێز و حکومەتە تاکڕەوەکان لەدونیادا گەشەی بە سیاسەت و ڕۆڵی خۆی داوە .بەڵام هەمیشە زۆرینەی جەماوەر و کۆمەڵگای لەدەستداوە.

لە سەردەمی جەنگی ساردیشدا کە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە و لەساڵی ١٩٥٢وە دەستیپێکردوە و تا ساڵی ١٩٩١ بەردەوام بوە لە نێوان بلۆکی سۆسیالیستی ڕۆژهەڵات و

سەرمایەداری ڕۆژئاوادا بەڕابەرایەتی ئەمریکا، هێواش هێواش ڕۆڵ و کاریگەری ڕوسیا بەرەو قەتیسبوون و بچوکبونەوە دەچوو تا لەکۆتایدا و لەئەنجامی سیاسەتی هەڵەی داخراو ونەبونی دیموکراسی و ئازادیەکان و بەکارهێنانی سیاسەتی ئاگر و ئاسن لەناوخۆی خۆی و لەو وڵاتانەشی کەپێڕەوی بەناو سۆسیالیستیان کردوە..

- **ئەوەی گرنگە لێرەدا پرسیاری لەبارەوە بکرێت ، ئەوەیە ئەرێ ڕۆڵی ڕوسیا لە ئێستادا لەناوچەی ڕۆژهەلاتی ناویندا چیە؟ ئایا وەك لەڕابووردوودا دەبێت یان لە ئایندەدا کاریگەرتر و ئەکتیڤتر دەبێت؟ئایا ڕۆلی لە کۆمبارسەوە دەبێتە پاڵەوانی سەر شانۆی ناوچەکە و دونیاش؟ئایا دەتوانێت ڕووبەڕووی سیاسەت و ململانێکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا ببێتەوە؟ئایا دەتوانێت ببێتەوە بە جەمسەرێکی گرنگ و کاریگەری دونیا و جارێکی تر دونیا دابەشبکاتەوە؟یان هەر بە گۆشەگیری دەمێنێتەوە و جارێکی تریش دۆست و هاوپەیمانەکانی دەسخەڕۆ دەکاتەوە؟ ئەمەو دەیان پرسیاری تر.**

ئاشکرایە سۆڤیەت و ڕوسیاش هەمیشە ڕۆڵی لاوەکیان هەبوە لەناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستداو هیچ کات پێگە و مۆڵگەیەکی چەسپاو و جێگیر و بەهێزیان نەبوە لەهیچ وڵاتێکی ناوچەکەدا کە هەمیشەش و بەدرێژایی مێژووش هەوڵیداوە بگاتە ئاوە گەرمەکان و سەرچاوەکانی نەوت و غازی سروشتی ناوچەکە، بەلام تائێستاش نەیتوانیوە لەبەرامبەر هێز و هەژمونی ئەمریکا و پێشتریش ئینگلیز و فەڕەنسیەکاندا خۆڕابگرێت و جێگە پێی خۆی بکاتەوە. ڕۆڵ و بوونی سیاسی و سەربازی ڕوسیا و سۆڤیەتیش لەم ناوچەیەدا تەنها لەشێوە هاوکاری جاسوسی و ڕاوێژکاری سەربازی و شارەزادا بوە ئەویش بەنیوە ناچڵی و تاسەر نەبوە ،نمونەش پەیوەندی و هاوکاریە کاتیەکانی بۆ میسری عەبدول ناسر و سوریا لەڕابووردوو ئێستاشدا و ئێران و عێراق و یەمەنی سۆسیالیستی و ..هتد.

سۆڤیەت و ڕوسیا تەنها بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان و ناو وناوبانگیان هەندێ جار هاتونەتە سەر خەت بۆ پشتیوانی دەربڕین بە دەرکردنی بەیاننامە و هەڕەشەی بێناوەڕۆك، ئەگینا بەکردار لەم ناوچەیەدا پارێزگاری تەنانەت لە حیزبە شیوعیەکانی سەربەخۆشیدا نەکردوە ئەوەتا لەکاتی سەرکوتکردنی شیوعیەکانی عێراق لەسەردەمی قاسمی شەستەکانی سەدەی ڕابووردوودا بێدەنگ و تەنانەت بەزۆر و هەڕەشە لە شیوعیەکان کە دژی قاسم نەبنەوە.. هیچ کات ڕوسیا خاوەنی دەستپێشخەری و

هاوپەیمانی ستراتیژی نەبوە بەشێوەی حیلفی بەغداد و سەنتۆ و سەعدئاباد کە لەنێوان وڵاتانی ناوچەکە و ئەمریکادا ڕێکخرابوون.

هەمیشە سۆڤیەت و ڕوسیا خاوەنی بەڵێنی تاسەر نەبوون بۆ گەلان و شۆڕش و ڕاپەڕینە جەماوەریەکانی ئەم ناوچەیە لە پشتیوانی و پشتگیریکردنیاندا بۆ ڕووخاندنی ڕژێمە تاکڕەوەکان و پێکەوەنانی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان ، ئەوەتا هەڵوێستی سۆڤیەت و ڕوسیاش لەبەرامبەر مەسەلەی کورددا هەر لە جەنگی یەکەمی جیهانیەوە تا جەنگی سارد و بە ئێستاشەوە ئەوەندەی ئەمریکا و ڕۆژئاوا پشتیوانی مەسەلەی کورد و کوردستان بوە نیوهێندە ڕوسیا و سۆڤیەت ڕۆڵیان نەبوە، زەقترین نمونەش بەجێهێشتن و بڕینی پشتیوانی و هاوکاریان بوو لە کۆماری کوردستان و قازی محەمەد لەساڵی ١٩٤٦دا و لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلولیشدا و لەساڵی ١٩٧٢دا هاوپەیمانێتی دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ عێراقدا واژۆکرد و لە شۆڕشی نوێی گەلەکەشماندا باشترین دۆستی ڕژێمەکەی بەعسی صدامی بوو دژ بە مەسەلەی کورد و کوردستان لە باکوری کوردستانیشدا هیچ کات دۆستی تاسەری پەکەکە نەبوە و تەنانەت نەیتوانی تەنها عەبدوڵا ئۆجەلان لەو ڕوسیا گەورەیەدا جێگە بکاتەوەو بیپارێزێت و لە ئێستاشدا بچوکترین هاوکاری کوردانی ڕۆژئاوا ناکات و بەپێچەوانەوە تائێستا تاکە وڵاتی دونیایە جگە لە ئێران پشتیوانی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد دەکات و گەرەکیشێتی بمێنێتەوە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا تازە بەتازە پشتیوانی سیاسی و سەربازی و ئەتۆمی ئێران و ئاخوندەکان و ڕژێمی ئیسلامی دەکات دژ بە کورد و وڵاتانی عەرەبی کەنداو .

هەموو ئەم هەڵوێستانەی سۆڤیەت و ڕوسیا وایانکردوە کە گەلان و کۆمەڵگاکان و حکومەتەکانی ناوچەکە هیچ کات ڕوسیا بە پشتیوانیەکی تاسەر و دڵسۆزی خۆیان نەزانن و هەربۆیەش بەناچاری ملکەچی سیاسەتەکانی ڕۆژئاوا بوون و ڕۆژئاواش بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆی و پاراستنی ئیسرائیل و سەرچاوەکانی نەوت و گازی سروشتی ناوچەکە لەهەموو تەنگانەکاندا ڕۆڵ و کاریگەری و بونی هەبوە لەسەر زەمین و هەموو ئەو هێز و وڵاتانەی پاراستوە کە لەخولگەی خۆیدا بوون و بەڕووکەشیش بێت هەمیشە پشتیوانی هێزە دیموکراسی و عیلمانیەکان و ڕاپەڕینە جەماوەریەکان بوە و و زیندوو ترین نمونەش بەهاری عەرەبی ناوچەکە بوو کە تەنها ڕوسیا دژایەتی دەکردن و ئەنجامیش گەلێك لەو ڕاپەڕینانە سەرکەوتنیان وەدەست هێناوە.

- ئەوەی جێگەی سەرنجە کە لە ئێستادا ڕوسیا هەوڵ دەدات کە هاوپەیمانی سیاسی و سەربازی نوێ لەناوچەکەدا پێك بهێنێت لەگەڵ ئێران و سوریا و عێراقدا، بۆ پشتگیری و مانەوەی ڕژێمی تاکڕە و تیرۆریستی بەشار ئەسەد، ئەوەتا ڕوسیا دوێنێ ٢٠١٥/٩/٣٠ لەلایەن دۆمای ڕوسیاوە پڕۆژە یاسایەکیان پەسەند کردوە کە ڕێگە بەناردنە دەرەوە و بەکارهێنانی هێزی سەربازی دەدات لەدەرەوەی ڕوسیادا کە ئەمە پێشهاتێکی نوێیە و نیەت و نیازێکی شاراوە و گەورەی لە پشتەوەیە بۆ پشتیوانیکردنی ڕژێمەکەی سوریا کە هەموو ڕۆژئاوا و ئەوروپا و عەرەبەکانیش دژایەتی دەکەن.

ڕوسیا وا خۆی نیشاندەدات کە پشتیوانی گەلانی ناوچەکە و دژ بە ململانێکانی ئەمریکاو ڕۆژئاوایە و گەرەکێتی لەم ڕێگەیەوە جێگە پێی خۆی قایم بکات و بتوانێت لەو ڕۆڵی نێگەتیف و کزۆڵ و قەتیسەی جارانی دەربچێت و لە ڕیزی کۆمبارس ودواوە بێتە سەر شانۆ و ڕیزی پێشەوەی ئەکتەر و کاراکتەرەکان و بتوانێت ئەوەی لە ڕابووردوودا لەدەستی داوە بیگێڕێتەوە ، بەڵام بەدڵنیایش ئەو کارەی بۆ ناچێتە سەر، چونکە ڕوسیا لە ڕووی سیاسی و سەربازی و تەکنەلۆژیەوە زۆر لە ئەمریکا لەدواترە و لە پێگەیەکدا نیە بتوانێت ببێتە جێگرەوەی ئەمریکا لە ناوچەکەدا و ئێرانیش گەرچی لە ئێستادا و بۆ ئایندەش بۆتە هێزێك کە توانیویەتی تاڕادەیەك هەژمون و نفوزی خۆی بسەپێنێتە سەر ژمارەیەك وڵاتان و حکومەتەکانی ناوچەکە لە عێراق و یەمەن و بەحرەین و سوریا و لوبنان و فەلەستین و ..هتد. بەڵام بەدڵنیایی هەموو سیاسەتەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا و ئیسرائیلیش بۆ بچوکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی ئێرانە و پەکخستنی توانا سەربازی و ئەتۆمیەکەیەتی ، هەرچی عێراق و سوریاشن بۆخۆیان لە دۆخی شڵەژاو و هەڵوەشاندنەوە و نەماندان ، بۆیە گرەوەکەی ڕوسیا لەسەر (( ئەسپی دۆڕاوە)) و لە زەمان و زەمینەیەکی گونجاودا نین ،کە هیچ نیاز و ئومێدیك نیە پێیان و ناشتوانن خۆیان ڕابگرن لەبەردەم هەژمون و گۆڕانکاریەکانی ناوچەکەدا.

ڕاستە ئەمریکا لەساڵی ١٩٩١وە بۆتە تاکە جەمسەر و ڕابەری بێڕکابەری هەموو دونیا و توانیویەتی نەزمێکی نوێی جیهانی پێکەوە بنێت و سوود لە تەکنەلۆژیای نوێ وەربگرێت و جیهان بکاتە گوندێکی بچوك وتێکچڕژاو و بۆتە تاکە جەمسەری ململانێکان و لەهەموو ڕووەکانی سیاسی و ئابوری و سەربازی و تەکنەلۆژیاوە بۆتە پێشەنگ و باڵادەستی هەموو دونیا، بەڵام ئەمەش ڕێگر نەبوە لەبەردەم سەرهەڵدانی چەندین قەیران و کێشە لە دونیادا

لە ئەنجامی سیاسەتی هەڵە و تاکتیکی سەرنەگرتووی ئەمریکاوە و لەسەروشیانەوە دیاردەی قێزەونی تیرۆر و تیرۆریستانە کە دونیای دابەشکردۆتە سەر دووبەرە و بۆتە هەڕەشەیەکی جدی بۆ بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاواو سەرتاسەری جیهان. هەربۆیە کێشەو و قەیران و ململانێکان بەجۆرێك گەورە و ترسناك بوون کە بەتەنها ئەمریکا ناتوانێت چارەسەر و کۆنترۆڵیان بکات و لە ئێستادا دونیای تاك جەمسەری ئەمریکا کاڵ بۆتەوە و تاڕادەیەك فرە جەمسەری یابان و ئەڵمانیاو فەڕەنسا و ڕوسیاش تۆخبونەتەوە..

هەربۆیە لەم نێوەندەدا بۆشاییەك لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دونیاشدا دروستبوە و ڕوسیاش گەرەکێتی بەهەر نرخێك بوە ڕۆڵ و کاریگەری هەبێت و چەندی بتوانێت هەیمەنە و هەژمون و نفوزی خۆی گەشە پێبدات و وەك کۆتایی جەنگە جیهانیەکان هەندێ دەسکەوتی بچوکی دەسبکەوێت..بەلاّم وەك دەڵێن ئەمڕۆ ئاوێنەی ڕابوردوە ، بۆیە خەوبینین و ئومێد هەڵچنینی زۆر لەسەر ڕۆڵی ڕوسیای ئایندە لەناوچەکەدا کارێکی ژیرانە نابێت و دەبێت هەمیشە بیر لە دەستخەڕۆکردن و پشتتێکردنی ڕوسیا ئامادەگی هەبێت لەپلان و بەرنامە و هاوپەیمانیەکاندا.

بەتایبەتیش بۆ کورد و مەسەلەکەی لەناوچەکەدا نابێت سەرکردایەتی سیاسی کورد ستراتیژی خۆی بکاتە قوربانی تاکتیکەکانی و کارێکی هەڵە نەکات بە گۆڕینەوەی پشتیوانی و دۆستایەتی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بۆ کورد بە پشتیوانی و بەڵێنەکانی ڕوسیاوئێران ،بۆ ئەوەی جارێکی تر مێژووی کۆماری مهاباد و شۆڕشەکانی ئەیلول و شۆڕشی نوێ و شۆڕشەکانی باکوریش دووبارە نەبنەوە بەدەستخەڕۆکردنی سۆڤیەت و ڕوسیەکان و پشتتێکردنیان لە نیوەی ڕێگادا.

---

*ئەم بابەتە لە سایتی مەکتەب ڕێکخستن و پێنوسەکان لە ٢٠١٥/١٠/٢دا و وتاری کورد لە ٢٠١٥/١٠/٣ ولە پی یو کەی میدیا و چاودێر نیوز لە ٢٠١٥/١٠/٤ و لە کوردستانی نوێ ژمارە ٦٧٨٦ لە ٢٠١٥/١٠/٥ و هەواڵ ژمارە ٦٣٦ لە ٢٠١٥/١٠/١٠ و ناوەندی دەرەوە لە ٢٠١٥/١٠/١١دا بلأوکراوەتەوە.

# چارەسەر... باهەموومان ببین بە پارتی ! *

• ئەوەی تێبینی دەکرێت لەهەرێمی کوردستاندا هەر لەدوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی گەلەکەمان و دەرپەڕاندنی هێز و دام و دەزگاکانی ڕژێمی بەعسی صدامی لە کوردستاندا و دواتر هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕاگەیاندنی فیدراڵی و چەسپاندنی تاڕادەیەك دیموکراسی و ئازادیەکان لەساڵی ١٩٩٢دا.. هەمیشە هێزە سیاسیەکان و شۆڕشگێرانی شاخی دوێنێ و حوکمڕانانی ئەمڕۆی دەسەڵاتی شار ، هەمیشە دڕدۆنگ و ناتەبا و لەململانێیەکی شاراوە و نهێنی دژ بەیەکدا بوون ، هەموانیان پشت ئەستوور بەشەرعیەتی شۆڕشگێڕی و هێز و بازووی سەربازی و پێشمەرگانەیانەوە دەنازین و هیچ کامیان ڕۆژانی براکوژی شاخیان لەبیر نەکردبوو و لەهەست و نەستیاندا هەمیشە ئامادەگیان هەبوە و لە فورسەتێك دەگەڕان کە هەلیان بۆ هەڵبکەوێت و پەلاماری ناحەزانی دوێنی و برا دەسەڵاتی ئەوڕۆیان بدەن و تۆڵەی ڕابووردوو و ئێستاشیان لێبکەنەوە.

ئەوەبوو تەنها یەك ساڵ بەسەر تەمەنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمدا تێپەڕ نەبوو شەڕی براکوژی نێوان حسك و پارتی و پارتی گەل ڕوویداو دواتر شەڕی یەکێتی و بزوتنەوەی ئیسلامی ڕوویدا و دواتریش لە ١٩٩٤/٥/١دا شەڕی بەناوبانگ و دووردرێژی ناوخۆی یەکێتی و پارتی ڕوویداو ماوەی ٤ ساڵی ڕێکی خایاند..

بەم شێوەیە هیچ هێزێکی شۆڕشگێڕی شاخ نەما کە دەستی بەخوێنی نەوەکانی گەلەکەمان سوورنەبوبێت و بەشداری شەڕی ناوخۆی نەکردبێت بە بچوك و گەورەیانەوە.. شەڕی ناوخۆ کارەساتێکی جەرگبڕ بوو بۆ ئەو ئەزمون و دەسەڵاتە کوردیە نوێیە، وڵاتی وێرانترکرد و زۆرترین ژمارەی ڕۆڵەکانی کردە قوربانی و بوارەکانی ئابوری و سیاسەت و بازاڕ و بازرگانی و کۆمەڵایەتی وڵاتی تێکدا و ناو وناوبانگی کورد و مەسەلەکەیان بچوككردەوە..کارەساتی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ و پەلکێشکردنی ئێران و تورکیاشی لێکەوتەوە.

لە ئێستاشدا و دوای ئاشتبونەوەی هەردوولای یەکێتی و پارتی و پێکەوەنوسانەوەی بەزۆر و ڕووکەشی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم ((تەنها بەناو )) ، ئەوەتا بۆ ماوەی ١٧ ساڵە نیاز و

نیەتی پاك نابینرێت لەنێوان هیچ هێزێکی سیاسی کوردستاندا بۆ کارکردنی پێکەوەیی و یەکتر قبوڵکردن،ئەوەتا پارتی ماوەی ٢ ساڵی ڕێکە لەوەتەی کابینەی ٨ی حکومەتی هەرێم پێکهاتوە ڕۆژ بەڕۆژ میلەتی ڕووبەڕووی بێ موچەیی و بێ پارەیی و قەیرانە یەك لەدوا یەکەکان کردۆتەوە بۆتە هۆکار و مایەی تێکچوون و شڵەژانی دۆخی سیاسی و ئابوری و سەربازی و کۆمەڵایەتی و هەموو دەسکەوت و ئەزمونی ٢٤ ساڵەی حوکمڕانی کوردی خستۆتە مەترسیەوە بەوەی کە سیاسەتێکی هەڵەی نەوتی و ئیدارەیی پیادە کردوە و دەستی لەگەڵ حکومەت و هێزە ناوچەییەکان تێکەڵکردوە و بەشێوەیەك لە شێوەکان لەگەڵ داعش و هاوشێوەکانیدا هاوکار و نەرمونیانە و بوە هۆی لەدەستدانی شەنگال و خازەر و گەلێك ناوچەی تری کوردستان ودژی هەموو هەوڵێستێکی کوردانە و نەتەواییانەیە و لەهەر چوار بەشەکەی کوردستاندا دژایەتی بەرژەوەندیە باڵاکانی کورد و کوردستان دەکات.

پارتی بەعەقڵ و بیری تاکە کەسی و بنەماڵەیی بارزانیان بیر دەکاتەوە و پیلانەکان دادەڕێژێت و بۆتە دەسکێشی دەوڵەتی تورکیای فاشیستی و سەروەت و سامان و هێز و توانای کوردستانی ڕادەست کردون و لەبەرانبەریشدا بچوکترین سازش و نەرمی نانوێنێت لەبەرامبەر سەرکردە و هێزە سیاسیەکان و جەماوەری میلەتەکەماندا و هەموو دەسکەوت و بەرژەوەندیەکانی کردۆتە قوربانی کورسی و دەسەڵات و مانەوەی سەرۆك.

پارتی توشی غروری عەزەمەت و لەخۆبایبون بوە و حساب بۆ هیچ کەس و لایەنێك ناکات و وابیر دەکاتەوە میراتگری هەموو کوردایەتی و شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کوردە و تەنها خۆی و بنەماڵەی بارزانیان دەمڕاست و بڕیار بەدەستی چارەنوس و قەدەری میلەتی کوردن.

پارتی تاکڕەوانە و خۆسەپێنانە مامەڵە لەگەڵ کێشە و ڕووداوەکان دەکات و لەئێستادا بازی هەڵداوە بەسەر هەموو شەرعیەتەکانی پەرلەمان و حکومەت و یاسا و ڕێساکاندا و بەنیازە بەئارەزوی خۆی پەرلەمان و حکومەت بەڕێوە ببات و شەریك و هاوبەشی نوێ بۆخۆی پەیدا بکات دوور لە هێزە سیاسیە سەرەکی و کاریگەرەکانی سەر گۆڕەپانەکە.

پارتی بەم سیاسەتانەی خۆی تەریك و ڕسوا و پەراوێز خستوە لەڕووی سیاسی و جەماوەریەوە لانی کەم لەم زۆنە سەوزەدا و دڵنیاشم لە زۆنی زەردیشدا گەر وەها نەبێت کەمتر نیە.پارتی تەنها بیر لە بەکارهێنانی هێز و سوتاندنی بارەگاکان و دەمکوتکردنی ڕاگەیاندنەکان و وەدەرنانی چالاکوانەکان دەکاتەوە لە زۆنی زەرد، کە هەموو ئەم هەڵوێستانە هەڵویستی پارت و سەرکردەی توندڕەو و تاکڕەو و خۆسەپێنن نەك دیموکراسی ئازادیخواز.. پارتی هەمیشە و هەر دەیە ساڵێك ڕووی ڕاستەقینەی خۆی پیشانی نەوە دوای نەوە دەدات کە چەندە دژ بەبەرژەوەندی گەل و میلەتی کوردە.

پارتی جارێك دەست دەداتە نانبڕین و جارێکی تریش کوشتن و بڕین و جاری سێیەمیش پەلکێشکردنی داگیرکارانە بۆسەر میلەت و خاکی کوردستان و لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندی پارتی و سەرکردە و بنەماڵەدا لە دروشم و سەرابی دەوڵەتی کوردیەوە دەگەڕێتەوە بۆ دووئیدارەیی و لەت وپەتکردنی ئیرادە و ویستی ٥ ملیۆن کەس و تەنانەت گەر زۆریشی بۆبێت تەنها بە کوێخایەتی بارزانیش ڕازیدەبێت.

ئەگینا ئەمە چ عەقڵ و مەنتیق و ژیرییەکە کە پارتێکی تەنها ٣٨ کورسی پەرلەمان کە نەزۆرینەی سادەیت و نەزۆرینەی ڕەهاشیت ئاوا مامەڵە بە چارەنوسی میلەتەکەتەوە بکەیت و گوێ بۆ هیچ ڕا و پێشنیازێکی مەنتیقیانە نەگریت و هەر سووربیت لەسەر بیروبۆچونی تاکڕەوانەی خۆت.

دیارە تەنها چارەسەر لای پارتی بریتیە لە گوێڕایەڵی بۆ پارتی و بارزانی و پێویستە هەمو حیزب و سەرکردە و جەماوەریش لەخولگەی سیاسەت و بیر و باوەڕی عەشایەریانەی پارتی بسوڕێنەوە و تەنانەت پێدادەگرێت کە هەموان یەك ڕەنگ و یەك دەنگ بن لەدوای پارتی و بارزانیەوە و بەمانایەکی تر هەموان ببینە پارتی و کۆیلە و گوێڕایەڵی پارتی و بارزانی و ئیدی ئەوکات هیچ کێشەیەك نامێنێت ،قەیرانەکانی موچە و بودجە و ئاو و کارەباو سوتەمەنی هەمووی چارەسەر دەکرێت ،بەلأم ئازادی و دیموکراسی و ڕای جیاواز سەردەبڕێن و بونیان نامێنێت و هەموان زەردپۆش و بیرتەسك و بنەماڵە پەرست و کۆیلە ئاسا ژیان بەسەر دەبەین و پارتیش هەر ئەمەی گەرەکە.

کە خۆش بەختانە زۆرینەی زۆری جەماوەری هوشیاری میلەتەکەمان ئەمەی قبوڵ نیە و بەو قەدەرە ڕازی نیە و دۆست و دوژمنەکانیش بەوە ڕازی نین و قۆناغ و دۆخە شڵەژاوەکەی کوردستان و عێراق و ناوچەکەش هاوکار و یامەتیدەری ئەو ئاڕاستە و تێز و بۆچونە دواکەوتوە نین. بۆیە دەرئەنجام دەبێت پارتی و بارزانی گوێ بەزۆرینەی ڕای جەماوەر و دەنگی عەقڵ بگرن و بگەڕێنەوە بۆ کاری پێکەوەیی و تەبایی..ئەگینا خەون و سەرابی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی هەرگیز نایەتە دی. و وەلأمی پرسیارە مێژوویی و ئەزلیەکەش کە بۆ کورد تا ئێستا نەبۆتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی ؟ بریتیە لە خۆخۆری و گەندەڵی و تاکڕەوی و خۆسەپاندن و خیانەت و براکوژی و بونە کۆیلەی داگیرکاران و هیچ کات هۆکارە دەرەکیەکان هێندە بەهێز نەبون کە ببنە ڕێگر لەبەردەم ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردیدا.ئەوە تەنها کورد خۆی هۆکار بوە.

---

*ئەم بابەتە لە سایتی وتاری کورد و سنور میدیا و پێنوسەکان لە ٢٠١٥/١٠/١٢دا و لە سپی میدیا لە ٢٠١٥/١٠/١٣دا بلأوکراوەتەوە.

# تورکیا لە دوای هەڵبژاردنی پێشوەختەوە بەرەو کوێ ؟*

- ئاشکرایە لە ۲۰۱۵/۱۱/۱دا پرۆسەی هەڵبژاردنی پێشوەختە لە تورکیادا ئەنجام دەدرێت، ئەمەش لە ئەنجامی تێکشکان و شکستی گەورەی ئاك پارتیەوە دێت لە هەڵبژاردنەکانی ۷ حوزەیراندا کە نەیتوانی زۆرینەی ڕەها بەدەستبێنێت و بتوانێت بەتەنها حکومەت پێکبهێنێت و تەنها توانی ۲۵۸ کورسی بەدەستبێنێت لەکاتێکدا پێویستە ۲۷٦ کورسی هەبێت بۆ پێکهێنانی حکومەت، شکستی گەورە و دووهەمیشی بریتی بوو لەوەی کە ئاك پارتی بەسەرۆکایەتی احمد داود ئۆغلۆ و هاوکاری و پشتیوانی ئەردۆگانی سەرۆك کۆمار نەیتوانی لەماوەی ٤٥ ڕۆژدا حکومەتێکی ئیئتیلافی پێکبهێنێت لەگەڵ پارتەکانی ((جەهەپە و مەهەپە وهەدەپەدا)) کە هەرسێکیان وەك سێ پارتی گەورە و براوەی هەڵبژاردنەکەی ۷ حوزەیران هاتنە بەرامبەر ئاك پارتی و بەسەرکەوتن و تێپەڕاندنی هەدەپە و مەهەپە بۆ ڕێژە ۱۰٪، بونە ڕێگر و بەربەستێکی گەورە لەبەردەم خەون و خەیاڵەکانی ئاك پارتی و ئەردۆگاندا بەگۆڕینی سیستمی حوکم لە پەرلەمانیەوە بۆ سەرۆکایەتی هاوشێوەی ئەمریکا و توندکردن و چەسپاندنی زیاتری دەسەلأتەکانی ئەردۆگان.

هەربۆیە بەناچاری ئەرۆدگان دوای دوو شکتسی سیاسی گەورە کە لەدوای ۱۳ ساڵی تاکڕەوی و دەسەلأتی ڕەهای ئاکپارتی و ئەردۆگانەوە هەیبوو بڕیاری هەڵبژاردنی پێشوەختەیدا بەو هیوایەی گۆڕانکاری لە هاوکێشە و بەلأنسی هێزەکان و دەنگەکان و ژمارەی کورسیەکاندا ڕوو‌بدات.

لەم پێناوەشدا ئاکپارتی هەوڵی زۆری داوە و پیلانی دوژمنانەی داڕشتوە دژ بەهەریەکە لە و سێ پارتە سیاسیە کە بە بۆچونی ئاکپارتی زیاد لە ۳ ملیۆن دەنگی ڕۆیشتوە بۆ ئەو سێ حیزبە بەتایبەتیش هەدەپە و مەهەپە. هەربۆیە لە کوردستانی باکووردا گۆڕانکاری لە بازنەی هەڵبژارندنەکاندا کردوە و هێزی سوپا و ئاسایشی بڵاوە پێکردوە و چەندین کاری تەقینەوە و هەڕەشە و گرتن و ڕاوەدوونانی لایەنگرانی هەدەپەی پیادەکردوە وشەڕی

هەڵایساندۆتەوە دژ بە پەکەکە بەمەبەستی گەڕاندنەوەی دەنگی توندڕەوە تورکەکان و حیزبە پارێزگارەکانی (( تورکیای گەورە و سەعادەت و هودا)) بەقازانجی ئاکپارتی.و کەمکردنەوەی دەنگەکانی هەدەپە لە کوردستان و ناوەڕاستی تورکیاشدا. هەربۆیە هەدەپە پێیوایە کە ئەم هەڵبژاردنە لە سایەی دۆخێکی ئاڵۆز و هەڕەشە و چاوسوورکردنەوەدا بەڕێوە دەچێت و جێگەی دڵنیایی نیە و ترس لە فرت و فێڵ و ساختەکاریشی تیادایە.ئالێرەوە ترسی ئاکپارتیش هەیە کە ئەو سێ پارتە سیاسیە بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکە ڕازینەبەن و پەنا ببەنە بەر ڕەتکردنەوە و جولاندنی شەقامی تورکی و ئەمەش دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی ئاژاوە و پشێوی و کەوتنەوەی توندوتیژی لە نێوان هەموو پێکهاتەکانی نەتەوە و ئاین و مەزهەبە جیاوازەکانی تورکیاوە و دەستێوەردان و گواستنەوەی کارە تیرۆریستیەکانی داعشیش بۆ ناو تورکیا بەدڵنیایی ئەزمونی عێراق و سوریا بەخوێناویترین شێواز دووبارە دەبێتەوە.

- **پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پێشوەختە چ دەبن؟ تورکیا لەدوای هەڵبژاردنەوە بەرەو کوێ هەنگاو دەنێت؟کاریگەری ئەو ئەنجامانە بەسەرکەوتنی ئاکپارتی یان شکستی لەسەر ناوچەکە و بەتایبەتیش هەرێمی کوردستان چ دەبێت؟**

لەو ڕاپرسیانەی کە لەماوەی ئەم دوو مانگەدا کراون لەسەر پێشهات و پێشبینیەکانیان بۆ هەڵبژارنی ١/١١، ئەوەیە کە گۆڕانکاریەکی گەورە ڕوونادات و وای بۆ دەچن کە دەنگەکانی ئاکپارتی بەڕێژەی ٢٪ زیاد بکات و جەهەپەش بەڕێژەی ١٪ زیاد بکات و لەبەرامبەریشدا هەدەپە و مەهەپە دەنگەکانیان بەڕێژەیەکی کەم کەمبکات. کەواتە گۆڕانکاری گەورە ڕوونادات کەوا لە ئاك پارتی بکات بتوانێت حکومەت بەتەنها پێك بهێنێت وەکو خەونی پێوە دەبینێت و هەوڵی جدیشی بۆ دەدات ، وەك ئەحمەد داود ئۆغڵو سەرۆکی شکستخواردووی ئاکپارتی لە کۆنگرەی پێنجەمی حیزبەکەیدا ڕایگەیاندا کە (( تورکیا پێویستی بە یەك حیزب هەیە بۆ پێکهێنانی حکومەت تا بتوانێت دژی تیرۆریستان بوەستێتەوە کە مەبەستی کورد و پەکەکە بوو)). ئاك پارتی وایبۆدەچێت کە بەدژایەتی هەدەپە و پەکەکە و

هەڵایسانەوەی شەڕ لەگەڵیاندا دەبێتە هۆکاری گێڕانەوەی دەنگی توندڕەوە تورکەکان بۆخۆی و دەمارگیری و توندڕەوەکانی تورکیا بەلای خۆیدا ڕادەکێشێتەوەو ئەم کارەشی تەنها وەك تەکتیك و هەڵمەتی هەڵبژاردنەکە دەکات و لەدوای ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیشەوە جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ لای پڕۆسەی ئاشتەوایی لەگەڵ کوردا بۆ ئەوەی ئارامی سیاسی و ئابوری بگەڕێنێتەوە بۆ تورکیا و دڵی ئەوروپیەکانیش بداتەوە.کە پێناچێت سەرکەوتنی گەورە لەم فێڵ و گەمەیەدا بچنێتەوە و هەموو گەلانی تورکیا دووڕوویی و درۆکردن و بەرژەوەندپەرستی ئاکپارتی و غرورو و لەخۆبایبونی ئەردۆگانیان بۆ دەرکەوتوە و باش دەزانن کە ئەردۆگان ئیخوانچێتی ئیسلامی زاڵکردوە بەسەر بەرژەوەندیەکانی تورك و تورکیادا.ئەمە سەرەڕای ململانێ و ناکۆکیەکانی ناو خودی ئاکپارتی خۆی کە چەندین باڵ و بیروڕای جیاوازی تیادا دەرکەوتوە و ئاشکراترینیشیان بریتیە لە لایەنگرانی عبدالله گویلی سەرۆك کۆماری پێشوو و دامەزرێنەری ئاکپارتیە، کە جیاوازی گەورەی لەگەڵ هێڵی ئەردۆگان و ئۆغلۆودا هەیە.

ئاکپارتی جگە لە مەهەپە و جەهەپە کە دوو حیزبی تورکین هەریەکەیان بە شێوازێکی جیاواز بیردەکەنەوە لەلایەك (( مەهەپە )) توندڕەوی نەتەوەین وبۆ ئەم هەڵبژاردنە پێیان باشبوە کە هەڵبژاردنەکە دوابخرێت و هێزی سوپا بڕژێنرێتەوە سەر شەقام و باری تەواری لەو ناوچانەی کە ناجێگیری سەربازین وەك کوردستان ڕابگەیەنرێت ولەلایەکی تریش(( جەهەپە)) حیزبێکی موحافیزەکاری لەسەر ڕابووردوو دەژێت و هێندە مەترسیان لەسەر ئاکەپە نیە و لەم قۆناغەدا میانگیری نێوان ئاکپارتی و هەدەپەیە و تەنها ترسی لەدووبارەبونەوەی ئەزمونی عێراق و سوریا هەیە بەدەستی چەتەکانی داعش و تیرۆریستانەوە.، ئەوەی کە مەترسی و هەڕەشەی گەورەیە بۆ ئاکەپە بریتیە لە هەدەپە و صلاح الدین دەمێرتاش چونکە تێپەڕاندنەوەی ڕێژەی ١٠٪ لەلایەن هەدەپەوە جارێکی تر دەبێتەوە ڕێگری گەورە لەبەردەم خەون و خەیاڵەکانی ئاکەپە و ئەردۆگاندا، چونکە دەمیرتاش هەرزوو بە ئەردۆگانی ڕاگەیاند کە (( ڕێگەت پێنادەین ببیتە سەرۆکێکی دەسەڵات

ڕەهای جێبەجێکار)) کە هەر ئەم دروشمە بوە هۆی کۆبونەوەی دەنگی چەپەکان و لیبڕاڵە کەمینە عەلەویەکان لە دەوری هەدەپە و بەهەمان شێوەش تۆخبونەوەی بیری کوردایەتی و سەرکەوتنەکانی پەیەدە لە ڕۆژئاوای کوردستان لەبەرامبەر چەتەکانی داعشدا کە تورکیا و ئەردۆگان بە نهێنی و ئاشکرا هاوکاری و پشتیوانی لێدەکات دژی کوردو مەسەلەکەی.

تورکیای ئێستا و پێش هەڵبژاردن بە بارودۆخێکی سیاسی ناجێگیردا تێپەڕ دەبێت کە دروشمەکەی دژایەتی کورد و لە ڕووی ئابوریشەوە ئابوریەکی داتەپیوی هەیە و نرخی لیرەی تورکی لەبەرامبەر دۆلار و یۆرۆدا زۆر دابەزیوە و تورکیا ململانێیەکی توندی سیاسی بەخۆوە دەبینێت.

کەواتە لەم دۆخەدا گۆڕانکاری گەورە لە هاوکێشە سیاسیەکاندا نابێت و ئاکپارتیش بۆ جارێکی تریش تووشی شکستی ٧ ی حوزەیران دەبێتەوە.و بەدڵنیاییشەوە هەدەپە ڕێژەی ١٠٪ تێپەڕ دەکات.. بۆیە جارێکی تریش ئاکەپە خەون و خەیاڵەکەی لە پێکەوەنانی (( تورکیای نوێدا)) ناهێنێتە دی و بەناچاری دەبێت حکومەتێکی ئیئتیلافی لەگەڵ یەکێك یان دووان لەو حیزبانە پێکبهێنێت کە بەدڵنیاییەوە حکومەتێکی لاواز و کزۆڵ و فشەڵ دەبێت کە ئەمەش دەبێتە هۆکاری تووشبوونی تورکیا بە شەلەلی سیاسی و سەرکردن بۆ خولّقاندنی ناجێگری سیاسی و ئابوری و ئەمنی گەورەتر لە تورکیادا و گەڕانەوەی تورکیایە بۆ دەیەکانی نەوەدی سەدەی ڕابوودوو کە دۆخی کودەتا و دەسەڵاتی سەربازی وەبیر دێننەوە.

- بەدڵنیایش گەر ئەنجامەکان بە بەرژەوەندی یان دژە ئاکپارتی بێت ڕەنگدانەوە و کاریگەری پۆزەتیف یان نێگەتیفیان دەبێت بەسەر ولاّتانی ناوچەکەشدا لە عێراق و سوریا و میسر و ئیسڕائیل و ئێران و ولاّتانی کەنداو و هاوپەیمانی لەگەڵ ئەمریکادا و پشتیوانی لە تیرۆریستانی داعش، چونکە تورکیا بەڕەچاوکردنی توانا سەربازی و پێگە جیۆسیاسیە گرنگەکەی لەناوچەکەدا و کاریگەری و ڕۆڵی بەرچاوی لە ڕابووردوودا لە گۆڕانکاری و ڕووداوەکانی عێراق و سوریادا بەدڵنیایی گۆڕانکاری لە هاوکێشە و ململانێکاندا ڕوودەدات،

بەشێوەیەك بەسەرکەوتنی ئاکپارتی و پێکهێنانی حکومەت بەتەنها دەبێتە هۆکاری مانەوە و درێژەکردنەوەی تەمەنی داعش و چەتەکانی و بەردەوام بوونی تیرۆر لە عێراق و سوریا و ناجێگیری بۆ ئیسرائیل وبەهێزبونی هاوپەیمانێتی ئەمریکاش لەناوچەکەدا دژ بە ئێران و ڕوسیا و چین و کۆریای باکور.

بەپێچەوانەشەوە گەر ئاکپارتی سەرکەوتنی گەورەی وەدەستنەهێنا ئەوا بەدڵنیایی هەموو پیلانەکانی ئاکپارتی لەناوخۆ و ناوچەکەدا شکست دەهێنێت و دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنە سیاسی و ئابوری و سەربازیەکان و بڕینی گەورەترین هاوکاری و پشتیوانی لە داعش کە هۆکاری سەرەکی نانەوەی ئاژاوە و پشێویەکانی ناوچەکەیە و دەبێتە هۆی بەهێزبوونی بەرەی دژە داعش لە ئێران و ڕوسیاو هاوپەیمانەکانی. بەمەش ئومێدێك دەگەڕێتەوە بۆ جێگیری سیاسی و ئابوری بۆ ناوچەکە.

- کاریگەریەکانیشی لەسەر هەرێمی کوردستان بە خراپ یان بە باش ئاشکرایە ،چونکە لەسەردەمی دەسەڵاتی ئاکپارتی و ئەردۆگاندا پەیوەندیە سیاسی و ئابوری و سەربازیەکانی تورکیا لەگەڵ هەرێم و بەتایبەتیش پارتی و سەرانی پارتیدا زۆر تۆخ ببونەوە بەبەرژەوەندی نەك حکومەتەکان بەڵکو بنەماڵەکان دەشکایەوە و پارتی دیموکراتیش زۆرێك لە هێز و دەسەڵاتەکانی پشتئەستوور بوە بە تورکیای ئەردۆگان، بەڵام بە شکستی ئەردۆگان و ئاکپارتی لەم هەڵبژاردنەدا ئەوا پارتی دیموکراتیش شکست دەچنێتەوە لە سیاسەتەکانیدا لەڕووی سیاسی و سەربازی و ئابوری و نەوتەوە و لەگەڵیشیدا پێداگیری و تاکڕەوی و غروری حیزبایەتی نەرم دەبێتەوە لەسەر تێڕوانین و بۆچونەکانی بۆ چارەسەری کێشە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوا و باکوریش، لەکاتێکدا لە ئێستادا بەهۆی سووربون و پێداگیری وداواکاری پارتی بۆ درێژکردنەوەی ماوەی ٢ ساڵی سەرۆکایەتی بۆ کاك مەسعوود کە بۆتە چەقی ململانێ و خاڵی سەرەکی ناکۆکیەکانی هەرێم و لایەنە سیاسیەکان و گرێ کوێرە نەکراوەکە و هەرێمی تووشی پشێوی و ئاڵۆزی و ناجێگیری سیاسی و ئابوری کردۆتەوە.

بەو هیوایەی هەرێمەکەمان و سەرکردایەتی سیاسی کورد لە هەر بەشێکی کوردستاندا سیاسەتێکی سەربەخۆ و ئازادانەی کوردانە پیادە بکەن لەجێگەی خۆبەستنەوە و وابەستەکردنی بەرژەوەندیەکان بە حکومەتەکانی ناوچەکە کە لە بنچینەدا هیچ کات دۆستی کورد نەبون بەڵکو دوژمن و ناحەزی کورد و مەسەلەکەین.بەهیوای ئەوەی ئەم هەڵبژاردنە ببێتەوە هۆکاری سەرکەوتنێکی تری گەورەی هەدەپە کە بە دڵنیاییش سەرکەوتنی گەورەیە بۆهەموو کوردان و شکستی گەورەشە بۆ دوژمنان.

---

*ئەم بابەتە لە  سایتی وتاری کورد  و پێنوسەکان و ناوەندی دەرەوە و سنورمیدیا لە ٢٥ و٢٦ و ٢٧ و٢٨/١٠/٢٠١٥دا و هەواڵ ژمارە ٦٣٩ لە ٣١/١٠/٢٠١٥دا بلاۆکراوەتەوە.

# ئابوری عێراق و کوردستان هەنگاو بەرەو مایە پووچ بوون ! *

• دەوڵەتی عێراق، وەك وڵاتێكی دەوڵەمەند بە سەرچاوەكانی وزە لە نەوتی خاو كە لە ئێستادا بڕی یەدەگی نەوتی خاوی عێراق بریتیە لە ١٦٠ ملیار بەرمیلی دڵنیایی و نزیكەی ٣٦٠ ملیار بەرمیلی خەمڵێنراو و بەمەش سێیەم وڵاتی یەدەگی نەوتە لەدوای سعودیە و ئێرانەوە و غازی سروشتی كە یەدەگی عێراق بریتیە لە ١١٢ تریلیۆن مەتر سێجا و بەمەش عێراق دەیەمین وڵاتی دونیایە.كە دوو سەرچاوەی گرنگی وزەن و بوشنەتە تاكە سەرچاوەی داهاتی دەوڵەتی عێراقی بەڕێژەی ٩٥٪و جگە لە نەوت و غازی سروشتی عێراق سەرچاوەیەكی بەردەوام و دەوڵەمەندی تری نیە بۆ داهات وەك كشتوكاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزار و توانای مرۆیی و...هتد.هەربۆیە داهاتی عێراق بە كوردستانیشەوە پشتیان بەستۆتە سەر داهاتی نەوت، كە ئەم داهاتەش لە ئێستادا و بۆماوەی نزیكەی دوو ساڵ دەبێت لە مانگی ٢٠١٤/٦وە نرخی ١ بەرمیل نەوت لە ١١٥ دۆلارەوە دابەزیوەتە سەر كەمتر لە ٥٠ دۆلاری ئەمریكی، كە ئەم بەردەوام دابەزینی نرخی نەوتە لە جیهاندا بۆتە مایەی زیانگەیاندنی گەورە بەسەرجەم وڵاتان لەلایەك خاوەن و بەرهەمهێنی نەوت و لەلایەكی تریشەوە بە وڵاتانی بەكاربەری نەوت،و سەرجەم گەشە و پێشكەوتنەكانی دونیاشی خاوكردۆتەوە و قەیرانێكی دارایی گەورەو مەترسیدار بەرۆكی جیهانی گرتۆتەوە، بەڵام ئەو وڵاتانەی كە بەپلەی یەكەم پشت دەبەستنە سەر داهاتی نەوت ئەوا زیانی گەورەیان بەردەكەوێت ،ئەگەر بۆ مەودای كورتیش نەبێت ئەوا بەدڵنیایی لە مەودای دووردا زیانی گەورە بە یەدەگی نەختینەی پارەی گرانبەها لە بانكە ناوەندیەكانیاندا و ژێرخانی ئابوریيان دەگات.

• بۆیە دابەزینی نرخی نەوت بەم شێوەیە و بەردەوام بوونی ئەوا زیانی گەورە بە عێراق و كوردستانیش دەگەیەنێت.و لە ئێستاشدا سەرەتا مەترسیدارەكانی دەركەوتوە، ئەوەتا تەنها داهاتی عێراق بۆ مووچەی فەرمانبەران دەڕوات و ناتوانرێت هیچ پرۆژەیەكی

خزمەتگوزرای و وەبەرهێنان جێبەجێبکرێت و بەتەنها لە کوردستاندا نزیکەی ٦هەزار پڕۆژە لەکار وەستاون، خۆ ئەگەر ئەم دۆخە بەردەوام بێت ئەوا بەدڵنیاییی دەوڵەت ناتوانێت سەرەتایترین خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاوڵاتیان بکات و سەرجەم کەرتەکانی تەندروستی و خوێندنی باڵا و پەروەردە و ئاوەدانکردنەوە و ڕێگاو بان و کارەبا و ئاو و ئاوەڕۆو ..هتد.. بۆ دواوە دەگەڕێنەوە و کۆمەڵگایەکی نەخۆش و نەخوێندەوار و دواکەوتووش بەرهەم دێت..

هەموو ئەمانەش بەداخەوە بۆ بێ پلانی زانستی و ئیدارەیەکی سەرنەکوتوو و قوڵبونەوەی گەندەڵی دەگەڕێتەوە لەهەموو جومگەکانی دەوڵەتی عێراق و کوردستانیشدا..ئەوەتا تەنها لەکەرتی نەوتدا بڕی ١٤ر٥ ملیار دۆلاری ئەمریکی لەنێوان ساڵانی ٢٠١١-٢٠١٤ زیان بەر عێراق کەوتوە. و لەکەرتی کارەباشدا بڕی ٤٠ ملیار دۆلاری ئەمریکی زیان بەعێراق کەوتوە و بڕی ٣٦٠ ملیار دۆلاری ئەمریکیش زیان بەعێراق کەوتوە لە ئەنجامی گەندەڵی و کاری شۆردنەوەی دراوی یاساغکراو لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٦ تا ٢٠١٤.

- ئەوەتا عێراق بە کوردستانیشەوە ژمارەی دانیشتوانەکەی بەپێی ئاماری وەزارەتی پلان دانانی عێراقی لە ٢٠١٥/٨/٢٥دا بریتیە لە ٣٦ ملیۆن کەس کە ڕێژەی ٥١٪ نێر و ٤٩٪ مێیە ، سەرۆك وەزیران عێراق د. حەیدەر عەبادی لە ٢٠١٥/٩/١٠دا ڕایگەیاند کە ژمارەی فەرمانبەرانیش بریتیە لە زیاد لە ٤ ملیۆن فەرمانبەر کە دەکاتە ڕێژەی ٢٠٪ دەستی کار، لەلایەکی تریشەوە د. احمد چەلەبی ئەندام پەرلەمانی عێراق و سەرۆکی لیژنەی دارایی پەرلەمان ڕایگەیاندوە کە لە ساڵی ٢٠١٥دا دەبێت عێراق ڕۆژانە بڕی دوو ملیۆن و ٩٥٠ هەزار بەرمیل نەوت بفرۆشێت بە نرخی ٤٥ دۆلاری ئەمریکی ئەو کات دەتوانێت کە موچەی فەرمانبەران دابین بکات کە ساڵانە دەگاتە ٥١ تریلیۆن دیناری عێراقی و مانگانەش ٤ر٢٥ تریلیۆن دینار دەکات..لەکاتێکدا کۆی نرخی نەوتی فرۆشراو بریتیە لە ٥٩ تریلیۆن دینار و کاتێك پارەی تێچوونی دەرهێنانی نەوت بریتیە لە ١٤ تریلیۆن دینار ئەوا پارەی ماوەی نەوتی فرۆشراو بریتی دەبێت تەنها لە ٤٥ تریلیۆن

دینار، کەواتە مانگانە عێراق بڕی ٥ تریلیۆن دینار دەچێتە ژێر قەرزەوە ئەمە لەکاتێکدا قەرزی کەڵەکەبووی سەر عێراق بریتیە لە ٤٠ تریلیۆن دینار.

عێراق لەکاتی بەرزی نرخی ١ بەرمیل نەوتدا توانی تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٣ بڕی ٣ر٧٦ ملیار دۆلار پاشکەوت بکات بەڵام بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٤ بڕەکە دابەزی بۆ ٦٦ ملیار دۆلاری ئەمریکی وەکو یەدەگی نەختینە لە بانکی ناوەندیدا پاشەکەوت بکات کە ئەم بڕە پارەیە بۆ ناو وناوبانگی دارایی عێراق لەسەر ئاستی دونیادا پاڵپشتێکی دارایی گەورەبوو.

بەڵام بەردەوام بوونی دابەزینی نرخی نەوت بۆ ٤٠ دۆلاری ئەمریکی، ئەوا بەدڵنیایی ئەم بڕەش بەرەو کەمبونەوەی زیاتر دەچێت و بەمەش عێراق وەکو دەوڵەت بەرەو مایەپووچ چوونی دارایی دەچێت ، ئەگەر بزانین کە بڕی کورتهێنانی بودجەی ساڵی ٢٠١٥ بریتیە لە ٢٥ ملیار دۆلار و لە ساڵی ٢٠١٦دا بریتی دەبێت لە ٢٣ تریلیۆن دینار کە سەرجەمی بودجەی ٢٠١٦ خەمڵێنراوە بە ١٠٦ تریلیۆن دیناری عێراقی. جا بۆ هاوسەنگکردنەوەی ئابوری عێراق و کەمکردنەوەی زیانەکان پێویستە نرخی ١ بەرمیل نەوت ببێتەوە بە ٨١ دۆلار. کە هەموو پێشبینیەکانیش بۆ ئەوە دەچن تاکۆتایی ساڵی ٢٠١٦ نرخی نەوت ناگاتەوە ٧٠ دۆلاریش.بەمەش عێراق مانگانە و ساڵانە زیانی گەورەی پێدەگات و ئابوریەکەشی بەرەو داڕمانی زیاتر دەچێت.

ئەوەتا وڵاتێکی گەورە و یەکەم بەرهەمهێنی نەوت لە ڕێکخراوی ئۆپێك و دونیادا کە شانشینی سعودیەیە یەدەگی نەختینەی وەك باسی لێوەدەکرێت تەنها بەشی ٥ ساڵ دەکات لەکاتێکدا کە نرخی ١ بەرمیل نەوت بریتی بێت لە ٥٠ دۆلار.کە بڕی یەدەگی نەختینەکەی بریتیە لە ٧ر٧٤٦ ملیار دۆلاری ئەمریکی و دەوڵەمەندترین یەدەگە، بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی ئابوری سعودیە پێویستە نرخی ١ بەرمیل نەوت یەکسان بێت بە ١٠٦ دۆلار..بۆیە وڵاتە بەرهەمهێنە نەوتیەکانیش بەزیادەوە زیانیان پێدەگات لەبەرامبەر وڵاتانی بێ نەوتدا.

عێراق بەکوردستانیشەوە کە لە ئێستادا ناشتوانن موچەی مانگانەی فەرمانبەران بدەن لەکاتی خۆیدا ، گەر ئەم دابەزینی نرخی نەوتە بەردەوام بێت ئەوا دەبێت عێراق و هەرێمی کوردستانیش چاو بە خەرجی و داهاتەکانیاندا بخشێننەوە و پەنا ببەنە بەر کۆمەڵێگ ڕێوشوێنی چاکسازی بۆ کەمکردنەوەی خەرجیەکان و زیادکردنی سەرچاوە و بڕی داهاتەکانیان.گەر نا ئەوا عێراق بەکوردستانیشەوە هەنگاو دەنێت بەرەو داڕمانی ئابوری و مایەپووچ بوونی دارایش.

- ئاشکرایە عێراق و کوردستان دووچاری کۆمەڵێك کێشە و بارودۆخی ناجێگیری سیاسی و ئابوری و سەربازی بونەتەوە بەتایبەتیش ماوەی ٢ ساڵە لە جەنگێکی تاقەتپڕوکێندان دژی چەتەکان و تیرۆریستانی داعش کە بۆتە بارگرانیەکی گەورە لەئەستۆی دەوڵەتدا و خەرجیەکی مانگانەی گەورەی گەرەکە کە نزیکەی ١٠ ملیۆن دۆلار دەبێت، لەپاڵ ئەمانەشدا داتەپینی ژێر خانی ئابوری و کێشەی ئاوارەکان کە ٥٢٧٠٠٠ خێزان و نزیکەی ٥ر٢ ملیۆن و کەس دەبن لەهەموو عێراقداو پشێوی باری ئەمنی وگەندەڵیش لەسەروو هەموویانەوە بونەتە مووخۆرکەی لاشە و توانای ئابوری دەوڵەتی عێراق و هەرێمیش.

کە گەر بەجدی و بە پلانێکی عاقڵانە و زانستیانە و نیەتێکی ڕاستگۆیانەو ورەیەکی پۆڵاییینەوە ڕووبەڕوویان نەبنەوە ئەوا کارەساتی جەرگبڕتریشی لێدەکەوێتەوە و ئەوەی خەونمان پێوە دەبینی لە خۆشگوزەرانی و دەوڵەمەندبوون ئەوا هەموو دەبنە بڵقی سەرئاو و بەدەیان ساڵ بۆ دواوە دەگەڕێینەوە.

---

*ئەم بابەتە لە سایتی پێنوسەکان و وتاری کورد و سپی میدیا لە ٢٩ و٢٠١٥/١٠/٣١دا و سنور میدیا و ناوەندی دەرەوە ودواڕۆژ و مەکتەب ڕێکخستن لە١ و ٢ و ٢٠١٥/١١/٢٢ دا بلاۆکراوەتەوە.

# ئەرێ جەنگی جیهانی چوارەم دەستیپێکردوە ؟!*

- **ئاشکرایە** ئەم گۆی زەویە کە مێژووی دروستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ٤ر٥٤ ملیار ساڵ و مێژووی دروستبوونی مرۆڤیش لەسەری دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی دروستکردنی ئادەم کە دەخەمڵێنرێت بە زیاتر لە ١٠-٤٠ هەزار ساڵ..ئیدی مرۆڤ کەوتۆتە ململانێ لەلایەك لەگەڵ خۆیدا و لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ سروشت و دەوروبەر لە گیانداران و ڕووەك و بەم هەموو ململانێیەشی چەندین کارەساتی گەورە و شەڕوشۆڕ و قاتوقڕی و گۆڕانکاری گەورەی لێکەتۆتەوە.
- ئەو جەنگە گەورانەی کە مرۆڤ هەڵیساندون و بونەتە کارەساتێکی دڵتەزێن و مێژووی مرۆڤایەتیان ڕەش و خوێناوی کردوە لە سەردەمی نوێماندا کە ناسراون بە جەنگە گەورە جیهانیەکان ، بریتین لە جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم و هەندێك کەسیش پێیان وایە کە جەنگی ساردیش بریتی بوە لە جەنگی سێیەمی جیهانی و کە ئەم سێ جەنگەش هەرسێکیان لەسەدەی بیستدا ڕوویانداوە . گەلێك کەسی تریش پێیان وایە کە لەئێستادا و لە هەزارەی سێیەمدا و لەسەدەی بیست و یەکەمدا جەنگی جیهانی چوارەمیش سەریهەڵداوە و تا ئێستاش بەردەوامە و کۆتاییەکەشی نازانرێت.
- **ئەوەی ئاشکرایە کە جەنگی جیهانی یەکەم** لە ١٩١٤/٧/٢٨ تا ١٩١٨/١١/١١ ی خایاندوە کەدەکاتە ٤ساڵ و ٣ مانگ و٧ڕۆژ، ئەم جەنگە دونیای ئەو کاتەی کردە دووبەشەوە لەنێوان هێزەکانی وڵاتانی هاوپەیمان بەڕابەرایەتی بەریتانیا و فەڕەنسا و ئیمپراتۆریەتی ڕوسیا.وڵاتانی ناوەندیش بەڕابەرایەتی ئەڵمانیا و ئیمپراتۆریەتی نەمسا و عوسمانی و شانشینی بولگاریا. چەندین وڵاتی تریش هەریەکەیان خۆیان خستە سەنگەر و بەرەیەکی جەنگەکەوەو بەمەش هەموو دونیای گرتەوە.و ئەم جەنگەش جوگرافیاکەی بریتی بوە لە ئەوروپا هەربۆیە زۆر جار بە جەنگی ئەوروپیەکانیش ناودەبرێت و هۆکارەکەشی لە تیرۆرکردنی وەلی عەهدی ئیمپراتۆریەتی نەمساوە لەلایەن صربیاوە سەریهەڵداو بوە هۆکاری کوژرانی ١٧ ملیۆن سەرباز و مەدەنی و ٦ ملیۆن ونبوو و٢٠ ملیۆن برینداریش.و ئەنجام بەسەرکەوتنی وڵاتانی هاوپەیمانان کۆتایی هات.زاراوەی جەنگی یەکەمی جیهانیش بۆ یەکەم جار لەلایەن فەیلەسوفی ئەڵمانی ((ئەرنست هیگڵ))وە داهێنرا لە ١٩١٤/٩. ئەنجامی

جەنگەکەش هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی ڕوسیا ونەمسا و عوسمانی و دروستبوونی کۆمەڵەی گەلان و دامەزراندنی چەندین دەوڵەتی سەربەخۆی تربوو.

- **جەنگی جیهانی دووەمیش** لە ١٩٣٩/٩/١ دەستیپێکرد و لە ١٩٤٥/٩/٢دا کۆتایهات ،واتە ٦ ساڵ و ١ ڕۆژی تەواوی خایاند.جارێکی تریش هەموو دونیا دابەشبونە سەر دووبەرەی جیاواز و هەر ٧ کیشوەرەکەی زەوی گرتەوە، ئەنجامیش بەسەرکەوتنی ولأتانی هاوپەیمانان کۆتایی هات بەڕابەرایەتی ئەمریکا و بەریتانیا و فەڕەنسا و یەکێتی سۆڤیەت و چین و ١٨ ولأتی تر. بەسەر بەرەی ولأتانی میحوەردا بەڕابەرایەتی ئەڵمانیای هیتلەری و ئیتالیای مۆسۆلینی و ئیمپراتۆریەتی یابان و شانشینی مەجەڕ و بولگاریا و ٨ ولأتی تر.زیانەکانی ئەم جەنگە زۆر گەورەتر بوون لە جەنگی جیهانی یەکەم و بە خوێناویترین جەنگی جیهانی دادەنرێت و زیانەکان بریتی بوون لە کوژرانی٧٣ ملیۆن کەس ، ٢٤ ملیۆن کەسی سەربازی و ٤٩ ملیۆن کەسی مەدەنی کە ئەو کاتە یەکسان بوە بە ٥ر٢٪ کۆی ژمارەی دانیشتوانی زەوی.ئەم جەنگەش بوە هۆی نەمانی هیتلەر و دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتوەکان و دەرکەوتنی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتی جاران وەك دوو زلهێزی دونیا و سەرەتای جەنگی ساردیش بوو.
- **جەنگی سارد یان (( جەنگی جیهانی سێیەم ))**:هەندێك لێکۆڵەر و مێژوونوس جەنگی ساردی نێوان بلۆکی سەرمایەداری بەڕابەرایەتی ئەمریکا و بلۆکی سۆسیالیستی بەڕابەرایەتی یەکێتی سۆڤیەتی جاران دادەنێن بە جەنگی جیهانی سێیەم، هەرچەندە جەنگێکی گەرم و گوڕ و ڕاستەوخۆ لەنێوان ئەو دوو زلهێزەدا ڕوووینەداوە ، بەلأم لەئەنجامی دابەشبونی جیهان بەسەر دوو دنیای ڕۆژهەلأت و ڕۆژئاوادا، دووبەرەی جەنگ دروستببون و هەریەکەشیان هاوپەیمانێتیەکی سەربازی کۆیدەکردنەوە، لەڕۆژئاوا هاوپەیمانی باکوری ئەتڵەسی و لەڕۆژهەلأتیش هاوپەیمانی وارسۆ ڕابەرایەتی هەردوو بەرەی جەنگەکەیان دەکرد.ئەم جەنگە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە دەستیپێکردوە لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٤٧ وە تا هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت و بلۆکی سۆسیالیستی لە ساڵی ١٩٩١دا کۆتایی هاتوە،لە ماوەی ئەم ٤٤ ساڵەدا چەندین جەنگی گەرم و درێژخایەن و قەیرانی سەربازی ڕوویانداوە لەنێوان ئەم دوو زلهێزەدا وەك، گەمارۆی بەڕلین لە ١٩٤٨-١٩٤٩ و جەنگی کۆریا لە ١٩٥٠-١٩٥٣ وقەیرانی بەڕلین لە ١٩٦١دا و جەنگی ڤێتنام لە ١٩٥٦-١٩٧٥ و هێرشی سۆڤیت بۆ سەر ئەفغانستان لە ١٩٧٩-١٩٨٩و قەیرانی ڕۆکێتەکانی کوبا

له ١٩٦٢ و جەنگی عێراق- ئێرانی له ١٩٨٠-١٩٨٨ و..هتد. زیانەکانی ئەم جەنگەش بە ملیۆنان کەس بونەتە قوربانی و بە ملیارات دۆلار دەخەملێنرێت و ئەنجامەکەش بە سەرکەوتنی ئەمریکا و ڕۆژئاوا هات بەسەر بلۆکی ڕۆژهەلأت و هەلۆەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت کۆتایی هات.و چەندین ولأتی سەربەخۆ دامەزران و سیستەمێکی نوێی جیهانی هاتە کایەوە بە ڕابەرایەتی تاکە جەمسەر و بەهێزی هەموو دونیا کە ئەمریکابوو.

- **جەنگی جیهانی چوارەم:**

لەسەرەتای هەزارەی سێیەمی مێژوو و کە دەستپێکی سەدەی بیست و یەکەمیشەوە و بەدیاریکراویش لە ٢٠٠١/٩/١١وە دەستپێکردوە و تا ئێستاش بەردەوامە و کۆتاییەکەشی نادیارە.

- **ئەم جەنگە دونیای کردۆتە دووبەرەوە:**

١. بەرەی تیرۆر و تیرۆریستان: بەڕابەرایەتی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی ئوسامە بن لادن و هەموو ڕێکخراوە جیهادیە سەلەفیە توندڕەوە ئیسلامیەکان و ولأتانی دیکتاتۆر و کۆنەپارێز و لە ئێستاشدا ڕێکخراوی داعش لەڕۆژئاوا و ڕۆژهەلأت.

٢. بەرەی دژە تیرۆر : بەڕابەرایەتی ئەمریکا و ولأتانی ڕۆژئاواو ڕۆژهەلأت.

- **ناوچەی جەنگەکە**: سەرتاسەری جیهان و هەموو کۆمەلگا و ولأتانی دونیا بەگەورەو وبچوکەوە.

- گەر جەنگی سارد(( جەنگی سێیەم)) بریتی بوبێت لە جەنگێك دژ بە کۆمۆنیزمی جیهانی و یەکێتی سۆڤیەت و بلۆکی سۆسیالیستی،لەلایەن ئەمریکا و ڕژئاواو و ولأتانی ئیسلامی بەهاوکاری و پشتیوانی ڕەوتە توندڕەوە جیهادیە ئیسلامیەکانی تالیبان و ئەلقاعیدەو ...هتد.

ئەوا جەنگی چوارەمی جیهانی بریتیە لە جەنگێك دژی ئیسلام و ئیسلامیەکان.ئەو ئیسلامەی کە تادوێنێ هاوکار و پشتیوانی ئەمریکایان دەکرد دژی کۆمۆنیزمی جیهانی،ئێستا بونەتە دوژمنی سەرسەختی ئەمریکا و ڕۆژئاوا.و یەکەم گورزی گورچکبڕیان لە دلی ئەمریکا دا لە ٢٠٠١/٩/١١ بەخاپوورکردنی هەردوو بورجی بازرگانی لە نیویۆرکدا.

- ئەم جەنگە لە سالی ٢٠٠١دا دەستیپێکرد بەڕووخاندنی دەولەتی تالیبان لە ئەفغانستان و بەعسی صدامی لە عێراق و دواتر بەرەی تیرۆریستانیش خۆیان ڕێکخستەوە و چەندین گروپی توندڕە و تیرۆریستیان پێك هێنا و کەوتنە چالاکی لەسەرتاسەری جیهاندا و بەتایبەتیش لەدوای

بەهاری عەرەبییەوە لەساڵی ٢٠١١وە و لە ئێستاشدا داعش بۆتە میراتگری هەموو ئەو ڕێکخراوانە و بۆتە هەڕەشەیەکی گەورە بۆسەر ئاشتی و ئارامی هەموو دونیا.

- لە ئەمریکا و لەسەردەمی دەسەڵاتی کۆماریەکانداو بەتایبەتیش(( هەڵۆکان)) بیروڕایەك هاتە ئاراوە لەو سەردەمەدا لەدوای جەنگی دووەمی کەنداوەوە لە ٢٠٠٣دا کە بریتی بوو لە تێوری ((ڕووبەڕووبونەوەی شارستانێتیەکان)) و جەنگی ئەمریکا دژ بە تیرۆریان دانا بەشەڕی یەهودی و مەسیحیەت دژ بە ئیسلام.کە ئەم ڕەوتە لەلایەن(( بێرنارد لۆیس و صامۆئیل هانتینگتۆن)) ڕابەرایەتی دەکرا.ڕێبەرانی ڕەوتی موحافیزەکارانی نوێش لە ئەمریکا، لەوانە (( جەیمز وولسی)) کە یەکێکە لەبەرپرسانی پێشووی CIA ولێکۆڵەری سیاسیە و (( نۆرمەن پۆدورتس)) ڕایانگەیاند کە ململانێ لەگەڵ ئیسلام لە ڕاستیدا جەنگی جیهانی چوارەمە. جۆرج بۆشی سەرۆکی ئەمریکا و دەستوپێوەندە نزیکەکانی،دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی و جاری واش هەیە کە خودی ئیسلامیش لەگەڵ دەسەڵاتی فاشیزم و کۆمۆنیزم هەڵدەسەنگێنن.وڕەوایەتی دەدەنە شەڕ لە دژیان.

کۆنت دی مارنشیز و دانیرا.اندلیمان لەکتێبی (( جەنگی جیهانی چوارەم / دیپلۆماسیەت و هەواڵگری لە تەمەنی تیرۆردا)) کەساڵی ١٩٩٣ نوسیویانە دەڵێن: (( جەنگی جیهانی چوارەم جەنگ دەبێت دژی تیرۆر)).

- **زیانەکانی ئەم جەنگە :**

لەماوەی ١٥ ساڵی ڕابووردوودا، بە ملیارات دۆلار خەرجکراوە و بەهەزاران سەرباز و مەدەنی بونەتە قوربانی و بەملیۆن تەن چەك و تەقەمەنی و تەکنەلۆژیای سەربازی بەکارهاتوون.

- **ئەنجامەکانی ئەم جەنگە :**

١. ڕووخاندنی چەندین حوکمڕانی و دەسەڵاتی تاکڕەو بوو لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ئەنجامی ڕاپەڕینی جەماوەری بەهاری عەرەبییەوە.

٢. بەهۆی نزمبونەوەی نرخی نەوت، وەستان و خاوبونەوەی گەشەکردنی پیشەسازی دونیا سەریهەڵداوە و دونیا بە قەیرانێکی دارایی توندا تێپەڕ دەبێت.

٣. دەرکەوتنی خەت و خاڵی ڕیزبەندی و بلۆکبەندیەکی نوێی جیهانی لەنێوان ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاواو و ڕۆژهەڵات لەبەرامبەر بەرەی ڕوسیاو چین و کۆریای باکور و ئێران و وڵاتانی تر.

٤. تۆخبونەوەی ململانێی ئاینی و مەزهەبی لەنێو خودی ئیسلامدا و بەتایبەتیش سونە و شیعەکان.

٥.	پێدەچێت گۆڕانکاری لە سنورە نێودەوڵەتیەکانی ئێستاو دروستبون و دامەزراندنی چەندین وڵاتی نوێی لێبکەوێتەوە.

- بەم شێوەیە لە ئێستادا بۆ ماوەی ١٥ ساڵە جیهان گیرۆدەی جەنگێگی سەرتاسەری بۆتەوە کە پڕ مەترسیەو دەکرێت ناوی جەنگی جیهانی چوارەمی لێبنرێت و کۆتاییەکەشی دیار نیە و لایەنی سەرکەوتوش هێشتا بەدەرنەکەوتوە و لە ئێستادا و لەم قۆناغەدا ئەم جەنگە کوشندەترین جەنگە چونکە تازەترین چەك و تەقەمەنی و تەکنەلۆژیای نوێی تیادا بەکاردێت،پێچەوانەی جەنگی جیهانی یەکەم و تاڕادەیەکیش دووەم کە ئەو کات جەنگەکان مرۆڤ و سەربازەکان یەکلایان دەکردەوە بەلاّم ئێستا تەکنەلۆژیا یەکلای دەکاتەوە.
- **پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئەم جەنگە کۆتا جەنگی شارستانێتی مرۆڤایەتی دەبێت؟ یان قەدەری مرۆڤ و گۆی زەوی هێشتا بە بەریەوە ماوە چەندین جەنگی کاولکار و وێرانکاری تر بەخۆوە ببینێت؟**

وەلاّمی ئەم پرسیارانە وەستاوەتە سەر ژیری و هۆشیاری مرۆڤەکان و توندڕەوی بیر و فەلسەفە وڕەوت و بزوتنەوە و ئاینە مرۆڤایەتیەکان و شارستانێتیەکانیان کە ئایا دەتوانن پێکەوە بژین و کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی ئاشتی و ئارام پێکەوە بنێن؟ یان گۆی زەوی و تەواوی ژیار و شارستانێتیەکان بەرەو نەمان و کاولکاری دەبەن و ئیدی کۆتای هەتاهەتایی بەم ژیانەی سەر گۆی زەوی دەهێنن.. هەموو ئەمانە ئاینده زامنی وەدیهاتنیانە کە بەدڵنیایەوە ئێمەی نەوەی ئێستا بڕواناکەم ببینین و خۆش بەختانە دەمێك بوە بەفەناچووین.

---

*ئەم بابەتە لە سایتی مەکتەب ڕێکخستن و پێنوسەکان و ڕادیۆ ناوخۆ لە ٢ و٨ /٢٠١٥/١١ و هەواڵ ژمارە ٦٤٢ لە ٢٠١٥/١١/٢١دا بلاّوکراوەتەوە.

# سیستەمی سیاسی کوردستان بەرەو کوێ؟*

- ئەوەی ئاشکرایە سیستەمی سیاسی بەشێوەیەکی گشتی دەکرێتە دوو جۆرەوە کە ئەوانیش ، سیستەمی سیاسی تاکڕەو و دیکتاتۆر و شمولی و توتالیزمیەکانە کە لەلایەن دەستەیەك یان بنەماڵەیەکەوە دەبرێتە ڕێوە و سیستەمێکی داخراوە و هیچ نرخ و بەهایەك بۆ ئازادیەکان و ڕای جەماوەری تیادا نابێتەوە و تەنها لە پێناو پاراستنی دەسەلاّت و بەرژەوەندیەکانی گروپی دەسەلاّتداردا هەموو ڕێگاو شوێنێك دەگرێتەبەر بۆ درێژەدان بە دەسەلاّت و خوێنڕشتن و گەندەڵی و ولاّت وکۆمەڵگا لە کەسێتی سەرکردەو بنەماڵەدا کورت دەکرێتەوەو هیچ بەهایەکیش نیە بۆ مافەکانی مرۆڤ و بە ئاگر و ئاسن ولاّت بەڕێوەدەبرێت و تاك و کۆمەڵگا هەمیشە لەترس و دڵەڕاوکێدا ژیان بەسەر دەبەن و تاك و کۆمەڵگایەکی بەرخۆر و بێخێریان لێدەردەچێت. زۆرێك لەو سیستەمانەمان بینیوە و کۆتاییەکانیشیان هەمیشە لەسەر دەستی جەماوەری گەلەکانیان نەخشێنراوە بە کوشتن و لە سێدارەدان لەئەنجامی ڕاپەڕینی جەماوەریەوە ، نزیکترین نمونەش ڕژێمەکەی بەعسی صدام حسین و موعەمەر قەزافی لیبیاو حوسنی موبارەکی میسر و علی عبدالله ساڵحی یەمەن و بەشار ئەسەدی سوریا و زۆرێکی تر لە ڕژێمە بنەماڵەییەکانی ناوچەکە و دونیاش.
- جۆری دووەمی سیستەمی حوکمڕانی بریتیە لە سیستەمی دیموکراسی و لیبڕاڵ و سۆشیال دیموکراتەکان، کە لەم سیستەمەدا سەرچاوەی شەرعیەتی دەسەلاّت و دەسەلاّتداران بریتیە لە ڕای جەماوەر و دەنگدان و پڕۆسەی هەڵبژاردن و سیستەمی پەرلەمانی و پێکەوەکارکردن ، لەم سیستەمەدا ڕێز لە دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکان دەگیرێت و جیاوازیە نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی و کەلتوریەکان ڕێزلێگیراون و سەرجەم مافەکانی مرۆڤ و ئازادیەکان و سەروەری یاسا پارێزراون و تاڕادەیەکی باش عەدالەتی کۆمەلاّیەتی چەسپێنراون و ژیان و گوزەرانێکی پڕ شکۆ و کەرامەت بۆ تاك و کۆمەڵگا دابینکراوە و دەوڵەتی ڕەفاه پێکەوەنراوە و تاك و کۆمەڵ لە ئارامی و ئاشتیدا ژیان دەگوزەرێنن و تاك و کۆمەڵ دەبنە داهێنەر و پێشکەوتووخواز . لەم سیستەمەدا گەر کەموکوڕی و گەندەڵیش هەبێت ئەوا زۆر کەمەو و بەپێی یاسا چارەسەر دەکرێن.کۆمەڵگا کۆمەڵگایەکی کراوە و پێشکەوتوو ئازادیخوازن و دەسەلاّت لای زۆرینە و نوێنەرانی گەلن و هیچ حیزب و

سەرکردە و بنەماڵە و گروپێك دەسەلأت قۆرخ ناکەن و لەم سیستەمەدا جێگەی خۆسەپاندن و قۆرخکاری و تاکڕەوی نابێتەوە.

- ئەوەی کە لێرەدا مەبەستمانە هەڵوێستەی لەسەر بکەین بریتیە لە سیستەمی سیاسی دیموکراسی، چونکە لەم سیستەمەدا دوو جەمسەری هاوکێشەی سیاسی بونی هەیە کە ئەوانیش دەسەلأت لەلایەك و ئۆپۆزسیۆنیش لەلایەکی ترەوەن، ئەم دوو جەمسەرە بەشێوەیەکی ئاشتیانە و دیموکراسیانە و دوور لە پەنابردن بۆ کاری توندوتیژی کاری سیاسی خۆیان دەکەن و هەموو ئامانجیشیان خزمەتکردنی زیاتری کۆمەڵگاکانیانە نەك قۆرخکردنی دەسەلأت و مانەوەیان بۆ زۆرترین کات، دەسەلأت و ئۆپۆزسیۆن دوو جەمسەری هاوکێشەیەکن کە هەرکاتێك هەرکامیان بەهێزبوون دەبنە هۆی گۆڕانکاری گەورە بە ئاڕاستەی باش و خزمەتکردن بۆ گەلەکەیان، لەلایەك دەسەلأت باشترین خزمەت پێشکەش دەکات بۆ ئەوەی ببێتە جێگە متمانەی جەماوەر و پاڵپشتیکردنی بۆ ئاینده، لەولاشەوە ئۆپۆزسیۆنیش کار دەکات لەسەر ئاشکراکردن و دەرخستنی کارە هەڵە و گەندەڵ و کەموکوڕیەکانی دەسەلأت بۆ ئەوەی سۆز و دەنگی جەماوەر بۆخۆی کۆبکاتەوە و وەکو چاودێرێك وایە بەسەر کاری دەسەلأتەوە، هەردوولاش بە پێی یاساکانی ولأتەکانیان ڕێز لەکار و ئەرکی یەکتر دەگرن و هیچ کاتیش سەیری یەکتری ناکەن وەك دوژمن و ناحەز، بەڵکو کاری دەسەلأت و ئۆپۆزسیۆن بریتیە لە ململانێیەکی شەریف و تەندروست کە لەکۆتایدا بەبەرژەوەندی گەلەکەیان تەواو دەبێت.
- هیچکات دۆڕاندن و دەرچوون لە دەسەلأت وبوون بە ئۆپۆزسیۆن مانای بچکوبونەوە و مردن و کۆتایهاتنی حیزب و ململانێ ناگەیەنێت بەڵکو بریتیە لە دانی باجی هەڵە و کەموکوڕیەکانی سیاسەت و سەرکردە سیاسیەکانی حیزب، و خۆئامادەکردن و خۆ ڕێکخستنەوەیە بۆ قۆناغێکی نوێ بە شێواز ومیکانیزمی نوێوە بۆ گەیشتنەوە بەدەسەلأتی سیاسی بەمەبەستی جێبەجێکردنی بەرنامە و تێڕوانینی حیزبەکەیان لە پێناو زیاتر گەشەکردن و پێشکەوتن و خزمەتکردنی جەماوەرەکەیان.

لەم ڕاستیانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەمیشە سیستەمێکی سیاسی دیموکراسی و کراوە و ئازاد گرەوی مێژووی بردۆتەوە و لەگەڵ بۆچوون و حەز و خولیاو ئارەزوەکانی تاك و کۆمەڵدا یەکدەگرێتەوە و سەرجەم داهێنان و پێشکەوتنە مرۆڤایەتیەکان و

شارستانێتیەکانیش هەر لەسایەی ئەم سیستەمەدا هاتونەتە دی، نمونەش سەرجەم کۆمەڵگاکانی ئەوروپا و ئەمریکا و یابان و ..هتد.

- **پرسیار لێرەدا ئەوەیە ، ئەرێ سیستەمی سیاسی حوکمڕانی کوردستان لەم قۆناغەدا بەرەو کوێ؟ تاکرەوی یان دیموکراسی؟گەڕانەوە بۆ دواوە یان هەنگاو بەرەو ئایندەیەکی گەشتر؟**

کورت و کرمانجی ،بەداخەوە هەر لەسەرەتاوە و لەدوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی گەلەکەمان و هەڵبژاردنی یەکەمین پەرلەمان لە مێژووی گەلەکەماندا و دواتر دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بەهەڵە دەستپێکرا و ئاراستەکەشی هەر بەهەڵە ڕێڕەوی خۆی گرت لەسەر تێڕوانین و هەڵە بیرکردنەوەی سەرکردە سیاسیەکان و ململانێ ناشەریفانەکانی حیزبە سیاسیەکان و ئەمەش بەهۆی نەبونی ئەزمونی حوکمڕانی و خولانەوە لەناو بازنەی شەرعیەتی شۆڕشگێڕیدا کە زۆر دوورە لەشەرعیەتی هەڵبژاردن و جەماوەرەوە کە بەداخەوە تا ئێستاش زۆرێك لە حیزب و سەرکردە ((موخەزرەمەکان)) لەکەشوهەوای شۆڕش و ڕاپەڕیندا دەژین و بیردەکەنەوە و زۆرجارانیش پەنا دەبەنەوە بۆ شەرعیەتی شۆڕشگێڕی و خۆیان بە میراتگری هەموو دەسکەوت و داهێنانەکان دەزانن و ڕازینابن کە توانای نوێ و عەقڵ و جەستە و بیری نوێ بێنە پێشەوە و سەرکردایەتی ئەم قۆناغە نوێیە بگرنە ئەستۆ. ململانێی ئێستا لەنێوان دوونەوەی شۆڕشگێڕی دوێنێ و نەوەی ئێستای دیموکراسیخواز و پێشکەوتوخواز و داهێنانە نوێکان دایە.

بەداخەوە سیستەمی سیاسی لە کوردستاندا شێواوە و شێوێنراوە و هێز و سەرکردە هەیە کە گەرەکیانە سیستەمێکی تاکڕە و قۆرخکار و داخراو وشمولی بچەسپێنن کە تەنها حیزب و سەرکردە بڕیار لەگەورە و بچوك و قەدەری ٥ملیۆن کەس بدەن و ئەوەشی بەلایانەوە گرنگە تەنها پاراستنی بەرژەوەندی و دەسکەوتی خۆیانە نەك جەماوەر، لەبەرامبەردا هێز و سەرکردەو لایەنی تریش هەن بەپێچەوانەوە کاردەکەن و گەرەکیانە گۆڕانکاری و چاکسازی نوێ بکەن لەتەواوی سیستەمی حوکمڕانی و سەرجەم جومگەکانی دەسەلات و ئیدارەی حکومەتی هەرێمدا.بە ئانجی گەیشتن بە ئاستی حوکمڕانی گەلانی پێشکەوتوی سەردەم و پێشکەشکردنی نمونەیەکی گەش و جوان لە ناوچەکەدا.

ئاشکرایە ململانێیەکی ئاوها ناکرێت کە هەردوولای هاوکێشە سیاسیەکە(( دەسەلات و ئۆپۆزسیۆن)) لەناو یەك بازنەی دەسەلات یان ئۆپۆزسیۆندا بن، بەڵکو دەبێت لایەکیان لە دەسەلات و ئەویتریان لە ئۆپۆزسیۆندا بێت، وەك سیستەمێکی سیاسی ئاسایی لە وڵاتدا،

بەڵام لە کوردستاندا ئەو حیزب و سەرکردەیەی کە تامی شیرنی کێکی دەسەڵاتی کرد ئیدی نایهەوێت یان دەترسێت بچێتەوە ڕیزی ئۆپۆزسیۆن و درێژە بەکاری سیاسی خۆی بدات، لەلایەك دەسەڵات لەم هەرێمەدا هەمیشە هێندە کاری کردوە لەسەر بچوككردنەوەی حیزبەکانی تر نیوهێندە کاری بۆ دابینکردنی ئاشتی و ئارامی و خۆشگوزەرانی جەماوەر نەکردوە بۆیە هەموو حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆن دەترسن کە ببنە ئۆپۆزسۆن چونکە دڵنیان کە زیاتر بچوك دەبنەوە، بەڵام ئەمە تێڕوانینێکی هەڵەیە و ناکارایی ئەو حیزب و سەرکردانە دەسەلمێنن، چونکە هەر کات ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز و کارا هەبوو ئەوا بەدڵنیایی دەسەڵاتێکی لەرزۆك و ترسنۆکیش دەبێت، چونکە ناکرێت لەیەك کاتدا هەم ئۆپۆزسیۆن بەهێز بێت وهەمیش دەسەڵات ، چونکە سروشتی ململانێکە کارکردنە لەسەر هەڵە و کەموکوڕی یەکتری ، جا هەر لایەك توانی هەڵە و کەموکوڕی لاکەی تر پیشانی جەماوەر بدات ئەوا سۆز و دەنگی جەماوەر بەدەستدێنێت و گرەوی هەڵبژاردن و دەسەڵاتیش وەدەستدێنێت.

بۆیە لەم قۆناغەدا کە ململانێکان زۆر توندبونەتەوە و بۆتە هۆی پەکخستنی پەڕلەمان و حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێم، پێویست بەوەدەکات کە هەموان ململانێیەکی شەریف و تەندروست بکەن بەئامانجی بەهێزکردن و چەسپاندن و پتەوکردنی دامودەزگا شەرعیەکانی هەرێم نەك پەکخستن و خۆسەپاندن و زاڵکردنی ئیرادەی لایەك بەسەر لایەکی تردا، هەموان وەکو یەك بەرپرسیارن لە دۆزینەوەی چارەسەر و دەربازکردنی ئەم دەسەڵاتە لەم تونێلە تاریکەدا ، هیچ لایەك نابێت خۆی بەدوور بگرێت و ڕۆڵی تەماشاکار ببینێت، چونکە گۆڕانکاریە سیاسی و ئابوری و سەربازیەکانی ناوچەکە زۆر لە توانا و چاوەڕوانی ئێمەی کورد گەورەترن و ناکرێت بەهیچ بیانویەکەوە ناوماڵی کورد و دامودەزگا شەرعیەکانی پەکبخرێن و نەتوانین خۆ ئامادە بکەین بۆ ئەو گۆڕانکاریانە کە سەرجەمیان ناوچەکە و کوردستان گۆڕەپانی سەرەکی ڕووداوەکانیانن.

هەموان دەبێت زیاتر نەرمونیانتر بن لەبەرامبەر یەکتردا و لەپێناو بەرژەوەندی دەسەڵات و گەلەکەماندا هەندێك لەداواکاری و داخوازیەکانیان کەمبکنەوەو هەوڵبدەن بگەنە یەکتری، بەپێچەوانەوە ئەوەی هەمانە و نیمانە لەدەست هەموان دەچێت، بۆیە لەم هەرێمەدا گەرەکە سیستەمێکی سیاسی ئاسایی کە هەردوو جەمسەری دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنی تیادا بێت کە حوکمڕانێتی و شەرعیەت و جەماوەرێتی بە یاسا ڕێکخراوبن دەسەڵاتێکی خاکی

وچەسپاو و پتەو بنیاتبنێین  کە کەس و سەرکردە و لایەنەکان نەتوانن بۆ ئامانج و بەرژەوەندی خۆیان و دەسەڵاتەکانیان بەکاریبێنن ، دەبێت هەموان دەسەڵات بۆ خزمەتکردن و وەکو ئەرك و وەزیفە سەیر بکەن نەك وەك میراتی بۆ ماوەو بە مافی هەتاهەتایی خۆیانی بزانن، گەر وانەکەین ئەوا ئایندەیەکی ناڕوون و سیستەمێکی تاکڕەو و سەپێنراو چاوەڕوانی نەوەکانی داهاتوو دەکات وەك هەموو دەسەڵاتە تاکڕەوەکانی ناوچەکە وئایندەشمان وەك ڕابوودوومان تاریك و ڕەش و خوێناوی دەبێت و کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو و هەژار و بەرخۆر و بێخێریش دروست دەبێت.

---

*ئەم بابەتە لە  سایتی وتاری کورد  لە ٢٠١٥/١١/١٠دا و لە کوردستانی نوێ ژمارە ٦٨١٩ و مەکتەب ڕێکخستن و پی یو کەی میدیا لە ٢٠١٥/١١/١٢ و هەواڵ ژمارە ٦٤١ لە٢٠١٥/١١/١٤ و سایتی سنور میدیا لە ٢٠١٥/١١/١٥ و دواڕۆژ لە ٢٠١٥/١١/٢٠دا بڵاوکراوەتەوە.

# سووتـاندنی ئـاڵاکـان... کەلتورێکی دواکەوتـوو.. *

• سووتاندنی ئالای هەر ولاتێك بریتیە لە بێڕێزیکردن بەرامبەر شکۆی نەتەوە و ئەو ولاتە، چونکە ئەو پارچە قوماشە ڕەنگاوڕەنگە بۆتە نیشانە و پەرچەمی ئەو ولات و کۆمەلگایە و هەمیشەش لەجێگەی بەرز و لە سەرووی سەرەکانەوە دەشەکێتەوە، بۆیە داگرتن یان دڕاندن و سووتاندنی کارێکی ئەوپەڕی بێڕێزی و شکۆشکاندن وسەروەری خاوەنی ئەو ئالایەیە و کەمکردنە و گالتەکردنە بەسەروەری ئەو ولاتە.

سووتاندنی ئالاش لە کەلتوری کۆمەلگا دواکەوتوەکانەوە سەریهەلداوەو هەمیشە ئەو کۆمەلگا و ولاتانە ئەو کارە پیادە دەکەن کە بێدەسەلات و دواکەوتوون و توانای بەرگریکردن و ڕوبەڕووبونەوەیان نیە لەگەل بەرامبەرەکانیاندا و هەمیشەش خۆیان بە سەرکەوتوو دەزانن لەو کارەیاندا، لەکاتێکدا سووتاندنی پارچە پەڕۆیەکی بێ گیان هیچ ئازایەتیەکی ناوێت، بەلکو تەنها ئاماژەیەکە بۆ دەمارگیری و دواکەوتوویی و بێدەسەلاتی.نمونەی ئەم کارانەشمان زۆر بینیوە لە سەردەمی بەعسی صدامیدا لە کاتی جەنگ و ناکۆیەکانیدا لەگەل ئەمریکا و ئێران و ولاتانی تری عەرەبیدا کە وێنەی سەرۆك و پادشا و ئالاکانیان دەسووتاندن و دەیانخستنە ژێر پێیانەوە.

• لەهەفتەی ڕابووردوودا دووجار و لەبەرچاوی کامێراکان و میدیادا لە شارێکی پیرۆزی شیعەکان ( کەربەلا ) و لە پایتەختی دەولەتی عێراقی فیدرالیشدا(( بەغداد)) لەلایەن چەند کەسێکەوە سوکایەتی و بێڕێزی بەرامبەر ئالای شەکاوەی کوردستان کرا، ئەو ئالایەی کە بە هەزاران شەهیدی قارەمان لە پێناویدا گیانی خۆیان بەختکردوە و بە هەزاران ڕۆلەی ئەم گەلە لە سایەی ئەو ئالا پیرۆزەدا دژایەتی و مقاوەمەتی شۆڕشگێڕی ڕەوای نەتەوەیەکیان درێژە پێداوە دژی داگیرکارانی ناوخۆی و دەرەکی، ئەو ئالایەی کوردستان خوێنی لێدەچۆڕێت لە پێناو ئازادی و دیموکراسی کوردستان و عێراقدا، بۆیە هەرگیز ڕەوا نیە کە هیچ کەس و لایەنێك بوێری ئەوە بکات بێڕێزی بەرامبەر بکات.

ئاشکراشە لەوەلامی کردارێکی وا بێ ئەرزش و سەرەڕۆیی و کالفامانەی عەرەبیدا ، حەماس و خوێنگەرمی گەنجەکانی کوردیش پەرچەکردارێکی ئاوهایان هەبێت و ئالای عێراق بسوتێنن وەك وەلامدانەوەیەکی ئەو کارە قێزەونە، ئێمەی کورد هیچ کات بێڕێزیمان تەنانەت بەرامبەر دوژمنەکانیشمان نەکردوە چ جای هاو نیشتیمانان و بەناو براکانمان لە عەرەبی سونە و شیعە کە بە خۆشی بێت یان بەشەقی زەمانە لەیەك ولاتدا پێکەوە دەژین، بۆیە لەلایەك ئەرکی دەسەلاتدارانی کوردە و لەولاشەوە دەسەلاتدارانی عێراقە کە ڕێگە نەدەن بەهیچ گێرەشێوێنیەکی سەرەڕۆیی بۆ دووبارەکردنەوەی ئەو کارانە.

- عەرەبەکان دەڵێن بەپێی یاسا (( سووتاندنی ئاڵای عێراق حوکمی ١٠-١٥ ساڵی زیندانی و جەزای ١٠ ملیۆن دیناری عێراقی هەیە))، ئێمەش دەپرسین ئەرێ سووتاندنی ئاڵای کوردستان سزا و جەزاکەی چەندە؟ کە ناکرێت ئاڵایەکی پاشماوەی عەرەبی شۆفێنی و بەخوێن سووری ڕۆڵەکانی کورد و عەرەب(( کە تائێستاش جێگەی مشتومڕە و هەموان لەسەری کۆك نین)) ئەوەندە بەڕێز بێت و ئاڵای کوردستانیش بەخوێن سووری ڕۆڵەکانی بەبێ هیچ سزایەك تێپەڕ ببێت، بۆیە هەق وایە لە پەرلەمانی کوردستانیشەوە یاسایەك دەربچێت و ڕێز و سەروەری ئاڵای کوردستان بپارێزێت و سزای سووتاندن و بێڕێزیکردنیشی دیاریبکات.
- ئەم کەلتورە بەداخەوە لەلایەن عەرەبەکانەوە زۆر دووپاتدەکرێتەوە هەر لە سووتاندنی ئاڵای ئیسرائیل و ئەمریکا و بەریتانیاو فەرەنساو ئێران و تەنانەت لەناوخۆی خۆشیاندا بەدەیان جار ئاڵای وڵاتە عەرەبیەکانیان سووتاندوە و بێڕێزیان بەرامبەر کردوە. بۆیە ئەرکی دەسەڵاتدارانی کورد و ڕۆشنبیران و نوسەران و نوخبەی کۆمەڵگای کوردەواریە کە ڕێگە نەدەن ئەو کەلتورە قێزەون و دواکەوتووە و مایەی بێدەسەڵاتیە لە عەرەبەوە بگوازرێتەوە بۆ ناو کورد و کوردستان، ئێمەی کورد ئەوەندە بوێریمان تیادایە کە بتوانین ڕاستەوخۆ و بە ئاشکرا ڕووبەڕووی ناحەزان و دوژمنانمان ببینەوە ئیدی چ پێویست دەکات کە پەنا بەرینە بەر ترسنۆکی و سووتاندنی ئاڵای وڵات و کۆمەڵگایەك کە مەرج نیە ئەو کردارە جێگەی ڕەزامەندی هەموانیان بێت، بۆیە ئێمەی کورد نابێت هەڵەی سەرەڕۆیی چەند کەسێك بە هەڵەیەکی هاوشێوە وەڵام بدەینەوە و سۆز و خۆشەویستی زۆرینەیان لەدەست بدەین.
- چونکە بەردەوام بوونی ئەم جۆرە کارانە و بەتایبەتیش لەم کۆمەڵگا دواکەوتوەی عێراقدا سەر دەکێشێت بۆ نانەوە و هەڵایسانی فیتنە و شەڕەنگێزی و توندوتیژی مەزهەبی و ئاینی و نەتەوەیی کە ئێمەی کورد لە ئێستادا پێویستمان پێی نیە ، لەلایەکی ترەوە سەرقاڵی بەرگریکردنین لە خاك و ئاڵاکەمان لەدژی چەتەکانی داعش لە باشوور و ڕۆژئاوادا، با ئێمە دەرگای شەڕێکی نەخوازراوی تر لەسەرخۆمان نەکەینەوە بەکردار و پەرچەکرداری هەڵە و وڵات و گەلەکەمان دووچاری مەینەتی و قەیرانێکی تر نەکەینەوەو بە عەقڵ و حیکمەت و گفتوگۆ و لە ڕێگەی یاساوە کێشە و قەیرانەکان چارەسەر بکەین.

---

* ئەم بابەتە لە هەواڵ ژمارە ٦٤٣ لە ٢٠١٥/١١/٢٨ و سایتەکانی ئاراستە و سپی میدیا و دواڕۆژ و مەکتەبڕێکخستن و پێنوسەکان و وتاریکوردله ٢٠١٥/١١/٢٤ و کوردیۆ لە ٢٠١٥/١١/٢٥ و ڕادیۆ ناوخۆ لە ٢٠١٥/١١/٢٧دا بڵاوکراوەتەوە.

## کۆدەنگی نیشتیمانی لە کوردستاندا بەرەو کوێ؟*

- هەمیشە ئاشتەوایی سیاسی بۆتە هۆی دروستکردنی کۆدەنگی نیشتیمانی لەنێوان پارت و لایەن و سەرکردە سیاسیەکان و جەماوەریشدا لەسەر کۆی مەسەلە گرنگە نیشتیمانیەکان، هەربۆیە نەبوونی یان پەکخستنی ئاشتەوایی نیشتیمانی دەبێتە هۆی تێکدان و لەگرێژەنەچوونی هەموو پەیوەندی و لێکتێگەیشتن و پێکەوەکارکردنێك و ولآت و کۆمەڵگا دەخاتە گێژاوێکی سیاسی قوڵ و بەدواخۆشیدا ئاشتەوایی ئابوری و کۆمەلآیەتیش تێکدەدات.

هەربۆیە ئاشتەوایی سیاسی لەنێوان پارت و لایەنە سیاسیەکاندا بەردی بناغەی پێکەوەنانی متمانە و کاری هاوبەشە لە پێناو پاراستنی ئەمنیەت و ئاسایش و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەران و پێشکەوتنی ولآت و کۆمەڵگا و چەسپاندنی یاسا و عەدالەتی کۆمەلآیەتیش، بەبێ بوون و سەقامگیری ئاشتەوایی نیشتیمانی هیچ کۆدەنگیەکی سیاسی فەراهەم نابێت و ولآت و کۆمەڵگاش بەرەو دڕدۆنگی و زیاتر دوورکەوتنەوە لەیەکتری و ئاژاوە و پشێوی سیاسی و ئابوری و کۆمەلآیەتی سەر دەردەکات.

بەداخەوە لە ئێستادا لە کوردستاندا ئەو ئاشتەواییە سیاسیە ڕاستەقینەیە هەست پێناکرێت لەنێوان لایەنە سیاسی و سەرکردەکاندا، هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ولآت ڕوو لە قەیران و کێشەی سیاسی و ئابوری و کۆمەلآیەتی بکات و لە ئێستاشدا کوردستان بە دۆخێکی سیاسی ناجێگر و شڵەژاودا تێپەڕدەبێت ، کە ئەمەش بۆتە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و ئابوری و تەنانەت قەیرانی کۆمەلآیەتیش زیادی کردوە، ئەم دوورکەوتنەوە و دڕدۆنگی و لێکتێنەگەیشتنەی لایەنە سیاسیەکان بەداخەوە هێندەی لەسەر مەسەلەی حیزبی و دەسکەوتی حیزبیە نیوهێندە لەبەرژەوەندی کۆمەڵگا و چەسپاندنی یاسا و دام و دەزگا شەرعیەکانی حکومەتدا نیە، هەموان سیاسەت بەڕق و کۆنە قین دەکەن و هەموان لەگەڵ یەکدا ناکۆك و ناتەبان و ململانێ حیزبیەکانیان گەیاندۆتە ئاستێك کە گەڕانەوەیان بۆ نەبێت و هەریەکەیان کەوتونەتە دۆڵێك و هیچ کامیان گوێ لەوی تر ناگرێت و ئامادەش نین بچوکترین سازان و سازش بۆ یەکتری بکەن و هەرئەمەش بۆتە هۆی دابڕانیان لە جەماوەری میلەتەکەمان و کوردستان ڕووە و ئاڕاستەیەکی مەترسیدار هەنگاو دەنێت، لەم دۆخە پڕ قەیران و شەڕ و ناکۆکی و ململانێ ناوچەیی و نێودەوڵەتیانەدا کە هەموان بەتەنگ پاراستنی سنور و دەسەلآت و بەرژەوەندیەکانی خۆیانەوەن و لەهەوڵی دوورخستنەوەی ئاگری شەڕی داعش و تیرۆریستانن لە خۆیان و کۆمەڵگاکانیان ، بەداخەوە ئێمەی کوردیش لەم هەرێمەدا خەریکی خۆخۆری و ململانێی ناڕەوای

حیزبایەتین و سەرمان ناپەرژێتە سەر دەورو جیران و پیلانی ناحەزان و بێگائاین لە سیاسەتی ناوچەیی و نێودەوڵەتی و دابەشبوینەتە سەر دوو ئاڕاستەی جیاوازی ململانێکان هەریەکە لەبەرژەوەندی حیزب و سەرکردەکانی خۆیانەوە لە مەسەلەکان دەڕوانن نەك لە پێناو بەرژەوەندی و دەسکەوتنی نەتەوەیی و نیشتیمانی کوردستاندا.

بەڵام هەموان دەبێت ئەو ڕاستیە باش بزانن کە سیاسەتی پاشکەوتنی ئەم بلۆك یان ئەو ڕیزبەندیە بەتاکو تەرا و بێ بەرنامە و گوتارێکی یەکگرتوویی کورد هەمیشە دەبێتە مایەی زیانی گەورە و مەترسی دروستکردنیش بۆ ئەوەی کە هەشمانە، بۆیە کورد لەم قۆناغ و دۆخە ئاڵۆزەی ناوچەکە و دونیاشدا لەهەموو کات زیاتر پێویستی بەیەکڕیزی و کۆدەنگی نیشتیمانی هەیە و لەهەموان دەخوازێت کە زیاتر بەرامبەر یەکتر نەرم ونیاتر بن و هەریەکەیان کەمێك سازش لە مافەکانی خۆی بکات و هەموان لەسەر مێزی گفتوگۆ دابنیشن و ڕاشکاوانە و بوێرانە باس لەهەموو خاڵە ناکۆکەکان بکەن و بەهەموان ئەم دۆخە مەترسیدارە تێبپەڕێنن و سازانێکی گشتی و نیشتیمانی ڕاستەقینە بێننە ئاراوە .

ئاشکرایە سەرکردەی سیاسی خەمخۆر و دڵسۆز لەکاتی قەیران و سەرهەڵدانی کێشەکاندا دەردەکەوێت و بە ووردبینی و دووربینی و خوێندنەوەی ڕاستی مەترسیەکان و دڵسۆزی بۆ گەل و نیشتیمان دەتوانێت قەیران و کێشەکان دووربخاتەوە و چارەسەریشیان بکات و بڕیاری ڕاست و دروست بدات . ئاشکراشە هیچ کێشە و قەیرانێکیش چەندە ئاڵۆز و سەخت بێت هەمیشە دەرچە و ڕووناکی و ئاسۆیەکی چارەسەر ئامادەگی هەیە گەر نیەت و بوێری و ڕاستگۆیی لای کەس و سەرکردەکان هەبێت بۆ چارەسەرکردن.

لەم دۆخەی ئێستادا کە لە ئەنجامی نەخوێندنەوەی ڕاست و دروستی یەکتری بەتایبەتیش پارتی و گۆڕان هاتۆتە ئاراوە و هێندەی تر کێشە و قەیرانە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی هەرێمیان سەختر و قوڵتر کردۆتەوە، مەترسیەکانیشی زیاتر و چڕترکردۆتەوە بۆ سەر ئێستا و ئایندەی کوردستان و هەرێمەکەمان و دەسەڵات و دەستکەوتەکانیش، بەداخەوە هیچ لایەکیشیان ئامادەیی ڕاستەقینەیان نیە بۆ چارەسەر و نەرمی نانوێنن و هەریەکەیان دەستیان گرتوە بە ڕاوبۆچونەکانی خۆیانەوە و هیچ کامیان ئامادەنین سازش بکەن لەسەر پۆست و پلە و کەسەکان و بیان کەنە قوربانی مەسەلە گەورەکەی گەل و نیشتیمان.

ئەو هێزەی کەلەم نێوەندەدا هەموو چاوەکان و هەموو ڕووناکیەکانی لەسەرن بۆئەوەی هیمەت و هەوڵ و دەستپێشخەری بکات بۆ چارەسەر و نێوەندگیری تەنها یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە، کە هەمیشە بەشێك بوە لەچارەسەر و ڕێگەی نەداوە کێشەکان توندتر و ئاڵۆزتر بن و سەربکێشن بۆ توندوتیژی زیاتر و بە ئاشکرا و بەنهێنی لەهەوڵی نزیکردنەوەی هەردولادان وەك ئەرك و

لێپرسراوێتیەکی مێژوویی و وەك هێزێکی کارا و کاریگەر کەهەموان هەست بە سەنگ و قورسایی دەکەن و هەردوولاشیان چاوەڕانن کە یەکێتی هەڵوێستێکی لایەنگیری بۆ لایەکیان بنوێنێت بۆ ئەوەی باسکی ئەویتریان لاواز بێت، بەلاّم یەکێتی سیاسەتێکی ژیرانە و نیشتیمانیانە و نەتەواییانەی دووربینی لەسەر خۆ پیادە دەکات و مەبەستیش لەم هەڵوێستەی نە ترسنۆکیە و نە بێهەڵوێستیە، چونکە بڕیار و هەڵویسٚتی یەکێتی یەکلاکەرەوەی دۆخەکە دەبێت بە باش یان خراپ، بۆیە سەختی و قورسی و هەستیاری دۆخەکە وا لەیەکێتی دەکات کە بەم شێوە بێلایەنیە مامەڵە بکات و هەرئەم هەڵوێستەش بارودۆخەکەی بە ئارامی هێشتۆتەوەو یەکێتی گەر بە حیزبایەتی تەسك و بەرژەوەندی حیزبی بیری بکردایەتەوە و کاری بکردایە بەدڵنیایی گەلێك دەسکەوت و پلەو پۆست و ئیمتیازاتی وەردەگرت، بەلاّم ئەوە نە سیاسەت و نەپلان و نەبیرکردنەوەی یەکێتیە کە بە خراپی سوود لە فورسەتە هەڵکەوتوەکان وەربگرێت، بۆیە دەبێت هەموان ئەم هەڵوێستەی یەکێتی بە بەرژەوەندی خۆیان و میلەتەکەشمان بزانن نەك بە بێهەڵوێستی.

گرنگیشە هەموان باش بزانن کە نەدەسەلاّت و نە گەل و نە خاکی کوردستان تاپۆ و میراتی هیچ کەس و سەرکردە و لایەنێکی سیاسی نیە بەتەنها بەڵکو میراتی هەموانە و هەموانیش بەپێی سەنگ و قورسایی و مێژوو و خەباتی خۆیان بەشدارن و ئەرك و مافیان هەیە، هەر بەم بیرکردنەوە کوردانە و نەتەوەیی و نیشتیمانیانە دەتوانین کۆدەنگیەکی نیشتیمانی سیاسی و ئابوری و کۆمەلاّیەتی پێکەوەبنێین و هەرێمەکەمان و گەلەکەمان لەم دۆخ و قۆناغە مەترسیدارەی خەباتدا ڕزگار بکەین.و باهەموان نیو هێندەی کەلەگەڵ ناحەزاندا نەرم و نیانین لەگەڵ خۆمان و لەنێو خۆی خۆماندا نەرم و نیان بین و ناومالّی کوردایەتی ڕێك بخەینەوە و توندوتۆڵی بکەین بۆ ئەوەی بتوانین ڕووبەڕووی تەحەدا گەورەکانی دەوروبەرمان ببینەوە.

---

*ئەم بابەتە لە سایتی SNN لە ٢٠١٥/١٢/٢٨دا و پێنوسەکان و وتاریکورد لە ٢٠١٥/١٢/٢٩ و مەکتەب ڕێکخستن لە ٢٠١٥/١٢/٣٠ و سنور میدیا لە ٢٠١٥/١٢/٣١ وپی و یو کەی میدیا لە ٢٠١٦/١/٤ و هەواڵ ژمارە ٦٤٨ لە ٢٠١٦/١/٩ دا بلاّوکراوەتەوە.

# گەوجایەتی ئەردۆگان .. تورکیا و ناوچەکە بەرەو کوێ دەبات؟*

- لەسەرەتای مێژووی مرۆڤایەتیەوە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکی پڕ کێشە و ململانێی ئاینی و سیاسی و نەتەوەیی و مەزهەبی بوە و هیچ کات ناوچەیەکی ئارام و دوور لەشەڕ و توندوتیژی نەبوە ، لەلایەك بەهۆی دواکەوتوی و هەژاری کۆمەڵگا و دەسەڵاتەکانی و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی بوونی سەرچاوەکانی وزە لەنەوت و غازی سروشتی کە ناوچەکە پێی دەوڵەمەندە و هەر لە مێژەوە بۆتە هۆکاری چاوتێبڕین و ململانێی زلهێز و داگیرکارەکانی دونیا.ئیدی ئەم ناوچەیە بۆتە کوانوی ململانێ ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان و هەموو کات بۆتە گۆڕەپانی سەرەکی شەڕ و جەنگەکان. و لە ئەنجامی جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم و جەنگی ساردیشەوە ئەم ناوچەیە دووچاری دابەشبوون و داگیرکاری و وێرانکاری زۆر بۆتەوە.
- لە ئێستاشدا و لەدوای ساڵی ٢٠٠١ وە و دوای ڕووداوی ١١ی سێپتەمبەری ڕەشی ئەمریکا کە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە وئوسامە بن لادن هەستان بەتەقاندنەوەی هەردوو تاوەری بازرگانی لە نیویۆرك و واشنتۆنی ئەمریکا ئیدی دونیا بەگشتی و ئەم ناوچەیە کەوتنە جەنگێگی گەرم لەنێوان بەرەی تیرۆر و دژە تیرۆردا و دواتر ڕووداوەکانی ڕووخاندنی هەردوو دەسەڵاتدارانی ئیسلامی سەلەفی و بەعس لە ئەفغانستان و عێراق و سەرهەڵدان و بەهێزبوونی ڕەوت و بزوتنەوە سەلەفیە توندڕەوە ئیسلامیەکان هێندەی تر ململانێکانیان گەرمتر کردەوە و سەرهەڵدانی ڕاپەڕین و خۆپیشاندانە جەماوەریەکانی وڵاتانی عەرەبیش لەساڵی ٢٠١١ وە هێندەی تر دۆخە سیاسی و ئابوری و سەربازیەکانی شڵەژاند و کۆمەڵێك گۆڕانکاریان هێنایە ئاراوە کە تا ئێستاش ناوچەکە هێور و ئارام نەبۆتەوە و هێشتاش ژانی لەدایکبونێکی نوێ نەڕەویوەتەوە وئایندەش ڕوون نیە.
- لەم سەروبەندەدا جارێکی تر بزوتنەوە ئیسلامیەکان هەموانیان پێکەوە و لەژێر ناونیشانی جیاوازدا کەوتنە خۆ بۆ بەگژدا چونەوەی بەرژەوەندیەکانی زلهێزەکان بەگشتی و ئەمریکا و ڕۆژئاوا بەتایبەتی، هەر قۆناغە و ڕەوتێك یان باڵێکی بزوتنەوە ئیسلامیە توندڕەوەکان بەهێز دەبون و دەردەکەوتن وەك ئەلقاعیدە و بەرەی نوسرە و ئێستاش داعش کە هەموانیان چاوگ و سەرچاوەکەیان یەکە و بە دەستی دەزگا جاسوسیەکانی دەوڵەتانی ناوچەکە و ڕۆژئاوا دروست بون و بە خەرجی و پارەی وڵاتانی ئیسلامی سونە مەزهەبی

کەنداو درێژە بە ژیان و مانیان دەدەن لەبەرامبەر گەشەسەندن و بەهێزبوونی مەزهەبی شیعەی سەر بەئێراندا.

- وڵاتانی ناوچەکەش هەریەکەیان ڕۆڵ و کاریگەری و لەهەمان کاتیشدا بەرژەوەندیان هەیە لەم دۆخەدا و هەریەکەیان لەهەوڵی گەشەکردن و پانوپۆڕکردنی نفوز و دەسەڵاتی خۆیدایە و درێژە بەململانێ مێژووییەکانیان دەدەن بەتایبەتیش تورکیا و ئێران و میسر و سعودیە و ئیسرائیل کە ئەم ٥ وڵاتە خۆیان بە جەمسەر و دەمڕاستی بەشێك لە ملامنێکان دەزانن و هەریەکەیان گەرەکێتی ڕابەرایەتی ناوچەکە بۆ خۆی بپچڕێت و ببێتە جەمسەرێکی نێودەوڵەتی و حسابی بۆ بکرێت ،بەڵام خۆشبەختانەش هیچ کامیان لەگەڵ ئەویتریاندا کۆك و جۆر نین و ڕێکناکەون.و هەریەکەیان گەرەکێتی کە ببێتە پلە یەك و دەمڕاستی هەموان.
- ئەوەی مەبەستە تورکیایە کەلەم دۆخەدا ڕۆڵێکی کارا و نێگەتیف دەبینێت لە هەڵکشان و توندبوونی زیاتری دۆخەکەدا، هەموو ئەمانەش بەپاڵنەری بیرۆکەی ئیسلامی ئیخوانچێتی ئەردۆگان و حیزبی ئاکپارتیەوەیە کە وڵاتێکی ٨٠ ملیۆنی موسوڵمانی زۆرینە سونە مەزهەبە کە لەگەڵ سعودیە و قەتەردا یەکدەگرنەوە بۆ دژایەتی دەسەڵاتدارانی سوریا و عێراقی شیعە مەزهەبی خولاوە لە خولگەی ئێراندا.
- کە لەئێستاشدا و دوای درێژە کێشانی ناجێگیری دۆخی سیاسی سوریا و مانەوەی بەشار ئەسەد لەسەر حوکم ناوچەکە بەتەواوەتی بۆتە جێگەی یەکلاکردنەوەی ململانێی زلهێزەکان و ماوەی مانگێکە ڕوسیا بەهێزەوە هاتۆتە ناو مەسەلەکە و ناوچەکە و ڕۆڵەکەی خۆی گۆڕیوە و لەڕیزی دواوە هاتۆتە پێشەوە و سەر شانۆکە و گەرەکێتی لەم ڕووداوانەدا جێگە پەنجە و بڕیاری ئەویشی تیادا بێت، و لەبەرامبەر ڕیزبەندی ئەمریکا و ڕۆژئاوا و تورکیا و وڵاتانی کەنداودا ئەویش ڕیزبەندیەکی بۆخۆی پێکەوە ناوە لە سوریا و عێراق و ئێران و کۆریای باکور و چین کە هەموانیشیان وڵاتانی بەهێزن لەڕووی سیاسی و سەربازی و ئابوریشەوە.

تورکیا وەکو سەرەنێزەی هاوپەیمانی ناتۆ لەناوچەکەدا و دراوسێ گەورەکەی سوریا و عێراق و خاوەن هێز و سوپایەکی گەورە و پڕ چەکی پێشکەوتوو و لەهەمان کاتدا خاوەنی خەونی زیندووکردنەوەی دەسەڵاتی خەلافەتی عوسمانی لەساڵی ٢٠٢٣دا لەیادی ڕووخاندنی ئەو دەسەڵاتدا لەلایەن ئەتاتورکەوە. گەرەکێتی ببێتە بڕیاردەر و یەکلاکەرەوەی زۆرێك لە کێشەکان.

• ئەوەتا بەئاشکرا پشتیوانی مادی و مەعنەوی داعش دەکات دژی سوریا و بەشار ئەسەد و لەهەمان کاتدا دژایەتی هێزەی کوردیەکان دەکات لە ڕۆژئاوای کوردستان لە پەیەدە و ڕێگە نادات پێشڕەوی زیاتر بکات و لە عێراقیشدا بەهەمان شێوە یارمەتی و هاوکاری داعش دەکات و دژایەتی پەکەکە دەکات و لەناوخۆی تورکیاشدا کەوتۆتە تێکدانی پرۆسەی ئاشتەوایی لەگەڵ کوردا. ئەردۆگان و حیزبەکەی لەدوای سەرکەوتنە ساختەکەیان لەهەڵبژاردنی ١نۆڤەمبێردا سەرمەستی سەرکەوتنەکانیان بونە و غرور گرتونی و سێبەری خۆیان لێگەورەبوە و تاکڕەوانە و دیکتاتۆریانە مامەڵە دەکات،دوای شکستە بەرچاوەکەی ٧ حوزیران و لە ئێستادا کەوتۆتە تۆڵە کردنەوە لە هەموو هێز وپارت و سەرکردە و چالاکوانی مەدەنی و سیاسی و میدیا سەربەخۆکان و دەستیداوەتەوە تیرۆر و تۆقاندن.وبەمەش گەوجایەتی خۆی دەنوێنێت و تەمەنی خۆی لە کۆتایی نزیکتر دەخاتەوە.

لەسەر ئاستی سەربازیش لە ٢٣ /١١دا فڕۆکەیەکی سەربازی ڕوسیای خستە خوارەوە و بەبیانوی بەزاندنی سنورەکانی تورکیاو کوشتنی فڕۆکەوانەکەی و بەردەوام بونی لەسەر هەڕەشە و گوڕەشە لە ڕوسیا و هاوپەیمانەکانی، بۆیە بەم کردارەی ئەردۆگان و تورکیا گەوجاندنێکی بێوێنەیان کردو خوێنی خۆیان کردە کاسەوە و ڕوسیا و ورچە سپیەکەیان لەخۆیان هار کرد، ئاشکرایە ڕووسیا میراتگری یەکێتی سۆڤێتی جارانە کە نزیکەی ٤٥ساڵی تەواو ڕابەرایەتی بلۆکی سۆسیالیستی و دژایەتی ئەمریکاو ڕۆژئاوایی کرد و میراتگری هەموو سەروەت و سامان و هێزی ئەتۆمی و سەربازی و تەکنەلۆجیای هاوپەیمانی وارشۆی کۆنە و خاوەنی زیاد لە ٢٠٠ ملیۆن کەس و دەوڵمەنترینی وڵاتە بەنەوت و غازی سروشتی و خۆی بەخاوەن شکۆ و کەرامەت دەزانێت لەسەر ئاستی دەسەڵات و تاکبەتاکی هاوڵاتیانی و ئەم کردارو گەوجایەتیەی تورکیایان بە ئاسانی پێقبوڵ ناکرێت و ڕاستە یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩١وە هەڵوەشاوەتەوە و ڕوسیا بۆ ماوەی دەیە ساڵێك بێهێز وسەرقاڵی کێشە و ململانێ ناوخۆییەکانی خۆی بوو ، بەڵام لەساڵی ٢٠٠٠ وە و هاتنە سەر دەسەڵاتی ڤلادیمێر پۆتینەوە ڕوسیا بەگوڕ و تین و هێزێکی نوێوە هەستاوەتەوە و ڕۆڵی کاراش دەبینێت لە سەر ئاستی ناوچەکە و دونیاشدا بۆتە بەرگریکارێکی سەرسەختیش بۆ ئەمریکا و لە ئێستادا دونیا نەتاك جەمسەر و نە دوو جەمسەرە و بەڵکو کاراکتەری نوێش پەیدابوە هەر لە چین و یابان و ئەڵمانیا و بەڕازیل و ...هتد.

• بۆیە ڕوسیا و وەڵام و هەڵوێستە توندەکانی بەرامبەر ئەم گەوجایەتیەی تورکیاو ئەردۆگان بە ئارامی تێپەڕ نابێت سەرەڕای پەشیمانی و نەرمی نواندنی ئەردۆگان و تورکیا، ڕووسیا بەهێز و تەکنەلۆژیای سەربازیەوە هاتۆتە ناوچەکە و نیازیشی نیە بەجێبهێڵێت و تەنانەت ئەمریکاش پشتی کردۆتە تورکیا و فشار دەکات کە چیدی سنورەکانی واڵانەکات بۆ داعش و یارمەتیان نەدات و واز لەو گەمە قێزەونە بێنێت، ڕوسیا و هەڵوێستەکانی پۆتین ڕێك هاوشێوەی هەڵوێستەکەی لینینی سەرکردە و ڕابەری شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ و ١٩١٨ کاتێك لە هاوپەیمانی ڕۆژئاوا و جەنگی یەکەمی جیهانی کشایەوە و هەموو ڕێکەوتنەکانی ئاشکرا کرد لە ڕێکەوتنامەی سایکس–بیکۆ و بەمەش خۆی ڕزگارکرد لەهەڵە و ئەرکێکی مێژوویی و ئەخلاقی بەرامبەر چارەنوسی گەلانی ناوچەکە و دونیاش ، ئێستاش پۆتین و هاتنەکایەوەی ڕوسیا بۆ ناوچەکە بوە هۆکاری ئاشکراکردنی دەستی ئەمریکا و تورکیا و ٤٠ وڵاتی تر کە پشتیوانی داعش دەکەن و ئەم هەنگاوەی پۆتین وایکرد کە هەموان بەجدی بیر لە لێدان و فەوتاندنی کۆتایی داعش بکەنەوە. بەڵام تورکیا و ئەردۆگان گەرەکیانە درێژە بەم پیلانە قێزەونە بدەن بۆ پاراستنی بەرژەوەندی سیاسی و سەربازی و ئابوری خۆیان کە لەنەوتی تاڵانکراوی عێراق و سوریاوە تورکیا یەکەم سوودمەندبوە و گەرەکێتی ڕۆژانی خەلافەت زیندوو بکاتەوە بەڵام لەبیری چۆتەوە کە ڕۆژانی جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمیش تورکیای خەلافەت و ئەتاتورکیش هەر لەبەرەی دۆڕاوی جەنگەکەدا بون و کارەساتیان بەسەر تورکیاو ناوچەکەشدا هێناو تازە بەتازە گەرەکێتی پیاوە نەخۆشەکە زیندوو بەهێز بکاتەوە و نازانێت تورکیا چەندە گەورەو بهێز بێت ناگاتە توانای ڕوسیا و تەنها وەك کارت و داشی دامەیەك بەکاردەهێنرێت..و بەم گەوجایەتیەی تورکیاو ناوچەکەش ڕووبەڕووی کارەساتێکی گەورەتر و خوێناویتر دەکاتەوە.

کوردیش لەهەموو هەڵە و گەوجایەتیەکی تورکیا سوود وەردەگرێت بەوەی مەسەلەی کورد لە ئێستادا لەسەر ئاستی دونیا و زلهێزەکان بەگەرمەوە باس دەکرێت و تەنانەت پشتیوانیەکی گەرمیشی بۆ پەیدابوە ئەمەش لە ئەنجامی شەڕ و بەرگریکاری کورد و هێزەکانی پێشمەرگە و گەریلا و شەڕڤانانەوە هاتە ئاراوە دژی چەتەکانی داعش لە ڕۆژئاوا و باشوری کوردستان . هەربۆیە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و ڕوسیاش پشتیوانی لە کورد و مەسەلەکەی دەکەن و وەکو کارتێکی فشاریش بەرزیان کردۆتەوە بەرەو ڕووی تورکیا و ئەردۆگان کە دەوڵەتی کوردی دروست دەکەین و بیست ملیۆن کوردی تورکیا و

باشور و ڕۆژئاوا دەکەینە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ لە ناوجەرگە و چەقی تورکیاو ڕۆژهەڵاتی ناویندا ، ئەوەی کەماوەتەوە لە ئەستۆی کورد خۆیدایە کە ئەم گەرموگوڕیە و سۆز و پشتیوانیە نێودەوڵەتیە لەدەست نەدات و بەملاملانێی ناوخۆییەوە خۆی خەریك نەکات و هەلەکە بقۆزێتەوە بەوەی کە ڕێکەوتننامەی سایکس-بیکۆی ساڵی ١٩١٦ هەڵبوەشێنێتەوە و ئەم جارە و لەم قۆناغەدا کورد ببێتە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی، چونکە بۆ هەموو دونیای سەلماند کە هێز و توانای خۆپاراستن و بەڕێوەبردنی هەیە و بنەماو ژێرخانی ئابوریەکی بەهێزیشی هەیە لەنەوت و غازی سروشتی.بۆیە ئومێد و ئاسۆکانی ئایندەی کورد ڕۆشنە گەر خۆمان لەخۆمانی تێکنەدەین.

---

*ئەم بابەتە لە سایتی سپی میدیا و پێنوسەکان و ئاراستە لە ٢٠١٥/١١/٣٠ و لە کوردستانی نوێ ژمارە ٦٨٣٦ و پی یو کەی میدیا لە ٢٠١٥/١٢/٢ و وتاری کورد لە ٢٠١٥/١١/٣٠ و هەواڵ ژمارە ٦٤٤ لە ٢٠١٥/١٢/٥ و مەکتەب ڕێکخستن لە ٢٠١٥/١٢/٨دا بلاْوکراوەتەوە.

## داعش ... زیانبەخشێکی بە سوود ! *

- ئەوەی ئاشکرایە کە هەموو کارێك یان ڕووداوێك دوولایەنی باش و خراپی هەیە و هەمیشە دەکرێت لە دوو ڕوەوە یان زیاتر تێڕوانین و تێگەیشتن بۆ ڕووداو و دیاردەکان یان کار و کردەوەکان بکرێت بەباش یان خراپ.

داعش وەك ڕێکخراوێکی توندڕەوی سەلەفی سونەی ئیسلامی ، کە دروستکراو و دەستکردی گەلێك دەزگای ئەمنی و جاسوسی نێودەوڵەتی و ناوچەییە و هەریەکەیان بۆ مەرامێکی تایبەتی بەشێواز و میکانیزمی جیاواز پشتیوان و هاوکاری دەکەن، بەشێوەیەك کە لە ئێستادا بۆتە مارەکەی شێخ هۆمەر و خەریکە بەگەردنی خۆیانەوە دەدات.

داعش بەشێوەیەکی گشتی بۆتە مایەی هەڕەشە و مەترسی لەسەر ئاشتی و ئارامی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین بەتایبەتی و هەموو دونیاش بەگشتی و هەموان بە دێوەزمە و دڕندە و تۆقێنەر لێی دەڕوانن بەدروشم و بە ئاشکرا و لەمیدیاکانەوە دوژمنایەتی خۆیانی بۆ دووپاتدەکەنەوە و بەڵێنی لەناوبردن و بچوککردنەوە و پوکانەوەی دەدەن، بەڵام بەنهێنیش و لەڕێگای دەزگا جاسوسیەکانیانەوە هاوکاری و پشتیوانی مادی و مەعنەوی دەکەن.

- بەڵام لەهەمان کاتیشدا داعش بۆتە هۆکاری قازانج و سوودگەیاندن بە حکومەتەکان و حیزب و سەرکردەکان لە عێراق و کوردستان و ناوچەکە و دونیاشدا.بەشێوەیەك کە هەریەکەیان لە ڕووی مادی و مەعنەویەوە سوودیان لە جەنگی دژی داعش بینیوە و مانەوەی داعشیش و سەرهەڵدانی بونەتە مایەی سوود و قازانج بۆیان، هەربۆیەشە کە ڕێکخراوێکی توندڕەوی مەزهەبی و ئاینی لەناوجەرگەی دونیادا کە دەوڵەمەندە بەسەرچاوەکانی وزە لە نەوت و غازی سروشتی ساڵ بەساڵ بەهێزتر و ناوچەی دەسەڵات و قەڵەم ڕەویشی فراوانتر دەبێت و هەڕەشەش لە زلهێزەکان دەکات و بەکردارەکیش کاری تیرۆریستی خۆی گەیاندۆتە ناودڵی ئەوروپا لە فەڕەنسا و بەلچیکا و ئەڵمانیا و دەستی تیرۆریشی گەیاندۆتە ئەمریکا و هەڕەشە لە ڕوسیا و وڵاتانی تری ئیسلامیش دەکات لە پێشیشیانەوە شانشینی سعودیە.

- گەر لە کوردستانەوە بڕوانینە سوودی هەڕەشەکانی داعش دەبینین کە :

- یەکێتی نیشتیمانی کوردستان وەك حیزبێکی سیاسی گەورە و کاریگەری کوردستان و عێراق ، سەرەتا گەلێك سوودی وەرگرت لە سەرهەڵدانی داعش و ڕووبەڕووبونەوەکانی لەگەڵیدا، چونکە داعش بوە هۆی کپبونەوە و خاوبونەوەی ململانێ و ناکۆکیە ناوخۆییەکانی ناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و هەموان لە سەرکردایەتی و ئاڕاستە جیاوازەکان پێکەوە بە ژیری و دووربینی و حەکیمانە سەرجەم ناکۆکیەکانیان وەلاناو خۆیان تەرخان کرد بۆ ڕووبەڕووبونەوەی داعش و دوورخستنەوەی مەترسی و هەڕەشەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان هەر لە خانەقینەوە تا جەلەولاو خورماتوو کەرکوك و دبس و مەخمور و هەولێر و گوێر وخازەر و شەنگال.و بەمەش یەکێتی نیشتیمانی مەترسی دووکەرت بون و لێکجیابونەوەیەکی تری لێدوورکەوتەوە و بەمەش داعش بوە ڕزگارکەری یەك و یەکگرتوویی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.
- پارتی دیموکراتی کوردستان، هەرلەسەرەتاوە بە هۆی هەمئاهەنگی و هاوکاری و بونی پەیوەندی توندوتۆڵی لەگەڵ بزوتنەوە و ڕەوت و کۆمەڵە سونە مەزهەبە عەرەبەکانی عێراق و هاوپەیمانی تورکیا و لەڕێگەشیەوە سعودیە و قەتەر و ئیمارات و ..هتد. چوە بەرەی داعش و سوودی لە داگیرکردنی موصڵ و ئەو ناوچانە وەرگرت کە وەك ئاشکرا بوە داعش نەوتی ئەو ناوچانەی لەڕێگەی هاوکاری بازرگانانی ناوچەکەوە کە لەژێر دەسەڵاتی پارتیدا بوە وەرگرتوە و نەوت بۆتە سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتی داعش و درێژەدان بە دەسەڵات و هێز و مانەوەی.پارتیش هەم سوودو قازانجێکی زۆری کردوە لەو مامەڵەیەدا و هەروەهاش بەوەرگرتنی هاوکاری و یارمەتی مادی و مەعنەوی لە تورکیا و سعودیە و قەتەر سوودمەند بوە و بۆتە هۆکاری زیاتر چەسپاندن و بەهێزبونی پارتیش لە سەر ئاستی حکومەتی هەرێم لەناوخۆ و عێراق و ناوچەکە و دونیاشداو پارتی خۆی کردە تاکە دەمڕاستی هەموو میلەتی کورد.
- گۆڕان وەك بزوتنەوەیەکی سیاسی، قازانجی لە بوونی داعش بەوە کردوە کە دەسەڵاتی هەرێمی خستۆتە بەر مەترسیەوە و هەر ئەو هەڕەشەیەش بوو کە پارتی حکومەتێکی بنکە فراوانی پێکەوە ناو گۆڕان و هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی جارانی بەشدار پێکرد و کردینیە شەریکێکی ڕەزا قورس و تەنها جێگر لە حکومەتەکەیداو ئەمانیش لەبەرامبەردا بەشداربوون لە تامکردن و چێژ وەرگرتن لە کێك و شیرینی دەسەڵاتدا.

- هەرسێ حیزبە ئیسلامیەکانیش سوودیان لە بون و سەرهەڵدانی داعش وەرگرت، بەوەی کە داعش ڕووی ڕەش و توندوتیژی ئیسلامی پیشان هەمواندا و هەموانی گەیاندە ئەو باوەڕەی کە ئەم حیزبە ئیسلامیانە لە داعش باشترن و ڕای گشتی بەرەو لای ئەوان وەرگەڕاندەوە و تەنها ژمارەیەکی توندڕەوی ناو ڕیزەکانیانی ئاشکراکردو چوونە ناو داعشەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هەرسێ حیزبەکە بەشێوەیەك لە شێوەکان خۆشحاڵبوون بەسەرکەوتنەکانی داعش وەك بنەماو باوەڕێکی ئاینی.
- بازرگانانی شەڕ لەکوردستاندا بەهەمان شێوە سوودوقازانجیان لە بون و بەردەوامی داعش وەرگرتوە و کەوتونەتە مامەڵە و بازرگانی نەوت و ئۆتۆمبێل و ..هتد. و بەوهۆیەوە بە ملیۆنان دۆلاریان قازانج کردوە و پێشیان خۆشە ئەم دۆخە هەر بەردەوام بێت.
- دەسەلاّتدارانی عێراقیش، بەهۆی شەڕی داعشەوە هێندەی تر گەندەڵی و دزی و ڕاوڕووتەکانیان شاراوە بووە، و بونە دەوڵەمەند و خاوەن سەروەت و سامانی زۆر،بەتایبەتیش شیعە مەزهەبەکانیان چونکە شەڕەکان لەناوچە سونیەکاندایە و ماڵوێرانی و کاولکاریەکان تەنها بۆ سونەکانە و بەوهۆیەشەوە شیعەکان تونیوانە بچنە ناوچە سونەکانەوە و سونەی عەرەب لێکهەڵبوەشێنن و هێز و توانایان نەهێڵن.
- حکومەتی تورکیا، سوودمەندی پلە یەکە لەناوچەکەدا لەبوونی داعش و بەردەوامبونی، چونکە لەلایەك شەڕی کوردی ڕۆژئاوا و باشووری پێدەکات و لەلایەکی تریشەوە دەوڵەتی عێراقی شیعە مەزهەبی پێ لاواز کردوە و لەولاشەوە دەوڵەتی بەعسی سوریاشی خستۆتە بەر مەترسی هەڵوەشان و ڕووخاندنەوە و مەترسیەکی داهاتوشە بۆ سەر ئێران و میسر، کە هەموو ئەم کارانە و پشتیوانیەی بۆ داعش بە هاوکاری مادی سعودیە و قەتەریەکانن کە دوژمنی سەرسەختی مەزهەبی شیعەن لە سوریا و عێراق و ئێران.
- زلهێزەکانی دونیاش بەتایبەتیش ڕۆژئاواییەکان و ئەمریکا، قازانجێکی باشیان لەبونی داعش کردوە،بەوەی داعش بۆتە هۆکای لێکهەڵوەشانی یەکڕیزی عەرەبەکان و دوورخستنەوەی شەڕ دژی ئیسڕائیل و کپکردنەوەی مەسەلەی فەلەستینیەکان و ڕێگە خۆشکردن بۆ هێنانی هێزی سەربازی و مانەوەیان لەناوچەکەدا و دەستگرتن بەسەر سەرچاوەکانی وزە لەنەوت و غازی سروشتی زۆر و زەوەندی ناوچەکەدا و دابەزینی نرخەکانیان لە بازاڕەکانی دونیادا و کارئاسانیکردنیش بۆ سەرخستنی پلانی

دامەزراندنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ بەهەڵوەشاندنەوەی وڵاتە گەورەکانی ناوچەکە و دابەشبونیان بۆ وڵاتانی بچوکی بێهێز و پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان بۆ دەیان ساڵی تر.

- بەم شێوەیە بون و درێژەدان بەمانەوەی داعش هەر هەڕەشە و مەترسی نەبوە بەڵکو لەیەك کاتدا هەموان هەریەکە بەپێی بەرژەوەندی خۆی قازانجی لە بون و سەرهەڵدان و شەڕی دژی داعش وەرگرتوە ، تەنها ئەوەی زیانی گەورەی پێگەیشتوە لە کوردستان و عێراق و سوریادا بەتایبەتی و بەگشتیش لەناوچەکە ودونیاشدا تەنها هاولاّتی مەدەنی و بێتاوانە کە هەمیشە بونەتە قوربانی و سووتەمەنی و بەهەزاران ڕۆڵەی کورد و عێراقی و سوری بەهەموو نەتەوە و ڕەگەزەکانەوە شەهید و لەناوچوون و وڵاتیان وێران و کاولبوە و بونەتە کۆچبەر و پەناهەندەی وڵاتان و ڕێگای مەرگیان هەڵبژاردوە و لە ئاشتی و ئارامی بێبەش بونە.بەتایبەتیش کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین بۆتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ململانێکانی زلهێز و ناوچەییەکان و هەموان هەموو هێز و توانا و تەکنەلۆژیا سەربازیەکانیان بەسەر خاك و گەلانی ناوچەکەدا تاقیدەکەنەوە و لەولاشەوە خێر و بێری وڵاتەکانیان بەئاشکرا و بەنهێنی بەتاڵان دەبەن و گەلانی ئەم ناوچەیەش هەمیشە بەدواکەوتویی و هەژاری و نەخۆشی بەجێدێڵن.
- لە کۆتاییدا،داعش بۆخۆی ئافەت و نەخۆشی و ماڵوێرانکەرێکی گەورەبوو بۆ هەموان گەر سەرکەوتنی بەدەستبهێنایە و بیتوانیایە هێز و بازووی خۆی بسەپێنێتە سەر گەلانی ناوچەکە ئەوا بەدڵنیایی هەموانی دەگێڕایەوە بۆ سەدە تاریکەکانی ناوەڕاست، بەلاّم خۆشبەختانە داعش تەنها بەهێز و بوێری و ئازایەتی پێشمەرگە و شەڕڤانان و گەریلاکانی کورد شکستیان هێنا و سەرەتای شکستیشیان لە کوبانێوە سەریگرت و تا ئێستاش بەردەوامە .
- بەم شێوەیە چەندە داعش زیانی گەورەی گەیاندە کوردو کوردستان، بەلاّم لەولاشەوە بوە هۆی زیاتر ناساندنی کورد و مەسەلەی کورد لەسەر ئاستی ناوچەکە و دونیاش و بوە هۆی دروستبونی پشتیوانی گەورە و بەهێزی دونیا بە چەك و تەقەمەنی و یارمەتی و کۆمەکی مرۆیی و سیاسی و سەربازی بۆ کورد، کە هیچ کات کورد بەهێندەی ئەم قۆناغەی خەبات دۆست و پشتیوانی نەبوە، هەروەکو چۆن کارەساتی کیمیاویبارانی هەڵەبجە چەندە بەسوێ و پڕ ئازار بوو بۆ کورد بەلاّم ئەنجامەکەی ناساندن و گەیاندنی مەزڵومیەتی کوردیش بوو بەهەموو دونیا و کورد و مەسەلەکەی سوودی گەورەیان

لێکرد.کە ئومێدەکانی بە ئایندە و هەنگاونان بەرەو بنیاتنان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بەهێزکردوە و لە ئێستادا دۆست و دوژمنان پێیان وایە کە دەبێت نەتەوەی کوردیش لەم ناوچەیەدا ببێتە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەی و سەربەخۆی خۆی و ئەو غەدرە مێژوویەی کە پێش ١٠٠ ساڵ لەکورد کرا بەداگیر و دابەشکردنی لەسەری هەڵبگیرێت و نەخشەی سیاسی و ئابوری و سەربازی و سنورەکان گۆڕانکاریان بەسەردا بهێنرێت بەقازانجی کورد.

بۆیە داعش زیابەخشێکی بە سوود بوە و هەموان سوودیان لێبینوە وەك وتراوە(( رُبَّ ضارة نافعة)).

---

*ئەم بابەتە لە سایتی سپی میدیا وئەنجومەنی سەرکردایەتی و وتاری کورد و مەکتەب ڕێکخستن و پێنوسەکان و ڕادیۆ ناوخۆلە ١٦ و ٢٠١٥/١٢/١٧دا بلاوکراوەتەوە.

# کورد لە نێوان ململانێ مەزهەبیەکانی سعودیە و ئێراندا... *

- ئاشکرایە ململانێکانی نێوان شانشینی سعودیە و کۆماری ئیسلامی ئێران هێندەی ململانێیەکی مەزهەبیە نیوهێندە ململانێیەکی سیاسی و ئابوری و سەربازی نیە، بەڵام دووریش نیە لەهەموو ئەو ململانێیانەی تر و هەریەکەیان گەرەکێتی کە هەژموون و دەسەڵات و نفوزی خۆی لەناوچەکەدا فراوان بکات و بسەپێنێت.

ئاشکرایە ئەم ململانێ مەزهەبیە ڕەگ و ڕیشەیەکی مێژووی دێرینی هەیە و بۆ زیاتر لە ١٠٠٠ ساڵ دەگەڕێتەوە ، لە زۆرێك لە قۆناغەکاندا توندوتیژی و خوێناوی بوە و لە ئێستاشدا پەردەیەکی ئەو شانۆگەریە خوێناویە دووبارە دەبێتەوە،ئەوەتا ئێران پشتیوانی لە شیعەی دەسەڵاتداری عێراق و دەسەڵاتی عەلەوی ئەسەد لە سوریا و حیزبوڵای لوبنان و حوسیەکانی یەمەن و کەمینە شیعەکانی بەحرەین و کوێت و داگیرکردنی ٣ دورگەی ئیمارات لە ساڵی ١٩٧١وەو ...هتد دەکات.سعودیەش ئەم کار و هەنگاوانەی ئێران بە گەمارۆ بۆ سەر خۆی دادەنێت و لەبەرامبەریشدا سعودیە هەڵپەی پێکەوەنانی هاوپەیمانیە لەگەڵ زۆرترین وڵاتە ئیسلامیەکان و بەتایبەتیش تورکیاو وڵاتانی کەنداو و ...هتد. و گەرەکیشێتی کوردیش بەناوی سونە مەزهەبەوە تێکەڵ بەم گەمە قێزەونە بکات وسعودیەش بە لە سێدارەدانی ٤٧ کەسی شیعە و لەناویشیاندا ئایەتوڵا (( نەمر باقر ئەلنەمر)) هێندەی تر ململانێکانی گەیاندە ئاستی تەقینەوە و پچڕاندنی پەیوەندیە دیپلۆماسیەکان و سووتاندنی بارەگای سەفارەت و ناڕەزایی دەربڕین لەلایەن ئێران و شیعەکانەوە و بەمەش دەسەڵاتدارانی هەردوولا ناوچەکەیان ڕووبەڕووی ململانێیەکی خوێناوی و توندتیژتر کردەوە.

سعودیە و ئێران لە ئێستادا هەریەکەیان بەو پێیەی کە لە ڕووی پانتایی زەوی و زۆری ژمارەی دانیشتوان و دەوڵەمەندیان بەهەردوو سەرچاوەی وزە لە نەوت و غازی سروشتی

کە مایەی سەرجەم ململانێ ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکانن و بونەتە هۆی چاوتێبڕینی زلهێزەکان بۆ ئەم ناوچەیە و هەریەکەشیان خۆیان بە دەم ڕاست و ڕابەری مەزهەبی سونە و شیعە دەزانن لە دونیای ئیسلامدا،هەریەکەشیان سەر بە بلۆکێکی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتن و گەرەکیانە بە زەبری هێز و توانای سەربازی ململانێکەیان یەکلا بکەنەوە.

- سعودیە کە بەدرێژایی مێژوو وەك سەرچاوەی ئیسلام سەیرکراوە بەهۆی سەرهەڵدانی ئیسلام تیایدا و بونی جێگە پیرۆزەکان لەناویدا و دواتریش بەهۆی سەپاندنی ڕێبازی وەهابیەتی سەلەفی لەو وڵاتەدا لەلایەن بنەماڵەی ئال سعودەوە، سعودیە بۆتە پاڵپشت و هاوکاری سەرجەم بزوتنەوە توندڕەوە ئیسلامیە سەلەفیەکان لە دونیادا و هەر لەسەر دەستی سعودیەدا ڕێکخراوی موجاهیدە ئەفغانیەکان و قاعیدەی ئوسامە بن لادن و جوندلئیسلام و ئەنسارولئیسلام و تازەترینیشان داعش لەسەردەستی سعودیە و قەتەر و ئیمارات و تورکیای سونە مەزهەبدا دروستکراون. و کوردیش یەکێکە لەو گەلانەی کە بەبەڵای ئەم توندەڕەوە سونە مەزهەبانەوە سووتاوە و خاك و گەلەکەی زیانی گەورەیان پێگەیشتوە هەرچەندە کە خۆشی سونە مەزهەبە.

- هەرچی ئێرانی شیعە مەزهەبیشە ، بەهەمان شێوە لەسەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لەساڵی ١٩٧٩وە سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕشی پیادە کردوە بۆ دەرەوەی ئێران و لەماوەی ٢٥ ساڵی ڕابووردوودا توانیویەتی تاڕادەیەکی باش نفوزو هەژمونی خۆی بسەپێنێتە سەر گەلێك لە وڵاتان و دەسەڵاتدارانی عەرەبی لە عێراق و سوریا و لوبنان و سەڵتەنەتی عومان و یەمەن و .... هتد. کە سعودیە ئەم هەوڵانەی ئێران ڕاستەوخۆ بەهەڕەشە بۆ سەر ئەمن و ئاسایشی خۆی دادەنێت و کەوتۆتە بەرگریکاری و هێرش و پەلاماردانی ئێران و هاوپەیمانەکانی.و هەر ئەم ململانێ مەزهەبیە بۆتە هۆی ئەوەی کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین ببێتە چەقی ململانێکان و گۆڕەپانی سەرەکی جەنگەکان و هاتنە ناوەوەی زلهێزەکان و تێکدانی ئاسایش و ئارامی سیاسی و ئابوری و سەربازی و کۆمەڵایەتی

ناوچەکە و ئەم ناوچەیە هەمیشە بۆتە کوانوی ململانێکان و گەشانەوەی پشکۆی ململانێ مەزهەبی و ئاینیەکان و کۆمەڵگا و خاکی وڵاتەکانیش بونەتە سووتەمەنیەکەی.

- **لێرەدا پرسیار ئەوەیە ، کە کورد چ ڕۆڵ و کاریگەری و پێگەیەکی هەیە لە نێوەندی ئەو ململانێیانەدا؟ ئایا کورد دەتوانێت بێلایەن و گۆشەگیری هەڵبژێرێت؟ ئایا کورد چی دەستدەکەوێت لەلایەنگیری لایەکدا و کامیشیان هەڵببژێرێت ؟ ئایا کورد چ هەڵبژاردەیەکی بە قازانجی خۆی لەبەردەمدایە؟**

کوردی باشوور((هەرێم)) لەبەرئەوەی تا ئێستا خاوەنی دەوڵەت و سەروەری و سنوری نێودەوڵەتی خۆی نیە، و دانپیادانراو نیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا و هێشتاکە هەرێمێکە لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی فیدڕاڵدا، هیچ کات پێگە و قورساییەکی ئەوتۆی نیە لەسەر یەکلاکردنەوەی ئەو ململانێیانەدا ،چونکە لەڕووی پانتایی جوگرافی و ژمارەی دانیشتوانەوە هێزێکی سەربازی بچوك و لاوازە و تەنها لەڕووی ئابوریەوە گرنگیەکی گەر هەبێت دەتوانێت سوودی لێوەربگرێت ، بەڵام بەداخەوە تائێستاش ئەو سوودەی وەرنەگرتوە لەبەر سیاسەتی هەڵە و ناشەفافیەت لەکەرتی نەوت و غازی سروشتیدا،بەداخەوە هێندەی کوردستان وەك هەرێم زیانی پێگەیشتوە لەم ململانێیەدا هیچ کام لە سعودیە و قەتەر و تورکیا بەناو دۆست و هاوپەیمانی سونە مەزهەبیەوە پێیان نەگەیشتوە چونکە کوردستان بۆتە گۆڕەپانی سەرەکی ئەم جەنگە لە ڕۆژئاواو باشوور و شەڕی داعش تەنها بەکورد جێبەجێ دەکەن و لەگەڵ ئەوەشدا سعودیە و تورکیا و هاوپەیمانەکانی هێندەی دۆستی داعشن هیچ کات دۆستی کورد و مەسەلەکەی نەبوون نە لەڕابووردوو نەلە ئێستاشدا، بەدرێژایی دەسەڵاتی سعودیەکان و ئەتاتورکەکان هیچکات پشتگیری ئیسلامی و مرۆڤایەتی مەسەلەی کوردیان نەکردوە نەلەسەر ئاستی دەسەڵات و دەوڵەت و نەلەسەر ئاستی پیاوانی ئاینی ، ئەوەتا لەسەردەمی کیمیابباران وئەنفال و جینۆسایدی کورددا بچوکترین هەڵوێستیان نەبوە و تەنانەت لە تازەترین کارەساتدا کە

بەسەر شەنگالیەکاندا هات پیاوانی ئاینی سعودیە فتوای حەلاڵکردنی کڕین و فرۆشتن و بە سەبایاکردنی ژنانی ئێدزیان دەرکرد و دەستخۆشی و پیرۆزباییان لە داعش دەکرد.

بەم شێوەیە پێگەی جیۆسیاسی کوردستان واهەڵکەوتوە کە ناتوانێت بێلایەنی بپارێزێت و خۆی لە ئاگری ئەم ململانێ ناڕەوایانە بەدووربگرێت چونکە کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆ نیە و لە ئەوروپاشدا هەڵنەکەوتوە کە بتوانێت وەك سویسرا بێلایەنی هەڵببژێرێت و دەرودراوسێکانیشی ڕێز لەو بێلایەنیەی بگرن، دوژمنان و داگیرکارانی کوردستان لە تورکیا و ئێران و هاوپەیمانە سونە و شیعە مەزهەبەکانیشیان هیچ کات نیەتێکی ڕاستگۆیانەیان نەبوە و نیشە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی، بەڵکو تەنها کورد و مەسەلەکەیان وەك کارتی فشار و بۆ بەرژەوەندی خۆیان و کات کوشتن بەکارهێناوە و بەداخیشەوە کورد و سەرکردەکانیشی بە بەڵێنە شیرین و هەنگوینیەکانی ئەوان هەڵخەڵەتاون و قۆناغ و هەڵکەوتە سیاسیەکانیان لەدەستداوە.

هەربۆیە کورد ناتوانێت بێلایەن بێت و لایەنگیری تەواویش بێت، چونکە کورد و مەسەلەکەی دابەشبۆتە سەر ٤ وڵاتی عەرەبی و ئێران و تورکیا و بەوپێیەش دەبێت هەم پەیوەندی دۆستانە و هەمیش دژایەتی هەموانیان بکات، پێویستە کورد و سەرکردایەتیەکەی بەدوای بەرژەوەندیەکانی نەتەوە و نیشتیمانی خۆیەوە بێت و بتوانێت توانا و نفوز و هێزی سیاسی و ئابوری خۆی وەك کارتێکی فشار و بەلێزانانە لەناو گەمە سیاسی و ئابوریە ئاڵۆزەکانی ناوچەکەدا بەکاربهێنێت و بەهیچ شێوەیەکیش خۆی ساغ نەکاتەوە لەسەر هیچ لایەکیان، چونکە هەردوولایان بۆ کورد وەکو یەك وان، بەڵام نابێت هەندێ چاکە و ڕاستی مێژوویمان لە بیر بچێت لەهەندێ قۆناغی خەباتی کوردایەتیدا کە ئێران هەرچەندە وڵاتێکی داگیرکاری بەشێکی کوردستانە(( ڕۆژهەلات)) بەڵام بەدرێژایی شۆڕشەکانی کورد لە ئەیلول و شۆڕشی نوێ و بە ئێستاشەوە هەمیشە هاوهەڵوێست و

پشتیوانی مادی و مەعنەوی کورد بوە و لەکارەسات و ناوخۆشیەکاندا هاوکارمان بوە بە پێچەوانەی تورك و عەرەبی سونە مەزهەبەکانەوە.

بۆیە کورد لەم سەردەمی جەنگی جیهانی چوارهەمەدا(( جەنگ دژی تیرۆر)) دەبێت هەمیشە لە بەرەی دژە تیرۆردا بێت و بەرگری لە بەها ئەخلاقی و مرۆڤایەتیەکان بکاتەوە و هەربەمەش دەتوانێت پشتیوانیەکی نێودەوڵەتی فراوانتر بۆ کورد و مەسەلەکەی بەدەستبهێنێت، نەك خۆی بکاتە هاوپەیمانی لایەنێك دژی لایەنێکی تری ناوچەکە کە بەداخەوە هەموانیان بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ شەریکە کاری تیرۆر و تیرۆریستانن بە ئاشکرا و بەنهێنی، بۆیە لایەنگیری کورد بۆ هەرلایەکیان وەکو ئەوە وایە لایەنگری تیرۆر وتیرۆریستان بێت کە لە ئێستادا ڕای گشتی شەقامی ناوچەکە و دونیاش و لەسەر ئاستی ڕەسمی دەسەلآت و حکومەتەکانیش بەپێچەوانەی تیرۆر وتیرۆیستانەوەیە ،هەربۆیە کورد ئەوەندەی قازانجی کردوە لەجەنگی دژ بە تیرۆریستاندا هیچ کات هێندەی ئەم قۆناغە دەسکەوت و قازانجی وەرنەگرتوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا.و هیچ کاتیش بەهێندەی ئێستا قازانجی لە دۆستایەتی و هاوپەیمانی ولآتان و دەسەلآتدارانی ناوچەکە بە سونە و شیعەیانەوە نەکردوە.

---

*ئەم بابەتە لە سایتەکانی وتاری کورد و مەکتەب ڕێکخستن و پێنوسەکان و ئاڕاستە و ڕادیۆ ناوخۆ و سنور میدیا لە ٧ و٩ و٢٠١٦/١/١١ و هەواڵ ژمارە ٦٤٩ لە ٢٠١٦/١/١٦دا بڵاوکراوەتەوە.

# ئەم قەیرانە داراییە
# چ پەندێکی فێری هەموان کرد؟*

- ئاشکرایە هەموو گۆڕانە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان سوڕی ژیان و دەورانی سروشتی خۆیان هەیە(( کورت خایەن ٥-١٠ساڵ ، مام ناوەند٢٥-٣٠ ساڵ، درێژ خایەن٦٠-٧٠ ساڵ)) کە وەستاونەتە سەر هۆکاری سەرهەڵدانیان و هەر دەیە ساڵێك یان زیاتر سوڕی ئاسایی گەشە و گۆڕانکاریەکانیان تەواو دەکەن و دەستپێدەکەنەوە، جا لەم سوڕی ژیان و گۆڕانکاریانەدا بەرزی و نشێوی تێدەکەوێت و قەیران و خۆشگوزەرانی و بوژاندنەوەی تیادا ڕوودەدات ، بۆیە ئەم قەیرانە سیاسی و دارایی و کۆمەڵایەتیانەی هەرێمەکەشمان وەکو دیاردەیەکی ئاسایی دەوران و سوڕی تەواوکاری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکەمان و ناوچەکە و تەنانەت هەموو دونیاش دووبارە بونەوەی مێژوو و ڕابووردوە وەکو ئەو قەیرانە ئابورییە قوڵەی ساڵی ١٩٢٩ کە ئەوروپا و ئەمریکای گرتەوە و بۆ چەندین ساڵ درێژەی هەبوو هەروەها قەیرانی دارایی جیهانی ساڵی ٢٠٠٧-٢٠٠٨ ،بەدڵنیاییش هەرێمی کوردستان و ناوچەکە و دونیاش ئەم دەورانە تێدەپەڕێنن و بەتەواوبوونی قۆناغ و کات و ماوەکەی و سەرلەنوێ دووبارە گەشە و بوژاندنەوە و خۆشگوزەرانی سەرهەڵدەدەنەوە و دەستپێدەکەنەوە و هەموانیشمان هەموو کێشە و ململانێ و قەیران و تەنانەت کارەساتە دڵتەزێنەکانیش لەیاد دەکەین، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە چەند پەند و وانە فێربوبین بۆ ئەوەی لە سوڕ و جەڕایەنێکی نوێی مێژوویی تردا هەمان کێشە وکارەسات و قەیران بەتوندی نەمانگوشن و نەمانگێڕنەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم و خاڵی دەستپێك وەك لە ئێستادا بەسەرماندا هاتوە.
- ئاشکرایە ئەم قەیرانە داراییە بەتەنها بەسەر کوردستاندا گوزەر ناکات بەڵکو تەواوی ناوچەکە و دونیاشی گرتۆتەوە بە وڵاتە زلهێزە پیشەسازیەکانیشەوە، بەڵام ئەوان لەلایەك بەپلانی زانستی و ئابوری و واقعی ڕووبەڕووی بونەتەوە و لەلایەکی تریشەوە ئامادەسازی و

پەندو وانەیان لە مێژووی ڕابووردوویان وەرگرتوە ،هەربۆیە کاریگەریەکانی ئەم قەیرانە لەسەر ئەوان هێندە توند و جەرگ بڕ نیە وەك لای خۆمان.

- **لەئێستادا گرنگ ئەوەیە کە ئێمەش وەکو خەڵکانی تر چۆن بۆ داهاتوومان ئامادەسازی بکەین و ئەم قەیرانە کە ماوەی زیاد لە ٢ ساڵە بەرۆکی گرتوین و تائێستاش ئاسۆ ڕونەکانی دەرنەکەوتون و بەتاریکی و لێڵی ماونەتەوە، چۆن ڕووبەڕووی ببینەوە و چ وانە و پەندێکیشی فێری هەموا نمان کردوە؟**

ئاشکرایە هەرێمی کوردستان لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١وە و لەسەردەمی گەمارۆ ئابوریە چەند قۆڵیەکانی سەر عێراق و کوردستان قەیرانی هاوشێوەی ئەم قەیرانەی بەسەردا هاتوە بەڵام بەهێندەی ئەم قۆناغە و ئەم قەیرانە توند و سەخت و کاریگەر نەبوە،بۆیە هەق وایە ئەم قەیرانە ببێتە مایەی بیرکردنەوە و تێڕامان و خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ هەموو بوارەکانی سیاسەت و ئابوری و کۆمەڵایەتی نەك تەنها بۆ خۆمان بەڵکو بۆ ناوچەکە و دونیاش،پێویست دەکات کە کورد چیدی بە سۆز و بێباکی و پشت کردنە پلان و زانست و پسپۆڕەکان هەنگاو نەنێت و لەسەر هەڵە خوێندنەوە و حساب بۆنەکردنەکانی بەردەوام نەبێت، وانەزانێت کە لەم هەرێمە نیمچە سەربەخۆیەدا بۆتە خاوەنی بڕیاری سیاسی و ئابوری خۆی و ئیدی هیچ کەس و لایەن و وڵات و بڕیار و گۆڕانکاریە ناوچەیی و جیهانیەکان بەباش یان خراپ کاریگەری تێناکەن، وانەزانێت کە گەر بەشێوەیەك گەشە و خۆشگوزەرانی و ئارامی سیاسی و ئابوری هەبوو ئیدی هیچ کەس و لایەنێك ناتوانێت لێی تێك بدات،کوردستان دورگەیەکی دابڕوا نیە لەناوچەکە و دونیا و گۆڕانکاریەکانیان، بەڵکو ئەم سەردەمی بەجیهانبونە هەموانی بەیەکەوە بەستۆتەوە و هەموان کاریگەری و کارلێك دەکەنە سەر یەکتری و جاران و سەردەمە دابڕاوەکانی ڕابووردوو نیە کە گەر قەیرانێکی ئابوری و دارایی لەناوچەیەکی جیهاندا ڕوویبدایە ئەوانی تر سەلامەت دەبوون، چونکە دونیای ئێستا بۆتە گوندێکی هاوچەرخی بچوکی پێکەوە گرێدراو، کەواتە پێویستە چ پەندێك فێربوبین لەم قەیرانەوە:

١.لەڕووی سیاسیەوە دەرکەوت کە هیچ حیزب و سەرکردەیەك چەندە بەهێز و بەتوانا و دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتوش بێت ناتوانێت بەتەنها سەرکردایەتی و ڕابەرایەتی دۆخەکە بکات و بەتەنها ڕووبەڕووی ئەم جۆرە قەیرانە ببێتەوە و خۆشی و میلەتەکەشمان ڕزگار بکات، بۆیە پێویستە هەموان ئەم پەندە فێر بوبین کە هەموانمان پێکەوە بەهێزین و پێکەوە دەتوانین ڕووبەڕووی قەیرانە سیاسی و دارایی و سەربازیەکان ببینەوە و پێویستە ناومالّ و ڕیزەکانی خۆمان لە کردار و گوتاردا یەك و یەکگرتووبین و پەنا نەبەینە بەر پاوانخوازی وقۆرخکاری دەسەلاّت و دەرپەڕاندن و دوورخستنەوە و کەنارخستنی هیچ سەرکردە و لایەنێکی سیاسی چەندە بچوکیش بێت، تەنها بە کۆدەنگی و پێکەوە کارکردن و ئیجماعی سیاسی و جەماوەری دەتوانین سەرکەوتن بەدەست بێنین و هەموان خۆمان بەخاوەن و خەمخۆری گەل و نیشتمانەکەمان بزانین ، و بە سیاسەتی هەڵە و بەلایەنگیری ناوچەیی لەسەر بنەمای ئاین و مەزهەب حکومەتەکەمان تەریك و بیٚ کەس و بیٚ پشتیوانی ناوخۆیی و ناوچەیی و دونیایی نەکەینەوە ، بەڵکو پەیوەندی دۆستایەتیمان لەگەلّ هەمواندا پەرە و گەشە پێبدەین ،چونکە مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی سیاسی و نەتەوەییە پێش هەموو بابەتێکی تر،بەپێچەوانەوە ئەوە ڕوودەدات کە ئێستا بەسەرماندا هاتوە.

٢. لە ڕووی داراییەوە ، پێویستە هەمیشە سیاسەتێکی دەسکراوە و بەربلاّوی و بەهەدەردان پیادە نەکەین بەڵکو بیرێکی دواڕۆژ و ڕۆژگارە تەنگانەکانیشمان هەبێت و هەمیشە یەدەگ و پاشکەوتی نەختینە و دراوی قورس و کالاّی گران بەهامان هەبێت لە بانکەکانماندا، سیاسەتێکی ئابوری تەندروست و ساغڵەم پیادە بکەین و هەمیشە لەهەوڵی زیادکردن و هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهاتدا بین و خۆمان نەبەستینەوە بەتاکە سەرچاوەی داهاتەوە کە نەوت و غازی سروشتیە و بەڵکو بگەڕێین بەدوای سەرچاوەی تردا کە هەرێمەکەمان پێی دەوڵەمەندە لە کشتوکالّ و پیشەسازی و گەشتوگوزار و سەرچاوەی مرۆیی و ...هتد و سیاسەتێکی شەفاف و ڕوون و ئاشکراش پیادە بکەین. و نەکەوینە هەڵەی وەرگرتنی قەرزی دەرەکی کە خۆمان لە ئێستادا زیاد لە ٢٠ ملیار دۆلار قەرزارین.

لەبەرامبەریشدا خەرجیە ناپێویست و زیادە ڕەویەکان کەم بکەینەوە، گەشە و بوژاندنەوەی ئابوریمان بەهەنگاوی زانستیانە و لەسەر خۆ بێت نەك هەڵپەکردن و پەلەکردن و زوو دەوڵەمەندبوونی پێوە دیار بێت.

٣. لە ڕووی ئیدارییەوە، پێویست دەکات لەم هەرێمە بچوك و ٥ ملیۆن کەسی و ٤ پارێزگایەدا، ئیدارەیەکی تۆکمە و پتەو و جێگیر و بەدامودەزگایی پیادە بکەین و دوور بکەوینەوە لەخۆ فروانکردن و دروستکردنی دامودەزگا و وەزارەتی ناپێویست کە ببێتە مایەی قەڵەوبونی لەش و لاری حکومەت و بەمەش تەمەڵ و لەش داهێزراو و بێجوڵە دروستبکەین، بەڵکو هەمیشە دەبێت ئیدارەیەکی چوست و چالاك و ڕەشیقمان هەبێت کە بتوانێت ڕێبەرایەتی و ئیدارەی هەموو دۆخە ئاساییی و قەیراناویەکان بکات، هەمیشە ئیدارەیەکی بچوکی تۆکمە و ڕێکخراو زۆر سەرکەوتووتر بوە لە ئیدارە و دامودەزگایەکی فراوان و پەرشوبڵاو. ڕزگاربونیش لەم قەیرانە پێویستی بە حکومەتێکی ڕەشید و عاقڵمەندانە و پشوو درێژ هەیە کە دوور بێت لە خۆبەزلزانین و غروری سیاسی.

٤. لەڕووی یاساییەوە، پێویست دەکات ئەم قەیرانە فێرمان بکات کە دەبێت یاسا سەروەر بکەین و هەموو دامودەزگا شەرعی و هەڵبژێردراوەکانی ئەم دەسەڵاتەمان متمانەی تەواوی هەبێت لەلایەك لەنێوان خۆیاندا و لەلایەکیش لەنێوان حکومەت و جەماوەرداو یاسا سەروەری هەموان بێت و بەشێوەیەکی عادیلانە پیادە بکرێت و ڕێگر بێت لە کەمتەرخەمی و کەموکوڕی و گەندەڵی و بەهەدەردانی سەروەت و سامان و دزینی ناشەرعی و حەرام لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە و یاسا ببێتە ڕێگر و ڕێکخەری سەرتاپای ژیان و گوزەرانی کۆمەڵگاکەمان.

٥.ئەم قەیرانە پێویستە فێری کردبین ، لەدەسەڵاتدارەوە تا بێدەسەڵات و تاك بەتاکی جەماوەری میلەتەکەمان کە چیدی پێویست بەخۆ دەوڵەمەندکردنی ناشەرعی ناکات و هەموان خۆمان بە بەرپرسیار بزانین لەبەرامبەر ئێستا و ئایندەی خۆشمان و نەوەکانیشماندا و سەروەت و سامانی ئەم میلەتەش بە ئەمانەتەوە لە گەردنماندا بزانین و دەست هەڵگرین لە کاری ناڕەوا و گەندەڵی و دزینی سەروەت و سامان، چونکە بەبێ بنبڕکردن و کەمکردنەوەی

گەندەڵی هیچ پرۆسەیەکی چاکسازی و ڕاستکردنەوە و خۆ دەربازکردن لەم قەیرانە داد نادات و تەنها وەك چارەسەرێکی کاتی و ئازار شکێن دەردەکەون،بۆیە هەق وایە ئەوانەی بەدەسەلآت و خاوەن سەرمایە و تاڕادەیەکیش بەناڕەوا لەماوەی ئەم ٢٤ ساڵەی حوکمڕانیدا خۆیان دەوڵەمەند کردوە، لە ئێستادا غیرەتی کوردایەتی و گیانی بەخشین و قوربانیدانیان لا زیندوو ببێتەوە و ویژاندی خۆیان ئارام بکەنەوە بەوەی کە چی دەتوانن لە سەروەت و سامان بیبەخشنە حکومەت و بتوانن هاوبەش و هاوکاربن لە چارەسەرکردنی ئەم قەیران و تەنگژەیەدا و خەمخۆری و دڵسۆزی خۆیان بنوێن چ وەك حیزبەکان چ وەك دەسەلآتدار و سەرمایەدار و خاوەن کۆمپانیاکان.وپارەی ژێر زەمینەکانیان بهێننە دەرەوە و بیخەنە خزمەت میلەتەکەیانەوە وەك دەڵێن (( پارەی سپی بۆ ڕۆژی ڕەش)).

- بەم شێوەیە دەکرێت بۆ ئێستا و بۆ ئایندەش ئەم پەند وانانە فێری خۆمان و نەوەکانیشمان بکەین و زاڵ بین بەسەر ئەم قەیرانە داراییەدا و هەموان پێکەوە شانی بدەینە بەر و باری لاری حکومەت و دەسەلآتەکەمان ڕاست بکەینەوە بەتایبەتیش لە ئێستادا کە کوردستان و عێراق و ناوچەکە و دونیاش ڕووبەڕووی قەیرانی سیاسی و ئابوری و سەربازی بونەتەوە و هەموان لەهەوڵی پاراستنی خۆیان و بەرژەوەندیەکانیاندان و هیمەت دەکەن تائەوپەڕی خۆیان و میلەتەکەیان لەشەڕی تیرۆر و برسێتی و نەهامەتی کۆمەلآیەتی دوور بخەنەوە، بۆیە کوردیش دەبێت وەك هەموان لەهەوڵی بێووچاندا بێت بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە، بەڵکو ئەم قەیرانە چەندە زیانبەخش و کاریگەری خراپی هەبوە لەسەرمان بەلآم ببێتە مایەی بەخۆداچوونەوە و ڕاچڵەکاندن و ڕاستکردنەوەی هەڵە و پلانەکان و تێڕوانین و بۆچوونە سیاسی و ئابوری و کۆمەلآیەتیەکانمان و بشکێتەوە بە باشە و سوود و قازانج بۆ ئێستا وئایندەشمان.

---

*ئەم بابەتە لە سایتی سپی میدیا و وتاری کورد و مەکتەب ڕێکخستن و پێنوسەکان و ڕادیۆ ناوخۆ وئاڕاستە وسنورمیدیا و ناوەندی دەرەوە و SNN لە ١/٣١ و٢٠١٦/٢/١ و چاودێر ژمارە ٥٤٩ لە ٢٠١٦/٢/١دا بلأوکراوەتەوە.

# ئەو دوو پرسیارەی کە هەموان چاوەڕوانی وەڵامەکانیانین ! *

- لە ٢٣ حوزەیرانی ساڵی پارەوە هەرێمە ئارامەکەمان ڕووبەڕووی شڵەژانێکی سیاسی و ئابوری و سەربازی و کۆمەڵایەتی توند بۆتەوە ، ئەویش بەهۆی ناکۆکی لایەنە سیاسیەکان لە سەر چۆنێتی هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم کە بەڕەسمی وادەکەی لە ١٩/ئابی ٢٠١٥دا تەواو دەبوو، ئەم کێشەیە هێندەی تر قەیرانە داراییەکەی سەر هەرێم و میلەتەکەمانی قوڵتر کردەوە کە لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٤وە بەدەستیەوە دەمانناڵاند و بەغداد بەشە پشکی ١٧٪ هەرێمی لە بودجەی عێراق نەدەنارد و ئەمەش بوە هۆی نەتوانینی هەرێم لە پێدانی مووچەی مانگانەی فەرمانبەران و تا ئێستاش ماوەی ٢ ساڵ زیاترە ئەم قەیرانە داراییە بەرۆکی گرتوین و مانگ بە مانگیش توندتر و سەختر دەبێتەوە. و حکومەتی هەرێمیش تا ئێستا کە نەیتوانیوە ٦ مانگ مووچە بدات دەستەوستان وەستاوە و چاوەڕوانی موعجیزەیەکە کە دەربازی بکات.
- هەموان قەیرانە داراییەکەمان بە زۆر و بەخەفەتەوە قبوڵ بوو چونکە وامان دەزانی حیزبی دەسەڵاتدار و قۆرخکاری جومگە گرنگەکانی هەرێم لە سیاسەت و ئابوری و نەوت و دەزگاکانی هەواڵ و پاراستن بەڕاستی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی ڕادەگەیەنێت و هەموان وتمان با مووچەکانمان بە قوربانی دەوڵەتە سەربەخۆکەمان بێت، بەڵام دەرکەوت ئەویش تەنها بۆ دەسکەوتی حیزبی و موزایەداتی سیاسی بوو. ئیدی لەو ڕۆژەوە مەسەلەی سەرۆکایەتی هەرێم و نوێکردنەوە و ڕەتکردنەوەی میلەت و کۆدەنگی سیاسی و میلی لە هەرێمدا کردە دووبەرەی دژ بەیەك و چەندین تاوان و ناو وناتۆرەی سەیر و نامۆیان بۆ یەکتر دروستکرد و هیچ لایەکیان نەرمیان نەدەنواند و نەیانتوانی زاڵبن بەسەر ویستە کەسی و حیزبیەکانیاندا و نەتوانرا سازانێکی گشتگیری نیشتیمانی سازبدەن و هەموو کێشە و گرفتەکان چارەسەر بکەن، لەکاتێکدا هەرێم و عێراق و ناوچەکەش لەسەر سکەی گۆڕانکاری گەورە و مەترسیدار و چارەنوسسازدان و هەموان خەریکی

خۆڕێکستنەوەی ناوماڵی خۆیان بون تەنها کورد نەبێت کە خەریکی ماڵ وێرانکردن و ململانێی ناڕەوای ناوخۆیی بوون. کار گەیشتە ئەوەی کە پەڕلەمان پەك بخرێت و حکومەت هێندەی تر لاواز ببێت بە ناردنە ماڵەوەی وەزیرەکانی گۆڕان و پەککستنی پەڕلەمانیش.و ئەوەی کە ئاواتی دوژمنان بوو هاتە دی و تا ئێستا ماوەی زیاتر لە ٤ مانگە هەرێمەکەمان هەرێمێکی بێ پەڕلەمان و بێ حکومەت و بێ سەرۆکێکی شەرعیە و ئاسۆی گەیشتن بەچارەسەرەکانیش ڕوون و ئاشکرا نین.

لەماوەی ئەم جەڕەیانەدا لەهەموو کۆڕ و کۆبونەوەیەکی سیاسی و میلی و تاکەکەسی و ناو بازاڕ ....هتدا. هەمیشە دوو پرسیاری زۆر گرنگ دەکرێت و کەسیش ناتوانێت وەڵامێکی ڕاست و دروستی دەسبکەوێت، ئەو دوو پرسیارانەش بریتین لە:

- **پرسیاری یەکەم ، دەربارەی هەڵوێستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە ، کە بۆچی بێدەنگ و هەڵوێستێکی ڕوون و ئاشکرا و یەکلاکەرەوەی نیە و ناتوانێت بە ڕووی هەژموون و دەسەڵاتی پارتیدا بوەستێتەوە؟**
- **پرسیاری دووەمیش ،دەربارەی هەڵوێستی بەڕێز نەوشیروان مستەفایە ڕێکخەری گشتی بزوتنەوەی گۆڕان کە لە ٢٠١٥/٩/١٧وە بەناوی نەخۆشیەوە چۆتە دەرەوەی وڵات و تائێستا نەگەڕاوەتەوە و لەو ماوەی ٥ مانگەشدا بۆچی یەك وتە و گوتار و لێدوان و بەرنامەی ڕانەگەیاندوە بۆ چارەسەرو هێورکردنەوەی دۆخەکەی هەرێم؟**

بەڕای من هەردوو پرسیارەکە لە جێگەی خۆیدایە و مافی هەموانیشە بپرسن، چونکە لەلایەك دۆخەکە وادەخوازێت کە دەستپێشخەری و هەڵوێستێکی خەمخۆرانە و لێبڕوانە و دڵسۆزانەی بۆ بنوێنرێت و لەلایەکی تریشەوە پرسیارەکان و ڕەخنەکانیش بۆ یەکێتی و کاك نەوشیروانیش تەواو لەجێگەی خۆیدان چونکە هەم یەکێتی و هەم کاك نەوشیروانیش دوو هێز و کەسایەتی بەهێز و کاریگەری سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستانن و گەر بیانەوێت بە باش یان خراپ دەتوانن بارودۆخەکان بگۆڕن و هەڵوێستەکانیان جێگەی

بایەخی ناوخۆ و عێراق و ناوچەکە و دونیاشن. بۆیە ناکرێت ئەو دوو هێزە لەم بارودۆخەدا خاوەنی هەڵوێستێکی ڕوون و بوێر نەبن و ئەوبێدەنگیەش نەشکێنن.

- تایبەت بە یەکێتی، هەموان دەزانین کە هێزێکی گەورە و کاریگەرو خاوەن نفوزی سیاسی و ئابوری و سەربازی و جەماوەری گەورەیەو هەر ئەو نفوزەشی وایکردوە کە حساب بۆ یەکێتی بکرێت لەهەموو مەسەلەکاندا ، بەڵام بەداخەوە لەبەر ململانێ ناوخۆییەکانی خۆی ناتوانێت بڕیارێکی کۆنکرێتی بدات و هەموانیش دڵخۆش بکات و ڕزگاریان بکات لە چاوەڕوانی و دوودڵی و ڕاڕایی، یەکێتی هەموو چاوەکان و هەموو چاوەڕوانیەکان و هەموو ڕووناکیەکانی بۆلای خۆی کەمەرکێش کردوە بەڵام بەداخەوە لەئاست ئەو چاوەڕوانیەدا نەبوە، لەگەڵ ئەوەی کە زنجیرەیەك هەوڵی بێوچانیدا لەنێوان هەموو لایەکاندا و گەرەکی بوو بە هەڵوێستێکی بێلایەنانەوە بۆ چارەسەرەکان هەنگاو بنێت و نەبێتە تەرەفێك دژی ئەوی تر ، چونکە دەیزانی کە دۆخەکان زۆر ناسکە و بەرگەی دابڕان و لێکترانێکی تر ناگرێت، بەڵام نە جەماوەری میلەتەکەمان و نە زۆرینەی بنکەی جەماوەری یەکێتیش و نە سەرکردە و حیزبە سیاسیەکانیش ئەم هەڵوێستەی یەکێتیان بەدڵ نەبوە و ناڕازیشن .هەرچەندە سەر زارەکی دەڵێن هەڵوێستی یەکێتی حەکیم و وشیار و خەمخۆرانەیە، بەڵام هەموان گەرەکیانە کە یەکێتی لە جیاتی هەمویان دژی پارتی و سیاسەتەکانی بوەستێتەوە و سنورێك بۆ تاکڕەوی وملهوڕی و حساب بۆنەکردن و پاوانخوازی دەسەڵاتی دابنێت و تەنانەت هەندێك لایەن پێیان باشبوو کە یەکێتی بیگەیەنێتە دوو ئیدارەیی و تەنانەت شەڕی ناوخۆش،چونکە هەموانیان باش ئەو ڕاستییەیان دەزانی کە تەنها یەکێتیە بەو هێزو نفوزەیەوە دەتوانێت پارتی بوەستێنێت و پارتیش تەنها ترسی لە هێزی یەکێتیە و نایەوێت لەگەڵ یەکێتیدا بەتەواوەتی تێکی بدات و خۆی هێندەی تر تەریك و بێپشتیوان بکات. بەڵام یەکێتی نەدوای خواست و ویست و سۆزەکانی ئەوان کەوتوو نە ڕێگەشی دا پارتیش ئەوەی دەیەوێت بۆی بچێتە سەر و بەم شێوەیەش یەکێتی نەبوە پاشکۆی ڕاوبۆچونەکانی دژە پارتیەکان و نەبووشە پاشکۆی

پارتی و دوای بکەوێت ، بەڵام بە ئێستاشەوە هەموان چاوەڕوانی هەڵوێستێکی بوێرانەتر دەکەن لە یەکێتی کە هەر ئەمەش بەقازانجی مەسەلە و چارەسەریەکان و دەسکەوتی حیزبی و جەماوەری یەکێتی و میلەتەکەشمان دەشکێتەوە.

- تایبەت بە هەڵویستی بەڕێز کاك نەوشیروان و بێدەنگیەکەی، بەهەمان شێوە کەوتۆتە بەر ڕەخنە و گلەیی دۆست و دوژمنانیشی و هەموان چاوەڕوانی دەستپێشخەریەکی سەرکردەیەکی مەزن و کاریزما و ڕابووردوو پاکیان لێدەکرد کە لەبەر بەرژەوەندی و لەپێناو میلەت و دۆزینەوەی چارەسەر دەبوو هەڵوێستێکی جدی و مێژوویی بنواندایە و هەموانی لەم چاوەڕوانی و دوودڵیە ڕزگار بکردایە و تەنانەت ماوەی ٥ مانگیش و لەم دۆخە ئاڵۆزەدا وڵاتی بەجێنەهێشتایە و بزوتنەوەی گۆڕانیشی بیٚ سەر نەکردایە و نەیخستایەتە پێگەی یەکێتیەوە کە بەداخەوە بیٚ مام جەلالی پێوە دیاربوو ، دیاریشە لەبەر نەخۆشی و دوورکەوتنەوەی لە گۆڕەپانی سیاسیدا.

بۆیە هەڵویست و کاردانەوەی کاك نەوشیروان زۆر گرنگ و هەستیارە و بە ئێستاشەوە بێت دەبێت چارەسەرەکان هەر لەلای ئەو جوامێرەوە بێت، چونکە دەرکەوت نە کاك مەسعود و نە پارتی وەکو سەرکردەی حیزبێکی گەورە نەیانتوانی کێشە و گرفتەکان چارەسەر بکەن.

- لەئێستاشدا و دوای توندبونەوەی هەڵوێستەکان و قوڵبونەوەی قەیرانە داراییەکان و برسیکردنی بە بەرنامەی جەماوەر و زیادبونی توڕەیی و بێزاری هاوڵاتیانیش لەم دەسەڵات و حکومەتە، هێندەی تر هەموان چاوەڕوانی وەڵامی ئەو دووپرسیارەن لە یەکێتی و کاك نەوشیروان چونکە باش دەزانن کە تەنها ئەو دوو هێزە دەتوانن ئارامی و ئاشتی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی ئەم هەرێمە بپارێزن کە چارەنوسی ئێستا و ئایندەی میلەتەکەمانی پێوە بەندە.

---

*ئەم بابەتە لە  سایتی سپی میدیا و وتاری کورد و مەکتەب ڕێکخستن و پێنوسەکان و ڕادیۆ ناوخۆ وئاڕاستە وسنورمیدیا و SNN  وستاندارکورد لە ١٤ و١٥و١٧/٢/٢٠١٦ دا بلاٚوکراوەتەوە.

# فیدراڵیەت

## کورد کردیە نمونەی سیستەمی حوکمڕانی لەناوچەکەدا.. *

- ئاشکرایە کە فیدراڵیەت، یەکێکە لە جۆرەکانی سیستەمی حوکمڕانی و هەنگاوێکە لە هەنگاوەکان بە ئاڕاستەی دیاریکردنی مافی چارەنوسی گەلان و هەروەهاش شێوازێکی پەیوەندی ئیداری و خۆبەڕێوەبردنیشە لەنێوان ناوەند و هەرێمەکان لەلایەك و لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی گەلانیشدا کە جیاوازی ئیتنی و ئاینی و مەزهەبی و ناوچەییان لە نێواندا هەیە و بەهەر هۆیەك بێت بە زۆر یان بەخۆشی لە چوارچێوەی وڵاتێکی خاوەن سەروەریدا پێکەوە دەژین.
- فیدراڵیەت هێندەی مانای دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و پێدانی ئازادیی بڕیارەکانە بۆ هەرێم و ناوچە و پارێزگایەکی دیاریکراو نیوهێندە مانای جیابونەوە و جوداخوازی ناگەیەنێت،ئەم ڕاستیە لەسەر زەمینەی واقع دەبینرێت و بەرجەستە بوە لە سەدان ساڵەوە لەو وڵاتانەی کە سیستەمی حوکمڕانیان دیموکراسیە و بەشێوەیەکی ڕاستەقینە و ڕاستگۆیانە چەسپێنراوە و دیموکراسیەت لە سیستەمی حکومڕانیەوە بۆتە کەلتوری وڵات و گەلەکانیشی. بەڵام بەداخەوە لەسیستەمی حوکمڕانی تاکڕەوی و شمولیەکاندا لەبەرئەوەی دیموکراسی و بنەماو دروشم و ئایدیاکەی ڕاستگۆیانە نەوەرگیراوە و نە کاریشی پێکراوە و نە تێشگەیشتون لێی، هەربۆیە هەمیشە و هەموو هەنگاوێکی کرانەوە و ئازادانە و سەربەستانە لەلایەن سەرکردە و حیزب و ڕێکخراوە مەدەنیەکانەوە بە چاوی دوژمنایەتی و ناحەزی و تێکدەرانە لێی دەڕوانرێت و هەربۆیەش لەسەر ئاستی حیزب و سەرکردە و تەنانەت تاکەکانیش هەمیشە هێندەی حەزیان بە سیستەمێکی دیکتاتۆری هەیە نیوهێندە خواستیان نیە فێری دیموکراسیەت بن و پیادەی بکەن و بیکەنە بەرنامە و کەلتوری ژیانیان. هەربۆیەش گەلانی ناوچەکە لەپێش دەسەڵاتدارەکانیانەوە جگە لە سیستەمێکی داخراو و ناوەندی و شمولی و تاکڕەوی حەز بە سیستەمی دیموکراسی و

کرانەوە و سەربەستی ناکەن و لەوپێناوەشدا فیدراڵیەت وەکو بنەمای پەیوەندی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی ولاَتەکانیشیان قبولْ ناکەن و بەجوداخوازی و هۆکار بۆ جیابونەوە لە قەڵەمی دەدەن و بەهەموو شێوازێکیش دژایەتی دەکەن.

بەداخەوە کۆمەڵگاکان و شارستانیەتی ڕۆژهەلاَتی بەشێوەیەکی گشتی و بەتایبەتیش ناوچەی ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست، بەبێ بیکردنەوە و تێگەیشتنی قولْ بۆ گۆڕانکاریەکانی سەردەم و ناوچەکە ڕاستەوخۆ دەکەونە دوژمنایەتی لەگەڵ هەر بیروبۆچونێکی نوێ کە ببێتە هۆکاری گۆڕانگاری و تازەگەری لەناوچەکەدا، کە هەمیشەش بە زیانی گەورەتر تەواو دەبێت بۆ ئێستا و ئایندەی گەلان و کۆمەڵگاکانی ناوچەکە.

- فیدراڵیەت کە کورد لە عێراقدا لە ساڵی ١٩٩٢ وە بە ڕەسمی کردویەتیە شێوازی پەیوەندی لەگەڵ بەغداد و بەو پەڕی ئازادی و سەربەستیەوە ئەم هەنگاوەی هەڵناوە و بەنیەتێکی پاکەوە بۆئەوەی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا بمێنێتەوە و پێکەوە ژیانێکی ئاسایی پیادە بکات و خۆشگوزەرانی دابین بکات و پێشکەوتن و گیانی لەخۆبوردەیی و ئارامی بچەسپێنێت لەناو هەموو پێکهاتەکانی گەلانی عێراقداو لەدوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی صدامیش لە ساڵی ٢٠٠٣دا بەهەمان شێوە توانی کە ئەو جۆرە لە شێوازی حوکمڕانی لە تەواوی دەوڵەتی عێراق و دەستوری هەمیشەیشدا بچەسپێنێت، سەرەڕای هەموو دوژمنکاری و بەربەست و ڕێگریەکان لەلایەن شیعە و سونەی عەرەب و کەمایەتیەکانی تریشەوە بەلاَم خۆشبەختانە دوای تێپەڕبونی شەڕی ناوخۆیی و ١٠ ساڵ ئەوسا هەمووان لە گرنگی و بایەخی فیدراڵیەت تێگەیشتن و ئێستا ئەوان لە پێش کوردا داوای چەسپاندنی دەکەن بە ناچاری و لە پێناو مانەوە و بەرژەوەندی خۆیاندا.
- لە ئێستاشدا و لە سوریای ڕاپەڕیوو وماندوو و بەهیلاکچووی دەستی پیلانی تیرۆریستان و ناحەزانی گەلانی ئەو ولاَتە و دوای سەرکەوتنە بێوێنەکانی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان و لەباکوری سوریادا و دوای تێپەڕبوونی نزیکەی ٢ ساڵ بەسەر ڕاگەیاندنی کانتۆنە خۆبەڕێوەبەریەکانی کوردانی ڕۆژئاوا و چەسپاندنی دەسەلاَتی

خۆجێی و تاڕادەیەکیش پاراستنی ئارامی و دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان و پێشکەشکردنی نمونەیەکی جوانی پێکەوە ژیانی گەلانی ئەو ناوچانە لە کورد و عەرەب و ئێزیدی و ئاشوری و ئەرمەن و ...هتد.هەموان پێکەوە گەیشتنە ئەو بڕیارەی کە لە ڕۆژی ٥شەممە ٢٠١٦/٣/١٧دا بڕیاریاندا کە شێوازی فیدراڵیەت پەسەند بکەن بۆ پەیوەندی لەنێوان ناوەند و هەرێمەکەی خۆیان و هەرێمەکانی تریش کە لە ئایندەدا و لەسوریای نوێدا دێنە دروست بوون.

- بەمەش کورد جارێکی تر سەلماندیەوە کە هۆکاری گۆڕانکاری گەورەن لەناوچەکەدا و بەبێ چارەسەری مەسەلەی کورد و گەیشتنیان بە ئامانج و دەسەڵات و حوکمڕانی ئازادانەی خۆیان ناوچەکە هێمی و ئارامی بەخۆیەوە نابینێت و گەرەکیشە گەلان و وڵاتانی ناوچەکەش ئەو ڕاستیە دانپیادا بنێن کە فیدڕاڵێەت باشترین شێوازی پێکەوە ژیانی گەلان و مایەی ئاشتی و ئارامی و پێشکەوتنە، وەك هەموو ئەو وڵاتانەی کە پیادەی شێوازی فیدڕاڵیەت دەکەن لە دونیادا وەك ، ئەمریکا و بەرازیل و سویسرا و ئیماراتی عەرەبی و هندستان و...هتد.

بە چەسپاندنی فیدڕاڵیەت لە سوریای نوێدا ، ئەوا کورد دەبێتە هۆکاری گۆڕانکاری گەورە لە سیستەمی حوکمڕانی ناوچەکەدا و وڵاتانی ناوچەکەش پێیان خۆش بێت یان نا نزیك یان دوور، دەبێت خۆیان بگونجێنن لەگەڵ باهۆزی گۆڕانکاریەکانی ناوچەکە و دونیاشدا و ئیدی سیستەمە مەرکەزی و شمولیەکان بە کۆماری و پاشایەتیەوە ناگونجێن لەگەڵ ڕۆحی سەردەمەکەدا کە تاکڕەوی و خۆسەپاندن و قۆرخکاری دەسەڵات و سیستەمی بنەماڵەیی و میراتگری و پێشێلکردنی مافی کەمینەکان و ناعەدالەتی لەخۆ ناگرێت.

وڵاتانی ناوچەکە هەر لە تورکیا و ئێران و سعودیەو ...هتد.پاڵوێراوی بەهێزن بۆ گۆڕانکاری لە سیستەمی حوکمڕانیاندا و تیرۆرو تیرۆریستان کە خۆیان دروستکەر و هاندەر و پاڵپشتی مادی و مەعنەوییان دەکردن دەبێتە هۆکار بۆ ئەو گۆڕانکاریانە لەو وڵاتانەداو لە قوڵایی جەماوەر و گەلەکانیاندا.ئیدی فیدڕاڵیەت دەبێتە سیمایەکی گەشی

**حوکمڕانی ئەم قۆناغ و سەردەمە و دەبێت هەموان چاوی لێبکەن ، بۆ دەربازبونی خۆیان و دەسەڵاتەکانیشیان بێت و بۆ مانەوە و درێژەدانیش بە دەسەڵاتیان بێت دەبێت قبوڵی بکەن و فیدراڵیەت لەم قۆناغەدا بۆ هەموو ئەو سەرکردە و سیستەمە حوکمڕانیە تاکڕەو و خۆسەپێنانە دەبێتە (( پیاڵە ژەهرەکە و بەناچاری دەبێت بینۆشن))و لە فیدراڵیەتیشدا ئەو گەل و نەتەوانەی کە کەمینەن دەتوانن بونی خۆیان بسەلمێنن و ببنە کاراکتەری سەرەکی و هۆکاری چەسپاندنی ئاشتی و ئارامی لەتەواوی ناوچەکەدا و کوردیش لە پێش هەموانەوەیە خۆش بەختانەش دونیای ڕۆژئاوای بەهێز و باڵادەست ودیموکراسیش ئەم هەنگاو و مۆدێلەی حوکمڕانی لاپەسەندە.**

---

***ئەم بابەتە لە سایتی سپی میدیا و وتاری کورد و مەکتەب ڕێکخستن و پێنوسەکان و ڕادیۆ ناوخۆ وئاڕاسە وسنورمیدیا و ناوەندی دەرەوە و SNN لە ٢١ و ٢٢ و ٢٣و٢٤ و٢٠١٦/٣/٢٥ و هەواڵ ژمارە ٦٥٨ لە ٢٠١٦/٣/٢٦دا بڵاوکراوەتەوە.**

# بەرەو بە لوبنانیکردنی عێراق و رۆڵی کورد لەو نێوەندەدا ! *

• ئاشکرایە کێشەی وڵاتی لوبنان کێشەیەکی ئاڵۆز و تێکچڕژاو ودرێژخایەنە و لەمێژەینەیە و هەر لەسەرەتای دامەزراندنی ئەو وڵاتەوە ١٩٢٠و سەربەخۆبوونی لە ژێر ئینتیدابی فەڕەنسادا لە ساڵی ١٩٤٣وە دەستیپێکردوە ،بەڵام لەساڵی ١٩٧٥ وە ململانێکان سەریاندەرکرد بۆ شەڕی ناوخۆیی و تایەفی و ئاینی(( ١٥ ساڵەیی )) و ئیدی تا ساڵەکانی ١٩٨٩ بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی ڕێکەوتننامەی تائیف لە نێوان سەرجەم لایەنە ناکۆکاندا لەژێر چاودێری سعودیەکاندا واژۆکراو هەموانیش پابەندبون پێوەی و بەم شێوەیە کۆتایی بە شەڕێکی خوێناوی ناوخۆیی تایەفی و ئاینی لەو وڵاتەدا هات .

لوبنان بۆ خۆی وڵاتێکی بچوکی ١٠٤٥٢ کیلۆمەتر چوارگۆشەی ٥ر٤ ملیۆن کەسیە، بەڵام لەڕووی ئەدەب و هونەر و فەرهەنگ و وەرگێڕان و چاپەمەنیی و ئازادی ڕۆژنامەوانیەوە یەکەم وڵاتی عەرەبی و ناوچەکە بوە و مێژوویەکی زێڕینی هەیە. لوبنان لە چەندین ئاین و مەزهەب(( ١٨ مەزهەب)) ی جیاواز پێك دێت هەر لە ئیسلام (( سونە و شیعە و دورزی))و مەسیحی((ئەرسۆدۆکس و کاسۆلیك و ئەرمەن و ئاشور و کلدان و سریان و..هتد )) و چەندین سەرکردە و ڕەوت و پارتی سیاسی لەهەموو ئاین و مەزهەبەکانی تیادایە.

خاڵی هەرە لاوازی سیستەمی حوکمڕانی لوبنان هەر لەسەرەتاوە تاکو ئێستا بریتی بوە لە دابەشکردنی دەسەلاّت و پۆست و پایە سیادی و گرنگەکان لەسەر بنەمای تایەفی و دینی لەنێوان موسڵمان و مەسیحیەکانداو لەناو ئەوانیشدا دابەشکراوەتە سەر مەزهەبە جیاوازەکان، کە هەمیشە ئەم خاڵە جێگەی ناکۆکی و ململانێکان بوە و وەکو پشکۆیەکی گەشاوەی ژێر خۆڵەمێش وابوە کە چاوەڕوانی کاتی دیاریکراوی کردوە بۆ تەقینەوە و هەڵایسانی جەنگی ناوخۆ و هەر ئەم هۆکارەش بوە کە لوبنان بە هەمیشەیی بۆتە جێگەی

ململانێ ناوچەیی و تەنانەت نێودەوڵەتیەکانیش، لەلایەك فەلەستینیەکان و سورياييەکان و عێراقی و ئێرانی و کەنداويەکان و لەولاشەوە ئیسرائیل و فەرەنسا و ئەمریکاو وڵاتانی تریش.

هەڵکەوتەی جوگرافیای لوبنان بەشێوەیەکە کەوتۆتە چەقی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەر دەریای سپی و دراوسێی سوریا و ئیسرائیل کە دوژمنایەتی مێژوویان هەیە و لوبنانیش بەو توانا مادی و مرۆییە کەمەی کە هەیەتی هەمیشە بۆتە جێگەی چاوتێبڕینی سوریا لەلایەك و ئیسرائیلیش لەولاکەی ترەوە و لەساڵانی هەشتاکانیشەوە ئێرانیشی هاتۆتە سەر.

ئەوەی گرنگە کە باس بکرێت سوریای گەورە لەمێژوودا هەمیشە لوبنانی بەبەشێك لەخۆی زانیوە و ئێرانیش لەم دوایانەدا بەهۆی بون و گەورەبونی ڕۆڵ و کاریگەری شیعەکانی ئەو وڵاتە لوبنانی کردۆتە پێگەیەکی گەورە و سەنگەری یەکەمی ململانێکانی لەگەڵ ئیسرائیل وئەمریکاو ڕۆژئاوادا و گەرەکێتی خەونە مێژوییەکەی شیعە بێنێتە دی بەوەی کە ناوچەی (( هیلالی بەپیت)) یەکپێبگرێتەوەو شیعەشی تیادا زاڵ بکات لەڕێگەی حیزبولڵای لوبنانیەوە کە لەساڵی ١٩٨٢وە دامەزراوە کە لە ئێستادا بە ڕابەرایەتی حسن نەصروڵا بۆتە باسکی بەهێزی مقاوەمەتی لوبنانیەکان لەبەرامبەر ئیسرائیل و بۆ ناوخۆش لەبەرامبەر سونەو مەسیحیەکانیشدا و لەسەر زەمینی واقیعیش باڵادەستی سەربازی و چەکداری و سیاسیشە لەگەڵ حیزبی ئەمەل نەبیە بەڕیدا .لە کێشە و ڕاپەڕینەکانی گەلانی سوریاشدا ماوەی ٥ ساڵە بە گەرمی بەرگری لە ڕژێمی بەشار ئەسەد دەکات .بەم شێوەیە لوبنان بە پراکتیکی وڵاتێکی یەکو یەکگرتو نەماوە و هەمیشە ئامادەیە بۆهەڵایسانی شەڕی ناوخۆی نێوان لایەنە ناکۆکەکان و ململانێ تایەفی و دینیەکان هێندە تۆخ بونەتەوە کە ئومێدیان بەچارەسەر نەهێشتۆتەوە و نزیکەی ساڵێکیشە ئەو وڵاتە بێ سەرۆکە.

- لە ئێستاشدا و دوای ١٣ ساڵ لە ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی صدامی لە عێراقیشدا ئاڕاستەکان بە شێوەیەکن کە عێراقیش هەمان کار و کردەوەی لوبنانی بەسەر بێت و

بەپراکتیکیش لە ساڵی ٢٠٠٣وە هەموو پۆست و پایە سیادی و گرنگەکانی عێراق لەسەر بنەمای تایەفی و دینی و نەتەوەی دابەشبونە و ئەوەی لایەنی زاڵ و باڵادەستیشە بریتیە لە مەزهەبی شیعەی عەرەب و لەناویشیاندا حیزبی دەعوە که بەگشتی شیعەکان سەر بە ئێرانن و لەخولگەی کۆماری ئیسلامی ئێراندا دەسوڕێنەوە و هەمان سیاسەت و ستراتیژی شیعە مەزهەبیان هەیە کە ناوچەی هیلالی بە پیت لە لوبنان و سوریا و عێراق و ئێران و کەنداویەکان لەیەك بدەنەوە لە ژێر باڵادەستی شیعە مەزهەبدا.

لەماوەی ١٣ ساڵی ڕابووردودا عێراقێکی خاوەن مێژووی زیاد لە ٣ هەزار ساڵە و جوگرافیایەکی گرنگ و دەوڵەمەند و بەپیتی ژێر خاك و سەرخاکەکەی و فراوانی و گەورەیی ڕوبەر ٤٣٧٠٠٠ کیلۆمەتر چوراگۆشە و ژمارەی دانیشتوانی ٣٥ ملیۆن کەس بونەتە جێگەی یەکلاکردنەوەی ململانێ ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکان لە نێوان عەرەب و تورك و فارس و کوردا و لەولاشەوە لە نێوان عەرەبی سونەو شیعە مەزهەبدا و لەلای سێهەمیشەوە لەنێوان ئیسلامی سەلەفی و توندڕەو و میانڕەوەکاندا و لەلای چوارەمیشەوە لەنێوان تورك و فارسدا و لەلای پێنجەمیشەوە لەنێوان زلهێزەکانی دونیاشدا، بەهۆی ئەم هەموو پیلان و چاوتێبڕین و تەماعکاریانە لە عێراق و خاك و گەلانیدا عێراقێکی بە پراکتیك دابەشکراو و هەژار و چەقبەستوو دروست بوە و هیچ ئومێدێك نیە بە چارەسەرو دواڕۆژێکی ڕوون.

کێشە گەورەکەی گەلانی عێراق لە سەرکردە و حیزبە سیاسیەکانیدایە و هەموانیان لەهەوڵی بچوککردنەوەی بەرانبەر و زاڵکردنی خۆیاندان و هیچ بڕوایەکی ڕاستەقینەیان بە دەستور و دیموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤ و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بنەماکانی پێکەوە ژیان و کارکردن و سیستەمی حوکمڕانی پەڕلەمانی و فیدراڵی نیە، بەو پێیەی که شیعەش زۆرینە و باڵادەستن هەموو کێشە و کەموکوڕیەکان ڕوودەکاتەوە ئەوان ، بەهۆی ناکۆکی و هەمە چیزەیی لەناو خۆیاندا ، بۆیە شیعە خۆیان بونەتە هۆکاری سەرەکی بۆ دابەشبوون و لێکترازانی گەلانی عێراق و زەمینە خۆشکەری دابەشبون و هێنانە ئارای

شەڕی ناوخۆی تایەفی و دینی و نەتەوەیی و هێنانی هەموو ڕێکخراوە ئیسلامیە سەلەفیە توندڕەو و جیهادیەکان بۆ ناو عێراق هەر لە قاعیدە و داعش و ئەوانی ترەوە.

بۆیە لە ئێستادا و دوای ١٣ساڵی حوکمی سەرنەکەوتوی شیعەکان و بەتایبەتیش دەعوەییەکان، پێدەچێت ئێرانیەکان لەهەوڵی گۆڕینی کاراکتەر و هێز و هاوکێشەکان بن وگەرەکیان بێت نمونەی حیزبولاّی لوبنانی لە عێراقیشدا دوبارە بکەنەوە و هەمان ڕۆڵی حەسن نەصرولاّش بدەنە ڕەوتی صەدر و موقتەدا صەدر لەبەرامبەر حیزب و سەرکردەکانی دەعوەدا و لەهەمان کاتیشدا مەرجەعیەتی نەخۆش و بەتەمەنی ئایەتولاّ عەلی سیستانی لە نەجەفیش تەسلیم بە نەوەیەکی نوێ و گەنج و گوێڕایەڵتر بۆ قوم و مەشهەد بهێننە سەر گۆڕەپانی سیاسی و دینی و مەزهەبی لە عێراقدا.

ڕەوتی صەدر و صەدر بۆخۆشی ڕەوتێکی توندڕەو و دەمار گیر و گوێڕایەڵترن بۆ مەزهەبی شیعە و ئێران و بیّ ئەزمون وشەڕفرۆش و بوێرتریشن بە بەراوورد بە جەماوەری دەعوە و مەجلیسی ئەعلا و ئەوانی تر و بەپراکتیکیش خاوەنی هێزێکی چەکداری (( میلیشیای صەدر)) شەقامی زۆرینەی شیعەشن لەباشور و ناوەڕاستی عێراقدا و لە ناو حکومەت و پەڕلەمانیش خاوەن وەزیر و فراکسیۆنێکی گەورە و کاریگەرن وماوەی ٣ مانگی ڕابووردوو چەند هەفتەی ڕابووردوش و ئامادەبونی ملیۆنان کەس بەڕابەرایەتی صەدر بۆ خۆپیشاندان و داواکردنی چاکسازی و لێپرسینەوەی گەندەڵکاران بەڕاستی بونەتە جێگەی متمانە و بڕوای زۆرینەی شەقامی شیعە مەزهەبی عێراق و لەهەمان کاتیشدا بونەتە مایەی مەترسی و هەڕەشە و خاوەن هەژموون وفشاریش و بە هەقیقەتیش صەدر و صەدریەکان بونەتە ڕابەر و دەستپێشخەر و وەك دەڵێن (( ڕەشمەی ئیشوکارەکانیان گرتۆتە دەست خۆیان)).

- **پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا دۆخی سیاسی عێراق بەرەو کوێ هەنگاو دەنێت و لە کۆتاییدا بە چ ئاڕاستەیەکدا دەشکێتەوە و لەنگەر دەگرێت؟ و ئەی دۆخی هەرێمی کوردستان و کورد لەو عێراقەی ئایندەدا بەکوێ دەگات؟**

ئەوەی پێشبینی دەکرێت دۆخی سیاسی عێراق گۆڕانی گەورەی بەسەردا بێت بەهۆی فشار و کاریگەری ئەم ڕەوتە توندەی صەدریەکان بۆ سەر حکومەت و لەکۆتاییدا وەکو شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی ساڵی ١٩٧٩ پیاوانی ئاینی شیعە مەزهەب کۆنترۆڵی هەموو کاروبارەکان و جومگەکانی دەسەلآت بکەن و هەمان ئەزمونی سەرکەوتوی ئێرانی ٣٧ ساڵە له عێراقدا دووپات بکەنەوە لە ڕێگەی بەهێزکردنی حەشدی شەعبی شیعە مەزهەبەوە.

ئا لەو کاتەشدا کورد پێگە و سەنگینی خۆی لەدەست دەدات کەبەداخەوە لەدوای چەند ساڵێك لە بەهێزی پێگەی کورد لە بەغداد و عێراقدا ئێستا کورد نەشەریکی ڕاستەقینە و نەهاوبەشی گوێلێگیراو و نەدۆستی ڕاوێژپێکراو ماوەتەوە و تەنانەت لەو گۆڕانگاریە نزیکەی حکومەتی عەبادیشدا بەجدی و بەگەرمی پرس و ڕا بە سەرکردایەتی کورد نەکراوە و پێشدەچێت ئەوەی گەرەکیان بێت جێبەجێی بکەن و لەمەشدا دەسەلآتێکی تاکڕەوی شیعە مەزهەبی بەهێز دادەمەزرێت بەبێ بەشداریەکی کارای کورد. کە بەداخیشەوە لە ئێستادا نێو ماڵی کورد بۆخۆی لێکترازاو و دوور لەیەك و دڕدۆنگن و یەك و یەکگرتوو نەماونەتەوە ، کە ئەمەش خاڵی لاوازی کوردە و لەنێوان بەرداشی بەهێز بوونی بەغداد بەپشتئەستوری بە ئێرانی زلهێزی ناوچەکە و تورکیاو عەرەبی سونە مەزهەبی ناوچەکە و گۆڕانکاریە گەورەکانی دونیا و ناوچەکەش کورد دەستەپاچە وەستاوە و ئامادە نیە بۆ دوای ئەو گۆڕانکاریانە و بەرچاو و نەخشە ڕێگایەکی ڕوونی لەبەردەستدا نیە. هەربۆیە دۆخی عێراق و کوردستان بەرەو ئاقارێکی تاریك هەنگاو دەنێت و هەموو ئەگەرەکانیش هەر لە کودەتای سەربازیەوە بۆ هەڵوەشانەوەی دەوڵەت و دامودەزگاکان و هەڵپەساردنی دەستوور وهەلآیسانی شەڕی ناوخۆیی و تایەفی و دینی و پەلاماردانی هەرێمی کوردستان و ..هتد. بەکراوەیی ماونەتەوە و کە هیچیان بە قازانجی کورد ناشکێنەوە بەتایبەتیش لەڕووی سیاسی و ئابوری و سەربازیەوە. بۆیە دووبارەکردنەوەی ئەزمونی سیستەمی حوکمڕانی لوبنان لە عێراقدا سەرەتاو ئاسۆکانی وەدەرکەوتوون کە بەداخەوە مژدەبەخشی ئایندەیەکی تاریکتر و وێرانتر و شڵژاوتر دەبەخشن.

---

*ئەم بابەتە لە سایتی وتاری کورد و مەکتەب ڕێکخستن و پێنوسەکان و سنورمیدیا لە ٧ و٢٠١٦/٤/١٤ و هەواڵ ژمارە ٦٦٠ لە ٢٠١٦/٤/٩دا بلآوکراوەتەوە.

# ململانێ سیاسیەکان عێراق بەرەو کوێ دەبەن؟*

- عێراق ئەو وڵاتە عەجیب و غەریبەیە کە هیچ کات ئاشتی و ئارامی و خۆشگوزەرانی بەخۆیەوە نەبینیوە لەدەستپێکی مێژوەوە تاکو ئێستا ،سەرەڕای بەپیتی خاك و سازگای ئاو و دەوڵەمەندی بە سەرچاوە سروشتی و مرۆییەکان.

هەمیشە عێراق بۆتە گۆڕەپانی ململانێ ناوخۆیی و دەرەکیەکان و وڵاتانی دەوروبەر چاویان تێبڕیوە و هەوڵی داگیرکردنیان داوە و کردوشیانەتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ململانێکانیان.

هۆکاری سەرەکی ئەم دۆخە سیاسیە ناجێگیر و ئابوریە شلەژاوەش هەمیشە عێراقیەکان خۆیان بون، چونکە عێراق بە پێکهاتەی جیاوازی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی هەمیشە بونەتە هۆکار بۆ دەستوەردانی بێگانەکان بۆ کاروباری ناوخۆی عێراق و دروستکردنی کێشە و ململانێکان..

یەکێك لە کێشە سەرەکیەکان و مەترسیدارەکانیش هەمیشە بریتی بوە لە کێشەی مەزهەبی نێوان عەرەبی سونە و شیعە، و بەنهێنی و ئاشکرا لە ململانێیەکی توندا بوون و هەر لایەکیان هەلیان بۆ هەڵکەوتبێت ئەویتریان چەوساندۆتەوە و پەراوێزیان خستوە لە حوکم و دەسەڵاتدا.بەدرێژایی دەسەڵاتی پاشایەتی و کۆماریەکان و بەدرێژایی ٨٣ ساڵی تەمەنی دەوڵەتی عێراقی کەمینەی سونە مەزهەب باڵادەست بوون و هەمیشەش شیعەیان وەك هاوڵاتی پلە دوو سەیرکردوە و تەنها بە ڕەمزی بەشداریان لە دەسەڵاتدا پێکردوون وەك چۆن مامەڵەیان لەگەڵ کوردیشدا کردوە..بەڵام دوای ڕزگارکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣وە و لە ئەنجامی هەڵبژاردنەوە زۆرینەی شیعە مەزهەب بونەتە باڵادەست و گەرەکیانە تۆڵەی ٨٣ ساڵەی ڕابووردوو لە سونەکان بکەنەوە بە کوشتن و پەراوێزخستن و بچوککردنەوەیان و دەرکردنیان لە چوارچێوەی بڕیار و ناوەندی بڕیاردا و بە کردارەکیش هەروایان کردوە وماوەی ئەم ١٣ ساڵەی دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی صدامی عێراق نقومی خوێن و فرمێسك بوە و ماکینەی جەنگ و ململانێکان لە سوڕانەوەیەکی مەترسیداردان و عێراق و گەلەکەی بەرەو ئایندەیەکی نادیار دەبەن.

ململانێ سیاسیەکان لە ئێستادا هێندە توندبونەتەوە کە هەموو هێڵە سوورەکانیان بەزاندوە و مەترسی جدی دروست بوە بۆسەر هەڵوەشاندنەوەی ئۆرگانەکانی دەسەڵات و دەوڵەتی عێراقی و ئەگەری نەمان وسڕینەوەی دەوڵەتێك هەیە بەناوی عێراق لەسەر نەخشە و جوگرافیای ناوچەکەدا.

ململانێکان چەند ڕەهەندیە و دابەزیوەتە خوارەوە بۆ ناو تەنانەت مەزهەبەکان خۆشیان ئەوەتا شیعەی بالادەست کە لە چەند حیزب و ڕەوت و سەرکردەی جیاواز پێکهاتوە لە ئێستادا ململانێ ناوخۆییەکانیان گەیشتونەتە ئاستێك کە هەریەکەیان گەرەکێتی ئەویتریان بچوکبکاتەوە و بۆخۆی ببێتە پاڵەوانی گۆڕەپانەکە و هەموو ئۆرگان و دەسەڵاتەکان قۆرخ بکات و پەنا دەباتە بەر خۆپیشاندانی شەقام و ناڕەزایی و مانگرتنی پەرلەمانتاران و چاوترساندن و تۆقاندن و کڕینی کەسایەتیەکان بە پارە.حیزبی دەعوە و سەرکردەکانی لە مالکی و ئەوانی تر لەناوخۆشیاندا لە ململانێیەکی توندان و گەرەکیانە حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانەکەی خۆشیان بگۆڕن و مالکی گەرەکێتی خۆی جارێکی تر ببێتەوە سەرۆك وەزیران ، بەڵام هەوڵەکانی شکستی هێناوە چونکە نە مەجلیسی ئەعلای ئیسلامی و نە ڕەوتی صەدر و فەزیلە و بەدریەکان و جەعفەریش پشتیوانی لێناکەن و تەنانەت مەرجەعیەتی باڵای شیعەش پشتی تێکردوە چونکە باش دەزانن مالکی و حیزبەکەی هۆکاری گەیشتن بەم دۆخە بوون.

سونەکانیش بۆ خۆیان لەناو خۆیاندا بونەتە ئاردی ناو دڕك و مەرجەعیەت و کەسایەتیەکی بەهێز و خاوەن نفوزیان نەماوە و لە ئێستادا لاواز و بێدەسەڵاتن و ناوچەکانیشیان لە ژێر دەسەڵاتی داعشدایە لە ئەنبار و موصڵ و صلاح الدین و ...هتد..

کوردیش هەرچەندە لەدەرەوەی ماڵەکەی خۆیان بە ڕواڵەت یەك و یەکگرتوون کە هەرچەندە ڕۆژانی ڕابووردوو لە پەرلەمانی عێراقدا ئەوەیان سەلماند کە هەندێك کەس هەن گەرەکیانە لە ئیجماعی کوردی دەربچن و بەدوای پلە و پۆستی خۆیاندا بڕۆن و گوێ نەدەنە مەسەلە نەتەوایەتی و نیشتیمانیەکانی کورد و کوردستان. هەرسێ لایەنی کورد و سونە و شیعەش هەمیشە لە ململانێدا بوون و بەپێی بەرژەوەنیەکانی خۆیان توند و خاویان کردونەتەوە.

- **لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ،دوای ١٣ ساڵ لە ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس ئایا جیاوازی نێوان عێراقی ئێستا و سەردەمی بەعس چییە؟هۆکاری ئەم ململانێ سیاسیە ناڕەوایانە چین؟ڕۆڵی حیزب و**

**سەرکردەکان چیە لەهەڵایسان و چارەسەریەکانی ململانێکاندا؟ ئایا عێراق هەنگاو بە ج ئاڕاستەیەکدا دەنێت دیموکراسیەت یان دیکتاتۆریەتێکی نوێ؟ئەی هەرێمی کوردستان لەکوێی ئەو ململانێیەدایە و ئایندەی کورد لە عێراقدا چی دەبێت؟**

بەدڵنیایی عێراقی ئێستا لەهەموو ڕووەکانەوە جیاوازە لە عێراقی سەردەمی ڕژێمی بەعس،بەداخیشەوە بەرەو خراپ بوونی زیاتر چوە نەك باشتر بوون، ئەوەتا لە ڕووی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و سەربازیەوە عێراقێکی ناجێگیر و ئابوریەکی داتەپیو و ڕووخاو و کۆمەڵگایەکی هەژار و نەخوێندەوار و برسی و بێکار و سەربازیەکی لاواز و بێهێز و ئیدارە و دەسەلات و سیستەمێکی حوکمی لەرزۆك و گەندەڵ و بیٚ یاسایی هاتۆتە ئاراوە ، کە هیچ کات عێراق بە هێندەی ئێستا لەبەردەم مەترسی هەڵوەشاندنەوە و لەیەکترزاندا نەبوە و نیشە.هەموو ئەمانەش لە ئەنجامی ململانێی سیاسی ناشەریفانەی حیزب و سەرکردەکانەوەیە و ململانێکانیش بەهۆکاری سیاسی و ئابوری و بەرژەوەندی تەسکی حیزبی و سەرکردەکان و هۆکاری ئاینی و نەتەوەیی و مەزهەبی لە پشتەوەیە و بەدڵنیایش هەموو حیزب و سەرکردەکان ڕۆڵی خراپیان هەیە لە هەڵایسانی ئەم ململانێیەدا و دروستکردنی ئەم دۆخە بە ئەجێندای دەرەکی وڵاتانی ناوچەکە لە ئێران و تورکیاو سعودیە و ...هتد.لە ئێستاشدا چونکە خۆیان بەشێکن لە کێشە و ململانێکان ناتوانن ڕێگا چارەسەریەکان بخەنە ڕوو چونکە بڕیار بەدەستی کۆتایی نین و شکۆ و هەیبەتی عێراق و سەروەری عێراقیان خستۆتە ژێر پێی دراوسێکانەوە.گەر دۆخەکەش بەم شێوەیە بەردەوام بێت ئەوا بەدڵنیاییەوە لە ئەنجامی ئەم ململانێیەدا لەکۆتایدا لایەنێك یان چەند لایەنێك دەسەلات دەگرنە دەست و دەبنە تاکڕەو ودیکتاتۆر و لە پێناو مانەوە و پاراستنی دەسەلاتەکانیشیاندا سڵ لە بەکارهێنانی هیچ ڕێو شوێنێك ناکەنەوە دژی نەیار و یارەکانی دوێنێشیان و ئەنجامیش دیموکراسی پێشێل دەکرێت و دیکتاتۆریەت جێگەی دەگرێتەوە.

- ڕۆڵی کورد و ئایندەی کوردیش لەم نێوەندە شڵەژاوەدا بەڕاستی نادیارە ،چونکە کورد بۆخۆشی ئامادەسازی باش و توندوتۆڵی نەکردوە لەنێو ماڵی خۆیدا بۆ گۆڕانکاریە ناوخۆیی و ناوچەییەکان و ماڵێکی لێکترازاو و شڵەژاو و دوور لەیەکتری هەیە و بە قەیرانێکی سیاسی و ئابوری تونددا تێپەڕ دەبێت کە ئاسۆکانی دواڕۆژی زۆر لێڵ و تاریك

کردوە.و ناتوانێت بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدات نە بۆ سەربەخۆیی و تەنانەت بۆ ڕاپرسیەکی جەماوەریش بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنوسی خۆشی لە عێراقدا.

کورد تا ئێستا دۆستی ڕاستەقینە و ڕاستگۆی نیە و هەموو بەناو دۆستەکانی ناوچەکەی لە عەرەب و تورك و فارس یەکو یەکگرتوون دژی مەسەلەی کورد و کورد هیچ کات نابێت پشتیان پێ ببەستێت. دۆستەکانی دەرەوەشمان لە ئەوروپا و ئەمریکا و ڕوسیادا ئەوەندەی مەسەلە گەورەکەی ناوچەکەیان لا مەبەستە نیوهێندە مەسەلەی کوردیان لا مەبەست نیە و بەهۆی ئەو بارودۆخە ناجێگرە سیاسی و ئابوری و سەربازیەشی کە لە هەرێمدا ڕوویداوە و کودەتا بەسەر شەرعیەتی پەڕلەمان و حکومەتدا کراوە زۆر نیگەرانن و گەر بوون و مەترسی داعش نەبوایە ئەوا زۆر لە مێژبوو کورد و کوردستانیان بەجێدەهێشت.

هەربۆیە لە ئەنجامی ئەم ململانێ ناڕەوایانەدا لە عێراق و کوردستاندا ، ئایندەی عێراق و هەرێم بەرەو تاریکی زیاتر هەنگاو دەنێت و بەمەش تەنها گەل و خاکی عێراق زەرەرمەند دەبێت نەك حیزب و سەرکردەکان.

---

*ئەم بابەتە لە سایتی وتاری کورد و مەکتەب ڕێکخستن و پێنوسەکان و ڕادیۆ ناوخۆ وئاڕاستە وخەندان و پی یو کەی میدیاو SNN لە ١٣ و١٨ و٢٠١٦/٤/١٩ و هەواڵ ژمارە ٦٦٢ لە ٢٠١٦/٤/٢٣دا بلاۆکراوەتەوە.

## ئەردۆگان هیتلەری سەدەی بیست و یەکەم ! *

- ئاشکرایە کە تورکیای عوسمانی لەکۆتاییەکانی تەمەنیدا لە ساڵانی ١٩١٤-١٩١٨دا بوە لایەنگر و هاوپەیمانی ولأتانی میحوەر بە ڕابەرایەتی ئەڵمانیا و ئەنجامیش شکست و لەناوچوون و دابەشبوونی ئیمپراتۆریەتی نەخۆشی عوسمانی لێکەوتەوە . بۆ دووەم جاریش لەسەدەی بیستدا جارێکی تریش تورکیای ئەتاتورکی بوەوە لایەنگر و هاوپەیمانی ئەڵمانیای هیتلەری و ئیتالیای مۆسۆلینی لە جەنگی جیهانی دووەمدا لە ١٩٣٩-١٩٤٥ و بەهەمان شێوەش جارێکی تر شکست و سەرشۆڕی سیاسی و ئابوری توشی تورکیا هاتەوە.

هەردوو ئەو ئەزمونە شکستخواردوەی تورکیا لە ئەنجامی غرور و خۆبەزلزانین و توشبونی بە شێتێتی گەورەیی و داگیرکردن و خۆفراوانکردن لەسەر حسابی خاك و گەلانی ناوچەکەبوو، بەهەمان شێوە باکگراوندە دڕەندەیی و خۆشی ببینن لە توندوتیژی و ڕشتنی خوێن و فرمێسك لەلای تاك و سەرکردەی تورکەکان هەمیشە بە زەقی و تۆخی ماوەتەوە لەهەموو قۆناغ و سەردەمەکاندا.

هەربۆیەشە لە ئێستادا حکومەت و دەسەڵاتی تورکیا کە لەلایەن تاکڕەوی سەدەی بیست و یەکەم و سەرکردەی ئاکپارتی لە ٢٠٠٢وە بەتەنها و بێ ڕکابەر و هاوبەش هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی دەوڵەتی تورکیای گرتۆتە دەستەوە و بەهیچ جۆرێك نەرمی نانوێنێت و بەهەموو پەنجەکانیەوە و بەوپەڕی توندیەوە دەستی بەدەسەڵاتەوە گرتوە و لە پێناو مانەوەی خۆی بەپلەی یەکەم و حیزبەکەشی بە پلەی دووەم هەموو ڕێگاکانی گرتۆتە بەر هەر لە دوژمنایەتی و دەرکردنی هەڤاڵەکانی دوێنێی و دوژمنایەتی تەواوی حیزبە سیاسی و سەرکردەکانی تورکیا و دوژمنایەتی سەرجەم گەلانی تورکیا بە عیلمانی و ئیسلامی و نەتەوەیی و مەزهبیانەوە و دوژمنایەتی دەنگ و ڕەنگە ئازادی و دیموکراسیخوازەکان و میدیا و ڕۆژنامەگەری ئازاد ، دوژمنایەتی ئاشتی و پڕۆسەی ئاشتەوایی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەگەڵ هەمواندا..بەم جۆرە ئەردۆگان و حیزبەکەی کە

دروستکراوی خۆیەتی بونەتە مۆتەکەیەك و نزیکەی ١٤ ساڵە خۆیان سەپاندۆتە سەر سنگ و نەفەسی دەوڵەت و دەسەلاّتی تورکیا.

- ئەردۆگان لەدوای ١٤ ساڵی دەسەلاّتی ڕەهای لە تورکیادا هەر لەسەرۆك حیزب و سەرۆك وەزیران و سەرۆك کۆماریەوە لەسەرەتاوە بیرۆکەی زیندووکردنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سوڵتانە عوسمانیەکانی لە مێشکدا بوە و بەرنامە و پیلانی بۆ داناوە و لە ئێستادا گەرەکێتی کە سیستەمی حوکمڕانی لە تورکیادا بگۆڕێتە سەر سەرۆکایەتی و بەمەش خۆی دەکاتە بکوژ و بڕ لە تورکیای بەناو عیلمانی و ئەتاتورکی و دیموکراسیدا و بەمەش جارێکی تر تورکیا دەگەڕێتەوە بۆ سروشتە دڕندەیی و خوێنڕێژ و زاڵم و چەوسێنەرەوەی هەموو گەلانی ناو تورکیاو دەست دەکاتەوە بە قاتوقڕ و جینۆسایدی نەتەوە و ئاین و مەزهەبەکانی ئەرمەن و کورد و عەلەوی و چەرکەس و عەرەب وئاشوری و ...هتد. ئەردۆگان گەرەکێتی لەسەدەی بیست و یەکدا ئەزمونە شکستخواردوەکانی سەدەی بیست دووبارە بکاتەوە بەوەی کە ببێتە هیتلەری سەردەم و لە لێدوانێکی خۆیدا نەیشاردەوە کە ((هیتلەر جێگەی سەرنج و ئیعجابێتی و دونیای ئێستا پێویست بە چەند هیتلەرێکی نوێ دەکات بۆ بەڕێوەبردنی)). بەم شێوەیە باکگراوندە تۆرانی و توندوتیژیە تورکیەکەی تۆخ بۆتەوە و لەماوەی ئەم دووساڵەی ڕابووردوودا و لەوکاتەوەی چەتەکانی داعش بەرۆکی ناوچەکەیان گرتوە لە سوریا و کوردستان و عێراق، ئەردۆگان گەرەکێتی خەونە زڕەکانی لە ڕێگەی پاڵپشتی و لایەنگیری داعشەوە بێنێتەی دی و خۆی بکاتەوە بە دەمڕاست وخەلیفەی ئیسلام و مسوڵمانان، لە پێناو گەیشتن بەو ئاواتەشیدا پەیوەندیە سیاسی و ئابوریەکانی لەگەڵ دەرودراوسێ و ولاّتانی ئەوروپا و تەنانەت ڕوسیا و ئەمریکاشدا تێکداوە و بەهەموو لایەکدا هەڕەشە و گوڕەشەی کوشتن و خوێنڕشتن دەکات ، و تەقینەوە خۆکوژیەکانی پاریس و بەلجیکا و سوید و نەرویج و ئەڵمانیا و ..هتد. و دوژمنایەتی کورد لە باشوور و باکور و ڕۆژئاوای کوردستانیش کە بونەتە سیمبولی ئازادی و دیموکراسی و قەڵغانی هەموو جیهان بەرامبەر تیرۆری چەتەکانی داعش و بەمەش ئەردۆگان توشی نەخۆشی (( دژە کورد)) بوە و هەر ئەم دژایەتیەشی بۆ کورد کردویەتیە دڕندەیەك لای ئەمریکی و ئەوروپیەکان و پەیوەندیەکانیانی لاواز کردوە،نمونەی زیندوون بۆ دەستێوەردان و هەڵخلیسکانی ئەردۆگان و حیزبەکەی بۆ کاری تیرۆریستی و تێکدانی ئاسایشی ناوچەکە و دونیاش و کارکردن بۆ گەورەکردنی شەڕەکە و

دەرچوونی لەچوارچێچوەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەردۆگان و تورکیا لە ئێستادا لە خراپترین دۆخی سیاسی و ئابوریدان چونکە هەڵەکانی ئەردۆگان لەگەڵ دەرودراوسێدا و لەگەڵ گەلانی ناوخۆی و بەتایبەتیش کورد و مەسەلەکەیدا و لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و دونیاشدا وایانکردوە کە سەرەتا ئاکپارتی ڕووبەڕووی ململانێی باڵەکانی ناوخۆی ببێتەوە و نمونەی دەرچوونی عەبدوڵا گویل و داود ئۆغلو و سەرکردەکانی تریش سەرەتای کۆتایی دەسەڵات و یەکگرتویی و بەهێزی ئاك پارتیە و پاشگەزبونەوەشی لە پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ کورددا(( هەدەپە و پەکەکە))دا سەرەتای گەڕانەوەیە بۆ دۆخی نەوەدەکانی سەدەی ڕابوورد و دەسەڵاتی عەسکەر و تێکدانی پەیوەندیە سیاسی و سەربازی و ئابوریەکانیشی لەگەڵ سوریا و عێراق و ڕوسیا و میسر و ئیسرائیلیش تورکیای لەناوچەکە دابڕیوە و قەتیس و لە قاڵبی داوە ، پشتیوانی ئاشکرا و نهێنی لە چەتەکانی داعش و تیرۆریستان پەیوەندیەکانی ئەوروپا و ئەمریکاشی لەرۆژك کردوە .

بۆیە بەردەوامبوونی ئەردۆگان لە سەر سەرکێشی و سەرەڕۆیی و خۆبەزلزانین و هەڵەکانی، بەدڵنیای ئاکپارتی و تورکیا بەرەو خوێنڕێژی زیاتر و دابڕان و پەراوێزخستنی زیاتر دەبات وئایدەشی بەرەو تونێلێکی تاریك ئاراستە دەکات ودواتر ناوچەکەش گیرۆدەی جەنگێکی درێژخایەن دەکات و دووریش نیە ئەم جەنگە درێژەی هەبێت و زلهێزەکانی دونیاش بەشدار بن و هەموو دونیاش بگرێتەوە، بەمەش ئۆباڵی هەڵایسانی جەنگێکی نوێی جیهانی دەکەوێتە ئەستۆی ئەرۆگان و تورکەکان(( هیتلەری سەدەی بیست و یەکەم))، هەروەك چۆن جەنگی جیهانی دووەم ئۆباڵی هەڵایسانی و زەرەرو زیانە مرۆیی و مادیەکانی کەوتۆتە ئەستۆی هیتلەر و ئەڵمانیای نازیەوە.

*ئەم بابەتە لە سایتی وتاری کورد و پێنوسەکان و ڕادیۆ ناوخۆ وئاڕاستە وسنورمیدیا لە ١٤ و١٥/٥/٢٠١٦ و هەواڵ ژمارە ٦٦٩ لە ١١/٦/٢٠١٦دا بلاْوکراوەتەوە.

# پارتی چی گەرەکە؟*

- لەدوای واژۆکردنی ڕێکەوتنە سیاسیەکەی نێوان یەکێتی و گۆڕانەوە لە ١٧ مایسەوە ، پارتی هێندەی پێش ڕێکەوتنەکە و زیاتریش هەڵویست و گوتارەکانی توندتر کردۆتەوە و بە ئاشکرا و نهێنی دژایەتی ئەو ڕێکەوتنە دەکات و بەپلەی یەکەم بە دژی خۆی دەزانێت و تەنها دوای چەند ڕۆژێك لە ڕێکەوتنەکە لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی خۆیدا زۆر بەتوندی بە گژ ڕێکەوتنەکەدا چوەوە.
- **پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئەرێ پارتی بۆ هێندە بە توندی دژایەتی ئەو ڕێکەوتنە دەکات؟**

پارتی لەسەرەتای سەرهەڵدانی کێشە و گرفت و ناکۆکیەکانی نێوان لایەنە سیاسیەکان لە سەر مەسەلەی سەرۆکایەتی هەرێم و گۆڕینی یاسای سەرۆکایەتی بە شێوەیەك سەرۆك لە پەڕلەمانەوە هەڵبژێردرێت و نوسینەوەی دەستورێکی هاوچەرخ کە سیستەمی حوکمڕانی لە هەرێمدا لە سەرۆکایەتیەوە بگۆڕێت بە پەڕلەمانی ، ئیدی ئەم هەنگاوەی ٤ حیزبەکە( یەکێتی و گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوی ئیسلامی)) ئاگری لە خەرمانی خەون و خەیاڵ و پلانەکانی پارتی بەردا و ، پارتی توشی هیستێریا بوو ، بەگژ هەمواندا هەڵشاخا و دۆخی سیاسی و ئابوری هەرێمی بە ئاقارێکدا بەلاڕێدا برد کە واماوەی نزیکەی ١ساڵە هێندە دۆخەکە شڵەژاوە کە ئاسایکردنەوەی بۆتە نیمچە مەحاڵ. پارتی بە پێداگیری لەسەر بڕیار و بۆچونەکانی خۆی و هەوڵدانی بۆ سەپاندنی بەسەر هەمواندا هێندەی تر خۆی تەریك کرد لە ئیجماعی سیاسی هەرێم و خۆی بەتەنها لەبەرامبەر ٤ حیزبە سەرەکیەکەی کوردستاندا بینییەوە کە ئەمەش بۆ پارتی کارێکی سەخت بوو کە هیچ کات هێندە خۆی بە تەریکی و تەنها نەبینیوە لەکاتێکدا کە خۆی بە حیزبی یەکەم دادەنێت و زۆرینەی پەڕلەمانی هەیە.

پارتی لەهەڵوێستەکانیدا گەیاندیە ئەو پەڕی کاتێك بەشێوەیەکی دوور لە یاسا و ڕێزگرتنی بەرامبەر ڕێگەی نەدا بەگەڕاندنەوەی سەرۆکی پەڕلەمان بۆ ناو شاری هەولێر و

دواتر دەرکردنی وەزیرەکانی گۆڕان لە کابینەی حکومەت لە ٢٠١٥/١٠/١٢دا و ناردنەوەیان بۆماڵەوە بە بڕیارێکی سیاسی و حیزبی،هەرچەندە ڕێکەوتنی سیاسی هەبوو لەگەڵ گۆڕاندا، ئەم هەڵوێستەی پارتی تەنها لەبەر ئەوەبوو کە پەرلەمان و فراکسیۆنەکانی ڕازی نەبوون بە درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی کاك مەسعود بۆ ٢ ساڵی تر و بەمەش پارتی هەموو پیرۆزیەکانی میلەت و نەتەوەیەکی کردە قوربانی تاکە کەسێك و هەموو بنەماو دروشمە دیموکراسیەکانی لە ژێر پێنا. تاکە دەزگایەکی شەرعی و جەماوەری کە هەبێت لە هەرێمدا کە پەرلەمان بوو پەك خست و حکومەتەکەشی کردە حکومەتێکی تەواو پارتی .

سەرکردایەتی پارتی بەم غرورو خۆ بەزلزانینەیانەوە وای بۆ دەچوون کە هیچ دەرچەیەك لەبەردەم نە یەکێتی و نە گۆڕانیشدا نیە و تەنها گەڕانەوەیانە بە ملکەچی و لەسەر ئەژنۆ بۆلای پارتی و ڕازیبونیانە بە مەرجەکانی پارتی، بەڵام واژۆکردنی ئەم ڕێکەوتنە بوە شۆکێکی گەورە و کاریگەر بۆ پارتی کە چاوەڕوان نەکراو بوو ، هەربۆیە زۆر بەتوندی دژایەتی دەکات.

- **لە ئێستادا پارتی چی گەرەکە لە یەکێتی و لە گۆڕانیش ؟**

پارتی بە حوکمی ئەوەی شاری هەولێری پایتەختی لە ژێر دەستدایە و خاوەنی ٣٨ کورسی پەرلەمانی و کۆتاکانیشە، خۆی بە حیزبی یەکەم و دەسەڵاتداری ڕەها دەزانێت لە هەرێمداو پشتئەسوریش بە هێزی سەربازی و سەروەت و سامانی زۆر وزەوەندی کۆکراوەی ، گەرەکێتی بەمەرجەکانی خۆی دۆخی سیاسی و ئابوری هەرێم ئاسایی بکاتەوە و بەسەر هەموانیشیدا بسەپێنێت، و ئەم هەڵوێستەشی لە دوا کۆبونەوەی هەردوو مەکتەب سیاسی یەکێتی و پارتیدا نەشاردۆتەوە کە ڕایانگەیاندوە کە دەبێت دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بگۆڕێت و ڕازی نین بەگەڕانەوەی د. یوسف و مەسەلەی سەرۆکایەتی هەرێمیش هەروەکو خۆی بێت و دەبێت ئەو ڕێکەوتنە سیاسیەی لەگەڵ گۆڕانیش واژۆکراوە هەڵبوەشێنرێتەوە، بە پێچەوانەوە ئامادەین بۆ دروستکردنەوەی دوو ئیدارەیی.

بەم مەرجە پێشوەخت و سەختانەی پارتیەوە دەردەکەوێت کە هیچ نیەتێکی ڕاستۆگۆیانە لای پارتی نیە بۆ چارەسەری و ئاسایکردنەوەی بارودۆخەکان.

- **کێ زیانی گەورە دەکات لە زیندووکردنەوە و دروستکردنەوەی دوو ئیدارەیی لە کوردستاندا؟**

هەموو خەمخۆرانی کوردایەتی لەسەر ئەوە کۆکن کە دووبارەکردنەوەی ئەزمونی دوو ئیدارەیی لە هەرێمدا مانای هێندەی تر دوورکەوتنەوە و وێرانکردنی ماڵی کورد و لاوازبوونی هەڵوێست و پێگەکەیەتی لە هەرێم وعێراق و ناوچەکە و دونیاشدا و ئەزمونێکی تاڵ و ناشیرینی ڕابووردوو بوو کە نابێت نەك دووبارەبکرێتەوە بەڵکو هەر بیریشی لێنەکرێتەوە، بەڵام پارتی بە پێچەوانەی هەموانەوە بەدوا چارەسەری دەزانێت و گەرەکی نیە کەمترین نەرمی بنوێنێت بۆ چارەسەریەکان لە پێناو بەرژەوەندی باڵای نەتەوە و نیشتیماندا و تەنها وتەنها بەرژەوەندی حیزب و سەرکردە و بنەماڵەی لا مەبەستە.بەشێوەیەکی گشتی کوردایەتی زیانی گەورەی پێدەگات لە دوو ئیدارەیدا و دواتریش پارتی بۆخۆی گەورەترین زیان بە پێگە و هێز و نفوزیشی دەگات لە ڕووی سیاسی و ئابوری و سەربازیشەوە، چونکە لەلایەك هەرکات دوو ئیدارەیی دروستبوەوە ئەوا پارتی تەنها لەولا دێگەڵەوە باڵا دەست دەبێت و بەمەش کاك مەسعود کە بەنیازی سەرۆکی نەتەوەیی بوو ئەوا تەنها دەبێتە سەرۆکی هەولێر و دهۆك بەدەر لەناوچەی سەوز کەئەمەش بچوکبونەوەی خودی کاك مەسعودە بە پارتیشەوە و لەلایەکی تریشەوە سەرچاوەی داهاتی هەرێم کە بریتیە لەنەوت و فرۆشتنی لە ڕێگەی بۆری جیهانی تورکیەوە ، بەشی هەرە زۆری لە بیرە نەوتەکانی تەقتەق و کەرکوکەوەیە کە هەردووکیان دەکەونە ژێر قەڵەمڕەوی یەکێتی و گۆڕانەوە، لەلای سێهەمیشەوە ناوچەی سلێمانی بەگشتی پشتی بە ئێران و عێراقەوەیە و تاڕادەیەکی باش ئارامە و پەیوەندیەکانی ئەو سێ لایەنەش باشە و شەڕی داعشیش بەهێز و ئازایەتی پێشمەرگەی یەکێتی لەم ناوچانە کەمبۆتەوە و مەترسی گەورەی نەماوە، بەڵام ناوچەکانی پارتی مەترسی داعش و خراپی پەیوەندیەکانی لەگەڵ بەغداد و لەگەڵ پەکەکە وایکردوە کە مەترسیە سەربازیەکانی لەسەر گەورەتر بێت و پارتی لەم گەمە سیاسی و پێداگیریەیدا تەنها پشتی بە ئەردۆگان و تورکیا بەستوە کە ئەویش لە ئێستادا لەوپەڕی خراپی دۆخی سیاسی و ئابوری وسەربازیدایە.

بەم شێوەیە ئەوەی زیانی گەورەی پێدەکەوێت خودی کاك مەسعود و پارتی و بنەماڵەشە لە کۆتاییدا.

بۆیە ئەوەی پارتی گەرەکێتی و دەیەوێت بیسەپێنێت بریتیە لەوەی کە هەموان بە سەرکردە و حیزب و جەماوەریشەوە دانبنێن بە هێز و دەسەڵاتی تاکڕەوی پارتیدا و

ملکەچی بڕیار و فەرمانەکانی بن و هیچ ڕەخنە و ناکۆکی و ململانێی دیموکراسی لەگەڵ نەکەن، بەڵام پارتی ئەوەی لە بیر چوە کە ئەم قۆناغ و سەردەمە نە قۆناغی تاك حیزبیە و نە قۆناغی تاك سەرکردەیە و نەهیچ حیزب و سەرکردەیەکیش دەتوانێت دەسەڵاتی ڕەها و تاك و تەنهای هەبێت لە کوردستاندا، بەڵکو دەبێت لەپێناو بەرژەوەندی نەتەوە و نیشتیماندا و بۆ وەڵامدانەوەی هەموو ئاڵنگاریەکان و گۆڕانکاریەکانی ناوچەکە ناوماڵی کورد یەکبخرێتەوە و پەیوەندیەکان پتەوتر بکرێنەوە و ئەو خەون و خەیاڵەی کە هەموان هەمانە لە چێکردنی ڕێفراندۆم و هەنگاونان بۆ پێکەوەنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی نەکەینە بڵقی سەر ئاو و تەنها وەکو دروشم و دەسکەوتی حیزبی نەمێنێتەوە، بۆیە ئەرکی هەموانە کە هەموو توانا و وزەکان بە ئاڕاستەی یەکخستنەوەی ماڵی کورد و گەڕاندنەوەی کەرکوك و تەواوی جێگە دابڕاوەکان بێت بۆ سەر هەرێم و بەگەڕخستنەوە و کاراکردنەوەی دام و دەزگا شەرعیەکانی حومکڕانی هەرێم بێت، نەك وابەستەبوون بە سیاسەتی دەرەکی و ناوچەیی دوژمنان دژ بە بەرژەوەندیەکانی گەلەکەمان و نەتەوەکەمان لە پارچەکانی تری کوردستاندا.

*ئەم بابەتە لە سایتی وتاری کورد و پێنوسەکان وئاراستە وسنورمیدیا لە ١٥ و ٦/١٦ و ٢٠١٦/٧/٢دا بڵاوکراوەتەوە.

## بەغداد
## کورتترین ڕێگا بۆ هەرێمی کوردستان... *

• لەو ساتەوەی دەوڵەتی عێراقی نوێ دروستکرا لەساڵی ١٩٢١ دا و دواتریش ولایەتی موصڵ بەیەکجارەکی خرایە سەر ئەم دەوڵەتە لەساڵی ١٩٢٦وە ئیدی هەرێمی کوردستانی ئێستا بە زۆر و نابەدڵی کوردان بەم عێراقە سەیروسەمەرەیەوە لکێنرا و قەدەرمان لە و کاتەوە تاکو ئێستا بەسراوەتەوە بەم دەوڵەت و نەتەوەیەوە کە باڵادەستن تیایدا کە عەرەبی (( سونە و شیعەن)).

کورد لە پێناو ڕزگاربوون لەم چوارچێوە سەپێنراوەدا گەلێك هەوڵ و خەباتی کردوە هەر لە خۆپیشاندان و نارەزایەتی و ڕاپەڕینی جەماوەری و شۆڕشی چەکداری، بەڵام هەموانیان بە ئێستاشەوە نەبونەتە هۆی ڕزگاربوون و پێکەوەنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی کە خەونی لە مێژینەی هەموو تاکێکی کوردە، دیارە ئەمەش هۆکاری خۆیی و بابەتی خۆی هەیە کە بۆ کورد نەیتوانیوە دوای ١٠٠ ساڵ لە داگیر و دابەشکردنی خاك و نەتەوەکەی بەسەر چوار وڵاتی ناوچەکەدا یەك بگرێتەوە و وەکو هەموو گەلانی ناوچەکە و دونیاش ببێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی. ئەوەی زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە کورد خۆی هۆکاری سەرەکی نەگەیشتنێتی بەو ئامانج و خەونە ، سەرەڕای هەموو هۆکارە ناوچەیی و نێودەوڵەتیە سەپێنراوەکانی تر.

هەربۆیە کورد لە پێش هەمواندا دەبێت گلەیی و ڕەخنەی توند ئاراستەی خۆی بکات نەك دوژمنان،چونکە کار و ئەرکی دوژمنان نیە کە دەوڵەتی کوردیمان بۆ دروست بکەن بەڵکو ئەوە ئەرکی خۆمانە.

دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ یش کورد ئارەزوومەندانە جارێکی تر خۆی بەستەوە بەم عێراقەوە و ماوەی ٢٥ ساڵی ڕێکیشە جەور و جەفا دەکێشێتەوە بەدەست دەسەڵاتدارانی کۆن و نوێی عێراقەوە، لەساڵی ٢٠٠٣دا جارێکی تر چانسێکی گەورەتر هاتەوە بەردەم کورد لەم هەرێمەدا بۆ جیابونەوە و پێکەوەنانی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی

دوای ڕووخاندنی یەکجارەکی ڕژێمی بەعسی صدامی و تەواو لێکهەڵوەشاندنی سەرتاپای ئۆرگانەکانی دەوڵەتی عێراقی کەتەمەنی ۸۳ ساڵ بوو، بەلاّم کورد ئەم جارەشیان ئارەزوومەندانە خۆی خستەوە باوەشی عێراق و خۆی خستەوە چوارچێوەی سنورە دەستکردەکانی ئەم ولاّتە و تراجیدیاکانی کۆن و نوێی سەر لەونوێ هێنایەوە بیر و کەڵك و سوود و پەندی لە ڕابووردووی تاریك و خوێناوی وەرنەگرت.

لەئێستاشدا و ماوەی چەند ساڵێکە بیرمان کەوتۆتەوە کە دەبێت دەوڵەتی سەربەخۆمان هەبێت و باس لە ڕیفراندۆم دەکەین بۆ یەکلایکردنەوەی ئەو مەسەلە چارەنوسساز و زۆر هەستیارە. ئەمە لەکاتێکدایە کە ناوچەکە بەگشتی و عێراقیش بۆ خۆی بەئاڕاستەی گۆڕانکاری گەورە و چاوەڕواننەکراون و هیچ کەس ناتوانێت پێشبینی ئایندەیەکی ڕوون و گەش بکات، بەهۆی شەڕی داعش و مەترسیەکانی و هاتنە ناوەوەی زلهێزەکانی دونیا بۆ ناوچەکە بەوپەڕی هێزی سەربازیانەوە کە هیچ کام لەولاّتانی ناوچەکە بەگەورە و بچوکیانەوە ناتوانن ڕێگایان لێبگرن جا چ جای کوردی هەژار و بێ دەوڵەت و بێ سەرکردەی کاریزما  کە هیچ لایەن و دەوڵەتێك دۆستی ڕاستەقینەی کورد نین و تائێستاش بە ئاشکرا و بەنهێنی دژی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆن.

ئاشکرایە کە کورد و سەرکردایەتیەکەی هەڵەگەلێکی زۆریان لە ڕابووردوودا کردوە بەلاّم لە ئێستادا هەڵەیەکی زۆر زەقی سەرکردایەتی کورد لەم هەرێمەدا ئەوەیە کە بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی و چێکردنی پڕۆسەی ڕاپرسی و ڕیفراندۆم و وەرگرتنی ڕای جەماوەر و شەقام کە تاچەند پشتگیری و پشتیوانی ئەو بڕیارە چارەنووسسازن، هیچ کات بیریان لەوە نەکردۆتەوە کە یەکەم لایەن کە دەبێت گفتوگۆی لەگەڵدابکەن بۆ سەرگرتنی ئەو نیەت و بەرنامە و پڕۆسەیە، ئەویش دەسەلاّتدارانی بەغدادن، کورد لەم هەرێمەدا لەگەڵ دەرودراوسێ و ولاّتانی دونیاش بەبچوك و گەورەوە باسوخواسی ئەم مەسەلەیەی کردوە بەلاّم تاکو ئێستا بە ڕاشکاوی و بوێریەوە ئەم بابەتەی لەگەڵ بەغدادا نەکردوە، کە مەنتیق و واقع وا دەسەپێنێت کە کورد لەگەڵ بەغدادی پایتەختی دەوڵەتی عێراقی کە لە ئێستادا ۹٦ ساڵە قەدەر پێکەوەی لکاندوین گفتوگۆبکات و ڕێکەوتن و لێکتێگەیشتن هەبێت لە نێوانیاندا و پێکەوە ئەم پڕۆسەیە بەرنە پێشەوە بە ئاشتیانە و دوور لەشەڕ و خوێنڕشتن و دوژمنایەتی، بەلاّم کورد ئەمەی نەکردوە و ڕێگاکەی لەخۆی و بەغدادیش درێژکردۆتەوە بەوەی ڕوویکردۆتە پایتەختی ولاّتانی ناوچەکە و پشتی کردۆتە بەغداد و ئەو ڕاستیەی لە

بیر کردوە کە کورتترین ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکانی خاك و سەروەت و سامانی سروشتی وسنور و جوگرافیا و داهات و دەرامەت و دانیشتوان کە هەموویان مەسەلە گەلێکی ئاڵۆز و گرنگن بریتیە لە ڕێگای بەغداد نەك پایتەخت و وڵاتانی ناوچەکە و دونیا.

کورد (( لەگەڵ جیاوازی نێوانیان))دەبێت لە ئەزمونی باشووری سودانەوە کەڵك وەربگرێت و بە ئاشتیانە لەگەڵ ناوەندی وڵاتەکەی خۆیدا ئەو مەسەلەیە یەکلا بکاتەوە و بەغدادیش پێویستی بەسەرکردەیەکی بوێری وەکو عومەر حەسن بەشیر هەیە کە سەرەڕای گرژی و ئاڵۆزی و دژایەتیکردنی زۆری گەلانی باکوری سوودان بۆ ئەو جیابونەوەیە بەڵام ئەو وەك سەرکردەیەکی بوێر بڕیاری خۆی دا و باشووری سودانی جیاکردەوە و یەکەم سەرۆك وڵاتیش بوو کە دانی بەسەربەخۆیی باشوری سوداندا نا و کۆتا سەرۆکی وڵاتی سودانیش بوو کە سەردانی ماڵئاوایی لە باشووری سودان کردو بەم کارەشی شەڕ و جەنگێکی ماڵوێرانکەری زیاد لە ٢٥ ساڵەی ئەو وڵاتەی کۆتایی پێهێنا. بۆیە لە بەغدادیش پێویستمان بە سەرکردەیەکی بوێری شیعە مەزهەبی باڵادەست هەیە کە ئەو بڕیارە بدات.

ئەوەی ماوەتەوە وەستاوەتە سەر هەڵوێست و بڕیاری کۆتایی کورد کە تاچەند لەسەر ئاستی سەرکردە و حیزبە سیاسیەکان و جەماوەری گەلەکەشمان ئامادەن بۆ بڕیاردانی کۆتایی لەو مەسەلەیەدا و تاچەند دەتوانن بەرەنگاری مەترسی و پێشهاتە چاوەڕواننەکراوەکان بکەن و تاچەند دەتوانن مقاوەمەت و بەرگری ڕەوا بکەن لەسەربەخۆیی و دەوڵەتی ڕاگەیانراوی کوردی.

ئەوەی لەئێستادا لەسەر زەمینەی واقع دەبینرێت هیچ دڵخۆشکەر نیە و هیچ ئامادەسازیەکیش نابینرێت، چونکە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی پێویستی بەکار و ئامادەسازی سیاسی و ئابوری و سەربازی و کۆمەڵایەتی و پەیوەندیە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکان هەیە و کاری گەرموگوڕ و پێکەوەیی و تەبایی و یەك و یەکگرتوویی ڕیزەکان هەیە. نەك وەك ئێستا کە تەواوی ئۆرگانەکانی ئەم دەسەڵاتە کوردیە پەکخراون و ئاکتیڤ نین هەر لە پەڕلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت و دەسەڵاتی دادوەریش.لەسەر ئاستی سەرکردە و حیزبەکانیش هیچ کات هێندەی ئەم قۆناغە لێك دوورنین و ناحەز و ناتەبانین، لەسەر ئاستی جەماوەریش دابەشبونەتە سەر ڕاوبۆچوونی حیزب و سەرکردە سیەیاکان و لە ئێستادا کۆدەنگیەکی نیشتیمانی و نەتەوەیش هەست

پێناکرێت لەسەر  ئەو بابەتە، ئیدی چۆن و بە چ ڕێگایەك دەوڵەتی سەربەخۆ ڕادەگەیەنرێت؟ بۆیە بەداخەوە هێندەی بەرزکردنەوەی ئەو بابەتە وەك دروشمێك و دەسکەوتێکی حیزبی و بۆ تێپەڕاندنی کات و گێژداخکردنی جەماوەر دەبینرێت نیو هێندە وەك  ئەرکێکی مێژویی و نەتەوەیی و وەدیهێنانی خەونە مێژوویەکەمان نابینرێت.

بۆیە هەنگاوی دەسپێك و یەکلاکەرەوە لەناوخۆی ماڵی کورد دەبێت لەهەرێمدا و دواتریش لەگەڵ بەغداد ئەو مەسەلەیە یەکلا دەکرێتەوە، چونکە گەر بەغداد ڕازی نەبێت  و پشتیوانی ئایندەی ئەو دەوڵەتە نەکات ئەوا کاریگەری گەورە و خراپی دەبێت لەسەر دۆستایەتی و دراوسێیەتی باشی نێوانمان، بۆیە ئەرکی سەرکردایەتی کوردە گەر ئەو مەسەلەیەی بە جدی وەرگرتوە و کاری بۆ دەکات تەنها ڕێگا کورت و چارەنوسساز و ڕاست و ڕاستەقینەکە هەڵببژێرێت و بیگرێتە بەر کە ئەویش ڕێگای بەغدادە چیدی ئەو مەسەلە نەتەوەییە نەکاتە قوربانی ململانێی ناوخۆیی و حیزبی  ولە پێناو دەسکەوت و پۆستی بچوکی حیزبی و کەسیدا نەیگۆڕێتەوە و سازشی لەسەر نەکات. خۆشبەختانە قۆناغەکەش تاڕادەیەکی زۆر لەبارە چونکە هەردوولا لە ڕووی  هێز و هاوسەنگی هێزەکان و توانای مادی و مەعنەوی و مەترسی و هەڕەشەکان و ناجێگیری دۆخی ئەمنی و سەربازی و جوگرافیا و هەژمونەوە ...هتد.وە لەیەکەوە نزیکن و هەریەکەیان توانا و دەسەلاْت و ئابوری و جوگرافیای خۆیان باش دەزانن و دەناسن و دەتوانن زووتر لەهەموو کات لەیەکتر تێبگەن، بۆیە هەق وایە کورد ئەم هەلەش وەك چانسەکانی تر لە کیس خۆی نەدات و خۆی نەداتەوە دەست قەدەرێکی نادیار و چاوەڕوانی هەلی لەمە باشتر نەکات کە بۆی بێتە پێشەوە.

---

*ئەم بابەتە لە سایتی وتاری کورد و مەکتەب ڕێکخستن و پێنوسەکان وئاراستە وخەندان و سپی میدیا و سنور میدیا لە ٧ و ٢٠١٦/٩/٩ و چاودێر ژمارە ٥٧٨ لە ٩/٥ و کوردستانی نوێ ژمارە ٧٠٧٠ لە ٢٠١٦/٩/٢٠دا بڵاوکراوەتەوە.

# گرنگی و کاریگەری ڕزگارکردنەوەی موصڵ بۆ کورد ... *

- ٢ساڵی تەواوە کەوا پارێزگای موصڵ بەشێوەیەکی گشتی و بەتایبەتیش ناو شاری موصڵ کەوتۆتە ژێر دەستی چەتەکانی داعشەوە و لەو ماوەیەشدا دەیان کارەساتی مرۆیی جەرگبڕ لەسەر دەستی داعشدا دژ بە دانیشتوانی سیڤلی ئەو ناوچانە ئەنجامدراون هەر لە کوشتن و گرتن و ڕاوەدوونان و بەدیلگرتن و بێسەروشوێنکردن و هەڵگرتنی کچان و ژنان و فرۆشتنەوەیان وەك بەندە و سەبایا. کوشتوبڕین و دڕندەیی مامەڵەی داعش لەگەڵ دانیشتوانی ئەو ناوچانەدا بێ جیاوازی بوە لە نەتەوە و ئاین و مەزهەبدا و هەموان وەکو یەك ڕووبەڕووی مەرگ بونەتەوە وماڵوحاڵیان کاولکراوە و بەزۆرەملێ و لەترسی گیانی خۆیان گوند و شار و شارۆچکەکانیان چۆڵکردوە و ئاوارەی هەرێمی کوردستان و تورکیا و ولاَتانی تری ناوچەکە بوون.
- موصڵ چ وەك شار و چ وەك پارێزگاش گرنگی و کاریگەری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و سەربازی خۆی هەیە لەسەر هەرێمی کوردستان و تەواوی عێراقیش، چونکە پارێزگای موصڵ سێیەم شاری گەورەی عێراقە لەدوای بەغداد و بەسرەوە لە ژمارەی دانیشتوان و گەورەیی جوگرافیاو دەوڵەمەندی لە سامانەسروشتیەکانی و کشتوکاڵ و مەڕوماڵتدا و کەوتوشەتە سەرسنوری هەرسێ ولاَتی عێراق و سوریا و تورکیا و شارێکی دێرین و مێژوویە و لەڕووی کۆمەلاَیەتیشەوە تێکەڵەیەکە لەنەتەوەی کورد و عەرەب وتورکمان و ئاینەکانی ئیسلام و مەسیحی و یەهودی و مەزهەبەکانی شیعە و سونە و ئێزیدی و کاکەیی و شەبەك و ئاشوری و کلدان و..هتد.
- بەهاتنی داعش و داگیرکردنی موصڵ و شەنگال و خازەر و بەعشیقە و...هتد. تەواوی ئەو تێکەلاَوی و تانوپۆیە کۆمەلاَیەتی و سیاسی و ئابوری و سەربازیانەی تێکداو لە شارێکی برایەتی و پێکەوەژیان و دەوڵەمەند و زیندوو کاریگەرەوە کردیە شارێکی خامۆش و وێرانە و دوژمن بەیەکتری، داعش بۆخۆی بەلاَیەکی ترسێنەر و تۆقێنەرە لەهەر جێگەیەکدا بێت و هیچ کات بڕوای بە مافەکانی مرۆڤ و ژنان و ئازادی و دیموکراسی نیە و

تە نها بیر لە جێبەجێکردنی پیلانی ئەو وڵات و دەزگا جاسوسیانە دەکاتەوە کە هانی دەدەن و هاوکاری و پشتیوانی مادی و مەعنەوی دەکەن، ئاشکراشە کە وڵاتانی ناوچەکە لە تورکیا و ئێران و سعودیە و قەتەر و ...هتد.هەریەکە بەشێوەیەك و لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا هانی داعشیان داوە و پیلان و مەرامەکانی خۆیان پێ جێبەجێکردوە لەسەر حسابی گەلانی بەش مەینەتی عێراق و سوریا کە بونەتە دوو گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ململانێ ناوچەیی ونێودەوڵەتیەکانیش. بەهەمان شێوە دەزگا جاسوسیەکانی زلهێزەکانیش لە ئەمریکا و ڕوسیا و فەڕەنسا و بەریتانیاو ...هتد.دەستیان هەبوە لەگەشەکردن و دروستبونی داعش و هاوشێوەکانی تری لە قاعیدە و جەبهەی نوسرە و ئەوانی تریشدا. خۆشبەختانە داعش چەندە دوژمنی گەلانی ناوچەکە بوە و بۆتە مۆتەکە و ملۆزمیان بەهەمان شێوەش لە ئێستادا و دوای کۆچکردنی زیاد لە ٣ ملیۆن کەس لە سوریا و عێراقەوە بۆ ئەوروپا و ئەمریکا و ئوستوڕالیاو ..هتد. شانە نوستوەکانی داعش گوازرانەوە بۆ ناوجەرگەی ئەو وڵاتانە و ئێستا بۆخۆیان کەوتونەتە بەر مەترسی داعشەوە و ئەو زنجیرە تەقینەوە خۆکوژیانەی کە ڕوویاندا لە هەریەکە لە بەلچیکا و فەڕەنسا و ئەڵمانیا و بەریتانیا و ئەمریکادا نمونەی زیندوو بوون و کاریگەری داعشن لەولاتانەدا.

- ئەو وڵاتەی کە زۆر هاوکاری و یارمەتی داعشی دەدا بە ئاشکرا و بەنهێنی بریتی بوو لە تورکیای ئەردۆگان کە تائێستاش بەجدی کاردەکات بۆ گەشەکردن و بەردەوامبوونی داعش ،تەنهاو تەنهاش لە پێناو وەستانەوەیەتی دژ بە خواست و ویست و مافە ڕەواکانی کورد لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستاندا، تورکیا ڕۆڵێکی زۆر خراپ دەگێڕێت لەو نێوەندا و گەرەکێتی بەهەر شێوەیەك بوە کورد نەگاتە سەرکەوتن و خواست و ئاواتەکانی لە پێکەوەنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیدا لەهیچ پارچەیەکی کوردستانی گەورەداو لەو پێناوەشدا بە ئاشکرا و بێ سڵەمینەوە و ڕاستەوخۆ بە سوپا بەشداری ئەو دژایەتی و پیلانە دەکات لە ڕۆژئاوای کوردستان بە داگیرکردنی جەڕابولس لە ٢٠١٦/٨/٢٤ و لە باشووریشدا و زیاد لە ٣ هەزار سوپا و چەك و تەقەمەنی و زرێپۆشی هێناوەتە باشوری کوردستان هەر لەساڵی ١٩٩٦ وە و تاکو ئێستاش لەناچەی بادینان لە بامەڕنێ و بەعشیقە جێگیرکردوون بۆئەوەی لەکاتی پێویسدا بوونی هەبێت و هەژموون و

دەسەڵاتی خۆی و پیلانەکانی بسەپێنێت و بەشی خۆی هەبێت لەدەسکەوت و قازانجی دوای شەڕەکاندا و پارێزگاریش لە ئەمنی نەتەوەیی و سنورەکانی خۆی بکات.

- لە ئێستادا هەموو هەوڵەکان بۆ ڕزگارکردنی موصڵ خراونەتە گەڕ بەسەرکردایەتی ئەمریکا و هێزە هاوپەیمانەکان و جموجۆڵ و کۆبونەوەی هەمئاهەنگی بەردەوام هەیە لە نێوان ئەمریکیەکان و سەرانی عێراق و هەرێمی کوردستانیشدا، چونکە گرتنەوە و ڕزگارکردنی شاری موصڵ هێندە ئاسان و سانانیە و ناشبێت چونکە داعش لەدوای شاری ڕەقەوە لە سوریا موصڵی وەکو پایتەختی دووەمی خۆی حسابکردوە و زۆرینەی هێز و دەسەڵاتەکانیشی تیادا کۆکردۆتەوە.
- هەربۆیە ڕزگارکردنی موصڵ هەمئاهەنگی گەرموگوڕ و ووردی لەنێوان هەمواندا گەرەکە،لە ئێستادا ئەو هێزانەی بونیان هەیە لەسەر زەوی موصڵ و پارێزگاکە بریتین لە سوپای عێراق و حەشدی سونی و حەشدی شەعبی شیعەی عێراق لەلایەك و هێزە هاوپەیمانەکان لەلایەکی ترەوە و لەلای سێهەمیشەوە هێزی پیشمەرگەی کوردستان و هێزی چەکدارانی ئێزیدی  کە لەدوای داگیرکردنی شەنگالەوە و جینۆسایدکردنی ئێزیدیانەوە دامەزراوە و مەسیحیەکان و هەروەها هێزی گەریلای پەکەکەش بونیان هەیە، بۆیە کارێکی ئاسان نیە کە هەموان پێکەوە ڕێکبکەون لەسەر پلانەکانی ڕزگارکردن و هەموانیش بەمافی خۆیان دەزانن کە بەشداربن چونکە هەموانیان ماوەی ٢ ساڵە بەرگری و مقاوەمەتێکی گەورەیان نواندوە لە ڕزگارکردنی شەنگال و ناوچەکانی تردا و تەواوی بەرەکانی جەنگەکەدا و قوربانی بێوێنەیان پێشکەشکردوە، بۆیە ناکرێت هیچ لایەك بکرێتە دەرەوەی بازنەکە و حسابی بۆ نەکرێت، بە تایبەتیش هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە ڕۆڵێکی گەورەو و بەرچاوی بینیوە لە ڕزگارکردنەوەی زۆر جێگەدا و بەدەستهێنانی سەرکەوتنە بەردەوامەکان لەتەواوی بەرەکانی جەنگدا، هەر لەو پێناوەشدا ئەمریکا و هەرێم ڕێکەوتنێکی سەربازیان واژۆکرد بۆ هاوکاری و یارمەتیدانی مادی هێزی پێشمەرگە لە پێناو بەشدارکردنیدا لە پڕۆسەی ڕزگارکردنەوەی موصڵدا.کەهەرچەندە ئەوەیان سەپاندوە کە نابێت بچنە ناو شاری موصڵەوە و لەدوای پڕۆسەی ڕزگارکردنەکەش دەبێت بکشێنەوە کە ئەمە بۆخۆی مانایەکی نابەجێ دەگەینێت بۆ ڕۆڵ و قوربانیەکانی پێشمەرگە وکورد و لەم ڕێگەیەوە گەرەکیانە کە ڕێگە لە کورد بگرن لە گێڕانەوەی خاکی مێژوویی کوردستان بۆسەر هەرێمی کوردستان.

- تورکیاش بەهەمان شێوە گەرەکێتی بەشداربێت و بەشی هەبێت لە غەنیمەکانی دوای ڕزگارکردندا هەروەك چۆن ماوەی ٢ ساڵە بە ئاشکرا و بەنهێنی لەگەڵ داعش و هێزێکی کوردی باشووردا بەشدارن لە بەتاڵانبردنی نەوت و غازی سروشتی کێڵگە نەوتیەکانی زومار و عەینزالەو ..هتد.
- ڕزگارکردنی موصڵ بۆ هەرێمی کوردستان و عێراقیش گەلێك گرنگ و کاریگەرە و دەبێتە هۆی دەرکردنی داعش لە تەواوی عێراق و بچوکردنەوە و نەمانی بۆ هەتاهەتاییە و لاوازبوونی بەشێوەیەکی بەرچاو و بەرتەسککردنەوەی جوگرافیای چالاکی و دەسەڵاتەکانێتی و دۆخی سیاسی و ئابوری و سەربازی لە هەرێم و عێراقیشدا تاڕادەیەکی باش جێگیر و ئاسایی دەبێتەوە و ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەکانیش دەگەڕێنەوە و خەرجی گەورە و گران لە ئەستۆی هەرێم و عێراق کەمدەبێتەوە و داهاتی نەوت و غازی سروشتی ئەو ناوچانەش دەگەڕێنەوە بۆ عێراق و کاریگەری ئابوری باشی دەبێت بۆ ئایندە و لەگەڵ بەشی ڕۆژئاوای کوردستانیشدا دەروازەی زیاتر دەکرێتەوە و دەتوانرێت هاوکاری مادی و مەعنەوی ئەو بەشەش بکرێت و لەلایەکی تریشەوە هیچ بیانویەك بۆ تورکیا نامێنێتەوە کە ئەو هێزانەی هانیویەتیە ناو خاکی کوردستان و عێراقەوە بمێنێتەوە. بەڵام ئەو ڕاستیەش لەبیر نەکەین بە ڕزگارکردنەوەی موصڵ هێز و توانا و مەترسیەکانی سوپا و حەشدەکانی سونە و شیعە بۆ ناوچە کوردیەکانی هەرێم زیاتر دەبێت و مامەڵە و گوتار و کرداری بەغدادیش لەگەڵ هەرێمدا بەو نەرمیەی ئێستا نامێنێتەوە.
- هەربۆیە سیناریۆکانی دوای ڕزگارکردنەوەی موصڵیش بەهێندەی ئێستا ئاڵۆز و تێکچڕژاون و بەرژەوەندیەکانی زلهێزەکان و وڵاتانی ناوچەکە و ئاین و مەزهەبەکانیش زیاتر توند دەبنەوە و هەریەکەیان هەوڵی پاراستنی بون و بەرژەوەندیەکانی ئێستا و ئایندەی خۆی دەدات.بۆیە دەبێت سەرکردایەتی کوردیش زۆر ووردبین و دووربین بێت و هاوهەڵوێست و یەك و یەکگرتوو بێت و دوور بکەوێتەوە لە خۆخۆری و ناتەبایی و دوژمنایەتی یەکتر کردن،چونکە ئیدی مەترسیەکان دێنە بەردەرکی ماڵی کورد و بواری بیرکردنەوە و نەخشەدانان نامێنێتەوە گەر لەئێستاوە نەکەونە خۆ بۆ پتەوکردنەوە و ڕێکخستنەوەی نێوماڵی کورد بە تایبەتی لە باشوور و دواتریش لەگەڵ ڕۆژئاوا و باکوردا لەم قۆناغەدا.

---

*ئەم بابەتە لە سایتی وتاری کورد و سبەی ومەکتەب ڕێکخستن و پێنوسەکان وئاڕاستە وخەندان و سپی میدیا و سنور میدیا لە ٢٠ و٢٠١٦/٩/٢١ و چاودێر ژمارە ٥٧٩ لە ٩/١٩ و کوردستانی نوێ ژمارە ٧٠٨٣ لە ٢٠١٦/١٠/٥ و هەواڵ ژمارە ٦٨١ لە ٢٠١٦/٩/٢٤دا بڵاوکراوەتەوە.

# ناڕەزایی جەماوەر و بێ باکی دەسەڵات تاکەی ؟*

- زیاد لە ٢ ساڵە ئەم هەرێمە و جەماوەری میلەتەکەمان لە تەنگژەیەکی دارایی توند و ناجێگیریەکی سیاسی و سەربازی مەترسیداردا ژیان دەگوزەرێنن،هەربۆیەش جەماوەر دوای بەرگریکردن و خۆڕاگرتن و پێنان بەسەر خۆشی و خۆشگوزەرانیەکانیاندا و لە خەمخۆری و دڵسۆزیانەوە بۆ کورد و کوردستان پشووی شۆڕشگێڕیان نواندوە و ئەم بێباکی و خەمساردیەی دەسەڵاتیان بەهەند وەرنەگرتوە ،چونکە لەلایەك مەترسی داعش و داگیرکردنی کوردستانیان لەبەرچاوگرتوە و لەلایەکی تریشەوە ئەو ڕاستییەیان لەبیر نەکردوە کە ئەم قەیرانە سیاسی و دارایی و سەربازیانە بەتەنها بەرۆکی هەرێمەکەمانی نەگرتوە و بەڵکو ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەگشتی و عێراق و سوریا بەکوردستانیشەوەی گرتۆتەوە. هەربۆیە دانیان بەخۆدا گرتوە و بێدەنگیەکی تووڕەیان لەناخیاندا حەشارداوە، بەڵام وەك دەڵێن سەبر و پشووگرتنیش سنوری خۆی هەیە، بۆیە لە ئێستادا جەماوەری گەلەکەمان کە زۆرێك لەڕاستیەکانیان بۆ دەرکەوتوە و مەترسی داعشیش بەو گەورەییەی لە پێشدا نەماوە، بۆیە ئیدی لەم دەسەڵاتەی قبوڵ ناکەن کە بە ئارەزووی سەرکردەیەك یان حیزبێك یان بنەماڵەیەك یاری بە چارەنوسی خۆیان و نەوەکانی داهاتوشیان بکرێت و هەموان پێکەوە لەسەر کۆمەڵە خاڵێك ڕێکەوتوون کە ئەم قەیران و ناجێگریەی هەرێم لە ئەنجامی کار و کردەوە و گوتاری نا بەرپرسیارانە و گەمژانەی ئەم دەسەڵاتە هاتونەتە ئاراوەو،هیچ ئیرادەیەکی ڕاستەقینە و ڕاستگۆیانەشیان نیە بۆ چارەسەر: لەو هۆکارانەی کە بونەتە تووڕەبون و زویربوونی جەماوەر و دەستیان داوەتە خۆپیشاندان و ناڕەزایدەربڕین بریتین لە:
- سیاسەتە هەڵەکانی دەسەڵات لەمەڕ کێشە سیاسی و ئابوری و سەربازی و کۆمەڵایەتیەکانی هەرێم.
- قۆرخکردن و پاوانکردنی دەسەڵات لەلایەن حیزب و سەرکردە و بنەماڵەیەکەوە و دەستگرتنیان بەسەر تەواوی جومگەکانی حوکمڕانی هەرێمدا.

- ناشەفافیەت لە داهات و خەرجی و بەتایبەتیش داهاتی نەوت و فرۆشتنی و بەتالاّنبردنی بۆ خزمەتی دەستەبژێرێکی دەسەلاّت و داگیرکارانی کوردستان نەك جەماوەر.
- بوونی گەندەڵی و بەردەوامی بەدرێژایی ٢٥ ساڵی ڕابووردوو و پێشێلکردنی مافەکانی تاك و کۆمەڵی گەلەکەمان و نەبوونی عەدالەت و دیموکراسیەت و پێشێلکردنی ئازادیەکان.
- هەڵگەڕانەوە و کودەتا کردن بەسەر شەرعیەتی پەڕلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم و شەلەل خستنە ناو حکومەت و بێکارکردنی دەزگای دادوەریش.
- بەبەرنامە دروستکردن و خوڵقاندنی کێشە و قەیرانەکان بۆ ئەوەی جەماوەر سەرقاڵی حاڵ و بژێوی خۆیان بن و نەپەرژێنە سەر کەمکوڕی و گەندەڵیەکانی دەسەلاّت.
- بەڕێوەبردنی وڵات لەسەر مەزاج و سۆزی کەسەکان و بە عەقڵیەتی شاخ و عەشرەت و بنەماڵە نەك بە عەقڵیەتی ئیدارەیەکی ڕەشید و سەرکەوتووی بەپلان و ڕاوێژ و کارکردن بە یاسا و هەوڵدان بۆ بە دامەزراوەیکردنی حوکمڕانی ئەم هەرێمە.
- پەنابردنی دەسەلاّت بۆ سیاسەتی ترس و تۆقاندن و ڕاوەدوونان و گرتن و کوشتنی تاکەکانی کۆمەڵگا و هەوڵی نانبڕین و برسیکردنیان کە ئەم دووکارە دوژمنانیش هەمیشە پەنایان بۆ بردوون.

هەربۆیە جەماوەری گەلەکەمان لە پای ئەم هەموو بێڕێزی و گەندەڵی و ناعەدالەتیەدا هاتونەتە دەنگ  وەك مافێکی زۆر سروشتی خۆیان و داوای مووچە و خۆشگوزەرانی و لانی کەمی ژیان دەکەن و دەیانەوێت وڵات ئاوەدان و پێشکەوتوو بێت نەك گەڕانەوە بۆ دواوە و کاولکاری لە ئەنجامی نەمانی پڕۆژە و خزمەتگوزاریەکاندا.ئەم قەیرانە داراییە و ئەم ناجێگیرە سیاسیە بونەتە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگای کوردەواری ببێتە کۆمەڵگایەکی برسی و نەخۆش و دواکەوتوو و هەژار کە ڕێژەکەی لەهەرێمدا گەیشتۆتە ١٤٪ و زیادبوونی تاوانەکانی کوشتن و دزیکردن و لەشفرۆشی و ..هتد. و بلاّوبونەوەی نەخۆشیە کوشندە و دەرونیەکان . کە گەر بەم شێوەیە دۆخەکان بەردەوام بێت ئەوا ئەم خۆپیشاندانە هێمن و ئاشتی و شارستانیانەی کە لە ٢٠١٦/٩/٢٧دا سازکرا دوورنیە بگۆڕدرێن بۆ کار و کردەوەی توندوتیژی و سەقفی داواکاریەکانیش بەرزببنەوە بۆ هەڵوەشاندەوەی حکومەت و تەنانەت گۆڕینیشیان بە هێز و بازوی جەماوەر.

بەداخەوە لە ئێستادا بەهۆی زاڵبون و تۆخبونەوەی هەیمەنە و هەژموونی سەرکردە و حیزب و باڵادەستیان لەناوچە جیاوازەکاندا و پەنا بردن و دەستگرتن بە شەرعیەتی شۆڕشگێڕی دوور لە شەرعیەتی دەنگدان و هەڵبژاردن و جەماوەر، ئیرادەی جەماوەریش کەرت و پەرت کراوە و یەك و یەکگرتوویی لەکار و گوتار و هەڵسوکەوتیاندا نەماوە و بە کردارەکی هەرێمیان دابەشکردۆتە نەك بۆ دوو کەرت بەڵکو بۆ چەندین کەرت و ناوچەی نفوزی حیزب و سەرکردەکان، هەموو ئەم هەوڵانەشیان بۆ دەستبەسەراگرتنی زیاتری قوت و نان و نەوت و داهاتی ئەم هەرێمەیە بۆ خۆیان نەك بۆ جەماوەر.

ئەم دەسەڵاتە جیاواز لەهەموو دەسەڵاتەکانی دونیا و لەکارێکی بێوینە و زۆر دەگمەندا و بەبەرنامە و بەبێ هۆکارێکی دیار دەستی داوەتە توڕەکردنی جەماوەری گەلەکەمان و زۆر بێباکانەش مامەڵە لەگەڵ داواکاریە ڕەواکانیاندا دەکات، وەك ئەوەی لە بیری چووبێتەوە یان حساب بۆ ئیرادەی گەل نەکات و نەزانێت کە تەنها جەماوەر سەرچاوەی ڕەوایی و شەرعیەتی دەسەڵاتەکانیانەو هەرکات توڕەبوونی جەماوەر گەیشتە تروپك و لوتکەی ئەوا زۆر بێ بەزەییانە تۆڵەی هەموو تاوان و پێشلکردنەکان و بێڕێزیەکانیان لێوەردەگرێتەوە و دەیانکاتە پەندی زەمانە و توڕیان هەڵدەدات بەرەو زبڵدانی مێژوو.

بۆیە هەق وایە ئەم دەسەڵاتە زۆر بەجدی و گەرموگوڕیەوە هەر لە ئێستاوە هەوڵ بدات بۆ چارەسەر و گەڕان بەدوای دەرچە و دۆزینەوەی ڕێگای دەربازبوون لەم هەموو کێشە و قەیرانانە و هەوڵی هێورکردنەوە و ڕازیکردنی جەماوەر بدات، ئاشکراشە ڕێگای چارەسەر هەمیشە کراوە و ڕوون و ئاشکرایە گەر نیەتێکی ڕاستەقینە و ڕاستگۆیانە هەبێت و بویسترێت کار و کردەوەکان بە ڕاستەقینە مەیسەر بکرێن، بۆ چارەسەری ئەم قەیرانانەی هەرێم دەکرێت ئەم هەنگاوانە بنرێن:

- دەستکردن بە پرۆسەیەکی ئاشتەوایی سەرتاسەری لە کوردستان و عێراق و ناوچەکە،چونکە کێشە و گرفتەکانمان تەنها لەناوخۆ نەوەستاوە و بەڵکو پەیوەندیە عێراقی و ناوچەییەکانیشمانی گرتۆتەوە.
- توندوتۆڵکردنەوەی پەیوەندیەکان لەنێوان سەرکردە و پارتە سیاسیەکانی هەرێم و تەنانەت کوردستانی گەورەش لە ڕۆژئاوا و باکور و ڕۆژهەڵاتیش. و چێکردنی کۆدەنگیەکی نیشتیمانی و نەتەوەیی.

- گەڕانەوەی دامودەزگا شەرعیەکانی هەرێم بۆ باری ئاسایی خۆیان و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەڕێگای یاسا و ڕێزگرتن لەئیرادەی گەلەکەمان.
- هەوڵدانی جدی و پێکەوەیی بۆ دۆزینەوەی خێراترین چارەسەر و کورتترین ڕێگا بۆ کێشە و قەیرانی دارایی ودابینکردنی مووچەی فەرمانبەران، کە ئەمەش تەنها بە گەڕانەوە بۆ بەغداد و ئاسایکردنەوەی پەیوەندیەکان و دروستکردنەوەی متمانەی نێوان هەردوولا و ڕێزگرتنی ڕێکەوتنەکان دەبێت.
- دوورکەوتنەوە لە گیانی خۆبەزلزانین و غرور و کبریائی ناپێویست ،چونکە حوکمڕانی میلەتێك مەسەلەیەکی کەسی و حیزبی و بنەماڵەیی نیە، و ئەو ڕاستیەش دەبێت لە بیر نەکرێت کە ئیدارە و دەسەڵاتی ئەم هەرێمە بەتەنها بە سەرکردە و حیزبێکی سیاسی نابرێت بەڕێوە و ئیدارە نادرێت و ئەزموونی چەند ساڵی ڕابووردرووش ئەو ڕاستییەیان سەلماندوە، ودەبێت هەموان شەریکێکی ڕاستەقینە بن نەك کارتۆنی بەبچوك و گەورەوە و هەموانیش پەرۆشی و خەمۆخۆریان تەنها بۆ گەل و نیشتیمان بێت و هەوڵی تۆخکردنەوەی متمانەی نێوان سەرکردە و پارتەسیاسیەکان و جەماوەر و ئینتیما بۆ گەل و نیشتیمان بدەن.

بەبێ ئەم هەنگاو و کار و کردەوانە مەحاڵە بتوانرێت کێشە و قەیرانەکانی هەرێم چارەسەر بکرێن و نابێت چیدی دەسەلات بێ باکانە بڕوانێتە کێشەکان و داواکاریەکانی جەماوەر ، و هەرکاتیش دەسەلات گەیشتە ئەو باوەڕەی کە ناتوانێت هەرێم بەڕێوە ببات بەم پێکهاتەو سیاستەوە پێویستە بیر لە دەستلەکارکێشانەوە بکاتەوەو ڕێگا خۆش بکات بۆ پێکەوەنانی حکومەتێکی (( ڕزگاری نیشتیمانی )) لە جیاتی (( حکومەتی بنکە فراوانی نیشتیمانی)) کە لە ئێستادا فەشەلی هێناوە و نەیتوانی تەنها ٢ ساڵ پێکەوە کار بکەن، بەم کارەش هەنگاوێکی خەمخۆرانە دەنێت و لانی کەم تاوانەکانی سەر ئەستۆی کەمتر دەبێتەوە و وەك داننان وایە بەهەڵەدا کە بۆ خۆی (( داننان بەهەڵەدا گەورەییە)).

چونکە گۆڕانکاریەکانی ناوچەکە و دونیا زۆر خێران و هیچیشیان لەبەرژەوەندی کورددا نین گەر کورد نێوماڵی خۆی پتەو نەکات و یەکڕیزی خۆی گرنگی پێنەدات . بۆیە مەترسیەکان لەدوای ڕزگارکردنەوەی موصڵ و چارەسەری کێشەکانی سوریا هەموانیان ڕوودەکەنەوە کورد، بۆیە ئەم دەسەلاتەی هەرێم ئەرکێکی مێژووی و گەورەی لە ئەستۆدایە لە پێش بەشەکانی ترەوە، بۆیە دەبێت هەردوو جەمسەرەکەی دەسەلات و حوکمڕانی لە ((جەماوەر و دەسەلات )) پێکەوە کاربکەن و تەبا و متمانەپێکەری یەکتر بن و نابێت هیچ کامیان ئەویتر پشتگوێ بخات ،بەپێچەوانەوە ئەوەی کەهەشمانە لەدەستمان دەچێت و ئەوکاتیش مێژوو و نەوەکانی داهاتوومان بەزەیی بەکەسدا نایەتەوە.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی وتاری کورد و خەندان و ئاراستە و مەکتەب ڕێکخستن لە ٢٠١٦/١٠/٤ و چاودێر ژمارە ٥٨١ لە٢٠١٦/١٠/٣ و هەواڵ ژمارە ٦٨٣ لە ٢٠١٦/١٠/٨دا بڵاوکراوەتەوە.

## ساڵی ٢٠١٦

## ساڵی برسێتی و بێ مووچەیی و ساڵە بە جەفاکە... *

- بەداخەوە لەم قۆناغەی خەباتی کوردایەتیدا هەموو ساڵەکانمان لێبۆتە شەوەزەنگی تاریکی و هیچ کات ئومێد بە ساڵانی ڕابووردوومان ناخوازین ، چونکە ساڵ بەساڵ ژیان و گوزەرانی میلەتەکەمان خراپتربوە و مانایەك بۆ خۆشگوزەرانی و ئاوەدانی و جێگیری سیاسی و ئابوری و ئەمنی و دەروونی تاك بەتاك و خێزان بەخێزانی کۆمەڵگاکەمان نەماوەتەوە. لەسایەی سیاسەت و ئیدارەیەکی سەرنەکەوتوی حوکمڕانی کوردیدا ، هەموانمان ئاواتمان ئازادی و سەربەستی و دەسەلأتی کوردی بوو ، خەونی ڕەنگاو ڕەنگ و پەمەییمان پێوە دەبینی بەلأم کاتێك ئەم دەسەلأت و حوکمڕانیە پێش ٢٥ ساڵ لەمەبەر بە دەست و بازووی جەماوەری میلەتەکەمان هاتە لەدایك بوون، هەموو خەون و خەیاڵەکانمان پوچەڵبونەوە و بونە بڵقی سەر ئاو.

ئاواتمان بوو لەسایەی حوکمڕانی کوردیدا ئازادی و نانمان پێکەوە بۆ فەراهەم بکرێت و تاك و کۆمەڵگاکەمان هەنگاو بەرەو ئایندەیەکی ڕوونتر و گەشاوەتر بنێت و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی ڕابگەیەنرێت و کوردیش وەکو میلەتانی تر ببێتە خاوەن و پلەو پایەی ناوچەیی و نێودەوڵەتی و ئەندامێکی کارای نێو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و خاوەنی سیادە و سەروەری و سنوری خاکی کوردستانی گەورە بپارێزێت، بەلأم دوای ٢٥ ساڵ لە حوکمڕانیەکی نیمچە سەربەخۆی ئەم هەرێمەدا تازە بەتازە بەدەستی حومکڕانان و دەسەلأتدارانی کورد خۆی دەکەوینە بنکۆڵکردنی ئەو بنچینە لەرزۆکەی کە هەمانەو گەرەکمانە بەسەر هەموانیدا دایتەپێنین و ئەوەی هەمانە و نیمانە لەدەستمان بچێت و خۆمان بوینەتە هۆکاری گەڕانەوەمان بۆ چوارگۆشەی یەکەم و خاڵی دەستپێك.ئێستا هەموانمان ئەو ڕاستیەمان بۆ دەرکەوت کە ئازادی بێ نان و خۆشگوزەرانی هیچ مانایەك نادات و تەنها وەك دروشمێکی بریقەداری بێ ناوەڕۆك دەمێنێتەوە و بەهەمان شێوەش نان و خۆشگوزەرانیش بەبێ بوونی ئازادی تاك و کۆمەڵ هیچ تام وخۆشیەکی لێ وەدینایەت، کە کۆمەڵگای کوردەواری هەردوو قۆناغەکەی تاقیکردۆتەوە و ئێش و ئازارەکانی هەردوو دۆخەکەشی چەشتوە.

ئەوەتا لەساڵی ٢٠١٤وە و تاکو ئێستا لەم هەرێمەدا هەنگاوێك نەچوینەتە پێشەوە بەڵکو دەیان هەنگاو گەڕاوینەتەوە دواوە، هەرخۆمان و لە پێناو بەرژەوەندی سەرکردە و حیزب و بنەماڵە و کورسیدا میلەتێکمان برسی و بێ نان و ئاو کردوە و هەموو شیرینیەکانی ژیانیانمان لەبیربردونەتەوە.

بۆیە ئەمساڵی ٢٠١٦یەش وەك ساڵانی پێش خۆی ساڵێکی پڕ جەفا و نائومێدی و برسێتی و بێ مووچەیی و شەڕ و خوێن و فرمێسك هەڵڕشتنی دایکان و خوشکانی پێشمەرگە قارەمانەکانمان بوو، ساڵێکی بە جەفا و وشك وبرینگ بوو بۆ هەموان، کە هیچ کات ئومێدی بۆ ناخوازین و هەرگیزیش ناڵێین خۆزگەمان بەساڵی ٢٠١٦.

بەهیوای ئەوەی ساڵی ئایندەی ٢٠١٧ مان هیچ نەبێت کەمێك ئومێد و ئاواتەکانی هەموان بێتە دی و کەمێك خەم و خەفەت و نائومێدیەکانمان بڕەوێنێتەوە.

*ئەم بابەتە لە سایتی وتاری کورد و سپی میدیا و سنور میدیا و سبەی لە ٣٠ و ٢٠١٦/١٢/٣١ و هەواڵ ژمارە لە ٢٠١٧/١/٧ دا بڵاوکراوەتەوە.

# نان و ئازادی
# یا هیچیان یان پێکەوە... *

- ئاشکرایە هیچ کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی بەبێ بوونی دوو هۆکاری سەرەکی بۆ بەردەوامبوونی ژیان و گوزەران و پێشکەوتن و داهێنانەکان ناتوانێت هەنگاو بەرەو ئایندەیەکی گەشتر هەڵبنێت، ئەو دوو هۆکارەش بریتین لە دابینکردنی نان و ئازادیەکان بۆ تاك بە تایبەتی و کۆمەڵگاش بەگشتی . تاکی مرۆڤ بەردی بناغەی پێکەوەنانی خێزان و کۆمەڵگایە،هەربۆیە تاك هەمیشە میحوەر و تەوەری سەرەکی پلان و بیرکردنەوەکان بوە ، و بەبێ گرنگیدان بەتاك و پێداویستیەکانی ژیانی ناتوانرێت نە خێزانێکی ساغڵەم و نە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوش پێکەوە بنرێت، چەندە تاك خۆشگوزەران و کەشوهەوای تەندروستی بۆ بڕەخسێت هێندەش دەبێتە تاکێکی بە بەخشش و بەخشندە و داهێنەر، بە پێچەوانەشەوە هەر تاکێك سەرەتاییترین مافەکانی لێ زەوت بکرێت کە بریتین لە نان بۆ بەردەوام بوونی گەشەی لاشە و جەستە و ئازادی بۆ گەشەی بیر و هۆش و هزر، ئەوا تاکێکی سست و بێ بەرهەم دێتە بوون و ئەنجامیش کۆمەڵگایەکی مێگەل ئاسا دەکەوێتەوە کە دەسەڵاتداران و تاکڕەوانی حوکمڕانی بە قازانجی بەردەوامبوونی ستەم و زوڵم و زۆری و چەوساندنەوەکانی خۆیان سوودی لێدەبینن. بۆیە هەمیشە کۆمەڵگا ناهوشیار و برسیەکان دەبنە نێچیرێکی سانا ودەستەمۆی دەسەڵات و بەپێچەوانەشەوە کۆمەڵگا خۆشگوزەران و ڕەفاه و پڕ ئازادیەکان هەمیشە کۆمەڵگایەکی هەڵشاخاو وخاوەن بیرو ڕا و ڕەخنە و هەڵوێست و سرکی لێدەردەچێت و بە ئاسانی ڕامناکرێت لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە. جا ئەم ڕاستیانە لە ناوچەیك بۆ ناوچەیەك و لە کۆمەڵگاو تاکێکەوە بۆ کۆمەڵگاو تاکێکی دی گۆڕانکاری بەسەردا دێت.
- کۆمەڵگای کوردەواریش بەگشتی و تاکی کوردیش بە تایبەتی تاك و کۆمەڵگایەکی ڕامنەکراون بۆ دەسەڵاتدارە داگیرکەرەکان و خۆماڵیەکانیش، چونکە کۆمەڵگاو تاکێکن کە هەمیشە حەز بە خۆشگوزەرانی و ئازادیەکان دەکەن و گەرەکیانە هەمیشە خاوەنی بیر و

هۆش و پلان و ڕەخنە و گوتەی سەربەخۆی خۆیان بن. بەڵام دوژمنان و بەداخیشەوە دەسەڵاتدارە خۆماڵیەکانیش لەو ڕاستی و سروشتەی کۆمەڵگا و تاکی کورد تێگەیشتوون، هەربۆیە لەهەر قۆناغێکدا کە بۆیان گونجاو بوبێت ڕووبەڕووی ئەو هەڵشاخان و سرکیەی کورد بونەتەوە بەوەی هەر جارەی یان نانیان لێبڕیوە یان ئازادیەکانیان لیٚ زەوتکردوە.

چونکە باش دەزانن کە کۆمەڵگاو تاکی کوردی بیٚ ئەو دووانە هەڵناکەن و تەواوی ژیانیش بەبیٚ بوونی ئەو دووجمکە هیچ مانایەکی نامێنێتەوە، کورد لەم هەرێمەدا لەسەردەمی دەسەڵاتدارانی داگیرکاراندا هەر لە ئیگلیزەکانەوە تا حکومەتە عەرەبیەکان بەسونە و شیعە و بە پاشایەتی و کۆماریەکانیانەوە هەر جارەی بەشێوەیەك ڕووبەڕووی بەرگری و گیانی قوربانیدان و خەباتی کوردایەتی بونەتەوە و لەو پێناوەشدا هەمیشە چەکی دەستیان بۆ چۆکدادانی کوردان یان گەمارۆی ئابوری بوە یان کۆت وبەند خستنە سەر ئازادیەکانیان بوە لە ڕادەربڕین و ناڕەزایی و خۆپیشاندان و شۆڕشکردن. بەڵام کوردیش دەستەوستان دانەنیشتوە و بەو هۆکارە سادە و ساکارانەی لەبەردەستیدابوە بەرەنگاری پیلانی داگیرکاران بۆتەوە و هەمیشە گیانی بەرخۆدان و قوربانیدانی لە درەوشاندنەوە و گەشانەوەی بەردەوامدابوە، هەربۆیەش نەك لەم هەرێمەدا لەتەواوی بەشەکانی تری کوردستانیشدا بەدرێژایی مێژووی داگیرو دابەشکردنی کوردو کوردستان توانیویەتی بەرگری لەمان و ژیان و بونی خۆی بکات و دوژمنان و داگیرکاران وەڕس و جاڕس بکات و ناچاریان بکات دان بە لانی کەمی مافە ڕەواکانیدا بنێن.

کورد لەسەردەمی داگیرکاراندا بۆئەوەی هۆش و بیر و هزی گەشە نەکات و بیری خەبات و شۆڕش نەکەوێتە کەڵکەڵەیەوە ڕێگەی لە ئازادیەکانی گرتوە بەڵام نانی داونەتیٚ و تاڕادەیەك کێشەی نان و خۆشگوزەرانی نەبوە،بەڵام کورد هەر بە دابینکردنی پێداویستیە مادیەکان ڕازی نەبوە و هەوڵی دابینکردنی ئازادیەکانی داوە و لەو پێناوەشدا خەباتی ئاشتیانە و شۆڕشی چەکدارانەشی بەرپاکردوە.

- لە ئێستادا بەداخەوە ولەسەردەمی دەسەڵاتی کوردی خۆماڵیدا ،گەرەکیانە بە ناوی بوونی ئازادی و نیمچە سەربەخۆی لەم هەرێمەدا، گیانی ڕەخنە و ناڕەزایی جەماوەری گەلەکەمان بمرێنن و شکستی پێبێنن بە برسیکردن و نانبڕین و بیٚ مووچەیی و دابینەکردنی سەرەتاییترین پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانە.

ئەوەتا بۆ ماوەی زیاد لە ٣ ساڵ دەچێت جەماوەری گەلەکەمان ڕووبەڕووی توندترین قەیرانی دارایی بۆتەوە لە سایەی سیاسەتی هەڵە و نەزانین و شکستخواردووی حوکمڕانانی ئەم هەرێمەداو تا ئێستاش نەیانتوانیوە کە بچووکترین و سەرەتایترین پێداویستی و خزمەتگوزرایەکانی کۆمەڵگایەکی سەردەمیانە بۆ ئەم هەرێمە دابین بکەن، نا لە بەرئەوەی وڵاتەکەمان هەژار و نەبوو و دواکەوتوو وبێ سەروەت و سامان و نەوتە، بەڵکو بەهۆی سیاسەتێکی خێڵەکی و دواکەوتوو کە حەزی دونیای لە پاوانخوازی و قۆرخکاری و بەمیراتگرتنی دەسەڵاتێتی لەم هەرێمەدا، ئەوان لەبیریان چوە کە ئەم هەرێمە و جەماوەری میلەتەکەشمان نەهێندە دواکەوتوون و نە هێدەش کاڵ فامن و تێنەگەیشتون لە ڕووداوەکانی دونیا و دەوروبەر کە بەئاسانی بچنە ژێر باری عەقڵیەتێکی کۆن و داڕزاو و دواکەوتوی دەسەڵاتدارانی گەندەڵ و مافیا ئاسای ئەم هەرێمەوە. بۆیە گەر لە ئێستادا ئازادیەکان تاڕادەیەك بەرقەراربن بەبێ بوونی نان و خۆشگوزەرانی ، ئەوا هیچ مانایەك بۆ بوون و مانی ئەم دەسەڵاتە نامێنێتەوە، لە ڕابووردودا کورد هەرچەندە نانی هەبوو بەڵام خەباتی بۆ ئازادی و سەربەستی کرد و وەدیشیهێنا، ئێستاش بە پێچەوانەوە گەرچی ئازادی هەیە بەڵام باش دەزانێت ئازادی بێ نان و خۆشگوزەرانی مانایەکی نابێت هەربۆیە کەوتۆتە خۆ بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم دەسەڵاتە بێ باك و بێ بەرنامە خۆماڵیەی کە هیچ شەرعیەتێکی جەماوەری و یاسایی نەماوە تەنها پشتی بەستۆتە سەر شەرعیەتی شۆڕشگێڕی کە لە ئێستادا زۆر کاڵبۆتەوە و ئەو پیرۆزییەی جارانی نەماوە، و ئەو مامەڵە و خوێنساردی و بێ باکیەی دەسەڵاتدارانی هەرێم ڕێك لە هەنگاو و سیاسەتەکانی دەسەڵاتدارە تاکڕەو و دیکتاتۆر و ملهوڕەکانی پێشخۆیان دەچێت و ئەمانە بەبەراوورد بەوان تەنها دووبارە کەرەوەی تاقیکردنەوەیەکی شکستخواردوون کە هەموانیان چوونەتە زبڵدانی مێژووی مرۆڤایەتیەوە و لەگۆڕنراون، بۆیە بەردەوامبوونی ئەم دەسەڵاتەش لەکوردستاندا و پیادەکردنی ئەو هەنگاوانە ڕێك چارەنوسیان بە ئاڕاستەی هەمان چارەنوسی تاکڕەو و دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە و دونیاش دەچێت. بۆیە جەماوەری میلەتەکەمان گەرەکیانە هەردوو هۆکارە سەرەکیەکەی ژیانێکی سەردەمیانە و پێشکەوتوخوازانە بۆخۆیان دابین بکەن لە نان و ئازادیەکان بۆئەوەی کۆمەڵگای کوردەواریش بەرەو ئاست و هەنگاوی پێشکەوتووتر و ڕۆشنتر ببەن و بتوانن وەڵامیان هەبێت بۆ هەموو ئاڵنگاریە سیاسی و ئابوری و ئەمنی و کۆمەلایەتیەکانی دەوروبەر و

بتوانن ئەم هەرێمە و ئایندەکەشی مسۆگەر بکەن، هەروەکو چۆن دوانەی قەڵەم و چەك جمکی خەباتی شاخ و شۆڕش بوون لە ڕابووردوودا ئاوهاش نان و ئازادیش بکەنە جمك و دوانەی خەباتی ئەم سەردمەی حومکڕانی و خۆشگوزارانی و هەردووکیان وەکو چەکێکی کاریگەر بۆ لاشە و هزر بە قازانجی ئێستا و ئایندەی گەل و وڵاتەکەمان بشکێننەوە .

بۆیە ئەرکی حیزب و سەرکردە و دەسەڵاتدارانی ئەم هەرێمەیە کەباش لەم نامەی بێزاری و ناڕەزایەتیانەی جەماوەری گەلەکەمان تێبگەن و هەوڵی جدی بدەن بۆ وەدیهێنانی داواکاریەکانیان و ڕازیکردنیان،دەنا بە شێوەیەکی زۆر مەترسیدار دەکەونە بەر توڕەیی جەماوەری ڕاپەڕیوی برسی و پشوودرێژی جەماوەریش سنورێکی دیاریکراوی هەیە و لەکاتی هەستانی لافاوی توڕەیی و بێزاریاندا هیچ هێز و دەسەڵاتێك خۆی لەبەرامبەریان ڕاناگرێت و جەماوەریش ناچارمەکەن کە بۆ نانێك ئازادیەکەیان بگۆڕنەوە و قەدەریان تەسلیم بەداگیرکەران بکەنەوە.

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی وتاری کورد و سبەی و سنورمیدیا لە ٢٠ و ٢١ و ٢٠١٦/١٢/٢٣ و هەواڵ ژمارە ٦٩٤ لە ٢٠١٦/١٢/٢٤ و کوردستانی نوێ ژمارە ٧١٥٢ لە ٢٠١٦/١٢/٢٥دا بلاَوکراوەتەوە.

# یەمەن بەرەو هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت...*

- کۆماری عەرەبی یەمەن کە هەڵکەوتەیەکی جیۆسیاسی گرنگ و پڕ بایەخی هەیە و کەوتۆتە باشوری ڕۆژئاوای دورگەی عەرەبیەوە کە ڕووبەرەکەی ٥٢٧٩٧٠ کم٢ و ٢٠٠ دورگەی گەورە و بچوکی هەیە لەناو دەریای عەرەب و دەریای سووردا و لە ٢٢ پارێزگا پێك هاتوە. تەنها وڵاتێکە کە سیستەمی کۆماری لەساڵی ١٩٦٢وە پیادە دەکات لە دورگەی عەرەبیدا دوای ڕووخاندنی سیستەمی ئیمامەت لەو وڵاتەدا. یەمەن تەنها دوو دراوسێی هەیە ئەوانیش سعودیە و سەڵتەنەتی عومانن.یەکیان دۆست کە عومانیەکانن و دووەمیشیان هەرگیز پەیوەندی باش نەبوە بەدرێژایی سیستەمی کۆماری لە یەمەندا و هەمیشە دوژمنایەتی کردوە و دەستیوەرداوەتە ناو کاروباری ناوخۆی ئەو وڵاتە بەمەبەستی پاراستنی سنورەکانی و بەرژەوەندیەکانی خۆی.سعودیە تاکە وڵاتی کەنداو بوە کە ڕێگری کردوە لەوەی یەمەن ببێتە ئەندامی ئەنجومەنی هاریکاری وڵاتانی کەنداوەوە.
- یەمەن وڵاتێکە خاوەنی نەوت و غازی سروشتیە بەڵام تائێستا وەبەرهێنانێکی گەورەی تیادا نەکراوە و زەوی و زاری کشتوکاڵیشی هەیە، بەڵام دانیشتوانەکەی کە ژمارەیان دەگاتە ٢٥٤٠٨٢٨٨ ملیۆن کەس بە کۆمەڵگایەکی خێڵەکی گوند نیشن دادەنرێت و ڕیژەی گوندنشینان دەگاتە ٧ر٧٣٪ و شارنشینیش ٣ر٢٧٪، کۆمەڵگای یەمەنی بە کۆمەڵگایەکی خێڵەکی و نەخوێندەوار و هەژاریش حساب دەکرێت چونکە نیوەی دانیشتوانەکەی لە ژێر هێڵی هەژاریەوەن. بەهەمان شێوە بە کۆمەڵگایەکی مسوڵمانی مەزهەبیش دادەنرێت چونکە ٩٩٪ موسڵمانن و لەو ڕێژەیەش ٦٠-٧٠٪ سونەی شافعین و ٣٠-٤٠٪ شیعەی زەیدین و کەمێکیش شیعەی ئیسماعیلی هەن.هەروەها کەمینەیەکی جولەکەشی تیادایە و زمانی عەرەبیش زمانی ڕەسمی وڵات و زۆرینەیە.

- یەمەن دوای ڕوخاندنی ڕژێمی ئیمامەت و دامەزراندنی سیستەمی کۆماری لە ١٩٦٧/١١/٦دا کۆماری یەمەنی باشوری لێ جیابۆوە، ئیدی ئەم دوو کۆمارە تازە لەدایکبوە دوو سیستەمی جیاوازیان پیادە دەکرد یەمەنی باشور سۆسیالیستی و لە خولگەی یەکێتی سۆڤێتی جاراندا و یەمەنی باکوریش لە خولگەی ئەمریکاو ڕۆژئاوادا بوون و هیچ دۆستایەتیەکیان لە نێواندا نەبوو. چەندین جار شەڕی ناوخۆ لەنێوانیاندا هەڵایساوە.
- دوای ئەوەی کە علی عبداللە صالح لەساڵی ١٩٧٨وە بوە شەشەمین سەرۆك کۆماری یەمەنی باکور و تا ساڵی ٢٠١٢واتە نزیکەی ٣٤ ساڵ، گەلێك هەوڵی یەکگرتنەوەی هەردوو کۆمارەکەیدا و لە ئەنجامی شەڕو ململانێیەکی خوێناویدا توانرا لە ١٩٩٠/٥/٢٢دا هەردوو یەمەن یەکگبگرنەوە ، بەڵام یەکگرتنەوەیەکی لەرزۆك ، چونکە هەمیشە ململانێ سیاسیەکان ئامادەگیان هەبوە و باشوریەکان هەرگیز بەو یەکگرتنەوە زۆرە ملێیە ڕازی نەبون و هەمیشە لە هەلێك دەگەڕان بۆ دروستکردنی ئاژاوە و شەڕی ناوخۆ بەمەبەستی جیابونەوە، ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٩٤دا شەڕی ناوخۆ جارێکی تر هەڵایسایەوە، بەڵام توانرا ڕێگە لە جیابونەوەی باشوریەکان بگیرێت.
- وەك پێشتر باسمانکرد یەمەن بەسەر دوو مەزهەبی شیعە و سونەدا دابەشبوە و ، ئەمەش جارێکی تر بوە هۆکاری ململانێی مەزهەبی لەو وڵاتەدا و دوای بوژاندنەوەی تەوژمی ئیسلامی سیاسی لەدونیادا و بەهێزبونی ڕێکخراوی قاعیدە و دروستبونی تاڵیبان لە ئەفغانستان و دروستبونی بەرەی تیرۆر و تیرۆریستان لەجیهاندا لە دوای کارەساتی ١١ ی سێپتەمبەری نیویۆرکەوە. یەمەنیش وەك وڵاتێکی ئیسلامی و تاڕادەیەك بوە مۆڵگە و لانەی دروستبونی شانە ئیسلامیە سەلەفی و توندڕەوەکان،ئەمەش بوە هۆکاری خۆشکردنی ئاگری مەزهەبی لەو وڵاتەدا و کەمینەی شیعە کە حوسیەکان نوێنەرایەتیان دەکات کە مەڵبەندی هێز و بونیان لە پارێزگای صعدەیە لەساڵی ٢٠٠٤دا یەکەم ڕووبەڕووبونەوەی چەکداری لەنێوان حوسیەکان و حکومەتدا ڕوویدا.. ئیدی لێرە بەدواوە یەمەن ئاسایش و ئارامی بەخۆوە نەبینیەوە و بەبەردەوامی بوە لانکەی ململانێ ناوخۆی و تەنانەت نێودەوڵیەکانیش لەدوای ڕووخاندنی ڕژێمی تالێبان لە ئەفغانستان و ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لە عێراقدا و هەڵهاتنی زۆرینەی سەرکردەکانی هەر دووڵات بۆ یەمەن و قاعیدە

لەیەمەندا زۆر بەهێز ببوو و توانی هەندێ چالاکی گەورە دژی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا ئەنجام بدات.

- حوسیەکان بەردەوام بوون لە ململانێیان لەگەڵ حکومەتدا و بۆیەکەم جاریش سعودیە لەساڵی ٢٠٠٩وە هاوکاری و پشتیوانی یەمەنی کرد دژی حوسیە شیعەکان، چونکە زۆر نزیك بوون لە سنوری سعودیەوە و ئەمەش مەترسی و هەڕەشەیەکی شیعە بوو بۆ سەر سعودیە و تێکدانی ئارامی ناوخۆیی، چونکە لەم ململانێیەشدا ئێرانی شیعە مەزهەبی دۆستی حوسیەکان هاوکاری مادی و مەعنەوی حوسیەکانی دەکرد و گەر سەرکەوتنیان وەدەستبێنایە ئەوا دەبونە پاڵپشتی گەورە بۆ کەمینەی شیعە مەزهەب لەناو سعودیە کە لەناوچەی نەجد و حیجاز نیشتەجێبوون.بەم کارەش جێگە پێی خۆیان دەکردەوە لەناو کۆمەڵگەی سعودیدا کە لەلایەن بنەماڵەی ئال سعودەوە بۆ نزیکەی ٨٠ساڵە سەرکوتکراون.
- یەمەنیش وەکو هەموو ڕژێمە تاکڕەو و خۆسەپێنەکانی وڵاتانی تری عەرەبی هەر لە ڕۆژئاواوە تا ڕۆژهەڵات شەپۆلی ناڕەزایی و خۆپیشاندانی گەنجان و هاوڵاتیان گرتیەوە لە چوارچێوەی بەهاری عەرەبیدا و ئەوەبوو گەنجانی یەمەن لە ٢٠١١/١/١٥دا ڕژانە سەر شەقام و داواکاری گۆڕانکاری و چاکسازیان دەکرد و ئەم بارودۆخە هێندەی تر لەلایەك هانی حوسیەکان و لەلایەکی تریشەوە هانی قاعیدە و سەلەفیەکانی دەدا کە هەوڵی دەستبەسەراگرتنی دەسەڵات و حوکم لەو وڵاتەدا بدەن ، بەتایبەتیش دوای سەرکەوتنی نەهزەی ئیسلامی لە تونس و ئیسلامیەکان لە لیبیاو گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن ئیخوانەکانی میسریشەوە.بەداخەوە بەهاری عەرەبی بۆ زۆرێك لەو گەلانە بوە پایز و نەتوانرا ئامانجە سەرەکیەکانیان وەدیبهێنن و بە ئاشتی و دیموکراسی و خۆشگوزەرانی بگەن.
- ئەم خۆپیشاندان و ناڕەزاییانە لەنێوان لایەنگران و دژەکانی دەسەڵاتی علی عبداللە صاڵحدا بەردەوام بوو تا ساڵی ٢٠١٢ و لەسەر دەستی وڵاتانی کەنداو ڕێکەوتنێك واژۆکراو علی عبداللە صاڵح وازی لەدەسەڵات هێنا. کەلەماوەی ئەو دووساڵی خۆپیشاندان و بەگژداچونەوەی دەسەڵاتدا ٢هەزار کوژراو و زیاد لە ٢٢هەزار بریندار لێکەوتەوە. هادی مەنصور عەبد ڕەبە جێگری سەرۆکی یەمەن لەدوای بەجێهێشتنی دەسەڵات لەلایەن علی عبداللە صاڵحەوە وەك سەرۆك کۆمار جێگەی گرتەوە. بەم شێوەیە کۆتایی بەحوکمی

٣٣ ساڵەی علی عبدالله صالح هات. بەڵام کۆتایی بەنەهامەتی و ململانێ سیاسیەکانی ئەو وڵاتە نەهات. بەڵکو توندتر بووەوە و هەرلایە لە قاعیدە و حوسیەکان گەرەکیان بوو زووتر بگەنە دەسەڵات .حکومەت و پەرلەمانی ئەو وڵاتە هیچ هێز و دەسەڵاتێکی کارای نەمابوو بەسەر کاروباری وڵاتدا و تا لەڕۆژی ٢٠١٥/١/٢٢دا سەرۆك کۆمار و حکومەت دەستیان لەکار کێشایەوە وەك ناڕەزاییەك لەو بارودۆخە.

- لەئێستادا حوسیەکان بە پاڵپشتی ئێرانی شیعە مەزهەب سەرکەوتون و بونەتە هێزی باڵادەست لە وڵاتدا و سەرجەمی جومگە و پارێزگا گرنگەکانیان لە ژێر دەستدایە بە پایتەختی صەنعاشەوە و گەرەکیانە حکومەتێکی نوێ بەهاوبەشی هەموو حیزبە سیاسیەکانی یەمەن پێکبێنن بەڕابەرایەتی خۆیان. کە ئەم کارەش سەرکەوتنی زۆر سانانیە چونکە حوسیەکان بۆخۆیان کەمینەن و زۆرینەی سونە مەزهەب ئەوانیان قبولْ نیە، بەڵام کەنارخستن و دوورخستنەوەشیان بەهەمان شێوە ئاسان نیە، بۆیە یەمەن وەکو دەوڵەت و دامودەزگای حوکمڕانی کە لە بنچینەدا لەرزۆك و لاواز بوە بەدرێژایی تەمەنی کۆماری کە ٥٢ ساڵە. بەرەو چارەنوسێکی نادیار و هەڵوەشاندنەوە دەچێت، چونکە ململانێکان تەنها لەناوخۆی یەمەندا قەتیس نەبوون ، بەڵکو دەستێوەردانی دەرەکیش ڕۆڵی گەورە دەبینێت بەتایبەتیش ئێران بۆ حوسیەکان کە گەرەکێتی ڕژێمێکی هاوشێوەی شیعە مەزهەبی عێراق دابمەزرێنێت کە دەستەمۆو ڕامی خۆی بێت و ئێران لەسەر زاری لێپرسراوەکانیەوە ڕایانگەیاندوە کە لە ئێستادا ٥ وڵاتی عەرەبی لەژێر فەرمانی ئەودان وەك ئاماژەیەك بۆ عێراق و سوریاو لوبنان و یەمەن و سەڵتەنەتی عومانیش کە ئەمەش ئاماژە بۆ هێز و نفوزی ئێران لەناوچەکەدا و وەکو کارتی فشار بەکاریان دێنێت لەبەرامبەر وڵاتە عەرەبیە سونە مەزهەبەکان لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە لەبەرامبەر ئەمریکاشدا ،و سعودیەش بۆ یەمەنیە سونەکان و دواتریش ئیدی بەرژەوەندیە نێودەوڵەتیەکان دێنە کایەوە و لەلای سێهەمیشەوە باشووریەکانیش لەهەوڵی خۆڕێکخستنەوە و جیابونەوەیەکی تردان، کەئەم هۆکارانە هەموویان پێکەوە یەمەن بەرەو چارەنوسێکی نادیار دەبەن و درێژە بە ململانێ و شەڕی ناوخۆ و مەزهەبی دەدەن. کە لە بنچینەدا ڕاپەڕین و خۆپیشاندانە جەماوەریەکانی بەهاری یەمەنی بۆ ئەم مەبەستە نەبوە بەڵکو بۆ گۆڕانکاری و نوێبونەوە و چاکسازی بوو لەدەسەڵات و حوکمڕانیدا بۆ چەسپاندنی دیموکراسیەت و ئازادیەکان بووە، بەڵام وادیارە قەدەر و چارەنوسی گەلانی عەرەبی و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەر بۆ تاکڕەوی و زوڵم و ستەم و چەوساندنەوە خوڵقابن و خەونی دیموکراسیەت و ئازادی وەکو خەوێکی

وەدینەهاتووی شیرین بمێنێتەوە وچەرخی گەردونیش بیانهاڕێت و لەوڵاتەکانی خۆشیاندا وەك کۆیلە و ژێر دەستەی وڵات و گەلانی دەرەوەی خۆیان بمێننەوە.

________________________________

* ئەم بابەتە لە سایتی وتاری کورد لە بەرواری ٢٠١٦/١٢/٢٧دا بلاّوکراوەتەوە.

# بەشی دووەم

# تـــــایـــــبـــــەت بـــــە کـــــــورد

# دواجار ئیمراڵی و قەندیل بونە چەقی چارەسەری مەسەلەی کورد...*

مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەلأتی ناویندا بەهێندەی گەورەیی و گرنگیەکەی و هەستیاریەکەی چارەسەرەکەشی ئاڵوز وتێکچڕژاوە ، نە بۆ کورد خۆی و نەبۆ ئەو ولأتانەی کە کوردستانیشی بەسەردا دابەشکراوە کارێکی ساناو بێ گرێ و گۆڵ نیە. چونکە مەسەلەیەکی گشتگیر و خاوەن ڕەهەندێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەلأیەتی و شارستانی و مێژووی و جوگرافیایی قوڵ وگرنگە بۆ هەردوولایان و لەدەرەوەی ئەوانیش بۆ ولأتانی دونیاش. چونکە لەلایەك بەهەڵوەشانەوەی ئەو ولأتە سەردەستانەی کوردستان و لەلایەکی تریشەوە بە دروستبوونی دەوڵەتێکی گەورەی یەکگرتووی کوردی لەچەقی ڕۆژهەلأتی ناویندا بەو ژمارە زۆرەی دانیشتوان ٣٥-٤٠ ملیۆن کەس و بەو گرنگیە جیۆسیاسیەی کە هەیەتی و بەو دەوڵەمەندیەی خاك وئاوەکەی هاوسەنگی هاوکێشەی هێزەکان وپەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان تێك دەدات. بۆیە گەڕان بەدوای چارەسەرێکی مامناوەندی کە جێگەی ڕەزامەندی هەمووان بێت کارێکی ساناو خۆش دەست نیە.هەربۆیەشە کە تاکو ئێستا نەتوانراوە یان نەویستراوە یان هەلومەرجە سیاسیە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکان ڕێگەیان نەداوە کە چارەسەرێکی ئاوها بۆ مەسەلەی کورد بدۆزرێتەوە.لەناو کوردستانی گەورەشدا کوردستانی باکور گرنگی گەورەو بێهاوتای هەیە لەچاو بەشەکانی تری کوردستاندا، بەهۆی گەورەیی ڕووبەرو زۆری دانیشتوان و هەڵکەوتە جیۆسیاسیەکەی کە نزیکی

دەوڵەتانی قەفقاس و ئێران و تورکیا و سەرە ڕێگەو دەروازەی کوردستانی گەورەشە بۆ وڵاتانی ئەوروپا.بۆیە چارەسەرکردن و دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەك بۆ کوردانی ئەم بەشە ئاسۆیەکی گەورە و فراوان دەکاتەوە بۆ تەواوی چارەسەری مەسەلەی کورد لە بەشەکانی تری کوردستاندا.

کورد بەگشتی و لە تورکیاشدا بەتایبەتی خودانی خەبات و مقاوەمەتی بەردەوامن لەپێناو ڕزگاربون و مانەوە و بەردەوامبونی مێژوو و جوگرافیاو کەلتور و زمانی کوردی و لەو پێناوەشدا بە دەیان ڕاپەڕین و شۆڕش و بە هەزاران شەهید و ڕووبارێك خوێن و فرمێسکیان بەخشیوە.لەبەرامبەریشدا دەوڵەتی سەردەستی تورکیای عیلمانی و ئەتاتورکی بە دڕندانەترین شێواز و بە ئاگر و ئاسن وەڵامی داوا ڕەواکانی کوردیان داوەتەوە، بەدرێژایی مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی ئەتاتورکی لە ساڵی ١٩٢٣وە و تاکو ئێستاش کورد لە بچوکترین مافی خۆی بێبەش کراوە و تەنانەت نکولیش لە بونیان وەکو کورد کراوە و کراونەتە تورکی شاخاوی .

بەڵام خۆشبەختانە و لە ئەنجامی ئەم ململانێ درێژخایەن و خوێناوی و مقاوەمەتە شۆڕشگێڕی و ڕەوایەی کوردەوە کە بۆتە مایەی فشار دروستکردن لەسەر کاربەدەستانی ئەنقەرە و زیان گەیاندنی گەورەش بە سیاسەت و ئابوری تورکیا و لەولاشەوە هاتنە سەر حوکمی ئیسلامە میانڕەوەکان لەڕێگەی ئاك پارتیەوە ، گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە چیدی ناتوانرێت و ناکرێت کێشەیەکی واگەورەو و هەستیار و مێژوویی تەنها بە جەنگ و کوشتن و لەناوبردن کۆتایی پێبێت دوور لە گوێگرتن و لێکتێگەیشتنی لایەنی کوردی ، بەڵکو دەکرێت کە نەرمی نواندن و تێگەیشتن بۆ بارودۆخی ناوچەکە و دونیا و گۆڕانکاریەکان و پێداویستیەکانی تورکیا خۆشی بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی لە ئایندەدا لەسەر ئاستی ناوچەکە و ئەوروپاو دونیاش پێویست دەکات کە ڕێگەی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن و نزیکبونەوە لەیەکدی بگیرێتە بەر، بەو هیوایەی کە چیدی دەنگی تۆپ و تانك و موشەك بنبڕبکرێت ودەنگی ئاشتی و تەبایی و برایەتی و پێکەوەیی زاڵ بکرێت.

لەم پێناوەشدا چ کورد و چ دەسەڵاتدارانی تورکیا هەنگاو بەهەنگاو بەلەسەرخۆیی خەباتێکی سیاسی و پەرلەمانی و مەدەنیانەیان گرتۆتە بەرو هێواش هێواش ئاسۆکانی چارەسەریش ڕوونتر بەدەردەکەون.ئاشکراشە کێشەیەکی وا ئاڵۆز و مەترسیدار و کاریگەر بۆ سەر تەواوی ناوچەکە ناتوانرێت بە ماوەیەکی کەم و کورت چارەسەر بکرێت، بەڵکو

پشوودرێژی و خەباتی بێووچان و کۆڵنەدانی گەرەکە لە هەردوولای کێشەکەوە. لە ئێستاشدا ئەوەی نمایندەی کورد دەکات لەو بەشەدا بریتیە لەلایەك پارتی ئازادی و دیموکراسی کوردستان (( بەدەپە )) وەك باڵی سیاسی و نوێنەران لە پەرلەمانی تورکیا و لەولاشەوە بریتیە لە پارتی کرێکارانی کوردستان (( پەکەکە )) وەك باڵی پێشمەرگانە بەڕابەرایەتی عەبدوڵا ئۆجەلان کە لەساڵی ١٩٩٩وە بەدیلگیراوە و لە دورگەی ئیمراڵیدا بەتەنها بۆ ماوەی ١٤ ساڵە ژیان بەسەردەبات دوور لە هێزی پێشمەرگە و گەریلاکانی لە قەندیل و ڕێکخستنەکانیشیان لەناوەوە و دەرەوەی تورکیا لە ئەوروپاو ...هتد.بۆیە لە ئێستادا جەمسەرە گرنگەکەی گفتوگۆکان و هاوکێشە سیاسیەکەی تورکیا کە کوردە لە ئامەد و ئیمراڵی و قەندیلەوە بڕیاری کۆتایان لەلایەو حکومەتی تورکیا بەناچاری و دوای ئەوەی لە سەنگ و قورسایی ڕابەری کورد و پەکەکە ئۆجەلان تێگەیشت و کاریگەری و هەژمونی ناسی بەسەر هێزی گەریلا و ڕێکخستنەکان و جەماوەریش لەناو کوردستانی تورکیادا ڕوویکردە ئیمراڵی کە بۆماوەی ١٣ ساڵ پشتگوێخرابوو وە هیچ حساباتێکیان لەسەر نەدەکرد، بەڵام کاتێك بینیان کە ئۆجەلان هێندە بەهێز و ڕێزلێگیراو و حساب بۆکراوە لەلایەن پەکەکەو بەدەپە و جەماوەریشەوە و توانی بە ناردنی تەنها پەیامێك کۆتایی بە مانگرتنی دوومانگەی ٧٠٠ بەندکراوی کورد لە بەندیخانەکانی ئامەددا بهێنێت و دەوڵەتیش بەناچاری دانی نا بە دوو داواکاری سەرەکی مانگرتواندا کە بریتی بوو لە بەرەسمی ناساندنی زمانی کوردی لە دادگاکان و بەکارهێنانی زمانی کوردیش لە بواری پەروەردەدا..و کاتێك حکومەتی تورکیا بە کاریگەری ئۆجەلانی زانی بەناچاری ڕوویکردە ئیمراڵی و لەوێشەوەئۆجەلان سێ نامەی نارد بۆ هەریەکە لە (( بەدەپە و ئەوروپا و قەندیل)) وەك نەخشە ڕێگایەك بۆ چارەسەری کێشەی کورد لەگەڵ حکومەتی تورکیادا.

لەئێستادا و پێش چەند ساڵێکیش حکومەتی ئاك پارتی بە نهێنی و بە ئاشکرا گفتوگۆی لەگەڵ ئیمراڵی و قەندیلدا کردوە وەهەربۆیەشە لە ئێستادا ئیمراڵی و قەندیل بونەتە دوو پێگەی گەورە و کاریگەر و گرنگ بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنوسی کورد لە تورکیاو کوردستانیش و سەردانی ئەم ڕۆژانەی وەفدی بەدەپەش بۆ باشوری کوردستان و کۆبونەوەیان لەگەڵ پارتە سیاسیە گەورەکاندا لە هەولێر و سلێمانی وایکرد کە باشوریش ڕۆڵ و ئەرکی گەورە ببینێت لەو بوارەدا هەروەك لە پێشتریش بەهەوڵ و میانەکانی بەڕێز مام جەلال و ئەوانی تر بەستەڵەکی نێوان کورد و حکومەتی تورکیا توایەوە و بونە سەرەتایەك بۆ ئەم هەوڵانەی ئێستا وەهەموو کوردانیش بە سەرکردە و پارتە سیاسیەکانیشەوە لە بەشەکانی تری کوردستاندا هاوکار و پشتیوانی ئەو هەوڵانە دەکەن لە پێناو گەیشتن بە دوا قۆناغی گفتوگۆ و سەرکەوتن.

ئاشکرایە گەیشتنە ئامانجی کۆتایی لە چارەسەری مەسەلەی کورددا لە تورکیا مایەی دەستخۆشی و نوسینەوەیەتی بەنەمری لە مێژوودا لەلایەك بۆ ئاك پارتی و سەرۆکەکەی تەیب ڕەجەب ئەردۆگان کە تەنها لەسایەی حوکم و دەسەلاّتی ئیسلامیەکاندا کورد توانیویەتی بە زمانی کوردی بخوێنێت و بنوسێت و بەرگری لەخۆشی بکات لەدادگان و تەلەفزیۆن و ڕادیۆشی هەبێت و لەزانکۆ و قوتابخانەکانیشدا زمانی کوردی پەیڕەو بکرێت و بخوێنرێت و ئاشتی و ئاوەدانیش باڵ بکێشێت بەسەر کوردستاندا کە بەدرێژایی نزیکەی ٨٠ ساڵی حوکمی عیلمانی و عەسکەریەکان کورد لەبچوکترین مافی خۆی وەك نەتەوەیەکی گەورە لەتورکیادا بێبەش بوو. لەولاشەوە مێژوو ناوی ئۆجەلان و پەکەکە و بەدەپەش بەنەمری دەهێڵێتەوە لەسەر سووربون و درێژەدان بەمقاوەمەت و شۆڕش و گەیشتن بە ئامانجی کوردان.

ئاشکرایە لەم بارودۆخەی کوردستان و ناوچەکە و دونیاشدا چەندە کورد پێویستی بە چارەسەری کێشەکەی هەیە هێندە و بگرە زیاتریش تورکیا خۆشی پێویستی بەو چارەسەرکردنە هەیە چونکە تورکیا گەرەکێتی و خەونیشی پێوە دەبینێت کە ڕۆڵی گەورەتر و کاریگەرتر و فراوانتر ببینێت لەسەر ئاستی ڕۆژهەلاّتی ناوین و دونیاش وگەرەکێتی ڕۆژگارە زێڕینەکانی سەردەمی خەلافەتی عوسمانیش بگێڕێتەوە ، هەربۆیە یەکەم قۆناغ بەو ئاڕاستەیە بریتیە لە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد و دواتر چەسپاندنی زیاتری دیموکراسیەت و ئازادی و میدیا و مافەکانی مرۆڤ و ..هتد.کە تائێستا ڕێگر بوون لە وەرگرتنی تورکیادا لە بە ئەندام بوون لە یەکێتی ئەوروپادا.

کوردیش بەهەمان شێوە گەرەکێتی لەم سەردەمەی گۆڕانکاری و شۆڕش و ڕاپەڕینی بەهاری گەلانی ناوچەکەدا تەکانێك وەخۆی بدات و قۆناغێك بەرەو بالاّتربون هەڵبکشێت و چیدی لەناو قۆزاخە بەرتەسك و بچوکەکەی ولاّتانی سەردەستدا نەمێنێتەوە ، جا بەشێوەی ئۆتۆنۆمی فراوان بێت یان بە شێوەی فیدراڵی بێت لەگەڵ ولاّتانی سەردەستدا یاخود ڕزگاری و سەربەخۆیی یەکجارەکی بێت، ئەو هەڵبژاردانە سروشت و هەلومەرجە سیاسی و ئابوریەکەی ناوچەکە و دونیا دیاریان دەکات ، بۆیە کوردان لەهەر بەشێکدا خۆیان شارەزاتر و داناترن بە هەڵبژاردنی کام ڕێگا چارەسەر ، ئەوەی لەسەر کوردانی بەشەکانی ترە تەنها هاوکاری و پشتیوانی مادی و مەعنەویە لێیان ، ئەم بۆچونەش بۆ هەردوو بەشەکەی ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاوای کوردستانیش هەر دروستە.

کە لێرەشدا ئەرکی گەورە و سەرەکی دەکەوێتە سەر حکومەت و دەسەلاّتدارانی کوردستانی باشوور بە حوکمی ئەوەی کە ماوەی ٢١ ساڵە خاوەنی هێز و حکومەت و دارایی و ئابوریەکی تاڕادەیەك باش و پەیوەندی توندوتۆڵیشن لەگەڵ ولاّتانی ناوچەکە و دونیاش وبەشدارن لە هاوکێشەی هێزەکاندا هەربۆیە دەتوانێت ببێتە پاڵپشت و دەستگیرۆیکەرێکی بەهێز و دڵنیا بۆهەمووولایەك. بەو هیوایەی ئەم قۆناغەی گفتوگۆکان بەسەرکەوتویی کۆتاییان پێبێت و هەردوولا((

تورك و كورد)) بەنیەتێكی ڕاستگۆیانەوە هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێن و ڕێگە لە توندڕەوەكانی هەردولاش بگرن كە نایانەوێت ئەم هەوڵە ئاشتیخوازانەیە بگاتە ئەنجام و گێچەڵ و ئاستەنگ و ناكۆكی و كاری تێكدەرانە دەكەن و بۆئەوەی كوردیش وەك هەموو گەلانی تر بە ئاوات و خواستە نەتەوەیی و نیشتیمانی و ڕزگاری و سەربەخۆییەكانی خۆی بگات و ئەم نەورۆزەی داهاتوومان كە مژدەی خۆشی گەورەی لێچاوەڕێدەكرێت ببێتە نەورۆزێكی مێژوویی وگەشانەوەی ئومێد و ئاواتەكانی كوردان.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەكانی SNNو خەندان لە ٣ و ٢٠١٣/٣/٤دا بڵاوكراوەتەوە.

لە پەراوێزی تێپەڕاندنی بودجەی گشتی ٢٠١٣ی عێراقدا...

## بژاردەكانی بەردەم كورد لەمەڕ ئەم دۆخە مەترسیدارەدا.... *

❖ ئاشكرایە عێراقی نوێ كە هەندێ جاریش بە كۆماری سێیەم ناویدەبرێت لەدوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی صدامیەوە لە ٢٠٠٣/٤/٩دا.. لەسەر چەند بنەمایەكی سیاسی و دیموكراسی پێكهاتوە،لەوانە بنەماكانی سیستەمی حوكمی پەڕلەمانی و دیموكراسی و فیدڕاڵی و پێكەوەیی((تەوافوق))ی سیاسی و شەراكەتی نیشتیمانی و ئەم بنەمایانەش لەدەستوری هەمیشەیی عێراقدا كە لەلایەن زۆرینەی گەلانی عێراقەوە پەسەندكرا لە ساڵی ٢٠٠٥دا جارێكی تر جەختیان لەسەركراوەتەوە.

كەواتە هەر هەنگاو وكارێك كە ڕەهەندی نیشتیمانی و سەرتاسەری هەبێت لە عێراقدا پێویستە بە پێی دەستور لەسەر ئەو بنەمایانە مامەڵەیان لەتەكدا بكرێت، بەپێچەوانەشەوە دژی دەستور و خواستی زۆرینەی گەلانی عێراق دەبێت،هەربۆیەش پێویست دەكات كە هەموو حكومەتەكان بەتەواوی پابەندی ئەو دەستور و بنەمایانە بن.گەر بیانەوێت ئەم عێراقە بە یەكویەكگرتویی بمێنێتەوە.

لە ئێستاشدا و دوای دواكەوتنی ٣ مانگ بەسەر پەسەندكردنی بودجەی گشتی دەوڵەتی عێراقدا بۆ ساڵی ٢٠١٣ی دارایی، سەرئەنجام بودجەكە پەسەندكرا بەزۆرینەی ١٦٨ دەنگی پەڕلەمانتاران بەبێ ئامادەبوونی نوێنەرانی كورد و دوور لە ڕێككەوتن و لەبەرچاوگرتنی بنەمای تەوافوق و شەراكەتی نیشتیمانی لەنێوان هەموو فراكسیۆن و پێكهاتەكانی ناو پەڕلەمانی عێراقدا كە نوێنەرایەتی سەرجەم چین و توێژ و نەتەوە و

مەزهەب و ئاین و ناوچە و پارتە سیاسیە جیاوازەکان دەکەن. بەتایبەتیش بەبێ حساب کردن بۆ خواست و تێبینیەکانی دووەم نەتەوە و پێکهاتەی ئیتنی کە کوردە لە عێراقدا و سێیەم فراکسیۆنی گەورەی ناو پەرلەمانە و شەریك و هاوپەیمان و کاراکتەرێکی سەرەکیشە لە دەسەلآت و لەسەر گۆرەپانی سیاسی عێراقدا و رۆڵی گەورە و کاریگەریشی هەبوە لە بەگژداچونەوە و رووخاندنی رژێمی بەعسی صدامدا و دووبارە دامەزراندنەوە و پێکهێنانەوەی دەوڵەتی عێراقی نوێ و ئەم حکومەتەی کە ئێستا لە دەسەلآتدایە بە سەرۆکایەتی مالکی.

بەهەرحاڵ بودجەی ٢٠١٣ تێپەرێنرا، کە بۆ خۆی ئەم هەنگاوە پڕ مەترسیدارە لەماوەی ٩ ساڵی رابووردووی دوای رزگارکردنی عێراقدا و کارێك و هەنگاوێکی ناوازە و زەنگێکی مەترسیداریشە بۆ ئایندەی تەواوی دەوڵەت و سیستەمی حوکمرانی لە عێراقدا بەگشتی و بەتایبەتیش بۆ کورد و مەترسیەکانیش خۆیان دەبیننەوە لە:

١.پێشێلکردنێکی روون و ئاشکرای دەستوری هەمیشەیی عێراقی نوێیە کە بریتیە لە کارنەکردن بە بنەمای (( پێکەوەیی و شەراکەتی سیاسی و نیشتیمانی)) لە حوکمدا.

٢.پەراوێزخستنی پێکهاتە و لایەنە نەتەوەیی و سیاسیە سەرەکیەکانە لەلایەن کەمینەیەکی دەسەلآتدارەوە لە مەسەلە گرنگەکان و چارەنوسسازەکاندا.

٣.هەنگاونانە بە ئاراستەی تاکرەوی و خۆسەپاندن لە دەسەلآتدا و گەرانەوەی عێراقە بۆ سەردەمی تاکرەوی و تاك سەرکردەیی و تاك حیزبی.

٤. ئەم هەنگاوەش پاڵ بەو پێکهاتە و ئاراستە سیاسیانەوە دەنێت کە بونەتە ئامانج لە دوورخستنەوە و کەنارخستندا بەرەو گرتنەبەری رێکاری یاسایی و دەستوری و دواتریش بەرەو جیابونەوە و دوورکەوتنەوە لە ناوەند.

ئاشکراشە هەموو ئەم مەترسیانە و لەم کاتەشدا کە عێراق و ناوچەکەی پێدا گوزەر دەکەن زۆر مەترسیدارە بۆ سەر مانەوە و بەردەوامبونی عێراق وەك دەوڵەت و وەك گەلانی عێراقیش بە یەك و یەکگرتویەوە.

بەڵام خۆشبەختانە چ گەلانی عێراق بەپێکهاتە جیاوازەکانی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبیانەوە، هەموان کۆکن لەسەر دەوڵەتێکی دیموکراسی و فرەیی و شەراکەت،دوور لە خۆسەپاندن و تاکرەوی بۆیە پێشبینی ناکرێت کە هیچ حیزب و سەرکردە و لایەنێکی سیاسی بتوانێت بەتەنها و بەزەبری هێز دەسەلآت لە عێراقدا بگرێتە دەست و ببێتە دەسەلآتداری تاك و رەها لە بەغداد.

❖ **لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئەدی کورد لەم قۆناغەدا و لەبەردەم ئەم تەنگژە سیاسیە زۆر مەترسیدارەدا بژاردەکانی چین؟ چۆن مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا دەکات؟ هەڵوێستی چ دەبێت؟**

ئاشکرایە دۆخی کورد زۆر هەستیار و ناسکە و ڕوو لە کرانەوە و گەشانەوەی زیاتریشە لەناوچەکەدا. بۆیە لەلایەك دەبێت زۆر بە ئاگایی و دیقەت و ژیریەوە مامەڵە بکات لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی سەر گۆڕەپانەکەدا و لەلایەکی تریشەوە بەهێز و بڕوابون بەخۆوە هەڵوێست وەربگرێت.بۆیە بژاردەکان لەلایەك کەم و سەخت و دیاریکراون و لەلایەکی تریشەوە چارەنوسساز و بە ئەرێنی و نەرێنی کاریگەریان دەبێت لەسەر ئایندەی تەواوی مەسەلەی کورد.

لێرەدا و لەم قۆناغە ناسك و هەستیار و دووڕییان و چارەنوسسازەدا سەرکردەی ژیر و داناو دووربین و موحەنەك دەردەکەوێت لەکاتە ئاستەنگ و پڕ ئاڵۆزی و گێژەڵوکەکاندا نەك لەکاتە ئاسایی و ئاشتی و ئارامیەکاندا، بۆیە لە ئێستادا تەواوی سەرکردایەتی سیاسی کورد بە پارتە دەسەڵاتدار و بە ئۆپۆزسیۆنیشەوە کەوتونەتە بەر سەنگی مەحەك و شارەزایی و ئەزمون و سیاسی بون و سەرکردەیی و کاریزماییان لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی گەورەدایە.چونکە بچوکترین هەڵە لە گوتار و هەڵوێستی سیاسیاندا لەبەرامبەر ئەم تەنگژە مەترسیدار و ڕاستەقینەیەدا ئایندەی کورد و هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتە سیاسیەکەشی دەخاتە بەر مەترسی لەناوچوونەوە بۆیە دەکرێت کە:

١. سەرکردایەتی سیاسی کورد پێش هەموو کارێك ئیجماعێکی سیاسی و نیشتیمانی و جەماوەری لەناوخۆی کوردستاندا دروست بکات،و هەموان لەسەر یەك گوتار و هەڵوێست و بڕیار خۆساغ بکەنەوە،بەکورتی ناوماڵی کورد ڕێکبخرێتەوە بە بەهێزی و یەکگرتوویی.

٢. هەموان مەسەلە نەتەوەییەکانی کورد بخەنە سەروو بەرژەوەندی و دەسکەوتە سیاسی و ئابوریە بچوکەکانی حیزبی و کەسیانەوە.

٣. دەستبگرن بە چەسپاندنی خاڵ و برگە و مادە دەستوریەکانی هەمیشەیی عێراقەوە و پەنا ببەنە بەر یاسا و دادگای فیدراڵی بۆ وەرگرتنەوەی مافەکان.

٤. سەرجەم کەموکوڕی و پێشێلکاریە دەستوریەکانی ناو بودجە ڕوونبکەنەوە ئەوەی کە لە قازانجی گەلانی عێراقدا نیە و هەڵمەتێکی چڕ و پڕی ڕاگەیاندن بووروژێنن لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان.

٥. جارێکی تر هەموو ئەو کار و هەوڵ و پەرۆشی و خەمخۆریانەی کورد بخەنەوە پێش چاوانی هەموان لە پێش ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و ڕاستگۆیی و سەر ڕاستی کورد پیشان هاوپەیمانەکانی دوێنێ و نەیارەکانی ئێستا بدەنەوە و لەدوای ڕووخانیش کە چۆن کورد ببوە

لەمپەڕ لەبەردەم هەڵایسانی جەنگی تایەفی و ناوخۆیی شیعە و سونە و چۆن دادوەرێکی ڕاستگۆ بوە لەو بوارەداو عێراقی پاراستوە لە بەریەك هەڵوەشانی خاك و گەلانیدا.

٦. پێداگیری بکات لەسەر ئەو خاڵ و بەندانەی بودجەوە کە پەیوەستن بە ژیانی تاك بەتاکی خەڵکی عێراقەوە نەك تەنها کوردەوە لەمەسەلەی دابەشکردنی خۆراك و بەشە پارەی نەوت و موچە و دەرماڵە و زیادکردنی بۆ فەرمانبەران و خانەنشینان ونەبونی خزمەتگوزاریەکان ویەکەی نیشتەجێبوون و تەرخاننەکردنی بودجە بۆ سەرژمێری گشتی لە عێراق و دەیانی تر .

٧. پەنا بردنە بەر خۆپیشاندان و ناڕەزایی جەماوەر لەکوردستاندا وەك کارتێکی فشاری جەماوەری.

٨. سەرەتا نەگەڕانەوە و هەڵپەساردنی ئیشوکاری وەزیرەکان لەحکومەتی بەغداد.هەنگاو بەهەنگاو بۆ کشانەوەی یەکجارەکی لەو حکومەتەدا.

٩. کارکردن و هەماهەنگی لەگەڵ لیست و قەوارە و پارت و سەرکردە سیاسیەکانی هاوڕاو هاوئامانج لەگەڵ کورددا بۆ بانگهێشتکردنی سەۆك وەزیران بۆ بەردەم پەڕلەمان و لێپرسینەوەی و دواتر متمانە لێسەندنەوەی.

١٠. کارکردن بۆ چیێ کردنی هەڵبژاردنێکی سەرتاسەری پێشوەخت بۆ پەڕلەمانێکی نوێی عێراق بەمەبەستی گۆڕینی هاوکێشەی هێز و سیاسیەکان لەناو پەڕلەمان و حکومەتدا.

١١. لەسەر ئاستی کوردستانیش کارکردنە بە ئاڕاستەی پێکەوەنان و گرێدان و دروستکردنی تۆڕێکی بەربڵاو وفراوانی سیاسی و ئابوری لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە و دونیا و کۆمپانیا ئابوریە گەورەکانی دونیادا بۆ ئەوەی لەکاتی تەنگانە و پێویستدا پشتگیری سیاسی و ئابوری هەرێم بکەن بۆ سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری لە ئایندەدا.

١٢. سازدان و ئامادەباشی لەناو ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەدا بۆ بەرپەرچدانەوەی هەموو ئەگەر و ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو.

١٣. دوا هەنگاویش کشانەوەی کوردە بە تێکڕایانەوە لە هەموو پۆستە ئیداری و سەربازی و پەڕلەمانیەکانداو گەڕانەوەیانە بۆ هەرێمی کوردستان.

ئاشکرایە دەبێت هەموو ئەم هەنگاوانە دوای بیرکردنەوە و تاوتوێکردنێکی وورد و بە ئیجماعێکی هەموانەوە بێت و ڕوو لە هەڵکشان بێت نەك یەکسەر و لەیەکەم چرکەدا دوا هەنگاو بهاوێژرێت بەواتای سیاسەتی یان هیچ یان هەموو کە نازانرێت ئەنجامەکەی چ دەبێت و پێویستیشە بەرژەوەندی و گۆڕانکاری و سیاسەتەکانی ناوچەکە و دونیاش باش هەڵبسەنگێنرێت و بزانرێت تا چ ئاست و ڕادەیەك پشتیوان و پشتگیری لە کورد دەکەن. ئاشکراشە بۆ سەرکەوتن و بەرپەرچدانەوەیەکی توند و بەهێز بۆ بەغداد زۆرگرنگە کە یەکڕیزی لایەنەکان بپارێزرێت و

دوودڵی و ناتەبایی و ڕاڕایی لەناو ڕیزەکانی سەرکردە و پارتە سیاسییەکان و جەماوەرەکەشیاندا نەبێت و هەرئەوەش زامنی سەرکەوتن و سەندنەوەی مافە ڕەواکانی گەلەکەمانە.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی خەندان وستانداردکورد لە ١٤ /٣/ ٢٠١٣وخەبات ژمارە ٤٢٨٦ لە ٢٠١٣/٣/٢٨دا بلاوکراوەتەوە.

لەپەراوێزی تەنگژەکانی بەغداد لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا و ئاسۆی ڕێگاچارەکان...

## ڕاپرسی

## و ڕۆڵ و کاریگەری لەسەر یەکلایکردنەوەی مەسەلە چارەنوسسازەکانی کورد..*

❖ **چەمك و پێناسەی ڕاپرسی ( ١ )**

وشەی ڕاپرسی Refrandom لەوشەی لاتینی plebiscita وەهاتوە کە لە بنچینەدا بەمانای بڕیار دێت لەلایەن Plebis Concilium کۆمەڵەی میللی کۆماری ڕۆماوە.

وشەی ڕاپرسی لە زمانی عەرەبیشدا بە (( استفتاء))( ٢) هاتوە و لەمانا زمانەوانیەکەیدا بریتیە لەوەی کە مەسەلەیەك دەخرێتە بەردەم لایەنێکی دیاریکراو بۆ ئەوەی بڕیاری لێبدات یان ڕاوبۆچونەکانی وەربگیرێت. و ڕاپرسیش لە لایەنی سیاسیەوە مانای خستنە بەردەمی گەل بۆ مەسەلەیەکی زۆر گرنگ بۆ ئەوەی ڕای جەماوەری لەسەر وەربگیرێت بە پەسەندکردن یان ڕەتکردنەوەی لە ڕێگەی دەنگدانی گشتیەوە. یان بەجۆرێکی تر ڕاپرسی بریتیە لە زانینی خواست و ویستەکانی جەماوەر،لە ڕێگەی دەنگدانی گشتیەوە لەسەر مەسەلەیەکی دەستوری یان ڕووداوێکی سیاسی گرنگ کە گرنگ و کاریگەرە لەسەر ژیان و گوزەران و ئایندەیان.

بەهەمان شێوە ڕاپرسی( ١ ) والێکدەدرێتەوە کە بریتیە لە ناردنی یاساکان کە لە پەرلەمان گفتوگۆی لەسەرکراوە یان ئەو ڕاستکردنەوە دەستوریانەی کە بڕیاری لێدراوە لەلایەن پەرلەمانەوە ئەمە و سەرەڕای ئەو مەسەلە گرنگانەی کە پەیوەستن بە ژیان و گوزەران و ئایندەی هاوڵاتیانەوە بۆ زانینی ڕاوبۆچوونیان لەسەریان.

سەرەڕای ئەوەی کە ڕاپرسی بەهۆکارێکی نمونەیی دادەنرێت بۆ ئیشوکارە سەروەریەکانی گەل لە ڕێگای پەنابردنەبەری ڕاستەوخۆی ڕای گشتیەوە، بەڵام دوو خاڵی ڕەخنەیی ئاڕاستە دەکرێت،یەکێکیان ئەوەیە کە کاریگەری هەیە لەسەر لاوازکردنی پێگەی پەرلەمان لە چوارچێوەی سیستەمی سیاسیدا لە میانەی گەڕانەوە یان ڕەتکردنەوەی یاسا و ڕاستکردنەوەکان لەلایەن هاوڵاتیانەوە کە ڕای لەسەر بدەن .دووەمیشیان تایبەتە بە کەمی ئەو زانیاریانەی کە پەیوەندیان بەمەسەلەکانەوە هەیە کە ڕاپرسی لەسەر دەکرێت لەلای هاوڵاتیان کە ئەمەش گومان دروستدەکات لەسەرئەوەی کە بتوانرێت هەموو لایەنەکانی مەسەلەکە ڕۆشن بێت لەلای هاوڵاتیان.

جا ڕاپرسیش ( ٢)لەلایەن چەند لایەنێکەوە دەکرێت وەك ڕۆژنامە و میدیاکان و دامودەزگای تایبەتی و گشتی و یان لەلایەن دەوڵەتەوە چیٚ دەکرێت بۆ وەرگرتنی ڕای گشتی لەسەر مەسەلەیەك. یان کێشەیەکی کۆمەڵایەتی یان ئابوری یان سیاسەتێکی دیاریکراو. ڕاپرسی دەگەڕێت بەدوای زانینی هەڵوێستە جیاوازەکان بۆ چین و توێژێکی دیاریکراو لە جەماوەر کە لێیەوە ئەنجامگەلێك دەستدەخات کە یاریدەی دەدات لە دروستکردنی بیروبۆچونێکی گشتی دەربارەی هەر کێشە و مەسەلەیەك.ڕاپرسیش پرۆسەیەکە کە زۆربەی وڵاتان پەنایان بۆ بردووە لەسەر مەسەلە گرنگەکانی تایبەت بە کۆمەڵگا و وڵاتەکانیان. وەبەلای زۆر کەسانی شارەزاوە،ڕاپرسی گشتی بریتیە لە جۆرێك لە دیموکراسیەتی ڕاستەوخۆ کە لە سەرەتای دەستپێکی مێژووی شارستانێتی و دامەزراندنی سیستەمە سیاسی و دەرکردنی بڕیارە گرنگەکاندا لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا پەنای بۆ دەبرا. بەوەی کە ڕاستەوخۆ بیروڕای جەماوەر ئەوانەی کە مەرجەکانی دەنگدانیان تیادابوو وەردەگیرا لەسەر مەسەلەکان. بەڵام لەدواتردا بەهۆی گەورەبون و فراوانبوونی شارەکان و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانەوە ئەم سیستەمە گۆڕدرا بە سیستەمی نوێنەرایەتی.بەڵام ڕاپرسی گشتی جارێکی دی دیموکراسی ڕاستەقینە و ڕاستەوخۆمان وەبیر دێنێتەوە کە گەل بڕیاری خۆی لەلایەن خۆیەوە دەدات.

❖ ڕاپرسی گرنگیەکەی لەوەدایە کە بریتیە لە ڕای زۆرینەی جەماوەر کە ڕاستەوخۆ بڕیاری پەسەندکردن یان ڕەتکردنەوەی هەر مەسەلەیەکی دابێت.نەك بریتیبێت لە ڕاوبۆچوونی توێژ و چینێك یان پارتێکی سیاسی یان سەرکردەیەکی تاکڕەو و باڵادەست. بەمەش بەرژەوەندی و ویست و خواستی زۆرینەی جەماوەر دەردەخات نەك لایەنێك یان ناوچەیەك و ئاین و مەزهەبێکی بچوك و دیاریکراو.ڕاپرسیش گرنگیەکەی و هەستیاریەکەی

لەوەدایە لەسەر مەسەلە زۆر گرنگ و چارەنوس و یەکلاکەرەوەکان دەکرێت کە پەیوەندیان بە ئێستا و ئایندەی نەوەکانیشەوە هەیە.ڕاپرسی لەسەر مەسەلە ڕۆتینی وڕۆژانە ئاساییەکان ناکرێت چونکە ئەوەکاری پەرلەمان و نوێنەرانی گەلە.جا لە گەلێك ولاٚتدا،ڕاپرسی و ئەنجامەکانی مولزەمن(( پێویستە جێبەجێبکرێن))([1]) بەجێبەجێکردن یان مولزەم نین بە جێبەجێکردن.ئەمەش دەوەستێتە سەر کاریگەریەکانی ڕاپرسیەکە.ڕاپرسی نا مولزەم بریتیە لەوەی کە تەنها وەك ڕاوەرگرتن و ڕاوێژپێکردنێکی جەماوەر چیٚ دەکرێت.ئیدی بڕیاری کۆتایی بۆ حکومەت و دەسەلاٚتی یاسادانان بەجێدەهێلرێت بۆ شیکردنەوەی ئەنجامەکان.یان دەشکرێت ئەنجامەکانیش هەر کاری پێنەکرێت و پشتگوێش بخرێت.ئەمەش لەحاڵەتی ئەو ولاٚتانەدا پەیڕەو دەکرێت کە واژۆیان لەسەر ڕێکەوتنامەکانی وستمەنستر سەروەری پەرلەمانی کردوە.بەلاٚم لە ڕاپرسی مولزەمدا هێندە بەسە کە تەنها زۆرینەیەکی سادە ڕایان لەسەر پەسەندکردنی دابێت. و ئیدی حکومەت و پەرلەمان پێویستە لەسەریان دەرئەنجامەکان جێبەجێبکەن.

### ❖ کات و جۆرەکانی ڕا پرسی

ئاشکرایە لەکاتی هاتنە پێشی مەسەلەیەکی گرنگ و چارەنوسساز کە کاریگەری گەورە و یەکلاکەرەوەی هەبێت لەسەر ئایندەی ولاٚت و کۆمەڵگایەك و پێویست بەوە بکات کە ڕای زۆرترین تاکەکان و چین و توێژە جیاوازەکانی لەسەر وەربگیرێت،ئەوا چێکردنی پرۆسەی ڕاپرسی بە پێویست دەزانرێت.ئاشکراشە پرۆسەی ڕاپرسی سیمایەکی گەشی سیستەمی دیموکراسیە و بەڵکو جۆرێکە لە دیموکراسی ڕاستەوخۆش.بۆیە ولاٚتانی دیموکراسی و خاوەن سیستەمە سیاسیە پەرلەمانی و دیموکراسیەکان بەزۆری پەنای بۆ دەبەن.بەلاٚم زۆرجارانیش لەلایەن سیستەمە حوکمڕانیە تاکڕەو و توتالیتاری و شمولیەکانیشەوە پەنای بۆ دەبرێت بەلاٚم مەرج نیە کار بە دەرئەنجامەکانی بکرێت،ئەگەر لەگەڵ خواست و ویستەکانی دەسەلاٚتداراندا وێکنەهاتەوە.یان ئەوەتا ئەوەی کە دەسەلاٚتدار و پارتی دەسەلاٚتدار گەرەکێتی بەزۆر و لەژێر فشار و هەڕەشە و گوڕەشە تاکەکان ناچار دەکەن کە دەنگ بەو ئاڕاستەیە بدەن کە دەسەلاٚتداری تاکڕەو و ڕەها گەرەکێتی.وەك دەنگدانە گشتی و ڕاپرسیەکان لەسەر مانەوە و پەیمان نوێکردنەوەکان بۆ دیکتاتۆری لەگۆڕنراوی بەعسی عێراقی صدام حسین کە ئەنجامیدەدا و هەمیشە ئەنجامەکان لە پێشدا زانراوبوون کە ڕێژەی

٩ر٩٩٪ دەبوون کە ئەمە بۆخۆی گاڵتەجارپیەکی وەرسکەر بوو بۆ تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگا بەڵام هیچ چارێکیشیان نەبوو.

ڕاپرسیش وەك باسمان کرد بەتەنها گرنگی دەداتە مەسەلە گرنگ و هەستیار و چارەنوسسازەکان کە نەحکومەت و نەپەرلەمان ناتوانن بڕیاری یەکلاکەرەوەیان لەسەر بدەن،هەربۆیە پەنا دەبەنە بەر چێکردنی ڕاپرسی گشتی،چونکە بڕیاردان لەوەها مەسەلەیەکی گرنگدا لێپرسراوێتیەکی گەورە دەخاتە سەر ئەستۆی حکومەت و پەرلەمان،لەبەرئەوەی حکومەت و پەرلەمانەکان لە هەموو دونیادا لەگۆڕاندان و تەنها لێپرسراون لەو قۆناغەی کە تیایدا باڵادەستن بۆیە مافی ئەوەیان نیە کە بڕیارێکی واگرنگ بدەن.هەربۆیە پەنا دەبەنە بەر گەل تا بۆخۆی بڕیارە چارەنوسسازەکە بدات چونکە گەل نەگۆڕە و سەرچاوەی هەموو شەرعیەتەکانیشە و لەکاتی ڕوودانی جەنگ و کارەساتەکانیشدا ئەنجامی بڕیارەکانی خۆی لە ئەستۆ دەگرێت لە ڕووبەڕووبونەوە و بەرگریکردندا .

**ڕا پرسیش بەگشتی چوار جۆری هەیە :-** ( ٣ )

**١. ڕا پرسی دەستوری:**

بریتیە لەگەڕانەوە بۆ هاوڵاتیان ئەوانەی کە مافی دەنگدانیان هەیە بۆ بڕیاردان بۆ دەرکردنی دەستورێك (دەستورێکی نوێ – یان زیادکردن و لابردنی مادەیەك یان چەند مادەیەك لەدەستووری هەبوودا کە ناودەبرێت بە ڕاستکردنەوە دەستوریەکان). هیچ دەستورێك( یان هەندێ زیادکردن و لابردنی مادەکانی) ناچنە بواری جێبەجێکردنەوەوە تەنها لەدوای خستنە بەردەمی گەلەوە نەبێت بۆ ئەوەی ڕای لەسەر بدەن و پەسەندی بکەن.واتە ئەو لایەنەی کە دەستورەکەی نوسیوەتەوە یان مادەیەك یان چەند مادەیەکی لێ زیاد و کەمکردوە جا پەرلەمان بێت یان لیژنەیەکی دیاریکراو بێت ئەوا ئەرك و کارەکانی لەو سنورەدا دەوەستێت و بڕیاردان و کارکردن بەو دەستورە و مادە ڕاستکراوانە بۆ تاکەکانی گەل بەجێدێڵرێت کە مافی دەنگدانیان هەیە.وەك هەموو ئەو ڕاپرسیانەی کە لە دەستوری وڵاتاندا دەکرێت و ئەوەبوو لە عێراقی نوێشدا ودوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی صدامی لە٩ نیسانی ساڵی ٢٠٠٣دا و نوسینەوەی ڕەشنوسی دەستوری نوێ ئەوەبوو گەلانی عێراق بەزۆرینەی ١٢ ملیۆن کەس بە بەڵێ دەستورەکەیان پەسەند کرد و لە ئێستاشدا عێراق

لەژێر سایەی ئەو دەستورەدا بەڕێوەدەچێت کە کوردیش وەك پێکهاتەی دووەم و سەرەکی گەلی عێراق دەنگی بە بەڵێ بۆ ئەو دەستورەدا.

۲. **ڕاپرسی سیاسی:**

واتە دەنگدانی گەل لەسەر مەسەلەیەکی گرنگ بەڵام بە ئاڕاستەیەکی سیاسی کە پەیوەستە بە بەرژەوەندیە باڵاکانی گەل و وڵاتەوە.

۳. **ڕاپرسی جەماوەری تایبەتی:**

بەواتای دەنگدانی گەل لەسەر کەسایەتی سەرۆکی وڵات. کەسی پاڵێوراو دادەنرێت بە سەرۆکی وڵات بەوەدەستهێنانی زۆرینەی ڕەها بۆ ژمارەی دەنگە ڕاستەقینەکانی لەڕاپرسیەکەدا و ماوەی سەرۆکایەتیەکەشی لە چرکەساتی ڕاگەیاندنی ئەنجامی ڕاپرسیەکەوە دەستپێدەکات .

٤. **ڕاپرسی جەماوەری گشتی:**

بەمانای خستنەبەردەمی تاکەکانی گەل ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە دێت بۆ مەسەلەیەکی گشتی یان ئەنجامدانێکی گشتی کە پەیوەست بێت بە لایەنێکی دیاریکراوی یاسایی یان ئابوری یان کۆمەڵایەتی یان ئاڕاستەیەکی سیاسەتی دەرەوە و ...هتد.بۆ وەرگرتنی ڕایان بە بەڵێ یان نەخێر و بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە زۆرینە پەسەندی دەکات.

گۆڕانکاری و ڕاستکردنەوەی زۆریش لەدەستوری هەر وڵاتێکدا ئاماژەیە بۆ دەستێوەردانێکی ناپاك و نیەتێکی خراپ و مەبەستێکی شاراوە و ناجێگیری باری سیاسی ئەو وڵاتە.بۆ نمونە دەستوری ئەمریکی لە مێژووی نوسینەوەی لە سەدەی هەژدەهەمەوە و لەساڵی ۱۷۷۸وە تەنها ۲۷ چاککردنی دەستوری بەسەر هەندێ لەمادە و بڕگەکانیدا هاتوە.لەکاتێکدا دەستوری میسری لە ساڵی ۱۹٥۳وە و بەتەنها لەماوەی ٥۲ ساڵدا ۲۱ جار ڕاپرسی گەلی لەسەر ئەنجامدراوە بۆ چاکردنی هەندێ مادە و بڕگە بەشێوەیەك لەسەردەمی جەمال عەبدولناسردا ٤ جار و لەسەردەمی ئەنوەر ساداتدا ۱۰ جار و لەسەردەمی حوسنی موبارەکیشدا ۷جار.

❖ **کورد و ئەزمونی ڕاپرسی**

بەداخەوە کورد تاکو ئێستا و بەتایبەتیش لەم بەشەی کوردستانی باشوردا کە خاوەنی نزیکەی ٢١ ساڵی حوکمڕانی خۆجێیەتی خۆیەتی لەدوای ڕاپەڕینە پیرۆزەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١وە. نەبۆتە خاوەنی چێکردنی پڕۆسەیەکی ڕاپرسی گشتی کە تیایدا زۆرینەی جەماوەری گەل بڕیار لەسەر مەسەلە گرنگ و چارەنوسسازەکان بدات و ئایندەی خۆی و نەوەکانی دیاریبکات و خۆشی و نەوەکانیشی بخاتە بەر لێپرسراوێتی مێژووییەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیار و ئەنجامانەی کە گەل دەنگی لەسەر داون.

گەلی کورد تەنها لە کارەساتە جەرگبڕەکاندا بەشێوەیەکی نا فەرمی و دوور لە صندوقی دەنگدانەکان ڕاپرسی کردووە لەسەر هەندێ مەسەلەی گرنگ و چارەنوسسازی کارەساتاوی وەك چوونە دەرەوەی زۆرینەی گەل بۆ شاخ بە هەموو چین و توێژە جیاوازەکانەوە لەکاتی هەلآیسانەوەی شۆڕشی ئەیلول لەساڵی ١٩٧٤دا و دواتر لەسەردەمی پڕۆسەی بەدناوی ئەنفال و کیمیاویباران و جینۆسایدی گەلەکەماندا لەسالآنی ١٩٨٧-١٩٨٨دا لەسەر دەستی ڕژێمی بەعسی صدامی لەگۆڕنراودا کە بڕیاری چۆڵکردن و بەجێهێشنی خاك و ئاو و دێهاتەکانیاندا و بەرەو ئاوارەبوون و سەرگەردانی بەرەو ولآتانی دراوسێ و بەرەوچارەنوسێکی نادیار ملی ڕێگایان گرت.بەهەمان شێوە لە ڕاپرسیەکی نەنوسراو ونافەرمیدا و دوور لە صندوقەکانی دەنگدانەوە جارێکی تریش بڕیاری بەجێهێشتنی تەواوی ولآتیاندا لە کۆڕەوە مەزنەکەی گەلەکەماندا لە ساڵی ١٩٩١دا، بەلآم خۆشبەختانە ئەم جارەیان بەپێچەوانەی هەردوو پڕۆسەی چۆڵکردنی شار و دێهاتەکان لە شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێدا کە بەکارەسات و نسکۆ کۆتاییان هات و هیچ دۆستێکی کورد لەسەری هەڵنەداین و بەهێواشی و بەبێ کەسی ڕووبەڕووی مردن و لەناوچوون وئاوارەبوون بوینەوە ،بەلآم ئەمجارەیان دەسکەوتی گەورەی لێکەوتەوە لەسەر ئاستی زلهێزەکان و نەتەوەیەکگرتوەکانیش و ئەوەبوو ناوچەی دژە فڕین دروستکراو و بڕیاری ٦٨٨ لە ١٩٩١/٤/٥دا لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە دەرچوو بۆ هاوکاری و یارمەتیدانی گەلی کورد کە ئەمە بۆ خۆی بە دووەم بەڵگەنامەی نێونەتەوەیی دێتە ژماردن لەسەر مەسەلەی کورد و کوردستان لە دوای ڕێکەوتنامەی سیڤەرەی کۆنگرەی ئاشتیەوە لە پاریس لە فەڕەنسا لەساڵی ١٩٢٠دا.

ئەگەر دەنگدان و هەڵبژاردنی گەلی کورد بۆ یەکەم پەرلەمانی کوردی لە مێژووی خەباتی سەدان ساڵەی کوردا لە ١٩٩٢/٥/١٩دا دابنرێت بە ڕاپرسی گشتی ئەوە دەبێتە یەکەم

ڕاپرسی فەرمی و یاسایی گەلی کورد بۆ دیاریکردنی جۆری سیستەمی حوکم بەدیموکراسی و پەڕلەمانی لە کوردستاندا.
بەڵام لەسەر مەسەلەیەکی گرنگی وەك دیاریکردنی جۆری پەیوەندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدادی ناوەندی بڕیار لە دەوڵەتی عێراقدا کە لەلایەن پەڕلەمانی کوردستانەوە و لە ٤/١٠/١٩٩٢دا و بەتەنها بڕیار درا کە بەشێوەی فیدڕاڵی ئەو پەیوەندیە ببەسرێت کە بۆخۆی بڕیارێکی گرنگ و چارەنوسساز بوو و کاریگەریشی هەیە و تاکو ئێستاش کورد ملکەچێتی کە لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا بمێنێتەوە. بەداخەوە ڕاپرسیەکی گشتی لەسەر ئەنجامنەدرا کە دەبوایە ئەوکات بکرایە. ئەمە تەنها بڕیارێکی پەڕلەمانی و ڕاستریش یان ووردتریش بڕیارێکی حیزبی بوو کە لەلایەن براوەی سەرەکی ئەو هەڵبژاردنەوە ئەنجامدرا کە بریتی بوو لە هەردوو پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە نیوە بەنیوە هەموو پۆست و پلە حکومیی و پەڕلەمانیەکانیان دابەشکردبوو لە نێوان خۆیاندا. کە لە ئێستادا گەلی کورد بەدەست ئەو بڕیارەوە دەناڵێنێت و ڕەخنەی زۆریش ئاڕاستەی ئەو دوو حیزبەش دەکرێت.
کورد لەم بەشەی کوردستاندا و لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی نوێدا لەساڵی ٢٠٠٥دا بەشداری ڕاپرسیەکی فەرمی کرد لەسەر دەستوری نوێی عێراق و بە بەڵێ دەنگیپێدا .کە بەداخەوە لە ئێستادا کورد گیرۆدەی دەستی هەندێ بڕگە و مادەی ئەو دەستورەیە کە خۆی دەنگی پێداوە.
کورد لەماوەی ئەم ٢١ ساڵەی حوکمڕانی خۆیدا نەیتوانیوە کە دەستورێك بۆ ئەم هەرێمەی خۆی بنوسێتەوە بەتایبەتیش دوای نوسینەوە و پەسەندکردنی دەستوری نوێی عێراقی لەساڵی ٢٠٠٥وە کە بە فەرمی داننراوە بە بون و سنوری هەرێمی کوردستانی ئێستادا بێجگە لە ناوچە کوردیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی دەوڵەتی فیدڕاڵی عێراقی.هەرچەندە پەڕلەمانی کوردستان لەم خولەی ئێستای (( ٤ ساڵە))یدا هەستا بە نوسینەوەی ڕەشنوسی دەستورێك بۆ هەرێم. بەڵام تائێستا نەخراوەتە بەردەمی جەماوەری کوردستانەوە بۆ ڕاپرسی کردن لەسەری و پەسەندکردنی بە بەڵێ یان ڕەتکردنەوەی بە نەخێر.هێشتا ئەم کارە نەکراوە،کاتێك داوادەکرێت کە ئەو ڕەشنوسە هەندێ چاکردنی تیادا بکرێت پێش ئەوەی بخرێتە ڕاپرسیەکی گشتیەوە بۆ پەسەندکردنی و بەمەبەستی ئەوەی دەستورەکە ببێتە دەستورێکی کامڵتر و جێگەی ڕەزامەندی هەمووان بەدەسەڵات و

ئۆپۆزسیۆنیشەوە.بەڵام بەداخەوە بە بیانووی بێ ئەرزش و دوور لە یاسا و دووربینی بۆ ئایندەی هەرێمی کوردستان ئەم ڕەشنوسی دەستورە نەبەکامە و لەدایک نەبوەیان لەباربردوە و پشتگوێ خستوە.کە بە دڵنیایی نەبون و پەسەندنەکردنی دەستورێك بۆ هەرێم کاریگەری گەورەی خراپی دەبێت لەسەر ئێستا و ئایندەی ئەم هەرێمە.بۆیە نوسینەوەی دەستورێك و ڕاپرسیکردنی جەماوەر لەسەری ئەرکێکی هەرە لە پێشینە و گرنگی حکومەت و پەرلەمانی کوردستانە.چونکە:-

١. لەو دەستورەدا جۆری سیستەمی سیاسی فەرمانڕەوایی دیاریدەکرێت.

٢. جۆری پەیوەندی هەرێم و ناوەند دیاریدەکرێت.

٣. تێڕوانینی ئایندەیی بۆ چارەنوسی مەسەلەی کورد و مانەوەی لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا دیاریدەکرێت.

٤. جوگرافیا و سنوری ڕاستەقینە و مێژوویی هەرێمی کوردستان دیاریدەکرێت.

٥. ئەمە سەرەڕای ماف و ئەرکەکانی تاك و پارتی سیاسی و سەرکردە و ڕابەرە سیاسیەکان دیاریدەکرێت.

٦. هەموو لایەنەکانی ژیانی سیاسی و ئابوری و سەربازی و کۆمەڵایەتی و سامانە سروشتیەکان و داهاتەکان و مافەکانی مرۆڤ و سەروەری یاسا و...هتد. دیاریدەکرێن.

کە هەموو ئەم مەسەلانە بۆ کورد زۆر گرنگ و ژیاری و چارەنوسسازن و پێویست دەکەن کە ڕاپرسیەکی گشتییان لەسەر بکرێت و ڕای زۆرینەی جەماوەری گەلی کوردیان لەسەر وەربگیرێت.ئیدی کاتی ئەوە هاتوە کورد و دەسەڵاتی سیاسی جورئەت بدەنە بەر خۆیان و بڕیارە گرنگەکان لەچوارچێوەی تەسك و بچووك و شاراوە حیزبیەکان بهێننەدەرەوە و بیانخەینە بەردەم زۆرینەی گەلەوە بەڕۆژی ڕوناك و بۆ ئەوەی گەل خۆی بڕیار لە چارەنوس و ئایندەی خۆی بدات و هەرخۆشی بەرپرسیارێتی مێژوویی ئەنجامی بڕیارەکانی خۆی هەڵبگرێت لەڕاست و هەڵەییدا.

❖ **کورد و هەندێك مەسەلەی چارەنوسساز**

کورد لەم بەشەی کوردستانی باشوردا کە خاوەن دەیان ساڵی خەبات و مێژوو و ڕاپەڕین و شۆڕش و قوربانیدانە لە پێناو بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیدا و بوون بەسەروەر و خاوەنی ڕاستەقینەی بست بە بستی خاکی کوردستان.بەڵام بەداخەوە لەدوای ٢١ ساڵ حوکمڕانی خۆجێیەتی و لە سایەی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و دەستورێکی نوێی

عێراقی بەناو دیموکراسیدا نەیتوانیوە کە ببێتەوە بە خاوەنی لانی کەم یەك لەسەر سێی خاکی کوردستان و بەهەڵە بێت یان لە نەزانین و تێکەوتنەوە بێت سەرکردایەتی سیاسی کورد لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی صدامی لەساڵی ٢٠٠٣دا و نوسینەوەی ڕەشنوسی دەستور و پەسەندکردنیشی لەلایەن گەلانی عێراقەوە بە کوردیشەوە لەساڵی ٢٠٠٥دا چارەنوسی بەشێکی زۆر گرنگ و ستراتیژی و ژیاریی خاکی کوردستانیان بە ناڕۆشن چەسپاندوە و بەناوی (( ناوچە کێشە لەسەرەکان)) و لە چوارچێوەی مادەی ١٤٠ی دەستوردا بەهەڵواسراوی هێشتۆتەوە و هەر لەوێشدا بەهەڵە و نەزانین تەمەنی ئەو مادەیەیان بە دوو ساڵ دیاریکردوە کە دەبێت لەو دووساڵەدا لەدوای سێ قۆناغی یەکبەدوایەکی ئاسایکردنەوە و سەرژمێریکردن و ڕاپرسیکردن چارەنوسی ئەو ناوچانە کەهەر لە شەنگال و مەخمور و کەرکوك و جەلەولا و قەرەتەپە و سەعدیە و خانەقین و مەندەلی و ..هتد. دەگرێتەوە دیاریبکرێن بە گەڕانەوەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان یان مانەوەی لەدەرەوەی سنورەکانی هەرێمی کوردستانی ئێستا و لە ژێر سایەی حکومەتی ناوەندیدا. کە لە ئێستادا و دوای تێپەڕبوونی ٧ ساڵ بەسەر پەسەندکردنی ئەو دەستور و مادەیەدا و تەواوبوونی ماوەی ٢ ساڵەکە تەنها چەند هەنگاوێکی کەم و بچووك جێبەجێکراوە لەناونوسین و قەرەبووکردنەوەی ئاوارە و هاوردەکاندا بۆ ئەو ناوچانە،هەربۆیە ئەو مادەیە لەنێوان لایەنگیری کورد و دژایەتیکردنی عەرەبدا((سونە و شیعە)) و تورکوماندا بە نیوە مردوویی ماوەتەوە و بۆتە یەکێك لە کێشە گرنگ و زۆر هەستیارەکان بۆ هەردوولای کوردی و عەرەبی.

کورد داوای جێبەجێکردنی مادەکە دەکات لەچوارچێوەی ئەو دەستورەی کە هەموان پەسەندیان کردووە،عەرەبیش نایەوێت مادەکە جێبەجێبکات و هەر ڕۆژەی بە بیانویەکەوە ئاستەنگ و ڕێگری گەورەتری بۆ دروست دەکات.جا لە حاڵەتێکی ئاوهادا کە هەردوولای کێشەکە نەگەنە ئەنجامێکی یەکلاکەرەوە لەسەر چارەنوسی ئەو ناوچانە کە گرنگی و هەستیاریان بۆ هەردوولا وەکو یەکە.پێویستە پەنا ببرێتە بەر ڕاپرسی لانی کەم لەلایەن دەسەلأتدارانی هەرێمەوە کە لەناو دانیشتوانی ئەو ناوچانە خۆیاندا بکرێت نەك لەسەرتاسەری عێراقدا چونکە ئاشکرایە ژمارەی عەرەب(( سونە و شیعە)) زۆرترن لە کورد.کە لە بنچینەدا نەدەبوو سەرکردایەتی کورد هەر لە چرکەساتی نوسینەوەی ڕەشنوسی دەستوردا ئەو هەڵەیەیان بکردایەو ئەو جێگایانە کە بەهەقیقەت و بەبەڵگەی مێژوویی

ناوچەی کوردستانی و زۆرینە کوردنشینبوون سازشیان لەسەر بکات و بیانخاتە دەستی قەدەر و دەسەلآتدارانی بەغداوە بۆ سەلماندنی کوردستانیبونیان، بەلآم کە ئەو کارە نەکراوە ئیدی پێویست ناکات کورد نەرمی و سازشی زیاتریان لەسەر بکات. ئەو ناوچانە هێندە بۆ کورد گرنگن کە ناکرێت تەنها بەبڕیارێکی سیاسی پارتێك یان سەرکردەیەك وازیان لێبهێنرێت یان چارەنوسیان دوابخرێت یان جەنگ و شەڕیان لەسەر دروست بکرێت ،بەڵکو دەبێت کۆدەنگیەکی گشتی سیاسی و جەماوەری نیشتیمانیان لەسەر دروست بکرێت لەناو هەموو پارتە سیاسی و سەرجەم چین و توێژەکانی گەلەکەمانەوە و هەموان هاوڕاو یەك و یەکگرتووبن لەسەر یەکلایکردنەوەی چارەنوسی ئەو ناوچانە، نەك بۆ مەرامی سیاسی و حیزبی و دەسکەوتی هەڵبژاردن و دەنگ کۆکردنەوە و ناوەناوە مەسەلەکە بێننەوە بەر باس و گرنگیان پێبدەن، ئەو ناوچانە کە کوردستانین مافی هەموو تاکێکی کوردستانیان بەسەرەوەیە و ئاشکراشە شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێی گەلەکەشمان لە گفتوگۆودانوسانەکانیان لەگەڵ ڕژێمەکانی پێشووی عێراقیدا زۆربەیان لەسەر ئەو ناوچانە نەگەیشتونەتە ڕێکەوتن و کورد ناچار بووە خوێن و فرمێسکی زیاتریان بۆ بڕێژێت و قوربانی و خەباتی خوێناویان لە پێناویاندا بۆ بدات.و هەربۆیە پێویستە لەو ڕەشنوسی دەستورەی هەرێمدا بە ڕۆشنی باس لەو ناوچانە بکرێت وەك ناوچەیەکی ڕەسەنی کوردستان و لەناو سنوری جوگرافیای کوردستاندا دابنرێن و ئەوکات ئەو ڕەشنوسە بخرێتە بەردەم گەلەوە لە پرۆسەی ڕاپرسیەکی گشتیدا بۆ ئەوەی بە ڕەسمی بناسرێت و ببێتە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی و ڕەسمی لە کوردستان و عێراق و ناوچەکە و دونیاشدا و چیدی هیچ نەوەیەکی ئایندە بە ئێستاشەوە نەرمی و سازشیان لەسەر نەکەن و هەوڵی گەڕانەوەیان بدەن بۆ سەر کوردستان. جا گرنگی ڕاپرسی و بەهێزیەکەی لێرەدا دەردەکەوێت لەمەسەلەیەکی چارەنوسساز و یەکلاکەرەوەدا کە کورد لە ئێستادا زۆر پێویستی پێیەتی. لەدونیای ئێستا و پێشکەوتوو دیموکراسیدا هێندەی گرنگی و حساب بۆ ڕای جەماوەر دەکەن نیو هێندە حساب بۆ بڕیارێکی سیاسی یەك پارت و یەك سەرکردە ناکەن.

### ❖ میکانیزمەکانی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی

مەسەلەیەکی تری زۆر گرنگ و هەستیار و چارەنوسسازی تر بۆ کورد و ناوچەکە و تەنانەت دونیاش بریتیە لە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی و سەربەخۆ و ئازادە بۆ کورد لەم بەشەی باشوری کوردستاندا بێت یان لەسەر ئاستی کوردستانی

گەورەدا بێت. ئەم مەسەلەیە لە مەسەلەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم لە عێراقدا بۆ کورد و ناوچەکە زۆر هەستیارە بەڕادەی قبوڵنەکردنی لەلایەن دەوڵەتانی ناوچەکە بە گشتی و بەتایبەتیش عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش لانی کەم لەم قۆناغەی ئێستادا پەسەند و قبوڵ کراو نیە بە ئاشکرا، هەرچەندە هەوڵ و کۆبونەوە و سیمینار و سیناریۆی پشت پەردە زۆرن بۆ باسکردن و گفتوگۆکردنی ئەو مەسەلەیە بەڵام تا ئێستاش بە ئاشکراو بەڕوونی لەچوارچێوەی مەسەلە قەدەغەکراوەکاندا ماوەتەوە و گەورەترین وڵاتانی زلهێز و دیموکراسیش خواستی ڕاستەقینەی خۆیان بە ڕاشکاوانە و نەترسانە دەرنابڕن بەرانبەر بە مافێکی زۆر سەرەتایی و زەوتکراوی نەتەوەیەکی ٣٥-٤٠ ملیۆن کەسی.

ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی و گۆڕانکاریە ناوچەیی و دونیاییەکانیش مژدە بەخشن بۆ ئەوەی کورد لەم سەدەی بیست و یەکەمەدا ببێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی.بۆیە کۆڵەکەی بنچینەیی لە هێنانەدی ئەو خەون و ئاواتە دێرینەی کورد،کورد خۆیەتی.چونکە وەك وتراوە ماف دەسێنرێت و نادرێت.هەربۆیە کورد و سەرکردایەتیە سیاسیەکەی دەبێت لەهەوڵی خۆئامادەکردن و پێکەوەنانی ژێرخانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و سەربازی تۆکمەی خۆی بێت بۆ ئەوەی بیکاتە بناغەیەکی پتەو و تۆکمە بۆ دامەزراندن و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی.

خۆشبەختانە کورد لەم بەشەی باشوری کوردستاندا خاوەن تایبەتمەندی و پێداویستیەکان و هۆکارەکانی بنیاتنانی دەوڵەتە.چ لەڕووی سیاسیەوە بێت کە بۆتە خاوەنی سیستەمێکی دیموکراسی و پەرلەمانی حکومەت و دامودەزگاکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادەوەری تیایادا دامەزراوە و خاوەنی ٢١ساڵ ئەزمونی حوکمڕانیە ولەڕووی ئابوریشەوە خاوەن داهات و سەرچاوەی دەوڵەمەندی نەوت و غازی سروشتی و دەیەها کانزای بەنرخە کەلەم چەند ساڵەی دواییدا لەسایەی سیاسەتێکی ڕاست و دروستی نەوتیەوە توانراوە کوردستان بخرێتە سەر نەخشەی وزەی جیهان ، کۆمپانیا گەورەکانی بواری نەوت کێبڕکێدەکەن بۆئەوەی بێنە کوردستان و وەبەرهێنان لەبواری نەوتدا بکەن، بەمەش توانراوە تۆڕێکی پەیوەندی بازرگانی بەهێز لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ و ناوچەکە و دونیاشدا دروست بکرێت ، کە ئاشکراشە لەم سەردەمەدا بەرژەوەندی و سیاسەتە ئابوریەکان جڵەوی بڕیاری سیاسی دەوڵەتانیان کردوە و کردویانەتە پاشکۆی خۆیان و هێندەی ئابوری و بازرگانی و کۆمپانیاکان کاریگەریان هەیە نیوهێندە سیاسەت و سیاسیەکان کاریگەریان نیە و هەژمونیان کەمبۆتەوە و سنور و سەروەری وڵاتانیش پیرۆزی جارانیان نەماوە و کاڵبونەتەوە و ئەوەی کە بڕیاری کۆتایی دەدات تەنها ئابوریە. بۆیە دەکرێت کوردستان سوود لەم بواری نەوت و غازە سروشتیە وەربگرێت و بەتەواوی خۆی تێکەڵ بە سیاسەتە نەوتیە ناوچەیی و جیهانیەکان بکات بۆئەوەی ببێتە پاڵپشتێکی گەورە بۆ بڕیارە

سیاسیەکانی ئاینده دەربارەی هەر هەڵوێستێك که بگیرێته بەر به ئاڕاستەی ڕاگەیاندن و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ.لەڕووی سەربازی و کۆمەڵایەتی و مەعریفی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی و سەروەری یاسا و ئازادیەکانیش سەرەڕای کەموکوڕیەکانیش تیایدا ،کوردستان تۆمارێکی تا ڕادەیەك باشی نەخشاندوە و هەنگاوی باشی ناوە.بۆیه زیاتر خۆڕێکخستن و توندوتۆڵکردن و یەك و یەکگرتوویی ناوماڵی کورد زامنی گەورەی سەرکەوتنه به ئاڕاستەی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی.جا هەر کاتێك ئەم پێداویستیانه و هۆکارانه تەواو پێگەیشتن و کامڵبوون،دەکرێت دەسەلاتی سیاسی پرسی ڕاگەیاندن و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بخاته بەردەم تەواوی گەلی کوردەوه له پڕۆسەی ڕاپرسیەکی گشتیدا تاهەموان بەشداربن له بڕیاردان و یەکلاکردنەوەی ئەو مەسەله گرنگ و چارەنوسسازەدا.بەبەڵێ یان نەخێر.ئەوکات مەسەلەکه هێندەی تر شەرعیەت و ڕەوایی بەدەستدێنێت و دەشبێته پشتیوان و پشتگیریەکی گەوره و پتەویش لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ناوچەیی و دونیایش.

دواتر دەکرێت لەسەر ئاستی ناوچەکه و دونیاش و زلهێزەکان و کۆڕوکۆبونەوه نێودەوڵەتیەکان و له کۆتاشدا لەسەر ئاستی ڕێکخراوی نەتەوه یەکگرتوەکان داواکاری بکرێت بۆ دانپیادانان و بوون به ئەندام وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەسەر ئاستی جیهاندا.

بۆیه دەکرێت هەر له ئێستاوه دەسەڵاتی سیاسی کورد لەسەر هەموو ئاسته جیاوازەکانی سیاسی و ئابوری و سەربازی و ...هتد. کار و پلان و نەخشەی هەبێت بۆ ئەو مەسەلەیه و بتوانێت به پێی یاسا و دەستوره نێودەوڵەتیەکان ژێرخان و پێداویستی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی مسۆگەر و پێکەوه بنێت.

❖ له کۆتاییدا پڕۆسەی ڕاپرسی گشتی گەلێك گرنگ و کاریگەره لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی بۆسەر بڕیاره گرنگ و چارەنوسسازەکان گرنگیەکەشی تەنها ئەوەیه که به پێودانگه دیموکراسیەکانی سەردەم سیمایەکی گەشی دیموکراسی و بەشدارپێکردنی گەله لەبڕیارداندا و دروستکردنی پشتگیری و پشتیوانیەکی زۆرینەیه بۆ مەسەلەیەکی گەوره و گرنگ و کاریگەر لەسەر ئاینده. بۆیه کورد بەخۆشی بێت یان بەناچاری هەر دەبێت له قۆناغێك له قۆناغەکانی خەبات و تێکۆشانی دیموکراسی خۆیدا پەنا بەرێته بەر پڕۆسەی ڕاپرسی جەماوەری گشتی بەتایبەتیش لەسەر مەسەله گرنگەکانی ناوچه دابڕێنراوەکانی کوردستان و ڕاگەیاندن و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی.

سەرچاوه:

=====

١. ویكیبیدیا،الموسوعة الحرة.
٢. مفاهیم سیاسیة/ موقع اون لاین/ محمود قشطة.
٣. اضواء حول الاستفتاء على حق تقرير المصير/ ادم ابكر على

________________________________

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی ستاندارکورد و SNN لە ١٢ و٢٧/٤/٢٠١٣ وهەواڵ ژمارە ٥١٧ و٥١٨لە ٢٠و٢٧/٤/٢٠١٣ و گۆڤاری شرۆڤە ژمارە ١٨ بەهاری ٢٠١٣دا بڵاوکراوەتەوە.

لە پەراوێزی گەڕانەوەی کورد بۆ بەغداد...

# ئەرێ پەلەمان نەکرد لە گەڕانەوەماندا ؟*

❖ وەك ئاشکرایە عێراقی نوێش وەك عێراقی کۆنی سەردەمی بەعسیەکان و پێشتریش پاشایەتی گیرۆدەی هەمان گێچەڵ و گرفت و سەرئێشەی جاران بۆتەوە و ناتوانێت خۆی لێدەرباز بکات و مێژووی خوێناوی کۆنیشی سەرلەنوێ خۆی دووپات دەکاتەوەو سیاسیەکانی عێراقی نوێش بەهەمان شێوەی سیاسیە موخەزرەمەکانی کۆن لەکۆتادا هەر پەنا دەبەنەوە بەر هۆکارە توندوتیژیەکان و بەکارهێنانی زەبر و زەنگ و پشتکردنە دایەلۆگی شارستانیانە و دیموکراسیانەی سەردەمی.. ئەوەتا عێراقی نوێی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی صدامی لە ساڵی ٢٠٠٣دا و تەنها دوای ١٠ ساڵ نەتوانراوە کێشە و ململانێ سیاسی و تایەفی و ئاینی و نەتەوەییەکان لە عێراقدا چارەسەر بکات و بەهەمان ڕچەو ڕێبازی سیاسەتمەدارە کۆنەکانی بەعس و پێشتردا هەنگاو دەهاوێژێتەوە و سیاسەتی پەرتکە و زاڵبە و سیاسەتی دووڕوویی و بێمتمانەیی و پاشگەزبونەوە و تەهمیش و پەراوێزخستنی هەموانی گرتۆتە بەر، دەسەڵاتدارانی شیعە مەزهەبی بەدەعوەکراوی دەوڵەتی یاساو بەڕابەرایەتی تاکڕەوانەی نوری مالکی، گشت ئاسۆکانی ئایندەی لێڵ و لیخن کردوە و هەموو دەرگاکان و تەنانەت پەنجەرەکانیشی داخستوە بەڕووی هەر هەوڵ و هیمەتێکی دڵسۆزانەی عێراقیانە و دەستپێشخەری ناوچەیی و

نێودەوڵەتیشدا و گەرەکێتی تەنها بیروباوەڕ و سیاسەت و پلانەکانی خۆی سەربگرێت و بیشیسەپێنێتە سەر هەموانیش.

❖ هەربۆیە عێراقی ئێستا لەهەموو کاتەکان زیاتر ئامادەیە بۆ لێکترازانی خاك و گەلەکەی و دوورکەوتنەوەی زیاتر لەیەکتر و دابەشبونیشی بۆ هەتاهەتاییە،ئەوەتا حکومەتی بەغدادی مالکی و دەعوە هەر لەسەرەتاوە ناکۆك و ناتەبابوون لەگەڵ سونە مەزهەبەکانی ناوەڕاستی عێراقدا و ماوەی ١٠ ساڵی ڕێکەی دوژمنایەتی و ململانێی نهێنی و ئاشکرایان دەکات و دواجاریش کەوتە تەخوین و تۆمەتبارکردنی سەرکردەکانی وەك هاشمی و عیساوی و ئەوانی تریش و لە گۆڕەپانی سیاسی وەدەریناون و سووریشە لە سەر بەردەوامبوونی لەسەر ئەو سیاسەتە،ئەنجامیش هەموو عەرەبی سونەی لەخۆی کردە دوژمن و لەهەر ٥-٦ پارێزگا سونە نشینەکاندا خۆپیشاندان و ناڕەزایی و بەرەنگاربونەوەی سوپاو دەوڵەتی عێراقی تیادا بەردەوامە و ڕۆژانە خوێنی عێراقیەکان دەڕژێت بەبێ هۆکارێکی نیشتیمانی و نەتەوایەتی تەنها لەبەر نەزوەیەکی غرورو خۆسەپاندنی مەزهەبێك و حیزبێك و سەرکردەیەکە.

❖ لەدوای سونەکانیش و بەهەمان شێوە هەر لەسەرەتای ڕزگارکردنی عێراقیشەوە هەرچەندە بە ڕووکەش و سەرزارەکی شیعەکان خۆیان بەدۆست و هاوپەیمانی کورد دەزانی و لە تەنگانەکانیاندا دەستیان بۆ کورد درێژدەکرد بەڵام کاتێك هەستیان کرد بەهێزبون و ئیدی پێویستیەکی ئەوتۆیان بەکورد نەماوە ، کەوتنە پاشگەزبونەوە لە بەڵێن و ڕێکەوتن و هاوپەیمانێتیە دێرین و بەناو مێژووییەکەیان لەگەڵ کورددا، بە بیانوی جۆراو جۆر خۆیان دەدزنەوە لە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستور و بودجەی هێزی پێشمەرگە و سازدانی سەرژمێری گشتی دانیشتوان و بودجەی ساڵانە و یاسای گاز و نەوت و ...هتد.هەر ڕۆژەش بە بیانویەکەوە تەنگ بە نوێنەرانی کورد هەڵدەچنن و وایان لێدەکەن کە بێزار بن و بەغدادیان بۆ چۆڵ بکەن. وەك ئەوەی بەغداد بە تەنها موڵکی شیعە و عەرەب بێت و کورد هیچ بەش و مافێکی تیادا نەبێت. کورد زۆر جاران لەدڵ سافی و نیەت پاکی و ڕاستگۆیی خۆیەوە گەلێك نەرمی نواندوە و ڕۆڵی برایەتی و پاراستنی ئاشتی و یەکڕیزی هەموو عێراقی بینیوە، بەڵام پێدەچێت لەم کاتەدا و لە بەهێزبوونی باسکی شیعەکاندا ئەو ڕۆڵەی کوردیان پێباش نەبێت بۆئەوەی چییان گەرەکە لە عێراقدا جێبەجێیبکەن و گەر دەسەڵاتیان هەبێت لە صدام حسین خراپتر دەکەن و ئەنفال و

کیمیاوییباران و کۆچپێکردنی زۆرملێی سونە و کورد جێبەجێ دەکەن و لە عێراق وەدەریان دەنێن.

❖ لەم تەنگژەیەی ئێستادا کە کورد دوای پەسەندکردنی یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٣ کە بەبێ کورد تێپەڕێنرا لە پەڕلەمانی عێراقدا و ماف و داواکاریەکانی کورد بەهەند وەرنەگیراو وەك هەڵوێستێکی ناڕەزایی و سیاسی دژی حکومەت ، کورد بە وەزیر و ئەندام پەڕلەمانەکانیەوە گەڕانەوە کوردستان و نزیکەی ٢ مانگ بایکۆتی کۆبونەوەکانیان کرد، کە ئەمە بۆخۆی هەڵوێستێکی یەکگرتوو و بەهێز بوو بۆ بەغداد و شێوە سڕبونێکی دایە حکومەت و پەڕلەمان و نامەیەکی بەهێزیش بوو کە بە بێ کورد مەحاڵە عێراقی نوێ بەڕێوە ببرێت، ئەنجامیش بە ئاشکراو نهێنی چەندین جار داوا لەکورد کرا کە بگەڕێنەوە بۆ بەغداد چونکە دەیانزانی تەنگژەکە هێندەی تر گەورەتر و مەترسیدارتر بوە و لە ململانێی سونە شیعە دەرچوە و کوردیشی گرتۆتەوە، لەم کاتانەدا حکومەتی بەغداد بە سوود وەرگرتن لە تێکچوونی ڕیزەکانی سونە و لیستی العیراقیە، ویستی بە زەبری هێز و بەکارهێنانی سوپا ناڕەزایی و خۆپیشاندنی چەندین مانگەی سونە مەزهەبەکان لە حەویجە و ڕیاز و ڕەشاد و سەلمان بەگ و موصڵ و تەنانەت ڕومادی و تکریت و دیالەش دابمرکێنێتەوە، کە ئەمە بۆ خۆی سەرەتای مەترسیەکی گەورەتر بوو کە سوپا لە عێراقی نوێدا بەرامبەر بەگەل بەکاربهێنرێت بە چەکی هەلیکۆپتەر و مودەڕەعەوە..

❖ ئا لەم کات و ساتەدا کە حکومەتی عێراقی لەوپەڕی بچوکبونەوە و لەژێر فشاردا بوو، کورد دوای زیاتر لە ٢ مانگ بایکۆتکردن بەبێ ئەوەی دەسکەوتێکی گەورەو و ڕێکەوتنێکی کۆنکرێتی و بەڵێننامەیەکی شەرەفی لە دەسەڵاتدارانی بەغداوە دەسبکەوێت گەڕانەوە بۆ بەغداد، کە ئەمە بۆخۆی جۆرە پەشیمانبونەوەیەك بوو لەو هەڵوێستە بەهێزەی بایکۆتکردنەکەیان.کە ئەمەش بوە هۆی گەڕانەوەی هێز و ژیان بۆ حکومەتەکەی مالکی ودەرچوونی بەشێوەیەك تاڕادەیەك سەرکەوتوو لە قەیرانەکە، چونکە حکومەتی مالکی هیچی نەدا بەڵکو تەنها وەریگرت ئەوەتا تەنها واژۆشی لەسەر ئەو ڕێکەوتنە ٧ خاڵیەش نەکردوە کە پابەندی بکات بەجێبەجێکردنیەوە و ئەو لەبەرامبەردا کوردی گەڕاندەوە و حکومەتەکەی ڕزگار کرد لە ژێر فشارەکاندا و هەر لەپاڵ ئەم سەردان و گەڕانەوەیەدا ئەوەتا هێزی دیجلە ئامادەیە بۆ شەڕی پێشمەرگە. ڕۆژانی ئایندەش ڕاستی

و دروستی بۆچونەکان دەردەخات و بەم هەنگاوەی حکومەت و سەرکردایەتی کورد هێندەی تر ناڕەزایی و توڕەیی شەقامی کوردستانی لێکەوتەوە.

خۆ ئەگەر هەر پێویستیش بوایە بۆ ئەو گەڕانەوەیە ، نەدەبوو بەو زووییەو بەو خێرایە بوایە ، با لانیکەم هەنگاو بەهەنگاو بوایە، سەرەتا وەزیرەکان ئەوسا پەرلەمانتارەکان یان بە پێچەوانەوە، بەڵام گەڕانەوەکە هێند خێرایی پێوە دیاربوو کە هەر بەگەڕانەوەی وەفدی کوردی بە سەرۆکایەتی سەرۆکی حکومەت بۆ هەولێر بۆ ڕۆژی دواتر هەموان گەڕانەوە بۆ بەغداد تا فریای کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بکەون.

❖ لێرەدا ڕاستە بەجێهێشتن و چۆڵکردنی بەغداد بۆ عەرەبەکان هەڵەیەکی گەورەیەو کورد هەرگیز نابێت بەغداد بەجێبهێڵێت تەنها لەکاتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیدا نەبێت، بەڵام بۆخۆشی گەڕانەوەکەش هەڵەیەکی گەورەتر و زەقتر بوو. ڕاستە لەدونیای سیاسەت و ئابوری تێکچڕژاوی ئێستادا بڕیارەکانی دەوڵەتان بەگەورەو بچوکەوە سەربەخۆ و ئازاد نین و پەیوەستن بە کۆمەڵێ هۆکار و بەرژەوەندیەوە ، بەڵام دەشکرا کەمێکی تر بەرگەی فشارەکانمان بگرتایەو سەنگ و قورسایی کوردمان بپاراستایە و لەبەر هەندێ بەرژەوەندی مادی و دەسکەوتی نەوت و کۆمپانیاکان مەسەلە گرنگەکانی خاك و گەلەکەمان لە بیر نەچوایەتەوە.ئەوەی هەست پێدەکرێت لەبارەی هەڵوێست وەرگرتن لە بەغداد لە کوردستاندا دەسەلات و ئۆپۆزسیۆن ڕوانینی جیاوازیان هەیە و تەنانەت لە نێوان دوو سەرکرادیەتی و دوو حیزبەکەی ناو دەسەلاتیش تێڕوانین و هەڵسەنگاندنی جیاواز هەیە، کە ئەمە بۆخۆی وایکردوە یەك ڕیزی و تەبایی و یەك هەڵوێستی کوردی لاواز کردوە .بەو هیوایەی بەم گەڕانەوەیەی کورد ئەوەی کورد گەرەکێتی لە دەسکەوت و مافەکانی بەدەستی بهێنێت گەر لە ئایندەیەکی زۆر نزیکیشدا نەبێت هەر چاکە.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی ستاندارکورد و خەندان و ڕادیۆ ناوخۆ و کوردیۆ و نها٢٤ لە ٣ و٤ و٢٠١٣/٥/٦ و هاولاتی ژمارە ١٠٤٨لە ٢٠١٣/٥/٦ و هەوالّ ژمارە ٥٢٠ لە ٢٠١٣/٥/١١دا بلاوکراوەتەوە.

## سازانی نیشتیمانی دروشمی قۆناغەکە.. *

❖ ئاشکرایە کوردستان و عێراق و ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە بارودۆخێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی شلەژاو وناجێگیر و لەگەلیشیدا مەترسیداردا تێپەڕدەبێت، بەهۆی ئەو گۆڕانکاری و شۆڕش و ڕاپەڕین و ڕووداوانەی کە لەناوچەکەدا ڕوودەدەن و بەردەوامیشن لە گۆڕانکاریەکاندا، لە ئێستادا بەگشتی ناوچەکە لە قۆناغێکی ژانگرتوو و هەلچووندایە کە ئەنجامیش بەدلنیایی بنیاتنانەوەیەکی نوێی سەرتاپای سیستەمی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتیەکانی لێدەکەوێتەوە ، کە بە پێی لۆژیکی گۆڕانکاریەکان و ئاڕاستەکانیان دەبێت زۆر جیاواز بێت لە قۆناغی ڕابووردووی سیستەمە سیاسیە قەتیس و نەگۆڕ و دیکتاتۆریەکانی سەدەی ڕابووردوو.

ئەم بارودۆخە سیاسیە نادیار و ناڕۆشن و پڕگێچەلّ و سەریەشە و بنیاتنانەوەیە بالّی کێشاوەتە سەر بیرو بۆچوون و تێڕوانینەکان و لێکدانەوە سیاسەکان بۆ ئایندەی ناوچەکە و هەمووانی بەخۆیەوە سەرقالّ و گیرۆدە کردوە.گۆڕانکاریەکان لەم سەردەمەی بەجیهانیبوندا هەموانیان پێکەوە گرێدراو و لێکئالۆزکاون و پەیوەندی و کاریگەریان لەسەر یەکتری هەیە و لەئێستادا هیچ ولات و سەرکردەیەك نیە لە دونیادا بەتەواوەتی لە بیروبۆچون و پلان و بڕیاری خۆیدا سەربەخۆ بێت ،بەبێلێکدانەوە و هەلسەنگاندنی

بارودۆخەکەی دەوروبەر و جیهان وحساب بۆکردنی بچوکترین گۆڕانکاری لە دەرەوەی سنورەکانیشیەوە. بۆیە هیچ ولآت و سەرکردەیەك نیە کە تەواو متمانەی بەدواڕۆژ و ئایندەی خۆی و دەسەلآتەکەی هەبێت و بتوانێت خۆی کەنارگیر بکات و خۆشی بپارێزێت لە کاریگەرییەکانی دەوروبەری.

عێراق بەگشتی و کوردستانیش بە تایبەتی لەهەموان زیاتر کاریگەری و مەترسیان لەسەرە ، چونکە هێشتا و دوای ١٠ ساڵ لە ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی صدامی و بنیاتنانەوەی عێراقی نوێ بە کوردستانیشەوە هێشتا مەترسی و ئەگەرە چاوەڕواننەکراوەکان هەموو کات ئامادەبوونیان هەیە و فشار و هێز و مەترسییان لەبەر چاوانە، عێراقی نوێ بەداخەوە بە ئاڕاستەیەکی ساغڵەم و بەبەرنامەو پلانێکی نیشتیمانی تەواوی عێراقیانە بنیاتنەنرایەوە و بنەماکانی دیموکراسیەت و ئازادی و پێکەوە ژیان و سازانی نیشتیمانی نەچەسپین و بگرە هەر لایە و هەر سەرکردە و ڕەوتێك بە بەرژەوەندی خۆی دەیڕاونیە ڕووداوەکان و چەندی دەکرێت قازانج و دەسکەوتی حیزبی و سەرکردەیی و تایەفی و مەزهەبی وەدەست بێنێت لەسەر حسابی ئەوانی تر، هەربۆیە ڕووداو و کارەساتە دڵتەزێن و خوێناویەکان لە عێراقدا بەردەوامیان هەیە و ئایندەی دەسەلآت و عێراقی نوێیان خستۆتە بەر مەترسیی لێکهەڵوەشان و دابەشبوون و لێکترازانی هەموو پەیوەندەیە سیاسی و نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان و کارگەیشتۆتە ئەوەی کە چیدی نەتوانرێت پێکەوە و لە ژێر چەتری یەك دەوڵەتی بەناو عێراقدا هیچ کام لە سونە و شیعە و کوردیش پێکەوە هەڵنەکەن و هەموانیش گەیشتونەتە ئەو بڕوایەی کە عێراقی نوێ بەم سیاسەتەی چەند ساڵی ڕابوردوو کە پیادەکراوە لەلایەن حیزب و سەرکردەی بالآدەستی شیعەی دەوڵەتی یاساو حیزبی دەعوەوە ناتوانرێت بەردەوام بێت و هەربۆیەش هیچ متمانە و ڕاستگۆییەك نەماوە لەنێوانیاندا.

ئەم باردۆخە سیاسیە بارگەوییەی عێراق ڕاستەوخۆ کاریکردۆتە سەر کوردستان و بارودۆخێکی ئاڵۆز و نادیار و بێمتمانەیی دروستکردوە و کورد لەبەرامبەر بێ بەڵێنی و ناڕاستگۆیی دەسەلآتدارانی بەغدادا سەرسام و دۆشداماوە، لەلایەك ناتوانێت و لە بارودۆخێکدا نیە وەك سەرەتای ڕزگارکردنی عێراق کە مەرج و داواکاریەکانی بسەپێنێت بەسەر بەغداداو لەلایەکی تریشەوە دەوڵەت و دەسەلآتدارانی عێراقیش خەمسارد و بێباکانە مامەڵە لەگەڵ کورد و کێشە و داواکاریەکانیدا دەکەن. کە ئەمانە وایانکردوە کە

بارودۆخی سیاسی و ئابوری کوردستان ناجێگیر و پڕدڵڕاوکێ بێت، سەرەڕای کێشە و ململانێکانی بەرەی دەسەلآت و ئۆپۆزسیۆنیش لە کوردستان لەناوخۆی خۆیاندا، کێشە کەڵەکەبوەکانی کوردستان کە خۆیان لە دیاردەکانی گەندەڵی و ناشەفافیەت و چێنەکردنی چاکسازی و ململانێی سیاسی حیزبە سیاسیەکان و کێشەی ڕەشنوسی دەستور و دەیانی تر، بە چارەسەرنەکراوی ومۆلەقەیی ماونەتەوە و هێندەی تر بارودۆخەکەیان ناڕۆشن و لێڵ و بارگاوی تر کردوە.

ئەم بارودۆخەی ئێستای کوردستانی پیادا تێپەڕ دەبێت ، هەر لە مەسەلەی کوردانی ڕۆژئاوا و کاریگەری و مەترسیەکانیان بۆ سەر کوردستانی باشور و ئەرکە نەتەوایەتیەکانی باشوریش بەرامبەر بەوان و پاشەکشەی گەریلاکانی پەکەکە بۆ ناو باشوری کوردستان و لەملاشەوە پەلامارەکانی گەریلاکانی پژاکیش بۆ سەر دامودەزگاکانی دەوڵەتی ئێران و لەسەروو هەموانیشەوە فشار و هەژموونی سیاسی و ئابوری و سەربازی و هەواڵگری هەردوو دەوڵەتی تورکیاو ئێران لەسەر حکومەت و دەسەلآتی باشوری کوردستان هەموانیان پێکەوە حکومەت و دەسەلآتی ئەم هەرێمەیان لەناو مەنگەنەی خۆیاندا جەڕاندوە و ناتوانرێت بەسانایی بڕیاری یەکلاکەرەوە بدات و بەرژەوەندی و دەسکەوتەکانی چەند ساڵەی ئەم ئەزمونە بپارێزێت و گەشەیان پێبدات بەکامی دڵی خۆی.

بۆیە ئەم ڕەوشە سیاسی و ئابوریە شڵەژاو و پڕ مەترسیە پێویستی بە سازانێکی نیشتیمانی ڕاستگۆیانە هەیە لەنێوان سەرکردە و پارتەکان بە دەسەلآت و ئۆپۆزسیۆنەوە و لەسەروو هەمووشیانەوە سازانە لەگەڵ جەماوەری بەرفراوانی گەلەکەماندا. ناکرێت هیچ حیزب و سەرکردەیەك بەتەنها بڕیار بدات لەچارەنوسی ئەم هەرێمە و تەنها بەرژەوەندی کەسی و حیزبی خۆی ڕەچاو بکات دوور لە بەشداریکردن و ڕاوێژکردن و پێکەوەکارکردن لەگەڵ ئەوانی تردا. کوردستان بەعێراقیشەوە لەم قۆناغەدا کە قۆناغی ڕاگوزەری سیاسی و ئابوری و کۆمەلآیەتی و هەموو بوارەکانی ترە و هێشتا زۆری ماوە کە دەسکەوتەکان بچەسپێن ناکرێت بەتەنها بە لایەن و حیزب و سەرکردەیەك بەڕێوەببرێت چونکە قۆناغێکی ناسك و شڵەقاو و نەمیوەو هەمو ساتێك مەترسی لێکهەلوەشان و گەڕانەوەی بۆ خاڵی سەرەتا لێدەکرێت.کەواتە چارەسەری مامناوەند و گونجاو ئەوەیە کەهەمووان دروشمی سازانی نیشتیمانی بەرزبکەنەوە و ڕاستگۆیانەش کار بۆ سەرخستنی بکەن و

هەموو مەسەلە گرنگ و دوورمەوداو چارەنوسسازەکان پێکەوە چارەسەر بکەن و لەسەروو هەمووشیانەوە جەماوەری گەل لەخۆیان و دەسەلأت و بڕیارەکانیان ڕازی بکەن.

چونکە لەهەموو حاڵەتێکدا تەنها جەماوەر بڕیاردەر و پەسەندکەر و سەرچاوەی شەرعیەتەکانی دەسەلأتە، بۆیە ناکرێت کە لەو پرسە گرنگانەدا تاکڕەوی و دەمارگیری و بەرژەوەندی خودی بخرێتە سەروو هەموو بەرژەوەندیە نیشتیمانی و نەتەوەییەکانەوە. ئاشکراشە کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان وەك هێزێکی سیاسی گەورە و کایگەر و خاوەن جەماوەرێکی فراوانی کوردستان و خاوەن پێگەیەکی سیاسی سەنگین و قورسیش لە عێراق و ناوچەکە و دونیاشدا لە پێش هەموانەوە دروشمی سازانی نیشتیمانی بەرزکردۆتەوەو بانگەشەی بۆ دەکات و هەموانیشی بانگهێشت کردوە بۆ دەستگرتن بە ئەڵقەی ئەو پڕۆسە و دروشمە پیرۆزەوە لەپێناو دەربازکردنی هەرێمەکەمان لەم تەنگژە یاسایی و دەستوری و سیاسیەی کە تێیکەوتوە، جا لێرەدا سەرکردە و پارتی سیاسی ژیر و دڵسۆز بۆ گەل و نیشتیمان دەردەکەوێت کە چۆن و تاچەند بە تەنگ پرسە نیشتیمانی و نەتەوایەتیەکانەوە دێت، بۆیە ئەرکی هەموو سەرکردە و پارتەکانە کە دروشمی سازانی نیشتیمانی بەرزبکەنەوە و کاریش بۆ سەرخستنی بکەن و بیکەنە دروشمی سەرەکی قۆناغەکە.ڕێککەوتن و سازانی نیشتیمانی گەلێك بەسوودترە لە ململانێ و جەنگاندنی ناشەریفانەی ناوخۆیی و گەڕاندنەوە بۆ خوانەخواستە سەردەمی شەڕی ناوخۆیی و براکوژی و لەدەستدانی هەموو ئەو دەسکەوت و ئاوەدانی و گەشەکردنەی کە وەدەستهاتوە.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی ستاندارکورد و  خەندان و ڕادیۆ ناوخۆ لە ٥ و١١و٢٠١٣/٦/١٢ و هەواڵ ژمارە ٥٢٥ لە ٢٠١٣/٦/١٥ دا بلاّوکراوەتەوە.

## تکایە باکۆنگرەی نەتەوەییمان
## بەبێ مەرجی دراوسێکان بێت.. *

❖ ڕۆژی ٢٠١٣/٧/٢٢ و شاری هەولێر زەمان و زەمینی سازدانی یەکەم کۆبونەوەی ئامادەکاری بوو بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، کە ئەم ڕووداوە بۆخۆی ڕووداوێکی گەلێك گرنگ و مێژوویەوە و مایەی هاتنە دی خەون و ئاواتەکانی هەموو کوردە بەوەی کە بەدرێژایی مێژووی کورد یەکێك لەهۆکارە سەرەکیەکانی نەگەیشتنی کورد بە خواست و ئاوات و مافە ڕەواکانی لە ئازادی و سەربەستی و دیموکراسی و پێکەوەنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بریتی بوە لەوەی کە کورد بەگشتی و هێزە سیاسیەکان و سەرکردەکانی هێندەی بە دوژمنایەتی و ململانێی یەکتریەوە خەریك بوون نیو هێندە لە هەوڵی یەك و یەکگرتوویی گوتار و هەڵویستی کورددا نەبوون بەرامبەر دوژمنەکانی کورد، هێندەی کوردایەتی و نەتەوەو و نیشتیمانە گەورەکەی کوردستان وەك دروشم بەکار دەهات نیو هێندە وەك سیاسەتێکی ستراتیژی و عەمەلی و واقعی لەسەر زەمینەی واقیع پیادە نەدەکران و دڵسۆزانە و ڕاستگۆیانە هەوڵی بۆ نەدەدرا، بەدرێژایی مێژوو خاڵی لاوازی کوردایەتی وەك بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی ئەوەبووە کە نەیتوانیوە بیری کوردایەتی بچەسپێنێت لە مێشك و دەروونی تاك بەتاکی کورداندا و هەموان وا لێبکات لە سەر خوانی بیرێکی ڕەسەنی

کوردایەتی و نەتەوایەتی گۆشیان بکات و قوربانی و شۆڕشیان لە پێناودا بۆ بدات ، بەداخەوە کوردایەتی و بیری کوردایەتی تەنها وەك هەست و خۆشەویستیەکی کاتی لای هەموانمان پیرۆز و ڕێزلێگیراو بوە، کە ئاشکراشە بە بچوکترین فشار و زۆرداری دوژمنان وازمان لە و هەستەشمان دەهێناو پشتمان دەکردە کوردایەتیە ڕاستەقینەکەمان وهیچ کات بەئێستاشەوە زۆرینەی تاکی کورد ئامادەنیە لەسەر بیری کوردایەتی قوربانی گەورە بدات لەکاتی تەنگانە و زۆر پێویستدا، هەرئەمەشە هۆکاری سەرەکی نەگەیشتنمان بە سەربەخۆیی و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی.

بۆیە ئەم هەنگاوە و ئەم هەوڵە مایەی زیندووکردنەوە و گەشانەوەی ئەو هەست و سۆز و ئینتیما نەتەوەییەیە کە هەموانمان ئاواتی بۆ دەخوازین..

ئاشکرایە بەستن و خۆئامادەکردن بۆ کۆنگرەیەکی ئاوها گرنگ و چارەنوسساز و بۆ یەکەمین جار لەسەر خاکی بەشێك لە کوردستانی گەورەدا،چ خۆمان وەکو کورد و چ وەك دراوسێکانیش وەك دوژمنانی دوێنێ و ئێستا و ئایندەشمان بوە مایەی شۆکێك و هەموانمانی سەرسام کرد، چونکە بۆ کوردان خەونێکی نەزۆکی لە مێژینە بوو کە نەدەهاتە دی و ئێستاش بەم شێوەیەکە بەچاوی خۆمان دەیبنین ئەوا مایەی سەرسوڕمانە لە خۆشیدا کە خەونەکەمان هیچ نەبێت هەنگاوی یەکەمی بۆ نراوە و ئومێدیش زۆرە کە هەنگاو و قۆناغی گەورەتر و گەشاوەتریشی بەدوادا بێت. بۆ دوژمنانیش مایەی شۆکە چونکە ئەوان هیچ کات چاویان بەرایی نایەت بەم هەنگاوە و گەرەکیشیان نیە کوردان یەك و یەکگرتووبن و هەرچیەکیشیان پێبکرێت دەیکەن بۆ لەناوبردن و لەباربردنی ئەم هەوڵە.وەك چۆن لە ڕابووردوودا چەندین ڕێکەوتنامەی ئەمنی و عەسکەری دوو قۆڵی و سێ قۆڵی و چوار قۆڵیان واژۆ کردووە دژ بە خەون و ئاوات و مافە ڕەواکانی کورد هەر لە سەعدئاباد و حلفی بەغداد و حلفی سەنتۆ و ..هتد.

خۆ ئامادەکردن بۆ ئەم کۆنگرەیە لەلایەن پارتە گەورە و سەنگین و باڵادەستەکانی هەر چوار پارچەکەی کوردستانەوە و هاوکاری و بەشداری زیاد لە ٣٠ حیزبی تری کوردستانی لەم هەلو مەرجە سیاسی و ئابوریەی ناوچەکەی پیادا تێپەڕ دەبێت، خاڵێکی گەش و درەوشاوەیە لە مێژووی خەباتی کوردایەتیدا و نیشانەی پێگەیشتووی و هوشیاری سیاسی سەرکردە و پارت و جەماوەری گەلەکەشمان دەگەیەنێت، کە هەموان پەرۆشی پێکەوە کارکردن و تەبایی و برایەتی و سەربەخۆیی کوردستانی گەورەن.ئەم کارە کارێکی ئاسان و

سانا نیە ، بەڵکو گەلێك کۆسپ و تەگەرەی ناوخۆیی و کوردستانی و ناوچەیی و دونیایشی لەبەردەمدایە و یەکگرتنی کوردان لە بەرژەوەندی زۆر لایەنی ناوچەکە و دونیادا نیە ، هەربۆیە کارێکی ئاساییە کە لەمپەڕ و ڕێگری زۆری لەبەردەمدا دروست بکەن و پیلانی سەرنەخستنیشی بۆ دابنێن، بەڵام گرنگ یەك ڕیزی و یەك گوتاری و یەك هەڵوێستی کۆنکرێتی هەموانە بەرامبەر هەموو ئەو پیلان و هەوڵە دوژمنکارانەیە.

بەشداربوانی کۆنگرە دەبێت هەنگاو بەسەر زۆر کێشە و داواکاری بچووکی ئەم حیزب یان ئەو سەرکردە لەم پارچە یان ئەو پارچەیەی کوردستاندا بنێن و هەمووان بەرژەوەندیە باڵاکانی کوردستانی گەورە بخەنە سەروو بەرژەوەندیە بچوك وحیزبی وناوچەییەکانی خۆیانەوە، لەسەر بونی کورسیەك یان دەنگێك یان بەشداربوون لە کۆمیتەیەکدا نەبێتە هۆی دڵتەنگی و زویربون و دوورکەوتنەوە، چونکە بچوکترین درز و کەلێن و زویربوون لەلایەن دوژمنانەوە دەقۆزرێتەوە و دەبێتە پوازێك لەلاشەی ساوای ئەم هەوڵە پیرۆزەدا دەدرێت.

با هەمووان گیانی تەبایی و برایەتی و پێکەوە کارکردنیان تێدا زاڵ بێت نەك گیانی خۆسەپاندن و خۆ بەزلزانین وهەوڵی قۆرخکردنی هەموو جومگە و ناوەندی بڕیار و کۆمیتەکان بدەن و هەوڵی بەدەستهێنانی سەرۆکایەتی و ڕابەرایەتی بدەن. چونکە لە بنەمادا ئەم هەوڵە هەوڵێکی دەستە جەمعیە و بەبێ بەشداری هەموان سەرناگرێت و هیچ لایەنێك لەم پارچە یان ئەو پارچە و هیچ سەرکردەیەکیش بە تەنها ناتوانێت لافی ئەوە لێبدات کە سەرکردە و ڕابەری هەموو کوردە، جا گەر وایە باهەموان سیستەمێکی نوێ لە بەڕێوەبردنی کۆنگرەیەکی نەتەوایەتی ئاوهادا پیادە بکەین کە لەگەڵ گیانی دیموکراسیەت و ئازادی و پێکەوە کارکردنی سەردەمدا بگونجێت و هیچ کەس بەتەنها گەورە و دەمڕاستی هەموان نەبێت و هەموانیش پێکەوە بڕیار و کاربکەن، بەدڵنیایش هەر ئەمە ڕێگە ڕاست و دروستەکەی کوردایەتیە و مایەی سەرکەوتنی یەکجارەکیشە.

خاڵێکی زۆر گرنگی تریش ئەوەیە کە تکایە لەهەموو سەرکردە و پارتەکان با ئەم کارە پیرۆزە بەدەستی خۆمان لە خۆمانی تێکنەدەین و کاروباری ناوماڵی کوردان با لەناو خۆمان و بەنهێنی و پەنهانی چارەسەربکەین و ئیدارەی بدەین، با نهێنی ناوماڵی خۆمان ڕادەستی دوژمنان و بەتایبەتیش دراوسێکانمان نەکەین، با کۆنگرەکەمان نەبێتە کۆنگرەیەکی شکڵی و کات بەسەر بردن و بۆ دروشمی حیزبایەتی و کۆکردنەوەی دەنگی هەڵبژاردن بەکاری بێنین، با کۆنگەرەکەمان وەکو کۆنگرەکانی لوتکەی عەرەبەکانی لێنەیەت، کە پێشئەوەی

بڕیار و ڕێکەوتنیان بکردایە ڕەشنوسی کۆبونەکانیان دەگەیەنرایە ئەمریکا و ئەوروپاو دوژمنە بەناو سەرسەختەکەیان ئیسرائیل و هەموو پلان و نهێنیەکیان بۆیان ئاشکرا دەکردن و هەرئەوەش بوو کە عەرەبەکان تائێستاش نەیاتنوانیوە یەك دەنگ و یەك ڕەنگ و یەك هەڵوێست و خاوەن بڕیارێکی چارەنوسساز بن لەسەر مەسەلە گرنگەکانیان،و کۆنگرەی لوتکەکانیان تەنها بۆ یەکتر بینین و میوانیکردن و ڕاگەیاندنەکان بوو.

هەربۆیە تکاو داوای هەموو کوردان ئەوەیە کە ئەم کۆنگرەیە بەنهێنی و پیرۆزی بهێڵرێتەوەو ئەم حیزب و ئەو سەرکردە بەناو پەیوەندی دووقۆڵی حیزبایەتیەوە خۆیان نەگەیەننە پایتەختەکانی دراوسێکان و هەموو نهێنی و پلانەکانی کوردانیان بۆ ئاشکرا نەکەن، تەنها لەبەر ئافەریمێك و بەرژەوەندیەکی مادی بچووك.

بەهیوای ئەوەی کە ئەم کۆنگرەیە دەروازەیەکی کراوەتر و گەورەتر لەسەر بزوتنەوەی کوردایەتی بکاتەوە و ببێتە مایەی یەك و یەکگرتوویی هەموو کوردان و ئاسۆکانی کوردان و ئایندە زیاتر گەشاوە تر بکات و چارەنوسی کوردان لەهەر چوار پارچەکەی کوردستاندا بە ئازادی و ڕزگاربوون تەواو ببێت و سەدەی بیست و یەکەم ببێتە سەدەی ئازادی و سەرفرازی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردان ، کە هەموان بە دوژمنانیشەوە گەیشتونەتە ئەو بڕوایەی کە چیدی کوردان نابێت بەبێ دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان بمێننەوە و کەش و هەوا و بارودۆخە سیاسی و ئابوریەکەی ناوچەکە و دونیاش خۆشبەختانە کۆکن لەسەر ئەو بڕواو ئاڕاستەیە، هەربۆیە ئەوەی کەماوەتەوە ئەرکی کوردان خۆیانە کە چۆن بتوانن ڕێگای ڕاستی سەرکەوتن بدۆزنەوە و هەموو خەون و ئاواتەکانی چەندین ساڵەی کوردان وەدیبهێنن.و ئەزمونی خەباتی کوردایەتیش سەلماندویەتی کە دەبێت مافەکانمان بەدەستی خۆمان وەدیبهێنین و چاوەڕێی هیچ کەس و لایەن و وڵاتێك نەکەین و خۆمان بسەپێنین و بکەینە دیفاکتۆ تا سەرئەنجام بەناچاری دوژمنانیش دانمان پیادا دەنێن، هەروەکو چۆن لە ئێستادا ئەم بەشەی کوردستانی باشور و ڕۆژئاواش لەئێستادا ڕێگەی خۆی دۆزیوەتەوە و بونەتە مایەی دانپیادانی دوژمنان و دراوسێکان و هەر لە ئێستاوە لەهەوڵدان بۆ خۆ گونجاندن و ڕێکەوتن لە ئایندەدا لەگەڵ کوردان‌دا، بۆیە کورد بۆ خۆی سەرەتاو کۆتاو بڕیاردەرە لە چارەنوسی خۆی نەك لایەنی دەرەکی.

---

* ئەم بابەتە لە ستاندارکورد و چاوی گەل و نها ٢٤ لە ١و٢٠١٣/٨/٦ و هاولاتی ژمارە ١١١٢ لە ٨/٤ و هەواڵ ژمارە ٥٣٣ لە ٢٠١٣/٨/١٧دا بلأوکراوەتەوە.

لە پەراوێزی نزیکبونەوەی عێراق و تورکیادا....

# پێگەی کورد بەرەو کوێ؟*

❖ ئاشکرایە ئەم هەل و دەرفەتەی بۆ کورد ڕەخساوە لە ساڵی ١٩٩١وە تاکو ئێستا لە مێژووی خەباتی کوردایەتیدا هەڵنەکەوتوە، بۆیە گرنگە زۆر بە تەنگیەوە بین و بیپارێزین و هەوڵی فراوان بون و چەسپاندنی زیاتریشی بدەین، ئەم دەرفەتە لە ئەنجامی لەلایەك زوڵم و زۆر و چەوساندنەوەی تەواوی ڕژێمەکانی سەردەستی تورکیاو عێراق و ئێران و سوریاوە بوە لە کورد ، لەلایەکی تریشەوە گۆڕانی نەزمی سیاسی نوێی جیهانیەوە و لەلای سێیەمیشەوە بەهۆی ناکۆکی و دوورکەوتنەوەی داگیرکەرانی کوردستان بوە لەیەکتری. ئاشکرایە لە پێش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی باشوری کوردستان و تەنانەت دوای ئەوەش تا ڕووخاندنی یەکجارەکی ڕژێمی بەعسی صدامی لەساڵی ٢٠٠٣دا داگیرکارانی کوردستان کۆبونەوە چوارقوڵی و سێقۆڵیەکانیان بەردەوام بوو دژی خواست و خەباتی کورد بۆئەوەی نەگەنە هیچ دەسکەوت و پێگەیەکی سیاسی و ئابوری لە ناوچەکەدا. بەڵام خۆشبەختانە جەنگی دژی تیرۆری جیهانی وایکرد کە مەسەلەی کورد و کوردایەتی ببێتە بەشێکی گرنگی بەرەی دژە تیرۆرو بەمەش بەرژەوەندیەکانی کورد لەگەڵ زلهێزەکانی دونیادا یەکیان گرتەوە بەتایبەتیش ئەمریکا. هەربۆیە توانراوە تاکو ئێستا و بۆماوەی ٢٢ ساڵ ئەزمونێکی تاڕادەیەك نیمچە سەربەخۆ لەم هەرێم و دەوڵەتی عێراقەدا پێکەوە بنێین و بنەماکای دەوڵەتداریشی تیادا بچەسپێنین.

ئاشکرایە هەرکاتێك دوژمنانی کورد یەك و یەکگرتووبووبن ئەوا کوردان پەرتەوازە و لێکدووربوون ، بە پێچەوانەشەوە هەرکاتێك داگیرکەرانی کوردستان دوور و دڕدۆنگ بووبن لەگەڵ یەکتردا ئەوا ئاسۆکانی دواڕۆژی کوردایەتی ڕۆشنتر بونەتەوە وەکو ئەم قۆناغەی ئێستامان.جا کەواتە پێویستە لەسەر کوردان  بە دوو ئاڕاستە کار بکەن و درێژە بەخەبات بدەن، لەلایەك لە نێوان خۆیاندا و لەهەر چوار بەشەکەی کوردستاندا هاوپەیمانێتیەکی ستراتیژی و نەتەوەیی تۆکمە و پتەو پێکەوە بنێن و خیانەتکردن و دووکەرتکردن و لێکترازانی ڕیزەکانی کورد تابۆو قەدەغە بکەن و بیکەنە هێڵی سوور و نەیبەزێنن ، لەلای دووەمیشەوە کاربکەن لەسەر زیاتر دوورخستنەوە و جیاوازی دروستکردن لە نێوان داگیرکارانی کوردستاندا، تەنها بەم دوو ئاڕاستەیە دەتوانرێت بەرژەوەندیەکانی کورد بۆ ئێستا و ئایندەش بپارێزرێت.لەدوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسەوە تورکیاو عێراق  لە زۆر مەسەلەدا جیاواز و دوور لەیەك بوون لەسەر مەسەلە سیاسی و ئابوری و مەزهەبی و کەمەنەتەوایەتیەکان و ...هتد..هەربۆیە لەلایەك تورکیا هاوکاری و پشتیوانی سیاسی و ئابوری کوردی دەکرد دژ بە ڕژێمەکەی بەغداد و لەمەشدا هەم بۆ خۆشی بەقازانج بوو هەم بۆ کوردیش بە قازانج گەڕایەوە.لەولاشەوە بەغدادیش نەیدەتوانی کە مەرج و ڕاسپاردە و سیاسەتەکانی خۆی و فشارە سیاسی و ئابوری و سەربازیەکانی دژی هەرێم پیادە بکات و بەمەش کوردان زۆر قازانجیان کرد.و توانراوە کە پارێزگاری لەدەسکەوتە سیاسی و ئابوری و سەربازیەکانی بکات و هێز و توانا و پەیوەندیە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکانی بەهێز بکات و سەنگ و قورسایی کورد لە دونیادا گەورەتر و بەهێزتر بکات.

❖ **لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئەم کرانەوە و نزیکبونەوەیەی تورکیاو عێراق چ کاریگەریەکی دەبێت لەسەر ئایندەی پێگە و قورسایی کورد لە عێراق بەتایبەتی و لە ناوچەکەشدا بەگشتی؟ کورد چۆن مامەڵە و سیاسەت بکات لەبەرامبەر ئەم هەنگاوەدا؟**

هێزو توانای کورد لەم قۆناغەدا زۆر جیاوازە لە قۆناغەکانی پێشووتر و کورد لاواز و بێدەسەلات وبێپشتیوان نەماوە ولەمەسەلەیەکی بچوك وقەتیسکراوی نێوان سنوری ولاتێکی بچوکی وەکو عێراقدا دەرچوە و بۆتە مەسەلەیەکی ناوچەیی و جیهانی . هەربۆیە بە سانایی ناگەڕێنرێتەوە بۆ قۆناغەکانی سەدەی بیستەم.بەهەمان شێوە کوردان لەماوەی ئەم ٢٢ ساڵەی ڕابووردوودا بەشداری و هاوکاری و پەیوەندی زۆر و چڕ وپڕی دروستکردوە لەگەڵ زلهێز و هێزە دەستڕۆیشتوەکانی ناوچەکەشدا بۆیە کورد کوردانی جارانی نەزان و دوور

لەگەمە سیاسی و ئابوریەکانی جاران نەماوە بەڵکو بۆتە یاریزانێکی تاڕادەیەك شارەزاو خاوەن ئەزمون و خاوەن پێگە و گۆڕەپان و تۆپی خۆشی و دەتوانێت و دەشزانێت چۆن گەمە و پاسەکانیش بدات.بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا دەبێت تێڕوانین و بەرنامە و پلانی بەهێز و نهێنی و ئاشکراشی هەبێت بۆ پیلانە ژێربەژێرە ناوچەیی و دونیاییەکان وبزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ دۆخە نوێکان و هاوپەیمانی و لێکنزیکبونەوەکان دەکات.بەتایبەتیش لە نێوان بەغداد و تورکیادا کە ئەم هاوپەیمانێتیە هەمیشە هاوپەیمانێتیەکی شەیتانانە و دژ بە کورد بوە لە ڕابوردوو ئێستاشدا.چونکە پێگە و قورسایی و جیۆپۆلەتیکی تورکیا گەلێگ گرنگ و هەستیارە هەم بۆ کوردستانی باشوور و هەم بۆ عێراقیش و دەروازەیەکی گرنگە بە ڕووی ئەوروپاو ڕۆژئاوادا، هەربۆیە تورکیا لەکام لایان کورد یان بەغداد نزیك بێتەوە ئەوا ئەو لایەنە سەرکەوتوو خاوەن دەسکەوت و بەرژەوەندی پارێزراوە و بەسەر ئەویتریاندا زاڵ دەبێت. بۆیە کوردانی باشوور پێویستی زۆریان بە تورکیا دەبێت، هەربۆیە کورد جگە لەکارتی ئابوری و نەوت و غازی سروشتی و بازرگانی کالاکانی تر، کورد لەم هەرێمەدا کارتی کوردانی باکور و ڕۆژئاواشی لەدەستدایە کەوەك فشار بەکاریان بهێنێت دژ بە تورکیا هەرکاتێك پێویستی کرد و هەست بەنیاز خراپی تورکیا کرا دژ بە هەرێم و دەسەلاتەکەی.هەربۆیە ئەم قۆناغە بۆ کورد زۆر ئالۆز و هەستیارە و پێویست دەکات کە هەموان نزیکتر و برایانەتر پێکەوە کاربکەن و درز وکەلێنی زیاتر دروست نەکەن لەنێو ماڵی کورددا. بۆیە پشتگیرکردنی کوردان لەیەکتر لەسەر ئاستی ستراتیژی زۆر گرنگە و بەحوکمی هێز و چەسپیوی ئەم دەسەلاتەی باشور، ئەم بەشە گەورەترین ئەرکی مێژوویی دەکەوێتە ئەستۆ و لەهەموان زیاتر پێویستە هۆکاری متمانە و پێکەوە کارکردن و تەبایی کوردان بێت نەك دژایەتی ئەم دەسەلات یان ئەو سەرکردە و پارتی کوردان بکات لەو پارچە یان ئەو پارچەی کوردستان.

بەهەمان شێوە ماڵی کورد و پرۆسەی سیاسی کورد لە باشووردا ئەگەر نەڵێین لە قۆناغی مەترسیی و لێکهەڵوەشاندایە ئەوا بەدڵنیایی لە ئاستەنگ و تەنگژەیەکی ڕاستەقینەو مەترسیداردایە بەتایبەتیش لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانەوە لە ٢٠١٣/٩/٢١دا، بۆیە کورد بەم دووبەرەکی و لێکدووری و ناڕێکی ماڵ و سیاسەت و لێکتێگەیشتنەکانیەوە ناتوانێت ڕووبەڕووی ئەو تەنگژە و ئاستەنگە سیاسی و ئابوریەی ناوچەکە ببێتەوە و بتوانێت لە بەرامبەر هاوپەیمانی و نزیکبونەوە و بەهێزبونەکانی بەغداد

و ئەنکەرەو تاراندا خۆڕابگرێت ، بۆیە بەڕاستی پێگە و قورسایی کورد لە دۆخێکی هەستیار و مەترسیداردایەو ئەمەش زەنگی هۆشیاریە بۆ ئایندەو پێویست بە موعجیزە دەکات بۆ تێپەڕاندنی.

________________________________

* ئەم بابەتە لە سایتی ستاندارکورد لە ١١/١٨ و هاولاتی ژمارە ١١٨٤ لە ١١/١٩ و هەوالّ ژمارە ٥٤٦ لە ٢٠١٣/١١/٢٣دا بلاوکراوەتەوە.

# با ئیدی وەکو کورد دروشمی کوردایەتی پێش ئیسلامەتی بەرزبکەینەوە*

❖ وەك نەتەوەی کورد شانازیە بۆمان کە یەکێکین لە هەرە کۆنترین نەتەوەکانی ئەم ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستە و خاوەنی گەورەترین ئیمپرایتۆریەتیش بووین لە مێژوودا پێش ٧٠٠ سالّ پێش لەدایك بوونی حەزرەتی عیسا(( ئیمپراتۆریەتی ماد )) و خاوەنی کۆنترین شارستانێتی مێژووشین بەبەلگەی زانستی و شوێنەوارناسی کە مێژوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ٧-٨ هەزار سالّ پێش زاین.کورد کارەکتەرێکی سەرەکی هەموو ڕووداوەکانی ئەم ناوچەیە بوە و ڕۆلّ وکاریگەری تیادا بینیوە و زۆر بەدلسۆزانە و زۆر جارانیش بەداخەوە ساویلکانە خۆی کردۆتە سووری بەر لەشکر و قوربانی بۆ کەسان و لایەنی تر داوە و لەو پێناوەشدا ماف و سەروەری و خاك و سەربەخۆیی خۆی لەدەستداوە.

کورد بەدرێژایی مێژوەکەی ڕووبەڕووی چەندین کارەسات و پرۆسەی قاتوقڕکردن و لەناوبردنی بەبەرنامە بۆتەوە و بەگڕ سوتماککردنی خاکەکەی و کاولکردنی ئاوەدانیەکەی و سڕینەوەی مێژوو وجوگرافیەکەشی چۆتەوە کە دوور لەهەموو ئاکار و ڕەوشتە مرۆییەکان دژی پیادەکراوە.بەناوبانگترینیشیان پرۆسەی ئەنفال بوە کە بۆ یەکەم جار لەسەر دەستی ئیسلامە یەکەمینەکان بوە لەسەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتابدا کە هاتونەتە کوردستان و بەشەڕ یان بەئاشتی کوردستانیان خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە و دووەم جاریش لەسەر دەستی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی و صدام حسێنەوە بوە کە

خۆی بەنوێنەری پان عەرەبیزم و ئیسلامیزم دەزانی و، لە ئێستاشدا بۆ جاری سێیەم کورد ڕووبەڕووی پرۆسەیەکی بەدناوی ئەنفال دەبێتەوە لە ڕۆژئاوای کوردستاندا لەسەر دەستی تاقمێك چەتە و پیاوکوژ و تیرۆریستی بەناو (( جبهة النصرة لبلاد الشام)) کە ڕێکخراوێکی بەناو سەلەفی و جیهادین و لەساڵی ٢٠١١دا خۆیان ڕاگەیاندوە، وخۆیان بەدەمڕاستی ئیسلام دەزانن.و پەیوەندی توندوتۆڵیشیان هەیە بە ڕێکخراوی قاعیدەی تیرۆریستی عێراقەوە هەیە و هەر لەبەر ئەوە کە لە ٢٠١٣/٥/٣٠دا بە کۆی دەنگ لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە خراوەتە لیستی ئەو کەس و لایەنانەی کە سزایان بەسەردا سەپێنراوە لەبەر ئەوەی کار و هەڕەشەن بۆ سەر ئاشتی وئاسایش و کاری تیرۆریستی ئەنجام دەدەن.

کەواتە پڕۆسەی بەدناوی ئەنفال کە لە قورئانی پیرۆزیشدا یەك سورەتی ٧٥ ئایەتی بەناوەوەیە، وەك ئەوە وایە کە تەنها و تەنها بۆ سەر کورد دابەزیوە و لەسەر دەستی عەرەب و ئیسلامیەکانیش جیبەجێدەکرێن بەرامبەر بەنەتەوەیەك کە دڵسۆزترین نەتەوە بوە بۆ ئیسلام و هێندەی خزمەتی بە ئیسلام گەیاندوە نیو هێندە خزمەتی بە کوردو کوردایەتی نەکردوە. و هەرئەمەشە کەنەبۆتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی و بە ژێر دەستەیی ئیسلامیەکان ماوەتەوە.

❖ **لێرەدا ئەو پرسیارە دروست دەبێت کە ئایا ئەو ئیسلامە پاك و بێگەرد و خاوەن ئاکار و ڕەوشت و بەها پیرۆزوجوانە کۆمەلأیەتیانەی کە کورد تێیگەیشتوە و بەهەزاران ساڵە دوایکەوتوە هەمان ئەو ئیسلامە خوێنڕێژ و دوور لەهەستی مرۆڤایەتی و بەربەریەتی سەردەمی جاهلیەت و وەحشی بکوژی حەمزەی مامی پەیامبەرە کە دووبارە لەلایەن ئەم چەتە و تیرۆریستانەوە ڕوداوە مێژوییەکەی وەحشی دووبارە دەکەنەوە بە هەڵدڕینی سنگی دیل و بێتاوانەکان و خواردنی دڵ و جگەر و خوێنەکەیەتی بەبەرچاوی هەموو دونیاوە ؟**

ئەگەر ئەمە ئیسلامی ڕاستەقینە بێت ئەوا کورد هەزاران ساڵە بەهەڵە دوای ئەم ئاینە کەوتوە و ئەگەریش پێچەوانەکەیەتی پێویستە ئیسلامیە کوردەکان ئەوە ڕوون بکەنەوە و خۆشیان و ئیسلامیش و حیزبەکانیشیان بێبەری بکەن لەو ڕچە و ڕێبازە توندڕەو و کۆنەپەرست و دوور لە هەستی مرۆڤایەتیە.

ئەوەتا ئەم جەبهەیە ڕۆژ نیە کە هێرش نەکەنە سەر ناوچە کوردیەکان و گچێەڵ و شەڕ بە هێزەکانی یەکینەکانی پاراستنی گەلی سەر بە پارتی یەکێتی دیموکراتی کوردی لە سوریا (( یەپەگە)) کە لە ئێستادا بونەتە سەرە نێزەی خەباتی کوردایەتی، نەگێڕن و قەتڵ و

عامی کوردان نەکەن و بەئاشکراش ڕایانگەیاندوە (( کە سەرو ماڵ و شەرەفی کوردان حەلاَڵە و دەستیان لێمەپارێزن))، بەم شێوەیە ئیسلامیە تازەکانی دواکەوتەی سەلەفیەکانی باوباپیرانیان لە عەرەبە جاهلیەکان کە خۆیان حەز دەکەن وا ناویان بهێنرێت ڕووی ڕەش و ڕاستەقینەی ئیسلامگەراکانیان دەرخستەوە دژ بە کورد و کوردایەتی و کوردستان و ئەم جەبهەیە لە جیاتی ئەوەی هەڵمەت و هێرشەکانیان ئاڕاستەی هێز و سوپای ئەسەد بکەن ئاڕاستەی کوردیان کردوە وەك ئەوەی کورد دیکتاتۆر و دەستڕۆیشتوو حاکم بوبێت لە ٦٠ ساڵی ڕابووردووی سوریادا و ئەوان لە ئێستادا کە هیچیان بەدەست نیە ئاوها مامەڵە لەگەڵ کورددا دەکەن ، ئەی ئەگەر سبەینێ بونە حاکمی ڕەها دەبێت چۆن مامەڵە لەگەڵ کورد و داواکاری و مافە ڕەواکانیدا بکەن، بەم شێوەیە جارێکی تریش ئیسلامی پاك و بێگەردیان لەبەرچاو ملیۆنان کورد ڕەش و ناشیرین کردەوە ،چونکە هێشتا هەموو کورد و بەتایبەتیش کوردی باشوور بیرەوەریە تاڵ و بەسوێکانیان دەربارەی ئەنفالی بەعسیەکانی عێراق بیرنەچۆتەوە .

هەر بۆیە ئەرکی نەتەوایەتیمان وەك کورد لەهەر چوار بەشەکەی کوردستاندا و لەهەموو دونیاشدا لە ئێستادا ئەوەیە کە بەسەر و ماڵ و هەموو توانایەکمانەوە پشتگیری و پشتیوانی لە براکانمان بکەین لەبەرامبەر ئەم هەمەج و وەحشی و بەربەریانەی عەرەبی بەناو ئیسلامدا کە دەستیان داوەتە ئەنفالی کوردان، ئەوە ماوەی زیاتر لە ٢ساڵە کە کوردی ڕۆژئاوا بەبرسێتی و توینێتی وبێ پشتوپەنايیەوە پارێزگاری لە ناموس و شەرەف و کەرامەتی کوردایەتی دەکەن لەو بەشەی کوردستاندا و توانیویانە سەرکەوتوانەش بەرامبەر لەلایەك دژ بە هێزەکانی ڕژێمی بەعسی ئەسەدی ولەولاشەوە دژ بە سوپای ئازاد و بەناو ئیسلامیە تیرۆریستەکان ببنەوە و زۆرینەی ناوچە کوردیەکان ڕزگار بکەن و لە هەوڵێکی بێوینە و بوێرانەشدا حکومەتێکی ناوچەییان ڕاگەیاندوە بۆ بەڕێوەبردنی ناوچە کوردیەکان و هەرێمی کوردستانی ڕۆژئاوایان دامەزراندوە. کە بەڕاستی هەموو کوردیان بە سەرکردە و پارتەسیاسیەکان وجەماوەریشەوە لەم هەرێمەدا شەرمەزارکرد بەوەی کە تائێستا نەتوانراوە بەجدی و ڕاستگۆیانە هاوکاری مادی و مەعنەویان بکەن بۆ ئەوەی خۆڕابگرن لەبەردەم ئەو پرۆسە بەدناوەی ئەنفال و لەناوبردنەی کورداندا.

بۆیە ئەرکی هەموومانە لەم بەشەی کوردستاندا کە توانای مادی و مرۆیی زۆرمان هەیە کە بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ و سڵەمینەوە هاوکاری و پشتیوانی براکانمان بکەین لە ڕۆژئاوا و

دروشمی (( کوردایەتی پێش ئیسلامەتی بەرزبکەینەوە)) و چونکە کوردستانی ڕۆژئاوا زۆری بەسەر هەموو سەرکردە و پارتە سیاسیەکانی هەموو کوردستانی گەورە بەگشتی و باشوور بەتایبەتیەوە هەیە و لە ئێستاشدا ئەرکمانە کە چاکەی ڕۆژگارە تەنگانەکانیان بدەینەوە.

❖ کوردستانی ڕۆژئاوا کە ڕووبەرەکەی ١٨٣٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشەیە و بەهێندەی ڕووبەری دەوڵەتی کوێتە و گەورەتریشە لە دەوڵەتی لوبنان و نزیکەی ٣ ملیۆن کوردی تیادا دەژی کە نزیکەی ١٠٪ دانیشتوانی هەموو سوریان و زۆربەیان کوردی ئیسلامی سونە و کەمێکیش ئێزیدی و مەسیحی و شیعەشیان تیادایە و بۆیەکەم جاریش لەساڵی ١٩٥٧دا یەکەم حیزبی سیاسی کوردی دامەزراوە و لە ئێستادا ١٢ حیزبی کوردی هەن، هەرچەندە لەڕووی ئابوریەوە لاوازە بەڵام سیفەت و ئاکارە کوردیەکانی لە دڵسۆزی و برایەتی نانبدەیی و قوربانیداندا زۆر دەوڵەمەندە.

ئیسلامیەکان و سوپای ئازادوعەلەویەکان بە ئاشکراو نهێنی پشتیوانی دەکرێن لەلایەن وڵاتانی ناوچەکەوە لە تورکیاو ئێران و وڵاتانی عەرەبی و تەنانەت ئەوروپاو ئەمریکاشەوە، ئیدی بۆچی ئێمەی کورد یارمەتی براکانمان نەدەین. کوردستانی ڕۆژئاوا هەرچەندە بە قەوارە بچووکە بەڵام بەڕۆڵ و پێگە و هەڵکەوتەی جوگرافی گەلێك گرنگە بۆ کوردستانی گەورەو و وەکو دەروازەیەکی گرنگ وایە بۆ سەر دەریا، ئەگەر کوردستانی باشور دڵ و باکور مێشك و ڕۆژهەڵات پەلوپۆی کوردستانی گەورە بێت ئەوا کوردستانی ڕۆژئاوا زمان و دەروازەی کوردستانی گەورەیە بەسەر دونیای عەرەبی و ئەورووپیدا، کەواتە هێندەی بچوکی قەوارەکەی گەورەیە لەڕووی ڕۆڵ و کاریگەریەوە وهەروەکو زمان و دەم وایە بۆ مرۆڤ .

ئەرکی دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمە کە ڕێگە بگرێت لەو گەنجە هەڵخەڵەتێنراوانەی کە بەناوی جیهادەوە ڕوودەکەنە سوریاو شەڕ لە دژی برا کوردەکانی خۆیان دەکەن و پێویستە لەسەر دامودەزگاکانی ئاسایش بەدواداچوون بکەن بۆ ئەو کەس و لایەنانەی کە هاوکاری و پشتیوانی مادی و معنوی پەیدا دەکەن بۆ جەبهەی نوصرە لە سوریا هەروەك لێپرسراوی کەتیبەی صلاح الدینی ئەیبوی ئاشکرای کردوە لە گۆڤاری لڤیندا کە کەس و لایەنی دیاریکراو هەن کار بۆ ئەوان دەکەن، ئایا ئەمە ناچێتە بواری خیانەتی نیشتیمانی و

نەتەوایەتی و ئەرکی حکومەتی هەرێم نیە کە سزا و بەدواداچوون بۆ ئەو کەس و لایەنانە بکات.

بەڕاستی گەر دەسەلأتدارانی هەرێمی کوردستان لەم قۆناغ و سەردەمەدا پشتیوانی لە براکانمان نەکات لە ڕۆژئاوا ئەوا چیدی پێویست ناکات کەوا کۆنگرەی نەتەوەیی ببەستێت و هەوڵی ڕابەرایەتی هەموو کوردانیش بدات و لافی سەرکردایەتی و پێشەوایەتی لێبدات.لە ئایندەشدا پارچەکانی تری کوردستانیش مافی خۆیانە کە ڕازی نەبن کار لەگەڵ ئەم هەرێمەدا بکەن و بەجیاو بەتەنها و دوور لەیەکتر کوردایەتی بکەن، کە ئامانجی هەموو کورد ئەوەیە کە یەك و یەکگرتووبین نەك دوور و دڕدۆنگو بێزار لەیەکتری بین.بەداخەوە ئەوەی دەیبینن و دەیبیستین کە هەریەکە لە حیزبە باڵادەستەکان لە هەوڵی ململانێ و کێشمەکێشمدان بۆ ڕاکێشانی ئەم حیزب یان ئەو حیزب بۆلای خۆیان و بۆ ئەوەی بیانکەنە پاشکۆی خۆیان و لە ئایندەدا بەکاریان بێنن بۆ بەرژەوەندی حیزبایەتی خۆیان نەك کوردایەتی.

بەهەمان شێوەش ئەرکی حیزبە ئیسلامیەکانی لای خۆشمانە کە بەجدی و بوێرانە و ڕاستگۆیانە بیروڕاوهەڵوێستی خۆیان ئاشکرا بکەن دەربارەی پرۆسەی ئەنفالی کوردان لەڕۆژئاوادا لەلایەن بەرەی نوصرەی جیهادیەوە و ڕایبگەیەنن کە کوردایەتی دەخەنە پێش ئیسلامەتیەکی درۆ و ڕووکەش و تیرۆریستیەوە، ئەگینا ئەمانیش دەبنە برابەشی ئەو تاوان و نەهامەتیانەی کە بەسەر براکانماندا دێن لە ڕۆژئاوا.

گەر هەڵوێستی بەرەی نوسرەت ئاوها بەردەوام بێت ، ئەوا ئەرکی حکومەتی هەرێمیشە کەوا دەروازەی سنورەکان والأ بکات نەك دایانبخات بەڕووی گەنجانی کوردپەروەردا کە ئەمانیش بچنە کوردستانی ڕۆژئاواو بەگیان و بەلاشە هاوکار و پشتیوانی لە براکانمان بکەن و ڕێگە نەدەن کوردستانی ڕۆژئاوا جارێکی تر لەدوای ڕزگاربوونی لە دەستی بەعسی سوری بکەوێتەوە ژێر دەستی ئیسلامیە تیرۆریست و چەتەکانی بەناو قاعیدەو دەوڵەتی ئیسلامیەوە.و لەسەر ئاستی پەیوەندیە ناوچەیی و نێودەوڵەتی و عەرەبیەکان و ئیسلامیەکانیشەوە هەوڵ بدرێت کە ئەو جەبهەیە واز لەو سیاسەتی دژ بە کوردە بهێنن.لەسەر ئاستی جەماوەر و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیشەوە پێویستە هەموان دەست بدەنە خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین و دروستکردنی فشاری جەماوەری .

---

* ئەم بابەتە لە سایتی چاوی گەل لە ٨/١١ و هاولاتی ژمارە ١١١٤ لە ٨/٦ و هەوالٌ ژمارە ٥٣٥ لە ٢٠١٣/٨/٣١دا بلاوکراوەتەوە.

## مەسەلەی کورد

## لە ئێستادا مەسەلەی پلە یەکی ڕۆژهەلاتی ناوینە.. *

❖ ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوین لەبەر گەلێك هۆکاری سیاسی و ئابوری و ئاینی لە مێژەوە بۆتە کانگاو سەرچاوەی ململانیٚ نێودەولەتیەکان و هەمیشە ناوچەیەکی گەرمی پڕ لە ململانیٚ بوە لەلایەك لە نێوان زلهێزەکان و لەلایەکی تریشەوە لەنێوان ولاتانی ناوچەکە خۆیاندا.ئیدی ئەم ناوچەیە بیٚ کێشە و گرفت نەماوەتەوە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ.لەناوەڕاستی سەدەی بیستیشەوە ئالۆزترین و گەورەترین مەسەلە و کێشەی تیادا دروست بوو کە بریتی بوو لە کێشەی داگیرکردنی خاکی فەلەستین و پێدانی بە جولەکە و دامەزراندنی دەولەتێکی ئاینی جولەکە بوو تیایدا.ئیدی لە سالی ١٩٤٨ بەدواوە ململانێی عەرەب –ئیسرائیل دەستی پێکردوە و بۆتە مەسەلەیەکی گەورە و گرنگ و کاریگەر لە ناوچەکەدا و تا چەند سالێك لەمەوبەریش مەسەلەی پەلە یەك بوو لەناوچەکەدا و گەرموگوڕترین مەسەلە بوو لەسەر ئاستی ناوچەکە و دونیاشدا.و هەمیشە هەژموونی گەورەی هەبوو بەسەر هەموو پەیوەندیەکانی ولاتانی ناوچەکە و زۆرترین پشتیوانی و پشتگیری گەلان و حکومەتەکانی ناوچەکە و دونیاشی بۆخۆی مسۆگەر کردبوو.بۆ مێژووش دەلێین کە فەلەستینیەکان گەلێکی مەزلوم و خاك داگیرکراو و زەوتکراون و خاوەنی مەسەلەیەکی ڕەوا و مافی خۆیانن بۆ ڕزگارکردنی ولاتەکەیان و شەرعیەتی شۆڕش و پارێزگاریکردن لەخۆیانیان هەیە.کوردیش بەدرێژایی ئەو خەباتەیان هەمیشە پشتیوانی گەورەی مەسەلەکەیان بوە و جۆرەها هاوکاری و یارمەتی مادی و مەعنەویان

کردوون و پارت و سەرکردە سیاسیەکانی کورد پەیوەندی توندوتۆڵیان هەبوە لەگەڵ سەرجەم پارت و بزوتنەوە و سەرکردە سیاسیە فەلەستینیەکاندا.

بەڵام لەدوای سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی و راپەرینی جەماوەری و دارمانی رژێمە توتالیتاری و شمولیەکانی ناوچەکە و گۆرانی ئاراستە فکری و جەماوەریەکانی عەرەبی لە ساڵی ٢٠١١ بەدواوە بە ئاراستیەکی تردا بەرەو کرانەوە و دیموکراسی زیاتر ، مەسەلەی فەلەستین ئەو گەرموگوری و گرنگیەی خۆی لەدەستدا و لە ئێستادا بۆتە خامۆشترین مەسەلە و هیچ کەس و لایەنێکی ناوچەیی و نێودەوڵەتی باسی ناکات و گرنگی ئەوتۆی پێنادات. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە لەم قۆناغەدا لەلایەك ململانێی فەلەستین –ئیسرائیل خاوبۆتەوە وبۆتە مەسەلەیەکی لاوەکی لەبەرانبەر گەرموگوربوونی مەسەلەی هەموو عەرەب و شۆرش و راپەرینەکانیان، و لەلایەکی تریشەوە ئەو رژێمە توتالیتار و شمولیانە و بەناو پان عەرەبیزمانەی جاران نەمان کە کوێرانە و بۆ بەرژەوەندی خۆیان و دەسکەوتنی زیاتر و لەبەرچاوی راگەیاندنەکاندا ببونە پارێزگار و پارێزەری مەسەلەی فەلەستین و بە هەموو جۆرێك قورسایی خۆیانیان بەکاردەهێنا لەرووی مادی و مەعنەوی و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانیانەوە بۆ دەرخستن و سەرخستنی مەسەلەی فەلەستینیەکان. لەلای سێهەمیشەوە فەلەستینیەکان بۆخۆیان بونەتە دووبەش و دووبەرەی دژ بەیەك ئیسلامی و عیلمانی و وڵاتێکی داگیرو دابەشکراویان کردۆتە دوو کانتۆنی حەماسی و فەتحی و رێکناکەون و کەسیش نەماوە هەوڵێکی خێرخوازیان لەنێواندا بدات و یەکیان پێبگرێتەوە. لەبەر ئەم هۆکارانە مەسەلەی فەلەستین گەرموگوری و پلە یەکی لەناوچەکەدا لەدەستداوە، بۆ مەسەلەیەکی گەورەتر و گەرموگورتر کە ئەویش مەسەلەی کوردە..

مەسەلەی کورد هەمیشە لە مەسەلەی فەلەستینیەکان گەورەتربوە و لە پێش ئەو مەسەلەیەشدا بوونی هەبوە و لەرووی مێژوویی و جوگرافیایی و ژمارەی دانیشتوان و رووبەری زەوی و گرنگی جیۆسیاسی و هەڵکەوتەی پێگەی کوردستانەوە، بەڵام بەداخەوە مەسەلەی کورد لەبەر بێپشتیوانی ناوچەیی و دونیایی وایلێهاتبوو کە ببێتە مەسەلەیەکی پلە دوو لەناوچەکەدا و بەهێندەی مەسەلەی فەلەستینیەکان گرنگی و گەرموگوری نەبێت، بەڵام رەورەوەی مێژوو رووداوەکانی دونیاو ناوچەکە و گۆرانکاریە سیاسی و ئابوریەکان و سەرهەڵدانی شۆرش و راپەرینەکانی گەلانی عەرەبی و دارمان و رووخانی رژێمی

عەسکەرتاری و کۆنەپارێزەکانی عەرەب بوونە هۆی ئەوەی کە مەسەلەی کورد ببێتە مەسەلەیەکی گەورە و گرنگ و کاریگەر و ڕۆشنایی هەموو ناوچەکە و دونیاش بۆخۆی ڕابکێشێت. کورد و مەسەلەکەی لە مەسەلەیەکی بچوك و پەراوێزخراو و لەبیرکراوەوە بوە مەسەلەیەکی گەرموگوڕ و جێگەی باسوخواسی کۆبونەوە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکان..

- **بۆچی ئەم گۆڕانکاریە ڕوویدا؟**

هۆکاری سەرەکی ئەم گۆڕانکاریانە بۆ ڕووداو و گۆڕانکاریە سیاسی و ئابوریەکانی ناوچەکە و دونیا دەگەڕێتەوە و لەم ئاڕاستیەشدا کوردیش لە هەرێمی کوردستان و لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی نوێدا و ڕۆڵ و پایە و کاریگەری خۆی دەرخست و بوە شەریکە بەش لە حوکم و دەسەلاَت و بوە یاریزان و هاوکارێکی ناوچەکە و دونیاش. بەو پێیەش کورد باشتر لەجاران ناسراو وهەیبەت و سەنگینی خۆی بۆ گەڕایەوە و هەموانیش لە گرنگی و کاریگەری ڕۆڵی کورد تێگەیشتن، بەم شێوەیە ئەم دەسەلاَت و حوکمە خۆجێیەتیەی کورد لەم بەشەدا هۆکاری سەرەکی بزواندن و بەگەڕخستنی مەسەلەی کورد بوو لەناوچەکەدا و دواتریش درێژەدان بەخەباتی چەکداری لەلایەن هێز و پارتە سیاسیەکانی تری کوردەوە لەبەشەکانی تری کوردستاندا لە باکور و ڕۆژهەلاَت هۆکارێکی تری ناسینی کوردبوون بەوەی کە دەسەلاَتدارانی تورك و فارسیان ناچارکرد کە بە شێوە و ئاڕاستە و بیرکردنەوەیەکی نوێ لە کورد بڕوانن و هەوڵی چارەسەری ئاشتیانەیان بدەن و لە ئێستاشدا ئەو هەولاَنە بەردەوامن، دواتر و لەدوای سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی سوریاش کوردی ئەو پارچەیەش ڕۆڵ و کاریگەری کوردیان لەناوچەکە و دونیاشدا هێندەی تر بەرز و بڵند کردەوە وبونە کاراکتەرێکی زیندو و کاریگەری سەر گۆڕەپانی سیاسی سوریا و بەهەمان ڕێچکە و ڕێبازی کوردانی باشووردا دەڕۆن و گەرەکیانە ئەو دەسکەوتانەی لەباشوور وەدەستهاتون لەچوارچێوەی عێراقی نوێدا ئەوانیش وەدەستی بێنن لە سوریادا و پایە و پێگەی کورد بپارێزن. هەموو ئەم هۆکارانە کاریگەری گەورەیان هەبوە لەسەر بەزیندووی هێشتنەوەی مەسەلەی کورد و پێشخستن و گەشەپێدانی لە ڕووی سیاسی و ئابوریەوە و هەموانیشیان بە زلهێزەکانیشەوە ناچارکردوە کە بە جۆر و ئاڕاستەیەکی جیاوازتر لە پێشوو بیر لە کورد و مەسەلەکەی بکەنەوە تەنانەت عەرەبەکان خۆشیان بیروبۆچوونیان بەرانبەر کورد گۆڕاوە و لە ئێستادا هێزێك و لایەنێك و دەوڵەتێکی ناوچەکە و دونیا نابینیت کە نکولی لەبونی کورد و مەسەلەکەی بکات نەك

هەرئەوە بەڵکو هەوڵی جدیش دەدەن بۆ دروستکردنی پەیوەندی سیاسی و ئابوری لەگەڵیدا.بەم شێوەیە مەسەلەی کورد لە ئێستادا بۆتە مەسەلەیەکی گەرموگوڕ و پلە یەکی ڕۆژهەلاتی ناوین.

- **چۆن ئەم مەسەلەیە بەم گەرموگوڕییە بهێلرێتەوە؟**

ئاشکرایە کورد خەباتی دوورودرێژی کردوە تا گەیشتۆتە ئەم قۆناغە کە بەڕاستی بە قۆناغێکی ئاڵتۆنی بۆ کورد حساب دەکرێت چونکە زۆر دەسکەتی وەدەستهێناوە و کەمی ماوە،بۆیە گرنگ لەدەستنەدان و بەهەدەرنەدانێتی، ئەوەش بەوەدەبێت کە کوردان لەهەر چوار پارچەکەدا ببنە خاوەن کیانێکی سیاسی و ئابوری و نەتەوەیی و نیشتیمانی کە هەموان لە ژێر چەتری خۆیدا کۆبکاتەوە کوردان یەك گوتار و یەك هەڵوێستی سیاسی و ئابوریان هەبێت دوور لە دەستێوەردانی ناحەزان و دوژمنان. ئەوەش بە سەرخستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردان دەبێت . کە خۆشبەختانە لە بیرۆکەوە بۆتە ئەمری واقیع و هەموان هەست بەگرنگیەکەی دەکەن و یەکەم هەنگاویان بۆ هەڵناوە و بەکرداریش لەهەوڵی بەستنیدان، بەلأم بەداخەوە وەك لە نوسینێکی ترمدا داوامکرد کە (( تکایە با کۆنگرەی نەتەوەییمان بەبیٚ مەرجی پێشوەختی دەوڵەتانی دراوسیٚ بێت)) ، بەلأم ئەوەی کەهەست پێدەکرێت دوای ئەوەی دەنگی بەشداری نوێنەرانی ئەو ولأتانە بلأوبۆوە لە کۆنگرەکەدا بابەتی کۆنگرەکەش بە ئاقار و ئاڕاستەیەکی تردا ڕۆیشت کە ئەویش نائومێدبونە لە بەستنی و سەرخستن،لەسەر هەندیٚ مەسەلەی لاوەکی وەك ڕێژەی بەشداربوان و سەرۆکایەتی و دەسەلأت و لۆگۆ و دروشمەکانێتی، کە ئەو مەسەلانە بەهێندەی سەنگینی و قورسایی بابەتەکە کە کۆنگرەیەکی سەرتاسەری و یەکگرتوویی کوردانە مەزن نیە، بۆیە جارێکی تریش دەبێت سەرکردە و پارتە سیاسیەکان لەهەر چوار پارچەکەدا لە گەورەیی و هەستیاری قۆناغەکە تێبگەن و بەرژەوەندیە بالأکانی کورد بخەنە سەروو بەرژەوەندیە بچوکە تاکەکەسی و حیزبیەکانیانەوە . دەبێت هەموان ئەوە بزانن کە لەدەستدانی ئەم هەلە بۆ کۆبونەوەی کوردان جارێکی تر بە سانایی نایەتەوە پێشەوەو ئەوەشی کە هەمانە لەدەست دەچێت و ئەوەی کە خەونمان پێوە دەبینی لە دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی و سەربەخۆیی کورد و ڕابەر و سەرکردەو پێشەوا ،ئەوا دەبێتە بڵقی سەر ئاو و بەخەونێکی نەزۆك دەمێنێتەوە و نەدەوڵەت و نە ئالأ و نە ڕابەر هەمووی لەدەست دەچێت و ئەوکات دەبێت بە کوێخای گوندێکی بچوکی کوردستان ڕازیببین، بۆیە ئەرکێکی مێژوویی گەورەیە

لەسەر هەمووان کە ئەم گەرموگوڕی و پلە یەکیەی مەسەلەی کورد نەبەنەوە مەسەلەیەکی دۆڕاو و بچووك و لەبیرکراوی جاران و با بەدەردی فەلەستینیەکان نەچین و ناکۆکی و ململانێ ناوخۆییەکانمان لەبیر بکەین.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی چاوی گەل و ستانداردکورد لە ١٦ و٩/٢٦ و هاولاتی ژمارە ١١٤٣ لە ٩/١٨ و هەوالێ ژمارە ٥٣٨ لە ٢٠١٣/٩/٢١دا بلاْوکراوەتەوە.

# با لێنەگەڕێین (( پەیەدە )) بەتەنها بێت ؟*

❖ پارتی یەکێتی دیموکراسی لە کوردستانی ڕۆژئاوادا(( پەیەدە)) کە لەساڵی ٢٠٠٣وە دامەزراوە و لە ئێستادا بۆتە سەرەنێزەی خەباتی کوردایەتی لەو بەشەی کوردستانی گەورەدا و بەوپەڕی تواناو لێهاتوییەوە بەرگری لە شەرەف و ناموس و خاکی کوردو کوردستان دەکات و لە زیاتر لەبەرەیەکدا لە شەڕی مقاوەمەت و ڕەوای کوردایەتیدایە دژ بە هێزە داگیرکار و دزێو وکۆنەپارێز و تیرۆریستەکانی قاعیدە و کۆنەبەعسی و جەبهەی نوسرەدا. زۆرجارانیش بەداخەوە لەگەڵ هێزە کوردیەکانی تردا. تا ئێستا و بۆماوەی زیاتر لە ٢ساڵە لەدەستپێکی ڕاپەڕینی جەماوەری گەلانی سوریاوە دژ بە ڕژێمەکەی ئەسەد ، پەیەدە بۆتە هێزێکی خاوەن جەماوەر و چەکدارو گیانفیدای دڵسۆزی کورد و توانیویەتی زۆر بەسەر بەرزیەوە ئەرکی نیشتیمانی و نەتەوایەتی جێبەجێبکات ، ئەوەتا لەم هەفتەیەی ڕابووردووشدا توانی سەرکەوتنی گەورەو بەرچاو بەدەستبهێنێت بە وەدەرنانی هێزی عەقڵ دۆگماو کۆنەپارێز و تیرۆریستەکانی قاعیدە و جەبهەی نوسرە لە ٢٥ گوندی کوردستان لە چواردەوری شارۆچکەی سەریکانی، کە ئەم سەرکەوتنە گەورە و کوتوپڕ و لەناکاوە بۆ هەموان بەدۆست و دوژمنانەوە جێگەی تێڕامان و پرسیار کردن و هەڵوەستەکردن بوو..

❖ **لێرەدا پرسیار ئەوەیە، ئایا پەیەدە بەو هێزەی کەهەیەتی چۆن توانی ئەم بەرگری و مقاوەمەتە درێژە پێبدات و بتوانێت ئەو سەرکەوتنە گەورانە وەدەستبێنێت؟ئایا نهێنی سەرکەوتن و خۆڕاگرتنی پەیەدە چیە و لەکوێدایە؟ ئایا پەیەدە دەستکردی دوژمنانی کوردە وەکو هەندێ لایەن و سەرکردە بلاویدەکەنەوە؟ یان هێزێکی شۆڕشگێڕ و ڕەسەنی کوردایەتیە؟**

ئەوەی کە بیستومانە و گوێمان لێبوە و لەڕاگەیاندنەکاندا بڵاوبۆتەوە کە پەیەدە هێزێکی سیاسی و شۆڕشگێڕو باڵێکی سەر بە پەکەکەیە و خۆشی ئەوەی لە پەیڕەوی ناوخۆی خۆیدا نەشاردۆتەوە و زۆر بە ڕوونی عەبدوڵا ئۆجەلان بە سەرۆکی خۆی دادەنێت، کە هەموانیش پەکەکە بەهێزێکی شۆڕشگێڕ و ڕەسەنی کوردایەتی دادەنێین و هیچ گلەیی و گازندەیەکمان لە خەبات و بەرخۆدان و بەرگریکردنی چەندین ساڵەی نیە لە ڕووی سیاسی و سەربازیەوە هەرچەندیشە سەرکردەو ڕابەرەکەی (( سەرۆك ئاپۆ)) بۆ ماوەی ١٤ ساڵە زیندانەو لە پەکەکە بەجەستە دوورە . بۆیە گەر ئەو بۆچونەش ڕاست بێت و باڵێکی سەر بەپەکەکە بێت ئەوا دووجار مایەی ستایشکردنە ، یەکەمیان چاوگ و ڕێنوێنەکەی پەکەکەیە کە هێزێکی ڕەسەنی کوردایەتیە و دووەمیشیان بۆخۆی پەیەدە توانیویەتی ڕچە و ڕێبازێکی سیاسی و سەربازی سەرکەوتوانە پیادە بکات و ببێتە هێزێکی حساب بۆکراو لەسەر ئاستی گۆڕەپانی سیاسی و سەربازی سوریاو تەنانەت دەوڵەتانی ناوچەکەش بە تورکیاو عێراق و ئێران و عەرەبیەکانی تریشەوە.کەواتە هیچ مایەی نەنگی و سووك سەیرکردنی پەیەدە نیە ئەگەر باڵێکی پەکەکەش بێت لانی کەم بەلای کوردانەوە خۆمان.ئاشکراشە نهێنی سەرکەوتن و خۆڕاگری و مقاوەمەتی پەیەدەش بەدڵنیاییەوە بریتیە لەوەی کە هێزێکی هەڵقوڵاو وڕەسەنی ناو دڵ و دەروونی میلەتی کوردە و وەڵامدەرەوەیەکی ڕاستگۆی داواو خواست و ویستەکانی جەماوەرەکەشێتی.و پەیەدەش وەکو ئەو هێزە نامۆیانەی کە هاتونەتە سەر زەمینەی سوریاو کوردستانی ڕۆژئاوا کە بەهەموو پێوانە سیاسی و یاسایی و ئاینیەکانیش ئەوان هێزگەلێکی غەریب و نامۆن بە کەلتور و دابونەریت و خواست و ویستەکانی جەماوەری کورد و سوریایەکانیش و ئەوان پێگە و قورسایی جەماوەری و سیاسی و سەربازیان نیە و چونکە ئەوان هاتونەتە سەر زەمینە و ناو جەماوەرێکی ڕەسەنی هێزە کوردی و سوریەکانەوە و خاوەنی هیچ مافێکی ڕەوای نیشتیمانی و نەتەوایەتیش نین، بە پێچەوانەی پەیەدە و هێزەکانی تریشەوە کە بەرگری لە ماف و خاك و نیشتیمان و نەتەوەی خۆیان دەکەن.. ئەو هێزانە خاوەن بەرنامە و پلانی تایبەتین و پاڵنەری سیاسی و دینی و مەزهەبی و حیزبی و گروپ و تیرۆریستانەیان هەیە نەك بەرگری لە خاك و گەلانی سوریا.هەربۆیەش لەبەرامبەر هێزەکانی پەیەدەدا خۆیان بۆ ڕاگیر ناکرێت و هەمیشە دۆڕاو وسەرشۆڕانە یان لە پشتەوە زەبری غەدر و خیانەت لە منداڵ و ژنان و کەسانی سیڤیل

دەوەشێنن و سەرو ماڵی کوردان حەڵاڵ دەکەن و یانیش لە گۆڕەپانەکانی جەنگدا هەڵدێن و سەرشۆڕانە ڕادەکەن.

کەواتە پەیەدە نەدروستکراوی دوژمنانە و نە ئەڵقە لەگوێی داگیرکەرانی کوردستانیشە، بەڵکو هێزێکی تەواو ڕەسەن و دڵێری کوردانەیە و ناهەقی دەکرێت گەر ڕێگەی پێنەدرێت کە هاوکای و یارمەتی بۆ دابین بکرێت لە هەرسێ پارچەکەی تری کوردستانەوە لەڕووی مادی و مەعنەویەوە. خۆگەر ئەو کارەشمان پێنەکرێت نابێت بەهیچ جۆرێك دژایەتی توانا و هێز و دەسەلاتەکەی بکەین. پەیەدە هەرچۆنێك بەرنامە و پلانی کاری سیاسی و سەربازی خۆی دارشتوە و پشتی بە هەر فەلسەفەیەك بەستبێت کە توایبێتی بەو ماوە کەمەش ئامادەگی خۆی سەپاندبێت بەسەر زۆرینەی جەماوەر و خاکی کوردستانی ڕۆژئاوادا مایەی هەڵسەنگاندنە بە ئیجابی و دەستخۆشیکردنە، ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ڕۆڵی مێژوویی و لە مێژینەی پارتە سیاسیە کوردیەکانی تر بچوك و پوچەڵ بکرێتەوە، بەلام دەبێت ئەو ڕاستیە باش بزانین کە ئەم قۆناغی ڕزگاری نیشتیمانیە و شۆڕشگێڕیە پێویستی بە هێزێك و سەرکردایەتیەکی وەك پەیەدە هەیە کە بەتەنها ڕابەرایەتی ئەو قۆناغە بکات، بەداخەوە بۆئەوەی هەڵە و کەموکوڕییەکانی ئەزمونی کورستانی باشوور لە نێوان هێزە سیاسیەکاندا دووبارە نەبێتەوە لە ململانێی ناڕەواو شەڕی ناوخۆ و دووکەرت کردنی ئەم هەرێمە و ..هتد. بالێگەڕێین ئەم قۆناغە گەر ناوی دیکتاتۆریەت و تاکڕەوی پەیەدەشی لێدەنێن گوزەر بکات و گەلی کورد لەو بەشەدا بگەیەنێتە دوا مەنزڵی سەرکەوتن، هەرکاتێکیش دەسەلاتی کورد چەسپی و هێزە دیموکراسیەکانی ناو سوریاش سەرکەوتوو بوون و قۆناغەکەش گۆڕدرا بە قۆناغێکی ئاشتی و دیمکوراسی ئەوکات باهەموان ململانێی شەریفانەی سیاسی و دیموکراسیانە دەستپێبکەن و هەڵبژاردن و صندوقی دەنگدان بکەنە دادوەر و هەر هێز و لایەنێکیش سەرکەوتنی بەدەستهێنا(( دوور لە گزیکردن و ساختەکردن کە بەداخەوە بۆتە نیشانەیەك و پەڵەیەکی ڕەش بۆ ئەم ئەزمونەی هەرێمی کوردستانە)) ڕێزیلێبگیرێت و هەموانیش هاوکار و پشتیوانی بن، بەلام لە ئێستادا کە بەداخەوە ئەو هێز و پارت و سەرکردانەی تری کورد کە ناتوانن وەك پەیەدە خەبات و ئامادەگیان هەبێت با لێگەڕێن پەیەدە بۆخۆی لە جیاتی ئەوانیش خەبات بکات، گەر ناتوانن هاوکار و پشتیوانیش بن با لانی کەم دوژمنایەتی پەیەدە هەڵنەبژێرن.

پەیەدە چ لەناوخۆی سوریا لەسەر ئاستی ڕژێم و هێزە ئۆپۆزسیۆنە عەرەبیەکان، دوژمنی کەم نیە با ئێمەی براو پشت و پەناکەشی لە کوردان نەبینە دوژمنێکی ناحەز و هێندەی تر جیاوازیەکانی پارچەکانی کوردستان زەق و گەورە نەکەینەوە و ئەوەی ڕژێمەکانی پێشووتر نەیانتوانیوە بیکەن ئێمە خۆمان بیسەپێنین و هێندەی تر سنورە دەستکردەکان تۆخ بکەینەوە وڕێگەی هاتوچۆ و کۆمەك و هاوکاریەکانیشیان لێدابخەین.گەر وەك کوردانی باکوریشمان پێناکرێت کە هێشتا لە ژێر سایەی داگیرکەراندان زۆر بە حەماسەتەوە هاوکاری مادی و مەعنەوی کوردانی سوریادەکەن و بەخەباتی سیاسی و جەماوەرییان چۆکیان بە دەوڵەتی تورکیا داداوە و ناچاری پڕۆسەی ئاشتەواییان کردوە، دەبا نەبینە ڕێگرو لەمپەڕ و داردەست و پلان جێبەجێکەری دوژمنانی کوردانی برامان لە ڕۆژئاوا..
هەقە هەمووان بە سەرکردە و پارت و ڕێکخراوە جەماوەری و پیشییەکان و تەواوی چین و توێژەکانەوە لەهەر سێ پارچەکەی کوردستاندا بەو پەڕی گوڕوتینەوە پشتگیری و پشتیوانی لە پەیەدە و تەواوی هێزە کوردیەکانی تریش بکەین و دەستگیرۆیی و ئامۆژگاریان بکەین لە خەباتەکەیاندا ، دوور لە دەستتێوەردانی کاروباری سیاسی و ئابوری و حیزبی تایبەتی خۆیانەوە بۆ بەرژەوەندی ئەم سەرکردە یان ئەو حیزب و بنەماڵەیە.با ئەم هەرێمە و سەرکردە و پارتە سیاسیەکانی ببنە کۆکەرەوەی هەموو کوردان و کاری جدی بکەین بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی کوردان نەك ببینە دوژمنی سەرسەخت وخیانەتکاری براکانمان.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی ستانداركورد و هاوڵاتی ژمارە ١١٨٠ لە ٢٠١٣/١١/١٣دا بڵاوكراوەتەوە.

**لە پەراوێزی ئەم دۆخە نائەمنیەی سلێمانیدا....**

## تکایە سلێمانی مەکەنە قوربانی مەرامەکانتان! *

❖ بەداخەوە لەسەروبەندی یادکردنەوەی ٢٢٩ ساڵەی یادی دامەزراندنی شاری سلێمانیدا، سلێمانی بە دۆخێکی نائارامی و دەستپێکێکی مەترسیداردا گوزەر دەکات بەرەو ڕۆژان و ئاسۆیەکی نادیار و لێڵ و ناڕۆشن وەك ئەوەی پێمان بڵێت کە ڕۆژانی سەخت و دژوارەکان و نائومێدی و پاشاگەردانیەکانی دەسەڵاتەکان بەرۆکی سلێمانی بەرنادەن و سلێمانی قەدەری هەمیشە ئاشوب و ناکۆکی و ململانێی ناشەریفانەی براکانە هەرلەسەرەتای دامەزراندنیەوە تاکو ئێستا و بۆ ئایندەش. ئەدی ئەوەنیە کە ململانێی براکانی دوێنێی بابانەکان لەنێو خۆیاندا بوە هۆی لەناوچوون و نەمانی ئەمارەتەکەیان و بۆ هەتاهەتایە نەیانتوانی جارێکی دی دەسەڵات بگرنەوە دەست، ئەوەتا مێژوو پێدەچێت خۆی دووبارە بکاتەوە و ئەم جارەش لە سەر ململانێی سیاسی ناشەریفانەی نێوان باڵەکان و براکان خەریکە سلێمانی دەکەنە قوربانی مەرامەکانیان ، و ئاشتی ئارامی و ئاوەدانی و جوانی و ڕەونەقەکەی تێکدەدەن، لە یادی دامەزراندیدا گەرەکیانە بە تیرۆروکوشتنی کەسایەتی عەشایەری و بازرگان و سیاسی و عەسکەری و هاوڵاتی سادەش ،مێژوە پڕشانازی و سەربەرزی و قوربانیدانەکانی تەڵخ و ڕەش بکەن.و لە ئێستادا سلێمانی بۆتە ئەو شارەی کە هیچ کەس هەست بە ئارامی و ئاشتی و سەلامەتی ناکات لەهەر چین و توێژێك بێت هەژار یان دەوڵەمەند ،خاوەن سەرمایەو پلەو پۆستی سیاسی و عەسکەری یان

هاولاَتیەکی سادەی بێناونیشان، هەموو ئەم کارانەش تەنها لە پێناو دەستخستنی چەند پۆست و پلەو کورسیەکی دەسەلاَتە لەم شارەدا، هەیە گەرەکێتی سلێمانی بکاتە ولایەتێکی سەربەخۆی بچوك و بێدەسەلاَت و دایبڕێت لە دەستە خوشکەکانی لە هەولێر و دهۆك و کەرکوك و تەواوی کوردستان، هەشە لە پێناو مانەوەی دەسەلاَت و حوکمڕانی خۆیدا گەرەکێتی سلێمانی بەهەر شێوە و نرخێك بوە تەسلیم بە بەرامبەرەکانی نەکات جا گەر لەسەر ڕۆح و مان و نەمانی سلێمانیش بێت، هەشە لەنێو ئەم دوو سەنگەرەدا کە هەردووکیان بەناو لە پێناو سلێمانی و سلێمانچێتیدا ئەم گەمە شەیتانیە دەکەن خۆی مەلاَس داوە و گەرەکێتی کێ سەرکەوتووی (( ژێرکەوتوو))بوو، پاڵبداتە ئەو لایەنە ومەرامە سیاسیەکانی خۆی جێبەجێبکات، ئیدی سلێمانی چی بەسەر دێت گوێناداتێ و بەلایەوە گرنگ نیە.

❖ دیاردەی تیرۆر و کوشتن و دزی و سوتاندن و هەڕەشەکردن و فڕاندن و سەرهەڵدانی توندوتیژی و نائارامی سیاسی لە سلێمانیدا بۆتە هۆی تێکدانی باری دەروونی و بازرگانی و کۆمەلاَیەتی ناو شارەکە، ئەم دیاردانەو سەرهەڵدانیان لەم کاتەدا ناکرێت ڕێکەوتو ڕاگوزەر بێت، بەڵکو هەمووان وایبۆدەچن بەرنامەڕێژ و کاری ڕێکخراوەیی بێت، یان سەردەمی تەصفیەی حساباتی کۆتایی بێت لەنێوان باڵەکان و لایەنەکاندا،چونکە ئەوەی خۆی بەسەرکەوتوو دەزانێت گەرەکێتی ڕۆژێك زووتر سلێمانی بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و ئەوەشی بەحسابی ژمارە و کورسی و دەنگ کەمی هێناوە و گەرەکێتی شوێندەست و کارەکانی ڕابووردووی بشارێتەوە و جا بە تیرۆر و تۆقاندنی کەسەکان بێت یان لایەنەکان و تێکدانی ئابوری و بازاڕ بێت، زۆریش نزیکە هیچ کام لەم دوولایەنەش بەرپرسیاری یەکەم نەبن و زۆر لایەنی دژ کە بەداخەوە کەمنین وتەواوی دەسەلاَت و ئازادیان هەیە لە ڕووی سیخوڕی و جاسوسیەوە لەم شارو هەرێمەدا لە ولاَتانی دراوسێدا کە بەم کارانە هەستن.و دەسەلاَتدارانی خۆشمان لەگێلێتی و نەزانی و داخ لەدڵی بەرامبەر بە یەکتریەوە بکەونە ژێر کاریگەری ئەو تەوژمە بالاَیەی ولاَتانی دراوسێوە لە پێناو پاراستن و مانەوەی خۆیان لە پۆست و پلەکان و بەدەستهێنانی دەسکەوتی زیاتردا.ئەوەنیە بەبێ گوێگرتن و وەرگرتنی ڕاسپاردەکانی برا تورك و فارسەکانمان ناتوانین حکومەتەکەشمان پێکبێنین و لەناو خۆماندا یەك و یەکگرتووبین و بە کامی دڵخوازی خۆمان حکومەت و دەسەلاَتەکانمان چەسپاوتر و سەنگینتربکەین.

ئاشکراشە هەموو ئەم کارانە لە بنچینەدا دژ بەسلێمانی و سلێمانیەکان دەکرێت و تەنها سلێمانی زیانی پێدەگات، زۆر لەمێژە سلێمانی بۆتە سەرە نێزەی خەباتی کوردایەتی و شکۆو سەربەرزی خۆی پاراستوە و بۆتە سەرقافڵەی شارەکانی کوردستان دژ بەهەموو دەسەڵاتدارانی ڕژێمەکانی عێراق بە پاشایەتی و کۆماریەوە و هەرکاتێك دژومنان توانیبێتیان سلێمانی کۆنترۆڵ بکەن ئەوا ڕاستەوخۆ سەرکەوتنی خۆیان ڕاگەیاندوە ، بەڵام بەبێ کۆنترۆڵکردنی سلێمانی هیچ کات نەیانتوانیوە بە ئارامی و ئاشتی دەسەڵاتەکانیان پیادە بکەن، بەهەمان شێوە لە ڕۆژانی شاخ و لە ئێستای شاریش و دەسەڵاتدا و لەسەردەمانی شەڕی ناوخۆشدا ئەو لایەن و سەرکردەیەی سلێمانی کۆنترڵ کردبێت خۆی بەبراوە زانیوەو بەرامبەرەکەشی بە دۆڕاو ، بۆیە سلێمانی و هەڵکەوتە جوگرافیایی و سیاسیەکەی لە زۆر ڕووەوە گرنگی و کاریگەری داوەتێ، بۆیە هەموانیش لەهەوڵی بەدەستهێنانی دەنگ و ڕەنگی سلێمانیدان ، چونکە زۆرباش لە کاریگەری و گەورەیی و گرنگی سلێمانی تێگەیشتوون لە ڕووی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئەدەب و ڕۆشنبیریەوە، بەڵام بەداخەوە وەك ئەو کەسە نەزانە مامەڵە لەگەڵ سلێمانیدا دەکەن کە بۆ چارەسەرکردنی چاوی نەخۆشێك لە جیاتی چارەسکردنی کوێریان کرد، بۆیە بەهەموان دەڵێم تکایە سلێمانی مەکەنە قوربانی مەرامە سیاسی و حیزبی و شەخصیەکانتان و بەناوی سلێمانیچێتی و خۆشەویستی سلێمانیەوە سلێمانی وێران و بچووکتر مەکەنەوە، تکایە سلێمانی و مێژوەکەی بپارێزن و بەرەو ڕۆژە تاریك و تونەکانی هەژاری و دواکەوتویی مەبەنەوە.. تکایە هەموانتان سلێمانی بکەنەوە قیبلەی کوردایەتی ڕاستەقینەو با لە پاڵ ئامەد و مهاباد و قامیشلۆدا ببنەوە ڕابەر و پێشەوای کوردایەتی. نەك وەك ئێستا لە نێوان ململانێ ناشەریفانەکانتاندا سلێمانیتان کردۆتە کوێرە گوندێکی بێ ناو و ناونیشان و هیچ کەس و لایەنێك بەدڵسۆزیەوە کار ناکات بۆ زیاتر گەشەکردن و پێشخستن و ئاوەدانی زیاتری سلێمانی و هەموان ڕوویان کردۆتە وەدەستهێنانی دەسکەوتە مادی و مەعنەویەکانی حیزب و سەرکردە و باڵەکانی خۆیان لەسەر حسابی ناو وناوبانگ ومێژوو و خەبات و قوربانیدانەکانی سلێمانی.کە هەق وابوو سلێمانی بەهێندەی زوڵملێکردن و وێرانکردن و پشتگوێخستنەکانی ڕابووردووی خزمەت و ئاوەدان و گەشەکردووتر بوایە نەك بکرایەتە قوربانی مەرامە سیاسی و حیزبیەکانی ئەم لایەن وئەو سەرکردە.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی چاوی گەل و ستاندارکورد لە ٢٣ /١١ و ١٢/٢ و هاوڵاتی ژمارە ١١٨٧ لە ٢٠١٣/١١/٢٤دا بلاوکراوەتەوە.

# ئەرێ براکانمان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بۆوا بێدەنگ و بێ جوڵەن ؟*

❖ لەم قۆناغەی ئێستادا ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە گشتی و کوردستانی گەورە بەتایبەتی لەسەر دوو ڕێیانێکی مێژوویدان بەرەو گۆڕانکاری گەورە لە جوگرافیای ناوچەکەدا، لە ئەنجامی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی عەرەبییەوە لەلایەك و گۆڕانکاری لە هاوکێشەی هێز و سیاسەت و ئابوری ولاتانی زلهێزی دونیاشدا، هەربۆیە قۆناغەکە لەلایەك زۆر گرنگە و لەلایەکی تریشەوە زۆر هەستیارە ، چونکە بچوکترین کەمتەرخەمی و خەمساری و هەڵەی کوشندە دەبێتە هۆی گەڕانەوەی هەوڵ و تەقەلا و خەبات و ڕاپەڕینەکان بۆ چوارگۆشەی یەکەم و خاڵی دەستپێك و سفر. بۆیەش کورد بەگشتی و لەهەر چوار بەشەکەی کوردستانی گەورەدا لەبەردەم هەنگاو وقۆناغ و بڕیارێکی زۆر چارەنوسسازدان،هەربۆیە ئەرکی هەموانە کە بڕیارێکی چارەنوسساز و ستراتیژی زۆر گرنگ بدەن کە ئەویش یەکو یەکگرتوویی ڕیزەکان و میکانیزمی کارکردنی پێکەوەیی و بەشداری جدی و گەرموگوڕە بۆ شاندانە بەر ئەرك و لێپرسراوێتیە مێژوییەکە و هەنگاونانە بەرەو پێکەوەنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی، کوردان لەباشوری کوردستاندا لە ئێستادا قۆناغی باش چوونەتە پێش و خاوەنی دام و دەزگا و تاڕادەیەك ژێرخانی سیاسی و ئابوری

و کۆمەڵایەتی و سەربازی خۆیانن و ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵە حوکمڕانی هەرێمێکی نیمچە سەربەخۆ دەکەن و ئەمەش گرنگی و کاریگەری ئەم بەشەی بۆ سەر بەشەکانی تر زیاتر کردوە و ئەرك و لێپرسراوێتیشی بەرامبەر هەموان زیاتر گەورەترکردووە.کوردانی ڕۆژئاواش لەم قۆناغەدا بەبوێری و ڕاستگۆییان لە خەباتەکەیاندا توانیویانە تەحەدای هەموو ئاستەنگ و لەمپەڕ و دوژمنە هەمە جۆرەکانی کورد ببنەوە لەناوخۆو دەرەوەشدا و بتوانن جێگە پێی کوردان قایم و چەسپیو بکەن و خۆیان بکەنە یاریزانێکی گۆڕەپانی شێواوی سوریاو ناوچەکە و کارێکیان کردوە کە گەورە دەوڵەتانی ناوچەکە لە تورکیاو ئێران و عێراق و وڵاتانی تریش حسابیان بۆ بکەن و هاوکارو هاوئاهەنگیان لەگەڵدا بکەن، کە ئەمەش جێگەی دڵخۆشی هەموو کوردانە ، هەرچەندە لێرەو و لەوێ و لەناوخۆی کورداندا لە ڕۆژئاوا زۆر لێك نزیك نین و یەك بەرە و یەك دەنگ و ڕەنگ نین بەڵام کوردان بە ڕابەرایەتی ((پەیەدە )) توانیویەتی خۆی بسەپێنێت و ئیدارەیەکی کاتی پێکەوە بنێت و هەنگاویش بەرەو خودموختاری و ئەتۆنۆمی و پێکەوەنانی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی هەڵبنێت، کەئەمەش هاوکاریەکی گەورەو گرنگە بۆ باشوور و بەشەکانی تریش بەتایبەتی کوردستانی باکور.

کوردانی باکوریش لەلایەك بەهێمنی و دیپلۆماسی خەباتێکی سیاسی و پەڕلەمانی و دیموکراسییان لەناوخۆی تورکیادا دەسپێکردوە و لەلایەکی تریشەوە خەباتێکی چەکداری و شۆڕشێکی قارەمانانەیان لە شاخەکانی کوردستانی گەورەدا بەردەوامە، توانیویانە لەماوەی ٣٥ ساڵی خەباتی سیاسی و چەکداریاندا بە دووباڵی پەکەکە و بەدەپەو سەربەخۆکان بەرپاکردوە و توانیویانە سەرەڕای توندڕەوی و دەمارگیری تورکەکان لەماوەی زیاتر لە ٨٠ ساڵی تەمەنی کۆماری تورکیای کەمالیستی دەسکەوتی زۆر گەورە بەدەستبێنن سەرەڕای دەستگیرکردنی سەرۆك ئاپۆ لە ساڵی ١٩٩٩وە و تاکو ئێستا . بەناچاری تورکەکانیان ناچاری گفتوگۆ و پرۆسەی ئاشتەوایی کردوە و ئومێدێکی گەورەش هەیە کە ئایندەی ئەو بەشەی کوردستانیش ئاسۆکانی ڕونتر و ڕووونتر ببنەوە.

بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیار و تێرامانە ئەوەیە کە براکانمان لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بەدرێژایی دوو دەیە ساڵە دەنگی چەك و قەڵەمەکانیشان زۆر کزو و لاواز و بێدەنگ بووە، نە کاری چەکداری و شۆڕشیان گەرموگڕ ماوە وەك سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابووردوو نە خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی و پەڕلەمانیشیان دەستداوەتێ و سوودیان لە ئەزمونی براکانمان لە کوردستانی باکوور وەرنەگرتوە، کە بتوانن بچنە پەڕلەمانی ئێران و خەباتێکی میلییانە و دیموکراسیانە دەستپێبکەن و ببنە دەنگ و ڕەنگی کوردانی ڕۆژهەلات و ببنە ڕێگر و لەمپەڕ لەبەردەم سیاسەتی

سڕینەوەی ناو و مێژوو و جوگرافیاو دین و مەزهەبی کوردان لە کوردستانی ڕۆژهەلاتدا و هەلمەت و هێرشێکی ڕاگەیاندن و جەماوەری لە شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان دەستپێبکەن و ڕێگە نەدەن بە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بەناوی دین و ئیسلامەوە ڕۆلەکانی کورد لە سێدارە بدات و زمان و ئەدەب و فەرهەنگ و شۆڕش و خەباتی کوردایەتی کپ و خامۆش بکاتەوە.

- **پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئەرێ براکانمان ڕاستە لەگەڵ خوێنڕشتن و شۆڕشی چەکداریدا نین و باویشی نەماوە لەم سەردەمەدا ، بەلام ئەی خۆی کاتی شۆڕش و خەباتی سیاسی و جەماوەری و پەرلەمانی و دیموکراسیەتە ؟ و بەو پێیەی کە دووەم کۆبونەوەی گەورەی کوردان لە ڕۆژهەلاتی ولاتە گەورەکەماندایە و هەرئێوەش دەسپێکەر و دامەزرێنەری یەکەم کۆماری سەربەخۆی کوردان بونە ، ئەدی بۆچی لە ئێستادا بونەتە پاشکۆ و کونجی قەناعەت و بێدەنگیتان هەلبژاردوە؟ ئەرێ تەریککردنی ڕژێمی ئێرانی بەدەیان سالە لەلایەن ڕۆژئاواوە و گەمارۆ ئابوری و سیاسیەکانی سەر ئێران و ڕژێمەکەی هانی نەدان کە جولەیەك بکەن ؟و ئومێدێك ببەخشنەوە بە جەماوەرە دلسۆزەکەی خۆتانی سەردەمی شاخ و شۆڕشی حیزبی دیموکرات و کۆمەلەکان؟**

لە سەرەتای نەوەدەکان و تا چەند سالێکیش لەمەو بەر پژاك توانی تاڕادەیەك مۆمی ئومێد و ئاسۆکان ڕوونبکاتەوە و جەماوەریش لەخۆی نزیك بکاتەوە ، بەلام بەداخەوە ئەویش بەدەردی حدکا و کۆمەلەکان چوو ، و نەیتوانی ئەرك و لێپرسراوێتیە مێژوویی و قۆناغەکەی جەماوەرەکەی لە ئەستۆ بگرێت. بەڕاستی ئەو قسەیەی سەرۆك ئۆباما ڕاستە کە دەلێت (( نەمان توانی بە گەمارۆ سیاسی و ئابوریەکانمان گەلانی ئێران بێنینە سەر شەقام دژی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران)) هەربۆیە ئەوەتا ڕۆژئاوا و ئەمریکا کەوتونەتە خاوکردنەوە و گفتوگۆکردن لەگەڵ ئێراندا، ئەمەش هێندەی تر بە زیان دەگەڕێتەوە بۆ سەر گەلانی ئێران بەگشتی و کورد بەتایبەتی و بۆ دەیان سالی تر لە ژێر چەوساندنەوە و زولم و لە سێدارەدانی ئەو ڕژێمەدا دەمێننەوە. ڕاستە ئێران ولاتێکی گەورە و بەهێزە بەلام خالی زۆر لاوازیشی هەبوە و هەشە کە دەکرێت کاریان لەسەر بکەن، بەلام بەداخەوە لەو پەڕی بێهێزی و تەریکی ئەو ڕژێمەدا لەسەر ئاستی ناوچەیی و دونیایی و عەرەب و ئیسلامیشدا ئێوە هیچتان پێنەکرا بەدلنیایی لە ئایندەی گەش و بەهێزی ئەو ڕژێمەشدا هیچتان پێناکرێت.

بەو هیوایەی کە پارت و سەرکردە سیاسیەکانی براکانمان لە ڕۆژهەلات بکەونە خۆیان و تەکانێك و ڕاتلەکانێکی گەورە و بەهێز بدەنەوە بەرخۆیان و ئەو کەوتن و لاوازی و بێدەنگیەیان بشکێنن و ڕاستە شەقامی سیاسەت و خەباتی کوردایەتی سەردەمیانە بدۆزنەوە و کاری لەسەر بکەن و ڕیزەکانی خۆیان یەك بخەنەوە و هاوکاری و پشتیوانیش لە براکانیان وەربگرن بەبێ ئەوەی ببنە مشەخۆر و کاسەلێسی هیچ سەرکردە و حیزبێکی سیاسی کوردانی بەشەکانی تر، بەلکو سیاسەت

و بەرنامە و ستراتیژی تایبەتی خۆتان هەبێت ، چونکە هەستانەوە و ڕاوەستانی خۆتان مەرجی یەکەمی سەرکەتنتانە.و سیٚ ئەزموونی سەرکەوتووی براکانیشتان لەبەردەستایە و دەتوانن سوود و کەڵیان لێوەربگرن، چونکە بە هەستانەوە و جوڵە و خەباتی ئێوە خەباتی هەموو کوردان تەواو دەبێت و هێز و تواناکانی کوردان دەچەسپێت و دەشتوانرێت بەگوڕوتینێکی گەورەترەوە و لە پێگەی بەهێز و سەرکەوتنەوە و بە ڕاشکاوی و بە بوێریەوە داوای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بکەین ، نەك وەك ئێستاکە شەرمنانە و لەژێر لێوەوە باسی ئەو دەوڵەتە دەکەین و زۆرجارانیش لێمان بۆتە خەون و ئەندێشە .

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی خەندان و چاوی گەل لە ١٩ و١٢/٢٠ وهەواڵ ژمارە ٥٥١لە ٢٠١٣/١٢/٢٨دا بڵاوکراوەتەوە.

# ئەریٚ بەڕاست
# لە کەرکوکدا کوردایەتی دەکەین یان حیزبایەتی ؟*

❖ شاری کەرکوك لە مێژە و بەدرێژایی خەباتی کوردایەتی هەمیشە خاڵی ناکۆك و ڕێکنەکەوتنی کورد و ڕژێمەکانی بەغداد بوە و هیچ کات نەکورد دەستی لە کەرکوك هەڵگرتوە و نە ڕژێمەکانی بەغداش وازیان لێهێناوە ، کورد بە بیانوی ئەوەی کە کەرکوك کوردستانیە و شارێکی کوردیە و مێژوو و جوگرافیا دەیسەلمێنێت و دەوڵەمەندیشە بەنەوت و غازی سروشتی، کە بەداخەوە پێدەچێت تەنها گرنگی کەرکوکی لە ڕووی ئابوریەوە لێکدابێتەوە نەك سیاسی و سەربازی ، بەڵام لە ئێستادا کە کورد نەوتی زۆر وزەوەندی تری دۆزیوەتەوە و هەرزان بازاڕیش دەیفرۆشێتەوە بە داگیرکەرێکی کوردستان وازیان لە کەرکوك و گرنگیەکەی هێناوە، هەربۆیە بەو شێوەیە دوور لە گیانی کوردایەتی مامەڵەی لەگەڵ دەکەن و چارەنوسی بەرەو نادیار دەبەن.

ڕژێمەکانی بەغداش بەبیانوی ئەوەی کەرکوك شارێکی دەوڵەمەندە بەنەوت و غازی سروشتی و تێکەڵەیەکە لە نەتەوە و مەزهەب و ئاینەکان وپێیان دادەگرت لەسەر عێراقیی بونی ئەو شارە.

کەرکوك و کەرکویەکانیش بە گشتی و بەتایبەتی کوردەکانی زوڵم و چەوسانەدنەوە و قاتوقڕکردنی بێویژدانانەی ڕژێمەکانی بەغدایان دەچەشت و هێندەی ئازار و زوڵم و زۆرەکان کەرکوکیان لا شیرینتر و خۆشەویست تر دەبوو و ئامادەی هەموو قوربانیدانێکیش بوون لە

پێناویدا، بەڵام ئەوەی دەیبینن لە ئێسادا و لەسەردەمی بەهێزی دەسەڵاتی کورددا و دوای دووجار ڕزگارکردنی کەرکوك لە مێژووی خەباتی کوردایەتیدا بۆ یەکەم جار لە ١٩٩١/٣/٢٠ و دواهەمینجاریش لە ٢٠٠٣/٤/١٠دا بەیەکجاری ، تەواو پێچەوانەی خەون و ئاوات و خۆزگەکانی کورد بەگشتی و کەرکویەکانە بەتایبەتی ، بەداخەوە هێندەی لە کەرکوکدا ململانێی ناشەریفانەی حیزبایەتی پیادە دەکرێت لە هیچ شار و شارۆچکەیەکی تری کوردستاندا حیزبایەتی ناکرێت، هێندەی لە کەرکوك ئینتیما بۆ نەتەوە و نیشتمان کاڵبونەتەوە لەهیچ شارێکی دیکەی کوردستاندا هێندە کاڵ نەبۆتەوە، لەو شارەدا دوو ئیدارەیی و دوو ئاسایشی و دوو پەروەردەیی و باڵباڵێنی حیزبایەتی و کارە ناڕەواکانی تر بەربڵاوە لە کوردستاندا هێندە تۆخ نین و لانی کەم بە ڕووکەشی یەکیان گرتۆتەوە، بەداخەوە زۆرێك لە سەرکردەکان ململانێکانی خۆیان لە هەولێر و سلێمانیەوە گواستۆتەوە بۆ ناو کەرکوك و کەرکوك و کەرکویەکانیان کردۆتە سووتەمەنی و قوربانی مەرام و مەبەستە ناڕەواکانیان.

لە ئێستادا کەرکوك هێندەی پێویستی بە برایەتی و تەبایی و یەك و یەکگرتوویی ڕیزەکانی کورد هەیە هیچ کات پێویستی بە دڕدۆنگی و ململانێی ناشەریفانەی براکان نیە، کەرکوك پێگە و جێگەیەکی گەورە و گرنگ و کاریگەری هەیە هەم بۆ کوردستان هەم بۆ عێراقیش، جا هەرکات کەرکوك لەسەر هەر لایەکیان بوو ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەو لایە زاڵ و سەرکەوتوو دەبێت بەسەر بەرامبەرەکەیدا چونکە لە ڕووی ژمارەی دانیشتوان و هەمەڕەنگی نەتەوە و ئاین و مەزهەب و هەمیش لایەنە ئابوریەکەیەوە خزمەتێکی گەورە بە حیزب و سەرکردە و ئایندەی ئەو لایە دەکات کە کەرکوکی بەلادا دەشکێتەوە. هەربۆیە کورد پێویستە لەسەری کە هەرچی کردوە و کۆشاوە کەرکوك بگێڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان نەك وەك ئێستا بیکاتە پاشکۆ و پەراوێزی سیاسەتەکانی و بیکاتە قوربانی مەرامە حیزبیەکانی.

لە ئێستادا و لەبەردەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا لە ٢٠١٤/٤/٣٠دا کەرکوك و کورد پێویستیان بە هاوکاری و تەبایی و یەکڕیزی هەیە، چونکە لێکدوورکەوتنەوە و نانەوەی ئاژاوە و پەرت بوونی دەنگ و ڕەنگەکان بە زیان و زەرەرێکی گەورە بۆ کەرکوك و کورد دەگەڕێتەوە.هەق وابوو هەموان لە کەرکوکدا جگە لە کوردایەتیەکی ڕاستگۆیانە و ڕاستەقینانە هیچ کارێکی تریان نەکردایە و هەموو ململانێ و حیزبایەتی و خۆ گیفکردنەوەیەکیان دژ بەیەك ڕابگرتایە.کەرکوك لە ئێستادا گەلێك دوژمنی ناوخۆ و دەرەکی بۆ زیندوو بۆتەوە وگەرەکیانە بەهەر شێوەیەك بێت مۆرکی کوردستانی لێوەربگرنەوە بۆیە ناکرێت کورد خۆشی ببێتە بەشێك لەو پیلانە گڵاوەی کە بۆ کەرکوك نراوەتەوە، هەق وابوو سەرکردە و پارتە سیاسیەکان بە گەورە و بچوکەوە گەورەیی و گرنگی کەرکوکیان بچووك نەکردایەتەوە لە پۆستێك یان کەسێکداو بەرژەوەندی حیزبیان

هێندە بەلاوە گرنگتر نەبوایە لە مەسەلەی نەتەوە و نیشتیمانی بوونی كەركوك بەلای كوردستاندا.

كارێكی نامۆو تابلێی سەیرو سەمەرەیە لە هەرێمی كوردستاندا كە تاڕادەیەك ئاسایش و ئارامی تیادایە و ڕەنگی تەواو كوردایەتی پێوەدیارە هەموان باس لە برایەتی و تەبایی و پێكەوە كاركردن دەكەن بەلاّم لە كەركوكێكی شڵەژاوی سیاسی و ئابوری و ئەمنیدا كە ئایندەی ڕوون نیە هەموانمان لەكوردستان براو لە كەركوك دژ و دوژمن و ناتەباین لەگەڵ یەكتردا، بەداخەوە ئەمە تەنها لەناو كورردا باوە ، ئەوەتا لانی كەم عەرەبی سونە بەیەكەوە و شیعەكانیش بەیەكەوە و توركمانەكانیش پێكەوە بەلیستێك یان دوو لیست دابەزیون و خۆیان كۆكردۆتەوە، بەلاّم كورد بە ٥-٦ لیستی جیاواز و دوور لەیەكتری دابەزیون بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو. كە بەدڵنیاییەوە دەنگی كورد لە كەركودا لەم هەڵبژاردنەدا كەمتر و بچوكتر و پەرتەوازەتر دەبێت لە پێشووتر. ئەم هەڵوێستەی عەرەب و توركومانەكان ئەگەر ئامارە بێت بۆ شتێك ئەوا ئامارەیە بۆ هەستپێكردن و پێزانینیان بۆ ڕۆڵ و كاریگەری و جێگە و پێگەی ئایندەی كەركوك لە عێراقدا ، بەلاّم بەداخەوە ئەوە كوردە كە قەدر وقیمەتی گەورەیی و گرنگی كەركوك نازانێت.سەركردە و پارتە سیاسیەكان بەم گەمە شەیتانییەیان لە كەركوكدا و بەڕێكنەكەوتنیان لەسەر یەك لیست كوردیان بەگشتی و كەركوكیەكانیان بەتایبەتی بێئومێد و دڵ ساردكردەوە و پەرۆشی و گڕوتینی كوردایەتیان لەدڵ ودەرونیاندا كز و خامۆش كردەوە. جا ئۆباڵی ئەم شكست و دورەپەرێزی و تێكدانی ڕیزەكان لە ئەستۆی ئەو لایەن و سەركردانەدایە كە بونە هۆكار و تێكدانی ڕیزەكانی كورد و مێژووش هەڵوێست و ڕەفتاری ئەو لایەن و سەركردانە بە ڕەشی تۆمار دەكات، بەلاّم باجەكەشی گەلەكەمان و كوردستان و كەركوك و كەركوكیەكان دەیدەن. ئیدی بەڕای بەندە هیچ سەركردە و لایەنێكی كوردی مافی ئەوەیان نەماوە كە گلەیی لە كەركوكیەكان بكەن كە هەركات هاتە سەر دەنگدان بۆ دیاریكردنی چارەنوسی كەركوك، گەر گەڕانەوەیان بۆ سەر هەرێمی كوردستان هەڵنەبژارد و بەڵكو گەرەكیان بوو كە وەك هەرێمێكی سەربەخۆ بمێننەوە كە ئەمەش پیلان و داواكاری دوژمنانی كورد و كەركوكە لە ناوخۆو دەرەوەشدا، چونكە كورد و سەركردەكانی لە ماوەی ١١ ساڵی ڕابووردوودا وێنایەكی گەش و جوان و پڕ دەسكەوتیان پێشكەش بە كەركوكیەكان نەكرد و لەم قۆناغە هەستیارەدا بەبێ پشت و پەنا و بەتەنها بەجێیان هێشتن.و هیچ ڕێگە و هەڵبژاردەیەكی تریان لەبەردەم كەركوكیەكاندا نەهێشتەوە جگە لە توڕەبون و زویربون و دڵشكاندنیان.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەكانی خەندان و چاوی گەل و ستاندارکورد لە ٢٢ و ١٢/٢٤ و هاولاتی ژمارە ١٢٠٧ لە ٢٠١٣/١٢/٢٢دا بلاوكراوەتەوە.

# ئایندەی كورد لەنێوان جەمسەری ململانێكانی دەسەلات لە توركیادا... *

❖ دوای ١١ سالْ لە دەسەلاتی ڕەها و تەنهای پارتی عەدالەت و گەشەپێدان بەسەرۆكایەتی تەیب ڕەجەب ئەردۆگان لە توركیادا ، بۆ یەكەم جارە بەشێوەیەكی ئاشكرا و مەترسیدار ململانێ سیاسیەكانی نێوان جەمسەرەكانی دەسەلات لە توركیادا سەرهەلبدات، بەشێوەیەك كە وەك دەلێن پایەكانی حوكم و دەسەلاتی ئاكپارتی هەژاند، بەوەی كە زیاد لە ٨ وەزیر و ئەندام پەرلەمان لە ئاك پارتی دەستیان لەكاركێشایەوە، هەندێكیان بە تێوەگلانیان لە گەندەلی و هەندێكی تریشیان وەك ناڕەزاییەك بەرامبەر سەركردایەتی ئەو پارتە.ئەم هەلوێست و هاتنەدەرەوەی ئەو ژمارە زۆرەی لێپرسراوان لە ئاكپارتی بەڕاستی گورزێكی كوشندە و مەترسیدارە بۆ سەر دەسەلات و ناو و ناوبانگی پارتەكە و ئەردۆگانیش، دیاردەی گەندەلی لەهەر دەسەلات و ولاتكیدا سەرهەلبدات و هەولی چارەسەری و كەمكردنەوە و ڕێگەگرتنی نەدرێت ئەوا بەڕاستی دەبێتە مەرسی و لە ئەنجامیشدا تورەبوون و زویر بوون و تێكدانی ڕیزەكانی حیزب و گەلیشی لێدەكەوێتەوە و ئەنجامیش دووركەوتوونەوە لەدەسەلاتیش ڕوودەدات. هەربۆیەش لەماوەی ئەم ١١ سالەی دەسەلاتی تاكڕەوانەی ئەردۆگان و پارتەكەیدا گەلێك كێشە و دیاردە و ململانێكان شاردرابونەوە و نەیاندەهێشت بلاوە بكات و لەبەرامبەریشدا بەداخەوە هێزێكی ئۆپۆزسیۆنی بەهێز نەبوو كەوا گەندەلی و كارە خراپەكاریەكانی سەركردە و بنەمالە و

دەسەڵاتداران ئاشكرا بكات بۆ ڕای گشتی ،هەرچەندە هەردوو حیزبی جەهەپە و مەهەپەی توركی هەن و لە پاڵیشیاندا هێزی كوردی ئۆپۆزسیۆن بە ڕابەرایەتی بەدەپە كە دڵخۆشكەرانە توانیان كەلەم ٤ ساڵەی ڕابووردوودا چالاكی بەرچاو پیشانبدەن لەناو حكومەت و پەرلەمانی ئەو وڵاتەدا و بتوانن پرۆسەی ئاشتەوایی چێ بكەن و مەسەلەی كوردیان لە چوارچێوە تەسك و قەدەغەكراوەكەیەوە هێنایەدەرەوە و كردیانە مەسەلەی یەكەمی دەوڵەتی توركیا. كە ئەمە بۆ خۆی جێگەی شانازی و دەستخۆشیكردنە لە بەدەپە و سەركردەكانی.

❖ **ئەوەی مەبەستە لێرەدا ئەوەیە كە ئاینده و چارەنوسی دەسەڵاتدارانی توركیا لە نێوان ئاك پارتی و ئەردۆگان لەلایەك و جەماعەت بەڕابەرایەتی فە تحولا گوللەن بەرەو كوێ دەڕوات و ئاراستە دەگرێت؟ كورد لەنێوان ئەم دوو جەمسەری دەسەلات و ململانێیەدا چۆن هەنگاو هەڵبنێت و پارێزگاری لەداواكاری و مەسەلەی كورد بكات و چۆنیش بە قازانجی خۆی بیشكێنێتەوە؟**

گەر بە ووردی لەمێژووی دەسەڵاتدارانی توركیا ووردببینەوە بۆمان دەردەكەوێت كە ئەم دەوڵەتە هەرگیز یەك مەركەزی بڕیاردانی سیاسی نەبوە، هەمیشە بەدەست فرە ناوەندی بڕیار و دەسەڵاتدارانی جیاوازەوە گیری خواردوە ، ناوەندی بڕیارەكان پێش ١٠ ساڵ لەمەوپێش لای عەسكەریەكان بوە بە میت و هەواڵگری و سوپاوە،بەڵام لەم ١٠ ساڵەی دواییدا و كەمبونەوەی هێز و دەسەڵاتی باڵی سەربازی دوای سەركەوتنە ٣ خولەكەی ئاك پارتی ناوەندی بڕیار لە سەربازیەكانەوە گۆڕدرا بۆ حكومەت و سەرۆك وەزیران و لەگەڵیشیدا هەمان ناوەندی بڕیارەكانی هەواڵگری و میت و سوپا بەشێوەیەك لە شێوەكان مانەوە و ئەمەو سەرەڕای بوونی مافیاو باندەكان لەم وڵاتەدا كە زۆر جاران وادەبینرێت دەوڵەت و دامودەزگاكانی بوونیان نیە و لە سەر گۆڕەپانە سیاسی و ئابوریەكاندا تەنها وەك دەوڵەتێكی مافیای نهێنی و ئاشكرا دەردەكەوێت .

بەڵام لەدوای سەركەوتنی ئاكپارتی و گرتنە دەستی دەسەڵاتی ڕەها بۆماوەی ١١ ساڵ لە توركیادا وەك هێزێكی ئیسلامی میانڕەو توانی گەلێك دەسكەوتی سیاسی و ئابوری و سەربازی و كۆمەڵایەتی لەناوخۆی توركیاو ناوچەكەدا وەدەستبهێنێت و تاڕادەیەكی باش توانی خۆی بكاتە كارەكتەری سەرەكی ناوچەكە لەدوای غیابی ڕۆڵی هەریەكە لە میسر و سعودیە و ئیسرائیل و ئێرانەوە ، چونكە هەریەكە لەو ٥ دەوڵەتەی ناوچەكە لەسەر ڕابەرایەتیكردنی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەمێژە لەململانێدان، نەك هەر ئەمەش بەڵكو

ئەردۆگان و پارتەکەی وا هەڵسوکەوتیان دەکرد کە بوونەتە دەمڕاستی هەموو وڵاتانی ئیسلامی و لەهەر جێگەیەك کێشەیەکی وڵاتێکی ئیسلامی هەبوایە ئەردۆگان و ژنەکەی لە وێ ئامادەدەبوون و بە سیاسی و ئابوری کۆمەکیان دەکرد و بەمەش خۆی لێببوە سوڵتان ئەردۆگان و نەشیاندەشاردەوە کە خەون بە زیندووکردنەوەی ئیمپراتۆریەت و خەلافەتی عوسمانیەوە دەبینن، بەڕادەیەك ئەردۆگان بەتایبەتی تووشی سەرمەستی و غرورری دەسەلات و هێزببو کە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا زۆر بێباکانە مامەڵەی دەکرد و زۆر بەدڵنیاییەوە سووربوو لەسەر سەرکەوتن و گەلێك جار دەیووت(( تەنها بەناردنی چاکەتەکەم بۆ فلاَن شار سەردەکەوین و دەیبەینەوە))، بۆیە گەیشتبوە قەناعەتێك چیدی بچوك نابێتەوە و زۆرینەی جەماوەری تورکیای لەگەڵدایە، تا بەهاری ئەمساڵ کە ویستی پڕۆژەیەکی ئابوری لەنێوەندی شاری ئەستەمبوڵدا دروست بکات کەوەك دەرکەوت دابویە یەکێك لە زاواو خزمە نزیکەکانی خۆی، هەربۆیەش ئەمە بوە هۆی تەقینەوەی توندوتیژی و ناڕەزایی جەماوەری تورکیاو ئەستامبوڵ لە گەزی پارك و چەند مانگێکی خایاند و ئیدی ئەردۆگان بۆی دەرکەوت کە ئاسان نیە هەموو بڕیار و خەونەکانی بێنێتە دی.

ئەوەتا لە ئێستاشدا لەنێوان دوو باڵە میانڕەوە ئیسلامیەکەدا ئاکپارتی و جەماعەتی گوللەن ململانێیەکی سیاسی و ئابوری و دەسەلات ئاشکرابوە کە هەرچەندە ئەم ململانێیە بەنهێنی هەبوە و لەسەر ئاگرێکی هێواش گەرمکراوە جا چ بەدەستی دەوڵەتانی زلهێزی ئەمریکا و ئەوروپا بێت یان وەك پرۆسەیەکی سیاسی سروشتی ململانێی براکان و دوو باڵە ئیسلامیەکە هاتبێتە ئاشکرا بوون، لە ئێستادا بۆتە خاڵێکی وەرچەخاندن لەبۆ ئێستا و ئایندەی دەسەلاتی ئاکپارتی و ئەردۆگان و پێدەچێت کەچیدی لە ئایندەدا ئەردۆگان و پارتەکەی هێندە متمانەی جەماوەر وەدەستنەهێننەوە و لە حکومەتدا بەتەنها نەبن و شەریك و دژیان بۆ پەیدا ببێت، چونکە ڕووی ڕاستی و نیەتی هەقیقەتی ئەردۆگان و ئاك پارتی وەك حیزبێکی سیاسی ئیسلامی گەرەکێتی کە هێواش هێواش دەوڵەتی تورکیای عیلمانی بگۆڕێت بەدەوڵەتێکی ئیسلامی ، کە ئەم کارەش لەناوخۆو ناوچەکە و دونیاشدا تائێستا قبوڵکراوبوە ، بەلاَم چیدی نایانەوێت زیاتر پێیهەڵبکێشێت، چونکە ئەمریکا و ڕۆژئاواو تەنانەت ئیسلامیەکان خۆشیان ماهیەتی پارت و سەرکردە ئیسلامیە سیاسیەکانیان بۆ دەرکەوت کە لە ساڵێکی دەسەلاتی ئیخوان موسلیمینەکانی میسرەوە کە نەیاتنوانی درێژە بە حوکم و دەسەلاتی خۆیان بدەن لەم سەردەمەدا و کارە قێزەون و

توندتیژی وتیرۆریستیەکانی جەماعەتە توندڕەو و سەلەفیە ئیسلامیەکانیشیان بینی لەهەریەکە لە تونس و لیبیاو میسر و سوریا و عێراقدا ، کە گەر ئەم جەماعەتانە بێنە سەرحوکم دەبنە چ دڕندە و مەترسیەك بۆ ئاشتی و ئابوری و سیاسەتی دونیا لەناوچەکەدا.

هەربۆیەش جەماعەتی فەتحولاّ گوللەنیان بۆ زیندووکردۆتەوە و بەهەمان بیرباوەڕ و چەکی ئاك پارتی دژایەتی دەسەلاّت دەکات و هێز و بازوشی بەهێز و پتەوە لەناو دامودەزگاکانی حکومەتدا و ئەوەتا توانی کەلەماوەی کەمتر لە ٢ هەفتەدا پایەو بنەماکانی دەسەلاّتی ئاکپاتی بهەژێنێت و گەورە سەرکردە و وەزیر و ئەندام پەڕلەمان و بازرگان و بنەماڵەکانیان کە لە گەندەڵیەوە ئالاّون ئاشکرا بکات و تەنانەت کوڕەکەی ئەردۆگانیشی تیادایە کە لە ئێستادا دەنگۆی هەڵهاتنی هەیە بۆ ولاّتی جۆرجیا، کە ئەمە بۆخۆی گورزێکی گورچکبڕبوو بۆ ئەردۆگان بەتەنها وتایبەتی چونکە ئەردۆگان ئاکپارتی و تورکیاو دەسەلاّتی تەنها لە خودی خۆیدا کۆکردبۆوە و خۆی کردبوە فریشتەی بێگوناه و بێ هەڵە و کەموکوڕی.

**لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئایندەی کورد لە تورکیادا بەرەوکوێ ئاڕاستە دەگرێت و پلان و کار و نەخشەی چیە لەم نێوەندە پڕ ململانێیەدا؟**

ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگر هەیە کە دەبێت دانی پیادابنێین ئەویش ئەوەیە کە تەنها لەسەردەمی حوکم و دەسەلاّتی ئاکپارتیدا کورد توانیویەتی گەلێك دەسکەوتی سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی وەدەستبهێنێت کە بۆماوەی زیاتر لە ٩٠ ساڵی دەوڵەتی تورکیای عیلمانیدا لێی قەدەغەکرابوو.

هەربۆیە سەردەمی حوکمی ئاکپارتی بە سەردەمی زێڕین ناودەبرێت بۆ کوردو مەسەلەکەی،هەربۆیە دەبێت کوردان لەتورکیا درێژە بەو سیاسەتەی خۆیان بدەن لەگەڵ ئاکپارتیدا چونکە ئاشکرایە کە هەردوو هێزە ئۆپۆزسیۆنەکەی تری تورکیا لە جەهەپە و مەهەپە کە لەدەسەلاّتدا نین زۆر بەتوندی دژی هەنگاوەکانی پڕۆسەی ئاشتەواین لە تورکیادا و گەرەکیانە فەشەلی پێبهێنن و لە سەردەمی دەسەلاّتی ئەوانیشدا لە ڕابووردوودا کوردان هەر چەوساوە و زوڵملێکراو و لە کونجی بەندیخانەکاندا توندکرابون و بچوکترین مافی نەتەوەیی و فەرهەنگیشیان لێ زەوتکرابوو.

جەماعەتی گوللەنیش کە تاکو ئێستا سیماو ڕوخساریان بە تەواوەتی دەرنەکەوتوە و تاقینەکراونەتەوە لەدەسەلاّتدا بۆیە ناتوانرێت متمانەی زۆریان لەسەر هەڵبچنرێت و وەك لە

هەندێ ئەدەبیاتیشیاندا دەرکەوتوە هێندە گرنگی بەمەسەلەی کورد و دیموکراسیەت نادەن و کوردیش بە دوژمنی دەوڵەتی تورکیا دەزانن کە هەرچەندە ڕابەری ڕۆحی ئەم جەماعەتە (( بیرمەندی کورد سەعیدی نەورەسیە)). بەهەرحاڵ کورد و مەسەلەکەی لە ئێستادا لەناوخۆی تورکیاو ناوچەکە و دونیاشدا هێندە گەرموگوڕە کە هیچ دەسەڵاتدارێك لەتورکیادا ناتوانێت بچوکی بکاتەوە و بیگەڕێنێتەوە سەردەمەکانی پێشووتر. بۆیە سووربوونی کوردان لەسەر مەسەلەی ئاشتی و خەباتی پەڕلەمانی و جەماوەری و داواکردنی مافە سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی و نەتەوایەتیەکانی کوردان نابێت پاشگەزبونەوەی تیادا ڕووبدات، گەرەکیشە کوردان یەك ڕیزی خۆیان بپارێزن و نەشبنە دواکەوتە و وابەستەی هیچ سیاسەتێکی پارت و سەرکردەیەکی تری کوردان لە بەشەکانی تردا و تەنها وتەنها سیاسەت و پلانی سەربەخۆو تایبەتی خۆیان جێبەجێکەن ،بەلاّم سوودیش لە ئەزموون و هاوکاری و کۆمەکی دارایی و مەعنەوی کوردانی براکانیشیان بکەن لەبەشەکانی تر . هەربۆیە مانەوەی ئاکپارتی لەدەسەلاّتدا بۆ کوردان باشترە لەهەر هێز و پارتێکی تر چونکە جێگرەوەی ئاکپارتی لە ئێستادا دیارنیە و باشتریش نیە بۆ کوردان، گەرچیش ئاکپارتی و ڕابەرەکەی هێندەی سوودو قازانجی خۆیان و پارتەکەیان گەرەکە نیو هێندە سوود و بەرژەوەندی کوردیان لا مەبەست نیە لەم پرۆسەی ئاشتەواییەدا، بەلاّم سروشتی ململانێی سیاسی هەر وایە کە سوودو بەرژەوەندیەکانی خود لە پێش دەسکەوتە گشتیەکانەوەن و هەرلایەکیش هەوڵدەدات کە زیاترین دەسکەوت وەدەستبهێنێت، بۆیەش کوردانی تورکیا گەرەکە بە ووردی و شارەزاییەکی زۆرەوە چاودێری ئەو ململانێ سیاسیەی نێوان ئاکپارتی و جەماعەت بکەن و بتوانن باشترین و زۆرترین سوودی لێوەربگرن.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی خەندان لە ١/١ و هەواڵ ژمارە ٥٥٢ لە ٢٠١٤/١/١١دا بڵاوکراوەتەوە.

# نەوت هێشتا هەر نیقمەتە و نەبۆتە نیعمەت بۆ کورد ! *

❖ کورد تا ئێستاش بۆتە قوربانیەکی بەردەوامی نەوت و سەروەت و سامانە سروشتیە دەوڵەمەندەکەی کە هەیەتی ولەلایەن داگیرکارانی کوردستانەوە هەمیشە بەکارهاتوە بۆ داپڵۆسین و چەوساندنەوە وزوڵم و زۆری گەلی کورد و یەکێك بوە لەهۆکارە سەرەکیەکانی داگیرکردنی کورستان و تا ئەم ساتە نزیکانەش هەر بۆتە بەلاو تەوقی نەعلەت و چۆتە گەردنی کوردانەوە و بەداخەوە بەنیعمەتبوونی نەوت بۆ کوردان بۆتە خەونێکی وەدینەهاتوو..

کورد تا ئێستاش بێ بەشبوە لە خێر و بێری نەوتەکەی و نەیتوانیوە یان لێنەگەڕاون کە کورد ببێتە خاوەنی ڕاستەقینەی سەروەت و سامانە سروشتیەکانی و بیخاتە خزمەتی گەلی کورد و کوردستانەوە و پڕۆژە و ئاوەدانی و پێشکەوتنی کوردستانی پێدەستەبەربکات.

ئەوەتا لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵانەی کە دەدرێت بۆ ئەوەی نەوت لەلایەن کورد خۆیەوە هەڵبهێنجرێت و بفرۆشرێت و داهاتەکەی بگەڕێتەوە بۆ خزمەتی کوردو کوردستان، داگیرکەران کۆدەبنەوە و پیلانی شەیتانانە دادەنێن و ئەو هەوڵانە لەبار دەبەن وەك پیشەی لەمێژەو هەمیشەییان، هەرکاتێکیش هێز و توانای ڕێگرییان نەبوبێت بەناچاری هاوکاری و پشتگیری کوردیان کردوە لەم حاڵەتەشدا تەنها بە قازانجی پیلان و ئایندەی خۆیان بووە نەك لە خۆشەویستی کورداندا بێت.

بەداخەوە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەتایبەتی ئەو کەس و لایەنەی کە دەستڕۆیشتوون لە بواری نەوتدا و داڕێژەری سیاسەتی نەوتی کوردستانن بەتایبەتی لە

دوای ڕزگارکردنی عێراقەوە لە ساڵی ٢٠٠٣وە بە سیاسەتێکی هەڵە و پێچەوانەی دەستوری عێراق و ناشەفافانە مامەڵەیان لەگەڵ ئەو پرسە گرنگ و هەستیارەدا کردوە. کە جێگەی ڕازیبونی نە دەوڵەتی عێراقە و نەشەقامی کوردی و نەپارتە سیاسیەکانیشە، چونکە ئەو سیاسەتە و ئەو پلان و مامەڵەیەی کە دەکرێت لەگەڵ ئەو پرسە گرنگ و هەستیارەدا نەك بۆ کورد بەڵکو بۆ تەواوی ناوچەکە و دونیاش چونکە نەوت و مامەڵەکردن پێوەی کارێکی تایبەت نیە بە تەنها وڵاتێك بەڵکو کاریگەری هەیە بۆ سەر بازاڕ و ئابوری هەموو جیهان، لە جوغزێکی زۆر تەسك و بچوکدا قەتیسماوە بەتایبەتی لە نێوان سەرانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، کە هەر ئەم ناشەفافیەتە و شاردنەوە و ئاشکرانەکردنەی هێندەی تر گومانەکانی لای هەموان دروست کردووە.کە نەدەزانرێت چەند گرێبەست و لەگەڵ کێدا و چۆن و بەچەند و بۆ ماوەی چەند ئیمزاکراون و داهاتەکەشی چیلێدێت و بۆ کوێ دەچێت و دەچێتە حسابی کام بانك و گیرفانی کام لێپرسراوەوە.کە هەموو ئەمانە پرسیار و گومانی لەلای دۆست و دوژمنانیش دروستکردوە.

هەر ئەم سیاسەتە هەڵەیەی سەرانی حکومەتی هەرێمە کە وایکردوە بەغداد تورە و زویر بکات و لە پشتیوانی کوردیش دووربکەوێتەوە و هەڕەشەی بڕینی ١٧٪ بودجەی گشتی کوردستان بکات و نەك هەرئەوەش هەڕەشەی بڕینی موچە و قوتی خەڵکی کوردستانیش دەکات ، بەداخیشەوە لەکاتێکدا دەوڵەتی عێراق توانیویەتی لەماوەی ١١ ساڵی ڕابوردوودا نزیکەی ٧٠ ملیار دۆلار وەك یەدەگی ستراتیژی لە بانکی مەرکەزیدا هەڵبگرێت بۆ ڕۆژگاری تەنگانە و پاشەکەوتی بکات سەرەڕای لێدانەوەی قەرەبووی جەنگەکانی ئێران و کوێت، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان خەمساردانە هیچ بڕە پارەیەکی پاشەکەوت نەکردوە بۆ ڕۆژگارە سەختەکان و ئەوەتا بەنەناردنی یەك مانگی موچە و خەرجی حکومەت لە بەغدادەوە پشێویەکی وەها ڕوویکردۆتە کوردستان و ئابوری و بازاڕی واتێکداوە کە هەمووان دەستمان لەسەر دڵمانە نەوەکو گەمارۆی ئابوری و هەژاری و بێ پارەیی سەردەمی ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ ڕوومان تێبکاتەوە و گرانی ڕووبکاتەوە بازاڕ و ژیان و گوزەرانی هەموانمان تێکبداتەوە، ئەمە گەر ئاماژەیەك بێت بۆ ڕاستیەك ئاماژەیە بۆئەوەی کە ئەم حکومەتی هەرێمە نەپلانی هەیە و نە بەدواچون و نەخەمخۆری ڕاستەقینەشە بۆ ئێستا و ئایندەی ئەم گەلە ستەمدیدەیە.ئەگینا ئەوە چ حکومەتێکە کە بەرگەی یەك هەڕەشە و نەناردنی یەك مانگ مووچە نەگرێت لە بەغدادەوە، لێرەدا ئەو ڕاستیە خۆی

دووپاتدەکاتەوە کە ئەم حکومەتە نوێنەری ڕاستەقینەی زۆرینەی گەل نیە و ناتوانێت دەسەلأت و حوکومەتداری بکات و ئیدی مافی گەلیشە قسەی خۆی بکات.

بەداخەوە گەلێك لە ڕۆشنبیران وسیاسەتمەدارانی ئەم حکومەتە و سەردەمەمان،لەکاتی هەڵسەنگاندنی حکومەتی شێخ مەحمود و کۆماری مهاباددا ڕەخنە و گلەییەکی زۆر دەکەن لەوەی کە ئەو دوو سەرکردەیەی کورد نەیانتوانیوە کە بەرگری لە حکومەت و دەسەلأتەکەیان بکەن دژ بە ئینگلیز و دەوڵەتی عێراق و ئێرانی ئەو کاتە و بەچاوی ئەم ڕۆژگارەوە ئەو گلەییە ناڕەواییانە دەکەن ، لەکاتێکدا هەردوو حکومەتەکەی شێخ مەحمود و قازی موحەمەدیش پێکەوە تەمەنیان لە ٤ ساڵ تێپەڕی نەکردوە و گەلێك دوژمنی ناوخۆ و دەرەکی و زلهێزەکانی ئەو سەردەمەش دوژمنیان بون و بە فڕۆکە و تۆپ و تانك هێرشیان دەکرایە سەر و بەچارەکی ئەم حکومەتەی ئێستامان دەوڵەمەند و خاوەنی نەوت وداهاتی بێشوماریش نەبوون، بەلأم خۆ ئێستا لەم هەرێم و حکومەتەدا نە فڕۆکە و نە تۆپ و نە سوپاو نە تانك نەهاتۆتە سەرمان کەچی بەرگەی ١ مانگ بڕینی موچە ناگرین و بەفوویەك خەریکە لەناو دەچین.

بۆیە بەڕاستی ئەم حکومەتە گەر وا کاربکات بۆ ئاینده و خۆ ئامادەکردن بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی ئەوا هەر نەکرێت باشترە.چونکە بەداخەوە سەرانی ئەم هەرێمە بەتەواوەتی هەموو هێلکەکانی خۆی خستۆتە سەبەتەی تورکیاوە دژی دەوڵەتی عێراق لەکاتێکدا کە تورکیاو سەرۆك وەزیرانەکەی کورد و نەوتەکەشی بۆ بەرژەوەندی حیزبەکەی و وڵاتەکەی بەکاردەهێنێت و بۆتە دادوەر و دەمڕاستی هەردوولاو بەبێ فەرمانی ئەو هیچ کام لە سەرانی کورد بویرێ یەك هەنگاو و یەك بڕیاریان نیە.

جا هەرکاتێکیش تورکیا ڕێکەوت لەگەڵ بەغدادا، ئەو کاتە تراجیدیا ترسێنەر و خوێناویەکەی کورد دەستپێدەکات و هەموانمان ناچار دەکات کە مل بدەینەوە بۆ بەغداد.

بۆ چارەسەری ئەم کێشە و گرفتی نەوتە لەنێوان هەرێم و بەغدادا باشتروایە کە کورد و بەغداد پێکەوە و لە چوارچێوەی دەستوری عێراق و دەسەلأتەکانی خۆیاندا مامەڵە لەگەڵ یەکتردا بکەن و گەلی کورد و هەرێمیش توشی دڵەڕاوکێی هەژاری و نەبونی نەکەنەوە و نەوتەکەمان ئەمجارەش لێنەکەنەوە بە نیقمەت و خۆشی و خۆشگوزەرانی چەند ساڵەمان لەبیرنەبەنەوە، نەوتێك کە ببێتە مایەی بەلأو ناخۆشی و کارەسات بۆ گەل و لەولاشەوە ببێتە دەوڵەمەندکردنی دوژمنان و سەرانی دەسەلأتداری هەرێمەکەمان نەبوونی لە بوونی باشترە، تاکی کورد کە هیچ سوودێك لەنەوت و داهاتەکەی نەکات ئیدی بۆچی باجی سیاسەتی هەڵە و خراپی سەرانی حکومەتەکەشی بدات و ژیان و گوزەرانیشی بخاتە مەترسیەوە و لە ئەنجامیشدا هەر ئەم تاك و خێزانە هەژارانەی کوردە کە دەبنە سووتەمەنی ئەم ململانێ ناڕەوایەی سەرانی بازرگانی حکومەتەکەمان.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی ستاندارکورد وهاولاتی ژمارە ١٢٤٩ لە ١٩ و٢٠/٢/٢٠١٤دا بلاوکراوەتەوە.

# ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی
# بە گیرفانی بەتاڵەوە ناکرێت ! *

❖ خەونە لە مێژینەکەی سەرتاپای کورد لە هەر چوار بەشەکەدا بریتیە لە یەکگرتنەوەی هەر چوار بەشەکە و دواتر ڕاگەیاندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیە بەناوی کۆماری کوردستانەوە، لەو پێناوەشدا چەندەها شۆڕش و ڕاپەرینی بەرپاکردوە و ڕووبارێك خوێن و فرمێسکی ڕشتوە و بەسەدان هەزار گەنج و لاوی ئەم میلەتە خێر لەخۆنەدیوەی کردۆتە قوربانی ئەو ئاوات و خواست و مافە ڕەوایە.

بەخۆشحاڵیەوە دوو ئەزمونی حوکمداری کوردی لە سەردەمی نوێدا وەدیهاتوە لە سەدەی بیستی ڕابووردوودا و لە باشور و ڕۆژهەلاتی کوردستاندا ، بەلأم بەداخەوە تەمەنیان هێندە کورت بوە کە پێڕانەگەیشتوون بناغە و بنچینەیەکی دەوڵەتێکی سەربەخۆی مۆدێرن دابڕێژن و دوژمنان لێنەگەڕاون کە کوردان ببنە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان، لەکۆتایی هەمان سەدەشدا ئەزمونی سێیەم و گرنگتر و فراوانتر و بەتەمەنتر لە هەردوو ئەزموونی ڕابوودوو جارێکی دی لە باشوری کوردستان هاتە لەدایك بوون و وا لە ئێستادا ٢٣ ساڵەی تەمەنی تەواو دەکات. ئەم ئەزمونە بەهیچ پێودانێك ناتوانرێت بەراوورد بکرێت لەگەڵ ئەو دوو ئەزمونەی ڕابوودرووددا چونکە گەلێك جیاوازی گرنگ و گەورەیان لە نێواندا هەیە، هەر لە تەمەن و ماوە و دەسکەوت و داهات و دارایی و پەیوەندی نێودەوڵەتی و ناوچەیی و ناسراوی و ...هتد.کە زۆر لە هەردوو ئەزمونەکەی تر

پێشکەوتووتر و گەشەکردووتر و چەسپاوتر دێتە بەر بینین و لەسەر زەمینی واقع خۆی سەپاندۆتە سەر هەموو هاوکێشە و نەخشە سیاسیەکانی ناوچەکە و دونیاش.

بەڵام لەیەك خاڵدا هاوشێوەی هەردوو ئەزمونەکەی ترە ، ئەویش بریتیە لە وەی کە بەداخەوە لەم ٢٣ ساڵەی تەمەنیدا ئەم حومداریێتی و دەسەڵاتە نیمچە سەربەخۆیەشمان نەیتوانیوە بناغە و بنکەیەکی چەسپاو و بەهێزی ئابوری دابڕێژێت وەك هۆکارێکی گرنگی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ ودانپیادانراوی نێودەوڵەتی.ئەمەش زۆر هۆکاری هەیە لەوانە ، ئەم دەسەڵاتە هێندەی سەرقاڵی ململانێی ناڕەوای ناوخۆیی و حیزبیە نیوهێندە پلانی نیە بۆ ئایندە، هێندەی بەخەمی چەسپاندن و قۆرخکردنی دەسەڵاتی حیزبی و بنەماڵەیی و سەرکردەکانێتی نیو هێندە لەخەمی دواڕۆژی ئەم ئەزمون و دەسەڵاتەدا نیە.هێندەی دیموکراسی و ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی تەنها وەك دروشمی باقوبریق و تەکتیکی ڕۆژانە بەرزکردۆتەوە نیو هێندە هەوڵی جدی بۆ نەداوە بۆ چەسپاندیان و تۆخکردنەوەیان لە هزر و ئەندێشەی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردەواریدا، هێندەی داهات و ئابوری و بازاڕی ئازاد کردوە بۆ کۆمپانیا بیانی و دەوڵەتانی ناوچەکە نیو هێندە نەیخستۆتە خزمەتی چین و توێژە هەژار و کەمدەرامەتەکانی کۆمەڵگاوە.هێندەی سەرقاڵی خۆدەوڵەمەنکردن و بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانی ئەم میلەتەن لە نەوت و غازی سروشتی و ..هتد، نیو هێندە خەمخۆری ڕاستەقینەی تەواوی کۆمەڵگاکەمان نیە.

هەربۆیە ڕۆژ بەڕۆژ ئومێد و خەونەکانمان پوچەڵ دەبنەوە و وەك بڵقی سەرئاویان لێدێت، ئەگینا ئەوە چ حکومەت و دەسەڵاتیکە کە نەتوانێت لە بەر پشکداری و دڵڕازیکردنی ئەم وئەو و نابوێری لە ڕاگەیاندنی حکومەتێکی خۆبەخۆی کوردی دابمەزرێنێت و ماوەی زیاد لە ١٥٧ ڕۆژە حکومەتێکی نەبنکە فراوان و نە بە ئیستیحقاقی هەڵبژاردن پێکەوە بنێت و ئەوەندە جورئەت و ئازایەتی تیادا نەبێت وەکو ئیدارە خۆبەڕێوەبەریە دیموکراسیەکەی ڕۆژئاوامان ٣ کانتۆن لە بارودۆخێکی ناجێگیری سیاسی و ئابوری و ئەمنیدا ڕابگەیەنێت بەبێ هیچ ترس و دوودڵیەك ، کە نە هێندەی دەسەڵاتەکەی باشوور نە دەوڵەمەندە ونە ئارامیشە. بۆیە بەڕاستی ماوەی دوومانگە ئەم حکومەتە بەجۆرێك یاری بە نەفسیەت و ڕۆحیەتی تەواوی کۆمەڵگاوە دەکات بەنەدانی موچە و دابیننەکردنی خەرجیەکان ، هەموانمانی تووشی شۆك و ترس و دڵەڕاوکێ کردووە، حکومەتداری و دەسەڵات بەردی

بناغەكەی دابینكردنی لانی كەمی ژیان و گوزەرانە بۆ هاولاَّتیان و پاراستنی سەرو سامانیانە، چونكە نەبوونی داهات و خەرجی دەبێتە هۆی بلاَّوبنەوەی دیاردەی دزێوی دزی و برسێتی و چەتەگەری و تێكچوونی باری ئابوری و سیاسی و ئەمنی ، جا هەركاتێكیش ئەم كارانە سەریانكێشا ئەوا دەبنە هۆی لەدەستدانی دەسەلاَّت و ڕاپەرین و ناڕەزایی جەماوەری. كە ئەمەش تەنها لەبەرژەوەندی دەوڵەتی مەركەزی عێراقدایە، هەربۆیە ئەركی هەنوكەیی حكومەتە كە بە خێراترین كات موچە و داهات دابینبكات و بەڵگە و لاوازی خۆی نەداتە دەست بەغداد و وا لە جەماوەری گەلەكەشمان نەكات خۆیان داوای گەڕانەوەی حوكمی مەركەزی بكەن و سەدان جار نەفرەت لە فیدراڵی و سەربەخۆیش بكەن.جا حكومەتێك تەمەنی ٢٣ ساڵ بێت و نەتوانێت موچەی ٢ مانگی فەرمانبەرانی خۆی دابین بكات ئیدی چ ئومێدێك دەمێنێتەوە بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی كوردی، كە تائێستا نەكەوتوینەتە جەنگەوە و تۆپ و تەیارە نەهاتۆتە سەرمان و گەمارۆی ئابوریمان نەخراوەتە سەر وجەنگمان لە دژ ڕانەگەیەنراوە، ئاوا حاڵمان بێت ئاخۆ ئەگەر ئەو بارودۆرخە هاتە پێشەوە سەركردەكانمان دەبێت چ هەڵوێستێكیان هەبێت ؟ بەدڵنیاییەوە ئەوا ڕاستەوخۆ یان هەڵدێن بۆ دەرەوەی ولاَّت و یان تەسلیم دەبن ، كە لەهەردوو حاڵەتەكەدا خەونە زڕە وەدینەهاتوەكەی لە مێژینەمان لە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆدا پوچەڵ دەبێتەوە ودەگەڕێینەوە خاڵی سفر، لە ئەنجامی نادڵسۆزی و خەمنەخواردن و بیٚ پلانی و هەڵنەسەنگاندنی هاوكێشە و هێزە سیاسیەكانی ناوچەكە و دونیاو خۆ ئامادەنەكردن بۆ ڕۆژگارە سەختەكان.هەربۆیە دەبێت ئەم ئەزمونی ٢ مانگە ببێتە پەندێك بۆ ئایندە و سوودی لێوەربگیرێت و نەهێڵرێت جارێكی دی دووبارە ببێتەوە و هەرچی زووە خەمی ئایندە و ڕۆژگارە سەختەكانی لە پێشمانە بخۆین.و ڕێگەبگرین لە دووبارە بونەوەی مێژووی تەسلیمبوون و ئاشبەتاڵ وخۆبەدەستەوەدان و ملكەچبوون بۆ مەركەزو دوژمنانی دەسكەوت و دەسەلاَّتەكەمان.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی ناوەندی دەرەوە و هەواڵ ژمارە ٢٦١ لە ٢٠١٤/٣/١٥دا بڵاوکراوەتەوە.

# سیستەمی کۆنفیدراڵی

# گونجاوترین دروشمی قۆناغەکە وئایندەی سیاسی کوردستان وعێراقە.. *

❖ مەسەلەی کورد ماوەی ١٠٠ ساڵێکە بۆتە مەسەلەیەکی گەورە و گرنگ و مەترسیداری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چارەسەرکردنیشی لەو ماوەیەدا بۆتە خەون بۆ کورد و مۆتەکەش بۆ ڕژێمە سەردەستەکانی کە کورد و کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە. لەلایەک کورد بە بەردەوامی لەخەبات و شۆڕش و ڕاپەڕیندا بوە بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خۆی لەسەربەخۆیی یان لانی کەم دیاریکردنی چارەنوسی بە ئازادی، لەولاشەوە ڕژێمە سەردەستەکانی ناوچەکە بە پشتیوانی زلهێزەکانی دونیا لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەمیشە لە بۆسە و پیلاندانانددا بوون بۆ سەرنەگرتنی هەوڵ و خەباتی کورد و هەمیشە مەسەلەی کوردیان لێ بۆتە مۆتەکە و دێوەزمە و هیچ کات هەستیان بە ئارامی و ئاسایشی دەوڵەت و دەسەڵاتەکانیان نەکردووە.

کورد لەماوەی ئەو سەد ساڵەدا پەنای بردۆتە بەر شۆڕشی چەکداری و ڕاپەڕینی جەماوەری و خەباتی سیاسی و پەرلەمانی و مەدەنی و لەهەر قۆناغێکیشدا دروشم و ئامانجی گونجاو و لواوی بۆ ئەو قۆناغانە هەڵگرتوە. هەر لە لامەرکەزیەوە تا حوکمی زاتی و فیدراڵیەت و مافی چارەی خۆنوسین. بەمەبەستی خۆگونجاندن و پێکەوە ژیان لەگەڵ گەلانی ناوچەکەدا لە چوارچێوەی یەك وڵاتدا.کەهەموو ئەم دروشم و سیستەمە سیاسیە ئیداریانە کە کورد داوای کردوون لە قۆناغە جیاوازەکاندا دەچنە چوارچێوەی (( مافی چارەی خۆنوسینەوە)) کە بریتیە لە (( هەڵبژاردنی سیستەمی سیاسی وڵاتێك یان گەل و

نەتەوەیەك بۆ دەسەڵاتداری بە ویست و ئیرادەی ئازادی خۆی دوور لە بەکارهێنانی فشار و زەبر و زەنگی دەرەکیەوە)).

❖ مافی چارەی خۆنوسین لە مێژوودا : بۆ یەکەم جاریش لە سەدەی شانزەهەمدا لەدەستوری سەربەخۆیی ئەمریکیدا لە ساڵی ١٧٧٦دا نوسراوە، و دواتریش لە بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤی فەڕنساشدا لە ساڵی ١٧٨٩دا هاتوە و یەکەم کەسێك کە زاراوەی مافی چارەنوسی داهێنا بریتیی بوو لە سەرۆکی ئەمریکا (( وودرۆ ویلسۆن)) لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە،هەرچەندە پێشتر زاراوەی هاوشێوە بەکاردەهێنرا.هەروەها بنەمای مافی چارەنوس یەکێك بوو لە بنەماکانی ڕێکەوتنی ڤێرسای لە فەڕەنسا لەنێوان وڵاتە بەشەڕهاتوەکانی جەنگی جیهانی یەکەمدا.لە پێناو نەهێشتنی ئیستیعمار و سەربەخۆبوونی وڵاتانی ئاسیاو ئەفریقیا لە سەدەی بیستدا.ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانیش لە ساڵی ١٩٥٧دا و بە بڕیاری ١١٨١ مافی چارەنوسی لە بنەمایەکی یاساییەوە گۆڕی بۆ ماف و هەموو ئەندامەکانیشی پابەند کرد کە ڕێز لەو مافە بگرن.

❖ کورد لە دوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە و لە یەکەم ئەزمونی دەسەڵاتدارێتی خۆیدا لە کۆمای مهاباددا و لەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە دروشمی دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی بەرزکردەوە و لە ساڵەکانی شەستیشەوە لە باشوری کوردستان و لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلولیشدا بە ڕابەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بەهەمان شێوە دروشمی دیموکراسی بۆ عێراق و حوکمی زاتی بۆ کوردستان بەرزکرایەوە و ئەم دروشمە لەلایەن پارتیەوە تا ساڵی ١٩٩٢ هەر بەردەوام بەرزکراوەتەوە ، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٥ وە و هەڵایسانی شۆڕشی نوێی گەلی کورد لە باشوور بەڕابەرایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دروشمی مافی چارەی خۆنوسین لە پاڵ ئاشتی و دیموکراسیدا بەرزکراوەتەوە و لەناوەڕاستی هەشتاکانیشدا هەر لەلایەن یەکێتیەوە بیرۆکە و دروشمی فیدراڵیەت وەك قۆناغێکی باڵاتر لە حوکمی زاتی هێنرایە ناو ئەدەبیاتی شۆڕش و داواکاریەکانی کوردەوە، ئەوەبوو دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ و پاشان هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ١٩٩٢/٥/١٩ و دواتر دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ٤/ ٧/ ١٩٩٢دا و لە پاش ٣مانگ لە پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە ١٩٩٢/١٠/٤ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە

دروشمی فیدراڵیەت پەسەندکرا وەك شێوەیەك بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان هەرێم و حکومەتی مەرکەزی لە بەغدادا و بەکۆی دەنگی هەموو هێزە ئۆپۆزسیۆنە عەرەبیە عێراقیەکانیش بنەمای فیدراڵیەت بۆ عێراقی ئاینده پەسەندکرا.ئیدی لەو کاتەوە کە ماوەی ٢٢ ساڵە دروشمی فیدراڵی بەرزکراوەتەوە و لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسیش لە ٢٠٠٣/٤/٩دا ئیدی بە عەمەلی سیستەمی سیاسی دەوڵەتی عێراقی نوێ بە فیدراڵیەت و پەرلەمانی و دیموکراسی کەوتنە واری پیادەکردنەوە دوای پەسەندکردنی دەستوری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥وە.

بەلاَم لەماوەی ١١ ساڵی ڕابووردوودا کە هێزە عەرەبیە ئۆپۆزسیۆنەکانی برای دوێنێ و دەسەلاَتداران و دوژمنانی ئەمڕۆ، لەکاتێکدا هەستیان بە ئەستوری باسك و هێزی خۆیان کرد لە بەغداد کەوتنە دژایەتیکردنی بنەماکانی فیدراڵیەت و بەهۆکاری پارچە پارچەبوونی عێراقیان دایە قەڵەم بە شیعە و سونەیانەوە و داواکاری هەموارکردنی دەستوریان دەکرد و گەرەکیان بوو کە جارێکی دیش عێراق بگێڕنەوە بۆ سیستەمی تاکڕەوی و شمولی و تەنانەت مەزهەبیش. و هەر ڕۆژە و بە بیانویەکەوە فشار و تەنگژەی سیاسی و ئابوری و سەربازی دەخوڵقێنن بۆ کوردستان و ئەو سیستەمە سیاسیەی کە کورد و عەرەب پێکەوە گرێدەدات لە عێراقدا. هەربۆیە سیستەمی فیدراڵی کە کورد بە حەزو ویستی خۆی قبوڵی کرد و چەسپاندیشی لە عێراقی نوێدا وەك نیاز پاکیەك بۆ پێکەوە ژیانی گەلانی عێراق ، بەلاَم ئەوەی کورد گەرەکی بوو دەستیکەوێت لەو سیستەمە وەدینەهاتوو و پێینەگەیشت.

❖ پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە ئایا کورد دەتوانێت چیدی لە سایەی سیستەمی فیدراڵیدا لەگەڵ بەغدادی مەرکەزدا پێکەوە بژین؟ ئایا هیچ ڕێگا چارەسەرێکی دی نیە بۆ پێکەوە ژیان؟ و دەیان پرسیاری تریش..

گەر بە ویژدان و بەدیقەتەوە لە ئەزمونی ئەو ١١ ساڵەی ڕابووردوو بڕوانین ڕاستەوخۆ هەست دەکەین کە سیستەمی فیدراڵی لە عێراقدا بە شێوە ڕاست و دروستەکەی پیادەنەکراوە و نەچەسپاویشە و ڕێگری و لەمپەری گەورەی لەبەردەمدا دروستکراوە و نیەتێکی ڕاستگۆ و ڕاستەقینەش هەست پێناکرێت بۆ سەرخستن و پێشخستنی لەلایەن دەسەلاَتدارانی بەغدادەوە و هەربۆیە بە پیلان بوبێت یان نا ساڵ بەساڵ کورد و عەرەب لەیەکتر دووردەکەوتنەوە و تەنگژەکانیش قوڵتر و کێشەکانیش بە چارەسەرنەکراوی

دەمانەوەو تا لە ئێستادا هیچ کێشەیەکی بودجە و نەوت و هێزی پێشمەرگە و مادەی ١٤٠ی دەستور جێبەجێنەکراون و کێشەکان گەیشتونەتە ترۆپك و نزیك لە تەقینەوە و پیادا هەڵپژانی یەکتری و ڕووبەڕووبونەوەی سەربازی.

هەربۆیە ئا لێرەوە گەڕان بە دوای ڕێگاچارەیەکی گونجاو و شیاوتر لە فیدڕاڵیەت بۆتە کارێکی زۆر پێویست بەتایبەتی لەلایەن کوردەوە و ناتوانرێت چیدی درێژە بەم جۆرە سیستەمە بدرێت لە عێراقدا چونکە وەڵامدەرەوەیەکی بەهێز نەبوو بۆ داواکاری و مافە ڕەواکانی کورد، ئەو ڕێگاچارەیەش هەنگاوێك باڵاترە و بریتیە لە سیستەمی کۆنفیدڕاڵی.

سیستەمی کۆنفیدڕاڵی چییە؟

بریتیە لە پەیوەندیەك کە ئەندامەکانی بریتین لە وڵاتانی سەربەخۆ و خاوەن سەروەری. و بەپێی ڕێکەوتنێکی پێشەکی هەندێ دەسەڵات دەدرێتە دەستەو لیژنە هاوبەشەکان بۆ ڕێکخستن و هەمئاهەنگیکردن لە سیاسەتەکانیاندا لە گەلێك بواردا. بەبێ ئەوەی ئەو کۆبونەوەیە وڵاتێك یان کیانێك دروست بکات. بەشێوەی سیستەمی فیدڕاڵی کە لە وڵاتێکدا چەند ولایەتێك یان پارێزگایەك هەیە.

کۆنفدڕاڵیەت ڕێز لە بنەمای سەروەری نێودەوڵەتی ئەندامەکانی دەگرێت و لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتیشەوە دروست دەبێت بە پێی ڕێکەوتنێك و هەمواریش ناکرێت تەنها بە کۆی دەنگی ئەندامەکانی نەبێت.

لە سیاسەتی سەردەمیشدا، کۆنفیدڕاڵیەت بریتیە لە یەکێتیەکی هەمیشەیی لە نێوان وڵاتانی خاوەن سەروەری بۆ کاروباری هاوبەش لەگەڵ یەکتریدا وەك بەرگریکردن و سیاسەتی دەرەوە و دراوی هاوبەش و ...هتد.ناسراوترین کۆنفیدڕاڵیەتیش یەکێتی ئەوروپا و جامیعەی عەرەبیە.

بۆیە لەم قۆناغەدا و بۆ ئایندەش کۆنفیدڕاڵیەت بۆ کورد بە پلەی یەکەم و بۆ عێراقیش بە پلەی دووەم، گونجاوترین و شیاوترین دروشم و سیستەمی حوکمە بۆ پێکەوە ژیان دوور لە کێشمەکێش و ململانێ و ناکۆکی و بەکارهێنانی زەبر و زەنگ.چونکە هەریەکە لە کورد و عەرەب دەبنە دوو وڵاتی خاوەن سەروەری و سەربەخۆ و بە پێی ڕێکەوتنێك هاوکاری و هاوبەشی یەکتر دەکەن لە هەندێ مەسەلەدا کە بە قازانجی هەردوولایانە و دواتریش هەر یەکێکیان ویستی کە جیاببێتەوە و درێژە بەو ڕێکەوتنە نەدات ئەوا بە ئاسانی دەتوانێت جیاببێتەوە و هەردوولایان ڕووبەڕووی چارەنوس و قەدەری خۆیان دەبنەوە.

ئاشکراشە هەروەك چۆن سیستەمی فیدڕاڵیش و هەموو سیستەمێکی تریش کەموکوڕی و ناتەواوی تیادایە، ئاوهاش کۆنفیدڕاڵیەتیش کەموکوڕی تیادایە بە تایبەتیش بۆ کورد چونکە هەرکاتێك ویستی جیاببێتەوە و لەو یەکێتیە ئارەزومەندانەیە بێتە دەرەوە و ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و ئازاد، ئایا دەتوانێت لەم ناوچە گەرمەی دونیادا کە لە ڕووی سیاسی و ئابوری و ئەمنیەوە شڵەقاوە و کەوتۆتە ناوەڕاستی وڵاتانی سەردەستەوە و دوژمنی زۆر و دۆستی کەمی هەیە، لەسەر پێی خۆی بوەستێت و بتوانێت بەرگەی فشارە سیاسی و ئابوریەکان بگرێت و بەرگری لەمان و بوونی خۆی بکات؟

پێشەکی کورد دەبێت لە ڕووی سیاسی و ئابوری و پەیوەندیە نێودەوڵەتی و ناوچەیی و هێزەوە خۆی تۆکمە و دابڕێژێت و ژێرخان و بناغەی ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیەی کە دڵخوازێتی بینا بکات و لەناو خۆشدا ئیجماعێکی سیاسی و جەماوەری بێنێتە ئاراوە و کۆدەنگیەکی بەهێز و پتەو دروست بکات.و یەکڕیزی نیشتیمانی و نەتەوەیی کوردان بەرجەستە بکات، چونکە گەر وانەکات مەحاڵە وڵاتانی سەردەستی ناوچەیی لێگەڕێن بە سانایی کورد وەدووی خەون و خەیاڵەکانی خۆیدا بکەوێت و بگاتە سەربەخۆیی و دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆی خۆی دابمەزرێنێت.بەڵام خۆ ناشکرێت تاهەتاهەتایە کورد لە ژێر دەستەییدا ژیان بگوزەرێنێت و لە ژێر هەڕەشەو گوشار و فشاری بەغداد و تاران و ئەنکەرەو دیمەشقدا بێت.

بۆیە هەوڵدان بۆ چەسپاندن و بەرزکردنەوەی دروشمی کۆنفیدڕاڵیەت لەم قۆناغەدا بۆتە زەرورەت و کاتەکەشی و هۆکارەکانیشی لەبارن ، لەلایەکی تریشەوە با ئەم ئەزمونەش تاقیبکرێتەوە و ڕای گشتی جەماوەریشی بۆ ساز و ئامادە بکرێت و خەباتی کوردایەتیش لە ئێستا و ئایندەشدا لە پێناو چەسپاندنی کۆنفیدڕاڵیەتدا بێت و بەمەش هەنگاوێکی تر لە سەربەخۆبوونی تەواو نزیك دەبینەوەو ئیدی بۆ هەتاهەتایە کورد لە عێراق و وڵاتانی تر ڕزگاری دەبێت و نەتەوەی کوردیش بە تەواوی ماف و داواکاریە ڕەواکانی شاد دەبێت و لە زوڵم و زۆرداری و داگیر و دابەشکراوی سەدساڵەی ڕابووردووی ڕزگاری دەبێت.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی ناوەندی دەرەوە و کوردستان پۆست لە ٣/٢٤ و هاولاتی ژمارە ١٢٧٠ لە ٣/٢٤ و کوردستانی نوێ ژمارە ٦٣٥٧ لە ٢٠١٤/٤/١٨دا بلاوکراوەتەوە.

## ئەرێ دامەزراندنی پەیوەندی کورد - ئیسرائیل حەرامە؟*

- دەوڵەتی ئیسرائیل لە ١٩٤٨/٥/١٤ و تەنها دوای تێپەڕبوونی ٨ کاتژمێر بەسەر تەواو بونی وادەی ئینتیدابی بەریتانیادا وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ ڕاگەیەنرا. و ئیدی لەو کاتەوە بۆتە دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری و دانپیادانراوی نێودەوڵەتی لەناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا کە ڕووبەرەکەی بریتیە لە ٢٠٧٧٠کیلۆمەتری چوارگۆشە و بەپێی ئاماری ساڵی ٢٠١٣ش ژمارەی دانیشتوانی بریتیە لە ٨١٨٠٠٠٠ کەس کە زۆربەیان جولەکەن و کەمینەیەکی مەسیحی و دورزی و عەرەبیشی تیادایە. و لە بەرواری ١٩٤٩/٥/١١ ش بۆتە ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان.
- بەم شێوەیە دەوڵەتی ئیسرائیل بۆتە ولاتێکی دانپیادانراوی ناوچەیی و نێودەوڵەتی و سەرەڕای بچوکی قەوارە وکەمی ژمارەی دانیشتوانی ڕۆڵ و کاریگەری گەورەی هەیە لە ناوچەکەدا لە ڕووی سیاسی و ئابوری و سەربازی و هەواڵگری و کەلتوریەوە و لەسەر ئاستی پەیوەندیە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکانیش تاڕادەیەکی زۆر باش سەرکەوتوە لەڕێگەی بونی لۆبی جولەکەی بەهێزەوە لە زۆربەی ولاتانی دونیادا و بەتایبەتیش زلهێزەکان.

لەسەر ئاستی ولاتانی عەرەبیش کە بەناو خۆیان بە دوژمنی سەرسەختی ئیسرائیل دەزانن و بەداگیرکاری خاکی فەلەستینی لە قەڵەم دەدەن و دوای چەندین جەنگ و پێکدادانی سەربازی کە شکستی گەورەیان بەرکەوت، بەناچاری یەکەم ولات و گەورەترین ولاتانی عەرەبی کە میسرە لە مانگی ١٩٧٧/١١ دا سەرۆك ئەنوەر سادات ڕاستەوخۆ سەردانی قودسی کرد و بەمەش بوە یەکەم سەرۆك و یەکەم ولاتی عەرەبی کە بەڕەسمی پەیوەندی

لەگەڵ ئیسرائیلدا دروست کرد و دانی نا بە بوونی ئەو ولاّتەدا، بەمەش دەرگای لەسەر ولاّتانی تری عەرەبی کردەوە ، ئەوەتا شانشیی ئوردون و مۆریتانیاو ئەریتریاش بەڕەسمی پەیوەندیان هەیە و دانیان بە ئیسرائیلدا ناوە. لەساڵی ١٩٩٣ شەوە لە چوارچێوەی ڕێکەوتنامەی ئاشتی ئۆسلۆدا فەلەستینیەکانیش پەیوەندی سیاسی و ئابوری و ...هتدیان لەگەڵ ئیسرائیلدا دروست کردوە. لەساڵی ٢٠٠٠ بەدواوە هەریەکە لەولاّتانی عەرەبی کەنداو وئەوانی تریش لە پێشبڕکێدان بۆ دروستکردنی جۆرە پەیوەندیەك بە ئاشکرا و بەنهێنی لەگەڵ ئیسرائیلدا، بەمەبەستی خۆ نزیککردنەوە لە ئەمریکا و ئەوروپاو سوود وەرگرتن لەو پەیوەندیانە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. ئەوەتا سعودیە جۆرێك لە پەیوەندی ئابوری هەیە و قەتەریش بنکەی (( عودیدی)) لەسەر خاکی خۆی بە شەراکەت لەگەڵ ئەمریکادا داناوە و بە ڕێژە ٦٠٪ی خەرجیەکانی دەکێشێت و نوسینگەیەکی ئابوری ئیسرائیلیشی لە قەتەر کردۆتەوە و تونس و مەغریب و بەحرەیەن و سەڵتەنەتی عومان و لیبیا و ولاّتانی تری کەنداوی عەرەبیش بەهەمان شێوە جۆرە پەیوەندیەکی ئابوریان هەیە.بەم شێوەیە لە کۆی ٢١ ولاّتی عەرەبی ١٢ ولاّتیان هەریەکە بەشێوەیەك پەیوەندی ئاشکراو نهێنی لەگەڵ ئیسرائیلدا دامەزراندوە.کە دەکاتە زۆرینەی عەرەب و لەسەر ئاستی ولاّتانی ئیسلامیش بەگەورەو بچوکیانەوە پەیوەندیان هەیەو ئەوەتا تورکیا و ئێران و ئەندەنوسیاو پاکستان و ..هتد. پەیوەندیان هەیە.

- **پەیوەندی کورد بە دەوڵەتی ئیسرائیلەوە:**

کوردیش وەکو گەلانی ناوچەکە و دونیاش، جولەکەی هەبوە و لەسەر خاك و ئاوی کوردستان بۆ چەندین سەدە پێکەوە ژیاون و بەهاوبەشی لەم ولاّتەدا گوزەرانیان کردووە. لە ئێستاشدا و دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلی و کۆچکردنی جولەکەکانی دونیا و کوردستان بۆ ئەو ولاّتە، جولەکە کوردەکان لۆبیەکی گەورەن و چالاکی سیاسی و ئابوری و کەلتوری بەرچاویان هەیە و سۆز و خۆشەویستیشیان بۆ کورد و کوردستانیش هەرماوە. لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا پەیوەندی سیاسی و سەربازی و هەواڵگری هەبوە لەنێوان سەرکردایەتی شۆڕش و ئیسرائیلدا و سەردان و هاتوچۆش هەبوە و تاڕادەیەکی باشیش کورد سوودی لەو پەیوەندیانە بینوە گەرچی بۆ ماوەیەکی کەم و قۆناغێکی دیاریکراویش بوبێت.

بەڵام ئەم پەیوەندیانەی کورد و ئیسرائیل هەمیشە و تا ئێستاش بە نهێنی بوە و ماونەتەوە و هەمیشە بە دوودڵی و ترسەوە ئەنجامدراون،چونکە لەلایەك قۆناغەکە وایخواستوە و لەلایەکی تریشەوە کورد و مەسەلەکەی بە ڕادەی ئێستا پێشنەچووبوو لەسەر ئاستی ناوچەکە و دونیاو لەبەرامبەریشدا دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانیش بەهێز و خاوەن نفوزی سیاسی و ئابوری و سەربازی گەورە بوون لای زلهێزەکان و هاوپەیمانیان بوون لەسەردەمی جەنگی سارددا وهێندەی بەرژەوەندی ئەوان گرنگتربوە ،بەرژەوەندی کورد لای زلهێزەکان بەهەند وەرنەگیراوە.لەلای سێیەمیشەوە کاریگەری دیانەت و ئاینی ئیسلامیش و پەیوەندی و هەژمونی عەرەبی و ئیسلامی لەسەر سەرکردایەتی سیاسی کورد ببونە ڕێگر و لەمپەڕ لەبەردەم ئەو پەیوەندیانەدا.

هەربۆیە کورد نەیویستوە یان نەیوێراوە بە ئاشکرا باس لەو پەیوەندیانە بکات یان هەوڵی دروستکردن و بەهێزکردنیشی بدات و بۆ سوود و قازانجی خۆی کەڵکیان لێوەربگرێت.

- **لێرەدا پرسیار ئەوەیە: ئەرێ کاتی ئەوە نەهاتوە کە ئیدی کوردیش پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ ئیسرائیلدا دابمەزرێنێت و گەشەشی پێبدات؟ لە ئێستادا چ لەمپەڕ و ڕێگریەك هەیە لەو پێناوەدا؟ بۆچی پەیوەندی بە ئیسرائیلەوە شەرم یان حەرام بێت بۆ کورد لەکاتێکدا عەرەب و فەلەستینیەکان خۆیان پەیوەندیان هەیە؟ و دەیان پرسی تریش..**

کورت و کرمانجی بەلای بەندەوە لە ئێستادا کاتی خۆیەتی کە کورد و سەرکردایەتیەکەی هەوڵی دامەزراندنی تۆڕێکی گشتگیر و بەرفراوانی پەیوەندی بدەن لەگەڵ ئیسرائیلدا لەسەر ئاستی سیاسی و ئابوری و سەربازی و هەواڵگری و کەلتوری و جەماوەری و فەرهەنگی و وەرزشی و ...هتد.وەك پەیوەندیەکانی تری لەگەڵ هەموو وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی ناوچەکە و دونیادا.

ئەوەی کە تائێستا کورد خۆی لێدەپاراست لەبەر خاتری ڕازیکردنی دڵی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی ، ئەوەتا خۆیان بە گەورە و بچوکیانەوە لە کێبڕکێدان بۆ دامەزراندنی ئەو پەیوەندیانە لەگەڵ ئیسرائیلدا و گەرەکیانە ئیسرائیل لێیان ڕازیبێت و پشتیوانی و هاوکاریان بکات لای زلهێزەکان و لەسەر ئاستی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیاکاندا.

جا کاتێك خاوەن مەسەلەکە خۆیان ئاوها مامەڵە بکەن چ لۆژیکێکە کورد لەوان دڵسۆزتر بێت (( ناکرێت لە پاپا مەسیحی تر بین))، هەربۆیە کورد لەم قۆناغەی خەباتی کوردایەتیدا ئەرکێتی بەجدی پلان و بەرنامەی هەبێت بۆ دامەزراندنی ئەو تۆڕە پەیوەندیانە نەك هەر

لەگەڵ ئیسڕائیلدا بەڵکو لەگەڵ کۆی دەوڵەتانی ناوچەکە و دەولاْتانی تری دونیاشدا و لەمپەڕ و ڕێگریەکان پشتگوێ بخات و بەسوود و قازانجی مەسەلەکەی کەڵکیان لێوەربگرێت و بەهیچ شێوەیەکیش ئەم کارەی بەشەرم و حەرامکراو نەزانێت.

بەتایبەتیش لە ئێستادا مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەلاْتی ناوەڕاستدا بۆتە مەسەلەی پلە یەك و گرنگی و کاریگەری لەسەر ئاستی ناوچەکە و دونیاش داناوە و هەموان لە ئێستادا چاوەڕوانی بڕیارێکی بەهێز و بوێری کورد دەکەن بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی کە تائێستا نەتەوەیەکی ٤٠ ملیۆن کەسی بێ دەوڵەتە و ئەم هەنگاوەش لەگەڵ سیاسەتی ڕۆژهەلاْتی ناوەڕاستی گەورەدا وێکدێتەوە و بەبەرژەوەندی ئیسرائیل و ئەمریکاش تەواو دەبێت.

هەربۆیە ئەم کارتی پەیوەندیانە دەکرێت بە قازانجی وەدەستهێنانی پشتیوانی و هاوکاری ئیسرائیل بەکاربهێنرێت لەکاتی هەڵنانی کورد بەرەو هەنگاوی سەربەخۆیی لەناو نێوەندە دەستڕۆیشتوەکانی دونیادا ،چونکە ئیسڕائیل و لۆبی جولەکە لەدونیادا ڕۆڵ و کاریگەری گەورەیان هەیە لەو بوارەدا. بۆیە کورد دەکرێت کارتی ئابوری لەگەڵ ئیسرئیل و تورکیا و هەندێ ولاْتی عەرەبی تردا وەك ولاْتانی گەورە و خاوەن نفوزی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بەکاربهێنێت بۆ وەدەستهێنانی پشتیوانی و هاوکاری لەکاتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیدا و وەك پشتیوانیەکی هەمیشەیش لەناوچەکەدا.

---

*ئەم بابەتە لە سایتی پێنوسەکان و ئاوێنە نیوز و مەکتەب ڕێکخستن لە ٢٠١٤/٧/٧دا بڵاوکراوەتەوە.

# کوبانیٚ

## خاڵی کۆکەرەوەو یەکێتیی کورد*

ئەوەی لەماوەی چلو دوو رۆژی ڕابردوودا لەکوبانیٚ ڕوویدا، وێنەیەکی گەشی کوردایەتی ڕاستەقینە بوو، کوبانیٚ بەقەوارە بچووکەکەیەوە، بەڵام بەگەورەیی هێزو بەرخۆدانو بەرگریکاریکەیەوە بووە سمبولی ئازادیو کوردایەتیو گیانفیدای لەسەردەمێکدا کە هەموو هەڵپەی سیاسیەکان و دەسەڵاتداران و سیستمی مرۆڤایەتی بۆ دەستخستنی زیاتری بازاڕو بازرگانیو سەرمایەیە نەك سەردەمی بیروباوەڕو ئایدۆلۆژیاو خۆبەختکردن لەپێناو وڵاتدا. ئەم سەردەمە کە سەردەمی بەجیهانبوونە هیچ مانایەکی بۆ بەهاو ڕەوشتە جوانەکانی مرۆڤ نەهیشتۆتەوەو ئینتیماو خۆشەویستی بۆ خاكو نیشتمان کاڵکردۆتەوەو بەتەواوەتی بۆتە جیهانێکی ماددی کە نرخی مرۆڤ و خاك زۆر نزم بوونەتەوە بەرامبەر سەرمایەو خۆشگوزەرانیو دەستکەوتە ماددیەکانی تر.

بۆیە بەهەق گیانفیدایی کورد لەم سەردەمەدا بۆتە وێنەیەکی گەشی شۆڕشو خەباتە مرۆڤایەتیەکانو سەردەمی شەستو حەفتاکانی سەدەی بیست دێنەوە یاد کە شۆڕشێکی سەرتاسەری مرۆڤایەتی لەئارادا بووە. کوبانیٚ نەك بۆ کوردان، بەڵکو بۆ تەواوی کۆمەڵگەو مرۆڤایەتی بۆتە سمبولی مقاوەمەت دژ بەتیرۆیستانی داعشو داعشیەکانو بۆتە قەڵای خۆڕاگریو بەرخۆدانی هێزە مرۆڤدۆستەکانو پێشکەوتنو ئازادیەکانی هەموو دونیا

لەبەرامبەر هێزی تاریکستان‌و دواکەوتوو و عەقڵ دۆگماو نەخۆشەکانی سەدەی بیست‌و یەك.

کوبانێی بچووك، توانی بەخۆڕاگری خۆی ببێتە هۆی کۆکردنەوەی هەموو کوردو دونیاش بۆ ئەوەی پێکەوە هێزێکی پتەو و پۆڵایینی مرۆڤایەتی پێکەوە بنێن بۆ ڕووبەڕوبونەوەی داعش. ئەوەی کە کورد خەباتی چەند ساڵەی بۆ دەکرد بۆ هێنانە سەر خەتی زلهێزەکان بۆ بەرگریکردن لەخۆی لەهەر چوار بەشەکەی کوردستاندا کۆبانێ بەخۆڕاگری خۆی‌و دانیشتوانە بەجەرگو ئازاکەی وەدیهێنا، چونکە خەباتی کورد لەکۆبانێدا خەباتێکی ڕاست و دروستی مرۆڤایەتیە نەك بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات‌و خۆسەپاندن‌و کاولکردنی وڵاتەکە. خەباتی کۆبانی‌و کورد بۆ چەسپاندنی ئاشتی‌و ئارامی تەواوی مرۆڤایەتیە لەناوچەکەو دونیادا، هەربۆیە ئەمریکاو ئەوروپاو دونیا بەدەم کۆبانیٚ‌و کوردەوە هاتن، بەڵام ئەوەتا زیاد لەسێ ساڵە ئەم هاوکاریە بەئێستاشەوە پێشکەش بەسوپای ئازادی سوریاو هێزەکانی تر ناکەن، چونکە دونیا باش دەزانن کە نییەت‌و بەرنامەی ئایندەی ئەو هێزانە نە لەداعش‌و نە لە بەشار ئەسەد باشتر نابن.

خۆشبەختانە کورد لەهەر چوار بەشەکەی کوردستاندا جۆش‌و خرۆشێکی کوردانەو نەتەوەیی نواند بۆ پشتیوانی لەکۆبانیٚ‌و خۆڕاگریەکەی‌و بەمەش توانیان گیانی نەتەوەو کوردایەتی لەناو ناخی هەموو تاکێکی کورددا زیندوو بکەنەوەو بۆ چەند نەوەیەکی داهاتوو بەگەشی بیهێڵنەوە. کوردان‌و دۆستەکانی لەئەوروپاو ئەمریکاو خۆرهەڵاتیشدا لەدەرەوەی کوردستان هەمان پشتیوانیان پێشکەشکرد. هەرئەم هاوکاری‌و پشتیوانیە بوە هۆی زیاتر خۆڕاگری‌و مقاوەمەت‌و گیانفیدایی کوبانیەکان و توانیان لەئێستادا هاوکێشەی هێزەکان بەبەرژەوەندی شەڕڤانانی قارەمان لەپیاوان‌و ژنانی بەجەرگی کۆبانیٚ بگۆڕن‌و ناوی پەیەدەو پەیەژەو یەپەگە بەزیندوویی‌و نەمری تۆمار بکەن.

بۆیە ئەرکێکی ئەخلاقی‌و مرۆڤایەتی‌و کوردانەو نەتەوەییانەیە لەسەر هەمووان ئەم گیان‌و ڕۆحیەتە پارێزگاری لێبکەن‌و چیان پێدەکرێت لەسەرکردە و پارت‌و ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی بیکەن بۆ هاوکاری‌و پشتیوانی کوبانیٚ و ڕۆژئاواو هیچ کەس ناوی موزایەدەی سیاسی لیٚ نەنێت‌و نەیخاتە چوارچێوەی ململانێی حزبی‌و دەستکەوتی حزبایەتیەوە. کورد لەهەر جێگەیەك بن براو پشتیوانی ڕاستەقینەی یەکترن. بۆیە ئەرکی هەموانیشە لەتەنگانەکاندا پشتیوانی براکانیان بکەن. هەر کەسە بەهێندەی تواناو هێزو نفوزی خۆی

هاوکاری بکات. هاوکاریی کورد بۆ کورد بەهەر ناوێکەوە بێتو لەلایەن هەرکەسو لایەنێکەوە بێت دەچێتە چوارچێوەی خزمەتگەیاندن بە بەرژەوەندیەکانی کوردو کوردستانو دڵسۆزیو برایەتی توخ دەکاتەوە، بەپێچەوانەوە خەمساردیو نەناردنی کۆمەکو بەدەنگەوە نەچوونی دڵسۆزانەش دەچێتە چوارچێوەی خیانەتی نەتەوەییو نیشتمانییەوە، جا هەر پارتو سەرکردەیەك بیکات. بۆیە گۆڕەپانی هاوکاریو پشتیوانی کورد فراوانەو هەمووان دەتوانن بەپێی توانای خۆیان هاوبەشی بکەن، ئیدی چ پێویست بەڕەخنە و ڕەخنەگرتن دەکات لەیەکتری. کورد تا پێکەوەو لەژێر یەك چەتری نەتەوەیدا کۆنەبنەوەو هەمووان پێکەوە یەك تاکتیكو ستراتیژ پیادە نەکەن، بەدڵنیاییەوە سەرکەوتن بەدەست ناهێنن. جا لەبەرئەوەی کە بەهەموو هێزەکانەوەو لەپێش هەموانیشەوە هێزە کوردیەکانی خۆرئاواو لەپێش هەموانیشەوە پەیەدە گیانفیدایيو بەرخۆدانێکی بێوێنەی نواندوە، ئەرکمانە کە ئەم یەكو یەکگرتوویی هێزو تواناکان بپارێزینو ڕێگە نەدەین درزو کەلێن بکەوێتە نێوانمانەوەو هەروەك چۆن کوبانێ بوە خاڵی کۆکەرەوەی هەموو کورد، با هەروا بمێنێتەوەو نەیکەینە قوربانی مەزاجی کەسیو ململانێی نارەوایی حزبایەتی. هەربەمەش گرەوی جەنگەکە دەبەینەوەو کورد جێگەو پێگەی شیاوی خۆی لەناوچەکەو دونیاشدا ڕادەگرێت، چونکە لەم قۆناغەدا لەسەر زەمینەی واقیعی کورد نوێنەرایەتی هەموو جیهان دەکات لەدژی داعشو تیرۆریستان کە بوونەتە مەترسیو هەڕەشەیەکی جددی بۆ سەر تەواوی ئاشتیو ئارامی مرۆڤایەتی.

---

* ئەم بابەتە لە  سایتەکانی مەکتەب ڕێکخستن و پێنوسەکان و ستاندارکورد و پی یو کەی میدیا لە ٢٧و١٠/٢٨ و کوردستانی نوێ ژمارە ٦٥١٥ لە ٢٠١٤/١٠/٢٩دا بلاْوکراوەتەوە.

## چارەنوسی پڕۆژەی دەستوری هەرێم بەرەو کوێ؟*

❖ ئاشکرایە لە بەرواری ١٩٩٢/١٠/٤وە هەرێمی کوردستانی عێراق لە لایەن یەکەمین پەڕلەمانی هەڵبژێردراوی کوردستانەوە بنەمای پەیوەندیەکانی لەگەڵ بەغداد و لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی عێراقی فیدڕاڵدا ڕاگەیاند وئیدی لەو بەروارەوە گەلی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای فیدڕاڵیەت و بە ئارەزووی خۆی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا مایەوە و کورد خەباتێکی زۆریشی کرد بۆ چەسپاندنی ئەو بنەمایە لەسەردەمی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا و دواتریش لەدوای ڕوخاندنی ڕژێمی بەعسی صدامی لە ساڵی ٢٠٠٣دا و نوسینەوەی دەستوری هەمیشەیشدا لە ساڵی ٢٠٠٥دا کورد توانی بنەمای پێکەوەژیانی گەلانی عێراق لەسەر بنەمای دیموکراسیەت و فیدڕاڵی و پێکەوەکارکردن و سیستەمی پەڕلەمانی بنیات بنێت وەك مۆدیلێکی حوکمڕانی لە عێراقی نوێی دوای ٣٣ ساڵ لە دیکتاتۆریەتی بەعس.

لەمادەی ((١١٧)) دەستوری هەمیشەیی عێراقدا هاتوە کە (( ئەم دەستورە لەکاتی جێبەجێکردنیدا، داندەنێت بە بونی هەرێمی کوردستان و دسەلاْتەکانی و بە یەکێك لە هەرێمەکانی دەوڵەتی عێراقی فیدڕاڵی دەزانێت)) کە ئەم بەندەی دەستور بون و پێگەی هەرێمی کوردستانی کردە دەستوری و یاسایی و شەرعیەتی پێدا وئیدی هیچ دەسەلاْتدارێکی عێراقی ناتوانێت نکوڵی لە بون و شەرعیەتی هەرێمی کوردستان بکات و ئەمەش سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستان.

بەهەمان شێوە لە مادەی (( ١٢٠)) ئەو دەستورەدا هاتوە کە(( هەرێمی کوردستان هەڵدەستێت بەدانانی دەستورێك بۆ هەرێمەکە، کە تیایدا پەیکەری دەسەڵاتەکانی هەرێم دیاریدەکات، و میکانیزمی پیادەکردنەکانیشی دەردەخات، بەمەرجێك دژ نەبێت لەگەڵ دەستوری هەمیشەیی عێراقدا)).

ئالێرەوە دەبوو سەرکردایەتی سیاسی کورد و حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان ڕاستەوخۆ بکەوتنایەتە خۆیان بۆ نوسینەوەی پرۆژەی دەستورێك بۆ هەرێمی کوردستان ، بۆ زیاتر شەرعیەتدان بە دەسەلات و مان و بونی هەرێمەکەمان.بەلام پەرلەمانی کوردستان لەدوای ٣ ساڵ توانی بە یاسای ژمارە ١٦ ی ساڵی ٢٠٠٨ کە یاسای پەسەندکردنی دەستوری هەرێمی کوردستانە لە دانیشتنی ٢٠٠٨/١١/٢٦دا پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستانی پەسەند کرد.ئەم دەستورە لە ١٢٢ مادە پێك دێت و تاڕادەیەك هەنگاوێکی باش بوو، بەلام پێش ئەوەی بخرێتە دەنگدانی جەماوەریشەوە بە یاسای ژمارە ٩ ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەموارکردنی یەکەم یاسای پەسەندکردنی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کرد لە دانیشتنی ٢٠٠٩/٦/٢٢دا و سەرۆکی هەرێمیش بە بڕیاری ژمارە((١٥)) لەساڵی ٢٠٠٩دا ئەو هەموارکردنەی پەسەند کرد.و بەرواری ٢٠٠٩/٧/٢٥ش دیاریکرا بۆئەوەی لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمدا جەماوەری گەلی کوردستانیش بە بەڵێ یان نەخێر دەنگ بدەن بۆ پەسەندکردن یان ڕەتکردنەوەی ئەو پرۆژە دەستورە، بەلام ئەو کارە نەکرا.

دوای ئەوەی کە ئەو پرۆژە دەستورە کەوتە بەردەستی حیزبە سیاسیەکان و ڕێکخراوە مەدەنیەکان و ڕۆشنبیران و خەمخۆرانی دواڕۆژی هەرێمەکەمان ، هەریەکەیان ڕاوبۆچونی جیاواز و تێبینی و ڕەخنەی خۆیان لەبەرامبەر ئەو دەستورەدا دەربڕی و گەلێك ناڕەزایشی لێکەوتەوە و دوای ئەوەی کە ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە کوردستان سەریهەڵداو توانیشیان لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥دا ڕێژەیەکی بەرچاو دەنگی دەنگدەران بۆخۆیان کۆبکەنەوە و بەمەش بەلانسی هێزەکان گۆڕانکاری بەسەرداهات و ئیدی پارتی و یەکێتی وەکو دوو حیزبی دەسەلاتدار و زۆرینەی پەرلەمان نەیاندەتوانی بە ئاسانی ڕاوبۆچونی خۆیان بسەپێنن،بەهۆی بوونی ڕێکەوتنی ستراتیژیشەوە لە نێوانیاندا، کاری دەنگدان لەسەر دەستورەکە تا ئێستا دواکەوتوە.

ئەوەی خاڵی سەرەکی جێگەی ناکۆکی هەموانە بریتیە لە جۆری سیستمی حوکمڕانی لە کوردستان لەنێوان (( سەرۆکایەتی و پەرلەمانیدا)) وچۆنێتی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و ماوەی سەرۆکایەتیەکەی و دەسەلاتەکانێتی، زۆرینە لەگەڵ ئەوەدان کە ئەو دەستورە هەرچەندە لە لایەن پەرلەمانەوە پەسەندکراوە بەلام سەرۆکی هەرێم تائێستا پەسەندی نەکردوە و مەرجی

سەرەکیش بۆ پەسەندکردنی هەر دەستورێك و ئەو دەستورەش (( دەبێت لە دەنگدانێکی گشتی و نهێنیدا لەلایەن زۆرینەی دەنگدەرانی کوردستانەوە پەسەند بکرێت)) وەك لەمادەی ١١٨ دەستورەکەدا هاتوە.بەهەمان شێوەش هەر هەموارکردنێك لەهەر مادە و برگەیەکی ئەو دەستورەدا بەپێی مادەی ١٢٠/ پێنجەمی دەستورەکە دەبێت (( گەلی کوردستانی–عێراق لە راپرسیەکی گشتیدا، بەزۆرینەی دەنگدان، ڕەزامەندی لەسەر هەموارکردنەکە بدەن)).

لە مادە ٦١ دەستورەکەدا هاتوە کە (( هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم بە ڕاستەوخۆ و نهێنی دەبێت )) هەربۆیەش لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥دا سەرۆکی هەرێم بۆ جاری دووەم لەلایەن جەماوەرەوە ڕاستەوخۆ هەڵبژێردرایەوە. و بە پێی مادەی ٦٤ دەستورەکەش (( ماوەی سەرۆکی هەرێم ٤ ساڵە و دەکرێت بۆ ولایەتی دووەمیش هەڵببژێردرێتەوە. لەڕۆژی کارپێکردنی ئەم دەستورەوە)).

لەئێستادا سەرۆکی هەرێم کاك مەسعود بارزانی بۆ یەکەم جار لە ٢٠٠٥/٦/١٢دا لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە هەڵبژێردرا بۆ ٤ ساڵ و دواتر لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥دا جارێکی تر ڕاستەوخۆ لەلایەن جەماوەرەوە بەنهێنی بۆ ٤ ساڵی تر هەڵبژێردرایەوە.کە بەم شێوەیە دوو ولایەتی خۆی تەواوکردوە و ماوەی ٨ ساڵی ڕێك سەرۆکی هەرێم بوە.بەڕێکەوتنێکی سیاسی دوولایەنەی یەکێتی و پارتیش لە ٢٠١٣/٦/٣٠دا دووساڵی بۆ درێژکرایەوە ، کە ئەم هەنگاوە تەواوی جەماوەری گەلەکەمانی تورە و بێزار کرد و تەنانەت زۆرینەی ئەندام و لایەنگرانی یەکێتیش لەگەڵ ئەو هەنگاوەی سەرکردایەتیەکەیاندا نەبوون و ئەنجامیش زۆر بەخراپی شکایەوە بەسەر یەکێتیدا و لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٢٠١٣/٩/٢١دا دەنگەکانی یەکێتی زۆر کەمی کرد و لە ٢٩ کورسیەوە تەنها بوە خاوەنی ١٨ کورسی.و یەکێتی بەتەنها بوە قوربانی دۆستایەتی و ڕاستگۆبوونی لەگەڵ پارتیدا.

لە ئێستادا دەنگۆی ئەوە هەیە کە سەرۆکی هەرێم بە پەنهانی لەهەوڵی درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتیەکەیەتی بۆ چەند ساڵی تر، بەڵام لەڕاگەیاندنەکاندا ئەو دەنگۆیانە ڕەتدەکاتەوە.

**بۆیە پرسیار لێرەدا ئەوەیە،کە ئایا دەبێت ئەو دەستورە بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان بۆئەوەی هەموار بکرێتەوە و گۆڕانکاریەکانی ئەم چەند ساڵەی تیادا جێبکرێتەوە؟ یان ڕاستەوخۆ بەم شێوە و فۆرمەی ئێستای بخرێتە ڕاپرسیەکی گشتیەوە بۆ پەسەندکردنی و دواتر کارپێکردنی؟**

ئەوەی ئاشکرایە و یاساییشە ، ئەم پڕۆژەی دەستورە ڕاپرسی گشتی جەماوەری لەسەر نەکراوە هەربۆیە هیچ شەرعیەتێکی نیە، بۆیە دەکرێت بۆئەوەی ئەم پرۆژە دەستورە ببێتە نمایندەی هەموو بیر و بۆچون و تێڕوانینە جیاوازەکانی گەلەکەمان و لایەنە سیاسیەکان و دەستورێك بێت کەهەموان خۆیان بە خاوەنی بزانن و لە ئایندەشدا پابەندی مادە و بەندەکانی ببن و ڕێز و

تەقدیریشی بگرن و بەرژەوەندی گشتی و بارودۆخە سیاسی و ئابوری و گۆڕانکاریەکانی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و دونیاش لەبەرچاو بگیرێت، کارێکی لۆژیکی و ڕاست و دروست دەبێت بۆ تەواو کامڵکردنی و کەمکردنەوەی ناڕەزایی و تێبینیەکان و تەواو پێگەیشتنی ئەو پرۆژەیە پێش خستنە ڕاپرسی گشتیەوە جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ ناو پەرلەمان و دوای لێکۆڵینەوە و گفتوگۆی هەمەلایەنە و بەهەند وەرگرتنی بیروبۆچونە جیاوازەکانی گەلانی کوردستان ئەو کات پەسەند بکرێت و دواتریش بەپێی یاسایەك بخرێتە ڕاپرسی گشتیەوە و هەرکات بەزۆرینەی دەنگدەران بە (( بەڵێ )) پەسەندکرا، ئەو کات ئەو دەستورە شەرعیەتی جەماوەری وەردەگرێت و سەرۆکی هەرێمیش پێویستە لەماوەی ١٥ ڕۆژدا پەسەندی بکات و ئیدی دەبێت کاری پێبکرێت و سیستەمی حوکمڕانی و دەسەڵاتەکان و جوگرافیای هەرێم گۆڕانیان بەسەردا بێت و حکومەت پابەند دەبێت بە هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی تەواوی مادە و بڕگەکانیەوە.

ئەوەی کە دەمێنێتەوە و لە ئێستادا بۆتە جێگەی گفتوگۆ ئەوەیە کە سەرۆکی هەرێم چیدی دەتوانێت بۆ جارێکی تر خۆی کاندید بکاتەوە یان نا؟

وەك باسکرا سەرۆکی هەرێم دوو جار و بۆ ٨ساڵ هەڵبژێردراوە و ٢ ساڵی تریشی بۆ درێژکراوەتەوە لەدەرەوەی شەرعیەتی هەڵبژاردنەوە، بۆیە بەڕای زۆرینە چیدی سەرۆکی هەرێم بۆی نیە بۆ جاری سێیەم خۆی کاندید بکاتەوە . ڕاستر و جوانتریشە بۆ جەنابی و بۆ ئەزمونی حوکمڕانی کوردستان و بۆ زیاتر جێگیربونی دەسەڵاتەکانی هەرێم لەبەردەم دۆست و دوژمناندا، کە بەڕێزیان وەك دەستپێشخەریەك و داهێنانی ڕێچکەیەکی ڕاست و دروست و مەدەنیانە کە پۆستەکانی هەرێم قۆرخ نەکرێت و ڕێگەش بگیرێت لە سەرهەڵدانی تاکڕەوی و میراتگیری و پیشاندانی وێنەیەکی گەشی دیموکراسی و ئاڵوگۆڕکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات ،کە خۆی کاندید نەکاتەوە و بەمەش چانسێك دەداتە ڕۆڵەیەکی تری گەلەکەمان بۆ ئەوەی شەرەفی خزمەتکردنی پێببڕێت وسەردەم و قۆناغێکی نوێ بێتە ئاراوە و کوردستان و هەرێمەکەشمان بەرەو ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی زیاتر هەنگاو بنێت و ڕزگاری ببێت لەدەست تەنگژە سیاسی و ئابوری و داراییەکان و ئاسۆکانی ئایندەی کوردستانی گەورەش ڕوونتر ببێتەوە و پێکەوە و بە ئاشتیانە هەنگاو بەرەو خەونە گەورەکەمان بنێین لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیدا. هەربۆیە لە ئێستادا گەڕاندنەوەی پرۆژەی دەستور بۆ پەرلەمان و هەموارکردنەوەی و دواتر خستنە ڕاپرسی گشتی جەماوەریەوە بۆتە کارێکی زۆر هەنوکەیی و بەپەلەی ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستان و تەواوی فراکسیۆن و ئەندامانی پەرلەمانیش لەبەردەم ئەرکێکی گەورە و پیرۆزی مێژوویدان بۆ هەرێمەکەمان و ئایندەی دەسەڵاتەکەی و پێویستە هەموانیان دوور لە ئینتیمای سیاسی و

حیزبیان کاری جدی و کوردانە بکەن بۆ پەسەندکردنی ئەم دەستورە تا ببینە خاوەن دەستورێکی هەمیشەیی بۆ هەرێمەکەمان و شەرعیەت وەرگرتنی زیاتر.ئەم کارەش کاری پێکەوەیی و سازانی نیشتیمانی گەرەکە دوور لە موزایەداتی سیاسی و حیزبی تەسك و بچووك.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی مەکتەب ڕێکخستن و ئاوێنە نیوز و پێنوسەکان و خەندان و ستاندارکورد و ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە ١١/١٨ و ١١/١٩ و هاوڵاتی ژمارە ١٤٣٢ لە ١١/٢٠ و هەواڵ ژمارە ٥٩٣ لە ٢٠١٤/١١/٢٢دا بڵاوکراوەتەوە.

## ڕێککەوتنی هەرێم و بەغدا.. دەسکەوتێکی گەورە بۆ کوردستان*

- بەهەموو پێوانەکان ڕۆژی ٢٠١٤/١٢/٢ ڕۆژێکی پڕ دەسکەوتی سیاسیو ئابووری بوو بۆ هەرێمی کوردستان، کە تیایدا هەرێمی کوردستانو بەغدا ڕێککەوتنێکیان واژۆکرد کە بووە هۆی کردنەوەی گرێ کوێرەیەك کە ماوەی چەندین ساڵ بوو نەدەکرایەوەو تەنگژەیەکی سیاسیو ئابووریو دارایی لەنێوان هەردوولادا دروستکردبوو. ئەم ڕێککەوتننامەیە هەرچەندە کۆتایی نییە، بەڵام گرنگیو کاریگەری گەورەی دەبێت لانیکەم بۆ ساڵی ٢٠١٥، چونکە ئەو ڕێککەوتننامەیە لەبودجەی ساڵی ٢٠١٥دا چەسپێنراوە وەك مافەکانی هەرێمی کوردستانو هەردوولاش کاتێك لەپەڕلەمانی عێراقدا پەسەندکرا پێوەی پابەند دەبن. ئەم ڕێککەوتننامەیە سەرەتا لەلێکتێگەیشتنی ڕۆژی ٢٠١٤/١١/١٣وە دەستیپێکرد لەئەنجامی سەردانێکی وەزیری نەوتی عێراقەوە بۆ هەرێمو ڕێککەوتن لەسەر ناردنی ٥٠٠ ملیۆن دینار وەك نیازپاکییەکی بەغدا بۆ هەرێمو هەرێمیش لەبەرامبەردا ڕۆژانە ١٥٠ هەزار بەرمیل نەوت هەنارده بکات بۆ حسابی بەغدا. ئەم لێکتێگەیشتنە بوە هۆی تواندنەوەی سەهۆڵبەندانی نێوان هەردوولاو بوژاندنەوەی متمانە لەنێوانیاندا.
- **ڕێککەوتنەکە گرنگییەکەی لەوەدایە:**

-لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقەوە بەکۆی دەنگ پەسەندکراوە کە وەزیرەکان لەپێکهاتە جیاوازەکانی عیراقنو ئەمەش کاریگەری دەبێت بۆ دەنگدانی پەڕلەمانو ئەم

ڕێککەوتننامەیە جیا لەساڵانی پێشوو نووسراوەو تەنها لەلایەن سەرۆك وەزیرانو بەڵێنی زارەکی نییەو لەچوارچێوەی پەیوەندی کەسیی دەرچووە.
-ئەوەی هەرێم ویستی بەزیادیشەوە دەستیکەوتووە، لەوانە پشکی هەرێم ١٧٪ بەتەواوەتی دەنێرێت کە بەپێی خەمڵاندنی بودجەی گشتی عێراقو لەسەر بنەمای نرخی ١ بەرمیل نەوت ٧٠ دۆلار دانراوە بە ١٦٠ تریلیۆن دینارو دوای دەرکردنی خەرجی سیادیو حاکیمە کە بریتییە لە ٤٥ تریلیۆن دینار بەپوختی بڕی ١٥ تریلیۆن دینار پشکی هەرێمی کوردستانەو نیوەی مووچەی هێزی پێشمەرگەش دەنێردرێت وەك بەشێك لەسوپاو هێزی بەرگری عێراق، کە ئەم خاڵە لەساڵی ٢٠٠٧وە جێگە ناکۆکی بوەو بەغداد هیچ جۆرە مووچەو یارمەتیو چەكو تفاقێکی جەنگی نەداوە بەپێشمەرگە. سەرەڕای ئەمانەش بەغدا ڕازیبووە  کە قەرزەکانی هەرێمیش بگەڕێنێتەوە کە بریتییە لە ١٦ تریلیۆن دینارو زیاد لەمەش بڕی ٢ تریلیۆن دینار  بنێرێت بۆ کوردستان کە خۆی ئازاد بێت لەکڕینی داو و دەرمانو پێداویستی پزیشکی کە جاران بەغدا ڕێگەی بەمە نەدەدا، هەروەها بڕی ٣ تریلیۆن دیناریش وەك موستەحەقاتی کۆمپانیا نەوتییەکانی کوردستانیش دەنێرێت کە ئەم خاڵەش بەغدا زۆر بەزەحمەتو بەمەرجی قورس هەندێجار دەچووە ژێر باریەوە.
-بەغدا داوایکردووە ڕۆژانە ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی کوردستان بخرێتە حسابی بەغداوە. کە ئەمەش بۆ خۆی گرنگی خۆی هەیە، چونکە یەکەمجارە بەغدا بەڕەسمی داوا بکات کوردستان نەوت بفرۆشێت لەبازارەکانی جیهاندا، کە ئەم هەنگاوە لەڕووی یاساییو سیاسیو ئابورییەوە گرنگە بۆ کوردستانو پێگەی هەرێم بەهێزتر دەکات، چونکە چیدی ڕێگرو کێشە نامێنێت لەسەر ئاستی ناوچەکەو بازاڕی دونیای نەوتدا لەبەردەم فرۆشتنی نەوتی کوردستاندا کە پێشتر ئەم خاڵە جێگەی مشتومڕی هەمیشەییو دوورکەوتنەوەی هەردوولا بووە لەیەکتری. لەلایەکی ترەوە هەرێم لەساڵی ٢٠١٥دا دەتوانێت بڕی بەرهەمی نەوت زیاتر بکاتو بیگەیەنێتە ٥٠٠ هەزار بەرمیل لەڕۆژێکدا کە لەو کاتەدا بڕی ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت زیاد دەبێتو دەتوانرێت هەرێمو بەغدا سوودی لێ ببینن بەهاوبەشی یان تەنها بۆ کوردستان بێت کە جارێ ئەم مەسەلەیە یەکلانەکراوەتەوە.
گرنگترین خاڵ، ئەوەیە کە بەغدا خۆی داوای کردووە کە ڕۆژانە بڕی ٣٠٠ هەزار بەرمیل لەنەوتی کەرکوکو لەڕێگەی هێڵی بۆری نەوتی کوردستانەوە هەنارده بکرێتو بفرۆشرێت بۆ حسابی بەغداد. ئەم خاڵە گرنگییەکەی لەوەدایە کە کەرکوکی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ

بەستەوە بەکوردستانەوەو سەرەتایەکی یاساییدایە داواکاری کورد بۆ گێڕانەوەی کەرکوکو هەموو جێگە ناکۆکەکانی تریش، هەرچەندە بەغداد مەرجی ئەوەی هەبووە کە کورد داوای کەرکوك نەکات بەم هۆیەوە، بەڵام بۆ خۆی بەڵگەیەکی یاساییو مێژوویی دایە دەست کورد لەبەرامبەر کەرکوکدا بۆ ئایندە.

کەواتە ئەم ڕێککەوتنە گەر بەدیقەتو وردییەوە لێی بڕوانرێت، سەرتاپای بەقازانجی هەرێم شکاوەتەوەو بۆ هەرێمی کوردستان دەسکەوتێكو هەنگاوێکی گەلێك گەورە دەبێت. هەرچەندە هەندێ تێبینی هەیە لەسەر ئەو خاڵەی کە کوردستان چۆتە ژێر باری هەناردەکردنی ٥٥٠ هەزار بەرمیلەوەو پێشتر ئەمەی نەکردبوو. بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە لەهەموو دانوستانێکدا هیچ لایەك هەموو خواستو ویستەکانی دەستناکەوێت بەڵکو پێویستە بداتو وەریشبگرێت. بۆیە دەرەنجام هەردوولا دەسکەوتیان دەسکەوتووە کەم تا زۆرو ئەم ڕێککەوتنەش بۆ هەردوولا بەقازانج دەبێت.

**ئەم ڕێککەوتنە لەم کاتەدا بۆ؟**

ئەم ڕێککەوتنە هێندەی لەژێر فشارو پێویستی قۆناغەکەدا هاتۆتە کایەوە نیو هێندە بەخۆشیو ئاسایی نەهاتۆتە بوون، چونکە هەردوولا هەرێمو بەغدادیش بەقۆناغێکی پڕ مەترسیداردا تێپەڕ دەبن کە پێویست دەکات هاوکاریو هەمئاهەنگیو کاری پێکەوەیی بکەن بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوەی و بۆ ڕزگارکردنی دەوڵەتی عێراقو هەرێمیش لەچارەنووسێکی نادیار.

ئەوەتا هەرێم ماوەی ساڵێکە لەتەنگژەیەکی دارایی زۆر سەختدایەو ناتوانێت تەنانەت مووچەی فەرمانبەرانی خۆشی بدات لەکاتی خۆیداو ماوەی ساڵێکە یەك پڕۆژەی ئاوەدانی بچووكو گەورە جێبەجێ نەکراوەو سەرەڕای خەرجی زۆری شەڕی دژ بەداعشو تیرۆریستانو ئاوارەبووەکانو..هتد. کە هەرێمو حکومەتی خستبووە بارودۆخێکی شڵەژاو و نائاساییەوە. لەبەرامبەریشدا بەغدادیش بەهەمان شێوە ڕووبەڕووی کەمی بودجەو داهات ببۆوەو مەترسی داعشو تیرۆریستان کە نزیکەی ٢٥٪ خاکی عێراقیان داگیرکردووە لەئەنبارو موسڵو سەڵاحەدینو...هتد، بۆیە هەردوولا توانیان بگەنە ئەنجامێکی دڵخۆشکەر.

ئاشکرایە کە سەرهەڵدانو گەورەبوونی کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغدا لەئەنجامی لێکتێنەگەیشتنو مل نەدان بۆ داواکاریو خواستەکانی یەکترو هەندێجار کەلەڕەقیو غروری

هەردوو لاوە هاتۆتە کایەوەو هەندێجاریش هەڵەی سیاسەتو هەڵسەنگاندنی هەڵە بۆ هێزو توانای یەکتریو زۆرجاریش لەژێر فشارو هەڵخەڵەتاندنی وڵاتانی دراوسێدا ململانێکان توند بوونو نەزعەی نەتەوەییو مەزهەبیشی تێکەوتووە.

بەڵام سەرکەوتنو واژۆکردنی ئەم ڕێککەوتنەش بۆ نەرمی نواندنی هەردوولاو هاتنە پێشەوەی قۆناغێکی نوێ لەسیاسەتو بیرکردنەوەو کەسەکانیشەوە سەرچاوەی گرتووە کە لەبەغدا د.حەیدەر عەبادی وەك پیاوێکی دەوڵەتمەدارو تێگەیشتوو لەپێشینەی کێشەکانی نێوان هەردوولاو هەڵسەنگاندنی پەیوەندییەکانو داواکاریو خواستەکان توانی ئەم هەنگاوە بوێرانە بنێتو هەردوولا ڕازیبکات، بیرمان نەچێت کە کێشەو ململانێ حزبییەکانی ناوماڵی شیعەو حزبی دەعوەش بەهەمان شێوە کاریگەریو ڕۆڵی خۆی هەبووە لەسەرکەوتنی ئەم ڕێککەوتننامەیەداو عەبادی گەرەکێتی هەڵەکانی زەمانی نوری مالکی دووبارە نەکاتەوەو تا بتوانێت دەسەڵاتو حوکمی خۆی بچەسپێنێتو سەرکەوتنی زیاتر بۆ خۆی تۆمار بکات. دەبێت ئەوەش بزانین کە هەنگاوەکان ئاسان نەبووە بۆ هەردوولاو لەداهاتووشدا ڕێگریو دژی زیاتریشی بۆ پەیدا دەبێت. بەم متمانەو ڕاستگۆییو نیازپاکی هەردوولا زامنی سەرکەوتنی ئەم ڕێککەوتنامەیە و هەر کاتێکیش هەر لایەنێك بەهەر هۆیەکەوە پابەند نەبوو بەخاڵەکانی ڕێککەوتنەکەوە، ئەوا لاکەی تریش دەتوانێت خۆی لێ ڕزگار بکات. لەکۆتاییدا ئەم ڕێککەوتنە سەرەڕای هەموو تێبینییەکان لەسەری دەبێتە مایەی دڵخۆشی بۆ هەموو گەلانی عێراق بەگشتیو بەتایبەتیش کوردستانو هەردوولا لەقەیرانی سیاسیو دارایی ڕزگار دەکاتو مەترسی داعشیش کەمترو کاڵتر دەکاتەوەو بەمشێوەیە هەردوولا سەرکەوتوو بوونو دەسکەوتیشە بۆ هەمووان.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی مەکتەب ڕێکخستن و پێنوسەکان و پی یو کەی میدیا و کوردئۆیل لە ٤و ٢٠١٤/١٢/٧ و کوردستانی نوێ ژمارە ٦٥٤٨ لە ١٢/٧ و هەواڵ ژمارە ٥٩٦ لە ٢٠١٤/١٢/١٣دا بڵاوکراوەتەوە.

## سەرئەنجام شاری سلێمانی ئەم گرەوەشی بردەوە... *

- پێدەچێت ساڵی ٢٠١٤ بۆ کورد و بۆ شاری سلێمانی لە کۆتاییەکەیدا ببێتە مایەی خێر و بێر بەپێچەوانەی سەرەتا و ناوەڕاستەکەیەوە، چونکە هەر لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٤ وە بەهۆی نەناردنی بودجە و موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانەوە لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە ،هەرێم ڕووبەڕووی تەنگژەیەکی دارایی سەخت بوەوە و تا ئێستاش بەدەستیەوە دەناڵێنێت ، لەناوەڕاستی ساڵیشدا جارێکی تر هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی تەنگژەیەکی سەربازی بوەوە لەبەرامبەر تیرۆریستانی داعشدا و تا ئێستاش ئەو جەنگە پیرۆزەی کورد بەردەوامە کە لەجیاتی هەموو جیهان دژی چەتەکانی داعش دەیکات و تا ئێستا زیاد لە ١٧٠٠ شەهید و ٣٠٠٠ بریندار داوە. بەڵام پێدەچێت لەکۆتایی ساڵدا قەرەبووی ئەو نەهەماتیانەمان بۆ بکاتەوە بەوەی کە لە ٢ دیسەمبەردا هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێم ڕێکەوتنێکیان واژۆکرد بەوەی کە لەساڵی ٢٠١٥دا موچە و بودجە و ناردنی نەوت و مەسەلەی پێشمەرگە و ..هتد. چارەسەر بکەن ، بەم ڕێکەوتنە هەردوولا لە قەیرانی دارایی ڕزگاریان دەبێت و تاڕادەیەك ئاهێکیان پیادا دێتەوە.ئەوەتا لەشاری سلێمانیشدا و لەبەرواری ١٠ دیسەمبەردا ڕێکەوتنێکی مێژوویی لەنێوان هەردوو حیزبی سیاسی گەورەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان واژۆکرا بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و خۆشبەختانە توانیان دوای نزیکەی ٧ مانگ بەشێوەیەکی دیموکراسی و ئاشتیانە دوور لە توندوتیژی و بەکارهێنانی هەڕەشە و

گوڕەشە و  بە گیانێکی برایانە و خەمخۆرانە بۆ شاری سلێمانی و جەماوەرەکەی توانیان سەرئەنجام هەمووان دڵخۆش و ئارام بکەنەوە.

- **گرنگی ئەم ڕێکەوتنامەیە لەوەدایە کە :**

- هەردوو لایەنی یەکێتی و گۆڕان کە دوو حیزبی سەرەکین و خاوەن زۆرترین جەماوەر و دەنگەدەرن لەم سنورەدا، بە ئاشتیانە کێشەکانیان چارەسەرکرد، گەر بهاتەیەو یەکێکیان پەنای ببردایەتە بەر توندوتیژی ئەوا ئەنجامەکان خوێناوی و دوور لەخواست و ویستی جەماوەری هەردوولا دەکەوتەوە و ئەنجامیش هەر سلێمانی تیایدا زەرەرمەند دەبوو.

- ڕێکەوتنی ئەو دوولایەنە مایەی دەستخۆشیەو ئایندەی  پێکەوەکارکردن و هەمئاهەنگی زیاتر جارێکی تر بەخزمەتی سلێمانی دەشکێتەوە.

- ڕێکەوتنی دوولایەنەکە و دواتریش لەگەڵ لایەنەکانی تردا پارتی و کۆمەڵ و یەکگرتوو، نمونەیەکی جوانی حکومەتی خۆجێی بنکە فراوانی لەسلێمانیدا چەسپاند ، کە هەر ئەمەش کلتوری شاری سلێمانی و ڕۆڵەکانێتی  و دەکرێت ئەمجارەش لەسلێمانیەوە جێگەکانی تریش فێری پێکەوەژیان و پێکەوەکارکردن بن  دوور لەگیانی خۆسەپاندن و پەراوێزخستنی لایەنەکانی تر.

- ئەم ڕێکەوتنە بۆ ماوەی ٤ ساڵی ئایندە دەبێتە مایەی چەسپاندنی ئاشتی و ئارامی و پێشکەوتن و گەشەکردنی زیاتری سلێمانی، هەروەکو چۆن لە ڕابووردودا سلێمانی سەرتۆپی سەرجەم شارەکانی عێراق و کوردستانیش بوە  و پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە لەسەرجەم بوارەکانی خوێندن و ئەمنیەت و پیشەسازی و تەندروستی و  خزمەتگوزاریەکانی تر و نزمی ڕێژەی بێکاری. ئەم ڕاستیە گەر بەڵگەی شتێك بێت ئەوا بەڵگەیە بۆ سەرکەوتن و دڵسۆزی و خەمخۆری دەسەڵاتدارانی ئەم شارە کە ئاشکراشە تەنها یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەموو جومگەکانی ئیدارە و ئەمنیەتی شاری بەدەستەوە بوە.

ئەم ڕاستیانەش دۆست و دوژمن دانیان پیاداناوە و ئەوەتا ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتوەکان وەك لایەنێکی بێلایەن و  نێونەتەوەیی ئەو ڕاستیانەی سەلماندوە.

- لەکۆتایدا سلێمانی بە واژۆکردنی ئەم ڕێکەوتنامەیە جارێکی تر بوە سەرمەشقی ژیانی دیموکراسی و پێکەوەژیان و کۆکەرەوەی هەموو ئاڕاستەو بیروبۆچونەکان، کە سەرئەنجامیش دەبێتە مایەی خێر و بەرەکەت و ئەمنیەت و خۆشگوزەرانی زیاتر بۆ سەرجەم هاولاَتیانی پارێزگاکە هەر لە کفری و کەلار و گەرمەسێرەوە تا هەڵەبجە و پێنجوێن و شارەزوور و شارباژێڕ و ڕاپەڕین و پشدەر و چەمچەماڵ و بازیان و پیرەمەگرون. هەرئەم ئاڕاستەی پێکەوەییەش دەبێتە مایەی ئەوەی کە هاولاَتیان هەست بەبوون و ئەرك و مافەکانیان بکەن و دڵسۆز و خەمخۆریش بن

بۆ پارێزگاکەشیان . گرنگ واژۆکردنی ڕێکەوتنەکە نیە لەسەر کاغەز بەڵکو گرنگ جێبەجێکردن و ڕەنگدانەوەیەتی لەسەر زەمینەی واقیع و سوود گەیاندنێتی بەهاوڵاتیان لە دەنگەدەرەکانیان و نوێنەرەکانیان چونکە جەماوەری خۆڕاگر و پشوودرێژ و دڵسۆزی پارێزگای سلێمانی شایەنی هەموو خزمەتێکن کە دانیان بەخۆیاندا گرت و بۆ ماوەی ٧ مانگ لە چاوەڕوانیدا بوون .بەهیوای ئەوەی ئەم نمونەیەی سلێمانیش لە هەولێر و دهۆك و هەموو پارێزگاکانی تری عێراقیش ڕەنگبداتەوە و هەربەمەش دیموکراسیەت و ئازادیەکان دەچەسپێنرێت. وسلێمانیش سەلماندیەوە کە هەمیشە دەستپێشخەر و داهێنەر وبۆ گەورەیی و بەگەورەیی هاتۆتە بوون.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی مەکتەب ڕێکخستن و خەندان و SNN لە ١١ و ٢٠١٤/١٢/١٢دا بڵاوکراوەتەوە.

## ئەریٰ کوردستان پێویستی بە یاسای لەناکاو (( تەواری )) هەیە؟*

❖ لەم ڕۆژانەدا زۆر باسی سەپاندن و جێبەجێکردنی یاسای تەواری دەکرێت لەهەرێمی کوردستاندا.. نیاز و مەرامە ئاشکراو شاراوەکان بەشێوەیەك لە شێوەکان پاڵنەرن بۆ سەپاندنی ئەم یاسایە و بۆ هەر پاساوێکیش بیانوی ئامادە هەیە..

ئاشکرایە یاسای باری لەناکاو وەکو هەموو یاسایەك دەبێت لە لایەن پەرلەمانەوە دەربچێت ،بەڵام یاساکە جێبەجێناکرێت تا کاتی پێویستی خۆی نەیەتە پێش و هەرکاتێکیش پاساوەکان هێندە بەهێز بوون بۆ سەپاندنی ئەو کات بە مەرسومێکی تایبەت دەسەپێنرێت و دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە ، جا یاساکە یان ئەوەتا لەهەموو وڵاتدا یان لە بەشێکیدا پیادە دەکرێت ، بەلاّم بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.

ئەم یاسایە دەسەڵات لە پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەری دەسەنێتەوە و زۆر جارانیش ئیشوکاریان هەڵدەپەسێرێت و دەسەلاّتێکی فراوان و ڕەهاش دەداتە دەسەلاّتی جێبەجێکردن.هەروەها یاسای تەواری دەبێتە هۆی سەپاندنی حوکمی عورفی و سەربازی و ئەمەش دەبێتە هۆی بەرتەسکردنەوەی ئازادیەکان لە میدیا و هاتوچۆ و بەستنی کۆڕو کۆبونەوە و قەدەغەکردنی هاتوچۆی شەوانە و زۆر جارانیش پێشێلکردنی مافەکانی

هاوڵاتی لێدەکەوێتەوە و یاسا پێشێل دەکرێت و کاری گرتن و ڕاوەدوونان ولێپرسینەوەی بێ دادوەر ڕوودەدات.

ئاشکراشە یاساکە ناوی خۆی لەخۆیەوەیەتی و تەنها بۆ کاتێکی کتوپڕ و لەناکاو دەبێت و بۆ کاتێکی دیاریکراویش دەبێت نەك بۆ هەتاهەتایی بێت .یاسای لەناکاو لەم کاتانەدا جێبەجێدەکرێت کاتێك :

١.وڵات ڕووبەڕووی کارەساتێکی سروشتی ببێتەوە و ببێتە هۆی لێقەومانی هاوڵاتیان وەك لافاو و بومەلەرزە و گڕکان و تسونامی و ..هتد..

٢.وڵات توشی ئاژاوە وهەڵگەڕانەوەی مەدەنی ببێتەوە بەهۆی برسێتی و قاتوقڕی و نەمانی ئاسایش و لێکترازانی جومگەکانی دەوڵەت.

٣.کاتێك شەڕ هەڵبسێت جا ناوخۆیی بێت یان هێرشی دەرەکی بێت کە ڕووبەڕووی وڵات ببێتەوە.

❖ **لە ئێستادا قسەو باس هەیە کە لە کوردستاندا یاسای لەناکاو پیادە بکرێت، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی لەم کات و ساتەدا ئەم بابەتە بۆتە مەترەح؟ بە قازانجی کێ و چ لایەنێکە؟ کێ و چ لایەنێکی لە پشتەوەیە؟**

ڕاستە کوردستان لە ئێستادا و ماوەی ٨ مانگی ڕێکە ڕووبەڕووی شەڕی چەتەکانی داعش بۆتەوە، و حاڵەتێکی نائاساییە ، و هەروەها بارودۆخی حکومەتی هەرێمیش بە هۆی هەڵەی ئیداری و سیاسیەوە بارودۆخێکی شڵەقاو و ناجێگیرە و لەسەر کەناری ئیفلاس بونە و ناتوانێت موچەی فەرمانبەران دابین بکات و پڕۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاریەکان وەستاون و هەرێم ڕووبەڕووی برسێتی و نەبوونی بۆتەوە و هیچ ئاسۆیەکی ڕوونیش نیە بۆ دەربازبوون و چارەسەرکردنیان، هەروەها هەرێم کەوتۆتە ژێر فشاری هێز و لایەنە دراوسێ و دەرەکیەکان لە عێراق و ئێران و تورکیاوە و هەریەکەشیان بەفعلی مەترسی سەربازیان دروست کردوە ، کە ئەم کارەشیان تازە نیە و لەسەرەتای مانگی حوزەیرانی ڕابووردوەوە دەستیان پێکردوە، هەندێ جار لەسەر داوای خۆمان و زۆرجارانیش بە خۆ سەپاندن وەکو هاتنی حەشدی شەعبی شیعی بۆ ناوچەکانی کوردستان و لە ئێستاشدا سەرکەوتنیان بەسەر داعشدا لە تکریت هێندەی تر مەترسیەکان قەبە دەکەن و ئاشکراشە ئێرانیش هێزی سەربازی ئاشکراو نهێنی لە عێراقدا هەیە و لە ئێستاشدا تورکیا بەنیازە سوپاکەی بەشداری پێبکات لە ڕزگارکردنی موصڵدا کە هەموو ئەم کارانە مەترسیەکانی سەر هەرێم زیاد دەکەن

و بۆنی گەلەکۆمەکیشیان لێدێت ..بەڵام بۆ هەر لەسەرەتاوە ئەم یاسایە نەخرایە گەڕ، ئەی بۆچی دوای ٨ مانگ بیر لەم یاسایە دەکرێتەوە؟
ئەوەی ڕوونە و مەبەستی ئاشکرایە ، بریتیە لەوەی کە دەبێت هەرێم لە ژێر سایەی ئەم یاسایەدا ڕووبەڕووی هەموو ئەو مەترسیانە ببێتەوە و بتوانێت درێژە بە مقاوەمەت و بەرگریکردن بدات لەلایەك دژ بە چەتەکانی داعش و تیرۆریستان و لەلایەکی تریشەوە بتوانێت کە ناڕاستەوخۆش بێت بەرگری بکات لە هاتنە پێشەوەی حەشدی شەعبی شیعی بە پاڵپشتی ئێران و لەملاشەوە بەرامبەر بەکارهێنانی هێزی تورکیا..گەر بۆ ئەم مەبەستانە بێت و مەبەست دەربازبوون بێت لە تەنگژە سیاسی و ئیداری و ئابوری و داراییەکانی هەرێم ، کارێکی باش و پەسەندە.
بەڵام ئەوەی لە پشت ئەم نیەتە باشانەشەوە دەخوێنرێتەوە بریتیە لەوەی کە ئاشکرایە ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆکی هەرێم نزیك بۆتەوە لە کۆتایی کە لە ٢٠١٥/٨/١٥دا کۆتایی دێت واتە تەنها پێنج مانگی ماوە و گەرەکیانە بەم بیانوەوە ماوەکەی بۆ درێژ بکەنەوە، چونکە لە حاڵەتی تەواریدا هەموو یاساکان و دەسەڵاتی پەرلەمان و دادوەری دەوەستێنرێت و تەنها دەسەڵاتی جێبەجێکردن کار دەکات کە سەرۆکی هەرێمیش وەك سەرۆك و وەك فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانیش هەموو دەسەڵاتەکانی هەیە و دەتوانێت بۆ هەر ماوەیەك کە خۆی دیاریدەکات حاڵەتی تەواری بسەپێنێت و ئەو کاتیش ئازادیەکانی ڕۆژنامەگەری و کۆڕ و کۆبونەوە و خۆپیشاندان و ..هتد قەدەغە دەکرێت و تەنانەت کاری سیاسی حیزبەکانیش کۆت و بەند دەکرێت..هەربۆیەش بەهۆی بوونی مەترسیەکان و گەورەکردنیان لەبەردەم ڕای گشتی جەماوەر و پارتە سیاسیەکاندا دەیانەوێت هەمووان بخەنە سەر ئەو بۆچونەی کە پێویستە ئەو یاسایە لەم کاتەدا بسەپێنرێت ، چونکە کاتێك وڵات لەژێر باری نائاسایی و حوکمی عورفیدا بێت ئەوا کارێکی سەختە کە هەڵبژاردن بۆ سەرۆك بکرێت لەبەرئەوە ماوەکەی بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بۆ درێژدەکرێتەوە و ئەمەش تەنها بە قازانجی پارتی تەواو دەبێت و ئاشکراشە هەر پارتی لە پشت ئەم سەرهەڵدانی ئەم بیرۆکەیەوەیە.
لەلایەکی تریشەوە کە ئێستا باس و خواسی گەڕاندنەوەی پڕۆژەی دەستوری هەرێم هەیە بۆ ناو پەرلەمان و خواستێکی زۆرینە هەیە بۆ دووبارە هەموارکردنەوە و ئەوکات سازدانی ڕیفراندۆمی گشتیە لەلایەن گەلەوە و پەسەندکردنێتی، بۆ ڕێگەگرتن لەم کارەش ئەم

داخوازیەی سەپاندنی یاسای تەواری هاتۆتە پێش.ئەمە نیەتی ڕاستەقینەی سەرکردایەتی سیاسی کوردستانە بۆ ئەوەی تەنها کاك مەسعود ببێتەوە بە سەرۆك.

جا کاتێك ئەمە نیەتە شاراوە و ڕاستەقینەکە بێت ئیدی چ پێویست بەم هەموو لەف و دەورانە دەکات ، بۆیە دەکرێت ڕاستە و ڕاست بڵێن کە نامانەوێت سەرۆکایەتی وازلێبێنین و دەبێت تاهەتاهەتایە هەر ئێمە سەرۆك بین بەدیمکوراسی بێت یان بە دیکتاتۆری بێت.

چونکە بۆخۆی یاسای تەواری تەنها لە سیستەمە دیکتاتۆرەکاندا بەزۆری دەسەپێنرێت بۆ درێژەدان بە ماوەی دەسەلاٚت و تاکڕەوی و مانەوەیان لە حوکمدا ، هەروەك هەموو دەسەلاٚتە تاکڕەوەکانی ناوچەکەمان وەك چۆن لە لایەن حوسنی موبارەك و صدام حسین و علی عبدالله ساڵح و حافز ئەسەد دەسەپێنران و هەریەکەیان ٣٠ ساڵ زیاتر لە حوکمدا مانەوە و بەلاٚم کۆتاییان هەر لەسەر دەستی گەل و لە ئەنجامی کەڵەکەبوون و کۆبونەوە و قەتیسبونی توڕەیی و ناڕەزایی جەماوەرەوە لە سەر حوکم لادران و بەرەو زبڵدانی مێژوو توڕهەڵدران و کۆتاییان بەو شانۆگەریە تراژیدیایە هێناکە لە سەرەتاوە دەڵێن حەزمان نیە کە ببینەوە بە سەرۆك و خۆمان کاندید ناکەینەوە ، بەلاٚم دواتر شانۆگەری ڕێك دەخەن بۆ ئەوەی جەماوەر و پارتە سیاسیەکان داوایان لێبکەن و ئەوکات دەڵێن لەبەر خاتری ئێوەو لەسەر داوای زۆرینەی جەماوەر ئەوا قبوڵی دەکەین ودەبینەوە بە سەرۆك..

ئیدی دەبێت هەموان بۆ چەند ساڵێکی دوورو درێژ لە ژێر سایەی یەك کەسدا ژیان و گوزەران بەرینە سەر بە برسێتی و بێ موچەیی و نائارامی سیاسی و دەرونیشدا..هەربۆیە سەپاندنی باری نائاسایی و یاسای تەواری لەهەرێمی کوردستاندا بە قازانجی زۆرینەی گەل نیە و تەنها بەقازانجی هێز و سەرکردە و پارتە سیاسیە دەسەلاٚتدارەکانە و بۆ مانەوەی زیاتریانە لە دەسەلاٚتدا ، هەربۆیە دەبێت کە ڕای گشتی لە مەترسی سەپاندنی ئەم یاسایە لە هەرێمدا بەئاگا بهێنرێتەوە و ڕێگری لێبکرێت.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی مەکتەب ڕێکخستن و ستاندارکورد و پێنوسەکان و ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە ٥ و٦ و٢٠١٥/٣/٧دا بلاّوکراوەتەوە.

# بۆچی ئاکە پە لەم هەڵبژاردنەی تورکیادا هەدەپە بە ڕکابەری سەرەکی خۆی دەزانێت؟*

- ماوەی ١٥ ڕۆژ دەبێت هەڵمەتی هەڵبژاردن بۆ خولی بیست و پێنجەمی پەڕلەمانی تورکیا دەستیپێکردوە و لە ئێستادا هەموو حیزبە سیاسیەکانی تورکیا لەگەرمەی هەڵمەتەکەدان و هەریەکەیان پڕوپاگەندە و بەڵێنی سەوز و سوور دەدەن بە لایەنگرانیان و جەماوەری پانوپۆڕی تورکیا. بۆئەوەی زۆرترین دەنگ بەدەستبێنن و لە پەڕلەمانی نوێدا هەریەکەیان بەرنامە و کاری خۆی پیادە بکات و ئەو یاسایانە دەربکات کەلە بەرژەوەندی حیزب و جەماوەرەکەیدایە..
- ئەو پارتە سیاسیانەی کە ململانێی توندیان لەنێواندایە بریتین لە ئاکەپە بەسەرۆکایەتی احمد داود ئۆغلۆ کە لەساڵی ٢٠٠٢وە زۆرینەی پەڕلەمان و حکومەتیان لەدەستدایە و پارتی گەلی کۆماری ((جەهەپە)) گەورەترین پارتی ئۆپۆزسیۆن بەسەرکردایەتی کمال کلیچدار ئۆغلۆ و پارتی نەتەوەی تورکیا ((مەهەپە)) بەسەرکردایەتی دەوڵەت باخچەلی و پارتی دیموکراسی گەلان(( هەدەپە)) بەسەرکردایەتی صلاح الدین دیمیرتاش و هەندێ حیزبی تر وەکو سەعادە و تورکیای گەورە و سەربەخۆکان و

...هتد.هەموو ئەم پارتانە هەر ٥ ساڵ جارێك و لە چوارچێوەی ٨٥ بازنەی هەڵبژاردن و لە ٨١ پارێزگادا ململانێ دەکەن لە سەر ٥٥٠ کورسی کە کۆی ژمارەی کورسیەکانی پەرلەمانە. سیستەمی هەڵبژاردنیش بریتیە لە سیستەمی ڕێژەیی بە ڕێگای ((دی هۆنت)) بەواتای ئەوەی کە دەبێت هەر پارتێکی سیاسی ڕێژەی ١٠٪ ی دەنگەکان وەدەستبهێنێت ئەوسا دەتوانێت بچێتە پەرلەمانەوە، کە ئەمە بۆخۆی وەك ڕێگریەك وایە لەبەردەم پارتە بچوکەکانداو ڕێگرە لەبەردەم چونیان بۆ پەرلەمان ، هەربۆیە کورد لە تورکیادا تا ئێستا نەیتوانیوە وەکو پارتێکی سیاسی ئەو ڕێژەیە بڕێت ، هەربۆیە لە هەردوو هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٧ و ٢٠١١دا بە شێوەی کەسی و سەربەخۆ بەشداربوون و توانیان ١٥ کورسی پەرلەمان وەدەستبێنن.

- لەم خولەی پەرلەماندا کە ٢٠١١/٦/٢دا سازکرابوو پارتی ئاکەپە ٣١٧ کورسی و بەکۆی ئۆپۆزسیۆنیش تەنها ٢٣١ کورسیان هەیە.

ئاشکرایە ئاکاپە بۆماوەی ١٣ ساڵە وەك پارتێکی سەرکەوتوی هەڵبژاردنەکان و تاکە حیزبی فەرمانڕەوا مامەڵە و هەڵسوکەوت دەکات و لە ئێستاشدا گەرەکێتی کەلەم هەڵبژاردنەدا دوو لەسەر سێی کورسیەکانی پەرلەمان وەدەستبهێنێت کە دەکاتە ٣٦٧ کورسی کە لەوکاتەدا دەتوانێت سیستەمی حوکمڕانی لە پەرلەمانیەوە بگۆڕێت بۆ سەرۆکایەتی، چونکە تاکو ئێستا و دوای هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی ئەردۆگان لەلایەن جەماوەرەوە لە مانگی ٢٠١٤/٨دا سیستمی حوکمڕانی تێکەڵەیەکە لە سیستەمی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی کە لەدۆخی ئێستادا کە سەرۆك و سەرۆك وەزیران و زۆرینەی پەرلەمان لە ئاك پارتیە کێشەیەك دروست نەبوە بەڵام گەر بەم شێوە تێکەڵیە بمێنێتەوە ئەوا پێشبینی دەکرێت لە ئایندەدا کێشە و ململانێ لەنێوان سەرۆکی هەڵبژێردراو لەلایەن گەلەوە کە خاوەنی دەسەڵاتی فراوانە و سەرۆك وەزیران کە گەر گۆڕانکاری لەناو پەرلەماندا ڕوویدات لە حیزبێکی سیاسی تر بێت ئەوا کێشە ڕوودەدات و وڵات دەخاتە دۆخێکی سیاسی ناجێگیرەوە. هەربۆیە هەموو هەوڵەی ئاك پارتیە کە لەم هەڵبژاردنەدا بتوانێت دوو لەسەر سێی کورسییەکان وەدەستبهێنێت کە ئەوکات دەتوانێت بەبێ پاڵپشتی هیچ حیزبێکی تر سیستەمەکەی بگۆڕێت یان لانی کەم ٣٣٣ کورسی بەدەستبێنێت بۆئەوەی توانای پێشنیازکردنی هەموارکردنەوەی دەستوری هەبێت.

لەئێستادا و زۆربەی پێشبینیەکان وایبۆدەچن کە هەدەپە وەکو حیزبێکی سیاسی هەموو گەلانی تورکیا کە تەمەنێکی کورتیشی هەیە ڕێژەی ١٠٪ زیاتر بهێنێت و بەمەش لانی کەم دەبێتە خاوەنی ٥٥ کورسی پەڕلەمان و لەو کاتەشدا دەبێتە ڕێگرێکی گەورە لەبەردەم خواست و بەرنامەکەی ئاك پارتیدا بۆ گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی لە تورکیادا.

هەدەپە بەو تەمەنە کورتەیەوە بۆتە جێگرەوەی گەورەترین پارتی ئۆپۆزسین کە پارتی گەلی کۆماریە، چونکە توانیویەتی ببێتە جێگە متمانەی زۆرینەی گەلی کورد و گەلانی تری تورکیاش لە تورك و عەرەب و چەرکەس و عەلەوی و ئەرمەن و ..هتد.هەربۆیە ئاك پارتی بە ڕکابەری سەرەکی خۆیی دەزانێت و تەواوی ململانێکانی لەگەڵ هەدەپەدا پڕ کردۆتەوە. چونکە تەنها هەدەپە بە ڕێگر لەبەردەم بەرنامە سیاسی و دروشمەکانی هەڵبژاردندا دەبینێتەوە کە بەرنامەی ئاك پارتی بریتیە لە : گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی بۆ سیستەمی سەرۆکایەتی و سەرخستنی گوژمەی چاکسازیە دیموکراتیەکان و دانانی چەك لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستانەوە PKK وە.

لەبەرامبەریشدا هەدەپە دروشم و بەرنامەکە بریتیە لە : نەهێشتنی ڕێژەی ١٠٪ لە دەستوری تورکیادا بۆئەوەی چیدی ڕێگری گەورە نەمێنێت لەبەردەم پارتە سیاسیە بچوکەکاندا و زیادکردنی موچەی فەرمانبەران لانی کەم بۆ ١٨٨ لیرەی تورکی و دابینکردنی ٢٠٠ لیرە مانگانە بۆ گەنجان و نەهێشتن و ڕەتکردنەوەی ئەنجومەنی خوێندنی باڵا و دامەزراندنی وەزارەتێك بۆ لاوان و داخستنی بەندیخانەی منالأن و هاوکاری خێزانەکان و بەرزکردنەوەی یارمەتی مانگانەیان بۆ ٦٥٠ لیرەی تورکی.

کە هەموو ئەم دروشم و بەڵێنانە چینی گەنجان و لاوان و مندالأن و خێزانی هەژارەکان و فەرمانبەران دەگرێتەوە کە چین و توێژێکی گەورە و فروانی گەلانی تورکیا پێك دێنن و صلاح الدين دەمیرتاش بۆ خۆشی گەنجێکی بەتوانا و لێهاتوو خاوەن کاریزمایە و لەلایەن زۆرێکەوە خۆشەویستە.هەربۆیە ترسی ئاك پارتی لە هەدەپەیە نەك جەهەپە و تەنانەت جەهەپەش ڕایگەیاندوە کە پێیان خۆشە هەدەپە ڕێژەی ١٠٪ ببڕن و بچنە پەڕلەمانی تورکیاوە کە ئەمە یەکەمین جارە هەدەپە بەشداری لەهەڵبژاردنەکاندا دەکات وەك پارتێکی سیاسی زۆرینە کورد.چونکە دۆخی سیاسی و ئابوری و هوشیاری کوردیش گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتوە و لەبەرامبەر پێشوودا بەوەی کە ژمارەیەکی گەورەی کورد دەنگیان دەدا بە ئاك پارتی بەڵام لە ئێستادا هاوکێشەکە گۆڕانی بەسەرداهاتووە. چونکە ڕێژە و

ئاستی جەماوەری هەدەپە زۆر بەرزبۆتەوە و تەنانەت ئاك پارتی لەوە دەترستن کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بەدڵی هەدەپە نەبێت و ئەو کات پەنا بباتە بەر ناڕەزایی و خۆپیشاندنی ملیۆنی جەماوەری لەسەر شەقامەکان کە ئەمەش دۆخێکی سیاسی و ئابوری ناجێگر دروست دەکات.

هەر ئەم هۆیانە وادەکەن کە ئاکپارتی هەدەپە بەڕکابەری سەرەکی خۆی بزانێت و هەموو توانا مادی و مەعنەویەکانی خۆی خستۆتە گەڕ بۆ دەنگ کۆکردنەوە.

لە ئێستادا هەڵوێست و پێگەی هەدەپە زۆر بەهێزە لەسەر ئاستی تەواوی تورکیا و وەکو حیزبێکی تورکیا نەك کوردستان خۆی نمایش دەکات ، هەربۆیە پشتگیرکردنی لەلایەن تەواوی کوردانەوە لەهەر چوار بەشەکەدا و بەتایبەتیش باشوری دەسەلأتدار ئەرکێکی نەتەوەیی گەورەیە و نابێت کەمتەرخەمی بکات و هەر سەرکردە و لایەنێکیش ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دژایەتی هەدەپە بکات ئەوا دەچێتە خانەی خیانەتی نەتەوەییەوە و خزمەتکردنی دوژمنانی دۆزی کوردەوە بەگشتی و بەتایبەتیش دۆزی کوردانی باکور.هەربۆیە ڕۆژی ٢٠١٥/٦/٧ دەبێتە ڕۆژێکی مێژوویی بۆ هەمو کوردان بە چوونە ناو پەڕلەمانی تورکیاوە لەلایەن هەدەپەوە وەکو حیزبێکی سیاسی کوردی و بە ژمارەی ٥٥ کورسیەوە.

ئومێد و هیواکانیش زۆرن بەوەی ئەو خەونەمان بێتەدی و چیدی تەنها پەڕلەمانی تورکیا بە تورکی نەمێنێتەوە کاتێك نیەتی ئەتاتورك لەدامەزراندنیدا لە ١٩٢٠/٤/٢٣ ئەوەبوو کە دژایەتی کورد و هەموو کەمینەکانی تربکات و دەستورێکیشی دانا کە چەندین ڕێگری تیادابوو بۆ چوونە ناو پەڕلەمان لەلایەن گەلانی ناتورکەوە و کوردیش یەکێك لەو گەلانە بوو.

جا بۆیە گرنگی ئەم هەڵبژاردنە گرنگیەکی مێژوویی وناوازەیە بۆ کوردان وهەموان لە چاوەڕوانیداین بۆ ١٥ ڕۆژی داهاتوو تا ئەنجامی سەرکەوتنەکان ببیستین.

* ئەم بابەتە لە کوردستانی نوێ ژمارە ٦٦٨٥ وسایتەکانی ستانداركورد و پێنوسەکان و مەکتەب ڕێکخستن لە ٢٠١٥/٥/٢١دا بلاّوکراوەتەوە.

## هەدەپە سەرکەوت، کوردیش بردیەوە... *

• ڕۆژی ٧ حوزەیرانی ٢٠١٥ بوە ڕۆژێکی مێژوویی لە دیرۆکی خەباتی کوردایەتیدا و تاجی سەرکەوتنەکانی کوردی کردە سەر بەوەی کە توانرا لە باکوری کوردستاندا لەلایەن هەدەپەوە و لە پڕۆسەی هەڵبژاردنی خولی بیست وپێنجهەمینی مەجلیسی تورکیادا گەورەترین سەرکەوتن بەدەسبێنێت بە تێپەڕاندنی ڕێژەی ١٠٪ و بۆیەکەم جار وەك حیزبێکی سیاسی بەڕابەرایەتی کورد ئەو تەوقە نەفەرتیە بشکێنێت و لە دوای ٩٥ ساڵ لەدامەزراندنی مەجلیسی قۆرخکراوی تورکی بۆ یەکەمجار کوردیش ببێتە ئەندام و خاوەن فراکسیۆنی خۆی.

ئەم سەرکەوتنەی هەدەپە نە ئاسایی بوو نە ئاسانیش بوو ، چونکە ئاکەپەی خاوەن دەسەلاّت هەرزوو هەستی بەمەترسی هەدەپە دەکرد لەسەر دەسەلاّت و نفوزی خۆی ، هەربۆیە بەدرێژایی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان تەواوی توانا و گوشار و فشارەکانی ئاڕاستەی هەدەپە و لایەنگرانی دەکرد بۆ مەبەستی چاوترساندن و دوورکەوتنەوە و ڕاکێشانی دەنگەکانیان بەلای خۆیدا، ئاکاپە دوای ئەم سەرکەوتنە ئیدی کۆتایی بەدەسەلاّتی تاکڕەوی ١٣ ساڵەی هێنرا لە مەجلیس و حکومەتیشدا نەك هەرئەوە بەڵکو لە ئێستادا و

دوای ئەوەی کەتوانی تەنها ٢٥٨ کورسی مەجلیس مسۆگەر بکات ناتوانێت بەتەنها حکومەت پێکبهێنێت و دەبێت بەناچاری پەنا بباتە بەر یەکێك لەو سێ حیزبەی کە هاتونەتە پەرلەمانەوە لە مەهەپە و جەهەپە و هەدەپە.چونکە بۆ پێکهێنانی حکومەت پێویستە لانی کەم ٢٧٦ کورسی هەبێت کە دەکاتە نیوە+١ ی کۆی کورسیەکانی پەرلەمان کە ٥٥٠ کورسیە.

کەواتە چیدی ئاکاپە ناتوانێت بەتەنها و بێگەڕانەوە بۆ فراکسیۆنەکانی تر بڕیار بدات و ناتوانێت خەونە نەزۆکەکەی بهێنێتە دی لە گۆڕینی سیستەمی حوکم لە پەرلەمانیەوە بۆ سەرۆکایەتی کە خەونی پێوەدەبینی بۆ ئەوەی لانی کەم تا ٤ ساڵی تر تاکڕەوانە حوکم بکات و سەڵتەنێتێکی نوێی عوسمانی ببوژێنێتەوە.ئاکەپە لەماوەی ئەم ١٣ ساڵەی ڕابووردوودا زۆر غرورو کبریائی هەبوو کە خۆی بە پاڵەوانی تەواوی دەسکەوتە سیاسی و ئابوریەکانی تورکیا دەزانی و حسابی بۆ لایەنەکانی تر نەدەکرد و زۆر بە لوتبەرزیەوە دەیڕوانی.

ڕاستە هەدەپە تەنها خاوەنی ٨٠ کورسیە بەڵام بۆتە ژمارەیەك کە هیچ لایەنێك ناتوانێت پشتگوێی بخات و حسابی بۆ نەکات،هەدەپە بەوەی کە نوێنەرایەتی تەواوی گەلانی تورکیا دەکات بۆتە نوێنەرای گەلانی تورکیا لەوپەڕی ڕاستەوە بۆ ئەوپەڕی چەپ و لەوپەڕی نەتەوەیەوە بۆ ئەو پەڕی ئاینی و لەتەواوی خاکی تورکیادا نفوز و پێگەی جەماوەری بۆخۆی مسۆگەر کردوە.ئەم سەرکەوتنەشی لەخۆ ڕا نەهاتوە بەڵکو بەری ڕەنج و تێکۆشان و خەباتێکی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی بوە ،چونکە وەکو نوێنەرانی کورد دژی هەموو چەوسانەوە و زوڵملێکردن و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ وەساتەوەتەوە و پارێزگاری لەتەواوی خەڵکی تورکیا کردوە و ڕووی ڕاستەقینەی سیاسەتەکانی ئاکەپەی بۆ هەموان ئاشکرا کردوە.هەدەپە لەگەڵ مێژوویەکی کورتی دامەزراندن و لەدایکبونیدا بەڵام زۆر بەخێرایی گەشەی کردو تەنانەت لەم هەڵبژاردنەدا بوە سەری ڕمی ئۆپۆزسیۆنیش و ئاکەپە بەتەنها هەدەپەی خستبوە تێڕوانین و حساباتی خۆیەوە نەك مەهەپە یان جەهەپە سەرەڕای ئەوەی ئەو دوو حیزبە مێژویەکی دوورو ودرێژیان هەیە و تورکن و میراتگری فاشیستی و نەتەوەیی ئەتاتورك و پان تورکیزم بون بەڵام هەردووکیان دژایەتیەکی توندی ئاکەپەیان کردوە لەماوەی ئەم ١٣ ساڵەدا.

- **دوای ئەم سەرکەوتنە هەدەپە بەرەو کوێ؟ چی بکات ؟ گەرەکە بەرنامەی چی بێت بۆ کورد و بۆ ئایندەی تورکیا؟**

ئاشکرایە بۆ پێکهێنانی حکومەت ئاکەپە وەك حیزبی پلە یەك ڕادەسپێردرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت، بەلأم لەبەر ئەوەی ٢٧٦ کورسی نیە ناتوانێت بەتەنها حکومەت پێکبهێنێت بۆیە دەبێت بەناچاری ڕووبکاتە یەکێك لەو سێ حیزبە، ئەوەی بە قازانجی ئاکەپە و داهاتوی تورکیاشە ئەوەیە کە لەگەڵ هەدەپەدا حکومەتێکی ئیئتیلافی پێکبهێنێت و ئەوکات دەبێتە خاوەنی ٣٣٨ کورسی کە ئەمە بۆخۆی دەسکەوتێکی گەورەیە و دەتوانێت گۆڕانکاری تەواو بکات لە دەستوردا چونکە تەنها پێویستی بە ٣٣٣ کورسی هەیە.لەم کاتەشدا هەدەپە دەتوانێت بەرنامە و تێڕوانین و ماف و داواکاریەکانی خۆی وەکو کورد جێ بکاتەوە و تێبپەڕێنێت، کەئەمەش بۆ کورد و بۆ هەدەپە گرنگیەکی گەورەی هەیە، و دەتوانرێت درێژە بە پڕۆسەی ئاشتەوای نێوان کورد و تورك یان ئاکەپە و پەکەکەش بدرێت کە لەساڵی ١٩٩٤وە بۆ یەکەم جار لەسەر دەستی مام جەلال لەنێوان تۆرگۆت ئۆزال و ئاپۆدا دەستپێکرد، هەروەها ئاکەپەش بە هاوبەشی هەدەپە لە حوکمدا لانی کەم دەسەلأتی خۆی بەردەوامی پێدەدات و لەبەردەم دونیای دەرەوە و بەتایبەتیش ئەوروپادا خۆی جوانتر نمایش دەکات بەوەی کە دیموکراسیەت و مافی کوردانی دان پیاداناوە کە یەکێکە لەمەرجەکانی بون بە ئەندامی تورکیا لە بازاڕی هاوبەشی ئەوروپادا کەخەونی ٥٠ ساڵەی تورکیایە.

ڕێگا چارەسەری تر لەبەردەم ئاکەپەدا بریتیە لە ڕێکەوتن لەگەڵ مەهەپە یان جەهەپەدا کە هەردووکیان حەز بەدۆستایەتی ئاکاپە ناکەن و زۆر توندیشن بەرامبەر گۆڕینی سیستەمی حوکم لە پەڕلەمانیەوە بۆ سەرۆکایەتی کە داواکاری سەرەکی ئاکەپەیە.بۆیە ئەم گریمانەیەش ئومێدی سەرکەوتنی لێناکرێت.

گەر ئاکاپەش نەیتوانی لەماوەی یاسایی دیاریکراودا حکومەت پێك بهێنێت دەکرێت هاوپەیمانیەك لەنێوان ٣ حیزبەکەی تردا بکرێت و ٢٩٢ کورسیان دەبێت دەتوانن حکومەت پێك بێنن و ئاکەپە تەریك بخەن و دووری بخەنەوە لە دەسەلأت ، بەلأم ڕێکەوتن و هاوپەیمانی لەنێوان ئەم سێ حیزبەشدا کارێکی هەر وا ئاسان نیە بەتایبەتی لەنێوان هەدەپە و مەهەپەدا (( نەتەوەییەکان)) بەسەرۆکایەتی باخچەلی.

کەواتە ڕێگا چارەی سێیەم بریتیە لەوەی کە لەکاتی پێکنەهێنانی حکومەتدا لەکاتی یاسایی خۆیدا بەناچاری پەنا دەبرێتەوە بەر هەڵبژاردنێکی پێشوەخت بەو هیوایەی کە گۆڕانکاری لە هاوکێشە و سەنگ و قورسایی جەماوەر و دەنگەکاندا ڕووبدات، کە ئەمەش بۆ خۆی کارێکی مسۆگەر نیە بۆ هیچ لایەك.

هەربۆیە تورکیای ئێستا لەبەردەم دووڕیانێکی گرنگ و هەستیاردایە بەوەی کە ئەم دۆخە جێگیرەی حکومەت و ئابوری و سیاسی خۆی بپارێزێت بە پێکەوەنانی حکومەتێکی ئیئتیلافی بەهێز و چەسپاو یان ڕووبەڕووی حکومەتێکی بێهێزو لەرزۆك دەبێتەوە کە سیناریۆکانی سالآنی نەوەدەکانی سەدەی ڕابووردومان وەبیردێنێتەوە لەکاتی حکومەتە ئیئتیلافیەکاندا، هەربۆخۆی لەم بارودۆخە تێکچڕژاو ئاڵۆز و ناجێگیرەی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاستدا تێکچوونی دۆخی سیاسی تورکیاش هێندەی تر ئاڵۆزی دەکات و کاریگەریە خراپەکانیشی بۆ سەر باشوری کوردستان و تەواوی ناوچەکەش دەبێت کە هەموان حەزی پێناکەن کە هیچ کەس و لایەنێکیش زامنی ئایندەیەکی ڕوون ناکات.

بۆیە هەدەپە کلیلی چارەسەرەکانە و بەم ژمارە کورسیەی کە هەیەتی دەتوانێت بەلآنسی هاوکێشە سیاسیەکان ڕابگرێت و قۆناغێکی مێژوویی و هەستیاری بۆ هاتۆتە پێش کە بتوانێت داواکاری و خواست و مافە ڕەواکانی کورد لە تورکیا و لەدەستور و دەسەلآتی تورکیادا بچەسپێنێت، بە بەشداریەکی جدی و کاریگەر و بەهێزەوە لە هەر حکومەتێکدا کە لە ئایندەدا پێك بهێنرێت.بۆیە هەدەپە بۆتە ئەو لایەنەی کە هەموان چاویان لەسەریەتی بۆ هاوپەیمانێتی لەگەڵیدا وبەمەش مەسەلەی کورد لە تورکیادا هێندەی جاران کاریگەری و گرنگی پەیداکردوە نەك هەر لە باکور بەڵکو لە هەموو بەشەکانی کوردستانی گەورەدا و لە ئێستادا هەموو کوردان چاویان لە چنینەوەی بەری ڕەنجی ئەم سەرکەوتنەی هەدەپەیە و هەموو کورد بەسەرکەوتنی خۆیانی دەزانن(( هەرچەندە هەندێ لایەن و سەرکردە ئەم سەرکەوتنەیان بەکەیف نیە)) بەلآم خۆشبەختانەش ناتوانن ببنە ڕێگر .هەرچەندە سەرکەوتنەکە تایبەتە بۆ هەدەپە و باکوریەکان و خەباتی دیموکراسی و ئازادی و ئاشتیانەیان بەلآم هەموو کوردیش گرەوەکەی بردۆتەوە و خۆیان بەخاوەنی دەزانن.

ئیدی لە ئێستاوە هەموو ڕووناکی و چاوەکان ڕوو لە ئامەدی کوردانە و گەرەکە هەموو کوردانیش لە ئامەد و قەندیلەوە بۆ مهاباد و هەولێر و قامیشلۆ هەوڵی بەرەیەکی نەتەوەیی بەهێز بدەن و خەمی گەورەیان پارێزگاری کردن بێت لەم سەرکەوتن و دەسەلآتە خۆیی و

سەربەخۆییانەی باشور و ڕۆژئاوا و دەستی برایانی ڕۆژهەڵاتیش بگرن بۆ بەرزکردنەوەی و دوانەکەوتنی لە کاروانی سەرکەوتنەکانی کورد لەم قۆناغە مێژووییەدا.بۆ گەیشتن بەخەونە نەبڕاوە و نەمرەکەی کوردان لە پێکەوەنانی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆدا.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ناوەندی دەرەوە و مەکتەب ڕێکخستن و پێنوسەکان و پی یو کەی میدیا لە ٩و١٠/٦ و کوردستانی نوێ ژمارە ٦٧٠٦ لە ١٤/٦ و هەواڵ ژمارە ٦٢٢ لە ٢٠١٥/٦/٢٠دا بلاْوکراوەتەوە.

## ١٩ ی حوزەیران .. ڕۆژێکی غەمناك و یادێکی پڕ سوێ... *

زیاد لە ١٠٠ ساڵی ڕێکە کە کورد قوربانی و گیانفیدای دەدات لە پێناو سەربەخۆیی و ئازادکردنی کوردستاندا و لەو پێناوەشدا دەیان شۆڕش و ڕاپەڕین و خۆپیشاندانی چەکداری و خوێناوی بەرپا کردوە و لە درێژەی ئەو خەباتە خوێناویەشدا بە سەدان هەزار ڕۆڵەی کورد لە سەرکردە و فەرماندە و پێشمەرگەی قارەمان بونەتە قوربانی لەهەرچوار پارچەکەی کوردستاندا..

ڕۆژ نیە لە مێژووی کوردا کە کارەسات یان ڕووداوێکی دڵتەزێن و جەرگبڕی تیا ڕوونەدابێت و پڕ خوێن و فرمێسك نەبوبێت و بەوهۆیەشەوە بۆتە ڕۆژێکی نەمر و پرشنگدار لە مێژووی کوردوکوردستاندا و ساڵانە یادی دەکرێتەوە..

ئەوەتا ڕۆژی ٥ شەممە ڕێکەوتی ١٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٧یش یەکێکە لەو ڕۆژە نەمر و لەیاد نەچوانە و ڕۆژێکی ماتەم ئاسایە بۆ گەلی کورد بەگشتی و شاری سلێمانی بە تایبەتی..گەلی کورد لە باشوری کوردستان بەگشتی و خەڵکی شاری سلێمانی بەتایبەتی یادی ڕۆژی ١٩ حوزەیرانی هەموو ساڵێك وەك ڕۆژێکی ماتەم و دڵتەنگ دەکەنەوە بەهۆی لە سێدارەدانی پۆلێك ئەفسەری نیشتیمانپەروەر و دڵسۆز بۆ کوردو کوردستان کە لەلایەن

ڕژێمی پاشایەتی ئەو کاتەوە بە بڕیارێکی دادگای سەربازی لەساڵی ١٩٤٧دا لە سێدارە دران ، تەنها لەبەرئەوەی ئەو پۆلە ئەفسەرە ڕێگای خەباتی کوردایەتی و گیانفیداییان هەڵبژارد لە پێناو سەرکەوتن و بەردەوامبوون و پشتیوانیکردنی یەکەم کۆماری سەربەخۆی کوردستان لە شاری مهابادی قارەمان لەڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەوانیش هەریەکە لە ڕائید ڕوکن عزت عبدالعزیز و ڕائید مستەفا خۆشناو و نەقیب خیر الله عبدالکریم و مولازم محمد محمود قودسی بوون.. ئەم ٤ ئەفسەرە و پۆلێکی تر لە هاوەڵانیان ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕاگەیاندنی کۆماری مەهابادا لە ٢٢ کانونی دووەمی ساڵی ١٩٤٦دا خۆیان گەیاندە مهاباد و بەوپەڕی شەوق و تینەوە چوونە خزمەتی سەرۆك کۆماری کوردستان شەهید پێشەوا قازی محمەد و کۆمارە تازە لەدایکبوەکەی کوردستان کە ئاوات و خەونی دێرینی هەموو کوردان بوو،لەماوەی ئەو ١١ مانگەی تەمەنی کۆماردا بەوپەڕی تواناوە لەهەوڵی پێکەوەنانی سوپا و لەشکرێکی نیزامی کوردیدا بوون بۆ پارێزگاریکردن لەو کۆمارە تاقانەیەی کورد. بەڵام داخەکەم لەلایەك خۆخۆری کورد و کۆنەپەرستی و ناوچەگەرێتی و عەشرەتچێتی و لەلایەکی تریشەوە پیلانی ڕژێمەکانی ناوچەکە و ئیمپریالیەتی جیهانی و پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان لە ناوچەکەدا ڕێگەیان نەدا کە کۆماری کوردستان تەمەنی لە ساڵێك تێپەڕ بکات و ڕووخاندیان و سەرۆك کۆمار و هاوەڵەکانیشیان لە مەیدانی چوارچرادا لە سێدارەدا و ئەو لاپەڕە گەشەی کوردایەتیان خامۆش و کوژاندەوە. ئەم ئەفسەرە قارەمانانەش ڕێگەی گەڕانەوەی وڵاتیان لە باشووری کورستان و دەوڵەتی عێراقی هەڵبژارد لەسەر ئەو بەڵێنەی کە دەسەڵاتدارانی عێراق دابویان کە بەر لێخۆشبوونی گشتی دەکەون وەك ئەو هەزاران کوردەی کە ڕوویان کردبوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام وەك پیشەی هەمیشەیی داگیرکارانی کوردستان و دووڕوویی سیاسیان هەر زوو لە بەڵێنەکانیان پەشیمان بونەوە و بڕیاری لە سێدارە دانیان بۆ دەرکردن.

ئەم چوار قارەمانەی کورد لەکاتی چوونە بەردەمی پەتی لە سێدارەدانیان هوتافیان بە ژیانی کوردو کوردستان دەدا و بوێرانە و زۆر قارەمانانە پەتی لە سێدارەدانیان دەخستە ملیانەوە..

ڕۆژی هێنانەوەی تەرمەکانیشیان بۆ شاری سلێمانی ، هەموو شار بەگەورەو بچوکەوە خرۆشان و کەوتنە خۆپیشاندان و پێشوازیەکی بێ وێنەیان لەتەرمەکانیان کرد و بە

هوتافکێشان و ناڕەزایی دەربڕین و ئەو پەڕی توڕەبونەوە تەرمەکانیان لەگۆڕستانی شەهیدان ناشت و ئەو ڕۆژە بۆ شاری سلێمانی بوە ڕۆژێکی ماتەم و غەمگین..



ئیدی لەو کاتەوە و تائێستا و دوای تێپەڕبوونی ٦٨ ساڵ بەسەر ئەو یاد و ڕۆژە نەمرەدا هێشتا ناو و ناوبانگیان لەدڵی میلەتدا دەژی و زیندوە و بونەتە مەشخەڵێکی ڕووناکەرەوەی ڕێگای خەبات و کوردایەتی بۆ نەوەکانی دوای خۆیان لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی کوردستاندا..

وەك پێزانینێك بۆ ڕۆڵ و قارەمانێتی ئەو ٤ ئەفسەرە ئازادیخوازە ،دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ کە کۆتایی بە ڕژێمی پاشایەتی لە عێراقدا هێناو کۆماری عێراقی ڕاگەیاند دادگای شۆڕشی ئەو کاتە بڕیاریدا کە وەك شەهیدانی نیشتیمان بناسرێن و ڕێزیان لێبگیرێت..

لەدوا ساتەکانی ژیانیاندا وەسێتنامەیەکیان بۆ هەموو گەلی کورد نوسیوە و تیایدا هاتوە کە((**کورد یەك بن و یەك گرتووبن وەبەوتەی بێگانە تەفرە نەخۆن**)) .. جا با هەموانمان لەم ساتە وەخت و قۆناغە هەستیارەی خەباتی کوردایەتیدا ئەو وەسێتنامە نەمرەی ئەو ٤ قارەمانە جێبەجێبکەین ، چونکە تەنها بە یەك و یەکگرتویی ڕیزەکانمان گرەوی سەرکەوتن دەبەینەوە..

نەمری بۆ سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریخوازی کورد و کوردستان و ئەم چوار ئەفسەرە ئازادیخوازەی کوردستان.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی SNNوخاك و ئەنجومەنی سەرکردایەتی و مەکتەب ڕێکخستن و خەندان و ناوەندی دەرەوە و پێنوسەکان لە ١٨و١٩/٦/٢٠١٥دا بڵاوکراوەتەوە.

## ساردوسڕی و چۆڵی هۆڵەکانی کۆڕو کۆبونەوە ئەدەبیەکان لەنێوان بێباکی ئەدەبدۆستان و کرچ وکاڵی بابەتەکاندا... *

• سازدان و بەستنی کۆڕو کۆبونەوە و سیمیناری ئەدەبی کارێکی تازە نیە لە شاری سلێمانیدا ، بەڵکو مێژوویەکی کۆنی هەیە و لانی کەم دەگەڕێتەوە بۆ دەیەکانی سیەکانی سەدەی بیستەم و لەسەردەمی دەرچوونی ڕۆژنامەی ژیان و ژینی پیرەمێردی نەمرەوە کە سەردەمانێك پاشنیوەڕوانی ڕۆژانی ٣ شەممان و سەردەمێکیش ڕۆژانی ٥ شەممان کۆڕو کۆبونەوەی بۆ نوسەران و شاعیرانی سلێمانی ڕێکخستوە و بەم شێوەیە جوڵە و بزاوتێکی گەرموگوڕی لە ناوەندی ئەدەبیدا دروستکردوە و ئیدی ئەم نەریتەی پیرەمێرد بەردەوامی هەبوە و بەشێوەیەك لە شێوەکان لەلایەن یەکێتی نوسەرانی کورد و لە دەیەکانی حەفتا و هەشتاکاندا بەردەوامی هەبوە و لەدوای ڕاپەڕینیش تا ئەم سەردەمانەی ئێستامان تاڕادەیەك ئەو نەریتە جوانە بوونی هەبوە و ئەدەبدۆستان و نوسەران و شاعیران و جەماوەریش بەگوڕوتین و شەوقێکی گەورەوە ئامادە دەبوون و تەنانەت جاری واهەبوە هۆڵەکان جێگەیان

نەماوە و خەڵکی لەدەرەوەی هۆڵەکانیش بە سەرما و گەرما ئامادە دەبون و هەموانیش بە گەرمگوڕیەوە بەشداریان لە پرسیار و موداخەلەکردندا دەکرد بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی بابەتەکان.

• بەم شێوەیە زەمەن و سەردەمی زێڕینی ئەدەبی لە شاری سلێمانیدا باوی بوە و ئێستاش زۆربەمان شانازی بەو سەردەمانەوە دەکەین کە چەندە گوڕوتینی بەشداری هەبوە و هەر ئەو بەشداریە جدیە بوە کە ڕەوتی ئەدەب و هونەر و شانۆ و سینەمای لەم شارەدا پێشخستوە و گەشەشی پێداوە و سلێمانیش بۆتە شاری نوسەران و شاعیران و هونەرمەندان و داهێنەران و بۆتە شایستەی ئەوەی کە بکرێتە پایەختی ڕۆشنبیری هەرێمەکەمان.

بەڵام لە ئێستادا جێگەی داخە کە ئەو کۆڕوکۆبونەوانە لەلایەك کەمبونەتەوە وهیچ لایەن و گروپ و ڕێکخراوێك یان زانکۆ و پەیمانگایەك هەڵناستێت بەڕێکخستنی و لەلایەکی تریشەوە کاتێك کۆڕوکۆبونەوەیەکی تاقانە سازدەکرێت ئەوەندە ئەدەب دۆست و هونەرمەند و شاعیر و تەنەنات جەماوەریش ئامادە نابن بە هێندەی کورسی ناو هۆڵەکان ، کە ئەم دوو هۆکارە بونەتە هۆی ساردو سڕی کۆڕوکۆبونەوە ئەدەبیەکان و سستبون و خاوبونەوەی ڕەوتی ئەدەبی و داهێنانیش.

• **لێرەدا پرسیار ئەوەیە، ئەرێ هۆکاری ئەم ساردی و سڕییە چیە؟بۆچی جەماوەر بەگشتی و ئەدەب دۆستان خۆشیان بەتایبەتی هێندە گرنگی بە ئامادەبونی ئەو کۆڕوکۆبونەوانە نادەن؟ ئایا هۆکار پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایە یان خەمساردی و بێباکی ئەدەبدۆستان و جەماوەرە یان کرچ و کاڵی و دووبارە بونەوەی بابەتەکانە؟**

لەم مانگەدا بەندە لە ٣ کۆڕی ئەدەبی و زانستی ئامادەبووم کە یەکێکێکان لە سەر بەرهەمەکان و کاریگەری دۆستۆفیسکی بوو کە لەلایەن یەکێتی نوسەرانی لقی سلێمانیەوە ڕێکخرابوو کە بەداخەوە ژمارەی ئامادەبوان نەدەگەیشتنە ٣٠ کەس و کۆڕی دووەمیش کۆڕێکی زانستی و ئەندازیاری بوو لە یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان کە ژمارەی ئامادەبوان نەدەگەیشتە ژمارەی پەنجەکانی یەك دەست و کۆڕی سێیەمیش یادی ٦٥ ساڵەی کۆچی دوای پیرەمێردی نەمربوو کە لەدانیشتنی سەرلەبەیانیدا وەك ڕاگەیەنرا تەنها ١٥٠ کەسێك ئامادەبوون و لە دانیشتنی سەر لە ئێوارەشدا تەنها ٢٥-٣٠ کەس ئامادەبوون.

بەم شێوەیەکۆڕو کۆبونەوەکان چۆڵ و ساردو سڕ و بێ ڕۆحن و هیچ زیادەیەك ناخەنە سەر خەرمانی ئەدەبی کوردی و تەنانەت بەشداربوان و ئامادەبوانیش بەگەرمی و گوڕیەوە بەشداری ناکەن و وەك ئەوە وابێت تەنها بۆ کاتبەسەربردن ئامادەبوبن بەبێ هەست و سۆز و ڕۆحیەتێکی داهێنەرانە. پێدەچێت گەلێك هۆکار هەبێت بۆ ئەم دۆخە نادروست و سست و قەتیسبوە ئەدەبیە وەك :

- گرانی ژیان و گوزەران وسەرقاڵی هەموان بە ڕاکردن بەدوای پەیداکردن نانی خۆیان و خێزانەکانیاندا بەهۆی زۆری داواکاریەکانەوە .
- هەروەها هاتنە کایەی کەش و هەوایەکی تاڕادەیەك ئازاد و دیموکراسی لە هەرێمەکەماندا کە بۆتە هۆی ئەوەی ترس لەسەر ژیان و گوزەرانمان نەمابێت و هۆکارێك نەمابێت بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەدەب و شیعر و هونەرەوە شێوە خەبات و بەرگریەك بکرێت لەمان و مێژووی کوردو کوردایەتی .
- هەروەها هاتنەکایە و سەرهەڵدانی داهێنانە تەکنەلۆژیا نوێیەکانەوە هۆکارێکی ترن بۆ ئەوەی هەموان بەخۆیانەوە سەرقاڵ بکەن و هێندەی لە ئێستادا هەموانمان حەز بەبەکارهێنانی ئەو تەکنەلۆژیایانە دەکەین لە ناو ماڵ و جێگەی کارکردنەکانماندا نیو هێندە کاتی خۆمان نابەخشینە ئامادەبوون لە ناو هۆڵ و کۆڕ و کۆبونەوەکاندا، کە بەڕاستی ئەم تەکنەلۆژیایانە هێندەی سوودو قازانجیان هەیە ئەوەندەش زیان بەخشن بەهۆی ئەوەی بونەتە هۆی دوورکەوتنەوە لەیەکتر و دروست بوونی ساردوسڕی و یەکترنەبینین و نەبونی دایەلۆگی ڕاستەوخۆ..بۆیە هەموانمان هەست بەگەرموگوڕی جاران ناکەین و تەنها لەبەردەم ئامێرێکی بێ گیان و ڕۆحدا دادەنیشین و کاتی بەپێزی خۆمان بەفیرۆدەدەین و هەرم ئەم تەکنەلۆژیایانە بونەتە هۆکاری مردنی گیانی داهێنان لە نوسین و خوێندنەوە بەهۆی زۆر و بەلێشاوی زانیاریەکان و ڕووداو و گۆڕانکاریە جیهانیەکان کەماوەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی نەهێشتۆتەوە بەڵکو هەموانی دوای خۆی خستوە.لەگەڵ ئەمانەشدا هەموانمان ڕۆحیەتی داهێنان و پێشکەوتنمان تیادا سارد بۆتەوە و بوینەتە مشەخۆرێکی ئەدەبی و هیچی تر.
- لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت دان بەو ڕاستیەشدا بنێین کە بابەتەکانیش بۆخۆیان کاڵ و کرچیان پێوە دیارە ودوورن لە نوێگەرایی و داهێنان، بەڵکو بریتین لە جونەوەی شتە کۆنەکان ، هەربۆیەش تەنانەت نوخبەش بێزارە لە بیستن و بینینی ئەو بابەت و بەرهەمانە.

- هەروەها هۆکارێکی تریش ئەوەیە سەرەڕای بونی ئەو هەموو میدیا و ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن و هۆکارانەی تر بۆ ڕاگەیاندن و بلاۆکردنەوە کەچی گرنگی نادەنە ڕیکلامکردنی پێشوەختەی ئەو بوارە و ئەمەش بۆتە هۆکاری نەبیستن و نەزانینی جەماوەر بۆ کات و جێگەی کۆڕو کۆبونەوەکان.
- هۆکارێکی تر بریتیە لەوەی کە حیزبایەتی قوڵبۆتەوە و ڕەگی داهێشتۆتە ناو تەواوی جومگەکانی ژیانی کۆمەڵگای کوردەواریەوە و بیر و هەستی هەموانمانیان دابەش و داگیرکردوە و بچوکیان کردۆتەوە بەوەی کەوایلێهاتوە کۆڕێك یان کۆبونەوەیەکی ئەدەبی کە کەسێکی سەر بە حیزبێك ڕێکی بخات ئەوە تەنها جەماوەر و لایەنگرانی ئەو حیزبە بەشدار و ئامادەی دەبن ، بەم شێوەیە ئەدەب و هونەر و شانۆ و سینەماو ...هتد. لەم هەرێمەدا دابەشبۆتە سەر حیزب و ئاڕاستە سیاسیە جیاوازەکان و بۆتەهۆکاری سست بون و خاوبونەوەی ئەدەب و هونەری کوردەواریش.
- بەهەمان شێوە ململانێ و بوونی ناهەمئاهەنگی لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارە ئەدەبی و هونەریەکان وایکردوە کە هەریەکەیان نەچنە کۆڕو کۆبونەوەکانی ئەوانی تر.

بەداخەوە بەم شێوەیە ڕەوت و بزاوتی ئەدەبی و هونەر و فەرهەنگی لە م هەرێمەدا بەرەو دواوە دەچێت و ڕۆژ دوای ڕۆژ لە پاشەکشەو بچوکبونەوە و قەتیسبوندایە، بە پێچەوانەی کۆڕو کۆبونەوە سیاسیەکان (کە هەرچەندە ئەوانیش هێندە بازاڕیان گەرم نەماوە) کاتێك سەرکردەیەك یان لێپرسراوێك ئامادەی دەبێت ئەوا هەموان بە گەرموگوڕیەوە ئامادە دەبن تەنها بۆ بینین و ڕەسمگرتنیان لەگەڵ ئەو سەرکردە و بلاۆکردنەوەی لە تۆڕی فەیسبوکدا.

هەروەها ئەم لێپرسراوانەی وڵاتەکەشمان تەنها حەز بە بڕینی شریتی کردنەوەی پرۆژە و باڵەخانە و چێشتخانەو میوانخانەکان دەکەن و لەڕیزی پێشەوە ئامادە دەبن و هیچ کات حەز و خۆشییان بە کۆڕ و کۆبونەوە ئەدەبیەکان نایەت و ئامادە نین کاتی خۆیان بەفیڕۆ بدەن.

بۆیە دەکرێت حکومەت و وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و دام و دەزگا و گروپ و ڕێکخراو و یەکێتی و کۆمەڵە ئەدەبیەکان بەرنامەو پلانێکی واقعی دابنێن بۆ زیندووکردنەوە و بوژاندنەوەی ڕەوتی ئەدەبی و هونەری لە کوردستاندا .هیچ کۆمەڵگایەکیش ناکەوێت بەبێ ئەدەب و هونەرێکی گەشەکردوو وزیندوو و داهێنەر ، هەروەك ڤۆڵتێری فەیلەسوف و شانۆکاری بەناوبانگی فەڕەنسی لەساڵی ١٧٥٩دا لەبەر گرنگی شانۆ کە بە باوکی هەموو

هونەرەکانی دادەنێت و دەڵێت (( شانۆیەکم بدەرێ ، گەلێکی ڕۆشنبیر و هوشیارت دەدەمێ)).. هەربۆیە گەڕانەوە بۆ سەردەمی زێڕینی ئەدەب و هونەر و شانۆ و سینەما لەکوردستان و سلێمانیدا دەبێتەوە هۆی زیندووبونەوەی شارە حەیاتەکەی سلێمانی و دڵەزیندوەکەی کوردەواری، ئەگەر کەمێك دوور لە سلێمانچێتی و دوور لە گیانی هەموو شت زانین و بوغرایی و کبریائی سلێمانیانەمان دابەزین و خۆمان بە زانا و هوشیارتر نەزانین لەبەرامبەر ناوچەکان و کەسانی تردا.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی خاك لە ٢٠/٦/٢٠١٥دا بڵاوکراوەتەوە.

# هەڵبژاردنی پێشوەختە لەچ کاتێکدا؟ بۆچی ؟*

- لەدونیای دیموکراسیدا و لە سیستەمە دیموکراسیەکاندا ،پرۆسەی هەڵبژاردن وەك سیمایەکی گەش و دیاری ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەلات ڕووخسارێکی جوانی بەخشیوە بە دەسەلات و دەسەڵاتداران و پارت و سەرکردە سیاسیەکان . هەربۆیە لە سەرەتای سەدەی بیستەوە دیموکراسیەت و هەڵبژاردنە گشتیەکان و لەسایەشیاندا دابینکردنی ئازادیەکان و سەروەری یاسا و عەدالەتی کۆمەلایەتی بونەتە دروشم و پەرچەمی سەردەمەکە و لەسایەیاندا بەدەیان داهێنانی سەرسوڕهێنەری زانستی و تەکنەلۆژیاو هەموو پێشکەوتنەکانی مرۆڤایەتی هاتونەتە دی و ڕۆژئاوای گۆی زەویان کردۆتە بەهەشتێکی سەر زەمین.

بەداخەوە تەنها ڕۆژهەلات و ڕۆژهەلاتیەکانە کە تائێستا نەیانتوانیوە خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەو پرۆسەیەدا،جگە لەچەند نمونەیەکی کەم نەبێت کە ئەوانیش هاوشێوەی ڕۆژئاوا گەیشتونەتە تێگەیشتن لە چەمك و مەغزای دیموکراسیەت و هەڵبژاردنەکان و لە

سایەشیدا گەشەو پێشکەوتنی سیاسیی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیان وەدەستخستوە.

• هەڵبژاردن بۆخۆی پێوەرێکە بۆ شەرعیەتپێدانی جەماوەر بە پارت و سەرکردە سیاسیەکان و ئاستی متمانەی جەماوەرە بە بەرنامە و کار و بەڵێنی پارت و سەرکردە سیاسیەکانیان لە پێناو خزمەتکردنی زیاتر و دابینکردنی ژیانێکی پڕ شکۆ و کەرامەت بۆتاکەکان و دوورخستنەوەیانە لە دواکەوتویی و هەژاری و نەخوێندەواری و ...هتد.

لەهەر کۆمەڵگا و دەسەڵاتێکدا پرۆسەی دیموکراسی و هەڵبژاردنەکان بەرێك و پێکی و لەکاتی خۆیدا و دوور لە ساختەکاری و گزی و فزیکردن تیایدا بەرێوە چوو، ئەوە نیشانە و ئاماژەیەکە بۆ بوونی دیموکراسیەت و ئازادی و سەروەری یاسا و لەگەڵیشیدا بەرزی ئاستی هوشیاری و تێگەیشتنی کۆمەڵگا دەردەخات و مانایەك بۆ تاکرەوی و قۆرخکاری دەسەلات ناهێڵێتەوە.

• **پرسیار لێرەدا ئەوەیە، لە چ کاتێکدا پەنا دەبرێتە بەر هەڵبژاردنی پێشوەختە؟بەمەبەستی چی ؟**

لەهەندێك کاتدا لە کۆمەڵگا دیموکراسی و نیمچە دیموکراسیەکانیشداپەنا دەبرێتە بەر پرۆسەی هەڵبژاردنی پێشوەختە، چونکە پارت و سەرکردە سیاسیەکان ناتوانن لەکاتی یاسایی دیاریکراودا حکومەت پێك بێنن یان بەهۆی ناتەبایی و لێکتێنەگەیشتن لەسەر پلان و بەرنامەی کاری حکومەت حکومەتەکان دەست لەکار دەکێشنەوە و پەرلەمان هەڵدەوەشێتەوە و بەناچاری پەنا دەبرێتە بەر هەڵبژاردنی پێشوەختە، یاخود کێشە و تەنگژەیەکی گەورەی سیاسی یان ئابوری یان کارەساتی سروشتی ڕوودەکاتە وڵات ، بەناچاری و لەبەر ناڕەزایی جەماوەر و ڕوونەدانی توندوتیژی پەرلەمان و حکومەت هەڵدەوەشێتەوە و جارێکی تر بەناچاری پەنا دەبرێتەوە بەر هەڵبژاردنی پێشوەختە.
بەم شێوەیە هەموو کات هەڵبژاردنی پێشوەختە بژاردەیەکی بەناچاری بوە و کاتێك کێشە و قەیرانەکان و ڕێگاچارەکان بەبنبەست گەیشتوون بۆ دەربازبوون لەو قەتیسبونە بەناچاری پەنا دەبرێتە بەر هەڵبژاردنی پێشوەختە بەمەبەستی هێنانە کایەی پارت و سەرکردە و توانا و عەقڵی نوێ بۆ ناو کایەی سیاسی وڵات و گۆڕینی تەرازووی هێزەکان و پێکهێنانی هاوپەیمانی و دۆستایەتی نوێ بۆ قۆناغە نوێیەکە. کەواتە هەڵبژاردنی

پێشوەختە دوا ڕێگا چارەسەرە بۆ دەرچوون لە دۆخێکی قەتیس و وەستاو بۆئەوەی ولآت ڕووبەڕووی تەنگژە و قەیرانی زیاتر نەبێتەوە. لە ڕاستیدا کاتێك قەیرانەکان توند دەبنەوە و هیچ کام لەجەمسەرە سیاسیەکان و پارت و سەرکردەکان نەرمی و تەنازول ناکەن لە داواکاریەکانیان و متمانەیان بەیەکتر کاڵ دەبێتەوە و زۆر جارانیش هێندەی بیر لە بەرژەوەندیە حیزبی و کەسیەکان دەکەنەوە نیو هێندە بیر لە بەرژەوەندی نەتەوە و نیشتیمان ناکەنەوە، هەربۆیە ناگەنە ڕێکەوتن و چارەسەر لەبەر ئەوە پەنا دەبەنە بەر هەڵبژاردنی پێشوەختە.

- لە ئێستای کوردستانیشدا بەداخەوە لەسەر مەسەلەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هەموو پارت و سەرکردە سیاسیەکان دابەشبونەتە سەر دوو بەرەی جیاواز و دوور لەیەکتر و ناگەنە ئەنجام و ڕێکەوتنێك کە هەرێمەکەمان لەم تەنگژە مەترسیدارە ڕزگار بکەن و ژیان و گوزەرانی ئاسایی بۆ جەماوەری میلەتەکەمان بگێڕنەوە.بەداخەوە هەردوولا بەشێوەیەك لەشێوەکان بە چاوی دوژمنایەتی لەیەکتر دەڕوانن و بەهیچ جۆرێك نەرمی نانوێنن و سوورن لەسەر داواکاریەکانیان و گەیشتونەتە ئەو بڕوایەی کە بۆ شکاندنی ئیرادە و هەیبەتی یەکتری کار دەکەن و هیچ جۆرە سازش و نەرمی و تێڕوانینێکی یەکتر قبوڵ ناکەن و بەچاوی گوماناویەوە لەیەکتر دەڕوانن.بەداخەوە هێندە متمانەیان بەیەکتر کاڵبۆتەوە کە حساب بۆ ڕاستگۆیی و نیەتە ڕاستگۆکانیش نەماوەتەوە لە نێوانیاندا، هەموانیشیان هێندەی بیر لەبەرژەوەندی و دەسکەوتنی مادی و پلە و پۆست دەکەنەوە نیو هێندە بیریان لای بەرژەوەندیە باڵآکانی نەتەوە و نیشتیمان نەماوە.

خۆ ئەگەر لایەنێکیش بەئاڕاستەی بەرژەوەندی جەماوەر و دوور مەودای مەسەلەی میلەتەکە بیر بکاتەوە ئەوا تەریك و داماو دەبێت و هیچ لایەك گوێی بۆ ناگرێت و متمانەی پێناکەن و بە مانۆڕێکی سیاسی و حیزبی لە قەڵەم دەدەن، لە ئێستادا هەرێمەکەمان تووشی بۆشایی یاسایی هاتوە و سەرۆکی هەرێمێکی فەرمیمان نەماوە و پەرلەمان توشی خاوبونەوە و جۆرە سستیەك هاتوە و حکومتەیش گیرۆدەی دەیان قەیرانی هەنوکەیی بۆتەوە و جەماوەریش بێزار و ناڕازی و دڵپڕ لەقینە لەبەرامبەر ئەم بێباکی و خەمساردیەی دەسەڵآتدا.

بۆیە دۆخێکی قەتیس و ڕاوەستاو و دژوار هاتۆتە پێشەوە کە تەنها ڕێگاچارە بۆدەرچوون لەم دۆخە ڕەش و تاریك و پڕ گومانە بریتیە لە بژاردەی هەڵبژاردنی پێشوەختە، بەنیازی

ئەوەی کە لە ئەنجامدا گۆڕانێکی گەورە لە تەرازوی هێزەکان و ژمارەی دەنگدەران و کورسیەکانی پەرلەماندا بێتە کایەوە بۆئەوەی بتوانرێت حکومەتێکی زۆرینە پێکبهێنرێت و پەرلەمانێکی بەتواناتر بێتە ئاراوە کە بەئاسانی بتوانرێت یاساکان دابڕێژرێتەوە و هەرێمەکەشمان لەم قەیرانانەی ئێستا ڕزگار بکرێت.

- **لێرەدا پرسیارێکی جدیتر دێتە ئاراوە ،کە ئایا ئەم هەڵبژاردنی پێشوەختەیە بەڕاست و دروستی جێبەجێدەکرێت؟ یان ساختە و گزیکاری تیادا دەکرێت؟ ئایا ئەنجامەکان دڵخواز و دڵ ویستی زۆرینە دەبن؟ ئایا دەبێتە هۆی گۆڕانی گەورە لە بەلانسی هێزەکاندا؟**

لەهەرێمەکەماندا لە ساڵی ١٩٩٢وە تائێستا ٤ هەڵبژاردنی گشتی پەرلەمانی کراوە ،کە بەداخەوە لەهیچیاندا پاك و بێگەرد نەبوە و ئەم هەڵبژاردنەش هەر گومانی ساختە و گزیکاری تیادا دەکرێت، هەربۆیە ئەنجامەکانیش بەدڵی زۆرینە نابێت و دەکەوێتە بەر ڕەخنە و گلەیەوە و لەکۆتاشدا ئەنجامەکان گۆڕانکاریەکی گەورەیان بەسەردا نایەت کە ببێتە مایەی ئەوەی کە بتوانرێت بە سانایی گۆڕانکاری بکرێت لەیاسا و دامودەزگا و جومگە گرنگەکانی حوکمڕانیدا، ڕەنگە هەر هێز و پارتێکی سیاسی چەند کورسیەك لەپەرلەمان زیاد یان کەم بکەن بەڵام نابنە هۆی گۆڕانکاری گەورە، بەدڵنیاییەوە ئەو پارتانە دەبنە جێگەی متمانەی جەماوەر کە هەڵوێست و گوتاریان لەخزمەت گەل و نیشتیمان و بە موئەسەساتکردنی جومگەکانی حوکمڕانی و گۆڕینی سیستەمە سیاسیەکە و شەفافیەت و نەهێشتنی گەندەڵی و قۆرخکاری دەسەڵاتدا بێت، بەڵام لەبیریشمان نەچێت کە حیزب و سەرکردەش هەن کە جەماوەرێکی نابینا و بیرکۆڵ و دەروێش و کۆیلەیان هەیە کە دەنگیان پێدەدەن بە چاونوقاندن لەهەموو کار و کردەوە و هەڵوێستە نانیشتیمانی و نانەتەوەیەکانیان، بۆیە ئەنجامەکان یەکلاکەرەوە نابن بەشێوەیەك ئەم دۆخەی ئێستا سەرەوژێر بکەنەوە. ئەمە سەرەڕای دروستکردنی بار گرانیەکی گەورەش بۆسەر ئەستۆی حکومەت لەبەر تێچوونی زۆری پرۆسەکە کەلەم کاتەدا حکومەت بۆخۆی بەدەست بێ بودجەییەوە دەناڵێنێت.

- بۆیە هەڵبژاردنی پێشوەختەی کوردستان بژاردەیەکی ناچاریە و دڵخوازانە نیەو هیچ پارت و سەرکردەیەکیش گرەنتی ئەنجامێکی دڵخۆش و سەرکەوتوانە ناکات،بەڵام بۆدەرچوون لەم دۆخەی ئێستا و ڕۆشنکردنەوەی زیاتری ئاسۆکان بەناچاری پەنای بۆدەبرێت و گەرەکیشە هەموان پابەندی ئەنجامەکانی بن، بەو هیوایەی هەموان نەرمی زیاتر

بنوێنن و بگەنە سازانێکی نیشتیمانی گشتگیر و نەگەڕێینەوە چوارگۆشەی یەکەم و خاڵی دەستپێك تا پەنا نەبەینە بەر هەڵبژاردنی پێشوەختە کەوەك ((حەلاَلێکی بێزراو)) وایە .

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی پی یو کەی میدیا و مەکتەب ڕێکخستن وSNN وناوەندی دەرەوە و پێنوسەکان لە ٢٠ و٢٠١٥/٩/٢١دا بلاْوکراوەتەوە .

# پێکەوە بین یان لێکەوە بین ؟*

- بەداخەوە ئەم دۆخە شڵەژاو و لێکترازاوەی هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە بەهۆکاری لێکتێنەگەیشتن و پێداگیری و سووربون و چەقبەستنی بیرکردنەوەکانی سەرکردە و پارتە سیاسیەکانەوە، هەرێمی کوردستانی خستۆتە بەردەم مەترسی و هەڕەشەی گەورەی پەلکێشکردنی دوژمنان و داگیرکارانی کوردستان بۆ ناو هەرێم و سڕینەوەی یەکتری و دووبارەکردنەوەی ئەزمونی دووئیدارەیی و تەنانەت شەڕی ناوخۆش.. کە بەداخەوە هەموانیان بەدروشم و گوتار نەفرەتی لێدەکەن بەلاْم کردار و مامەڵە و نیەت و پشتپەردەکان بەپێچەوانەی دروشمەکانەوە هەنگاو و پیلانیان هەیە بەو ئاڕاستە قێزەونە.
- هیچ کاتێك دوو ئیدارەیی و شەڕی ناوخۆ و دوورکەوتنەوەی هێزە سیاسیەکان لە یەکتر و سەرهەڵدانی گرژی و ئاڵۆزی لە هەرێمدا لە قازانجی هیچ لایەك نەکەوتۆتەوە و

تەنها بەقازانجی دوژمنان تەواو بوە، بۆیە هەر هێز و لایەنێك بەئاڕاستەی لێکجیابونەوە و دروستکردنی دووهەرێمی پلان و بەرنامەی هەبێت، ئەوا بیەوێت یان نا ئەو هەولأنەی دەچێتە خانەی دوژمنایەتیکردنی بەرژەوەندی میلەت و خەونی گەورەی پێکەوەنانی دەوڵەتی کوردی ودەرخستنی ڕووی ڕاستەقینەی ئەو هێز و لایەنانەشە بۆ زیاتر بچوککردنەوە و قەتیسکردنی هەرێمەکەمان و مەسەلەی گەورەی میلەتەکەشمان، هێز و لایەنێك بەو ئاڕاستانە کاردەکەن کە تەنها بەرژەوەندی و دەسکەوتی حیزبی و سەرکردەکانیان لێکدەدەنەوە دوور لە بەرژەوەندی نەتەوەو و نیشتیمان، هێزگەلێك بەو ئاڕاستەیە کاردەکەن کە ناوچەگەری و بیری تەسکی حیزبایەتی زاڵە بەسەر بیر و بەرنامەیاندا.

- لە ئێستادا دۆخی سیاسی و ئابوری و سەربازی هەرێم بەعێراق و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین و تەنانەت ململانێ نێونەتەوەیەکانیش لە ئاستێکدان کە هەموان پێکەوە مەترسیەکی دونیایی و ناوچەیی و هەرێمیشیان لێ چاوەڕوان دەکرێت، گۆڕانکاریەکان و ڕووداوە تراژیدیەکانی عێراق و سوریاش بونەتە بەهانە و بیانوی زلهێزەکانی دونیا بۆ دەستوەردانە ناو کاروباری وڵاتانی ناوچەکە و جێبەجێکردن و چەسپاندنی پلان و نەخشەکانیان کە هەمووی لەبەرژەوەندی خۆیاندایە نەك بەرژەوەندی گەلانی ناوچەکە، هەموانیشیان بەپێچەوانەی عەقڵ و ژیریەوە لەجیاتی پەنا بۆ ڕێگاچارەی سیاسی و دایەلۆگ و دانوسانی ئاشتیانە بەرن، پەنایان بردۆتە بەر بەکارهێنانی هێز و تاقیکردنەوەی چەك و چۆڵە نوێکانیان لەسەر خاك و گەلانی بێ گوناهی ناوچەکە و هەریەکەیان ئەسپی خۆی تاوداوە بەناوی پارێزگاریکردن لە دەسەلأت و حوکمڕانان و لەوبەریشەوە بۆ پارێزگاری لە گەلان و ئۆپۆزسیۆنی دەسەلأتە تاکڕەو و خۆسەپێنەکان..

لە ئێستادا ململانێ ناوچەییەکان لەبەرامبەر ململانێی زلهێزەکاندا کاڵبونەتەوە و بەهۆی درێژەکێشانی قەیرانی سوریا و عێراق لەم ناوچە پڕ گرنگی و چڕبونەوەی بەرژەوەندیە زلهێزیەکان بەهۆی شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعش و بەهۆی پشتیوانیکردنی وڵاتانی ناوچەکە و هەندێ زلهێزی دونیاش، وایکردوە کە ڕیزبەندیەکی نوێی جیهانی دروست

ببێت و هەریەکەشیان لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی زۆر و زەوەندە ئابوریەکانیان و وەدەستخستنی سەرچاوەکانی وزە لە نەوت و غازی سروشتی ناوچەکە نزیکبونەتەوە لە پێکادان و هەڵایسانی جەنگی گەرم.هاتنە کایەی ڕوسیا بۆ ناو کایەکە بە هێز و خورتیەوە و کۆکردنەوەی هاوپەیمانیشی لە چین و کۆریای باکور و ئێران کە وڵاتانێکن بە درێژایی مێژووی کۆن و نوێ دژایەتی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاو ڕۆژئاوا دەکەن و گەرەکیانە لەم سەدەی بیست و یەکەمدا بە شێوازێکی نوێ درێژە بەو ململانێ نێودەوڵەتیە بدەن.

لەبەرامبەریشدا بەڕابەرایەتی ئەمریکا و هاوپەیمانی بەریتانیاو فەڕەنسا و زۆرێکی تر لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و تورکیا و وڵاتانی کەنداوی عەرەبی خۆیان ڕێکخستوە بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەو هاتنە پێش و سنگدەرپەڕاندنەی ڕوسیا و هاوپەیمانەکانی کە پێشبینی ناکرێت بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەردەوام بێت و بتوانێت ئەو خەرجیە زۆرە بکێشێت کە بۆخۆی ڕوسیا لە بنچینەدا ئابوریەکی بەهێزی نیە و تەنانەت ناگاتە بێهێزترین ئابوری ئەوروپا کە وڵاتی ئیسپانیایە.

هەردوولایان لەسەر خاك و گەلانی ناوچەکە جەنگ و ململانێکانیان درێژە پێدەدەن و ناوچەکەیان کردۆتە گۆڕەپانی سەرەکی ململانێکانیان بەمەش تەنها گەلان و خاکی ناوچەکە دەبنە سووتەمەنی هەروەکو هەموو جەنگە نێونەتەوەییەکانی سەدەی ڕابووردوو.

- **پرسیار لێرەدا ئەوەیە، لەم ناوچە گەرم و پڕ ململانێ و گۆڕانکاریانەدا، کوردو کوردستان لەکوێی نەخشەکەدان؟ ئایا کورد دەتوانێت خۆ بپارێزێت و لایەنگری هیچ بەرەیەکیان نەکات؟ئایا کورد بەلای چ بەرەیەکدا دایشکێنێت سەرکەوتوو دەبێت؟ و خۆی و مەسەلەکەی دەسکەوتی گەورە وەدەستدێنن؟ئایا دۆخی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و کورد بەگشتی ئامادەیە بۆ خۆ خستنە ناو ئەو ڕووداو و ململانێ نێونەتەوەییەوە؟**

وەڵام کورد بەهۆی جەنگ و بەرگریکاری لە دژی داعش و تیرۆریستان بۆ ماوەی ٢ساڵ زیاترە لە ڕۆژئاواو باشوری کوردستاندا بەهێز و بازوی پێشمەرگە قارەمانەکان بۆتە سەرەڕمی بەرگریکاری و جێگەی شانازی و سومبولی ئازادی و ڕزگاری و پێگەیەکی گرنگی لای زلهێزەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات بۆخۆی مسۆگەر کردوە و هەموانیان کۆکن لەسەر هاوکاری و یارمەتیدانی کورد بە چەك و تەقەمەنی و هاوکاری سەربازی و

لۆجستی، بەڵام بەهۆی ململانێ ناوخۆییە خۆخۆری و بەرژەوەند پەرستی و تۆخکردنەوەی حیزبایەتی بەسەر کوردایەتیدا خاڵی لاوازی خۆی پیشانی هەموو دونیا داوە، بەم دۆخەیەوە کورد و کوردستان نابێتە پنتێکی سەرەکی لەنەخشەی ئەو ململانێ نێودەوڵەتیەدا و نابێتە یاریزانێکی سەرەکیش بەڵکو تەنها دەبێتە ئامڕازێکی دەستی زلهێزەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان.

کورد و کوردستان بەهۆی هەڵکەوتەی پێگە جیۆسیاسیەکەی لەناوجەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناوین و دەوڵەمەندی بەسەرچاوەکانی وزەی نەوت و غازی سروشتی و ..هتد. و لەبەرئەوەی تائیستاش نەبۆتە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی و تەنها هەرێمێکە لەچوارچێوەی عێراقی فیدراڵدا کە بەداخەوە لەژێر نفوز و هەژموونی دراوسێکانیدایە و بەتایبەتیش کۆماری ئیسلامی ئێرانبەهۆی پێکهاتەی مەزهەبی شیعەوە کە زۆرینەی عێراقن و بالادەستی حوکمڕانیشن، بۆیە کورد ناتوانێت تاسەر بەسەربەخۆیی و خاوەن بڕیاری سیاسی سەربەخۆی خۆی بێت بەڵکو دەبێت بەناچاری لابداتە لایەك و بکەوێتە بەرەیەکی ململانێ و جەنگەکەوە، ئالێرەدا بڕیارە قورس و سەختەکە دەدرێت کە ئەویش بیرتیژی و سیاسەتزانی و باش هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی هاوکێشە و ڕووداوەکان و حساباتەکان ڕۆڵی گەورەیان هەیە کە ڕاست و دروست بدرێن لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی کوردەوە.چ لە باشوور چ لە ڕۆژئاواش،بەڵام ئەوەی دیار و شاراوە نیە دەبێت کورد درێژە بە جەنگی دژ بە تیرۆریستانی داعش بدات و پارێزگاری لەخاك و گەلی خۆی بکات و لەسەر زەمینەی واقیع بون و هێز و توانای خۆی پیشانی هەموان بدات، بۆئەوەی نەك کورد لابداتە لایەکیان بەڵکو هەردوولا ناچار بکات ئەوان کورد هەڵببژێرن و بیکەنە دۆست و هاوپەیمانی خۆیان.بەم شێوەیە کە تاکە ڕێگایە کورد و مەسەلەکەی هێندەی دی گرنگ و کاریگەر دەبن و دەتوانن دەسکەوتی زیاتر وەدەستبێنن.

- بەڵام بەداخەوە لەباشووردا سەرکردایەتی سیاسی کورد و پارتە سیاسیەکان لەم دۆخ و قۆناغە پڕ مەترسیەدا لەوپەڕی دڕدۆنگی و دوورکەوتنەوە ولێکجیابونەوە و لێکترازاندان، لە حاڵێکی ئاوهاشدا ناتوانن نە بڕیاری ڕاست و دروست بدەن و نەدەتوانن پارێزگاری لە پێگە و هێزی کورد و مەسەلەکەی بکەن و نەدەشتوانن کورد بکەنە

یاریزانێکی نێودەوڵەتی و ناوچەیی سەرکەوتوو کە هەموان ناچاربکەن لە هاوکێشە و حساباتەکانیاندا پێگەی شیاوی کورد دیاریبکەن.

بۆیە سەرکەوتن و زامنکردنی بەرەیەکی سەرکەوتووی ململانێکان بۆ کورد تەنها بە یەکویەکگرتویی ڕیزەکان و گوتار و کردار دەبێت نەك لێکجیابونەوە و تۆخکردنەوەی بەرژەوەندی سەرکردە و حیزب بەسەر بەژەوەندیە باڵاکانی گەل و نەتەوەدا.

هەربۆیە دەبێت هەموان پێکەوە و یەکرگتوو شان بدەنە بەر ئەم دۆخە پڕ مەترسیدارە و هیچ کات بیر لە لێکجیابونەوەی هەرێمەکە نەکەن وگرەوی سەرکەوتنەکان وابەستەی پێکەوەییمانە نەك لێکجیابونەوەمان .

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی مەکتەب ڕێکخستن و سنورمیدیا و وتاری کورد و پێنوسەکان و پی یو کەی میدیا لە ٢٠ و ٢١ و ١٠/٢٧ و هەواڵ ژمارە ٦٣٨ لە ١٠/٢٤ و کوردستانی نوێ ژمارە ٦٨٠٤ لە ٢٠١٥/١٠/٢٧دا بڵاوکراوەتەوە.

# سلێمانی

# دڵە هەمیشە زیندووەکەی کوردستان و کوردایەتی... *

- هەر لەسەرەتای دامەزراندنی شاری سلێمانیەوە لەلایەن پاشاکانی بابانەوە لە ساڵی ١٧٨٤وە و تاکو ئێستا ،سلێمانی وەك شارێکی زیندوو بەردەوامی بە ژیان و تەمەنی خۆیداوە، دامەزراندنی سلێمانیش لەم جێگە و پێگەیەدا هەر لەخۆڕا نەبوە بەڵکو گەلێك هۆکاری سیاسی وئەمنی و ئابوری لە پشتەوە بوە، چونکە جێگاکە جێگەیەکی ئەمینتربوە لە قەڵاچوالان و لەڕووی ئابوریشەوە دەشت و کانیاو و زەوی کشتوکاڵی بەپیتی زیاتر هەبوە، پان و پۆڕی جێگاکەشی وایکردوە کە بیر لە ئایندە بکەنەوە و بیکەنە پایتەختی سیاسی دەسەڵاتی بابانەکانیش و ئەم جێگەیەی ئێستای سلێمانی ناوەندی ناوچەکانی شارەزوور و گەرمیان و هەولێر و کەرکوکیش بوە و نزیکە دەستی هەموان بوە و لەولاشەوە

دوورتر بوە لە سنوری دەوڵەتی سەفەویەوە کە هەمیشە قەڵاچوالان زووتر دەکەوتە بەر هێرش و هەڕەشەی فارسەکانی دراوسێوە.

هەرچەندە سلێمانی و هەڵکەوتە جوگرافیایەکەی کەمێك چەپەك و دوورە دەستی ڕێگاوبانی هاتوچۆی کاروان و قافڵە ئابوری و بازرگانیەکان بوە هەر لە کۆنەوە تاکو ئێستا ، بەڵام هەمیشە بەهۆی دڵسۆزی و خەمخۆری بازرگان و سەرمایەدارە نیشتیمانپەروەرەکانی سلێمانیەوە ، هەمیشە سلێمانیان لەو چەپەکیە ڕزگارکردوە و کردویانەتە کاروان سەرایەکی ئاوەدان و نەیانهێشتوە کە سلێمانی دابڕێت لە جیهانی دەرەوە و هەمیشە نوێگەری و تازەترین کەلوپەل و کاڵای ناوچەکە و جیهانیان هێناوەتە بازاڕەکانی سلێمانیەوە، بەم شێوەیە سلێمانی لە ڕووی ئابوری و بازرگانیەوە هەمیشە پێشەنگی شارەکانی ئەو کات و ئێستاش بوە و ئەوەتا سلێمانی لە ئێستادا لەسەر ئاستی هەموو عێراق لە ڕووی پیشەسازیەوە یەکەمەو لە ٣٠٪ پیشەسازی هەموو عێراق لە پارێزگای سلێمانیەو، لە ڕووی تەندروستی و پەروەردە و ئاو و ئاوەڕۆ و ڕێژەی کەمی بێکاری و بەرزی ئاستی گوزەران و پاکوخاوێنی و گەشتوگوزار و ئەمنیەتەوە سلێمانی هەمیشە پێشەنگی هەموو پارێزگاکانی عێراق و هەرێمیشە.

- سلێمانی لە ڕووی سیاسیشەوە هەر لەسەرەتاوە بە گەورەیی و بۆ پایتەختبوونی سیاسی بابانەکان دامەزراوە و قەدەری سلێمانی هەر گەورەیی و بەناوبانگی و پێشەنگی بوە، بەداخەوە لە زۆر لە قۆناغە جیاوازەکاندا سلێمانی کەوتۆتە بەر هەڵمەت و هێرشی دوژمنان و تەنانەت زۆر جارانیش دۆستەکان بەهەڵە تێگەیشتن و حسابکردن و لێکدانەوەی سیاسی هەڵەی خۆیان سلێمانیان کردۆتە قوربانی خواست و ویستە حیزبیەکانیان و سلێمانیان ڕووبەڕووی چەندین کێشە و قەیرانی دارایی کردۆتەوە هەروەکو لە ئێستادا ڕوودەدات و لەبەر چاومانە.
- سلێمانی لە ڕووی ڕووناکبیری و بزوتنەوەی ڕۆشنگەری و ئەدەب و فەرهەنگی کوردیەوە هەمیشە پێشەنگ و شاری شاران بوە لە داهێنان و دەستپێشخەری نوێدا لە ئەدەب و شیعر و پەخشان و ڕۆمان و بە دەیان و سەدان نوسەر و شاعیر و هەڵکەوتوی بەناوبانگی تیادا دەرکەوتوە.
- سلێمانی هەمیشە پەناگە و لانەی بێ لانەکان بوە و جێگەی حەوانەوەی ئاوارە و دەربەدەر و سەرکردە و کادرە سیاسیەکانی هەموو عێراق و هەر چوار پارچەی

کوردستانیش بوە و هیچ سەرکردەیەکی سیاسی عێراق و کوردستانی گەورەش نیە کە لە قۆناغێکدا بۆ کاری سیاسی نەهاتبێتە سلێمانی و سلێمانی باوەشی بۆ نەگرتبێتەوە.

- سلێمانی بە زیندوویێتی دانیشتوانەکەی و کرانەوە و زوو تێگەیشتن لە پێشکەوتن و ڕەوتە نوێیە فکری و ئەدەبیە ناوچەیی و جیهانیەکان ناوبانگی دەرکردوە و هەمیشە گەرەکێتی خۆی نوێ بکاتەوە و سەرقافڵەی کاروان بێت نەك پاشکەوتە و دواکەوتەی هیچ کەس و لایەنێك بێت.
- سلێمانی بە ئازادی ڕادەربڕین و چەسپاندنی کەشو هەوایەکی دیموکراسی بەناوبانگە و سەرجەم ئازادیخوازانی عێراق و کوردستانیش لە سلێمانیدا بیروڕا جیاوازەکانی خۆیان ڕاگەیاندوە ، و لە ئێستاشدا یەکەم هێزی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە هەرێمدا لە سلێمانی دامەزراوە و هەموو خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکان هەر لە سلێمانیەوە دەستپێدەکەن و هەموو ڕەوت و بزوتنەوە نوێگەراکانی ئەدەبی هەر لە سلێمانیەوە لەدایك دەبن و میدیای ئازاد و سەربەخۆش هەر سلێمانی بۆتە لانکەی لەدایکبونیان.. ئاشکرایە کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی دەسەڵاتی سیاسی لەم ناوچەیەدا هەر لەکۆنەوە تاکو ئێستا ، نابێت ئەو ڕاستیە لە بیر بکەین گەر دەسەڵاتی سیاسی بۆ خۆی خاوەن بیروبۆچونی ئازادیخواز و پێشکەوتوخواز ودیموکراتیخواز نەبێت هەرگیز ڕێگە نادات بە گەشانەوە و بوژاندنەوەی ئەو ڕەوتە نوێگەراییانە، سلێمانی لەگەڵ شارەکانی تری کوردستان و عێراقدا زۆر جیاوازە و هەر ئەم جیاوازیەشی کردویەتیە شارێکی زیندوو کە هەرکەسێك ڕۆژێك یان ساڵێکی تەمەنی لە سلێمانیدا بردبێتە سەر هەرگیز مامەڵەی خۆشی خەڵکەکەی و کەشوهەوا خۆشەکەی لەبیر ناکەن و گەرەکیانە بەجێینەهێڵن.
- سلێمانی بەزۆر دیاردە و سیمای جوانی سروشتی و شاکار و جێگە و کەسایەتی بەناوبانگە، لەوانە شاری هەڵمەتوقوربانی و شاری شاران و شارە حەیاتەکە و شاری ڕەشەبا بەهێزەکەی و شاری بەردەرکی سەرا و شاری مەلیك مەحمود و شاری بابانەکان و شاری شاخی ئەزمەڕ و گوێژە و شاری شاعیران و نوسەران و شاری ڕاپەڕین و پایتەختی ڕۆشنبیری و گەلێك نازناوی تر.. کە هەموانیان شاهیدی و گەواهی لەسەر زیندویەتی ئەم شارە دەدەن.
- لە ئێستاشدا کە یادی دامەزراندنی ٢٣١ ساڵەی سلێمانی دەکەینەوە بەداخەوە هێزگەلێکی کۆنەپەرست و دوژمنانی پێشکەوتن و ئازادیخوازی هەن کە دوژمنایەتی

مێژووە پڕ شکۆکەی سلێمانی دەکەن و گەرەکیانە بیکەنەوە بە گوندێکی بچوك و قەیران دوای قەیران بۆی دروست دەکەن و چاویان بەرایی بە گەورەیی و کەڵەگەتی و شکۆی مێژوو و خەبات و زیندوێتی سلێمانیدا هەڵنایەت و بەهێندەی ڕۆڵ و کاریگەری و زیندوێتی سلێمانی لە خەباتی کوردایەتیدا خزمەتیان پێشکەش نەکردوە.،شارە حەیاتەکە هەر زیندوە و ڕوو لە ئایندەیەکی گەشتریشە بەهیمەتی ڕۆڵەکانی لە سیاسەتمەداران و نوسەر و شاعیر و زانایانی ئاینی و بازرگان و سەرمایەدار و سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دڵسۆز و خەمخۆرەکانی و هیوای گەشەکردن و زیندوێتی هەتا هەتایی بۆ دەخوازین..

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی خاك و ئاڕاستە و دواڕۆژ و ڕادیۆ ناوخۆ و SNN لە ١٢ و١٤ و ١٥ و ٢٠١٥/١١/١٧دا بلاْوکراوەتەوە.

## دەوڵەتی کوردی لەنێوان خەون و دروشمبازیدا ! *

- کەمتر لە ٤ مانگی تر ١٠٠ ساڵی تەواو تێپەڕ دەکات بەسەر ڕێکەوتنی سایکسبیکۆی ساڵی ١٦ی مایسی/١٩١٦دا کە تیایدا و لە ئەنجامی جەنگی جیهانی یەکەمەوە و سەرکەوتن و بالأدەستبونی هاوپەیمانان بەسەر ولأتانی میحوەردا و داگیر و دابەشکردنەوەی میراتی دەوڵەتی عوسمانی (( پیاوە نەخۆشەکە))، کوردستانی گەورە بە خاك و نەتەوەوە داگیر و دابەشکرایەوە بەسەر چوار ولأتی ناوچەکەدا لە تورکیا و ئێران و عێراقی هێشتا دروستەنەکراو و سوریاشدا.بەم شێوەیە سەد ساڵی ڕێکە کورد خەون و خەبات دەبینێت و دەگێڕێت بۆ وەدەستهێنانەوەی سەربەخۆیی و ئازادی و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی.

بەڵام تائێستا ئەو خەونەمان وەدینەهاتوە و نەگەیشتونەینەتە دوا مەنزڵی سەرکەوتن و ترۆپکی ئاوات و خواستە ڕەوا نەتەوەییەکانمان وەکو نەتەوە سەردەست و هاوشانەکانی خۆمان،کورد وەك نەتەوە گەلێك دواکەوتوە لەبەدەستهێنانی خواستە ڕەواکانیدا لە پێکەوەنان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی، ئێمە لەکاتێکدا نەمانتواینوە کە دەوڵەتێك ڕابگەیەنین کە سەردەمی نەتەوەپەرستی و تۆخبونەوەی سنورەکان و داڕشتنیان بوە، ئیدی لە ئێستادا چۆن بتوانین کە دەوڵەتی کوردی ڕابگەیەنین کە سەردەمی جیهانگیری و نەمانی سنورەکان و کاڵبونەوە و تێکەڵاوبونی شارستانێتیەکان و کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکانە.ئێمە کە ماوەی ١٠٠ ساڵە نەمانتوانیبێت خەونێك بهێنینە دی و بیکەینە دیفاکتۆ و بیسەپێنینە سەر هەموان لەناوچەکە و دونیاشدا ، ئیدی دەبێت چ ئومێدێکمان بە ئایندە هەبێت و خەباتی زیاتری بۆ بکەین.

- **پرسیار لێرەدا ئەوەیە ، ئەرێ بەڕاستی بۆچی کورد تا ئێستا نەگەیشتۆتە ئەو خەون و ئاواتەی کە ١٠٠ ساڵە هەوڵی بەدیهێنانی دەدات کە ئەویش دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی خۆیەتی؟**

زۆر بەکورتی و بەکوردی ، بەداخەوە سەرەڕای هەموو سەرکەوتن و شۆڕش و ڕاپەڕین و قوربانیدانە زۆرەکانی کورد لەو پێناوەدا ، بەڵام هەمیشە خاڵی گرنگ بۆ نەگەیشتنی کورد بەو ئاواتەی تەنها و تەنها کورد خۆی بوە، سەرەڕای هەبوونی فاکت و هۆکاری دەرەکی لەتوانا و وزەی کورددا، بەڵام ڕاستیەکی مێژوویی هەیە کە بریتیە لەوەی کە هیچ گەل و نەتەوەیەك ناتوانێت بگاتە ئامانج کاتێك بڕوای تەواوی بە توانا و وزە و قوربانیدانەکانی گەلەکە و جەماوەرەکەی خۆی نەبێت و سەرکردە و جەماوەر متمانەی پتەویان لە نێواندا نەبێت و لەگەڵ یەکتریشدا ڕاستگۆ نەبن، بەداخەوە کورد و مەسەلەکەی هەمیشە و لەهەموو قۆناغەکانی خەباتدا بۆتە قوربانی ململانێ حیزبیە تەسکە ناوخۆییەکانی و خۆخۆری و دووبەرەکی و پەرتوبڵاوی لەکار و کردار و گوتاریدا و هەمیشە ڕۆحیەتی خۆ بەزلزانین و خۆ سەپاندن و قۆرخکاری ئامادەگی هەبووە لەنەستی سەرکردە کوردەکاندا و

گەر خاوەنی بچوکترین دەسەلآت بوبن هەمیشە جەماوەر و توانا و متمانەیانی لەدەست داوە لە پێناو دەسکەوت و دەسەلآتی خۆی و حیزب و بنەماڵەکەی.

هەمیشە کوردایەتی لەنێوان دروشمبازی لایەن و سەرکردەکاندا ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خەباتی خۆی ونکردوە و کەوتۆتە بەر ڕاکێش ڕاکێشی سەرکردە و لایەنەکان و بەداخیشەوە هەموانیان هەمیشە بەرژەوەندیە تەسك و کەمەکانی خۆیان لا بەرزتر و پیرۆزتر بوە لە مەسەلە گەورەکەی کورد و کوردایەتی.

لەئێستاشدا و دوای سەد ساڵ لەخەبات و قوربانیدان ، هێشتاکە کورد نازانێت خەونە لە مێژینەکەی چۆن بهێنێتە دی و بیکاتە ئەمری واقیع یاخود چۆن واز لەدروشمبازی بهێنێت و بەڕاستی و ڕاستگۆیی دەستبگرێتە ئەڵقەی دەوڵەتی سەربەخۆدا. و لەم پێناوەشدا چۆن بتوانێت ئیجماعێکی سیاسی و کۆدەنگیەکی میللی لەدەوری کۆبکاتەوە و بتوانێت هەموان بەهەموو ئاڕاستە و گوتار و کردارە جیاوازەکانەوە کۆبکاتەوە و زۆر بەتوندی و بەهێزەوە و بەبێ شەرم و ترسنۆکی داوای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ بکات و پەردەی شانۆگەری تراژیدیای کورد و مەسەلەکەی لە کۆتاییدا بە سەرکەوتن و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی بەکۆتا بهێنێت و مافی خوراوی سەدساڵەی ڕابووردوومان بۆ بگێڕێتەوە و خوێن و فرمێسکی ڕژاوی خەم و کارەساتەکانی سەد ساڵەمان بۆ بگۆڕێتەوە بە فرمێسکی خۆشی و سەرکەوتن.

- دەبێت ئەو ڕاستیەمان لەبیر نەچێت کەئەم قۆناغە هەڵکەوتوەی کورد کە بەژیرانە خۆی خزاندۆتە ناو بەرەی جەنگی دژە تیرۆرەوە و لەو پێناوەشدا قوربانی و خەباتی زۆری داوە و پێشمەرگە و شەڕڤانان و گەریلا بونەتە سیبمولی سەرکەوتن و دژە داعش و کۆنەپەرستی و ترس و تۆقاندن و لە ئێستادا کە باشوور و ڕۆژئاوا ڕزگار و سەرفرازن و باکوریش لە ژانێکی قورس و سەختی لەدایکبونێکی نوێدایە دەروازیەکی گەورە و فراوان کراوەتەوە لەسەر کورد و مەسەلەکەیدا و ئەوەی کە بەدرێژایی ١٠٠ ساڵی ڕابووردوو وەك فاکتی دەرەکی و ناوچەیی دژمان بوە لەئێستادا ئەو فاکتە بەتەواوەتی لەگەڵ کورد و

مەسەلەکەیدایە و بە مادی و مەعنەوی لەگەڵ سەرخستن و پشتیوانی کوردان و بۆیە ئەوەی ماوەتەوە لە ئێستادا هۆکای ناوخۆیی خۆمانە کە بەداخەوە لەهیچ بەشێکی کوردستاندا ناوخۆیەکی پتەو و بەهێز و یەکگرتوومان نیە.ئەوەتا لە باشوور تازە بەتازە ململانێ حیزبیەکان و بەرژەوەندیە حیزبیەکان تۆخ دەکەینەوە دژی یەکتری و لەهەوڵی لەباربردنی هەموو دەسکەوتی ٢٤ ساڵەداین و تازە بەتازە خەریکی خۆسەپاندن و قۆرخکارین لەدەسەلأت و سەرقاڵی دەرپەڕاندنی ئەوانی تردایں، لەڕۆژئاواشدا بە ئاشکرا ململانێکان دیارەو بونەتە دوو بەرەی دژ بەیەکتر و هەموو کارە باشەکانی یەکتریان پێخراپە و لەهەوڵی خۆسەپاندن و دەرپەڕاندنی خەڵکانی تردان، لەباکوور خۆشبەختانە تاڕادەیەکی زۆر باش ڕیزەکان یەك و یەکگرتوون سەرەڕای بوونی بڵقە سەر ئاوکەوتوە لاوازەکان.

بۆیە لەئێستادا دەوڵەتی کوردی زۆر نزیکە لەدوا مەنزڵ و ڕاگەیاندنی ، بەڵام ماوەتەوە سەرخۆمان کە چۆن زەمینە و زەمانی گونجاوی بۆ بڕەخسێنین و کاری گەرموگوڕی بۆ بکەین و هەموو لایەنە سیاسی و ئابوری و سەربازی و کۆمەڵایەتی و دەروونیە ناوخۆیەکانی بۆ ئامادە بکەین، چونکە ڕاگەیاندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لەم ناوچە گرنگەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا کارێکی سەرپێی و ڕاگوزەرو سانا نیە و ناشبێت، بەبێ ئەوەی تەداروکاتی تەواوەتی بۆ ئامادە بکرێت، خاڵی گرنگ ئەوەیە کە هەموان واز لە دروشمبازی بێنین و دوور بکەوینەوە لە خود و خۆپەرستی و زاڵکردنی بەرژەوەندیە حیزبیەکان بەسەر بەرژەوەندیە باڵاکانی نەتەوە و نیشتیماندا. چونکە قۆناغەکە هێندەی پێویستی بەکار و کردارە نیوهێندە پێویستی بەدروشمبازی و تەکتیکاتی حیزبی نیە ،ئەگینا بەپێچەوانەوە سەدساڵی ئایندەشمان تاریك و تون و خوێناویتر دەبێت و دەگەڕێینەوە بۆ چوار گۆشەی یەکەم و خاڵی سفر.

---

* ئەم بابەتە لە چاودێر ژمارە ٥٤٧ و سایتەکانی پێنوسەکان وناوەندی دەرەوە و ڕادیۆناوخۆ و ئاڕاستە و وتاری کورد و سنورمیدیا لە ١٨ و ١/٢١ و هەواڵ ژمارە ٦٥٠ لە ٢٠١٦/١/٢٣دا بڵاوکراوەتەوە.

# ئەریٚ بە ڕاست
# دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیمان دەوێت؟*

- لە ئێستادا ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بۆتە دروشمێکی گەورە و گرانبەها و هەر ڕۆژەی لەلای سەرکردەیەك یان حیزبێکی سیاسیەوە دەفرۆشرێتەوە بە میلەتەکەمان و هەریەکەیان موزایەدەی سیاسی پێوە دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن کەمێك دەسکەوتی حیزبی بەدەستبهێنن و جەماوەریشی پێ هەڵبخڵەتێنن بۆ ماوەیەکی درێژتر.هەیە دەڵێت ئێستا کاتەکەی گونجاو نیە بۆ ڕاگەیاندنی ئەو دەوڵەتە و وازیلبێنن با هەر لەخەوی شیریندا بین و خەبەرمان نەبێتەوە گوایە هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکیەکان زەمینەیان بۆ ساز نەکراوە و خۆشمان لەو ئاست و پلەیەدا نین ببینە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ. هەشە دەڵێت قەیناکە باجاریٚ لە پێشەوە ڕای گشتی میلەتی لەسەر وەربگرین و بزانین چەند کەسمان لەگەڵدایە گەر دەوڵەتمان ڕاگەیاند و ئایا دەتوانین بەرگری لەمان و بوونی بکەین ؟ و پەنا دەباتە بەر خەولێخستن و هێورکەرەوەیەك کە

ئەویش بە قەولی هەندێك پێیدەڵێن (( ڕاپرسی گشتی )) و بەقەولی هەندێکی تریان پێی دەڵێن (( گشت پرسی)).لەم هەرێمەی ئێمەدا (( باشوور)) هێشتا دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ لە نێوان خەون بینین پێیەوە و دروشمبازی و موزایەدەی سیاسیدا مردار بۆتەوە. و لە ((ڕۆژئاواش ))دا خوویان گرتوە بە (( کانتۆن و خۆسەری ))یەوە و ئەمەشیان بەدڵنیایەوە ناگاتە ئاستی دەوڵەتی سەربەخۆ. لە ((باکوور))یش کە لە ئێستادا بۆتە کوانوی خەبات و قوربانیدان و پڕ ژیلەمۆی سوورەبۆوە لە ژێر پێی جاندرمەی تورکیدا ئەوان هەر زوو وازیان لەدەوڵەتی سەربەخۆی کوردی هێنا و دروشمیان بۆتە هەرێم و فیدراڵیەت و لامەرکەزی و ... هتد. کە ئەمیشیان بەدڵنیاییەوە ناگاتە ئاستی دەوڵەتی سەربەخۆ. ئەوە لە ((ڕۆژهەلاّت ))یش بەداخەوە نەك خەون بینین بەدەوڵەتەوە سست و کڕ و نوستوە بەڵکو جەماوەر و حیزب و سەرکردەکانیشیان نوستوون و بێئاگا لەو جەڕەیانەی کە لەناوچەکەدا هەیە غەرقی خەوێکی قووڵی بێئاگایی بونەتەوە و دەوڵەتی کوردی نەخەونە ونە دروشمە بەلایانەوە.

- **بۆیە دەکرێت بپرسین لەم چوارچێوە بیر و باوەڕ و بەرنامە و دروشمبازیەی هەمواندا ، ئەریّ بەڕاست کورد دەوڵەتی کوردی سەربەخۆی گەرەکە؟ ئایا دەوڵەتی کوردی تاکتیکە یان ستراتیژ؟ ئایا ناوهێنانی دەوڵەتی کوردی تەنها بۆ بەکارهێنانی ناوخۆییە یان هەوڵی جدی و کردارەکیان بۆ داوە؟**

بەداخەوە ئەوەتا دوای ١٠٠ ساڵ لەخەبات دژی داگیر و دابەشکردنی کوردستانی گەورە تازەبەتازە هەریەکەمان لە ئاش و لە خەیاڵێکداین و تەنانەت لەسەر ئاستی نەتەوەش هاوکاری و پەیوەندی توندوتۆڵمان نیە و نەك هەرئەوەش بەڵکو هەریەکەمان بوینەتە داردەستی داگیرکەرێك و دژی براکەی ترمان دەجەنگین و کەوتوینەتە کەمین و بۆسە نانەوە بۆ یەکتری و بەکار و کردەوە و گوتارمان ئاو دەکەینە ئاشی دوژمنانمانەوە و بەمەش تەنها نەتەوەکەمان زیانی پێدەگات و دوژمنانیش ئاسوودە و قازانج دەکەن.

- **بۆیە دەڵێم ئەمە چ بێباکیەکە و چ سایولکەییەکە کە تازە بەتازە دەست دەبەین بۆ(( ڕیفراندم ))و وەرگرتنی ڕای گشتی میلەتەکەمان کە ئایا دەوڵە تمان دەوێت یان نا؟**

چونکە ئەوەی خوێنی کوردایەتی و ویژدانی زیندووی کوردایەتی و زەڕەیەك خۆشەویستی کورد و کوردستان لەناخیدا بێت هەرگیز بڕواناکەم کە دژ بە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بێت، تەنانەت خۆفرۆشەکانیش ئەو هەڵوێستەیان نابێت.. بۆیە پێموایە کە هیچ کات پێویست بە ڕاپرسی گشتی ناکات، تەنها لە دۆخێکدا نەبێت کە هەموو هەنگاوە یاساییەکانی نێودەوڵەتی تەواو کرابێت و پشتیوانی مادی و مەعنەوی ناوچەیی و نێودەوڵەتی فەراهەم کرابێت و بناغە و بنەمای سیاسی و ئابوری و سەربازی تۆکمە دابینکرابێت، و تەنها وەرگرتنی ڕای جەماوەر مابێت وەکو دۆکۆمێنت و داواکاریەك لەبەر چاوی هەموو دونیا ئەوکات ئاساییە کە ئەو

هەنگاوەش بنرێت بۆ تەواو کردنی پرۆسەی ڕاگەیاندنی دەوڵەتەکە و دانپیادانانی لەسەر ئاستی دونیادا.

بەلاّم لە ئێستادا چ پێویست بەو کارە دەکات کە هێشتا هەنگاوە سەرەتاییەکان نەنراوە بەو ئاڕاستەیەدا لەسەر ئاستی ناوچەکە و دونیاشدا،بەتایبەتیش لەم قۆناغەدا کە هەرێمەکەمان بە قەیرانێکی دارایی قوڵی کارەساتباردا گوزەر دەکات کە ناتوانین تەنها مووچەی فەرمانبەرانیش پەیدا بکەین سەرەڕای دەوڵەمەندی خاك و وڵاتەکەمان بە نەوت و کانزا و غازی سروشتی و کشتوکاڵ و گەشتیاری و پیشەسازی و ..هتد.بۆیە بەڕاستی بەرزکردنەوەی ئەم دروشمە و لەم کاتەدا تەنها ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کە بەنەفەسێکی حیزبایەتی تەسك و بۆ دەسکەوتێکی کەسی و حیزبی کاتی و تاکتیکی بەرزکراوەتەوە هەروەکو خۆشیان ڕایانگەیاندوە (( کە مەبەست لەم ڕیفراندۆمە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی نیە)) ، بەداخەوە نیەتێکی ڕاستگۆیانە و ڕاستەقینەی کوردانەی لە پشتەوە نیە و هێشتا دەوڵەتی کوردی نەبۆتە ستراتیژێکی چەسپێنراو لە بیر و هۆش و بەرنامەی سەرکردە و حیزبە سیاسیەکاندا.

چونکە ئەم هەنگاوە گرنگ و زۆر هەستیارە و لەم ناوچە گرنگ و پڕ ململانێ و هەستیارەی ڕۆژهەلاّتی ناویندا لە پێشدا گەرەکە زەمینەسازی تەواوی بۆ بکرێت وەك ، کۆدەنگی سیاسی نیشتیمانی و نەتەوەیی ، و تەبایی و متمانە دروستکردنێکی پتەو لە نێوان سەرکردایەتی و جەماوەردا،و پتەوکردن و تۆکمەکردنی ناوماڵی کوردی لەڕووی سیاسی و ئابوری و سەربازی و کۆمەلاّیەتی و ..هتد.وە و کاڵکردنەوەی سنورە دروستکراوەکان و بیناکردنی ژێرخانێکی ئابوری پتەو و دامەزراندنی تۆڕێکی پەیوەندی ناوچەیی و نێودەوڵەتی لەسەر ئاستی حکومەت و ڕێکخراوەکان و نێودەوڵەتیەکاندا و گرنگترین کاریش ڕاستگۆبوونە لەگەڵ خۆشمان و دونیاشدا بەوەی کە دیموکراسیخواز و ئازادیخوازی ڕاستەقینەین و گەرەکمانە ئاشتی و ئارامی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بپارێزین و نابینە دەوڵەت و دەسەلاّتێکی توندڕەو و دەمارگیر وکۆنەپارێز و تیرۆریست.

گەر ئەم هەنگاوانەمان نا ئەوا دەکرێت ئەو کات بڵێین کە ئامادەین بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی و ئەو کات تەنها کەمێك بوێری و دوور کەوتنەوە لە ترس و شەرمنی گەرەکە لەلایەن سەرکردە سیاسیەکانەوە، ئەگینا بە پێچەوانەوە بەم بارودۆخە شڵەژاوە سیاسی و ئابوری و کۆمەلاّیەتیەوە کە لە ئەنجامی سیاسەتی هەڵە و غرور و خۆبەزلزانین و حساب بۆنەکردنی ئەوانی تر و نیەتی قۆرخکاری دەسەلاّت و پاوانخوازی و بەمیراتگرتنی دەسەلاّت و بڕوانەبون بە دیموکراسیەت و ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەلاّت و لە پێنانی یاسا و داموودەزگا شەرعیە هەڵبژێردراوەکان کە سەرجەمیان بونەتە هۆکاری ویرانکردنی ناوخۆی ماڵی کوردی و لێکترازانی

و دوورکەوتنەوە لە یەکتری و لە ئێستادا لەجیاتی یەك و یەکگرتویمان بوینەتە دوو بەرەی دژ بەیەك تەنانەت لە سەر مەسەلەی ڕاگەیاندنی ئەو دەوڵەتە چاوەڕوانکراوەی کە وەکو ((گۆدۆی )) لێهاتوە وهەر دەرناکەوێت و تەنها چاوبڕکێ و سەرەتاتکێمان لەگەڵدا دەکات.

بۆیە بەم خوێندنەوەی نیەت و بەرنامە و واقیعی حاڵی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی هەرێمەکەمان و تەواوی کوردو کوردستان بێت ئەوا نەك لە یادی ١٠٠ ساڵەی داگیر و دابەشکردنی کوردستاندا ناتوانین دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ ڕابگەیەنین بەڵکو بۆ چەند دەیە ساڵێکی تریش دەبێت هەر لەبازنەیەکی بۆشی خەیاڵاویدا خۆمان بخۆینەوە و بخولێینەوەو لەجێگەی خۆمان هەنگاوبۆ پێشەوە نەنێین.

---

* ئەم بابەتە لە هەواڵ ژمارە ٦٥٣ لە ٢/١٣ و سایتەکانی سپی میدیا و مەکتەب ڕێکخستن و ناوەندی دەرەوە و پێنوسەکان و ئاراستە و وتاری کورد و سنور میدیاو ڕادیۆ ناوخۆ و SNN لە ٨ و١٠و ٢٠١٦/٢/١٢دا بلاوکراوەتەوە.

# کورد و بەغداد کامیان ئەویتر تەلاق دەدات ؟*

- لەساتی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە لە ساڵی ١٩٢١وە کورد و هەرێمی کوردستانی ئێستا بەزۆرە ملێ و بە نابەدڵی بە عێراقی عەرەبیەوە لکێنراوە و هیچ کات کورد بە خۆشی خۆی و بە ئومێدەوە ئەو لکاندنەی پێخۆش نەبوە و لێشی نەڕوانیوە.هەربۆیە هەمیشە و بە بەردەوامی لە ململانێیەکی سیاسی توندا بوە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەغداد لە پاشاکانەوە تا سەرۆك کۆمارەکان بەدرێژایی ٧٠ ساڵ تائەوکاتەی لە ساڵی ١٩٩١دا لە ئەنجامی ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمانەوە بە یەکجاری بەشێکی هەرێمی کوردستان ڕزگارکراو پەڕلەمان و حکومەتێکی کوردی تیادا دامەزراو ئیدی لەو کاتەوە کورد ڕاستە دروشمی فیدڕاڵیەتی بەرزکردۆتەوە وەك ((خوێندنەوەیەکی واقعی ئەو قۆناغ و سەردەمە)) بۆ پەیوەندیەکانی لەگەڵ بەغداد و درێژەدان بەو نەریتە نامۆو قێزەونەی کە لەگەڵ بەغداد درێژە بە پەیوەندیەکانیان بدات.بەڵام جارێکی تریش لە ساڵی

٢٠٠٣دا و لە ئەنجامی ڕووخاندن و لەگۆڕنانی یەکجارەکی ڕژێمی بەعسی صدامی کورد ئەم جارەیان ((بەهەڵەیەکی سیاسی و باش نەخوێندنەوەی قۆناغەکە و هەڵنەسەنگاندنێکی ڕاست و دروستی هێز و بازووەکانی خۆی و بەرامبەرەکانی)) بە نابەدڵی لەچوارچێوەی عێراقدا مایەوە و ئەوەی کە تاك بەتاکی کورد چاوەڕوانی بوون لە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی و جیابونەوە لە بەغداد نەکرا.

- بۆیە ئەم ١٣ ساڵەی ڕابووردوو بۆ کورد ئێش و ئازارەکانی لەهەموو قۆناغەکان زیاتر بوە، چونکە بەناو دۆست و هاوپەیمانەکانی دوێنێی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بە سونە و شیعە و تورکومان و تەنانەت ئاشوری و کلدانەکانیشەوە کەهەموانیان سوودیان لە پێگەی ڕزگارکراوی کوردستان و سەروەت و سامانەکەی وەردەگرت، هەرهێندەی چوونە دەسەڵات و جێگە پێگەی خۆیان قایمکرد، هەموو چاکە و برایەتیەکی کوردیان لە بیر کرد و کەوتنە دوژمنایەتی و ڕەتکردنەوەی مافە ڕەواکانی کورد و هەوڵی بچوککردنەوە و بێهێزبون و لاوازکردنی کوردیان دەدا بە ئاشکرا و بەنهێنی و بە پاڵپشتی وڵاتانی ناوچەکە.
- ئاشکرایە کورد بەناچاری و بە دوودڵی و لە ژێر فشارە سیاسی و ئابوری و سەربازیەکانی زلهێز و وڵاتانی ناوچەکەدا لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە بێئومێدبوون لە پشتیوانی بەناو دۆستەکانی مەسەلەی کورد کە هەمیشە (( دروشمی یەك و یەکگرتوی خاك و گەلانی عێراقیان دەدا بە گوێی کورددا))، وایکرد کورد لە چوارچێوەی عێراقێکی بەناو فیدڕاڵ و پێکەوەکارکردنی سیاسی و پەڕلەمانی و دیموکراسیدا بمێنێتەوە.
- ئەوەی دەرکەوت و لەسەر زەمینەی واقع دەبینرێت ساڵ بە ساڵ پێگە و کاریگەری کورد لە بەغداد لاواز و بێهێز دەبێت و ماف و داخوازیە ڕەواکانی نەك جێبەجێناکرێن بەڵکو پشتگوێش دەخرێن. ئەوەتا مادەی ١٤٠ ی دەستور لە گۆڕنراوە و بودجە و مووچەی پێشمەرگە و فەرمانبەران و موستەحەقاتی تری کوستان نادرێت و بەغداد بە ئاشکرا و بێشاردنەوە ماڵ جیایی دەکات و لە زۆر وێستگە و مەسەلەشدا لوتبەرز و لەخۆبایی دەڕوانێتە کورد وبێگوێدانە ڕاوبۆچونی کورد گۆڕانکاری دەکات و دەسەڵاتەکان کەم دەکاتەوە و..هتد.کە ئەمە بۆخۆی وادەخوێنرێتەوە کە بەغداد دەیەوێت هێواش هێواش کورد تەڵاق بدات و بۆ هەتاهەتاییە لێك جیاببنەوە و هەمیشە کورد بە چاوی دوژمن و ناحەز دەبینێت و هیچ کات پێی خۆش نیە لە بەغدادا ببینرێت و دەسەڵاتی هەبێت گەر

بەناچاری نەبێت (( ئاشکراشە لەم بۆچونەدا هیچ جیاوازیەك نیە لە نێوان عەرەبی سونە و شیعەدا)).

- **ئەوەی ماوە کە کورد لەبەرامبەر ئەم هەڵوێست و دووڕوویی و ساردوسڕیەی بەغداد چی بکات؟ بەتایبەتیش دوای تۆخبونەوەی ململانێ سیاسیەکانی ناو ماڵی شیعەکان خۆیان لەلایەك و لەگەڵ سونەکان لەلایەکی تر ، کورد دەبێت دوای ڕووداوەکانی پەڕلەمانی عێراقی لە ٣٠/٤دا چ هەڵوێستێکی هەبێت لە گەڕانەوە یان نەگەڕانەوە بۆ بەغداد؟ ئایا سووربونی بەغداد و دەسەلأتدارانی شیعە لەسەر ملهوڕی و گوێنەدان بە داخوازی و مافەکانی کوردچی لێ دەخوێنرێتەوە؟ئایا کورد دەتوانێت و لە پێگەیەکی بەهێزی سیاسی و ئابوری وەهادایە کە بڕیارە چارەنوسسازەکە بدات و لای خۆیەوە و تاك لایەنە بەغداد بۆ هەتاهەتایە تەلأق بدات؟ئەگەرنا ئەی چارەسەر چییە؟**
- ئاشکرایە لە ئێستادا کورد لەناو خۆی و لەماڵەکەی خۆیدا بێسەرو بەری و دوور لەیەك و بێمتمانەییەکی زۆری پێوەدیارە،هەر ئەم دۆخەشە کە بۆتە هۆی لاوازبوونی پێگەی کورد لە بەغداد، تاکورد لە هەرێمدا یەك و یەکگرتوو و یەکڕیز نەبێت هەرگیز بەرامبەر بەغداد بەهێز نابێت،بەهێزبوونی کوردیش پەیوەستە بە چەسپاندنی دیموکراسی و شەراکەتی ڕاستەقینە و متمانەبەیەکتر و کاری پێکەوەی و شەفافیەت و نەهێشتنی گەندەڵی و گەڕانەوەی شەرعیەتە بۆ وێسگە و جومگەکانی دەسەلأت لە سەرۆکایەتی هەرێم و پەڕلەمان و حکومەت،بەبێ سەروەری یاسا و ڕێزگرتن لە هەڵوێستی سیاسی هەموان و دوورکەوتنەوە لەخۆسەپاندن و قۆرخکاری سیاسی و ئابوری لە کوردستاندا ماڵی کورد بەهێز و پتەو نابێتەوە،کورد بەم دۆخەی ئێستایەوە نەگەڕانەوەی باشترە بۆ بەغداد چونکە بەغداد باش لە دۆخی سیاسی و ئابوری و شلەژانی ماڵی کوردی لە هەرێم تێگەیشتوە و دەزانێت چۆن و بۆچیش ئاوها مامەڵە لەگەڵ کورد و داخوازیەکانیدا دەکات،و ئەم بێباکیەی شیعە و دەسەلأتدارانی بەغداد بەرامبەر بەکورد ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کە نیەتێکی ڕاستەقینەی چارەسەریان نیە بۆ کێشە و گرفتەکانی نێوان بەغداد و هەولێر و ئەوان گەرەکیانە هەرێم ڕۆژێك زووترە جیابێتەوە و بێ باکیشن و وایدەبینن کە میوانێکی ڕەزا قورسە لە ئەستۆیاندا،بەداخیشەوە لە ئێستادا کورد لە پێگەیەکی بەهێزی سیاسی و ئابوریدا نیە کە بڕیاری جیابونەوە و تەلأقدانی بەغداد بدات. بەلأم دەکرێت هەنگاویی جدی بنرێت بەئاڕاستەی شلەقاندنی گۆمی مەنگی چەند مانگەی هەرێم و پڕۆسەی ئاشتبونەوە و ئاشتەوایی لەنێوان هەمواندا سازبدرێت و کێشە وگرفتەکان هێندە تۆخ

نەکرێنەوە و هەوڵی بەدەستهێنانی ئیجماعێکی سیاسی بدەن و کاری جدی یاسایی بکەن بۆ چێکردنی ڕیفراندۆم و لە یادی ١٠٠ ساڵی ڕێکەوتنامەی سایکس- بیکۆ(( ١٩١٦/٥/١٦ ))دا داواکاری پێشکەش بکەن بە نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ داواکردنی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان و توندوتۆڵکردنەوەی پەیوەندیە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە . تەنها بەم ڕێکارانە هەرێم و کورد دەتوانێت بڕیارە چاەنوسسازەکە بدات و بۆ هەتاهەتاییە لە تەوقی ئەو هاوسەرگیریە سەپێنراوە لە گەڵ بەغداد خۆی ڕزگار بکات و تەلاقی سیاسی و ئابوری پێبدات و بۆ ئایندەش وەك دوو دراوسێ گەر یار و نەیاریش نەبن دەتوانن بێ کێشە درێژە بە دۆستایەتی ودراوسێتی خۆیان بدەن.بەلام هەرگیز ناتوانن بەم شێوەیەی ئێستا درێژە بەکاری پێکەوەیی بدەن لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵدا کە لە بنەمادا هیچ کامیان بڕوای ڕاستەقینە و کۆنکرێتیان پێی نەبوە و پێشی نابێت.و برایەتی کورد و عەرەبیش تەنها بۆ ئیستهیلاکی ناوخۆیی بەرزکراوەتەوە و ڕەگ و ڕیشەی سروشتی نیە.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی سنورمیدیا و وتاریکورد و سپی میدیا و ئاڕاستە و پێنوسەکان و ڕادیۆ ناوخۆ لە ٤ و ٥/٥ و هەواڵ ژمارە ٦٦٤ لە ٢٠١٦/٥/٧دا بلاوکراوەتەوە.

## کورد لە کوێی گەمە سیاسیەکەی ناوچەکەدایە ؟*

- لەسەرەتای سەرهەڵدانی تیرۆری داعشەوە لەناوچەکەدا پێش نزیکەی ٢ ساڵ لەمەوبەر ، ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بۆتە گەرمترین ناوچەی جیهان لە شەڕ و ململانێیەکی گەرمی هەموو هێزە ناوچەیی و دونیاییەکانیشدایە و هەریەکەیان و هەر لایەیان گەرەکێتی سەرکەوتن بەدەستبێنێت و بەرژەوەندیەکانی بۆ دەیان ساڵی تر بپارێزێت ئەوەش بە پشتگیرکردنی مادی و مەعنەوی لایەنە بەشەڕ هاتوەکان لە گۆڕەپانی سەرەکی جەنگەکەدا، ئاشکراشە گۆڕەپانی ئەم جەنگە نەگریس وماڵوێرانکەرە بریتیە لە خاکی عێراق و سوریا بەتایبەتی و ولاتانی تری ناوچەکە.

- ئاشکراشە بنەمای سەرەکی ئەم جەنگ و ململانێیانە هەرچەندە سیاسی و سەربازی و ئابورین بەڵام لە ئێستادا بەرگی ئاین و مەزهەبی لەبەر کراوە و جەنگەکە دابەشبۆتە سەر دوو لایەنی مەزهەبی سونە و شیعەی ئیسلامی و هەریەکەیان بیانو و مەرامی تایبەتی خۆی هەیە بۆ یەکلاکردنەوەی جەنگەکە.
- بەرەی یەکەم بریتیە لە بەرەی سونە مەزهەبەکان بە ڕابەرایەتی تورکیا و سعودیە و قەتەر و مەقاشی دەستیشیان بریتیە لە هەموو بزوتنەوە سونە مەزهەبە سەلەفیە توندڕەوەکان و لە پێش هەموشیاندا ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشە لەم قۆناغەدا و بۆ پشتیوانی ئەمانەش زلهێزەکانی ڕۆژئاوا لە ئەمریکا و تاڕادەیەکیش ئیسرائیلیش پشتیوانە و بە چەك و تەقەمەنی و هێزی مرۆیی هاوکاری دەکرێن.
- هەرچی بەرەی دووەمی جەنگەکەشە بریتیە لەبەرەی شیعە مەزهەبی ئیسلامی کە خۆی لەدەسەڵاتدارانی عێراق و سوریا دەبینێتەوە و وڵاتی وەکو ئێرانیش پشتیوانی ڕاستەقینەیانە لەگەڵ هەموو ڕێکخراوە توندڕەوە شیعیەکان لە حیزبوڵای لوبنانی و حوسیەکانی یەمەن و ...هتد.و لە پشتی پەردەشەوە بە ئاشکرا و نهێنی گەورە زلهێزەکانی ڕۆژهەڵات لە ڕوسیا و تاڕادەیەك چین و کۆریای باکوریش هاوسۆز و هاوکارییان دەکەن.

بەم شێوەیە جارێکی تر ململانێ سیاسی و ئابوریەکانی ئەم ناوچەیە بۆتە خاڵی بەیەك گەیشتنی بەرژەوەندی و ململانێکانی زلهێزەکانی دونیا لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین بۆتە چەقی ململانێکان و خاڵی یەکلاکردنەوەی پارسەنگی هێزەکان. و بەم شێوەیە ناوچەکە کەوتۆتە سەر دووڕیانێکی مێژوویی یان بەلای کاولکردن و وێرانبونێکی سەرتاسەری وەکو سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی لە ئەوروپادا یان بەلای گەشە و پێشکەوتنێکی گەورە و گۆڕانکاری ڕیشەیی لە بنەما فکری و ئایدیا و سیستەمە حوکمڕانیە کلاسیکیەکانی ناوچەکەدا، بۆیە ناوچەکە بۆتە کوانوی ململانێکان و ڕۆژ بەڕۆژ بەرە و ئایندەیەکی نادیار هەنگاو دەنێت و هەر سەرکردە و وڵات و حومڕانیەکە لەهەوڵی خۆڕێکخستن و ئامادەسازی و پێکەوە گرێدانی هاوپەیمانیە بۆ ڕزگارکردنی خۆی و مسۆگەرکردنی ئایندەکەیەتی ، لەو پێناوەشدا هەموو ڕێکار و یاسایەك تێدەپەڕێنێت و هەموان گەرەکیانە جێگە و پێگەیەکیان هەبێت لەم گەمە سیاسی و ئابوری و سەربازیەی ناوچەکەدا، چونکە باش دەزانن ئەم قۆناغە قۆناغێکی زۆر

مەترسیدار و یەکلاکەرەوەیە و کاریگەری درێژخایەنی دەبێت لەسەر داهاتوو ، بۆیە هەر دەسەلاتێك بکەوێتە لایەن و بەرەی سەرکەوتووی جەنگەکەوە بۆ دوور مەودا ئایندەی خۆی مسۆگەر دەکات و بەپێچەوانەشەوە ئایندەیەکی تاریکی درێژخایەن چاوەڕوانی دەکات.

- **پرسیار لێرەدا ئەوەیە ، کورد لە کوێی ئەم گەمە سیاسیە مەترسیدار و چارەنوسسازەدایە؟**

بەداخەوە ئەوەی لەسەر زەمینەی واقیع دەبینرێت و دەبیسترێت و دەخوێنرێتەوە ئەوەیە کە هێشتا کورد خۆی کۆنەکردۆتەوە و ئامادەباشی نەکردوە و ناو ماڵی خۆی ڕێکنەخستوە و کاراکتەرێکی سەرلێشێواو و بێ پشتواپەنایەکی ڕاستەقینەیە و لەکاتێکدا خاکی کوردستانی گەورە بۆتە گۆڕەپانی سەرەکی یەکلاکردنەوەی ململانێکان هەروەك سەردەمی جەنگی چاڵدێران و جەنگی یەکەمی جیهانی و سەردەمی دابەشکردن و ڕێکەوتنامەی سایکسبیکۆی ١٩١٦ کە کوردی بۆ ماوەی زیاتر لە ١٠٠ ساڵ بەداگیرکردن و دابەشکردندا.

کورد لەگەڵ ئەوەی هێزێکی بەژمارە گەورە و زیندووی ناوچەکەیەو نەتەوەیەکی دێرین و خاوەن مێژوو و جوگرافیای گەورەشە لەناوچەکەدا بەلام بەهۆی نەبونی دەوڵەت و دەسەلاتێکی بەهێز و سەرکردەیەکی دیار و شارەزا و خەمخۆر و دڵسۆز لەم قۆناغەدا نەیتوانیوە خۆی بکاتە کاراکتەرێکی گرنگ و کاریگەر لەگەمە سیاسیەکەدا، بەڵکو ئەوەی هەیە تەنها لە ڕووی سەربازیەوە بۆتە جەنگاوەری پلە یەك و لە بەرەی پێشەوەی جەنگەکەدایە و خوێن و فرمێسك دەڕێژێت لە پێناو هەمواندا و وەك سەربازێکی ون فیداکاری دەکات و ناشزانێت ئایندە بۆ ئەو دەبێت یان نا. کاراکتەرە سەرەکیەکان لە وڵاتانی ناوچە و زلهێزەکانیش هەریەکەیان بە بیانوو و مەرامی تایبەتی خۆیان پشتیوانی کورد دەکەن بۆئەوەی بیکەنە سەری ڕمەکە و جەنگەکەی پێ ببەنەوە و ئەنجامیش سەرکەوتن و دەسکەوتی زیاتر بۆ بەرژەوەندی خۆیانە.

وڵاتانی زلهێز و ناوچەکە هەریەکەیان نەخشەڕێگایەکی ڕوون و ئاشکرایان هەیە و دەزانن چیان گەرەکە و چیش دەکەن لەو پێناوەدا و لە پێناو پاراستنی وڵات و بەرژەوەندیەکانیشیاندا هەموو ڕیسوایەك و نەرمیەك و ملشۆڕیەکیش بۆ یەکتری قبوڵ دەکەن( وەك ئەو ڕیسواییەی ئەردۆگان بۆ پۆتین و ڕوسیای نواند و داوای لێبووردنی کرد و لەبەرامبەر ئیسرائیلیشدا بەهەمان شێوە)) چونکە لەمەترسی قۆناغەکە باش

تێگەیشتون، ئەوەی کە تێنەگەیشتوە و تووشی شۆك بوە تەنها کوردە کە نازانێت چی بکات و چی داوابکات و هیچ نەخشە ڕێگایەکی یەکگرتوشی نیە.ئەوەتا لە باشوور ماڵی وێران و سەرگەردان و هەریەکە ئاو لە ئاشی خۆی دەکات و خەریکی ماڵ جیایین لەسەر پۆست و کورسی و دەسەلآتێکی فشەڵ و بێ مانا، لە ڕۆژئاوا بەهەمان شێوە دوو بەرەی دژ بەیەکتر دروست بوون بە دەسیسەی زۆڵە کورد و دوژمنانی کورد و گەرەکیانە هەموو دەسکەوت و سەرکەوتنەکان لەناو ببەن لەپێناو پاوانکردنی دەسەلآتدا.لە باکوور ڕژێمی ئەردۆگان بەوپەڕی توندوتیژی و فاشیەت و شۆڤێنیەتەوە مامەڵە لەگەڵ داوا ڕەوا و سیاسیەکانی کوردا دەکات و تازە بەتازە گەرەکێتی هیتلەریەتی نوێ و عوسمانیەتی نوێ زیندوو بکاتەوە و سیاسەتی وێرانکردن و سووتاندن و قەدەغەکردن و ڕاوەدوونان پیادە دەکات. لەڕۆژهەلآتیش کورد ماوەی زیاتر لە ٢٥ ساڵە لەخەوێکی قوڵی بێئاگایدا دەژین و هیچ جوڵە و چالاکیەکیان نیە دژی ڕژێمی ئێران کەچی لە ئێستادا و بەفیت و هاندانی بەرەی تورکیا و سعودیە و قەتەر و سونەکان گەرەکیانە ببنە سەرە ڕمی جەنگی دژی ئێران و بەمەش بەرەکە فراوانتر بکەن بەبێ گوێدانە ئەوەی کە ئەم کارەیان ڕاستەوخۆ دەچێتە خانەی دژایەتی کردنی هەرێمی کوردستانی باشوور و ئاگرەکە دەخاتە ناو ماڵی کوردەوە و کوردستان دەکاتە گۆڕەپانە سەرەکیە گڕگرتوەکەی جەنگەکە و ئەوەی هەیە و نیە لەدەستی دەدات.و کوردستانیش بە فیتی سعودیە دەکەنە یەمەنێکی تر.

ئەمە حاڵی کورد و کوردستانە لە ناوچە گەرم و جەنگاویەکەی ڕۆژهەلآتی ناویندا، کە خۆخۆری و لێکترازان و دووبەرەکی و بونە دەسکێشی دوژمنان سیما دیارەکانێتی. هەربۆیە هیچ ئومێد و هیوایەکی گەش نابینرێت بۆ ئاییندە گەر کورد بەم شێوەیە بەردەوام بێت و نێو ماڵی کورد ڕێکنەخاتەوە و پتەوی نەکات و دوورنەکەوێتەوە لە دروشمبازی و دەسکەوتی بچوکی حیزبی و بنەماڵەیی.

کورد لەم قۆناغەدا پێویستە زۆر بەووردی لە پەیوەندیە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکان بڕوانێت و لە گەمەی یاریزانەکان تێبگات و پەی بە پیلانە نهێنی و ئاشکراکانیان ببات بۆئەوەی بتوانێت خۆی ڕێکبخات و خۆی بگونجێنێت و دەبێت ئەو ڕاستیە تاڵە لە بیر نەکات (( لە سیاسەتدا دۆست و دوژمنی تاسەر نیە و تەنها بەرژەوەندی تاسەر هەیە)) هەروەك پیلانەکانی جەزائیری ١٩٧٥ و لە ئێستاشدا نزیکبونەوەکانی تورکیا و ڕوسیا و ئەمریکاو عەرەبەکانیش، کورد گەرەکە سیاسەتێکی کوردانەی بێلایەنە پیادە بکات و نەبێتە داردەستی هیچ هێز و بەرەیەك بەتایبەتیش

ناوچەییەکان، کورد گەرەکە تابتوانێت بەرژەوەندیەکانی لەگەڵ زلهێزەکاندا یەك بخات و پشتیوانی دوور مەودایان مسۆگەر بکات،کورد نابێت بێخەم بێت و پشتی لێبکاتەوە بەبەڵێنی زارەکی و بە پێدانی پارە و پولی حەرام لەلایەن ولاّتانی ناوچەکەوە،ڕاستە ولاّتانی ناوچەکەش کاریگەری خۆیان هەیە و دەسەلاّت و هێز و نفوزیان هەیە و لەکۆتادا ئەوان لەسەر زەمینەی واقع بڕیار دەدەن بۆیە نابێت کورد پەیوەندیەکانی لەگەڵیاندا تێکبدات، بەلاّم ئەوانیش هەروەکو کورد داشی دامە و گەمەیەکی گەورەترن لەناوچەکەدا. بۆیە ئەرکی کورد و سەرکردایەتیە سیاسیەکەی لەم قۆناغەدا زۆر هەستیار و گرنگە و دەبێت پێش هاویشتنی هەر هەنگاوێك سەدان جار بیربکەنەوە. بەو هیوایەی کورد لەم قۆناغ و وێسگە چارەنوسسازەدا بتوانێت دەسکەوتی گەورە و مێژوویی وەدەستبێنێت و حسابات و هەڵسەنگاندنی ڕاست و دروست بۆ گۆڕانکاریەکان و پیلان و هاوپەیمانێتیەکان بکات و بزانێت چی دەکات و دەچێتە چ بەرەیەکەوە سەرکەوتوو یان ژێرکەوتوو. کەهەموو ئەمانەش بیر و ڕاوێژ و کاری وورد و بەردەوامیان گەرەکە بەیەك و یەکگرتوویی ڕیزەکانەوە. بەلاّم بەداخەوە کە ئەم خەمخۆری و دڵسۆزیە لەنێو سەرکردە و حیزبە سیاسیەکانی کوردا نابینرێت کە ئەمەش بۆخۆی مەترسیە هەرە گەورەکەیە بۆ ئایندە و دووبارەبونەوەی مێژوە ڕەش و تاریکەکانی ڕابووردوومان وەبیر دەخەنەوە.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی مەکتەب ڕێکخستن و سنورمیدیا و وتاری کورد و پێنوسەکان و ئاڕاستە لە ٤ و ٢٠١٦/٧/١٤دا بلاّوکراوەتەوە.

# کورد دوای داعش بەرەو کوێ؟*

- پێدەچێت ئەم وتەیەمان بەلای زۆرێکەوە قورس بێت بەلاّم ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرە کە بڵێین ((کورد هێندەی زیانی لەدەستی داعش بەرکەوتوە دە هێندە قازانجی لێوە دەسکەوتوە))..ئەمە چۆن؟

پێش ٢ ساڵ لەمەوبەر و کاتێك داعش هێرشی کردە سەر پارێزگای موصڵ و دەوروبەری و داگیری کرد و ڕوویکردە پارێزگای صلاح الدین و نزیك بوەوە لە بەغدادی پایتەخت، کورد دوورە پەرێز بوو لە شەڕی داعش، بەلاّم بە پیلانی دوژمنان بوبێت یان بە پلانی کورد خۆی بوبێت داعش لەناکاو ڕووی لە بەغداد وەرگێڕا و ڕوویکردە هەرێمی کوردستان و ئەوەی توانی بیکات لە داگیرکردنی شەنگال و ناوچەکانی تر و تەنانەت مەترسی گەورەشی

دروست کرد بۆ سەر هەولێری پایتەخت و کەرکوکیش و سەرجەم ناوچە سنوریە کوردستانیەکان لە خانەقینەوە تا شەنگال و بەدرێژایی زیاد لە ٨٠٠ کم کورد و هێزی پێشمەرگە کەوتنە شەڕێکی سەپێنراوی ترسناکەوە و بەسەدان شەهید و بەهەزاران بریندارى بەخشیە ئازادی و پاراستنی کوردستان.ئەمە ڕووی مەترسیدار و زیان بەخشەکەی داعش بوو بۆ کورد و کوردستان ..بەڵام ڕووە بە قازانجەکەشی ئەوەبوو کە دوای بەرەنگاریە قارەمانەکانی هێزی پیشمەرگە و قوربانیدان و مقاوەمەتە بێوێنەکانیان و دواتر شکستپێهێنانی هێرش و پەلامار و پیلانەکانی داعش هەموو هێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکان و تەنانەت زلهێزەکانیشی هێنایە سەر ئەو باوەڕەی کە تەنها کورد بەدڵسۆزی و ڕاستگۆیانە ڕووبەڕووی تیرۆرو تیرۆریستانی داعش بۆتەوەو لەسەنگەری پێشەوەی بەرنگاریدایە و بۆتە لەمپەڕی گەورە و بەهێز لە بەردەم پێشڕەویەکانی داعشدا، هەربۆیە هەموانیان بە مادی و مەعنەوی کەوتنە یارمەتیدان و هاوکاری و پشتیوانی هێزی پێشمەرگە کە ئەم هەنگاوە لە مێژووی خەباتی کوردایەتی چەندین ساڵەدا بێ وێنە بوو چونکە کوردایەتی و بزوتنەوە شۆڕشگێڕیەکەی هیچ کات بە هێندەی ئەم قۆناغە پشتیوانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی نەبوە و هەمیشە بە هێزێکی نەخوازراو و بێزراو و تەنانەت تیرۆریستیش سەیر دەکرا ، بۆیە ئەوەندەی داعش بوە پاڵنەری باش لەهۆکاری ناسین و بەرەو پێشەوە چوونی مەسەلەی کورد لە دونیادا هیچ کات و هیچ هۆکارێکی تر بەهێندەی داعش بە قازانج نەبوە بۆ کورد.

مایەی دڵخۆشیە کە کورد تائێستا زۆر باشی هێناوە لە بەرەنگاری و مقاوەمەتی داعشدا و خۆی سەپاندوە و جێگە وپێگەی خۆی لە گۆڕەپانی شەڕ و پەیوەندیە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکاندا کردۆتەوە و هەموان بەبێ جیاوازی بە یار و نەیارەکانیشەوە هێز و توانا و گرنگی پێگەی کوردیان سەلماندوەو لە حساباتی خۆیاندا بەهەند لێی دەڕوانن، لەسەر ئاستی هەر چوار پارچەکەی کوردستان لە باشوور و ڕۆژئاوا و باکور و لە ئێستاشدا مەسەلەی ڕۆژهەڵاتیش جۆرە جموجوڵێکی بەخۆوە بینیوە.

ئاشکراشە کورد لەم قۆناغە هەستیار و زۆر ناسکەشدا بەداخەوە هەر ڕووی لە سەرکەوتن نەبوە بەڵکو بەهۆی کێشە و ململانێ ناوخۆییەکانی حیزب و سەرکردە سیاسیەکانەوە لەهەر چوار پارچەکەدا زۆر هەل و هەنگاوی باشتری لەدەست داوە و هەر ئەم ململانێیانە لە ئێستادا بونەتە هۆکاری لێکترازان و لێکدوورکەوتنەوە لە یەکتر و زیاترکردنی مەترسیەکان

بۆ سەر ئایندەی كورد و كوردستانیش،نەرمی نەنواندان و خۆ بەزلزانین و حساب بۆ یەكتر نەكردن و گوێنەدان بە گۆڕانكاریە مەترسیدارەكان و نەخوێندنەوەی ڕاست و دروستی هاوكێشە و ململانێ و ڕێكەوتن و لێكنزیكبونەوە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەكان لەسەر حسابی كورد، هەموو ئەمانە بونەتە مایەی هەڵە و دروستكردنی مەترسی بۆ سەر ئایندە.

- **پرسیار لێرەدا ئەوەیە ، كە ئایا كورد لە دوای كۆتایی هاتنی داعش چی بەسەر دێت؟ ئایا مەسەلەی كورد بەم گەرم و گوڕی و پشتیوانیە زۆرەوە دەمێنێتەوە؟ ئایا قوربانیدان و مقاوەمەتی كورد ناگۆڕدرێتەوە بە بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەكانی دەوڵەتانی ناوچەكە و دونیاش؟**

لەئێستادا و دوای ئەو زنجیرە سەركەوتنانەی سوپا و حەشدی شەعبی لە عێراق بەسەر داعش و دەرپەڕاندنیان و ڕزگاركردنی فەلوجە و گەیارە و ئەنبار و پلان دانانیش بۆ ڕزگاركردنی گەورە شاری موصڵ هەموو ئەمانە وایكردوە كە هێز و توانای سیاسی و سەربازی و ئابوری داعش ڕوو لە پاشەكشەی گەورە و بەرچاو بكات و لە ئێستادا تەنها ١٢٪ خاكی عێراقی بەدەستەوە ماوە و داهاتی ئابوریشی بۆ ٥٠٪ دابەزیوە و توانای سەربازیشی بەرەو كەمبونەوەی زیاتر دەچێت ، ئەمە لە عێراقدا و لە سوریاشدا بەهەمان شێوە ڕۆژ بەڕۆژ بازنەی هێز و دەسەلاَتی داعش ڕوو لە بچوبكونەوەی زیاتر دەچێت، ئەمەش بەهۆی گۆڕانكاری لە هەڵوێست و گوتار و كرداری دەوڵەتانی ناوچەكە بەتایبەتیش پشتیوانانی داعش لە سعودیە و قەتەر و توركیا دێت كە بەهەموو شێوازێكی مادی و مەعنەوی پشتیوانی داعشیان دەكرد و تەنانەت هەندێ دامودەزگای جاسوسی بیانیش ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پشتیوانی داعشیان دەكرد،بەلاَم لە ئێستادا و كاتێك داعش بوە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندیەكانیان و ترس و مەترسیشی خستە ناو جەرگەی ئەوروپا و ئەمریكاشەوە، ئیدی پلانیان دانا بۆ پێچەوانە مامەڵەكردنیان لەگەڵیدا و هەوڵدان بۆ بچوككردنەوە و لەناوبردنی،چونكە داعش بوە ئەو هێزە مەترسیدارە بۆسەر بەرژەوەندیەكانیان،ئەوەتا ڕوسیا و ئەمریكا كەوتونەتە سازشكردن لەسەر مەسەلەی ئایندەی ڕژێمی سوریا و بەهێزكردنەوە و مانەوەشی وبەهێندەی یەكەمجار توند نین بۆ لابردنی ، ئەمەش كاریكردۆتە سەر هەڵوێستی سعودیە و قەتەر و توركیاش كە دژی مانەوەی بەشار ئەسەد و ڕژێمەكەی بوون بەلاَم ئێستا دەڵێن دەكرێت نەرمی بنوێنین و باسوخواس لەسەر مانەوەی بكەین، هەرچی ئێران و هاوپەیمانەكانیشێتی لە سوریا و

عێراق و حیزبولأی لوبنانیش سەرکەوتنیان لە مانەوە و پاراستنی ڕژێمەکەی سوریادا بەدەستهێنا.

دوای ئەم گۆڕانکاریانە و داننان بە واقیعی ئێستای سوریا و مانەوەی ڕژێمی سوریا، تورکیا دەستی کردۆتە سازشکردن لەسەر زۆر مەسەلە و نەرمی زۆری نواندوە تەنانەت تاڕادەی ڕیسوای سیاسیش لە پێناو مانەوەی ئاکپارتی و ئەردۆگانیش خۆی لەدەسەلأت و پاراستنی بەرژەوەندیەکانێتی لە ئایندەدا،ئەوەتا لەگەڵ ئیسرائیل و ڕوسیادا بە زەلیلانە ڕێکەوت و پەیوەندیەکانی ئاسایی کردۆتەوە و بەنهێنیش لەگەڵ ڕژێمی بەشار ئەسەدیش لە جەزائیر کۆبۆتەوە ولەگەڵ ئێرانیەکان و میسر و سعودیەکانیشدا هەنگاوی بەئاڕاستەی ئاسایبونەوەی پەیوەندیەکانیان هەڵناوە، بۆیە لەم قۆناغەدا و لەو ئاسایبونەوەی پەیوەندیانەدا مەترسی گەورە بۆسەر ئاینده و بەرژەوەندیەکانی کورد دروست دەبێت،کە پێویستە کورد زۆر بە جدی بیر لەو هەنگاو و ئاشتبونەوە و پەیوەندیانە بڕوانێت و سەرپێییانە لێیان نەڕوانێت و بیٚ باکانەش مامەڵەیان لەگەڵدا نەکات،چونکە بە نەمانی داعش هۆکارێك نامێنێتەوە بۆ هاوکاری و پشتیوانی کورد لە هیچ پارچەیەکدا و بەدڵنیاییش هەموو ئاشتبونەوەیەکی نێوان تورکیا و ئێران و سوریا و عێراق بەزیانی گەورە دەشکێتەوە بۆ سەر کورد و کوردستان، بۆیە زۆر دوور نیە بەنەمانی داعش دەوڵەتانی ناوچەکە و دونیا و زلهێزەکانیش بکەونە خۆ بۆ وەدەستهێنانی دەسکەوتی زیاتری ئابوری و سازشبکەن لەسەر ماف و داوا و قوربانیەکانی کورد و بیگۆڕنەوە بە بەرژوەندیە ئابوریەکانیان.

بۆیە قۆناغی دوای نەمانی داعش بۆ کورد یەکلاکەرەوە و چارەنوسساز دەبێت، ئەوەش وەستاوەتە سەر هەڵوێست و گوتار و کرداری حیزب و سەرکردەکان لەهەر چوار پارچەکەدا و گەیشتن بەڕێکەوتن و بەهێزکردنی نێومالّی کورد و وەستانەوە دژی هەموو پیلانەکان و هەوڵدان بۆ پاراستنی دەسکەوتەکان، چونکە بەهێزبونەوەی ڕژێمی سوریا و عێراق و بەهێزبونەوەی پێگەی تورکیا لەناوچەکەدا بەزیانی گەورەی کورد دەشکێتەوە و مێژوو و ڕابووردووی هاوپەیمانیە سیٚ قۆڵیەکانی سەردەمی دوای ڕاپەڕینمان وەبیر دەخەنەوە و ڕێکەوتنی جەزائیری نوێش کارەساتی نسکۆی سالّی ١٩٧٥مان وەبیر دێنێتەوە، کەواتە ئایندەی کورد لەم قۆناغەدا تەنها و تەنها وەستاوەتە سەر کورد خۆی کە چۆن بیردەکاتەوە و پلانی چیە و چۆن مامەڵە لەگەڵ گۆڕانکاریەکاندا دەکات و چیش پێویستە بیکات بۆ یەکخستن و بەهێزکردنەوەی نێومالّی کورد، خوانەکردە گەر ئەم هەلەمان لەکیسدا ئیدی هیچ

پێویست بە تانە و تەشەر دان ناکات لەدوژمنان بەڵکو دەبێت هەموو ڕەخنە و گلەیی و ناڕەزاییەکان بکەینە خۆمان بە سەرکردە و جەماوەرەوە و ڕازیش بین بەقەدەری نادیار و تاریك و لێڵی ئایندەمان لە پێناوی چەند دەسکەوتێك و پلەو پۆستێکی زۆر بچوکدا بەرانبەر چارەنوسی گەورەی نەتەوە و خاکەکەماندا.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی سبەی و پێنوسەکان و مەکتەب ڕێخستن و وتاری کورد و سنور میدیا لە ١٤ و ٧/١٥ و چاودێر ژمارە ٥٧١ لە ٧/١٨ و هەواڵ ژمارە ٦٧٦ لە ٢٠١٦/٨/٦دا بلاوکراوەتەوە.

# ئەم دۆخە قەتیسەی هەرێم تاکەی ؟*

- ئاشکرایە لە دوای دانیشتنی پەڕلەمانی کوردستانەوە لە ٢٣ی حوزەیران/٢٠١٥وە بەمەبەستی هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی ژمارە ١ ی ساڵی ٢٠٠٥ ، ئیدی دەرگای ڕەشەبا و گەردەلوولی ناڕەزایەتیەکان و ناکۆکیەکان کرایەوە بەسەر هەرێمدا و جێگیری سیاسی و ئابوری کە لە بنەمادا فشەڵ و لەرزۆك بوون هێندەی تر شلەژان و ناجێگیرتر بوون و ئیدی ڕووداوەکان وەك مەسەلەیەکی سیاسی و نیشتیمانی لێیان نەدەڕوانرا بەڵکو چوونە چوارچێوەی کار و پەرچە کرداری دژ بەیەکەوە و ڕۆژ بەڕۆژیش ناکۆکیەکان زیاتر توند دەبوون لەنێوان سەرجەم لایەنە سیاسیەکاندا و هەرێمی کوردستان دابەشبوە سەر (( ٤ + ١)) پارتی لەلایەك و حیزبەکانی یەکێتی و گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵیش لەلاکەی ترەوە. چەندین هەوڵی ئاشکرا و نهێنی بێ ئەنجام هاتنە ئاراوە بۆ هێدی کردنەوەی دۆخەکە و ٩ کۆبونەوەی نێوان هەموان سازکرا بەمەبەستی

سازانی نیشتیمانی و گەڕانەوە بۆ مێزی دایەلۆگ و لێکتێگەیشتن بەڵام هەموانیان بێ هوودە بوون.

دواتر کارگەیشتە ئەوەی بە فەرمانێکی حیزبی پارتی دیموکراتی کوردستان دوور لە یاسا و ڕێساکان ڕێگە بەسەرۆکی شەرعی و هەڵبژێردراوی پەڕلەمانی کوردستان نەدرا کە بگەڕێتەوە هەولێر و کاری ئاسایی خۆی بکات و بەهەمان شێوەش لە ٢٠١٥/١٠/١٢شەوە ٥ وەزیری بزوتنەوەی گۆڕان نێردرانە ماڵەوە، بەم شێوەیە پارتی هەنگاوەکانی بۆ لەباربردنی هەموو پرۆژەیەکی ئاشتەوایی و ئاشتبونەوە لەبار برد و دۆخەکەی هێندەی تر ئاڵۆزتر کرد و کارگەیشتە ئەوەی کە هەڵمەتێکی ڕاگەیاندنی توند بەرپا بکەن دژ یە یەکتر و سکاڵا تۆمار بکرێت لەسەر ڕێکخەری گشتی بزوتنەوەی گۆڕان، پارتی بەداخەوە تاکو ئێستا سووره لەسەر ڕاو بۆچونەکانی خۆی و هیچ جۆرە ڕێکەوتن و سازشێك قبولێ ناکات و تەنها ڕێکەوتنێکی گەرەکە کە بەمەرجی خۆی بێت و لە بەرژەوەندی ئەودا تەواو ببێت بەبێ گوێدانە بەرژەوەندیە باڵاکانی نەتەوە و نیشتیمان بەبێ ئەوەی بەدرێژایی ئەم ساڵە تەنانەت یەك پرۆژەشی هەبێت بۆ چارەسەر و دەربازبوون لەم دۆخە قەتیس و چەقبەستوەش.

لەکاتێکدا کە دۆخی سیاسی و ئابوری ناوچەکەش بەشێوەیەکی گشتی لە گۆڕانی بەردەوامدایە و ناوچەکە لە قۆناغێکی ڕاگوزەردایە بەرەو دۆخێکی نوێی پڕ گۆڕانکاری و هەموان لە هەوڵدان نێو ماڵی خۆیان ڕێکبخەنەوە و توندوتوڵیبکەنەوە و بەرژەوەندیەکانیان بپارێزن، بەڵام تەنها کوردە کە نێو ماڵێکی لێکترازاو و شڵەژاوی هەیە و هیچ هەوڵێکی جدیش نادات بۆ ڕێکخستنەوە و تەنها لەخەمی دەسکەوتی حیزبی و سەرکردە و بنەماڵەیدان .

هەرێمی کوردستان نزیکەی ساڵێکە کە دۆخێکی چەقبەستووی بەخۆوە بینیوە و تیایدا دەژی و تا ئێستاش هیچ ئومێد و ئاسۆیەکی ڕوون نیە بۆ چارەسەر و دەرچوون لەم تەنگژە مەترسیدارەدا کە فشار و هەژمونە سیاسی و داراییەکان بۆسەر هەرێم لەلایەن دەوڵەتانی ناوچەکەوە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێت، بەداخەوە هەریەکە لەسەرکردە و حیزبەکانیش هەریەکەیان لە ژێر هەژمونی یەکێك لەو دەوڵەتانەدان و ئەجێندای ئەوان جێبەجێ دەکەن و کێشە و ململانێکانی هەرێم هێندەی دەستی دەرەکی جوڵەیان پێدەکات نیوهێندە کورد خۆی خاوەنی بڕیاری خۆی نیە.

لە ئێستادا وڵاتانی ناوچەکە سەرەڕای شڵەژاوی و ناجێگیری دۆخی سیاسی و ئابوری خۆیان کەچی فشارەکانیان بۆ سەر هەرێم بەردەوامە، ئەوەتا تورکیا دۆخێکی سیاسی و ئابوری ناجێگیر و ڕووداونی کودەتاکەی ٧/١٥ یش هێندەی تر ئەو وڵاتەی هەڵوەشاندوە و دەسەڵاتی ئەردۆگان و ئاکپارتی خستۆتە بەر مەترسی گەورە و ئەم کودەتایە دەرگای جەهەنەمی بەسەر ئایندەی تورکیادا کردەوە و داخستنەوەشی زۆری دەوێت و میلەت و سوپا و سەرجەم دامودەزگاکانی تورکیای کردە دووبەرەی دژ بە یەك و دیموکراسیەت و ئازادیەکانیشی خنکاندوە و ئەردۆگان و پارتەکەی گەرەکیانە ئەم کودەتایە بکەنە هۆکارێك بۆ پاککردنەوەی سەرجەم دامودەزگاکانی دەسەڵات لە لایەنگرانی فەتحوڵا گولەن و خۆی بکاتە تاکرە و بە پشتیوانی توندڕەوە ئیسلامیەکان وبۆ ماوەیەکی زیاتر بمێنێتەوە بەڵام ئەمە سەرەتای کۆتایی هاتنێتی و ئیدی ئەو درزەی کەوتۆتە لاشەی دەسەڵات و گەلانی تورکیاوە بە ئاسانی یەکناگرێتەوە، هەرچی عێراقیشە وڵاتێکی لێکهەڵوەشاو و بێ توانا و لاواز و گیرۆدەی دەیان قەیرانی سیاسی و ئیداری و دارایی و کۆمەڵایەتی و سەربازی و گەندەڵی و ململانێی توندی سیاسی بۆتەوە کە تاکاتێکی دوور ناتوانێت بگەڕێتەوە دۆخی ساغڵەمی خۆی. بەڵام لەهەوڵی خۆڕێکخستنەوەدایە و دوای ڕزگارکردنی فەلوجە و گەیارە و لە ئێستاشدا موصڵ هێز وتوانایەکی گەورەی بۆ دەگەڕێتەوە.

وڵاتانی سعودیە و میسر و ئەوانی تریش هەموانیان گیردۆدەی کێشە و ململانێی ناوخۆیی و ناوچەیەکان بونەتەوە و تەنها ئێران وەك وڵاتێکی تاڕادەیەك جێگیری سیاسی و ئابوری دەبینرێت و تاڕادەیەکیش لەململانێ ناوچەییەکاندا سەرکەوتوو بەدەر دەکەوێت دژ بە تورکیا و سعودیە و قەتەر و تەنانەت ئەمریکاش و هەژموونی خۆی سەپاندوە لە عێراق و سوریا و لوبنان و یەمەن و هەندێ وڵاتی کەنداویشدا. سوریا و ڕژێمەکەی ئەسەد پێدەچێ چانسی مانەوەیان هەبێت دوای ڕێکەوتنی ڕوسیا و ئەمریکا و دواتریش ئاشتبونەوەی تورکیا لەگەڵ هەریەکە لە ڕوسیا و ئیسرائیلدا. هەوڵدانی بێوچانی تورکیاش بۆ ئاسایکردنەوەی پەیوەندیەکانی لە گەڵ سوریای بەشار ئەسەددا بە نێوەند گیری جەزائیری عەرەبی ڕێکەوتنە نهێنیەکانی دژ بە کورد مەترسی نزیکبونەوەی تورکیا و سوریا بۆسەر تەواوی مەسەلەی کورد لە باکور و ڕۆژئاوا زیاتر دەبێت.

لە ئێستادا ئەوەی پێویستە لەسەر هەرێم و تەواوی کورد ئەوەیە کە هەوڵێکی جدی بدەن بۆ ڕێکخستنەوە و توندوتۆڵکردنەوەی نێومالّی خۆی و هەوڵی لێکنزیکبونەوە و بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی بدەن و نەرمی زیاتربنوێن لەبەرامبەر یەکتردا و خۆ سازبدەن بۆ قۆناغی ئایندە و پێکەوە کۆدەنگیەکی نیشتیمانی دروست بکەن لەسەر بەرنامە و ئامانجی میلەتەکەمان لە ڕیفراندۆم و هەنگاو بەرەو پێکەوەنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، دەبێت هەموان ئەو ڕاستیە باش بزانین کە جێگیری سیاسی و ئابوری لە هەرێمدا نایەتەدی بەبێ بوونی کۆدەنگی نیشتیمانی نێوان سەرکردە و حیزبە

سیاسیەکان و تاکۆدەنگیش دروست نەبێت ناگەینە هیچ ئاوات و ئامانجێکمان، بۆیە ئەرك و کاری گەورە لە ئەستۆی سەرکردە و پارتە سیاسیەکاندایە بە تایبەتیش سەرکردە و پارتە دەسەلاتدار و گەورەکان چونکە توانای سیاسی و ئابوری و سەربازی و نفوزی ناوچەیی و نێودەوڵەتی ئەرکی گەورەتری خستۆتە ئەسۆیان و جەماوەریش ڕووی ڕەخنە و گلەیی و گازندە و ئومێدەکانیشی هەر کردۆتە ئەوان.کەواتە ئەرکی سەرکردە و پارتە سیاسیە گەورە و کاریگەرەکانە کە نەرمی زیاتر و دەستی ئاشتەوایی زیاتر درێژ بکات بۆ هەموان بەبێ جیاوازی و دەبێت هەنگاو بەسەر کێشە و ململانێ حیزبیەکاندا بنێت لەپێناو دەربازبون و دۆزینەوەی دەرچە و خۆ ڕزگارکردن لەم قەتیسبون و چەقبەستنە و تەنها هەوڵەکانی ئەوانیش دەتوانێت ئەم گۆمە مەنگەی هەرێم بشڵەقێنێت و ئومێد و ئاسۆکان ڕوونتر بکاتەوە بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە چەقبەستوە و هەنگاونان بەرە و ئایندەیەکی گەشتر و ڕۆشنتر.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی وتاری کورد لە ٧/٢٧ و کوردستانی نوێ ژماری ٧٠٣٠ و سایتەکانی ئاڕاستە و سپی میدیا و مەکتەب ڕێکخستن و سنور میدیا لە ٧/٢٨ وچاودێر ژمارە ٥٧٣ لە ٢٠١٦/٨/١دا بلاوکراوەتەوە.

# بەرەو ڕێکخستنەوەی نێو ماڵی کورد*

- بەداخەوە لە ئێستادا و ماوەی ساڵێك زیاترە نێو ماڵی کورد لەم بەشەی کوردستاندا و تەواوی کوردستانی گەورەشدا لەوپەڕی دۆخی ناجێگیری و شڵەژاوی و لێکترازان و دڕدۆنگی و دوور لەیەکە، بەهۆی ناکۆکی و ململانێ سیاسیە ناڕەواکانەوە لەسەر پۆست و پلە و ئیمتیازات و دەسکەوتی کەسی و حیزبی بچووك بەرانبەر نەبوونی پەرۆشی و خەمخۆری بۆ مەسەلە گەورەکەی نەتەوە و نیشتیمان، بەتایبەتیش لەم قۆناغە هەستیار و پڕ لە مەترسی و گۆڕانکاریەدا کە تەواوی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوینی پیادا گوزەر دەکات، بەرەو داڕشتنەوەیەکی نوێ و خۆڕێکستنەوەی نێو ماڵەکان و گۆڕانکاری لە سنور و جوگرافیاکان و پاراستنی بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوری و سەربازیەکان، کە هەریەکە لەولاتانی ناوچەکە هەوڵی بۆ دەدەن و هەموان سەرقاڵی خۆڕێکخستنەوەی نێو ماڵی خۆیەتی بۆ ئەوەی بتوانێت لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانکاریە سەپێنراوەکاندا خۆی بگونجێنێت و

تا ئەوەندەی پێی دەکرێت بەرژەوەندی وڵات و کۆمەڵگا و دەسەڵاتەکانیان بپارێزن و مانەوەیان بۆ کاتێکی درێژتر مسۆگەر بکەن.

بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج و تێڕامانە ئەوەیە کە تەنها کوردە نێومالێکی شەپڕیوو تێکچووی سیاسی و ئابوری و سەربازی و کۆمەڵایەتی هەیە و هەوڵێکی جدیش هەستپێناکرێت بەرەو چارەسەر و دۆزینەوەی دەرچەیەك بۆ ئەم دۆخە قەتیس و پڕ مەترسیانە.بەڵام خۆش بەختانە هەموان بەسەرکردە و حیزبەسیاسیەکان و خەمخۆری جەماوەری گەلەکەشمانەوە هەست بەوە دەکەن کە چیدی ئەم دۆخە نابێت بەردەوام بێت و پێویستە لەسەر هەموان هەریەکە لە پێگە و قورسایی خۆیەوە هەوڵی لێکنزیکبونەوە و خۆڕێکخستنەوە و پێکەوەنانی هاوپەیمانی و تەکەتولی سیاسی گەورە و بەهێز و پتەوتر بنێن، بۆئەوەی لانی کەم بتوانرێت لەم ڕێگەیەوە ئەو دابەشبونە زۆرەی جەماوەر و نێومالی کورد بەسەر ئەو هەموو ئاڕاستە و بۆچوونە سیاسیە جیاوازانەدا وەلاوە بنێت کەتەنها مەسەلەی میلەتەکەمان زیانی پێدەگات لەبەرامبەر هەندێ دەسکەوتی بچوکی کەسی و حیزبیدا بۆ سەرکردە و دەستڕۆیشتوەکانی ناو حیزبەکان.

بەڵام خۆشبەختانە لەئێستادا ئەو ئاڕاستە بیرکردنەوەیە زاڵە کە دەبێت چیدی ئەو دابەشبونە لانیکەم بچوکبکرێتەوە بەقازانجی میلەتەکەمان و ڕێکخستنەوەی نێومالەکەی.

ئەوەتا لە ٢٠١٥/٦/١٧دا یەکەم هەنگاوی پراکتیکی بەو ئاڕاستەیە هەڵنرا لەنێوان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕاندا لە چوارچێوەی ئەو ڕێکەوتنە سیاسیەی کە واژۆیان کرد، کە ئەم هەنگاوە بۆخۆی هەنگاوێکی گەلێك کاریگەربوو لەسەر تەواوی دۆخەسیاسیەکەی کوردستان و هەموانیشی هاندا بۆ ئەوەی هەمان هەنگاو هەڵنێن لەنێوان ئەو لایەنە سیاسیانەی کە مێژوو و خەبات و بۆچوونی فکری و ئایدۆلۆژیان لێکەوە نزیکە و دەتوانن پێکەوە کاری هاوبەش و گەورەو کاریگەر بکەن بۆ خزمەتی مەسەلە گەورەکەی نەتەوەکەمان. ئەم ڕێکەوتنە سیاسیە جوڵەیەکی باشی سیاسی خستە نێو کوردستان و بوە هۆی کردنەوەی دەرچەیەکی ڕوونتر بەرەو چارەسەریەکان.ئاشکرایە

هەموو ڕێکەوتنێکی سیاسی لەنێوان هەردوو لایەنێکی سیاسیدا بچووک یان گەورە کاریگەری باشی دەبێت لەسەر کەمکردنەوەی درز و لێکترازانەکان و جیاوازیەکان و بەپێچەوانەشەوە دەبێتە مایەی توندوتۆڵکردنەوەی ڕیزەکان و زیادکردنی ئومێدەکانیش بە ئایندە.

لەئێستاشدا لێکتێگەیشتن و نزیکبونەوەو یەکگرتنەوەی هەردوو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و حیزبی ئایندە جارێکی تر و هێندەی تر بە قازانجی ڕێکخستنەوە و پتەوکردنەوەی نێومالی کورد تەواو دەبێت، بۆیە بەڕای بەندە لەم قۆناغەدا زۆر پێویستە هەموو حیزب و ڕەوت و بزوتنەوە سیاسیەکانی تریش هەمان هەنگاو بنێن، بۆ نمونە چەپەکان لەیەك بەرەدا کۆببنەوە و ڕاسترەو کۆنەپارێزەکانیش لەبەرەیەکی تردا و لیبڕاڵ و دیموکرات و سۆسیالیستەکانیش لەبەرەیەکی تر و ئیسلامیەکانیش لەبەرەیەکی خۆیاندا کۆببنەوە، بەم شێوەیە کۆمەڵگای کوردەواری لەم بەشەدا لانی کەم دابەش دەبنە سەر چەند بەرەیەکی کەمی پوخت و بەهێز نەك وەك ئەمەی ئێستا زۆر و بۆری و جیاوازی زۆر کە بونەتە زیاتر تێکدان و لێکترازانی نێومالی کورد.

- دواتریش دەکرێت هەریەکە لەو بەرانە خۆیان ساغ بکەنەوە و زیاتر نزیکببنەوە لە بەرە گەورە و بەهێزەکانی تر کە خاوەن دەسەڵات و نفوزن و لە قۆناغی سێهەمیشدا بەڕای بەندە پێویستە لە باشووری کوردستاندا دووبەرەی گەورە و بەهێزی سیاسی هەبێت و لە نێوانیشیاندا بەرەیەکی هاوسەنگ ڕاگر هەبێت بۆ ئەوەی ڕێگە لە تاکڕەوی و بۆمانەوەی زیاتر لە پێویستی ئەو دووبەرەیە لەدەسەڵاتدا بگرێت و کاریگەری خۆی هەبێت لەسەر ڕەوتی گۆڕانکاری و بڕیارەکاندا، وەك هاوشێوەی سیستەمی دیموکراسی بەریتانی کە تاڕادەیەك سیستەمی دوو حیزبی پیادە دەکات و لەنێوان ئەو دووحیزبەشدا چەند حیزبێکی بچووك هەن کە دەتوانن ببنە هۆکاری ڕاگرتنی بەڵانس لەنێوانیاندا و هەمیشە بونەتە هۆکاری گۆڕانکاری لەدەسەڵاتدا و گۆڕانکاری لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا.

لەئێستادا لەباشوری کوردستاندا ئەوەی دەبینرێت بەرەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان و ئاینده و لەبەرامبەریشدا پارتی و ئەو هێزانە دەبینرێت کە لە خولگەی ئەودا دەسوڕێنەوە و بەمەش دوو حیزبی سیاسی گەورەی جیاواز لە فکر و ئایدۆلۆژیا خۆیان ساغ کردۆتەوە، ئەوەی ماوەتەوە بەلای بەندەوە گرنگە خۆساغکردنەوە و کۆکردنەوە و خۆڕێکخستنی بەرەی حیزبە ئیسلامیەکانی کوردستانە لە بەرەیەکدا وەك بەرەی سێیەمی هاوسەنگی ڕاگر لەنێوان ئەو دوو هێزە گەورەیەدا و بەم شێوەیە دەکرێت بناغەیەکی ساغڵەمی سیاسی لەسەر بنەمای کێبڕکێی دیموکراسی و هەڵبژاردنی پیادە بکرێت و هەنگاوی دڵخۆشکەرانەش بنرێت بەرەو ئایندەیەکی گەشتر و نێوماڵی کورد بەم هەنگاوە زیاتر تۆکمەتر و پتەوتر دەبێت و دەتوانێت ڕووبەڕووی هەموو مەترسیەکان ببێتەوە و لەم قۆناغە ڕاگوزەرەدا بتوانێت بەرژەوەندیەکانی کوردەوای بپارێزێت، بەپێچەوانەوە نابێت چاوەڕوانی فریادڕەسێکی دەرەوەی کورد بین بۆئەوەی یەك و یەکگرتویی نێوماڵی کوردمان لەسەر سینیەکی زێڕین پێشکەش بکات،چونکە هیچ کەس و لایەنێك هێندەی کورد خۆی دڵسۆز و خەمخۆر نیە بۆیە ئەرکی لە پێشینەی کورد خۆیەتی بەسەرکردە و حیزب و ڕێکخراوە مەدەنیەکان و جەماوەریشەوە کە هەموان هەوڵی ئەم ڕێکخستنەوە و یەك و یەکگرتوەی کورد بدەن و باشووری کوردستان بکەنە نمونەیەکی زیندوو بۆ بەشەکانی تریش و دواتریش خۆڕێکخستنەوەی نێو ماڵە گەورەکەی کورد و کوردستان لەسەر ئاستی نەتەوە و نیشتیمانی کوردستانی گەورە، ئاشکراشە تەنها بەیەك ویەکگرتووی کورد هەمیشە گرەوی بردۆتەوە و بەپێچەوانەوە هەمیشە گەورەترین زیانی پێگەیشتوە لە ئەنجامی لێکترازان و دور لەیەکتری و شڵەژاوی نێو ماڵەکەیەوە.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی مەکتەب ڕێکخستن و وتاری کورد و ئاڕاستە و سنورمیدیا لە ٨ و٩ و٨/١٠ و هەواڵ ژمارە ٦٧٧ لە ٨/١٣ و کوردستانی نوێ ژمارە ٧٠٤٥ لە ٨/١٥ و چاودێر ژمارە ٥٧٥ لە ٢٠١٦/٨/١٥دا بلاوکراوەتەوە.

## کورد و گەلەکۆمەکیەکی نوێ لە ناوچەکەدا... *

- لەدوای سەرهەڵدانی داعشەوە لەساڵی ٢٠١٤ بەدواوە دونیا سەرتاسەر بەگشتی وناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوین بە تایبەتی ڕووبەڕووی شەپۆلێکی توندوتیژی و ناسەقامگیری سیاسی و ئابوری و سەربازی و ئەمنی بونەتەوە و هەموانی سەرقاڵکردوە و دونیا و ناوچەکەشی ڕووبەڕووی گۆڕانکاری و مەترسی گەورە کردۆتەوە کە پێدەچێت گۆڕانکاری لە جوگرافیاو سنورە دەستکردەکانی ناوچەکەدا بکات و هەندێك لە وڵاتان لەسەر نەخشەی ناوچەکە بسڕێنەوە و هەندێکی نوێش بێنە بون و لەدایکبوون.

مەترسیەکان تابڵێی گەورەن و بەبێ جیاوازیش بەرۆکی هەموانیان گرتۆتەوە،هەربۆیە هەموانیش بە بچوك و گەورەوە لەهەوڵی خۆلادان و دوورخستنەوەی ئەو ئاگرەن لە نێو

ماڵی خۆی و پاراستنی بەرژەوەندیەکانێتی و مانەوەیەتی لەدەسەلأتدا. لەو پێناوەشدا نەرمی و تەنازول و تەنانەت ڕیسوایش قبوڵ دەکەن.هەموان لە هەوڵی ڕێکخستنەوە و توندوتۆڵکردنەوەی نێو ماڵەکانی خۆیانن و هەڵپەی ئەوە دەکەن کە لەناوخۆ و دەرەوەشدا پشتیوانی و هاوکاری و هەمئاهەنگی بۆ خۆیان کۆبکەنەوە بەمەبەستی خۆگونجاندنیان لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکان و گۆڕانکاریی و ئاڵنگاریەکاندا.

- لەئێستادا ئەوەی بەدیدەکرێت و دەخوێنرێتەوە لە پەراوێزی ئەو گۆڕانکاریانەدا لە هاوکێشە سیاسی و هاوسەنگی هێزەکاندا ئەوەیە کە: ولأتانی زلهێزی دونیاش بەهەمان شێوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئێستا و ئایندەیان و ڕۆڵ و کاریگەریان لەنەخشی داهاتوی ناوچەکەدا،لە ململانێیەکی توندی نهێنی و ئاشکرادان و هەوڵی پێکەوەنانی هاوپەیمانی و بەرەی سەر بەخۆیان دەدەن دژ بەو بەرە و لایانانەی کە گەرەکیانە بەهەمان شێوە پشکی خۆیان بپچڕن لەو کێکە بەلەزەتەی ناوچەی ڕۆژهەلأتی ناوین کە بەدرێژایی مێژووی کۆن و نوێ جێگەی تەماعکاری و چاوتێبڕینی زلهێزەکانی دونیا بووە.

ئەوەتا لەلایەك ئەمریکا و ئەوروپا گەرەکیانە بەهەر شێوەیەك بوە کە ڕژێمی بەشار ئەسەد نەمێنێتەوە لەدەسەلأتدا و ئامادەسازی دەکەن بۆ قۆناغی ڕاگوزەری و ڕێگە خۆش دەکەن بۆ سیستەمی حوکمڕانیەکی نوێ لەو ولأتەدا لە چوارچێوەی کۆبونەوەکانی جنێڤدا، کە لەئێستادا سوریا و ڕووداوەکانی بونەتە چەقی گۆڕەپانی ململانێکان و هەموان لەسەر حسابی خەڵك و خاکی سوریا هێز و توانا سیاسی و سەربازیەکانیان تاقیدەکەنەوە بەبێ گوێدانە زیان و وێرانبوون و سووتماککردنی خاك و کۆچپێکردن و وەدەرنانی ملیۆنان کەسی بێگوناهی ئەو ولأتە.

- لەبەرامبەریشدا ڕوسیا کەوتۆتە خۆ و هەر لەسەرەتاوە پاڵپشتی ڕژێمی سوریای دەکرد لەساڵی ٢٠١١وە کە دەسپێکی ڕاپەڕینە جەماوەریەکانی سوریا بوو و هەوڵی مانەوەی دەدا و کۆسپی دەخستە بەر هەر هەوڵێك بەرەو گۆڕانگاری لەو ڕژێمەدا، ڕوسیا ناهەقی نیە چونکە سوریا تاکە پێگە و قەلأی ڕوسیایە لەناوچەکەدا و بەنەمان و

گۆڕانکاری لەو ڕژێمەدا ڕوسیا بۆ هەتاهەتایی جێگە و پێگەی خۆی لەناوچەکەدا لەدەست دەدات، لەم پێناوەشدا بەرەیەکی توندوتۆڵی پێکهێناوە لەگەڵ ئێران و ڕژێمی سوریا و حیزبوڵای لوبنانی و دەسەڵاتدارانی شیعە مەزهەبی عێراقی کە لەئێستادا لەخولگەی سیاسەتەکانی ئێراندا دەخولێتەوە و جارجارەش بەبەرگی شیعە مەزهەب دەردەکەوێت لەبەرامبەر بەرەی سونە مەزهەبی عەرەبی سوونە لە عێراق و سعودیە و قەتەرو ..هتد.

- ئەوەی جێگەی تێڕامان و تەنانەت سەیرو سەمەرەشە کە زۆر شێلگیرانە کەوتۆتە خۆی و وادەخوێنرێتەوە کە توشی هیستریاش بوبێت و توشی فۆبیای کوردیش بوبێتەوە، هەڵوێست و پەلەقاژەی تورکیایە دژ بەهەموو هەوڵێك کە لە بەرژەوەندی کورد و سەرکەوتنەکانی بێت و بەئاڕاستەی پشتیوانی و هاوکاری سیاسی و سەربازی کورد بێت لەناوچەکەدا، بەداخەوە هەڵوێستی تورکیا دژ بە کورد و ئاواتەکانی لەهەموان دوژمنانەتر و توندترە هەرچەندە وڵاتانی تری ناوچەکە لە عێراق و سوریا و ئێران و تەنانەت سونەکانی عەرەبیش لە سعودیە و قەتەرو ..هتد. هەموانیان دژ بەخەون و ئاواتەکانی کوردن بەڵام هیچیان هێندەی تورکیا دژ نین، تورکیا کە خۆی بەدەم ڕاستی ئیسلام و سونەکان دەزانێت و گەرەکێتی هەروا ڕۆڵی کارای هەبێت ،لەنێوان بەرەی ئەمریکا و ڕوسیادا لەهەڵپەدایە بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی و پشتگیری لەسیاسەتەکانی، لەو پێناوەشدا نەرمی زۆر بۆ ئەمریکا و ناتۆ دەنوێنێت و لەولاشەوە داوای لێبوردن و سەردانەواندن بۆ ڕوسیا دەکات و لەلای سێهەمیشەوە لەگەڵ ئێرانی دوژمنی دوێنێ و ئەمڕۆشی سازش دەکات و تەنانەت دروشمی گۆڕانی بەشار ئەسەدی وەلاناوە و گەرەکێتی بمێنێتەوە و لەگەڵ عێراقیشدا لەهەوڵی ئاسایکردنەوەی پەیوەندیەکانێتی ،تەنها لە پێناو لەباربردنی خەونی کورد ودژی کورد و دەسەڵات و سەرکەوتنەکانێتی بۆئەوەی ئەزمونی کوردی باشوور لە ڕۆژئاواشدا دوبارە نەبێتەوە و ئەمەش ببێتە مەترسیەکی گەورە لەسەر تورکیا و پشتیوانیش لە کوردانی باکور.

تورکیا بۆخۆی لەناوخۆدا گیرۆدەی دەیان کێشە و گرفت و ململانێ بۆتەوە بەتایبەتیش دوای هەوڵی کودەتا شکستخواردوەکەی سوپا و گرتن و ڕاوەدونانی ڕۆژنامەنوسان و بەرتەسکردنەوەی ئازادیەکان و تێکچوونی لەگەڵ ئەمریکادا لەسەر مەسەلەی فەتوحەلا گولەن و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و پەیەدە لە ڕۆژئاوای کوردستان...هتد.

- لە چانسی کوردە کە بەهۆی ئازایەتی و قارەمانێتی هێزی پێشمەرگە و شەڕڤانان و گەریلاوە دژی چەتەکانی داعش و شکستپێهێنانی پیلانەکانیان بە هاوکاری تورکیا کە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلاتی دونیا بەزلهێز و بچوکەکانیشەوە کێبڕکێ دەکەن لەسەر هاوکاری مادی و مەعنەوی و لۆجستی بۆ هێزی پیشمەرگە و شەڕڤانان و بەرگری مانەوەیان لێدەکەن.کورد خۆشبەختانە بۆتە کارتێکی بە قازانج بۆ هەموان دژی تیرۆریست و وڵاتە کۆنەپارێز و پشتیوانیەکانی داعش و لە ئێستادا هەموو دونیا بە چاوی ڕێزەوە لە کورد و قوربانیەکانی و مەسەلە ڕەواکەی دەڕوانن و ڕازی نابن بە تیرۆریست لەقەڵەم بدرێت چونکە هێزێکە لەناو ململانێکان و ڕووداوەکاندا خۆی سەپاندوە و هەموانی ناچارکردوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

ڕاستە هەموو وڵاتان و بەتایبەتیش زلهێزەکان هەمیشە لەسیاسەتیاندا بەرژەوەندیەکانی خۆیان لەبەرچاو دەگرن و لەگەڵ دیفاکتۆ و هێزی بەهێزی سەر زەوی مامەڵە دەکەن، بۆیە گرەنتی تاسەر نیە بۆ ئەو پشتیوانیەیان لەکورد. هەربۆیە کورد و سەرکردایەتیەکەی لەهەر چوار بەشەکەدا و بەتایبەتیش لە باشووردا گەرەکە هەموانیان کاری پێکەوەی بکەن و کۆبونەوەی دەوری وبەردەوامیان هەبێت و پلان و بەرنامەی عەقلانی دابڕێژن بۆ ئیدارەدانی ململانێکان بەمەبەستی ڕووبەڕووبونەوەی ئاڵنکاری و مەترسیەکان و ئەو گەلە کۆمەکیەی کە تورکیا گەرەکێتی پێکەوەی بنێت و کۆی بکاتەوە دژی کورد بە هاوبەشی ئێران و ڕوسیاو تەنانەت سوریا و عێراقیش،ڕاستە عێراق لە ئێستادا بێهێزە بەلام بەدڵنیای دوای ڕزگارکردنی موصڵ هەڵوێستی بەرامبەر کورد دەگۆڕێت.

- بۆیە گرەنتی سەرەکی و هەتاهەتایی بۆ پشتیوانی کورد، کورد خۆیەتی ئەوەش بە یەکریزی نێومالّی کورد و پێکەوەکارکردن و وەلانانی ناکۆکیەکان و دەستخستنە ناو دەستی یەکتر و نەچوونە ژێر باری پیلانی دوژمنان و هەلّنەخەلّاتاندنیانە بە بەلّێنی درۆ و دۆڕاوی دوژمنانی ناوچەکە کە ئەوانیش بۆخۆیان داشی دامە و یاریە گەورەکەی ناوچەکەن کە زلهێزەکان بڕیاردەری کۆتاین نەك ئەوان، لە پێناو دەسکەوتی کەمی مادی و حیزبیدا.نابێت کورد چاوەڕوانی دوژمنانی بکات گولّی پێشکەش بکەن و دەولّەتی کوردی لەسەر سینیەکی زێڕین پێشکەش بکەن، گەر نا ئەوا مەترسی دووبارەبونەوەی مێژووی ٤١ سالّ لەمەوبەری جەزائیرێکی تر لەئارادایە کە جارێکی تر کورد و مەسەلەکەی دەگێڕنەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم و ١٠٠ سالّی تر بەداگیر و دابەشکراوی دەیهێلّنەوە.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی سپی میدیا و وتاری کورد و مەکتەب ڕێکخستن و ئاڕاستە و سنور میدیا لە ٢٤ و٢٥ و٨/٣٠ و هەوالّ ژمارە ٦٧٩ لە ٨/٢٧ و کوردستانی نوێ ژمارە ٧٠٥٧ لە ٢٠١٦/٨/٢٩دا بلّاوکراوەتەوە.

## سیاسەتی فرۆشتنی سەربەخۆی
## نەوتی هەرێم لە نێوان سەرکەوتن و شکستدا ! *

- ئاشکرایە کەرتی وزە بەگشتی پێکدێت لە دوو سەرچاوەی گرنگ کە بریتین لە (( نەوت و غازی سروشتی)) لە هەموو ئەو ولّاتانەی خاوەن نەوتن بەکوردستانیشەوە گرنگیەکی گەورەی هەیە و ڕۆلّ و کاریگەری گەورەش دەبینێت لە گەشەکردن و پێشخستن و بوژاندنەوەی ژێرخان و سەرخانی سیاسەت و ئابوری و ئەمنی و کۆمەلّایەتی ولّات و کۆمەلّگادا، لەهەمان کاتیشدا کەرتێکی زێدە هەستیارە و دەبێت ئیدارەیەکی بەهێز و شارەزا و خاوەن ئەزمون بیبات بەڕێوە سیاسەتێکی خۆمالّیانە و نیشتیمانیانەی دلّسۆز و

دەستپاك و ئەمین سەرپەرشتی بكات دوور لە گەندەڵی و پاوانكردن و بەتاڵانبردن و هەرزانفرۆشكردنی.

- ئاشكراشە لەم سەردەم و قۆناغەی جیهانی پێدا تێپەڕ دەبێت ئابوری و بازرگانی و بازاڕ و كۆمپانیا ئابوریە زەبەلاحەكان سیاسەت كێش دەكەن بەدوای خۆیاندا و خاوەن سەرمایە و كۆمپانیاكان دوا بڕیار دەدەن تەنانەت لەسەر چارەنوسی دەسەڵاتدار و حكومەت و وڵاتان و سیستەمی حوكمڕانیەكانیشیان ، بۆیە گرنگە ئیدارەی كەرتی نەوت و كەسە لێپرسراو و بەدەسەڵاتەكانی ئەم كەرتە شارەزاییەكی گەورە و زانیاری و زانستی باشیان هەبێت لە سیاسەتی نەوتی دونیا و ڕێكخراوی ئۆپیك و كۆمپانیا ناودار و گەورەكانی بواری نەوت.بەپێچەوانەوە دەكەونە هەڵەی كوشندە و خراپ و بەهەڵە خوێندنەوەی حسابات و هاوكێشە سیاسی و ئابوریەكانەوە و دواتریش بە زیانی گەورە دەگەڕێتەوە بەسەر ئێستا و ئایندەی وڵات و كۆمەڵگادا.
- هەرێمی كوردستانی عێراق وەك هەرێمێكی چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی فیدڕاڵی لەبەر ئەوەی خاوەن سیادە و سەروەری خۆی نیە و ناتوانێت وەك وڵاتێكی سەربەخۆ هاوبەشی بكات لە كۆڕو كۆبونەوە نێودەوڵەتی و دیدار و دانیشتنەكانی تایبەت بە وزە،هیچ كۆمپانیا و وڵاتێك بەڕەسمی نایناسن و مامەڵەی یاسایی و ئاسایی لەگەڵدا ناكەن، بەڵام بەهۆی بوونی یەدەگێكی زۆر و زەوەندی نەوت (( كە ٥٠-٧٠ ملیار بەرمیل نەوت)) و غازی سروشتی (( ٧ر٥ تریلیۆن مەتر سێجا)) ی هەیە و هەرێمێكی دەوڵەمەندە و لەسەر ئاستی دونیا ڕێژەی ٥-٨٪ وزەی جیهان پێك دێنێت ،كە ئەمەش بۆخۆی سێ یەكی یەدەگی دەوڵەتی عێراق پێكدێنێت كە لە بنچینەدا عێراق بۆخۆی ٤-٥ وڵاتی جیهانە لەسەر ئاستی بوونی یەدەگی نەوت و غازی سروشتیدا.
- ئاشكرایە دەرهێنانی نەوتی هەرێمی كوردستان لەساڵی ٢٠٠٢وە دەستی پێكردوە بەشێوەیەكی بازرگانی، بەڵام لە پێش ئەو بوارەشدا لەلایەن حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە لەساڵی ١٩٩٤وە دەزگایەكی تایبەت دامەزرا بەناوی (( دەزگای پڕۆژە تایبەتەكان)) وە كە سەرپەرشتی هەڵدانەوەی بیرە نەوتەكانی دەكرد لە ناوچەی شیواشۆك لە تەق تەقی قەزای كۆیە و دەرهێنانی نەوتەكەی و فرۆشتنی بە تانكەر بە ئێران و دواتر هەوڵدان بۆ دروستكردنی پاڵاوگەیەكی خۆماڵی لەشاری سلێمانی و ئەوەبوو لە ١٩٩٧/١٢/٥دا بۆ یەكەم جار نەوتی كوردی لەسەر دەستی ئەندازیاران و تەكنیككاران و

کرێکارانی کورد خۆیەوە لە پاڵاوگەیەکی کوردی بچوکەوە بپاڵێورێت و بۆ یەکەم جار لە مێژوودا کوردا نەوتی خۆی بۆخۆی و لەناو خۆی خۆیدا بەکارهێنا کە ئەوکات عێراق و کوردستانیش لەژێر چەندین گەمارۆی ئابوریدا بوون و ئەوە بۆخۆی دەسکەوتێکی گەورە بوو بۆ ئەوکاتە.

دواتر و لەدوای ڕزگارکردنی عێراقەوە لەساڵی ٢٠٠٣دا هەرێمی کوردستان کەوتە خۆی بۆ هێنانی کۆمپانیای نەوتی جۆربەجۆر لەگەورە و بچوك و مامناوەندی دونیاوە بۆ هەرێم بەمەبەستی گەڕان و پشکنین و دۆزینەوە و هەڵکەندنی بیری نەوت و گەشە و پێشخستنی بەرهەم و دواتر فرۆشتنی و هەناردەکردنی بۆ دەرەوەی کوردستان و عێراق، سەرەتا لەژێر چاودێری و بە ئاگاداری کۆمپانیای فرۆشتنی نەوتی عێراقی ((سۆمۆ)) بوو و دواتریش لە ٢٠١٥/٦/١٥وە بەشێوەیەکی سەربەخۆ نەوت دەردەهێنرا و دەفرۆشرا دوای ئەوەی عێراق لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٤وە بەشە پشکی هەرێمی ١٧٪ ی لە بودجەی گشتی عێراق بڕی و نەینارد بۆ حکومەتی هەرێم. هەرێم جیاواز لە عێراق سیستەمی گرێبەستی نەوتی بەشێوەی ((هاوبەشی )) پیادەکرد لەکاتێکدا لەعێراق سیستەمی گرێبەستە نەوتیەکان بەشێوەی (( خزمەتگوزاری )) بوو. کە ئەمەش لایەنی باش و خراپیان هەیە بۆ هەرێم وعێراقیش.لەسەرەتای هێنانی ئەم کۆمپانیایانەوە بۆ هەرێم لە سەردەمی دوو ئیدارەیی (( سلێمانی و هەولێر))ەوە تاکو کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم ٤٢ گرێبەستی نەوتی واژۆکراوە کە یەکەم گرێبەست لەبەرواری ٢٠٠٢/٧/١٧وە بوە لەلایەن بەڕێز د. بەرهەم احمد ساڵح سەرۆکی حکومەتی ئیدارەی سلێمانیەوە.و زیاد لە ٢٦ کۆمپانیای بواری نەوتی جیهانی هاتونەتە کوردستانەوە لە کۆمپانیای (( ئەمریکی و کەنەدی و تورکی و نەرویجی و...هتد)).

## زانیاری دەربارەی گرێبەستە نەوتیەکان ١

| ز | بەرواری واژۆکردنی گرێبەست | کێڵگەی نەوت | کۆمپانیای نەوت | کابینەی حکومەت | کەسی واژۆکەر | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠٠٢/٧/١٧ | تەقتەق | جەنەڵ ئینێرجی/تورکی | ئیدارەی سلێمانی | د. بەرهەم احمد سەرۆکی حکومەت | یەکەم گرێبەست |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢ | ٢٠٠٣/١/١٤ | پۆڵخانە+شاک ەل | پێت ئۆیل | ئیدارەی سلێمانی | فریدون عبدالقادر ج.سەرۆکی حکومەت | |
| ٣ | ٢٠٠٣/١/١٤ | پۆڵخانە+شاک ەل | پێت ئۆیل | ئیدارەی سلێمانی | دواتر لەلایەن مام جەلالەوە پەسەندکراونەتەوە | |
| ٤ | ٢٠٠٦/٥/٤ | کوردەمیر | وێستێرن زاگرۆس | ئیدارەی سلێمانی | عمر فتاح سەرۆکی حکومەت | دڵشاد عبدالرحمن سەرۆکی دەزگای پرۆژە تایبەتیەکان / ئیمزای کردوە |
| ٥ | ٢٠٠٧/٩/٨ | ئەین سفنی | | کابینەی ٥ | عمر فتاح ج.سەرۆکی حکومەت | حکومەتی یەکگرتوو |
| ٦ | ٢٠١٠/١٠/١٤ | سولێڤانا | پێترۆ کوێست | کابینەی ٦ | د. بەرهەم احمد سەرۆکی حکومەت | |
| ٧ | ٢٠١١/٦/١٧ | دینارتە | هێسی ئەمریکی | کابینەی ٦ | د. بەرهەم احمد سەرۆکی حکومەت | |
| ٨ | ٢٠١٠/١٠/١٤ | ناوەندی دهۆک | پێترۆ کوێست | کابینەی ٦ | د. بەرهەم احمد سەرۆکی حکومەت | |
| ٩ | ٢٠١٠/١٠/٢٠ | هەریر | ماراسۆنی ئەمریکی | کابینەی ٦ | د. بەرهەم احمد سەرۆکی حکومەت | |
| ١٠ | ٢٠١١/٧/٢٦ | پیرەمەگروون | ریپسۆڵ | کابینەی ٦ | د. بەرهەم احمد سەرۆکی حکومەت | |
| ١١ | ٢٠١٠/١٠/٢٠ | سەفین | ماراسۆنی ئەمریکی | کابینەی ٦ | د. بەرهەم احمد سەرۆکی حکومەت | |
| ١٢ | ٢٠١١/٧/٢٦ | شەکرۆک | هێس+پێترۆک وێست | کابینەی ٦ | د. بەرهەم احمد سەرۆکی حکومەت | |
| ١٣ | ٢٠١١/٧/٢٥ | گەرمیان | وێستێرن زاگرۆس | کابینەی ٦ | د. بەرهەم احمد سەرۆکی حکومەت | |
| ١٤ | ٢٠١١/٧/٢٦ | قەلادزێ | ریسپۆڵ | کابینەی ٦ | د. بەرهەم احمد سەرۆکی حکومەت | |
| ١٥ | ٢٠١١/٧/٢٦ | ئەین سفنی | | کابینەی ٦ | د. بەرهەم احمد سەرۆکی حکومەت | پێداچونەوە و هەموارکردنەوە |
| ١٦ | ٢٠١٠/٨/١ | ئاکرێ + بجێل | | کابینەی ٦ | د. بەرهەم احمد سەرۆکی حکومەت | پێداچونەوە و هەموارکردنەوە |
| ١٧ | ٢٠١٠/٨/١ | ئەتروش | | کابینەی ٦ | د. بەرهەم احمد سەرۆکی حکومەت | پێداچونەوە و هەموارکردنەوە |
| ١٨ | ٢٠١١/٧/٢٦ | بەرانان | | کابینەی ٦ | د. بەرهەم احمد | پێداچونەوە و |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | سەرۆكی حكومەت | هەمواركردنەوە |
| ١٩ | ٢٠١١/٧/٢٧ | بەردە رەش | | كابینەی ٦ | د. بەرهەم احمد سەرۆكی حكومەت | پێداچونەوە و هەمواركردنەوە |
| ٢٠ | ٢٠١١/٨/٩ | هەولێر | | كابینەی ٦ | د. بەرهەم احمد سەرۆكی حكومەت | پێداچونەوە و هەمواركردنەوە |
| ٢١ | ٢٠١٠/٨/١ | مەلا ئۆمەر | | كابینەی ٦ | د. بەرهەم احمد سەرۆكی حكومەت | پێداچونەوە و هەمواركردنەوە |
| ٢٢ | ٢٠١٠/٨/١ | شێخان | | كابینەی ٦ | د. بەرهەم احمد سەرۆكی حكومەت | پێداچونەوە و هەمواركردنەوە |
| ٢٣ | ٢٠١٠/٨/٢٤ | سندی+ ئامێدی | | كابینەی ٦ | د. بەرهەم احمد سەرۆكی حكومەت | پێداچونەوە و هەمواركردنەوە |
| ٢٤ | ٢٠١٠/٨/١ | تاوكێ | | كابینەی ٦ | د. بەرهەم احمد سەرۆكی حكومەت | پێداچونەوە و هەمواركردنەوە |

**تێبینی :**

=====

**١.یەكەم گرێبەستی نەوتی كە واژۆكراوە لەلایەن یەكێتی نیشتیمانی كوردستانەوە بوە لە سەردەمی دوو ئیدارەییدا لە سلێمانی لەلایەن د. بەرهەم احمد لە ٢٠٠٢/٧/١٧دا.**

**٢.لە قۆناغی یەكگرتنەوەی دوو ئیدارەیدا، پارتی گرێبەستی ٢ كێڵگەی نەوتی كردوە لە كێڵگەكانی ((ئەربیل و تاوكێ )) لە ٢٠٠٤/٦/٢٥دا كە نێچیرڤان بارزانی ئیمزای كردوون.**

**٣. لە كابینەی ٥ی حكومەتدا بۆ یەكەم جار وەزارەتی سامانە سروشتیەكان دامەزرا بۆ سەرپەرشتی ئیشوكاری نەوت و غازی سروشتی.**

**٤. یاسای ژمارە ٢٢ ی ساڵی ٢٠٠٧ ی گاز و نەوتی هەرێمی كوردستان پەسەندكرا.**

**٥. حكومەتی هەرێم لەساڵی ٢٠٠٧ گرێبەستی لەسەر ١٤ كێڵگەی نەوتی كردوە (( ئەین سفنی،ئاكرێ –**
**بجێل،ئەتروش،بازیان،هەولێر،مەلائۆمەر،میران،سەرسەنگ،ڕۆڤی،شێخان،باكوری سەنگاو،شۆڕش،سەرتا و سندی ،ئامێدی))**

**٦.حكومەتی هەرێم لەساڵی ٢٠٠٨-٢٠٠٩دا گرێبەستی لەسەر ١٢ كێڵگەی نەوتی كردوە ((بەردەڕەش،دهۆك،قەرەداغ،قوشتەپە،تۆپخانە،باشوری سەنگاو ،عەربەت ،چیاسورخ ،بەرانان ،بەربەهر ، تازە ،شێخ ئادی)).**

**٧. ئەم گرێبەستانە لەلایەن هەریەكە لە بەڕێزان ئاشتی هەورامی یان نێچیر بارزانی یان عمر فتاح لە جیاتی ئەنجومەنی نەوت و گازی هەرێمی واژۆیان لەسەر كراوە.**

٨. د. بەرهەم ئەحمەد لەماوەی ٢ ساڵی سەرۆکی کابینەی ٦دا واژۆی لەسەر ٩ گرێبەست کردوە له کێڵگەکانی((سولێڤانا،دینارتە،ناوەندی دهۆك،هەریر،پیرەمەگرون،سەفین،قەڵادزێ،شەکرۆك،گەرمیان)).

٩.لە قۆناغی دوو ئیدارەییەوە تا کابینەی ٦ی یەکگرتوو لە هەرێمی کوردستاندا ٤٢ گرێبەستی نەوتی واژۆیان لەسەر کراوە.

١٠. بەو گرێبەستانەی کە واژۆی ڕاستەوخۆی هەریەکە لە بەڕێزان (( د. بەرهەم یان فریدون عبدالقادر یان عمر فتاح)) ، یان دواتر لەلایەن د. بەرهەمەوە هەموار و بەسەرداچوونەوەیان بۆ کراوەتەوە و جارێکی تر واژۆی کردونەتەوە، یەکێتی واژۆی لەسەر ٤٠ گرێبەست کردوە لە کۆی ٤٢ گرێبەست کە پارتی ئەو ٢ ی تری واژۆکردوە.

- بۆ یەکەم جار لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا وەزارەتێکی تایبەتمەند دامەزرا بۆ سەرپەرشتی ئیشوکاری بواری نەوت بەناوی (( وەزارەتی سامانە سروشتیەکان )) ئیدی لەو کاتەوە تاکو ئێستا لەلایەن بەڕێز (( ئاشتی هەورامیەوە)) دەبرێت بەڕێوە. هەروەها لەساڵی ٢٠٠٧دا یاسایەکی تایبەت بەناوی (( یاسای غاز و نەوتی هەرێمی کوردستان )) بە ژمارە ٢٢ دەرچوو بۆ ڕێکخستنی کەرتی نەوت و پەیوەندی لەگەڵ بەغدادا.ئەم یاسایە بۆخۆی گرنگی گەورەی هەیە چونکە دەبوە هۆی شەفاف بوونی کەرتی نەوت و داهات و خەرجیەکانی چونکە ئەنجومەنێکی باڵای نەوت و غازی هەرێمی دروستکردبوو لەگەڵ دامەزراندنی ٤ کۆمپانیا بۆ گەڕان و پشکنین و دەرهێنان و فرۆشتن و صندوقێکیش بۆ کۆکردنەوەی داهاتە نەوتیەکان، بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستا ئەو یاسایە ئاکتیڤ و کارا نەکراوە و کاری پێناکرێت.ئەو کات ئەو یاسایە بۆ ڕێگەگرتن بوو لە بەغداد بۆ دەستخستنە ناو کاروباری نەوتی هەرێم و دیاریکردنی ئەو بیرە نەوتانەی کە لەدەسەڵاتی هەرێمدان و ئەوانەشی بەهاوبەشی دەبرێن بەڕێوە کە دیاریکرابوو بە ٢٠٠٥/٨/١٥ وەك لە دەستوری عێراقیدا هاتبوو چونکە هەندێك بیرە نەوت دەکەوتنە ناوچە جێگە ناکۆکەکان و دەبوو بە هاوبەشی ببرێن بەڕێوە.

- **سیاسەتی نەوتی هەرێم لە نێوان شەفاف بوون و تاریکاندندا**

هەر لەسەرەتاوە سیاسەتی نەوتی هەرێم بە نەزانین و نەشارەزایی دەستی پێکرد وبەردەوامیش بوو لە تاریکاندن و دوورخستنەوەی کەسانی پسپۆڕ و شارەزای بوارەکە لەناوخۆدا و تاریکاندنی سەرجەم جومگە و ئیشوکارەکانی لەناوخۆ و دەرەوەشدا و

وەزارەتەکە و وەزیرەکەش پاوان کرا بۆ حیزبێکی سیاسی دیاریکراو ئەوەتا ماوەی ١٠ ساڵ زیاترە هیچ گۆڕانکاریەك لەو وەزارەت و وەزیرەدا نەکراوە.ئەم وەزارەتە پیادەی سیاسەتی حیزبەکەی خۆی(( پارتی دیموکراتی کوردستان)) ی دەکرد و بەرژەوەندیەکانی ئەوانی دەپاراست بێ گوێدانە بەرژەوەندی باڵای گەل و نیشتیمان، بەهۆی نەزانینەوە بێت یان بە ئەنقەست دەیان گرێبەستی نەوتی واژۆکراوە کە هیچیان بە قازانجی کوردستان نەشکاونەتەوە و تەنها بەرژەوەندی و سوود و قازانجی کۆمپانیا و وڵاتانی دراوسێی لێکەوتۆتەوە لە (( تورکیا و ئێران)).ئەم وەزارەتە لە هەنگاوی یەکەمەوە کە بریتیە لە هێنانی کۆمپانیاکان و دواتر گرێبەست لەگەڵ کردنیان و گەڕان و پشکنین و دەرهێنان و فرۆشتنی نەوتەکەدا هەموو بە نهێنی و ژێربەژێر کردوە و تا ئێستاش داهاتی نەوتی کوردستان وەك مەتەڵێکی لێهاتوە و کەم کەس دەیزانێت و داهاتەکەشی دیار نیە و حکومەتی هەرێم تەنانەت ناتوانێت لانی کەمی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان و فەرمانبەران و مووچە خۆران دابین بکات کە بریتیە لە موچەی مانگانە و لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٦شەوە بۆتە چارەکە مووچەیەك.ئەم ناشەفافیەت و ناڕوونیە لە سیاسەت و ئیدارەی نەوتدا تەنها و تەنها لە پێناو بەرژەوەندی حیزب و سەرکردە و بنەماڵە و وڵاتانی دراوسێ و کۆمپانیا نەوتیەکاندا شکاوەتەوە دوور لە بەرژەوەندی گەل و نیشتیمان کە تەنها برسیکردن و بێ مووچەکردنیان بۆ ماوەتەوە.




کێڵگە نەوتیەکانی هەرێمی کوردستان

- **بڕی بەرهەمی نەوتی بەرهەمهێنراو لە ڕاپۆرتی وەزارەتی سامانە سروشتیەکانەوە لە ماوەی نێوانی مانگی ٢٠١٥/١ تا مانگی ٢٠١٦/٩ ٢:**

**کە لەلایەن کۆمپانیاکانی نەوتەوە کە کاریان کردوە لە کێڵگە نەوتیە جیاوازەکان لە هەرێمی کوردستاندا کە بریتین لە:**

| کۆمپانیای بەرهەمهێنەری نەوت | کێڵگەی نەوت | ساڵی ٢٠١٥ | | | | ساڵی ٢٠١٦ | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | بڕی نەوتی بەرهەم هاتوو بەرمیل/ ڕۆژ | بڕی نەوتی هەناردەکراو بەرمیل/ڕۆژ | بڕی نەوتی نێردراو بۆ پاڵاوگە ناوخۆییەکان بەرمیل/ڕۆژ | بڕی نەوتی فرۆشراو لە ناوخۆدا بەرمیل/ڕۆژ | بڕی نەوتی بەرهەم هاتوو بەرمیل/ ڕۆژ | بڕی نەوتی هەناردەکراو بەرمیل/ڕۆژ | بڕی نەوتی نێردراو بۆ پاڵاوگە ناوخۆییەکان بەرمیل/ڕۆژ | بڕی نەوتی فرۆشراو لە ناوخۆدا بەرمیل/ڕۆژ |
| DNO | تاوکێ | ١٤٩٠٨٤٢ | ١٤٨٨٦٧٨ | ٤٩١٢١ | ٧٩٩١٠ | ٩٥٤٣٠٥ | ٨٤٦١٢٦ | ٤٥٤٣١٩ | ١٢٥١٢ |
| TTOPCO | تەق تەق | ١٣٩٧١٢٠ | ٨٧٧٧٣٨ | ٣١٥٢٣٨ | ١١٧٣٨٢ | ٥٨٨٣٥٩ | ٣٨٨٦٩٨ | ١٨٠٨٨٣ | ١٨٧٧٧ |
| GULF KEYSTONE | شێخان | ٣٣٣٥٩١ | ٢٨٣٤٠٤ | ٠ | ٨٠٨٨ | ٣٠٤٠٣٧ | ٣٠٤٠٣٧ | ٠ | ٠ |
| KAR | خۆرمەڵە ئاڤانا بای حەسەن | ٣٤٠٧١٨٢ | ١٩٤٣٦١٧ | ٧٨٤٢٠٧ | ٥٠٠٧٤٩ | ٢٧٩٥٢٤٦ | ٢٣٥٥٥١٦ | ٣١٣٠٠٤ | ١٢٦٧٢٧ |
| HKN | سەرسەنگ | ٣٥٠٤٤ | ٠ | ٠ | ٣٥٠٤٤ | ٣١٥٧٨ | ٢٧٧٠٨ | ٠ | ٩٨٧٠ |
| GAZPROM | سەرقەڵا | ٥٤٧٦٠ | ٠ | ٠ | ٤٥٧٦٠ | ٣٢٧١٠ | ٠ | ٣١٨٥٩ | ٨٤٢ |
| ORYX | هەولێر | ٢٩٦٦٧ | ٢٥٧١٨ | ٠ | ٣٩٤٩ | ٢٠٧١٥ | ٢٠٧١٥ | ٠ | ٠ |
| KALEGRAN | ئاکرێ بیجل | ١٢٠٧٩ | ٠ | ٠ | ١٢٠٧٩ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| HUNT OIL | عەین سیفنی | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١٥٦ | ٠ | ٠ | ١٥٦ |
| GAS PLUS | خەلەکان | ٢٢٢٨ | ٠ | ٠ | ٢٢٢٨ | ٢١٩٩٨ | ٠ | ٢١٩٩٨ | ٠ |
| **کۆی گشتی** | | ٦٧٦٢٥١٣ | ٤٦١٩١٥٥ | ١١٤٨٥٦٦ | ٨٠٥١٨٩ | ٤٧٤٩١٠٤ | ٣٩٤٢٨٠٠ | ١٠٠٢٠٦٣ | ١٦٨٨٨٤ |

**خشتەی ئەو کۆمپانیا نەوتیە بەرهەمهێنانەی کە لەماوەی ساڵی ٢٠١٥ و ٩ مانگی ٢٠١٦دا نەوتیان بەرهەمهێناوە لەو کێڵگە نەوتیە جیاوازانەدا**

# TOTAL KURDISTAN PRODUCTION
JANUARY 2015 – SEPTEMBER 2016

## 2015 Production

| 2015 | Gross Field Output (bpd) | Export (bpd) | Refining (bpd) | Local Trading (bpd) |
|---|---|---|---|---|
| January | 438,740 | 282,382 | 109,810 | 46,548 |
| February | 489,915 | 276,971 | 110,597 | 102,348 |
| March | 483,624 | 293,366 | 105,363 | 84,894 |
| April | 601,245 | 460,629 | 110,408 | 30,207 |
| May | 632,070 | 453,359 | 103,663 | 75,048 |
| June | 672,811 | 458,703 | 114,611 | 99,498 |
| July | 609,839 | 406,782 | 111,501 | 91,556 |
| August | 584,867 | 379,971 | 104,008 | 100,889 |
| September | 615,011 | 470,063 | 74,611 | 70,336 |
| October | 589,997 | 442,561 | 82,371 | 65,065 |
| November | 594,988 | 436,810 | 89,660 | 68,518 |
| December | 606,273 | 436,168 | 88,724 | 93,383 |

## 2016 Production

| 2016 | Gross Field Output (bpd) | Export (bpd) | Refining (bpd) | Local Trading (bpd) |
|---|---|---|---|---|
| January | 578,703 | 453,021 | 70,794 | 46,888 |
| February | 358,263 | 258,746 | 71,374 | 28,342 |
| March | 457,431 | 374,712 | 63,544 | 69,175 |
| April | 582,131 | 516,038 | 66,093 | |
| May | 586,468 | 513,041 | 72,053 | 1,394 |
| June | 571,229 | 499,875 | 71,354 | - |
| July | 572,772 | 510,813 | 61,999 | - |
| August | 479,046 | 448,033 | 23,389 | 2,704 |
| September | 563,034 | 505,421 | 40,567 | 17,045 |

خشتەی کۆی بەرهەمی نەوتی هەرێمی کوردستان لە مانگی ٢٠١٥/١ تا مانگی ٢٠١٦/٩

- **لەم خشتەیەوە ئەم ڕاستیانەی لای خوارەوەمان بۆ دەردەکەوێت:**

١. لە ماوەی ١٢ مانگی ساڵی ٢٠١٥دا هەرێمی کوردستان ڕۆژانە بڕی ٦٩١٩٣٨٠ بەرمیل نەوتی بەرهەم هێناوە کە لە ساڵەکەدا دەکاتە ٢٠٧٥٨١٤٠٠ بەرمیل نەوت.

٢. لە ماوەی ١٢ مانگی ساڵی ٢٠١٥دا هەرێمی کوردستان ڕۆژانە بڕی ٤٧٩٧٧٦٥ بەرمیل نەوتی فرۆشتوە کە لە ساڵەکەدا دەکاتە ١٤٣٩٣٢٩٥٠ بەرمیل نەوت.

٣. لەماوەی ١٢ مانگی ساڵی ٢٠١٥دا هەرێمی کوردستان ڕۆژانە بڕی ١٢٠٥٣٢٧ بەرمیل نەوتی ناردوە بۆ پاڵاوگەکانی ناوخۆ کە لە ساڵەکەدا دەکاتە ٣٦١٥٩٨١٠ بەرمیل نەوت.

٤. لەماوەی ١٢ مانگی ساڵی ٢٠١٥دا هەرێمی کوردستان ڕۆژانە بڕی ٩١٦٢٨٨ بەرمیل نەوتی بە بازرگانی ناوخۆ فرۆشتوە کە لە ساڵەکەدا دەکاتە ٢٧٤٨٨٦٤٠ بەرمیل نەوت.

٥. لە ماوەی ٩ مانگی ساڵی ٢٠١٦دا هەرێمی کوردستان ڕۆژانە بڕی ٤٧٤٩٠٩٦ بەرمیل نەوتی بەرهەم هێناوە کە لە ساڵەکەدا دەکاتە ٢٠٧٥٨١٤٠٠ بەرمیل نەوت.

٦. لە ماوەی ٩ مانگی ساڵی ٢٠١٦دا هەرێمی کوردستان ڕۆژانە بڕی ٤٠٢٩٧٠٠ بەرمیل نەوتی فرۆشتوە کە لە ساڵەکەدا دەکاتە ١٤٢٤٧٢٨٨٠ بەرمیل نەوت.

٧. لەماوەی ٩ مانگی ساڵی ٢٠١٦دا هەرێمی کوردستان ڕۆژانە بڕی ٥٥٤٠٤٦ بەرمیل نەوتی ناردوە بۆ پاڵاوگەکانی ناوخۆ کە لە ساڵەکەدا دەکاتە ١٦٦٢١٣٨٠ بەرمیل نەوت.

٨. لەماوەی ٩ مانگی ساڵی ٢٠١٦دا هەرێمی کوردستان ڕۆژانە بڕی ١٦٥٣٤٨ بەرمیل نەوتی بە بازرگانی ناوخۆ فرۆشتوە کە لە ساڵەکەدا دەکاتە ٤٩٦٠٤٤٠ بەرمیل نەوت.

٩. بەپێی ڕاپۆرتی کۆمپانیا نەوتیە بەرهەمهێنەکان ...کۆی بڕی نەوتی بەرهەم هاتووی ڕۆژانە لە ٩ مانگی ٢٠١٦دا بریتیە لە (( ٤٧٤٩١٠٤)) بەرمیل نەوت کە لە مانگێکدا دەکاتە (( ١٤٢٤٧٣١٢٠)) بەرمیل نەوت، بەڵام کۆی بڕە نەوتی ((هەناردەکراو+بۆ پاڵاوگەکان+ بازرگانی ناوخۆیی )) بریتیە لە

(( ١٥٣٤١٢٤١٠)) بەرمیل نەوت، واتە بڕی نەوتی فرۆشراو زیاترە لە بڕی نەوتی بەرهەم هاتوو، کە ئەمە جێگەی پرسیارە ؟.. لەهەمان کاتدا ئاماژە بە ڕاپۆرتی مانگانەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بۆ هەمان ٩ مانگی ٢٠١٦ کۆی بڕە نەوتی هەناردەکراو بریتیە لە (( ١٣١١٢٢١٧٩)) بەرمیل نەوت.. کە لێرەشدا جیاوازی لە نێوان ژمارەکانی کۆمپانیاکان

و وەزارەتی سامانە سروشتیەکاندا هەیە..کە کۆمپانیاکان بڕی نەوتی فرۆشراویان زیاترە لە ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بە بڕی
(( ٢٢٢٩٠٢٣١)) بەرمیل نەوت. پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە ئەو بڕە نەوتەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان دەری نەخستوە بۆ کوێ چوە؟ بۆ حسابی کێ چوە ؟ کە گەر نرخی ١ بەرمیل بە ٣١ دۆلار دابنێین ئەوا دەکاتە (( ٦٩٠٩٩٧١٦١)) دۆلار کە بەشی ١ مووچەی تەواوی فەرمانبەران دەکات.

١٠. ئەوەی جێگەی سەرنج و تێبینیە ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ٩ مانگی ساڵی ٢٠١٦دا بڕی ١٤٢٤٧٢٨٨٠ بەرمیل نەوتی فرۆشتوە کە ناوەنجی نرخی یەك بەرمیل بەپێی داهاتی ئەو بڕە نەوتە بریتیە لە ٣١ دۆلار ،کەواتە ئەو بڕە نەوتە پارەکەی دەکاتە ٤٤١٦٦٥٩٢٨٠ دۆلار، وەك ڕاگەیەنراوە بۆ مووچەی تەواوی مانگانە بڕی ٦٥٠ ملیۆن دۆلار پێویستە ، کەواتە ئەو بڕە داهاتەی ئەو ٩ مانگە بەشی ٦ مووچە و نیوی تەواو دەکات ، بەڵام حکومەت تەنها لەساڵی ٢٠١٦دا ٩ چارەکە مووچە دابەش دەکات کە لە ئێستادا لەکۆتایی ساڵ نزیك بوینەتەوە و تەنها مانگی ١٢ ماوە لە ساڵی ٢٠١٦دا، کەواتە ئەو ٩ چارەك مووچەیە دەکاتە ١٤٦٢٥٠٠٠٠٠ دۆلار.. هەربۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٦دا ٣ چارەکە مووچەی مانگەکانی ١٠ و ١١ و ١٢ /٢٠١٦ی دەکەوێتە ئەستۆ و ناتوانێت بیداتە مووچەخۆران. بەم شێوەیە بێت حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها ٢ مووچە و نیوی تەواوی فەرمانبەرانی پێدەدرێت.کەواتە حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی ٥٨٥٠٠٠٠٠٠٠ دۆلاری مافی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستانی لەلایە و نەیداوە لە ساڵی ٢٠١٦دا. کە ئەمە بۆخۆی جێگەی پرسیارە و گومانەکان لە سەر شەفافیەت و ڕوونی سیاسەتی فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان بە سەربەخۆیی زیاد دەکات.




نەخشەی کۆی بڕی بەرهەمی نەوتی هەرێمی کوردستان لە مانگی ٢٠١٥/١ تا مانگی ٢٠١٦/٩

- **لێرەدا پرسیارێك دروست دەبێت ، کە ئایا نەوتی هەرێم و فرۆشتنی و داهاتەکەی بەشی پێداویستی ژیانی کۆمەڵگای کوردستان ناکات ؟ ئایا هەرێم ناتوانێت بەو بڕە نەوتەی دەریدەهێنێت مووچەی تەواو بدات؟یان داهاتی نەوتەکە زۆرینەی دەڕوات بە قازا نجی لایەنی تر؟**

**بەدڵنیای ئەو بڕە نەوتەی کە دەردەهێنرێت بە پێی ئامار و ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێم زۆر بە سانایی بەشی مووچە و خەرجیەکانی حکومەتیش دەکات سەرەڕای (( قەیرانی دارایی و بوونی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە ١٥٥٠٠٠٠ و بەردەوامی شەڕی داعشیش))، گەر بە ئەمانەت و دڵسۆزی و نەزیهیەوە ئیدارەی بدرێت و گەندەڵی و شاردنەوە و بردنی بەنایاسایی نەبێت. هەروەها دەتوانرێت نەك چارەکە مووچە بەڵکو مووچەی تەواوی سەرجەم فەرمانبەرانیش بدات، ئەمەی لای خوارەوە خشتەیەکە بەداهاتی نەوتی هەرێم و بڕی فرۆشتنی و بڕی قەرزی دراوە بە کۆمپانیاکان ،مانگانە لەسەرەتای مانگی ٢٠١٦/١ وە تا مانگی ٢٠١٦/١٠: ٣**

| ز | مانگ | کۆی بڕی نەوتی فرۆشراو ملیۆن/بەرمیل | بەرمیل نەوتی ڕۆژانە | بڕی کۆی داهات ملیۆن/ دۆلار | پشکی داهاتی ماوە بۆ حکومەتی هەرێم ملیۆن دۆلار | پشکی کۆمپانیاکان لەداهاتی نەوت ملیۆن /دۆلار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کانونی دووەم | ١٨٦٥٦١٣١ | ٦٠١٨١١ | ٦٥٠٠٠٠٠٠٠ | ٥٧٥٠٠٠٠٠٠ | ٧٥٠٠٠٠٠٠ |
| ٢ | شوبات | ١٠١٥١٩٤٤ | ٣٥٠٠٦٧ | ٣٠٣٩٤٣٤٣٣ | ٢٣٣٠١٠٠٠٠ | ٧٠٩٣٣٤٣٣ |
| ٣ | ئازار | ١٠١٤٨٤٨٧ | ٣٢٧٣٧١ | ٥٥٧٢٧٢١٧٧ | ٥١٧٠٠٠٠٠٠ | ٤٠٢٧٢١٧٧ |
| ٤ | نیسان | ١٥٣٥٦٦٥١ | ٥١١٨٨٨ | ٣٧٦٣٩٥٥٤٢ | ٣١٧٤٩٩٦٤١ | ٥٨٨٩٥٩٠١ |
| ٥ | مایس | ١٥٩٠٤٢٧١ | ٥١٣٠٤١ | ٣٩٠٧٤٨٩٥٧ | ٣١٥٤٨٦١٠١ | ٧٥٢٦٢٨٥٦ |
| ٦ | حوزەیران | ١٧٠٢٠١٣١ | ٤٩٩٩٠٨ | ٣٨٢٦٦٩٥٧٢ | ٣٠١٢٢٦٢٨١ | ٨١٤٤٣٢٩١ |
| ٧ | تەمووز | ١٤١٧٦٧٦١ | ٤٥٧٣١٤ | ٤٦١١٩٦٤٧٧ | ٣٨٩٧٥٧٢٢٩ | ٧١٤٣٩٢٤٨ |
| ٨ | ئاب | ١٢٧٦٣٥٦٦ | ٤١١٠٠٠ | ٤١٣٩٩٤٩٩٣ | ٤١٣٩٩٤٩٩٣ | ٠ |
| ٩ | ئەیلول | ١٦٩٤٤٢٣٧ | ٥٦٤٨٠٨ | ٦١١٧٦٤٩٢٨ | ٣٢٨٠٠٠٠٠٠ | ٢٨٣٧٦٤٩٢٨ |
| ١٠ | تشرینی یەکەم | ١٩٠٣٦٢٣٠ | ٦١٤٠٧١ | ٦٣٦٣٦٤٨١٠ | ٤١٦٥١١٥٩٨ | ٢١٩٨٥٣٢١٢ |
| کۆی گشتی | | ١٥٠١٥٨٤٠٩ | بەتێکڕا مانگانە بری ٤٨٥١٢٨ | ٤٧٨٤٣٥٠٨٨٩ | ٣٨٠٧٤٨٥٨٤٣ | ٩٧٦٨٦٥٠٤٦ |

بەم شێوەیە دەبینین کە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لە ساڵی ٢٠١٦دا بڕی (( ١٥٠١٥٨٤٠٩)) بەرمیل نەوتی فرۆشتوە کە پارەکەی دەکاتە ((٤٧٨٤٣٥٠٨٨٩ )) ملیار دۆلار. و بڕی ((٩٧٦٨٦٥٠٤٦)) دۆلاری داوەتەوە بە قەرزی کۆمپانیاکاندا.کە بەشی (( ١ مانگ و نیو )) مووچەی تەواوی فەرمانبەرانی دەکرد کە وەکو خۆیان ڕایانگەیاندوە کە بڕی ٦٥٠ ملیۆن دۆلار پێویستە بۆ مووچەی تەواوی ١ مانگ.

- **سیاسەتی فرۆشتنی نەوتی هەرێم بەسەربەخۆ بۆچی ؟ و لە پێناو چیدا؟ سەرکەوتووبوو یان فەشەلی هێنا؟**

وەك ئاشكرایە لە ئەنجامی قەیرانی دارایی کە بەرۆکی دونیا بەگشتی و ناوچەکە وعێراق و کوردستانیش بە تایبەتی گرتۆتەوە،و لەبەرامبەر بڕیاری فرۆشتنی نەوتی هەرێمیش بەبێ گەڕاندنەوەی داهاتەکانی بۆ حکومەتی بەغداد، لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٤وە حکومەتی بەغداد بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕی کە ڕێژەی ١٧٪ بوو و مانگانە دەیکردە ١ ملیار و ٢٠٠ ملیۆن دۆلار، کە بە زیادیشەوە بەشی مووچە و هەموو خەرجیەکانی حکومەتی هەرێمی دەکرد، سەرەڕای ئەو هەموو گەندەڵی و مووچە خۆرە بندیوار و ناوی دووبارە و وەهمی و ..هتد. هەر ئەم کارەی حکومەتی بەغداد وایکرد کە حکومەتی هەرێم دەست بداتە قەرز وەرگرتن لە کۆمپانیا نەوتیەکان و نەوت پێشەکی بفرۆشێت و پارەکەی وەربگرێت بۆ ئەوەی مووچەی فەرمانبەران بدات و دەست ببات بۆ پارەی کۆمپانیا ناوخۆییە ئەهلیەکان و لێبڕینی فەرمانبەران بۆ خانەنشینی و پارەی کۆکراوەی کۆمەك و هاوکاری بۆ نەخۆشخانەی هیوای تایبەت بە نەخۆشی شێرپەنجە و ...هتد.هەروەها لە پێناو بەردەوامبوونی کەرتەکانی سووتەمەنی و کارەبا و کارگەکان و تەندروستی و ...هتد. قەرزی زۆری لە وڵاتانی تورکیا و ئێرانی و کۆمپانیاکانی دەرمان و...هتدی کردوە. کەوەك لە ڕاپۆرتی وەزیری دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستانی لەکارخراودا بەڕێز (( ڕێباز حەملان)) لە ٢٠١٥/١٢/١٥دا بڵاویکردۆتەوە تا ئەو کاتە هەرێم بڕی ٢٠ ملیار دۆلار قەرزی ناوخۆیی و دەرەکی لەسەر بوە و لە ئێستادا بەدڵنیاییەوە گەیشتۆتە ٣٠ ملیار دۆلار و زیاتریش بەبێ سوودەکانی. [٤]

- وەك ئەوەی ئاشکرا کراوە لەلایەن بەڕێز وەزیری دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە (( ڕێباز حەملان)) لە ڕاپۆرتێکدا کە لە بەرواری ٢٠١٥/١٢/١٥دا

بڵاویکردۆتەوە کۆی بڕی قەرزی دەرەکی و ناوخۆیی سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بریتیە لە ١٨ ملیار دۆلار بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

١.مووچەی ٣ مانگی فەرمانبەران کە ٢ تریلیۆن و ٦٠٠ ملیار دینارە .(( لە ئێستادا زۆر زیادی کردوە چونکە ٤ مانگ مووچەی تەواو نەدراوە و لە مانگی ٢٠١٦/١ شەوە چارەکە مووچە دراوە)).

٢.قەرزی بەڵێندەران ٨٠٠ ملیار دینار.

٣. قەرزی کۆمپانیای دەرمان و سازدانەوەی ئامێرە پزیشکیەکان ١٠٠ ملیار دینار.

٤.قەرزی وێسگەی کارەبا ١ تریلیۆن دینار.

٥.حکومەتی هەرێم ١ تریلیۆن و ٢٠٠ ملیار دینار قەرزاری حکومەتی تورکیایە.

٦. قەرزی کۆمپانیاکانی نەوت ٤ تریلۆین دینار.

٧.قەرزی کۆمپانیا ناوخۆییەکان ٢ تریلیۆن دینارە.

٨. دادگای نێودەوڵەتی حکومەتی هەرێمی پابەند کردوە لە مانگی ٢٠١٤/١٠دا بە پێدانی ١٠٠ ملیۆن دۆلار بە کۆمپانیای دانە غاز.

٩.هەر هەمان دادگا لە ٢٠١٥/٤/٢٨دا بڕیاریدا کە بڕی ١ ملیار و ٩٨١ ملیۆن دۆلار حکومەتی هەرێم بیداتە کۆمپانیای دانە غاز.

١٠. لەمانگی ٨/ ٢٠١٦شدا دادگای ناوبراو دادەنیشتێتەوە بۆ یەکلایکردنەوەی سکالایەکی تری کۆمپانیای دانە غاز لەسەر حکومەتی هەرێم و داوای ١١ ملیار دۆلاری تر دەکات.

- بۆیە کۆی بڕی قەرزی سەر حکومەت بەم شێوەیە دەبێتە زیاد لە ٣٠ ملیار دۆلار کە ئەمە بڕێکی ئێجگار گەورەیە و وڵاتانی خاوەن سەروەری و بەدەسەڵاتیش تەحەمولی بارگرانی ئەو بڕە قەرزە ناکەن.ئەمە بێجگە لە بڕی سوودەکانیان.
- بەو پێیەی گەر کۆی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بریتی بێت لە ٥ ملیۆن کەس ئەوا هەر تاکێك بڕی ٦٠٠٠ دۆلار قەرزی دێتە سەر و بەبەردەوامیش ڕوو لە زیادبونە.بەم شێوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان و تەواوی هاوڵاتیانی ئەم هەرێمە لە ئەنجامی سیاسەتی هەڵەی نەوتی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و نەبونی شەفافیەت لە گرێبەست و فرۆشتن و داهاتی نەوتدا، وڵاتیان توشی ئەم قەیرانی داراییە کردوە.

بەم شێوەیە هەرێم لە ئەنجامی سیاسەتێکی هەڵەی دارایی و ئابوری و بەبێ ڕاوێژ بە کەسانی پسپۆڕ و شارەزا ئیدارەیەکی سەرنەکەوتووی کەرتی نەوتی دەدا کە هەرێمی خستە ژێر ئەو برە قەرزە زۆرەوە کە لانی کەم گەر ساڵانە ١ ملیار دۆرلایش قەرز بداتەوە ئەوا ٣٠ ساڵمان پێویستە لەڕاستیدا بەم نرخە نزمانەی نەوتەوە هیچ کات ناتوانین ساڵانە بڕی ١ ملیار دۆلار قەرز بداتەوە هەربۆیە ماوەی دانەوەی ئەو قەرزانە بە بەردەوامی ڕوو لە هەڵکشانە.

- **ئەم قەیرانە داراییە بۆتە هۆی:**

١. هەڵتەکاندنی ژێر خانی ئابوری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەواری.

٢. نەبونی خزمەتگوزاریەکان لە(( ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبا و سووتەمەنی و ڕێگاوبان و پرد و جێگەی نیشتەجێبوون و تەندروستی و خوێندنگە و بازاڕ و بازگانی و ...هتد).

٣. گەڕانەوە بۆ دواوە و نەبونی هیچ پێشکەوتن و گەشەکردنێك لە وڵاتدا و وڵات بەرەو وێرانبون و دواکەوتویی هەنگاو دەنێت.

٤. تێکچوون و شڵەژانی بواری پەروەردە و فێرکردن و تەندروستی و ئەمنیەت و ئاسایش و داگاکانیش.

٥. وەستاندنی زیاد لە ٦٠٠٠ پرۆژەی ئەندازیاری جۆراوجۆر.

٦. زیادبوونی ڕێژەی بێکاری لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٥دا بریتی بوە لە ١٣٫٥٣٪ و هەژاری لە هەرێمدا.[٥]

٧. ئیفلاس پێکردنی زیاد لە ٢٥٠ بەڵێندەر.

٨. تێکچوونی باری دەروونی سەدان کەس و هەوڵدان بۆ خۆکوشتن و زیابوونی تاوانەکان.

- حکومەتی هەرێم بۆ ڕووبەڕووبونەوەی برینی بودجەی هەرێم ڕوویکردە فرۆشتنی نەوتی هەرێم بە سەربەخۆی و نەگەڕانەوە بۆ بەغداد و نەناردنی داهاتی نەوتەکەی بۆ بەغداد بە پشت بەستن بە وڵاتی تورکیا و هەستا بە ڕاکێشانی زیاد لە ٤٠٠ کم بۆری گواستنەوەی نەوت کە لە یەك کاتژمێردا ٤٠٠-٦٥٠ هەزار بەرمیل نەوت دەگوازێتەوە. ئەم سیاسەتەشی لە بەرواری ٢٠١٥/٦/١٥دا ڕاگەیاند بۆ سەرکەوتنی ئەم بڕیارەشی گرێبەستێکی نهێنی ٥٠ ساڵەی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا واژۆکردوە.کە بەدڵنیاییەوە

تەنها حکومەتی تورکیا قازانجی سەرەکی دەکات چونکە کرێی گواستنەوەی ١ بەرمیل نەوت لە نێوان ٤-٥ دۆلارە کە ستانداری جیهانی ١-٢ دۆلارە و کرێی خەزان و هەڵگرتن لە بەندەری جیهان و دواتریش هەڵگرتنی داهاتی نەوت لە بانکی (( خەڵکی)) تورکیادا و دواتر گۆڕینەوە و گواستنەوەی بۆ ناو هەرێم هەموو ئەمانە تورکیا لێی سوودمەند بوە نەك هەرێمی کوردستان. کاتی هاتنەوەی پارەکەش بۆ ناو هەرێم لەلایەن بانکی ((کوردستانی نێودەوڵەتی)) سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان مانگانە تەنها لە گۆڕینەوەی دۆلار بۆ دینار بڕی ٣٠-٥٠ ملیۆن دۆلار قازانج دەکات کە هەموو ئەم خەرجیانە لە داهاتی نەوتەکە دەردەچێت و تەنها بڕێکی کەم دەمێنێتەوە بۆ حکومەت و موچەو خەرجیەکان کە ئەویش بەش ناکات و هەربۆیە لەساڵی ٢٠١٥دا ٤ مووچەی فەرمانبەران نەدراکە بڕەکەی ٢ملیار و ٦٠٠ ملیۆن دۆلار بوو.

لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٦شەوە بەبێ یاسا و تەنها بە بڕیارێکی حکومەت مووچەی تەواو گۆڕدرا و سیستەمی پاشەکەوتی مووچەیان داهێنا و بەو پێیەش هەر فەرمانبەرێك لە ١٥٪ تا ٧٥٪ مووچەی لێدەبڕدرێت و تەنها چارەکە مووچەیەك دەدرێت ئەویش بەدواکەوتنی ٣ مانگ .کە بەدڵنیاییەوە حکومەتی هەرێم تەها ٩ چارەکە مووچە دەدات کە بڕەکەی دەکاتە ١ملیار و٤٦٢ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار دۆلار. بەم شێوەیەش حکومەتی هەرێم بڕی ٤٨٧٥٠٠٠٠٠ ملیۆن دۆلاری ٣ چارەکە مووچەی مانگەکانی ١٠ و ١١ و ١٢ /٢٠١٦شی پێ نادرێت.کەواتە کۆی بڕی مووچەی فەرمانبەران کە لەلای حکومەت دەبێت لە ساڵی ٢٠١٦دا بریتیە لە ٥ملیار و٨٥٠ ملیۆن دۆلار.بەم شێوەیە لەدونیادا نەبوە کە حکومەت قەرزاری فەرمانبەرانی بێت.

بۆیە ئەنجامی سیاسەتی هەڵەی نەوت و بەناوی (( ئابوری سەربەخۆ)) شکستێکی گەورەی هێناوە و پێویست دەکات کە حکومەتی هەرێم بە پلانی زانستی و واقعی وورد هەوڵی چارەسەرکردنی بدات،بەپێچەوانەوە ساڵ بەساڵ بڕی قەرزەکانی سەر ئەستۆی حکومەتی هەرێم و تاك بەتاکی هاولاتیان ڕوو لەزیادبوون دەکات و حکومەت مایە پووچ دەبێت.و هاولاتیش ناتوانێت تاسەر باجی سیاسەتی هەڵەی حکومەت بداتەوە. کەواتە ئەم سیاسەتە بۆچی کرا کە هیچ کات لە بەرژەوەندی گەل و نیشتیماندا نەبوە بەڵکو تەنها لە قازانجی حیزب و سەرکردە و بنەماڵە و دەستڕۆیشتوان و حکومەتی تورکیا بوە.

هەرێم سەرەڕای واژۆکردنی چەندین ڕێکەوتن لەگەڵ حکومەتی ناوەندا لە ٢٠١٥/١٢/٢دابۆئەوەی هەرێم ڕۆژانە بڕی ٥٥٠ هەزار بەرمیل نەوت بفرۆشێت (( ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی هەرێم و ٣٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی کەرکوک))و لە بەرامبەریشدا بەغداد بەشە بودجەی هەرێم بنێرێت، بەڵام نەک ئەو ڕێکەوتنە بەڵکو هیچ ڕێکەوتنێکی تریش سەریان نەگرت بەفیتی دەوڵەتی تورکیای دوژمن و ناحەزی کورد و کوردستان. ئەوەبوو دوای سەرکەوتنەکانی سوپای عێراق دژی داعش لە ڕومادی و فەلوجە و تکریت و دیالە و لە ئێستاشدا لە موصڵ بەناچاری حکومەتی هەرێم هەستی بە مەترسیەکانی ئایندە کرد و ئەوەبوو لە مانگی ٢٠١٦/١٠دا وەفدێکی حیزبی و حکومی بەسەرۆکایەتی کاک مەسعود بارزانی و کاک نێچیر بارزانی لەدوو سەردانی جیاوازدا چوونە بەغداد بۆ ئەوەی بە تێگەیشتن و تێڕوانینی نوێوە بۆ گۆڕانکاریەکان هەڵەکان ڕاستبکەنەوە و لاپەڕەیەکی نوێ هەڵدەنەوە لە هاوکاری و کاری پێکەوەیی بەڵام سەرەڕای بەڵێنەکان هێشتا ئاسۆکان ڕوون نین لە بەردەم هەرێمدا، بەڵام بەغداد توانیویەتی سەرەڕای هەموو تەنگژە و قەیرانەکانی لانی کەم مووچەی فەرمانبەرانی بدات کە مانگانە نزیکەی ٤ تریلیۆن دیناری عێراقی دەبێت بۆ نزیکەی ٤ ملیۆن فەرمانبەر لە ١٥ پارێزگادا، بەڵام هەرێم بە ٤ پارێزگا و نزیکەی ١ ملیۆن و ٤٠٠ هەزار مووچە خۆر ناتوانێت مووچەی تەواو بدات. ئەمەش ئەوپەڕی شکستی سیاسەتی نەوتی هەرێم دەگەیەنێت.

- **نەوتی کوردستان بەنهێنی بەشێوەی پشك دابەشکراوە ٦**

هەر لەسەرەتای دەستپێکی ئەم سیاسەتە نەوتیەی هەرێم بەهەڵە دەستپێکرد و بەهەڵەش بەردەوام بوو تا ئێستاش و هەموو پرسیار و گومانەکانیش لەبەر ئەوەیە کە فرۆشتن و داهات و گرێبەستەکان هیچیان شەفاف نین و تاریکێنراون و چەند کەسێکی کەمی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار نەبێت کەسی تر هیچ زانیاریەکی ووردی لەلا نیە. تەنانەت ئەو ژمارانەش کە لە ڕاپۆرتی وەزارەتی سامانە سروشتیەکانەوە بڵاودەکرێتەوە زۆر ڕاست نین و هەڵەیان تیادایە و تەنها بۆ پەردەپۆشکردن و بێدەنگکردن و کپکردنی ڕەخنەکانە.ئەگینا ئەوەی کە بەبۆری دەفرۆشرێت بەتەنها بەشی مووچە و خەرجیەکانی حکومەت دەکات ، ئەی داهاتی فرۆش بەتانکەر کە مەزەندە دەکرێت بە (( ١٦٠ ملیار دینار/ مانگانە)) و داهاتە ناوخۆییەکان بە (( ١٥٠ملیار دینار/ مانگانە)) وئەمە سەرەڕای زیادکردنی باج و ڕسوماتی گومرك و ..هتد.

لە پێش چەند مانگێکیشدا ڕاپۆرتێك لەلایەن پەیمانگای وزەی ژینگەیی تورکیاوە بڵاوکراوەتەوە و تیایدا هاتوە کە تورکیا پێداویستی خۆی لە نەوتی هەرێمی کوردستان بەڕێژەی ٤٠٪ دابین دەکات ئەمەش لەبەر دوو هۆ:

١. نزمی نرخی بەرمیلێك نەوتی کوردستان بەپێی ئەو کارئاسانی و ئیمتیازە تایبەتانەی کە دراوە بە تورکیا لەلایەن هەرێمەوە.

٢. نزیکی کێڵگە نەوتیەکانی هەرێم لە تورکیاوە کە کرێی گواستنەوەی زۆری تێ ناچێت.

هەر لەهەمان ڕاپۆرتدا هاتوە کە فرۆشتنی نەوتی کوردستان کراوەتە پشك پشکێنە لەلایەن:

١. دەوڵەتی تورکیاوە بەم شێوەیە :پشکی کەسێك لە سەرۆکایەتی کۆمار و خێزانەکەی کە مەبەست ((ئەردۆگانە)) بە ڕێژەی ٦٪ وپشکی حیزبی دەسەلأتدار (( ئاکەپە) بە ڕێژەی ٥٪ و پشکی سەرۆکی حیزب بە ڕێژەی ٤٪ و پشکی سەرۆکی میتی تورکی بە ڕێژەی ٣٪ و ڕەسم و باجی گواستنەوەی بە خاکی تورکیادا بەڕێژەی ٤٪ بۆ هەر بەرمیلێك . بەم شێوەیە تورکیا لە داهاتی گشتی ١ بەرمیل نەوت ڕێژەی ٢٢٪ دەبات.

٢. هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە: ڕێژەی ٦٪ بۆ هەردوو بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی بۆ هەر بەرمیلێك وڕێژەی ٣٪ بۆ ٦ لێپرسراوی دەسترۆیشتووی هەردوو حیزبی ناوبراو و ڕێژەی ٥٪ بۆ هەردوو حیزبی باڵادەست. بەم شێوەیەش لە کۆی داهاتی نەوت ڕێژەی ٤٠٪ بۆ هەردوو بنەماڵە و هەردوو حیزب و دەسترۆیشتوەکان دەڕوات.

٣. ئەمریکا بەم شێوەیە: ڕێژەی ٣٪ بۆ لێپرسراوێکی ئەمریکی کە سەفیری ئەمریکا بوە و هاندەر و پشتیوانی فرۆشتنی نەوتی کوردستان بوە کە مەبەست (( زاڵمای خەلیل زاد))ە.

٤. حیزبێکی کوردی ئۆپۆزسیۆنی تورکیا بەم شێوەیە: ڕێژەی ٣٪ بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ پاراستنی بۆریە نەوتەکان و نەتەقاندنەوەی.

بەم شێوەیە ڕێژەی ٦٨٪ لە داهاتی نەوت دەڕوات بە قازانجی ئەو پشکانە و ئەوەی کە دەمێنێتەوە بۆ مووچە و فەرمانبەران و حکومەتی هەرێم بریتیە لە ڕێژەی ٣٢٪. کە ئەمەش بەم شێوەیە بەشی چارەکە مووچە ناکات.

بۆیە بەڕێز ئاشتی هەورامی وتویەتی (( گەر نرخی بەرمیلێك نەوت بگاتە ١٠٠ دۆلاریش هێشتا بەشی مووچەی تەواوی فەرمانبەران ناکات)).

کەواتە فرۆشتنی نەوت و داهاتەکەی و خەرجکردنەوەی زۆر دوورە لە ڕوونی و شەفافیەت و بەتەواوەتی تاریکێنراوە و لەدەستێکی ئەمین و پاك و بێگەردا نیە و زۆرینەی دەڕواتە قازانجی حیزب و سەرکردە و بنەماڵە و دەوڵەتی تورکیەوە.

- **سیاسەتی نەوتی بەغداد**

لەکاتێکدا و لەبەرامبەر ئەم سیاسەتی نەوتە هەڵەیەی هەرێمدا لە بەغداد و لەلایەن وەزارەتی نەوتی عێراقیەوە نەوت بە شێوەیەکی سیستەماتیکی لەلایەن کۆمپانیای (( سۆمۆ ))وە دەفرۆشرێت و داهاتەکەشی بە ڕوونی و شەفافانە دەگەڕێتەوە خەزێنەی حکومەتی عێراقی و بە پێی یاسای بودجەی ساڵانە خەرج دەکرێت و ئامادەشە بۆ هەموو چاودێری و وردبینیەکی هەموو لایەك و ڕۆژانە و مانگانە بەڕاپۆرتی ڕەسمی بڕی هەناردە و فرۆشتن و نرخی بەرمیل و ناوی کۆمپانیا کڕیارەکانیش بڵاودەکرێتەوە، بەم شێوەیە هیچ گومانێك ناهێڵێتەوە لەسەر ئەو کەرتە و داهاتەکانیش، بۆیە مایەی لێڕازیبونی پەڕلەمان و حکومەت و جەماوەر و میدیاکانیشە و کەمترین ڕەخنە و قسەی لەسەر دەکرێت.



کێڵگە غازیەکانی هەرێمی کوردستان

## پوختەی ساڵانە

| ساڵ | مانگ | نەوتی بەسرە | | نەوتی کەرکوک | | کۆ | | تێکڕای |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | بڕ مليۆن بەرميل | پارە مليۆن دۆلار | بڕ مليۆن بەرميل | پارە مليۆن دۆلار | بڕ مليۆن بەرميل | پارە مليۆن دۆلار | نرخ دۆلار/ بەرميل |
| ٢٠١٦ | کانونی دووەم | ١٠١,٨ | ٢,٢٦١ | ٠,٠ | ٠ | ١٠١,٨ | ٢,٢٦١ | ٢٢,٢١٠ |
| | شوبات | ٩٣,٥ | ٢,٢٤٩ | ٠,٠ | ٠ | ٩٣,٥ | ٢,٢٤٩ | ٢٤,٠٥٣ |
| | ئازار | ١٠١,٩ | ٢,٨٩٤ | ٠,٠ | ٠ | ١٠١,٩ | ٢,٨٩٤ | ٢٨,٤٠٠ |
| | نيسان | ١٠٠,٩ | ٣,٣٦٨ | ٠,٠ | ٠ | ١٠٠,٩ | ٣,٣٦٨ | ٣٣,٣٨٠ |
| | مايس | ٩٩,٢ | ٣,٧٤٨ | ٠,٠ | ٠ | ٩٩,٢ | ٣,٧٤٨ | ٣٧,٧٨٢ |
| | حوزەيران | ٩٥,٣ | ٣,٨٢٩ | ٠,٠ | ٠ | ٩٥,٣ | ٣,٨٢٩ | ٤٠,١٧٨ |
| | تەموز | ٩٩,٣ | ٣,٨٠٢ | ٠,٠ | ٠ | ٩٩,٣ | ٣,٨٠٢ | ٣٨,٢٨٨ |
| | ئاب | ١٠٠,١ | ٣,٩٢٨ | ٠,٠ | ٠ | ١٠٠,١ | ٣,٩٢٨ | ٣٩,٢٤١ |
| | ئەيلول | ٩٧,٣ | ٣,٨٠٤ | ٠,٩ | ٣٩ | ٩٨,٢ | ٣,٨٤٣ | |
| | کۆی گشتی | ٨٨٩,٣ | ٢٩٨٨٣ | ٠,٩ | ٣٩ | ٨٩٠,٢ | ٢٩٩٢٢ | |

خشتەی هەناردەکردنی نەوتی عێراق لە ٩ مانگی ساڵی ٢٠١٦دا

- **دەرئە نجام و ڕێگا چارەسەریەکان کامانەن لەبەردەم حکومەتی هەرێمدا ؟**

لە ئەنجامی پیادەکردنی یەك ساڵ و نیوی سیاسەتی فرۆشتنی سەربەخۆی نەوتی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە ٢٠١٥/٦/١٥ وە دەرکەوت کە ئەم سیاسەتە نەوتیە هەڵەیە و سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە ،بەڵکو بەتەواوەتی شکستی خواردوە ، چونکە نە نەوتەکە دیارە و نەداهاتەکەشی دیارە و لە ئەنجامیشدا حکومەت نەیتوانیوە کە تەنانەت چارەکە مووچەی مووچەخۆرانیش دابین بکات و گەشە بەکەرتی نەوت بدات بەڵکو تاك بەتاکی کۆمەڵگاشی قەرزار کردوە و وڵاتیشی بۆ دواوە گەڕاندۆتەوە و هیچ خۆشگوزەرانیەکی لە وڵاتدا نەهێشتوە و هەموو خزمەتگوزاریەکانیش پەکیان کەوتوە و ڕێژەی بێکاری و هەژاری و نەخۆشی و نەخوێندەواری و تاوانەکان و خۆکوشتن و نەخۆشیەکانیش بەرزبونەتەوە و هەموانیان لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوت و شەڕی داعشدا بونەتە مەترسیەکی گەورە بۆ سەر ئێستا و ئایندەی ئەم دەسەڵات و حوکمڕانیی و تاك بەتاکی میلەتەکەمان. بۆیە پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێم کە زۆر بە زوویی بکەوێتە خۆ بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەکان و دەربازبوون لەم دۆخە سیاسی و ئابوری و سەربازی و کۆمەڵایەتیە قەیراناویی و ناجێگیر و مەترسیدارە.

- حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکێتی چەند ڕێگا چارەسەرێك بگرێتە بەر بەمەبەستی دەربازبوون لەم قەیرانە داراییە و ئاسایکردنەوەی دۆخی خراپی دارایی بەگرتنە بەری ئەم ڕێو شوێنانەی لای خوارەوە:

١.گرنگی زیاتر بداتە کەرتی وزە (( نەوت و غازی سروشتی )) و گەشەیان پێبدات لە ڕێگەی:

- لێدانی بیری نەوتی زیاتر و بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان .
- دامەزراندنی پاڵاوگەی نەوتی زیاتر و گەورەتر لەناوچە جیاوازەکان .
- دروستکردنی خەزاناتی گەورە بۆ هەڵگرتنی نەوتی خاو و بەرهەمەکانی بەنزین و گازۆیل و نەوتی سپی.
- هەوڵدان بۆ دامەزراندنی تۆڕی بۆری نەوت گوێزەرەوە.
- هەوڵدان بۆ دامەزراندنی پیشەسازی پترۆکیمیاویات لە کوردستاندا.

- کارکردنی جدی بۆ پێگەیاندنی کادری نەوتی کوردی و بەرزکردنەوەی ئاستی زانست و زانیاریان لە ڕێگەی کردنەوەی خولی ڕاهێنان و موشاهەدەکردنیان لە وڵاتانی دەرەوەدا.

٢.حکومەتی هەرێم سیاسەتێکی ڕوون و شەفاف پیادە بکات لە کەرتی نەوت و غازی سروشتیدا، هەر لە هێنانی کۆمپانیا نەوتیەکانەوە تا گرێبەستکردن لەگەڵیاندا و دواتر فرۆشتنی نەوتەکە و هێنانەوەی داهاتەکەی و خەرجکردنی.

٣.کاراکردن و بەگەڕخستنی یاسای ژماری ٢٢ ساڵی ٢٠٠٧ تایبەت بە غاز و نەوتی هەرێمی کوردستان بەهەموو مادە و بەندەکانیەوە.

٤. دامەزراندنی کۆمپانیا تایبەتەکان بە هەڵکەندنی بیری نەوت و دۆزینەوە و پشکنین و گەڕان و فرۆشتنی نەوت.وەك لە بەشی پێنجەم/ کۆمپانیاکان و مادەکانی ١٠و١١و١٢و١٣ دا باس لە پێکهێنانی ئەنجومەنی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری نەوت و غاز و کۆمپانیاکان دەکات وەك:کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوە و وەبەرهێنانی نەوت KEPCO وکۆمپانیای نیشتیمانی نەوت KNOCوکۆمپانیای کوردستان بۆ بازاڕکردنی نەوتKOMO و کۆمپانیای کوردستان بۆ پڕۆسەکانی پاڵاوتن و پاشکۆکانی KODO.

٥. بەگەڕخستن و کاراکردنی یاسای صندوقی داهاتە نەوتیەکان KOTO کە لە بەشی شەشەم / مادەی ١٥ ی یاسای غاز و نەوتی هەرێمدا هاتوە و دواتر لەلایەن پەڕلەمانی کوردستانەوە بە یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠١٥ یاسایەکی تایبەتی پێدەرکرا بۆ پێکهێنانی صندوقەکە، بەڵام تا ئێستا کار بەو یاسایە ناکرێت.

٦. کۆکردنەوەی سەرجەم داهاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەنەوت و کشتوکاڵ و پیشەسازی و داهاتە ناوخۆییەکان و ...هتد. تەنها لە خەزێنەی حکومەت و بانکی ناوەندی حکومەتی هەرێمدا.

٧.خەرجکردنی ئەو داهاتە بەپێی یاسای ساڵانەی بودجەی پەسەندکراو لەلایەن پەڕلەمانی کوردستانەوە. کە لەساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ و ٢٠١٦دا حکومەتی هەرێمی کوردستان یاسای بودجەی نەبوە و هەموو خەرجیەکانی بەدەر لەیاسا خەرجکردوە.

٨. جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم و حکومەت وەکو دوو دەزگای جێبەجێکردن لە دەسەڵاتی یاسادانانی پەڕلەمان و دادوەری.

٩. سەروەرکردنی یاسا و کاراکردنی دەزگای دادوەری گشتی و دادگاکان و پێشێلنەکردنی یاسا.

١٠. وەستانەوە بە ڕووی گەندەڵی و زیادەڕەوی و دیاردە دزێوەکانی مەحسوبیەت و مەنسوبیەت و خزم خزمێنە و ناوچەگەرێتی و حیزبایەتی تەسك و قۆرخکردنی دەسەڵاتەکان.ئەوەش بە کاراکردنی دەزگای دەستپاکی کوردستان و دەزگای چاودێری دارایی.

١١. چێکردنی سیاسەت و بەرنامە و پلانێکی چاکسازی و گۆڕانکاری بەئاڕاستەی توندوتۆڵکردنەوە و پتەوکردن و بە دەزگاییکردنی سەرجەم جومگەکانی حوکمڕانی لەهەرێمی کوردستاندا.

١٢. گەڕان بەدوای سەرچاوەی تری داهات لە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزاری و مرۆییەکاندا.

١٣. دانانی پلانێکی زانستی و واقعی بۆ دانەوەی ئەو قەرزە کەڵەکەبوانەی کە هاتۆتە سەر ئەستۆی حکومەت بەشێوەیەك کە کاری زۆر نەکاتە سەر مووچەی مووچەخۆران و گەشەکردنی ئابوری و وەبەرهێنان لە ناو هەرێمدا.

١٤. کاراکردن و جێبەجێکردنی ئەو ڕێکەوتننامانەی کە لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندا واژۆکراون لەبواری کەرتی نەوتدا.

١٥. هەوڵدان لەگەڵ حکومەتی ناوەندا بۆ دەرکردنی یاسای غاز و نەوت لە عێراقدا لەلایەن پەڕلەمانی عێراقەوە بەشێوەیەك مافەکانی حکومەتی هەرێمی تیادا پارێزراو بێت بە پێی دەستوری هەمیشەیی عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

١٦. بۆ سەرخستن و چەسپاندنی ئەم سیاسەتی نەوتە پێویست دەکات کە کۆدەنگیەکی نیشتیمانی لە نێوان تەواوی سەرکردە و پارتە سیاسیەکاندا چێ بکرێت و بنەمای کاری پێکەوەیی و لێکتێگەیشتن پیادە بکرێت و دوور بکەوێتەوە لە پاوانکردن و خۆسەپاندنی دەسەڵات و ئەمەش بە کاراکردنەوەی پەڕلەمانی کوردستان و حکومەت و دەزگای دادوەری دەبێت.

بەبێ پیادەکردنی ئەم هەنگاوانە مەحاڵە کە حکومەتی هەرێم بتوانێت سیاسەتێکی سەرکەوتوو و ئیدارەیەکی ڕەشید پێکەوە بنێت و بەردەوامیش بێت لەم دەسەڵاتەدا، چونکە لەلایەك حکومەت و حکومڕانی بۆخۆی مایەپووچ دەبێت و فەشەلی خۆی

ڕادەگەیەنێت و لەلایەکی تریشەوە جەماوەری میلەتەکەمان تاسەر ناتوانێت بەرگەی برسێتی و بێ موچەیی و بێ داهاتی بگرێت و بەبەرچاویشیەوە دەسەڵاتداران داهاتی نەوت بەهەدەر بدەن و لەسەر سیاسەتی گەندەڵی و مافیا ئاسای خۆیان بەردەوام بن.

**سەرچاوەکان:**

=======


١. سایتی وشە

٢. ڕاپۆرتێکی تایبەتی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بە کۆی بڕی بەرهەمهێنانی نەوت لەلایەن کۆمپانیا نەوتیەکانەوە لە بەرواری ٢٠١٦/١١/١٠دا

٣.ڕاپۆرتی مانگانەی هەناردەکردنی نەوت لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتیەکان

٤. ڕاپۆرتی دارایی لەلایەن بەڕێز وەزیری دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستانی لەسەر کار لابراو (( ڕێباز حەملان)) لە ٢٠١٥/١٢/١٥دا

٥. پێگەی ئەلکترۆنی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

٦.سایتی ئیلاف لە ٢٠١٦/١١/١٠دا

٧. ڕاپۆرتی مانگانەی هەناردەکردنی نەوتی عێراق لەلایەن وەزارەتی نەوتی عێراقەوە


---

* ئەم بابەتە لە سایتی وتاری کورد لە ١١/٢٥ و کوردستانی نوێ ژمارە ٧١٣٥ لە ٢٠١٦/١٢/٥دا بلاّوکراوەتەوە.

# چارەسەرێکی مامناوەندی بۆ ئەم دۆخەی ئێستای هەرێم ... *

• ئەوەی ئاشکرایە لای هەموان ئەوەیە کە دۆخی ناجێگیری سیاسی هەرێم لەو ساتەوە دەستیپێکرد کە ماوەی یاسایی سەرۆکی هەرێم تەواو بوو لە ١٩/٨/٢٠١٥دا دوای دوو خولی ٨ساڵی و ٢ ساڵی ماوە درێژکراوەش کە هەموان بڕوای تەواویان بەو ماوەیە هەبوو لەگەڵ بوونی ڕەخنە و گلەیی و ناکۆکیەکانیشیان لەسەری. بەڵام کاتێك ئیدی هیچ بوارێك نەمایەوە نە بۆ درێژکردنەوە بەپێی یاسای ژمارە ١٣ی پەڕلەمانی کوردستان لە ٣٠/٦/٢٠١٣دا، ٤ حیزبە سەرەکیەکەی کوردستان((یەکێتی و گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ)) پڕۆژە یاسایەکیان پێشکەش بە پەڕلەمان کرد بۆ ئەوەی هەمواری یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥ بکرێتەوە و بە مەرجی نوێیەوە سەرۆکایەتی هەرێم لەناو پەڕلەمانەوە هەڵببژێردرێت و سیستەمی پەڕلەمانی پەیڕەو بکرێت و دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمیش بە پێی ئەو سیستەمە ڕێك بخرێتەوە.بەڵام ئەم پڕۆژەیە وەك ئەو دەنکە شقارتەیە وابوو کە نرا بە خەرمانی هەموو دەسەکەوت و دەسەڵات و حوکمڕانی ٢٥ ساڵەی ئەم هەرێمەوە و بوە خاڵی ناکۆکی سەرەکی لەنێوان لەلایەك پارتی و لەلاکەی تریشەوە هەر چوار حیزبەکەی تر.دوای چەندین خولی دانیشتن و کۆبونەوەی مەکوکی نێوان هەولێر و سلێمانی بەمەبەستی سازانی نیشتیمانی بەداخەوە نەسازان و هێندەی تر لێکترازان. هەمووشی لەبەر ئەوەی پارتی وەك تەنها لایەن سووربوو لەسەر بیروباوەڕ و بۆچونەکانی خۆی و بە ئاشکرا لەکۆبونەوەکاندا بەهەموانی وتبوو کە دەیەوێت ئەو دووساڵەی کەماوە و بۆ ساڵی ٢٠١٧ ماوە بۆ سەرۆکی هەرێم درێژبکرێتەوە کەلەهەمان کاتدا سەرۆکی پارتیشە.ئیدی پارتی لە جێگەی خۆی قایم ڕاوەستا و بەبێ جوڵە نەبۆ پێشەوە نە بۆ دواوە و تەنها ئەو قسەیەی هەبوو دوور لە هیچ سازش و نەرمی و دەستپێشخەریەك بۆ چارەسەر.

دواتر پارتی بەتێکچوونی زیاتری دۆخەی سیاسیەکەی هەرێم لەگەڵیشیدا دۆخی ئابوری و سەربازیشی هاتە سەر بە قازانج و سوودی خۆی بینیەوە و هێندەی تر سوور بوولەسەر پشتگوێ خستنی ئەو مەسەلە گرنگە کە هەموان لێکترازان و متمانە و ڕاستگۆیی نەهێشت لەنێوان هەمواندا بەگەورەو بچوکەوە و تەنانەت جەماوەری گەلەکەمانیشیان کردە نەك دوو

بەشەوە بەڵکو چەندین بەشی جیاوازەوە و هەریەکە لە ئاوازاێکی حیزبیو تەسکی ناوچەگەری خۆی دەیخوێند دوور لەهەست و ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتیمانی.تاکارگەیشتە ئەوەی کە پارتی لە هەنگاوێکی چاوەڕنەکراودا لە ٢٠١٥/١٠/١٢داهەموو وەزیرەکانی بزوتنەوەی گۆڕانی لە حکومەت وەدەرنا و ڕێگەی لەسەرۆکی پەرلەمانیش گرت بچێتەوە بۆ هەولێر و کاری ئاسایی و یاسایی خۆی بکات .

بەمەش هێندەی تر ئەو درز و دڕدۆنگیەی دروست ببو لەنێوان هەمواندا هێندەی تر گەورەتر و بەربلاوتر بوو ، هەموو هەنگاو و نیەت و پڕۆژەکانی بۆ ئاشتبونەوە و چارەسەرکردنی دۆخەکە پەکخست.پارتی ڕکابەری سەرەکی خۆی لە بزتنەوەی گۆڕاندا دەبینیەوە و گۆڕانیش بەهەمان شێوە.بۆیە لە ئێستادا کەماوەی زیاتر لە ١سالْ و مانگێکە پەڕلەمانی شەرعی و هەڵبژێردراوی ناو جەماوەر پەکخراوە و حکومەتیش تووشی ئیفلیجی و شەلەل بۆتەوە لەلایەك بەهۆی دەرکردنی وەزیرەکانی گۆڕانەوە و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی قەیرانی دارایی و نەبوونی بودجە و موچە و کەمکردنەوەی داهات و مووچەی فەرمانبەران بۆ چارەکە مووچە و کە ئەویش نیە،بۆیە حکومەتی هەرێم بەداخەوە تەنها قەوارەکەی ماوە و ناوێکی بۆش و بێناوەڕۆك ماوەتەوە و هیچ سام و هەیبەتێکی نەماوە لەلای تاکەکانی میلەت.چونکە هەموو حکومەت و دەسەلاتێك کاتێك خۆشەویست دەبێت و هەیبەت و شکۆی دەبێت کە بتوانێت لانی کەمی ژیان و خۆشگوزەرانی بۆ تاکەکانی میلەت دابین بکات و ئەمنیەت و ئاسایشیان بپارێزێت و بازاڕ و ئابوری و بازرگانی ببوژێنێتەوە و کارخانە و پیشەسازی و کشتوکالْ پەرەپێبدات و گەشتوگوزار و سەرچاوە مرۆییەکان پێش بخات و ئاستی گوزەران بەرزبکاتەوە و خوێندن و پەروەردە و تەندروستی بەرەو پێشەوە بەرێت و بێکماری نو هەرژاری نەهێڵێت و گەندەڵی نەمێنێت و عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەرقەرار بکات. کاتێك حکومەتێك هیچ لەم ئەرکانەی جێبەجێنەکرد ئیدی هیچ مانایەك بۆ حکومەت و شەرعیەتی نامێتێتەوە و سام و هەیبەت و شکۆشی دەشکێت و دەڕوشێت.

ئەوەی ئاشکرایە دوا هەولْ بۆ چارەسەر لە سەر دوو خالْ مابۆوە کەئەوانیش بریتی بوون لە:

١.پارتی داوای دەکرد کە د. یوسف محمد سەرۆکی پەرلەمان لە بزوتنەوەی گۆڕان بگۆڕدرێت بەهەر کەسێکی تر چونکە بەلای پارتیەوە تەنها ئەو بەرپرس بوە لە تێکچوونی دۆخەکان.و هەربۆیە ڕێگەی نەدا بگەڕێتەوە بۆ هەولێر.

٢. بەلای گۆڕانیشەوە ڕازیبوون بەو مەرجەی پارتی مانای ملکەچبوونە بۆ پارتی و هێندەی تر زاڵکردنێتی لەتەواوی جومگەکانی حومکڕانی کوردستاندا و قبوڵکردنی بەلێدانی لەشکۆی بزوتنەوەکە و جەماوەرەکەی خۆی دەزانی.

بەم شێوەیە هەردوولا لەسەر ئەم دووخاڵە چەقین و بەهیچ شێوەیەك نەرمیان نەنواندا بۆ یەکتری،دوای ئەوەی کە چەندین هەوڵ لەلایەن یەکێتی نیشتیمانی و یەکگرتوو و وڵاتانی دەرودراوسێ و کەسایەتی ناوخۆیی و دەرەکیشەوە نرا.

بۆیە بەڕای بەندە دوای ئەم ماوەیە و دوای ئەو هەموو گۆڕانکاری و مەترسیانەی کە لەکوردستان و عێراق و ناوچەکە ڕوویانداوە و چاوەڕوانی زیاتریش دەکرێت، دەکرێت چارەسەرێکی مامناوەندی هەبێت کە هەموان ڕازیبکات،من پێموایە دەکرێت ئەم هەنگاوانە بنرێن و ببنە دەرچەیەکی هەم یاسایە و هەمیش ئاوی ڕووی هەموانیش دەپارێزێت، ڕێگا چارەکەش بریتیە لە:

١.مادام پارتی ڕازی نابێت د. یوسف محمد وەك سەرۆکی پەرلەمان بگەڕێتەوە بۆ هەلێر و داوای گۆڕینی دەستەی سەرۆکایەتی دەکات، من پێشنیاز دەکەم کە پارتی بڕیار بدات بە فراکسیۆنەکەی بۆ بەشداربوون لە کۆبونەوەیەکی پەرلەمانی کوردستان لە سلێمانی سازبکرێت بۆ ئەوەی ڕێژەی یاسایی تەواو بکرێت و لەو کۆبونەوەیەدا بڕیار بدرێت بە گۆڕینی دەستەی سەرۆکایەتی بەمەرجێك وەکو ئێستا بمێنێتەوە سەرۆك لە گۆڕان و جێگر لای پارتی و سکرتێریش لای کۆمەڵ.

٢.هەنگاوی دووەم ئەم دەستەی سەرۆکایەتیە ئیدی کۆبونەوەکانی بباتەوە ناو بینای پەرلەمان لەهەولێر و کاری ئاسایی و یاسای خۆی دەستپێبکاتەوە.

بەم هەنگاوە لەلایەك داواکاریەکەی پارتی هێنرایە دی کە د. یوسف وەك سەرۆکی پەرلەمان نەگەڕێتەوە هەولێر و تەنها وەك ئەندام پەرلەمان لاریان لێی نیە، و لەلایەکیش داواکاریەکەی بزوتنەوەی گۆڕان هاتە دی بەوەی کە پەرلەمان کاراکرایەوە بە سەرۆکایەتی د. یوسف و بزوەتنەوەی گۆڕان. و بەم شێوەیە لەم خاڵە چەقبەستنە ڕزگار دەبین و دواتر دەکرێت پارتی و گۆڕان بەسەر ڕێکەوتنە سیاسی و حکومیەکانی نێوایاندا بچنەوە بە

هەڵوەشاندنەوە یان هەمواركردنەوە و گۆڕینی، دواتریش هەموو لایەنەكان جارێكی تر و بە ڕۆحیەت و تێگەیشتنێكی نوێوە و بە پەند وەرگرتن لەم ئەزمونی ساڵی ڕابووردوە و حیساب بۆكردنیش بۆ گۆڕانكاری و ئەڵنگاریە نوێكان كە لەدوای ڕزگاركردنی موصڵەوە دێنە پێشەوە و ڕووبەڕووی هەرێم دەبنەوە پرۆژەی گۆڕانكاری و چاكسازی و توندوتۆڵكردنەوەی سەرجەم جومگەكانی حوكمڕانی لەكوردستاندا پتەو و بەهێز بكەنەوە.و كاری پێكەوەیی و دەستە جەمعی ببوژێنەوە و گۆدەنگیەكی ڕاستەقینەی نیشتمانی و نەتەوایەتی چی بكەنەوە. گەر ناش ئەوا دەتوانن بەرەی دەسەلات و ئۆپۆزسیۆن دروست بكەنەوە تا ئەو كاتەی هەڵبژاردنێكی نوێی پەرلەمانی دەكرێتەوە لەمانگی ٢٠١٧/٩دا كە ماوەی یاسای ئەم خولەی پەرلەمان تەواو دەبێت.

بەم شێوەیە گەر نیەتی ڕاستەقینە و ڕاسگۆیانە هەبێت و متمانە بەیەكتر بكەن و پەرۆشی و خەمخۆری هەبێت بۆ ئێستا و ئایندەی ئەم دەسەلات و هەرێمە و تەواوی نەتەوەكەشمان دەكرێت لەم دۆخە قەتیسە ڕزگار ببین و هەنگاویش بۆ پێشەوە و بەرەو ئاسۆیەكی ڕوونتریش هەڵنیێن ، بە پێچەوانەشەوە ئەوەی كە هەشمانە لە ئەنجامی ئەم غرورو كبریائ و خۆپەسەندی و خۆسەپاندن و قۆرخكاری دەسەلاَتەوە لەدەستمان دەچێت و مێژووش بەزەیی بە هیچ كەس و لایەن و دەسەلاَتدارێكدا نایەتەوە و نەفرەتی هەتاهەتایی نەوەكانی داهاتوشمان پێدەبڕێت.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی مەکتەب ڕێکخستن و ئاڕاستە و وتاری کورد لە ٢٠١٦/١١/٣دا بلأوکراوەتەوە.

## دیدار لەگەڵ گۆڤاری سلێمانی ... *

**پ \ چۆن دەڕوانیتە مێژووی شاری سلێمانی لە بواری سیاسی و ڕۆشنبیری و تاچەند توانیویەتی جێگا دەستی دیار بێت لە و دوو بوارە دا ؟**

وەلأم //

مێژووی شاری سلێمانی کە ئەمساڵ ٢٣٠ی ساڵی تێپەڕکرد ، سەرتاپای مێژوویەکی پرشنگدار و گەشەو هەرلەسەرەتای دامەزراندنیەوە بۆتە پایتەختی ئیمارەتی بابان و بەم شێوەیە سلێمانی لە ساتی لەدایك بونیەوە بۆتە کاراکتەرێکی گەورەی سەر شانۆی سیاسی کوردستان و ئیدی درێژەی پێداوە تا ئەم ساتە وەختە و چەندین شۆڕش و ڕاپەڕین و خۆپیشاندانی خوێناوی بەخۆوە بینیوە هەر لەسەردەمی داگیرکاری ئینگلیزەوە تا کو سەردەمی پاشایەتی و بەدرێژایی سەردەمی کۆماریەکانیش، هەمیشە سلێمانی شارێك و سەرچاوە و کانگای هەڵقولأندنی مرۆڤ و کەسایەتی و کاراکتەرە سیاسیەکان بوە و زۆربەی سەرکردەکانی کورد قۆناغێکی ژیانیان لەسلێمانی بردۆتە سەر و کوردایەتی و بیری شۆڕشگێڕی خۆیان تیادا دەمەزەرد کردۆتەوە هەر لە شەریف پاشای خەندان و سمکۆی شکاك و مەلا مستەفای بارزانی و گەلێکی تریش. بۆخۆشیان شێخی نەمر و ڕەفیق حیلمی و مامۆستا برایم ئەحمەد و چەندان کەسایەتی سیاسی تر لەم شارەدا لەدایك بون و ژیاون و بونەتە هۆی داگیرساندنی چرای هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵك و جەماوەر و لە سەردەمی نوێشدا شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێی گەلەکەشمان هەر لە سلێمانیەوە چەخماخەیان داوە و. لە ئێستاشدا سلێمانی هەر خاوەنی گیانە زیندوە شۆڕشگێڕ و یاخیەکەی خۆیەتی و هەمیشە سەرقافڵە و ڕابەرە لە کوردایەتی و خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی و داهێنان و دەستپێشخەریە کوردانەکانی .

- لە بواری ڕۆشنبیریشدا ، سلێمانی بەهەمان شێوە ڕابەری بزوتنەوەی ئەدەبی و فکری و ڕۆشنبیریە جیاوازەکانە و چەندان ئەدیب و نوسەر و شاعیر و پیاوانی ئاینی وچیرۆك نوسی بەناوبانگی تیادا هەڵکەوتوە و خاوەنی چەندین هۆڵی سینەما و شانۆ و

کتێبخانە و مۆزەخانە و گەلەری و ..هتد. بوە و لە ئێستاشدا بەشێوەیەکی جوانتر و مۆدێرنانەتر سلێمانی لەڕووی ڕۆشنبیریەوە گەشاوەتەوە و سلێمانی بۆتە چەقی ڕووداوەکان و داهێنان و دەستپێشخەریە ڕۆشنبیریەکان لەبەرئەوەی بە تەواوەتی ئازادی تاك و گروپ و میدیای تیادا چەسپاوە و بۆتە جێگەی کۆکەرەوە و لەباوەشگرتنی دەنگە ناڕازیەکان لە سەرتاپای عێراق و هەرێمیشدا و بەمشێوەیەش هەمیشە سلێمانی سەر قافڵەی کاروانی ڕۆشنبیری و داهێنان بوە.

**پ \ بوونی سلێمانی بە پایتە ختی ڕۆشنبیری چۆن دە بینی ؟**

**وەڵام //**

بونی سلێمانی بە پایتەختی ڕۆشنبیری هیچ لەگەورەیی شاری سلێمانی زیاد ناکات، چونکە سلێمانی بۆخۆی هەر بە پایتەختی سیاسی و ڕۆشنبیری لەدایك بوە و ئەم کارەش تەنها جەختکردنەوەیە لەسەر ئەو ڕۆڵ و پێگە مێژوویەی سلێمانی. بەڵام بەم کارە بە ڕەسمی سلێمانی بۆتە پایتەختی ڕۆشنبیری و دەبێت بە تەواوەتی و لەسەر زەمینەی واقیع هەموو پێداویستیەکانی ئەم بون بە پایتەختە ڕەنگ بداتەوە و کار و چالاکیە نێوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان لە سلێمانیدا ساز بکرێت و لەم ڕێگەیەشەوە کەلتور و مێژووی کوردستان و سلێمانی بەهەموو لایەك بناسرێت و تێکەڵاوی زیاتری شارستانی و کۆمەڵگاکان ڕووبدات. بۆیە ناکرێت تەنها بەبڕیارێکی پەرلەمان بکرێتە پایتەخت و بەڵام هیچ زەمینە سازی و پێداویستیەکی بۆ دابین نەکرێت لە گەلەری و شانۆ و سینەما و کتێبخانە و مۆزەخانەی گەورەتر و مۆدێرنتر.

**پ \ ئەو پێشنیازانە چیە بەدیدی تۆ بۆ بەرەو پێشچوون و پاراستنی مێژووی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی و کلتوری ئەم شارە؟**

وەڵام // پێشنیازم بۆ ئەم کارە ئەوەیە:

١. ڕۆژێکی یادکردنەوەی ساڵانە بۆ ئەم شارە دیاریبکرێت و بکرێتە فیستیفاڵێکی نێوخۆی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی و کۆمەڵێك چالاکی هونەری و ئەدەبی تیادا سازبکرێت و مێژوو و کەلتوری ئەم شارە پیشانی هەموان بدرێت.

٢. شانۆ و سینەما و گەلەری و کتێبخانە و مۆزەخانەی مۆدێرنی تیادا دروست بکرێت.

٣. گرنگی بدرێت بە نوسینەوەی مێژووی سەرتاپای بوارەکانی ژیان و گوزەرانی ئەم شارە و پاراستنی جێگە کەلتوری و شوێنەوارە دێرینەکان.

٤. لەبواری بیناسازی و تەلارسازیشدا ، هەقە ئەندازیاران گرنگی زیاتر بدەنە ژیانەوە و پاراستنی جۆر و شێوازی بیناکاری دێرینی کورد لەم شارەداو تێکەڵکردنی بە بیناسازی نوێی سەردەمیانە.

٥. گرنگی دانی زیاترە بە بواری گەشت و گوزاری و دروستکردنی هۆتێل و مۆتێل و ڕازاندنەوەی سەیرانگاکان و دابینکردنی شوێنی حەوانەوەیە، چونکە لەم سەردەمەدا گەشتوگوزاری ڕۆڵی گەورە دەبینێت بۆ پێشکەوتن و تێکەڵ بوونی شارستانێتیەکان.و زیاتر ناسینی گەلان بەیەکتری.

٦. گرنگیدان بە زیندووکردنەوەی پیشە دەستیە خۆماڵیەکان وەك بەشێك لە کەلتور و مێژووی ئەم شارە.

**پ \ هەر تێبینی و سەرنجێك هەتبێت و حەزکەیت باسی بکەیت لە بواری خۆتدا .**

وەڵام //

من وەکو ئەندازیارێکی کیمیاوی و پسپۆڕ لەنەوت و پترۆکیمیاویاتدا، حەزدەکەم ئەو ڕاستیە بڵێم کە کوردستان بەگشتی و ناوچەی سلێمانیش بەتایبەتی دەوڵەمەندن بەسەرچاوەی نەوت و غازی سروشتی و زۆرێك لەکانزا گران بەهاکان و کە ئەمەش بۆخۆی دڵنیایەك و گەشبینیەکی زۆری تیادایە بۆ نەوەی داهاتوو کە مەترسی برسێتی و قاتوقڕی و هەژاری و دواکەوتوی و نەخۆشی نابینن ، گەر بە شێوەیەکی عەدالەت و شەفاف داهاتەکانیان بخرێتە خزمەت ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیانەوە.

بەڵام لەگەڵ بونی ئەم سەروەت و سامانە زۆر و زەوەندەشدا، من پێم باشە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتەنها پشت نەبەستێتە سەر داهاتی نەوت و نەیکاتە تاکە سەرچاوەی داهات و بژێوی هاولاتیان بەڵکو گرنگی بداتە بواری کشتوکاڵی و پیشەسازی و گەشتوگوزاری و ..هتد. کە ئەم بوارانەش هیچیان کەمتر نیە لەنەوت و غازی سروشتی، بەڵکو ئەم بوارانە دەبنە هۆی بەردەوامی ژیان و پاراستنی ئەمنی خۆراکی و پیشەسازی وڵات و سەرچاوەیەکی نەبڕاوەشن و بێکاری و هەژاری کەم دەکەنەوە و ژێرخانی ڕاستەقینەی ئابوری و بازرگانی و بازاڕیش پێك دێنن.

---

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری سلێمانی ژمارە ١٦٥ لە ئازاری ٢٠١٥دا بڵاوکراوەتەوە.

# بەشی سێیەم
# تایبەت بە یـــەکـــێـتـی نـیـشـتـیمانی کـوردسـتـــان

## ئایندەی گەنج لە بەرنامە وفەلسەفەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا.. *

### ❖ کورتەیەکی مێژوویی

سەرەتا یەکێتی نیشتیمانی کوردستان وەك ڕێکخراو یان حیزبێکی سیاسی خاوەن ڕچە و ڕێبازێکی سۆسیال دیموکراتی هەر لە دەمی دامەزراندنیەوە لە ١٩٧٥/٦/١ وە و تاکو ئێستا کە تەمەنی دەگاتە ٣٨ ساڵ، لەسەر دەستی کۆمەڵێك گەنجی بەتواناو کارامە و خاوەن سەلیقە و پێشبینیەکی سیاسی و کوردایەتی دامەزرا ، و بەو گوڕ و تین و پەرۆشیە گەنجانەوە هاتە سەر گۆڕەپانی سیاسی لە کوردستان و عێراقدا و توانیشی لەماوەیەکی کەمدا دەسەلاٌت و هێزی خۆی بەسەر بەشی هەرە زۆری ناوچەکانی کوردستاندا بسەپێنێت و بوون و سیاسەت و تێڕوانین و دونیابینی و فەلسەفە و ئایدیای خۆی بەناو سەرجەم ناوچەکان و پێکهاتەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بلاٌوبکاتەوە و بەکار و چالاکی و هەڵوێست و تێڕوانینە سیاسی و شۆڕشگێڕی و پێشکەوتنخواز و نوێخوازەکانیەوە ببێتە جێگەی متمانەی جەماوەر و هەروەك توانیشی تۆڕێکی ڕێکخستنی نهێنی بەهێز و پتەویش لە قولاٌیی ناوچەکانی ژێر دەسەلاٌتی ڕژێمی بەعسدا دروست بکات و لەدوای ١ ساڵی ڕێکیش و لە ١٩٧٦/٦/١دا توانی هێزێکی چەکداری شۆڕشگێڕی مەفرەزە چەکدارە گەڕۆك و پارتیزانەکان و دواتریش هێزی پێشمەرگە دروست بکات و دەست بکاتەوە بەکاروچالاکی پێشمەرگانە و گورز وەشاندن لە دوژمن و هێزەکانی لەسەرتاسەری کوردستاندا.

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان تاکە هێزی سیاسی و چەکداری و شۆڕشگێڕیە لە کوردستانی باشووردا کە توانیویەتی لەماوەیەکی کەمی مێژوویدا کە تەنها ١٦ ساڵە، بتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و دەسەلاٌتی سیاسی بگرێتە دەست، لە ئەنجامی ڕاپەڕینی بەهاری پیرۆزی ساڵی ١٩٩١ ی گەلی کورددا. دواتر لەهەڵبژاردنی یەکەم پەرلەمانی کوردستانیشدا لە ١٩٩٢/٥/١٩دا نیوەی دەنگەکانی جەماوەری کوردستانیشی بۆ خۆی مسۆگەر کرد و لە ١٩٩٢/٧/٤شدا یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دامەزراند بەسەرۆکایەتی هەڤاڵ د. فۆاد معصوم.

بەم شێوەیە یەکێتی بەگەنجی لەدایك بوو بەگەنجیش سەرکەوتنی بەدەست هێنا و بەگەنجیش گەیشتە دەسەڵات و حوکم کە ئامانجی کۆتایی هەموو حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیە و ئەوەتاش بۆماوەی ٢٢ ساڵی بەردەوامە لە حوکمڕانیدایە و گەلێك دەسکەوتی گەورەشی وەدیهێناوە و تاڕادەیەکی باشیش سەرکەوتو بوە . خۆ ئەگەر بەتەنها حوکمڕان و باڵادەست و بڕیار بەدەستی تەنهاش بوایە ئەوا بێگومان هەم دیموکراسیەت و ئازادیەکان باشتر گەشەیان دەکرد و دەچەسپان و هەمیش دەسکەوتی گەورەتر و بەبەرهەمتر وەدەست دەهات و لە ئەنجامیشدا ئاڕاستەی ڕووداو وپێشهاتە نەخوازراوەکانیش بە ئاقارێکی تردا دەڕۆیشتن کە لە خزمەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بونایە ، پێدەچوو کە کارەساتەکانی شەڕی ناوخۆ و لێکترازانی دوو ئیدارەیی و دابەشبونی داهاتی کوردستان و زۆر کارەساتی تر ڕوویان نەدایە.

❖ ڕۆڵی گەنج لەناو یەکێتیدا

وەك باسمان کرد دامەزرێنەران و سەرکردەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەموانیان لە تەمەنێکی گەنج و لاویدا بوون،هەربۆیەش بەبیربۆچوون و هەڵوێست و تێڕوانینەکانیشیان گەنجانە و لاوانە بیریان دەکردەوە و خولیا و ئاواتی زۆریان لەخەیاڵ و ئەندێشەدا بوو. بۆ وەدەستهێنانی ئامانجەکان و فەراهەمکردنی ژیان و گوزەران و کەشوهەوایەکی دیموکراسیانە و ئازادانە کە پڕاوپڕ بن لە یەکسانی و شکۆداری و عەدالەتی کۆمەڵایەتی کە بەداخەوە کۆمەڵگای کوردەواری لەمێژە لەو پڕەنسیپ و دروشمە مرۆڤایەتیانە بێبەشکرابوو بەهۆی داگیر و دابەشکراوی خاك و گەلەکەیەوە لەلایەن دوژمنان و داگیرکارانەوە.

کەواتە گەنج هەر لەسەرەتاوە ڕۆڵی گەورە و گرنگی گێڕاوە و هەبوە لەناو یەکێتیدا و لە ئیش وکارە ڕێکخستنەکان و هێزەکانی پێشمەرگەدا و لە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکانی دژ بە ڕژێمی بەعسی فاشی صدامیدا. گەواهی ئەو ڕاستیانەش زۆری ژمارەی شەهید و کەمئەندام و زیندانیانی سیاسی و لە سێدارەدراوەکانی پێشمەرگە و ڕێکخستنە نهێنیەکانن کە هەموویان لەوپەڕی تەمەنی گەنجێتی و لاوێتیدا بوون.

لەدوای ڕاپەڕین و تێپەڕاندنی قۆناغی شاخ و چەکداری و شۆڕش و دوای دامەزراندنی یەکەم ئەزمونی حوکم و فەرمانڕەوایەتی کوردی، بەهەمان شێوە گەنجان و لاوان ڕۆڵی گەورەیان گێڕاوە لەدامەزراوە حکومیەکاندا و توانراوە بەهەوڵ و هیمەت و پەرۆشی گەنج

بناغە و بنچینەیەکی ڕاست و دروستی حکومەت دابمەزرێنن و درێژە و بەردەوامیشی پێبدرێت بۆ ماوەی ٢٢ ساڵ.

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، هەمیشە لە پەیڕەوپرۆگرامی ناوخۆی خۆیدا متمانە و پشتبەستنی خۆی خستۆتە سەر هێز و بازووی لە بنەهاتووی گەنجان. چونکە بەڕاستیش هەر گەنجە کە توانیویەتی پارێزگاری لەمان و بەردەوامی یەکێتی بکات دوای هەموو نسکۆ و کەوتن و نوچدان و جیابونەوە و شەڕەکانی ناوخۆ و ...هتد.

❖ **یەکێتی چۆن خزمەتی بە گە نجان کردووە:**

یەکێتی توانیویەتی کە خزمەتێکی بەرچاو بە گەنجان بکات هەر لەسەرەتای دامەزراندنی حکومەتەوە تاکو ئێستا بەوەی کە لەناوخۆی یەکێتیدا :

١. به بەرنامە کادری هۆشیار و زانستی پێبگەیەنێت و هەلی خوێندن و تەواوکردنی خوێندنی بالاّ و وەدەست هێنانی بڕوانامەی زانستی لە زانکۆکانیان بۆ بڕەخسێنێت ،لە پەیمانگای کادران و کردنەوەی سەدان خولی هوشیاری و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و کردنەوەی زانکۆ و کۆلێژەکان لە شار و شارۆچکەکاندا.

٢. کردنەوەی یەکەم کۆلێژی سەربازی نیزامی لە قەلاّچوالان و دەرچواندن و پێگەیاندنی هەزاران گەنجی خوێن گەرم بە ئەفسەر بۆ خزمەتی کورد و کوردستان.

٣. دامەزراندنی یەکەم تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەی ئازادی دوای ڕاپەڕین کە هەموانیان بە هەزاران گەنجی کوردیان لە بواری ڕاگەیاندندا پێگەیاندووە. و لە ئێستاشدا نەك یەك ڕۆژنامە و گۆڤار و تەلەفزیۆن بگرە دەیانی تریشی دامەزراندوە کە هەموانیان لەلایەن گەنجانەوە بەڕێوەدەبرێن.

٤. هەر لەسایەی سیاسەتی یەکێتیەوە بوە، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە کابینەی شەشەم و حەوتەمدا بەرنامەی تواناسازی زانستی بۆ دەرچوانی کۆلێژەکان و زانکۆکان ڕەخساندوە لەدەرەوەی ولاّت بۆ پێگەیاندنی کادری زانستی لەهەموو بوارەکاندا.

٥. لەبواری دیپلۆماسیەت و پەیوەندییە نیشتیمانی و عێراقی و جیهانیەکانیشدا ژمارەیەکی باش لە گەنجان پێگەیەنراون و لە ئێستادا دەست بەکارن لە سەفارەت و کونسوڵخانەکانی عێراقدا لە ولاّتانی دونیادا.

٦. لەبواری ئاسایش و پۆلیسی ناوخۆ و ئەمنیەتیشدا بەهەزاران گەنج پێگەیانراون بۆ خزمەتی گەل و نیشتیمان و پاراستنی ئەم ئەزمونی حوکمڕانی و دەسەلاّتە کوردیەدا.

٧. لەبوارکانی پەروەردە و تەندروستی و ئابوری و بازرگانیشدا توانراوە هەنگاوی بەرچاو وەدیبێنێت کە هەموانیان گەنج تیایدا ڕابەر و پێشەنگن.

٨. لەبواری کۆمەڵایەتیشدا یەکێتی هەوڵیداوە و لەبەرنامەی خۆیدا چەسپاندویەتی کە ئازادی و ژیان و گوزەرانێکی پڕشکۆ بۆ گەنجان دابین بکات لە ڕووی پەرەپێدانی توانا هونەری و وەرزشی و نەهێشتنی بێکاری و پێکەوەنانی خێزان و دابینکردنی جێگەی نیشتەجێبوون و دۆزینەوەی هەلی کار و ..هتد.

بەم شێوەیە گەنج لە بەرنامە و سیاسەتی یەکێتیدا پانتاییەکی گەورەی داگیرکردووە و ئەرك و مافی گەورەی هەیە.

❖ **بەلأم لێرەدا پرسیار ئەوەیە، کە ئایا یەکێتی توانیویەتی بەکامی دڵ و ئارەزوو و پلانی خۆی خزمەت بە توێژی گەنجانی کورد بکات، ئەگەر نا بۆچی؟ هۆکارەکانی چیبوون؟ ئایا یەکێتی توانیویەتی لەگەڵ گۆڕانکاری و داواکاریەکانی سەردەمی ئێستادا ژیانێکی پڕ خۆشی و ئازادی بۆ گەنجان وەدیبهێنێت؟ ئایا یەکێتی توانیویەتی کە گەنجانی کورد پەیوەست و پابەند بکات بە دڵسۆزی و لایەنگیری و ئینتیما بۆ گەل و نیشتیمان؟ لەبەرامبەریشدا ئایا گەنجان بە قەوارەی گەورەیی و گرنگی توێژەکەیان بەشداری کارا و جدییان کردووە لە پلان و سیاسەت و تێڕوانینەکانی یەکێتی و دەسەلأتی کوردیدا؟ ئایا گەنجانی ئێستای کورد هێندەی گەنجانی سالأنی حەفتاو هەشتاو نەوەدەکانی سەدەی ڕابووردوو پەرۆشییان هەیە بۆ پاراستن و پارێزگاری لەگەل و نیشتیمان و خۆبەخشین و قوربانیدان؟ ئەگەر نا هۆکارەکان چین ؟ و دەیان پرسی تریش..**

سەرەتا دەبێت بزانین کە گەنج کێیە و بەکێ دەڵێن گەنج؟ ئەوسا دەتوانرێت بزانرێت کە بیر و ئەندێشە و داواکاری و خواست و نیەت و تواناکانیان چیەو چەندە و چۆن دەشتوانرێت وەبەرهێنانی تیادا بکرێت؟

لە ڕووی زانستی پزیشکی و دەروونی و کۆمەڵایەتیەوە گەنج یان پێگەیشتوو بەکەسێك دەوترێت کە تەمەنی لە نێوان ١٥-٢٥ ساڵیدا بێت، کەلەم قۆناغەدا زۆر گۆڕانکاری بەسەر لاشە و دەروون و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیدا دێت.

لەلایەکی تریشەوە، بەپێی پێوانەکانی نەتەوە یەککگرتوەکانیش، قۆناغی گەنجێتی بریتیە لە قۆناغێکی ڕاگوزەر لە نێوان پاشکەوتەی منداڵی و لە ئەستۆگرتنی ماف و ئەرکەکانی پێگەیشتواندا.

هەروەها بریتیە لە قۆناغی تاقیکردنەوە بۆ ڕۆڵ و ئەرکە نوێکان، کە وەك تەمەنیش دەکەوێتە نێوان تەمەنی ١٥ بۆ ٢٥ ساڵیەوە. ئەم تەمەنەش بریتیە لەو قۆناغەی کە تاك ئامادەیە بۆ ژیانی گەوران و بە ئەنجامگەیاندنی ئەرکی هاوڵاتیبوونی تەواو و بەشداریکردنی کارا لە پرۆسە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ئەو کۆمەڵگایەی کە تیایدا دەژی، ئەم ئامادەکردنەش لە ڕێگەی خوێندن و ڕاهێنان و دەستخستنی شارەزاییەوە دەبێت لە ساڵانی سەرەتای تەمەنەوە.

هەربۆیە گەنجان بە کۆڵەکەی بنیاتنانی هەر کۆمەڵگایەك دادەنرێن و لە مێژووی مرۆڤایەتیشدا هەموو شاکار و کارە سەخت و نەمرەکان لەسەر دەست و بیر و جەستە و بازوی گەنجان هاتونەتە دی. و هەموو پێشکەوتن و گەشەسەندنە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و هونەری و فەرهەنگیش هەر لەسەر دەست و بیر و لاشەی گەنجانەوە وەدیهاتون و مێژووی مرۆڤایەتیان پێنەخشێنراوە.بۆیە ئاست و ڕادەی گەشە و پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگایەك بەندە بە ئاست و ڕێژەی هاوبەشیکردنی کارای گەنجانیەوە لە بوارەکانی ژیاندا. خۆ ئەگەر هەر کۆمەڵگایەك گەنجانی بێکار و نەخۆش و دواکەوتوو نەخوێندەوار بێت ئەوا بە کۆمەڵگایەکی نەخۆش و دواکەوتوو هەژار دادەنرێت و بە پێچەوانەشەوە گەر توێژی گەنجان داهێنەر و دڵسۆز و کاراکتەری سەرەکی کارای بوارەکانی ژیان بن ئەوا کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو داهێنەر و خۆشگوزەران دەبێت.

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان وەك هێزێکی گەنجی شۆڕشگێڕ و خاوەن تێڕوانینی ئایندەی گەنجان، سەرەڕای هەموو ئەو کار و خزمەتانەی کە پێشکەشی بەگەنجان کردووە،هێشتا نەیتوانیوە وەکو ئەوەی گەرەکێتی خزمەت بە گەنجان بکات، ئەمەش هۆکاری زۆری هەیە لەوانە، یەکێتی بەتەنها باڵادەست و بڕیار دەر نەبوە لە دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیدا لە کوردستاندا، تابتوانێت ئەو بەرنامە و پلانانەی کە بۆ گەنجی هەیە جێبەجێیان بکات.

هەربۆیەش یەکێتی نەیتوانیوە وەڵامی هەموو داواکاری و خواست و ویست و خەیاڵەکانی گەنجانی یەکێتی و کوردیش بداتەوە. و بتوانێت تەواوی خواست و داواکاریەکانیان بۆ وەدیبهێنێت. هەر ئەم نەتوانین و وەڵامنەدانەوەی یەکێتی وایکردوە کە گەنجانی ئێستا کە گەنجانی سەردەمی بەجیهانیبوون و کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت و تۆڕەکانی فەیسبوك و تویتەر

و ...هتدن. کە پابەندیان بکات بە پرەنسیپ و بنەماکانی دڵسۆزی و شۆڕشگێڕی و گیانفیدایی و قوربانیدان و لایەنگیری بۆ خزمەتی کوردایەتی.

گەنجی ئێستا بەداخەوە هێندەی هێندەی خواستی وەدیهێنانی داواکاری و ویستە مادیەکانێتی لەدەسکەوتنی سەروەت و سامان و ئۆتۆمبێل و کۆمپیوتەر و ڕابواردن و گەشتو سەیران و زوو دەوڵەمەندبوون و تەنانەت لەم سەردەمی ئاشتی و ئارامی و دەسەڵاتە کوردیەشداو نەمانی مەترسیەکان ئێستاش گەنجانی کورد هەوڵی کۆچکردن دەدەن بۆ دەرەوەی وڵات..نیوهێندە خواستی تەواوکردنی خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامەی باڵا و پارێزگاری لە بەها ڕەوشتیەکان و بنەما نیشتیمانی و نەتەوەییەکان نیە. لێرەشدا نابێت ناهەقی و ڕەخنە لەم بۆچوون و ڕەوتەی گەنجان بگرین چونکە، لەلایەك سەردەمەکە سەردەمی بەجیهانیبوون و تێکەڵاوبوون و کارتێکردنی شارستانێتی و کۆمەڵگا جیاوازەکانە لەسەر یەکتری بەباش و خراپیەوە ولەلایەکی تریشەوە بەهۆی خراپی ئیدارەدان و نەبوونی پلانی زانستی و واقعی لەلایەن حکومەت و دەسەڵاتی کوردی و لەناویشیاندا سەرکردایەتی یەکێتیشەوە و بڵاوبونەوەی گەندەڵی دارایی و ئیداری و کۆمەڵایەتیشەوە کە ئەمەش بۆتە هۆی دروستبوونی چینێکی جیاواز لەدەسەڵاتداران و گەنجان و نەوەکانیان کە پڕاوپڕن لە خۆشی و لە گوزەرانێکی پڕ ڕەفاهیەتدا دەژین و هەموو پێداویستیە مادیەکانیان بۆ هاتۆتە دی و لەبەرامبەریشدا چینێکی هەژار و بێکار و دەستکورت و مەحروم لەهەموو خۆشیەکانی ژیان پەیدا بوون و دروست بوون، کە ئەم دوو بەرە جیاوازە لەیەکتر لەنێوان توێژی گەنجاندا وایکردووە کە گەنج ئینتیمای حیزبی و سیاسی و نیشتیمانی و نەتەوایەتی کاڵ ببێتەوە، و بڕوای بە بەها و پرەنسیپە شۆڕشگێڕی و خەبات و تێکۆشان نەمێنێت و دووربکەونەوە لە ڕیزەکانی حیزب و کاری ڕێکخراوەیی و لەبەرامبەردا گیانی هەڵشاخان و توڕەبون و بێزاری و ناڕەزایی لە ناخیاندا هەڵقوڵاوە بەرامبەر حیزب و سەرکردە و دەسەڵات.

هەربۆیەش زۆرینەی گەنجان توشی بێئومێدی و کەنارگیری و خۆدوورخستنەوە بونەتەوە و هیچ ڕۆڵ و چالاکیەکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی بەرچاو ناگێڕێن و لە توێژێکی کاریگەر و گرنگ و هەستیارەوە بۆتە توێژێکی بێکار و بێ بەخشش و دوور لەداهێنان و لاوەکی، چونکە هەست بە پەراوێزخستن و پشتگوێخستن دەکات.بەهەمان شێوەش ئینتیما و پەرۆشیان بۆ خاك و نیشتیمان کاڵ بۆتەوە و هەرگیز وەکو ئەو نەوەیەی ساڵانی حەفتاوهەشتاو نەوەدەکانی سەدەی ڕابووردوو نین.

بەداخەوە گەنجانی ئەم سەردەمە، لەگەڵ ئەوەی ترس و دڵەڕاوکێ و گرتن و ڕاوەدوونانی دەسەلآت و دامودەزگا داپلۆسێنەرەکانی ڕژێمی بەعسی صدامی لەگۆڕنراویان لەسەر نەماوە و هەڕەشەی ترس و تۆقاندنی هێزە تیرۆریستەکانی ئەم سەردەمەشیان لەسەر نەماوە و لە سایەی ئاشتی و ئارامی و دەسەلآتی خۆماڵی کوردیدا ژیان دەگوزەرێنن،و لە سایەی ئەم هەموو داهێنان و تەکنەلۆژیاو سانابوونی بەدەستخستنی زانست و زانیاری لەهەموو بوارەکاندا، کەچی هێندەی لەلایەنە نێگەتیف و خراپەکانی ئەو داهێنانە سوود وەردەگرن لەلایەنە پۆزەتیف و باشەکانی کەڵك وەرناگرن.

❖ **ئەو هۆکارانە چین کەوایان لەگەنجی کورد کردووە، لە توێژێکی بەخشندەو داهێنەر و گیانفیداوە بگۆڕێن بۆ توێژێکی بەرخۆر و کارنەکەر و خەمسارد و بێهیوا ؟ دەکرێت یەکێتی چ هە نگاو و پلانێك بگرێتە بەر بۆ ئاشتکردنەوەی گەنجان و نەهێشتن و کەمکردنەوەی تووڕەیی و تۆران و دوورکەوتنەوەیان؟**

ئاشکرایە لە ڕووی زانستی فیزیکەوە هەموو کاردانەوەیەك لە ئەنجامی کارێکەوە دێتە بوون، هەربۆیەش خەمساردی و کەنارگیری و تووڕەبوون و دوورکەوتنەوەی گەنجان لە یەکێتی و بەرنامەکەی بەتایبەتی و لەدەسەلآت و ئینتیما بۆ گەل و نیشتیمان بەگشتی کاردانەوەیەکە لە ئەنجامی کارێکی پێشووتری یەکێتی و دەسەلآتی کوردیەوە هاتۆتە بوون.بەوەی کە لەماوەی ٢٢ ساڵی ئەزمونی دەسەلآت و فەرمانڕەوایی کوردیدا، نەتوانراوە وەکو پێویست ئاوڕی گەورەو گرنگ بەهێندەی گەورەیی و کاریگەری گەنجان لە توێژی گەنجان بدرێتەوە.هێندەی حیزبە سیاسیەکان بەداخیشەوە بە یەکێتیشەوە کاریان لەسەر بە حیزباندنی گەنجان کردووە، نیو هێندە کاریان لەسەر دانانی پلان و بەرنامەی زانستی و واقعی نەکردووە لەسەر توێژی گەنجان و چۆنێتی بەگەڕخستنی توانا عەقڵی و جەستەییەکانیان لە پێشخستن و ئاوەدانکردنەوە و داهێنانیاندا نەتوانراوە کە لە خەون و خولیاو داواکاری و بیرکردنەوەی گەنجان تێبگەن و بەڕاستیش بیخوێننەوە و کاری لەسەر بکەن.

هەربۆیەش تۆخکردنەوەی حیزبایەتی لە مێشك و دەرونی گەنجاندا کاردانەوەیەکی نێگەتیفی لێکەوتۆتەوە و بۆتە هۆی دوورکەوتنەوە و زویربونیان نەك نزیکبونەوە و بەگەڕخستنیان.

ئێستاش نەچوە بچێت و کاتیش زۆر درەنگ نەبوە کە یەکێتی پێویستە بەڕاوێژ بەکەسانی شارەزا و خاوەن ئەزموون لەدەرەوەی کوردستان. بەتایبەتیش پارتە سۆسیال دیموکراتەکانی دونیا بکەوێتە خۆ بۆ سوود وەرگرتن لە ئەزموون و پلانی ئەوان کە چۆن خزمەتیان بە گەنجانی خۆیان کردوە.

١. ئاشکرایە پرۆسەی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی گەنج لە قۆناغی منداڵیەوە و سەرەتا لە خێزان و خوێندنگە و دواتر زانکۆ و دواتریش کۆمەڵگاوە دەستپێدەکات و بەکۆتا دێت. بۆیە دەکرێت یەکێتی سەرەتا لە پەروەردەی خێزانی و باخچەی ساوایان و خوێندنەگەی سەرەتایی وە دەستپێبکات بەدانانی بەرنامە و مەنهەجێکی خوێندنی مۆدێرنی ئەوتۆ کە لە ئەنجامدا گەنجێکی پێگەیشتوو و تێگەیشتوو دروست بکات. و پێویستە تۆوی هیوا و ئاوات و خواستەکان لەدڵ و دەروونی گەنجاندا بڕوێنرێت بە ئایندەی کوردستان، بۆ ئەوەی گەنجان بەو هیوایانەی هەیانە ئایندە دروست بکەن و بەخواستەکانیشیان کاری سەرسوڕهێنەر و لەبون نەهاتوو وەدیبێنن، چونکە گەنجی بێهیوا و ئاوات ناتوانێت ببێتە گەنجێکی داهێنەر و بەخشندە.چونکە هەرکاتێ پەروەردەیەکی ڕاست و دروست و تەندروستی منداڵان و گەنجانت کرد، ئەوا بەدڵنیاییەوە کۆمەڵگایەکی تەندروست و داهێنەر و بەخشندەت دەستدەکەوێت.

٢. دواتر دابینکردنی ئازادی فکر و بیروڕاو و هەڵسوکەوت و خوێندن و گەشت وسەیران و هاتوچۆ بۆ گەنجان هۆکارێکی ترە بۆ ئاشتکردنەوەی گەنجان لە یەکێتی و دەسەڵاتەکەی.

٣. پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تایبەت بە گەنجان،هەر لە دۆزینەوەی هەلی کار و خستنەگەڕی پرۆژەی بچووك و پێکەوەنانی خێزان و دابینکردنی لانی کەمی بیمەی بێکاری و تەندروستی و خوێندن و ...هتد بۆیان.

٤. کردنەوەی ژمارەیەکی زیاتر لە یانەی وەرزشی و ڕاهێنان و مەلەوانگە و کتێبخانە لەسەرجەم شارو شارۆچکەکاندا.

٥. بواردانی زیاتر بە گەنجان لەناو یەکێتیدا بۆ هاتنە پێشەوە و وەرگرتنی پلەو پۆست و نوێکردنەوەی توانا و وزەکانیان لە ڕابەرایەتی کردنی ئۆرگانە جیاوازەکاندا.

٦. هەموو ئەمانەش دەتوانرێت چێ بکرێت لەناو یەکێتیدا بەوەی کە یەکێتی هەموو ٣ ساڵ جارێك کۆنگرەی گشتی خۆی سازبدات و بەمەش یەکێتی دەتوانێت بەبەردەوامی

خوێن و بیر و جەستە و توانای نوێی گەنجان بێنێتە پێشەوە و هەمیشەش بەگەنجی بمێنێتەوە،چونکە گەنجانی کورد بەگشتی و یەکێتی بە تایبەتی گەنجانێکی خوێنگەرم و دڵسۆز و بەتوانا و داهێنەرن گەر دەستگیرۆیی و بواریان بۆ برەخسێت. هەربەمەش یەکێتی دەتوانێت خۆی بەدوور بگرێت لە چەقبەستوی و دۆگما و نەگۆڕی و پارێزگاریکردن لە دەسکەوتە کۆنەکان و دەربازبوون لە هێڵی کەمەرکێشی یەکێتی بۆ دواوە و بەرەو پیربوون و مردن و پوکانەوە، هێز و توانا و وزەی گەنجان دەتوانێت یەکێتی بە گەنجی ڕابگرێت و هەمیشە لە بزوتنەوە و هەڵسوڕاندا بێت و دووربکەوێتەوە لە ستاتیکاو چەق بەستن.

❖ **لە کۆتاییدا**، گەنجان توێژێکی زۆر هەستیارن بەوەی لە ڕووی تەمەن و فکر و بیر و ئەندێشە و خواست و ئاواتەکانیانەوە لەدونیایەکی فەنتازیاو خەیاڵاویدا دەژین وەك لەوەی لە سەر زەمینێکی واقعی و بەرجەستەبوودا بژین، هەربۆیەش زۆر دڵ ناسك و زوو هەڵچوون و هەڵشاخانیان پێوە دیارە، بەزۆر بیروڕای لە پێشخۆیان ڕازینین و زۆرجاران (( نەرجسیانە)) عاشق بەخود بیردەکەنەوە و بیری خۆسەپاندنیان تیادا زاڵترە وەك لەکەسانی تر. هەربۆیە گەنجان لەو تەمەنەدا پێویستیان بەدڵڕاگرتن و گوێلێگرتن و ئاشنابونی زیاترە وەك لە کەسانی تری پێگەیشتووتر.

هەربۆیەش یەکێتی گەر دەیەوێت گەنجانی نەوەی نوێ بەلای خۆی و بەرنامەکەیدا کەمەرکێش بکاتەوە، ئەوا پێویستە لەسەری بەبەرنامە و پلانی نوێوە کە سەرچاوەکەی فەراهەمکردنی زیاتری دیموکراسیەت و ئازادیەکان و عەدالەتی کۆمەڵایەتیە لەناوخۆی خۆیدا و دواتر لەناو کۆمەڵگای کوردەواریدا. یەکێتی دەتوانێت زامنی ئایندەی خۆی بکات بەزامنکردنی توێژی گەنجان و کۆکردنەوەی لەدەوری بەرنامەکەی خۆی.بۆیە یەکێتی و گەنجان دوانەی تەواوکەری یەکترن و بەبێ یەکتری پێیان ناکرێت و ناتوانن درێژە بە کاروانی خەبات و داهێنان و دەسکەوتەکان بدەن.

هەربۆیە گەنجان دەسمایەی سەرەتاو کۆتا و سەرەکی و ڕاستەقینەی یەکێتین و ئایندەی یەکێتیش هەر بۆ گەنجانە و هەر بەگەنجانیشەوە درەوشاوە و ڕۆشنتر دەبێت.

**سەرچاوە:**

======


❖ پێگەی ویکیپیدیای عەرەبی لە تۆڕی ئینتەرنێتەوە.

❖ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ/ زمانحاڵی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەزمانی کوردی

❖ ڕۆژنامەی الاتحاد/ زمانحاڵی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە زمانی عەرەبی

---

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری نوێبونەوە ژمارە ١٩ لە حوزەیرانی ٢٠١٣ و لەسایتەکانی خەندان و ستاندارکورد لە ٧/٨ و هاوڵاتی ژمارە ١٠٩٥ لە ٧/١٠ و هەواڵ ژمارە ٥٢٩ لە ٧/١٣ و خەبات ژمارە ٤٣٥٩ لە ٢٠١٣/٧/٩دا بڵاوکراوەتەوە.

١

# یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و هەنگاو بەرەو ئاییندە... *

❖ ( ی ن ک ) هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە لە ساڵی ١٩٧٥ وە بەرچە و ڕێباز و فکرێکی نوێ ڕووە و ئاییندەیەکی نادیار دەستی بەخەباتی سیاسی و چەکداری کرد.و توانی لەماوەی ١٦ ساڵی خەباتی شۆڕش و شاخدا وەك یەکەم حیزبی سیاسی کوردی و کوردستان لەماوەیەکی کەموکورتی مێژوودا بگاتە دەسەڵاتی سیاسی لەبەشێکی کوردستاندا.

❖ کە ئاشکرایە لەکاروانی ئەم خەباتە ١٦ ساڵییەدا چەندان جار ڕووبەڕووی شکست و نسکۆ و کەوتن و زامداربوون و بێهێزی بۆتەوە لە ڕووی سیاسی و عەسکەریشەوە. بەڵام لە ڕووی جەماوەرییەوە هەمیشە دۆست و لایەنگری زۆر و دڵسۆزی هەبووە. هەربۆیەش توانیویەتی لەدوای هەموو نسکۆ و گلانێك بەهێز و تواناو دونیابینیەکی نوێوە هەستێتەوە و جارێکی دی ڕووە و ئاینده بەڵام گەشتر و ڕۆشنتر و گەشبین تر هەنگاو بنێت. و لەسەر بەرنامە و سیاسەتە ڕاست ودروستەکانی خۆی بەردەوام بێت.

❖ گەشبینی ( ی ن ک ) لەماوەی ١٦ ساڵی خەباتی شۆڕشی شاخ کە قۆناغێکی هەستیار و دەستپێك و لاوازی بوو،قۆناغێکی پڕ لە ململانێی سیاسی و چەکداری خوێناوی بوو لەلایەك دژ بە ڕژێمی بەعسی صدامی و لەلایەکی تریش دژ بە ڕژێمەکانی ناوچەکە و لەلای سێیەمیشەوە بەداخەوە لەگەڵ براکاندا.

❖ ( ی ن ک ) هێندەی تر لە بۆتەی خەباتدا قاڵتر و چەسپاوتر و پتەوترکرد وەکو ئەو دارەی لەبەردەم زریان و ڕەشەبادا لاردەبێتەوە بەڵام بەهێزتر و خۆڕاگرتر و ڕەگداکوتاوتر دەبێت.

جاهێزێکی سیاسی ئاوها کە ڕۆژگارە سەختەکانی بڕیبێت بە سەرکەوتووی و توانیبێتی لەهەموو پیلان و بۆسەکانی دوژمنانی دەرەکی و ناوخۆیی خۆی ڕزگاربکات و بگاتە

دەسەڵات و لەدەسەلاتیشدا ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵ خزمەت و ئاوەدانی پێشکەش بکات. بەهەق مافی ئەوەی هەیە کە ببێتە هێزێکی ڕابەر و پێشەنگ بۆ ئایندە و جەماوەریش متمانە و پشتی پێببەستێت وەك چۆن ( ی ن ك ) لە ڕۆژگارە سەختەکاندا فریاد ڕەسی جەماوەر بوو بەبێ جیاوازی بیروڕا و هەڵوێست و بۆچونەکانیانەوە و گیانفیدایی و قوربانی زۆری بەخشی لە پێناو ڕزگاری گەل و نیشتیماندا.ئێستاو لەکاتی ئەم میحنەت و کەوتنە کاتیەی ( ی ن ك ) دا، هەقە جەماوەریش لانی کەمی پشتیوانی و پشتگیری خۆیان بۆ(ی ن ك) دووپاتبکەنەوە . بۆئەوەی ئایندەی نەوەکانیشمان مسۆگەرتر بێت.

٢

## فکر و دنیابینی ( ی ن ك )

❖ ( ی ن ك ) وەك ڕێکخراوێکی نیمچە بەرەیی و فرە مینبەری و کۆکەرەوەی بیروڕا جیاوازەکانی لە ژێر چەتری گەورەی کوردایەتیدا ، هەر لەسەرەتاوە وەك مۆدێلێکی نوێ لە خەباتی شاخ هاتە لەدایکبوون و گەشەکردن ، چونکە ( ی ن ك ) لە ساتی لەدایکبونیەوە بە فکرێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی کوردانە خۆی کردە ڕابەری خەبات و شۆڕشی نوێ لەساڵی ١٩٧٥وە. ( ی ن ك ) بەگوتار و کردار ئەم دروشمە کوردایەتیەی لەسەر زەمینی واقعدا پیادەکرد بەهۆشیارکردنەوەی تاکی کورد لەماف و ئازادییەکان و دیموکراسیەت و کۆمەڵگەی مەدەنی و خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین لەشار و شارۆچکەکاندا وەك هۆکارێکی داواکاری مافەکان و گردبوەنەوەی جەماوەری پانوپۆڕ لەدەوری بەرنامە و سیاسەت و خەباتی کوردایەتی لەو قۆناغە ناسك و هەستیارەی سەرەتادا. و توانی هەست و ئینتیمای نەتەوە و نیشتیمان لە سۆز و هەستەوە بگۆڕێت بۆ بیروکردار و خەبات.

کە ئەمە بۆخۆی هەنگاوێکی گەورەبوو، هەر ئەم وشیاریە سیاسیە وایکرد کە سەرجەم چین و توێژەکان بە بیر و ئایدیای سیاسی جیاوازەوە لەوپەڕی چەپەوە بۆ میانڕە و ڕاستڕەو و ئیسلامیەکانیش تیایدا جێگە و پێگەی شیاوی خۆیان بگرن. و پێکەوە و بەهەمووان خەباتێکی سەخت و دژواری چەکدارانە دەستپێبکەن و ڕووبەڕووی چەندین دوژمنی ناوخۆ و دەرەکی ببنەوە و چەندین کارەسات و مەرگەسات و نسکۆی سیاسی و سەربازی تێبپەڕێنن و لە ئەنجامیشدا سەرکەوتن بەدەستبێنێت.

لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ یشەوە،لەم بەشەی کوردستاندا و دامەزراندنی پەڕلەمان و حکومەتی کوردی و فراوان بوون و ناسینی زیاتری جوگرافیا و دەسەلأت و جەماوەری ( ی ن ك ) توانرا ڕابەرایەتی پرۆسەیەکی سەختتر لە قۆناغی شاخ بکرێت کە ئەویش قۆناغی دەسەلأت و ئیدارە و دەوڵەتمەداری بوو. کە بەهەق ( ی ن ك ) لەگەڵ کەمی ئەزموون و کەمی کادری ئیداری و کەمی توانای دارایی و بودجە و داهات و ..هتد. هەموو قۆناغە سەختەکان ببڕێت و بناغەی دەسەلأتێکی کوردانەی ساغڵەم دابمەزرێنێت.

( ی ن ك ) لەدوای کۆنگرەی یەکەمیەوە لە ساڵی ١٩٩١-١٩٩٢ دا، توانی هەرسێ باڵ و ڕێکخراوەکەی نێوخۆی یەك بخات و هەمووان لە ژێر ناو و دروشم و بەرنامەی ( ی ن ك ) دا یەك بخات و درێژە بەخەبات بدات و ڕێبازی سۆسیاڵ دیموکراتیش وەك ڕێبازێکی نوێی قۆناغەکە پەسەند بکات. سۆسیال دیموکرات وەك ڕچە و ڕێبازێکی چەپی میانڕەو و خاوەن مێژوو و لایەنگرێکی فراوان لە دونیای ڕۆژئاوا و ئەوروپادا.گەلێك دەسکەوت و دەسەلأتیان وەدەستهێناوە. هەربۆیە ( ی ن ك ) لە تێگەیشتنی بۆ ڕۆڵی جیهانی ئەو ڕێبازە و ڕێکخراوەکەشی بەناوی سۆسیال ئینەتەرناسیونالەوە وەك دونیابینیەکی نوێ بۆ قۆناغی ئایندەش لەکوردستاندا.هەوڵ و خەباتی خۆی چڕکردەوە تا ببێتە ئەندام لەو ڕێکخراوەدا و دوای چەندین ساڵ و تێپەڕاندنی لە مپەڕەکان و وەدیهێنانی مەرج و پێوەرەکانی ڕێکخراوەکە لەناوخۆ و دەرەوەی ( ی ن ك ) دا. توانرا ( ی ن ك ) بکرێتە ئەندامێکی کارای ڕێکخراوەکە و نەك هەر ئەوەش بەڵکو سکرتێری گشتیشی ببێتە یەکێك لە جێگرەکانی سەرۆکی ڕێکخراوەکە. و لیژنەیەکی تایبەتیش پێکبێت بۆ مەسەلەی کورد.

بەمەش ( ی ن ك ) توانی کورد و مەسەلەکەی کوردایەتیش وەك بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی بکاتە ئەندام لە ڕێکخراوێکی پان وپۆڕ و بەدەسەلأت لە جیهاندا و بەمەش پشت و پەنایەکی گەورەتر و فراوانتری بۆ کوردایەتی مسۆگەر کرد.

جا هێز و حیزب و ڕێکخراوێکی وەك ( ی ن ك ) کە توانی هاوسەنگی و بەردەوامی لەمان و نەمان و بەرنامە و پەیڕەوی خۆیدا بکات و خۆشی ساز و ئامادە بکات بۆ ئایندەیەکی گەشتر. **ئایا مافی ئەوەی نیە کە لە ئێستادا و جارێکی تریش جەماوەرە دڵسۆزەکەی پشتیوانی و پشتگیری ( ی ن ك ) ی خۆیان بکەنەوە؟ و لەم کاتە تەنگانەیەییدا هاوکاری و یارمەتی بدەن بۆ هەستانەوە و گەشانەوەی سەر لەنوێ.لە پێناو مسۆگەرکردنی ئایندەیەکی گەشتردا بۆ نەوەکانی داهاتوومان.**

٣

## ئازادی ڕادەربڕین و ڕەخنەگرتن لەناو ( ی ن ك )

❖ ( ی ن ك ) هەر لەسەرەتاوە و لە قۆناغی شاخدا دروشمی نان و ئازادی بۆ ڕۆشنبیران و نوسەران و شاعیران بەرزکردۆتەوە و لەسەر زەمینەی واقعیش پیادەی کردوە و هیچ کات ڕەقیب و سانسۆر نەبوە لەسەر هیچ گوتە و کردار و نوسینێك تەنانەت گەر ڕەخنەی توندوتیژیشی تیادا بووبێت بەرامبەر بەرزترین ئاست و ئۆرگان و لێپرسراوەکانیشی.

ئەم نەریتەشی لە پاراستنی ئازادی و فەراهەمکردنی کەشوهەوای تەندروست و ساغڵەم بۆ دەربڕینی بیروڕا و بۆچوونە جیاوازەکان، هۆکارێکی گەشەکردن و پەلوپۆهاویشتنی بیروڕاو بنەماکانی ( ی ن ك ) بوو بۆ ناو دڵ و دەروونی سەرجەم چین و توێژەکان و کۆبونەوەیان لە دەوری بەرنامە و سەرکردەکانی (ی ن ك ).

( ی ن ك ) بەگیانێکی بەرزی وەرزشیانەوە دوور لە دەمارگیری و توندڕەوی هەموو ئەو بیروڕا جیاوازانەی لە ژێر چەترەکەی خۆیدا کۆکردبۆوە.تەنانەت لەدەرەوەی نەتەوەی کوردیش چەندین کەس و ڕێکخراو و پارتی سیاسی عەرەبی و تورکومانی و ئاشور وکلدانیشی داڵدەدابوو و هاوکاریشی دەکردن.لەژێر دەسەڵات و ناوچەکانی خۆیدا ئەوپەڕی ئازادی نواندنی چالاکی سیاسی و سەربازیشی بۆ ڕەخساندبوون.

( ی ن ك ) هاتنە پێشەوە و دەرکەوتنی لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و عێراقیشدا بەو شێوازە مۆدێرن و گیانی یەکدی قبوڵکردنە بوە مۆدێلێکی نوێی حیزبایەتی لەسەردەمی خۆیدا. و بەگژ هەموو سەرەتایەکی تاکڕەوی و تاك حیزبی و تاك سەرکردەیی و تاك فکریدا چوەوە کە لەوەو پێش و لە شۆڕشەکانی ڕابووردودا باویان بوە.وەك حیزبە سیاسیەکانی عەرەب و کورد لە حیزبی شیوعی و پارتی و بەعس و ...هتد.

( ی ن ك ) بەم هەڵوێستەی هەرچەندە کە خۆی هەڵگری بیروباوەڕی چەپ و سۆسیالیستی هەبوو ، بەڵام خۆی دەپاراست لە توندڕەوی و خۆسەپاندن و پیادەکردنی سیاسەتی ئاسن و ئاگر وەك حیزبە شمولی و ستالینیەکان پیادەیان دەکرد. و ڕێگربوون لە ڕەخنەی ئازاد و بیروباوەڕی جیاواز. ئەوەبوو دوای ٨٠ ساڵ تەمەنی حیزبی شیوعی سۆڤیێتی ئەنجام هەڵتەکاندن و هەڵوەشاندنەوەی حیزبی شیوعی و یەکێتی سۆڤیێتی لێکەوتەوە.

( ی ن ك ) لە قۆناغی دەسەلآت و شاریشدا تاك لایەنە و پێکەوەش لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، بەهەمان شێوە بنەماو سەرەتا دیموکراسیەکان و ئازادییەکانی بە شێوەیەکی رەوانتر و رووونتر چەسپاند و چەندین یاسای سەردەمیانەی دەرکرد لە پێناو پاراستنی مافی رۆژنامەنوسان و میدیای ئازاد و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ژنان و یەکسانبونیان لەگەڵ پیاواندا لەماف و ئەرکەکانیاندا.

بەهەمان شێوە زۆنی سەوز ببوە لانکە و جێگەی لەدایکبوونی سەدان رۆژنامە و گۆڤار و تەلەفزیۆن و رادیۆی ئازاد و جێگەی حەوانەوەی سەدان رۆژنامەنوس و نوسەر و رووناکبیری بیر ئازاد کە لەناوچەکانی تری کوردستاندا تەنگیان پێهەڵدەچنرا و راوەدوودەنران و فشاری گرتن و کوشتنیان لەسەر بوو.

زۆنی سەوزی یەکێتی هەمیشە لانکەی دەربڕینی بیرورای جیاواز وناڕەزایی و خۆپیشاندنی جەماوەری بوە. لانکەی سەرهەڵدانی هێزی ئۆپۆزسیۆنی عیلمانی و ئیسلامی بوە. کە زۆر جار لەسەر حسابی جەماوەرەکەی خۆشی بووە.

**ئایا حیزب و رێکخراوێکی ئا بەم شێوەیە دەکرێت ببێتە حیزبێکی پیر و پەکەوتە؟ و ببێتە بەشێك لە مێژوویەکی رەشی رابووردوو؟ یان شایستەی ئەوەیە کە ببێتە جێگەی شانازی هەموان و هەموانیش پشتیوان و پشتگیری لێبکەن و بەرەو ئایندە پێکەوە هەنگاو بنێن. و دوارۆشیشیان مسۆگەر و گەشاوەتر بکەن وەك رابووردوویان.**

٤

## ( ی ن ك ) و رێبازی سۆسیال دیموکرات

❖ ( ی ن ك ) هەمیشە و هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە، باوەڕی بە بەکارهێنانی چەك و توندوتیژی و شۆڕشی چەکداری نەبوە. گەر بارودۆخ و کەشوهەوا سیاسیەکەی ئەو کاتە رێگە خۆشکەر بونایە بۆ کاری سیاسی و جەماوەری و پەرلەمانی.

بەڵگەش بۆ ئەوە کاتێك ( ی ن ك ) لە ١٩٧٥/٦/١دا دامەزرا و راگەیەندرا لە سوریا، دوای ئەو بە یەك ساڵی رێك و لە ١٩٧٦/٦/١دا شۆڕشی چەکداری بەناچاری هەڵایساند. لەگەڵ ئەوەشدا ( ی ن ك ) هەمیشە لایەنگری میانڕەوی و کاری پێکەوەیی و چەسپاندنی عەدالەتی کۆمەلآیەتی بووە لەو ناوچانەی کە تیایدا بالآدەستبووە. و لە پێشەنگیشدا هەمیشە هەوڵی چەسپاندنی ئازادی و دیموکراسی داوە و لایەنگری خۆبەڕێوەبردن و

کاری دەستەجەمعی بوە لەناوخۆی ( ی ن ك ) دا کە لە ٣ باڵی جیاوازیش پێکهاتوە و لەدەرەوەش لایەنگری هەڵبژاردنی نوێنەران و ئەنجومەنی گوندەکان بوە و بۆ چەسپاندنی عەدالەتیش هەمیشە لە هەوڵی کەمکردنەوە و سڕینەوە و نەهێشتنی جیاوازیە چینایەتیەکاندا بووە.
ئاشکرایە کۆمەڵگای کوردەواری ئەوکات و ئێستاش کۆمەڵگایەکی فرە چین و توێژ و فرە نەتەوە و مەزهەب و ئاینە. جا کۆمەڵگایەکی ئاوها کە لە فسێفسایەکی ڕەنگا و ڕەنگ دەچێت، بە دڵنیایی هیچ حیزبێکی سیاسی نەتەوەیی یان ئاینی یان مەزهەبی تاك و تەنها، ناتوانێت ببێتە نمایندەی هەموان و پانوپۆڕی گشتگیر کە هەموان لەدەوری خۆی کۆ بکاتەوە و تەنها دەبێتە نمایندەی بەشێك یان ئاین و مەزهەبێك و ناوچەیەکی دیاریکراو و قەتیسکراو،و ناتوانێت ڕاستگۆیانەش دەربڕی هەموو خواست و داواکاری و ویستەکانی هەموانیشیان بێت.
هەربۆیە ( ی ن ك ) ئەم ڕاستیەی کۆمەڵگای لەبەرچاو گرتبوو، و خۆشی لە ٣ باڵی جیاواز لە فکر و بیر و بۆچوندا کۆکردبۆوە و هەرئەوەش وایکرد کە هەموان لە ژێر چەترەکەیدا خۆیان ڕێکبخەن و خەباتی خۆیان جۆشبدەن و لەماوەیەکی کەمی ١٦ ساڵیدا ( ی ن ك ) بگەیەننە سەرکەوتن و دەسەلآت و قۆناغی شاخ و شۆڕش بگەیەننە دوا مەنزڵ . سەرەڕای جیاوازی فکر و ڕێباز و میکانیزمی خەباتەکەیان.
لەدوای بەستنی کۆنگەرەی یەکەمیشەوە لە ساڵی ١٩٩١وە ( ی ن ك ) بەڕەسمی ڕێبازی سۆسیال دیموکراتی بۆ خۆی کردە شاڕێگای خەبات. چونکە ئەم ڕێبازە لەگەڵ ڕۆحی سەردەمە نوێکەدا دەگونجا و لەگەڵ پانوپۆڕی و فراوانبونی دەسەلآتی ( ی ن ك )دا وێکدەهاتەوە و گۆڕەپانە سیاسیەکەش زۆر جیاواز بوو لەسەردەمی شاخی توندوتیژی و خوێناوی کەلەگەڵ ڕۆح و سروشتی شاخاوی و ساردو سەرماو ناوەڕۆکی بیروباوەڕی سۆسیال دیموکراتدا نەدەگونجان.
ئەم کەشوهەوایەی دوای ڕاپەڕین و گرتنە دەستی دەسەلآت گونجاوتر بوو بۆ ( ی ن ك ) کە بنەماو سەرەتاکانی فکر و ئایدیا و دونیابینیەکەی خۆشی لەسەر زەمینە و واقیعدا پیادە بکات.بۆخۆشی ڕێبازی سۆسیال دیموکرات لەدوای ساڵی ١٩٩١وە و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێتی جاران و ڕووخاندنی دیواری بەرلین و هەڵوەشاندنەوەی بلۆکی سۆسیالیستی و هاتنە ئارای نەزمێکی نوێی جیهانی و جیهانگەرایی بوە مۆدێلێکی

سیاسی سەردەم لە ئەوروپاو ئەمریکادا.ئەم هەڵچون و گەشەکردن و تۆخبونەوەی ئەم ڕێبازەش لەئەنجامی ئەوەدا بوو کە لەسەر بنەماکانی کاری پێکەوەیی و دیموکراسی و ئازادی و عەدالەتی کۆمەلآیەتی دروستببوو.کە وەلآمدەرەوەیەکی ڕاست و دروستی خواست و ویستەکانی جەماوەر بوون.

لە ئەنجامیشدا هەژمونی خۆی سەپاندە سەر حیزبەکان بەگەورە و بچوکەوە و هەریەکە کەوتە خۆ بۆ گۆڕانکاری و چاکسازی لەبەرنامە و ئایدیای خۆیدا و خۆگونجاندنی لەگەڵ ئەم نەزمە نوێیەی جیهاندا.

( ی ن ك ) یش وەك حیزبێکی زیندوو و هەمیشە پێشەنگ و ڕابەر و داهێنەر، یەکەم حیزبی سیاسی بەدەسەلآتی کوردی بوو کە خۆی لەگەڵ ئەم ڕێباز و باهۆزە دیموکراسیەدا گونجاند و توانیشی پلەو و پۆست و جێگە و پێگەی شیاوی خۆی بگرێت لەناو ڕێکخراوی سۆسیال ئەنتەرناسیونالدا و ببێتە ئەندامی کارا و سکرتێرەکەشی ببێتە یەکێك لە جێگرەکانی سەرۆکەکەی.

**جا حیزبێکی ئاوهای خاوەن دووربینی و دونیا بینی فراوان و ئایندەیی وەك ( ی ن ك ) کە بتوانێت لە هەموو قۆناغ و سەردەمەکاندا خۆی لەگەڵ گۆڕانکاری و گیانی سەردەم و پێشهاتەکاندا بگونجێنێت و هەوڵ بدات دوانەکەوێت لە کاروانی پێشکەوتن و خەبات و گەشە سەندنەکاندا. ئایا شایستەی ئەوە نیە کە لە ئێستاشدا هەموان پشتیوانی لێبکەین و بەهەمان شێوەی ڕابووردوو بیکەینەوە پێشەنگ و ڕابەر بەرەو ئایندەیەکی گەشتر و ڕوونتر ڕابەرایەتیمان بکات ؟**

٥

## ( ی ن ك ) لەدەسەلآتدا ......

❖ ( ی ن ك ) وەك یەکەم ڕێکخراو و حیزبی سیاسی ئەم بەشەی کوردستان لە تەمەنێکی کەمی ١٦ساڵیدا دوای خەباتێکی خوێناوی شاخ دژی ڕژێم ڕەفتار فاشی بەغداد توانی بگاتە دەسەلآتی سیاسی و لە ئەنجامی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دیموکراسیدا لە ١٩٩٢/٥/١٩دا توانی ٥٠٪ ی دەنگی دەنگدەرانی کوردستان بۆ خۆی مسۆگەر بکات و لە ١٩٩٢/٧/٤داشدا توانی حکومەتێکی هاوبەش لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا دابمەزرێنێت.

بەداخەوە کە شەڕی نەگریسی ناوخۆ ڕێگەینەدا کە حکومەتێکی یەکگرتووی بەهێز لەکوردستاندا بەردەوام بێت کە بتوانێت خزمەت بەسەرتاسەری کوردستان بکات. دوای ئەو قۆناغە و دووکەرتبوونی جوگرافیای دەسەلاَت و حکومەت لەنێوان زۆنی سەوز و زەرددا. لەگەڵ ئەو بارودۆخە ناهەموار و نەویستراوەشدا، ( ی ن ك ) حکومەتێکی لەزۆنی سەوزدا دامەزراندەوە و توانی تا ساڵی ٢٠٠٦ کە حکومەتی یەکگرتوو پێکهێنرایەوە و ئیدارەیەکی تاڕادەیەك سەرکەوتوو لە زۆنی سەوزدا بەڕێوەببات و گەلێك پرۆژەی گەورە و گرنگ جێبەجێبکات لەسەرجەم بوارەکانی ئاوەدانکردنەوە و ڕێگاوبان و تەندروستی و پەروەردە و پیشاسازی و نەوت و ..هتد.سەرەڕای نەبوونی داهاتی پێویست و گەمارۆ ئابوریە چەند قۆڵییەکان و مەترسی و هەڕەشەی تیرۆر و تیرۆریستان و دەرودراوسێکانیش.

( ی ن ك ) توانی ئەزمونێکی سەرکەوتوو وێنەیەکی جوانی دەوڵەتمەداری پێشکەش بکات، سەرەڕای نەبونی کادری شارەزا و پێویست لەسەرجەم بوارەکاندا.

( ی ن ك ) لە دەسەلاَتدا خاوەنی گەلێك بیرۆکە و پرۆژەی گەورەو ستراتیژیە، وەك دامەزراندنەوەی زانکۆی سلێمانی، هەڵدانەوەی بیرە نەوتەکانی شیواشۆك و دروستکردنی پالاَوگەیەکی نەوتی کوردی بۆ یەکەم جار هەرچەندە سادە و ساکار بوو بەلاَم بۆ ئەو ڕۆژگارە دەسکەوتێکی مەزن بوو و لێدانی تونێل و پردی گەورەو بچوك ، کردنەوەی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی و ڕاکێشانی هێڵی دووەمی ئاوی دوکان–سلێمانی. گەیاندن و بەستنەوەی هێڵی کارەبای دەربەندیخان –سلێمانی –دوکان بەیەکەوەو.دروستکردنی چەندین پارك و جێگەی گەشتوگوزاری و هاندانی وەبەرهێنانی دەرەکی و ناوەکی بۆ وەگەڕخستنی سەرمایەکانیان لەم زۆنەدا و لە کوردستاندا.دامەزراندن و وەگەڕخستنەوەی چەندین کارگەی چیمەنتۆ و ئاسنتوانەوە و دامەزراندنی تۆڕی پەیوەندی مۆبایل و ئەنتەرنێت بەهاوکاری کەرتی تایبەت.

( ی ن ك ) چ لە کوردستان و چ لە عێراقیشدا لەناو حکومەت و پەرلەمانیشدا هەمیشە هەوڵی داوە کە بەتواناترین کادرەکانی کاندید بکات بۆ پۆستە گشتی و حکومیەکان بۆ ئەوەی بتوانێت باشترین و جوانترین و سەرکەوتووترین خزمەت پێشکەش بکەن.هەر لە جەنابی مام جەلال وەك سەرۆك کۆماری عێراق تا وەزیر و ئەندام پەرلەمان و سەرجەم پۆستەکانی تریش.هەر بەم هەڵوێست و سیاسەتە ڕاست ودروستانەی ( ی ن ك ) و

سکرتێرەکەی بونە جێگە متمانەی سەرجەم لایەنە سیاسیەکانی عێراق بە سونە و شیعە و تورکومان و ئاشوری کلدان و ...هتد.
بەشێوەیەك کە بەڕێز مام جەلال وەك سەرۆك کۆماری عێراق بەدرێژایی مێژووی دەوڵەتی عێراق لەساڵی ١٩٢١وە لەنێو سەرجەم پادشاو سەرۆك کۆمارەکاندا هیچیان بە وێنەی مام جەلال خۆشەویست و پەسەندکراو نەبون لەلایەن هەموانەوە.
( ی ن ك ) و مام جەلال ببونە خاڵی کۆکەرەوەی لایەنە ناکۆکەکانی عێراق و لەسەر ئاستی ناوچەکە و دونیاش ڕێز و قورسایی بەرچاو و حساب بۆکراویان هەبوو.
( ی ن ك ) و سکرتێرەکەی نمونەیەکی جوان و سەرکەوتوو وخاکی دەوڵەتمەداریان پێشکەش بە گەلانی عێراق کرد کە بەدرێژایی مێژووی دەوڵەتی عێراق بەخۆوەی نەبینبوون. هەربۆیە لەماوەی ساڵی ڕابووردووی نەخۆشکەوتنی مام جەلال و غائیبوونی لەسەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق و کوردستان و ناوچەکەش، کێشە و ناکۆکییەکان تەقینەوە و هیچ دوولایەنێك ناتوانن پێکەوە کۆببنەوە.بەم شێوەیە (ی ن ك ) و مام جەلال ببونە (( صمام الامان )) ی عێراق و کوردستانیش.
( ی ن ك ) هەروەك چۆن لە زەمانی شاخ و شۆڕشدا حیزبێکی خاکی و خزمەتگوزار و پڕ دەسکەوت بوو بۆ کۆمەلآنی خەڵکی کوردستان بەهەمان شێوەش لە دەسەلآتدا هەروا مایەوە، گەرچی هەندێ نمونەی کەسانی هەلپەرست و گەندەڵ وێنا گەورە و گەشەکەی ( ی ن ك )یان لێرەو لەوێ تەڵخ و ناشیرین کردووە.
**جا حیزبێك هێندە سادە و خزمەتگوزار و خۆشەویستبێت لەناو جەماوەرەکەی خۆی و دەوروجیرانیدا و خاوەن سەرکردە و کەسایەتی و کاریزمایەکی وەك بەڕێز مام جەلال بێت، چۆن دەکرێت تەنها بە ڕابووردووییەوە شانازی بکات و واز لە ئێستا و ئایندە بهێنێت. هەربۆیە بەدڵنیاییەوە ( ی ن ك ) لەم کێشە و ململانێ ناوخۆییانەی ڕزگاری دەبێت و سەربەرزانە هە نگاو بەرەو ئایندەیەکی گەشتر دەنێت.**
**( ی ن ك ) لە ئێستادا و دوای زیاد لە ٢٠ ساڵ ئەزمونی حوکمداری سەرەڕای هەڵە و کەموکوڕی لێرە و لەوێ هێشتا هێندە پێزی پێوەماوە کە متمانەی جەماوەرەکەی وەربگرێتەوە و درێژە بە کاروانی خەبات و خزمەتگوزاریەکانی بدات.و هەنگاوی چەسپاو و پڕ متمانە بەرەو ئایندەیەکی گەشتر هەڵبنێت و خۆشی و جەماوەکەشی و دەسەلآتەکەشی بەرەو ئایندەیەکی ڕوونتر بەرێت.کە هەر ئەوەشی لێچاوەڕوان دەکرێت.**

٦

## ( ی ن ك ) و دیاردەی تیرۆر

❖ ( ی ن ك ) وەك ڕێکخراوێکی سیاسی خاوەن پرەنسیپ و بنەما مەدەنی و ئاشتیخواز و پاراستنی مافەکانی سەرجەم تاکەکانی مرۆڤ و ژنان و کۆمەڵگا و پارێزەری بەها و ڕەوشت و ئەدگارە کۆمەڵایەتی و کوردەواری و ئیسلامیە ڕەسەن و بەرز و پیرۆزەکانی کۆمەڵگای کوردەواری، هەمیشە خۆی پاراستووە لە بەکارهێنانی هۆکارەکانی توندوتیژی و زبر لە ناوخۆی خۆیدا دواتر لەناو کۆمەڵگا و تەنانەت لەگەڵ دوژمنانیشیدا.

( ی ن ك ) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشە و ململانێ سیاسیەکان لەگەڵ براکان لە شاخ و تەنانەت لەگەڵ دوژمنان و ڕژێمی بەعسیشدا زۆرجاران پەنای بردۆتە بەر دایەلۆگ و دانوسان و پەیوەندی دۆستانەوە. هەرئەم هەڵوێستە ئاشتیخوازانەی ( ی ن ك ) بوو کە بوە هەوێنی دروستبوونی ((بەرەی یەکگرتووی کوردستانی)) لەساڵی ١٩٨٧–١٩٨٨دا لەنێوان براو لایەنە سیاسیە ناکۆکەکانی ئەو کاتەی قۆناغی شاخ.

( ی ن ك ) زۆرباش دەیزانی بەکارهێنانی توندوتیژی و تیرۆر و تۆقاندن ، تەنها خوێن و فرمێسکی بێتاوانانی لێدەکەوێتەوە و لە ئامانجە ڕاستەقینەکەش دووری دەخاتەوە و لەناو کۆمەڵگا و جەماوەریشدا دزێو و ناشیرین و دوور کەوتنەوەی لێ سەوز دەبێت.

بەڵام لە بەرامبەردا دوژمنانی کورد لەلایەن ڕژێم و دامودەزگا جاسوسی و هەواڵگرییەکانیانەوە چەندین سەرکردە و تێکۆشەر و لێپرسراوی سیاسی و پێشمەرگانەی ( ی ن ك ) و کوردیان غافڵگیرانە شەهید و تیرۆر کردووە.

بەداخەوە دیاردەی تیرۆر لەدوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمان لە ساڵی ١٩٩١ و هاتنەکایەی نەزمی نوێی جیهانی و باڵادەستبوونی ئەمریکا لەجیهاندا و هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤێتی جاران بوە دیاردەیەکی گشتگیری جیهانی لەسەر دەستی بەناو موجاهید و سەلەفی و توندڕەوە ئیسلامیەکانەوە و بونە هەڕەشە و مەترسیەکی جدی بۆ سەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەهەموو جیهاندا و جیهانیان لەدوای بلۆکی سەرمایەداری و سۆسیالیستی کردە دوو بەرەی تیرۆر و تیرۆریستان و بەرەی دژە تیرۆر.

تیرۆریستان توانیان مەرام و پیلانە دژ بە مرۆڤانەکانیان بگەیەننە ترۆپکی لە ١١ سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠١دا لە ئەمریکا و تەقاندنەوە و تیرۆرکردن چەندین باڵەخانە و

کەسایەتی، لەلایەن ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی ئوسامە بن لادن و ڕژێمی کۆنەپارێز و سەلەفی تاڵیبان لە ئەفغانستان بەشێوەیەك ئەم دیاردەیە تۆقێنەر و هەڕەشە ئامێز بوو کە ئارامی و ئاسایشی هەموو جیهانی بە گەورە و بچوکەوە تێکدابوو.

بەدڵنیاییش کوردستان و هەرێمە ئارام و سەربەخۆکەی خۆمانیش بەدەرنەبوو لەو ترس و تۆقاندنە. ئەوەبوو لەلایەن گروپە توندڕەوەکانی جوندلئیسلامەوە بە پیلانی دەرودراوسێ شەڕی دژی دەسەڵاتە خۆماڵییەکەی کورد بەگشتی و ( ی ن ك ) یان بە تایبەتی ڕاگەیاند و ناوچەی هەورامانیان کردبوە مۆڵگە و جێگەی ڕاگەیاندنی ئیمارەتی ئیسلامی و بەجدیش و لەسەر زەمینەی واقیع و لەو ناوچانەدا سیاسەتێکی توندوتیژ و بێڕێزی بەهەموو بەها و سیما پیرۆزەکانی ناوچەکە و کۆمەڵگایان پیادە دەکرد و گەرەکیان بوو کە کوردستانیش بگێڕنەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاستی دواکەوتوو، هەموو ئەو دەسکەوتانەی کە وەدەستیش هاتبوون لەناو ببەن.

بەلاّم هەر زوو ( ی ن ك ) لە مەرام و پیلانەکانیان تێگەیشت و کەوتە خۆ بۆ لەناوبردن و دەرپەڕاندنیان لە کوردستان و ناوچەکە. خۆشبەختانە ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی صدامی لە ساڵی ٢٠٠٣ و هاوکاری ئەمریکا و هاوپەیمانەکان هێندەی تر مەرگی تیرۆریستانی لە کوردستاندا نزیك کردەوە.

**( ی ن ك ) لەو پێناوەدا چەندین سەرکردە و کادر و پێشمەرگەی خۆی کردە قوربانی لە پێناو پاراستنی ئەمن و ئاسایشی هاولاّتیان و دەسەلاّت و کوردستان. سەروەری یاسا و ئازادی و دیموکراسیەت. جا حیزبێك بۆخۆی دژی دیاردەی تیرۆر وتیرۆریستان بوبێت چۆن ڕەوایە و لۆژیکە کە لە ئێستادا لەلایەن سەرکردەکانیەوە تیرۆر پیادە بکەن بەرامبەر هاولاّتیانی خۆیان؟!**

**ڕێکخراوێك هەڵقولاّوی هەناویی ڕەوشت و ئاکاری کوردانەی دڵفراوانی و پشوودرێژی وگیانی لێبوردەیی بێت لە ڕابووردوودا، چۆن بڕوا دەکرێت بۆ ئێستا و ئاینده پەنا بباتە بەر دیاردەی تیرۆر و تۆقاندن و خۆسەپاندنی زۆرەملیّ؟!**

**کەواتە تەنها ( ی ن ك ) کە هەڵگری هەموو ئەو بنەما جوان و مرۆڤانە بێت، شیاوە کە ببێتە جێگە متمانە و دڵنیایی سەرجەم کۆمەڵگا و هەموانیش پاڵپشت و پشتگیری بکەن بۆ هەستانەوە و هەنگاونان بەرەو ئاییندەیەکی گەشتر و ئاسۆ ڕوونتر.**

٧

## ( ی ن ك ) و دیاردەی تەکەتول

❖ ( ی ن ك ) هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە لەسەر بنەمای کاری پێکەوەیی و فرەمینبەری و ڕای جیاواز دامەزراوە. و پلاتفۆڕمێکی لە ٣ باڵی جیاواز لە فکر و میکانیزمی خەباتدا لە چوارچێوەی خۆیدا کۆکردبۆوە. بەمەبەستی ئەوەی کە زیاترین و زۆرترین تاکی کۆمەڵگا لە چوار دەوری خۆی کۆبکاتەوە و هەموو هێز و تواناکان پێکەوە سەرەنێزەی خەباتیان ئاڕاستەی دوژمن و داگیرکەری کوردستان بکەن.ئەم کارە بۆخۆی مۆدیلێکی نوێ بوو لە خەباتی کوردایەتیدا بۆ ئەو سەردەمە.

بەڵام بەداخەوە هەرزوو لەبەر ململانێی ناوخۆیی و ناکۆکی و نەگونجاندنی هەندێ لە سەرانی ئەو باڵانە، یەکەم جیابونەوەیان لەناو ( ی ن ك ) دا دەستپێکرد و داهێنا لەساڵی ١٩٧٧دا و دواتر چەندین پڕۆسەی جیابونەوەی تری بەدواداهات و لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابووردوشدا هەوڵێکی گەورەتر و مەترسیدارتر درا بۆ جیابونەوە لە ( ی ن ك ) بەڵام خۆشبەختانە سەرینەگرت.

لە چانسی کورد و ( ی ن ك ) و بەدەستپێشخەری ( ی ن ك )خۆشی پڕۆسەیەکی ئاشتەوایی لەنێوان هەموو لایەنەکانی کوردستانیدا لە شاخ دەستیپێکرد و بە واژۆکردنی ڕێککەوتنێك کۆتایی هات کە بەرەی یەکگرتووی کوردستانی لێکەوتەوە. ئەم ڕووداو و هەنگاوە بەرەو یەکگرتنەوەی هەموو هێزە سیاسیەکان دڵخۆشکەر بوو و ڕێگە خۆشکەریش بوو بۆ ئەوەی لە ئایندەدا پڕۆسەی یەکگرتنەوە لە نێوان باڵ و بیروڕا جیاوازەکاندا ڕوویدات، ئەوەبوو دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ و هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ساڵی ١٩٩٣دا پڕۆسەیەکی ئاشتەوایی و یەکگرتنەوە دەستیپێکرد و ( ی ن ك ) لەو پڕۆسەیەدا گەلێك باڵ و گروپی نزیك لەخۆی لە خۆگرتەوە.

بەڵام لەبەرئەوەی ( ی ن ك ) ماکی بیروڕای جیاواز و شێوازی کارکردنی جیاوازی لەگەڵ لەدایکبونیدا هەڵگرتبوو، وە ڕاهاتبوو لەسەر ململانێ ناوخۆییەکانی، نەیتوانی خۆی ڕزگار بکات لەو دەردە کوشندەیە و هەموو ئەو پڕۆسەی یەکگرتنەوانە نەبونە هۆی خاوبونەوە و لەبیرکردنی ناکۆکیەکانی ڕابووردوو، بەداخەوە و بە پێچەوانەشەوە جارێکی تر بونە هۆی گەرموگوڕترکردن و توندترکردنی کێشە و ململانێکان و ئەم جارەشیان توندتر لەجاران و بەکۆنە قینکردن سیاسەت و بڕیارەکان دەردەچوون و دادەڕێژران و هەریەکە هەوڵی بچووکردنەوەی بەرامبەر و سەرخستنی باڵەکەی خۆی دەدا.

ئەوەبوو لە ساڵی ٢٠٠٤دا و بۆ جارێکی تریش و بەناوی باڵی ڕیفۆرم و گۆڕان و چاکسازیەوە، بەشێکی گەورە و کاریگەر لە سەرکردە و کادر و ئەندامانی ( ی ن ک ) جیابونەوە و بزوتنەوەی گۆڕانیان پێکەوەنا.

ئەم جیابونەوەیە لە ( ی ن ک ) لەهەموو جیابونەوەکانی پێشووتر کاریگەرتر و مەترسیدار تربوو ، چونکە لەسەردەمی دەسەلاَت و فراوانبوونی جوگرافیای هێز و نفوز و دەسەلاَتی ناوشارەکانی کوردستانی ( ی ن ک )دا بوو، سەردەمەکە تەواو جیاوازی هەبوو لە سەردەمی شاخ و شۆڕش چونکە ئەو کات جوگرافیایەکی تەسك و میدیایەکی بچوك و نەبینراو هەبوو کە گۆڕانکاریەکان و جیابونەوەکان هێندە کاریگەرییان لەسەر جەماوەر و پێگەی ( ی ن ک ) نەدەکرد و ئەو کاتیش ( ی ن ک ) گەنج و بەتوانا و هێز و سەرکردایەتیەکی یەکگرتوو و جەماوەرێکی دڵسۆز و وشیاری هەبوو نەك وەك ئێستاکە کە تەمەنی هەڵکشاوە و توانای بەرگەگرتنی ئەو هەموو جیابونەوانە و لێدان و کەوتنانە ناگرێت بەتایبەتیش لە غیابی هەڤاڵ مام جەلالدا.

بەداخەوە هەموو هۆکاری نەخۆشی و بچوکبونەوە و جیابونەوەکانی ناو ( ی ن ك ) تەنها سەرکردەکانن نەك لایەنگر و جەماوەر و بنکەی ڕێکخستن و هێزی پێشمەرگە،ئەم جیابونەیەوە گورزێکی کاریگەری لە لاشە و تواناو پێگەی ( ی ن ك ) دا لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و ناوچەکەش و لە ژمارەی دەنگدەر و کورسی پەرلەمانی کەمکردەوە و کردیە هێزی سێیەمی کوردستان.

بەداخەوە دیاردەی تەکەتولی ناڕەوا لەناو ( ی ن ک ) دا بۆتە سیمایەکی دیار و زۆرجارانیش قێزەون، چونکە ئەم دیاردە ناڕەوایە زۆرجاران سەری کێشاوە بۆ تەخوینکردنی یەکتری و هەوڵی بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی.

ئاشکرایە لە بنەمادا تەکەتولکردن بەشێوە ڕاست و دروست و ساغڵەمەکەی بریتیە لە یەکگرتن و پێکەوەکارکردنی گروپێك یان چەند گروپێك لەسەر هەندێ خاڵی هاوبەش و بەرژەوەندی هاوبەشی چین و توێژەکانی ناو حیزبێك و کاردەکەن لە چوارچێوەی سیاسەتە گشتیەکانی حیزبەکەیاندا بەمەبەستی زیاتر گەشەکردن و پێشخستنی حیزبەکەیان.نەکە وەك ئەو تەکەتولانەی ئێستای ناو ( ی ن ك ) کە هەموانیان لە پێناو بەرژەوەندی کەسی و کورسی و پلەو پۆستی زیاتردان و هیچکامیان بەداخەوە بیر لە

بەرژەوەندی و سەروەری و ئایندەی ( ی ن ک ) ناکەنەوە.و بەتەنگ ڕابوردوو مێژووە پڕ لە شانازیەکەی نایەنەوە.

هەر ئەم دیاردەی تەکەتولە ناڕەوایەیە کە لە ئێستادا بۆتە هۆی ئەوەی هەمووان بە سەرکردە و ڕێکخستن و پێشمەرگەوە لە دڵەڕاوکێدا بژین و دەستیان لەسەر دڵیان بێت کە کێشەکان بە هەڵوەشاندنەوە و جیابونەوەی زیاتری ( ی ن ک ) تەواو نەبێت و ( ی ن ک ) نەبێتە قوربانی بەرژەوەندی و داواکاریە کەسیەکان.و هەمووان دەترسن لەوەی کە ( ی ن ک ) ببێتە بەشێکی ڕەشی مێژووی خەباتی کوردەواری و هەموو دەسکەوت و وێنا جوانەکانی ڕابوودرووی تەڵخ و لیخن و لێڵ ببێت لەبەردەم دۆست و دوژمنانیدا.

بەڵام خۆشبەختانە و لەناو تاریکی و گێژاوی ئەو ململانێیەدا ژمارەیەك کە کەمیش نین لە سەردکردایەتی و هەموو ئۆرگانەکانی ( ی ن ك )دا هەن کە بە پەرۆش و بەگیانێکی پڕ لێپرسراوێتیەوە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکاندا دەکەن و هەوڵی چارەسەر و پاراستنی یەکڕیزی ( ی ن ك ) دەدەن کە هەر ئەم هەوڵە دڵسۆز و کەسە بەوەفایانەن کە تروسکایی ئومێد دەبەخشنەوە بە هەموان و بە چارەنوسی (ی ن ك ) و هانی هەموانمان دەدات کە یەکڕیزی (ی ن ك )بپارێزین و بە یەك و یەکگرتوویی بمێنینەوە و گەشبینیش بین بە دواڕۆژ و هەنگاوی بوێرانە و چەسپاوتر بنێین بەرەو ئاینده و ( ی ن ك ) ڕزگار بکەین لەو ململانێ ناڕەوایە و ئەم هەوڵە دڵسۆزانەیەش ببێتە ئیلهام بەخش بۆ کار و خەباتی ئایندەمان و جارێکی تر ( ی ن ك ) بکەینەوە بە حیزبی ڕابەر و دەستپێشخەر و داهێنەر و بەرەو ئایندەیەکی گەشتر و ڕوونتر هەموان و پێکەوە هەنگاو بنێین.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی پی یو کەی میدیا و ناوەندی دەرەوە لە ١٣ و١٥/٢/٢٠١٤ و هەواڵ ژمارەکانی ٥٥٨ و ٥٥٩ لە ٢٢ /٢ و ١/٣/٢٠١٤دا بڵاوکراوەتەوە.

# یەکێتی نیشتیمانی کوردستان

# لەکوێی ئەم بارودۆخە سیاسیە ناجێگیرەی عێراق و کوردستاندایە؟*

❖ لە ئێستادا عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی بە بارودۆخێکی سیاسی و ئابوری و ئەمنی ناجێگیردا گوزەر دەکەن، کە هەموانی توشی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی کردووە. و شڵەژان بە بڕیار و لێدوان و بیربۆچونەکانەوە دیارن.کە بەداخەوە هێندەی لە بەرژەوەندی سەرکردە و حیزب و دەسکەوتی سیاسی و هەلبژاردندان نیو هێندە لەبەرژەوەندی گشتی هاوڵاتیاندا نین.

هەرئەمەش وایکردوە کە زۆرینەی جەماوەر لە کوردستان و ناوەڕاست و باشوری عێراقیش لە کەمینەی دەسەڵاتداران توڕە و زویر و نیگەران بن و داوای گۆڕانکاری و چاکسازی دەکەن.داوای ژیان و گوزەرانێکی پڕ شکۆ و شایستە بە مرۆڤ دەکەن.

ئەرێ ئەوە چ بیانویەکە دوای ١١ ساڵ ڕزگارکردنی عێراق و دوای ٢٣ ساڵ ڕزگارکردنی کوردستان کە حکومەت نەتوانێت لانی کەمی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان دابین بکات کە بریتیە لە پێدانی موچەی مانگانەیان.ئەرێ ئەوە چ حکومەتێکی میللیە کە نەتوانێت کێشە سیاسیەکان جودا بکاتەوە لە قوت و نانی خەڵکی هەژار و کەمدەرامەتەکان.و میلەتێك سزا بدات لە سەر سیاسەتی هەڵەی حکومەتەکەی .

❖ لە عێراقدا مالکی و حیزبەکە بونەتە تاکڕەوی دەسەڵات و تەنانەت حساب بۆ شیعە هاومەزهەبەکان و هاوپەیمانەکانی خۆشیان ناکەن و تەنها و تەنها لە بەرژەوەندی حیزب و سەرکردەکەی خۆیان سیاسەت و پلان دادەنێن، و گوێنادەنە زۆرینەی جەماوەر و هاوڵاتیان.هەربۆیەش بارودۆخێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئەمنی بارگاوی و تەشەنوجبوو هاتۆتەکایەوە کە هیچ کەس و لایەن و سەرکردەیەك و هاوڵاتیەك هەست بە ئەمن و ئاسایش و پارێزراوی سەرو سامانی خۆی ناکات.

❖ لەکوردستانیشدا بەهەمان شێوە لایەنێکی باڵادەستی ناو حکومەتی هەرێمی کوردستان دوور لە بنەماکانی کاری پێکەوەی و شەراکەت و هاوپەیمان و دوور لە پاراستنی مافەکانی میللی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هەموو جومگەکانی حوکم و دەسەڵاتی لەیەك سەرکردە و یەك حیزبدا کۆکردۆتەوە و هەموو دەوڵەتمەداری لە کوردستاندا بە کەسی (( شخصنە)) کردوە و خۆی لێبۆتە پاڵەوانی گۆڕەپانەکە بەوەی لە هەڵبژاردنی ٢١/ ٩دا زۆرینەی دەنگ و کورسیەکانی پەرلەمانی بەدەستهێناوە و بەشێوەیەکی تاکە حیزب مامەڵە لەگەڵ هەموو مەسەلە چارەنوسسازەکاندا دەکات بەبێ گەڕانەوە بۆ هاوپەیمان و پارتە سیاسیەکان و خۆی بەخاوەنی گەل و خاکی کوردستان

دەزانێت و مامەڵەی تالانفرۆشی پێوەدەکات بەبێ ئەوەی هیچ کەس و لایەنێکیش لەداهات و خەرجی ولات بە ئاگا بێت و پرس و ڕایان پێبکات.هەرئەمەشە وایکردوە کە بارودۆخێکی سیاسی و بێ پەرلەمانی و بێ حکومەتی و ناجێگیری ئابوری و دەروونی و ئەمنی ڕوویکردۆتە کوردستان و ژیان و گوزەرانی لە تاك بەتاکی خەڵکی تێکداوە.هەر ئەو لایەنە بەرپرسیاریشە لە نەمانی پارەی بانکەکان و نەدانی موچەی فەرمانبەران و کێشە و تەنگژە دروستکردن لە گەڵ بەغداد و ...هتد.

❖ **جالێرەدا پرسیار ئەوەیە ئەرێ ڕۆڵی یەکێتی لەکوێی ئەم بارودۆخە ناجێگیرە سیاسیەی کوردستان و عێراقدایە؟**

بەداخەوە غیابی بەڕێز مام جەلال و ڕۆڵ و کاریگەری لەسەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق و کوردستان بۆتە هۆکاری سەرەکی ئەم بارودخە ، وەك سەرۆك کۆمارێکی کۆکەرەوەی هەموو جیاواز و دژەکان و پارێزەری سەروەری و دەستوری عێراق ونبونی مام جەلال بۆشاییەکی سیاسی و یاسایی و ئیداری لە عێراق و کوردستاندا دروستکردوە و بۆتە هۆی لاوازی و بچوکبونەوە و کاڵبونەوەی ڕۆڵ و پێگە و سەنگینی کورد لە بەغداد و عێراق و ناوچەکەشدا.و لە کوردستانیشدا بۆتە هۆی زیاتر دوورکەوتنەوەی دەسەلات و ئۆپۆزسیۆنیش.

هەرئەم ونبونەوەی مام جەلال بۆ ناو یەکێتیش بۆتە هۆی سەرهەڵدانی ململانێ و کێشەی ناڕەوای ناوخۆیی و بۆتە هۆی سەرقاڵبوونی یەکێتی بە دۆخی ناوخۆیی بەشێوەیەك کە نەپەرژێتە سەر سیاسەت و بەرنامە و پلانە عێراقی و کوردستانیەکانی.کە ئەمەش بۆتە پاشەکشەیەکی کاتی لە ڕۆڵی یەکێتدا لە سەر گۆڕەپان و هاوکێشە سیاسیەکانی کوردستان و عێراق و ناوچەکەش.لە ئێستادا هەموان بەدۆست و دوژمنانەوە هەست بەو ڕۆڵە گەورەو ئیجابیەی مام جەلال و یەکێتی دەکەن بۆ هەموان .و لە غیابی یەکێتیدا هەست بە پاشگەزبونەوە لە بەڵێن و ڕێکەوتنامە و بنەمای کاری پێکەوەیی و تەوافوق دەکەن ، هەست بە مەترسی تاکڕەوی و قەتیسکردنی ئازادی و دیموکراسی دەکەن.

لێرەدا، بۆچونێك سەرهەڵدەدا بە ئاڕاستەی ئەوەی کە ئەم غیابەو پاشەکشە کاتیەی ڕۆڵی یەکێتی لە کوردستان و عێراقدا بە قازانجە بۆ یەکێتی و بۆ جەماوەریش، بۆئەوەی هەموان و جەماوەر بەتایبەتی ئەو ڕاستیەی بۆ دەرکەوێت کە نەمان و بچوکبونەوەی یەکێتی لە کوردستان و عێراقدا چەندە کاریگەرە و چۆن هاوکێشە و هێزە سیاسیەکان هەموانیان تێکدەچن بەدژی کورد و کوردایەتی و مافە ڕەواکانی کورد لە بەغداد و لە کوردستانیشدا باهەموان بزانن بەبێ یەکێتی و ڕۆڵی پێشەنگی و ڕابەرایتیکردنەکەی بارودۆخی سیاسی کوردستان تەنها بە قازانجی تاك حیزب و سەرکردەیەك دەشکێتەوە نەك زۆرینەی جەماوەر. هەرواش با هەموان و هەموو پارتە

سیاسیەکانیش باشتر بۆیان ڕوونببێتەوە کە تەنها یەکێتیە زامنی پاراستنی گیانی پێکەوە کارکردن و یەکدی قبوڵکردن و پاراستنی ماف و ئازادیەکانە بۆ هەموان و چیدی جەماوەر و پارتە سیاسیەکانیش بە چاویلکەی لێڵ و خۆڵەمێشیەوە نەڕواننە هەموان و باڕەش و سپی وەکو خۆیان دەربکەون.

هەروەها لەلایەکی تریشەوە با بۆهەموان دەرکەوێت کە ئەوە یەکێتی نیە کە بۆتە کۆسپی بەردەم پێکهێنانی حکومەت و نەمانی پارەی بانکەکان و نەدانی موچەی فەرمانبەران وگەمە کردن بە نەوت و سەرچاوە سروشتی و داهاتەکانی کوردستانەوە،و ئەوە یەکێتی  نیە کە جەماوەری لەبیرکردوە و بۆتە هۆی تەنگژە دروستکردن لەگەڵ بەغدادا.

لە ئێستادا ڕاستە ڕۆڵ و پێگەی یەکێتی لە پێشەنگدا نیە بەلاَم لە پەراوێزیشدا هەمان ڕۆڵ و کاریگەری خۆی ماوە و هەوڵ و خەباتی خۆی چڕکردۆتەوە بۆ چارەسەری کێشەکان و خزمەتکردنی جەماوەر و بوژاندنەوەی بازاڕ و کار و کەسابەتی خەڵکی و ڕەواندنەوەی تەنگژەکان لەگەڵ بەغدادا.دوژمنان پێش دۆستەکان داواکارن کە یەکێتی زاڵ بێت بەسەر کێشە ناوخۆییەکانیدا و هەرچی زووترە بگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی پێشەنگی خۆی ، چونکە باش دەزانن لە غیابی یەکێتیدا عێراق و کوردستان بە چ دۆخێکی سەختدا گوزەر دەکەن .هەربۆیە بچوکبونەوەی ڕۆڵی یەکێتی بەزیاندەگەڕێتەوە بۆ هەموان پێش خودی یەکێتی خۆی و با هەموو ئەو هێز و لایانانە باش بزانن کارکردن لەسەر بچوکبونەوەی یەکێتی مردنی خۆیانە پێش یەکێتی، هەر لەبەر ئەم هۆکارە کارکردنی پێکەوەیی و ڕێزگرتن لە ڕۆڵ و پێگەی مێژوویی یەکێتی لەکوردستاندا ڕاستترین ڕێگا و سیاستە و لە بەرژەوەندی ئەزمونی هەرێمەکەمان و ئایندەی جەماوەرەکەشماندایە.و یەکێتی لەو پەڕی لاوازیشدا هەمیشە ڕۆڵ و پێگەی مێژووی و ڕابەرایەتی پارێزراوە و هیچ کەس و لایەنێك ناتوانێت لەبەرچاوی نەگرێت.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی پی یو کەی میدیا و ناوەندی دەرەوە و ڕادیۆ ناوخۆ لە ٨ و ٢٠١٤/٣/١٤دا بلاَوکراوەتەوە.

# ئەم هەموو دژایەتیکردنەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە پای چی ؟*

## مێژوو و دەسکەوتەکانی یەکێتی

❖ یەکێتی هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە لەساڵی ١٩٧٥ وە، بەتەنها شانی داوەتە بەر خەباتی کوردایەتی و پشت ئەستوور بە بیروباوەڕ و ڕاستگۆیی ڕێبازەکەی و ڕەوایی ئامانجەکانی درێژەی بە خەباتی خۆی داوە و توانیشی بە سەرکەوتویی هەموو قۆناغە سەختەکان تێبپەڕێنیت هەر لە ململانێ ناوخۆییەکانی و جیابونەوە یەك لەدوا یەکەکان و کارەساتە جەرگ بڕەکانی هەکاری و گەلەکۆمەکی بەرەی جود و شەڕی براکوژی شاخ و جەنگی عێراق–ئێران و پڕۆسەکانی ڕاگواستن و بەعەرەبکردن و بەبەعسیکردن و قاتوقڕکردنی گەلی کورد لە ئەنفال و کیمیاویبارانکردن و ...هتد.

تا ئەو کاتەی لەساڵی ١٩٩١دا و دوای ١٦ ساڵ لە خەبات و بەرخۆدان توانی بگاتە دەسەڵاتی سیاسی لەم هەرێمەدا لە ئەنجامی ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمان کە هەر بۆخۆی یەکێتی ئەندازیار و نەخشەڕێژی بوو. جێگەی خۆیەتی کە ئەو ڕاستیە بڵێین کە یەکێتی یەکەم حیزبی سیاسی ئەم هەرێمەبوو لە تەمەنێکی کورتی ١٦ ساڵیدا توانی بگاتە دەسەڵاتی سیاسی. دەسەڵات بۆ هەر حیزبێکی سیاسی ئامانجی سەرەکی و ژیارییە و حیزبی سیاسی دوور لەدەسەڵات ناتوانێت داخوازی و داواکاری هەڤاڵانی و جەماوەرەکەی وەدیبێنێت و ناشتوانێت بەرنامە سیاسیەکەی خۆشی جێبەجێبکات و بەردەوام بێت لە دەسەڵاتدا ، هەربۆیە دەسەڵات بۆ هەموو حیزبێك و بەتایبەتیش بۆ یەکێتی کارێکی زۆر پێویستە و مانەوەی لە دەسەڵاتدا مانای بەردەوام بونی گەشەکردن و هەستانەوەیەتی و هەڵبژاردنی بەرەی ئۆپۆزسیۆنیش مانای پوکانەوە و بچوکبونەوەی زیاترێتی.

یەکێتی لەدەسەڵاتیشدا بەهەمان شێوەی قۆناغی شاخ ڕووبەڕووی چەندین پیلان و دوژمنایەتی ناڕەوای ناوخۆیی و ناوچەیی بوەوە. هەر لەهەڵایسانەوەی شەڕی ناوخۆی چەندین لایەنەی ئیسلامیەکان و پارتی و پەکەکە و دەوڵەتانی ناوچەکەش. تەنها لەبەر ئەوەی یەکێتی خاوەن بیروباوەڕێکی ڕاستەقینەی کوردایەتی و ڕچە و ڕێبازێکی

نەتەوایەتی ڕاستگۆ بوەو ببوە ڕەمز و سیمبولی خەباتی میلەتی کورد لەم هەرێم و ناوچەیەدا.

لە ئێستاشدا، وەك دەڵێن (( ئەمڕۆش لە دوێنی دەچێت ))بەهەمان شێوەی ساڵی ١٩٧٥ و سەرەتای دامەزراندنی ،یەکێتی هەر بە تەنها ماوەتەوە و خەبات دەکات لە پێناو مەسەلە نیشتیمانی و نەتەوایەتیەکاندا. بەهەموان لە پارتی و گۆڕان و ئیسلامیەکان و هەندێك لە دەوڵەتانی ناوچەکەش کەوتونەتە پیلان ڕێژی بەمەبەستی بچوککردنەوە و پەراوێزخستن و پوکانەوەی یەکێتی و گەرەکیانە لە هاوکێشە سیاسیەکاندا وەدەریبنێن. بەڵام هەموو ئەو پیلان و دوژمنایەتیانە ناتوانن کە یەکێتی بچوکبکەنەوە، چونکە یەکێتی ژمارەیەکی گەورە و قورسە لەناو هاوکێشە سیاسیەکاندا و ڕەگ وڕیشەی داکوتراوە لەناو جەماوەردا و حیزبێکی خۆڕسك و وەڵامدەرەوەیەکی ڕاستەقینەیە بۆ داخوازی و پێویستی هەموو قۆناغەکانی میلەتەکەمان.یەکێتی وەك حیزبێکی بنەماڵەیی و خۆسەپێن و تاك ڕەو نیە و بەهەمان شێوەش وەك بزوتنەوەیەکی بێ مێژوو و بێ مۆڕاڵی سیاسی و بێ بەرنامەی نیشتیمانی و نەتەوەیی نیە کە لەدوای ڕاپەڕین جیابوبێتەوە و هەروەها پارتێکی ئیسلامی سیاسیش نیە کە دڵۆپێك خوێن و فرمێسکی نەڕشتبێت بۆ ئەم گەلە و لە پێناو ئازادی و دیموکراسیدا.

بەڵکو ئەوە تەنها یەکێتیە کە خاوەن مێژوو و ڕابوردویەکی گەشاوە و پڕ دەسکەوت و داهێنانە کە ئەم دۆخە گەشاوەیەی وەدیهێناوە و هەموان لەسایەیدا حەساونەتەوە و لافی دیموکراسی و ئازادی لێدەدەن و ڕەخنەش لە یەکێتی دەگرن.

### ئازادی و دیموکراسی لە فکری یەکێتیدا

ئەوە تەنها یەکێتیە ماوەی ٢٣ ساڵە هەوڵی چەسپاندنی ئازادی و دیموکراسی و مافەکانی ژنانی داوە و سەروەری یاسای کردۆتە دروشمی خۆی و لەچوارچێوەی بەرنامەی سۆسیال دیموکراتەکەیدا عەدالەتی کۆمەڵایەتی و یەکسانی گەشەپێداوە. بەشێوەیەك کە زۆنی سەوزی کردۆتە لانە و نەوای بێنەوایانی هەڵهاتوو لە ژێر فشار و تۆقاندنی زۆنی زەردەوە. ئەوە یەکێتی و زۆنی سەوزە بۆتە لانکەی لەدایکبونی دەیان ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن و گۆڤار و حیزب و بزوتنەوەی سیاسی کە بە ئازادی تیایدا دەژین و ڕەخنەی توندیش لەدەسەڵاتەکەی یەکێتی دەگرن. بەڵام یەکێتی پشتئەستوور بە بیروڕاکانی کە لەسەری دامەزراوە و بە سنگێکی فراوانەوە و پشوودرێژی شۆڕشگێڕیەوە

هەموانیانی قبوڵکردووە. بەڵام زۆرترین ڕەخنەش ئاراستەی یەکێتی و سەرکردایەتیەکەی و سیاسەتەکانی دەکرێت. لەبەرامبەریشدا لە زۆنی زەرددا کەمترین بواری ئازادیەکان هەیە و زۆرترین ترس و تۆقاندن و تاکڕەوی و خۆسەپاندنیش هەیە، بەڵام کەمترین ڕەخنە و کەمترین فشار لەسەر ئەو دەسەڵاتە هەیە.

**جابۆیە دەکرێت بپرسرێت ، ئەرێ خێرە لە سایەی دیموکراسیەتی یەکێتیدا هەموانتان گەشەتان کردوە و زۆر لە قەوارەی خۆتان گەورەتربون، بەلام خەریکە یەکێتی و دەسەلاتەکەی دەخنکێنن و لەبەرامبەریشدا لەسایەی تاکڕەوی پارتیدا هیچ کەستان نقەتان لێوە نایەت؟**

جا گەر وایە ئەوا مافی یەکێتیشە کە هەمان مامەڵە و هەمان ڕچەی دەسەڵاتداریێتی پیادە بکات لە زۆنی سەوزدا. چونکە لۆژیك نیە بەدیموکراسیەت و ئازادیەك کە یەکێتی خاوەن و داهێنەر و چەسپێنەری بێت خۆی بخنکێنن و بچوکی بکەنەوە. و لەبەرامبەریشدا تاکڕەو و خۆسەپێنەکان ڕێزلێگیراوبن. بۆیە دەکرێت دیموکراسیەتیش سنوری بۆ دابنرێت و تائەوکاتەی کە نەبێتە مایەی فەوتان قبوڵ بکرێت.

سەیر لەوەدایە کە یەکێتیەك، خاوەنی مێژوو و ڕابووردو و دەسکەوتی گەشاوە و مەزن بێت لەماوەی ٣٨ ساڵی تەمەنی خۆیدا لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و ناوچەکەش.بەڵام لەلایەن زۆرینەی پارتە سیاسیەکان و سەرکردەکانەوە دژایەتی بکرێت و جەماوەریش لێی زویر بێت و سزای بدات و دەنگی پێنەدات و ژمارەی کورسیەکانی کەم بکاتەوە.

- بەڵام لەبەرامبەردا پارتی کە خاوەنی هیچ سەروەریەکی نیشتیمانی و نەتەوەیی نیە، نەك هەر ئەوە بەڵکو داهێنەری خیانەتی ٣١ ی ئاب و پێشەڕەویکردنی سوپاکانی تورك و فارس و عەرەب بێت بۆ سەر خاکی کوردستان و داهێنەری دزین و بەتاڵان فرۆشتنی داهات و نەوتی کوردستان بێت و ڕێگری بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیش بێت و داهێنەری لێدانی خەندەقی شەرمەزاریش بێت لەنێوان ڕۆژئاواو باشوری کوردستاندا و تەنانەت لە نێوان کەرکوك و هەولێریشدا، کەچی دەبێتە مایەی لێڕازیبوون و دەنگ پێدانی جەماوەریش و لێکترنزیکبونەوەی پارتی و سەرکردە سیاسیەکانیش. کە بەڕاستی هیچ لۆژیکێك ئەم مەهزەلەیە قبوڵ ناکات و هێندەی جێگەی گاڵتەجاڕی و پێکەنینە نیو هێندە مایەی تێڕامان و ڕێزلێنان نیە.

## تەنگژەکانی یەکێتی و هۆکارەکانی

**• لێرەدا دەکرێت بپرسرێت، بۆچی یەکێتی گەیشتۆتە ئەم قۆناغە؟ کە بەتەنها بێت؟ دەنگ کەم بێنێت؟ جەماوەری لێ زویر و تورە بێت؟**

ڕاست و ڕەوان، یەکێتی هەڵەی خۆیەتی کە گەیشتۆتە ئەم دەرئەنجامە. چونکە لەلایەك ململانێیەکی ناوخۆیی ناڕەوا لەنێوان سەرکردەکانیدا هەیە، ئەمەش لە ئەنجامی دوورکەوتنەوەی ڕابەری یەکێتی هەڤاڵ مام جەلال و تەنانەت لە ئامادەبونی ئەویشدا و چاوپۆشیکردن لێیان ئەو هەڤاڵانە کار و ململانێکانیان گەیاندە قۆناغێك کە بەزیانی گەورە بەسەر یەکێتیدا شکایەوە.بەداخیشەوە هەموو ئەو ململانێیانە بنەمایەکی فکری و ئایدۆلۆژی نیە کە نیەت لێی گەشەپێدانی زیاتری یەکێتی بێت بەهێندەی ئەوەی کە ململانێیەکی ناڕەوایە کە بەرژەوەندیە مادیەکان و پلەو پۆست و ئیمتیازاتەکان ڕۆڵیان تیایدا هەیە.

هەر ئەمەش وایکردبوو کە لەناو یەکێتیدا مەرکەزیەت و دیسپلینی حیزبی نەمێنێت. و هەر هەڤاڵە و جەمسەرێکی بۆ خۆی دیاریکردبوو هێندەی لە پێناو ڕاکێشانی بەشێکی یەکێتی بەلای خۆیاندا بوو، نیو هێندە سەرقاڵی کارکردن نەبون بەسەر دەرەوەی یەکێتیدا.

خاڵێکی تر، بون و گەشەکردنی دیاردەی قێزەونی مەحسوبیەت و مەنسوبیەت و ناوچەگەری و کوتلەچێتی ناڕەوا و گەندەڵی بوە لەناو یەکێتیدا. کە یەکێتی کەمترین ڕێژەی بەردەکەوێت لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغداشدا.

خاڵێکی تر بریتی بوو لە نزیکبونەوەی زیاد لە پێویستی یەکێتی و پابەندبونی بوە لە پارتی بەڕێکەوتنی ستراتیژی نێوانیان. کە ڕاستە یەکێتی سوودی بینیوە لەو ڕێکەوتنە لە یەکێك لە قۆناغەکانی ٢٠٠٨-٢٠١٤دا. بەڵام یەکێتی کەمترین قازانج و زۆرترین زیانی پێگەیشتوە بە پێچەوانەی پارتیەوە.

کە هەموو ئەم هۆکارانە بونەتە هۆی زیانگەیاندن بە پێگە و سەنگینی سیاسی و جەماوەری یەکێتی و بونەتە مایەی تورەبون و زویربونی جەماوەر لە یەکێتی لەناو ماڵ و قەڵا سەوزەکەی خۆیدا لە سلێمانی و گەرمیان و لەساڵی ٢٠٠٩ وە یەکێتی ساڵ بە ساڵ بەرەو بچوکبونەوە و لاوازبون دەچوو تاکو هەڵبژاردنی ٢٠١٣/٩/٢١.

**هەستانەوەی یەکێتی**

❖ بەڵام ئەوەی کە ناحەزانی یەکێتی چاوەڕوانیان نەدەکرد و گرەویان لەسەر نەمان و لەناوچوونی یەکجارەکی یەکێتی دەکرد، لەم هەڵبژاردنانەی ٢٠١٤/٤/٣٠دا ئەوەبوو کە یەکێتی لە ئێستادا و لە ئاشکرابونی ئەنجامە بەراییەکاندا ژمارەی دەنگ و کورسیەکانی

ڕوو لە زیادبون و هەڵسانەوە بوە و یەکێتی تا ڕادەیەکی باش تەندروستی خۆی بۆ گەڕاوەتەوە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراقیشدا. بەم سەرکەوتن و گەشانەوە و هەستانەوەی یەکێتی، پارتی و گۆڕان و ئیسلامیەکان زۆر شڵەژاون کە چۆن یەکێتی لەماوەی ٧ مانگی ڕابووردودا توانی بەم شێوەیە سەرکەوتن بەدەستبێنێت و متمانەی جەماوەرە زویرەکەی خۆی وەدەستبێنێتەوە، ئاشکراشە هۆکاری سەرکەوتنەکە بریتین لە:

١. ڕاستو ڕاستگۆیی و ڕەسەنایەتی بیروباوەڕ و ڕچە و ڕێبازی فکری و کار و سیاسەتی یەکێتی لای جەماوەر.

٢. گۆڕانکاری لەمامەڵە و گوتاری سەرکردایەتی یەکێتی و خاوکردنەوەی ململانێ ناوخۆییەکان و نەکردنی هەڵەی کوشندە لەماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردندا.

٣. لەبەرامبەردا پیلانگێڕی پارتی و گۆڕان و ئیسلامیەکان لە ١٧ نیساندا دژ بە یەکێتی و نزیکبونەوەی پارتی و گۆڕان لە یەکتری.

٤. هەڵکەندنی خەندەقی شەرمەزاری لە نێوان ڕۆژئاوا و باشوری کوردستاندا و لەنێوان هەولێر و کەرکوکدا لەلایەن پارتیەوە.

٥. گوێپێنەدانی بنکەی ڕێکخستنەکانی یەکێتی بە ململانێکانی سەرکردایەتی و کارکردنیان بەدڵسۆزیەوە بۆ سەرخستنی یەکێتی.

٦. جەماوەری زویر و تورە و دڵسۆزی یەکێتی بەجدی هەستیان بە مەترسی بچوکبونەوە و گەمارۆدانی یەکێتی دەکرد. لەلایەن پارتی و گۆڕانەوە و هەستیان بەوەش کرد کە یەکێتی لە مەترسی و میحنەتێکدایە، بۆیە بە ئەرکی مێژوویی و ئەخلاقی خۆیان هەستان و دەنگەکانیان گێڕایەوە بۆ یەکێتی. بەمەش سەلماندنیان کە ئەوان هێندەی تورەن لە هەڵسوکەوتی لێپرسراو و سیاسەتە هەڵەکانی یەکێتی . نیوهێندە تورە نین لە خودی یەکێتی وەك حیزبێکی سیاسی و خاوەن ڕابووردوو و مێژوویەکی گەشاوە.

٧. دەرکەوتنەوەی هەڤاڵ مام جەلال و دەنگدانی، هۆکارێکی زۆر گەورە و کاریگەر بوو لەسەر دڵ و دەروونی هەڤاڵان و جەماوەری یەکێتی و هیوا و ئومێدەکانی زیاتر گەشاندەوە و هەموانی ئاشتکردەوە لەگەڵ یەکێتیدا.

٨. هەڵوێستە نەتەوایەتیەکانی یەکێتی بەرامبەر برا کوردەکانمان لەهەرسێ بەشەکەی تری کوردستانی گەورە، هۆکارێکی تر بوو. چونکە یەکێتی یەکەم حیزبی سیاسی و دەسەڵاتداری باشور بوو کە پشتگیری خۆی بۆ هەرسێ کانتۆنەکانی جزیرە و کوبانی و

عفرین دەربڕی و فشاری کرد بۆ کردنەوەی ڕێگای سمێلکا لەسەر برا ئاوارەکان و دژی لێدانی خەندەقی نێوان ڕۆژئاوا و باشوریش بوو. لەسەر ئاستی کوردستانی باکوریش هەر یەکێتی بوو کە یەکەم هەنگاوی نا بە ئاڕاستەی پرۆسەی ئاشتەوایی لەسەردەمی سەرۆك تۆرگۆت ئۆزالدا لەگەڵ پەکەکەدا و ماوەی ٢٠ ساڵیشە پەکەکە لە قەندیل و لەژێر سایەی یەکێتیدا خەباتی کوردایەتی دەکات و بۆتە ڕەمزی نەتەوە. لەسەر ئاستی ڕۆژهەلاتیش هەر یەکێتیە کە ماوەی ٢٣ ساڵە برا کوردەکانی لە زڕگوێز و کۆیە پاراستوە و خەباتی سیاسی خۆیان درێژە پێدەدەن .هەربۆیەش لە پای ئەم هەلوێستە جوامێرانەو نەتەوەییانەی یەکێتی بوو کە هەموانیان پشتگیریان بۆ لیستەکانی یەکێتی دەربڕی لە هەڵبژاردنەکاندا، چونکە زۆر باش دەزانن کە ئەوە یەکێتی نیە خیانەتی نیشتیمانی و نەتەوایەتی کردوە و ڕێگریشە لەبەردەم بەستنی کۆنگرەی نەتەوەییدا.

بەکورتی ئەم سەرکەوتنەی یەکێتی هێندەی دەگەڕێتەوە بۆ کاندیدەکان و جەماوەر و بنکەی ڕێکخستنەکان و ئۆرگانەکانی خوارەوە نیو هێندە ناگەڕێتەوە بۆ سەرکردایەتی یەکێتی.

## ئایندە بینی یەکێتی

❖ زۆرێك لە حیزب و سەرکردە و تەنانەت هەندێ ڕۆشنبیریش وای بۆ دەچوون کە یەکێتی چیدی توانای نەماوە هەنگاو بەرەو ئایندە هەڵبنێت و ئیدی بۆتە بەشێك لە ڕابووردوو و مێژوو لەدوای هەڵبژاردنی ٢٠١٣/٩/٢١ وە. بەلأم خۆش بەختانە یەکێتی هەموو ئەو بیربۆچونانەی کردە بلقی سەر ئاو و خەیاڵ پلأوی ئەوانی کردە سەراب. ئەوان بیریان چوە کە یەکێتی بۆ خۆی بۆ ڕابەرایەتی و پێشەنگی و داهێنان دامەزراوە نەك بۆ مردن و پوکانەوە و پاشکۆیەتی.

ئەوە یەکێتی بوو بۆ یەکەمجار لە مێژووی خەباتی کوردایەتیدا دروشمی مافی چارەنوسی بەرزکردەوە و هێنایە ناو ئەدەبیاتی خەباتی کوردایەتیەوە، چونکە لەسەردەمی کۆماری مهابادەوە لەساڵی ١٩٤٦ وە تەنها خودموختاری بۆ کوردستان و دیموکراسیەت بۆ ئێران بەرزکرابۆوە ، بەدرێژایی مێژوی پارتیش تا ١٩٩٢/١٠/٤ تەنها دروشمی حوکمی زاتی بۆ کوردستان و دیموکراسی بۆ عێراق بەرزکرابۆوە، ئەوە تەنها یەکێتی بوو کە بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٩٨٨ وە دروشمی فیدڕاڵی بەرزکردەوە و کاری بۆ کردو و سەپاندیشی بەسەر بەرەی کوردستانی و ئۆپۆزسیۆنی عێراقیشدا و لە دەستوری هەمیشەیشدا

چەسپاندی و وا ١١ ساڵیشە لە سایەیدا گەلێك دەسکەوتی گەورەی بۆ گەلەکەمان وەدەستهێناوە و لە ئێستاشدا لەئەنجامی دژایەتیکردنی شۆڤێنیەتی عەرەب بە سونە و شیعەیانەوە بۆ فیدراڵیەت و کەمتەرخەمی کورد خۆشی فیدراڵیەت نەبوە جێگەی کامی دڵخوازی کورد هەربۆیە یەکێتی لە ئایندەبینی خۆیەوە هەوڵدەدات کە دروشمی کۆنفیدراڵیەت وەك دوا وێسگەی مافی چارەنوس بەرزبکاتەوە و کاری بۆبکات و لە ئایندەشدا کوردستان بکاتە ولأتێکی خاوەن سیادە و سەروەری و جیا لە عێراق.کە بەمەش یەکێتی سەلماندیەوە هێشتا هێندە پێز و هێزی پێوە ماوە کە داهێنان و دەستپێشخەری مێژوویی بکات کە بە بیری هیچ سەرکردە و حیزبێکی تردا نەهاتوە.بۆیە دیدی یەکێتی بۆ ٤ ساڵی ئایندە لە سەر ئاستی عێراقدا قۆناغێکی پڕ ململانێی عەرەب – کورد دەبێت و تەنگژە و کێشەکان گەورەتر دەبن و ئەمەش واپێویست دەکات خۆسازدانێکی نیشتیمانی و ئیجماعێکی سیاسی و جەماوەری بۆ ئامادەبکرێت کە یەکێتی خۆی لە پێشەنگدا دەبینێتەوە.

## کۆتایی

❖ لە کۆتایدا دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە هەموو ئەو دوژمنایەتیەی یەکێتی دەکرێت لەلایەن پارتی و گۆڕان و ئیسلامیەکانەوە و هەندێ لە دەوڵەتانی ناوچەکەشەوە تەنها بۆ ئەوەیە کە یەکێتی بە حەق حیزبێکی جەماوەری و ڕاستگۆ بوە بۆ خەباتی کوردایەتی و نەتەوە و نیشتیمانەوە و بەجدی هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەدات و خاڵی کۆکەرەوەی هەموو کوردانە و سەنگ و قورسایی خۆی هەیە لە کوردستان و عێراق و ناوچەکەشدا و بە ئاسانیش جێگە و پێگەی خۆی چۆڵ ناکات بۆ حیزبۆکە و سەرکردەی دروستکراو. هە ر یەکێتیە زامنی پاراستن و چەسپاندنی ئازادی و دیموکراسی و ئاوەدانی و ئاشتی و ئارامی لە کوردستاندا. بۆیە گەرەکیانە بە نەمان و بچوکبونەوە و پەراوێزخستنی یەکێتی خەونە نەزۆکەکەی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان بهێننە دی و ئیدی خەونی سەدان ساڵەی باوباپیران و نەوەکانی ئایندەش زیندە بە چاڵ بکەن.

بەڵام یەکێتی و جەماوەرەکەی زۆر لەوە بەهێزترن کە ئەو هێز و حیزب و سەرکردانە بتوانن بچوکی بکەنەوە. و یەکێتی چیدی قۆناغی پەرتەوازەیی و ململانێی ناوخۆیی و زویربوون و تورەبونی جەماوەری تێپەڕاند و ئیدی لە دوای ٤/٣٠ وە قۆناغی هەستانەوە و بەخۆداچونەوە و ئاشتکردنەوەیەکی ڕاستگۆیانەی جەماوەری دەستپێکردوە و

بەبەستنی کۆنگرەی چوارەمیش لەداهاتویەکی نزیکدا قۆناغی پتەوکردنەوە و مەرکەزیەتی حیزبی ناو یەکێتی تۆخ دەکاتەوە و پێویستیشە کۆنگرە دەست بخاتە سەر سەرجەم کێشە و خاڵە ناکۆکەکان و بەجدیش هەڵوێستەیان لەسەر بکات و هەوڵی گۆڕانکاری ڕیشەیش بدات لە دەموچاو و توانا و کەسەکاندا و چیدی بەو سەرکردایەتیە موخەزرەمەوە ناتوانێت ڕێبکات بۆ پێشەوە و گەر هەر بەردەوامیش بێت ئەوا نسکۆی گەورەتر چاوەڕانمان دەکات.

لە ئێستاشەوە یەکێتی قەوارە و سەنگینی  حەقیقەتی خۆی لا ڕوونە و ڕێگا و ڕێبازی خزمەتکردنی جەماوەر و ویست و خواستەکانیانی لا ڕۆشنتر بۆتەوە و ئیدی لە شارێگەی خەباتی ڕاستەقینەی کوردایەتی لانادات و بە فرتوفێڵی ناحەزان هەڵناخڵەتێت و سیاسەتێکی سەربەخۆ و تەواو یەکێتیانە پیادە دەکات و پەندی گەورەشی لە توڕەبونی جەماوەرەکەی وەرگرتوە و تەنها و تەنها پشت ئەستوور بە جەماوەرەکەی درێژە بە کاروانی خەبات دەدات و ناحەزانیش با هەر پیلان دابڕێژن، چونکە سەرکەوتنی یەکێتی مسۆگەرە و یەکێتیش کارتی فشاری بەهێزی لەدەستدایە و لەسەر ماڵ و بەهێز و نفوزی خۆی بەرگری لە ڕابوردوو و ئێستا و ئایندەی خۆی وگەلەکەشمان دەکات.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی ناوەندی دەرەوە و SNN لە ١٠ و٥/١٢ و کوردستانی نوێ ژمارە٦٣٨٠ لە ٢٠١٤/٥/١٣دا بلاوکراوەتەوە.

# تکایە بائەمڕۆشمان لە دوێنێمان نەچێت... *

❖ گەر کەمێك بگەڕێینەوە بۆ مێژووی نزیکمان لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا کە یەکێتی ٣٨ ساڵ لەمەوبەر ولە ١٩٧٥/٦/١دا بەیاننامەی دامەزراندنی بلاوکردەوە و لە ١٩٧٦/٦/١دا شۆڕشی چەکداری هەڵایسانەوە، ئیدی لەو ڕۆژگارەوە یەکێتی قۆناغ بە قۆناغ گەشەی کردوو گەورە بوو و بالاَی کردو بوە ژمارەیەك کە دۆست و دوژمنان حسابیان بۆ دەکرد لە ڕووی سیاسی و پێشمەرگایەتی و جەماوەریەوە و توانی لەسەردەمی شاخدا ببێتە تاکە هێزی بالادەست بەسەر زۆرینەی خاکی ڕزگارکراوی کوردستاندا و لەسایەی دەسەلاتی یەکێتیشدا لەشاخ زۆربەی حیزب و سەرکردەکانی ئێستا کە زۆربەیان هەر لەناو یەکێتیەوە دەستیان پێکردو دواتر جیابونەوە و بونە سەرکردەو و خاوەنی حیزبی خۆیان، بەلاَم بەداخەوە لەدوێنێ و ئەمڕۆشدا ئەو سەرکردانە ڕاستەوخۆ دوای جیابونەوەیان یەکسەر سەری نێزەی دژایەتییان دەکردە یەکێتی و سەرکردەکانی و ئیدی ڕابووردوو و مێژووی هاوبەشیان لەگۆڕدەناو چییان پێکرابێت کردویانە بۆ دژایەتی یەکێتی دایك.

لە ئێستاشدا و لەم زەمەنی ئازادی و دیموکراسیەی کە یەکێتی لە زۆنی سەوزدا چەسپاندویەتی و کاریش بۆ گەشەپێدانی دەکاو ئەم زۆنەی کردۆتە مێرگێکی پڕ ئاو و هەوای سازگار بۆ گەشەکردنی هەموانیان بەهەمان شێوەی دوێنێ هەموانیان بەربونەتە وێزەی یەکێتی کە خاوەنی چاکە و پیاوەتی زۆرە بەسەر هەموانیانەوە و گەلێکیانی لەنەمان و بچوکبونەوە و فەوتان پاراستوە، کەچی ئەوان تەنها بوێریان بەرامبەر یەکێتی دەجولێت و ئەوپەڕی ڕەخنەی توند و بەیاننامەی ناڕەزایی و خۆپیشاندان و تەنانەت توندوتیژیش دەنوێنن ، بەلاَم یەکێتی بە پشوو درێژییەکی شۆڕشگێڕانەی ڕەسەنەوە وەلاَم و مامەڵەیان لە تەکدا دەکات.

❖ بەڕاستی دونیایەکی سەیرە، کە ئەمڕۆشمان بەداخەوە لەدوێنێیەکی تاریك و خوێناوی دەچێت و هەمان هەڵەی سیاسی دووپات دەکرێتەوە دژ بە یەکێتی و گەلەکۆمەکی ناڕەوای لێدەکرێت.

ئەوەتا لە ٢٠١٤/٥/١٦دا هەر چوار لایەنی (( پارتی و گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی)) بەیانێکی توند دەردەکەن دژی لایەنێك (( کە خۆشبەختانە بوێریان نەبوە ناوی بنێن)) و لەگەڵ کۆمسیۆندا تۆمەتی ساختەکاری دەنگەدەرانیان دەخەنە پاڵ و هەڕەشەش دەکەن کە وا ئەنجامەکانیان قبوڵ نیە و بەرپرسیاریش نین کە لە ئایندەدا چی ڕوودەدات.

ئەم هەڵوێستەی ئەم سەردەم و ڕۆژگارەمان بەتەواوەتی لەو ڕووداوە دەچێت کە لەساڵی ١٩٨٠دا ڕوویداوە بەدامەزراندنی بەرەیەکی چوار قۆڵی بەناوی (( بەرەی جود)) کە لە ١٩٨٠/١١/٢٨ لە بەیاننامەیەکدا لەڕاژان لەلایەن (( پارتی و شیوعی و حسك و پاسۆکی )) ئەو کاتەوە دژ بە یەکێتی ڕاگەیەنرا، لەگەڵ ڕێزم بۆ حسك و شیوعی ئێستا. ئەوکاتیش تەنها لەبەر ئەوەی یەکێتی پاڵەوانی گۆڕەپانی سیاسی و عەسکەری و جەماوەری بوو لە کوردستاندا و گەرەکیان بوو کە هەر ئەوکاتە یەکێتی وەدەربنێن و پەراوێزی بخەن لەجیاتی ئەوەی کە بەهەموانیان دژ بە ڕژێمی بەعسی ئەو کات بجەنگانایە، ئەم کارەشیان تەنها لە دوای ١٠ ڕۆژ دێت لەدامەزراندنی بەرەی (( جوقد)) کە هەموو حیزبە کوردستانیەکانی تێدا بوو دژ بە ڕژێمی بەعس.

ئەم دوو هەڵوێستە کۆن و نوێیەی (( ٤+١)) ی دژ بە یەکێتی، بەڕاستی جێگەی تێڕامانە، چونکە سەیرە ژمارەیەك حیزب و سەرکردە و لایەنی سیاسی لە دوێنی و ئەمڕۆدا هەمان هەڵوێستی دژیان هەبێت دژ بە یەکێتی و مێژوو بە خوێناویترین و مەترسیدارترین شێوە دووپات بکەنەوە، ئەمە لەلایەك ئەو ڕاستیە دووپات دەکاتەوە کە ئەوان لەو کاتەوە و لە ئێستاشدا (( بەجیاوازی ناوەکانیان )) هەمان بەرنامەی شەڕی ناوخۆ و تێکدانی شۆڕش و خەبات و دەسکەوتەکانیان هەیە و بەکۆنە قین سیاسەت دەکەن و لەلایەکی تریشەوە ڕاست و دروستی بەرنامە و سیاسەتەکانی یەکێتی دەردەخات کە تەنها لە پێناو خزمەتکردنی میلەت و نەتەوەدایە.و هەمیشە پارێزەری ئاشتی و ئازادی و دیموکراسیەتە چ لە شاخ و چ لە شاردا، ئەم ڕاستیەش لەوەدا دەردەکەوێت کە دوای ڕاپەڕین دامەزراندنی گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوو هەر لە سلێمانیدا بوە و پارتیش لە سایەی ئازادیەکانی یەکێتیەوە وەك خۆیان دەڵێن بەرەو گەشەکردن دەچن و هەموانیان بارەگای سەرەکیان هەر لە سلێمانیە و لەکاتی تەنگانە و لێقەومانەکانیشیاندا هەر پەناو بۆ یەکێتی و سلێمانی دەهێننەوە وهەموانیشیان ئەوانەی دوای ڕاپەڕین جیابونەتەوە و دروست بون بە پارتیشەوە گەورەبون و گەشەکردنیان هەر لە سلێمانی و لەسایەی حوکمی یەکێتیدا بوە .کەچی بوێریان ئەوەندە هەیە تەنها

بەیاننامە و ناڕەزایی و گەلەکۆمی لە یەکێتی دەکەن و هەموانیان بەتەنها لەسەر دژایەتیکردنی یەکێتی کۆکن ، ئەگینا خۆشبەختانە ئەوەتا بەرەی ئۆپۆزسیۆنی دوێنێی برا بونەتە ئاردی ناو درك و هەریەکەیان بەجیا لە کێبڕکێی یەکتردان بۆ چوونە ناو حکومەت و کەس حساب بۆ ئەویتریان ناکات و پارتیش هەموانیان چونکە تازە پیاکەوتون و چێژی کێکی دەسەڵاتیان کردوە بەکاردێنێت بۆ گەمە سیاسی و بەرژەوەندیەکانی خۆی و ئەوانیش بێگوێدانە لەمپەڕ و پیرۆزییەکان هەموو مەرجەکانی پارتیان قبوڵە بۆ دژایەتیکردنی یەکێتی لە زۆنی سەوزدا.

❖ لە کۆتاییدا ئەوەندە وەبیر دێنمەوە لە مێژووی شاخی یەکێتی و بەرەی جودی دوێنێدا کاتێك یەکێتی ناچارکرا شەڕیان بکات لەماوەی کەمتر لە مانگێکدا و لە ٨/١٣ تا ١٩٨٣/٩/١ هەموانیانی ئاودیوی سنورەکانی ئێران کرد و خۆشی و میلەتیشی لە شەڕ و گێچەڵەکانیان ڕزگارکرد. بۆیە دەڵێم ئێستاش یەکێتی هەر یەکێتیەکەی جارانە و ناچاری مەکەن کە لانی کەم لە ئێستادا لە زۆنی سەوز وەدەرتان بنێت و ئۆغری خێرتان بکەن بەرەو زۆنی زەرد و ئیدی سلێمانی و خەڵکی سلێمانیش لێتان ڕزگار دەبێت و سلێمانی دوور دەبێت لە گێچەڵ و سەرئێشەنانەوەتان و سلێمانیش جوانتر و ئاوادانتر و گەشاوەتر دەبێت .کە ئەو کات لە زۆنی زەرددا بەدڵنیاییەوە دەبنە میوانێکی ڕەزا قورس و ڕێزلێنەگیراو هەموانیشتان کەمترین جوڵە و ئازادی و بوێریتان نیە لە بەرامبەر پارتیدا و نقە ناکەن و ناشتوانن کەمترین ناڕەزایی و باس لە دیموکراسیەت بکەن.

بۆیە تکایە با کارێك نەکەین ئەمڕۆی ڕوناك و پڕ دەسکەوتمان وەك دوێنێ تاریك و خوێناوی لێبکەین و نەوەیەکی نوێی داهاتووش گرفتاری شەڕ و کۆنە قینی خۆمان نەکەین و دواتریش وەکو هەموو شەڕەکان دروشمی ئاشتبونەوە و برایەتی و پێکەوە کارکردن بەرزبکەینەوە لەسەر تەرم و گۆڕی قوربانیەکانی گەلەکەمان کە بەناهەق و لە پێناو نەزوەیەکی سیاسی سەرکردە و باڵادەستەکاندا بونە قوربانی لە پێناوی هیچدا.

تکایە با کەمێك لە ڕابووردوو پەند وەربگرین ، چونکە هێشتا کاروانی خەبات لە نیوەی ڕێگادایە و گورگ و چەقەڵەکانی ناوچەکە و دەوروبەریش لە دەورمان دەوەڕن و هەڕەشە دەکەن.. جا با چیدی ململانێی سیاسی ناڕەوا لە نێوخۆماندا نەکەین و بەڕێکەوتن و پێکهاتنی سیاسی برایەتی و یەکڕیزی سیاسی و جەماوەری گەلەکەمان بپارێزین و وڵاتیش زیاتر ئاوەدان بکەینەوە و میلەتیش لە خۆمان ڕازیبکەین بە خۆشگوزەرانکردنیان.

* ئەم بابەتە لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٦٣٩٠ لە بەرواری ٢٠١٤/٥/٢٥ و سایتی ناوەندی دەرەوە و مەڵبەندی سلێمانی دا لە ١٩/٥/ ٢٠١٤ دا بلاوکراوەتەوە.

# یەکێتی نیشتیمانی کوردستان

## هێشتا لە هەرەتی گەنجێتی و داهێناندایە... *

- هەموو حیزبێکی سیاسی وەکو مرۆڤ بە قۆناغەکانی لەدایکبون و منداڵی و مێردمنداڵی و لاوێتی و پێگەیشتوی و پیربون و مردندا دەگوزەرێت. و وەکو بونەوەرێکی زیندوو گەشە و گەورە دەکات و بەهەمان شێوەش قۆناغەکانی لەشساغی و تەندروستی و نەخۆشیش تێپەڕ دەکات و لەگەڵ لاوازی و بێهێزی و کەوتن و شکست و سەرکەوتنەکانیشدا ئاشنا دەبێت.

گرنگترین قۆناغ بۆ مرۆڤ و هەموو حیزبێکی سیاسیش قۆناغی گەنجێتی و لاوێتیەتی. کە تیایدا لەوپەڕی توانا و هێز و داهێنان و دەستپێشخەری و وەدەستهێنانی دەسکەوتەکاندایە. جا چەندە ئەو قۆناغە درێژبێتەوە هێندەش حیزبی سیاسی دەتوانێت ببێتە جێگەی متمانەی دۆست و لایەنگر و جەماوەر و کۆمەڵگا و ولاتیش بەرەو ئاوەدانی و پێشکەوتن و گەشەکردنی زیاتر بەرێت.

یەکێتی وەك حیزبێکی سیاسی زیندوو و کارا لە بەیاننامەی دامەزراندنیدا لە ١٩٧٥/٦/١ و هەلایسانەوەی شۆڕشی چەکداری لە ١٩٧٦/٦/١دا هاتە گۆڕەپانی خەباتی کوردایەتیەوە. یەکێتی جیاواز لەهەموو حیزبە کوردستانیەکانی پێش و پاش خۆی بەگەورەیی و پێشەنگی و ڕابەرایەتی لەدایك بوو گەورەش بوو و گەشەشی کرد و گەیشتە دەسەلات و لە ئێستاشدا کە لە ٣٩ ساڵەی تەمەنیدایە لەو پەڕی گوڕ و تین و توانا و هێز و گەنجێتی خۆیدایە. چونکە یەکێتی بە تەنها و تاکە حیزبی سیاسی کوردستانی باشور بوو کە توانی لە ١٦ ساڵی تەمەنیدا و دوای قۆناغی شاخ بگاتە دەسەلاتی سیاسی و ماوەی ٢٣ ساڵیشە بەردەوامە لە خزمەتکردنی جەماوەرەکەیدا.

بۆیە مێژوو و ڕابووردوو و گیانفیدایی و دەسکەوتە گەورەکانی یەکێتی مایەی شانازی یەکێتیەکان و هەموو جەماوەری کوردستانیشە.چونکە یەکێتی تاکە حیزبە، بۆ یەکەم جار دروشمی مافی چارەنوسی هێنایە ناو ئەدەبیاتی خەباتی کوردایەتیەوە لە ساڵی ١٩٧٥وە.وتاکە حیزبیش بوو دروشمی ئازادی و دیموکراسی پێکەوە گرێداو کردینیە دروشمی مەرکەزی خۆی و خەباتی بۆ وەدیهێنان و چەسپاندنیشان کرد لە شاخ و شاردا و خۆشی و جەماوەرەکەشی و تەنانەت لایەنە نەیارەکانیشی لەسایەی حوکم و دەسەلاتی یەکێتیدا حەساونەتەوە و گەشەشیان کردووە. تاکە حیزب بوو کە بە ڕچە و ڕێبازی جیاواز هاتە مەیدان کە بیروڕای جیاواز و ململانێ و ڕەخنەگرتنی ئازاد لەناوخۆی خۆیدا پیادەکردوە و ڕێبازی سۆشیال دیموکراتیشی کردە شاڕێگەی خەباتی شار و وەك تاکە حیزبی باشوری کوردستان بوە ئەندامی هەمیشەیی ڕێکخراوی سۆسیال ئینتەرناسیونالی جیهانی و ڕابەر و سکرتێری گشتیەکەشی هەڤاڵ مام جەلالیش بۆتە یەکێك لە جێگەرەکانی سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە جیهانیە.یەکەم حیزبی سیاسی بوو کە پلان و بەرنامەی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی گەلەکەمانی داناو سەرکەوتنیشی وەدەستهێناو ئەنجامیش یەکەم پەرلەمان و سێیەم حکومەتی کوردی هەڵبژێردران و دامەزران لە مێژووی خەباتی کوردایەتیدا.یەکەم حیزبی سیاسی بوو کە یەکەم تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە و بیرە نەوت و کۆلێژی سەربازی کوردی دوای ڕاپەڕین دامەزراند. یەکەم حیزبیشە کە زۆرترین ژمارەی شەهید و کەمئەندام و زیندانیانی سیاسی هەیە کە شایەتی ڕۆڵ و کاریگەری یەکێتین.

هەموو ئەم دەسکەوت و داهێنان و دەستپێشخەریە مێژوویانەی یەکێتی، یەکێتی کردە حیزبی پێشڕەو و جێگەی متمانەی زۆرینەی جەماوەری کوردستان و خاوەن مێژوویەکی پرشنگدار. کە لە ئێستادا و دوای چەندین شکستی کاتی و سەربازی و جەماوەری و هەڵبژاردن، هێشتا یەکێتی و جەماوەر دوانەیەکی لێکدانەبڕاون و بێ یەکتری هەڵناکەن. ئەگەرچی جەماوەر هەندێ جارانیش تورە و زویریش بن و سزای یەکێتیەکەی خۆشیان بدەن، بەلام هەر ئەنجام و لەکاتی تەنگانە و میحنەتەکاندا هەمیشە قەلا پۆلاینەکە و ڕۆڵە بە ئەمەك و وەفادارەکەی یەکێتین و بەهانایەوە دەچن و زیندووترین نمونەش هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٤/٤/٣٠ بوو.

هەربۆیە لە ئێستادا یەکێتی کە یادی ٣٩ ساڵەی دەکەینەوە سەرەڕای هەموو ململانێ ناوخۆییەکانی و سەرەڕای پەرتەوازەیی فکر و ڕێباز و بیروڕاکانی نێوماڵی خۆی و

سەرەڕای غیابی هەڤاڵ مام جەلال و بونی مەترسی و گەلەکۆمەکێی ناوخۆیی و ناوچەییەکانیش.هێشتا یەکێتی ژمارەیەکی گەورە و قورسە لەهاوکێشە سیاسیەکاندا و هیچ کەس و لایەنێك ناتوانێت ڕۆڵ و کاریگەری یەکێتی لەبەرچاونەگرێت و پشتگوێی بخات.

هەربۆیە یەکێتی لە ٣٩ ساڵەی یادی دامەزراندنیدا پێویستە هەندێ هەنگاو و بەرنامە هەیە کە پیادەیان بکات بەمەبەستی بە زیندوویی و گەنجێتی هێشتنەوەی خۆی و پاراستنی دەسکەوت و هێز و نفوزی سیاسی و ئابوری و جەماوەری خۆی لە کوردستان و عێراق و ناوچەکەشدا: لەوانە:

١. هەوڵدان بۆ هەرچی زووترە بۆ ڕێکخستنەوەی نێوماڵی خۆی و نەهێشتن و بنەبڕکردنی ململانێ نارەواکان و زیندووکردنەوەی بنەما و دیسپلینە حیزبیەکانە،هەموو ئەمانەش بە بەستنی کۆنگرەی چوارهەم دەبێت لەماوەی ئەم ٦ مانگەی داهاتوودا. دوای پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغداد.

٢. هەڵسەنگاندنێکی وورد و زانستی و واقیعی بەسەر کار و کردەوە و گوتاری سیاسی خۆیدا لەناوخۆی خۆی و لەکوردستان و عێراقدا و پیادەکردنی سیاسەتێکی تەواو سەربەخۆ و یەکێتیانە و دوورکەوتنەوە لەهەر هاوپەیمانێتیەك کە لە ئایندەدا بەزیان بگەڕێتەوە بەسەر یەکێتیدا.

٣. نزیکبونەوەی زیاتری لەهێزە پێشکەوتنخواز و گۆڕانخواز و نوێگەراکاندا لەسەر ئاستی هەرێم و کوردستانی گەورە و عێراقیشدا و هەوڵدان بۆ پێکەوەکارکردن و لێکتێگەیشتنی زیاتر لەسەر ئاستی نەتەوە و نیشتیمان.

٤. گەڕانەوە بۆلای جەماوەرە دڵسۆزەکەی خۆی و خزمەتکردنیان و ئاشتکردنەوەیان،ئەوەش بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و فەراهەمکردنی ژیانێکی پڕ شکۆ و عەدالەتی کۆمەڵایەتیە.

٥. دوورکەوتنەوە لە دیاردە دزێوەکانی گەندەڵی و تەکەتولی نارەوا و مەحسوبیەت و مەنسوبیەت و زیندووکردنەوەی بنەمای سزا و پاداشت و هێنانە پێشەوەی توانا و جەستە و عەقڵی نوێی گەنجانە و خاوەن پسپۆڕی دوور لە دەمارگیری حیزبی تەسك و ناوچەگەری و عەشرەتچێتی.

٦. بەکارهێنانی زمانێکی خاکیانە و سادە و لەخۆبوردوانە لە گوتاری سیاسی و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی یەکێتیدا دوور لە غرور و لوتبەرزی و بێمنەتی لە جەماوەر و تواناو عەقڵە جیاوازەکانی کۆمەڵگا.

٧. چێکردنی پرۆسەیەکی وورد و گشتگیر و لەسەرخۆی گۆڕانکاری و چاکسازی و نوێبونەوە لەسەرجەم ئۆرگانە حیزبی و حکومیەکاندا لە بواری سیاسی و ئابوری و سەربازی و جەماوەری و فکری و ڕێکخستن و بەمەبەستی زیاتر ڕەشیقکردن و بزواندن و کاراترکردنیان بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانکاریەکانی کوردستان و ناوچەکەدا ڕێبکەن و پێشبکەون.

بەم شێوەیە یەکێتی دەتوانێت قۆناغی گەنجێتی خۆی درێژبکاتەوە و زۆرترین ماوە لە دەسەڵاتی سیاسیدا بمێنێتەوە و داهێنان و دەسکەوتی زیاتریش بۆ نەتەوە و میلەتەکەشمان وەدەستبهێنێت وبشبێتە حیزبی ئایندەو هەروەك چۆن ڕابووردوو ئێستای مسۆگەر کردوە ئایندەش مسۆگەر بکات و هەمیشەش یەکێتی بە سەوزی و سەربەرزی و زیندووی بمێنێتەوە.

---

* ئەم بابەتە لە کوردستانی نوێ ژمارە ٦٣٩٤ لە ٢٠١٤/٥/٢٩دا بڵاوکراوەتەوە.

# پشتیوانی یەکێتی لە هەدەپە

## لەنێوان ئەرك و موزایەدەدا ! *

- پشتیوانیکردنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە هەموو براکانی و لەهەرچوار بەشەکەی کوردستاندا کارێکی تازە و نامۆ نیە لە مێژووی ٤٠ ساڵەی یەکێتیدا ،کە ببێتە باس و خواسی ڕۆژ و نیشانەی سەرسوڕمان دروستبکات.. چونکە یەکێتی هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە پێش ٤٠ ساڵ لەمەوبەر بە گیانێکی کوردانە و برایانە و تەبایی نێو ماڵی کوردەوە دامەزراوە و هەمیشەش ستراتیژ و تاکتیکەکانی لە پێناو چەسپاندنی یەك ڕیزی و یەك ماڵی کورددا بوە، یەکێتی بۆخۆی هەر لەناوەکەیەوە مەبەست و فەلسەفە و ئایدیاکەی کورت و کوردانە و ڕەوانانە بەهەمووانی ڕاگەیاندوە کە گەرەکێتی یەکێتیەکی بەهێز و پتەو و ڕەگداکوتراو لەنێوان نیشتیمانە گەورەکەی کورداندا کە کوردستانی گەورەیە دابمەزرێنێت و هەموو کوردان لەسەر سفرەی یەك ماڵی کورد پێکەوە پلان و بەرنامەی دواڕۆژ و ئاینده ڕەنگرێژ بکەن. یەکێتی هیچ کات بڕوای بە سنورە دروسکراوەکانی دەستی داگیرکەران نەبوە و هەر فورسەت و هەڵکەوتەیەکی بۆ ڕەخسابێت بۆ هاوکاری و پشتیوانی براکانی لەهەر بەشێکی کوردستانی گەورەدا بوبێت درێخی نەکردوە و خوێنی سەرکردە و پێشمەرگەکانی یەکێتی لە ڕۆژهەڵات و باکور و ڕۆژئاوادا هەر لە زووە ڕژاوە و تێکەڵ بە ڕۆح و خاکی کوردو کوردستان بوە.

یەکێتی وەك حیزبێکی پان و پۆڕی هەموو چین و توێژەکان و وەك حیزبێکی کوردستانیش هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبە جیاوازەکانی لەخۆی کۆکردۆتەوە چونکە بڕوای بە جیاوازی ناوەکان نەبوە بەڵکو هەمو مرۆڤەکانی پێکەوە وەکو یەك سەیرکردوە و وایبینیوە کە هەموان مافی ژیان و گوزەرانیان هەیە لەکوردستاندا بە ئازادی و دیموکراسی.

- ئەوەتا یەکێتی تەنها دوای دامەزراندنی بە ٥ ساڵ ، هێزی پشتیوانی خۆی ڕەوانەی کوردستانی ڕۆژهەڵات کردوە بۆ هاوکاری و یارمەتی براکانی لە حیزبی

دیموکرات و کۆمەڵە دژی ڕژێمی ئێرانی ئەوکاتە و چەندین پێشمەرگەی قارەمانی شەهید بووە.

بەهەمان شێوە ماوەی زیاد لە ٢٣ ساڵە هاوکاری و پشتیوانی لەهەموو حیزبە کوردیەکانی ڕۆژهەلأت دەکات و دالدەی داون لە ژێر دەسەلأتی خۆیدا و ئازادی کاری سیاسی بۆ دابینکردون و ژیانێکی پڕ کەرامەت و شکۆی بۆ ڕەخساندون .

- هەروەها ماوەی زیاد لە ٢٠ ساڵە هاوکاری و پشتیوانی گەریلاکانی پەکەکە دەکات بەوەی کە لەناوچەکانی قەندیلی ژێر دەسەلأتی یەکێتیدا خەباتی سیاسی و چەکداری خۆیان درێژە پێداوە و خۆشبەختانەش بونەتە سومبولی خەباتی کوردایەتی.
- هەروەها هەر یەکێتی بوە لەسەرەتای دامەزراندنیەوە لە کوردستانی ڕۆژئاوادا بنەو بارەگای خۆی هەبوە و هەموو پشتیوانیەکی لە ڕۆژئاواییەکانی برایەوە دەسکەوتووە لەبەرامبەریشدا یەکێتی لە دوای سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی گەلانی سوریاو و برا کوردەکانمان لەو بەشەدا یەکەم حیزبی سیاسی بوە کە دانی بەکانتۆنە سەربەخۆکاندا ناوە و هێز و پشتیوانی بۆ ناردوون و داوای کردنەوەی سنورەکانی کردوە و خەندەقی شەرمەزرای نێوان ڕۆژئاوا و باشوری پڕۆتیستۆ کردوە و بۆتە جێگەی حەوانەوە و خەباتی سیاسی ئەو برایانەمان.و هەر یەکێتیش بوو کە تاك لایەنانە توانی بەهاوکاری و فڕۆکەی ئەمریکی یەکەم وەجبەی چەك و تەقەمەنی و پزیشکی ناردە ڕۆژئاوای کوردستان و کوبانیٚ بۆ هاوکاری شەڕڤانان و پەیەدە و یەپەژەی قارەمان .
- لە ئێستاشدا کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە ڕاگەیاندن و سیاسەت و لەسەر زەمینەی واقعیش ٤٢ کادری خۆی ناردۆتە کوردستانی باکور بۆ هاوکاری و پشتیوانی مادی و مەعنەوی لە هەدەپەی کوردان لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ٧ ی حوزەیراندا، کارێکی زۆر ئاساییە و وەکو ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی لێی دەڕوانێت و بە ئەرکی خۆی دەزانێت کە لەم هەڵمەتی هەڵبژاردنە چارەنوسسازەدا بۆ هەمووکوردان بەگشتی و کوردانی باکور بەتایبەتی بەشدار بێت و چی پێدەکرێت بۆ سەرخستن و سەرکەوتنی هەدەپە بیکات.
- **پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە ئایا یەکێتی ئەم هەڵوێستەی وەك ئەرك تەماشا دەکات یان موزایەدەیەکی خۆدەرخستنە و هیچی تر؟**

ئەوەی مێژووی یەکێتی باش خوێندبێتەوە ئەو ڕاستیەی بۆ دەردەکەوێت کە یەکێتی هیچ کات بڕوای بە موزایەدەکردن نەبوە لەکوردایەتی و خەبات و گیانفیدایدا بۆ خزمەتی کورد و کوردستان،و ئەوەی لەتوانای خۆیدا بوبێت کردویەتی و ڕێگەی لە هیچ سەرکردە و لایەنێکیش نەگرتوە بۆ هاوکاری و پشتیوانی براکانمان لەهەر بەشێکدا، گۆڕەپانی خەباتی کوردایەتیش هێندە بەرفراوانە کە جێگەی هەموانی تیادا دەبێتەوە و دەکرێت کە هەر لایەن و سەرکردەیەك چۆنی بوێت ئاوها هاوکاری و پشتیوانی کوردانی برامان بکات، یەکێتی هیچ کات نەبۆتە داشی دامە بەدەست داگیرکەرانی کوردستانەوە دژی براکانی و شەڕی هیچ لایەنێکی کوردی نەکردوە لەهیچ بەشێکدا و خیانەتی نەتەوەیی و نیشتیمانیشی نەکردوە و داگیرکارانیشی پەلکێشی سەر کوردستان نەکردوە و تەنها شاڕێگا ڕەسەن وفراوانەکەی کوردایەتی گرتوە و هەمیشە بە قوربانیدان و خوێن بەخشین و شەهیدەکانیدا ناسراوەتەوە و ئەوەتا لە کۆی ٢٨٢٢ شەهیدی جەنگی دژ بەداعش و تیرۆریستان بەتەنها یەکێتی ١٦٨١ شەهیدی بەخشیوە.ئیدی دەبێت بۆ ئەم هاوکاری و پشتیوانیەی یەکێتی لەهەدەپە کە تەنها وەك ڕەمزێکی برایەتی و کوردانە و مەعنەویە و هیچ خوێن و قوربانیدانێکی گەرەك نیە بۆچی دەبێت بە موزایەدە حساب بکرێت و خەڵکانی تر پێی قەڵس و وەڕس بوبن ، یەکێتی وەك ویژدانی زیندوو وەك نمایندەی حەز و ئاوات و خواستەکانی زۆرینەی کورد گەرەکێتی کە هەدەپە ڕێژە ١٠٪ دەنگەکان بەدەستبێنێت و بتوانێت پەڕلەمانی بەتورککراو بگۆڕێت بۆپەڕلەمانی هەموو گەلانی تورکیا و ژمارەیەکی بەرچاو کورسی بەدەستبێنێت و بۆ یەکەمجار وەك حیزبێکی سیاسی بچێتە پەڕلەمانەوە ، **ئایا ئەم کارە لەچیدا موزادیەدەکردنە ؟ ئایا بەم کارەی یەکێتی کوردایەتی و خەباتی کوردایەتی سەرکەوتوو دەبێت یان شکست خواردوو؟ ئایا ئەو هەڵوێستی لایەن و سەرکردانەی کە دەیانەوێت هەدەپە سەرنەکەوێت و ڕێژەی ١٠٪ نەهێنێت دەچێتە چوارچێوەی بەرژەوەندی کێوە؟ و چ حیزب و داگیرکەرێکەوە؟ ئایا ئەوان کوردایەتی دەکەن یان یەکێتی؟**

بۆیە هەق وایە لەبەرامبەر ئەوەی کە یەکێتی و هەڵوێستەکانی بخەنە بەر تانە و تەشەرەوە، دەبوایە ئەوانیش بکەوتنایەتە دوای یەکێتی و لانی کەم نیو هێندەی یەکێتیان بکردایە، چونکە سەرکەوتنی هەدەپە سەرکەوتنی هەموو کوردانە و شکستیشی شکستی هەموانە و مایەی دڵخۆشکردن و سەرکەوتنی داگیرکارانی کوردستانە.

هەربۆیە یەکێتی ئەرکی نەتەوەیی خۆی جێبەجێ دەکات و هیچ موزایەدەکیش ناکات بەسەر کەسدا، چونکە هێز و لایەن و سەرکردەیەك موزایەدە دەکەن کە نەتوانن خۆیان کاری باش بکەن و باشەی خەڵکانی تریش بەکەم و موزایەدە سەیر دەکەن.جا باهەموان واز لە موزادیەدەی بۆش و بەتاڵ بهێنین و ڕووبکەینە ئەرکە نەتەوەییەکانمان و هەموو توانا مادی و مەعنەویەکانمان بخەینە خزمەتی کوردایەتیەوە ،هەرئەمەش سەرکەوتنی یەکجارەکیە نەك جوداخوازی و خۆدوورخستنە و خۆ دزینەوە لە ئەرکە نەتەوەییەکانمان.

*ئەم بابەتە لە سایتەکانی مەکتەب ڕێکخستن و پێنوسەکان و ڕادیۆ ناوخۆ لە ٢٠١٥/٦/١دا وهەواڵ ژمارە ٦٢٠ لە ٢٠١٥/٦/٦ دا بڵاوکراوەتەوە.

# یەکێتی نیشتیمانی کوردستان

## قوتابخانەی پێگەیاندنی نەوە جیاوازەکان .... *

❖ لە پێناسەیەکی نەوە(( جیل )) دا هاتوە : کە نەوە بریتیە لە قۆناغی پشتاوپشتی سروشتی لە باوکەوە بۆ منداڵ، و لەمێژیشە وا باسکراوە کە بریتیە لە (( ناوەندێتی ماوەی مێژوویی لەنێوان لەدایکبونی باوك و منداڵەکاندا)).

❖ لە زانستی زیندەوەرزانیشدا ، بریتیە لە گواستنەوەی سیما بۆماوەییەکانی بونەوەرە زیندووەکان لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر.

❖ بەپێی پێناسەیەکی تری نەوە (( جیل ))، بریتیە لە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا کە لەیەك قۆناغدا بەشداریدەکەن و پێکەوە هەموو تاڵی و ناخۆشیەکان دەچێژن و هەوڵیشدەدەن بۆ وەدیهێنانی هەمان ئامانج و خواستەکان، و جیاوازی تەمەن لە نێوانیاندا لە ٢٠ ساڵ تێپەڕ ناکات.

لەسەر بنەمای ئەم پێناسەیە،دەتوانرێت بوترێت لەهەر قۆناغێکدا پێنج نەوە هەیە، چواریان سەرەکی و کاریگەر و کاران لەناو کۆمەڵگاداو هەرلەسەر ئەم پێناسەیەشەوە دەتوانین بڵێین:

کە ئەوانەی تەمەنیان لە سەروو ٨١ ساڵەوەیە بەنەوەی یەکەم و ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان ٦١ساڵ بۆ ٨٠ ساڵدان نەوەی دووەم و ئەوانەشی تەمەنیان لە نێوان ٤١ساڵ بۆ ٦٠ ساڵدان نەوەی سێیەم و ئەوانەشی لەنێوان ٢١ساڵ بۆ ٤٠ ساڵدان نەوەی چوارەم و نەوەی پێنجەمیش تەمەنیان لەخوار ٢٠ ساڵەوەیە.بەم پێیە دەتوانرێت بەنەوەی یەکەم بوترێت نەوەی شانازی و سەروەریەکان و نەوەی دووەمیش نەوەی ئەزمون و دانایی و نەوەی سێیەمیش نەوەی حوکم و سەرکردایەتی و نەوەی چوارەمیش بەنەوەی بەخشش و گیانفیدایی دادەنرێن و نەوەی پێنجەمیش نەوەی ئومێد و ئایندەن.لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستیە زانستیانە و لەبەر ئەوەی یەکێتی لە ئێستادا تەمەنی ٣٩ ساڵە کەواتە تەمەنی دوو نەوەی هەیە و بەرەو تەمەنی نەوەی سێیەم بەڕێوەیە.

لەناو یەکێتیدا نەوەی یەکەم بریتین لەو خەباتگێڕ و شۆڕشگێڕانەی کە یەکێتیان دامەزراند و گەورەیان کرد و گەشەیانپێدا و لەهەموو کارەسات و نسکۆکاندا بەرگریکارێکی سەرسەخت بوون و یەکێتیان لە خەمڕەخساند و گەیاندیانە دەسەلاتی سیاسی و ئەوە ماوەی ٢٣ ساڵیشە لە حوکم و دەسەلاتدان و بەری ڕەنج و خەبات و گیانفیدایی خۆیان دەخۆن و زۆربەی شانازی و سەروەریەکانی یەکێتی بۆ ئەم نەوەیە دەگەڕێتەوە.

نەوەی دووەمیش کە لەدوای ٢٠ساڵ تەمەنی یەکێتیەوە دەستپێدەکات ئەو نەوەیەیە کە ئەوانیش بەشداریەکی کارا و گرنگیان کردووە.لەگەشەپێدانی یەکێتیدا و چەسپاندنی دەسەلات و ئامانجەکان و توانیویانە سوود لە ئەزمونی نەوەی یەکەم وەربگرن و خۆشیان بچنە دەسەلات و بەهەمان شێوەش لەبەری ڕەنجی خۆیان و نەوەی یەکەمیش بخۆن و حەساونەتەوە و بونەتە مامۆستاو پەروەردکاری نەوەی سێیەمیش لەناو یەکێتیدا و هێواش هێواش بەرەو کۆتایی سەردەمی خۆیان دەچن.

نەوەی سێیەمیش لە یەکێتیدا، نزیکن لەهەنگاونان بەرەو دەسەلات وەرگرتن و سەرکردایەتیکردنی یەکێتی. بۆیە لەدوای تەمەنی ٤٠ ساڵەی یەکێتیەوە ئیدی دەبێت نەوەی سێیەم ببنە پاڵەوانی سەر گۆڕەپان و کاراکتەری سەرەکی سەر شانۆی خەباتی کوردایەتی لەناو یەکێتیدا و ماوەی ٢٠ ساڵیش هەوڵ و خەباتی بێوچان بدەن بۆ زیاتر گەشەپێدانی یەکێتی و ڕێباز و فکر و بنەماکانی و ڕێگەنەدەن کە یەکێتی بەرەو بچوکبونەوە و لاوازبون و هەڵوەرین بڕوات.نەوەی سێیەم ئەمانەتێکی قورس و سەخت وەردەگرن لەقۆناغێکی زۆر هەستیار و ناسکدا کە یەکێتی پیادا گوزەر دەکات.

کەواتە ئەگەر نەوەی یەکەم نەوەی شانازی و سەروەریەکان بن و نەوەی دووەمیش نەوەی ئەزمون و دانایی بن ئەوا نەوەی سێیەم نەوەی حوکمڕانی و سەرکردایەتیکردنی یەکێتین.

- **لێرەدا جێگەی خۆیەتی بپرسین، ئەرێ کاتی ئەوە نەهاتوە کە ئیدی نەوەی یەکەم پشووبدەن و لانی کەم ئەم چەند ساڵەی کە لەژیاندا ماون بە هێمنی و ئارامی دوور لە جە نجاڵی ژیانی سیاسەت ببەنە سەر ، بەلام دوور بێت یان نزیک بە ئاگاییەوە چاودێری و ڕاوێژ پێشکەش بکەن بەنەوەی دووەم و ئاینده ؟ ئەرێ نەوەی یەکەم قۆناغی ئاسایی و مێژوویی خۆیانیان تەواونەکردوە بە زیادیشەوە و کاتی ئەوە نەهاتوە بە لەسەر خۆیی گۆڕەپانەکە چۆڵ بکەن بۆ نەوەی دووەم و ئاینده؟ ئەی نەوەی دووەم و ئاینده، لەئاستی وەرگرتنی ئەمانەت و لێپرساوێتی سەرکردایەتیکردنی یەکێتیدان؟ و**

**دەتوانن ببنە جێگەی متمانە و دڵنیایی نەوەی یەکەم و جەماوەر و لایەنگرانی یەکێتی؟ و قۆناغی خۆیان بە سەرکەوتویی تەسلیم بە نەوەی سێیەم بکەن؟ ئەی دەکرێت بە یەك جار هەموو نەوەی یەکەم دوور بخرێنەوە ؟ و ئەمانە و دەیان پرسی تریش...**

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسانە، ڕاست و ڕەوان، پێویستە بوترێت کە جەماوەر و لایەنگر و ئەندامان و زۆرێك لە هەڤاڵانی یەکێتی بەنهێنی و ئاشکرا باس لەو بابەتە دەکەن کە چیدی دەبێت گۆڕانکاری بنەڕەتی بکرێت لەناو مەکتەبی سیاسی یەکێتیدا کە زۆربەیان لەنەوەی یەکەمن.و ڕایان وایە لە کۆنگرەی چوارەمیشدا زۆربەیان خۆیان دەستپێشخەری بکەن و دووربکەونەوە و بەهێمنی درێژە بە ژیانی ئاسایی خۆیان بدەن دوور لەوەرگرتنی پلەو پۆستی حیزبی و حکومی.ئەوەی کە کردویانە و پێشکەش بە میلەت و یەکێتیان کردوە لە قوربانیدان و گیانفیدایی و پاراستنی یەکێتی مایەی شانازی و سەروەرییە بۆ خۆشیان و یەکێتیەکەشیان . چونکە چیدی ناتوانن لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانکاری و ڕووداوەکانی کوردستان و عێراق و ناوچەکەشدا ڕێ بکەن.چ لە ڕووی جەستەیی و چ لە ڕووی پسپۆڕی و بڕوانامە و توانا و لێهاتوویانەوە. ئەوان بە تەنها خۆیان خاوەنی مێژوو و ڕابووردوو شانازیەکانی یەکێتین.هەر بۆیە پێویست دەکات کە خۆبەخۆ و بەگیانێکی وەرزشیانە ئەو ڕاستیانە بسەلمێنن و بەوپەڕی ویژدان ئاسودەییەوە ئەمانەتی مێژوویی یەکێتی و سەرکردایەتیەکەی ڕادەستی نەوەی دووەم بکەن. کە خۆشبەختانە لەسەر دەستی ئەواندا گەورەبون و بونەتە خاوەن ئەزمونێکی وەها کە مرۆ متمانەیان پێ بکات و دڵنیاش بێت کە دەتوانن ڕابەرایەتی یەکێتی دەکەن بۆ قۆناغی ئایندە و نەوەی سێیەمیش پەروەردە بکەن.چونکە گەر نەوەی یەکەم هەروا بەردەوام بن و بمێننەوە و جێگەکانیان چۆڵ نەکەن بۆ نەوەکانی دوای خۆیان ئەوا بەهیچ جۆرێك پرۆسەی گۆڕانکاری و نوێبونەوە چێ نابێت و یەکێتیش دەبێتە حیزبێکی بێ جوڵە و بێداهێنان و بەرەو پوکانەوە و بچوکبونەوەی زیاتر دەچێت و هێواش هێواش گەنج و لاوانی لێتار دەبێت.کە ئاشکراشە گەنجان داینەمۆ و بزوێنەری هەموو حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی و مەدەنین.

نەوەی دووەم لەلایەك خاوەنی ئەزمون و لەلایەکی تریش خاوەنی دانایی و حیکمەتن و تا چەند ساڵی داهاتووش لە ڕووی جەستە و فکر و توانا و لێهاتویی و پسپۆڕی و بڕوانامەیانەوە گونجاون بۆ ڕابەرایەتیکردنی یەکێتی. جێگەی خۆیەتی کە لە کۆنگرەی

چوارەمدا سەرتاپای مەکتەب سیاسی و سەرکردایەتی لەنەوەی دووەم بن و هاوبەشیش بکەن بە بەشێکی لێهاتوو کارامە لەنەوەی سێیەم لەسەرکردایەتی و مەکتەب وئۆرگانەکانی تردا.

هەرچی نەوەی سێیەمیشە، نەوەی تەکنەلۆژیای سەردەم و دوای ڕاپەڕینن ، هەربۆیە ئەمان لە ڕووی ئەزمون و شارەزایی و قاڵبونیان لە کۆڕی خەباتدا کەم ئەزمونن،بەڵام لە ڕووی شارەزایی لەتەکنەلۆژیا و بڕوانامە و پسپۆڕی و زمانزانیی و تەمەن و توانا و زیندوییانەوە لەوپەڕی ئاستدان. کە دەتوانن بە سوود وەرگرتن لەکاری پێکەوەی لەگەڵ نەوەی دووەمدا لانی کەم بۆ دەساڵی ئایندە، لایەنی ئەزمون و شارەزایشیان دەوڵەمەندبکەن و گەشەپێبدەن و لەگەڵ توانا جەستەیی و پسپۆڕی و بڕوانامەکانیاندا تەکانێکی گەورە بدەنەوە جوڵە و ژیانەوە و بەگەنجێتی هێشتنەوەی یەکێتی و ئەمان بەهەق ببنە سەرلەنوێ دامەزرێنەرانی یەکێتی بە عەقڵ و بیر و جەستە و خوێنی نوێ و شانازی و سەروەری گەورەش بۆ خۆیان و یەکێتیەکەیان تۆمار بکەن.

هەربۆیە بەڕای بەندە یەکێتی بۆ نەوەی سێیەمە و نەوەی سێیەمیش دەبنە خاوەنی یەکێتی و هەر لەسەر دەستی ئەمانیشدا یەکێتی نوێ دەبێتەوە و چاکسازی و گۆڕانکاری چێ دەکرێت و یەکێتی لە چەق بەستویی و خولانەوەی لەناو بازنەیەکی داخراوی بۆشدا ڕزگار دەکەن کە گیرۆدەی ململانێی ناوخۆیی ناڕەوا بوە و یەکێتی دەکەنە حیزبی ئایندە . هەربۆیە دەبێت هەموان بەوپەڕی سنگفراوانی و گیانی شۆڕشگێڕی ڕاستگۆیانەوە، نامە مێژوویی و ئەمانەتە سەختەکەی یەکێتی نەوە دوای نەوە وەربگرن و گەشەی پێبدەن و تەسلیمی دوای خۆشیانی بکەن. هەربەم کردار و تێگەیشتن و بۆچون و مامەڵە تەندروستەوە دەتوانین یەکێتی بکەینەوە حیزبی یەکەم و حیزبی نەوە جیاوازەکان و قوتابخانەیەکیش بۆ چەسپاندن و پەروەردەکردنی نەوەی ئایندە لەسەر ڕێباز و فکر و ئایدیای نەتەوە پەرستی و کوردایەتی ڕاستەقینە کە هەمیشە یەکێتی پێشەنگ و ڕابەری بوە و دەتوانین یەکێتی بەگەنجی و بەخشندەیی بهێڵینەوە . بەڵام بەپێچەوانەوە گەر ئەم مامەڵە تەندروست و زانستی و واقعیەمان پیادەنەکرد بەدەستی خۆمان هەموو شانازی و سەروەری و مێژووە پرشنگدارەکەی یەکێتی دەخەینە چاڵەوە و ئەو کاتیش نەك هەر یەکێتیەکان بەڵکو تەواوی نەتەوە و نیشتیمان و کوردایەتی زەرەرمەند دەبن.

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی مەکتەب ڕێکخستن و مەڵبەندی ١ی سلێمانی لە ٦/١١ و هەواڵ ژمارە ٥٧٣ لە ٦/٢١ و گۆڤاری ئابوری سیاسی ژمارە ٣٩ دا بڵاوکراوەتەوە.

## هەموان لە حزوری مام جەلالدا... *

- لە ٢٠١٤/١١/٥ لەگردەکەی دەباشان و لەماڵەکەی مام جەلالدا وەکو جاران، جارانێکی زۆر دوورنا ، بەڵکو نزیك و زۆر نزیکیش جارێکی تر کۆبونەوەیەکی فراوانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و وەفدێکی باڵای بزوتنەوەی گۆڕان سازکرا،بەمەبەستی هێورکردنەوەی توندوتیژیەکان وتواندنەوەی بەستەڵەکی((دروستکراوی )) نێوان یەکێتی و گۆڕان نەك خۆڕسك و مێژووکرد و بۆ ئاسایکردنەوەی پەیوەندیە مێژوییە برایەنەکانی نێوان هەردوولا. من بەشبەحاڵی خۆم کە ئەو کۆبونەوەیەم بینی جارانی کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسیم بیردەکەوتەوە کە هەموان پێکەوە و لەژێر چەتری یەکێتی و بۆ بەرژەوەندی یەکێتی و کورد و کوردستان کۆدەبونەوە .ئەم کۆبونەوەیە هێندەی مەبەستەکانی پیرۆز و گرنگ و چارەنوسسازن بۆ ئەم قۆناغە ، بەهێندەی ئەوەش زیاتر دڵ و دەروونی هەموانمانی خۆشکرد و ئاهێکی فەرەحی هێنایە دڵمانەوە.. لەڕاستیدا لەو کاتەوەی بزوتنەوەی گۆڕان لە یەکێتی دایك جیابۆتەوە لە ساڵی ٢٠٠٩ وە هەموانمان بە ڕابەر و سەرکردە و کادر و هەوادارانی هەردوولامانەوە هەمیشە لەدڵەڕاوکێ و نائارامیەکی دەروونیدا دەژیاین و لەو پەڕی توندبونمان لەگەڵ یەکتردا و لەوپەڕی ڕەخنەگرتن و جارجاریش یەکتر شکاندن و ئازاردانی یەکتریشدا ، هەموومان ئاه و حەسرەتمان بۆ زەمەنی یەك و یەکگرتویی یەکێتی هەڵدەکێشا و بە ڕاستگۆیانەش ئاواتمان دەخواست کە ئەو جیابونەیەوە ڕووینەدایە و یەکێتی ئەم جیابونەوە و بچوکبونەوەیەی بەسەردا نەهاتایە . هەموانمان ئەم هەست و سۆزەمان تائێستاش هەرماوە کاتێك هەست دەکەین یان دەبینین کە چۆن پیلانەکان دژی یەکێتی ڕێکدەخرێن و هەڵمەتی ناڕەوا دەکرێتە سەریەکێتی بەنیازی بچوکبونەوە و دەرکردنی لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و عێراقدا. من دڵنیام

کادر و لایەنگرانی گۆڕانیش نەمان و بچوکبونەوەی یەکێتیان هێندە لاقورسە کە ڕێگە نادەن هیچ کات یەکێتی پەراوێز و بچوکبێتەوە. چونکە هەموانمان باش دەزانین کە مێژوو و خەباتی یەکێتی بۆ هێنانەکایەی ئازادیەکان و چەسپاندنی دیموکراسیەت و ئاشتی و ئارامی کۆمەلأیەتی چەندە بەسوێو خوێناوی بوە و بە ئاسانی ئەم کەش وهەوایە نەهاتۆتە دی لەکوردستان بەگشتی و لەم دەڤەری سلێمانیدا بەتایبەتی.

من هەمیشە وایبۆدەچم کە یەکێتی و گۆڕان دوو ڕووباری خاوەن بەرهەم و بەخشش و داهێنان و گۆڕانکاری گەورە و نەبڕاوەن بۆ کورد و کوردستان لە ئێستا و بۆ ئایندەش و هەردووکیشیان چاوگ و سەرچاوەکەیان یەکە و تواناو وزەیەکی نەبڕاوەشن بۆ هەموو کورد.. هەربۆیە دەکرێت لەهەموو ئاستەکاندا تواناو کار و پلانیان یەکبخەن و زیاتر لێکنزیکببنەوە (( گەر نەشتوانن یەکبگرنەوە)) بەنیازی خزمەتکردنی زیاتری کوردستان و چێکردنی گۆڕانکاری گەورە بۆ ئایندەش.

لەم قۆناغەدا کە کورستان ڕووبەڕووی پەلامار و هێرشی ناڕەوای تیرۆریستانی داعش بۆتەوە لەهەوو کات کوردستان پێویستی بە هاودەنگی و هامئاهەنگی و هاوکاری و پێکەوەکارکردنی هەموو هێز و تواناکان هەیە. پەرتبون و لێکدورکەوتنەوە و دروستکردنی درزی زیاتر لە جەستە و لاشە و بیری کوردایەتیدا بە زیانی گەورە بۆ کورد و بەقازانجی گەورەتر بۆ دوژمنان دەشکێتەوە.

لای هەموان ئاشکرایە کە نزیکبونەوە و لێکتێگەیشتن و ئالوگۆڕی بیرو ڕاو کۆبونەوەی دەوری لەنێوان یەکێتی و گۆڕان و هەموو هێزەکانی تریشدا ئارامیەکی زیاتری لێدەکەوێتەوە بۆ کوردستان و هەموانیش دلخۆش و ویژدان ئاسودە دەکات. هەر بەم کۆبونەوانە دەتوانرێت هەموو کێشەکان چارەسەر بکرێن نەك بەدوور و دۆستی. ئەم کۆبونەوەی یەکێتی و گۆڕان دلنیام دەرگایەکی گەورە دەکاتەوە بەڕووی چارەسەرکردنی کێشەکانی کوردستان و حکومەتی هەرێم و دابەشکردنی پۆستەکان بەگشتی و بەتایبەتیش کێشە کەلەکەبوەکانی شاری سلێمانی لەیەکلایکردنەوەی کێشەی پارێزگار و

ئەنجومەنی پارێزگا و هەموو کێشەکانی تریش لەناوچەکەدا لەهەڵەبجە و گەرمیان و پشدەر و ڕانیەش.

من دڵنیام بە کەمێك نەرمی نواندن بۆ یەکتری و دەستهەڵگرتن لەهەندێ مەرجی تەعجیزی و وازهێنان لەهەندێ پلە و پۆست لەلایەن هەموانەوە ، چارەسەکان زۆر ئاسانتر و ساناتر دەبن.

هەق وایە هەموان ئەو هەڵوێست و گوتە و کرادارانەی مام جەلالمان لەیادبێت کە لەو پەڕی تەنگانە و دووربون لە یەکتری و قوڵبونەوەی کێشە و ناکۆکیەکان و لە سەردەمی شەڕی ناوخۆدا ، پێی بە هەموو غرور و کبریائو کەسایەتی خۆیدا دەنا و بەتەنها دەچووە سەردانی پارتی و هەربەمەش هەموو بەستەڵەکەکانی دەتواندەوە و دەرگای ئاوالأدەکرد بۆ چارەسەرەکان..

دەبا لە ئێستاشدا سەرکردەکانی هەموو لایەك تەنها پەندێکی بچوك لە و مامەڵە سیاسی و پشوودرێژی و دووربینیانەی مام جەلال وەربگرن و لەسەر چەند پلە و پۆست و ناونیشانێك بۆ ئەو یان ئەمیان کوردو کوردستان و هەموو دەسکەوت و مێژوو و ڕابوردومان نەکەنە قوربانی نەزوات و دەمارگیری و غرور و خۆبەزلزانی سەرکردەکان، کە هەر بەم کردارەش دەبنە جێگەی ڕێز و متمانەی زیاتری جەماوەری گەلەکەمان، چونکە ئاڵنگاریەکانی ئەم قۆناغە بەبێ یەك و یەکگرتووی هەموو هێز و تواناکانی کورد زۆر ئەستەمە بەرگەیان بگرین و سەرکەوتوشبین. مێژوو و ڕووداوەکانیش دەریان خستوە کورد هەمیشە بەیەکویەکگرتوویی گوتار و کردار گرەوی بردۆتەوە و زیندووترین نمونەش هاوکاری و پشتیوانی هەموو کوردان بوو بۆ کوبانی خۆڕاگری ڕۆژئاوای کوردستان، کە بەم هەڵوێستەی هەموو کوردان توانرا ڕاو بۆچوونی گەورەترین دەوڵەتی دونیا و شەقامی ئەو وڵاتانەش بجوڵێنین بەقازانجی پشتیوانیکردنی کوبانی و هەموو مەسەلەی کورد، لەئێستادا پشتیوانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی هێندە گەرموگوڕ و گەورەیە بۆ مەسەلەی کورد ، کە لەمێژووی خەباتی سەد ساڵەی ڕابووردووی کوردا بێوێنەیە . هەربۆیە دەبێت ئەم پشتیوانیە نێودەوڵەتیە هاندەرێك بێت بۆ هەموان کە بەیەك و یەکگرتوویی ناوماڵی کورد لەم هەرێمەدا و ناوماڵە گەورەکەی نەتەوەکەشمان لەهەر چوار بەشەکەدا بەسەرکەوتوی و بەبەرژەوەندی کوردو کوردستان تێبپەڕێنین تا بتوانین بە ئامانجە گەورەکەمان بگەین لە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستاندا.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی مەکتەب ڕێکخستن و SNN وئەنجومەنی سەرکردایەتی و خەندان لە ٦ و ٧ و ٢٠١٤/١١/١٠دا بڵاوکراوەتەوە.

لەیادی ٤٠ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیدا...

# یەکێتیەکی چۆنمان گەرەکە؟*

• ئەمڕۆ ٢٠١٥/٥/٢٢ ڕێکەوتی یادی چلهەمین ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و دەرکردنی یەکەمین بەیاننامەی لەدایکبونێتی، ئەم یادە و لەم کات و سات و قۆناغەی خەباتی کوردایەتیدا یادێکی ئاسایی نیە و ناکرێت هەروا سەر پێی لێپرونرێت و ئیستێکی جدیانەی لەسەر نەکرێت و قسەی ناو دڵی زۆرینەی جەماوەر و کادر و لایەنگران و ئەندامانی یەکێتی تیادا نەکرێت، قسەیەك کە پەند و عیبرەت لە ٤٠ ساڵی ڕابووردوو وەربگرین بەهەموو هەڵە و نسکۆ و شکستەکانمانەوە لە پاڵ سەرجەم دەسکەوت و سەرکەوتن و پێشکەوتنەکانی یەکێتیدا.چونکە ٤٠ ساڵ تەمەن بۆ خۆی قۆناغێکی ژیانە کە ئیدی چ کەس بێت یان بونەوەرێکی زیندوو بێت کە حیزبی سیاسیش بەپێی زۆرێك لە ڕوانگە و بۆچونەکان وەك بونەوەرێکی زیندوو وایە کە لەدایك دەبێت و گەشە دەکات و پێدەگات و بەرەو پیربوون و لاوازبوون و تەنانەت مردنیش دەچێت، بۆیە ٤٠ ساڵ تەمەن تەمەنێکی تاڕادەیەك کەمە بەبەراوورد بە مێژوو، ئەم تەمەنە پێی دەوترێت تەمەنی (( ڕوشدی ناوەڕاست کە لە ٤٠-٦٠ ساڵی دەستپێدەکات )) و دادەنرێت بە درێژترین ماوەی تەمەنی لە سوڕی ژیانی مرۆڤ و بونەوەراندا ، لەهەمان کاتدا هەڕەتی لاوێتی و توانا و وزەکانە و وەك دیاریش کراوە تەمەنی ٤٠ ساڵی تەمەنی پێگەیشتنی عەقڵ و توانا جەستەییەکانە چ بۆ مرۆڤ چ بۆ بونەوەرە زیندوەکان. بەواتای ئەوەی کە لەدوای تەمەنی ٤٠ ساڵ مرۆ دەبێتە مرۆییەکی کامڵ وە تێگەیشتووە توانای لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی گۆڕانکاریەکانی دەوروبەری خۆی هەیە بە ڕاستترین شێوە، هەربۆیە دەبێت کەمترین هەڵە و زۆرترین پێکانی ڕاستیەکان لەخۆ بگرێت ، هەروا کەمترین نوشست و زۆرترین سەرکەوتن و دەسکەوت بۆخۆی مسۆگەر بکات. ئەم قۆناغەی خەباتیش جیاواز لە ڕابووردوو قۆناغێکی سەخت و دژوارە بەهۆی کۆمەڵێك گۆڕانکاری گەورە و کتوپڕی ناوخۆیی یەکێتی و کوردستان و عێراق وناوچەکە و جیهانەوە ، کە بونەتە مۆتەکە و مەترسی بەسەر چ یەکێتی وەکو حیزبێکی سیاسی چ وەك کورد وەکو نەتەوەیەکی داگیر و

دابەشکراو چ وەکو ناوچەکە کە ناوچەیەکی گەرمی پڕ ململانێی سیاسی و ئابوری و سەربازیە.بۆیە ووردبونەوە و دیقەتگرتن لە ئێستا و ئایندەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کارێکی گرنگ و هەستیار و چارەنوسازیشە و کاریگەری ناوخۆیی و ناوچەیەیشی دەبێت .چونکە یەکێتی وەکو حیزبێکی سیاسی کاریگەر و خاوەن نفوز و دەسەلأت و تێڕوانینی تایبەتی خۆی بۆ سەرجەمی مەسەلەکان، بۆتە دیفاکتۆیەك لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و عێراق و ناوچەکەدا و هیچ هێز و وڵاتێك بە گەورە و بچوکەوە ناتوانێت یەکێتی نیشتیمانی لەبەرچاو نەگرێت و لە حساب و هاوکێشە و هاوپەیمانیەکاندا جێگەی تایبەتی بۆ دانەنێت.ئەمەش لەخۆوە وەدەست نەهاتوە یەکێتیەك پێش ٤٠ ساڵ لەسەر دەستی کۆمەڵێك خەباتگێڕی کوردایەتیدا لەدەرەوەی کوردستان و لە چاخانەی تولەیتلەی پایتەختی سوریا (( دیمەشق )) دامەزرابێت ڕاستەوخۆ لەدوای نسکۆیەکی گەورەی کوردایەتی لە ساڵی ١٩٧٥دا کاتێك ناوچەکە و عێراق و کوردایەتی بەوپەڕی ڕۆژانی تاریکی و شەوەزەنگی نسکۆ و دۆڕاندندا تێپەڕ دەبووکە هەموو چرا و مۆمەکانی ئومێد خامۆش و کوژابونەوە، ئالەو کاتەدا یەکێتیەك بە ڕۆحیەتی مقاوەمەت و هەستانەوە و بوژاندنەوەی کوردایەتی هاتە مەیدان و یەکەم بەیاننامەی دامەزراندنی خۆی ڕاگەیاند بە گوێی دۆست و دوژمناندا، ئیدی لەو چرکە ساتەوە یەکێتی بوە قیبلەنوما و کۆکەرەوەی هەموو هێز و توانا و بیرێکی کوردایەتی و شۆڕشگێڕانە و تەنها لەدوای یەك ساڵیش لە ١٩٧٦/٦/١دا توانی دەستبکاتەوە بەکار و چالاکی پێشمەرگانە و قۆناغی خۆناساندن و مەفرەزە گەڕۆکە چەکداریەکان تێبپەڕێنێت و پێ بنێتە قۆناغی خۆ چەسپاندن و گەشەکردنەوە و لەماوەی کەمی تەنها ٢ ساڵدا توانی ببێتە خاوەنی هێزێکی چەکداری و پێشمەرگانەی زیاد لە ١٠٠٠ چەکدار و توانایەکی بەهێزی ڕێکخستن و جەماوەری پانوپۆڕی کوردستان. بەم شێوەیە یەکێتی سەرەڕای جیابونەوەکان و ململانێ ناوخۆییەکانی براکان و پیلانی دژواری داگیرکارانی عێراق و ئێران و تورکیا بە هێرش و گەمارۆی ئابوری و سیاسی و سەربازی و سیاسەتەکانی بەعس لە ڕاگواستن و بەبەعسیکردن و تەعریب و سووتماککردنی خاکی کوردستان لە ڕێگەی کیمیاویباران و ئەنفالەوە کە هەموو توانایەکی بەعسی بۆ تەرخانکرابوو گەیشتە ترۆپکی خۆی بۆ لەناوبردنی تەواوی هێز و دەسەلأتی یەکێتی و هەموو حیزبە سیاسیەکانی تری کوردستان، بەڵام خەوبینینی دوژمنان بە نەمانی کوردەوە خەوێکی زڕ

و بێبەر بوو، هەربۆیە لەسەر دەستی یەکێتی و سەرکردایەتیەکەیدا وەکو ئەندازیار و خاوەن ئەزمون و خەباتێکی ڕاستەقینەی کوردایەتی و پشتئەستوور بەجەماوەری خۆڕاگر و نەترس و بوێرەکەی خۆی لەساڵی ١٩٩١دا پلانی ڕاپەڕینی داڕشت و بوە سەرقافڵەی کاروانی خەباتی کوردایەتی و یەکەم ئەزمونی حوکمڕانی و دەسەلآتی شەرعی سەرچاوە گرتوە لە دەنگ و هەڵبژاردنی جەماوەرەوە هەر لە ١٩٩٢/٥/١٩دا توانی تاقیبکاتەوە و نیوەی دەسەلآتی باشوری کوردستان بۆ خۆی مسۆگەر بکات و لەتەمەنی ١٦ ساڵیدا بگاتە یەکەم ئامانجی هەموو حیزبێکی سیاسی کە گرتنە دەستی دەسەلآت و لەم کارەشدا یەکێتی یەکەم حیزبی سیاسیە کە لەو تەمەنە کەمەدا بگاتە دەسەلآتی سیاسی ، ئیدی یەکێتی قۆناغی شاخی کۆتایی پێهێناو پێی نایە قۆناغێکی سەختر و دژوارتری خەباتەوە کە خەباتی جەماوەری و پەڕلەمانی و هەڵبژاردن و خزمەتگوزاریەکان بوو و توانی لە ماوەی ٢٤ ساڵی ڕابووردوودا کەم تا زۆر ببێتە هۆکار بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی هاولآتیان و گەشەو ئاوەدانی و پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردەواری لە ڕووی سیاسی و ئابوری و کۆمەلآیەتی و زانست و سەربازی و ..هتدەوە.

هەروەها لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ شەوە و دەروازەیەکی گەورەتر بەسەر خەباتی کوردایەتیدا کرایەوە دوای ڕووخاندن و لەگۆڕنانی یەکجارەکی ڕژێمی بەعسی صدامی لە عێراقدا و ئیدی یەکێتی بوە حیزبێکی فروانتر و خاوەن نفوز و دەسەلآتی گەورەتر نەك هەر لە کوردستان بەڵکو لە سەرتاسەری عێراقدا و بە هەڵبژاردنی هەڤاڵ مام جەلالیش وەك یەکەم سەرۆك کۆماری هەڵبژێردراو و کورددا هێندەی تر ئەرك و کار و بەرنامەکانی سەختتر و دژوار تر بوون.

بەم شێوەیە قۆناغی خەباتی ٤٠ ساڵەی یەکێتی هەمیشە ڕوو لە هەڵکشان بوە و گەلێك دەسکەوتی گەورە و مەزنی وەدەستهێناوە بۆ گەلەکەمان بەتایبەتیش بەڕابەرایەتیکردنی هەڤاڵ مام جەلال کە توانی بە حیکمەت و دانایی و دووربینی و تیژبینی سیاسی خۆیەوە یەکێتی لە قۆناغە سەختەکان ڕزگار بکات و لە ئاشتی و ئاوەدانیەکانیشدا باشتر گەشە و پەرەی پێبدات، گەر بەچاوێکی دیقەت و ویژدانەوە بڕوانین ئەوا دەبێت بەناچاری دان بنێین بەو ڕاستیەدا کە باسکردنی مێژووی یەکێتی بەبێ باسکردن و ڕێزگرتن لە خەبات و کەسایەتی و بیرمەندی و کاریزمایی هەڤاڵ مام جەلال ئەوا باسێکی ناکامڵ و مێژوویەکی ناڕاست و بەتاڵ دەبێت.بۆیە هێندەی یەکێتی فەزل و چاکەی بەسەر هەموانمانەوە هەیە

هەڤاڵ مام جەلیش هێندەی بەسەر یەكێتی و هەموانمانەوە هەیە ، بە شێوەیەك سەختبوو بەبێ مام جەلال یەكێتی دروست ببێت و گەشەش بكات و گەورەش ببێت و بگاتە دەسەڵاتی كوردستان و عێراقیش و بگاتە ئاستی حیزبێكی نێونەتەوەیی وەكو ڕێكخراویی ئینتەرناسیونالی جیهانی.كەواتە باسكردن لە هەركامێك لە یەكێتی و مام جەلال بەتەنها كارێكی گەمژانەیە و ناكرێت لەیەكتر جودا بكرێنەوە، بۆیە یەكێتی و مام جەلال دوانەیەكی دانەبڕاون لە یەكتری و بونەتە حەقیقەتێكی بەرجەستەكراو و دانپیادانراو لەلایەن دۆست و دوژمنانەوە هەربۆیە هەژمون و كاریزمایی مام جەلال وایكردبوو كە یەكێتی بە چاوی ڕێز و گەورەیی و سەنگینیەوە لە كوردستان و عێراق و ناوچەكەشدا لێیبڕوانرێت.و ئەم ڕاستیەش لەماوەی ئەم ٣ ساڵی ڕابووردوەدا بەدووركەوتنەوەی مام جەلال بەهۆی نەخۆشیەكەیەوە لە یەكێتیەكەی خۆی دەریخست بێ مام جەلال یەكێتیەكی لاواز و پڕ ململانێی ناڕەوا و وەستاو لەجێگەی خۆیدا هەیە، نەك یەكێتیەكی زیندوو و ڕاپەڕیوو و هەڵمەتبەر و دەستپێشخەر لەهەموو بوارەكاندا.

- بەداخەوە ماوەی نزیكەی ٣ ساڵێك دەبێت كە یەكێتی دوور لە مام جەلال گێردۆدەی خۆخواردنەوە و ململانێیەكی ناڕەوای خولاوە لەبازنەیەكی بۆشدا بۆتەوە و ناتوانێت خۆی لێ دەرباز بكات وخۆی ڕاپسكێنێت . ڕاستە حیزبی سیاسی بەبێ ململانێیەكی ساغڵەم و تەندروست نابێت، بەڵام پێویستە هەموو ململانێكان بەبەرژەوەندی حیزب تەواو ببێت و نەچێتە قاڵب و چوارچێوەی بەرژەوەندی كەسەكانەوە. حیزبی سیاسی یان ململانێی سیاسی دەبێت بۆ باشتر پێشخستن و گەشەپێدانی حیزب لە ڕووی سیاسی و ئابوری و جەماوەری و فكریە بێت. نابێت هەرگیز ململانێكان تەنها لەچوارچێوەی تێز و بۆچوون و بیروڕای كەسەكاندا لەقاڵب بدرێن، بەڵكو ئەركی هەموانە بەدەستەجەمعی كار بكەن و بیر بكەنەوە و تێبكۆشن بۆ خزمەتی حیزب، كاری حیزبی كاری دەستەجەمعیە و هیچ تاكێك ناتوانێت ببێتە پاڵەوانی بێڕكابەر لەناو حیزبدا، هەربۆیە تەواوی حیزبەكە بەمانای تەواوی توانا و لێهاتووی و جوڵەی هەموان دێت ، هەر حیزبێك خۆی قەتیس كرد لەچوارچێوەی توانا و تێز و فكری تاكە كەسێكدا دەبێتە حیزبێكی داخراو و هێواش هێواش بەرەو بچوكبونەوە و تەریكبوون دەچێت لەلایەن زۆرینەوە، بۆیە حیزبی سیاسی و سەركردەی سەركەوتوو ئەوەیە كە سوود لەتوانای هەموان وەربگرێت و هەموانیش بخاتە خزمەتی خۆیەوە و خۆشی بۆ هەموان بێت نەك تاقمێك یان دەستەیەك یان گروپێك

یان ناوچەیەکی دیاریکراو، حیزبی سەرکەوتوو حیزبی پانوپۆڕی جەماوەریە نەك حیزبی نەتەوەیەك یان ئاین و مەزهەبێکی دیاریکراو، حیزبی سیاسی کاری کۆکردنەوەی زۆرترین دەنگی جەماوەرە لەدەوری بەرنامە سیاسیەکەی خۆی و گەیشتنی بەدەسەلاَت و مانەوەیەتی بۆ زۆرترین ماوە،حیزبی سیاسی کاری هۆشیارکردنەوەی بەردەوامی لایەنگران و ئەندامانی خۆیەتی و دواتریش تەواوی جەماوەرەکەیەتی، حیزبی سیاسی سەرکەوتوو ئەوەیە کە بتوانێت کۆنترۆڵی هەموو جومگە و ئۆرگانەکان و کەسەکانی خۆی بکات و خاوەنی پەیڕەوێکی پێشکەوتوی دیموکراسیخواز بێت و بەرنامە و پلانی ستراتیژی و تاکتیکی دیاریکراوی خۆی هەبێت کەهەموان ڕێکبکەون لەسەر کارکردن و گەشەپێدانی. خۆشبەختانە یەکێتی لەسەرەتای دامەزراندنیەوە بە ململانێی سیاسی و بیروڕای جیازواز خۆی پێشکەش کرد و تاڕادەیەکی باشیش سەرکەوتوو بوو لە بەڕێوەبردنی ململانێکانی ناوخۆیدا و توانی هەموو قۆناغە سەخت و دژوارەکان تێبپەڕێنێت ، چونکە لە ڕابووردوودا ململانێکان هێندەی بۆ بەرژەوەندی یەکێتی بوو نیو هێندە بۆ بەرژەوەندی کەسەکان نەبوو ، هێندەی بۆ دەستخستن و گەشەکردنی دەسکەوت بۆ جەماوەر و یەکێتی بوو نیو هێندە بۆ قازانج و دەسکەوتی مادی و پلە و پۆست و ئیمتیازات نەبوو، ئەو کەسەی هەڵپەی دەکرد بۆ پلەو پۆست لە شاخ دەبوایە خوێنی خۆی ببەخشیایە هەربۆیە ململانێکان ململانێیەکی ساغڵەم و تەندروست بوو زیانی گەورەی نەدەگەیاندە یەکێتی، بەلاَم بەداخەوە ئێستا زۆرینەی ململانێکان لەسەر جەستەو لاشە و توانا مادی و مەعنەویەکانی تەنها یەکێتیە. بۆیە گەرەکە بەجدی هەموانمان خەمخۆرانی ئایندەی یەکێتی هەڵوێستی جدیمان هەبێت بۆ کۆتایی هێنان بەم شانۆگەریە تراجیدیایە کە بەسەر یەکێتی و لەناوخۆی یەکێتیدا درێژەی هەیە.بەگیانێکی هەڤالاَنەی دڵسۆزانەوە و گەرەکە هەموانیشمان چەندە ڕاستی و هەقمان لەلابێت نەرم و نیان بین لەسەر بەرژەوەندیەکانی یەکێتی لەبەرامبەر یەکتردا، چونکە یەکێتی بەرگەی جیابونەوەیەك و دووکەرتبونێکی تر ناگرێت و با دوێنێی نزیکمان جارێکی تر دووبارە نەکەینەوە.

- **لەم یادی ٤٠ ساڵەی یەکێتیدا ، یەکێتیەکی چۆنمان گەرەکە؟**

گرنگی و هەستیاری قۆناغەکە وا دەخوازێت کە بەلەبەرچاوگرتنی مەترسیەکان وئاڵنگاریەکانی ناوخۆ و کوردستانی و عێراقی و ناوچەکە، کە خۆیان دەبیننەوە لە:

١. مەترسی تیرۆریستانی داعش کە بۆتە مۆتەکەیەکی بار قورس و نەگریسی سەر شانی هەموان لەم هەرێمەدا کەوا دەخوازێت هەموو حیزب و سەرکردە سیاسیەکان یەك گوتار و یەك هەڵوێست بن و هەموو تواناکان بخەنە خزمەتی پاراستنی هەرێمەکەمان و هەموو ئەو دەسکەوت و ئاوەدانی و ئاشتیەی کە بەخوێن و فرمێسکی بەردەوام هاتونەتە دی و یەکێتی و هێزی پێشمەرگە و جەماوەر و ڕێکخستنەکانیش ئەرکی گەورەیان کەوتۆتە ئەستۆ و بەسەرکەوتویش جێبەجێیان کردوە.

٢. مەترسی و ململانێ و ئاڵنگاریەکانیش لەگەڵ بەغدادا، جارێکی تر وادەخوازێت کە هەرێم بەهەموو تواناکانیەوە ڕووبەڕویان ببێتەوە لە پێناو مانەوە و بەردەوامبونی ئەم دەسەڵاتە کوردیەدا. کە یەکێتیش وەکو حیزبێکی گەورە و بەدەسەڵات و خاوەن هێز و بازووی سەربازی و پێشمەرگایەتی کە زیاد لە ٦٥٠ کم پاراستنی خاکی کوردستانی لە ئەستۆدایە بەتەنها، ئەرکێکی مێژوویی کەوتۆتە ئەستۆ.

٣. ململانێکان لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە بە مەزهەبی سونە و شیعەیانەوە بە عەرەب و تورك و فارسیانەوە ، تەحەدایەکی گەورەیە و دەخوازێت هەموان لەم هەرێمەدا بەحیکمەت و دووربینی و پشوودرێژی و سیاستەزانینێکی زیرەکانەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن بۆ پاراستن و مانەوە و هێشتنەوەی شکۆ و سەروەری هەرێمەکەمان. کە یەکێتی لەم بوارەشدا وەکو حیزبێکی ڕەسەن و دێرین و خاوەن مێژوو و جوگرافیایەکی دێرین و فراوان لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا ئەرکێکی سەخت و هەستیاری لە ئەستۆیەو گەرەکە بتوانێت کە بەردەوامی بە سیاسەتی زیرەکانە و ژیرانەی مام جەلال بدات.

٤. گرنگی ئێستای پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان لەسەر ئاستی سیاسی و ئابوری و سەربازی و ..هتد. بوارێکی گەورەیەو کاریگەری دوو دەمی هەیە بۆ مەسەلەی کورد و کوردستان نەك هەر لە باشوور بەڵکو لەهەر چوار پارچەکەی کوردستاندا، بۆیە ئەرکی یەکێتیە کە گرنگی تەواو بدات بەم بوارە و هەموو هێز و تواناکانی خۆی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و یەکێتی ئەوروپاو نەتەوە یەکگرتوەکان و ڕێکخراوی ئینەتەر ناسیونال پەرە پێبدات.

٥. لەسەر ئاستی نەتەوە و پارچەکانی کوردستانیش ، یەکێتی پێویستە سیاسەتێکی نەتەواییانە و برایانە پیادە بکات و هاوکاری و دەستگیرۆیی تەواوی هێزە ئازادیخواز و دیموکراس و پێشکەوتوخوازەکانی نەتەوەکەمان بدات و بۆئەوەی هەموان بەیەکەوە

مەسەلەی کورد لەناوچەکەو دونیادا بەرەو پێش بەرین و ئەم سەدەی بیست و یەکەمە بکەینە سەدەی کوردان و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی.

٦. لەسەر مەسەلەی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و پەیوەندیە حیزبیەکان لەگەڵ گەورە و بچوکی حیزب و سەرکردەکاندا ،گەرەکە یەکێتی وەك هەمیشە لایەنگری یەکڕیزی و سازانی نیشتیمانی و پێکەوە کارکردن و چەسپاندنی ئاشتی و ئارامی و خۆشگوزەرانی بێت بۆ هەموان و لایەنگری چەسپاندنی حکومەت و دەسەڵاتی کوردی و سەروەری یاسا و پێشێلنەکردنی مافەکانی تاك و کۆمەڵ بێت..

٧. لەسەر مەسەلەی ناوخۆی یەکێتیش، کە ئەم تەحەدی و مەترسییەیان لەهەموانیان مەترسیدار و کاریگەرترە بۆ سەر هێز و توانای یەکێتی،کە دەبێت یەکێتی نێو ماڵی خۆی ڕێکبخاتەوە و تۆکمەی بکات، ئەو کات دەتوانێت بەسەربەرزی و بوێریەوە بەرامبەر هەموو تەحەدی و مەترسیەکانی دەرەوەی خۆی ڕابوەستێت.

- **لەسۆنگەی ئەم ئاڵنگاریانەوە، یەکێتی دەبێت چی بکات ؟ جەماوەر و لایەنگرانی یەکێتی چییان لە یەکێتی گەرەکە؟ بەکورتی یەکێتیەکی چۆنمان گەرەکە لەدوای ٤٠ ساڵ تەمەنەوە؟**

بەکورتی هەموانمان بەدۆست و لایەنگر و ئەندام و جەماوەری خەمخۆر و دڵسۆزی یەکێتیەوە، پەرۆشی یەکڕیزی یەکێتین و داواکاری پاراستنی ئەو یەکێتیەی ناو یەکێتین و گەرەکە لەناو و ناوەڕۆکدا بەهەقیقەت یەکێتی یەکێتی بێت بۆ هەموان و هەر بەو یەکێتیە ناوخۆییەی ڕیزەکانمان دەتوانین یەکێتی بۆ ٤٠ ساڵی داهاتووش بپارێزین و بەردەوامیشی پێبدەین، یەکێتی گەرەکە ڕۆحیەتی هەڤاڵانە و خەمخۆرانە و دڵسۆزانە زیندوو بکاتەوە و تۆخی بکاتەوە لەبەرامبەر کاڵبونەوەی تەکەتول و دەستەگەری ناڕەوادا، یەکێتیەکمان دەوێت کە ئامانج و دروشم و سیاسەت و بەرنامەیەکی کوردانەی سەرتاسەری پیادە بکات و بەرژەوەندی گەل و نیشتمان بخاتە سەروو بەرژەوەندی تاك و کەس و گروپەکانەوە، یەکێتیەکمان گەرەکە ئاشتیخواز و ئاوەدانکار و دیموکراسی و ئازادی پەروەر بێت، یەکێتیەکمان گەرەکە کە ڕەخنە و جیاوازیەکانی هەموانمان قبوڵ بکات ، یەکێتیەکمان گەرەکە کە سیاسەتی پەراوێزخستنی دڵسۆزەکان و ماندوەکانی خۆی پیادە نەکات و دوور بکەوێتەوە لە دیاردە زیانبەخشەکانی گەندەڵی و دەستەگەری و

ناوچەگەری و خزمخزمێنە و مەحسوبیەت و مەنسوبیەت، یەکێتیەکەمان گەرەکە کە هەموان بەشداری پێبکات لە سیاسەتەکانی خۆیدا و توانای هیچ کەس و لایەنێك بەکەم نەگرێت، یەکێتیەکمان گەرەکە کە لەسەر تیژ و تیڕوانین و فکری جەنابی مام جەلال بڕوات لە کرانەوە و پشوودرێژی و دیموکراسیەت و هەمەڕەنگی و هەمە دەنگیدا و سیاسەتی چەپکە گوڵەکە پیادە بکات،یەکێتیەکەمان گەرەکە کە سیاسەتی ئاشکراکردن وبەخۆداچونەوە و ڕاستکردنەوە(( بیرۆسترۆیکا و گلاسنۆست))یێکی کوردانە و یەکێتیانەی هەڵەکان چیٚ بکات لە ڕێگەی بەستنی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیەوە و دوورکەوتنەوە لەململانیٚ ناوخۆییە ناڕەواکان پیادە بکات و چیدی توانای مادی و مەعنەویەکانی یەکێتی بەهەدەر نەدات، یەکێتیەکمان گەرەکە کە بگەڕێتەوە بۆ ڕیزی یەکەم و جێگە وپێگەی شایستەی ڕابەرایەتی خۆی وەربگرێتەوە نەك بچوك و پشتگوێخراو بێت.یەکێتیەکمان گەرەکە نەك هەر لە کوردستان بەڵکو لەهەر چوار بەشەکە و لە عێراق و ناوچەکە و نێودەڵەتیشدا ڕۆژو سەردەمە زێڕینەکانی جەنابی مام جەلال بۆخۆی بگەڕێنێتەوە و خاوەن کردار و گفتاری سەربەخۆی خۆی بێت.

یەکێتیەکمان گەرەکە کە خاکی و هەڵقولاٚو و نزیکی جەماوەرە دڵسۆزەکەی خۆی بێت نەك غرور و خۆبەزلزان و سەرمەستی پلە و پۆست و دەسکەوتە مادیەکان بێت، چونکە هەر جەماوەرە خاوەن و سەرچاوەی شەرعیەت و ڕەوایی شۆڕشگێڕی و دەسەلاٚتیشە لە قۆناغی شۆڕش و شاریشدا.

بۆیە ئەرکی هەموانمانە کە ئەم یادە مەزنەی یەکێتی کە ٤٠ ساڵی تەواو تێپەڕ دەکات بکەینە یادی جۆشدانەوە و گەشاندنەوەی یەکێتی و ڕێباز و ڕچە و فکر و سیاسەتە ڕاستەکانی و بیکەینە خاڵی وەرچەرخان و دوورکەوتنەوە لە نەخۆشی و پەستی و ململانیٚ خۆخۆریەکانی ناوخۆ ، چونکە لەماوەی ٣ ساڵی ڕابووردوودا ململانێکان زۆر تۆخببونەوە و زۆر جارانیش گەرموگڕبون و گەیشتبونە ئاستی مەترسیداریش و دۆست و دوژمنەکانیش لەهەموو نهێنی و سیاسەت و بەرنامەی یەکێتی تێگەیشتبون و شکۆی

یەکێتیمان بەدەستی خۆمان بچوك کردبۆوە، بەڵام خۆشبەختانە هەموانمان ئەو ڕاستیەمان بۆ دەرکەوت کە تاکە قەدەری هەمووومان تەنها یەکێتیە و بەس.

هەربۆیە لەم قۆناغی خەباتەمان کە قۆناغی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی و سەربەخۆیی کوردیە ئەرکمانە خۆ ئامادە بکەین بۆ هەنگاونان بەرەو ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی و یەکێتیەکەمان بکەینەوە ڕابەر و سەرکردە و ئەندازیاری دامەزراندن و ڕاگەیاندنی ئەو دەوڵەتە هەروەك چۆن لە ڕابووردوودا یەکێتیەکەمان ئەندازیاری هەڵایسانەوەی شۆڕشی نوێ و داگیرساندنی چەخماخەی ڕاپەڕین و هەڵبژاردنی یەکەمین پەڕلەمانی کوردی ودامەزراندنی حکومەتی هەرێم وهێنانەکایە و چەسپاندنی تێزی فیدڕاڵی و پێشمەرگەی ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی صدامیش بوو.

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و مەکتەب ڕێکخستن و پێنوسەکان و ستاندارکورد لە ٢٦ و ٢٧ و٢٠١٥/٥/٣٠دا بلاوکراوەتەوە.

# یەکێتی نیشتیمانی کوردستان چ سازانێکی گەرەکە؟*

• یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەسەرەتای سەرهەڵدانی مەسەلە و قەیرانی سەرۆکایەتی هەرێمەوە هەر لەساڵی ٢٠١٣وە لە ناوەڕۆکی یاسای ژمارە ١٩ لە ٣٠حوزەیرانی ٢٠١٣دا ڕای خۆی بە سەربەستانەو ئازادانە و لەچوارچێوەی یاساو پەرلەماندا دەربارەی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم دەربڕیوە کە تیایدا هاتوە لەدوای ئەم دووساڵ درێژکردنەوەیە هیچ درێژکردنەوەیەکی تر قبوڵ ناکرێت.. گەر ئەمە ڕای یەکێتی بێت پێش ٢ ساڵ لەمەوبەر کە ڕێکەوتنی ستراتیژی هەبوە لەگەڵ پارتیدا، ئەوا ئێستا بە ڕاشکاوانەتر و لەمیانەی تاکە پڕۆژەی پێشکەشکراوی بۆ پەرلەمانی کوردستان کە تاکە پڕۆژەی پەسەندکراوی سەرجەم یەکێتیەکانە بۆ چارەسەری مەسەلەی سەرۆکایەتی هەرێم ، زۆر بەڕوونتر ئاشکرای کردوە کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەگەڵ درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێمدا نیە بۆ هیچ کەسێك بەبێ ناونان و ناوهێنانی هیچ کەسایەتیەك و پێویستیشە سیستەمی پەرلەمانیش پەیڕەو بکرێت لەجیاتی سیستەمی سەرۆکایەتی .

بەم شێوەیە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ڕای خۆی بە ئازادانە دەربڕیوە و بەقەناعەتی تەواویشەوە بەرگریشی لێدەکات و ئەم بیربۆچون و ڕایەی یەکێتیش زادەی ئەم مانگ و دوو مانگە نیە و پێشینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆبونەوەی دەباشانی یەکەمجار لەساڵی٢٠١٢ لەنێوان هەڤاڵ مام جەلال و بەڕێز نەوشیروان مستەفادا.چونکە گۆڕانکاریە ناوچەیی و نێوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان و پێداویستی قۆناغی نوێ و گونجاندانی سیستەمی حوکمڕانی کوردستانیش لەگەڵ بەغدادا وای گەرەکە کە سیستەم پەرلەمانی بێت و سەرۆکی هەرێم لەپەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت و دەسەلاتەکانیشی بەپێی یاسا ڕێکبخرێت.یەکێتی ئەمە ڕای خۆی و سەرکردایەتی و جەماوەر و بنکەی ڕێکخستنەکانێتی و ئیجماعێکی تەواوی لەسەر گەلاڵەکراوە و هەموانیش سوورن لەسەر ئەوەی کە ٣٠ حوزەیرانێکی تر دووبارە نەکەنەوە کە باجەکەیان بەقورسیداکە ئەوکاتیش یەکێتی هەر لەبەر خەمخۆری بۆ ئایندە و نەشێواندنی بارودۆخەکەی هەرێم ئەو موجازەفە سیاسیەی

بەمێژوو و ئاینده و جەماوەرەکەی خۆشیەوە کرد، بەڵام زۆرێك بۆ لاوازی و پەرتوبڵاوی ناوەندی بڕیاری یەکێتیان گەڕاندەوە و هەست و درکیان بە هەڕەشەکان و بڕاردە خراپەکانی ئەو کاتیش نەدەکرد ، بەڵام ئێستا هەموان لەو ڕاستیە تێگەیشتن گەر یەکێتی لە ساڵی ٢٠١٣وە ئەو بڕیارە سەختەی نەدایە ئەوا دۆخی هەرێمەکەمان هەر لەو کاتەوە دەکەوتە بەر هەڕەشەی دوو ئیدارەیی و هەڵایسانی شەڕی ناوخۆ.

بۆیە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان نە ئەوکات و سەردەمەی ساڵی ٢٠١٣ و نە ئێستاش پاشکۆ و پاشکۆیەتی هیچ کەس و سەرکردە و لایەنێکی قبوڵ نەکردوە و ناشیکات ، چونکە یەکێتی بۆ خۆی لە دروستبون و دامەزراندن و هەڵایسانی شۆڕشی نوێ و ڕاپەڕین و دامەزراندنی حکومەتی هەرێم و هەڵبژاردنی یەکەمین پەرلەمان و دروشمی مافی چارەنوس و دیموکراسیەت و فیدراڵیەوە پێشەنگ و ڕابەر بوە و خەڵکان و لایەنی تر پاشکۆی یەکێتی بونە و لە قوتابخانەکەی مام و یەکێتیەوە فێری سیاسەت و ئاشنای دونیای سیاسەت بون، ئیدی بەچ هەقێك ئێستا یەکێتی ببێتەپاشکۆ، بۆیە لەم دۆخەی ئێستای یەکێتیدا کە بە سیاسەتێکی ژیر و ووردبین و حەکیمانەوە ئیدارەی ململانێ سیاسیەکانی ناوخۆشی و دەرەوەشی دەدات گەیشتۆتە ئاستێکی دڵنیایی لە جەماوەرەکەی و لەدۆست و لایەنگر و سەرکردایەتیەکشی و قۆناغی داکشان و نسکۆ کاتیەکانی تێپەڕاند و بەسەرکەوتوانەشەوە لێیدەرچووە.. بۆیە یەکێتی و سەرکردایەتیەکەی هیچ کات ڕێگە بەخۆیان نادەنەوە هەڵەیەکی کوشندەی سیاسی لەشێوەی ٣٠ حوزەیران دوبارە بکەنەوە و ئاستی هوشیاری و خەمخۆری کادران و ئەندامان و بنکەی ڕێکخستن و هێزی پێشمەرگەشی هێندە بەرزە کە ڕێگە لەهەر هەوڵ و سازشێك بگرن لەپێناو هەندێ دەسکەوتی مادی و پلە و پۆست و ئیمتیازاتی کەسیدا، هەموان لەو ڕاستیە گەیشتوون کە یەکێتی نەگۆڕنەوە بەپلەو پۆست و ئیمتیازات، چونکە مێژووی ٤٠ ساڵەی خەبات و بەرگریکردنی یەکێتی و خوێنی شەهیدان و پاراستنی ٦٠٠ کم لەخاکی کوردستان دژی تیرۆریستانی داعش و هاوشێوەکانیان ئەو ئەرکە مێژوویەی سەر ئەستۆی یەکێتی سەختتر دەکەن.

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە ڕای دۆست و دوژمنانیەوە هەمیشە قەڵغان و پارێزەری یەکێتی ڕیزەکانی گەلی کورد و عێراقیش بوە و کەسایەتی کاریزمایی مام جەلالیش هەمیشە پارێزەری ئاشتی و ئارامی و برایەتی و یەکڕیزی بوە لە عێراق و کوردستاندا و لە

ئێستاشدا کاریگەری ئامادەنەبونی مام جەلال بە ئاشکرا بۆ هەموان دەرکەوتوە چ لەعێراق و چ لە کوردستانیشدا چ کێشە و گرفتێك دروست بوە و کەس نیە بتوانێت لایەنە ناکۆکەکان لەسەر یەك مێز کۆبکاتەوە و لە کوردستانیشدا ئامادەنەبونی مام جەلال و کاریگەریەکانی لای هەموان ڕوونە ، گەر مام لەکاردا بوایە بەم شێوەیە دۆخی کوردستان ڕووی لە تێکچوون نەدەکرد و ئەم هەموو قەیرانە سیاسی و ئابوریانە سەریانهەڵنەدەدا و بەئاسانی چارەسەر دەکران.

یەکێتی نیشتیمانی وەکو پارتێکی سیاسی کارا و هەمیشە زیندوو لەڕابووردوو و ئێستاشدا کاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و عێراقدا و هیچ کەس و لایەنێك ناتوانێت ڕۆڵی مێژوویی یەکێتی لەبەر چاو نەگرێت، یەکێتی ڕۆژانی سەختی خەباتی کوردایەتی بەتەنها دەستپێکرد و توانی ڕژێمی بەعسی صدامی بڕوخێنێت و حومکڕانی و دەسەلاتی کوردی دابمەزرێنێت و هاوخەباتی لەنێوان لایەنەکان و بەشەکانی تری کوردستانیشدا دابمەزرێنێت و هەمیشە لایەنگری خەباتی نەتەوایەتی بوە و کاری بۆ یەك و یەگرتوی کوردان کردوە ، لە ئێستاشدا و لەو قۆناغە پڕ مەترسی و چارەنوسسازەی کوردستاندا و لە پڕۆسەی ئاشتەوایی و سازانی نیشتیمانیدا لەسەر مەسەلەی سەرۆکایەتی هەرێم یەکێتی ڕۆڵی میحوەری هەیە نەك پاشکەوتەو پشتگوێخراو چونکە سەنگ و قورسایی یەکێتی بە ژمارەی کورسیی پەڕلەمان هەڵناسەنگێندرێت بەڵکو بە ڕۆڵی مێژوویی و خەباتی کوردایەتی و هێز و نفوزی جەماوەری و پێشمەرگانە و ڕێکخستنەکانێتی و یەکێتی بە فکر و تێڕوانینی ڕەسەنی کوردایەتی جیادەکرێتەوە و بە خوێنبەخشین و گیانبازی ڕۆڵەکانیەوە دەناسرێتەوە، بۆیە لەهەموو قۆناغەکانی خەباتی کوردایەتیدا هەمیشە پێشەنگ و ڕابەرە، زیندوویێتی یەکێتی بۆ هەموان ڕوونە لەگەڵ ئەوەی کە زیاد لە ٢ ساڵە ڕابەری کوردایەتی هەڤاڵ مام جەلال وەك سکرتێری گشتی یەکێتی لە گۆڕەپانەکەدا ئامادەیی کارای نیە و سەرەڕای بونی ئەو هەموو کێشە و ململانێ ناوخۆییانەی یەکێتی کەلای هەموان ئاشکرایە وسەرەڕای هەموو ئەو پیلان و دوژمنکاریانەی کە دژی یەکێتی دەکران و ئێستاش دەکرێن و دەستدەخەنە کاروبارەکانیەوە لەلایەن بەناو هاوپەیمان و هەڤالانی دوێنێوە بەمەبەستی بچوکردنەوەی و وەدەرنانی لە هاوکێشە سیاسیەکاندا بەلام یەکێتی توانیویەتی پارێزگاری لە یەکریزی و یەکبوونی هێز و ناوەندی بڕیاری خۆی بکات ، ئەگەر هەر هێزێکی تری کوردستان بە

دۆخی یەکێتیدا تێپەڕیبوایە ئەوا داری بەسەر بەردیەوە نەدەما، بەڵام ئەوە نهێنی سەرکەوتنی مانەوەی یەکێتیە کە هەمیشە بە فکر و خوێن وعەقڵی نوێ قۆناغە سەخت و دژوارەکان تێدەپەڕێنێت.

لە ئێستاشدا یەکێتی بەبێ شەرم و دووڕوویی و سڵکردنەوە بۆ هەموانی ڕاگەیاندوە کە یەکێتی لایەنگری پرۆسەیەکی سازانی نیشتیمانی گشتگیرە کە هەموو هێزو لایەنەکانی لەسەر ڕێکبکەون و پێکبێن ، یەکێتی لەگەڵ گۆڕانکاریدایە لەجۆری سیستەمی حومکڕانیدا و چەسپاندنی یاساو هەموارکردنەوەی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان، یەکێتی بڕوای بە خەباتی پێکەوەییەو لایەنگری بەڕێوەبردنی دەستەجەمعی کوردستانە لەهەموو ئاست و ئۆرگانەکاندا نەك زاڵکردن و قۆرخکردن و خۆسەپاندنی لایەنێك بەسەر ئەوانیتردا، یەکێتی ڕاستە شەقامی کوردایەتی گرتۆتە بەر و لەدنیا بینی خۆیەوە دەڕوانێتە چارەسەریەکان دوور لە شکاندنی هەیبەت و ئیرادەی کەسانی تر و سڕینەوەی ڕۆڵ و کاریگەری مێژوویيان،هەمیشە لایەنگری تێکنەچوونی دۆخی ئارامی کوردستان بوە وبەهیچ شێوەیەك لەگەڵ کەرتوپەرتبونی هێز و تواناکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نیە و نایهەوێت کە دووئیدارەیی ڕووبداتەوە و شەڕی نەخوازراوی ناوخۆ سەر هەڵبداتەوە،بۆیە هەمیشە حیکمەت و پشوودرێژی دەنوێنێت و هیچ کات یەکێتی لایەنگری ڕێکەوتنی ژێر بەژێر و دابەشکردنی پلە و پۆست و ئیمتیازات و دەسەلأت نەبوە و ئامادەش نیە هاوپەیمانی دوو قۆڵی لەگەڵ هیچ لایەنێکدا لەسەر حسابی لایەنێکی تر گرێبدات .

یەکێتی پێی وایە لەم قۆناغەدا کە هەموان سەرقاڵی پاراستنی هەرێم و دەسەکەوت و ئەزمونەکەمانین دژی تیرۆریستانی داعش و ناوچەکەش بەگشتی لە ژانێکی لەدایکبون و سەرلەنوێ دامەزراندنەوە و ڕێکخستنەوەدایە ، بۆیە پێویست بە ئاگایی زیاتر و هوشیاری زیاتر دەکات لەمامەڵەکردن لەگەڵ پرس و دۆخەکەدا.

بەکورتی یەکێتی خاوەنی بیروڕای ئازادانەی خۆیەتی و پاشکۆی هیچ کەس و لایەنێك نیە و پرۆژە و دنیابینی خۆی خستۆتە بەر چاو و دەستی هەموان و جارێکی تریش ئامادە نیە هەڵەی کوشندە و مێژوویی بکاتەوە لە پێناو بەرژەوەندی هیچ کەس و لایەکدا و بەتەواوەتیش لەگەڵ پرۆسەیەکی سازانی نیشتیمانی گشتگیردایە لە پێناو پاراستنی دەسکەوتە مێژوویەکان و بەرژەوەندیە باڵأکانی کورد و کوردستاندا.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانیSNN ومەکتەب ڕێکخستن و ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ناوەندی دەرەوە و پێنوسەکان لە ١ و ٩/٢ و هەواڵ ژمارە ٦٣٢ لە٢٠١٥/٩/٥دا بلاوکراوەتەوە.

## یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ،هەمیشە بەشێك لە چارەسەر... *

- لەئێستادا و دوای ٧ کۆبونەوەی پێنج قۆڵی لایەنە سیاسیەکان بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر و دەرچەیەك لەم قەیرانەی کە هەرێمی پیادا تێپەڕ دەبێت کە ئەویش قەیرانی سەرۆکایەتی هەرێمە، هەموو چاوەکان و هەموو ڕووناکیەکان ئاڕاستەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کراوە و هەموان چاوەڕوانی هەڵوێست و هەنگاو ودەستپێشخەریەکی مێژوویی یەکێتین، بە ئاڕاستەی دۆزینەوە و ڕزگارکردنی دۆخەکە لەبارگرژی زیاتر و دوورکەوتنەوە و دوورخستنەوەی مەترسیەکانی سەر ئەم دەسەڵاتە.
- **پرسیار لێرەدا ئەوەیە ، بۆچی یەکێتی ؟ بۆ لایەنێکی تر نا؟ئەم هەموو چاوەڕوانیە لە یەکێتی بۆ؟**

لەبەرئەوەی یەکێتی بە پێگە مێژوویی و قوربانیدانە بەردەوامەکانی و بەفکر و تێڕوانێنە هاوسەنگ و سەنگینەکانی و بەهێز و نفوزی پێشمەرگانە و جەماوەر و بنکەی ڕێکخستنەکانی و پەرۆشی بۆ وەدەستهێنانی دەسکەوتی زیاتر و چەسپاندنی بناغەکانی حوکمڕانیەکی ساغڵەم و تەندروست و دیموکراسی و پاراستنی ئازادیی و مافەکان و دابینکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و یەکێتیەك کە قاڵبوی خەباتی چەکداری و حوکمڕانیە و یەکێتیەك کەهەمیشە لایەنگری ئاشتی و تەبایی ناوخۆی کوردستان بوە و گەر شەڕ یەخەی پێنەگرتبێت و نەهاتبێتە بەر دەرگاکەی هیچ کات لایەنگری شەڕ و پیلانی لەناوبردن و دوژمنایەتی پارت و سەرکردەکانی کوردی نەبوە نە لەباشوور نەلە هیچ بەشێکی تری کوردستانی گەورەدا، یەکێتیەك کە لەپێناو ئاشتی و تەبایی ماڵی کورددا هەمیشە دەستپێشخەر و نەرمی نواندن بوە و ئەمەشی تەنها لەپەرۆشیەوە بوە بۆ پاراستن و گەشەکردنی ئەم دەسکەوت و دەسەڵاتە کوردیە ، یەکێتیەك کە هەمیشە لایەنگری چارەسەر بوە و بۆتە بەشێك لە چارەسەر و دۆزینەوەی دەرچەی ڕزگار بون نەك بوبێتە بەشێك لە دروستکردنی قەیران و ئاڵۆزکردنی زیاتری بارودۆخەکە، سەرەڕای هەموو ئەو پیلان و گێرە شێوێنیانەی کە دژی دەچنران و گەرەکیان بوو کە یەکێتی بچوك بکەنەوە و لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و عێراقیشدا پەکی بخەن و بیخەنە پەراوێزەوە، بەڵام

مێژووی ڕووداوەکان سەلماندیان کە هێزو و گەورەیی یەکێتی لە ژمارەی کورسی پەرلەماندا نیە بەڵکو لە سەنگینی و نفوزی جەماوەر و ڕاست و دروستی سیاسەت و بەرنامە و خەباتیدایە دژ بە داگیرکەرانی کوردستان، یەکێتیەك کە خۆی دامەزرێنەری ئەم دەسەلآت و حوکمڕانیە بێت چۆن دەکرێت پەراوێز بخرێت و حسابی بۆ نەکرێت و چاوەڕانی گەورەشی لێنەکرێت.

لەم قەیرانەی سەرۆکایەتی هەرێمەدا و هەموو قەیرانەکانی تریشدا کە بەداخەوە قەیرانەکان کەم نین لەئەنجامی سیاسیەتی هەڵە و خوێندنەوەی هەڵەی ڕووداو وپێشهاتەکانی کوردستان و ناوچەکە و دونیاش لەلایەن لایەنەکانی تری هەرێمەوە هاتۆتە ئاراوە، هەمیشە چاوەکان ئاڕاستەی دەستپێشخەریەکانی یەکێتی بوە، چونکە یەکێتی وەك هێزێکی ڕەسەنی کوردایەتی و ڕەگ داکوتراوی ناو جەماوەر و مێژووە سوور و گەشاوەکەی ڕابووردووی بە خوێن و فرمێسك و ناسینی هەموو هێز و لایەن و سەرکردەکان وەکو خۆیان و وەکو هێزێکی کاریگەر و زیندوو و هاوسەنگیش لە تێڕوانین و بەرنامەکانیدا کە هەمیشە دووربینی و ڕاست ودروست خوێندنەوەی ڕووداوەکان و هەڵسەگاندنەکانی بۆ ئایندە یەکێتیان کردۆتە ئەو هێزەی کە هەمیشە چاوەڕوانی چارەسەریان لێکردوە بە پێچەوانەی هەندێك هێز کە تەمەنی خەبات و قوربانیدانیان هێندە کەم و بێکاریگەرن کەناتوانن ببنە ئەو هێزەی کە چاوەڕوانی دەستپێشخەری و خەمخۆریان لێبکرێت ، ئەو هێزانە هەریەکەیان بەشێوەیەك لە شێوەکان گیرۆدەی ناوچەگەرێتی و بیری تەسکی حیزبایەتی و حەماسەتی قۆناغەکە و هەڵپەی بەدەستهێنانی پلە و پۆستی زیاتر بونەتەوە کەوایلێکردوون هاوسەنگی لەبیر و فکر و بەرنامەیاندا نەمێنێت و لایەنگریان پێوە دیار بێت.بەلآم یەکێتی وەك هێزێکی گەورەی کوردستانی و عێراقی و پانوپۆڕی سەرجەم چین و توێژەکان و سەرتاسەری ،هەمیشە خەمەکانی و پەرۆشیەکانی گەورەتر و دونیا بینیەکانیشی فراوانتر بوە. بۆ سەرجەم کێشە و ڕووداوەکان و هەربۆیە یەکێتی بۆتە قیبلەنومای چارەسەرەکان و دۆزینەوەی ڕێگا چارەکان.

- بەداخەوە لە ئێستادا لەلایەك بەهۆی غیابی بەڕێز مام جەلال لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و عێراق و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی تەسکبیرکردنەوە و باش هەڵنەسەنگاندی ڕووادو وپێشهاتەکانی ناوچەکە و دونیا و تۆخکردنەوەی بەرژەوەندیە حیزبی و کەسیەکان

بەسەر بەرژەوەندیە باڵاکانی نەتەوە و نیشتیماندا ، کوردستان و عێراقیش تووشی چەندین کێشە و گرفتی سیاسی و ئابوری و سەربازی و کۆمەڵایەتی بۆتەوە و ئەستەمیشە بە سانایی چارەسەربکرێن، گرنگی ڕۆڵ و پێگەی مام جەلال چ وەك سەرۆك کۆمار و چ وەك سەرکردەیەکی دیاری و خەباتگێڕ و خاوەن کاریزما و قورسایی خۆی لە کوردستان و عێراقدا هەمیشە ببوە جێگە متمانە و پارێزەری دەستور و یاسا و لایەنگری هاوسەنگی و تەبایی و ڕێکەوتن و کاری پێکەوەیی و باشترین بەڵگەش بۆئەو ڕاستیە لەماوەی ٨ ساڵی سەرۆکایەتی مام جەلالدا هیچ کات عێراق و کوردستان بەهێندەی ئێستا توشی گێژاو وقەیران و لێکدوورکەوتنەوە نەبۆتەوە، ئەوە تەنها مام جەلال بوو کە تەواوی هاوکێشە و هاوسەنگیەکانی ڕاگرتبوو وە خۆشی و یەکێتیشی لەسەروو هەموو میول و لایەنگریەکی تەسکی حیزبایەتی و ناوچەگەرێتی و ئاینی و مەزهەبیەوە ڕاگرتبوو، هەرئەوەش مام و یەکێتی کردبوە جێگە متمانەی دۆست و ناحەزانیش و لەئێساتدا هەموان هەست بەڕۆڵ و کاریگەریەکانی دەکەن.

خۆش بەختانەش سەرکردایەتی یەکێتیش لەماوەی ئەم دووساڵەی نەخۆشکەوتنی مامیشدا سەرەڕای ململانێ ناوخۆییەکان و ناسکی باردۆخەکە ، توانیویانە بە هێمنی و دوور لەهەڵچونی هەرزەییانە، وبەحیکمەت و پشوودرێژی و بەسوودوەرگرتن لە قوتابخانە و ڕێنمایی و سیاسەتەکانی مام درێژە بە ئاڕاستەی خەباتی کوردانەی یەکێتی بدەن و یەکێتی لەکەرتو پەرتبوون بپارێزن و هەموانیشیان پەرۆشی یەکێتی ناو یەکێتی بن و هیچ کامیان بوێری ئەوەنەکەن کە یەکێتی بکەنە قوربانی خواست و ویستە کەسی و بەرژەوەندیە بچوکەکانی خۆیان.و تائێستاش ئەو سیاسەت و بەرنامەیەی سەرکردایەتی پەیڕەوی لێدەکات بۆتە جێگەی ڕەزامەندی زۆرینەی جەماوەری کوردستان و بنکەی ڕێکخستن و هێزی پێشمەرگە و بۆتە هۆی تۆخکردنەوە و پتەوکردنی متمانەی نێوان سەرکردایەتی و جەماوەرەکەی و گەڕاندنەوەی یەکێتی بۆ جێگەی شیاو وشایستەی مێژووینی خۆی ویەکێتی کردۆتەوە پێشەنگ و ڕابەری سیاسەت و خەبات لە کوردستاندا و هەموانیش هەر ئەمەیان لە یەکێتی چاوەڕوانکردوە.

یەکێتی هەمیشە بوێر و دەستپێخەر و ڕاستگۆبوە لەگەڵ دۆست و نەیارەکانیشدا و هەمیشە بەڕاشکاوانە بیر و فەلسەفە و قەناعەتەکانی خۆی دەربڕیوە لەحوکم و دەسەڵاتی کوردستان و لەهاوپەیمانیەکانیدا و زۆرجارانیش لەپێناو پاراستنی ئەم ئەزمون و

دەسەڵاتەشدا زۆر نەرمی نواندوە و مافەکانی خۆشی وەرنەگرتوە،هەمیشە ڕەخنەو ڕاوبۆچونەکانی خۆی گەیاندۆتە لایەن و سەرکردەکان و زۆرجاران لە بەڕێوەبردنی حکومەتی هەرێمدا ناڕازی بوە و لەهەڵە سیاسەتکردنی ئیدارە و نەوت و سەرجەم مەلەفەکانی تری وەك پەیوەندی عێراق و دەوڵەتانی ناوچەکە و بەشەکانی کوردستانیشدا ڕای خۆی هەبوە و نەیشاردۆتەوە، بێدەنگیەکەی و دەنگهەڵنەبڕینەکەی نەلەترسەوە بوە نە لەگەندەڵیەوە بوە ، بەڵکو تەنها لە بەر تێکنەچوونی بارودۆخەکە و دەسەلاَت و دەسکەوتەکانی گەلەکەمان بوە.چونکە یەکێتی باش دەزانێت تێکچونی ئەم بارۆودۆخە مانای گەڕانەوەی سەد ساڵی خەباتی کوردایەتیە بۆ دواوە و تێکچوونە لەهەمووان نەك تەنها لە یەکێتی و پارتی.یەکێتی وەك دامەزرێنەر نەك بەشدارو وەك کۆڵەکەیەکی سەرەکی ئەم دەسەلاَت و ئەزمونە مافی ئەوەی هەیە کە هەمیشە بەرگری لێبکات و لەدوورەوە تەماشاکەر نەبێت چونکە هیچ حیزب و لایەن و سەرکردەیەك بەهێندەی یەکێتی و سەرکردەکانی خوێن و فرمێسکیان نەڕشتوە بۆ ئەم ئەزمون و دەسەلاَتە چ لەڕابوودودا و چ لە ئێستاشدا، بەلاَم ئەوە یەکێتی نیە کە بەرپرسیاری یەکەم بێت لە کەموکەوڕی و گەندەڵی و ناتەبایی و خۆخۆری و پیلان داڕشتن دژی یەکتری و ئەم ئەزموونە،ئەوە کەس و لایەنی ترن کە هەرێمیان خستۆتە دۆخێکەوە کە دوژمن حەسوودی پێنابات و هیچ دەرچە و ڕێگا چارەیەکیشان پێ نیە و کەمترین نەرمی و سازشیش نانوێنن.بۆیە لە ئێستا و لە ئایندەشدا یەکێتی هەمیشە هەر بەشێك دەبێت لەچارەسەر وهیواکانیش زۆرن کە هەر بەعەقڵ و ژیری و حیکمەت و دەستپێشخەری یەکێتی ئەم گرێ کوێرەیەش بکرێتەوە و هەرێمەکەشمان بباتەوە کەناری ئارامی و خۆشگوزەرانی.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و مەکتەب ڕێکخستن لە ١٥ و٩/١٦ و کوردستانی نوێ ژمارە ٦٧٨٠ لە ٢٠١٥/٩/٢٣دا بلاّوکراوەتەوە.

# هەموو ڕووناکیەکان بە ئاڕاستەی یەکێتین... *

- لە ئێستادا و دوای توندبونەوەی ناکۆکی و ململانێکانی نێوان پارتی و گۆڕان لەهەرێمی کوردستان پشێوی و شلّەژانێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەلاّیەتی و سەربازی دروست بوە و هەموان لە ترس و دلّەڕاوکێدا گوزەران دەکەن و مەترسی کارەسات و لێکترازانی زیاتریش دەکەن لەئیدارە و حوکمڕانیی هەرێمی کوردستاندا.

کە ئاشکراشە تێکچوونی ئارامی و ئاسایشی هەرێمەکەمان و هەلّوەشاندنەوەی دام و دەزگا شەرعی و هەلّبژێردراوەکان لەپەڕلەمان و پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەت بە ڕێکەوتنی سیاسی لایەنەکان و بە ئیستیحقاقی هەلّبژاردنی خۆیان، دەبێتە مایەی ناشیرنکردن و کالّبونەوەی وێنە ڕەنگاوڕەنگ و ئارام بەخشەکەی هەرێم و دیموکراسیەت و ئازادیەکان لەبەرچاوی دۆست و دوژمناندا.

بەداخەوە هەرێمی کوردستان ئەمە یەکەمین جاری نیە کە بەدۆخی شلّەژاوی و مەترسیداردا تێپەڕ ببێت ، کە لەسالاّنی ڕابووردووی سەردەمی شەڕی ناوخۆو دووئیدارەیی نەگریس و قێزەوندا هەرێم بە دۆخی زۆر خراپتردا گوزەری کردوە، بەلاّم چونکە ئیرادەی ڕاست و دروست و نیەتێکی ڕاستگۆیانە و خەمخۆرانە هەبوە توانراوە سەرجەم کێشەکان گەرچی بنەبڕیش نەکرابن بەلاّم توانراوە تاڕادەیەکی زۆر هێور و ئارامبکرێنەوە و قۆناغێکی نوێی هاوکاری و تەبایی و برایەتی دروستبکەنەوە و ئومێد و هیواکان ببوژێننەوە بە ئایندە .

- لەئێستادا و دوای خۆپیشاندان و مانگرتنی ئاشتیانەی مامۆستایان و فەرمانبەران کە مافێکی سەرەتایی و ڕەوای خۆیانە و داواکاریەکی پیشەییانەو مەدەنیانەیان لە حکومەتەکەی خۆیان هەیە بەدابینکردنی موچە و گوزەرانێکی پڕ شکۆ بۆیان ، کە هیچ هێز و سەرکردە و لایەنێك لاری نیە لەم داواکاریە ڕەوایانە ، بەلاّم بەلاڕێدابردن و نانەوەی گێرەشێوێنی و کاری توندوتیژی هیچ لایەن و سەرکردەیەك پشتیوانی ناکات و هانیشی نادات ،بەلاّم دۆخە سیاسیە ناجێگیر و دڕدۆنگی و تێنەگەیشتن وسەیرکردنی یەکتری وەك دوژمن و ناحەز نەك دۆست و برا و تەبا لەنێوان لایەنە سیاسیەکاندا بۆشاییەکی دروستکردوە کە کەسانی گێرەشێوێن بکەونە ناو خۆپیشاندانە ڕەواکانی جەماوەرەوە و

بەلاڕێیدا بەرن و هەڵبکوتنە سەر بارەگای حیزبە سیاسیەکان و سوتاندنی بارەگا و قوربانی مەدەنی لێبکەوێتەوە.

ئاشکراشە لەدۆخێکی بارگاوی ئاوهادا هەموو کردارێکی خراپ پەرچە کردارێکی توندتری لێدەکەوێتەوە، لە ئێستادا دوای سوتاندنی بارەگا حیزبیەکانی پارتی لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە، ڕاست و دروست و بە ئاشکرا پارتی لە بەیاننامەی سیاسی و ڕاگەیاندنەکانی و هەڵوێست و گوتاری کادرەکانیەوە بزوتنەوەی گۆڕان بە بەرپرسیاری یەکەم دادەنێت و ئۆباڵی ئەو کردەوانەی دەخاتە ئەستۆ و لە بەرامبەریشدا وەك پەرچە کردار پارتیش ڕێگەی گەڕاندنەوەی سەرۆکی پەرلەمان و ئەندام پەرلەمانەکانی گۆڕانی گرتوەو ناهێڵێت بچنەوە ناو پەرلەمان و وەزیرەکانیشی ئاگادارکردونەتەوە بۆ بەجێهێشتنی هەولێر و دەوامنەکردنیان و جێگە گرتنەوەیان.لە ئێستادا دۆخەکە لەوپەڕی توندتیژی و بارگاویبوون و مەترسی تەقینەوە و فراوانبوون و هەڵکشانی زیاتری لێدەکرێت.

- **لێرەدا پرسیار ئەوەیە، کە ئایا دەکرێت ئەم دۆخە ئاوها بەجێبهێڵرێت بۆ قەدەر و کورتبینی سیاسیەکانی پارتی و گۆڕان؟ دەکرێت وازیلێبهێنرێت بۆ کردار و پەرچەکرداری هەڵەی هەردوولا؟ ئەی کێ لەم نێوانەدا ڕۆڵ و کاریگەری دەبێت بۆ هێمن و ئارام و هێورکردنەوەی دۆخەکە؟ئەو هێز و لایەنە کێیە کە بتوانێت ببێتە دەستپێشخەری ئاشتی و ئاشتبونەوە و فریادڕەس و بەبێ ئەوەی دوای دەسکەوتی حیزبی و بەرژەوەندی تەسکی خۆی بکەوێت؟**

- وەڵامی ڕاست و دروست و بێ پێچ و پەنا ئەوەیە کە تەنها یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەتوانێت بەو ئەرك و ڕۆڵە مێژوویەی خۆی هەڵبستێت و ڕێگە نەدات کوردستان و دامودەزگا شەرعی و هەڵبژاردراوەکان لە هەرێمەکەماندا تێکبچێت و هەڵبوەشێنەوە و هەموان بگەڕێنەوە چوارگۆشەی یەکەم، بەڵێ ئەو هێز و لایەنەی کە بەتەنها دەتوانێت ڕێگری لە توندوتیژی زیاتر و هەڵکشانی ڕووداوەکان بەشێوەیەکی دراماتیکی بگرێت لەلایەن پارتی و گۆڕانیشەوە تەنها یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە.چونکە یەکێتی وەك حیزبێکی شۆڕشگێڕ و خاوەن شەهید و قوربانیدانی بەردەوام و خاوەن هێز و نفوزی جەماوەری و پێشمەرگەیی و ئابوری بەهێز دەتوانێت ڕێگە بگرێت لە زیادەڕەویەکانی پارتی بۆ نەهێشتن و بچوککردنەوە و وەدەرنانی حیزبێکی کاریگەری وەك گۆڕان لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان کە خاوەنی چارەکی دەنگی جەماوەری گەلەکەمانە،لەهەمان کاتیشدا یەکێتی نابێتە کەوا سووری بەلەشکری گۆڕان و بەرژەوەندی و دەسکەوتی حیزبایەتی

خۆشی ناکاتە قوربانی سیاسەت و تێڕوانین و بۆچونە هەڵەکان و توندڕەوەکانی بزوتنەوەی گۆڕانیش، چونکە یەکێتی بۆخۆی وەکو حیزبێکی سیاسی گەورە و کاریگەر خاوەن تێڕوانین و بۆچوون و بەرنامە و تاکتیك و ستراتیژی خۆیەتی و هەرگیز نابێتە پاشکۆ و دەستەمۆی هیچ هێز وحیزب و سەرکردەیەك. ئەو ڕاستیە تاڵانەشی بیر ناچێتەوە لەسەردەمی جیابونەوەی گۆڕان و پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتدا کە هەردوولا پارتی و گۆڕان لەهەوڵی بچوکرکردنەوە و قەتیسکردن و کەنارخستنی یەکێتیدا بون و بەنهێنی و ئاشکرا ڕایاندەگەیاند (( کە یەکێتی نەماوە )) وهەردوولایان گەرەکیان بوو ببنە میراتگری ٤٠ ساڵەی خەبات و قوربانیدانی یەکێتی و سەری ڕمەکانیان کردبوە یەکێتی بەمەبەستی سڕینەوەو نەمانی لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و عێراقیشدا. بەڵام ئەوە تەنها هێز و سیاسەت و خەمخۆری و دڵسۆزی و ڕاستگۆیی یەکێتی و جەماوەرە دڵسۆزەکەی بوو کە نەیانهێشت یەکێتیەکەیان بکرێت بە پێخۆری هەوەس و ئارەزوو و سیاسەتی ناحەزانە و دوژمنکارانەی نارەوای هەردوولایان بۆ گرتنە دەستی دەسەلات و وەرگرتنی پۆست و پلە و ئیمتیازاتەکان.و لە ئێستادا یەکێتی وەکو پارتی و گۆڕان بیر ناکاتەوە تا تۆڵەی ئەو ڕۆژگارانەیان لێبکاتەوە و بیەوێت هێندەی تر ئاڵۆزی و ناکۆکیەکانیان تۆخ بکاتەوە ، بەڵکو وەکو هێزێکی لێپرسراو و نەبیل مامەڵە لەگەڵ کێشەکەدا دەکات بەمەبەستی چارەسەر نەك قوڵکردنەوەی قەیران و ناکۆکیەکان.

- لە ئێستادا پارتی و گۆڕان و هەموو هێزەکانی تریش ئەو ڕاستیەیان بۆ دەرکەوتوە کە هاوسەنگی هاوکێشە و ململانێکانی کوردستان و عێراقیش لە ڕابووردوو و ئێستاشدا لە بەغداد و هەولێریش تەنها یەکێتی ڕایگرتوە و تەنها یەکێتی دەتوانێت وەك دادوەر و نێوەندگیرێکی خەمخۆری کورد و کوردستان بێتە پێشەوە و هەموان کۆبکاتەوە لە بارەگای مەکتەب سیاسی لە سلێمانی و و ماڵەکەی جێگری سکرتێری گشتی و جێگری سەرۆکی هەرێم لە شاری هەولێر.و هەموو ڕووناکی و چاوەکان چاوەڕوانی دەستپێشخەری و گوتە و کرداری یەکێتین و هەموان بۆیان دەرکەوتوە کە سەرەڕای بونی کێشە کەڵەکەبوەکانی ناوخۆی یەکێتی بەڵام هەر یەکێتیە وەك هێزێکی ڕەسەن و سەرسەختی کوردایەتی دەتوانێت ببێتە لەمپەڕ لەبەر هەژموونی هەر لایەکدا کە بیەوێت قۆرخکاری و تاکڕەوی و پێشێلکردنی یاساکان بسەپێنێت و بەهەمان شێوەش دەتوانێت ڕێگە لەهەڵە و سەرچیزە چوون و بەرزکردنەوەی دروشمی باق وبریقی بێناوەڕۆکی لایەنەکانی تریش بگرێت و

بەسۆز و خۆشەویستی و لایەنگیری سیاسەت ناکات بەڵکو یەکێتی و سەرکردایەتیەکەی بەعەقڵ و مەنتیق و لێکدانەوەی وورد و دوور لە هەڵچوون و تەنگەنەفەسی سیاسەت دەکات کە هەمووشی لەپێناو لەدەستنەچوونی ئەم ئەزمونی حوکمڕانیەی کوردایەتیە لەم قۆناغ و سەردەمەدا کە ناوچەکە و دونیاشی پێدا ڕاگوزەر دەکات و هەموانیش لەبەر لافاوی گۆڕانکاری گەورەدان کە ئایندەی ناوچەکە بەعێراق و کوردستانیشەوە دیار نیە، بۆیە ڕێگە گرتن لەهەر هەولێکی تێکدەرانەی بارودۆخی هەرێمی کوردستان بەقازانجی هیچ لایەك نیە و ناشبێت و تەنها دوژمنەکان و داگیرکارانی کوردستان سوودمەند دەبن.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی مەکتەب ڕێکخستن و وتاری کورد و پی یو کەی میدیا و سنوری میدیا و پێنوسەکان و ناوەندی دەرەوە و ئەنجومەنی ناوەند لە ١٤ و ١٥ و ١٦ و١٠/١٧ و هەواڵ ژمارە ٦٣٧ لە ٢٠١٥/١٠/١٧دا بلاْوکراوەتەوە.

# حکومەتی ڕزگاری نیشتیمانی لە پێناو چیدا؟*

- دوای ٢ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر گەورەترین و مەترسیدارترین قەیراندا کە ڕووبەڕووی هەرێمەکەمان بۆتەوە کە بریتیە لە قەیرانی دارایی کە کاریگەرییە خراپەکانی فشاری خستۆتە سەر تاك بەتاکی میلەتەکەمان و تەواوی ژیانی سیاسی و ئابوری و بازرگانی و کۆمەلأیەتی و فەرهەنگی و ئاوەدانی و پەکیخستون و لە ئێستادا گەیشتۆتە قۆناغێك کە چیتر نە حکومەت و نە میلەتیش ناتوانن بەرگەی زیاتری بگرن، لەکاتێکیشدا هیچ ڕووناکیەك و تروسکاییەك نابینرێت بۆ چارەسەرکردن و خۆ دەربازکردن لەم دۆخە ناهەموارە. دۆخەکە لە دیاردە و کێشە و قەیرانەوە بەرەو کارەسات هەنگاو دەنێت و گەر بە زووی و بەدڵسۆزی و خەمخۆریەوە بەرەو ڕووی نەبینەوە ئەوا سەر دەکێشێت بۆ خراپترینیش.
- ئاشکراشە کە ئەم دۆخە لەخۆڕا و لەماوەی چەند ڕۆژ ومانگ و ساڵدا نەهاتۆتە ئاراوە ، بەڵکو لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی کێشە و بێ پلانی و مەحسوبیەت و مەنسوبیەت و دڵڕازیکردن و ناشەفافیەت و گەندەڵی و بەهەدەردانی سەروەت و سامانی زۆر و زەوەندی میلەتەکەماندا هاتۆتە ئاراوە لەماوەی ٢٤ ساڵی ڕابووردوودا و لە کابینە و حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی هەرێمەکەماندا، کە بەداخەوە هێندەی هەڵپەی کۆکردنەوەی سەروەت و سامانی دزراو و حەرامدا بوون نیو هێندە پەرۆشی ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی میلەت نەبوون.لەئێستاشدا کە دۆخەکە ڕوو لە تەقینەوەی ناڕەزایی جەماوەر و ڕاپەڕینێکی نوێیە هەموان لە سەرکردەی حیزبەکانی دەسەلأت و ئەوانی تریش خەریکی پاکردنەوەی ڕابووردوو و پەرێزی خۆیانن و گەرەکیانە ئەستۆ و گەردنی خۆیان لەهەموو گەندەڵی و ناعەدالەتیەك کە کردویانە پاك بکەنەوە و خۆیان بکەنە فریشتە و بەرامبەرەکانیان لە هاوڕێ و هاوسەنگەر و سەرکردەکانی تر بکەنە شەیتان و نەفرەتیان لێبکەن، تازە بەتازە خەریکی هەڵدانەوەی نهێنی و دەرخستنی پارەی دزراو و کردنەوەی ژێر زەمینەکانن، لەکاتێکدا کە میلەتێکی برسی و هەژار و حکومەتێکی سەرنەکەوتویان پێشکەش کردوە. بەبێ جیاوازی ئەو سەرکردە و لێپرسراوە حیزبی و حکومیانە کە لەماوەی ئەم ٢٤ ساڵەدا بەشدار بوون لە

دەسەڵاتدا هەموانیان بەرپرسن لەم شکستە و مافی میلەتە کە لێیان بپرسێتەوە و دادگایەکی میلی ڕاستەوخۆیان بۆ دابنێت و چارەنوسیان دیاریبکات.

- لەئێستادا ئەوەی گرنگە دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەکی خێرا و بەپەلەیە بدۆزرێتەوە بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە داراییە و سووك کردنی باری برسێتی و نەبونی میلەتە، لەسەر بنەمایەکی زانستی و بە پلان و واقع بینانە، لەلایەن کەسانی ئەکادیمی و پسپۆڕ و خاوەن شارەزایی و ڕابوردوو پاك ، چونکە چاکسازی بە کەسانی گەندەڵکار ناکرێت و سەرکەوتووش نابێت، چونکە هەمیشە لە هەوڵی پاراستنی دەسکەوت و بەرژەوەندیی خۆیان و دەستوپێوەندەکانیاندا دەبن.بۆیە لە ئێستادا زۆرینەی داواکاری ئەوەیە کە ئەم کابینەی حکومەتە هەڵبوەشێنرێتەوە و لە جێگەیدا کابینەیەکی (( ڕزگاری نیشتیمانی )) دابمەزرێت، لە پێناو ڕزگارکردنی ئەوەی کە دەتوانرێت ڕزگار بکرێت و ڕێگە بگیرێت لە داتەپەینی تەواوی بناغە و بنەمای دەوڵەتمەداری و دەسەلأت لە هەرێمدا و بتوانرێت کە دۆخی نالەباری دارایی بگۆڕدرێتەوە بە دۆخێکی باشتر و ئاسایی و متمانە و دڵنیاییش لای جەماوەر دروست بکاتەوە و تروسکایەکی ئومێد لای هەموان چەکەرە بکات و دڵسۆزی و خەمخۆری و ئینتمای هەموانیشمان بە گەل و نیشتیمان زیندوبکاتەوە و ببوژێنێتەوە.
- ئەرکی ئەو کابینە حکومیەی ڕزگای نیشتیمانیە بریتیە لە هەنگاونانی خێرا بە پێی ستانداره جیهانیەکانی بواری ئیدارە و ئابوری و دارایی بۆ کەمکردنەوەی خەرجی و زیادکردنی داهات و شەفافیەت بوون لەهەردوو پرۆسەکەدا و وەستانەوە دژی گەندەڵی و کەمکردنەوەی ژمارەی زیاد لە پێویستی فەرمانبەران و مووچەخۆران و کەمکردنەوەی تەمەنی خانەنشینی و دابەزینی نرخی هەموو پێداویستیەکانی ژیان لە ناو بازاڕدا بەهاوکاری بازرگانان و سەرمایەدارانی وڵات و باشکردنەوەی پەیوەندیە سیاسی و ئابوریەکانیش لەگەڵ حکومەتی ناوەند لە بەغداد و سەرەڕای هەموو ئەمانەش بریتیە لە ئاسایی کردنەوەی دۆخی سیاسی ناجێگیری ناو هەرێم و زیندووکردنەوەی کۆدەنگی نیشتیمانی و پاراستنی یەکریزی ناوماڵی کورد و گەڕانەوەی شەرعیەتی یاسا و سەروەربونێتی بۆ دامودەزگا شەرعیەکانی هەرێم لە پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم و دوورکەوتنەوەیە لە تۆخکردنەوەی حیزبایەتی و پاراستنی بەرژەوەندی کەسی و حیزبی و سەرکردەکان و بنەماڵەکان. چونکە بەرژەوەندی گەل و نیشتیمان لەسەروو هەموانەوەیە،

دۆخەکە گەر بەم شێوەیە چارەسەر نەکرێت ئەوا بەدڵنیایی ساڵی ٢٠١٦ ساڵی کۆتایی هاتنی ئەم حکومەت و دەسەلآت و ئەزمونە دەبێت .

- **پرسیار لێرەدا ئەوەیە ، کێ وە چ حیزب و سەرکردەیەك دەتوانێت ئەو کارە زۆر سەخت و دژوارە بگرێتە ئەستۆ؟ چۆن سەردەکەوێت و کێن ئەوانەی پشتگیری تەواوی دەکەن؟ئەری لەناو سەرکردەکانی کوردستاندا کەسایەتی ئاوها بەتوانا و پرۆفیشناڵ و نەزیە و خاوێن هەن کە بتوانن ئەو کارە بکەن؟ یان ئەم کارەش تەنها بۆ پەردەپۆشکردن و درێژکردنەوەی ماوەی ناشەرعی دەسەلآت بەکاردێت؟ و دەیان پرسیاری تریش..**

وەلآم ، کورت و کرمانج بریتیە لەوەی کە کەمن ئەو کەسایەتیانەی کە بتوانن شان بدەنە بەر ئەو کارە سەختە نا لەبەرئەوەی توانا و پاك و خاوێن و نەزیە نین و دڵسۆزو و خەمخۆر نین، بەڵکو لەبەرئەوەی لە ناو هیچ حیزبێکدا کارەکتەرێکی نمونەیی و کاریزمایی بێوێنە نیە کە هەموان لەسەری رێکبکەون و هەموانیش بچنە ژێر رکێف و هەژمونیەوە و هەموانیش بەدڵسۆزانە گوێڕایەڵی بن ، لەناو خودی حیزبەکانیشدا دیاردەی تەکەتول و ململانێی ناڕەوا رێگرە لەبەردەم هەڤاڵەکانی خۆیاندا و لە دەرەوەی حیزبەکانیشدا هیچ کەسایەتیك جێگەی ڕەزامەندی هەموان نیە و هیچیشیان خۆیان بەکەم نازانن کە بچنە ژێر رکێف و بڕیارەکانی تاکە کەسێکی دەرەوەی حیزبەوە، هەربۆیە حکومەتی ڕزگاری نیشمانیش گەر پشتیوانی هەموو سەرکردە و حیزبە سیاسیەکانی لەگەڵدا نەبێت ئەوا هەرگیز سەرکەوتوو نابێت و تەنها بریتی دەبێت لە کات کوشتن بە قازانجی بەردەوامیدان بۆ تەمەنی ناشەرعی دەسەلآتەکان. و گەر ئەو حکومەتەش لەهەمان کارەکتەری چەند ساڵی ڕابووردووی ناو حیزبە بێزراوەکان بێت ئەوا هەرگیز چانسی سەرکەوتنی نابێت.
ئێستاش ڕێگەی چارەسەر ڕوون و ئاشکرایەکە بریتیە لە :

- ڕێکخستنەوە و باشکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان کوردستان و بەغداد لەهەموو بوارەکاندا و لەسەروو هەموانیشەوە بواری ئابوری و داراییە.
- ڕاگرتنی فرۆشتنی نەوتی کوردستان لەڕێگەی تورکیاوە و گەڕاندنەوەیە بۆ بەغداد.
- دۆزینەوەی سەرچاوەی داهاتی تر و شەفافکردنی داهات و خەرجی و دادپەروەری لە دابەشکردنیاندا.
- گەڕاندنەوەی شەرعیەتی جەماوەری و یاسایی بۆ پەرلەمان و هەموو ئۆرگانەکانی تری دەسەلآت.

- ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و پاکسازیکردن لە جۆر و ژمارە و چەك و تەقەمەنی و خزمەتکردنیاندا.
- کارکردن بۆ ئاسایکردنەوەی دۆخی سیاسی هەرێم و هەوڵدان بۆ پاراستنی یەکڕیزی نیشتیمانی و خۆ تێوەنەگلاندن لە هاوپەیمانی و دۆستایەتی و ڕێکەوتنی نهێنی و دووقۆڵی ناڕەوا لەگەڵ دەرودراوسێدا لەسەر حسابی بەرژەوەندی کورد و کوردستان و دوورکەوتنەوە لە پاشکۆیەتیان.

گەر هەموان پابەندبوون بەم بنەمایانەوە لە ئێستا و داهاتووشدا ئەوا هەرگیز پێویستمان بە حکومەتی ڕزگاری نیشتیمانی نابێت.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی هەواڵ و وتاری کورد و SNN و ستاندارکورد و سپی میدیا و پێنوسەکان و ڕادیۆ ناوخۆ و ناوەندی دەرەوە و سنور میدیا و ئاڕاستە و مەکتەب ڕێکخستن لە ٤ و٥ و٦ و٧ و٢٠١٦/٣/٨دا بڵاوکراوەتەوە.

# خوێندنەوەیەك بۆ
# ڕێکەوتنامە سیاسیەکەی نێوان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان*

• دوای هەوڵ و ماندوبون و چەندین کۆبونەوەی ئاشکرا و نهێنی و دوای چەندان هەوڵی نێوندگیری بۆ ئاشتکردنەوەو لێکنزیبونەوەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان لەلایەن خەمخۆران و دڵسۆزانی هەردوولا و میلەتەکەشمانەوە ، خۆشبەختانە ڕۆژی ٣شەممە ڕێکەوتنی ٢٠١٦/٥/١٧ ڕێکەوتنێکی سیاسی لەنێوان هەردوولادا بە چاودێری و لەماڵەکەی سەرۆك تاڵەبانیداله دەباشان واژۆکرا کە بەردی بناغەکەشی هەر لەماڵی سەرۆك تاڵەبانی لە دەباشان ولەساڵی ٢٠١٢وە دانرا، و بەمەش کۆتایی بە ململانێ سیاسیەکانی نێوان ئەو دوو حیزبە گەورە و کاریگەری هەرێمی کوردستان هات بەتایبەتیش لەناوچەی سلێمانی و گەرمیان و ڕاپەڕیندا کە جێگە نفوز و پێگەی سیاسی و جەماوەری هەردوولایە.و ئەم ڕۆژەش بۆخۆی ڕێك ١٠٠ ساڵ بەسەر ڕێکەوتنامەی سایکس –بیکۆی ساڵی ١٩١٦ تێپەڕ دەبێت کە کوردو کوردستانی دابەشی سەر ٤ وڵات کرد.

• **ئەم ڕێکەوتنە بۆ و لە پێناو چیدا ؟ بۆ لەم قۆناغ و کاتەدا؟**

ڕێکەوتنەکە لە ١١ بەش و ٢٥ مادە و دێباجەیەك پێك هاتوە ، کە هەموانیان لە پێناو ڕێکخستنەوە و پەرەپێدانی پەیوەندیەکانی نێوانیان و دروستکردنی ستراتیژێکی نیشتیمانی و نەتەوایەتی و دامەزراندنی حوکمڕانیەکی تەندروست و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و سەروەربوونی یاسایە و هەر ئەم نیەت و بەرنامە و بڕوایەی هەردوولاش لەپێناو خزمەتکردنی زیاتری کۆمەڵگای کوردەواریدایە.

ڕێکەوتنەکە لەکات و ساتێکی مێژوویی زۆر هەستیار و ناسکدایە، چونکە لەلایەك نێوماڵی کورد پەرتەوازە و لێکدووره و بارودۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی تەواو شڵەژاوە و شەڕی سەپێنراوی داعش مەترسیەکی گەورەیە و ناکۆکیەکانیش لەگەڵ بەغداد ڕوو لە هەڵکشان و گەرمبوونی زیاترە و لەگەڵ دەرودراوسێشدا دۆستایەتی ڕاستەقینە نیە و هەموو ئەمانەش کاریگەریان هەیە لەسەر ناو و ناوبانگی کورد و مەسەلەکەی لەسەر ئاستی دونیا و

نێودەوڵەتیدا و گۆڕانکاریەکانیش زۆر خێرا و مەترسیداران لەسەر ناوچەکە، بۆیە پێویستی بوەدەکرد کە لانتی کەم دوو هێزی گەورە و کاریگەری وەك یەکێتی و گۆڕان وەك هەنگاوی یەکەم و دەستپێشخەریەك بۆ دەربازبوون لەم هەموو قەیران و تەنگژە و مەترسیی و دۆخە چەقبەستوانە وەلامدارانەوەی واقعی و خەمخۆرانەیان هەبێت و سەرەتاش لەنێو خۆوە دەستپێبکەن و دواتر بەسەر هەمواندا بیگشتێنن و بەمەش ئامادەسازی تەواو بکرێت بۆ هەموو ئەگەرە سیاسی و ئابوری و گۆڕانکاریەکان و بۆئەوەی کورد بتوانێت ڕووبەڕووی هەموو ئەگەرەکان ببێتەوە بە یەك و یەکگرتووی لە کردار و گوتاریدا.

- **ئەم ڕێکەوتنە بە قازانجی کێیە؟ یەکێتی یان گۆڕان ؟ یان تەواوی میلەتەکەمان؟**

ئاشکرایە ئەم ڕێکەوتنە سیاسیە لە نێوان دوو حیزبی سیاسی گەورە و کاریگەری سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و عێراق و ناوچەکەدا واژۆکراوە کە هەردووکیان یەك ناوچەی نفوزی جەماوەری و هەڵبژاردن و پێگەی سەربازی و یەك ئایدۆلۆژیا و بیروباوەڕی نیشتیمانی و نەتەوایەتیان هەیە و هەموو ئەمانەش خاڵی هاوبەش و گرنگ و کاریگەرن بۆ سەرکەوتن و سەرخستنی ڕێکەوتنامەکەو هەریەکەشیان لە تێڕوانین و بەرژەوەندی حیزبی خۆیانەوە پاڵپشتی ڕێکەوتنەکە دەکەن و گەرەکیانە سەریش بکەوێت، هەریەکەشیان مافی خۆیەتی چەندی دەوێت قازانج و سوودی زیاتر بکات.

- **یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، پێویستی بەم ڕێکەوتنە هەبوو لەبەر :**

١.نێوماڵی یەکێتی یەك و یەکگرتوو نەمابۆوە لەبەر ململانێ ناوخۆیەکانی باڵەکانی و ئەمەش زۆر بێهێزی کردبو وەببوە هۆکاری نەمانی ناوەندێکی بەهێزی بڕیاردان و بڕیار بەدەستی یەکلاکەرەوە و غیابی کاریزما و ڕابەرێکی بەهێز و نەدەتوانرا کە تاسەر و بۆ ماوەیەکی درێژ ئاوها یەکێتی بەردەوام بێت.

٢. یەکێتی لەدوا ڕێکەوتنامەی ستراتیژی لەگەڵ پارتیدا لەساڵی ٢٠٠٧وە و چوونی بەڕێز مام جەلال بۆ بەغداد ، یەکێتی زیانی گەورەی جەماوەری و بێمتمانەی پێکەوت و لاواز و بێدەسەلات دەردەکەوت.

٣.دوای جیابونەوەی گۆڕانیش لە یەکێتی لە ساڵی ٢٠٠٩دا هێندەی تر یەکێتی لاواز و بڕست لێبڕاو دەهاتە پێش چاوان وبوە هێزی سێیەم لە کوردستاندا.

٤.یەکێتی لەبەرامبەر پارتی لە هەرێم و لەبەرامبەر گۆڕانیش لەناوچەی سەوزدا بێهێز و لاواز دەردەکەوت و زۆرجارانیش بە پاشکۆیەتی ناوزەد دەکرا.

٥. لەسەر ئاستی عێراقیش لەدوای غیلابی سەرۆك تاڵەبانیەوە پێگەی بەهێزی لەرزۆك بوو.

- **لەبەرامبەریشدا بزوتنەوەی گۆڕانیش زۆر پێویستی بەم ڕێکەوتنە بوو لەگەڵ یەکێتیدا لەبەر:**

١.گۆڕان هێزێکی تەمەن ٧ ساڵەی بێ ئەزمونی حوکمڕانی بوو ، زۆریش هەڵپەی گەیشتنە دەسەڵاتی هەبوو،بەڵام نەیتوانی بەسەرکەوتوویی ئەو قۆناغە تێبپەڕێنێت.

٢.گۆڕان لە خوێندەوە و هەڵسەنگاندنی هێز و توانا و پێگەی پارتی و یەکێتی بەهەڵەدا چووبوو ، وایدەوانی کە بەشەو و ڕۆژێك دەتوانێت مێژوو و خەباتی ٤٠ بۆ ٧٠ ساڵەیان بسڕێتەوە و مایەپوچیان بکات.بەڵام ئەوەی بۆ نەچوە سەر و سەرکەوتوو نەبوو لەبەدیهێنانی ئامانج و دروشمەکانیدا.

٣.گۆڕان لەدوای پەکخستنی پەرلەمان و دەرکردنی وەزیرەکانی لەحکومەتدا لەلایەن پارتیەوە و توندبونەوەی ناکۆکیەکانیان، لای جەماوەرەکەی خۆشی و کوردستانیش تاڕادەیەك متمانەی لەدەستداوە و بەرەو بچوکبونەوە و پەراوێزخستن و قەتیسبوون دەچوو.

٤.گۆڕان لەڕووی داراییەوە لاواز و بێسەرچاوەی داهاتێکی گەورەیە کە بتوانێت درێژە بە کار و چالاکی فراوانی خۆی بدات لەسەر ئاستی هەرێم و عێراقدا.

٥.گۆڕان گەرەکێتی بەهۆی ئەم ڕێکەوتنامەیە و لە پاڵ یەکێتیدا جارێکی تر بگەڕێتەوە ناو دەسەڵات و هاوبەش بێت لەداهات و ئیمتیازاتەکانی حکومەت بۆ جێگەگرتنەوە و ڕازیکردنی کادر و هەڵسوڕاو و جەماوەرەکەی.

٦.گۆڕان گەرەکێتی بەم ڕیکەوتنەی لەگەڵ یەکێتیدا ببنە هێزی یەکەمی هەڵبژاردن و جەماوەری لە کوردستان ٤٢ کورسی و لە عێراقیش ٢٩ کورسی و بەمەش دەتوانێت ببێتە هێزێکی کاریگەر لەسەر بڕیار و چارەنوسی هەرێم لەناوچەکە و عێراقیشدا.

بەم شێوەیە هەردوولای ڕێکەوتنەکە زۆر پێویستیان بەم هەنگاو ولێکنزیکبونەوەیە هەبوە و تاڕادەیەکی گەورەتر بزوتنەوەی گۆڕان سوودمەندی زیاترە، بەڵام بە ئەنجام سەرجەمی میلەتەکەمان و خەباتی کوردایەتی لەم هەرێمەی باشوور و تەواوی بەشەکانی تریشدا تەواو دەبێت، چونکە هەرهەنگاوێك بە ئاڕاستەی یەك و یەکگرتنەوەی کورد و ڕیزەکانی بێت ئەوا ڕاستەوخۆ بە قازانجی تەواوی مەسەلەی کورد و میلەتەکەشمان دەشکێتەوە.

- **ئەرێ ئەم ڕێکەوتنە یار و نەیاری هەیە؟ئەی ئەرکی یەکێتی و گۆڕان چیە بۆ ئەو لایەنانەی کە ئەم ڕێکەوتنە بە دژی خۆیان دەزانن؟**

بەدڵنیاییەوە ئەم ڕێکەوتنە ئیجماعێکی تەواو و سەرتاپێگیری لەسەر نیە نە لە کوردستان نە لە عێراق و نە لە ناوچەکەشدا ، تەنانەت لەناوخۆی هەردوو حیزبیشدا دەنگ و ڕەنگی جیاواز و دژ بەم ڕێکەوتنە هەیە ، بەڵام خۆشبەختانە زۆرینە نین، بەڵام دەتوانن ببنە مایەی سەرئێشە و کێشە و گرفت دروست کردن.

هەربۆیە ئەرکی یەکێتی و گۆڕانە کە نیەتی ڕاستەقینە و شاراوەیان بۆ هەموان ڕوونبکەنەوە و هەموان بخەنە سەر ئەو بڕوایەی کە ئەم ڕێکەوتنە لە قازانجی هەمووانە و دژ بە هیچ سەرکردە و حیزبێکی سیاسی نیە لە کوردستاندا، بەتایبەتیش پارتی دیموکراتی کوردستان کە هەر لەسەرەتاوە بە گومانەوە لەم هەوڵ و ڕێکەوتنەی ڕوانیوە و بەدڵنیاییش هیچ پێی خۆش نیە و تا بۆشی بکرێت ڕێگە نادات سەربکەوێت و بە ئامانجەکانیشی بگات،بۆیە ئەرکی یەکێتیە لە پێش گۆڕانەوە کە هاوپەیمانی ستراتیژی هەیە لەگەڵ پارتیدا دڵنەوایی و گومان و دوودڵیەکانی پارتی برەوێنێتەوە، ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە بەبێ پارتی هیچ ڕێکەوتن و بەرنامەیەکی چاکسازی و داڕشتنی دەستور و گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی سەرناگرێت بۆیە ناکرێت هێز و بازووی پارتی بەهەند وەرنەگیرێت، ئەوەی لە ڕێگەی دایەلۆگ و دانیشتن و لێکتێگەیشتن و سازانەوە دەبێت بۆ دوورخستنەوەی سێبەر و تارمایی دروستبوەنەوەی دووئیدارەیی و شەڕی ناوخۆ ، کە بەداخەوە ئەزموونەکانی ڕابووردوو دەریان خستوە کە گەر ئیجماعی سیاسی و تەوافوق و پێکەوەکارکردن و شەراکەتی ڕاستەقینە بێت لەنێوان هێزەکاندا ئەوا مەترسی شەڕی ناوخۆ و هێنانی دوژمنان بۆ ناوخۆی کوردستان لە زیهنیەت و بەرنامە و باوەڕی حیزب و سەرکردەکاندا هەیەو یەکێتی دەتوانێت لەلایەك ڕێکەوتنی ستراتیژی پەرەپێبدات و گەشەی پێبکات و گۆڕانکاری پێویستی تیادا بکات و درێژەشی پێبدات و نەیکاتە جێگرەوەی ڕێکەوتنامەی ستراتیژی نێوانیان لەم لاشەوە کار بۆ سەرخستنی ئەم ڕێکەوتنە بکات بۆئەوەی ببێتە فاکتەرێکی خێر لەنێوان هەردوولادا و هاوسەنگی و کاری پێکەوەیی درێژە پێبدات و ئەزمون و ئەم دەسەڵاتە لەم قۆناغە ناسکەدا ڕزگاربکات و بشیانپارێزێت.

- دەکرێت وەك نیاز پاکیەك بۆ هەموان چوارچێوەی ئەم ڕێکەوتنامەیە فراوان بکرێت بەشێوەیەك کە هێز و حیزبە گەورە و کاریگەرەکانی تریش بە ئیسلامی و عیلمانیەوە بچنە ناویەوە و زیاتر گەشە و بەهێزی بکەن و بەمەش هیچ لایەنێك بەدژی خۆی نایبینێت و ناشبێتە ڕێگر لەبەردەمیدا.

- **لەکۆتـایدا** ئەوەی ڕێکەوتنامەکە باش بخوێنێتەوە و لەبەش و مادەکان ڕابمێنێت، بۆی دەردەکەوێت کە ڕێکەوتنەکە هێندەی ڕێکەوتنێکی سیاسی دوو حیزبە و نیەتی سەرەکیش بریتیە لە گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی و دانانی دەستورێکی مۆدێرن و هاوچەرخانە و بە دامەزراوەیی کردنی سەرجەمی جومگەکانی حوکمڕانی و باشتر و ڕێکخستنەوەی پەیوەندیەکانی هەرێمە لەسەر ئاستی ناوخۆ و نەتەوە و چواردەور و دونیا و عێراقی و شەفافکردنی پرۆسەی دەرهێنان و دۆزینەوە و فرۆشتنی نەوت و داهاتەکانە و سەروەربوونی یاسا و دادوەریە و کارکردنیشە بۆ هەنگاونان بۆ ڕیفراندۆم و دەوڵەتی سەربەخۆیی و دواتریش لەسەر ئاستی هەردوو حیزب هەمئاهەنگی زیاترە لە سەر ئاستی پەرلەمانی کوردستان و عێراق و پارێزگاکان و ڕێکخستنەوەی زیاتری هێزی پێشمەرگە وهێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و ڕاگەیاندنیشە.

ئەم ڕێکەوتنە لەڕووی ناوەڕۆك و بەند و مادەکانیەوە هەنگوینیە و دڵخۆشکەرە، بەڵام کورد هیچ کات پەکی نەکەوتوە لەسەر ڕێکەوتنامە و لێکتێگەیشتن و داڕشتنی پەخشان و شانامە بەڵکو خاڵی لاوازی کورد بریتیە لە جێبەجێنەکردنی ئەو ڕێکەوتنامانە لەسەر زەمینەی واقع، بۆیە وەك بەڕێز کاك نەوشیروان لە وتەکەیدا باسی کرد(( عیبرەت لە نوسیندا نیە عیبرەت لە جێبەجێکردنیدایە)).

بەوهیوای هەموان ببنە پێشمەرگەیەکی خەمخۆر و ئازا و چاونەترس بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕێکەوتنامەیە و بۆئەوەی دڵی یار و دۆستەکانمان زیاتر خۆش ببێت و دڵی ناحەز و دوژمنانیش زیاتر بتەقێت.

---

* ئەم بابەتە لە وتاری کورد وخەندان و سپلا نیوز و پێنوسەکان و ڕادیۆ ناوخۆ لە ١٨و١٩/٥ و هەواڵ ژمارە ٦٦٦ لە ٢٠١٦/٥/٢٠دا بلاٌوکراوەتەوە.

# ڕێکەوتنەکەی یەکێتی وگۆڕان
# لەنێوان تاکتیك و ستراتیژی سیاسیدا... *

- ڕۆژی ٢٠١٦/٥/١٧ ڕۆژی واژۆکردنی ڕێکەوتنامەکە ڕێك ٦ساڵ و ٨ مانگ تێپەڕدەبێت بەسەر جیابونەوەی بزوتنەوەی گۆڕان لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە ٢٠٠٩/٧/٢٥دا.لەو ماوەیەدا گرژی و ئاڵۆزیەکی توند و گەرم کەوتە نێوان ئەو دوو هێزەوە کە هەردووکیان سەر بە یەك قوتابخانەی سیاسی و فکری و ئایدۆلۆژین و یەك ناوچە و پێگەی جەماوەری و یەك تێڕوانین و تاکتیك و ستراتیژی سیاسیان هەیە و مێژوویەکی ٣٦ ساڵەی خەباتی شاخ و شاریان پێکەوە هەیە،سەرەڕای جیاوازی لە بیروبۆچون و نەخشە ڕێگا و کارەکتەرە سیاسیەکانیان.هەرئەم خاڵە کۆك و هاوبەشانە بونە هۆی ئەوەی کە جارێکی تر و لەم ماوە کورتەی دابڕانەدا هەست بە پێویستبونی کاری هاوبەش و لێکنزیکبونەوە و تەنانەت لە ئایندەشدا یەکگرتنەوە و تێکەڵاوبونەوەش بکەن. و بەهەردوولایان بتوانن کە ئەم قۆناغە سەخت و دژوارەی کە بەسەر مەسەلەی کوردا هاتوە و بەتایبەتیش لە باشووری کوردستاندا تێبپەڕێنن.
- ئاشکرایە ئەم دۆخە سیاسیەی ئێستای باشووری کوردستانی پیادا گوزەر دەکات هیچ مایەی دڵخۆشی نیە، بەڵکو گەر بەراوورد بکرێت بە گەورەیی و مەترسی ئاڵنگاریە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و سەربازیەکان ئەوا زۆر مەترسیدار و تاریك دەبینرێت، هەربۆیە وەك وەڵامدانەوەیەکی ووردبینانە و دووربینانە بۆ ئێستا و ئایندەی مەسەلەی کورد لەم بەشەدا دەبوو کاردانەوەیەکی بەهێز و ستراتیژی بنوێنرێت کە وەڵامدەرەوەیەکی ڕاستەقینە و بەهێز بێت بۆ هەموو ئەو ئاڵنگاریانە.کورد لە ڕووی سیاسیەوە ماڵێکی لێکترازاو و دوور لەیەك و دڕدۆنگی سیاسیدایە و هیچ لێکتێگەیشتنێکی سیاسی و هیچ ئیجماعێکی سیاسی نیە لە نێوان سەرکردە و پارتە سیاسیەکاندا لەسەر مەسەلە نیشتیمانی و نەتەوایەتیەکان، لەڕووی ئابوریەوە هەرێم لە دۆخێکی زۆر دژواری دارایی و ئابوری و بێ بازاڕی و بازرگانیدایە . زۆر گەڕاوەتەوە بۆ دواوە و بێکاری و هەژاریەکی توند بەرۆکی تاك بەتاك و خێزان بەخێزانی میلەتەکەمانی گرتوە، هەرئەم هۆکارەش بۆتە هۆی تێکچوونی باری کۆمەڵایەتی و ئاشتی کۆمەڵایەتی خستۆتە مەترسیەوە، ئەمە

سەرەڕای مەترسیە گەورەکەی شەڕی تیرۆریستانی داعش و کاریگەریە خراپەکانی لەسەر کۆی ژیان و گوزەرانی میلەتەکەمان. و تێکچوونی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغداد لەلایەك و لەگەڵ دەرودراوسێکانیشدا لەلایەکی ترەوە و کاریگەری هەموو ئەم دۆخە ئاڵۆزانە و تێڕوانینی زلهێزەکانیش بۆ چارەنوس و ئایندەی هەرێمەکەمان لێڵ و تاریك ببون.

ئەم ڕێکەوتنە بۆ خۆی هۆکاری خۆیی و بابەتی هەبوە و هەردوولا لە پلەی یەکەمدا پێویستیان بەم ڕێکەوتنە هەبوە چونکە هەردوولایان لەناوخۆی خۆیاندا لەدۆخێکی سیاسی و ئابوری باشدا نەبون و گیرۆدەی ململانێی سیاسی و باڵباڵێنە ببون وتاڕادەیەك نەیاندەتوانی درێژە بەو دۆخەی خۆیان بدەن هەربۆیە هەردوولا بە تێگەیشتن و تێڕوانینێکی ستراتیژیانە هاتونەتە پێشەوە نەك وەك تاکتیکێکی سیاسی و یەکتر فریودان و بەدەستهێنانی دەسکەوتی بچوکی حیزبی لەسەر حسابی لایەنەکەی تر.

- بۆیە ئەم ڕێکەوتن و نزیکبونەوەیەی ئەم دوو هێزە سیاسیە گەورە و کاریگەرەی هەرێم و عێراق و ناوچەکەش هۆکارێکی باش بوو بۆ تێپەڕاندنی قۆناغەکە و شڵەقاندنی گۆمی مەنگ و چەقبەستوی هەموو دۆخەکان. هەربۆیە ئەم ڕێکەوتنە کاریگەری باشی دەبێت لە ئایندەدا لەسەر هەموو ئاستەکان لەناوخۆی هەرێم و عێراق و ناوچەکە و تێڕوانینی زلهێزەکانیش، چونکە دابەشبوونی گوتار و کرداری کورد و نەبوونی یەکهەڵوێستی پتەو و بەهێزی ناوخۆیی لەبەرامبەر بەغداد و دەوروجیرانیش پێگەو گوتاری کوردی لاواز کردبوو، ئەم ڕێکەوتنە بەدڵنیایی دۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و سەربازی کوردستان دەگۆڕێت و دەیباتە قۆناغێکی هەڵکشاوترەوە و نزیك لە چارەسەریەکان.
- ئایندەی ئەم ڕێکەوتنامەیە و سەرکەوتنیشی بەندە بە نیەتی ڕاستەقینەی هەردوولاوە بۆ سەرخستنی و ئەمەش پەیوەستە بە متمانە بەیەکتر کردن و هەوڵدانێکی لێبڕوانە و خەمخۆرانە بۆ گەیشتن بەمەبەستە ڕاستەقینەکانی کە هەموو خاڵەکانی ناو ڕێکەوتنەکە لە خزمەتی بەهێزکردنی حکومەت و دەسەڵاتی کوردیدایە لەم هەرێمەدا، کە حیزب و لایەن و سەرکردە سیاسیەکان ئەرکیانە کە ئەم دەسەڵاتە تۆکمەتر و بەهێزتر بکەن و درێژە بەمانەوەشی بدەن.

ئەم ڕێکەوتنامەیە و ئاینەدەکەشی لە دوو ڕیانێکدایە لەنێوان دژەکان و لایەنگرانیدا، لەناوخۆی دوو حیزبەکە و لەسەر ئاستی هەرێم و ناوچەکەش کە هەریەکەیان بە هۆکارێکەوە نایەنەوێت ئەم ڕێکەوتنامەیە سەرکەوتووبێت.

هەربۆیە ئەرکی هەردوو حیزبە کە هەوڵی جدی و گەرموگوڕ بدەن بۆ تێگەیاندن و ڕوونکردنەوەی مەبەست و نیەتەکانی پشت ڕێکەوتنەکە و بۆئەوەی متمانەی هەموان بەدەستبێنن و لەبەرەی دژەوە بیانکەنە بەرەی لایەنگر و پشتیوانی ڕێکەوتنامەکە و تێیان بگەیەنن کە ئەم ڕێکەوتنامەیە دژی هیچ حیزب و سەرکردەیەك نیە و تەنهاوتەنها لە پێناو بەرژەوەندی باڵای میلەت و نیشتیمان و نەتەوەدایە و بریتیە لەستراتیژێکی دووربینانەو کوردانەی ڕاستەقینە نەك تاکتیکێکی ڕۆژانەی سیاسی.

---

* ئەم بابەتە لە چاودێر ژمارە ٥٦٥ لە ٥/٣٠ و سایتەکانی سبەی و وتاری کورد و سنورمیدیا و پێنوسەکان و ڕادیۆناوخۆ لە ٥/٣٠ و ٦/٦ و هەواڵ ژمارە ٦٦٨ لە٢٠١٦/٦/٤دا بڵاوکراوەتەوە.

# ئەرێ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان

# لە توانایدایە لەم دۆخە قەتیس و چەقبەستوەیدا خۆی دەرباز بکات؟*

❖ **مێژووی سەرهەڵدانی ململانێکانی ناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان**

مایەی داخ و کەسەرە کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەر لەسەرەتای ڕاگەیاندن و دامەزراندنیەوە لە ١٩٧٥/٥/٢٢ و بەڕەسمیش لە ١٩٧٥/٦/١دا لە سوریاوە،ماکی ڕای جیاواز وشێوە ململانێیەکی هەڵگرتبوو،بەهۆی پێشینەی خەبات وبیربۆچونی ئەو ٧ هەڤاڵەی کە یەکێتیان دامەزراند.لەناوخۆی وڵاتیشدا و لەلایەن کۆمیتەی هەرێمەکانەوە بەهەمان شێوە بیربۆچونی جیاواز و نەرمە ململانێیەك هەستی پێدەکرا.ئەمانیش بەهەمان شێوە بۆ پاشخانی بیروبۆچون و ناوچە و تێگەیشتنیانەوە و ...هتد. دەگەڕێتەوە.

دواتریش لە قۆناغی دەستپێکی هەڵایسانی شۆڕشی چەکداری لە ١٩٧٦/٦/١دا و پێکەوەنانی مەفرەزی چەکدارە گەڕۆکەکان و گەڕانەوەی دامەزرێنەران بۆ ناو وڵات و چوونە شاخی سەرکردایەتی هەرێمەکان و لە ئەنجامی پێکگەیشتن و لەنزیکەوە یەکتر ناسین و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاکاندا جیاوازیەکان دەرکەوتن و لەپێش هەموانیشدا کە ڕاگەیەنرابوو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ڕێکخراوێکی سیاسی فراوان و پانوپۆڕ و نیمچە بەرەییە کە جێگەی هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان و ئایدیاکانی تیادا دەبێتەوە لەو پەڕی چەپەوە بۆ ئەوپەڕی ڕاست و بەتێپەڕبوون بەرەوتە میانڕەوەکاندا. ئیدی لەسەر ئەم بنەمایە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەر لە سەرەتاوە بەسەر سێ باڵی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان و هێڵی گشتیدا دابەشبوو.کە ئەم سێ باڵە هەریەکەیان بۆ خۆی سەرکردایەتی و ئۆرگان و ڕێکخستن و هێزی پێشمەرگەی هەبوو.لەو نێوەندەشدا سەرکردایەتیەکی هاوبەشی یەکێتیش هەبوو کە نوێنەری هەرسێ باڵەکەی تیادا بوو.

هەر لە ئەنجامی ئەم جیاوازیانەدا،ململانێکانیش لەهەموو ئاستەکاندا بونیان هەبوو،گەشەیان کرد و هەندێ جاریش نزیك دەبونەوە لە قۆناغی هەستیار ومەترسیداری بەریەککەوتنیش.ئەنجامی ئەم ململانێیەش بەجیابونەوەی براکان و باڵەکان تەواو

بوو.یەکەم پرۆسەی جیابونەوەوە لە ١٩٧٩/٣/٢١ روویدا و ئەنجام حیزبێکی سیاسی نوێ دروستبوو بەناوی (( حیزبی سۆسیالیستی کوردستان)).

ئەمە سەرەرای ململانێ مێژووییەکان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و قیادە موەقەتەی ئەوکاتە و دواتریش ئەم ململانێیانە فراوانتر بوون بۆ پێکەوەنانی هاوپەیمانی نێوان ئەو هێزانەی کە دژایەتی یەکێتیان دەکرد لە پارتی و شیوعی و حسك و پاسۆك بەناوی (( بەرەی جود))کە لە ١٩٨٠/١٠/٢٨ی دامەزرا.کە زۆرجاران یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەکەوتە بەرمەترسی و هەرەشەی بچوکبونەوە و لەناوچوون لە ئەنجامی گەمارۆی بەرەی جوود و سوپای عێراق و ئێران و تورکیاوە.کارەساتی هەکاری و جەنگی عێراق –ئێران و ناردنی هێزی پشتیوانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بۆ هاوکاری حیزبی دیموکرات و کۆمەڵەکانی کوردستانی رۆژهەلاْت و شەری ناوخۆ.نمونەی زیندووی ئەو پیلانانەن.

❖ بۆچی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەمیشە لەبەردەم پیلانی ناحەزاندا بوە؟

ئاشکرایە هەموو ئەو لایەنانەی کە دژایەتی یەکێتیان دەکرد،هەریەکەیان بیانویەکی داتاشیبوو بۆ مەرامەکەی، پارتی و قیادە موەقەتە، بە بیانوی ئەوەی ئەوان میراتگری شۆرشی ئەیلول و بارزانین و رێگەیان نەدەدا هیچ هێزێکی تر لە کوردستاندا سەرهەڵبدات و گەشە و گەورە ببێت و ببێتە خاوەن دەسەلاْت لەکوردستاندا و ببێتە جێگرەوەی شۆرشی ئەیلولی بارزانی باوك. چاویان بەرایی نەدەهات کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان وەك هێزێکی شۆرشگێر و پێشکەوتنخوازی دژی دەسەلاْتی بنەماڵە و کۆنەپەرستی پارتی بێتە خاوەنی گۆرەپانی سیاسی و سەربازی کوردستان.

حسك، لەدوای جیابونەوەیان لەهەندێ جێگە و ناوچەدا خۆیان بە رکابەری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەزانی و پێیان قبوڵ نەبوو کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان خاوەنی رای زاڵ بێت و سەرکردەکانیشی هەموویان لە لێپرسراوانی کۆنی پارتی و شۆرشی ئەیلول بون و لایەنگیریەکیان هەرمابوو بۆ پارتی.

پاسۆك و شیوعیەکانیش،هەرچەندە وەك دوو هێزی نەتەوەیی و چەپ،زۆر دووربوون لە بیروڕای پارتیەوە و دەبوایە بەحوکمی ئایدیا نزیکتر بونایە لە یەکێتیەوە. کەچی ئەوانیش کەوتبونە داو و خولگەی پارتیەوە،بەلاْم ئەمان دوو هێزی بچوك و ناکاریگەربوون لەڕووی

سیاسی و سەربازیشەوە، بەڵام شیوعیەکان لەبەر دڵی بلۆکی سۆسیالیستی و شێوە پشتیوانیەك ڕەنگە هەندێ حساباتی بۆ بکرایە لەلایەن یەکێتیەوە.

ڕژێمەکانی عێراق و ئێران و تورکیاش،ئەوان بە ئاشکرا داگیر و دابەشکەری کوردستان بوون و دوژمنی سەرسەختی کوردایەتی و یەکێتیش بوون.و ڕێگەیان نەدەدا جارێکی تر شۆڕشی ڕزگاریخوازی کوردستان سەرهەڵبداتەوە، بەتایبەتیش بە ڕابەرایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و مام جەلال. کە کاریگەری و ڕۆڵی مێژوییان هەبوو لە ڕابووردوو ئەو کاتەشدا.

❖ **کاریگەری ململانێکان**

بەم شێوەیە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هێندەی سەرقاڵی ململانێ ناوخۆییەکانی ناوخۆی و کوردستانی بوو،نیوهێندە سەری نەدەپەرژا بۆ ڕووبەڕووبونەوەکانی سوپاو ڕژێمی بەعس.لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا یەکێتی نیشتیمانی کوردستان قۆناغە سەختەکانی بڕی و ساڵ بە ساڵ لەگەشە و گەورەبونی زیاتری سیاسی و سەربازی و جەماوەری و ئابوریشدا بوو.لەسەردەمێکدا بوە تاکە هێزی باڵادەستی سەرتاپای کوردستان. ئاشکراشە ئەم گەشە و گەورەبونە لەخۆوە نەبوو بەڵکو بەری ڕەنجی خوێنی شەهیدان و قوربانیدانی بێوێنەی پێشمەرگە و سەرکردە و ڕێکخستنەکانیەوە بوو. کەم پارتی سیاسی لە کوردستاندا هەیە هێندەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان شەهیدی هەبێت کە زیاد لە ١٧هەزار شەهیدە و هەزاران کەمئەندامی سەنگەر و زیندانیانی سیاسی لەسەرکردە و فەرماندە و کادر و ...هتد.

قۆناغی هەشتاکانی سەدەی ڕابووردوو بۆ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەلایەك مایەی مەترسی بوو، چونکە هەوڵێکی جیابونەوەی تر ڕوویدا بەناوی (( ئاڵای شۆڕش ))، بەڵام سەرینەگرت، گەر سەریبگرتایە ڕەنگ بوو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەر ئەوکات زۆر بچوك و بێ توانا ببوایە و هێزی سیاسی و سەربازی دووکەرت بوایە. هەروەها بەردەوامی جەنگی عێراق ئێرانی ٨ ساڵە و بەرپاکردنی هێرش و پەلاماردانە دڕندانەکانی سوپای ڕژێمی بەعس و چێکردنی هەڵمەتەکانی کیمیاویباران و ئەنفالەکان و جینۆسایدکردنی کورد و کوردستان کۆتاییهات، کە بەڕاستی قۆناغێکی زۆر سەخت و دژوار بوو بەشێوەیەك شاڵاوی گرتنی ڕێکخستنەکانی ناو شار ڕوویدا و دواتر پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنوری ئێران .کە قۆناغێك بوو زۆر دژوار بۆ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و کوردایەتیش.

بەلاَم خۆشبەختانە لەناو ئەو شکست و نسکۆ سەربازیانەدا، چرۆی ئومێدی یەکگرتن پشکۆی کرد و توانرا لەساڵی ١٩٨٧ دا بەرەی یەکگرتووی کوردستانی پێکبهێنرێت لە نێوان هێزە سەرەکی و کاریگەرییەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی و سەربازی کوردستان و پرۆسەی ئاشتەواییەکی نیشتیمانی دروستبوو. کە دواتر بوە مایەی سەرکەوتنی ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ی گەلەکەمان لەدوای تێکشکاندنی ڕژێمی بەعسی صدامی لە جەنگی کوێتدا.لەبەرامبەر هێزی هاوپەیمانانی دونیا بە سەرکردایەتی ئەمریکا.

دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕین و هەڵبژاردنی یەکەمین پەرلەمانی کوردستان لە ١٩٩٢/٥/١٩دا و دامەزراندنی یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ١٩٩٢/٧/٤دا و دواتر ڕاگەیاندنی فیدراڵیزم وەك بنەمایەکی پێکەوە ژیان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە وەك مەرجەعی سەرەکی گەلی کوردستان لە ١٩٩٢/١٠/٤دا، بۆ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە خۆی ڕابەر و ئەندازیاری ڕاپەڕین و هەڵبژاردن و حکومەت و فیدراڵیش بوو سەرکەوتن و دەسکەوتی گەلێك گەورە و گرنگ بوون.

دواتریش لەدوای بەدەستهێنانی نیوەی دەنگەکانی جەماوەرە ، گرتنە دەستی دەسەلاَتی سیاسی لەلایەن یەکێتیەوە بەهاوبەشی لەگەڵ پارتیدا ،پرۆسەیەکی ئاشتبونەوە و یەکگرتنەوەیەکی نیشتیمانی دەستیپێکرد لەنێوان هەموو لایەنە سیاسیەکاندا و هەریەکە بەگوێرەی نزیکی بیروڕاو ناوچە و قورسایی خۆی لەگەڵ هەردوو حیزبی گەورە و دەسەلاَتداری پارتی و یەکێتیدا خۆیان ڕێکخست، بەم شێوەیە دەیەی نەوەدەکان بۆ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ساڵانێکی پڕ دەسکەوت و یەکگرتنەوەی باڵ و برا جیابوەکان بوو. بەمەش هێندەی تر یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە ڕووی جێگە و پێگەی سیاسی و سەربازی و جەماوەری و ئابوریەوە بەهێزتر بوو.بەلاَم وەکو هەموو دەیە ساڵەکانی حەفتاکان و هەشتاکان تا سەر ئەم ساڵانەش بێ کێشە و بەتایبەتیش ململانێ و شەڕی ناوخۆ لەناوەوەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و لەدەرەوەشیدا تێپەڕنەبوو.

### ❖ لەدوای ڕاپەڕینیش ململانێکان درێژەیان هەیە

هەرلەدوای بەستنی یەکەم کۆنگرەی گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە ساڵی١٩٩٢دا و بڕیاردان لەسەر هەڵوەشانەوەی باڵەکان و یەکگرتنەوە و تواندنەوەی دواجاری هەموان لەناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا ، ئیدی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوە تاکە

ناونیشانی خەباتی قۆناغی ئایندە.بەداخەوە جارێکی تر بەهێمنی و لەسەر ئاگرێکی هێمن ململانێ ناوخۆییەکان بەشێوازی جیاواز بەردەوامیان هەبوو.لەدەرەوەی یەکێتیش شەڕی ناوخۆی کورد–کورد سەریهەڵدایەوە ، لەنێوان پارتی و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پەکەکە، دواتر یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و ئیسلامیەکان، دواتر پارتی و حسك، دواتر یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی و بەمشێوەیە لە ١٩٩٤/٥/١ وە تا ١٩٩٨/٩/١٨ بەردەوامی هەبوو . کە بۆخۆی لەم قۆناغەدا ئەم جەولەی شەڕی ناوخۆییانە کارەساتێکی گەورە بوون بۆ کورد و کوردستان و هەموو دەسکەوتەکان و ناو و ناوبانگی کورد و مەسەلەکەیان زۆر دابەزاند. و خوێن و فرمێسکی زۆری تیادا بەهەدەر درا و برینە کۆن و نوێکانی هەڵدایەوە و سەروەت و سامان و ئاوەدانی نیوەناچڵی کوردستانیشی هێندەی تر بە فیڕۆدا.سەرەڕای ئەمانەش ئەم شەڕی ناوخۆییە بوە هۆی دەستێوەردانی ڕژێمەکانی بەعس لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ و ئێران و تورکیا هەریەکەیان بەبیانوی هاوکاری و پشتیوانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان یان پارتی کە لە بنچینەدا شەڕی لەمێژینەی خۆیان بوو لەسەر خاك و خوێنی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی تەنها ئامڕازێك بوون بۆ جێبەجێکردنیان و بون و بەشداری ئەوان هێندەی تر شەڕەکانیان توندتر و درێژتر دەکردەوە.

خۆشبەختانە ئەم شەڕی ناوخۆیە بوە هۆی هێنانە ناوەوەی زلهێزەکانی دونیاش بۆ کوردستان هەر لە ئەمریکاو ئینگلیز و فەرەنسیەکان و ...هتد.بەمەبەستی کۆتاییپێهێنانی ئەو شەڕە نەگریسە و ئەوەبوو لە ١٩٩٨/٩/١٨دا لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا و بەنێوانگیری خاتوو مادلین ئۆلبرایتی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕێکەوتنێکی مێژوویی لەنێوان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتیدا واژۆکراو ئیدی کۆتایی هات بەو شەڕە ناوخۆییەی کە نزیکەی ٥ ساڵی خایاند.بەڵام پەرلەمان و حکومەت و ڕێکخراوە دیموکراتیەکان و ڕۆژنامەگەری و تەنانەت جەماوەریش لەهەموو ئاست و جومگەکاندا دووکەرت بون و لێکترازابوون بۆ دوو زۆنی سەوز و زەرد.

❖ **سوود و قازانجەکانی ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس بۆ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان**

بەهەرحاڵ ئەم قۆناغی نەشەڕ نەئاشتیەش، بەردەوام بوو و توانرا لەهەردوولا کار و خزمەتگوزاری و ئاوەدانی باش پێشکەش بکرێت و خۆ ئامادەکردنێکیش بوو بۆ قۆناغی ئایندە کە ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی صدامی بوو لەساڵی ٢٠٠٣دا.

ئەم قۆناغەش بۆ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەم بە سوود بوو هەم بە زیان. سوودەکانی بۆ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و کوردایەتی بریتیی بوو لە ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس کە زیاد لە ٣٠ ساڵ بە ئاگر و ئاسن حوکمی عێراق و کوردستانی دەکرد و ڕزگارکردنی کەرکوك و خانەقین و ..هتد. بەڵام بەداخەوە تا ئێستا چارەنوسیان بەسراوەتەوە بە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستور و ئەویش جێبەجێناکرێت.هەروەها فراوانبوون و گەورەبوونی پێگە و جێگە و دەسەڵات و نفوز و جەماوەر و ئابوری و سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو لەهەموو کوردستان و عێراقدا.هەروەها بەشداریکردنی وەك شەریکێك لەدەسەڵات و جومگەکانی پەرلەمان و حکومەت و سەرۆکایەتی کۆماردا لە عێراقی فیدراڵ و دیموکرات و پێکەوەیی و پەرلەمانیدا.

بەڵام زیانەکانیشی بۆ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان خۆی بریتی بوو لە قوڵبونەوەی زیاتری ململانێ ناوخۆییەکان و لێکترازانی ڕیزەکانی بەهۆی سەرقاڵبوون و دوورکەوتنەوەی هەڤاڵ مام جەلال بەپلەی یەکەم لە کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و نەبوونی سکرتاریەتێك و مەکتەب سیاسیەکی بەهێز و یەکگرتوو و نەبوونی بەرنامە و پلانێکی تۆکمە و بەهێز کە لە غیابی مام جەلالدا جێگەی بگرێتەوە، هەربۆیەش کێشە و ململانێکان ڕۆژ بە ڕۆژ قوڵتر و زەقتر دەبونەوە، تاکار گەیشتە نوسینی نارەزایی دژی مام جەلال و دەسەڵاتەکانی و داواکاری چاکسازی و گۆڕانکاری دەکرا لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٤وە.ئەوەبوو لە ٢٠٠٩/٧/٢٥دا بەڕەسمی جیابونەوەی باڵی ڕیفۆرمخوازانی ناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ڕاگەیەندرا لەچوارچێوەی بزوتنەوەی گۆڕاندا بەڕابەرایەتی جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.

❖ **کاریگەری ململانێ و جیابونەوەکان لەسەر یەکێتی نیشتیمانی کوردستان**

لەڕاستیدا ئەم جیابونەوانەی ناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەموانیان کاریگەری زۆریان لەسەر یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەبوو،بەڵام ئەم جارەیان لەهەموان کاریگەرتر و بەسوێ تر بوو،چونکە بەهەق دوو کەرت بوونی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو، لەناخیشدا بەنیاز بوون کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەر نەمێنێت و خۆیان ببنە جێگرەوەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و ناوچەکەش.یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە درێژایی تەمەنی خۆی کە تا ئێستا نزیکەی

٣٩ ساڵە، تەنها ٣ کۆنگرەی گشتی و ٥ پلینۆمی لەشاخ و شار سازداوە، کە هەموو جارەکان مەترسی جیابونەوەی زیاتری لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەکرا.

هەندێ سەرکردە و جەماوەر و ئۆرگانەکانی، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دڵخۆشبوون بەوەی چیدی لەدوای جیابونەوەی بزوتنەوەی گۆڕان،ئیدی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان پاکبۆتەوە و باڵباڵێن و ململانێکانی ناوخۆی نامێنێت یان زۆر کاڵ دەبێتەوە،ئەو کەسانە هەموو هەڵە و تاوانەکانیان دەخستە سەر باڵە جیابۆوەکەی گۆڕان.

بەڵام لەڕاستیدا دەرکەوت کە گەر تاوان و کەموکوڕیش بێت،ئەوا باڵی جیابۆوە تەنها بەشێکیان لە ئەستۆدایە،چونکە دوای جیابونەوەی ئەوانیش بەداخەوە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دووچاری ململانێیەکی توندتر بوەوە و باس لە بوونی سێ باڵ و سێ ئاڕاستە و فکر و کار و تێڕوانین دەکرێت.

❖ **کاریگەری غیابی هەڤاڵ مام جەلال**

ئەم ململانێیانە کاتێك گەیشتنە لوتکە و تۆخبونەوە و ڕادەی مەترسی جیابونەوەی تر، کاتێك هەڤاڵ مام جەلال لە ٢٠١٢/١٢/١٧دا توشی نەخۆشیەکی سەخت بوەوە کە بەهۆیەوە تا ئێستاش ئامادەگی کردارەکی نیە لەسەر گۆڕەپانی سیاسی و سەربازی و ئابوری عێراق و کوردستان و هۆکارێکی زۆر کاریگەر و بەهێزیش بوو بۆ نوێبونەوەی ململانێکان، چونکە بە غیابی مام جەلال، سکرتێری گشتی و تاکە مەرجەع و خاوەنی دوابڕیار و پیاوی بەهێزی ناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان نەمان.بەڕاستی سێبەر و سایەی مام جەلال بۆ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە ئێستاشەوە و بۆ ئایندەش زۆر گرنگە و کاریگەریەکەشمان بینی لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٤/٤/٣٠دا کاتێك دەرکەوتو پەنجەی مۆری خۆی بەرزکردەوە و لەگەڵیشیدا هەموو ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیشی بەبەرژەوەندی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەرزکردەوە. چونکە مام جەلال بە بیروباوەڕی کراوەیی و ئازادیخواز و دیموکراسیخوازی خۆی و پشوودرێژی و سنگفراوانی لەگەڵ هەڤاڵەکانیدا، لەهەمان کاتیشدا جورئەت و بوێری و ڕاستی هەڵسەنگاندنی گۆڕانکاری و هاوکێشەکان یەکێتی ناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی ڕاگرتبوو و پاراستبونیشی.

بەڵام لەماوەی ٢ ساڵی ڕابووردوودا، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە قەیرانێکی بێ سەرکردەیی و بێ مەڕجەعیدا گوزەر دەکات، کە ئەم نەبونیانە بونە هۆی نسکۆی یەکێتی

نیشتیمانی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٣/٩/٢١دا و گەمارۆدان و بچوکبونەوەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەلایەن پارتی و گۆڕانەوە بەتایبەتی.

❖ **دوانەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و ململانێکان**

بەداخەوە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان وەك لەو مێژوەی ڕابووردویدا دەیبینین بەبێ ململانێ ناژی،لەوەدەچێت یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ماکی ئەم ململانێ و ڕا جیاوازیەی بەمیراتی بۆ مابێتەوە و هێندەی بە قازانجی ڕەوتی دیموکراسی و ئازادیەکان بوە لەژێر سایەی دەسەڵاتی یەکێتیدا. نیو هێندە بە قازانجی یەکێتی ناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان نەبوە.

ململانێکان وەکو بونەوەرێکی دڕندە و خوێنەخۆری ناو هەناوی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان درێژە بە ژیان و مانی خۆی دەدات لەسەر جەستەو لاشە و فکر و خوێن و مێژوو و سەروەریەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان. کە ئاشکراشە گەر ئەم ململانێیانە بەردەوامیان هەبێت بەدڵنیایی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان توشی داخورانی زیاتر و بچوکبونەوە و جیابونەوە و دواتر پەراوێزخستنی زیاتری دەکاتەوە.هەربۆیە نابێت چیدی لەناو یەکێتیدا ململانێی ناڕەوا بوونی هەبێت، پێشبڕکێ و ڕکابەری سیاسی و ئایدۆلۆژی و جێبەجێکردنی کار و پلان و بەرنامەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کارێکی ڕەوا و تەندروست و ساغڵەمە. چونکە هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی بە جوڵە و خاوەن وزە و توانای مادی و مرۆیی گەنج و لاو ناشێت لەسەر یەك ڕێتم و لەیەك چوارچێوەی قەتیسکراودا بمێنێتەوە،چونکە ڕاوەستان و نەگۆڕان و نەکردنی ڕیفۆرم و چاکسازی بەردەوام مانای پوکانەوە و مردن و هەڵدێرانە.

❖ **ململانێکانی ناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بۆچی و لە پێناو چیدان؟**

بەداخەوە سەرجەم ململانێکان و جیابونەوەکانی ناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کەلە هەموو حیزبە سیاسیەکانی کوردستان وعێراقیشدا ئاست وڕێژەی پێوانەیی تێپەڕاندوە لە زۆری ژمارەو کاریگەرییاندا،هەموانیان هێندەی لەسەر دەسکەوتنی پۆست و پلە و ناو و ناوبانگ و ئیمتیازاتی مادی و مەعنەوی بوە بۆ کەسەکان، نیو هێندە لە پێناو پاراستنی یەکگرتویی وگەشەپێدان و بوژاندنەوە و سەرخستنی یەکێتیدا نەبوە. لەسەرەتاوە تاکو ئێستاش.

بەدەلیلی ئەوەی هەموو ئەوانەی کە جیابونەتەوە، بۆخۆیان حیزبێکی سیاسیان دامەزراندوە و بونەتە کەسی یەکەم و پۆست و پلەی یەکەمیان وەرگرتوە و لەبەرامبەریشدا یەکێتی نیشتیمانی کوردستان زیانی گەورەی پێگەیشتووە.

❖ **ڕەوتی میانڕەوەکانی ناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و کاریگەرییان**

لەناو ڕیزەکانی یەکێتیدا و لەسەر ئاستی سەرکردایەتی و جەماوەر و سەرجەم ئۆرگانەکاندا، هەمیشە ئاڕاستە و هێڵێکی میانڕەو و دڵسۆز بۆ ڕابووردوو و ئایندەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەبوە.بەڵام بەداخەوە لاواز و کزۆڵ و بێدەسەڵات بووە.بەڵام هەمیشە کاریگەری گەورەیان هەبوە لە پێکگەیاندنی جەمسەرەکان و ئاشتبونەوەکان و ڕاگرتن و پاراستنی یەکڕیزی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و یەکێتیەکان.هەر ئەم هەوڵ و ماندوبون و دڵسۆزیەی ئەمان بوە کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی هێشتۆتەوە و هەستانۆتەوە. چونکە جەمسەرەکان هێند توند و توندڕەوبوون کە هەریەکەیان گەرەکیان بوە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و بەمەش مەترسی جیابوەنەوە و هەڵوەرینی زیاتر بۆ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەکرا.

بۆیە وەك ڕاستیەکی مێژوویی ودەرئەنجامێکی حەتمی ، هەمیشە ڕەوتە توندڕەوەکان لە چەپ و ڕاستدا ئەنجام تەنها شکست و نسکۆیان بۆ ماوەتەوە و سەرکەوتن تەنها بۆ ڕەوت و بیر و ئایدیا و ئاڕاستە میانڕەوەکان بوە.خۆشبەختانە لە ئێستادا لەناو مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و ئۆرگان و مەکتەب و مەڵبەند و کۆمیتە و ڕێکخستنەکاندا و هێزی پێشمەرگە و جەماوەریشدا، میانڕەو و دڵسۆزە بەوەفاکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان زۆرینەن و هەموان هەستیان بەمەترسیەکان کرد لەهەڵبژاردنی ٢٠١٤/٤/٣٠دا و هەر ئەمەش بوە هۆی سەرکەوتن و گەشانەوەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان. ئەگینا توندڕەوەکان گەرەکیان بوو بەکرداریش پشتیان کردە شاڕێگا و ڕاستە شەقامی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و لەگەڵ ڕەوتی میانڕەوەکاندا نەهاتنەوە و هەبوو لەماڵەوە دانیشت و هەشبوو چوە ناو پارتی و هەشبوو بە ترسەوە بۆ ئەنجامەکان خۆی ئامادە کردبوو، بەڵام خۆشبەختانە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و یەکێتیە دڵسۆز و بەوەفاو پشوودرێژەکان سەرکەوتنیان بەدەست هێنا.

❖ **پرسیاری گەورە و سەرەکی ئەوەیە،ئەرێ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان تاکەی دووچاری ئەم ململانێ ناڕەوایانە دەبێت؟ کەی خۆیان لێ ڕزگار دەکات؟ ئەرێ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەتوانێت**

**ئەم قۆناغە هەستیار و پڕ ململانێ و قەتیس بوە بەسەرکەوتوی بگوزەرێنێت وپڕۆسەیەکی ئاشتی و ئاشتبونەوە و تەبایی سەرتاسەری چێ بکات لەناوخۆی خۆیدا؟**

بەڕای بەندە، تاحیزبایەتی لەناو یەکێتیدا ببێتە میراتگری و لە پێناو بەدەستهێنانی پۆست و پلە و ئیمتیازاتدا بکرێتە پیشە و سەرچاوەی ژیان و بژێوی و خۆ دەوڵەمەندکردن، دوور لە خزمەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و گەشەکردنی و مانەوەی لەدەسەلآتدا و دوور لە تێڕوانین لە کاری سیاسی وەك ئەرك و وەزیفە. بەدڵنیایی ململانێ ناڕەواکان دەمێنن و بەردەوامیش دەبن لەناو یەکێتیدا.

هەرکات یەکێتی نیشتیمانی کوردستان توانی کۆنگرەی چوارەمی خۆی سازبکات و پڕۆسەیەکی کردارەکی و ڕاستگۆیانەی چاکسازی چێ بکات لەهەموو ئاست و ئۆرگانەکاندا و زیندوکردنەوە و پابەندبوون بە بنەما حیزبیەکان و پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیەوە ببوژێنێتەوە و پڕۆسەی گۆڕانکاری لە سەرکردایەتی و سەرجەم ئۆرگانەکاندا بەبەردەوامی دووبارە بکاتەوە و پیرۆزی و ئیمتیازاتی زۆری پلە و پۆستە حیزبیەکان کەم بکاتەوە، لەبەرانبەریشدا ئەرك و فەرمانەکان قورستر بکات و بنەمای سزا و پاداشت زیندووبکاتەوە و بەداپەروەرانەش پیادەی بکات لەسەرەوە بۆ خوارەوە و لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە گەڕانەوەیەتی بۆ سەرەتا شۆڕشگێڕی و خاکیبوون بۆ ناو جەماوەرە پان و پۆڕەکەی کوردستانە کە سەرچاوەی هەموو شەرعیەتەکانە.

بەدڵنیایی ئەم کاروکردەوانە دەبنە هۆی ئەوەی کە ململانێ ناڕەواکان لەناو یەکێتیدا بەرە و کاڵبونەوە و خاوبونەوە بچێت و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەبەرانبەردا بیپەرژێتە سەر سیاسەت و کاری لەناو هەرێم و عێراق و ناوچەکە و شکۆ و گەورەیی و سەنگینی خۆی بپارێزێت.من دڵنیام یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەتوانا و لێهاتوویی و نیەتە خێرەکانی میانڕەوەکانی ، دەتوانێت ئەم قۆناغە هەستیار و پڕ مەترسیەش تێبپەڕێنێت و بەسەرکەوتویش لێی دەربچێت،ئەم دۆخە قەتیس و ڕاوەستاوە بگۆڕێت بە دۆخێکی ژیانەوە و زیندووبونەوە و گەشانەوە و هەستانەوە . وەکو هەموو جار و قۆناغ و نسکۆ کاتیەکانی دوای جیابونەوەکان.

❖ **پەیوەندیەکان و پێگەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە کوێدایە؟**

لەسەر ئاستی کوردستان،هێشتا پەیوەندیەکانی لەگەڵ پارتی لەچوارچێوەی ڕێکەوتنامەی ستراتیژیدایە و پارتی زیاتر لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان پێویستی بەو

ڕێکەوتننامەیەیە ،چونکە ئاڵنگاری و مەترسی و هەڕەشەکانی داعش و بەغداد، بەتەنها پارتی ناتوانێت ڕووبەڕوویان ببێتەوە و شەڕەکانی داعش لە شەنگال و ڕەبیعە و مەخمور و خازەر و گوێر و موصلْ نمونەی زیندووی بێهێزی و لاوازی پارتی و هەڵە خوێندنەوەی ڕووداوەکان و بەهەڵە سیاسەتکردنێتی لە ڕووی سیاسی و ئابوری و سەربازی و ..هتد.

لەگەڵ بزوتنەوەی گۆڕاندا پەیوەندیەکان ماوەی زیاتریان دەوێت بۆ ئاسایبونەوە،باشی و گەرموگوڕی پەیوەندیەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و گۆڕان بۆ ناوچەی سلێمانی بەتایبەتی و بۆ کوردستان و عێراقیش بەگشتی زۆر گرنگە،چونکە پێکەوە دەتوانرێت کاری گەورە بکەن و ئاڕاستەی ڕووداوەکانیش بە ئاقارێکی تردا ببەن.

لەگەڵ ئیسلامیەکاندا(( یەکگرتوو باشە و کۆمەڵ ئاساییە و بزوتنەوەی ئیسلامی ساردو لاوازە))، لەگەڵ تورکومان و مەسیحیەکاندا بەحوکمی جوگرافیای ناوچەکانیان و دووریان لە یەکێتیەوە بەهێندەی پارتی گەرموگوڕ نیە.

لەسەر ئاستی عێراقیش، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە سیاسەتە میانڕەو و لەسەرخۆ و دووربینیەکانیەوە،توانیویەتی تاڕادەیەکی باش هاوسەنگی پەیوەندیەکانی ڕابگرێت لەگەڵ حیزبی دەعوە و ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی و ڕەوتی صەدر و سونەکانیشدا.

لەسەر ئاستی وڵاتانی ناوچەکەش، پەیوەندیەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەگەڵ ئێران گەرموگوڕە و لەگەڵ تورکیاشدا ئاساییە.

لەسەر ئاستی نەتەوەش، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان تاکە هێزی دەسەڵاتدارو بەهێزی باشوور بوو کە پشتگیری لە ڕاگەیاندنی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا کرد و پشتیوانی سیاسەتەکانی پەیەدەی دەکرد و دەرگای بۆ ئاوارەکانی ڕۆژئاوا کردەوە و دژی سەنگەری نێوان باشور و ڕۆژئاوا وەستایەوە و. هەر یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو کە تاک لایەنە چەك و تەقەمەنی و یارمەتی مرۆیی بە ئەمریکیەکاندا گەیاندە کوبانیْ و داوایکرد لە پەڕلەمان بەڕەسمی کانتۆنەکان بناسێت و هێزی پێشمەرگەشی نارد بۆ کوبانیْ.

لەگەڵ کوردانی باکوردا،پەکەکە و هەدەبە،بەدەپە، هەموانیان دۆستایەتی گەرموگوڕی هەیە و پشتیوانی پرۆسەی ئاشتەواییە لە باکور و قەندیلیشی کردۆتە قەڵای سەختی بەرخۆدان و کوردایەتی و پەکەکە.لەگەڵ ڕۆژهەڵاتدا ماوەی ٢٣ ساڵە حیزبی دیموکرات و کۆمەڵەکان لە ژێر سایەی یەکێتیدا بە ئاشتی و ئارامی درێژە بە خەباتی سیاسی خۆیان دەدەن.

❖ ئەرکی هەموان چییە؟

لەم پێناوەشدا لەهەموان دەویستریێت هێندەی بەرانبەر یەکتر ڕەق و گوێ نەگر و سازش نەکەرن، نیوهێندە بەرانبەر نەیارەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئاوها مامەڵە بکەن.هەموانیان ئەرکیانە کە نەرمی بنوێنن و بەرژەوەندیە کەسیەکان وەلاوەبنێن و بنەمای لێهاتوی و توانا و لێوەشاوەیی و دڵسۆزی و وەفا و کارکردن بکەنە پێوانەی کادر و سەرکردەی دڵسۆز بۆ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و دەستهەڵگرن لەدیاردە دزێوەکانی گەندەڵی و مشەخۆری و ناوچەگەرێتی و مەحسوبیەت و مەنسوبیەت.

ئەرکی هەموانە کە هەمیشە وتە بەنرخەکەی هەڤاڵ مام جەلال لە گوێ و زهن و فکریاندا بزرنگێتەوە کە دەڵێت : (( **مانەوەمان ،سەروەریمان، گەشەکردنمان،بەندە بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان**))وە. بۆیە گەر خوانەکردە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بچوك ببێتەوە ئەوا هەموان بچوك دەبینەوە و گەر یەکێتیش گەورە و شەکاوە بێت هەموانمان درەنگ یان زوو دەگەینە ئامانجە کەسیەکانمان لە پاڵ ئامانجەکانی یەکێتیدا.

هەربۆیە ئەرکی هەموانە واز لە ململانێی ناڕەوا بهێنین و دەست بگرین بە ئەڵقەی یەکێتی ناو ڕیزەکانی یەکێتیەوە ،چونکە ئەم قۆناغە و گۆڕانکاری و ئاڵنگاریەکان هێندە گەورە و مەترسیدارن.چیدی ڕێگا نادات یەکێتی نیشتیمانی کوردستان توشی نسکۆ و جیابونەوەی زیاتر ببێتەوە و دەبێت یەکێتی نیشتیمانی کوردستان خۆی ساز و ئامادە بکات بۆ ئایندە بۆ ئەوەی لە چارەنوسی بچوکبونەوە و قەتیس و پەراوێزخستن دووربکەوێتەوە. کە بەدڵنیاییەوە هێشتا هێندە هێز و پێز و وزەی تیادایە کە بەرەنگاری ئەم قۆناغەش ببێتەوە.

❖ **لە کۆتاییدا** یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەدەرەوەی خۆیدا، سیاسەت و گوتار و کرداری زۆر حەکیمانە و ژیرانە و دووربینانە و نەتەوەییانەیە.بەڵام بەداخەوە ململانێکانی ناو خۆی بڕستی لێبڕیوە و ناتوانێت بەتەواوی هۆش و ژیری و وزە و توانای خۆی بە ئەرکە مێژووییەکانی خۆی لەم قۆناغەدا هەستێت و وایکردوە لە ڕۆڵی ڕابەرایەتی پاشەکشەی کردووە.

بۆیە لە ئێستادا کە هیچ هەڵبژاردنێك لە ئارادا نیە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق.گرنگە کە کۆنگرەی گشتی چوارەمی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ببەسرێت سەرەڕای بوونی مەترسی داعش و تیرۆریستان، کۆنگرەیەك بە نیازی چارەسەری کێشەکان و دەربازبوون لە قەیران و ململانێکان و هەڵبژاردنی مەرجەعێك بۆ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و سەرکردایەتیەکی نوێ لە جەستە و بیر و خوێن و وزەدا.کۆنگرەیەك وەك دەڵێن بۆ بەهێزبون

و کۆکردنەوەی توانا پەرتەوازەکان و گەڕانەوەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بۆ پێگەی شیاو و گونجاوی خۆی لە ڕابەرایەتیکردندا.
نەك کۆنگرەیەك بۆ پاکتاوکردنی باڵەکان و براکان و بۆ زاڵبونی باڵێك و دەستەیەك.چونکە گەر ئەو کارە کرا ئەوا بەدڵنیاییەوە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان توشی جیابونەوە و بچوکبونەوەی زیاتر دەبێت و ئەنجامیش هەموان زیان دەکەن، و یەکێتیش هێندەی تر لەبەردەم دۆست و دوژمناندا بچوك دەبێتەوە و چرای ئومێد و هیواکان خامۆش دەبن و کوردایەتیش گورزی کوشندەی بەردەکەوێت لەهەر چوار بەشەکەی کوردستاندا.
جا هەر بۆیە ئۆباڵی مێژوو و سەروەریەکان و خوێنی شەهیدان و فرمێسکی خانەوادەی شەهیدان داوامان لێدەکەن کە هەموان پێ لە غرورو کبریائو کەلە ڕەقی و دەمارگیری بێنین و زمانی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن لە نێوخۆماندا زاڵ بکەین . هەربەمەش دەتوانرێت یەك و یەکگرتویی و بەهێزی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بپارێزین و یەکێتیش لەم قۆناغ و بازنە بۆشە قەتیس و چەقبەستوە ڕزگار بکەین و ڕوەو ئایندەیەکی گەشتر و وەدیهێنانی خەونە مێژوویەکەی کوردان لە دامەزراندن و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیدا هەنگاو بنێین.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی مەکتەب ڕێکخستن و پی یوکەی میدیا و ئاڕاستەدا لە بەرواری ٢٠١٦/٧/٧دا بلاْوکراوەتەوە.

له یادی ڕاپەڕیندا ..

## قسەیەك لەسەر بارودۆخی یەكێتیەكەمان... *

زۆرێك لەهاوڕێ و دۆستەكان گلەیی ئەوەمان لێدەكەن كە هەمیشە ڕەخنە لە دەرەوەی یەكێتی دەگرین و قسەیەكمان نیە لەسەر ململانێ و كێشە و گرفتەكانی ناو یەكێتی .. كە هەموانیان ڕاست دەكەن و دەبێت خەڵكی خەمخۆر و قەڵەم بەدەست ڕووی ڕەخنەی لەهەموو دیاردە و دەركەوتە و كارێكی نەشیاو هەبێت ، بەمەبەستی ڕێگا نیشاندان و چارەسەركردن نەك تەشهیر و ناوزڕاندن.. هەربۆیە ئەم یادەم كردە بیانوو بۆ ئەوەی بەنەرمی گلەییە خەمخۆرانەییەكانم بكەمە یەكێتیەكەی خۆم و هەموانیشمان.. هەرچەندە من هیچ كات لەگەڵ ئەوەدا نیم كێشەكانی ناو ماڵی یەكێتی بخەینە سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە و سایت و گۆڤارەكان بەتایبەتیش نەیارەكانمان ،بەڵام ئەم كورتە باسەم تەنها بۆ فراوانكردنی ڕووبەری فشارەكانی هەڤاڵان بێت بۆ سەر سەركردایەتیمان بۆ چارەسەركردن نەك قوڵكردنەوە.. بەهیوای ئەوەی گوێیەك هەبێت ئەم تكاو داواكاری و پاڕانەوەیە ببیستێت..

بەلای منەوە هەموو گۆڕانكاریەك یان ڕووداوێك و شۆڕشێك یان كودەتایەك و بگرە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیە جەماوەریەكان و ...زۆری تر. هەموانیان ئەندازیارێكی هەیە كە توانیویەتی توانا و وزەكان كۆبكاتەوە و یەكیان بخات و كار و كردەوەیەكی نوێ بخوڵقێنێت.

بێ سڵەمینەوە دەڵێم كە ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ یش تەنها و تەنها یەكێتی نیشتیمانی كوردستان خوڵقێنەر و ئەندازیاری بوو . دواتر جەماوەری ڕاپەڕیو و قوربانیدەری هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینەكانیش هاتنە پاڵی وتوانرا بەهەموانیش سەركەوتن بەدەستبێت. هەربۆیە پشكی شێر بۆ یەكێتی و سەركردایەتی و جەماوەرەكەیەتی.. ڕێزم بۆ ڕۆڵ و كاریگەری هەموو سەركردە و حیزبەكانی تریش هەیە كە هەریەكەیان بە پێی قەوارەی ئەوكاتیان بەشداریان كردوە و كاریگەریشیان هەبوە..

ئەوەی كە ئێستا جێكەی داخ و پەژارەیە و لە ڕۆژی ٢٠١٥/٣/٧دا و لە سەر گۆڕستانی شەهیدانی سەیوانی شاری سلێمانی بینیم، جێگەی داخ و خەفەت بوو كە لە بۆنەیەكی وا گەورە و پیرۆزدا كە هەموانمان خۆمان بەخاوەنی دەزانین لەناو یەكێتی و دەرەوەشیدا و

بۆنەیەکی نیشتیمانی و نەتەوایەتیە و هەموو دەسکەوت و پێشکەوتن و ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی هەموانمان لەسایەی ئەو ڕۆژەوە هاتۆتە دی.. کەچی بەداخەوە ساردترین و بێ ڕۆح ترین یاد بوو کە کرایەوە..

سەیر لەوەدایە کە بەشێکی یەکێتیەکان ئامادە نەبوون و بەشداریان نەکرد، وەکو ئەوەی خۆیان بەخاوەنی نەزانن یان خۆیان تەریك و بێبەش کردوە کە کەسیش ڕێگەی لێنەگرتبوون. لەدەرەوەی یەکێتیش نە حیزبە سیاسیەکان و نە جەماوەرە پانوپۆڕەکەش بەشداریەکی گەرموگوڕیان نەکرد وەکو ئەوەی کە ئەم بۆنەیە تەنها خاوەنەکەی یەکێتیە و ئەوان بەشیان پێوەی نیە.

ڕاستە بەشی شێر بۆ یەکێتیە، بەڵام خۆ یەکێتیش بەشێکی جەماوەر و هەڵقوڵاوی ناو جەماوەری گەلی کوردستانە.هەربۆیە هەر دەسکەوتێکی یەکێتی دەسکەوتە بۆ هەموو گەل بەبێ جیاوازی و ڕاپەڕینیش بەرهەمی خوێنی شەهیدانی هەموانە نەك بەتەنها یەکێتی هەربۆیە پێویست و ئەرکی نەتەوەیی و نیشتیمانیە کە هەموان بەبێ جیاوازی بەشداری گەرموگوڕ بکەن.

ئاشکراشە هۆکاری زۆر هەن بۆ سارد و سڕی و کاڵبونەوەی یادەکانی ڕاپەڕین، لەدوای ٢٤ ساڵ..ئەوەی تایبەتە بە یەکێتیەکانەوە ، بەداخەوە کاریگەری گەورەی داناوە هەم لەسەر جەماوەر و هەمیش لەسەر لایەنگرو ئەندام و دڵسۆزەکانی خۆشی.. کێشە و ململانێ ناڕەواکانی ناوخۆی یەکێتی هۆکارێکی سەرەکیە بۆ شڵەژانی تەواوی بارودۆخی سیاسی و ئابوری و نەفسی هەموان لەناوەوەو و دەرەوەی یەکێتیشدا.

***لێرەدا پرسیار ئەوەیە ، کێ بەرپرسی یەکەم و کێ گوناهی گەورەی لە ئەستۆدایە، ئایا جەماوەر و لایەنگر و ئەندام و دڵسۆزەکانی بنکەی یەکێتین ؟یان سەرکردایەتیەکەی یەکێتیە؟***

وەڵامی ڕاست و دروست و بێ ڕتوش ئەوەیە کە بەشی گەورەی دروستکردنی ئەو بارودۆخەی یەکێتی لە ئەستۆی سەرکردایەتیدایە کە بەرزترین ئۆرگان و دەسەڵاتداری ناو یەکێتیە. نەك جەماوەر و لایەنگر و ئەندامە دڵسۆزەکانی کە زۆرینەی بێ بڕیار بەدەستن.

بەڵام لەهەمان کاتیشدا بنکەی جەماوەری و ڕێکخراوەی لە ((کادر و ئەندامان و ژنان و پێشمەرکە و خوێندکاران و ئەندازیاران و پزیشکان و پارێزەران و کرێکاران و جوتیاران و لاوان و مامۆستایان و ڕۆشنبیران و..هتد.)) یەکێتیش ئەرکیانە کە چیدی تەماشاکەر نەبن و ڕۆڵ و کاریگەریان هەبێت لە خاوکردنەوە و هێورکردنەوەی بارودۆخەکەدا و ڕێگا چارەسەر

و بێشنیازو تەنانەت فشاریشیان هەبێت بۆ سەر سەرکردایەتی.. چیدی بنکەی یەکێتی وەك بێگانەیەك لە دوورەوە سەیر نەکات و بەڵکو بێتە ناو چەقی ململانێکان بەمەبەستی چارەسەر نەك قوڵکردنەوە و لێکترازاندنی زیاتری ڕیزەکان..ئیدی ئەو بنکە بەهێز و چەسپاوەی یەکێتی کە تائێستا مایەی خۆڕاگری و بە پێوە مانەوەی یەکێتی بوە و ڕێگەی نەداوە کە ململانێکانی سەرەوە شۆڕبێتەوە بۆ ئاستەکانی خوارەوە سەرکز ودۆشداماو و بێدەسەڵات نەمێنێتەوە و قسەی جدی خۆی هەبێت و ئیدی هەر(( بەڵێ)) نەکات و بەڵکو ئیتر کاتی وتنی ((نەخێر )) یش هاتوە..

لەئێستادا و ڕۆژ دوای ڕۆژ مەترسیەکان بۆ سەر ئێستا و ئایندەی یەکێتی گەورەتر دەبن، هەربۆیە ئەرکی هەموو خەمخۆرانی ڕاستگۆی یەکێتیە کە هەوڵ و دەستپێشخەری و فشاریش بکەن بۆ چارەسەرکردن و دەربازکردنی یەکێتی لەم دۆخە نەویستراوەی کە تێیکەوتوە و هەموانمانی غەمبار کردوە.

ئاشکرایە کاری سیاسی و حیزبایەتی لەم کوردستانەی ئێمەدا گەلێك سەختەو پشوو درێژی شۆڕشگێڕی گەرەکە، بۆیە دەکرێت هەموانمان بە بنکە و سەرکردایەتی یەکێتیەوە لەجاران زیاتر پشوودرێژی و نەرمی نواندن بنوێنین بەرانبەر بەیەکتر تەنها و تەنها لە پێناو بەرژەوەندی یەکێتیدا، چونکە هەموانمان بەیەکێتیەوە جوان و گەشاوە و دەسەڵاتدارین و یەکێتیش بەهەموانمانەوە جوانتر و ڕازاوەتر و سەرکەوتوتر دەبێت، یەکێتی موڵکی هەموانمانەو هەموانیشمان یەکێتی بە موڵك و بیلبیلەی چاوی خۆمان دەزانین، هەموانمان هەریەکەمان لەقۆناغ و ڕۆژگارە سەخت و دژوار و خۆشیەکانیشدا هەریەکە بەپێی توانا و لێهاتویی و جوڵە و بزاوتی خۆی خوێن و فرمێسك و ئارەقی ڕشتوە، بۆیە کات کاتی موزایەدەکردن نیە بەسەر یەکتریدا بەڵکو کاتی دەستدرێژکردنی ئاشتیانە و ئاشتبونەوە و تەبایی و پاراستنی یەکێتیە.

هەربۆیە تکای هەموانمان ئەوەیە کە یەکێتی بەدەستی خۆمان بچوك و پەراوێزخراو و بێ بەهای سیاسی نەکەین کە هێشتا کوردو کوردایەتی و چەسپاندنی دیموکراسی و ئازادیەکان زۆریان پێویست بەیەکێتی هەیە و ماوە.

هەموانمان لەبەردەم خوانەکردە بچوکبونەوە و لاوازبونی یەکێتیدا بەرپرسیارین لە سەرکردەوە تا بنکردەمان.. بۆیە ئەرکی پاراستنی یەکێتیش ئەرکی هەموانە نەك گروپ و تەکەتول و دەستەیەکی دیاریکراو.

بۆیە با یادی ڕاپەڕین و سەرکەوتنەکان و بەتایبەتیش نەورۆز و ڕزگارکردنی کەرکوک بکەینە ڕۆژی هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لەنێوخۆی یەکێتیەکەی خۆمان و هەمواندا و چیدی عەقڵیەتی خۆ پەسەندی وەلابنێین.

با بۆ جارێکیش بێت گوێ لە کادر و خەمخۆرانی یەکێتیەکەی خۆمان بگرین و ئیدی گوێڕایەڵی دۆست و نەیارانمان نەبین لەدەرەوەی یەکێتی و خەونی زڕیان لەسەر هەڵنەچنین و یەکێتی و ئیرادەی یەکێتی تەسلیم بە هیچ کەس و لایەنێکی دەرەوەی یەکێتی نەکەین چونکە بەم کارەمان دەیسەلمێنین کە ئێمەی یەکێتی لە ئاست خواستی جەماوەر و گرنگی قۆناغەکەدا نین و هەموو گەورەیەکەمان و مێژووەکەشمان بەدەستی خۆمان بچوك و دەسڕینەوە.

بەو هیوایەی کە لەم یادەدا هەموانمان یەکێتیەکەمان بگێڕینەوە بارودۆخی سەردەمی زێڕینی ڕاپەڕین کە یەکێتیەکەمان لەو پەڕی یەکێتی و یەکگرتویی و تەبایی وبەهێزی جەماوەری و پێشمەرگایەتی و ڕێکخستندا بوو.

---

* ئەم بابەتە لە ئەکاونتی فەیسبووکی نوسەردا لە ٢٠١٥/٣/٧دا بڵاوکراوەتەوە.

# پەیڤێك بۆ یادی ٢٤ ساڵەی
# ڕۆژنامەی کوردستانی نوێی هەمیشە گەنج... *

❖ تازە بەتازە کوردستانی نوێ تەمەنی دەبێتە ٢٤ ساڵ ، کە ئەم تەمەنە بەهەموو پێوانەیەك تەمەنی گەنجێتی و وزە و توانا و کارکردن و داهێنانە، هەربۆیە ئومێدی زۆر لە سەر ئێستا و ئایندەی کوردستانی نوێ هەڵچنراوە وەك ٢٣ ساڵی ڕابووردووی تەمەنی کە بە بەخشش و کار و داهێنانی زیاتر و پێگەیاندنی دەیان ڕۆژنامەنوسی نوێی تر بێت.. کوردستانی نوێ لەم تەمەنەیدا گەرەکە زیاتر و باشتر بچێتە ناو ناخی خوێنەرانەوە و بتوانێت تەواوی خواست و ویستە ڕەواکانی سەرجەم چین و توێژەکان بگەیەنێتە دەسەلآت و بتوانێت زۆرترینیان بخاتە بەردەم ڕای گشتی و هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەریشیان بۆ بدات.

کوردستانی نوێ گەرەکە بە ڕۆحیەتێك و بیر و تەنانەت جەستەی نوێشەوە بێتە مەیدانەوە و بۆ ئایندە بە تەواوی سیفەتی(( نوێ ))یەکەی تۆخ بکاتەوە وکوردستانی ئایندە تەواو جیاواز لە ٢٣ساڵی ڕابووردوو پیشان بدات.

کوردستانی نوێ گەرەکە لە زمانحاڵی حیزبێکی وەکو یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە کە خاوەنی داهێنان و دامەزراندنی میدیاکانی بینراو و بیستراو و چاپکردنە لەکوردستانی ئازاددا لە ساڵی ١٩٩١وە، هەر لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستانی دایك و ڕادیۆی گەلی کوردستانی دایك و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێی ڕۆژانەی دایکەوە،چیدی ببێتە زمانحاڵی جەماوەری پانوپۆڕی گەلەکەشمان بەهەموو چین و توێژەکانیەوە و چیدی خۆی قەتیس نەکات لە چوارچێوەی بەند و باوی حیزبایەتی تەسکدا، چونکە یەکێتی بۆخۆی داهێنەر و سەرمەشقی ڕەوتی دیموکراسی و ئازادیەکانە و حیزبێکی سۆسیال دیموکراتی سەرجەم چین و توێژەکانیشە .

کوردستانی نوێ گەرەکە ، کە سیفەتی زمانحاڵی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی هەڵگرتوە، بەڕاستیش ببێتە جێگە و پێگەی شایستە و تەواوی دەنگ و ڕەنگ و قەڵەمەکانی سەرکردە و کادرەکانی یەکێتی خۆی و دەرگاو لاپەڕەکانیشی بەتەواوەتی والآ بکات بۆ ڕا دەربڕینیان بەو پەڕی ئازادی و سەربەستیەوە لەسەر هەموو مەسەلە

ناوخۆییەکانی یەکێتیدا، هەر بەم کار و هەنگاوەش ڕێگە دەگیرێت لە قسەکردن لەدەرەوەی ئۆرگانەکانی یەکێتی و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی نەیاراندا، چونکە کاتێك سەرکردە و کادرەکان دەرگای ڕاگەیاندنەکانی حیزبەکەی خۆی لێدادەخرێت ناچار پەنا دەباتە بەر دەزگاکانی دەرەوەی یەکێتی ، کە ئەوانیش هێندەی بەنیەتی قوڵکردنەوەی کێشە و ململانێکان دەرگایان کردۆتەوە نیوهێندە بەنیەتی چارەسەرکردن و ڕێکەوتن و نەهێشتنی ناکۆکیەکان نیە.

کوردستانی نوێ گەرەکە زیاتر گرنگی بداتە سەکۆی ئازاد بۆ دەربڕینی زیاترین و زۆرترین ڕای جیاواز، بۆ یەکێتیەکان و لەدەرەوەی یەکێتیشدا ، هەربەمەش دەتوانێت ببێتە نمایندەی ڕاوبۆچونە جیاوازەکان و شەبەنگی ڕەنگ و دەنگە جیاوازەکان.

کوردستانی نوێ کە خۆی گەنج و لاو بێت ،گەرەکە بەڕاستیش ببێتە نمایندەی حەز و خولیاو ئاواتەکانی گەنجان و لە ڕابوودوو زیاتر گرنکیان پێبدات بە کردنەوەی خولی هوشیاری و ڕۆژنامەوانی و دەستگیریکردنیان و کارئاسنیکردن بۆیان بۆ زیاتر فێربوون و بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەییان بەناردنە دەرەوەی وڵات و ڕێکخستنی گەشتی ڕۆژنامەوانی و..هتد.

کوردستانی نوێ بە حوکمی تەمەن و شارەزایی و ئەزمونی ٢٣ ساڵەی ڕابوردووی و وەك یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانەی دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ،گەرەکە ببێتە خوێندنگە و فێرگەیەکی دەوڵەمەند بۆ نەوەی نوێ لە خوێنەران و نوسەرانی لاو و تازە پێگەیشتوو کە ئەمەش تەدارەکی مادی و مەعنەوی گەرەکە.

گەرەکە کوردستانی نوێ گەشە و گەورەبوونی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت لە سیما و ناوەڕۆکیدا و ناکرێت لەسەر یەك ڕێتم و بەهەمان نەفەسی ٢٣ ساڵەیی وبەبیرکردنەوە و بەپلانی کۆنی ڕابووردووی بەردەوام بێت، کوردستان و عێراق و ناوچەکە و دونیا لەگۆڕانی گەورە و کتوپڕدان بۆیە گەرەکە کوردوستانی نوێش ئامادەگی بەردەوامی هەبێت و لەگەڵ ڕەوتی کاروان و گۆڕانکاریەکاندا کاژ و بەرگی خۆی نوێ بکاتەوە..

❖ بەڕای بەندە کوردستانی نوێ ، بەهێندەی دەرخستنی ڕووە گەش و پێشکەوتن و ئاوەدانیەکەی کوردستان و دەسکەوتەکانی حکومەت و سەرکەوتن و بەرەنگاری هێزی پێشمەرگەی قارەمان دەردەخات، گەرەکە دەستیش بخاتە سەر هەڵە و کەموکوڕی و گەندەڵی و مشەخۆری لەناو حیزب و حکومەتدا بەبێ جیاوازی ،بەتایبەتیش کە لە

ئێستادا ئۆپۆزسیۆنی سیاسی نەماوە و بونەتە بەشێك لە دەسەڵات و چیدی تەنها پارتی و یەکێتی وەکو ڕابووردوو بەرپرسیار نین لەهەڵە و کەموکوڕییەکان. گەرەکمە بڵێم کوردستانی نوێ با جدیتر و زیاتر دووربکەوێتەوە لە موجامەلە و دڵڕاگرتن ئەم و ئەو و بەڕاستگۆییانە کاری پیشەیی خۆی لەدەرخستنی ڕاستەیەکاندا بکات.

لەکۆتاییدا هیوای تەمەندرێژی و کار و داهێنانی زیاتر دەخوازم بۆ کورستانی نوێکەی هەموانمان و ڕۆژی ١٢/١ی هەمو ساڵێك ڕۆژێکی پرشنگدارە لە مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردیدا، چونکە کوردستانێکی نوێی تیادا لەدایك بوە کە تەواوکەر و نەوەیەکی نوێی کوردستانی بەدرخانیەکانی ساڵی ١٨٩٨ی قاهیرەیە.

---

* ئەم بابەتە لە یادی ٢٤ ساڵەی دەرچوونی ژمارە ( سفر) ی کوردستانی نوێدا لە ٢٠١٦/١/١٢دا نوسراوە.

# بەشی چوارەم
# تایبەت بە بابەتی زانستی و ئەندازیاری

# پیشەسازی مەرەکەب.... *

## ❖ پێشەکی

مەرەکەب شلەیەکە کە پێکهاتەی ڕەنگی و کیمیاوی و گەردیلەی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت کە بەکاردێت لە نوسین و چاپکردندا لەسەر ڕووە جیاوازەکان لە کاغەز و شتی تریش بۆ دەرخستنی دەقە نوسراوەکان و وێنە ڕەنگاوڕەنگە جیاوازەکان و دیزاینەکان.دەتوانرێت کە فڵچە یان پێنوسی مەرەکەبی یان پەڕ بەکاربهێنرێت بۆ نوسین یان بۆ وێنەکێشان هەروەك چۆن بەکارهێنانی جیاواز هەیە بۆ چڕی مەرەکەب کە وایلێدەکات بۆ بەکارهێنانی جیاواز وەك نوسینی تابلۆکانی ڕیکلامە گەورەکان و وێنەکێشان لەسەری و چاپکردنیشی.

مەرەکەبەکان پێکهاتە و تێکەڵەی کیمیاوی ئاڵۆزن و سادە نین، بەشێوەیەك کە جۆرە جیاوازەکان لە توێنەرەوەکان و توخمە ڕەنگیەکان و زەیتەکان و گەردیلە کیمیاویەکان لەخۆ دەگرێت کە تێکەڵ یەکتر دەبن و یەکدەگرن بۆ ئەوەی سیفاتی جیاواز بدەن لە لایەنی چڕی و پاڵپێوەنانی شلەمەنی و وەکیەکی و دژایەتی ڕەنگەکان لە بەکارهێنانە جیاوازە داواکراوەکاندا.

زۆربەی مەرەکەبەکان پێکدێت لە توخمی ڕەنگاوڕەنگ و شلە یان هەویرێك کە تیایدا ئەو توخمە ڕەنگیە دەتوێتەوە.بەو شێوەیە ڕەنگی مەرەکەبەکە دروست دەبێت.توخمە ڕەنگاوڕەنگەکان دروستدەکرێت لەو ڕەنگانەی کە تەواو دەتوێتەوە لە هەویرەکەدا یان لەو پاشماوانەی کە پێوەی دەمێنێتەوە.

لەو توخمە هەڵواسراوانەش کە بە زۆری بەکاردێت لە پیشەسازی مەرەکەبدا بریتیە لە هەڵواسراوە ڕەقەکان کە پێیدەوترێت ڕەشی کاربۆن.ئەو ڕەشی کاربۆنەش لەدوکەڵی ڕەشەوە دروست دەبێت بە سووتاندنی نەوت یان سووتەمەنی هاوشێوەوە دروست دەبێت لە بڕێکی دیاریکراو لە هەواو و ڕەنگەکانی ترەوە. و ڕەشی کاربۆنی زۆر بەکارهێنراو لە پیشەسازی مەرەکەبدا فتالۆسیانین (( شین یان سەوز)) دەگرێتەوە،لازوورد(( شین)) و ( ئۆکسیدی ئاسن ( سوور))سەرەڕای ئەو هەویرەی کە توخمە ڕەنگاویەکەی تیادا دەتوێتەوە کە یارمەتیدەدات لە نوسانی بەکاغەزەکەوە یان بەهەر توخمێکی ترەوە.ئەو هەویرەش لە توخمی ڕەق پێکدێت کە ڕەنگی تیادا نیە یان توخمی نیمچە ڕەق کە ناو دەبرێت بە ڕاتینج کە بریتیە لە توخمێکی

چەسپی لینج کە لە شلەمەنیەکاندا دەتوێتەوە کە ناودەبرێن بە توێنەرەوەکان و زۆربەی توخمە ڕاتینجە بەکارهاتوەکان لە پیشەسازی مەرەکەبەکاندا تێکەڵن وەك خوێی ڕاتینجی قەلەفۆنی و کحول و نەوت و ئاو کە بریتیە لە توخمی توێنەرەوەی بەکارهاتوو لە ئاستێکی بەربلاٚودا لە پیشەسازی مەرەکەبدا.هەروەها زەیتەکانیش دەگرێتەوە کە بەکار دەهێنرێت بەو پێیەی توێنەرەوەی زەیتە کانزایی و زەیتە ڕووەکیەکانە وەك زەیتی تانج و زەیتی ناوکی کەتان.

زۆربەی مەرەکەبەکانی نوسین پێکدێن لە ڕەنگەکان وتوخمە ڕاتنجیە تواوەکان لە توخمە توێنەرەوەکاندا کە بۆنێکی سوکیان هەیە.توخمی توێنەرەوە کە زۆر بەکاردێت بریتیە لە ئاو و جلیکۆلات و توخمە کحولیە هاوشێوەکان. زۆربەی مەرەکەبەکانی نوسین وشك دەبنەوە کاتێك توخمە توێنەرەوەکە دەبێتە هەڵم و کاغەزەکەش توخمە ڕەنگاویەکە هەڵدەمژێت لەگەڵ توخمە ڕاتنجیەکەدا.

مەرەکەبی ئەستوری لینج بەکاردێت لە مەرەکەبی پێنوسە وشکەکاندا و ئەو مەرەکەبە بەشێوەیەك دروستکراوە کە ڕێگە نادات بڕژێت بەدەوری ئەو تۆپە وردە خولاوەدا کە مەرەکەبەکە دەگوێزێتەوە لە پێنوسەکەوە بۆ کاغەزەکە و زۆربەی پێنوسەکان جگە لە پێنوسە مەرەکەب وشکەکان مەرەکەبێك بەکاردێنن کە تاڕادەیەکی زۆر شلە بۆ نمونە: ئەو مەرەکەبەی لە پێنوسی مەرەکەب شلدایە پێویستە توانای ڕۆشتنی هەبێت بە ئاسانی لە میانەی سیستەمێك بە بۆری تەسکدا کە لە گەنجینەی مەرەکەبی پێنوسەکەوە درێژ دەبێتەوە بۆ پەڕەی نوسینەکە،زۆربەی مەرەکەبی قەڵەمە شلەکان پێکهاتەکانی ئاسنی تێکەلاٚو بە ترشی تەنیکی تواوە لە ئاودا لەخۆ دەگرێت.

مەرەکەبە خەست و لینجەکان کە بە مەرەکەبی هەویری ناودەبرێت بەکاردەهێنرێت لە چاپکردنی کتێب و گۆڤارەکاندا و زۆربەی مەرەکەبە هەویریەکان بەشێکیان وشکدەبنەوە بە کردارێك کەناودەبرێت بە کرداری ئەکسەدەبوون بە واتای توخمە ڕاتینجەکە و زەیتە هەبووەکان لە مەرەکەبدا بەشێوەی کیمیاوی کارلێك دەکەن لەگەڵ ئۆکسجیندا کە لەهەوادا هەیە بۆ ئەوەی توخمێکی ڕەق پێکەوە بنێن و زۆربەی مەرەکەبە هەویریەکان توخمی کیمیاوییان تیادایە کە پێیان دەوترێت وشککەرەوەکان کە دەبنە هۆی خێراترکردنی کارلێکی کیمیاوی و هەندێ لەمەرەکەبی هەویری وشکدەبنەوە لەڕێگەی هەڵمژینەوە و هەندێکی تری لە ڕێگەی بەهەڵمبونەوە و کاغەزەکەش و هەندێك لەتوخمەکانی تریش هەندێ

مەرەکەب هەڵدەمژن، بەهەمانشێوە توخمە تواوەکەش دەبێتە هەڵم و خاوەن چاپخانەکان لەهەندێ کاتدا هەوای گەرم بەکاردەهێنن بۆ خێراترکردنی کرداری بەهەڵمبونەکە.

ئەو مەرەکەبانەی کە زۆر شلن بەکاردەهێنرێن بۆ چاپکردنی جۆراوجۆر کە لە صندوقەکانی توخمە پاکژکەرەوەکان و کەتەلۆگەکانی داواکاریەکان کە لە ڕێگەی پۆستەوە دەگەڕێنرێنەوە و کیسی پلاستیکیدا بەکاردەهێنرێن.ئەو مەرەکەبانە بڕێکی زۆر لە توخمی تواوە لە خۆدەگرن و لە بنچینەشدا بەبون بەهەڵم وشکدەبنەوە،لەکاتێکدا توخمە تواوەکە دەبێتە هەڵم ئەوا توخمە ڕاتینجەکە و تڵپە ڕەشەکە بەکاغەزەکەوە دەنوسێت و زۆربەی ئەو مەرەکەبە شلانە بە خێرایی وشکدەبنەوە و ئەمەش ڕێگە بەخاوەن چاپخانەکان دەدات کە ئامێری چاپکردنی زۆر خێرا بەکاربهێنن.

### ❖ مێژووی پیشەسازی مەرەکەب

کۆنترین جۆرەکانی مەرەکەب بریتین لە هندی یان چینی کە لە عاجی ڕەش دروستدەکرێن لەگەڵ چەسپ یان غەرە کە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٢٥٠٠ ساڵ پ.ز، ئەمە سەرەڕای ئەو مەرەکەبانەی کە لە زۆر جۆر توخمی سروشتی جیاواز دروستدەکرێت وەك بەری توت و توێکڵی درەخت و زەیتی ناوکی کەتان و تڵپەی ڕەشی، بەڵام ئەو مەرەکەبانەی کە پێش ئەوە ناسراون ئەوا لە عفصە دروستکراون کە لەدرەختی بەڕووە گەشەیان کردوە.بەدرێژایی چەندین سەدە هەزاران پێکهاتە گەشەیان پێدرا تایبەت بە پیشەسازی مەرەکەب.مەرەکەبی ڕەشی پێوانەیی کە ترشی تانیك لەخۆدەگرێ کە پێدەچێت لەسەدەی دووەمدا ناسرابێت بەربڵاوترینیانە.

پیشەسازی مەرەکەب لە پیشەسازیە کیمیاویە سوکەکان دادەنرێت کە پێشکەوتنی گەورەی بەخۆوە بینیوە و تائێستاش ئەو پێشکەوتنانە هەر بەردەوامن و لەگەڵ جۆری جیاوازدا بۆ ئەوەی بەرەو پێشبچێت لەگەڵ داواکاریەکانی ژیانی سەردەمی و داهێنانە نوێکاندا.

مەرەکەب جۆری جیاوازی هەیە لەوانە ئەوەی کە شلن و هەشە نیوە شلە و هەشە مەرەکەبی وشکە.بەڵام مەرەکەبی وشك و پێنوسی مەرەکەبی وشك ئەوا دۆزینەوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زانا ((لادیسلۆ بییر))کە لەساڵی ١٩٣٤دا بوو.لەکاتێکدا هەوڵەکان بۆ دروستکردنی ئامێری مەرەکەبی شل کە دادەنرێت بەو جۆرە مەرەکەبەی کە زۆرترین بەکارهێنانی هەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٦٦٥ز.

مەرەکەب لە ژیانماندا گرنگیەکی تایبەتی هەیە چونکە وەك دەڵێن(( مەرەکەبی تۆخ باشترە لە باشترین بیرەوەری)) و هیچ دوو کەسێکیش لەوەدا جیاوازیان نیە،سەرەڕای شۆڕشی زانیاری و

نوسینی ئەلکترۆنی،مەرەکەب وەك توخمێك دەمێنێتەوە کە ناتوانرێت دەستی لێهەڵبگیرێت لە نوسین و چاپکردندا.

❖ بەشێوەیەکی زۆر سادە و سانا باس لە چۆنێتی ئامادەکردنی هەندێ لە جۆرەکانی مەرەکەبی نوسین دەکەین:

نمونەی //١ / ئامادەکردنی مەرەکەبی ڕەنگ سوور:

١ گم لە زەعفەران زیاد دەکرێت بۆ ٢٠ گم لە گلیسرینی خاوێن و گەرم و وازیلێدەهێنرێت تا سارد دەبێتەوە و دواتر ٢٠گم لە کحولی ئەثیلی بۆ زیاددەکرێت لەگەڵ ٢٠ گم لە ترشی خەل لەگەڵ تێکداندا و دواتر ١٠٠گم لە ئاوی بۆ زیاد دەکرێت کە بڕێکی کەم لە چەسپی تیادا دەبێت و تێکدەدرێت.ئیدی لە ئەنجامدا مەرەکەبی سوور دەستدەکەوێت.

نمونەی //٢ / ئامادەکردنی مەرەکەبی ڕەنگ سەوز:

٢گم لە کاربۆناتی مس لەگەڵ ١ گم لە ترشی لیمۆ دەتوێنرێتەوە لە ٦ گم لەئاوی دڵۆپاودا بۆ وەدەستهێنانی مەرەکەبی ڕەنگ سەوز.

نمونەی //٣ / ئامادەکردنی مەرەکەبی ڕەنگ شین:

بڕێکی کەم لە شینی بڕوسیا بتوێنەرەوە لە بڕێکی کەم ئاوی دڵۆپاودا و بەردەوامبە بەتوندی تا ئەو ڕەنگەت دەستدەکەوێت کە دەتەوێت.

نمونەی //٤ / ئامادەکردنی مەرەکەبی وەنەوشەیی:

٢گم لە ئەنیلین تێکەڵ بکە لەگەڵ ١٥ گم لە چەسپدا لە ناو ئاودا و دواتر بڕێك شەکری بۆ زیاد بکە تا ڕەنگی بنەوشەیت دەستدەکەوێت.

نمونەی //٥/ ئامادەکردنی مەرەکەبی نوسین لەسەر بەرد:

بڕێك نیتراتی زیو بتوێنەرەوە لە بڕێکی گونجاو لە ئاوی دڵۆپاودا لەئەنجامدا گیراوەیەکی ڕوونت دەستدەکەوێت.هەوڵبدە بە فڵچەیەکی گونجاو بنوسە لەسەر مەڕمەڕ یان پارچە بەردێك و دواتر وازیلێبێنە تا وشك دەبێتەوە لە ژێر تیشکی خۆردا،ئەوا لە ئەنجامدا نوسینەکە دەردەکەوێت بەڕەنگی بونی- وەنەوشەیی ڕوون.تێبینی: ئاگاداربە ئەم مەرەکەبە بە ئاو و صابون لاناچێت.

❖ مەرەکەبی باش ئەو مەرەکەبەیە کە لە نوسیندا خۆشنوسە و بەڕەنگەکەشی سەرنجت ڕادەکێشێت بۆ نوسینەکەی .

❖ بۆ دروستکردنی مەرەکەبی نوسین لە ماڵدا پێویستیمان بە پاکەتێك چا – ترشی گوێز- ئاو-پارچەیەك چەسپ-توێکڵی گوێز کەتوخمێکی ڕەنگیە کە تەختەکانی پێ بۆیە دەکرێت کە لەدوکانی بۆیاخ فرۆشەکان دەستدەکەوێت،چەسپیش توخمێکی شوشەییە کە سیفەتی پێوەلکانی هەیە کە وەك بەردی شوشەیی وایە و لەدوکانی عەتارەکاندا دەستدەکەوێت.

❖ **چۆنێتی دروستکردنی مەرەکەب لە ماڵدا :**

١٠٠گم لە پاکەتی چاکە دەکوڵێنین لەنزیکەی ١ لیتر ئاودا و دواتر بەتەواوەتی دەیپاڵێوین و دواتر ١٠ کیس لە توێکڵی گوێزی بەو ڕەنگەی دەمانەوێت دەیخەینە سەری وەك خاکی یان ڕەش یان سوور و ...هتد.وازیلێدێنین لەسەر ئاگرێکی هێواش با بوکڵێت لەگەڵ هەڵگێڕانەوەی بەردەوامدا لەدوای تەواوبوونی ئەم هەنگاوە هەڵدەستین بە پاڵاوتنی ئەو تێکەڵەیە بە باشی بەهۆی پارچەیەك قوماشی لۆکەییەوە بۆئەوەی هیچ نیشتویەك لەناو گیراوەکەدا بەجێنەمێنێت.دواتر هەڵدەستین بە دانانی پارچەیەك لە چەسپ نزیکەی ٢ سم٣ لەکەمێك ئاودا و لەسەر ئاگرەکە بەرزدەکرێتەوە تا بەتەواوەتی دەتوێتەوە و دەیکەینە ئەو شلەیەی کە پێشتر دەستمان کەوتوە بەمەش بڕێکی باش لەمەرەکەبی نوسینمان دەستدوەکەوێت کە بەشی ساڵێك دەکات بەلانی کەمەوە. هەرکاتێك ویستمان ڕەنگی مەرەکەبەکە تۆخ بکەینەوە ئەوا بڕێك توێکڵی گوێزی بۆ زیاد دەکەین لەگەڵ زیادکردنی چەسپدا،سوودی چەسپەکە ئەوەیە کەوا لەمەرەکەبەکە دەکات بە کاغەزەکەوە بنوسێت کەلەسەری دەنوسین.

❖ لە کوردستانیشدا وەکو هەموو جێگەیەکی ئەم دونیایە کاری نوسین و چاپکردن گرنیەکی گەورەی هەیە و لە پێشکەوتنی بەردەوامدایە، لەبەر ئەوەی توخمی سەرەکیش لەنوسین و چاپکردندا بریتیە لە مەرەکەب بەڕەنگە جیاوازەکانیەوە ، بۆیە دەکرێت پلان بۆ دامەزراندنی ئەم جۆرە پیشەسازیە بدرێت لە کوردستانیشدا لانی کەم بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی ناوخۆمان، هەر لە چاپکردنی کتێبی قوتابخانە و زانکۆکان و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و کتێبەکانی تری دەرەوەی مەنهەجەکان خوێندن و دروستکردنی تابلۆکانی ڕیکلامەکان و ..هتد. کە بەڕاستی لەم سەردەمەدا بازاڕێکی گەورە و بەبرەوی هەیەو دەکرێت هاوبەشی بکات لە بوژاندنەوەی زیاتری بازرگانی و ئابوری کوردستان وزیادکردنی داهاتەکانیش. بەهیوای ئەوەی کە حکومەتی هەرێم و وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و کەرتی تایبەت بیرێکی جدی لەم بوارە بکەنەوە.

سەرچاوە:

=====

www.ar.wikipedia.org
www.en.wikipedia.org

---

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئەندازیاران ژمارە ٤٣ لە زستانی ٢٠١٣ و زانستی سەردەم ژمارە ٥٥ لە هاوینی ٢٠١٣دا بلاوکراوەتەوە.

# چۆن بوارى پیشەسازى كوردستان ببوژێنینەوە و گەشەشى پێبدەین ؟*

ئاشكرایە دوو كۆڵەكەى سەرەكى هەیە بۆ پێشخستن و گەشەكردنى هەر دەوڵەت و كۆمەڵگایەك، یاخود چەند ئاست و تێڕوانین و پلە بەندیەك هەیە بۆ ئەوەى وڵاتێك یان كۆمەڵگایەك لە ڕیزى وڵاتانى پێشكەوتوودا دابنرێت و پۆلێن بكرێت، ئەوانیش بریتین لە ئارامى سیاسى و بەهێزى ئابورى كە ئەمەى دواییشیان وەستاوەتە سەر گەشەكردنى پیشەسازى و كشتوكاڵى و بازرگانى و ..هتد.و ئەم دوو بوارە سەرچاوەى هەموو بوژاندنەوە و گەشەكردنەكانى بوارەكانى ترى ژیانن وەك بوارەكانى گەشتوگوزار و خوێندن و تەندروستى و كۆمەلأیەتى و ئەدەبى و هونەر كە هەموو ئەمانە تەواوكەرى یەكترن پێكەوە بۆ ئەوەى ڕووى گەشو پێشكەوتووى وڵاتێك پێشان بدەن.

ئابورى هیچ وڵاتێك گەشە ناكات لەسایەى كەش و هەوا و دۆخێكى سیاسى ئاڵۆز و ناجێگیر و نائاساییدا، هەربۆیە مەرجى سەرەكى ئەو پێشكەوتن و گەشەكردن و بەرزبونەوەى ئاستى گوزەران و داهاتى نەتەوەیى و تاك بریتیە لە جێگیرى سیاسى، دواتر دەتوانرێت كە ژێرخانى ئابورى وڵات پلانى تۆكمە و زانستى بۆ دابڕێژرێت و بیرى وورد و بەكارهێنان و سوود وەرگرتن لە تەكنەلۆژیاى سەردەم و دابینكردنى بودجەى پێویست بۆ لێكۆڵینەوە و ڕاهێنان و پێگەیاندنى كادر و دروستكردنى ڕایەڵەى پەیوەندى لە نێوان سەنتەر و زانكۆ زانستیەكان و لایەنە حكومیە ئابوریەكاندا بۆ تێكەڵكردنى زانست و تیۆرى بە پراكتیك و بازاڕ.

لەم سەردەمەدا گەر هەر وڵاتێك نەتوانێت بەرهەمى ناوخۆیى خۆى پێش بخات و پێداویستیەكانى خۆى دابین بكات و زیاد لەوەش بتوانێت كە هەناردەى دەرەكیشى بەرز بكاتەوە ئەوا تەنها وەك وڵاتێكى بەكاربەر دادەنرێت و مشەخۆر و بێكەڵك دەمێنێتەوە و ناتوانێت لەگەڵ ڕەوتى گەشەكردن و پێشكەوتنەكانى دونیاو سەردەمدا ڕێبكات و دەبێت هەمیشە چاوى لەدەست و داهێنان و بەرهەمى دەرەكى بێت . كە ئەمەش بۆ خۆى مەترسى دەخاتە سەر ئەمنى خۆراكى و ئاسایشى ناوخۆ و دروستكردنى كارتى فشارى دەرەكى بۆ سەرى.

لەم سەردەمەی ئێستاشماندا ئابوری جڵەوی سیاسەتی کردوە و کەمەرکێشی دەکات بەدووی خۆیدا و هێندەی ئابوری و بازاڕ و بازرگانی و کۆمپانیا ئابوریە زەبەلاحەکان ڕۆڵ و کاریگەریان هەیە لەم زەمەنی بەجیهانبونیەدا و سنورەکان تێدەپەڕێنن و پیرۆزیی سیادە و سەروەری وڵاتان پێشێل دەکەن سیاسەت ناتوانێت ئەو کارە بکات.

ئەم پێشکەوتن و بەهێزبونی ئابوریەش پێویست بە ژیانەوەی ژێرخانی ئابوری دەکات لەهەموو بوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و وزە و بانکەکان و گەشتوگوزار و نیشتەجێبوون وخۆراك و ...هتد.

ئاشکراشە بواری پیشەسازی بوارێکی گەورە و گرنگ و کاریگەرە بۆ ئەو مەبەستە چونکە لەلایەك کۆڵەکەی سەرەکی ژێرخانی ئابوریە و هۆکاری بەگەڕخستنی توانا مادی و مرۆییەکانە و نەهێشتنی بێکاری و دەروازەیەکیشە بۆ داهێنان و جوڵاندنەوەی بازاڕە ناوخۆیی و دەرەکیەکان . لەم بوارەشدا دەکرێت کوردستان بەو پێگە جوگرافیە گرنگ و بەو دەوڵەمەندیەی خاك و ژێر خاك و سەرخاکەکەی بە کانزاو سەرچاوە سروشتیەکانی ببێتە وڵاتێك و کۆمەڵگایەکی پیشەسازی گەورە و کاریگەر لەناوچەکەدا و بەسوود وەرگرتنیش لە ئەزمونی وڵاتانی دراوسێ و دونیاش. چونکە جێگیربونی دۆخی سیاسی کوردستان و فەراهەمکردنی ئازادیەکانی فکر و ئاین و ئابوری و بازاڕ کە سێ مەرجی سەرەکین بۆ داهێنانی تاکەکانی کۆمەڵگا تا ڕادەیەکی باش بون و کاریگەریان هەیە لەکوردستاندا.چونکە تاکی ئازاد لە ڕووی ئاین و فکر و ئابوریەوە دەبێتە تاکێکی بەهرەمەند و داهێنەر نەك تاکێکی بەرخۆر و مشەخۆر.

بەندە لە ماوەی نێوان ڕۆژانی ١٨-٢٤/٣/٢٠١٣ دا بەشداری خولێکی ڕاهێنانم کرد لە وڵاتی تورکیا لەگەڵ ٢ فەرمانبەری تری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کە نوێنەرانی وڵاتانی تونس و لیبیا و میسریش بەشداریان تیاداکردبوو ،لەبواری چۆنێتی گەشەپێدانی پیشەسازیدا... بەچاوی خۆم بینیم کە ئەو وڵاتە لەدوای دوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمی سەدەی ڕابووردووەوە کە تورکیا هاوپەیمانێك و جەمسەرێکی سەرەکی هەردوو ئەو جەنگە بوو کە زۆرترینماڵوێرانی و کاولکاری بەسەردا هاتوە ، بەڵام لەماوەی ٦٠ ساڵدا توانیویەتی کە گەشەیەکی بەرچاو و گەورە لەهەموو بوارەکانی ژیاندا وەدیبهێنێت و ببێتە ١٦ هەمین وڵاتی گەشەکردووی پیشەسازی و پلانیشی هەیە کە لە یادی ١٠٠ ساڵەی دامەزراندنی کۆماردا لە ساڵی ٢٠٢٣دا ببێتە ١٣

هەمین ولآت . جێگەی تێڕامانە کە هەرسێ ولآتی هاوپەیمانی و جەمسەرێکی سەرەکی دوو جەنگی جیهانی سەدەی ڕابووردوو کە یابان و ئەڵمانیاو تورکیا بوون لە ئێستادا بونەتە جەمسەرو توانایەکی گەورەی بەرچاوی ئابوری لەناوچەکە و لە دونیاشدا کە ئەمە بۆخۆی جێگەی هەڵوێستەکردن و سوودوەرگرتنیشە لە ئەزمونەکانیان.

پێم باشە کە تێڕوانینی ئەو ولآتە لەڕێگەی وەزیری پیشەسازی و زانست و تەکنەلۆژیای تورکیاوە ((ساین نیهات ئارگۆنەوە )) ببیستین کە ئابوریناسە و چۆن دەڕوانێتە ئایندەی پیشەسازی ولآتەکەی کە ڕۆژی ٤ شەممە و بەرواری : ٢٠/٣/ ٢٠١٣ و کاتژمێر : ٣٠ر٢ ی پاشنیوەڕۆ و لەشار : ئەنقەرە چاومان پێکەوت.لە دیوانی وەزارەتی پیشەسازی و زانست و تەکنەلۆژیای تورکیادا.

ئەو بەم شێوەیە باسی لە ئەزمون و تێڕوانینی خۆیانی کرد بۆ ئاییندە و چۆنێتی گەشەپێدانی پیشەسازی ولآتەکەی و وتی:

گۆڕانکاریەکان بەردەوامن و داواکاریەکانی خەڵکیش هەر بەردەوامە و ڕوو لە زیادبونە. کە ئەمەش وادەخوازێت کە بە بەردەوامی کاربکەین بۆ وەلآمدانەوەی ئەو گۆڕانکاری و داواکاریانە.بۆ یەکەم جارە لە تورکیادا کە گەل نزیك بۆتەوە لە حکومەت و هاوکار و پشتیوانە .کە ئەمەش بۆ سەرکەوتنی ولآت گەلێك گرنگە و ئێستا ئێمە لە تورکیادا لەو قۆناغەدا دەژین.

ئێمە پێش ٩٠ ساڵ کۆمارمان دامەزراند ، بەلآم گەل پشتیوانی حکومەتی نەکرد.بەلآم لەسایەی دیموکراسیدا گەل و حکومەت زۆر لەیەك نزیکن.ئێمە ئەزمونەکەمان پێشکەش بە ولآتانی دراوسێ دەکەین.لەبواری سیاسی و ئابوری و کۆمەلآیەتیدا.بۆ ئەمەش یەکەم جار دەبێت گەل ئازاد بێت تا لە دیموکراسیەت بگات.چونکە هاولآتی لەسایەی دیموکراسیدا هەست بە داهێنان دەکات و ئازادی فکر و دین و ئابوری دەبێت فەراهەم بکرێت.

بەلای مرۆڤەوە ئەو ٣ ئازادیە زۆر گرنگە.گەشەکردنی ولآت بەو ٣ ئازادیە گەورەتر دەبێت.ئێمە لە تورکیادا بواری ئابوری دەگرین و هەر کات ولآت ئابوریەکی بەهێزی هەبوو بەرهەمیشی دەبێت لە بواری کشتوکاڵی و پیشەسازیدا.ئەگەر بەرهەم نەبێت واتا گەشەکردنی ئابوری نابێت و گرنگترین بواریش بواری پیشەسازیە.ولآت هەرچەندە دەوڵەمەند بێت لە ڕووی دانیشتوان و ئابوریەوە بەلآم کە پیشەسازی نەبوو ناتوانرێت بەردەوامی بەو گەشە و دەوڵەمەندیە بدرێت و سوودیان لێببینرێت.

پیشەسازی بەهێزیش پێویستی بە بوونی ژێرخانی ئابوری هەیە هەر لە ناوچەی پیشەسازی و كارگە و سەرمایە و دەستی كار و شارەزایی و تاقیگەی وكۆنترۆلی جۆری بەرهەم و پێوانە و چاودێریكردنی بازاڕو..هتد. و توركیاش لەم بوارەدا ٥٠ ساڵە كار دەكات. لەهەمان كاتدا لەم سەردەمەدا پێویستە هەردوو ئاڕاستەی پیشەسازی و تەكنەلۆژیاش پێكەوە گرێبدەین و هەربۆیەش پێویست بە هاوكاری لە نێوان زانكۆكان و پیشەسازیدا دەبێت. ئەگەر ئەو پڕۆژەیە دروست بكەن ئەوا پڕۆژەی گەشەپێدانی پیشەسازی سەركەوتوو دەبێت و هەروەها ناوچەی پیشەسازی و سەنتەری لێكۆڵینەوەكانیش یارمەتیتان دەدات.

ئابوری بوارێكی فراوانە و كەس ناتوانێت واز لە ئابوری بهێنێت . دەوڵەتمان سەركەوتوە بەهۆی سەركەوتنی ئابوریەوە.هەر وڵاتێك گەر ئابوریەكەی بەهێز نەكات ئەوا ناگات بەخاڵی پێشكەوتن.گەل هەوڵی دۆزینەوەی داهێنانی نوێ دەدات یان دەبێت بۆ دواوە بگەڕێتەوە . بەهێزبونی ئابوری گرنگە ئەوەش پێویستی بە كاركردنی بەردەوام هەیە.گەر كار نەكەین پێش ناكەوین.لەسەرمانە ئیشی زۆر بكەین چونكە زەمانێكی زۆرمان لەكیسچووە.چونكە هەموو دونیا بۆ پێشەوە ڕێدەكات.

**لەوەڵامی پرسیارێكی ئێمەدا كە پرسیارمان كرد، ئایا نهێنی سەركەوتنی توركیا چییە لە بواری گەشەكردنی پیشەسازیدا ؟ و چ جیاوازیەك هەیە لە نێوان توركیای ئەمڕۆ و توركیای پێش ١٠ ساڵدا؟**

لەوەڵامدا وتی:

١. استقراری سیاسی و ئابوری گرنگە.

٢. بەقەدەر میزانیە خەرجی هەبێت.

٣. بۆ كەمكردنەوەی جیاوازی لە میزانیەدا ، كەمكردنەوەی نرخ و كەمكردنەوەی قەرزی دەرەكی.

٤. مۆڵەتی وەبەرهێنانماندا بە وەبەرهێنی ناوخۆیی و دەرەكی وەكو یەك و وەكو یەك مامەڵەشیان لەگەڵدا دەكەین و ساڵانە ٢٠ملیار دۆلار وەبەرهێنانی دەرەكی هەیە لە توركیادا.

٥. كارمان كرد لە بواری زانست و تەكنەلۆژیادا.

٦. كارمان كرد بۆ هەناردەكردن بۆ دەرەوەی وڵات.

٧. کردنەوەی سەفارەت لەو وڵاتانە و دروستکردنی ڕایەڵەی پەیوەندی بەمەبەستی دۆزینەوەی بازاڕی نوێ بۆ ساغکردنەوەی کاڵاکانمان.

٨. گرنگی دان بە کوالێتی بەرز و باش و گونجا و حەڵاڵ بۆ وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکاو ئیسلامیەکانیش.

پێش ١٠ ساڵ داهاتی نەتەوەیی ٢٣٠ ملیار دۆلار بوو ،دوای ١٠ ساڵ بوە ٨٠٠ ملیار دۆلار،ناردنە دەرەوە پێش ١٠ ساڵ ٣٦ ملیار دۆلار بوو ،دوای ١٠ ساڵ بوە ١٥٣ ملیار دۆلار،لەسەر ئاستی پیشەسازی لە ئاستی ٢٦ هەمین وڵات بووین لە ئێستادا بوینەتە ١٦ هەمین وڵاتی پیشەسازی. لە ئێستادا ٦٠ یەکێتی هەناردە لەتورکیادا هەیە و ٥٥٠٠٠ هەناردەکار لە تورکیادا تۆمارکراون و ١٣ سکرتاریەتی گشتی هەیە بۆ ئەو ٦٠ یەکێتیە. هەروەها سازدانی پێشانگا بۆ هەناردەکارانی مام ناوەند و بچوك تا بەرهەمەکانیان پیشان بدەن.تائێستا ٥٠٠ هەناردەکار چونەتە دەرەوەی وڵات بۆ بەشداری لەو پێشانگایانەدا.وەك لیبیا و کازاخستان و تورکومانستان و باشوری ئەفریقیا و پۆڵەندا و میسر و مۆزەنبیق و کوبا و ئەمریکاو...هتد.لەساڵی ڕابوردوودا ٢٧ لیژنە لە ٢٧ وڵاتدا لیژنەی هاوبەشیان پێکهێناوە.ڕۆڵی ئێمە دروستکردنی پەیوەندی و یەکتر ناسینە لەنێوان کۆمپانیا تورکی و بیانیەکاندا.ژمارەی ٢٧ وڵات بچوکە بەڵام ٧٠ ملیار دۆلار بودجەیانە.لە ساڵی ٢٠١٢دا بڕی هەناردە بریتی بوە لە ١٥٣ ملیار دۆلار بەبێ خزمەتگوزاری.

| ٢٠٠١ | ٢٠١٢ | |
|---|---|---|
| ٨ | ٢٢ | ئەو بوارانەی کە لە ١ ملیۆن دۆلار زیاتر هەناردە دەکەن |
| ٥ | ٣٦ | وڵات |
| ٤ | ١٧ | شار |
| سفر | ١٢ | کۆمپانیا |

خشتەی زیادبونی ئەو وڵات و شار و کۆمپانیا تورکیانەی
کە لەبواری هەناردەکردندا لەماوەی ١٠ ساڵدا زیادیان کردووە

داهاتی تورکیا لە کشتوکاڵ بەرزبۆتەوە بۆ ٩ر٨٪ و لە پیشەسازی بۆ ١٠ر٢٪ و خزمەتگوزاری بۆ ٦٣٪.فرۆشتنی تورکیا لەسەر ئاستی دونیا بریتیە لە ١٦ هەمین وڵات و لەڕووی ئابوریەوە بەهێزە. لەدونیادا ٢٠ دەوڵەت لەسەر ئاستی ئابوری بەهێزن تورکیا ١٦ هەمینە. و لەسەر ئاستی ئەوروپاش ٦ هەمینە.داهاتی نەتەوەیی تاك بریتیە لە ١١٠٠٠ دۆلار لەساڵێکدا لە تورکیادا.ئامانجمانە کە داهاتی نەتەوەیی کە لە ساڵی ٢٠١٢دا بریتی بوو لە ١٧٪ بەرزبکەینەوە بۆ ٢٥٪ لەساڵی ٢٠٢٣دا کە یادی ١٠٠ساڵەی دامەزراندنی کۆماری تورکیایە.

لەکۆتاییدا دەکرێت لە ڕێگەی گرتنە بەری ئەم ڕێوشوێنانەوە و دانانی پلانی زانستی و واقعی و گونجاو لەگەڵ بارودۆخ و هەلکەوتە و توانا مادی و مرۆییەکانی کوردستاندا بتوانین تەکانێکی گەورە بەرەو پێشەوە بهاوێژین لە بواری پیشەسازیدا و هێندە پشت نەبەستینە سەر نەوت و غازی سروشتی و ئابوریەکی فشەڵ ولەرزۆك لەناوەخن و هەڵاوساو لە سیمادا پێکەوە بنێین کە لەکاتی تەنگانە و کێشە و تەنگژە دارایی و ئابوریەکاندا لەیەکەم هەنگاودا دابڕمێت و وڵات و کۆمەڵگاش تووشی قەیران بێن ، بەڵام گەر بنەماو ژێرخانێکی ئابوری زیندوو و چالاك و ئاکتیڤ و بەهێزمان هەبوو ئەوا هەرگیز کێشە دارایی و ئابوریەکان ناتوانن زیانی گەورە و مردنمان پێبگەیەنن.. بەو هیوایەی بتوانین سوود لەئەزمونی گەشەکردووی وڵاتی تورکیا بەتایبەتی وڵاتانی تری دونیاش بەگشتی وەربگرین، چونکە تورکیا تاکە دەروازەی کوردستانی باشور و گەورەشە لە ئایندەدا بەرەو ئەوروپاو هەموو وڵاتانی ڕۆژئاواش.

دەرئەنجامی ئەم خولە بۆمان دەرکەوت کە:

١. تورکیا وڵاتێکی گەشەکردوە لەڕووی پیشەسازیەوە.

٢. تورکیا خاوەن دەسەڵات و سیاسەت و ستراتیژێکی عەمەلی و بوێر و چەسپاوە.

٣. تورکیا خاوەنی بیر و ئەندێشە و سیاسەت و ئابوریەکی فراوان و گەورە و بەهێزە.

٤. ئایندەی تورکیا ڕوو لە گەورەبون و بەهێزبون و گەشەکردنی زیاترە لە سەر ئاستی ناوچەکە و دونیاشدا.

٥. پێویست دەکات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندی توندوتۆڵی سیاسی و ئابوری و زانستی هەبێت لەگەڵ تورکیادا.

٦. پێویست دەکات سەنتەری لێکۆڵینەوەی زانستی و ستراتیژی پیشەسازی پێشکەوتوو دابمەزرێت لە کوردستاندا.

٧. پێویست دەکات پەیوەندی توندوتۆڵ هەبێت لەنێوان زانکۆکان و بواری پیشەسازی و کشتوکاڵ و ..هتد.

٨. پێویستە گرنگی زیاتر بدرێت بە زانست و تەکنەلۆژیا نوێکان.

٩. پێویستە گرنگی زیاتر بدرێت بە ڕاهێنان و سازدانی خولی لەم شێوانە بۆ پێگەیاندنی کادری بەتوانا و شارەزا.

١٠. پێویستە گرنگی زیاتر بدرێت بە بواری تاقیگە و کوالێتی و مواصفاتەکان.

---

* ئەم بابەتە لە کوردستانی نوێ ژمارەکانی ٦٠٥٤ و ٦٠٥٥ لە ١٨ و١٩/٤/٢٠١٣دا بلاْوکراوەتەوە.

# پیشەسازی پلاستیك*

❖ **پلاستیك:** یان ئەوەی ناسراوە بە (( لەدائن )) بریتیە لە توخمێك کە بە ئاسانی دروستدەکرێت بەشێوەی جیاواز،لە بنچینەدا پێکدێت لە کۆمەڵێك زنجیرە کە ناو دەبرێت بە پۆلیمەرات. لەو کاتەوەی کە جیهان شۆڕشی پیشەسازی ناسیوە، و تائێستاش کۆمەڵگاکان لە پێشکەوتندان لەسەدەی خەڵوزی بەردینەوە بۆ سەدەی ئاڵتونی ڕەش (( نەوت))،کە هاوکار بوو بۆ دەرکەوتنی پیشەسازی نوێ و زۆر کە بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار پێشکەوتن.پیشەسازی پلاستیك دەرکەوت و گەشەی کرد و لە ئێستادا ڕیزی پێشەوەی پیشەسازیەکانی داگیرکردووە لەبەر جۆراوجۆری بەکارهێنانی لە ژیانی ڕۆژانەماندا لەبەرئەوەی دەچێتە پێکهاتەی کەل و پەل و شتەکانی دەوروبەرمانەوە.دەتوانرێت دەربهێنرێت لەم توخمانەی لای خوارەوە:

- ❖ نەوت
- ❖ غازی سروشتی
- ❖ خەڵوز

❖ **پێکهاتەی پلاستیك:**

پلاستیك لە ئیثلین پێکدێت ( کە بریتیە لە گازێکی ئەندامی کە یەك گەردی لە ٢ گەردیلە کاربۆن و ٤ گەردیلە هایدرۆجین پێکدێت و هێما کیمیاویەکەی بریتیە لە $C_2H_4$).یەکێکە لە وەرگیراوەکانی نەوت،کە لە پیشەسازی پۆلیئیثیلیندا بەکاردێت کە بەناوبانگترین جۆرەکانی پلاستیکە. لەبەرئەوەی کاربۆنی تیادایە کە توخمی کاریگەر پێکدێنێت لە پیشەسازی پۆلیمەردا. و توخمی تری بۆ زیاد دەکرێت کە هەندێ سیفاتی تایبەتی دەداتێ وەك نەرمی و ڕوونی و توانای نوشتانەوە.

❖ **پیشەسازی پلاستیك :**

پیشەسازی پلاستیك قۆناغی دروستکردنی پۆلیمەرات دەگرێتەخۆ و دواتر قۆناغی دروستبوونی بەرهەمی کۆتایی.

❖ ئامادەکردنی پۆلیمەر :

کارگەکانی پترۆکیمیاویات هەڵدەستن بە گۆڕینی نەوتی خاو بۆ مۆنۆمیرات لە ڕێگەی شکاندنی بۆندەکانەوە.دواتر پێکەوە بەستنی مۆنۆمیراتەکان دەکرێت لە کۆمەڵێ زنجیرەی درێژدا کە پێیان دەوترێت پۆلیمەرات و تەواودەکرێن لە یەکەی پێوانەییدا.

❖ **دروستبوونی بەرهەمی کۆتایی:**

پێکهێنانی بەرهەمی کۆتایی تەواو دەبێت و بەدەستدێت دوای زیادکردنی توخمەکان وەك بەهێزکەرەکان و پڕکەرەوەکان و نەرمکەرەوەکان و بە پیتکردن بۆ باشترکردنی سیفاتەکانی و ئەم پرۆسەی پێکهاتنەش ٧ پرۆسە و کردار لە خۆ دەگرێت کە بریتین لە:

١. قاڵبکردن : دروستکردنی قاڵب بەشێوەی داواکراو بۆ داڕشتن یان داڕشتن تیایدا.

٢. داڕشتن و تێکردن : تێکردنی گیراوەکە بۆ ناو قاڵبەکە.

٣. کرانەوە: کردنەوەی قاڵبەکە.

٤. لوسکردن یان دروستکردنی پەڕەی تەنکی لوسکراو : لابردنی خەوشەکان.

٥. دروستکردنی پارچەی تەنك یان پەڕەکردن : تابلۆی داپۆشێنەری مێزەکان.

٦. کەفکردن : ئیسفنجی بەکارهێنراو لە ڕاگرەکاندا.

٧. دروستکراوەکان بە گەرمی : قوتوەکانی تێکردن.

❖ **قاڵب دروستکردن**

ئەم کردارەش لای خۆیەوە دابەشدەبێتە سەر کۆمەڵێك لە کرداری تر:

❖ فووتێکردن : ئەم کردارە بەکاردێت لە دروستکردنی لولەی بەتاڵ،ئەم کردارە بریتیە لە خستنە ناوەوەی لولەکێك لە ڕاتنجی تواوە ( باریسۆن ) بۆ ناو قاڵبێك و بە هەوایەکی پەستاوەوە پاڵپێوەدەنرێت یان بەهۆی هەڵمەوە بۆ باریسۆنەکە کە دەکشێت و پاڵ بە ڕاتنجەکەوە دەنێت بۆ هەموو لاکانی قاڵبەکە و دەهێڵرێتەوە تارەق دەبێت.

❖ دەرزیلێدان یان تێکردن : بریتیە لە زۆرترین کرداری قاڵبکردنی پلاستیکی گەرمی بەربلاۆ لە گرنگترین بەرهەمەکانی بریتیە لە تەلەفۆنات و تایەی ئۆتۆمبێل و ..هتد.ئەم کردارەش ڕوودەدات بەخستنەخوارەوەی خەپلەی ڕاتنج لە قاپێکی لولەکی بۆ ئەو قاڵبەی کە دەویسرێت دروستبکرێت.دوای ماوەی تەنها ١٠-٣٠ چرکە پلاستیکەکە ڕەق دەبێت.دوای ئەوەی قاڵبەکە دەکرێتەوە و بەرهەمە دروستبوەکە دەردەهێنرێت بەهۆی بزماری دەرکەرەوەوە.

❖ پەستان : بریتیە لە فراوانترین کرداری بەقاڵبکردن و ناودەبرێت بە ڕەقبوە گەرمیە بەربڵاوەکان.لە گرنگترین بەرهەمەکانی دەعامی ئۆتۆمبێلەکان و دەسکی قاپ و قاچاغەکان و ...هتد.ئەم کردارەش ڕوودەدات بە پەستان دروستکردن لەسەر پلاستیکەکە و دوای دروستبوون پەستان دەخرێتە سەر قاڵبە بەکارهێنراوەکە لە شێوەی بەرهەمی کۆتاییدا.

❖ هێزی سوڕانەوە: لەبەرهەمەکانی هەموو بەرهەمێکی ناو بەتاڵە وەك تۆپی پێی یاری منداڵان و یاریە(( بوکەڵەکان )) و..هتد. کردارەکەش بەم شێوەیە تەواو دەبێت :

❖ قاڵبەکە بەشێکی پڕ دەکرێت بە هاڕاوەی ڕاتنج.

❖ گەرمکردنی قاڵبەکە و سوڕانی ماتۆڕەکە بەخێراییەکی زۆر کە هێزی دەرپەڕێنەری ناوەندی دروست دەکات.

❖ ئەم هێزە کە ناو دەبرێت بەهێزی ڕاتنج هەڵدەستێت بە پاڵنانی تواوەکە بەرەو دیواری قاڵبەکە و لەو دۆخەدا دەیهێڵێتەوە هەتا ڕەق دەبێت.

❖ **داڕشتە یان تێکردن:**

ئەمە جیاوازە لە قاڵبکردن چونکە لەم کردارەدا پشت نابەسرێت بە پەستانی دەرەکی بۆ دروستبوونی پلاستیك،خاوەن کارەکان پشت دەبەستن بەم ڕێگایە بۆ دروستکردنی هەموو توخمە پلاستیکە گەرمیەکان و ڕەقبونی گەرمی و ئەم کردارەش تەواو دەبێت بە تێکردنی ڕاتنجە تواوەکە بۆ ناو قاڵبەکە و جێهێشتنی تا سارد دەبێتەوە و ڕەق دەبێت،لەبەرهەمەکانی ئەم کردارەش: پلێتە ئەستورەکان و ...هتد.

❖ **کرانەوەی قاڵب :**

ئەم کردارەش بەکاردێت لە دروستکردنی بۆری و بوتڵ و داپۆشێنەرە پلاستیکیەکان و ....هتد.ئەوەش بە تێکردنی گەردە ڕەقەکان لە پلاستیکی گەرمی دەرچوو لە قاپێکی لولەکیەوە بۆ ناو لولەکێکی گەرم و پاڵ بە یەکێ یان زیاتر لە لولەکە سوڕاوەکانەوە دەنرێت کە پاڵدەنرێت و دەتوێتەوە بۆ پێشەوە،دواتر توخمە دروستبوەکە دەردەچێتە دەرەوە.

❖ **لوسکردن یان دروستکردنی پارچەی تەنکی سافکراو:**

ئەمەش بە دانانی پلاستیکی تواوە دەبێت لە نێوان دوو لولەی گەرمی سافکراودا،لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیەدا ئەم توخمانە دێنە بەرهەم: کاغەزی یاری داپۆشراو بە پلاستیك و فەرشی بەکارهێنراو لە نێو مێزەکاندا،ئەوەش دوای زیادکردنی ڕیشاڵی کاغەزی یان پارچەی تەنك لە کانزا.

❖ پێکهێنانی پارچەی تەنك یان پەڕەکردن

ئەوەش بە پێکەوە لکانی کۆمەڵێك لە ڕیشاڵی شوشەیی یان تەختە و کاغەز و قوماش و ...هتد.هەڵدەستن بە دانانی ئەو پارچە تەنکانە لە ڕاتنجەکەدا،کردارەکە بە دانانی لە ژێر ئامێرێك کە هەڵدەستێت بە پەستانی و ڕاتنجەکە هەڵدەستێت بە پێکەوە لکانی ئەو پارچە تەنکانە لەگەڵ یەکدا بەهێزی پەستانەکە و لەو کردارەشەوە تەختەی پەستاوە و یان پلێتی داپۆشێنەری مێزەکان و ...هتد. دێنە بەرهەم.

❖ دروستکردنی کەفی :

ئەمەش یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە بەکاردێت بۆ بەرهەمهێنانی پلاستیکی ئیسفنجی و هەموو ئەو کارە تەکنیکیانەی تێکردنی غازی گەرم لەخۆ دەگرێت لە ڕاتنجی پلاستیکیەوە.ئەوەی دواییان دەکشێت و بلَق دروستدەکات لەناو ڕاتنجەکەدا هەتا سارد دەبێتەوە،بەرهەمی کۆتاییش بریتیە لە پلاستیکی ئیسفنجی کێش سووك.لە پێناو بەهێزکردنی پلاستیکی ئیسفنجیدا خاوەن کارەکان هەڵدەستن بە زیادکردنی ڕاتنج و گۆڕینی ڕێگا بەکارهێنراوەکە لە دروستکردنیدا و بەهێز دەبێت بە بەکارهێنانی دابڕێنەر لە ماڵدا و لە تێگرتن و تێکردنی ژەمە خێراکاندا.نەرمیشە لەبەکارهێنانیدا لەسەرین و گۆشەکانی ناو ماڵدا.

❖ دروستبوون بە گەرمی:

بریتیە لەو کردارەی کە لە ڕووی تێچوونی پارەوە کەمتری تێدەچێت بە بەراوورد بەکردارەکانی تر.کردارەکەش تەواو دەبێت بە جێگیرکردنی پارچەی تەنکی پلاستیکی لەسەر قاڵبەکە و گەرمکردنی تا نەرمدەبێتەوە،دواتر ماتۆڕێکی هەوا هەڵدەستێت بە هەڵمژینی پارچە تەنکە نەرمەکان بۆ خوارەوە تا هەموو قاڵبەکە دادەپۆشێت و بەو شێوەیە سارد دەبێتەوە و ڕەق دەبێت لە شێوە و لە قاڵبی جیاوازدا.گرنگترین بەرهەمەکانی حەوزی خۆشۆردنەکان و بنکەی حەمام و ڕەشاشەکان و ...هتد.

❖ گرنگترین ئەو وڵاتانەی کە پلاستیك دروستدەکەن

هەریەکە لە ئەمریکا و یابان بە دوو وڵاتی گەورە دادەنرێن لە بواری پیشەسازی پلاستیکدا لە جیهاندا و پیشەسازی پلاستیك وەستاوەتە سەر بڕی نەوتی هەبوو.کۆمپانیاکانی دروستکردنی پلاستیك دابەشدەکرێنە سەر :

❖ کۆمپانیاکانی ئامادەکەری ئامێرە پلاستیکیەکان.

❖ کۆمپانیا دروستکەرەکانی ڕاتنج.

باشتر وایە ئەم کۆمپانیایانە جێگەکانیان نزیك لەناوەندە نەوتیەکانەوە بن.کۆمپانیا جێبەجێکارەکان: هەڵدەستن بە گۆڕینی ڕاتنج بۆ بەرهەمی پلاستیك.

❖ **جۆرەکانی پلاستیك**

١. پلاستیکی گەرمی

بریتین لەو جۆرەی کە بە گەرمی نەرم دەبنەوە و شێوەکانیان دەگۆڕێت و دەتوانرێت بتوێنرێتەوە و جارێکی تر شێوەی تری لێدروست بکرێت و ئەو جۆرەش لە جۆرەکانی تر زیاتر بەکاردێت لەوانەش: کیسی پلاستیکی و بوتڵی پلاستیکی و ....هتد.

٢. پلاستیکی ناگەرمی

ئەم جۆرە دەگۆڕێن لە لەدائنەوە دوای دروستبونیان بۆ توخمێ کە ناتوێنەوە،ناتوانرێت جارێکی تر نەرم بکرێنەوە و دروستبکرێنەوە لەکاتی گەرمکردندا، لە نمونەی ئەو پۆلیمەرانەش : ڕاتنجە فینۆلیەکان و ڕاتنجەکانی بۆریا و فۆرماهید.ئەم جۆرە لە پلاستیك بەکار دەهێنرێت لەبەرگی وایەری کارەبایی و دەسکی قۆری و کتری و ...هتد.

❖ **ڕێگاکانی پیشەسازی پلاستیك :**

پۆلیمەر گەرم دەکرێت تا دەتوێتەوە و تواوەیەکی لینج دروست دەبێت و دواتر تواوەکە پاڵپێوەدەنرێت بۆ ناو قاڵبێکی تاڕادەیەك سارد و ناوبەتاڵ کە شێوەی کۆتایی بەرهەمەکە دەدات کاتێ تواوەکە سارد دەبێتەوە لەناو قاڵبەکەدا،ئەم ڕێگایە بەوە جیا دەکرێتەوە کە خێراو ووردە.دوو جۆر لەدروستبوون هەیە بە تێکردن بەپێی ئەو ئامێرانەی بەکاردێن:

❖ دروستبوون بە تێکردن بەهۆی پەستێنەرەوە.

❖ دروستبوون بە تێکردن بە شێوازی برغویی.

❖ ڕێگەی قاڵبی تێکردن

پیشەسازی بەهۆی قاڵبەکانی تێکردنەوە دادەنرێت بە کۆنترین پیشەسازیەکانی پلاستیك کە لەلایەن زۆربەی وڵاتانەوە ناسراوە،دەتوانرێت لەم هەنگاوانەی لای خوارەوە کورتبکرێتەوە:

١. مەنجەڵێك پڕ دەکرێت لە گۆی ڕاتنجی.
٢. ڕاتنجەکە گەرم دەکرێت تا پلەیەك کە نەرم بێت و بتوانێت بڕوات بەشلی.
٣. ئەو ڕاتنجە پاڵ پێوەدەنرێت بۆ ناو بۆشایی قاڵبەکە.
٤. کاتێ قاڵبەکە سارد دەبێتەوە و هەردوولای لەیەکتری دوور دەکەوێتەوە.
٥. بەرهەمی کۆتایی لە قاڵبەکە دەردەهێنرێت.

ئەم پێنج کردارە لە کردارە بەناوبانگەکانی پرۆسەی تێکردن بە قاڵب دادەنرێن.

❖ ڕێگەی کرانەوەی قاڵب

ئەم ڕێگەیە لە پیشەسازیدا دادەنرێت بە سەرکەوتووترین:

١. شێوە پێوانەییەکان وەك بۆری و ڕاستەکان و پلێتەکان و شێوەکان کە خاوەن پارچەی نائاسایین.

٢. توڵە تاکەکان یان چینە جۆراوجۆرەکان بۆ بەکارهێنانی ڕاستەوخۆ یان وەك چینی داپۆشێنەری کاغەز،جلوبەرگ یان هەر ڕوویەکی تر.

٣. چینی پارێزەر و دابڕەر لەچواردەوری وایەری کارەبایی و کێبڵ بەکرانەوە دەکرێن.

ئەم ڕێگایە پێوانەییە لەدروستکردنی شێوە جیاوازەکاندا و ئەم ڕێگایەش گونجاوە بۆ توخمە نەرم و پلاستیکیەکان.

گرنگترین هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر سیفاتەکانی جۆرەکانی پلاستیك گونجاندن دروستدەکرێت لە نێوان توخمە بەکارهاتوەکاندا کە دادەنرێن بەجۆری جیاواز،بەشێوەیەك ئەو گونجاندنە کۆمەڵێ هۆکاری جیاواز کاریگەری دەکەنە سەر بۆ نمونە: بۆ ڕوودانی گونجاندن لە نێوان توخمە پلاستیکیە هەڵهێنجراوەکان وەك پۆلی ئەستەرات و توخمە پلاستیکیە نا هەڵهێنجراوەکاندا وەك پۆلی ئەثیلین پێویستە توخمی جۆراوجۆر زیادبکرێن لەناویاندا توخمێك کە یارمەتیدەرە بۆ زیاتر پێکەوەلکاندن،ئەم کردارەش پێیدەوترێت،کەنتۆپلیزی،کە یارمەتیدەرە لەسەر پێکەوەگرێدانی پۆلیمەرە درێژەکان بەیەکەوە.

❖ سیفاتەکانی پلاستیك

١. بە ئاسانی دروستدەکرێت و نەگەیەنەری کارەباشە.

٢. بەرگری لەداخوران و درزبردن دەکات.

٣. جۆرەها ڕەنگی فراوانی هەیە.

٤. بە ئاسانی دەستدەکەوێت لەبەر هەرزانی نرخەکەی.

❖ کەموکوڕییەکانی پلاستیك

١. بەگرانی چاك دەکرێتەوە و بۆنێکی نەخوازراویشی هەیە.

٢. بەرگەی پلەی گەرمی بەرز ناگرێت.

٣. بەگرانی شیدەبێتەوە.

❖ **پلاستیك و ژینگە**

پلاستیك بەوە ناسراوە کە بەرهەمێکە درەنگ شیدەبێتەوە کە نزیکەی ٤ سەدە لەکات دەخایەنێت بۆ شیبونەوە،هەروەك سووتاندنیشی دەبێتە هۆی بلاْوبونەوەی گازە ژەهراویەکان کە کاردەکاتە سەر تەندروستی مرۆڤ، خستنە ژێر خاکیشەوە کێشەکە چارەسەر ناکات چونکە کێشەکە لەسەر ڕووی زەویەوە دەگوێزرێتەوە بۆ ژێر زەویش،چونکە بوونی پلاستیك لە ژێر خاکدا دەبێتە هۆی لەناوبردنی داپۆشێنەری ڕووەکی.

❖ **کاریگەرە بەجێماوەکان لە پرۆسەی دروستکردنی پلاستیکەوە:**

❖ **ملیۆنان** تەن لە پاشەڕۆی ڕەقی ژەهراوی.

❖ **بەکارهێنانی** گیراوە ژەهراوییەکان بۆ خێراکردنی بەرهەم.

❖ ئەو **گازە** ژەهراویانەی کە کاردەکەنەسەر کرێکار و دەوروبەر وەك گازی بەنزینی.

❖ **بەکارهێنانی** کانزا قورسەکان بۆ جێگیرکردنی ڕەنگەکان.

❖ **چاندنی پلاستیك:**

تیمێك لە لێکۆڵەرەوان لە زانکۆی (( بردیۆ)) هەستان بە لەبەرگرتنەوەی جین لە یەکێك لە ڕوەکەکان.ئەو جینە هانی ڕوەکەکان دەدات لەسەر بەکارهێنانی هەندێ پێکهاتە و پارێزگاریلێکردنیان لە پێناو بەکارهێنانیاندا وەك توخمی سەرەتایی بۆ بەرهەمیهێنانی پلاستیك.بە بەکارهێنانی ڕووەکانیش بۆ ئەو جینە و توانای بەرهەمهێنان و هەڵگرتنی ئەو پێك هاتانەی دەبێت بەبێ ئەوەی کاربکاتە سەر ڕوەکەکە خۆی.

ئەو ڕوەکانەی،کە ئەو جینەیان بۆ زیاد دەکرێت،توانای بەرهەمهێنانی جۆری جیاواز و نوێی دەبێت لە پلاستیك. کە هەمان سیفاتی پلاستیکی دەبێت لەڕووی توندی و ڕوونیەوە،بەلاْم ئەو جۆرە لە پلاستیك جیاواز دەبێت لە پلاستیکی دروستکراو لە نەوت. بەلاْم ئەو گرفتەی ڕووبەڕووی لێکۆڵەرەوەکان دەبێتەوە بریتیە لە چۆنێتی هاندانی ڕوەکەکە لەسەر بەرهەمهێنانی بڕی زۆرتر لەو پێکهاتەیە.

**حەوت سەرسوڕهێنەرەکەی پلاستیك**

❖ **سەرسوڕهێنەری یەکەم :**

ئەگەر ئەو ناوە ڕاست بێت کە پلاستیك گەیەنەری کارەبایە، ئەوا جۆرێکە لە کانزا ئەندامیەکان organic metals ئالێرەدا و بەبێ گومان سەرسوڕمانەکە بەجوانترین شێوە دەردەکەوێت.هەتا چەند سەدەیەکی کەمی ڕابووردوو وابلاْوبۆوە دەربارەی پلاستیك کە

توخمێکی ڕێگرە بۆ گەیاندنی کارەبا. ئەم دۆزینەوەیە دوو دژبەیەك لەگەڵ یەکدا کۆدەکاتەوە: ڕێگری و گەیاندن لەیەك پێکهاتەدا کە ئەمەش بوارێکی فراوان دەکاتەوە بۆ جێبەجێکردنەکان و بەکارهێنانە جیاوازەکانی پلاستیك. وە بۆ بەرزاگرتنی ئەم دۆزینەوە مێژووییە، سێ زانای کیمیا خەلاتی نۆبلێیان پێبەخشرا پێش دوو ساڵ لە دۆزینەوە زۆر سەر سوڕهێنەرەکەیان.

ئەم کارە سەرسوڕهێنەرە لە سەرەتادا بە بەکارهێنانی پۆلیمەر کە هیچ سوودێکی کردارەکی نەبوە وەك لە پێشدا باسمانکرد کە polyacetylene و لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنیەوە لە بارودۆخی پەلمەرەبوندا توانرا کە کۆنترۆڵی ئەو بوونی بۆشاییە بۆندە کیمیاویە دوانییەکان بکرێت بۆ ئەوەی بچێتە دۆخی cis لە جیاتی دۆخی trans بەمەش پۆلیمەرە نوێیەکە توانی کە تەزووی کارەبا بگەیەنێت.

ئەم سوڕانەوە کیمیاویە سادەیە توانی کە گەلێك کرداری پیشەسازی بێنێتەدی کە لەسەردەمێکدا وەك خەیاڵ وابوون، وەك بەرهەمهێنانی پاتری پلاستیکی کێش سووك لە جیاتی ئەو کانزا قورسە. ئەم پاتریە پلاستیکیە پێشکەوتووە سووکە وایکرد کە تەلەفۆنی مۆبایل ببێتە ڕاستیەکی لەبەرچاو. ئەو جۆرە لە پلاستیك دەچێتە پیشەسازی دروستکردنی پەڕەی پەیوەندیەکان لەناو مۆبایلدا، هەروەها بریتیە لە بنچینەی کاری کارتی خەرجکردنی بانکی و هەروەها هەموو کارتە کەسێتیە هاوشێوەکانی تر. هەروەها ئەم جۆرە پلاستیکە دەچێتە پیشەسازی هاوشێوە گەیەنەرەکان کە بەدەماری ئامێری کۆمپیوتەری نوێ دادەنرێت.

هەروەك چۆن بەکاردێت لەهەندێ ئامێری دەرکردەی تیشکی لێزەرەوە بەو وردەکاریە زۆر ناوازەیەوە توانرا کە پەنجەرەی بینا زیرەکەکان بەرهەم بهێنرێت windows smart کە پێك دێت لە شووشەیەکی داپۆشراو بە چینێکی پلاستیکی تایبەت کە ڕوونیەکەی دەگۆڕێت لەکاتی تێپەڕبوونی تەزووی کارەباییدا، هەربۆیە ئەو پەنجەرانە لە ڕۆژانی بەرۆژدا تاریك دەبێت کە یارمەتیدەر دەبێت بۆ کەمکردنەوەی تیشکی ڕۆژ و گەرما . ئاشکرایە سیفەتی زیرەکی تەنها بۆ ئەو پەنجەرە دروستکراوانە بەکارنایەت بەڵکو پەیوەستیشە بە بەرهەمهێنانی چەکی زیرەك وەك فڕۆکەی شەبەح Steaith داپۆشراو بە جۆرێکی تایبەت لەو جۆرە پۆلیمەرانەی توانای هەڵمژینی شەپۆلی مایکرۆیڤی هەیە کە لە ڕادارەکانەوە

دەردەچێت بەمەش قورسە کە بتوانرێت ئەو فڕۆکە شەیتانیانە دیاریبکرێت و هەستیانپێبکرێت.
دۆزینەوەی ئەم جۆرە پلاستیکە کە گەیەنەری کارەبایە هاوکار بوو بۆ دۆزینەوەی جۆری تر کە سەرسوڕهێنەری کەمتر نیە لە پلاستیکی تیشکدەرەوە بۆ ڕووناکی لەکاتی تێپەڕبوونی تەزووی کارەبادا.هەروەها بەرهەمهێنانی موگناتیسی پلاستیکی کە لەتوانیدایە کایەی موگناتیسی بەرهەمبهێنێت لەکاتی خستنە سەری تیشکی لێزەر بە درێژایی شەپۆلێکی دیاریکراو لەسەر جۆرێکی تایبەت لە پۆلیمەرەکان.

❖ **سەرسوڕهێنەری دووەم :**

پلاستیکی زیندوو لەگەڵ بۆشایی ویستراو کە یەکێکە لە زۆرترین گرفتە ژینگەییەکان کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگا هاوچەرخەکان دەبێتەوە کە بریتیە لە کۆبونەوە و کەڵەکەبونی پاشەڕۆ پلاستیکیەکان کەبەپێچەوانەی پاشەڕۆکاغەزییەکان و قوماشیەکانەوە تەنانەت کانزاییەکانیشەوە بەهۆی کەش وهەواوە کاریگەرییان تێناکرێت هەروەها لەتوانایدا نیە کە بە شێوەی بایۆلۆژی شیبێتەوە biodegradable بەهۆی میکرۆبەکانی ناو خاکەوە.ئالێرەدا دژایەتیەکی ئاشکرا دەردەکەوێت لە جیهانی زانست و توێژینەوە و پێشکەوتندا. کیمیاویەکان بەشێوەیەکی ئاسایی هەوڵی لێبڕاوانە دەدەن بۆ بەرهەمهێنانی پێکهاتە و بەرهەمە کیمیاویەکان کە تەمەنیان درێژ بێت. بەڵام ئەمەش نابێتە ڕێگر لەوەی کە کۆمەڵێك لە خەڵکانی کیمیاوی هەبن کە هەوڵ بدەن بۆ دۆزینەوەی پێکهاتەی کیمیاوی کە توانای لەناوچوونیان هەبێت لە جیاتی نەمری و بەردەوامی کیمیاویان.
بەرهەمهێنانی توخمی پلاستیکی زیندوو bioplastics کە توانای شیبونەوەی بایۆلۆژی هەیە، دادەنرێت بە پێشینەیەکی گرنگی ژینگەیی هەربۆیە هەموو توانای توێژینەوە پێشکەوتنەکان لەوپەڕیدایە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو جۆرە لە پلاستیك لە توخمی سەرەکی سروشتی کە توانای نوێبونەوەی هەبێت وەك بەرهەمەکان و سەرچاوە کشتوکاڵیەکان لە جیاتی بەکارهێنانی توخمە سەرەتاییە پترۆکیمیاوییەکان.
لە ئێستادا ئەو پلاستیکە زیندووە دروستدەکرێت لە یەکەی دروستبوون monomers کە کرۆکەکەی لە سلیلۆز و نەشا و ترشی لاکتیکە کە دەتوانرێت بەبڕی پێویست دەستبکەوێت لە چارەسەرکردنی پاشەڕۆ کشتوکاڵیەکان و پاشماوە پیشەسازیە خۆراکیەکانەوە.

سەرەڕای بەرزی نرخی ئەم جۆرە لە پلاستیك بە بەراوورد بە جۆرە کلاسیکیەکان بەڵام گرنگی بەکارهێنانی لە زیادبوندایە و بە تایبەتیش لە بواری پزیشکیدا کە بەکاردێت لە دروستکردنی دەزوی نەشتەرگەری کە توانای شیبونەوەی هەیە، هەروەها بەکاردێت بۆ ڕێکخستنی دەردان و دواتر هەڵمژینی لەش بۆ هەندێ داوودەرمان لەکاتێکدا ئەو دەرمانانە بە توێژاڵێکی تەنك لەو پۆلیمەرانە داپۆشراون کە بەهێواشی شیدەبێتەوە کە ڕێگە دەدات بە دەردانی دەرمانەکە بۆ ناو لەش بەپێی میکانیزمێکی کاتی دیاریکراو .بەو شێوەیە ئەو پۆلیمەرە کاردەکات وەك توخمێکی گەیەنەر و هەڵگری دەرمان بۆ ئامانجە چاوەڕوانکراوەکەی کە ناسراوە بە Drug Delivery کە بەڕاستی جێگەی سەرسوڕمانە هەندێ لەو پۆلیمەرانە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بە باشی بۆ چارەسەری لوە شێرپەنجەییەکان ئەوەش بە داخستنی مولولە خوێنیە ووردەکانەوە کە ئەو لوە ڕەقانە خواردن پێدەدات. بیرۆکە ئازا و دروستکەرەکە لە پشت ئەو چارەسەرەوەیە کە دەسوڕێتەوە بە دەوری کرداری لێدانی ( injection molding) پۆلیمەرەکەوە Polyurethane کە لەکاتی تێکەڵبوونی بە خوێنەوە خڕۆکەی ڕەقی گەورە دروست دەبێت کە مولولە خوێنیە ووردەکان دادەخات کە دەبێتە هۆی برسیکردنی (( لوە پیسەکان و بە ماوەیەکی کەمی دواتر پۆلیمەرەکە شیدەبێتەوە و لەلەشەوە دەردەچێت بەڵام دوای ئەوەی کە گەمارۆیەکی ئابوری توندی خستۆتە سەر لوە شێرپەنجەییەکە.

❖ **سەرسوڕهێنەری سێیەم: پارچەی یەدەگی مرۆیی بە پێی داواکاری**

بەکارهێنانی پێشووی پۆلیمەر لە ڕێگای چارەسەری پلاستیکیدا polimer therapeutic تەنها بەکارهێنان نیە بۆ ئەو بەرهەمە کیمیاویە سەرسوڕهێنەرە بۆ سوککردنی ئێش و ئازار لە توێژێکی فراوان لە نەخۆشەکان. سەرەڕای ئەوە توێژینەوەی زانستی و پزیشکی جۆراوجۆر هەیە کە بە شێوەیەکی سەرەکی ئاڕاستەکراوە لەسەر بەکارهێنانی توخمی زیندەیی دروستکراو biomateriais بۆ ئەوەی جێگەی هەندێ لە ئەندام و ڕیشاڵی مرۆیی تێکچوو بگرێتەوە. بەزۆری ئەو پارچە یەدەگە دروستکراوانە دروستکراون لە پلاستیك یان مەتاتی دروستکراو لە نمونەی گوێچکەلەکانی دڵ و بۆریە خوێنبەرەکان کە دروستکراون لە پۆلیمەرات Teflon و Dacron ،بەڵام پۆلیمەراتی دروستکراو لە مەتاتی سلیکۆنی ئەوە بەکارهێنانی بەربڵاوە لە بەرهەمهێنانی پێستی دروستکراودا Artificial Skin و لە شێوە وێکچووەکانی.

هەندێ لە پۆلیمەراتی تر بەکاردەهێنرێت بۆ دروستکردنی بەشەکانی ئێسك و پەنجەکان و کرکراگە و ئەژنۆکانی قاچ و ئانیشك و ڕان .شاراوە نیە کە هێڵی جیاکەرەوە لە نێوان ئەندێشەی زانستی و بەڵگەی بەرجەستە بوو خەریکە لەناو دەچێت و نامێنێت بەشێوەیەك توێژینەوە زانستیە نوێکان توانیویەتی بەتەواوەتی ئەندامی مرۆیی دروست بکات وەك دڵ و گوێ وپارچەی لاشە وەك قاچ و دەستەکان.

ئەوەی جێگە و مایەی سەرسوڕمانە بە ڕاستی ئەوەیە کە هەموو ئەو پارچە یەدەگە پلاستیکیانە پێشتر لە تاقیگەکاندا ئامادەدەکرێت و دواتر دەچێنرێت implant لەلاشەدا.

لەم سالأنەی دوایدا تەکنیکێکی زیندوو گەشەپێدراوە لەو پەڕی پێشکەوتن و پێگەیشتویدا کەوەستاوەتە سەر بیرۆکەی دروستبوون و گەشەکردنی ڕیشاڵی زیندوو تەنانەت ئەندامی مرۆیی لەناو لاشەدا لە جیاتی دروستکردن بۆ یەکەم جار لە تاقیگەدا.

بۆ ئەنجامدانی ئەو پەڕجووە پزیشکیە یەکەمجار هەڵدەستن بە چاندنی تۆڕێکی ئیسفنجی پلاستیکی کە هەڵدەستێت بە سافکردنی بینا و دواتر دەستدەکرێت بەدامەزراندن و چاندنی ڕیشاڵە زیندووە داواکراو و پێویستەکان.دوای ئەوە کرداری لێدان injection molding ی خانەی دیاریکراو دەرمانی گونجاو دەکرێت کە دەبنە هۆی گەشەپێدانی ڕیشاڵەکان لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا لەناو لاشەدا بەو میکانیزمە دەتوانرێت ڕیشاڵی نوێ دروستبکرێت . پێدەچێت کە بۆری خوێن یان کرکراگە یان گوێچکەلەی دڵ بێت تەنانەت خانە دەمارییەکانیش بێت بۆ جێگرتنەوە. ئاوات و خواستی زانستی بۆ ئەو تەکنیکە تا ئێستا لەسەرەتادایە و توێژینەوەی زۆر ئومێد بەخش هەیە بۆ بەرهەمێنانی ئەندامی ناوەوەی لەش بە تەواوەتی بۆ نمونە وەك جگەر بەو تەکنیکە زۆر ناوازەیە.

سەرەڕای ئەو پارچە پلاستیکە جێگرەوانە کە دەچێنرێت یان جێگیر دەکرێت لەناو لەشدا. ئەوا جێبەجێکردنی جۆراوجۆری تریش هەیە بۆ ئەو توخمە پلاستیکیانە کە لەبواری پزیشکیدا بەکاردێن لەگەڵ جیاوازیەکی سەرەکیدا کە بریتیە لەوەی کە بەکاردێت و لە بنەمادا لەدەرەوەی لاشەی مرۆیی.

لەنەشتەرگەری دڵی کراوەدا یان نەشتەرگەری شۆردنەوەی گورچیلەدا ڕیشاڵی پلاستیکی زیندوو بەکاردێن کە یارمەتیدەرە بۆ جیاکردنەوەی ئۆکسجین یان جیاکردنەوەی توخمی کیمیاوی زیانبەخش.

❖ **سەرسوڕهێنەری چوارەم: ڕوویەکی پلاستیکی کە سەرنج ڕادەکێشێت**

لەناوجەرگەی تاریکیەوە ئەم سەرسوڕهێنەرە پلاستیکیە گەشاوەیە لەدایك بوو، لەیەکێك لەشەوەکاندا و لەکاتێکدا یەکێك لە خوێندکارەکانی خوێندنی باڵا ڕووناکیەکانی ناو تاقیگەکەی کوژاندەوە کە لە زانکۆی کامبردجی بەناوبانگ کاری تیادا دەکرد. کاتێك ئەوەی کرد لە جێگەی خۆی ڕەش هەڵگەڕا لە سەرسوڕمانیدا کاتێك بینی بەشێك لە ئامێرە زانستیەکانی کە ئیشیان لەسەر دەکات تیشك دەدەنەوە بە ڕوناکیەکی سەیر. دوای گەڕان و پشکنین بۆی دەرکەوت کە سەرچاوەی ئەو ڕوناکیە سەیرە بریتیە لە توێژاڵێکی پلاستیکی تایبەت کە لە بنەمادا بەکارهێنراوە وەك توخمێکی ڕێگر بۆ داپۆشینی یەکێك لە ئامێرە کارەباییەکان. ئا بەو شێوەیە و لە ڕێگەی ڕێکەوتەوە-جارێکی تر- توانرا سەرسوڕهێنەرێکی تری پلاستیکی نوێ بدۆزرێتەوە کە بریتیە لە پۆلیمەرێك کە توانای دەرکردنی تیشکی ڕووناکی هەیە کاتێك کە ئیشێکی کارەبایی تیادا دەکرێت. ئەو شتەی کە دەکرێت دروستبکرێت بریتیە لە وێنەی ڕوناکی جوڵاو لەو ڕوناکیە دەرچوانەوە.

سەرەڕای ئەو دۆزینەوە زانستیە دڵخۆشکەرە کە نزیکەی ١٠ ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە خەریکە کارە بازرگانیەکان بە خێرایی بڵاویدەکەنەوە لەسەر شێوەی ڕووەکانی نیشاندەری پلاستیکی بەکارهاتوو لە مۆبایل و ئامێری تەلەفزیۆنی بچوك و ئامێری ژمێریاریە هەڵگیراوەکان. لەبەرئەوە چاوەڕوان دەکرێت ئەو پۆلیمەرە تیشکدەرەوە ڕوناکیانە Light Emitting Polymers بەدروستکردنیان بۆ ئەو ڕووە پلاستیکە چاوەڕوانکراوانە.ببنە هۆکارێکی گەورە بۆ پێدان یان لادانی ڕووە زیویە کۆنەکان بۆ سەر ڕەفەی مۆزەخانەکان و بۆ ناو تۆمارەکانی مێژوو. بەڵکو چاوەڕوانی ئەوەش دەکرێت کە ئەو ڕووە پلاستیکیانە ببنە کێبڕکێکەری ڕاستەقینە بۆ تەکنیکی ڕووە نیشاندەرە کریستاڵیە شلەکان Liquid Crystal Display کە بەزۆری بڵاوبونەتەوە.

❖ **سەرسوڕهێنەری پێنجەم: سۆز لە نێوان پلاستیك و ئاودا لە خۆشەویستیەوە بۆ لەناوچوون و دوورکەوتنەوە**

سەرسوڕهێنەرەکانی جیهانی پلاستیك ناوەستێت بەوەی کە هەندێ جۆری پلاستیك توانای گەیاندنی کارەبا یان دروستکردنی کایەی موگناتیسی یان دەرکردنی ڕوناکیان هەیە، بەڵکو هەندێ جۆری پلاستیك توانای خواردنەوەی ئاو یان ووردتر بڵێین توانای هەڵمژینی ئاویان هەیە. هەندێ جۆری پۆلیمەرەکان توانایەکی گەورەیان هەیە لەسەر هەڵمژین Super Absorbent بەشێوەیەك ٤٠٠جار دەتوانێت بەهێندەی کێشەکەی هەڵمژێت لە شلەمەنی

چونکە لە ڕاستیدا لەبەر ئەوە توانای هەڵئاوسانی هەیە Swell و گرتنە خۆی ئاوی هەیە بە میکانیزمێك کە بە شێوەیەکی تەواو ڕاڤە نەکراوە. هەندێ جار ئەو توخمانە ناودەبرێن بە جێڵی ئاوی Hydrogles کە بریتین لە توخمی لینجی پەیوەست بە ژیانی ڕۆژانەمان لانی کەم لەسەر شێوەی دایبی مندالّ یان کرێمەکانی پێست یان جەلی خواردن.

هەروەها دەتوانرێت بەکاربهێنرێت لە هاوێنە پێوەنوساوەکاندا یان لە لەفافی پزیشکیدا هەروەها دەتوانرێت زیادبکرێت بۆ زەوی کشتوکاڵی لەبەر توانا زۆرەکەی بۆ هەڵمژینی بڕی زۆری ئاو دواتر پارێزگاریکردن لەسەر شێداری زەویەکە بۆ درێژترین ماوە کە کرداری ئاوداشتن ئاسان دەکات لە کێڵگە کشتوکاڵیەکاندا.

لەلایەکی ترەوە جۆری زۆر پێشکەوتوو هەن لەو پۆلیمەرانە کە ناسراون بە جێڵی ئاوی زیرەك Intelligent کە بەکارهێنانی ئاڵۆزی هەیە و بەتایبەتیش لە ئیشوکارە پزیشکی و دەرمانخانەییەکاندا. بە جۆرێك ئەو پۆلیمەرانە بەکاردەهێنرێت لە ڕێکخستنی دەرکردنی هۆرمۆنات و دەرمانە ئارام بەخشەکان لەناو لاشەی مرۆڤدا لە ڕێگەی چێکردنی کرداری دەرکردنی پێچەوانەییەوە بۆ ئەو پێکهاتە زیندووانە دوای ئەوەی کە لەناو پۆلیمەرەکەدا هەڵدەگیرێت لە قۆناغەکانی پێشوودا.لەلایەکی ترەوە و لەکاتی گرێدانی هەندێ دەرمانەوە بەو پۆلیمەرانەوە توانای بڵاوبونەوەی ئەو دەرمانانە کەم دەبێتەوە لەدەرەوەی ئەو ناوچانەی کە دەویسرێت چارەسەر بکرێن و لەدوایشدا دەتوانرێت ئەنجامە لاوەکیەکانی ئەو دەرمانانەش کەمبکرێتەوە.

هێندە ماوەتەوە کە بڵێین هەندێ جۆری ئەو جێڵە ئاویە زیرەکانە دەتوانرێت ئامادەبکرێن بە ڕێگەیەکی تایبەت و دواتر بەکاردەهێنرێن بۆ دیاریکردنی هەندێ میکرۆبی بایۆلۆژی لە خواردندا و تەنانەت دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ دروستکردنی ئێسکی جێگرەوە.

ئەگەر ئەو پۆلیمەرانە هەڵبئاوسێن و توانای هەڵمژینی ئاویان هەبێت ئەوا لەبەرامبەریشدا جۆری تر هەن لە پۆلیمەر کە هەست بە وشکی و دوورکەوتنەوەی زۆر دەکەن لە ئاو لەبەرئەوە بەزۆری بەکاردەهێنرێن لە دروستکردنی جلوبەرگ و قوماشدا کە توانای تەڕبونیان نیە Waterproof و لە دایبی مندالأندا و لە جلوبەرگی وەرزشیدا چونکە بە پێچەوانەی قوماشی لۆکەیی ئارەق هەڵنامژێت و یارمەتیدەریشە بۆ فێنککەرەوەی یاریزانان و باشتر بوونی جوڵەشیان.

بۆ بەرهەمهێنانی ئەو جۆرە لە پۆلیمەر کە تەڕنابن دەتوانرێت پۆلیمەرە ئەندامیەکان بەکاربهێنرێت وەکPolyethlene یان پۆلیمەرە نائەندامیەکان وەك پۆلیمەری سلیکۆن و پۆلیمەرەکانی Phosphazenes.

❖ **سەرسوڕهێنەری شەشەم: تەنکی و ناسکی حەریر و ڕەقی بەرد... ئایا پێکەوە کۆدەبنەوە؟**

دۆزینەوەی نایلۆن و ڕیشاڵی حەریری پیشەسازی بوە شۆڕشێکی گەورە و سەرکەوتنێکی بێوێنە کە پاڵینا بە هزرە زانستیەکانەوە بەرەو زیاتر توێژینەوەی داهێنەر بۆ بەرهەمی ڕیشاڵی و داوی زۆر نەرم و وورد و باریك بەلاَم زۆر بەهێز و پتەو. لە دیارترین نمونەکان لەسەر ئەو ڕیشاڵە پیشەسازییانە Synthetic Fibers توخمێکە ناودەبرێت بە Kevlar و لە بەر سروشتی پێکهاتەی زنجیرە پۆلیمەرەکانی توانرا زۆر جۆر لە ڕیشاڵی پتەو و بەهێز بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بەرهەم بهێنرێت. لەبەرئەوە ناویلێنرا Super Fibers بەشێوەیەك هێزەکەی زیاد دەکات بە نزیکەی بیست جار زیاتر لە هێزی داوی پۆلاَیینی.

ئەو داوانە بەکاردێن لەکاری دامەزراندنی ئەندازیاری قورسدا وەك سەکۆی هەڵکەندنی نەوت یان بەشێوەیەکی بەربلاَو بەکاردێن لە جلوبەرگ و ئامێری وەرزشیدا. هەروەها بەکاردێت لەدروستکردنی چاکەت و جلوبەرگی پارێزەر لە فیشەك و هەروەها لە دروستکردنی جلوبەرگی پارێزەر لە ئاگر بۆ پیاوانی ئاگرکوژێنەوە هەوروەها پیاوانی فەزاش بەکاریدێنن بۆ پارێزگاریکردنیان لە تیشکە کەونیەکان.

بەلاَم لە بواری یاریە وەرزشیەکاندا ئەوا بەزۆری بەکاردێت لە دروستکردنی جلوبەرگی وەرزشی پارێزەر لە لێدان لە ئەنجامی کەوتنی یاریزان وەك لە یاریەکانی خلیسکاندن لەسەر بەفر یان ئاو و یاریە وەرزشیە خێرا و مەترسیدارەکانی تریشدا.

سەرەڕای ئەمانە و بەلەبەرچاوگرتنی سیفەتە ڕێگریەکانی بۆ گەرما ئەوا هەڵبژاردەیەکی باشە بۆ دروستکردنی جلوبەرگی ژێر ئاوو جلوبەرگی یاریە زستانەییەکان.

سەرەڕای ئەوەش توخمی Kevlar و لەبەر هێزە گەورەکەی بەکاردێت لە دروستکردنی تایەی بەرگریکار بۆ کونبوون وەك ئەوەی کە بەکاردێت لە فڕۆکە گەورە نەفەر هەڵگرەکاندا.

❖ **سەرسوڕهێنەری حەوتەم: پلاستیکی قسەکەر...ڕاستی یان خەیاڵ**

دوای گێڕانەوەی سەرسوڕهێنەرەکانی پلاستیك لە ڕابووردوودا، لەو بڕوایەدام کە چیدی مرۆڤ پێویستی بە بەڵگەی زیاتر نیە بۆ ئەوەی باوەڕبکات کە پلاستیك لە ژێر بارودۆخی تایبەتدا دەکرێت کە قسە بکات و دەنگ بگوێزێتەوە، بۆ وەدیهێنانی ئەو خەیاڵە زانستیە جۆرێکی تایبەت لە پۆلیمەرەکان بەکاردێت کە بەڕێگایەکی تایبەت ئامادە دەکرێت بۆ ئەوەی تەزوی کارەبای لێوە

بەرهەم بێت کاتێك کە فشارێکی دەرەکی دەخرێتە سەر کە دەناسرێت بە سیفەتی Piezoelectric بەهۆی ئەم فێڵە زانستیەوە کاری نەکردە دەبێتە کرداری وەدیهاتوو.ئەوەی کە پێویستە بکرێت بریتیە لە دروستکردنی پارچەیەکی تەنکی بچووك لەو پلاستیکە و دەخرێتە ناو وەرگرەیەکی دەنگیەوە (( مایکرۆفۆن)) لەدوایدا لەرەی دەنگ دەبێتە هۆی ئاوازی فشارەکە و هێز خستنە سەر پلاستیکەکە و تەزوی کارەبای لێوە بەرهەم دێت کە دەگۆڕێت و وەردەگێڕدرێتە سەر دەنگێکی بیستراو. لە ناسکترین بەکارهێنانی ئەو تولە پلاستیکیە( جگە لە بەرکارهێنانەکانی لەبواری هەوالگری و گوێگرتنی خراپ) دەتوانرێت کە دابنرێت لەسەر شێوەی ئامێرێکی چاودێری و لەنزیك منداڵی شیرەخۆرەی نوستوەوە دابنرێت و دەنگێکی ئاگادارکردنەوە دەربکات لە کاتێکدا منداڵەکە لەهەناسەدان بکەوێت و بۆ ئەو مەسەلەیە بەکارهێنانی باشی هەیە و بەتایبەتیش لە نەخۆشخانە و دایەنگاکاندا.

بەهەمان شێوە هەندێ جۆری پلاستیك دەتوانێت کە تەزوی کارەبا دەربکات ئەگەر کەوتەبەر گەرمی کە ئەم سیفەتەش ناسراوە بە Pyroelectlic لەبەر ئەوە دەکرێت ئەو هەستەوەرە گەرمیانە بەکاربهێنرێت Thermo Sensors بۆ وەلآمدانەوەی بۆ تیشکەکانی ژێرسوور کە دەردەچێت لە لەشی مرۆڤەوە.کە دەبێتە ئاشکراکەرێکی ئاسایشی و سەربازی کە گرنگیەکەی ناشاردرێتەوە.

❖ **سەرسوڕهێنەرەکانی ئایندەی پلاستیك خەریکە دەست بە دروستبوون دەکەن**

سەرەڕای کەمی و تازەیی تەمەنی پلاستیك کە کەمێك زیاترە لە نیوسەدە بەلآم پلاستیك قۆناغی لاوێتی و منداڵی کورتکردۆتەوە بە پێی تەمەنی کاتی لە دونیای زانستدا بە شێوەیەکی پێشوەخت. دەتوانرێت ئەوە ببینرێت بەڕوودانی بازدانێکی جینی گەورە کە پلاستیکی گواستەوە لەسەرەتا شەرمنەکان بۆ پێکهاتەکانی Plyethlene ی سەرەتایی بەشێوەیەکی ڕێژەیی بۆ سەسوڕهێنەرەکانی پلاستیك کە ئامارژەمان بەهەندێکیاندا لە پێشەوە. ئەوەی جێگەی دڵخۆشیە کە پێشکەوتنەکان هێشتا هەر بەردەوامن بەشێوەیەکی بەهێز و زیندووی چاوەڕواننەکراو، توێژینەوە زانستیەکان لەماوەی چەند دەیەیەکەوە زۆربە خێرایە بۆ ئەوەی زانستی پۆلیمەرات بکاتە یەکێك لە زۆرترین لقەکانی کیمیا لە پێشکەوتن و گەشەکردن و ڕەنگاوڕەنگیدا.

بەرهەمە پلاستیکیە زیرەکەکان بەرەو زیادبوون و ئالۆزبوون دەچێت بۆ نمونە ئەوەی ناودەبرێت بە پلاستیکی خۆچاکەرەوە گەشەی پێدراوە Self-repaining کە ئەو پلاستیکە هەڵدەستێت بەچاکردن و چارەسەرکردنی Healing خۆی لەکاتی دروستبوونی درز یان بۆشایی لە پێکهاتەکەیدا.لەکاتێکدا بەر کارێك یان گەرمیەك دەکەوێت ئەوا کەپسولی بچووك لەناوەوەیدا دەشکێت کە بڕێکی زۆر لە Monomer ی ڕەسەنی تیادایە هەروەها هۆکارەکانی هاندانیشی

تیادایە و لەکاتێکدا ئەو مەوادانە تێکەڵ دەبن کارلێکی بە پەلمەرەبوون ڕوودەدات بەشێوەیەکی خۆیی بۆ ئەوەی هەستێت بە لکاندن و داخستنی درزە دروستبوەکان.

جۆرەکانی تر لە پۆلیمەری زیرەك دەتوانێت و بەشێوەیەکی خودی شێوەکەی بگۆڕێت لەگەڵ سیفاتە میکانیکیەکەیدا تەنها بەخستنەسەری کارێکی کارەبایی و بەوەش شێوەی ویستراو وەردەگرێت کە دەناسرێت بە Self- moulding بەشێوەیەك پۆلیمەری زیرەك دەتوانێت ئەو بارودۆخە بەبیر بهێنینەوە کە پێویستە تیایدا دروستببێت.

توێژینەوەکان تا ئێستاش بەردەوامن بۆ چاککردنی بەکارهێنانی ئەو پۆلیمەرانە وەك ناوەندێك بۆ هەڵگرتنی زانیارییە ژمارەییەکان کە ئومێدی ئایندەیەکی گەش دەدەن بۆی لە دروستکردنی ژمێرکارە میکانیکیەکان.

لەکۆتایدا، ئەگەر ئەو زانیاریانەی ئاماژەمان پێدان لەبەرچاوبگرین ئەوا بە پەنهانزان دانانرێین ئەگەر بڵێین کەوا هەزارەی سێیەمی مێژوو لە تۆماری مێژوودا (( ئەگەر خودا شانسی بەردەوام بوون بۆ ئەم شارستانێتیەی ئێستا بدات)) دەناسرێت بە هەزارە و سەدەی پلاستیکی وەك نەمرییەك بۆ توخمێکی کیمیاوی کە شایەنێتی سەر بەو بێت کە شێوە و سیمای دونیای ئێستامانی گۆڕی کە هیچ توخمێکی کیمیاوی تر نەیتوانیوە لە پێشتردا بیگۆڕێت.

❖ بۆیە گرنگە لە کوردستانی خۆشماندا گرنگی بەم پیشەسازیە بدەین و پیشەسازی پترۆکیمیاویات گەشە پێبدەین و دایبمەزرێنین. بۆ ئەوەی لە ڕووی پێشکەوتنە زانستی و پیشەسازییە جیهانییەکان دوانەکەوێت لە کاتێکدا کە بەکارهێنانی جۆرەکانی پلاستیك و پۆلیمەر لە ژیانی ڕۆژانەماندا ڕوو لە زیادبوون دەکات و هیچ بوار و کەلێنێکی ژیانمان نیە کە جۆرێك لە جۆرەکانی پلاستیکی تیادا بەکارنەیەت. بەهیوای ئەوەی کە حکومەتی هەرێم و وەزارەتی پیشەسازی بیرێك و پلانێکی جدی و عەمەلی لەم بوارە و لەبوارەکانی تری پیشەسازی بکەنەوە. کۆمەڵگای کوردەواری لەم دۆخە مشەخۆرییەی ئێستای ڕزگار بکەن و بیکەنە کۆمەڵگایەکی وەبەرهێن و بەخشندە و داهێنەر.

سەرچاوە :

======

ویکیبیدیا ، الموسوعة الحرة.

______________________________

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئەندازیاران ژمارە ٤٤ و ٤٥ لە بەهار و هاوینی ٢٠١٣ و گۆڤاری زانستی سەردەم ژمارە ٥٧ لە زستانی ٢٠١٤دا بڵاوکراوەتەوە.

# ئایندەی کەرتی پیشەسازی بەگشتی لە کوردستاندا بەرەو کوێ لە سایەی ئابوری و بازاڕی ئازاددا؟*

- ئاشکرایە کەرتی پیشەسازی کەرتێکی گرنگ و کاریگەرە لەسەر ژیان و گوزەرانی هەموو کۆمەڵگایەك.کەرتی پیشەسازی یەکێکە لەو پێوەرانەی کە ئاستی گەشە و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگا و هاولاتیانی پێ دەپێورێت.جا هەرچەندە ئەو کەرتە گەشەسەندوو و پێشکەوتووز بێت ئەوا کۆمەڵگاش خۆشگوزەران و ئاستی ژیان تیایدا بەرز دەبێت و بە پێچەوانەشەوە.بۆیە گرنگیپێدانی ئەم کەرتتە ئەرکێکی لە پێشینە و گرنگی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیە.

بەگشتی ولاتی عێراق و بەتایبەتیش هەرێمی کوردستان بنەمای ولاتێکی پیشەسازیان تیادایە.بەهۆی بوونی سەرچاوە و مەوادی خامی هەمەجۆری پیشەسازیەکان لەنەوت و کانزا سروشتیە جۆراوجۆرەکان لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە بونی عەقڵ و توانا و هێزی کار و زانستی زۆر وزەوەند.کە ئەم دوو هۆکارە بنەمای سەرەکین بۆ دامەزراندن و گەشەدان و پێشکەوتنی بواری پیشەسازی، سەرەڕای بوونی بودجە و پارە و پولی پێویست و بەرنامە و پلانی زانستی و واقعی.

وەك ئاشکرایە کوردستان بەگشتی و شاری سلێمانی بەتایبەتی هەر لە مێژەوە سیمای هەرێم و شارێکی پیشەسازیان پێوەدیاربوە و هەڵگرتووە. ئەوەتا شاری سلێمانی هەر لە دامەزراندنیەوە لە ساڵی ١٧٨٤وە لەچەندین بواری پیشەسازیدا جێگە دەست و ناوبانگی هەیە کە لەسەر ئاستی تاکەکەس و میلی هەندێ پیشەی تیادا بلاوبوە وەك : کارگەچی و صابونچی و موتابچی ومزگەری و ئاسنگەری و دارتاشی و خومچێتی وشیرگەری و چەخماخسازی و پێستەخۆشکردن ودەرمانسازی ودروستکردنی خشتی قوڕ و بەردی نەقاڕی وعەتارچێتی و دروستکردنی گەزۆی کوردەواری و میوە و شەربەت و دروستکردنی مافور وبەڕە و ڕستن وچنینی خوری و گوریس و قەیاسە و کۆپاندروویی و بەرگدرویی و دروستکردنی گەلێك خواردنی کوردەواری کە شاری سلێمانی بە کەبابە بەلەزەت و بەتامەکەشی زۆر بەناوبانگە و گەلێکی تریش. یەکەم کارگەی ئەهلیش لەساڵی ١٩٢٧-١٩٢٨ لە سلێمانی دامەزراوە بۆ سۆدە و سیفۆن و لیمۆ پێیان دەوت (ناملێت) کارگەکە

خاوەنەکەی مستەفا بەگ بووە.لەسەر ئاستی حکومیش ئەوەتا یەکەم کارگەی بەرهەمێنی حکومی و گەورە لەساڵی ١٩٥٧دا کەوتۆتە کارکردن بریتی بوە لە کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار و دوای ئەویش لە ساڵی ١٩٥٦دا بەردی بناغەی کارگەی جگەرە و پوختەکردن و ترشاندنی تووتن لە سلێمانی دانراوە و لە ساڵی ١٩٦١دا کەوتۆتە بەرهەمهێنانی جگەرە. و دواتریش کارگەی ڕستنی خوریە لەشارۆچکەی کفری لەساڵی ١٩٧٨ دا و بەدواشیدا هەرسێ کارگەی چیمەنتۆی تاسڵوجە و شەکر و جلوبەرگی ئامادەکراوە لەشاری سلێمانی و کارگەی ئاوی کانزای بانیخێڵانە لە شارۆچکەی دەربەندیخان لەساڵانی هەشتاکاندا ، کە هەموو ئەم کارگانە کارگەی گەورە و ستراتیژین و ڕۆڵ و کاریگەری گەورەیان هەبوە لەسەردەمی خۆیاندا لەکوردستان بە گشتی و بە تایبەتیش لەسلێمانی، هاوکاربوون لەدەستخستنی پێداوستی ناوخۆ لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە دەستخستنی دروای قورس بۆ ولات و لەلای سێهەمیشەوە کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری لە گوند و شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا.هەر لەهەمان بواردا توانراوە کە کارگەی گەچی بازیان لە شارۆچکەی تەکیە و کارگەی خوێی یۆدی بازیان و شۆردنەوەی خوری تەقتەق دابمەزرێنرێت و بەرهەمیان هەبێت.بەم شێوەیە شاری سلێمانی هەر لەسەرەتای دروستبونیەوە سیما و ڕوویەکی پیشەسازی پێوەدیاربوە و ناوبانگی پەیداکردوە و تاکو ئێستاش سلێمانی زۆرترین کارگەی گەورە و مامناوەندی و بچوکی پیشەسازی تێدایە.لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری پیرۆزی ساڵی ١٩٩١ی گەلەکەمان و وەدەرنانی دامودەزگاو ئیدارەی ڕژێمی بەعسی صدامی لە گۆڕنراو وچێکردنی هەڵبژاردنی یەکەمین پەرلەمانی کوردی لە مێژوودا لە ١٩٩٢/٥/١٩دا و دواتر دامەزراندنی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ١٩٩٢/٧/٤دا و کە تائێستا ٧ کابینەی حکومەت پێکهێنراوە و کابینەی هەشتەمیش بەڕێوەیە لە ئەنجامی دوا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە لە بەرواری ٢٠١٣/٩/٢١دا سازدرا،هەموانیان گرنگی تەواویان داوە لە سەرەتادا بە وەزارەتی پیشەسازی و وزە و ئێستاش بەوەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و ئەم وەزارەتە ڕۆڵ وکاریگەری هەبوە لەسەرپەرشتیکردن و بەردەوامبوونی بواری پیشەسازی بەوەی کە لەتوانایدا بوە کە هەرچەندە لە جێگەی خواست و ویستەکانی کۆمەڵگادا نەبوە، کە ئەمەش هۆکاری بابەتی و خۆیی خۆی هەبوە، لەوانەش حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك سیاسەتێکی مەرکەزی هیچ بەرنامە و پلانی نەبوە بۆ بوژاندنەوەی زیاتر و گەشەپێدانی ئەم کەرتە هەستیار و زێدە گرنگە لە دامەزراندنی کارگەی پیشەسازی

گەورە و ستراتیژی لەبوارە جیاوازەکانی پیشەسازید.هەرچەندە هەندێ هەوڵ و هەنگاو هەبوە وەك دامەزراندنی کارگەی جبسۆم بلۆك و بەردی مەڕمەڕ و گرانێت لەماوەت و کارگەی دۆشاوی تەماتە و ئاوی میوە لە هەڵەبجەی شەهید. بەڵام بەداخەوە تائێستا ئەو پڕۆژانە نەبونەتە کارگەی پیشەسازی بەرهەمهێن.کە ئاشکرایە هۆکاری زۆر هەن کە ئێرە جێگەی باسکردنیان نیە.بەڵام دیارترین هۆکار لەو هۆکارانە بریتیە لەوەی کە قۆناغ و سەردەمەکە زۆر جیاوازن لە قۆناغی ڕابوردوی سەدەی بیستەم، بەهۆی گۆڕانکاری سیاسی و ئابوری و فکری و ڕۆشنبیری و زانستی و تەکنەلۆژیایەکانەوە،کە گەلێك پێشکەوتن و داهێنانی سەرسوڕهێنەر هاتونەتە بوون ، هەروەها لە ئەنجامی گۆڕانی نەزمی نوێی جیهان و دیاردەی بەجیهانبوون و کاڵبونەوەی پیرۆزی سەروەری و سنوری وڵاتان لەبەردەم هەڵمەت و باهۆزی دیموکراسی و ئازادیەکان و گەشەسەندن و گەورەبونی ڕۆڵی میدیاو ڕاگەیاندنەکان و وێسگە و کەناڵە ئاسمانیەکان و کرانەوەی بازاڕ و ئابوری و بازرگانیدا کە لەم سەردەمەدا سیاسەت ڕۆڵی پێشەنگی خۆی داوەتە ئابوری و لە ئێساتادا ئابوری و بەرژەوەندیە ئابوریەکان کەمەرکێشی سیاسەت دەکەن و لە ئیسێتادا هێندەی کۆمپانیاو خاوەن سەرمایەکان لە ڕابەرایەتیدان، سیاسەتمەدارەکان بونەتە گرنگن و کورتەباڵا لە ئاڕاستەکردن و ڕەسمکردنی ڕێڕەوی ژیان وگوزەرانی کۆمەڵگاکاندا و هێندەی کۆمپانیا ئابوریە زەبەلاحە فرە نەتەوەییە ئابوریەکان دەسەڵاتیان هەیە نیو هێندە سەرۆکی وڵاتەکان بڕیاریان لەدەستدا نیە.لە ئێستادا کێبڕکێیەکی زۆر بەهێزی ئابوری و بازاڕ و بازرگانی لەنێوان زلهێزەکانی دونیادا هەیە بۆ زیاتر دەستبەسەراگرتنی سەرچاوەی مەوادی خام و دۆزینەوەی بازاڕی نوێ و دەستبەسەراگرتنی هێزی کاری هەرزان . هەموو ئەم هۆکارانە پاڵیان ناوە بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کە سیاسەتی کرانەوەی بازاڕ و ئابوری و بازاڕی ئازاد و بەتایبەتکردنی ((خصخصة))ی کارگە و بواری پیشەسازی پەیڕەو بکات، وەك وەڵامدانەوەیەکی قۆناغەکە و خۆگونجاندیش لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریە گەورانەدا بۆئەوەی لە کاروانی سەردەمەکە دوانەکەوێت.هەرچەندە پەڕینەوە لە دونیایەکی داخراو وکۆنترۆڵکراو و شمولی سەردەمی ڕژێمی بەعسەوە بۆ سەردەمێکی تەواوکراوەی وەك ئێستا بۆ کورد زۆر سەختە چونکە بۆخۆی کورد خاوەنی ئیدارە و دەوڵەتی سەربەخۆ نیە و ئەزمونی بەڕێوەبردنی وڵاتیشی نەبوە لەوەوپێش.هەربۆیە لە ئەنجامی ئەم هۆکارانەدا تائێستا لەماوەی ٢٠ ساڵی ڕابووردوودا نەتوانراوە سەرکەوتنی بەرچاو وەدەستبهێنرێت هەرچەند

هەندێ هەوڵ لێرەو لەوێ سەریانگرتوە. چونکە هێندەی کوردستان بۆتە بازاڕێکی گەرم و کراوە بۆ کاڵاکانی دەرەوە و دەرودراوسێ نیوهێندە کورد نەیتوانیوە کە کەرتی پیشەسازی بەتایبەتی و بەگشتیش هەموو کەرت و بوارەکانی تری کۆمەڵگا ببوژێنێتەوە و ئەمیش کاریگەری لەسەر دەوروبەرەکەی خۆی هەبێت . بۆیە لە ئێستادا کوردستان و کۆمەڵگای کوردەواری بۆتە بازاڕێکی فرە بەرهەمی فرەنەتەوەیی و فرەکالایی و کراوە بە ڕووی هەموو دەرودرواسێکان و دونیاشدا.

هەربۆیە ، بەداخەوە لەلایەك بەهۆی نەبونی بەرنامە و پلانی زانستی و واقعی بۆ گەشەپێدان و بوژاندنەوەی کەرتی پیشەسازی و لەلایەکی تریشەوە نەتوانینی کێبڕکێ لەگەڵ بەرهەم و کالا دەرەکیەکاندا لە ڕووی بڕ و جۆر وکوالێتیەوە.بونەتە هۆی ئەوەی کە ئەو کارگانەشی کە هەبون و مێژوویەکی پڕشانزیان هەبوە بۆ کوردستان بەگشتی و شاری سلێمانی بەتایبەتی بەرە و نەمان و هەڵوەشاندن و لەکار وەستان و فرۆشتن بونەتەوە و لە سەر جوگرافیای پیشەسازی و سلێمانیش بەتەواوەتی سڕدراونەتەوە.ئەوەتا:

١. کارگەی شەکری سلێمانی لە ساڵانی هەشتاکانەوە لەکار وەستاوە و لە ئێستاشدا بەرنامە هەیە بۆ فرۆشتنی.

٢. کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار: لە ئێستادا فرۆشراوە و نەماوە.

٣. کارگەی جلوبەرگی ئامادەکراو : لە ئێستادا دراوە بەکرێ بەکەرتی تایبەت و ئەویش بەرهەمی جلوبەرگی پێدەرناکات.

٤. کارگەی جگەرەو پوختەکردن و ترشاندنی تووتن: لە ساڵی ٢٠٠٥وە لەکار و بەرهەم وەستاوە ولە ئێستاشدا بەرنامە هەیە کە بکرێتە سەنتەرێکی کەلتوری سلێمانی و موڵکیەتیشی خراوەتە سەر وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٥. کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە: دراوە بەکەرتی تایبەت و لە کاردایە.

٦. کارگەی ئاوی کانزای بانیخێلان: دراوەتە کەرتی تایبەت.

٧. کارگەی گەچی هونەری بازیان: لە بنەڕەتدا خاوەندارێتی بۆ عائیلەی بونیە دەگەڕێتەوە و لە ساڵی ١٩٩١وە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بەڕێوەی دەبات و لە ئێستادا بەرهەمی زۆر کەمە و لە قازانجدا نیە.

٨. کارگەی خوێی یۆدی بازیان: لە ئێستادا دراوە بەکەرتی تایبەت و ئەویش بەرهەمی خوێ دەرناکات.

٩. کارگەی ڕستنی خوری کفری: لەلایەن حکومەتەوە بەڕێوەدەبرێت و کاردەکات بەڵام لەسەر قازانج نیە.

بەم شێوەیە کەرتی پیشەسازی حکومی ڕۆژ بەڕۆژ لە پاشەکشەکردن و بچوکبونەوە و نەماندایە و ئەو کارگانەشی کەماون و لەکاردان بەدڵنیایی چارەنوسیان لە چارەنوسی ئەوانی پێشخۆیان باشتر و ڕوونتر نابێت.چونکە چ سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و چ کەش و هەوای سەردەم و قۆناغەکەش لەبەرژەوەندی و بە ئاڕاستەی بوژاندنەوە و گەشەپێدانی کەرتی پیشەسازیدا نین.

❖ بەڵام لەلایەکی ترەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێگای دەزگای هاندانی وەبەرهێنان و دەرکردنی یاسایەکی مۆدێرن و سەردەمیانە کە هانی وەبەرهێنی دەرەکی دەدات بۆئەوەی سەرمایەگوزاری بکات لە کوردستاندا لە هەمووبوارەکاندا و لەڕێگەی کەرتی تایبەتی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیەکانی گەشەپێدانی پیشەسازی سەر بەوەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و دەرکردنی یاسای گەشەپێدانی پیشەسازی و پێدانی قەرزی پیشەسازی بەخاوەن سەرمایەکان بۆ دامەزراندنی کارگەی مام ناوەند و بچوکی پیشەسازی لەهەموو بوارەکانی ئینشائات و خۆراکی و ئامێر و مەکینە و کانزا و ناکانزا و ڕستن و کاغەزی....هتد. کارئاسان و دەسگیرۆیی زۆری خاوەن سەرمایەکانی کردوە، خۆشبەختانە لەم بوارەدا توانراوە گەلێك لەو جۆرە کارگانە دابمەزرێت و هەریەکەیان بەپێی توانا و وزەی بەرهەمهێنانیان بەشداریبکەن لە بوژاندنەوە و بەردەوامیپێدانی کەرتی پیشەسازی لەکوردستاندا و لەسەر ئاستی هەرسێ پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆکدا.

ئەم خشتانەی لای خوارەوە ژمارە وجۆر و دۆخی کارگە و هەلی کار و سەرمایەی ئەو کارگانە دەردەخات کە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە جێبەجێکراون لەهەریەکە لە ٣ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستاندا تا مانگی ٢٠١٣/٨.

**خشتەی کارگەکانی کەرتی تایبەتی شاری هەولێر**

| ز | جۆری کارگە | هەولێر | | |
|---|---|---|---|---|
| | | ژمارەی کارگە | سەرمایەی کارگە | هەلی کار |
| ١ | بینا | ٨٨٦ | ١٧٧٠٠٥ | ١١٤٥٦ |
| ٢ | ئامێر و مەکینە | ١٩٣ | ٢٠٨٢٢ | ٢٣٨٩ |
| ٣ | خۆراکی | ٤١٠ | ٩٤٩٦٢ | ٥٥٦٧ |
| ٤ | کارەبایی | ٣٢ | ٨٣٥٠ | ٦٧٢ |
| ٥ | ناکانزایی | ٦١٦ | ١١٥٥٥١ | ٧٣٧٤ |
| ٦ | کانزایی | ٤٣٥ | ٤٤٧٨٨ | ٤١٣٩ |
| ٧ | ڕستن | ٥٠ | ٤٨٧٨ | ٥٨٤ |
| ٨ | کاغەزی | ٣١ | ٩٤١٣ | ٣٣٣ |
| | کۆ | ٢٦٥٣ | ٤٧٥٧٦٩ | ٣٢٥١٤ |

**تێبینی : لە کۆی ٢٦٥٣ کارگە، ١٨٧٧ کارگە کاردەکەن و ٧٧٦ کارگەش لەکار وەستاون.**

**خشتەی کارگەکانی کەرتی تایبەتی شاری سلێمانی**

| ز | جۆری کارگە | سلێمانی | | |
|---|---|---|---|---|
| | | ژمارەی کارگە | سەرمایەی کارگە | هەلی کار |
| ١ | بینا | ٥٩٤ | ١٤٣١١٩٤ | ٣٤١١ |
| ٢ | ئامێر و مەکینە | ١٣١ | ٨٩٤٠١ | ٤٦٢ |
| ٣ | خۆراکی | ٣٠٦ | ٧٧٤٣٩٣ | ١٧٧٦ |
| ٤ | کارەبایی | ٥ | ٨٢٠٨ | ١٠٧ |
| ٥ | ناکانزایی | ٣٠٩ | ٢٤١٤٢٨ | ١٩٣٨ |
| ٦ | کانزایی | ١٤٧ | ٤٩٣١٩٦ | ٩٢٠ |
| ٧ | ڕستن | ٨ | ٣٨٥ | ٧٣ |
| ٨ | کاغەزی | ٩ | ٢٢٧١٧٢ | ٦٧ |
| | کۆ | ١٥٠٩ | ٣٢٦٥٣٧٧ | ٨٧٤٥ |

تێبینی : لەکۆی ١٥٠٩ کارگە، ٦٠٩ کارگە لەکاردان و ٩٠٠ کارگەش لەکار ڕاوەستاون.

**خشتەی کارگەکانی کەرتی تایبەتی شاری دهۆک**

| ز | جۆری کارگە | دهۆک | | |
|---|---|---|---|---|
| | | ژمارەی کارگە | سەرمایەی کارگە | هەلی کار |
| ١ | بینا | ٢٥٥ | ١١٩١٦٨ | ٤٧٦٠ |
| ٢ | ئامێر و مەکینە | ٩ | ١٩١٤ | ٩٩ |
| ٣ | خۆراکی | ١٣٦ | ٧١٧١٩ | ٣٩٧٦ |
| ٤ | کارەبایی | ٨ | ٢٩٣٩ | ٢٧١ |
| ٥ | ناکانزایی | ١٥٨ | ٤٨٣٧٧ | ٢٦١٧ |
| ٦ | کانزایی | ٥١ | ١٩١٨٧ | ١٣٤٢ |
| ٧ | ڕستن | ٩ | ٤٥٣١ | ٣١٢ |
| ٨ | کاغەزی | ١١ | ٣٠٣٠ | ١٧٤ |
| | کۆ | ٦٣٧ | ٢٧٠٨٦٥ | ١٣٥٥١ |

تێبینی : لە کۆی ٦٣٧ کارگە، ٣٠٧ کارگە لەکاردان و ٣٣٠ کارگەش لەکار ڕاوەستاون.

**خشتەی کۆی ژمارە و جۆری کارگەکانی کەرتی تایبەت لە هەرسێ پارێزگاکەدا بریتیە لە ٤٧٩٩ کارگە**

| ز | شار | بینا | ئامێر و مەکینە | خۆراکی | کارەبایی | ناکانزایی | کانزایی | ڕستن | کاغەزی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هەولێر | ١١٤٥٦ | ٢٣٨٩ | ٥٥٦٧ | ٦٧٢ | ٧٣٧٤ | ٤١٣٩ | ٥٨٤ | ٣٣٣ |
| ٢ | سلێمانی | ٣٤١١ | ٤٦٢ | ١٧٧٦ | ١٠٧ | ١٩٣٨ | ٩٢٠ | ٧٣ | ٦٧ |
| ٣ | دهۆک | ٤٧٦٠ | ٩٩ | ٣٩٧٦ | ٢٧١ | ٢٦١٧ | ١٣٤٢ | ٣١٢ | ١٧٤ |
| | کۆ | ١٩٦٢٧ | ٢٩٥٠ | ١١٣١٩ | ١٠٥٠ | ١١٩٢٩ | ٦٤٠١ | ٩٦٩ | ٥٧٤ |

**بەم شێوەیە دەبینین كە :**

**كۆی ژمارەی كارگەكانی كەرتی تایبەت لە هەرێمدا ٤٧٩٩ كارگەن**

**كۆی كارگەكان كە لەكاردان =٢٧٩٣ كارگەن**

**كۆی كارگەكان كە ڕاوەستاون =٢٠٠٦ كارگەن**

**خشتەی كۆی سەرمایەی كارگەكانی كەرتی تایبەت لە هەرسێ پارێزگاكەدا بریتیە لە(( ٤٠١٢٠١١)) دیناری عێراقی**

**( بە ملیۆن ) كارگە**

| ز | شار | بینا | ئامێر و مەكینە | خۆراكی | كارەبایی | ناكانزایی | كانزایی | ڕستن | كاغەزی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هەولێر | ١٧٧٠٠٥ | ٢٠٨٢٢ | ٩٤٩٦٢ | ٨٣٥٠ | ١١٥٥٥١ | ٤٤٧٨٨ | ٤٨٧٨ | ٩٤١٣ |
| ٢ | سلێمانی | ١٤٣١١٩٤ | ٨٩٤٠١ | ٧٧٤٣٩٣ | ٨٢٠٨ | ٢٤١٤٢٨ | ٤٩٣١٩٦ | ٣٨٥ | ٢٢٧١٧٢ |
| ٣ | دهۆك | ١١٩١٦٨ | ١٩١٤ | ٧١٧١٩ | ٢٩٣٩ | ٤٨٣٧٧ | ١٩١٨٧ | ٤٥٣١ | ٣٠٣٠ |
| | كۆ | ١٧٢٧٣٦٧ | ١١٢١٣٧ | ٩٤١٠٧٤ | ١٩٤٩٧ | ٤٠٥٣٥٦ | ٥٥٧١٧١ | ٩٧٩٤ | ٢٣٩٦١٥ |

**خشتەی كۆی ژمارەی هەڵی كاری كارگەكانی كەرتی تایبەت لە هەرسێ پارێزگاكەدا بریتیە لە(( ٥٤٨١٩ )) كارگە**

| ز | شار | بینا | ئامێر و مەكینە | خۆراكی | كارەبایی | ناكانزایی | كانزایی | ڕستن | كاغەزی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هەولێر | ٨٨٦ | ١٩٣ | ٤١٠ | ٣٢ | ٦١٦ | ٤٣٥ | ٥٠ | ٣١ |
| ٢ | سلێمانی | ٥٩٤ | ١٣١ | ٣٠٦ | ٥ | ٣٠٩ | ١٤٧ | ٨ | ٩ |
| ٣ | دهۆك | ٢٥٥ | ٩ | ١٣٦ | ٨ | ١٥٨ | ٥١ | ٩ | ١١ |
| | كۆ | ١٧٣٥ | ٣٣٣ | ٨٥٢ | ٤٥ | ١٠٨٣ | ٦٣٣ | ٦٧ | ٥١ |

**تێبینی** : هەموو ئەو زانیاریانەی کە لەو خشتانەی سەرەوەدا هاتوون لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی/ بەڕێوەبەرایەتی پلاندانانەوە دەستمان کەوتووە بە سوپاسەوە.

ئەوەتا چەندین کارگەی چیمەنتۆ و ئاسنتوانەوە کەوتونەتە بواری جێبەجێکردن و بەرهەمهێنانەوە و چەندین کارگەی مامناوەند و بچکویش لەناوچە پیشەسازیەکاندا دامەزراون. کە بەهەموانیان دەتوانن گڕوتینێك بدەنەوە بەلاشەی ساردوسڕ و پوکاوە و سستی کەرتی پیشەسازیدا.کە جێگەی ئومێدی گەورەشن بۆ ئاییندە.

بۆیە گەر حکومەت خۆی سیاسەت و پلانی نەبێت بۆ دامەزراندنی کارگەی پیشەسازی، ئەوا پێویستە بەو پەڕی تواناوە هاوکاری و هانی خاوەن سەرمایەکان بدات لەناوخۆ و دەرەوە بۆ بەشداربوون لە گەشەسەندن و هەستانەوەی کەرتی پیشەسازیدا.

❖ خاڵێکی زۆر گرنگ کە پێویستە ئاماژەی پێبدرێت ئەوەیە کە گەشەسەندن و بوژاندنەوەی کەرتی پیشەسازی بەسراوەتەوە بە بوژاندنەوە و ڕێکخستنەوەی کەرتی کشتوکاڵی، و ئەم دوو بوارە لەیەککاتدا تەواوکەر و هاوکار و پشتیوانی یەکترن و هیچ کامیان بێ ئەویتریان ناتوانێت سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، چونکە زۆربەی کەرەسە خاو و سەرەتاییەکانی بواری پیشەسازی لە کەرتی کشتوکاڵیەوە بەدەست دێت بەتایبەتی بواری پیشەسازیە خۆراکیەکان.بۆیە پێویستە گرنگیدان بەم دوو کەرتە لەیەك ئاست و گوڕ وتیندا بن. بۆئەوەی کوردستان وکۆمەڵگای کوردەواری لە ئایندەدا لە کۆمەڵگایەکی بێکار و هەژار و دواکەوتوو ونەخۆشەوە بگۆڕدرێت بۆ کۆمەڵگایەکی وەبەرهێن و بزوێنەر و پڕ دەسکەوت و داهات و خۆشگوزەران و پێشکەوتوو و وەپشت بەستوو بەتوانا مادی و مرۆییەکانی خۆی و لەکاتی تەنگانە و گەمارۆ ئابوریەکاندا پشتببەستێتە سەر تواناکانی خۆی لە کشتوکاڵ و پیشەسازی و ...هتد.

هەربۆیە سەرەڕای بوونی سەرچاوە و داهاتێکی زۆری نەوت و غازی سروشتی لە عێراق و کوردستاندا ، ناکرێت پشت بکرێتە هەر دوو کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی بە بیانوی دەوڵەمەندی و زۆر و زەوەندی نەوت و کانزا و سامانە سروشتیەکانی ترو نابێت بودجەی وڵات تەنها و تەنها پشت ببەستێتە سەر داهاتی نەوت. بەتایبەتی کە تائێستا کوردستان نەبۆتە وڵاتێکی سەربەخۆ تا خۆی بڕیاری سیاسی و ئابوری لەبواری نەوتدا بدات و نەبۆتە ئەندام لە ڕێکخراوی ئۆپیکدا و تائێستا دونیا وەك هەرێمێك لە چوارچێوەی دەوڵەتی

مەرکەزی عێراقیدا مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا دەکەن. هەرچەندە کوردستان چۆتە سەر نەخشەی نەوت و گازی سروشتی دونیا کە ئەمە بۆ خۆی دەسکەوتێکی گرنگە بۆ ناسین و پلەو پایەی کوردستان لە ئایندەدا.

لە پێناو گەشەپێدان و پێشخستنی هەردوو بواری کشتوکاڵ و پیشەسازیدا، پێویستە حکومەتی هەرێم گرنگی زیاتر بداتە پێگەیاندنی کادری شارەزا و پسپۆڕ و توێژینەوەی زانستی ، بۆئەوەی بتوانرێت کە هەلی زیاتر ونویٚ بدۆزرێتەوە بۆ ئەو ژمارە زۆرەی خوێندکاران کە سالأنە لەزانکۆ و پەیمانگاکانەوە دەردەچن، بەمەش دەتوانرێت نەوەیەکی خۆبژێن و پشت ئەستوور بەخۆ دروستبکرێت کە سوود لەتوانا زۆر و زەوەندە مادی و مرۆییەکانی کوردستان وەربگرن و بتوانن کۆمەڵگای کوردەواری بکەنە کۆمەڵگایەکی ئابوری خۆبژێن و سەرکەوتوو گەشەکردوو کە ببێتە بنەمایەکی بەهێزیش بۆ دامەزراندن و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ لە ئایندەدا.چونکە کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی ماکو بنەمای دامەزراندن و دروستبوونی هەموو دەوڵەتێکی سەربەخۆن.

بۆیە بەداخەوە گەر هەردوو بواری کشتوکاڵی و پیشەسازی وەك ئێستا گرنگیان پێبدرێت ئەوا ئایندەیەکی لێڵ و تاریك و بێئومێد چاوەڕوانی کۆمەڵگا و نەوەکانی داهاتووە. بەلأم دڵنیام خواست و ویست و ئیرادەی نەوەی نویٚ بەم جۆرە ڕێگا ناگرێتە بەر و ڕۆژگار و قۆناغێکی نویٚ دادێت کە جارێکی تر و وەك سوڕێکی نوێی ژیان هەردوو کەرتی کشتوکاڵی و پیشەسازی دەکەوتنەوە گەڕ و کۆمەڵگا ڕوویان تێدەکاتەوە و پشتیان پێدەبەستێت ، چونکە ئەو دوو کەرتە وەك ڕێژەیەکی نەگۆڕ و وەك دووکۆڵەکەی بنەڕەتی بوژاندنەوەی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵگا هەر بەردەوام و دەمێننەوە. بەو هیوایەی ئەو ڕۆژگار و سەردەمە زۆر درەنگ وەخت دەستپێنەکات و بە زووترین کات لە ئاسۆدا هەڵبێت و ئایندەی کەرتی پیشەسازی ڕوونتر بکاتەوە.

---

* ئەم بابەتە لە کوردستانی نویٚ ژمارەکانی ٦٣١٤ و٦٣١٥ لە ٢٤ و٢٥ /٢/٢٠١٤دا بڵاوکراوەتەوە.

# خوێندنەوەیەك بۆ سیاسەتی نەوتی کوردستان*

## • پێگەی جیۆپۆلەتیکی کوردستان

سەرەتا پێگەی جیۆسیاسی و جیۆ ئابوری هەرێمی کوردستان، هەڵکەوتەیەکی گرنگی هەیە، چونکە کەوتۆتە ناوچەی خۆرهەلأتی ناوەڕاست ونێوان هەردوو حەوزی قەزوێن و کەنداوی عەرەبیەوە کە ئەم دوو حەوزە بونەتە دوو سەرچاوەی زۆر گرنگ و دەوڵەمەندی نەوت و گازی سروشتی هەموو دونیا. لەلایەك کوردستان بۆخۆی دەوڵەمەندە بە دوو سەرچاوەی وزە کە ئەوانیش ئاو و نەوت و گازی سروشتین و لەلایەکی تریشەوە کوردستانی گەورە و هەرێمی کوردستانیش بونەتە ڕێڕەوێکی گرنگ بۆ تێپەڕبوونی لولە نەوتگوێزەرەوەکان بۆ ئەوروپاو و دونیای ڕۆژئاوا.

هەروەها لە ڕووی تێوریە جیۆپۆلیتیکیەکانەوە لە ئێستادا هەرێمی کوردستان کەوتۆتە ناوجەرگەی هارتلاندی نوێی دونیاوە (( جەرگەستان)) کە زاراوەیەکە لە تێوری هارتلاندی سێر هالفرد جۆن ماکیندەر وەرگیراوە کە ئەو وولأتانەی دەکەونە ئەم جەرگەستانەوە ڕۆڵ وکاریگەری گەورەیان دەبێت لەسەر ناوچەکە و دونیاش و پێگەیەکی ستراتیژیشیان دەبێت. لەکاتێکدا لە سەدەی ڕابووردوودا هەرێمی کوردستان بەپێی ئەو تێوریانە دەکەوتە ناوچەی ڕیملاند واتە(( کەنارستان)). ئەم جێگۆڕکێیە بۆخۆی کارێکی ئاساییە بەپێی هەمان تێوری جیۆپۆلەتیکی، ئەم گۆڕانکاریەش لەوەوە سەرچاوەی گرتوە، کە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی و کوردستانی گەورەش دەوڵەمەندن بە سەرچاوەی نەوت و غازی سروشتی. لە دونیای ئێستاشدا هێندەی ئابوری و بازرگانی و بازاڕەکان و کۆمپانیا ئابوریە فرە نەتەوەییە زەبەلاحەکان و بەرژەوەندی و سوودە ئابوریەکان ڕۆڵ وکاریگەری دەگێڕن لەسەر نەخشی دونیا و سیاسەتی ولأتاندا، نیوهێندە سیاسەت و ئایدۆلۆژیا ڕۆڵ وکاریگەرییان نیە.




**گرنگی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە ڕووی یەدەگی نەوتیەوە لە جیهاندا**

**هەرێمی کوردستان و کوردستانی ڕۆژئاوا و باکور و ڕۆژهەلاتیش خۆشبەختانە بونەتە جێگەی کنە و پشکنین و گەڕانی کۆمپانیا نەوتیە زەبەلاحەکانی دونیا.کوردیش لە باشوور و ڕۆژئاوادا بالادەستن بەسەر هەردوو سەرچاوەی نەوت و غازی سروشتی لە کێڵگە و بیرە نەوتەکاندا.و هەر لەبەر ئەم دەوڵەمەندیە و گرنگی هەڵکەوتەی جیۆپۆلەتیکی کوردستانە کە کەوتۆتە نێوان هەردوو حەوزی قەزوێنی دەوڵەمەند بە نەوت و غازی سروشتی و سەرچاوەکان ڕایانگەیاندوە کە یەدەگی ئەم حەوزە لە ١١٠ بۆ ٢٥٣ ملیار بەرمیل نەوتە ویەدەگی غازیشی بریتیە لە ٢٣٦ بۆ ٣٣٧ تریلیۆن مەتر سێجا کە ئەمە دەکاتە ٥-٨٪ کۆی سامانی غازی سروشتی گۆی زەوی. حەوزی کەنداویش کە بەدووەم ناوچەی دەوڵەمەدنی نەوت و غازی سروشتی هەموو دونیا دادەنرێت و بری ٧٤٨٫٩ ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگی هەیە کە دەکاتە ٥٩٫٥٪ کۆی سامانی ژێر زەوی نەوتی دونیا و بڕی ٧٩٫٩ تریلیۆن مەتر سێجا غازی سروشتیشی هەیە کە بە گرنگترین و دەوڵەمەنترین گەنجینەی غازی دونیا دادەنرێت ،بەرهەمهێنانی نەوتی ئەم ناوچەیە بریتیە لە ٣٠٫٩٪ ی بەرهەمی هەموو جیهان و ڕێژەی ٤٠٫٦٪ هەموو غازی سروشتی دونیاشی هەیە. هەر لەبەر ئەم دەوڵەمەندیە و گرنگیەی ئەم دوو حەوزە پرۆفیسۆر جیفری کەمپ لە سالی ١٩٩٧ دا هەردوو ناوچەکانی قەزوین و کەنداوی بە (( هێلکەی ستراتیژی وزە))**

ناوزەدکردوە و کوردستانیش کەوتۆتە ناوجەرگەی ئەم ناوچە گرنگ و ستراتیژەیەوە.هەربۆیەش توانراوە باشوری کوردستان بخرێتە سەر نەخشەی دونیای نەوت و غازی سروشتی و وەك هەرێمێك و ناوچەیەکی دەوڵەمەند بە سەرچاوەکانی وزە لە نەوت و غازی سروشتی بناسرێت.

باشوری کوردستان و کوردستانی گەورە کەوتونەتە باشوری خۆرئاوای جەرگەستان کە لە ئێستادا ئەوروپای خۆرهەلأت و بەڵکان و ئاسیای ناوەند و ئێران و چین و هندستان و کەنداوی عەرەبیش دەگرێتەوە و دەناسرێت بە ناوچەی ئۆراسیا. کە تێوریستەکانی بواری جیۆپۆلەتیك و لەوانەش بریژنیسکی لە مێژە گوتویانە کە (( ئۆراسیا هەم دڵی دنیایە، هەم کلیلی کۆنترۆڵکردنی گشت جیهانیشە)) ،چونکە بەشی هەرەزۆری سەرچاوەکانی وزەی دونیا کە دەگاتە ٧٠٪ لەم ناوچەیەدایە. بۆیەش لە کۆنەوە تاکەو ئێستاش و بۆ ئایندەش ململانێی زلهێزەکانی دونیا لەسەر دەستبەسەرداگرتنی ئەم ناوچەیە بوە و بەردەوامیش دەبێت.کە دەکرێت کوردیش سوودی زۆر لەم پێگە و هەڵکەوتە جیۆپۆلەتیکیەی وەربگرێت و بیخاتە خزمەت ئایندەی کورد و کوردستانەوە.

- **جوگرافیای نەوت و غازی سروشتی کوردستان**

وەك ئاشکرایە کوردستانی گەورە نزیکەی ٥٥٠کیلۆمەتر دوجا ڕووبەرەکەیەتی و داگیر و دابەشکراوە بەسەر چوار دەوڵەتی تورکیاو ئێران و عێراق و سوریاو بەشێکیشی لە نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجاندایە و کۆی دانیشتوانەکەی نزیکەی ٤٠ ملیۆن کەس دەبێت.

کوردستانی گەورە هەڵکەوتەیەکی پێکەوەیی هەیە لە نێوان هەر چوار بەشەکەدا و دەوڵەمەنترین بەشی ئەو چوار وڵاتەشی پێکهێناوە.لەڕوی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بونی هێزی کاری هەرزان و سەرچاوەی سامانە سروشتیەکانی و نەوت و گازی سروشتیەوە. بە شێوەیەك کە سەرچاوەی داهاتێکی زۆر و زەوەندە بۆ ئەو وڵاتانە و هەربۆیەش هەرچی دەکەن نایان گەرەکە کە کوردستانیان لێجیاببێتەوە و دەوڵەتێکی کوردستانی گەورەی

بەهێز دابمەزرێت،چونکە باش دەزانن ئەم کوردستانە گەورەیە لە زۆر ڕوەوە لەوان بەهێزتر دەبێت لەناوچەکەدا.

**•کوردستانی باشوور**

کە دەکەوێتە دەوڵەتی عێراقەوە و ڕووبەرەکەی بریتیە لە ٨٣٦٤٣ کیلۆمەتر دووجا و ٥٥٠٠٠٠٠ کەس ژمارەی دانیشتوانەکەیەتی وپێگەیەکی گرنگ و دەوڵەمەندیشی هەیە و یەکەم بیرە نەوت لە کوردستان و لەشاری کەرکوک لەساڵی ١٩٢٧دا دۆزراوەتەوە و نەوتی لێدەرهێنراوە.و تائێستاش پرۆسەی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوتی کەرکوک هەر بەردەوامە و چەندین کێڵگەی عیملاق و ٣٣٧ بیرە نەوتی تیادایە.



نەخشەی ناوچە نەوتیەکانی هەرێمی کوردستان

لە کوردستانی باشوردا نزیکەی ٥٠ ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگ هەیە کە دەکاتە سێیەکی هەموو نەوتی یەدەگی عێراق و بەمەش دەبێتە شەشەمین ناوچەی دەوڵەمەندی دونیا بەنەوت و غازی سروشتی، کە یەدەگی غازی سروشتیشی بریتیە لە ٣ تریلیۆن مەتر سێجا.




کێڵگەی نەوت و غازی سروشتی کوردستان

وا بڕیارە لەساڵی ٢٠١٤ بڕی نەوتی بەرهەمهێنراو بگاتە ٢٥٠ هەزار بەرمیل و وەك سەرۆکی حکومەتی کاربەڕێکەریش لە بەرواری ٢٠١٤/٥/٢٨دا لە بەردەم پەڕلەمانی کوردستاندا ڕایگەیاند هەوڵدەدەن لە کۆتایی ساڵدا بیگەیەننە ٥٠٠ هەزار بەرمیل ولەساڵی ٢٠١٥دا بگاتە ١ ملیۆن بەرمیل و ساڵی ٢٠١٩ ش بگاتە ٣ ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا. کە ئەمەش دەبێتە هۆی کۆکردنەوەی داهاتێکی زۆر وزەوەند بە ملیار و بلیۆنان دۆلار.

بەم پێیە بێت ئەگەر ڕۆژانە ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت بفرۆشرێت لەو ٥٠ ملیار بەرمیلە ئەوا بەشی زیاد لە ٥٠٠ ساڵی ئاینده نەوت هەیە. کە ئەمە مژدەی ئایندەیەکی گەشە بۆ نەوەکانی ئایندە. لە باشوری کوردستاندا نزیکەی ٤٠ کۆمپانیای نەوتی گەورە و بچوك و مام ناوەندی لە ١٧ وڵاتی جیهانی هەیە و زیاد لە ٥٦ گرێبەستی نەوتی ئیمزاکراوە . کە لەناویاندا ٤ کۆمپانیای زەبەلاحی جیهانی بواری نەوت هەیە وەك (( ئەکسن مۆبیل و شیفرۆنی ئەمریکی و گازپرۆمی ڕوسی و توتاڵی فەرەنسیە)).

**•کوردستانی ڕۆژئاوا**

ئەم بەشەی کوردستان ڕووبەرەکەی بریتیە لە ١٨٣٠٠کیلۆمەتر دووجایە و ژمارەی دانیشتوانەکەی نزیکەی ٥ ملیۆن کەس دەبێت و دەوڵەمەندە بە نەوت و غازی سروشتی و کێڵگەکانی دەکەوێتە ناوچەی دێرکی/ مالکیە لە پارێزگای حەسەکە لە (( قەرەتشۆك و ڕومێلان و لەیلان و سویدیە)). کە سەرچاوەیەکی گرنگی نەوت و غازی سروشتی و کبریتی هەموو سوریان و لەساڵی شەستەکانی سەدەی ڕابوردووەوە دەستکراوە بە دەرهێنانی ئەو سەرچاوانەی وزە. و یەدەگی نەوت بریتیە لە ٧ر٦ ملیار بەرمیل و ٢٤١ ملیار مەتر سێجا غازی سروشتی تیادایە.

**•کوردستانی ڕۆژهەلاَت**

ئەم بەشەی کوردستانیش کە ڕووبەرەکەی ١٢٤٩٠٠ کیلۆمەتر دووجایە و ژمارەی دانیشتوانەکەشی لە نێوان ٦–٨ ملیۆن کەس دەبێت لەناوچەی شائاباد و دەوڵەمەندە بە نەوت و غازی سروشتی و بۆخۆی دەوڵەتی ئێران بە سێیەم وڵاتی دەوڵەمەند دەژمێردرێت لە ڕووی بونی نەوت و غازی سروشتیەوە.

**•کوردستانی باکوور**

ئەم بەشەی کوردستانیش کە ڕووبەرەکەی ١٩٤٤٠٠ کیلۆمەتر دووجایە و ژمارەی دانیشتوانەکەشی ٢٠–٢٥ ملیۆن کەس دەبێت ولە ناوچەی باتمان کێڵگەی نەوتی تیادایە و گرنگی و کاریگەری گەورەی هەیە لە ئابوری و ئایندەی وڵاتی تورکیادا.

**•سیاسەتی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

وەك ئاشکرایە بۆ یەکەمین جار لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ی گەلەکەمانەوە و لەسەردەمی یەك حکومەت و یەك ئیدارەیی کوردستاندا و لەسەردەمی کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمدا بە سەرۆکایەتی ڕێزدار کۆسرەت ڕەسولدا لەساڵی ١٩٩٤دا یەکەم بیرە نەوتی کوردی لەناوچەی شیواشۆکی تەقتەق لە کۆیە لەسەر دەستی ئەندازیار و تەکنیککار و کرێکارانی کورد خۆیدا هەڵدرانەوە و نەوت دەرهێنرا. هەر بۆیەکەم

جاریش لە ١٩٩٧/١٢/٥دا لە ژێر دەسەڵاتی یەکێتیدا لە سلێمانی یەکەم پاڵاوگەی نەوتی کوردیش دامەزرێنرا و توانرا نەوتی کوردستان بپاڵێورێت و بەنزین و گازۆیل و نەوتی سپی لێدەربهێنرێت.ئیدی لەوکاتەوە نەوتی کوردستان بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا بوە مایەی خێروخۆشبەختی بۆ کوردان و لە نیقمەتەوە بوە نیعمەت.

ئەم پرۆسەی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوتە تا ساڵی ٢٠٠٢ بەردەوام بوو لە کوردستاندا.لەدوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی صدامیەوە لە ساڵی ٢٠٠٣وە.کورد بەگەرموگوڕتر پلانی داڕشت بۆ زیاتر پەرەپێدانی بواری نەوت لە کوردستاندا و لەو پێناوەشدا بەنهێنی و ئاشکرا گرێبەستی ئیمزا کرد لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر کۆمپانیای بواری نەوت لە بچوك و مام ناوەند و گەورەدا.بەمەبەستی گەڕان و پشکنین و زانیاری کۆکردنەوە و دواتریش هەڵکەندنی بیر و گواستنەوەی نەوت و فرۆشتنی لە ڕێگە تانکەرەوە و دواتریش ڕاکێشانی هێڵی بۆری نەوت گوێزەرەوە لە نێوان کوردستان و تورکیادا.ئەوەبوو توانرا هێڵێکی بۆری ڕابکێشرێت کە توانای گواستنەوەی ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا هەیە و دەشتوانرێت بەرزبکرێتەوە بۆ ٦٠٠ هەزار بەرمیل نەوت.

بەشێوەیەك حکومەتی هەرێمی کوردستان توانی لەماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠٢ تا ٢٠١١ دا ٤٢ گرێبەستی نەوتی واژۆبکات و زیاد لە ٤٠ کۆمپانیای نەوتی بهێنرێنە کوردستانەوە.




جیاوازی نێوان دۆزینەوەی بیرو کێڵگە نەوتیەکانی کوردستان لە نێوان ٢٠٠٧ تا ٢٠١١

له ٢٠٠٧/٨/٦ یشدا یاسای ژماره ٢٢ ی غاز ونەوتی کوردستان له پەرلەمانی کوردستان دەرکرا و بەم شێوەیه توانرا هەرێمی کوردستان بەدونیا بناسرێت لەڕووی سەرچاوەکانی وزەوە و بشخرێته سەر نەخشەی جیهانی وزە. که بۆ خۆی ئەمه دەسکەوتێکی گرنگی سیاسی و ئابوریه که هەرێمی کوردستانی ناساند به جیهان.

**●خاڵه باشەکانی سیاسەتی نەوتی کوردستان**

ئەم سیاسەتی نەوتیەی کوردستان گەلێك خاڵی باش و پۆزەتیفی هەیه که جێگەی دەستخۆشی و ستایشی دەسەڵاتدارانی ئەو بوارەیه لەوانەش:

١.یەکەم جاره کورد خۆی داڕێژەری سیاسەتی نەوتی کوردە،هەر له دەرهێنانی و فرۆشتن و خەرجکردنیشیەوە.

٢.سیاسەتێکی ئایندەبینی گرنگه بۆ دامەزراندنی بناغەیەکی پتەو وبەهێزی ئابوری و دروستکردنی ژێرخانێکی ئابوری بەهێز. که کاریگەری لەسەر داهاتی تاك و نەتەوە دەبێت و دەبێته مایەی خۆشگوزەرانی و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەران و گەشەکردن و ئاوەدانکردنەوەی زیاتری کوردستان.

٣.دروستکردنی پەیوەندیه ئابوریەکانه لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکه و دونیاشدا.که ئەمەش لەم سەردەمەدا زۆر گرنگه بۆ پشتگیریکردنی سیاسی و ئابوری بۆ مەسەلەی کورد لەلایەن وڵاتانی ناوچەکه وزلهێزەکانی دونیاشەوە.و دەبێته هۆی بەستنەوەی کوردستان به بازاڕەکانی دونیاوە.

٤.له ئێستادا که مەسەلەی ئابوری گرنگیەکی گەورەی هەیه. دەتوانرێت لەم ڕێگەیەشەوە پشتیوانی سیاسیش لەسەر ئاستی دونیا بۆ مەسەلەی کورد دەستەبەر بکرێت ئەگەر کورد ویستی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ ڕابگەیەنێت.

٥.دەرچونیشه له ژێر ڕکێف و کۆنترۆڵی دەوڵەتی مەرکەزی عێراق که تا یەکسانانه بەشه بودجەی ساڵانەی هەرێم دەنێرێت.

**•خاڵە لاوازەکانی سیاسەتی نەوتی کوردستان**

لەبەرامبەر ئەم خاڵە باشانەدا، هەندێ خاڵیش هەن کە بونەتە جێگەی ڕەخنە و گلەیی ناوخۆیی و عێراقی و نێودەوڵەتیش لەو سیاسەتە و بونەتە هۆکاری لاوازی و سەرهەڵدانی کێشە و قەیران و تەنگژەی سیاسی و ئابوری لە نێوان هەرێم و بەغدادا کە بە ئەنجامیش کاریگەری خراپی کردۆتە سەر داهات و موچە و ژیان و گوزەرانی سەرجەم هاولاّتیان و گەمارۆ خستنە سەر هەرێم لەلایەن بەغدادەوە. لەوانەش:

١.ئەم سیاسەتی نەوتە، شێوە زیادەڕەویەکی پێوەدیارە لە دەسەلاّتەکانی هەرێم بەپێی دەستوری عێراقی و حساب بۆ نەکردنی بەغدایە و تەنانەت تەحەداکردنیشێتی.کە دەبوایە نەرمتر و لەسەرخۆتر و بەتێگەیشتنی هاوبەشی بکرایە کە دەبوە دەرئەنجامی باش و بە قازانجتر.

٢.ئەم سیاسەتە، تەنها لەلایەن حیزبێکی سیاسی و بنەماڵەیەکی دیاریکراو و چەند کەسایەتیەکی دەسترۆیشتوی حیزب و بنەماڵەکەوە پلانی بۆ دادەڕێژرێت و بەڕێوەدەبرێت. هەر لە ئیمزاکردنی گرێبەستەکان و دەرهێنان و فرۆشتنی و داهات و خەرجیەکانیەوە.بەشێوەیەك کە ئەم سیاسەتە بە حیزبی و بە بنەماڵەیی و بە شەخصەنە کراوە. نەوت کە سەرچاوەیەکی وزەی میللیە کراوە بە موڵکی حیزب و بنەماڵە و سەرکردە. و وەزارەتی سامانە سروشتیەکانیش هەروایە.

٣.ئەم سیاسەتە نەوتیە، لەگەڵ بەغدادا بۆتە مایەی تەنگژەی سیاسی و ئابوری و ئەنجامیش تەنها جەماوەری میلەتەکەمان زیانیان پێگەیشتوە و لە ڕووبەڕووبونەوەی هەولێر و بەغداشدا،تەنها پارتی و بارزانی ڕووبەڕوو دەبنەوە بەتەنها،چونکە ئەم سیاسەتە نەبۆتە هۆی ئەوەی ئیجماعێکی سیاسی و جەماوەری لە دەور کۆبکرێتەوە و نە پارتە سیاسیەکان و نە جەماوەریش سوودیان لێ نەبینیوە و هەربۆیەش بەرگریشی لێناکەن.

٤.خاڵی سەرەکی لاوازی ئەم سیاسەتە،ناشەفافیەت و ناڕوونیەتی لە ڕووی داهاتەکانیەوە کە تا ئێستا نازانرێت چەند گرێبەست ئیمزاکراوە؟نرخی فرۆشتنی نەوتەکە چەندە؟ داهاتەکان لە کوێن؟بۆ حسابی کێ خەرج دەکرێن؟ ماوەی گرێبەستەکان چەندن؟

٥.شێوەی گرێبەستەکان لە شێوەی (( عقودی موشارەکەن لە بەرهەم )) بەپێچەوانەی بەغداد کە لە شێوەی ((عقودی خدمەە تەکنیکی))ن.

٦.دوای ٧ ساڵ لەدەرچوونی یاسای غاز و نەوتی کوردستان، هێشتا هەندێ مادەی زۆر گرنگی ئەو یاسایە جێبەجێنەکراوە، وەك مادەکانی تایبەت بە پێکهێنانی کۆمپانیاکان و صندوقی داهاتەکانی نەوت.

❖ کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغداد

لە ئەنجامی ئەم سەرکێشی و ناشەفافیەت و زیادەڕەویەی کە لە سیاسەتی نەوتی کوردستاندا هەیە. کێشەی سیاسی و ئابوری لە نێوان بەغداد و هەولێردا سەریان هەڵداوە و دوای چەندین دانیشتن و گفتوگۆکردن و سەردانیکردن تا ئێستا نەگەیشتونەتە ڕێککەوتنی کۆتایی کە بە قازانجی هەردوولا بێت. لەو خاڵە ناکۆکیانەش:

١.بەغداد دەڵێت دەبێت فرۆشتنی هەموو نەوتی عێراق لە ڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆوە بێت. لەبەرامبەردا هەولێر پێدادەگرێت کە نەوتی کوردستان لە ڕێگەی کۆمپانیای کۆمۆوە بێت.

٢.بەغداد دەڵێت دەبێت داهاتی نەوتی فرۆشراو بچێتە ناو بانکی گەشەپێدانی عێراق لە نیویۆرك و ئەوکات دوای لێدانی قەرەبووەکانی ئێران و کوێت کوردستان پشکی ١٧٪ ی بەردەکەوێت. لەبەرامبەردا هەولێر دەڵێت دەبێت ڕاستەوخۆ پشکی هەرێم ١٧٪ کە بێتە بانکی ناوەندی هەولێر و لەژێر دەسەلاتی سەرۆکی هەرێم و حکومەتدا بێت.

٣.هەولێر داوا دەکات کە موستەحەقاتی کۆمپانیا نەوتییەکان بەغداد بیدات.بەغدادیش دەڵێت هەریەکەمان لە بەشە بودجەی خۆمان موستەحەقاتی کۆمپانیاکان دەدەین.

• لەسەر بڕی نەوتی فرۆشراو بەغداد پێدادەگرێت دەبێت کوردستان بڕی ٢٥٠-٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا هەناردە بکات بەو پێی کە هەرێم خۆی وتویەتی لەتوانامدا

هەیە ئەو بڕە نەوتە هەناردە بکەم. بەڵام هەرێم لە ئێستادا ڕایگەیاندوە کە دەتوانێت تەنها ١٠٠ هەزار بەرمیل نەوت هەناردە بکات.

بەم شێوەیە تاکو ئێستا هەردوولا نەگەیشتونەتە ڕێککەوتنی کۆتایی لەسەر ئەو خاڵە ناکۆکیانە. وتەنگژەکەش وەکو خۆی ماوەتەوە و لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٤ شەوە بەغداد بڕیاری داوە موچەی مانگانەی فەرمانبەرانی هەرێم نەنێرێت و هەرێمیش لەسەرەتای ساڵەوە بڕی نزیکەی ٣ ملیۆن بەرمیل نەوتی هەناردەی تورکیا کردوە و لە بەرواری ٢٠١٤/٥/٢٢شەوە بەبێ گەڕانەوە بۆ بەغداد دەستی کردوە بە فرۆشتنی نەوتەکە. کە ئەم کارەش هێندەی تر تەنگژەکەی قوڵتر کردۆتەوە و کارگەیشتە ئەوەی بەغداد داوا تۆمار بکات لەسەر دەوڵەتی تورکیا و کۆمپانیای گواستنەوەی نەوتی پۆتاسی تورکی لە داداگای ژووری بازرگانی لە پاریسی فەڕەنساو دەنگۆی ئەوەش هەیە کە داواش تۆمار بکات لە سەر وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لەدادگای باڵای ئیتیحادی.

هەرێم بیانوی بۆ ئەم کارەی ئەوەیە کە بەغداد چەند مانگێکە موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی نەناردوە و ناچارە کە ئەو کێشەیە لەم ڕێگەیەوە چارەسەر بکات و بەغدادیش دەڵێت هەرێم دەسەڵاتەکانی خۆی بەپێی دەستور تێپەڕاندوە و زیادە ڕەوی دەکات. هەرێم بەم کارەی بەغدای خستۆتە بەردەم دوو بژاردەوە یان ڕازیبون بە ئەمری واقیع و فرۆشتنی نەوتەکە بەو شێوەیە یان گرتنە بەری ڕێگای دادگایە.

ئەگەر هەرێم ئەم هەنگاوەی بۆ بچێتەسەر ئەوا دەبێتە خاوەن داهات و دەسکەوتێکی گرنگ و گەورە و تاڕادەیەك دەتوانێت فشار و قورساییە داراییەکان لە ئەستۆی خۆی کەمبکاتەوە. کە هەرچەندە داهاتی ئەو بڕە نەوتە هێندە نیە کە بتوانێت تەواوی موچە و خەرجیەکانی حکومەتی هەرێم دابین بکات. چونکە ئەگەر ١ بەرمیل نەوت بە ١٠٠ دۆلاریش بفرۆشرێت ئەوا ٣٠ دۆلاری دەڕوات بۆ تێچوونی دەرهێنانی و ٢٠ دۆلاریش بۆ دەڵاڵنە ( کە کارێکی ئاساییە لەهەموو دونیادا)). کەواتە تەنها ٥٠ دۆلار دەمێنێتەوە و ئەوەش لەسەر بنەمای پشکی هەرێم ١٧٪ و ٨٣٪ بۆ بەغداد دەبێت و بەمەش تەنها هەرێم

بڕی ٥ر٨ دۆلار و بەغدادیش ٥ر٤١ دۆلاری بەردەکەوێت. بۆیە داهاتی هەرێم لەو ٣ ملیۆن بەرمیلە بریتیە لە ٣٠٠٠٠٠٠ بەرمیل *٥ر٨ دۆلار = ٢٥٥٠٠٠٠٠ ملیۆن دۆلار کە ئەگەر ١٠٠دۆلار بەرامبەر ١٢٢٠٠٠ دینار حساب بکەین ئەوا دەکاتە ٣١١١٠٠٠٠ ملیار دینار لەکاتێکدا تەنها موچەی فەرمانبەرانی هەرێم بریتیە لە ٨٥٠ ملیار دینار. کەواتە ئەگەر هەرێم لە ڕۆژێکیشدا بڕی ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت هەناردە بکات لەمانگێکدا دەکاتە ٧٥٠٠٠٠٠ بەرمیل نەوت و پارەکەشی دەکاتە ٧٥٠٠٠٠٠*٥ر٨دۆلار = ٦٣٧٥٠٠٠٠ دۆلار کە ئەمیش یەکسانە بە ٧٧٧٧٥٠٠٠٠٠٠ ملیار دینار.

بۆیە ئەم تەنگژە داراییە قورسە و هەرێم ناتوانێت تاسەر بەرگەی ئەم بارودۆخە بگرێت. و ناشتوانێت دەستبەرداری پشکی ١٧٪ ی خۆی بێت لەلایەن بەغدادەوە.

**•ئەی ڕێگا چارە چییە؟**

بەڕای زۆرێك لە ئابوری ناسان و چاودێرانی سیاسی، ئەم هەڵوێست و سەرکێشیەی هەرێم نە ڕاستە و نە تاسەریش بۆی دەچێتە سەر و نە لەڕووی ئابوریشەوە بە قازانجە. تا ئەو کاتەی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی فیدڕاڵدا بمێنێتەوە،چونکە لەلایەك داهاتی فرۆشتنی ئەو بڕە نەوتە هێندە کەمە کە ناتوانێت خەرجی موچە و خەرجیەکانی تری پڕۆژەکانی وەبەرهێنان و ...هتد. دابین بکات و لەلایەکی تریشەوە هەرکاتێك تورکیا هەڵوێستی گۆڕی و نەرمی نواند لەگەڵ بەغدادا(( کە زۆر ڕێگەی تێدەچێت بیکات))، ئەوکات هەرێم توشی ئیحراجیەکی گەورە دەبێت و دەبێت بەناچاری بگەڕێتەوە بۆ لای بەغداد و بەهەموو مەرجەکانیشی ڕازیبێت و بەم شێوەیەش تەحەداکانی لەبەرامبەر بەغدادا دەدۆڕێنێت. جا تا کار نەگەیشتۆتە ئەو قۆناغە، پێویست دەکات کە هەرێم ئەم هەنگاوانە هەڵنێت بە ئاڕاستەی خاوکردنەوە و گەیشتن بەڕێکەوتنێکی هێمنانە لەگەڵ بەغدادا:-

١. نەرمونیانتر مامەڵە لەگەڵ بەغدادا بکات لە چوارچێوەی دەستوری عێراقدا.

٢.کاری هاوبەش لەگەڵ بەغداد بکات بۆ دەرکردنی یاسای غاز و نەوت بەشێوەیەك لە بەرژەوەندی هەرێمدا بێت.

٣.هەرێم چیدی پێویست ناکات گرێبەستی نوێ واژۆ بکات لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکاندا.بەشێوەی عقودی موشارەکە کە خەرجیەکی زۆر دەخاتە ئەستۆی حکومەتی هەرێم.

٤.هەرێم کار بکات بۆ کاراکردنی مادە یاساییەکانی یاسای غاز و نەوتی کوردستان کە بەژمارە ٢٢ لە ٢٠٠٧/٨/٦دا دەرچوە و بەتایبەتیش مادەکانی ١٠و١١و١٢و١٣ لە بەشی پێنجەمی کۆمپانیاکان و مادەی ١٥ لەبەشی شەشەمی صندوقی داهاتە نەوتیەکان.

٥.هەرێم،چیدی کاری کنەو پشکنین و لێدانی بیر هێندە گرنگی پێنەدات.بەڵکو هاوشان کاربکات بۆ دامەزراندنی تۆڕی بۆری گواستنەوەی نەوت و پاڵاوگە و خەزاناتی گەورە لەناوچە جیاوازەکانی هەرێم و داڕشتنی پلان بۆ دامەزراندنی پیشەسازی پترۆکیمیاویات و کردنەوەی کۆلێژ و پەیمانگای نەوت و گرنگی دان بە پێگەیاندنی کادری ئەندازیاری و تەکنیکی و کرێکاری شارەزا لە بواری نەوت و دابینکردنی خەرجی پێویست بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی لە بواری نەوتدا و کارکردن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ غازی سروشتی زۆرو زەوەندی کوردستاندا.بەم شێوەیە دەتوانرێت بناغەیەکی پتەو وزانستی گەشە پێبدرێت و لەدواڕۆژدا پشتی پێببەسرێت لەکاتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیدا.

٦.کۆتا هەنگاو بریتیە لەوەی هەرێم مافی چارەنوسی خۆی دیاریبکات بە ڕاگەیاندنی جیابونەوە لەدەوڵەتی عێراقی فیدڕاڵ و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی و خۆی ڕزگار بکات لەکۆت و بەندی عێراق. ئەم کارەش هەم گەورەیە و هەم مەترسیداریشە. جا هەرکاتێك هەرێم توانی سەرجەم هۆکارە ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکان بەدەستبهێنێت و پشتگیری کۆمەڵی نێودەوڵەتی لەنەتەوە یەکگرتوەکان مسۆگەر بکات ئەو کات با ئەو بڕیارە چارەنوسسازە بدات.

- بەدەر لەم هەنگاوانە،و سووربونی هەرێم لەسەر ئەم سیاسەتی نەوتیە ناشەفاف و قۆرخکراو وتاریکێنراوە. دەبێتە مایەی لەدەستدانی هەموو ئەو دەسکەوتانەی کە تائێستا وەدەستهاتوون و گەڕانەوە دەبێت بۆ خاڵی دەستپێك و جارێکی تریش نەوت دەبێتەوە هۆی سەرخواردن و بەڵاو نەهامەتی بۆ کورد و هەرگیز ئەو خەونەمان وەدینایەت کە نەوت ببێتە مایەی نیعمەت و خۆشگوزەرانی.ئەو کاتیش تەنها ئەو حیزب و سەرکردانە بەرپرسیاری بەردەم مێژوو و میللەت دەبن کە داڕێژەر و بەڕێوەبەری ئەم سیاسەتی نەوتیە هەڵەیەبوون.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی ناوەندی دەرەوە و کوردئۆلیۆم نیوز و پێنوسەکان و ئاوێتە نیوز لە ٣و٦/٤ و ٢٠١٣/ ٨/٥ بڵاوکراوەتەوە.

## داهات و خەرجی نەوتی هەرێمی کوردستان بە ژمارە ... *

- ئاماژە بە پڕۆژەی یاسای بودجەی حکومەتی عێراقی بۆ ساڵی ٢٠١٤..
- بڕی بودجەی گشتی یەکسانە بە ١٧٤٦٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠ تریلیۆن دیناری عێراقی
- بڕی پشکی ١٧٪ هەرێمی کوردستان یەکسانە بە ٢٩٦٨٢٠٠٠٠٠٠٠٠٠ تریلیۆن دیناری عێراقی
- بڕی داهاتی ١ مانگی هەرێمی کوردستان یەکسانە بە ١٢/٢٩٦٨٢٠٠٠٠٠٠٠٠٠ مانگ یەکسانە بە ٢٤٧٣٥٠٠٠٠٠٠٠٠ تریلیۆن دیناری عێراقی.
- بۆ دابینکردنی ئەم بڕە پارەیەی مانگانە پێویستە هەرێمی کوردستان ڕۆژانە بڕی ٦١١٦٢٨١ ملیۆن بەرمیل نەوت بفرۆشێت بۆ دەستخستنی سەرجەم خەرجیەکانی ١ مانگی.
- کەواتە لە مانگێکدا دەبێت ٦١١٦٢٨١*٣٠ ڕۆژ= ١٨٣٤٨٨٤٥٣ ملیۆن بەرمیل نەوت بفرۆشێت
- ئەگەر نرخی ١ بەرمیل نەوت بە ١٠٠ دۆلار بێت و لەو ١٠٠ دۆلارەش تەنها ٦٥ دۆلاری وەکو داهاتی صافی دەمێنێتەوە و باقیەکەی تری دەبێتە خەرجی دەرهێنان و فرۆشتن و گواستنەوەی نەوت بۆ کۆمپانیاکان.
- کەواتە پشکی ١٧٪ هەرێمی کوردستان لەو ٦٥ دۆلارە(( ٧٩٣٠٠ دینار)) یەکسانە بە ١٣٤٨١ دیناری عێراقی بۆ هەر بەرمیلە نەوتێك.
- کەواتە ١٣٤٨١ دینار * ١٨٣٤٨٨٤٥٣ ملیۆن بەرمیل نەوت لە مانگێکدا = ٢٤٧٣٦٠٧٨٣٤٨٩٣ تریلیۆن دینار

کە ئەم بڕە پارەیە بریتیە لە تەواوی خەرجیەکانی هەرێمی کوردستان بە مووچەی مانگانە و تەواوی خەرجیەکانی تر لە بواری تشغیلی و وەبەرهێنانیشدا..

- خەرجی تەنها موچەی مانگانە بریتیە لە ٨٥٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠ ملیار دینار
- خەرجیەکانی تر جگە لە مووچە یەکسانە بە ٢٤٧٣٥٠٠٠٠٠٠٠٠ – ٨٥٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠= ١٦٢٣٥٠٠٠٠٠٠٠٠ تریلیۆن دیناری عێراقی

**ئەنجام** : دەبێت هەرێمی کوردستان بۆ دابینکردنی ئەو بڕە پارەیەی مانگانە بڕی ٦١١٦٢٨١ ملیۆن بەرمیل نەوت بفرۆشێت

کە ئەم بڕە نەوتەش هەرێمی کوردستان ناتوانێت تا ١٠-١٥ ساڵی تریش دابینی بکات ، چونکە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان خۆیان ڕایانگەیاندوە کە تا ساڵی ٢٠١٩ دەتوانن بڕی ٣ ملیۆن بەرمیل هەناردە بکەن.

هەربۆیە گەر هەرێمی کوردستان بیر لە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بکاتەوە و بەتەواوەتی پشت ببەستێتە سەر داهاتی نەوتی خۆی ئەوا پێویستە ڕۆژانە بڕی زیاد لە ٦ ملیۆن بەرمیل هەناردە بکات.کە لە ئێستادا کارێکی زۆر قورسە و وەدینایەت.

**تێبینی** : گەر داهاتە ناوخۆییەکانی هەرێمیش لەبەرچاو بگیرێت کە بەپێی یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٣ی هەرێمی کوردستان دیاریکراوە بە ٦٥١١١٤٠٠٠٠٠٠ ملیار دیناری عێراقی .ئەوا بڕی هەناردەی نەوت بەدەرکردنی ئەو بڕە داهاتە ناوخۆییە دەبێتە ٤٥٠٦٣٢٧ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا. کە ئەمەش لەم کاتەدا جارێکی تر کارێکی ئێجگار سەخت و وەدینەهاتووە.

**کەواتە** لە ئەنجامی هەڵەی سیاسەتی نەوتی کوردستانەوە ، هەرێم ڕووبەڕووی ئەم قەیرانە داراییە هاتۆتەوە و بە ئاسانیش لێی دەرباز نابێت، وە ناتوانرێت بە قەرزو قۆڵەی کۆمپانیاکان و بەرزکردنەوەی نرخی سووتەمەنی چارەسەری بنەبڕی بۆ بکرێت،هەربۆیە قەرزکردن کارێکی هەڵەیە چونکە لەلایەك دەبێت ئەو قەرزە هەر بدرێتەوە و لەلایەکی تریشەوە سوودی دەچێتە سەر کە ئەم کارەش هێندەی تر ئەستۆی حکومەتی هەرێم قورستر دەکات لەکاتێکدا لە ئێستادا حکومەتی هەرێم بڕی ٧ تریلیۆن دینار قەرزارە وەك وەزیری دارایی (( ڕێباز محمد حەملان)) ڕایگەیاندوە..

**بۆیە چارەسەری** بنەڕەتی و دەربازبوون لەم دۆخە داراییە ئاڵوز و تێکچوەی کوردستان تەنها بریتیە لەوەی کە هەرێم لەگەڵ بەغداد ڕێکبکەوێت و بە ئاگاداری و چاودێری بەغداد(( کۆمپانیای سۆمۆ)) نەوتی کوردستان بفرۆشرێت و پشکی ١٧٪ی خۆی وەربگرێت.

- حکومەتی هەرێم لە ئێستادا تەنها باسی دابینکردنی موچەی مانگانە دەکات کە ٨٥٠٠٠٠٠٠٠ ملیار دینارە، بەڵام کاری خۆبەڕێوەبردن و حکومەتمەداری تەنها بریتی نیە لە موچەدان ، بەڵکو پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەی وڵات و خەرجیە ڕۆژانەییەکانی دامودەزگاکانی حکومەتیش خەرجی پێویستن و دەبێت بیریان لێبکرێتەوە ، دەنا حکومەتەکەمان دەبێتە حکومەتی موچەدان نەك حکومەتی ئاوەدانی و پێشکەوتن.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ساڵانە ژمارەی موچەخۆران و ژمارەی دانیشتوان وڕووبەری شار و شارۆچکەکان و قەوارەی پێداویستیەکان ڕوو لە هەڵکشان و بەرزبونەوەدان، هەربۆیە دەبێت بەرهەمی نەوت و داهاتەکانیشی زیادبکرێت. کەئەمە بەتەنها بە حکومەتی هەرێمی کوردستان ناکرێت.

هەربۆیە سووربون لەسەر بەردەوامی ئەم سیاسەتی نەوتەی هەرێمی کوردستان ، هەرێم ڕووبەڕووی تەنگژەی دارایی قوڵتر و زیاتر دەکاتەوە و تەنها کۆمەڵانی خەڵکیش زەرەرمەند دەبن.و هیچ پێویست بە سەرکێشی ناکات لە بواری نەوتدا، چونکە سروشتی گەشەکردنی بواری نەوت هێواش و لەسەرخۆیە و پلان و بیرکردنەوەی وورد و زانستی گەرەکە.نەك هەڵپەکردن و بەڵێندانی گەورەو لەتوانادا نەبوو بۆ وەدیهاتنیان.ئەوەتا ماوەی ٨ مانگە حکومەتی هەرێم و وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بەڵێندەدەن کە ئەم کێشەی بێ مووچەیی و نەبونی پارەیە چارەسەر بکەن، بەڵام بەهۆی بێپلانی و بەرچاوڕوون نەبون و سەرکێشیکردنەوە نەیانتوانیوە کێشەکە چارەسەر بکەن و ڕۆژبەڕۆژیش کێشەکە تا دێت ڕق و ناڕەزایی خەڵکی لێدەکەوێتەوە و گەر بەززویی چارەسەرنەکرێت چاوەڕوانی کاری توندوتیژی زیاتریشی لێدەکرێت، بەهیوای ئەوەی لە حکومەتی ئایندەی عێراقدا ئەم کێشەیە بەتەواوەتی چارەسەر بکرێت و کوردستان لە بێکاری و بێ مووچەیی و تەنگژەی دارایی ڕزگار بکرێت.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی کوردئۆیل نیوز و ئاوێنە نیوز و خەندان و پێنوسەکان و مەتکەب ڕێکخستن و ستاندارکورد لە ٣ و٤ و ٥ و ٦ و ٢٠١٤/٩/١٠دا بڵاوکراوەتەوە.

# دابەزینی نرخی نەوت و
# کاریگەریە خراپەکانی لەسەر ئابوری جیهان... *

- نەوت وەك سەرچاوەی یەکەمی وزە لە جیهاندا بۆتە بڕبڕەی پشتی ئابوری گەلێك لە وڵاتان و بۆتە تاکە سەرچاوەی داهات و دەرامەتی وڵاتان و مایەی خۆشبەختی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگاکانیان و لە ئێستادا هیچ وڵاتێك نیە کە پێویستی بە نەوت و غازی سروشتی نەبێت بۆ بوارەکانی پیشەسازی و بازرگانی و بەکارهێنانەکانی ناومالآن.

بۆیە هیچ وڵاتێك ناتوانێت بەبێ سوود وەرگرتن لەو دوو سەرچاوە گرنگەی وزە درێژە بە ژیان و گوزەران و پێشکەوتنی وڵاتەکانیان بدەن.

نەوت و غازی سروشتی بونەتە دوو پێداویستی گرنگی ڕۆژانەی وڵاتان و مامەڵە و بازرگانی پێکردنیشیان بۆتە مایەی قازانج و دەسکەوتێکی گەورە بۆ خاوەنەکانیان. نەوت بۆ هەندێ وڵات و کۆمەڵگا بۆتە مایەی نیعمەت و خێر و خۆشی وەکو زۆربەی وڵاتانی خاوەن نەوت لە کەنداوی عەرەبی و دونیاشدا و بۆ هەندێکی تریش تا ئێستا بۆتە مایەی نیقمەت و داگیر و دابەشکراوی خاك و گەلەکەی وەکو کوردو کوردستان.

هەربۆیە نەوت وەك چەکێکی دوو دەم وایە گەر نەزانیت بەباشی و بەپلان وەبەرهێنی تیادا بکەیت ئەوا دەبێتە مایەی سەرخواردن و جەنگ و تەنگژە و ئەگەریش بە عەقڵ و هۆشیاریەوە مامەڵەت لەگەڵدا کرد ئەوا دەبێتە مایەی خێر و بەرەکەت و گەشەسەندن و پێشکەوتن . بەداخەوە نەوت لە ئێستادا بۆتە مایەی هەلآیسانی زۆربەی جەنگ و توندوتیژیەکان و وەکو چەکێکی سیاسی و ئابوری بەکاردەهێنرێت و جەنگەکانیش بۆ نەوت و لەبەر نەوت و بەنەوتیش دەکرێت.

جا دابەزین و بەرزبونەوەی نرخی ڕۆژانەی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە هەندێك و قازانجکردنی هەندێکی تریش.و ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆش کاریگەری خراپ دەکاتە سەر گەشە و پێشکەوتنی ئابوری هەموو جیهانیش.

لە ئێستادا نەوت نرخی لە دابەزیندایە بە شێوەیەك کە مەترسی دروستکردوە لای هەموو وڵاتانی دونیاو هەریەکەیان کەوتونەتە خۆ بۆ ڕێگری لە دابەزینی زیاتر بۆئەوەی زیانەکان کەمتر بێتەوە و هەریەکەیان سیاسەتی خۆگوشین و کەمکردنەوەی بودجەی سالآنە و

خەرجیەکان دەگرنە بەر بۆ ئەوەی لە بودجەی ساڵی ٢٠١٥دا کورتهێنان ڕوونەدات و توشی قەیرانی دارایی و هەڵاوسان نەبنەوە.

نرخی نەوتی برنت لە ئێستادا دابەزیوە و لە ١١٥ دۆلارەوە هاتۆتە سەر ٨١-٨٥ دۆلار بۆ بەرمیلێك و چاوەڕوانیش دەکرێت زیاتریش داببەزێت و بێتە سەر ٧٠-٧٥ دۆلار ئەم دابەزینە بەڕێژەی ٢٠-٢٥٪یە.کە ئەم دابەزینە مەترسیدارترین دابەزینی نرخی نەوتە لەماوەی چەند ساڵێکدا و لەسەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی لە جیهاندا لەساڵی ٢٠٠٨وە.

- **هۆکارەکانی دابەزینی نرخی نەوت:**

لە ئێستادا گەلێك هۆکار بونەتە هۆی دابەزینی نرخی نەوت لەوانە:-

١. بەهۆی پاشەکشەی گەشەکردنی پیشەسازی لە یابان و ئەوروپاو چین بەڕێژەی ٤ر٣٪ بۆ ٣ر٣٪، داواکاری جیهانی لەسەر نەوت کەمبۆتەوە.

٢. بونی بڕێکی نەوتی زیاتر لە پێویستی بازاڕ کە لە ئێستادا بڕی ٩٠ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا پێویستی جیهانە بەڵام بڕی ٩١ ملیۆن بەرمیل بەرهەم دەهێنرێت.کە ئەمەش وایکردوە بەرهەم زیاتر بێت لە داواکاری و پێویستی.

٣. بەهۆی دۆزینەوەی سەرچاوەی نوێوە بۆ نەوت لەلایەن ئەمریکاوە لە بەرد کە پێی دەوترێت ((نەوتی بەردین)) یان لەلایەن کەنەداوە لە لم (( نەوتی لمین ))بۆتە هۆی بەرزبونەوەی بڕە نەوتی بەرهەمهێنراو لەلایەن ئەمریکاوە و پێشبینی دەکرێت کە لەساڵی ٢٠١٥وە ئەمریکا لەگەورەترین بەکاربەری نەوتەوە ببێتە یەکەم وڵاتی بەرهەمهێنەری نەوت و پێش وڵاتی سعودیە بداتەوە.

٤. گۆڕانی ستراتیژی سیاسەتی نەوتی سعودیە، لەوەی کە لەکاتی تەنگژە و قەیرانەکاندا بڕی نەوتی بەرهەمی زیاتر دەکرد بۆ ئەوەی نرخی نەوت زۆر بەرز نەبێتەوە و نزیك لە ١٠٠ دۆلار بێت ، ئەمەش زۆر جاران لەژێر فشار و بۆ هاوکاری ئەمریکا و ڕۆژئاوا دەیکرد، بەڵام لە ئێستادا سعودیە دەستی لەو سیاسەتە هەڵگرتوە و تەنها بەرژەوەندی خۆی لێکدەداتەوە و سوورە لەسەر بەرهەمهێنانی پشکی دیاریکراوی خۆی و چیدی بەتەنگ بەرزبونەوە و نزمبونەوەی نرخی نەوتەوە نیە.سعودیە لە ئێستادا و وەك ململانێیەکی ئەمریکا و بۆ ئەوەی ئەمریکا زۆر سوود لە نەوتی بەردینی تازە دۆزراوەی

نەبینێت بڕی بەرهەمی خۆی لە مانگی ٢٠١٤/٩ بەرزکردۆتەوە بۆ ٩ر٧ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

٥. بەرزبونەوەی نرخی دۆلار لە ئێستای بازاڕەکانی جیهاندا کاریگەری هەیە لەسەر نزمبونەوەی نرخی نەوت.

بەم شێوەیە ئەم هۆکارانە بونەتە هۆی دابەزینی نرخی نەوت ، بەڵام لەگەڵ نەمانی ئەم هۆکارانە و هاتنە پێشی وەرزی زستان و پێداویستی زۆری نیوەی ڕۆژئاوای گۆی زەوی بە سووتەمەنی ئەوا بەدڵنیاییەوە نرخی نەوت لە جیهاندا بەرزدەبێتەوە ، بەهۆی زیادبونی داواکاری لەسەر نەوت و دابەزینی نرخی دۆلار و سەرهەڵدانی قەیرانە سیاسی و سەربازیەکان و ڕوودانی کارەساتە سروشتیەکان و دروستبونی گرفتی تەکنیکی لە سەکۆی بەرهەمهێنانی نەوت لە بیرە نەوتەکان و پالأوگەکاندا. هەموو ئەم هۆکارانە جارێکی دی کاریگەریان دەبێت لەسەر بەرزبونەوەی نرخی نەوت.

ئاشکرایە کە گەورەترین زەرەرمەند لە دابەزینی نرخی نەوتدا بریتین لە وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت چونکە دابەزینی نرخی نەوت دەبێتە هۆی کەمبونەوەی زیادەی هەڵگیراوی داهاتیان.و لەبەرامبەریشدا ئەو وڵاتانە سوودمەند دەبن لەم دابەزینە کە خاوەنی نەوت نین و کڕیاری هەمیشەیی نەوتن.

- **پێشبینیەکان:**

١. لەگەڵ ئەوەی وڵاتانی کەنداو و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی جیهانی نەوتن و لەدڵەڕاوکێدان لەم دابەزینەی نرخی نەوت، پێشبیشنی دەکرێت کە نرخەکان لە ٧٠-٧٥ دۆلار کەمتر نەبێتەوە، چونکە نرخی تێچوی دەرهێنانی بەرمیلێك نەوتی بەردینی ئەمریکا و نەوتی ڕوسیاش دەگاتە ٧٠-٧٥ دۆلارە.

٢. وڵاتانی کەنداو تا ماوەیەك دەتوانن بەرگەی ئەم کەمبونەوەی نرخە بگرن چونکە زیادەی بودجەیان بۆ ساڵی ٢٠١٣ بریتی بوە لە ١٤٦ ملیار دۆلار و بەمەش دەتوانن کە کاریگەریە خراپەکانی دابەزینی نرخی نەوت لە خۆ بگرن وەك چۆن توانیان لە قەیرانی دارایی جیهانی خۆیان بپارێزن.

٣. بڕیارە لە ٢٠١٤/١١/٢٧دا کۆبونەوەی گشتی ڕێکخراوی ئۆپیك لە ڤیەنا ببەسترێت بەمەبەستی لێکۆڵینەوەی کەمکردنەوەی بڕی بەرهەمی نەوتی ڕێکخراوەکە بۆ ئەوەی

نرخەکان بەرزببێتەوە، ئەم ڕێکخراوە کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر بازاڕی نەوت چونکە سێیەکی نەوتی جیهان بەرهەم دەهێنێت کە ڕۆژانە ٣٠ ملیۆن بەرمیل نەوتە.

٤. سعودیە وەك یەکەم وڵاتی بەرهەمهێنی نەوت ناتوانێت زیاد لە ٦ر١١ ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا بەرهەم بهێنێت، جا ئەگەر بەرهەمەکەی کەمنەکاتەوە ئەوا دەبێتە هۆی دابەزینی زیاتری نرخەکان و بەمەش بە پلەی یەکەم زیان دەگەیەنێت بە:

١. وڵاتانی ئێران و عێراقی شیعە مەزهەبی ڕکابەر و نەیاری سیاسی خۆی لە ناوچەکەدا.

٢. وڵاتانی ڕوسیا و فەنزەوێلای ڕکابەر و ململانێکەری ئەمریکا لە جیهاندا.

بەم شێوەیە دابەزینی بەردەوامی نرخی نەوت دەبێتە هۆی شڵەژان و سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی بۆ سەرجەم وڵاتانی جیهان و گەشە و پێشکەوتنی پیشەسازی و ئابوری ڕادەگرێت.

- کوردستانیش بەهەمان شێوە زیانی گەورەی پێدەگات، چونکە لە ئێستادا و بۆ ماوەی ١٠ مانگە کوردستان لە تەنگژەیەکی دارایی زۆر توندداية بەهۆی نەناردنی بودجە و موچەی فەرمانبەرانەوە لەلایەن بەغدادەوە، کە بۆتە هۆی ئەوەی کە حکومەتی هەرێم نەتوانێت موچەی فەرمانبەران لەکاتی خۆیدا دابین بکات و سەرجەمی پڕۆژەکانیش وەستاون و گەشەی ئابوری و بازاڕ کەمبونەتەوە و مەترسی گەورەشی لێدەکرێت گەر هەروا بەردەوام بێت، چونکە هەرێمی کوردستان تائێستا وەك ئەوەی ڕاگەیەنراوە ڕۆژانە ٢٠٠-٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت دەفرۆشێت کە نرخەکانی لە نێوان ١٠٠-١٠٢ دۆلار بوە و بەمەشەوە نەتوانراوە پێداویستی تەنها موچەی مانگانەی فەرمانبەران دابین بکات ، جا گەر نرخەکان بێتە سەر ٧٠-٨٠ دۆلار ئەوا هەرێمی کوردستان داهاتی نەوتی زۆر کەمدەکاتەوە و هێندەی تر قەیرانەکە ئاڵۆزتر دەبێتەوە. وزیانەکانی نزیکەی ٦ملیۆن دۆلار دەبێت لە ڕۆژێکدا و لەمانگێکدا ١٨٠ ملیۆن دۆلار دەبێت. هەربۆیە لە ئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان بیر لە وەرگرتنی قەرزی دەرەکی دەکاتەوە کە ئەم کارەش بۆخۆی زیان و کاریگەری خراپتری دەبێت لەسەر ئابوری کوردستان. بۆیە بەڕای بەندە گەڕانەوە بۆ بەغداد و چارەسەکردنی کێشەکانی نەوت لە نێوان بەغداد و هەرێمدا کورتترین ڕێگایە بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە داراییە.

---

* ئەم بابەتە لە سایتی کورد ئۆیل نیوز و ئاوێنە نیوز لە ٢٠١٤/١٠/٢٨دا بڵاوکراوەتەوە.

# کەی دەتوانرێت بە داهاتی نەوتی کوردستان جێگەی پشکی ١٧٪ ی بودجە بگیرێتەوە؟*

❖ ئاشکرایە پشکی ١٧٪ ی بودجەی گشتی دەوڵەتی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان دیاریکراوە ، کە ساڵانە زیاد دەکات بە پێی خەرجیە گشتیەکان، وەك لە پرۆژە یاسای بودجەی گشتی ساڵی ٢٠١٤ شدا هاتوە بودجەی گشتی دەوڵەتی عێراق بریتیە لە (( ٦ر١٧٤)) تریلیۆن دیناری عێراقی کە بەرانبەر بە (( ١ر١٥٠)) ملیار دۆلاری ئەمریکیە و پشکی هەرێمی کوردستانیش کە ١٧٪ دەکات لەو برە پارەیە پێش لێدەرکردنی هەموو خەرجیە سیادی و قەرزەکانی سەر عێراق بریتیە لە (( ٦٨٢ر٢٩)) تریلیۆن دینار وەك بودجەی گشتی ساڵی ٢٠١٤ بە هەردوو بواری (( تشغیلی و وەبەرهێنانەوە)).

کە ئاشکرایە ئەو برە بودجەیە بەشی هەرە زۆری پێداویستیەکانی هەرێمی کوردستان دەکات و دەتوانێت ڕۆڵی گەورەش ببینێت لە زیاتر ئاوەدانرکدنەوە و گەشەپێدانی کوردستاندا و هاوکار بێت لە جێبەجێکردنی پرۆژەکانیشدا.هەربۆیە کەمکردنەوە یان نەناردنی ئەو برە بودجەیە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی قەیرانی ئابوری و دارایی دەکاتەوە ، وەك ئەوەی لەم ساڵدا ڕوویدا کە بەغداد لە مانگی ٢/ ٢٠١٤وە ئەو برە بودجەیەی نەناردوە تەنانەت موچەی فەرمانبەرانیشی ڕاگرتوە، کە بۆتە مایەی شلەژانی دارایی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و کاریگەری گەورەشی هەبوە لەسەر نەدانی موچە و جێبەجێنەکردنی پرۆژە وەبەرهێنانەکانیش.

❖ لێرەوە بەناچاری حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕوویکردە دۆزینەوەی سەرچاوەی داهات و دارایی تایبەت بەخۆی ، کە بریتیە لە فرۆشتنی نەوتی کوردستان ڕاستەوخۆ بە بازاڕە جیهانیەکان وەك جێگرەوەیەکی کاتی و هەمیشەیی بۆ خۆ دەربازکردن لەم قەیرانە مەترسیدارە. سەرەڕای لەمپەڕ و ڕێگریکردنی زۆری حکومەتی عێراقی لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە پرۆسەکە جۆرێك لە زیادەڕەوی بەسەر دەستور و ناشەفافیەتی پێوە دیاربوو.

❖ **لێرەدا پرسیا ئەوەیە، ئەرێ کەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت بەداهاتی نەوتی کوردستان جێگەی پشکی ١٧٪ی بودجەی گشتی پڕ بکاتەوە و خۆی دەرباز بکات لەم تەنگژەیە و چیدی پێویستی بە بەغداد نەمێنێت ؟**

وەك ڕاگەیەندرا لە هەرێمی کوردستاندا ١ ملیۆن و ٤٠٠ هەزار موچەخۆر هەیە و کە ئەمەش بارگرانیەکی زۆری خستۆتە ئەستۆی حکومەتەوە کە تەنها مانگانە بڕی ٨٥٠ ملیار دیناری گەرەکە.ئەمە جگە لە خەرجیەکانی تری ڕۆژانە و خەرجی وەبەرهێنان و خەرجیە سیادیەکانی تری هەرسێ سەرۆکایەتیەکە.کە تێکڕایان لەسەر بنەمای پشکی ١٧٪ کە لەکەسەرەوە دیاریمان کردوە مانگانە هەرێمی کوردستان پێویستی بە (( ٢٤٧٣٥٠٠)) تریلیۆن دیناری عێراقی هەیە.بۆیە پڕکردنەوەی ئەم بڕە پارەیە ئەرکێکی گرانە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان.

چونکە لە ئێستادا تەنها بڕی ١٢٠ هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا هەنارده دەکرێت و وا پلانە کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٤دا بکرێتە ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا.

ئەگەر گریمان لە ڕۆژێکدا بڕی ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوت هەنارده بکرێت و هەر بەرمیلێکیش بە ١٠٠ دۆلاری ئەمریکی بفرۆشرێت ئەوا لە مانگێکدا کە ٣٠ ڕۆژە دەکاتە ١٢ ملیۆن بەرمیل و کۆی داهاتەکەشی دەکاتە ١٢٠٠٠٠٠٠٠٠ ملیار دۆلاری ئەمریکی و ئەگەر نرخی ١٠٠ دۆلاریش بریتی بێت لە ١٢٢٠٠٠ دیناری عێراقی ئەوا کۆی داهەتەکە بریتیە لە (( ١٤٦٤٠٠٠٠٠٠٠٠)) تریلیۆن دیناری عێراقی لە مانگێکدا. ئەمە لە کاتێکدا کە کۆی خەرجی مانگێکی حکومەتی هەرێم لە بودجەی گشتی ساڵی ٢٠١٤دا بریتیە لە (( ٢٤٧٣٥٠٠٠٠٠٠٠)) تریلۆین دینار، کەواتە کورتهێنان دروست دەبێت.

ئەم گریمانەیەی کە کردمان لەسەر بنەمای ئەوە بوو کە پارەی فرۆشراوی ١ بەرمیل بریتی بێت لە ١٠٠ دۆلار و هەموو ١٠٠ دۆلارەکەش بۆ هەرێمی کوردستان بێت و هیچ بڕە پارەیەکی لێنەدرێت بە بەغداد. لەکاتێکدا بەپێی دەستوری عێراقی داهاتی دەوڵەتی عێراقی لەسەر بنەمای پشکی ٨٣٪ بۆ بەغداد و پشکی ١٧٪ بۆ هەرێمی کوردستان دابەش دەکرێت. کەواتە بڕی ١٧٪ ی هەرێمی کوردستان بریتیە لە (( ٢٤٨٨٨٠)) ملیار دینار. کە ئەمە بڕێکی زۆر کەمە و تەنها بەشی موچەی موچەخۆرانیش ناکات.

جێگەی خۆیەتی خاڵێکی تریش ڕوونبکەینەوە، ئەویش ئەوەیە وەك ئاشکرا کراوە لە کۆی فرۆشتنی نرخی هەر بەرمیلە نەوتێك بەم شێوەیە خەرجی لێدەردەکرێت : ٤٠٪ بۆ پرۆسەی گەڕان و دۆزینەوە و ١٥٪ بۆ مافی کۆمپانیا نەوتیەکان و ئەوەی دەمێنێتەوە ٤٥٪ وەك

پوختەی داهاتە. جا ئەگەر گریمان نرخی ١ بەرمیل نەوت بریتیی بێت لە ١٠٠ دۆلار، کەواتە تەنها ٤٥ دۆلار وەك پوختەی داهات دەمێنێتەوە و بڕی ١٧٪ کەشی بریتی دەبێت لە (( ٦٥ر٧)) دۆلار کە یەکسانە بە ((٣٣ر٩)) دیناری عێراقی. کە ئەمەش بریتیە لە بڕێکی زۆر کەمی داهات بەرانبەر بەو خەرجیە قەبانەی کە هەن. بۆیە بەهیچ شێوەیەك هەرێمی کوردستان ناتوانێت بە فرۆشتنی ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوتیش پشکی ١٧٪ بودجە پڕ بکاتەوە .

❖ هەرێمی کوردستان بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت بە فرۆشتنی نەوت پشکی ١٧٪ بەدەستبێنێت . تەنها دەتوانێت موچەی موچەخۆران دابین بکات ئەوەش بە فرۆشتنی بڕی ٣ ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا ونرخی ١ بەرمیلیش یەکسان بێت بە ١٠٠ دۆلار و لەو ١٠٠ دۆلارەش بڕی ٤٥ دۆلار پوختەی داهات بمێنێتەوە و بڕی ١٧٪ ئەو ٤٥ دۆلارەش بۆ کوردستان بێت و ١٠٠ دۆلاریش بەرانبەر ١٢٢٠٠٠ دیناری عێراقی بێت ، ئەو کاتەش داهاتی نەوتی کوردستان یەکسان دەبێت بە ٨٣٩٩٧٠٠٠٠٠٠٠٠ملیار دینار کە هێشتاش ناتوانرێت تەنها موچەی فەرمانبەرانیش دابین بکات.ئەمە لەکاتێکدایە کە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ڕایانگەیاندوە کە لە ساڵی ٢٠١٩دا دەتوانن ئەو بڕە نەوتە هەنارده بکەن. بەو پێیە بێت حکومەتی هەرێمی کوردستان تا ساڵی ٢٠١٩ لە تەنگژەی دارایدا دەمێنێتەوە و ناتوانێت لانی کەمی کۆی خەرجیەکانی دابین بکات، ئەمە سەرەڕای خەرجی پڕۆژە وەبەرهێنانەکان.

❖ هەربۆیە خوێندنەوەمان بۆ سیاسەتی نەوتی کوردستان ئەوەیە کە کارێکی سەرکێشیە و دەکرێت ببێتە مایەی سەرخستن یان سەرخواردنمان. بۆیە دەوڵەتمەداری کارێکی دووربینی و ژیرانە و حەکیمانەیە نەك کاری سەرکێشی کردن بە چارەنوس و قوتی میلەتێکەوە. لەبەر ئەوە گەر بڕیار بێت لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی فیدڕاڵدا بمێنینەوە ئەوا دەبێت تەنها شەڕی وەدەستهێنانی پشکی ١٧٪ی هەرێم بکەین بەتەواوەتی و بێکەموکوڕی، کە بڕە بودجەیەکی باشە و دەتوانرێت وڵاتی پێ ئاوەدانبکرێتەوە ولەهەموو ڕوەکانەوە کوردستان گەشە بکات، ئەگەر نا دەبێت چارەنوسی میلەتەکەمان بخەینە سەر دەستی عفریت و بەرە و تاریکی و ناڕوونی هەنگاو بنێن.ئەمەش تەنها بەوە دەبێت کە سیاسەتی نەوتی کوردستان لەچوارچێوەی دەستوری عێراقیدا پەیڕەو بکرێت و پلان و ڕاوێژ و بیرکردنەوەی زیاتری بۆ بکرێت و لەکۆتایشدا سیاسەتێکی نەوتی تەواو شەفاف و ڕوون هەبێت لە داهات و خەرجیدا، هەر بەم شێوەیە دەتوانرێت بناغەیەکی پتەوی ئابوری بۆ ئاینده پێکەوە بنرێت و خەونی دەوڵەتی کوردیش ببێتە ئەمری واقیع .

---

* ئەم بابەتە لە ئەکاونتی فەیسبووکی نوسەر لە بەرواری ١/١١/٢٠١٤دا بڵاوکراوەتەوە.

# پیشەسازی پترۆکیمیاویات لە کوردستاندا... *

❖ پێشەکی

پیشەسازی پترۆکیمیاویات دادەنرێت به پایەیەکی گرنگی ئابوری جیهان ، گرنگیەکی گەورەشی هەیە بۆ ولاّتی خاوەن نەوت و غازی سروشتی وەك ئامانجێکی ستراتیژی گرنگ بۆ زیادکردنی سەرچاوەکانی داهاتی نەتەوەیی و کەمکردنەوەی پشتبەستن بە شێوەیەکی ڕەها لەسەر هەناردەکردنی نەوتی خاو. هەر ئەمەش وادەکات کە لە دوورمەودادا کاریگەری هەبێت لەسەر دڵنیابوون لەسەر جێبەجێکردنی پلانەکانی گەشەکردن.ئەم پیشەسازیە دادەنرێت لە :

❖ پیشەسازیە گەورەکان.
❖ پێویستی بە وەبەرهێنانی گەورە هەیە.
❖ تێچووی یەکەکان بەرزە.
❖ تێچووی دامەزراوەکان بەرزە.
❖ تەکنەلۆژیای پێشکەوتوی تیادا بەکاردەهێنرێت کە دەبنە هۆی داهاتی زۆری ئابوری کە نرخەکانیان لە نرخی نەوتی خاو بەرزترە . بەشێوەیەك کە دەگاتە:

١. ٧ ئەوەندە بۆ پترۆکیمیاویاتە بنچینەییەکان.
٢. ١٠-١٠٠ ئەوەندە بۆ پترۆکیمیاویاتە ناوەنجیەکان.
٣. ٣٠-٥٠٠ ئەوەندە بۆ پترۆکیمیاویاتە کۆتاییەکان.

❖ پترۆکیمیاویات چییە؟

بەشێوەیەکی گشتی دەناسرێت بەوەی کە بریتیە لە کیمیاویات یان بەرهەمی دروستکراو لە نەوت یان غازی سروشتی کە ئەمانەش بریتین لە کەرەسەی سەرەکی بۆ پیشەسازی کیمیاوی ئەندامی قورس لەگەڵ هاوبەشیکردنێکی زۆر کەمی خەڵوز،و سەرچاوەکانی بارستە زیندوەکان لەکاتی ئێستادا.

ئەوەی تێبینی دەکرێت کە نەوت ئەو توخمە ئابوریە سەیروسەمەرەیەیە کە بە ئاڵتونی ڕەش ناودەبرێت. ڕۆڵێکی بێوێنە دەگێڕێت لە جیهانی ئەمڕۆماندا.گەر بیهێنینە بەرچاوی خۆمان کە هەموو ئەو کەرەسانەی کە لەنەوت دروستدەکرێن لە دەوروبەرماندا

نەمێنن، ئەوا هەموو ئۆتۆمبێل و فڕۆکە و ..هتد. لە هۆکارەکانی گواستنەوە و دواتر وێسگەکانی کارەبا و پەینەکان و پیتێنەرەکان و کیمیاویاتە زۆرەکان لە داوودەرمان و جلوبەرگ و پێڵاو و هەزارەها توخمی سەردەمی تر کە بونەتە پێداویستی سەردەمەکە هەموانیان وندەبن و نامێنن.

پیشەسازی پترۆکیمیاویات بەشێوەیەکی بەرفراوان پشت دەبەستێتە سەر سەرچاوە سروشتیەکان لە نەوت و غازی سروشتی و هەموو بەرهەمە پترۆکیمیاویەکان پلەی یەکەم دەگرن لەهەموو بوارەکانی ژیاندا.

هەروەها هۆکارە بۆ پێشکەوتنی پیشەسازیەکانی تریش. ئەم پیشەسازیە لە وڵاتە پیشەسازیەکانەوە سەریهەڵدا وەك ئەمریکا و یابان و وڵاتانی ئەوروپای خۆرئاوا و لەسەروو هەمووشیانەوە ئەڵمانیاو بەریتانیاو فەڕەنساو ئیتالیا.ئەم وڵاتانە گرنگیەکی گەورەیان دایە پیشەسازی پترۆکیمیاویات و بەستیانەوە بە زنجیرەیەك پیشەسازی ترەوە.وەك پیشەسازی هۆکارەکانی گواستنەوەی وشکانی و ئاسمانی و دەریایی و پیشەسازی ئەلکترۆنیات و خۆراکی و جلوبەرگ و ...هتد.

❖ پێکهاتەی پەیکەری پترۆکیمیاویات

یەکەم //پترۆکیمیاویاتە بنچینەییەکان : کە لە کۆمەڵێك تێکەڵە پێکدێن گرنگترینیان:-

١. ئۆلیفینات : بریتیە لە کۆمەڵێکی ناتێر لە توخمی هایدرۆکاربۆنی و لەگرنگترینیان:-

❖ ئەثیلین و دروستکراوەکانی :H2C=CH2، ئەثیلین دادەنرێت لە گرنگترین توخمە پترۆکیمیاویاتە بنچینەییەکان و لە هەمووشیان زیاتر بەرهەم دەهێنرێت لە جیهاندا.توخمی ئەثیلین بەکاردێت لەبەرهەمهێنانی گەلێك لە بەرهەمەکانی پترۆکیمیاویات و گرنگترینیان:-

١.لەدائنی ئەثیلین ( پۆلی ئەثیلین ) کە بەکاردێت لە بەرهەمهێنانی بۆری ئاو و فلیمەکان و توخمی تێگرتن و پێچانەوە و کەلوپەلی ناوماڵی پلاستیکی و قاپ و قاچاغ و کەوچك و چەتاڵ و ... خانوی پلاستیکی و قوفڵەکان و یاری منداڵان.ئەثیلین لە ئێستادا بەهۆی شکاندنی گەرمی هایدرۆکاربۆنەکانەوە بەرهەم دێت لە کورە شێوە بۆریەکاندا کە لەدەرەوە گەرم دەکرێت و هەروەها لە هەڵگیراوی نەفثای کەم کبریتیشەوە بەرهەم دێت.

٢. پۆلی فینیل کلۆراید PVC

توخمیPVC لە توخمە کیمیاویە زۆر بڵاوەکانە لە جیهاندا.کە بە بەرگریکردنی لە توخمی کیمیاوی و گڕگرتن و داخوران و کاریگەریە کەش و هەواییەکان و دابڕانی گەرمی و کەمی بۆشایی غازەکان دەناسرێت. گرنگترین ئەو بەرهەمانەی کەلە PVCوە دەست دەکەون بریتین لە :

- ❖ پیشەسازیە پێستەییەکان : پێستەی دروستکراو.
- ❖ کەرتی ناوماڵ: کەلوپەلی ناو حەمام و ڕاخەرە پلاستیکیەکان.
- ❖ کەرتی بەکارهێنان : یاری منداڵان و پێڵاو و پارێزەرەکان.
- ❖ کەرتی گواستنەوە و گەیاندن : بەشە پلاستیکیەکانی ئۆتۆمبێل.
- ❖ کەرتی بیناکردن : بۆری ئاو و ئاوەڕۆ و لولە و کاشی پلاستیکی و پاکەتی داوودەرمان و زەیت و جوانکاری و شوشەی ئاوی کانزایی.
- ❖ کەرتی خانوبەرە: دروستکردنی دەرگا و پەنجەرە و پارچەکانی نێوان ژوورەکان و کەلوپەلی دیکۆر.

٣. ئەثیلین گلایکۆڵ : بەکاردێت وەك :–

ڕێگرێك لەبەردەم بەستنی شلە تێکەڵەکان تیایدا، هەربۆیە لەو وڵاتانەدا بەکاردێت کە پلەی گەرما تیایاندا دادەبەزێت بۆ ژێر سفر وەك ئەوروپا و ئەمریکای باکور و ڕوسیا. بەشێوەیەك تێکەڵ دەکرێت لەگەڵ ئاوی ڕادێتەری ئۆتۆمبێلەکاندا(( ئەنتی فرێز )).هەروەها دەچێتە بەرهەمهێنانی یەکانە و دوانە و سیانەی گلایکۆڵی ئەثیلین بە شیکردنەوەی ئۆکسیدی ئەثیلین لەناو ئاودا لە ژێر پلەی گەرمای ٧٠پلەی سەدی و فشاری هەوادا ئەجام دەدرێت.

٢. پڕۆپیلین و دروستکراوەکانی:

توخمی پڕۆپیلین بە دووەم توخمی گرنگ دادەنرێت لە پترۆکیمیاویاتدا لە دوای ئەثیلینەوە، هەروەها لە ڕووی قەوارەی بەرهەمیشەوە هەر بە دووەم توخم دادەنرێت لە هەموو وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاواو ئەمریکادا. گرنگی پڕۆپیلین وەك توخمێکی پترۆکیمیاوی دەردەکەوێت لە میانەی توخمە پترۆکیمیاویە ناوەنجی و کۆتاییەکانەوە. توخمی پڕۆپیلین بەکاردەهێنرێت بۆ بەرهەمهێنانی زۆرێك لە بەرهەمە پترۆکیمیاویەکان لەوانە:

- ❖ سیلۆڤان

❖ پیشەسازی بۆیەکان وەك ئیبۆکسی

❖ بەرهەمهێنانی توێنەرەوەکان وەك ئەسیتۆن

❖ پیشەسازیەکانی ڕستن و چنین: وەك ڕیشاڵەکان و داوەکانی پۆلی پرۆپیلین و داوی ئەکریلیك و داوی نایلۆن و پیشەسازیەکانی بەرهەمە پلاستیکیەکان و ئیسفنجی پیشەسازی وەك پۆلی پرۆپیلین و فایبەرگلاس.

❖ کەلوپەلی ناوماڵی : قاپ و قاچاغ و صۆندەی ئاو .

❖ کەلوپەلی یەدەگی ئۆتۆمبێل و صندوقی پاتری ئۆتۆمبێلەکان.

❖ صندوقی شوشەی ئاوی کانزایی.

❖ شوشەی کەلوپەلی جوانکاریەکان.

❖ پارچەی ئەلمنیۆم کە بەکاردێت بۆ هەڵگرتنی خواردەمەنیەکان.

٣. بیوتادایین و دروستکراوەکانی:

دروستدەکرێت یان لە کحولی ئەثیلی یان لە ئەثیلین یان لە بیوتان.بەشێوەیەك بەرهەمهێنانی بیوتادایین لە ئەثیلینەوە زیاتر ئابوریترە کە بەکرداری پەلمەرەکردنی ئەثیلین دەگۆڕێت بۆ بیوتایلین دوای کرداری لێکردنەوەی هایدرۆجین یان کرداری لێدەرکردنی هایدرۆجین لە بیوتان ڕوودەدات بۆ دەستخستنی بیوتادایین.

لە پیشەسازیدا بۆ دەستخستنی زۆربەی بیوتادایین بەکرداری لێکردنەوەی هەڵکەندنی هایدرۆجین لە بیوتایلینی سروشتیەوە دەستدەکەوێت. کە بەرهەم دێت لە ئەنجامی شکاندنی گەرمی بۆ ئەو هایدرۆکاربۆنانە دەبێت کە کێشی گەردییان بەرزە، یان بەهۆی لێکردنەوەی هایدرۆجین لە بیوتانی سروشتیn-butane.ئەم کردارەش جێبەجێدەکرێت بە یەك قۆناغ بەسەر چینە جێگیر یان شلەکاندا. بەکاردێت لە بەرهەمهێنانی مەتاتی دروستکراو و کەلوپەلی پلاستیکیدا.

❖ بۆندارەکان

کە بەنزین و تۆلۆوین و زایلین دەگرێتەوە کە بەکاردێن بۆ دەستخستنی توخمی پترۆکیمیاویاتی ناوەنجی و کۆتایی کە گرنگترینیان:

بەرهەمی تۆلۆوینە کە بەکاردێت لە بەرهەمهێنانی توخمی سیانە نیترۆ تۆلۆوین کە بەکاردێت لە پیشەسازی تەقەمەنیەکاندا TNT کە توخمێکە زوو دەتەقێتەوە. کە لەکارلێکی تۆلۆوین ( مەثیلی بەنزین) لەگەڵ ترشی نیتریك و کبریتیکی خەستەوە بەرهەم

دێت.کە بەهێمای TNTدەناسرێتەوە.کە بەکاردێت لە دروستکردنی بۆمب و جۆرەها تەقەمەنی و درەنگ لە ئاودا دەتوێتەوە و لە بەنزین و تۆلۆوین و ئەسیتۆندا بەخێرایی دەتوێتەوەو لە ساڵی ١٨٦٣دا دۆزراوەتەوە.هەروەها ئەم توخمە دەچێتە پیشەسازی و بەرهەمهێنانی فایبەرگلاسەوە، کە ئەویش دەچێتە زۆرێك لە پیشەسازیەکانی وەك خەزاناتی ئاو و هەندێ بەشی ئۆتۆمبیلەوە.

❖ کحولەکان

میثانۆڵ و بەکارهێنانەکانی :-

❖ بەرهەمهێنانی فۆرماڵدیهاید:

کە بەزۆری بەکاردێت بۆ مەبەستی پزیشکی و کارگە جیاوازەکان،فۆرماڵدیهاید توخمێکی ژەهراوی و لەناوبەری دەمارەکانە و توخمێکی سەرەتانیشە.

❖ بەرهەمهێنانی توخمی مەثیل سیانەی بیوتیل ئیثەر MTBE :

کە بەکاردێت بۆ بەرزکردنەوەی ژمارە ئۆکتانی بەنزین بۆ ئاستی پێویست بەبێ بەکارهێنانی پێکهاتەی ڕەصاص کە کاریگەری خراپی هەیە لەسەر ژینگە و بەتایبەتیش لەسەر تەندروستی مرۆڤ. کە دەبێتە هۆی شەلەلی دەماخی منداڵ کە ژەهرێکی کانزاییە.

❖ بەرهەمهێنانی هەندێ لە توێنەرەوە و بۆیەکان:

میثانۆڵ لە غازی تشیدەوە لەساڵی ١٩٢٣ وە تاکو ئێستا بەهەمان ڕێگا بەرهەم دێت. کارگەکانی میثانۆڵ هەمیشە لە تەنیشت کارگەکانی یۆریاوە دەبێت لەبەرئەوەی کارگەکانی میثانۆڵ،دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بەکاردەهێنێت کە بەرهەم دێت بەڕێگەی هابەر بۆ ئامۆنیا.

❖ ئیثانۆڵ:

بەکاردێت وەك توێنەرەوە لە بەرهەمهێنانی داوودەرمان و بۆن و بۆیەکان و پاکژکەرەوەکان و ترشی خەلیك و ....هتد.

❖ پرۆسەی چارەسەرکردن لە پیشەسازیەکانی پترۆکیمیاویاتدا:

پیشەسازیە پترۆکیمیاویەکان دادەنرێن بە پرۆسەی بەرهەمهێنان ،دەستپێدەکات بە توخمی سەرەتایی بۆ دەستخستنی بەرهەمە ناوەنجییەکان و مۆنۆمێترات بۆ پیشەسازی پلاستیك و لەدائن و ڕیشاڵە دروستکراوەکان.ڕێوشوێنە خۆپارێزییەکان بۆ ڕێکخستنی

پیسبوون لە پیشەسازیە پترۆکیمیاویەکاندا کە پەیوەندیدارە بە کارگە بەرهەمهێنەکانەوە،کە ئەم پیشەسازیانە دەگرێتەوە:-

١. پێکهاتە نایترۆجینیەکان.
٢. کانزا قورسەکان.
٣. توخمە ئەندامیەکان کە شینابنەوە.

❖ ڕێگاکانی چارەسەرکردنی پیسبوون لە پیشەسازی پترۆکیمیاویەکاندا:

یەکەم // یەکە ناوەندیەکان بۆ چارەسەری ئاوی ئاوەڕۆکان:

١. جیاکردنەوەی توخمە ڕەقە هەڵواسراوەکان.
٢. دابەزینی ئۆکسجینی زیندووی هەڵمژێنراو.
٣. پالأوتنی کۆتایی و کلۆرکردن.
٤. خۆڕزگارکردن لە پاشەڕۆکان.

دووەم// ڕێگەی تەکنیکی لەسنوری پیلدا: ئەم ڕێگایانە دەگرێتەوە:

١. سەرئاوخستن.
٢. شیکردنەوەی گەرمی.
٣. ئەکسەدەکردنی تەڕ.
٤. دەرکردنە دەرەوە.

❖ پۆلیمەرە دروستکراوەکان و ژینگە:

لە ئەنجامی پێشکەوتنی گەورەی پیشەسازیدا.پۆلیمەرە دروستکراوەکان جێگەی گەلێك لە توخم و ڕیشاڵە سروشتیەکانیان گرتۆتەوە وەك تەختە و کانزاکان و لۆکە، ئەوەش بەهۆی سیفاتە چاکەکانیانەوە لە پیشەسازی و بەکارهێنانی ناوماڵدا.بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و بە تایبەتیش لەم ٣٠ ساڵەی دواییدا، کێشە و گرفتی ژینگەیی مەترسیدار سەریان هەڵدا. ئەویش بریتیە لەوەی کە پاشەڕۆ پلاستیکی و پۆلیمەرەکان بەشێوەیەکی گشتی ناتوانرێت خۆیان لێڕزگاربکرێت، چونکە توانای شیبونەوەی ئەندامیان نیە. دوای لە چاڵنانیشی هەر دەمێنێتەوە و بەمەش ئەو ڕووبەرانە بەبەردەوام ڕوو لە زیادبوون دەکەن کە بەکاردەهێنرێن بۆ شاردنەوەی ئەو پاشەڕۆیانە. لە لێکۆڵینەوەیەکدا دەرکەوتوە کە پلاستیك ڕێژەی ١٠٪ ی هەموو پاشەڕۆکانی شارەکان پێکدێنێت. کە پلاستیك بۆخۆی بە ئاسانی دروستدەکرێت و بنچینەکەی پێکهاتەی کیمیاویە و لەنەوتەوە دەستدەخرێت.

❖ کێشەی زۆربوونی پاشەڕۆ و سەختی لەناوبردنیان و کاریگەریە خراپەکانی لەسەر ژینگە، بوە هۆی زیادبوونی هۆشیاری ژینگەیی و سەرهەڵدانی گرنگیپێدانی جیهانی بەم کێشەیە و هەوڵدان بۆ گەڕان بەدوای چارەسەر و کەمکردنەوەی کاریگەریە خراپەکانی بە تایبەتی کەڵەکەبوونی پاشەڕۆ پلاستیکیەکان.

چەمکی نوێی چارەسەری پاشەڕۆکان بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵێك جێگرەوە لەخۆ دەگرێت گرنگترینیان:

١. کەمکردنەوەی قەوارە Reduction

مەبەست لێی کەمکردنەوەی بڕی توخمی خاوی بەکارهاتوە، بەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی پاشەڕۆ و ئەم کارەش جێبەجێدەکرێت لە ڕێگەی:

❖ یان بە بەکارهێنانی مەوادی خاوی کەمتر.

❖ یان بە بەکارهێنانی مەوادی خاو کە پاشەڕۆی کەمتر دەدات.

❖ یان بە ڕێگەی کەمکردنەوەی مەوادی بەکارهاتوو لە پرۆسەکانی لە پاکەتنان و پێچانەوەدا.

٢. دووبارە دروستکردنەوە Recycling

بریتیە لە دووبارە دروستکردن و بەکارهێنانەوەی پاشەڕۆکان، جا ناوماڵی بێت یان پیشەسازی و کشتوکاڵی بێت.ئەمەش بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری ئەو پاشەڕۆیانە لەسەر ژینگە. ئەم کردارەش لە ڕێگەی پۆلێنکردن و جیاکردنەوەی پاشەڕۆکان دەبێت لەسەر بنچینەی توخمی خاوی هەبوو تیایدا و دواتر دروستکردنەوەی هەر توخمێك بە جیا.بیرۆکەی دووبارە دروستکردنەوە لە کاتی جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیەوە سەریهەڵداوە، بەهۆی پێویستی هەندێ وڵاتەوە بۆ هەندێ توخم وەك مەتات. ئەمەش هانیدان بۆ کۆکردنەوەی پاشەڕۆکان و دووبارە بەکارهێنانەوەیان.

❖ **ئەو پاشەڕۆیانەی کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێنەوە:**

١. کاغەز: کاغەزی ڕۆژنامە و کتێب و کارتۆن و ....هتد.

٢. شوشە: بوتڵی شوشە، پارچەی شکاوی شوشە،...هتد.

٣. ئەلەمنیۆم: بوتڵی خواردنەوە گازیەکان.

٤. نایلۆن: بوتڵی ئاو، کیسی نایلۆن، کەلوپەلی نایلۆنی کشتوکاڵی.

٥. کانزای تر: قوتوەکان و هەیکەلی ئۆتۆمبێل و پیل و پاتری.

٦. کەلوپەلی تر : چوارچێوەی ئۆتۆمبێل و پاشەڕۆی کەلوپەلی بینا و جلوبەرگ.

٣. دووبارە بەکارهێنانەوەی پاشەڕۆکان Reuse

مەبەست دووبارە بەکارهێنانەوەی پاشەڕۆکانە بۆ نمونە بوتڵی پلاستیکی ئاوی کانزایەکان دوای پاکژکردنەوەیان و دووبارە تێکردنەوەی ئاو. بەمەش قەوارەی پاشەڕۆکان کەمدەبێتەوە.

❖ لە کۆتاییدا، هەرێمی کوردستان، بەو پێیەی کە خاوەنی یەدەگێکی گەورەی نەوت ٦٠ ملیار بەرمیل و غازی سروشتی ٣٠ تریلیۆن مەتر سێجایە، و شەشەمین ناوچەی دەوڵەمەندی جیهانە لە ڕووی هەبوونی نەوت و غازی سروشتیەوە و سێیەکی یەدەگی هەموو عێراقی تیادایە، و لە ئێستادا دەستیکردوە بە پرۆسەی گەڕان و دۆزینەوە و هەڵکەندنی بیر و فرۆشتنی نەوت، و واچاوەڕوانیش دەکرێت لە ئایندەدا ببێتە هاوکار و هاوبەشێکی گەورەی ناوچەیی و نێودەوڵەتی لە بواری وزەدا و هەر لەبەر گرنگیەکەشی هەرێمی کوردستان ئێستا خراوەتە سەر نەخشەی جیهانی نەوت و غازی سروشتی،هەربۆیە پێویست دەکات هەر لە ئێستاوە بیر و بەرنامە و پلانی زانستی و وورد دابڕێژێت بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگا پترۆکیمیاویاتەکان لە کوردستاندا، چونکە ئەم پیشەسازیە یەکێکە لە پایە گرنگەکانی ئابوری و پیشەسازی جیهانی و ڕۆڵ و کاریگەری گەورەی دەبێت لە پێشخستنی زیاتری هەرێمی کوردستاندا، چونکە داهاتی ئەم پیشەسازیە گەلێك زیاترە لە داهاتی نەوتی خاو و غازی سروشتی.دەکرێت ئەم جۆرە پیشەسازیە گەشەی پێبدرێت لەم ڕێگایانەوە:-

١. هێنانە ناوەوەی تەکنەلۆژیای نوێ بۆ ناو کوردستان و گەشەپێدانی توانا مرۆییەکانی کوردستان.

٢. دامەزراندنی کارگە و ئامێری پێویست بۆ ئەو مەبەستە.

٣. گرنگیدان بە توێژینەوە و گەشەپێدانی بەرهەم و بەبازاڕکردنی پیشەسازی پترکیمیاویات لە کوردستاندا. کە ئەمەش دەبێتە هۆکارێکی تر بۆ دانانی کوردستان لەسەر نەخشەی یاریزانە سەرەکیەکانی دونیا لە وڵاتە پیشەسازیە گەورەکاندا.

سەرچاوە:
======

.http://www.jes.org.jo/kids/arabic/waste.asp.

.http://www.chemistry.clemson.edu.

.http://www.accutekpackaging.com.

.http://www.mainetti.co.uk/arabic/env…ai/recycle.asp.

---

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئەندازیاران ژمارە ٤٩ لە هاوینی ٢٠١٤ و زانستی سەردەم ژمارە ٦٠ لە پایزی ٢٠١٤دا بلاوکراوەتەوە.

# بەنزینی کوردستان و مەترسیەکانی... *

**بەنزین** ( C6H6 ) :

بریتیە لە شلەیەکی بێ ڕەنگ و توانای گڕگرتنی هەیە، و بۆنێکی خۆشیشی هەیە، بەنزین یەکێکە لە توخمە سەرەتانیەکان و یەکێکە لە پێکهاتەی سووتەمەنیەکان و ناپاڵم و لە توخمە توێنەرەوە گرنگەکانیشە لە پیشەسازیدا، و بەکاردەهێنرێت لە پیشەسازی داوودەرمان و لەدائن و مەتاتی دروستکراو و ڕەنگەکانیشدا. هەروەها یەکێکە لە پێکهاتەکانی زەیتی خاو و بەنزین بۆخۆی بریتیە لە پێکهاتە هایدرۆکاربۆنیە ئەرۆماتیەکان .

وچڕیەکەی بریتیە لە ٥٠ر٨٧٦ کگم/مەترسێجا و خاڵی کولاَنی بریتیە لە ١ر٨٠ پلەی سەدی و خاڵی توانەوەی بریتیە لە ٥ر٥ پلەی سەدی و لە ئاویشدا دەتوێتەوە.

**مێژووی بەنزین :**

بەنزینی ئەڵقەیی لە ساڵی ١٨٢٥ لەلایەن زانای ئینگلیزی مایکل فارادای دۆزرایەوە، بەجیاکردنەوەی لە زەیتی غازی ، و لەساڵی ١٨٣٣دا لەلایەن کیمیازانی ئەڵمانی ئیلهارد میتشیرلیش وە بەڕێگەی چۆڕاندن لە ترشی بەنزەویك بەرهەمهێنرا، و لە ساڵی ١٨٤٥ لەلایەن زانایەکی ئینگلیزیەوە بەنزینی بەرهەمهێنا بەجیاکردنەوەی لە قەترانی خەڵوز و دوای ٤ ساڵ توانی بەنزینی بازرگانی بەرهەمبهێنێت لە قەترانی خەڵوزەوە.

**بەرهەمهێنانی بەنزین:**

بەشێوەیەکی گشتی بەنزین بەرهەمدێت لە کرداری سووتاندنی ناتەواو بۆ ئەو توخمانەی کە کاربۆنی زۆریان تیادایە. و لە سروشتیدا بەرهەمدێت لە گڕکانەکان و سووتاندنی دارستانەکان و هەروەها یەکێکە لە پێکهاتەکانی دوکەڵی جگەرەش.

تا جەنگی دووەمی جیهانیش بەنزین وەك بەرهەمێکی لاوەکی لە خەڵوزی کوکەوە بەرهەم دەهات. لە دەیەی پەنجاکانی سەدەی بیستەوە داواکاری لە سەر بەنزین زیادیکرد و بەتایبەتیش لە دروستکردنی لەدائندا.لەدوای ئەم مێژووەوە بەنزین لە

نەوتی خاو دەرهێنراو لە ئێستادا بەشی هەرەزۆری بەنزین لە پیشەسازی پترۆکیمیاویاتەوە بەرهەم دەهێنرێت و برێکی کەمیش لە خەڵوزی کوکەوە.

**ژمارەی ئۆکتان :**

ژمارەی ئۆکتان بریتیە لە پێوەری توانای بەنزین بۆ بەرگری لە سووتانی خێرا(( لێدانی مەکینە))، بۆ نمونە ئەگەر بەنزینێك ژمارەی ئۆکتانەکەی بریتی بێت لە ٩٠ واتا ئەو بەنزینە ٩٠٪ توانای ئیشکردنی هەیە لە تێکەڵەی ٩٠٪ ئایزۆ ئۆکتان و ١٠٪ ن_هێبتان، کە ئەم سیستەمە لەلایەن رۆسل مارکرەوە داهێنرا.بەنزین تا ژمارەی ئۆکتانی بەرزبێت باشتر دەسوتێت و مەکینەی ئۆتۆمبێل زیانی پێناگات و لێنادات.

**بونی کبریت لە بەنزیندا و کاریگەرییەکانی :**

بەنزین بەشێوەیەکی گشتی ئەم پێکهاتانەی تیادایە: کبریت ، نایترۆجین، بارافینات، ئۆلیفینات، بۆنیەکان،هەربۆیە پێش ئەوەی بەنزین بەکاربهێنرێت لەلایەن ئۆتۆمبێلەکانەوە لە پالأوگەکاندا تاقیکردنەوەی لەسەر دەکرێت بۆ زانینی ڕێژەی پێکهاتەکانی ناو بەنزین و بەتایبەتیش کبریت، کە بونی بەڕێژەیەکی زۆر زیانی گەورە دەگەیەنێتە مەکینەی ئۆتۆمبێلەکان و جۆری بەنزینەکە و دواتریش لەسەر ژینگە و تەندروستی مرۆڤەکان. توانراوە ڕێژەی کبریت لە بەنزینی چارەسەرنەکراودا بگەیەنرێتە ١٠٠٠ بەش لەملیۆنیك و زۆرێك لە وڵاتە پیشەسازیەکان لە ساڵی ٢٠٠٩دا توانیان کە ئەو ڕێژەیە کەمبکەنەوە بۆ ٣٠٠ بەش لە ملیۆنێك . و لەئێستاشدا هەوڵدەدرێت کە ئەو ڕێژەیە بۆ ٥٠٪ کەمبکەنەوە.بەگشتی تاڕێژەی بونی کبیرت لە بەنزیندا کەمبکرێتەوە ئەو بەنزینە بەسەلامەت دادەنرێت بۆ ژینگە و تەندروستی مرۆڤ و بۆ سەلامەتی ئۆتۆمبێلەکانیش.تاقیکردنەوە کێڵگەییەکان دەریانخستوە کە باشترین ڕێژەی بونی کبیرت لە بەنزیندا دەبێت کەمتر بێت لە ٣٠٠ بەش لە ملیۆن. واتا هاوتا بێت بە ڕێژەی ٠٣ر٠٪ لە کێش.

**بەکارهێنانی بەنزین:**

پێش ساڵی ١٩٢٠ بەنزین وەکو توێنەرەوەیەکی پیشەسازی بەکاردەهێنرا بۆ لابردنی چەوریەکان لەسەر توخمەکان، بەلاّم بەهۆی سیفەتی ژەهراوی بەنزینەوە ،گۆڕدرا بۆ جۆری تر لە توێنەرەوەکان.

هەروەها بەنزینی ئەڵقەیی زیاد دەکرێت بۆ سووتەمەنیە شلەکان، چونکە بەنزینی ئەڵقەیی دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ژمارەی ئۆکتان و کەمکردنەوەی لێدانی مەکینەی ئۆتۆمبیلەکان. بەنزین بۆخۆی وەکو سوتەمەنی زۆرجاران ڕێژەی جیاوازی بەنزیی ئەڵقەیی تیادایە وەك (( محسنات)) ئەمەش لە پێش ماوەی دەیەی پەنجاکانی سەدەی بیستەوە. بەلاّم دواتر بەنزینی ئەڵقەیی گۆڕدرا بە توخمی (( تێترا ئەثیلی ڕەصاص TEL)) کە دادەنرێت بە بەهێزترین جۆری (( موحسنات)) وتوخمی دژ بە لێدانی ماکینەی ئۆتۆمبێل و تاساڵی ١٩٨٠ بەکاردەهێنرا. دواتر لە جیاتی ئەم توخمەش وەك ((موحسنات))ێکی سەلامەتتر توخمی (( میثانۆلَ تێرمینۆلۆجی بیوتان ئیثانۆلَ MTBE)) بەکاردەهێنرێت بەمەبەستی بەرزکردنەوی ژمارەی ئۆکتانی بەنزین.بەلاّم بەهۆی ئەو بۆچونە جیهانیەی کە هەوڵدەدرێت توخمی ڕەصاص کەمبکرێتەوە لە سووتەمەنیدا، بەنزینی ئەڵقەیی لە زۆریك لە ولاّتاندا بۆتە ئەو پێکهاتەیەی کە بۆ بەرزکردنەوەی ژمارەی ئۆکتان بەکاردێت. بەلاّم لە ئەمریکادا دوودڵیەك دروست بوە بەرامبەر بەنزینی ئەڵقەیی بەهۆی تواناى چوونە ناو ئاوی ژێر زەویەوەو پیسکردنی. هەربۆیە مەرجی زۆر توند دانراوە کە نابێت بەنزینی ئەڵقەیی بەڕێژەی ١٪ لەناو بەنزیندا هەبێت.

بەشێوەیەکی گشتی بەنزین دادەنرێت بە توخمێکی ناوەندی بۆ بەرهەمهێنانی توخمی کیمیاوی تر، زۆرترین توخمی بەرهەمهێنراو بەهۆی بەنزینەوە بریتیە لە توخمی ستیرین کە لە پیشەسازی پۆلیمەر و لەدائن و فینۆلەکاندا بەکاردێت. هەروەها بەنزین لە توخمی ڕیشاڵەکان و توخمە لکێنەکانیشدا بەکاردێت. هەروەها هەکسانی ئەڵقەیی لە دروستکردنی نایلۆندا بەکاردێت. بڕێکی کەمیش لە بەنزین بەکاردێت لە دروستکردنی مەتات و چەورکەرەکان و ڕەنگەکان و پاکژکەرەوەکان و داوودەرمان و تەقینەوەکان و لەناوبەری مێروەکانیشدا.

**جۆرەکانی بەنزین و کاریگەری لەسەر مەکینەی ئۆتۆمبێل:**

لە ڕاستیدا جۆری بەنزین و ژمارەی ئۆکتان و تاچەند گونجاوە لەگەڵ جۆری مەکینەکەدا ، دەوەستێتە سەر سیفەتی مەکینەکە کە ناودەبرێت بە ڕێژەی پاڵەپەستۆ کە نزیکە لە ٧–١٢. لە ئۆتۆمبێلی بەنزیندا بەگشتی:

**ڕێژەی پاڵە پەستۆ= قەوارەی سلندەری مەکینە/ قەوارەی ژووری سووتاندن لە مەکینەدا**

کە لەنێوان ٧–١٢ یان هەندێ جار و لەهەندێ مەکینەدا تا ١٥ دەڕوات.بەڵام لەسەر حسابی تەمەنی مەکینەکە دەبێت.

هەرکاتێك ڕێژەی پاڵەپەستۆی مەکینە زیاد بوو ئەوەندەش مەکینەکە لەگەڵ جۆری بەنزینی ژمارە ئۆکتانی بەرزدا دەگونجێت.

**بەرکەوتن بە بەنزین:**

ئەو کرێکارانەی کە کارەکانیان وادەخوازێت کە بەر بەنزین بکەون، لەمەترسی ئەوەدان کە ڕووبەڕووی توخمی شێرپەنجەیی ببنەوە. وەك پیشەسازی مەتات و پاڵاوگەی زەیتەکان و کیمیاویەکان و کارگەی پێڵاو دروستکردن . ئاژانسی OSHA لە ساڵی ١٩٨٧دا ڕایگەیاند نزیکەی ٢٣٧٠٠٠ کرێکار لە ئەمریکادا بەر بەنزین دەکەون .

**کاریگەری بەنزین لە سەر تەندروستی:**

هەڵمژینی بڕێکی زۆر لە بەنزین ڕەنگە ببێتە هۆی مردن، بەڵام بەرکەوتن بەبڕێکی کەمتر بەبەنزین دەبێتە هۆی ، خەوبردنەوە، سەرگێژبوون، زیادبونی لێدانی دڵ، سەرئێشە، لەرزین، ناهاوسەنگی جەستە، لەهۆشخۆچوون. هەروەها خواردنەوەی بەبڕێکی زۆر دەبێتە هۆی ڕشانەوە و داخورانی دیواری گەدە و سەرسوڕهاتن و حەزکردن بە نوستن و لەرزین و زیادبونی لێدانی دڵ.

هەروەها بەرکەوتنی دوورودرێژ بە بەنزین دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە مۆخی ئێسك.هەروەها دەبێتە هۆی کەمبونەوەی خڕۆکە سورەکانی خوێن و نەخۆشی ئەنیمیا، هەروەها لەوانەشە ببێتە هۆی خوێن بەربون و کەمبونەوەی بەرگری لەش.

دەرکەوتوە ئەو ژنانەی کە بۆ ماوەی دوورودرێژ بەنزینیان بەردەکەوێت ، دیاردەی تێکچوونی سوڕی خوێنی مانگانەیان تیایدا دەردەکەوێت و هەروەها دەبێتە هۆی

بچوکبونەوەی هێلکەدانەکانیش،بەڵام تائێستا نەزانراوە کە بەنزین دەبێتە هۆی دواکەوتنی گەشەی کۆرپەلە، یان لەسەر پیتاندن لە ژناندا.

هەروەها دەرکەوتنی بەرکەوتنی ژنان بەبەنزین دەبێتە هۆی کەمی کێشی لەدایکبونی تۆو، و دواکەوتنی دروستبوونی ئیسك و خورانی مۆخی ئیسك.

لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی و خزمەتگوزرای مرۆیی لە ئەمریکادا (( DHHS )) بەنزین پۆلێنکراوە لە و توخمانەی کە دەبنە هۆی شێرپەنجە.و بەرکەوتن بە بەنزین لەهەوادا بۆ ماوەی دوورودرێژ دەبێتە هۆی نەخۆشی لۆکیمیا(( شێرپەنجەی خوێن)).

دەتوانرێت لە تاقیگەکاندا پشکنینی خوێن بکرێت بۆ زانینی ڕێژەی بەنزین لە خوێندا یان لە میزدا وەك خۆپارێزیەك لە نەخۆشیەکانی خوێن کە بەهۆی بەنزینەوە دروست دەبن.

ئاژانسی پاراستنی ژینگەی ئەمریکی هەستاوە بە دیاریکردنی کەمترین ڕێژەی بەنزین لە ئاوی خواردنەوەدا بە ٥٠٠ر٠ ملیگرام بۆ هەر لیترێك ئاو. وەئاگاریشیداوە لە ڕشتنی زیاد لە ٤ر٥ کیلۆگرام لە بەنزین لە ئەنجامی ڕوودا و یان هەڵەوە.

هەروەها بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی و تەندروستی ئەمریکی ( OSHA) هەستاوە بەدانانی سنوری ڕێگە پێدراو بۆ بەرکەوتن بە بەنزین کە بریتیە لە یەك بەش لە ملیۆنێك لە بەنزین لە هەوادا لەماوەی ٨ کاتژمێری کارکردندا، کاتێك کاتژمێرەکانی کارکردن لە هەفتەیەکدا ٤٠ کاتژمێر بێت .

**بەنزینی کوردستان:**

بەنزین لە کوردستاندا و بەتایبەتی ئەوەی لە پاڵاوگەکانی کوردستان بەرهەم دێت،لەلایەك ڕێژەی کبریتی زۆرە و لەلایەکی تریشەوە ژمارەی ئۆکتانیان نزمە کە لەخوار ٩٠ وەن، هەربۆیە بەنزینی کوردستان لە جۆری خراپە و دەبێتە هۆی لێدانی مەکینەی ئۆتۆمبێل و زیانگەیاندن بە دیوی ناوەوەی سلندەرەکان و پیسبونیان و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی بونی کبریتی زۆرەوە هەم ژینگە پیس دەکات و هەمیش غازی ژەهراوی دەردەکات کە زیانی گەورە دەگەیەنێت بە تەندروستی مرۆڤ، هەربۆیە مەترسی گەورەی

لێدەکرێت کە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی نەخۆشی شێرپەنجە و بڵاوبونەوەی چونکە بەنزین بە سروشتی خۆی توخمێکی سەرەتانیە.

بۆیە پێویستە ئەو بەنزینانەی بەرهەم دەهێنرێن لە پاڵاوگەکانی کوردستاندا پڕۆسەی کرداری چارەسەرکردنیان بەسەردا بهێنرێت بەمەبەستی کەمکردنەوەی ڕێژەی کبریت و بەرزکردنەوەی ژمارەی ئۆکتان، بۆ ئەوەی کەمترین زەرەروزیان بەژینگە و ئۆتۆمبیل و تەندروستی مرۆڤ بگەیەنێت و کارێکی نازانستی و هەڵەیە کە بەنزینی چارەسەرنەکراو بخرێتە بازاڕەوە و بەکاربهێنرێت بۆ ئۆتۆمبێلەکان.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی کورد ئۆیل نیوز و خەندان لە ٢٥ و٢٠١٤/٨/٢٧ و کوردستانی نوێ ژمارە ٦٤٦٨ لە ٨/٢٨ و هەواڵ ژمارە ٥٨٣ لە ٢٠١٤/٩/٦دا بڵاوکراوەتەوە.

# غازی سروشتی کوردستان و گرنگیەکەی بۆ ئاینده*

**•غازی سروشتی( Natural Gas ) چیە؟**

بریتیە لە تێکەڵەیەك لە توخمە هایدرۆکاربۆنیە بارافینیە سوکەکان ( ئەلکانات)، لەدۆخی غازیدا دەبێت  لە هەلومەرجی ئاساییدا لە فشار و پلەی گەرمادا.هەروەها بریتیە لە شێوەیەك لە شێوەکانی وزەی سەلامەت کە توانایەکی بەرزی هەیە، و بێ ڕەنگ و سوکترە لە هەوا، و زۆرینەی پێکهاتەکانی بریتیە لە غازی میثان بەرێژەی ٩٥٪ و ئەوەی کە دەشمێنێتەوە ٥٪ بریتیە لە غازەکانی وەك ئیثان و نایترۆجین و پرۆپان و هایدرۆکاربۆنە قورسەکان و ئاو و کبریت و بڕێکی کەمیش لە غازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و ئازۆت و غازی کبریتیدی هایدرۆجین.

**•غازی  سروشتی لە کوێوە دێت ؟**

غازی سروشتی بوونی هەیە لە ژێر چینەکانی توێکڵی زەویدا– لە ژێر ئاستی ئاوە قوڵەکاندا، کە کۆدەبێتەوە بە تێپەڕبوونی ملیۆنان ساڵ لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی توخمە ئەندامیە ڕوەکی و ئاژەڵیەکانەوە. بیری غازی سروشتی بریتیە لە دەرچەیەك کە هەڵدەکەنرێت لە ناو بەردەکاندا کە لە چینەکانی توێکڵی زەویدان و لێوەی غازە سروشتیە کۆبۆوەکە دێتەدەرەوە لە ژێر فشاردا و لە سەرزەوی کۆدەکرێتەوە. دواتر دەپاڵێورێت بۆ لابردنی ئەو پێکهاتانەی کە تیایدان وەك ئاو و هایدرۆجین و ..هتد.دوای پاڵفتەکردنی دەگوازرێتەوە لەڕێگەی بۆریەوە بۆ کۆمپانیای دابەشکردنەکان.

**•هەندێ ڕاستی دەربارەی غازی سروشتی :**

١. غازی سروشتی لەهەوا سوکترە و بەخێرایی بەرزدەبێتەوە لە جێگەیەکدا کە هەواگۆڕکێی تیادا باش بێت.غازی سروشتی لەگەڵ هەوادا دەکرێت گڕبگرێت یان بەهۆی سویچی کارەباوە یان هەر سەرچاوەیەکی دیاری گڕگرتنەوە وەك دەنکە شقارتە یان چەرخ و لەمپای چرا کە بەهۆیانەوە ڕەنگە تەقینەوە یان ئاگرکەوتنەوە ڕووبدات.

٢. غازی سروشتی ژەهراوی نیە: بەڵام بەرکەوتن بە غاز بەڕێژەیەکی زۆر توشی دڵتێکهەڵدان و لەهۆشخۆچوون دەبێتەوە لەبەرئەوەی جێگەی ئۆکسجینی پێویست بۆ هەناسەدان دەگرێتەوە.

٣. غازی سروشتی بۆنی نیە: غازی خاو کە لێرەدا مەبەستمانە بۆنی نیە لەبەرئەوە کۆمپانیاکان هەندێ بۆنی تێدەکەن بۆ ناسینەوەی لەکاتێکدا کە بڵاودەبێتەوە.

**•مەترسیە تەندروستیەکانی غازی سروشتی:**

١. لەکاتی بەرکەوتن بۆ چاو یان پێست دەبێتە هۆی سووربونەوە و حەساسیەت.

٢. لەکاتی هەڵمژینیدا: دەبێتە هۆی خنکاندن، بەهۆی بەرزی ڕێژەکەیەوە کاردەکاتە سەر ڕێژەی ئۆکسجین.کە ئەمەش دەبێتە هۆی سەرگێژبوون و دڵتێکەڵهاتن و تێکچوون و نەبینین و ڕشانەوە و لەهۆشخۆچوون و مردنیش.

٣. مەترسیەکانی ئاگرگرتن و تەقینەوە: غازێکە کە خێرا گڕدەگرێت هەربۆیە دەبێت لە سەرچاوەی گڕگرتنەوە دوور بخرێتەوە و بەهۆی ئەوەی کە غازی سروشتی زۆر بەرزدەبێتەوە دەگاتە دوورترین جێگە، و لەگەڵ هەواشدا تێکەڵەیەکی خێرا تەقێنەرەوە دروست دەکەن لە جێگە داخراوەکان و کراوەکانیشدا کاتێك دەکەوێتە ژێر پلەیەکی گرمی بەرزەوە لە ئەنجامی فشاری بەرزبۆوەی ناوەوەی.

**• پێکهاتەی کیمیاوی:**

پێکهاتەی سەرەکی غازی سروشتی بریتیە لە غازی میثان $CH_4$ کە کورترین و سوکترین بەشی هایدرۆکاربۆنەکانە و هەروەها هایدرۆکاربۆنی قورستریش لەخۆی دەگرێت وەك ئیثان $C_2H_6$ و پرۆپان $C_3H_8$ و بیوتان $C_4H_{10}$ و هەروەها غازاتی تر کە کبریتیان تیادایە.ئەو غازی سروشتیەی کە جگە لە غازی میثاني تیادایە پێی دەوتریت غازی سروشتی تەڕ ، و ئەو غازەی تەنها غازی میثاني تێدایە پێی دەوترێت غازی سروشتی وشك.

پێکهاتەی غازە سروشتیەکان لە بیرێکەوە بۆ بیرێکی تر دەگۆڕێت لە ڕووی ژمارەی توخمە هایدرۆکاربۆنی و ناهایدرۆکاربۆنیەکان تیایدا یان لەڕووی چڕیەوە لەبڕ و جۆرەکانیاندا. ئەوەش بەهۆی جیاوازی قوڵی چینەکانی زەویەوە و هەروەها بەهۆی هەلومەرجی بەرهەمهێنانیەوە.

**پێکهاتەکانی غازە سروشتیەکان پۆلێن دەکرێن لەسەر بنچینەی دۆخی فیزیاویانەوە بۆ :**

دۆخی غازی وەك میثان و ئیثان و ئیثلین. دۆخی هەڵمی وەك پرۆپان و پرۆپیلین و ئایزۆبیوتان و بیوتان. دۆخی شلی لەکاتی بەرزبونەوەی فشاردا وەك توخمە هایدرۆکاربۆنیە

قورسەکان لە بیوتان. دۆخی ڕەقی  کە ئەو توخمانە دەگرێتەوە کە ١٨ گەردیلەی کاربۆن یان زیاتریان تیادایە.

• **شێوازەکانی بوونی غازی سروشتی:**

١. غازە سەربەستەکان (Non-Associated Gas)، ئەمەش دوو جۆری هەیە: غازی وشك و غازی تەڕ.

٢. غازە لەگەڵەکان (Associated Gas): ئەم جۆرە غازە لە بیرە نەوتەکاندا هەن و بەشێوەی قوبەیەك لەسەر نەوتەکە دەردەکەون.

٣. غازە شیبوەوەکان(Dissolved Gases): بریتیە لە توخمە تواوەکان لە نەوتدا و لە پڕۆسەی جیاکردنەوەدا لە سەر زەوی لە نەوت جیادەکرێنەوە.

• **جۆرەکانی غازی پیشەسازی و بازرگانیەکان:**

پیشەسازی غازی سروشتی لە نیوەی سەدەی بیستەوە بەشێوەیەکی بەرچاو وخێرا گەشەیکرد لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە دەوڵەمەندن بە بیری غازی سروشتی.ئەوەش بەهۆی : بۆ دابینکردنی پێداویستی بەکارهێنانی  ئەو گەشە خێرایەی دانیشتوان، و پشتبەستنی پیشەسازیە کیمیاویەکان و پیشەسازی پەینەکان و وێسگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لەم ١٠ ساڵەی کۆتاییدا لەسەر غازی سروشتی وەك کەرەسەیەکی سەرەکی. و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای هەڵگرتن و دابەشکردنی غازی سروشتی.هەروەها پێشکەوتنی پڕۆسەی چارەسەرکردن بۆ دەسکەوتنی غازی سروشتی شل (LNG) کە بەهایەکی گەورەی هەیە لە ڕووی ئابوریەوە.لەسەر ئەم بنەمایانە دەتوانرێت توخمە پێکهاتەکانی غازی سروشتی لە ڕوانگەی پیشەسازی و بازرگانیەوە پۆلێنبکرێت بۆ ئەم جۆرانەی لای خوارەوە:

١.غازە سستەکان( Inert Gas): کە ناتوانن کارلێکی کیمیاوی بکەن لەگەڵ ناوەندی دەوروبەریاندا وەك غازەکانی  ئازۆت و هیلیۆم.

٢. غازە ترشەکان ( Acid Gas) : گرنگترینیان غازی کبریتی هایدرۆجین و دووەم ئۆکسیدی کاربۆنە.

٣. شلەکانی غازی سروشتی NGL ( Natural Gas Liquids): بریتین لەو توخمە هایدرۆکاربۆنیانەی کە لەسەر ڕووی زەوی جیاکراونەتەوە یان لە یەکەی بازنەییدا یان لەیەکەی چارەسەری سەرەکیدا وەك: ئیثان و پرۆپان و بیوتان و گازۆلینی سروشتی.

٤. **غازە سروشتیە شلەکان LNG( Liquefied Natural Gas): بریتین لە توخمی هایدرۆکاربۆنیە سوکەکان کە دەتوانن بمەیێن، کە غازی میثان بەشی هەرەزۆری پێکدەهێنێت.**

٥. **غازە نەوتیە شلەکان LPG ( Liquefied Petroleum Gas): هەردوو غازەکانی پرۆپان و بیوتان(( کە بەشێوەی جیا لەیەکتر یان تێکەڵەیەکی غازی))هەن، کە لە ژێر فشارێکی دیاریکراو و لە خەزانی داخراودا لەدۆخی شلیدا دەمێننەوە.**

٦. **گازۆلینی سروشتی LP-Gas( Natural Gasoline) : تێکەڵەیە لە پێنتان و توخمە هایدرۆکاربۆنیە قورسەکان و دەتوانرێت لە غازی سروشتی جیابکرێتەوە.**

٧. **چڕبوەوەکان : Condensate بریتیە لە پێکهاتەی هایدرۆکاربۆنی شلی جیاکراوە لە غازە سروشتیەکان لەکاتی گواستنەوەی تەزوی غازی لە بیرەکانەوە بۆ یەکەکانی جیاکردنەوەی سەر ڕووی زەوی ئەوەش لە ئەنجامی گۆڕانکاری هەلومەرجی فشار و پلەی گەرمیەوە.**

**•بەکارهێنانی غازی سروشتی:**

**غازی سروشتی لە ئێستادا دادەنرێت بە سووتەمەنی نمونەیی ( Ideal Fuel) لەبەر ئەم هۆکارانەی لای خوارەوە:**

١. **دەسکەوتنی بە بڕێکی زۆر گەورە.**

٢. **پێکهاتەیەکی کیمیاوی تا ڕادەیەك سانا و توانای گەرمیەکی گەورەی هەیە.**

٣. **پێویستی بە کرداری چارەسەرکردنی زۆر سووك هەیە پێش بەکارهێنانی بەبەراوورد بە خەڵوزی بەردین Coal و نەوتی خاو Crude Oil.**

٤ **.توانای سووتانی ئاسان و تەواوی هەیە لە ئەنجامی ئاسان یەکگرتنی لەگەڵ ئۆکسجیندا.**

٥ **.خاوەن سووتانێکی خاوێنە( لە ئەنجامی سووتاندندا هیچ خۆڵەمێشێکی نیە) ،چونکە لە پێکهاتەکەیدا هیچ جۆرە کانزایەك نیە.**

٦. **غازی سروشتی پەستێنراو Compressed Natural Gas جیاوازە لە غازی شلی سروشتی Liquefied Petroleum Gas ناسراو بە LPG،ئەمەی دواییان قورسترین پێکهاتەی غازی سروشتی لەخۆ دەگرێت وەك پرۆپان و بیوتان کە جیادەکرێنەوە لە غازی سروشتی لە دۆخی شلیدا بە ڕێژەی دیاریکراو لە پلەی گەرمای ٤٠ پلەی سەدیدا. لەکاتێکدا دەتوانرێت فشاری غازی سروشتی بەرزبکرێتەوە بۆ فشارە بەرزەکان بەنزیکەی**

١٦٠ باڕ تا ببێتە ئەوەی کە دەناسرێت بە غازی سروشتی پەستێنراو CNG، کە بە خاوێنی دەناسرێت بەبەراورد بە سووتەمەنیە هەڵهێنجراوەکان وەك بەنزین و کیرۆسین.

٧. غازی سروشتی شلکراوە Liquefied Natural Gas بەکاردەهێنرێت وەك سووتەمەنی بۆ ئۆتۆمبێلە جیاوازەکان.

- **زانیاری و ڕاستیەکان دەربارەی غازی سروشتی شلکراوە:**

بەبەردەوامی داواکاری لەسەر غازی سروشتی هەیە لە دونیادا. چونکە سوتەمەنیەکی خاوێنە و لەچەند ناوچەیەکی دیاریکراوی جیهاندا هەیە و ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستیش بە کوردستانیشەوە یەکێکە لەو ناوچانە. بەلاْم گەورەترین بەکارهێنەری غازی سروشتی وەك ئەوروپا و ڕۆژهەلاتی دوور زۆر دوورن لە جێگەی بەرهەمهێنانەوە. لەڕووی ئابوریەوە گرنگە کە غازی سروشتی بگوێزرێتەوە وەك هەوای دەوروبەرمان، غازی سروشتی لە دۆخی ئاسایدا ڕووبەرێکی فراوان داگیردەکات. پێویستە بەبڕی زۆر بنێردرێت بۆئەوەی ئابوری بێت لەڕێگەی بۆریەوە، بەلاْم ڕاکێشانی بۆری بۆ بەکاربەرەکان کارێکی قورس و ئابوری نیە هەربۆیە ڕێگەیەکی تر هەیە کە بریتیە لە ساردکردنەوەی غازی سروشتی بۆ ١٦٠ پلەی سەدی ژێر سفر و ئەو کات دەبێتە شلە و لەدۆخی شلیشدا قەوارەکەی کەم دەکات بە بڕی ٦٠٠ جار کە ئەمەش دەبێتە هۆکار بۆ هەڵگرتنی گەورەترین بڕ لە غازەکە لە ناو گوێزەرەوەی نەوتدا و ناردنیشی بۆ بەکاربەرەکان لە جیهاندا.

**•غازی سروشتی کوردستان**

بۆ یەکەم جار لە هەرێمی کوردستاندا کۆمپانیای دانە غاز لە مانگی نیسانی ساڵی ٢٠٠٧، ڕێکەوتنێکی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا مۆرکرد بەمەبەستی گەشەپێدانی سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی لە غاز.

کۆمپانیای دانە غاز ڕێژەی ٤٠٪ پشکی هەیە لە کۆمپانیای بیرل پترۆلیۆمی دیاریکراو، بەهاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیای هیلالی ئیماراتیدا بەڕێژەی ٤٠٪.

دانە غاز و شەریکەکانی دادەنرێن بە گەورەترین وەبەرهێنی بیانی کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستاندا، و هەڵدەستێت بە گەشەپێدان و چارەسەرکردن و گواستنەوەی غازی سروشتی لە کێڵگەی کۆرمۆر و هەروەها هەڵدەستێت بە هەڵسەنگاندنی تواناکانی کێڵگەی غازی چەمچەماڵ لە پێناو دابینکردنی غازی سروشتی بۆ ئیشپێکردنی وێسگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا کە لە نزیك هەردوو شاری هەولێر و سلێمانیدان.کە لە ئێستادا پێداویستی کارەبای

نزیکەی ٤ ملیۆن کەس دابین دەکەن.بەم پرۆژەیەش حکومەتی هەرێمی کوردستان چیدی پێویستی بە گازۆیل نیە بۆ وێسگەکانی کارەبا و هەروەها خەرجیەکانیشی لەسەر کەمکردۆتەوە.

کاری گەشەپێدانی کێڵگەی غازی کۆرمۆر تەواوبوە لەگەڵ ڕاکێشانی هێڵی بۆری گواستنەوەی غازی سروشتی بە درێژی ١٧٦ کم لەماوەی تەنها ١٦ مانگدا، و لە مانگی ئابی ٢٠٠٨یشەوە دەستکراوە بە بەرهەمهێنانی غازی سروشتی و چرکراوەکان و دوو وێسگەی چارەسەری غازی سروشتیش دامەزراوە بەتوانای ٣٠٠ ملیۆن مەتر سێجا ڕۆژانە. و لەمانگی ٦ساڵی ٢٠١١شەوە دەستکراوە بە بەرهەمهێنانی غازی نەوتی شلکراوە.

لە ئێستاشدا کاردەکرێت بۆ هەڵسەنگاندنی هەردوو کێڵگەی غازی کۆرمۆر و چەمچەماڵ وەك دوو مەخزونی گەورەی غازی سروشتی جیهانی،وە کێڵگەی کۆرمۆر لەتوانایدایە کە هێڵی بۆری تریشی لێڕابکێشرێت بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی وێسگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا و پلانیش دانراوە بە لێدانی بیری نوێ و زیادکردنی بەرهەمی غاز.

**•سیفاتەکانی غازی سروشتی کوردستان**

بڕی یەدەگی غازی سروشتی هەرێمی کوردستان بریتیە لە ٣ تریلیۆن مەتر سێجا.و لە کێڵگە نەوتیەکانی چەمچەماڵدا بڕی ٧٧ بلیۆن مەتر سێجا غازی سروشتی هەیە کە بە دووەم کێڵگەی غازی سروشتی دادەنرێت لە عێراقدا لەدوای کێڵگەی منصوریە الجبل / لە نێوان تاجی و بێجیدایە. ئەم غازە $H_2S$ تیادا نیە کە زیانی هەیە بۆ داخوران و بەغازی شیرین ناودەبرێت.ئەم غازە $H_2S$ مەترسیدارە چونکە بێ بۆن و ژەهراویشە.

**• غازی سروشتی لە ٣ غازی هایدرۆکاربۆنی پێکدێت:**

١.میثان $CH_4$ بەڕێژەی ٧٠-١٠٠٪ لەوەزنی غازی سروشتی.

٢.ئیثان $C_2H_6$ بەڕێژەی ١-١٠٪ لەوەزنی غازی سروشتی.

٣.پرۆپان $C_3H_8$ بەڕێژەیەکی کەم.

**• سیفاتە باشەکانی غازی سروشتی:**

١.ژینگە پیس ناکات .

٢.هەمووی بەکاردێت و پاشەڕۆی نیە .

٣.ئابوریشە .

٤.بەکاردێت لەبواری پیشەسازی و گەرمکردنەوەدا.

**• غازی سروشتی کوردستان و پرۆژەی هێڵی نابۆکۆ**

کۆمپانیای هێڵی بۆری تورکی (بۆتاش ) ڕایگەیاند کە گواستنەوەی غازی سروشتی هەرێمی کوردستان دەتوانرێت لەڕێگەی هێڵی نابۆکۆوە غازی سروشتی بگەیەنێتە ئەوروپا بە کۆتایهاتنی

ساڵی ٢٠١٤.بەمەش غازی سروشتی هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی گەورە و گرنگ دەگێڕێت لە وەگەڕخستنی هێڵی نابۆکۆ کە غازی سروشتی لە تورکیاوە دەگوازێتەوە بۆ هەموو ئەوروپا.

هەرێمی کوردستان لە توانایدایە کە ڕۆژانە بڕی ٥ر١ ملیار مەتر سێجا غازی سروشتی دابین بکات بۆ پڕۆژەی هێڵی نابۆکۆ. کە ئەوەش بڕێکی گونجاوە بۆ قۆناغی یەکەم. بەڵام بەهۆی چنگنەکەوتنی پڕۆژەکە بۆ سەرچاوەی تری غازی سروشتی پێدەچێت وادەی دەستپێکی پڕۆژەکە دوابکەوێت.ئەم پڕۆژەیە زۆر گەورە و گرنگە و ئەوروپا و ئەمریکا پشتیوانی لێدەکەن بۆ ئەوەی چیدی ئەوروپا پشت نەبەستێتە سەر وزەی ڕوسیا.و لە ئێستادا ئەوروپا چارەکی پێداویستیەکانی لە غازی سروشتی لە ڕوسیاوە دابین دەکات.

هەر ئەم یەدەگە زۆرەی نەوت و گازی سروشتی وایکردوە کە هەرێمی کوردستان بخرێتە سەر نەخشەی نەوت و گازی سروشتی جیهان و کە ئەمەش بۆخۆی دەسکەوتێکی سیاسی و ئابوری گرنگە بۆ کوردستان و مەسەلەکەی لەسەر ئاستی جیهان و ناوچەکەش.

کۆمپانیای کۆنسرتیۆم کە ٤ کۆمپانیای عەرەبی و ئەوروپی لەخۆ دەگرێت دەربارەی پڕۆژەی گەشەپێدانی کێڵگەکانی غازی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند بە سەرمایەی ٨ ملیار دۆلار وەبەرهێنان دەکات. نوێنەری سەرۆکایەتی ڕوسیا ڕایگەیاند کە غازی سروشتی هەرێمی کوردستان لە ئایندەدا کاریگەری دەبێت لەسەر غازی سروشتی ڕوسیا بۆ ئەوروپا.

لێپرسراوێکی تورکی ڕایگەیاند کەوا لە ٢٠١٣/٩/١٣دا یەکەم مۆڵەتی ناردنە دەرەوەی غازی سروشتی لە هەرێمی کوردستانەوە دەرکردوە و مۆڵەتەکەش دراوە بە کۆمپانیای (( سیاه کالیم)) کە بارەگاکەی لە شاری ئەستانبولە و بۆ ماوەی ٢٦ ساڵە.

❖ بەم شێوەیە غازی سروشتی کوردستان و پیشەسازی لەم بوارەدا ئایندەیەکی گەشتر دەداتە کوردستان و هاوشان لەگەڵ نەوتی زۆرو زەوەندا، دەبنە دوو کۆڵەکەی بنچینەیی بۆ دامەزراندنی ژێرخانێکی ئابوری پتەو و بەهێز و دوو سەرچاوەی داهاتی گرنگ بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە دەکرێت بخرێنە خزمەتی خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان وبەرزکردنەوەی ئاستی گوزەران و گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوەی زیاتری کوردستان ، و بەشێوەیەکی شەفاف و ئاشکرا مامەڵە لەگەڵ ئەم بوارە گرنگەدا بکرێت و سیاسەتێکی ڕوون و ئاشکرای لەگەڵدا پەیرەو بکرێت.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی کورد ئۆیل نیوز و ئاوێنە نیوز لە ٩ و ٩/١٠ و گۆڤاری ئەندازیاران ژمارە ٥٠ لە پایزی ٢٠١٤دا بلاوکراوەتەوە.

# پیشەسازی بۆن*

❖ **پێناسەی بۆن :**

بۆن PERFUME بریتیە لە ئامادەکراوێك لەتوخمی سروشتی یان دروستکراو یان لە تێکەڵەیەك لە هەردووکیان و ئەنجامیش پێکهاتەیەکی نوێ دروست دەبێت کە بۆنێکی خۆشی هەیە.

❖ **مێژوی دروستکردنی بۆن :**

پیشەسازی بۆن مێژوویەکی دێرینی هەیە و مرۆڤ هەر لە کۆنەوە هەوڵیداوە بۆ جوانکردنی ژیانی لەڕێگەی بۆنەوە یان شێوەکانەوە.

❖ **لەسەدەی بەردیندا :** مرۆڤی سەرەتایی لە ڕێگەی هەڵمژینی بۆنی گوڵ و گژوگیاکانەوە بۆنەکانی ناسیوە، لەڕێگەی سووتاندنی گژوگیا بۆندارەکانەوە لە بۆنە ئاینیەکاندا.

❖ **لەشارستانێتی میسری کۆندا:** بەهەمان شێوە مرۆڤ ئاشنای بۆنەکان بووە،یان بەڕێگەی گوشینی گوڵ و گژ وگیاکان بەتێکەڵکردنیان بە ئاو بۆ دروستکردنی گوڵاو، یان بە ڕێگەی سووتاندنی گوڵە بۆندارەکان لە بۆنە ئاینیەکاندا.

❖ **لەشارستانێتی قوبروسی کۆندا:** لە ڕووی مێژووییەوە یەکەم بۆن لە جیهاندا کە دۆزرایەوە لە دورگەی قوبروسدا بوو،لەلایەن زانا ئیتالیەکانەوە بوو لە ساڵی ٢٠٠٤دا. کە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٤٠٠٠ ساڵ.هەروەها زەویەکیان دۆزییەوە بە ڕووبەری ٤٠٠ مەتر دووجا کە بەکارهێنراوە بۆ دروستکردنی بۆن بەهەمان شێوەی میسریە کۆنەکان و دواتر گوازرایەوە بۆ ڕۆما لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا.

❖ **لە شارستانێتی قیبتیدا:**بەهەمان شێوە قیبتیەکان سوودیان لە شارستانێتی پێش خۆیان وەرگرتوە لە دروستکردنی بۆنەکاندا.

❖ **لە شارستانێتی ئیسلامیدا:**سەرەڕای سوود وەرگرتنی زۆری شارستانێتی ئیسلامی لە شارستانی ئیگریکی،بەلام عەرەبەکان یەکەم کەس بوون کە تاجی گوڵیان بەکارهێناوە بۆ دروستکردنی گوڵاو لە ساڵی ١٣٠٠وە،بەهەمان شێوە تاجی گوڵیان بەکارهێناوە وەك دەرمانیش. پێدەچێت کۆنترین بۆن بریتی بێت لە ((گوڵاو)) کە زۆر بڵاو بوە لای هۆزە عەرەبیەکان.گوڵەکانی یاسەمین و وەنەوشە و گوڵی لیمۆ و گوڵەکانی تر سەرچاوەی سەرەکی بوون لای عەرەبەکان بۆ دروستکردنی بۆنەکان.بەڵام ڕۆحی بۆن لەسەرچاوەی

ترەوە جگە لە گوڵ دەردەهێنرێت،وەك تەختەی ئورز و تەختەی صەندەڵ و لەگەڵای نەعنا و غەرنوف و خوزامی.یان لەڕەگی دیاریکراوەوە وەك زەنجەفیل و سەوسەن.

شارەزاترین زانا لە بواری دروستکردنی بۆندا بریتیە لە (( ئیبن سینا)) کە ڕێگایەکی دۆزییەوە بۆ دەرهێنانی بۆن لە گوڵ کە ناسراوە بە ڕێگای (( دڵۆپاندن)). هەروەها زانا (( کندیش)) بەناوبانگە لە بواری دروستکردنی بۆندا کە کتێبێکی بەناونیشانی (( کیمیای بۆن)) داناوە. کە لیستێکی دوورودرێژی نوسیوە لە بۆن.کە لە زۆربەیاندا میسك و عەنبەری بەکارهێناوە.

❖ **لە شارستانێتی ئەوروپای نوێدا:** ئەوروپییەکان سوودی زۆریان لە عەرەبەکان بینیوە لەبواری پیشەسازی بۆندا،و هەنگارییەکان لەهەموانیان زیاتر و توانیان کحول زیاد بکەن بۆ بۆنەکان. یەکەم بۆن کە کحولی تیادا بەکارهات ساڵی ١٣٧٠ بوو.کەلەسەر داوای شاژنی پۆڵەندا ((ئەلیزابیس)) بوو.کە لەدواییدا ناونرا بۆنی هەنگاری.هەروەها شاژنی فەڕەنساش ((کاترین دی میدیشی)) زۆر گرنگی دەدا بە بۆن.کەسێکی تایبەتی هەبوو بۆ دروستکردنی بۆنەکانی کە ڕێگەی دروستکردنەکەی هەر بەنهێنی مایەوە.

لەسەدەکانی گەشەکردندا،فەڕەنسا بوە خاوەن و سەروەری پیشەسازی بۆن و لە باشوری فەڕەنسادا گرنگترین بۆن و جوانکارییەکان دروستکران. لەسەدەی هەژدەهەمدا شای فەڕەنسا ((لویسی پانزەهەم)) زۆر گرنگی دەدا بە بۆن. بەشێوەیەك هەموو بەیانیەك عەرەبانە شاهانەکەی بۆنرێژ دەکرد و جلوبەرگەکانی بۆ چەندین ڕۆژ دەخستە ناو بۆنەکانەوە و فەرمانیشی کرد کە کێڵگەی تایبەت دابمەزرێت بۆ ڕوواندنی گوڵ و دارە بۆندارەکان.هەر ئەم هەولانەی لویسی پانزەهەم بوو کە شاری پاریس و فەڕەنسای کردە پایتەختی بۆن و گژوگیا و بۆنەکان.

هەروەها ((ناپلیۆن پۆناپارت))یش گرنگی زۆری داوە بە بۆنەکان و مانگی وا هەبوە ٦٠ شووشە بۆنی بەکارهێناوە و خۆشەویسترین بۆنیش لەلای بریتی بوە لە بۆنی جۆزفین،چونکی میسکی عەرەبی ڕەسەنی تیادا بووە.

لە ئینگلەتەرەدا بۆنەکان هێندە گرنگ نەبوون، هەتا شا ((هێنری هەشتەم)) هاتە سەر حوکم کە ئەم پیشەسازیەی هێنایە وڵاتەوە و هەروەها شاژنە(( ئەلیزابیسی )) یەکەمیش گرنگی زۆری داوە بە بۆنەکان.

کاتێکیش زانستی کیمیای نوێ هاتە ئاراوە، ئەوا گۆڕانکاریەکی گەورە بەسەر پیشەسازی بۆنەکاندا هات،دوای شۆڕشی پیشەسازی گەورە ، بەکارهێنانی بۆن بڵاوبۆوە بۆ هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگا،کە پێشتر تەنها بۆ توێژە خانەدانەکان بوو.

لە پێش گەیشتنی کیمیای نوێش بۆ هەردوو ئەمریکاکە،ئاوی ڕووباری فلۆریدایان تێکەڵ بە گوڵی قورنەفول و قرفەی چینی و گەڵای لیمۆ دەکرد و وەکو بۆن بەکاریان دەهێنا.

ڕێگاکانی دروستکردنی بۆنەکان بەشێوەیەك پێشکەوت کە توێنەرەوەیەکی خاوێن کە لە نەوتەوە دەردەهێنرێت و دەکرێت بەسەر لقی گوڵەکاندا تا خەست دەبێتەوە بە بۆن.و دواتر بەکرداری دڵۆپاندن توێنەرەوەکە جیادەکرێتەوە و بۆنەکە بەهۆی کحولەوە خاوێن دەکرێتەوە.

لە ئێستادا دەتوانرێت بۆنەکان دروستبکرێن لە توخمە کیمیاویەکان کەوا هەستدەکرێت کە بۆنی سروشتین و لە ئێستادا پیشەسازی بۆن چەندین کارگەی تایبەتمەند و پسپۆڕی گەورەی بۆ دامەزراوە لەسەرتاسەری وڵاتانی جیهاندا.

❖ **پیشەسازی بۆنەکان:**

پیشەسازی بۆنەکان بە پیشەسازیە گرنگەکان دادەنرێت لە ژیانی مرۆڤدا لەم سەردەمەدا.بۆنەکان لەسەر شێوەی چەورین کە بۆنێکی تیژییان هەیە و ئەم بۆنانە ناونراون بەبۆنی چەوری.چونکە لە پلەی گەرمی ئاساییدا(( پلەی گەرمای ژووردا)) لەسەر شێوەی چەورین و هەڵدەستن بەهەمان کاری چەورییەکان وەك هەڵمژینی لەسەر کاغەز و چەورکردنی.

هەروەها دادەنرێت بە چەوریە هەڵچوەکان کە بە تێپەڕبوونی کات هەڵدەچن لەناو هەوادا و بۆنەکانی نامێنێت لەبەرئەوە مرۆڤ بەکاریهێناوە.

هەندێ جۆری بۆن هەیە کە ئەگەر لەگەڵ بۆنی تردا تێکەڵ بکرێت ئەوا بۆنێکی جوان دەبەخشێت کە بە تێپەڕبوونی کات بۆنەکانی ناڕوات.

هەروەها هەندێ بۆنی تر هەن کە ئەگەر لەگەڵ یەکتردا تێکەڵ کران ئەوا پێکهاتەیەکی بۆن ناخۆش دروستدەکەن. ئا لێرەوە پیشەسازی بۆنەکان سەریانهەڵدا.

پیشەسازی بۆنەکان پشتدەبەستێتە سەر شیبونەوەی بۆنەکان لەناو یەکێك لە شیکەرەوە باشەکاندا وەك: کحولی ئیثیلیۆ ئیثەمەثیلی و کلۆرۆفۆرم و چوارەم کلۆری کاربۆن(

هەرچەندە ئەو دوو توخمەی دواییان بە تایبەت دادەنرێن بە توخمی زیانبەخش بە ژینگە و کاردەکەن لەسەر هەڵوەشانەوەی چینی ئۆزۆن لەبەرئەوە بەکارهێنانیان قەدەغەکراوە).

دوای دەسکەوتنی گیراوەی بۆن لەو شیکەرەوانەی کە باسکران،دەتوانرێت هەستین بە کرداری پاڵاوتن و خاوێنکردنەوەی ڕەنگەکەی بەهۆی خەڵوزی ئاژەڵیەوە کە ڕەنگەکان دەمژێت لە گیراوەکانەوە.

لە سیفاتەکانی بۆنە کیمیاویەکانەوە، ئەوەیە کە ڕووناکی و گەرمی کاریان تێدەکەن و لە یەکتر هەڵدەوەشێنەوە و دەبنە هۆکاری بلاوبونەوەی بۆنی ناخۆش کە زیاد لە پێویست لینجن.هەروەها کار لەگەڵ ئەو توخمانەش دەکەن کە لە لەشەوە دەردەچن لە ڕێگەی پێستەوە بۆ دروستکردنی بۆنی ناخۆش.لە سیفاتە کیمیاویەکانی، زوو گڕدەگرن چونکە پلەی گڕگرتنیان نزمە.

❖ **دەتوانرێت بۆنەکان پۆلێن بکرێن بۆ دوو جۆر:**

١. چەوری سروشتی بۆندار:

کە بریتین لەو چەوریانەی کە دەردەهێنرێت لە ڕووەکەکانەوە و هەندێ دەرچوی ئاژەڵی.ئەم چەورییانە بە باشترین جۆری چەوریەکان دادەنرێت و هەروەها بۆن خۆشن و دەتوانرێت لەسەر بارودۆخەکەی بکرێتە سێ جۆرەوە:

١. دۆخی هەڵچوو.

٢. دۆخی شلی.

٣. دۆخی ڕیشاڵی.

کەدەتوانرێت دەربهێنرێن لە گوڵ و گەڵا و بەری ڕووەکەکانەوە،وەکو: گوڵەکان، یاسەمین، قورنەفول، وەنەوشە ، و ...هتد. بۆ دەسکەوتنی بۆن لە ڕوەکەکانەوە،دەتوانرێت گەلێك ڕێگە بەکار بهێنرێت وەك:

❖ **ڕێگەی دڵۆپاندن** کە ( بەناوبانگترینیانە).

❖ **ڕێگای شیبونەوە**( بە بەکارهێنانی هەندێ شیکەرەوەکان وەك ئەوانەی لە پێشەوە باسکران کە جێبەجێکردنیان سانایە).

❖ **ڕێگای دووپاتکردنەوە**

❖ **ڕێگای گوشین**( چۆڕاندن)

❖ بۆنەکان لەسەر شێوەی گیراوە هەڵدەگیرێن( کە بەمەش لە بەهاکەی دادەبەزێت) ، بەتایبەتیش لەناو ئاو و کحولدا.

لە ئێستادا بەرهەمی بۆنەکان پشتدەبەستێتە سەر توخمە دروستکراوەکان بەهۆی زۆری داواکاری لەسەر بۆنەکان. یەکێك لەو ڕێگایانە بریتیە لە دروستکردن لە ئەسیتیلینەوە،هەروەها ڕێگای چەوری تربنتین کە بە بڕی زۆر هەیە،لەپاڵ بەکارهێنانی ئەم چۆڕاوانەدا لە پیشەسازی بۆنەکان و تامەکاندا،هەروەها بەکاردەهێنرێن لە پیشەسازی ڤیتامینەکانی ئەی و کەی.

❖ **بەلاَم پێکهاتە دروستکراوەکان:**

بریتین لە توخمی بۆن جیاواز کە لە توخمی خاوی سروشتی یان پیشەسازیەوە بەرهەم دەهێنرێن.لەبەر ئەوەی ئەم کردارە لە توخمی هەرزان و دۆخێکی مام ناوەددا بەرهەم دێت دەبینین کە نرخەکانیشیان جێگیر و زۆر بەرزنین.بەهۆی پێشخستنی ئامێری دروستکردنیشەوە دەتوانرێت بە شێوەیەکی زۆر بەرزی خاوێن دەستبخرێت.

❖ **بەلاَم چۆڕاوە ئاژەڵییەکان:**

سەرەڕای بەرزی نرخەکانیان،بەلاَم گرنگی گەورەیان هەیە لە پیشەسازی بۆنەکاندا ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بۆنەکەی گەرمی و بەردەوامی دەدات.سەرەڕای ئەمەش کاریگەری پشتیوانی لەسەر بۆنەکان هەیە کە یارمەتیدەدات بۆ ئەوەی زۆرترین ماوە بمێنێتەوە.

لەم ساڵانەی دواییدا توانراوە کە هەندێ لەو پێکهاتانە دروستبکرێت بە سەرکەوتوویی و بەکارهێنراون لە پیشەسازی بۆنەکاندا.

❖ **بەلاَم شێوە ڕیشاڵییەکان وەك:**

عەنبەروبەنزوین و ....هتد. کە نرخەکانیان هەرزانە هەربۆیە دەبینین بەکاردەهێنرێن لە پیشەسازی بۆنەکاندا وەك توخمی چەسپێنەری بۆنەکان.

بەم شێوەیە دەشێت بۆنێك زیاد لە ٣٠ توخم یان زیاتری تیادا بەکاربهێنرێت.بەهۆی ئەوەی کە هەندێ لە چەورییە بنچینەییەکان ژمارەیەکی گەورە لە پێکهاتەکانیان لەخۆ دەگرن،لەبەرئەوە ژمارەی گشتی توخمە پێکهاتوەکانی بۆن دەشێت زیاتر بن لە ١٠٠ توخم.

❖ **بۆنەکان جۆری زۆریان هەیە و دابەشدەکرێن بۆ ٣ جۆرەوە:**

١. بۆنە ڕوەکیەکان.
٢. بۆنە ئاژەڵیەکان.
٣. بۆنە دروستکراوەکان.

هەردوو جۆری یەکەم و دووەم لە بۆنەکان پشت دەبەستنە سەر بەرهەمهێنانیان لە ڕووەك و ئاژەڵەکان بەڕێگەی کیمیاوی.جۆری سێیەمیش لە جۆری پەسەندکراونین چونکە سەرچاوەکانی سروشتی نین( کە ئەمەش کاردەکاتە سەر نرخەکەی کە زۆر هەرزانن).

❖ بۆنی دەسکەوتوو هەیە بە بەکارهێنانی دڵۆپاندنی ئاو.
❖ بۆنی دروستکراو هەیە بە بەکارهێنانی دڵۆپاندنی هەڵمی،ئەمەش جۆری زۆری هەیە.
❖ هەروەها بەرهەمی هەویری چەوری هەیە.
❖ هەروەها دووەم ئۆکسیدی کاربۆنی شل بەکاردەهێنرێت بۆ چۆڕاندنی بۆنەکان لە هەندێ ڕووەکەکانەوە.

بۆنەکان بە شێوەیەکی گشتی دەتوێنەوە لە توخمی ئیثانۆلَدا( کحولەکان)، بەڵام گران بەهاکانیان لە کحولەکانیشدا ناتوێنەوە.

❖ **کاریگەری بۆنەکان:**

پیشەسازی بۆنەکان پشتدەبەستێتە سەر زیاتر لە ٥ هەزار پێکهاتەی کیمیاوی کە ٩٥٪ یان پێکهاتەی نەوتین.کە توخمی شێرپەنجەییان تیادایە.هەندێکیان کاریگەرییان لەسەر کۆئەندامی دەماری ناوەندی هەیە، و کاریگەرییان لەسەر کۆئەندامی هەناسەدانیش هەیە.هەروەها هۆکارن بۆ جۆرەکانی کارلێکی هەستیاری، لە ڕاپۆرتێکی دەزگای پاراستنی ژینگەی ئەمریکادا هاتووە کە ٢٠ پێکهاتەی کیمیاوی زۆر بەکاردەهێنرێن لە پیشەسازی زۆربەی بۆنەکاندا لە جیهاندا، کە بریتین لە ئەسیتۆن و خەلی ئەثیل و کحولی ئەثیلی و ڕاپۆرتەکە هۆشیاری دەدات دەربارەی مەترسی ئەو توخمە کیمیاویانە و دەڵێت هیچ کەسێك مافی ئەوەی نیە لەنزیك ماڵەکەتەوە بەرهەمی بهێنێت.

هەروەها توخمەکانی خەلی ئەثیل و لیمۆنین و کلۆریدی میثالین، لەگەڵ ٩ توخمی تردا،مەترسیان هەیە بۆ سەر کۆئەندامی دەمار. ڕاپۆرتەکە گرنگی تایبەت دەدات بە توخمی (( تۆڵۆوین)) کە دەچێتە بەرهەمهێنانی زۆرێك لە بۆنەکانەوە لە جیهاندا کە

پێکهاتەیەکی کیمیاوی شێرپەنجەییە کە کاردەکاتە سەر کۆئەندامی دەمار و بەرکەوتوەکان توشی تەنگەنەفەسی دەبن.

❖ **لە کوردستانیشدا** پیشەسازی بۆنەکان مێژوویەکی دێرینی هەیە و لەلایەن کەسان و شارەزاکانەوە دروستکراون و بەناوبنگترینیشیان گولآوە کە بەشێوەیەکی سەرەتایی لە ناو مالآن و دوکاندارە عەتارەکاندا دروستکراون و لە بۆنە ئاینی و کۆمەلآیەتیەکاندا بەکارهێنراون.دەکرێت لە کوردستانیشدا بیر و پلان هەبێت بۆ دامەزراندنی کارگەی بەرهەمهێنانی بۆنەکان، لەلایەن حکومەتەوە بێت یان کەرتی تایبەتەوە، چونکە لەلایەک کەرەسە خاوەکانی بۆن لە کوردستاندا هەن و هەرزان دەستدەکەون لە گولّ و گیا و دارە بۆندارەکان و لەلایەکی تریشەوە ئەم بەرهەمانە کڕیارێکی زۆریان هەیە چونکە ئاستی ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان تاڕادەیەکی باش بەرزە و تاکەکانی کۆمەڵگا لە ئێستادا گرنگی بە بۆن و جوانکاری و کەلوپەلە ڕازێنەرەوەکان وپێداویستیەکانی ژیانیان دەدەن.بەهیوای ئەوەی ڕۆژێك لە کوردستاندا لەم جۆرە کارگانە ببینین.و ببنە سەرچاوەیەکی داهاتیش بۆ حکومەت و تاکەکانی کۆمەڵگا.

سەرچاوە :

=======

❖ http://ar.wikipedia.org/wiki

❖ www.yasmina.com

❖ www.aperfume.info

---

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئەندازیاران ژمارە ٥١ لە زستانی ٢٠١٤دا بلآوکراوەتەوە.

# بەرزبونەوەی نرخی نەوت لە بەرژەوەندی کێدایە ؟*

- لەماوەی ٦ مانگی ڕابووردوودا نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا دابەزینی بێوێنەی بەخۆوە بینیوە و لە ١١٥ دۆلارەوە لەمانگی تەموزی ساڵی ٢٠١٤وە هاتۆتە سەر ٤٣ دۆلار لەمانگی کانونی دووەمی ٢٠١٥کە بڕی ٧٢ دۆلار دابەزیوەو پێشبینیەکانیش بۆ ئەوە دەچوون کە زیاتریش دابەزێت.بەلآم ئەم کارە ڕووینەدا، چونکە گرنگی و کاریگەری نەوت وەك سەرچاوەی یەکەمی وزەو داهات بۆ زۆرێك لە ولآتان و بەتایبەتیش ولآتە گەورە پیشەسازیەکان، ناتوانرێت تاماوەیەکی دوورودرێژ دەستیلێهەلْبگیرێت، چونکە دابەزاندنی نرخی نەوت لە پلەی یەکەمدا زەرەر و زیانی بۆ کەرتی نەوت و کۆمپانیا نەوتیەکان خۆیان دەبێت، چونکە ناتوانرێت تێچووی دەرهێنانی نەوتەکە دەسبکەوێتەوە ئەمە چ جای کە قازانج ناکرێت، هەربۆیە دابەزاندنی نرخی نەوت زیان بەهەموو ولآتان بەگەورەو بچوکەوە و بە هەژار و دەوڵەمەندەوە دەگەیەنێت و لە قازانجی هیچ کەس و کۆمپانیاو ولآتێکدا نیە، ئەوەتا ولآتانی کەنداوی عەرەبی کە دەوڵەمەنترین ولآتانی نەوتین لەماوەی ئەم ٦ مانگەدا بڕی ٢٥٠ ملیار دۆلاریان زەرەر کردوە وکۆمپانیای شیفرۆنی زەبەلاحی بواری نەوت ڕایگەیاندوە کە گەر نرخی ١ بەرمیل نەوت بێتە خوار ٥٠ دۆلارەوە ئەوا ناتوانن بەردەوام بن لەسەر بەرهەمهێنانی ئاساییان و تەنها دەتوانن هەندێ لە پرۆژە گەورەکانیان بەردەوامی هەبێت ، چونکە زیانی گەورەیان بەردەکەوێت، ولآتێکی وەکو عێراق بڕی ٦٠ ملیار دۆلار زیانی بەرکەوتوە بە کوردستانیشەوە.ئێران بڕی ١٠٠ملیار دۆلار زیانی بەرکەوتوە.
- دابەزینی نرحی نەوت بەواتای ڕاوەستان و قەتیسبوونی گەشەکردن و نەبوژاندنەوەی زیاتری پیشەسازیە، کەئەمەش مانای زیانگەیاندنە بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی سەرتاسەری.چونکە زۆرێك لە ولآتان پشتیان بەپلەی یەکەم بەستوە بە داهاتی نەوت بەتایبەتی ولآتەکانی خاوەن نەوت، کە ئەمەش بۆخۆی دەبێتە هۆی کورتهێنان لە بودجەی ساڵانەدا و لێرەشەوە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی خەرجیەکان و دواتریش ڕاوەستانی پرۆژە گەورە و ستراتتیژی و وەبەرهێنەکان لەهەموو بوارەکانی ژیاندا، بەمەش بەکورتی دەبێتە هۆی وەستاندنی سەرتاپای ژیان و گەڕانەوە بۆ دواوە و هەژاری و بێکاری و نەخۆشی و...هتد.

کەواتە چەندە نرخی نەوت بەرزبێت هێندەی تر دەبێتە مایەی خۆشگوزەرانی هاولاتیان لە دونیادا بەهەژار و دەوڵەمەندەکانیشەوە کەم تازۆر.

- **هۆکاری دابەزاندنی نرخی نەوتیش زۆرن، لەوانە :**

١. زۆری بڕی بەرهەمهێنانی نەوت لەلایەن ولاتانی خاوەن نەوتەوە،بەرێژەیەك كە لەبازاڕدا كڕیاری كەمبۆتەوە و داواكاری لەسەر كەمە، لە ئێستادا بازاڕەكانی دونیا ڕۆژانە پێویستیان بە ٩٠ ملیۆن بەرمیل نەوت هەیە بەڵام بڕی ٢ ملیۆن بەرمیل ڕۆژانە زیادە لە بازاڕەكاندا. بەشێوەیەك ولاتانی ڕێكخراوی ئۆپێك ڕۆژانە ٣٠ملیۆن و ٣٧٠ هەزار بەرمیل نەوت دەخەنە بازاڕەوە و ولاتێكی وەكو ئەمریكاش بڕی بەرهەمی بەرزكردۆتەوە بۆ ١٠ ملیۆن بەرمیل ڕۆژانە بەهۆی دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوتی بەردینەوە،لەگەڵ ئەوەی تێچونەكەشی بەرزە، هەروەها ولاتێكی وەكو سعودیە بڕی بەرهەمهێنانی بەرزكردۆتەوە بۆ ٩ ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێكدا و لە پلانیشیدایە كە بەرزیبكاتەوە بۆ نزیكەی ١٢ ملیۆن بەرمیل كە ئەمە ئەوپەڕی توانای بەرهەمهێنانیەتی. ڕێكخراوی ولاتانی ئۆپێك بڕی بەرهەمی خۆیان كەم نەكردەوە وەك دژایەتیەك بۆ ئەمریكا كە بەهۆی تەكنەلۆژیای نوێوە دەیتوانی بەرهەمی خۆی زیاد بكات بەڵام بە تێچوویەكی زۆر ، هەربۆیە ئەمریكاش بۆخۆی نەیتوانی تا ماوەیەكی درێژتر بەرگەی ئەو زیانانە بگرێت.

٢. ڕاوەستان و گەشەنەكردنی پیشەسازی لەولاتانی زلهێزی پیشەسازی لە ئەمریكاو ئەوروپای ڕۆژئاوا و چین و هندستان و یابان و ..هتد. كە ئاشكراشە زۆربەی پیشەسازیەكان كەرەسەی خاوی سەرەكیان بریتیە لەنەوتی خاو. جا هەركاتێ پیشەسازی پاشەكشەی كرد ئەوا بەكارهێنانی نەوتیش كەمدەبێتەوە و نرخەكەی دادەبەزێت.

٣. نزمبونەوەی نرخی نەوت وەك كارتێكی فشاری سیاسی و ئابوری بەكارهێنرا لەلایەن ئەمریكا و سعودیەوە دژ بە بەرژەوەندیەكانی ڕوسیا و ئێران،بۆئەوەی زیانی گەورەیان پێبگەیەنن و ئابوریەكەیان دابڕمێت و بۆئەوەی لە كۆتایدا بچنە ژێر فشارەكانیانەوە ونەرمی بنوێنن لەبەرامبەر داواكاریەكانی ئەمریكادا لە ئۆكراینا و لە مەسەلەی ئەتۆمیەكەی ئێرانداو كێشە و ململانێكانیشیان لەدونیا و ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا.

وەكو پێشتر باسمان كرد، ئەم دابەزینی نرخە هەم پیلان بوو، هەمیش بۆ كاتێكی دیاریكراو بوو تا ئامانجەكانیان پێكا، هەربۆیە لە ئێستادا و لەماوەی ١٠ ڕۆژدا لە ١/٢٨

وە تا ٢٠١٥/٢/٧ نرخی ١ بەرمیل نەوتی برێنت لە ٤٦٫٨٥ دۆلارەوە بەرزبۆوە بۆ ٥٨٫١٢ دۆلار بە جیاوازی ١٢٫٢٧ دۆلار. واتە بەڕێژەی ٨٪ کە ئەمەش بۆخۆی مژدە بەخشە بۆ ئایندە و مانای بوژاندنەوە و گەشەکردنی ئابوری و پیشەسازیە.

- **هۆکارەکانی ئەم بەرزبونەوەیە چییە؟**

هەروەك چۆن نزمبونەوەی نرخی نەوت بە بەرنامە و پیلان بوە ، هەرواش بەرزبونەوەکەشی بە بەرنامە و پلانە، ئەم دابەزین و بەرزبونەوەی نرخی نەوتە لەلایەن کۆمپانیا گەورە نەوتیەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێت و بەرژەوەندیەکانی خۆیان چۆن بخوازێت ئاوها مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن،دوای ٦ مانگ لەنزمبوزنەوەی نرخی نەوت و کڕینی بڕی پێویست لە نەوت و هەڵگرتنی چیدی ئەو کۆمپانیایانە و وڵاتەکانیشیان ناتوانن بەرگەی ئەو زەرەروزیانە گەورانە بگرن کە بەریان دەکەون ، هەربۆیە کەوتنە خۆیان بۆ بەرزکردنەوەی نرخەکان لە ڕێگەی:

١. کەمکردنەوەی خەرجیە سەرمایەکانیان، ئەوەتا کۆمپانیای BP بەڕێژەی ٢٠٪ و کۆمپانیای شیفرۆن بەڕێژەی ١٣٪ خەرجیەکانیان کەمکردۆتەوە بۆ پشتگیری نرخەکان.

٢. ڕاوەستانی سەکۆی بەرهەمهێنانی نەوتی بەردین لە ئەمریکادا بۆ کەمکردنەوەی بڕی بەرهەم بە ڕێژەی ٧٪ کە دەکاتە ٩٤ سەکۆ.

٣. بەهۆی مانگرتنی کرێکارانی ٩ پاڵاوگەی نەوتی گەورەوە لە ئەمریکادا و بەردەوامبونیان بۆماوەی ٦ ڕۆژ کە ئەمە گەورەترین مانگرتنی کرێکارانی کەرتی نەوتە لە ئەمریکادا لە ساڵی ١٩٨٠وە بەرامبەر دابەزینی نرخی نەوت و هەڕەشەکردنی یەکێتی سەندیکای کرێکارانی ئاسنیش کە لە ٢٠٠ پاڵاوگەی نەوتدا کاردەکەن، دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕێژەی ٦٤٪ ی بەرهەم.و ئەمەش نرخی نەوت بەرز دەکاتەوە.

٤. چین وەك دووەم وڵاتی گەورەی بەکاربەری نەوت لەدوای ئەمریکاوە، هەندێ ڕێوشوێنی گرتۆتە بەر بەمەبەستی بوژاندنەوەی پیشەسازی وڵاتەکەی ، کە ئەمەش وادەکات پێویستی بەنەوت هەبێت.

٥. بڕی نەوتی هەڵگیراوی ئەمریکا وەکو مەخزونی ستراتیژی گەیشتە بەرزترین ئاستی کە ٤١٣١٠٠ ملیۆن بەرمیلە کە ئەمە ئاستێکی بەرزە لە ساڵی ١٩٨٢وە. کەئەمەش بوە هۆی ئەوەی کە نەوتی تر نەکڕێت.

- بەم شێوەیە، نرخی نەوت پێشبینی دەکرێت تا نیوەی ساڵی ٢٠١٥ بگاتەوە ٦٥ دۆلار، و ئەمەش لانی کەم بۆ عێراق و کوردستان دەبێتە مایەی نەمانی کورتهێنان لە بودجەی ساڵی ٢٠١٥دا چونکە نرخی ١ بەرمیل بە ٥٦ دۆلار دانراوە لە بودجەدا.

ئاشکراشە نەوت وەك کاڵایەکی زۆر پێویست و سەرەکی بۆ بوژاندنەوە و گەشەسەندنی پیشەسازی دونیا ناتوانرێت بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دەستیلێهەڵبگیرێت، هەرچەندە بەدیلیشی بۆ بدۆزرێتەوە کە تاکو ئێستاش بەدیلێکی بەهێزی نەوتی خاو نیە کە جێگەی بگرێتەوە.. بۆیە ژیان و گەشەی دونیا بەسراوە بەنەوتەوە.و لانی کەم بۆ ماوەی ٥٠ساڵی تر و زیاتریش نەوتی خاو یەکێك دەبێت لەسەرچاوەکانی وزە و داهات و پێشکەوتنەکانی دونیا.کوردیش دەبێت هەوڵی جدیانەتر و بەپلان و بەرنامەی زانستی و واقعیەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو سەرچاوە گرنگەی وزەدا بکات و هەرزان و تاڵانفرۆشی نەکات و بیرێکی نەوەی ئایندەشی هەبێت.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی خەندان و مەکتەب ڕێکخستن و ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ستاندارکورد لە ٢٠١٥/٢/٨دا بڵاوکراوەتەوە.

# جیاوازی

## هەرێم و بەغداد لەسەر هەناردەکردنی نەوت بەژمارە... *

- لە بەرواری ٢٠١٤/١٢/٢دا هەرێمی کوردستان و بەغداد ڕێکەوتنێکیان واژۆکرد لەسەرئەوەی کە ڕۆژانە هەرێم بڕی ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی هەرێم و ٣٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی کەرکوك لە ڕێگەی هێڵی بۆری نەوتی هەرێمەوە لە بەندەری جیهانی تورکیەوە لەژێر کۆنترۆڵی کۆمپانیای فرۆشتنی نەوتی عێراق ((سۆمۆ))وە بفرۆشێت و لەبەرامبەریشدا بەغداد پشکی ١٧٪ هەرێم بەتەواوەتی و لەکاتی خۆیدا ڕەوانەی هەرێم بکات . ئەم ڕێکەوتنە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقەوە بەکۆی دەنگ پەسەند کراو دواتر بەیاساش لە پەڕلەمانەوە بوە بنچینەی پەسەندکردنی پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٥ ی عێراق. و ئەم ڕێکەوتنە بوە مایەی دڵخۆشکردنی هەموان و بەتایبەتیش هەرێمی کوردستان و دەبوایە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٥وە جێبەجێبکرایە،چونکە هەرێم ماوەی ساڵی ٢٠١٤ بە تەنگژەیەکی دارایی قورسدا تێپەڕیکرد بەهۆی نەناردنی موچە و بودجە و شەڕی سەپێنراوی داعشەوە.

بەلأم ئەوە نزیکەی مانگ و نیوێك تێپەڕیوە و هیچ ئاسۆیەکی ڕوون نیە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕێکەوتنامەیە، نەك هەر ئەوە بەڵکو هەردوێنیٚ ٢٠١٥/٢/١٥ لە کۆتایی کۆبونەوەی هەردوولادا لە بەغداد ڕاگەیەنرا کە بەغداد ناتوانێت موچە و بودجەی هەرێم بنێرێت لەبەرئەوەی هەرێم لەلایەك پابەند نەبوە بەناردنی ئەو بڕە نەوتە کە ٥٥٠ هەزار بەرمیلە لە ڕۆژێکدا و لەلایەکی تریشەوە بەغداد پارەی نەختی نیە کە(( ئەمەیان زۆر باوەڕپێکراو نیە و دروستکراوی بەغدادە)).

- لەئێستادا و لە دوو دانیشتنی گفتوگۆکانی دوێنێدا هەرێم پێشنیازێکی نوێی خستۆتە بەردەم بەغداد بۆ ناردنی نەوت بەم شێوەیە:
- لە ١/ ١ تا ٤/٣٠ بڕی ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت هەنارده بکات کە دەکاتە ١٢٠ ڕۆژ*٢٥٠٠٠٠ بەرمیل=٣٠٠٠٠٠٠٠ بەرمیل
- لە ٥/١ تا ٦/١٥ بڕی ٥٥٠٠٠٠ بەرمیل نەوت هەنارده بکات کە دەکاتە ٤٥ ڕۆژ*٥٥٠٠٠٠ بەرمیل = ٢٤٧٥٠٠٠٠ بەرمیل

- لە ٦/١٥ تا ٧/١٥ بڕی ٦٠٠٠٠٠ بەرمیل هەناردە بکات واتە ٣٠ ڕۆژ*٦٠٠٠٠٠ بەرمیل = ١٨٠٠٠٠٠٠ ملیۆن بەرمیل
- لە ٧/١٥ تا ٢٠١٥/١٢/٣١ بڕی ٦٢٥٠٠٠ بەرمیل هەناردە بکات واتە ١٦٥ ڕۆژ *٦٢٥٠٠٠ بەرمیل =١٠٣١٢٥٠٠٠ بەرمیل
- کۆی گشتی ڕۆژەکان دەکاتە ٣٦٠ ڕۆژ
- کۆی گشتی نەوتی هەناردە دەکاتە ١٧٥٨٧٥٠٠٠ ملیۆن بەرمیل
- هەرێم پێشتر و لە ڕێکەوتنەکەدا بەڵێنی هەناردەکردنی ڕۆژانەی بە ٥٥٠٠٠٠ بەرمیل داوە بە بەغداد کەواتە ٣٦٠ ڕۆژ*٥٥٠٠٠٠ بەرمیل =١٩٨٠٠٠٠٠٠ ملیۆن بەرمیلە ساڵی ٢٠١٥دا
- جیاوازی ڕێکەوتنەکە و پێشنیازەکە بریتیە لە ١٩٨٠٠٠٠٠٠-١٧٥٨٧٥٠٠٠=٢٢١٢٥٠٠٠ ملیۆن بەرمیل
- گەر نرخی ١ بەرمیل نەوتیش بە ٥٠ دۆلار بفرۆشرێت کەواتە ٢٢١٢٥٠٠٠ ملیۆن بەرمیل *٥٠ دۆلار = ١١٠٦٢٥٠٠٠٠ ملیار دۆلار
- گەر نرخی ١٠٠ دۆلار یەکسان بێت بە ١٢٠٠٠٠ دیناری عێراقی کەواتە بڕی ١١٠٦٢٥٠٠٠٠ ملیار دۆلار دەکاتە ١٣٢٧٥٠٠٠٠٠٠٠٠ تریلیۆن دیناری عێراقی
- لێرەوە دەردەکەوێت کە هەرێم لەڕێگەی ئەم پێشنیازە نوێیەوە گەرەکێتی :

١. بڕی ٢٢١٢٥٠٠٠ ملیۆن بەرمیل نەوت لە ساڵێکدا کەمتر بۆ بەغداد بنێرێت لە ڕێکەوتنی ٢٠١٤/١٢/٢

٢. پارەکەی دەکاتە ١٣٢٧٥٠٠٠٠٠٠٠٠ تریلیۆن دینار

بەم کارەش هەرێم دەیەوێت فێڵ لە بەغداد بکات و ئەو بڕە نەوتە و پارەکەشی نەزانرێت بۆ کوێ دەچێت و دەچێتە حسابی کێوە..

هەربۆیە بەغداد هەرێم بە کەمتەرخەم دادەنێت و ڕازی نیە بەشە بودجە و موچەی هەرێم بنێرێت.

- پرسیار لێرەدا ئەوەیە ، ئایا ئەم خۆدزینەوە و پێچاوپێچکردنەی هەرێم بۆ ؟و لە پای چی؟بەقازانجی کێ تەواو دەبێت؟

وەلأم ئەم پاشگەزبونەوەیەی هەرێم دەگەڕێتەوە بۆ نەزانین و باش حساب نەکردنی داهات و توانای بەرهەمی نەوتی هەرێم لەلایەك و دواتر بۆ تەنگژە دروستکردن و دوورکەوتنەوە لە بەغداد و نزیك کەوتنەوە لە دەوڵەتێکی دراوسێ و ئەنجامیش زیان گەیاندنە بەتەواوی ژیان و گوزەرانی سەرجەم هاولأتیان و جەماوەری بەش مەینەتی ئەم کوردستانە و تەنها بە قازانجی کەمینەیەکی کەمی دەسەلأتدارانی بواری نەوتی هەرێم تەواو دەبێت.

گەر هەرێم نیازی ڕێکەوتن و سەرکەوتنێتی با پابەندی ژمارە و بەڵێنەکانی خۆی بێت و متمانەش دروست بکات لەگەڵ بەغداد وهەموانیش ڕزگار بکات لەم تەنگژە داراییە کە ناتوانرێت تاسەر بەرگەی بگیرێت.کەئەمەش دەکەوێتە ئەستۆی ئەم کابینەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لێپرسراوێتیەکی مێژوویی قورسیشە.

________________________________

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی ستاندارکورد و پێنوسەکان وSNN ومەکتەب ڕێکخستن و ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ڕادیۆ ناوخۆ لە ١٦ و١٧ و ٢٠١٥/٢/١٩دا بلأوکراوەتەوە.

# نرخی نەوت ڕوو لەبەرزبونەوە دەکات... *

• ڕۆژی هەینی ٢٠١٥/٦/٥ لەژێر دروشمی (( نەوت بزوێنەری گەشەکردنی جیهانە)) و بەسەرۆکایەتی وەزیری وزە وپیشەسازی قەتەر د. محمد بن صالح و لە کۆشکی هامبۆرگی مێژوویی شاری ڤیەنای پایتەختی نەمسا و لە بارەگای ئەمینداریێتی گشتی ڕێکخراوی ئۆپێك کۆبونەوەی ١٦٧ هەمینی وەزیرانی نەوتی ڕێکخراوەکە سازکرا ، بەمەبەستی گفتوگۆکردن دەربارەی بەرهەم و بازاڕی نەوت .

بەلاّم هەرزوو ڕاگەیەندرا کە بڕی بەرهەمی نەوت و سەقفی ئێستای هیچ گۆڕانکاریەکی بەسەردا نایەت و کەم ناکرێتەوە بۆ ئەوەی نرخی نەوت بەرزببێتەوە.کە ئەمەش بۆ هەندێك ولاّت کارەساتە و مەسەلەی ژیان و مردنە ، چونکە لەماوەی ساڵی ڕابوردوودا زیانێکی گەورە بەر میزانیەی ولاّتەکانیان کەوتوە، لەوانەش ئێران و عێراق و فەنزەوێلایە.

ڕێکخراوی ئۆپێك کە لە ١٢ ئەندام پێکدێت و کاری سەرەکی هەناردەکردنی نەوتە بۆ بازاڕەکانی جیهان و سێ یەکی نەوتی هەموو جیهان بەرهەم دەهێنێت، لەو ئەندامانە چواریان بریتین لە ولاّتانی سعودیە و کوێت و قەتەر و ئیمارات کە ئەم ولاّتانە هەمیشە هەڵوێستەکانیان وەك یەکە و یەك سیاسەت پەیڕەو دەکەن و لەپێش ئەم کۆبونەوەیەشدا کۆبونەوەی چوارقۆڵیان ئەنجامداوە و ڕێکەوتون لەسەر ئەوەی کە بەهیچ جۆرێك بڕی بەرهەمهێنانی نەوت کەمنەکەنەوە. کە لە ئێستادا بریتیە لە ٣٠ ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا.

ئەوەی ئاشکرایە کە لەمانگی ٢٠١٤/٦دا نرخی نەوتی برنت بریتی بوو لە ١١٥ دۆلار و نرخی نەوتی سوکیش بریتی بوو لە ١٠٨ دۆلارکە بەرزترین نرخ بوون لە بازاڕی نەوتی جیهانیدا، بەلاّم ئەوە ماوەی یەك ساڵی ڕێکە ئەو نرخانە ٣٠٪ دابەزیون و لە ئێستادا نرخی یەك بەرمیل نەوتی برنت ٦٥٫٥٨ دۆلاری ئەمریکیە و تەنانەت گەیشتە ٤٠ دۆلاریش. بۆیە لەماوەی ئەم ساڵەدا زیانێکی گەورە گەیشتە بەرهەمهێنەران و بەکارهێنەرانی نەوت پێکەوە و بازاڕی نەوت ڕاوەستانێکی بێوێنەی بەخۆوە بینی کە لەساڵی ٢٠٠٩وە ئەوە یەکەم جارە ڕووداوی وەها ڕوویدات لە بازاڕی نەوتدا..

وەزیری نەوتی سعودیە(( علی نعێمی )) ڕایگەیاند کەوا ولاّتەکەی بڕی بەرهەمی کەم ناکاتەوە لەکاتێکدا کە سعودیە گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتەو ڕۆژانە لەمانگی نیسانەوە بڕی ١٠ ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت، لەکاتێکدا ولاّتانی عێراق و فەنزەوێلا داوایان کرد کە بڕی بەرهەم

کەمبکرێتەوەو لەبەرامبەریشدا ئێران پێویستی بەبڕی زیاتری هەناردەکردنی نەوت هەیە بۆیە داوای کرد کە سەقفی بەرهەمهێنانی بۆ زیاد بکرێت..بەهەمان شێوە ڕووسیا کە توانای بەرهەمهێنانی ١١٪ نەوتی هەموو جیهانی هەیە ، لەگەڵ کەمنەکردنەوەی بەرهەمدا بوو وەکو وڵاتانی کەنداو.

ئەم کۆبونەوەیەش وەکو کۆبونەوەی ٢٠١٤/١١/٢٧ کۆتایی هات بەوەی کە بڕی بەرهەمی نەوت کەمنەکرێتەوە و هەموان وای بۆ دەچن کە نرخی نەوت بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی جێگیر دەبێتەوە و بازاڕی نەوتی جیهانی ئاسایی دەبێتەوە و پێشبینی ئەوە دەکەن کە تاکۆتایی ساڵی ٢٠١٥ نرخی یەك بەرمیل نەوت بگاتەوە ٧٥-٨٠ دۆلاری ئەمریکی. چونکە گەشەی ئابوری و پیشەسازی هەریەکە لە چین و هندستان و ئەمریکا و ئەوروپا بەڕێژەی ٣ر٣٪ زیادیان کردوە لەساڵی ٢٠١٥دا، چونکە هەریەکە لە چین و ئەمریکا هەندێ هەنگاویان ناوە بە ئاڕاستەی هاندانی گەشەی ئابوری لەوانە بانکی خەڵکی چین (( بانکی مەرکەزی)) هەستاوە بە کەمکردنەوەی کۆتوبەندە سەپێنراوەکانی سەر بانکە بازرگانیەکان بە ئامانجی ناردنی سیولەی نەقدی زیاتر بۆ بواری ئابوری و وەستانی داڕمانی ئاستی گەشەکردنی ئابوری وڵات.لەهەمان کاتدا ئەمریکاش هەستاوە بەکەمکردنەوەی سەکۆی هەڵکەندنی بیرە نەوتیەکان و کۆمپانیای (( بیکەر هیوز)) بۆ خزمەتگوزاریە نەوتیەکان ڕایگەیاند کەوا ٢٦ سەکۆی هەڵکەندنی بیرە نەوتیەکانی کەمکردۆتەوە و بۆتە ٧٣٤ سەکۆ و ڕێژەی کەمکردنەوەکەش گەیشتۆتە ٥٣٪. و پێشبینیش دەکەن لەساڵی ٢٠١٦دا بە ڕێژەی ٤٪ گەشە بکات کە هەرچەندە ئەم گەشەکردن و بوژاندنەوەی ئابوری و بازرگانیە هێواش و لەسەر خۆیە بەڵام ئەمەش هۆکارێك دەبێت بۆ زیادبونی داواکاری لەسەر نەوت و بەم هۆیەشەوە نرخی نەوت لە جیهاندا بەرزدەبێتەوە .

بەرزبونەوەی نرخی نەوت بۆ ئەو وڵاتانەی کە تەنها سەرچاوەی داهاتیان بریتیە لەنەوت هۆکارێکە بۆ بوژاندنەوەی ئابوریان و کەمبونەوەی کورتهێنان لە بودجەی ساڵانەدا و بەرزبونەوەی ئاستی خزمەتگوزاریەکان و جێبەجێکردنی پڕۆژە ستراتیژیەکان و دەربازبوون لە قەیرانی دارایی ، وەك وڵاتی عێراق بەکوردستانیشەوە و ئەم بەرزبونەوەی نرخی نەوتە دەبێتە هۆکار بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابوریەکانی نێوان هەرێم و بەغدادیش.

---

*ئەم بابەتە لە سایتەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و پێنوسەکان و مەکتەب ڕێکخستن و ڕادیۆ ناوخۆ لە ٨ و٩/و ٢٠١٥/٦/١٤ و هەواڵ ژمارە ٦٢١ لە ٦/١٣ و کوردستانی نوێ ژمارە ٦٧١٠ لە ٢٠١٥/٦/١٩دا بڵاوکراوەتەوە.

# تەکنەلۆژیای نانۆ*

- ## مێژووی تەکنەلۆژیای نانۆ:

سەرەڕای ئەوەی کە تەکنەلۆژیای نانۆماوەیەکی کەمە دەرکەوتوە وەك تەکنەلۆژیایەك لە بواری توێژینەوەی زانستیدا،بەلاّم گەشەکردنی چەمکە ناوەندیەکان ماوەیەکی دوورترە سەریانهەڵداوە لەتەمەنی ئەم تەکنەلۆژیایەدا.لەساڵی ١٩٦٥ز دا گۆردۆن مۆر کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی کۆمپانیای ئنتل، پێشبینی کرد کە ژمارەی ئەو ترانزستۆرانەی کە شیاون بۆ بوارێکی دیاریکراو لەوانەیە دووهێندە زیادببن لەهەر ١٨ مانگێکدا لەماوەی ١٠ ساڵی ئایندەدا.بەڕاستیش دیاردەیەك دەرکەوت کە ناسرا بە یاسای مۆر. پێشکەوتنەکان تا ئەمڕۆ بەردەوامن لە کاتێکدا تەنها ٢٠٠٠ ترانزستۆر هەبوون ،بەلاّم لە ساڵی ١٩٧١ دا بونەتە ٤٠٠٤ و زیاتر لە ٧٠٠ ملیۆن ترانزستۆر لە ئنتل کور/٢دا.

لەبەرامبەریشدا دابەزینی هاوشێوە هەبوون لە قەوارەی توخمە ئەلکترۆنیە تاکەکاندا و هەنگاونان لە ملیمەتر لە ٦٠٪ لە نانۆمەتر لە بازنە کارەباییە تازەکاندا.بەم شێوەیە تاکو ئێستا.

سەرەتای سەدەی نوێ سێ تەکنەلۆژیای بەهێز دەبن کە هەرسێکیان کۆبونەتەوە لەسەر یەك بواری هاوبەش –بواری نانۆ– کە بە شۆڕش ناودەبرێت لە جیهانی ئەلکترۆن و بایۆلۆژیدا.لەهەمان کاتدا کیمیا و فیزیا و کیمیای ئەندامی و توخمە ئەتۆمیەکان و ئەندازەی بۆ ماوەییش هەمان ڕێچکەیان گرتە بەر،بەشێوەیەك دەتوانرێت ئاڕاستەی پێکهاتەکان بکرێت یان لەناو بۆری تاقیکردنەوەدا یان لەناو زیندەوەران خۆیاندا.

لەچارەکە سەدەی کۆتاییدا توانرا پێشکەوتنێکی گەورە بەدەست بهێنرێت لەتواناکاندا بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕوناکی و چارەسەرکردنیشی بە شارەزایی،بەشێوەیەك دەتوانرێت کە ڕوناکی بەرهەم بهێنرێت بەبڕی ((ڤیمتۆ چرکە))= ١/١٠$^{١٥}$، ڕوناکیش قەوارەی هەیە و هەروەها دەشتوانرێت کە کۆنترۆڵی قەوارەکەشی بکرێت بۆ قەوارەی زۆر بچووك.

لەگەڵ دەستپێکی ئەم سەدەیەدا،سێ تەکنەلۆژیا گەیشتنە پێوانەی گشتی – پێوانەکانی تەکنەلۆژیای نانۆ– لەگەڵ بەڵێندان بە شۆڕش لەهەردوو جیهانی ئەلکترۆنات و بایۆلۆژیدا.ئەم بوارە نوێیانە بریتین لە بەشی زیندووی زۆر وورد،ئەم تەکنەلۆژیایە چەندین گریمانە هەڵدەگرێت لە لێکۆڵینەوە بنچینەییەکاندا لەبواری بایۆلۆژیایی گەردیلەیی و

فیزیای زیندەیی بۆ جێبەجێکردن لە بواری لەناوبردنی زیندەوەراندا، زانیارییە زیندەییەکان،زانستی چین و پزیشکی و کۆمپیوتەر و هەڵگرتنی زانیاریەکان و وزە.

- **ئەندازەی نانۆیی** Nano Engineering

بریتیە لە زاراوەی کارکردنی ئەندازە لە پێوانەی نانۆمەتریدا، و ناوەکە دەگەڕێتەوە بۆ نانۆمەتر، کە بریتیە لە یەکەی پێوانە و یەکسانە بە یەك لە ملیاری مەتر.

ئەندازەی نانۆیی بەشێوەیەکی توندوتۆڵ بەسراوە بە تەکنەلۆژیای نانۆوە.یەکەم بەرنامەی ئەندازەی نانۆیی لە جیهاندا لە زانکۆی تۆرینتۆوە دەستپێکرد لە زانستی ئەندازەیی بەرنامەدا لەسەر ئەو بنچینەیەی کە یەکێکە لە بژاردەکان بۆ خوێندن لەسالآنی داهاتوودا.لەساڵی ٢٠٠٣دا، پەیمانگای تەکنەلۆژیای لۆندی دەستیکرد بە بەرنامەی ئەندازەی نانۆیی. لەساڵی ٢٠٠٥دا، زانکۆی واترلو بەرنامەیەکی ناوازەی دانا کە ئاستێکی تەواو دەستدەخات لە ئەندازەی تەکەنەلۆژیای نانۆدا. زانکۆی کالیفۆرنیا لە ساندیگۆ و دوای ئەویش بەماوەیەکی کەم و لە ساڵی ٢٠٠٧دا بەکردنەوەی بەشێکی سەربەخۆ بۆ ئەندازەی نانۆ دەستپێکرد.

- **تەکنەلۆژیای نانۆ و جێبەجێکردنەکانی :**

ناتوانرێت سەردەمێك یان قۆناغێکی دیاریکراو دەستنیشان بکرێت بۆ دەرکەوتنی تەکنەلۆژیای نانۆ،هەروەها سەرەتای بەکارهێنانی مرۆڤیش بۆ توخمی قەوارە نانۆیی نازانرێت.بەلأم ئەوە ئاشکرایە کە یەکێك لە کەلوپەلە شووشەییەکان کە ئەویش پەرداخی پادشای ڕۆمانی(لایکۆرگۆس) لەسەدەی چوارەمی زاینیدا کە لە ئێستادا لە مۆزەخانەی بەریتانیدایە ژمارەیەك تەنۆلکەی ئاڵتون و زیوی نانۆیی تیادایە بە شێوەیەك ڕەنگی پەرداخەکە لە سەوزەوە بۆ سووری تۆخ دەگۆڕێت کاتێك سەرچاوەیەکی ڕووناکی دەخرێتە ناویەوە.

هەروەها تەکنەلۆژیای وێنەگرتنیش لە دوو سەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەمی زاینیەوە پشت دەبەستێتە سەر بەرهەمهێنانی فیلم یان ڕووپۆشێکی دروستکراو لە تەنۆلکەی زیوی نانۆیی هەستیار بە ڕووناکی.بەلأم ئەوەی ئاشکرایە کە یەکەم کەسێك ئەم تەکنەلۆژیایەی بەکارهێناوە( بەبێ ئەوەی چۆنێتیێکەی بزانێت ) بریتین لە عەرەب و مسوڵمانەکان، بەشێوەیەك شمشێری دیمەشقی ناسراو بە پتەوی لە دروستکردنیدا توخمی نانۆیی تیادا

بەکارهاتوە کە بەهێزیەکی میکانیکی پێبەخشیوە.هەروەها دروستکەرانی شووشە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا گۆی ئاڵتونی نانۆییان بەکارهێناوە بۆ ڕەنگکردن.

جێگەی خۆیەتی کە ئاماژە بەوە بدەین کە وشەی نانۆ وەرگیراوە لە وشەی ئەگریکی dwarfکە واتای بەشێك لە بلیۆن لە هەموو دەگەیەنێت.وشەی نانۆمەتر واتای بەشێك لە بلیۆن لە مەتر و بەشێك لە هەزار لە مایکرۆمەتر دەگەیەنێت. بۆ نزیککردنەوەی ئەم پێناسەیە لە ڕاستیەوە نانر مەتر بریتیە لە تیرەی تاڵە مویەکی سەر یەکسانە بە نزیکەی ٧٥٠٠٠ نانۆ مەتر . هەروەها ١ نانۆمەتر یەکسانە بە ١٠ گەردیلەی هایدرۆجینی لە ڕیزی یەك بەدرێژی ( بەواتای تیرەی گەردیلەی هایدرۆجین یەکسانە ١ر٠ نانۆمەتر ) هەروەك قەوارەی خانەیەکی خڕۆکە سورەکان دەگاتە ٢٠٠٠ نانۆمەتر،جیهانی نانۆ دادەنرێت بە خاڵی جیاکەرەوە لە نێوان جیهانی گەرد و گەردیلەکان و جیهانی ماکرۆدا.

تەکنەلۆژیای نانۆ دەچێتە پێکهاتە نانۆییەکانەوە لە ئامێر و کەلوپەلی خاوەن دوورییە نانۆییەکان.گرنگە کە بزانرێت کە پێوانەی نانۆ زۆر زۆر بچوکە بەشێوەیەك ئیدی ناتوانرێت پێکهاتەیەك لە نانۆ بچوکتر دروستبکرێت.

لەسەدەی ئێستادا هەندێ توێژینەوە و لیکۆڵینەوە بەدەرکەوتن دەربارەی چەمکی تەکنەلۆژیای نانۆ و دروستکردنی کەلوپەلەکانی و بەکارهێنانیان لە زۆر بواردا.لێرەدا هەندێ ڕووداو باس دەکەین کە ڕۆڵیان هەبووە لە دروستکردنی کاروانی ئەم تەکنەلۆژیایەدا و کردیانە تەکەنلۆژیای ئایندە.

لە ساڵی ١٩٥٩دا زانای فیزیایی بەناوبانگ ڕیتشارد فیمان لەکۆمەڵەی فیزیای ئەمریکیدا لەچوارچێوەی وانەیەکی بەناوبانگیدا بەناونیشانی( لەوێدا پانتاییەکی فراوان هەیە لەخوارەوەدا) ڕایگەیاند کە توخم لە ئاستەکانی نانۆدا( پێش بەکارهێنانی ئەو ناوە) بە ژمارەیەکی کەم لە گەردیلە هەڵسوکەوت دەکەن بەشێوەیەکی جیاواز لەدۆخی خۆیان کاتێك بە قەوارەی هەستپێکراو دەبن.هەروەها ئاماژەی بەتوانای پێشخستنی ڕێگەی جوڵەپێکردنی گەردیلە و گەردەکاندا بەشێوەیەکی سەربەخۆ و گەیشتن بە قەوارەی داواکراو. لەو ئاستانەدا زۆرێك لە چەمکە فیزیاویەکان دەگۆڕێت، بۆ نمونە هێزی کێشکردن گرنگی کەمتر دەبێتەوە و لەبەرامبەردا گرنگی شڵەژانی ڕوویی زیاد دەکات لەگەڵ هێزی ڕاکێشانی ڤاندەواڵزدا.و پێشبینیشی کرد کە توێژینەوەکان دەربارەی سیفاتەکانی مادە لە ئاستەکانی نانۆدا ڕۆڵێکی ڕیشەیی هەبێت لە گۆڕینی شێوازی ژیانی مرۆڤایەتیدا.

سەرەڕای کەمی توێژینەوە لەسەر ئەو مادانەی لە ئاستی نانۆدان،هەرچەندە بەو ناوەوە ناناسرێن، بەڵام ئەهلێر Uhlir توانی لەساڵی ١٩٥٦دا کە بینینەکانی تۆمار بکات بۆ سلیکۆنی ئیسفنجی Porous Silicon و دوای ئەوە بەچەند ساڵێك توانرا کە تیشکدانەوەی بینراو دەستبکەوێت لەو مادەیە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٩٠دا. دوای ئەوە گرنگی زیاتری پێدرا.هەروەها لەدەیەی شەستەکانی سەدەی بیستدا توانرا شلەمەنی موگناتیسی پێشبخرێت FerroFluide بەشێوەیەك ئەو شلەمەنیانە دروست دەکرێت لە گۆ یان تەنۆلکەی موگناتیسی بەدووری نانۆیی.

هەروەها توێژینەوەکان گرنگیان دەدا بەوەی کە پێی دەوترێت لەرینەوەی پاراموگناتیسی ئەلکترۆنی EPR بۆ ئەلکترۆنی گەیاندن لە تەنۆلکەکاندا بەدووریە نانۆییەکان کە ئەوکات پێی دەوترا هەڵواسراوەکان Colloids بەشێوەیەك ئەو تەنۆلکانە بەرهەم دەهاتن بە ڕێگای جیاکردنەوە یان شیکردنەوەی گەرمی Heat Decomposition.

لەساڵی ١٩٦٩ زدا لیۆ ئیساکی پێشنیازیکرد بۆ دروستکردنی پێکهاتەی نیمچە گەیەنەر بە قەوارەی نانۆ.هەروەها تۆڕی بچوکی نیمچە گەیەنەر کە زۆر بچوك بن.لەحەفتاکاندا توانرا پێشبینی بکرێت بۆ سیفاتە پێکهێنەرەکانی کانزا نانۆییەکان وەك بوونی ژمارە سیحراویەکان لە ڕێگەی توێژینەوەی شەبەنگی بارستەوە Mass Spectroscopy کە سیفاتەکان پشت دەبەستێتە سەر دووریەکانی نمونەکە کە ڕێکنەخراوە.هەروەها توانرا یەکەم بیری بڕی Quantum Well دروستبکرێت بە دوو دووری لەهەمان کاتدا بە ئەستوری تاکە گەردیلەیەك. دوای ئەوە دروستکردنی خاڵی بڕی Quantum Dots هاتە بوون بە دووری سفری کە لەگەڵ جێبەجێکردنەکانیدا زیاتر پێشکەوت لە ئێستادا.

ناوی تەکنەلۆژیای نانۆ بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٩٧٤ز دا دەرکەوت لە ڕێگەی پێناسەکردنی پرۆفیسۆر(تۆریۆ تانیفۆشی) لە پەڕاوی زانستیە بلاْوکراوەکەیدا لە کۆنفرانسی کۆمەڵەی یابانی بۆ ئەندازەی وورد.کاتێك وتی( کە تەکنەلۆژیای نانۆ جەخت دەکاتەوە لەسەر پرۆسەی جیاکردنەوە،جووتبوون،دووبارە پێکهێنانەوەی توخمەکان بە هۆی تاکە گەردیلەیەکەوە یان گەردێکەوە).لەهەمان ماوەدا کۆمەڵ گەلێك چەمکی زانستی تر هاتنە کایەوە، وەك خاڵی بڕی،توانای بونی کەلوپەلی زۆر بچوك کە دەتوانێت ئەلکترۆنێك یان زیاتر ببەستێتەوە،لەگەڵ داهێنانی مایکرۆسکۆبی تونێلی لەبەرگرتنەوە Scanning

Tunneling Microscope STM لە ڕێگای هەردوو زانا چێر دێینج و هێنریك ڕۆهەر لەساڵی ١٩٨١زدا. کە بریتیە لە ئامێرێك بۆ وێنەگرتنی تەنەکان بە قەوارەی نانۆ.

توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکان تایبەت بە پێکهاتە نانۆییەکان بۆ زۆرێك لە کەلوپەلەکان زیادیان کرد.هەردوو زانا توانیان کە ببنە خاوەنی خەلاّتی نۆبڵ لە فیزیادا لەساڵی ١٩٨٦دا بەهۆی ئەم داهێنانەوە.دوای ئەوە بە چەند ساڵێك زانای فیزیاوی دۆن ایجلر توانی سەرکەوتوو بێت لەکارگەی IBM دا لە جولاّندنی گەردیلەدا بە بەکارهێنانی ئامێری مایکرۆسکۆبی تونێلی لەبەرگرەوە،کە بوە هۆی دۆزینەوەی بوارێکی تازە لە توانای کۆکردنەوەی گەردیلە تاکەکان لەگەڵ یەکتردا.

لەهەمان کاتدا توانرا کە فلۆرینەکان بدۆزرێتەوە بەهۆی هارۆڵد کرۆتۆ،ڕیتشارد سمالی و ڕۆبەرت کیرل، کە بریتیە لە کۆمەڵە گەردێك کە لە ٦٠ گەردیلە کاربۆن پێکدێت و کۆدەبێتەوە لەسەر شێوەی تۆپی پێ ( کە توانیان خەلاّتی نۆبڵ وەربگرن لەساڵی ١٩٩٦دا).

لەساڵی ١٩٩٥دا زانای کیمیا منجی باوندی توانی کە گۆی نیمچە گەیەنەری کادیۆم/گۆگرد(یان سلینیۆم) ئامادە بکات کە بچوکترینیان تیرەکەی ٣-٤ نانۆمەتر بوو.بەلاّم ڕێگای ئامادەکردنی نمونە نانۆییە ناڕێکخراوەکان کە پشت دەبەستنە سەر تەکنەلۆژیای لێزەر، پلازما یان هەڵکەندن بە تیشکی ئەلکترۆنی و ...هتد.ئەوا لەناوەڕاستی ساڵەکانی هەشتاکانەوە دۆزرانەوە.هەروەك چۆن چەمکی فیزیاوی بۆ بەستنەوەی بڕی ئەلکترۆنی Quantum Confinementبەهەمان شێوە لەسەرەتای هەشتاکانەوە سەریانهەڵدا.

لەکۆتایی هەشتاکانیشدا توانرا یەکەم پێوانە لەسەر بڕی گەیەنەری تۆماربکرێت و توانرا یەکەم ترانزستۆری تاك ئەلکترۆنی دروستبکرێت Single Electron Transistor .

لەساڵی ١٩٩١یشدا پرۆفیسۆر سۆمۆ لیجیما لە زانکۆی میجی یابانی توانی کیبۆری کاربۆنی نانۆیی بدۆزێتەوە کە بریتیە لە پەڕەی گرافیت.دوای ئەوە توانرا کە ترانزستۆری بۆری کاربۆنی نانۆیی بدۆزرێتەوە لەساڵی ١٩٨٨دا.کە لەسەر دوو شێوە دروستدەکرێت یەکێکیان کانزایی و ئەویتریان نیمچەگەیەنەر.ئەم ترانزستۆرە بەکاردەهێنرێت بۆ هاندانی ئەلکترۆنەکان کە هاتوچۆ بکەن بەناو ئەلکترۆدیندا.گرنگی ئەم ترانزستۆرە تەنها لە بچوکی قەوارە نانۆییەکەیدا نیە، بەڵکو بەهۆی کەمی بەکارهێنانی وزە و نزمی گەرمی دەرچوو لێیەوەیەتی.

لەساڵی ٢٠٠٠یشدا زانای فیزیاوی مسوڵمان مونیر نایف توانی کە خێزانێك لە گۆی سلیکۆنی بدۆزێتەوە و دروستیش بکات کە بچوکەکەیان تیرەکەی ١ نانۆمەتربوو و پێکدەهات لە ٢٩ گەردیلەی سلیکۆن کە ڕوەکەی لەسەر شێوەی فۆلۆریناتی کاربۆنی بوو بەڵام ناوەکەی بۆش نەبوو و لەناوەڕاستیشدا گەردیلەیەکی تاکی تیادا بوو. ئەم گۆیانە لەکاتی بەرکەوتنیان بە ڕووناکی سەروو وەنەوشەییەوە کۆمەڵە ڕەنگێکی جیاوازی دەدا( بەپێی تیرەکەی) کە لە نێوان شین و سەوز وسووردا بوو.

بەڵام کۆمەڵگەی خودی Self-assembly بۆ گەردەکان،یان لەخۆوە پێکەوە نوساوترینیان لەگەڵ ڕووی کانزاکاندا لە ئێستادا بونەتە کارێکی کردە بۆ پێکەوەنانی ڕیزێك لەگەردەکان لەسەر هەر ڕوویەك وەك ئاڵتون یان...هتد.

لەساڵی ٢٠٠٠دا ئەمریکا( دەستپێشخەری تەکنەلۆژیای نانۆی نیشتیمانی NNI) ڕاگەیاند ، کە تەکنەلۆژیای نانۆی کردە تەکنەلۆژیایەکی نیشتیمانی و دەروازەی هاوکاری گەورەی حکومەتی بەسەردا کردەوە لەهەموو بوارەکانی پیشەسازی و زانستی و زانکۆیدا.دوای ئەوە یابان لە ساڵی ٢٠٠٢دا هەستا بە دامەزراندنی ناوەندێکی پسپۆڕ بۆ لێکۆڵەرەوان لە تەکنەلۆژیای نانۆ ئەوەش بە دابینکردنی هەموو ئامێرە تایبەتمەندەکان و پشتیوانیکردن وهاندانی توێژەرەوان و گۆڕینەوەی زانیاری لە نێوانیاندا.

بەپێی بۆچوونی زانا کریلمان تەکنەلۆژیای نانۆ هەڵدەستێت بە یەکخستن و کۆکردنەوەی هەموو جۆرەکانی زانستەکان بە کۆمەڵە گریمانەیەك کە سنوریان نیە و ناتوانرێت پێشبینی ئەنجامەکانیشیان بکرێت. ئەم تەکنەلۆژیایە ئامانجی دروستکردنی توخمی وەهایە کە بتوانرێت بەکاربهێنرێت لەهەموو بوارە زانستیەکاندا هەر لە کیمیا یان فیزیا یان بایۆلۆجی یان پیشەسازی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوودا.

تەکنەلۆژیای نانۆ بە شۆڕشێکی پیشەسازی هاتوو دادەنرێت بە شێوەیەك کە چەمکەکانی زانستی و پیشەسازی دەگۆڕێت بە شتێك کەوەك خەیاڵ و ئەندێشە وابێت بە بەراووردکردنی بە چەمکەکانی کە لە ئێستادا هەن. وەخزمەت دەگەیەنێت بە هەموو ئامانجە زانستیە مرۆڤایەتیەکان. هەروەها لە بواری پزیشکی پێشکەوتوشدا زۆر هیوا هەڵچنراوە لەسەر ئەم تەکنەلۆژیایە و گەڕان بەدوای نەخۆشیە شێرپەنجەییەکاندا،هەروەها لە پیشەسازیە ئەلکترۆنیە پێشکەوتوەکاندا لە زیاد لە بوارێکدا.

- **بەکارهێنانە نزیك مەوداکانی تەکنەلۆژیای نانۆ:**

١. لەدیاریکردنی پزیشکی و چارەسەرکردندا.
٢. کۆکردنەوەی وزەی ڕۆژ و سوودلێوەرگرتنیPhoto Voltaic .
٣. ئەو پێکهاتانەی کە بۆری نانۆییان تیادایە.
٤. لە پیشەسازی بۆیاخ و لە پاکەتناندا.
٥. نمونەی نوێ بۆ مێشکی کۆمپیوتەر و بازنە ئەلکترۆنیە تەواوەکان.بەشێوەیەك کە هەندێ بەکارهێنان هەیە بۆ بۆری کاربۆنی نانۆیی وەك:

- دوانەی گەیەنەر و ترانزستۆرەکان.
- گەورەکەری ئاماژەکان لە ئامێرەکانی مۆبایلدا.
- زیادکردنی ڕەقێتی پێکهاتەکان.

- **بەکارهێنانە دوور مەوداکانی تەکنەلۆژیای نانۆ:**

١.دامەزراندنی سیستەمی هەڵگرتنی زانیاری بەتوانای زۆر گەورە.
٢. دروستکردنی پەڕەی تەنك بۆ هەڵگرتنی ڤیدیۆ تا ماوەی ١٠٠٠ کاتژمێر.
٣. دروستکردنی پلێتی پلاستیکی کە بەکاردەهێنرێت لە دروستکردنی ئامێری تەنك و زۆر سوکدا بۆ پەنجەرە بەڵام زۆر بەهێز و پتەو.

چاودێران پێشبینی ئەوە دەکەن کە تەکنەلۆژیای نانۆ زنجیرەیەك لە شۆڕشی پیشەسازی هەڵبیاسێنێت لەماوەی دوو دەیەی داهاتوودا کە کاریگەری گەورەیان دەبێت لەسەر ژیانمان.هەندێکی تر وای بۆ دەچن کە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نانۆ لە ئینەترنێت زیاتر دەبێت و لە ئینتەرنێتیش دوورتر بڕ دەکات.و شۆڕشێکی زۆر گەورە بەرپا دەکات کە زۆر لە سامانە داراییە کۆنەکان تێکدەشکێنێت بەشێوەیەك هەموو ئەو کار و دەسکەوتانەی کە لەم دونیایەدا هەن دەهەژێنێت.

پڕۆفیسۆر مونیر نایف،توانیوەتی کە گەردیلەی تاك بجوڵێنێت و وێنە بکات بەهۆی گەردیلەوە وەك وێنەی دڵ و پیتی P ی ئینگلیزی وەك بچوکترین پیت لە مێژووی ڕێنوسدا بە پانی پێنج لە ملیۆنی ملیمەترێك کە ئاژانسەکانی دەنگوباس بڵاویان کردەوە و گۆڤاری زانستی بەناوبانگی بەریتانیش (( نیوساینتست New Scientist لەژمارە ٧ مارسی ساڵی ١٩٩٢دا کردیە وێنەی بەرگی یەکەمی خۆی.

لەماوەیەکی کەمی نزیکدا، لە توانای هەر پزیشکێکدا دەبێت لە دوورترین گوند لە جیهانی سێیەمدا کە دڵۆپێك خوێنی نەخۆشێك دابنێت لەسەر پارچەیەك پلاستیکی بچوك و دوای چەند خولەکێکی کەم هەموو شیکاریەکانی بۆ تەواو دەکرێت وەك شیکاری نەخۆشی ترسناکی مەلاریا و ئایدز و تێکچوونی هۆرمۆنەکان و تەنانەت شێرپەنجەش.ئەو پارچە پلاستیکە پێی دەوترێت کارگەی پەڕەکە و یەکێکە لە بەرهەمی شۆڕشەکان و بەرهەمە پێشکەوتوەکان لە لێکۆڵینەوەکانی تەکنەلۆژیای نانۆیی کە ژیانی ملیاران کەس دەگۆڕێت کە لە دووری شارەکانەوە دەژین.

**گرنگترین ١٠ جێبەجێکردنی** تەکنەلۆژیای نانۆ کە مرۆڤایەتی بەگشتی و بەتایبەتی وڵاتانی هەژار پێویستیان پێیدەبێت لە بوارەکانی کشتوکاڵ و ئاو و تەندروستی و وزە و ژینگە لە ١٠ ساڵی داهاتوودا، کە دەتوانرێت بەم شێوەیە ڕیزبکرێن بە پێی کاریگەرییان لەسەر گەشەکردن:

١. هەڵگرتنی وزە و بەرکارهێنانی و گۆڕینی.
٢. چاکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی.
٣. چارەسەرکردنی ئاوی خواردنەوە.
٤. دیاریکردنی نەخۆشی و چارەسەرکردنی.
٥. پێدان و گەیاندنی داوودەرمان بەخانەی دیاریکراو لە لەشدا.
٦. چارەسەرکردنی خواردن و هەڵگرتنی.
٧. چارەسەرکردنی پیسبونی هەوا.
٨. بینادروستکردن.
٩. چاودێری تەندروستی.
١٠. بەرگری نەخۆشیەکان و مێرووەکان.

لێکۆڵینەوەیەك ئەو ڕاستیەی سەلماندوە کە ئامانج لە تەکنەلۆژیای نانۆ هاوجووتە لەگەڵ ئامانجەکانی گەشەپێدانی نێودەوڵەتی کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە دیاریکراون لە هەزارەی سێیەمدا. لەساڵی ٢٠٠٠ز دا سەرجەم وڵاتانی ئەندام لەنەتەوە یەکگرتوەکان کە ژمارەیان ١٨٩ ئەندامن بەڵێنیاندا کە بگەنە ٨ ئامانج بۆ پشتیوانی گەشەپێدانی مرۆیی و هاندانی جێگیری ئابوری و کۆمەلایەتی هەتا ساڵی ٢٠١٥.

جێبەجێکردنەکانی تەکنەلۆژیای نانۆ کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر باشکردنی ژیانی زۆرێك لە مرۆڤەکان لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا.بەدڵنیاییەوە زانست و تەکنەلۆژیا بەتەنها هەردووکیان ناتوانن هەموو چارەسەرێکی جادوویی بدۆزنەوە بۆ هەموو کێشە و گرفتەکانی وڵاتە تازە گەشەکردوەکان، بەڵام هۆکاری بنچینەیین بۆ گەشەپێدان. تەکنەلۆژیای نانۆ بوارێکی نوێیە و چارەسەری ڕیشەیی و مۆدێرن پێشکەش دەکات لەگەڵ کەمی تێچونیدا بۆ زۆرێك لە گرفتە درێژخایەنەکان لە وڵاتانی جیهانی گەشە سەندوودا.

لێکۆڵەرەوان ئاماژە دەدەن بەوەی کە هەندێ لە وڵاتان دەستپێشخەری تایبەتی خۆیان کردوە بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نانۆ بۆ گرەنتی ئابوریيان نمونەش وڵاتی هندستانە کە ٢٠ ملیۆن دۆلاری تەرخانکردوە لە ڕێگەی وەزارەتی زانست و تەکنەلۆژیاوە بۆ توێژینەوەکانی تەکنەلۆژیای نانۆ لە ساڵانی ٢٠٠٤-٢٠٠٩.

چەمکی تەکنەلۆژیای نانۆ پشتدەبەستێتە سەر ئەوەی کە ئەو تەنۆلکانەی کە قەوارەيان کەمترە لە سەد نانۆمەتر ( نانۆمەتر بەشێك لە هەزار ملیۆن لە مەتر) کە دەچێتە پێکهاتەی توخمێکەوە سیفات و هەڵسوکەوتی نوێی پێدەدات. ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە ئەو تەنۆلکانە ( کە بچوکترن لە درێژییە جیاوازەکان کە هاوشانن لەگەڵ هەندێ دیاردەدا)، هەندێ چەمکی فیزیاوی و کیمیاوی نوێ دەبەخشێت. کە ئەمەش بەرەو مامەڵەیەکی نوێی ئاڕاستە دەکات کە دەوەستێتە سەر قەوارەی تەنۆلکەکان.تێبینی کراوە بۆ نمونە: کە هەردوو پێکهاتەی ئەلکترۆنی و گەیەنەری،کارلێکی، پلەی تواندنەوە و سیفاتە میکانیکیەکانی مادە هەمووییان دەگۆڕێت کاتێك قەوارەکەیان بچوکتر دەبێت لە نرخی یەکلاکەرەوە لە قەوارە. بەشێوەیەك هەرکاتێك قەوارەی مادە نزیك بوەوە لە دووری گەردیلەیی ئەوەندەش توخمەکە ملکەچ دەبێت بۆ یاساکانی میکانیکی بڕی لە جیاتی یاسا فیزیاویە کۆنەکان. پشتبەستنی سیفاتی توخم لەسەر قەوارەکەی وامان لێدەکات کە کۆنترۆڵی ئەندازەی سیفاتەکانی بکەین.

لەسەر ئەم ڕاستیانە لێکۆڵەرەوان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە ئەو چەمکە کاریگەری تەکنەلۆژی گەورەی دەبێت کە بوارەکانی تەکنەلۆژیای فراوان و هەمەجۆر دەگرێتەوە لەبەرهەمهێنانی توخمی سووك بەڵام پتەو.کەمکردنەوەی کاتی گەیاندنی داوودەرمانی نانۆیی بۆ کۆئەندامی سوڕی خوێنی مرۆڤ،زیادبوونی قەوارەی وەرگرتنی شریتی موگناتیسی و پیشەسازی کلیلەکانی کۆمپیوتەری خێرا...هتد.بەشێوەیەکی گشتی ئەوە

تەکنەلۆژیای نانۆیە کە مامەڵە دەکات لەگەڵ پێکهاتەی هەمە جۆردا لەو توخمانەی کە فرە دوورین لە ئاستی نانۆ مەتردا.
سەرەڕای ئەوەی کە تاڕادەیەك تەکنەلۆژیای نانۆ تازەیە،بەڵام بوونی ئامێر یان پێکهاتەی کە بەو چەمکە کاردەکەن و خاوەنی دووری نانۆیین مەسەلەیەکی تازە نیە،بەڵکو لە ڕاستیدا بونیان دەگەڕێتەوە بۆ تەمەنی گۆی زەوی و دەستپێکی ژیان لەسەریدا.
وەك ئاشکرایە سیستەمی بایۆلۆژی لەلاشەی زیندەوەراندا هەڵدەستێت بە دروستکردنی هەندێ ئامێری زۆر بچوك کە پێوانەکەیان دەگاتە سنوری پێوانەی نانۆ.خانە زیندەکان نمونەیەکی زیندوون لەسەر تەکنەلۆژیای نانۆی سروشتی،بەشێوەیەك خانەکان وەکو کۆگایەکن بۆ هەڵگرتنی ژمارەیەکی زۆری ئامێری بایۆلۆژی بە قەوارەی نانۆ کە تیایدا پرۆتینەکان دروست دەکرێن،لەسەر شێوەی هێڵی کۆکراوە بە قەوارەی نانۆ و پێیان دەوترێت ڕیبۆزومات و دواتر دروستدەکرێن بەهۆی ئامێری نانۆی تر کە پێی دەوترێت جوڵجی. بەڵکو ئەنزیمەکان بۆ خۆیان بە ئامێری نانۆیی دادەنرێن کە هەڵدەستێت بە جیاکردنەوەی گەردەکان یان کۆکردنەوەیان بەپێی پێویستی خانەکان.
بەم شێوەیە دەتوانرێت ئامێرە نانۆییە دروستکراوەکان لە گەڵیاندا کارلێك بکەن و پێکەوە ئامانجی ویستراو وەدیبهێنن وەك شیکردنەوەی پێکهاتەی خانە،گەیاندنی دەرمان بۆی،و لەناوبردنیشی کاتێك بوە زیانبەخش.

- **بوارەکانی جێبەجێکردنی تەکنەلۆژیای نانۆ:**

١. بواری پزیشکی:

- چارەسەرکردن
- گەیاندنی دەرمان بۆ خانەکان
- ئەندازەی ڕیشاڵەکان

٢. بواری کیمیا و ژینگە:

- هاندان
- پالاوتن

٣. بواری وزە

- کەمکردنەوەی بەکارهێنانی وزە

- زیادکردنی توانای بەرهەمهێنانی وزە
- بەکارهێنانی سیستەم بۆ وزە کە زیاتر هاوڕێی ژینگە بێت

٤. بواری دووبارە بەکارهێنانەوەی پاتری

٥. بواری زانیاری و پەیوەندیکردن

- هەڵگرتنی بیرەوەری
- ئامێری نیمچە گەیەنەری باش
- ئامێری بینینی ئەلکترۆنی نوێ
- پیشاندان
- کۆمپیوتەری کەمومی

٦. بواری پیشەسازی قورس

٧. بواری گەردوون

٨. بواری بیناکردن

٩. بواری پالأوگە

١٠. بواری دروستکردنی توخمەکان

١١. بواری بەکارهێنانی کەلوپەلەکان

١٢. بواری خۆراکی

١٣. بواری خۆراکی نانۆیی

١٤. بواری کەلوپەلی ناوماڵ

١٥. بواری چاویلکەسازی

١٦. بواریڕیشاڵەکان

١٧. بواری ئامادەکراوە جوانکارییەکان

١٨. بواری کشتوکاڵ

١٩. بواری تەندروستی

**لە کۆتاییدا**، تەکنەلۆژیای نانۆ بە یەکێك لە پێشکەوتنە هەرە گرنگەکانی ئەم سەدەیە دادەنرێت و پێشبینیش دەکرێت کە ببێتە داهێنانی سەدە،بەوەی کاریگەر و ڕۆڵی گەورە دەگێڕێت لەسەر هەموو بوارەکانی ژیاندا.

ژیان خێراتر و هەرزانتر و بچوکتر و ووردتر دەکاتەوە.لەگەڵیشیدا ئەو کۆمەڵ و وڵاتانەی کە ئەم تەکنەلۆژیایەیان تیادا گەشەبکات ئەوا دەبنە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و داهێنەر و دەوڵەمەند.وەك پێشبینی دەکرێت ئەم تەکنەلۆژیایە جێگەی ئینتەرنێت دەگرێتەوە و بەکارهێنەرانی زۆر گەورە و بەرفراوانتر دەبێت.

بەو هیوایەی کە کۆمەڵی کوردەواریشمان لە ڕیزی ئەو کۆمەڵ و وڵاتانە بێت کە بەشێوەیەکی زانستی و تەندروست و ساغڵەم سوود لەم تەکنەلۆژیایە وەربگرێت و بیکاتە مایەی زیاتری گەشەپێدان و پێشکەوتنەکانمان لەهەموو بوارەکانی ژیان و دوانەکەوین لەڕەوت و کاروانی زانست و زانیاری و تەکنەلۆژیا نوێیەکان.

**سەرچاوە:**

======

- *ar.wikipedia.org/wiki*

---

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئەندازیاران ژمارە ٥٢ لە بەهاری ٢٠١٥دا بڵاوکراوەتەوە.

# سەلامەتی پیشەسازی*

- **پێشەكیەكی مێژوویی**

كاتێك شۆڕشی پیشەسازی لە ئەوروپا دەستیپێكرد و جووتیارەكان بە ژمارەیەكی زۆر ڕوویانكردە شارەكان كە پیشەسازی لێبوو بۆ ڕاكرد بوو لە بە كۆیلەكردیان كە ڕووبەروویان دەبۆوە لەلایەن ئاغا و دەرەبەگەكانەوە، لەگەلیشیدا ڕووداوی زۆر سەریانهەڵدا كە دەبونە هۆی تووشبونی ئەو كۆچكەرانە كە هیچ شارەزاییەكیان نەبوو دەربارەی پیشەسازی و مەترسیەكانی.ئاشكرایسە كە كارگە پیشەسازیەكان جۆرەها مەترسیان تیادایە، بۆچونێكیش هەبوو گەر هەركاتیك ڕووداوێك ڕوویدات و كرێكارەكە هۆكاری ڕوودانی بێت ئەوا خاوەن كار هیچ لێپرسراوێتیەكی ناكەوێتە ئەستۆ.بەڵام كاتێك ڕووداوەكان بەشێوەیەكی ترسناك زیادبوون بەشێوەیەك هەموان قسەیان لەسەر دەكرد، یاساو ڕێنماییەكان دەركران بەشێوەیەك خاوەن كارەكانی ناچار دەكرد كە قەرەبووی قوربانیە و بەركەوتوەكان بكەنەوە تەنانەت گەر كرێكارەاكانیش هۆكاری ڕووداوەكە بوبن.كاتێكیش خاوەن كارگەكان بارودۆخی كارەكانیان باشتر كرد و قەرەبوەكانیان دا بە كریكارەكان بوە هۆی كەمبونەوەی ڕێژەی كارەسات و ڕووداوەكان، بەڵام جارێكی تر ڕێژەی ڕووداوەكان بەرزبونەوە بەهۆی زۆری توخمە ئەندامی و كیمیاویەكان لە كارگەكاندا كە دەچوونە كارە پیشەسازیەكانەوە و فراوانبوونی پشتبەستن لەسەر مەكینە و ئامیرەكان لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا سەرەڕای هۆكارێكی سەرەكی تر كە بریتیە لە مامەڵەكردنێكی نا یەكسان لەگەڵ ئاسایشی پیشەسازیدا لە ڕووی ئیداریەوە لەگەڵ گرنگترین ئامانجی كارگەكاندا كە ئەویش قازانجە.

- **چەمكەكانی سەلامەتی لە كارگە پیشەسازیەكاندا:**

ئاسایش و سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی چەمكی گشتین،مانای خۆ پاراستن دێن لە ڕووداو و بەركەوتنی كار بۆ سەرجەم توخمەكانی بەرهەم كە بریتیە لە مرۆڤ و ئامێر و توخمەكان و ڕۆڵی سەرجەم بوارەكانی كار و پیشە تەكنیكی و ئەندازیاری و پیشەسازی و كشتوكاڵی و تەنانەت خزمەتگوزاریش دەگرێتەوە.

سەلامەتی ڕاستیەكە ناتوانرێت چاویلێبپۆشرێت یان وازیلێبهێنرێت لەبەرئەوەی بریتیە لە كۆمەڵێك پێوانە و هۆكار و خزمەتگوزاری كە پارێزگاریدەكەن لە ڕێڕەوی ئیشوكارەكان

بەشێوەیەکی سەلامەت و پاراستنی لە کاولکاریە دەرەکیەکان و ڕێگە لە مەترسیەکانیشی دەگرێت. مەسەلەی پارێزگاری لە سەلامەتی تەندروستی مرۆڤ لە پێشینەی پێداویستیەکانی ئاسایشەوە دێت ، لەبەرئەوەی بەرهەمی کارەکان بریتیە لە کارلێکی نێوان توخمەکانی بەرهەم ئالێرەوە فراوانی سەلامەتی و سەرتاپاگیریەکەی بۆ پاراستن تەنها توخمی مرۆیی و تەندروستیەکەی ناگرێتەوە.بەڵکو مادەکان و ئامێرەکانیش دەگرێتوە کە دەچنە پرۆسەی بەرهەمهێنانەوە لە لەناوچوون و بەهەدەردان و هەروەها بۆ سەر سەلامەتی ژینگەی کاریش.

لە دامەزراو و کارگە پیشەسازیە بەرهەمهێنەکاندا شوە و شێوازی ئیشوکارەکان و پرۆسەی بەرهەمێنانەکان جۆراوجۆرن هەربۆیەش هەمەجۆری هۆکارەکانی کە هەوڵی دابینکردنی سەلامەتی و ژینگەی کارەکان و تەندروستی بەرهەمهێنەرەکان و پاراستنی ئامێر و مەکینەکان و توخمەکان و بەرهەمە دروستکراوەکان دەدەن لە خراپبوون و بەهۆی ڕووداوەکان و مەترسیەکانیانەوە لەناو کرێکاراندا دەبێتە هۆی پێدانی دڵنیایی و ئەمان و بەهۆشیەوە بەرهەم چسپاو جێگیر دەبێت و سەرکەوتش دەبێت و کارەکانیش ڕێچکەی ئاسایی خۆیان وەردەگرن بەبێ بوونی زەرەر و زیان.

- **سەلامەتی لە کارگە پیشەسازیەکاندا:**

١. ڕووناکی

ڕووناکی ڕووی کارەکان بە ڕووناکیەکی پێویست یەکێکە لەداواکاریە بنچینەییەکان، زۆر کات ڕووناکی تیایدا بەهۆی گڵۆپی غازیەوە دەبێت کە ڕوناکیەکی بەرز و جێگیرە لە بنمیچەکاندا.لەسەر ئاستی جیهان ڕێکەوتنکراوە لەسەر ئەوەی کە توندی ڕوناکی لە نێوان ١٠–٢٥٪ بێت لە ڕوناکی سروشتیلە ڕۆژێکی بێ هەوردا.

دەبێت ئەوە بزانین کە بەرزی ئاستی ڕووناکی لە کارگەکاندا دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی بەرهەم و داهاتێکی زیاتری دەبێت لە تێچوون. هەندێ پیشەسازیش پێویستیان بە ڕووناکی زیاتر هەیە تا ئاستی ڕوناکی سروشتی وەك پیشەسازیە ووردەکان و کاتژمێر و ئامێری وێنەگرتنەکانو هەوەها نوسینگەی وێنەکێشانەکانیش.

لە ڕوناکی کارگە پیشەسازیەکاندا دوو شێواز پیادەکرێت: یەکەمیان دانانی ڕوناکیە لە ئاستێکی بەرز و ماوەیەکی دیاریکراویش لە نێوانیاندا. دووەمیشیان ڕوناکی لەدوایەك و بەردەوام لە یەك ڕێزدا.شێوازی یەکیەم بۆ ئەو کارگانە پەسەندە کە بنمیچەکانیان بەرزن

وەك کارگەی دروستکردنی فرۆکە. بەڵام شێوازی دووەم دادەنرێت لەسەر هێڵی بەرهەم بەبەرزیەکی گونجاو.

بڕی ڕوناکی گونجاو لە جێگەی تاقیکردنەوەدا بریتیە لە ٥٠ مۆم/پێ و بڕی ڕووناکی لە نوسینگە و پاشکۆ گشتیەکانی کارگەدا بریتیە لە ٣٠ مۆم/ پێ و لە کۆگاکانیشدا بریتیە لە ٥٠ مۆم/پێ.

٢. ژاوەژاو

ژاوەژاو سەرچاوەکەی بریتیە لە کارگەکان یان جێگەکانی کار کە کاریگەری دادەنێن لەسەر کرێکارەکان لەو جێگایانەدا.و لەسەر خەڵکیش بە گشتی.دەبینین کرێکارەکان بیستیان کاری تێدەکرێت لەو جێگایانەدا کە ژاوەژاوێکی بەرز و مەترسیدارە بۆ سەر تەندروستی مرۆڤ، هەربۆیە ڕێگە نادرێت کە ژاوەژاوی زۆر هەبێت لەناو کارگەکاندا کە زیاتر بێت لە ڕادەی ڕێگە پێدراو کە بریتیە لە ٧٠ دیسبل.

ڕێژەی ژاوەژاوی ڕێگە پێدراو لەسەر ئاستی جیهاندا بەم شێوەیەیە:

لە ٢٠-٣٥ دیسبل لە ناوچە تەندروستیەکان وەك نەخۆشخانەکاندا.

لە ٢٥-٤- دیسبل لە ناوچە نیشتەجێبونەکاندا.

لە ٣٠-٤- دیسبل لە ناوچە فێرکاری و خوێندنەکاندا.

لە ٣٠-٦٠ دیسبل لە ناوچە بازرگانیەکاندا.

لە ٤٠-٧٠ دیسبل لە ناوچە پیشەسازیەکاندا.

٣. پلەی گەرما:

ڕێگە نادرێت بەکارکردن لە کارگەیەکدا کە ئاگری بەهێز یان پلەی گەرمای بەرزی هەبێت، بۆیە پێویستە کە ئاگر و سەرچاوەی پلە گەرما بەرزەکان لەجێگەی داخراودا بن و بەشێوەیەك دیزاینکرابن کە بەرگەی پلەی گەرمای بەرز بگرنو کرێکارەکان بەری نەکەونبە شێوەی ڕاستەوخۆ بۆنمونە وەك: فڕنی چیمەنتۆ یان فڕنی شەرارەی کارەبایی تایبەت بە کارگەی ئاسن و داڕشتە. بۆیە پێویستە ئەو ئامێر و مەکینانە کە بۆ سەلامەتی و پارێزگاری دروست دەکرێن وابن کە بەرگەی ٥٠ پلەی سەدی گەرما بگرن.

٤. هەوا گۆڕکێ:

پێویست دەکات لەکارگە پیشەسازیەکاندا کە ڕێژەی هەوا گۆڕکێ بەپێی پیشەسازیەکە بێت، و هەموو دەرچەکانی هەوا داپۆشرابێت بە ڕێگری هاتنە ناوەی لم و مێروەکانو

هەوەها ئەو ئامێر و مەکیناه کە بۆ هەوا گۆڕکێ دیزاینکراون وابن بەرگەی ٥٠ پلەی سەدی گەرما بگرن و بتوانن بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێری بەردەوام کاربکەن. هەروەها دەبێت کۆگاکان وا دروستکرابن کە ناوەندی هەواگۆڕکێیان ١٠ جار بێت لە کاتژمێرێکدا، بەڵام بۆ هۆڵەکان ئەوا ڕێژەی گۆڕینی هەوا بەپێی ئەم پێوانانە دەبن:

لە ٢٠-٢٥ جار لە کاتژمێرێکدا بۆ داڕێژەر و فڕنەکان و ڕۆنڕێژەکان وئاشەکان و لێدانی گەرمی.

لە ١٥-٢٠ جار لە کاتژمێردا بۆ کاغەز و چنراوەکان.

لە ١٠-١٥ جار لە کاتژمێردا بۆ مەکینە و ئامێر و وەرشەکان.

پێویستە بینای ئیدارە هەواگۆڕکێی تیادا بێت،دەبێت کارگەی ڕستن و چنینەکان هەواگۆڕکییان تیادا بێت لەگەڵ پاراستنی ڕێژەی شێ بە ٦٥٪دا، هەروەها ژوورەکانی کۆنترۆڵ و شاشە کارەباییەکانیش هەواگۆڕکێیان تیادا بێت،ئامێرەکانی هەواگۆڕکێش پێویستە بە ئامێری کۆنترۆڵ و ئیشکردنی بەرنامەڕێژ کاربکەن، پێویستە ئەو دەرگایانەی کە زۆر دەکرێنەوە بە پەردەی هەوا گۆڕکێ زیادکرابن.

سیستەمی هەواگۆڕکێ:

پێویستە هەموو سیستەمەکانی هەواگۆڕکێ بەپێی پێوانەکانی ASHRAE یان ARI بن.

٥.لەرینەوەکان:

پێویستە لەرە دەرچوەکان بەهەر هۆیەکەوە بێت بەم شێوەیە بن:

| لەرە( خێرایی/ چرکە) | لادان( بۆصە) |
|---|---|
| ١٠ کەمتر | ٠٠٠٨ر٠ |
| ١٠-٢٠ کەمتر | ٠٠٠٥ر٠ |
| ٢٠-٣٠ کەمتر | ٠٠٠٣ر٠ |
| ٣٠-٤٠ کەمتر | ٠٠٠٢ر٠ |
| ٤٠-٥٠ کەمتر | ٠٠٠١ر٠ |
| ٥٠ سەرووتر | ٠٠٠١ر٠ |

٦. پێوانەی باشی و پاکی هەوا:

پێویستە کە ناوەندێتی چڕی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بەشێوەیەکی گشتی لە ٨٥ کغم/م$^{3}$ یان( ٣ بەش لە ملیۆن ) لەهیچ جێگەیەکدا تێپەڕ نەکات.

هەروەها نابێت ناوەندێتی چڕی تۆزە هەڵواسراوەکان کە بتوانرێت هەڵبمژرێت بە شێوەیەکی گشتی لە ٨٥ کغم/م$^{3}$ تێپەڕ نەکات لەهیچ جێگەیەکدا.

دەبێت ڕەچاوی ئەوەبکرێت کە چڕی توخمە ئۆکسێنەرەکانی فۆتۆ کیمیاویەکان وەکو غازی ئۆزۆن لە یەك کاتژمێردا لە ٢٩٥ میکرۆ گرام/م$^{3}$ ( ١٥ بەش لە ملیۆن )تێپەڕ نەکات زیاد لە دووجار لەهیچ جێگەیەکدا لە ساڵێکدا.

پێویستە ڕێژەی ناوەندێتی چڕی دووەم ئۆکسیدی نایترۆجین لە ١٠٠ میکرۆگرام/م$^{3}$ تێپەڕنەکات لە هیچ جێگەیەکدا.

پێویستە ناوەندێتی چڕی یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن لە کاتژمێرێکدا لەهیچ ماوەیەکدا کە درێژیەکەی لە ٣٠ ڕۆژ بێت لە ٤٠ ملیگرام/م$^{3}$ تێپەڕنەکات لە دووجار لەهیچ جێگەیەکدا.

پێویستە ناوەندێتی چڕی کبریتیدی هایدرۆجین لە ٢٤ کاتژمێردا تێپەڕ نەکات لە ٤٠ میکرۆگرام/م$^{3}$ ( ٠٣ر٠ بەش لە ملیۆن) زیاد لە یەك جار لە هیچ جێگەیەکدا.

٧.بواری موگناتیسی :

ئەو پرۆسە پیشەسازیانەی کە بڕێك تیشکدانەوەی کارۆموگناتیسیان لێوە دەردەچێت لەکاتی ئیشکردندا پێویستە هاوجووت بن لەگەڵ سیستەمی ژینگەی کارپێکرودا لە وڵاتدا،و پێویستە نزمترین ئاستی تیشکدانەوە دیاریبکرێت کە دەبێتە هۆی پێکداچوونی لەرەلەرەکان.

٨. ڕێنماییە کارگێڕییەکان:

پێویستە پابەندبوون هەبێت بەم ڕێکارانەوە:

یەك دۆڵابی جلوبەرگ بۆ هەر کرێکارێك.

یەك WC بۆ هەر ١٥ کرێکار

یەك حەمام بۆ هەر ١٥ کرێکار

یەك حەوزی دەست و دەموچاو شۆردن بۆ هەر ١٥ کرێکار

ئامێرێکی خواردنەوەی ئاوی سارد بۆ هەر ٦٠ کرێکار

بەلوعەیەکی دەستنوێژگرتن بۆ هەر ١٥ کرێکار

٩. پێداویستیەکانی سەلامەتی پیشەسازی:

١. دەرگای چوونەدەرەوەی کتوپڕ لەهەموو بینا جیاوازەکانی کارگەدا،بەپێی داواکاریەکانی ئاسایش و سەلامەتی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانیەوە.

٢.داپۆشینی قادرمە و شوێنە خلیسکەکان و دەرچەی زەمینیەکان بە مادەیەك کە ڕێگر بێت لە خلیسکان لەگەڵ دانانی ڕێگری ئاسایش لە چواردەوری و پلەی لاری ئەمین بۆ خلیسکان.

٣.ڕەچاوکردنی هەواگۆڕکێی سروشتی و دروستکراو لەهەموو جێگاکانی کارگەدا بەتایبەتی ئەو جێگایانەی کە پێویستیان پێیەتی.

٤.ڕەچاوکردنی جێگەی کۆگاکانی هەڵگرتنی سووتەمەنی و مەوادی غازی گڕگرتوو یان مەودای کیمیاوی و دوورخستنەوەیان و دووریش بن لە یەکتری.

٥.پێویستە جێگەی فریاکەوتنی خێرای ئاشکرا بێت و جۆری کەلوپەلەکانیشی و ژووری پشکنین و پزیشك بەپێی سیستەمی کار و کرێکارەکان.

٦.ڕەچاوکردنی ڕێکارەکان و ئامێرەکان کە پێویستن بۆ پاراستنی ژینگە لە پیسبوون بەپێی جۆری پیشەسازیەکە لەگەڵ پیادەکردنی ڕێنماییەکانی دەستەی چاودێری و پاراستنی ژینگە.

٧. پێویستە سیستەمی ڕووناکی کتوپڕ دابینبکرێت بۆ هەموو بیناکان بەشێوەیەك ڕوناکیەکە باش بێت بۆ هاتوچۆکردن لەکاتی بڕانی کارەبای نیشتیمانیدا.

پێداویستیەکانی ئاگر کوژاندنەوە:

١. پێویستە دڵنیا بیت لە وەی کە تۆڕی ئاوی دەرەکی بەلوعەی ئاگرکوژێنەوەی تیادایە بۆ دابینکردنی پاراستنی دەرەکی بۆ کارگە و بەپێی داواکاریەکان و گونجاویشە لەگەڵ ئامێرەکانی بەرگری شارستانێتیدا و ئەم زانیاریانەشی لەگەڵدا بێت:

- سەرچاوەی ئاو و توانی هەڵگرتن و تێکڕای پێویستی بەکارهێنراو.
- جێگەی هەموو کابینەیەکی ئاگر کوژاندنەوە یان جێگەی بۆری ئاگرکوژێنەوە ئۆتۆماتیکیەکان ئەگەر پێویست بکات بەم شێوەیەی لای خوارەوە:
- زیادکردنی سیستەمی ئاشکراکردنی ئۆتۆماتیکی و ئاگادارکردنەوەی لە ئاگر.
- پێویستە سیستەمەکە بەپێی سیستەمی ناسراو و کارپێکراو بێت و لانی کەم ئەم شتانە لەخۆ بگرێت:
- بۆردی کۆنترۆڵی سەرەکی کەلە ئیدارە دابنرێت.

- بۆردی دووباره ئاگادارکردنەوه لە ژووری پاسەوان دابنرێت.
- دۆزەرەوه ئاگر جێگاکانیان دیاریبکرێت لەگەڵ جۆرەکانیدا بەپێی بەکارهێنانی جێگاکە.
- دوگمەی ئاگادارکردنەوه لە نزیك دەرگای چونەدەرەوه کتوپڕ دابنرێت.
- جەڕەسی ئاگادارکردنەوەی پێویست هەبێت.
- پێداویستی کارە میکانیکیەکان:
- **ژینگەی کار ئەم پێداویستیانەی گەرەکە :**
- پێویستە پێداویستی هەواگۆڕکێ بۆ مەبەستی جیاوازی پیشەسازی بەپێی پێوەرەکانی ASHRAE بێت.
- پێویستە هەموو جێگەکانی چوونە ژوورەوەی هەوا بە ڕێگری لم و مێروەکان داپۆشرابێت.
- پێویستە هەموو ئامێرەکانی هەوا گۆڕکێ بۆ کارکردنی ٢٤ کاتژمێر ی دروستکرابن کە بەرگەی پلەی گەرمی ٥٠ پلەی سەدیش بگرن.
- پێویستە هەواگۆڕکێ دابینبکرێت بۆ WC و چێشتخانە بە تێکڕای هەواگۆڕکێی کە کەمتر نەبێت لە ٨-١٠ جار لە کاتژمێرێکدا.
- **ئامانجەکانی ئاسایشی پیشەسازی و سەلامەتی**

زۆرێك ئامانج هەیە کە پێویستە بهێنرێنە دی لە ئاسایش و سەلامەتی پیشەسازیدا کەدەکرێت لەم خاڵانەی لای خوارەوەدا کورتیان بکەینەوە:

١.پاراستنی توخمەکانی بەرهەم و دوورخستنەوەی مەتری لێیان بەتایبەتیش توخمی مرۆیی.

٢. خۆپاراستن لە نەخۆشیە پیشەییەکان.

٣.خۆپاراستن لە ڕووداوی کار.

٤. نەهێشتنی ئاگر و خۆپارێزی لە مەترسیەکانی.

٥. بەرزکردنەوەی توانا و لێهاتووی بەرهەم.

٦.بەرزکردنەوەی هۆشیاری و ڕۆشنبیری پیشەیی.

٧.چەسپاندنی بنەماکانی تەندروستی پیشەیی وگرتنەبەری ڕێوشوێنی خۆپارێزی لە ئەگەری تووشبونی ناڕاستەوخۆ.

٨.خۆپاراستن لە هۆکارە سروشتی و کەشوهەواییەکان.

٩. بەدەستهێنانی شارەزایی و زیادکردنی هۆشیاری و توانای ڕاهێنان کە پشتگیری لە سەلامەتی پیشەسازی دەکەن و هەڵەنەکردن لە کاردا.

١٠. خۆفێرکردن بە تەکنەلۆجیا نوێیەکان کە دەبنە هۆی زیادکردنی توانای بەرهەمهێنەران و سەلامەتی کار.

- **پێداویستیەکانی کەسێتی بۆ خۆپارێزی**

کەلوپەلەکانی خۆپارێزی کەسی بریتین لە گرنگترین هۆکارەکانی خۆپارێزی کە دەبێتە هۆی دوورخستنەوەی بەرهەمهێنەران لە ڕووداوە ڕاستەوخۆکانی کار و نەخۆشیە پیشەییەکان کە ئەوانیش بریتین لە کۆمەڵێك ئامێر و کەلوپەلی خۆپارێزی کە بەرهەمهێنەر بەکاریان دێنێت بەپێی سروشتی کارەکەی و تواناکەشی بەهەڵبژاردنی باشترینیان کە بگونجێت بۆ لاشە و پرۆسەی بەرهەم و ئاسان بەکارهێنانیشیان تا بتوانێت ئامانجەکانی بپێکێت لە ڕێگەگرتنی مەترسی لەسەر بەرهەمهێنەر یان کەمکردنەوەی ئاستی بەرکەوتن تا ئاستی دڵنیایی،

کەلوپەل و ئامێرەکانی خۆپارێزی گشتیش بریتین لەو هۆکارانەی کە مەترسی تووشبونی کرێکار و توخمەکانی بەرهەم دیاریدەکەن بۆ ڕووداوەکان وەك هۆکارەکانی ئاگرکوژاندنەوە و هۆکاری ئەندازیاری کە مەترسیەکان لەسەرچاوەکانیانەوە ناهێڵن وەك پێکەوەنانی ڕێگر بۆ بەشە جوڵاوەکان یان ئەوانەی ڕێگە دەگرن لە بەرزبونەوەی پێکهاتە ووردەکان وەك تۆز و گەردیلە کانزاییەکان یان توخمە کیمیاویەکان. یان ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی گواستنەوەی گیراوە مەترسیدارەکان و پیسەکان بەسەلامەتی. بۆ هەموو دۆخەکان پێویستە ڕیوشوێنی هاوبەش بگیرێتە بەر بۆ بەکارهێنانی هۆکارەکانی خۆپارێزی کەسی و گشتی لەهەمان کاتدا.

خۆ ئەگەر نەتوانرا بەکرداری کەشوهەوایەکی سەلامەت ی کار دابینبکرێت بۆ لابردنی مەترسی ڕووداوەکان بە هۆکارە ئەندازیاریەکان ئەوا پێویستی وادەکات کە خۆبپارێزرێت بە دابینکردنی ئەرکی خۆپارێزی کەسی گونجاو و پێدانی کرێکارەکان و پابەندکردنیان بە بەکارهێنانیان بۆ دڵنیایی لە پاراستنیان لە تووشبونیان و مەترسیە چاوەڕوانکراوەکان لە

کاردا و بۆئەوەی ئامانجەکانی خۆپارێزی کەسی  بە کردارەکی بێتەدی پێویستە ڕەچاوی ئەم هۆکارانە بکرێت:

١. هەڵبژاردنی گونجاو بۆ هۆکارەکانی خۆپارێزی کە ئامانج و ئەرکەکان وەدیدێنێت.

٢. ساناوخێرا بەکارهێنانیان و هەستکردن بە ئارامی لەکاتی لەبەرکردنیاندا.

٣. پێویستی دەرکەوتنی ئەو هۆکارانەی کە وادەکات بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ بەکارهێنانیان.

٤. باشی و گونجاوێتی بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنان کاتێك جێبەجێنەکرێت کە هەست بەمەترسیەکە دەکرێت.

٥. نەبێتە هۆکارێکی بێزارکەر یان ڕێگر لەبەردەم جێبەجێکردنی کاردا.

٦. هەستکردنی خۆیی بۆ گرنگی بەرکارهێنان و بەردەوامی لەکاتی کارکردندا بۆ دابینکردنی ڕۆڵی خۆپارێزی لە پاراستنی لە مەترسیەکان کە لەچوار دەوری کرێکارەکاندان.

هۆکارەکانی خۆپارێزی کەسیش جۆراوجۆرن و دەبنە چوندین جۆرەوە کە بگونجێن لەگەڵ پرۆسەی بەرهەمهێناندا و پسپۆری کارەکاندا کە ئەمەش پاڵی ناوە بە زۆرێك لە کۆمپانیاکانی دروستکەری هۆکارەکانی سەلامەتی و خۆپارێزی کەسی کە هەونەی و تەکنیکی نوێ بەکاربێنن لە دروستکردنیاندا و لەو هۆکارانەش :

١. بەدلەی کار:

- **چەند جۆرێکی هەیە:**
- بەدلەی دوو پارچە کە بەکاردێت بۆ هەموو جۆرە کارەکان کە لەخوری یان لۆکە دروستکراوە.
- بەدلەی یەك پارچە تایبەتە بە بەرگریکردن لە مەوادی کیمیاوی وەك ترشەکان.
- بەدلەی صەدریە و دروستدەکرێت لە پێستی بەهێز و بەکاردێت لە ئیشوکاری لەحیمدا.
- بەدلەی دروستکراو لە ڕەصاص بۆ بەرگریکردن لە  توخمە تیشکیەکان.

٢. چاویلکەی خۆ پارێزی:

بەکاردێت بۆ پاراستنی چاوەکان لە ڕوودا و مەترسیەکانی کار وەك تۆز و خۆڵ و گەردیلەی بڵاوی ناو هەوا ، دەبێت ڕوون بێت و چواردەورەکەی پلاستیکی بێت و

چاوەکان بەتەواوەتی دابپۆشێت و بەرگەی بەرکەوتنی غازەکان و پیاداکێشان بگرێت و چاویلکەی تاریکەکانیش بۆ بەرگەگرتنی تیشکەکان دەبێت وەك ئەوانەی لە کاری لەحیمکردن بە غازی کارەبایی دەکرێت.

٣. کڵاوی خۆپاراستن:

بەکاردێت بۆ بەرگریکردن لە مەوادە ڕەقەکان کە دەکەونە خوارەوە یان لە ئیشوکارە قورسەکاندا لەگەڵ ئامێر و مەکینە قوریسە پیشەسازیەکاندا.

جۆرێکی تری کڵاو بەکاردێت بۆ بەرگەگرتنی تیشکی ڕۆژیان تیشکەکانی تر یان مەترسی توخمە پلاستیکیەکان. زۆری جۆری تری کڵاو هەیە کە هەموویان بۆ پاراستنی سەرن لە بەرکەوتن و پیاداکێشانی مەوادەکان.

٤. دەستکێش:

دەستکێشیش بەکاردێت بۆ پاراستنی دەستەکان و قۆڵەکان لەبەرکەوتن و ڕێگەگرتن لە مەترسیەکانی کار و جۆری جیاوەازی هەیە کە بۆپاراساتت لە ڕووداوی بچوك کە لە خوری و لۆکە دروستدەکرێن یان بەرگەگرتنی مەوادی کیمیاوی شل کە لە مەوادی پلاستیکی دروسدەکرێن و جۆری تر هەیە کە لە مەتات دروستدەکرێت بۆ پاراستن لە مەترسیە کارەباییەکان و هەشە لە پێستی بەهێز دروستدەکرێت بۆ ئیشوکاری لەحیم و بەرکەوتنی مەوادە ڕەقەکان و هەشە لە مادەی ئەزبێست دروست دەکرێت بۆ ئیشوکاری تواندنەوە و فڕنەکان.

٥. پارێزەی گوێکان:

کە لەمەوادی پلاستیکی و لۆکە و ڕیشاڵی شوشەیی دروستدەکرێن کە هەردوو گوێکان دەپارێزن لە ژاوەژاو و توندی دەنگەکان و شەپۆلە دەنگیە بەرزەکان.

٦. پارێزەی پێکان:

کە بریتین لە پێڵاوی جۆراو جۆر بۆ پاراستنی هەردوو پێکان و ڕانەکان لە و ڕووداوانەی کە ڕوودەدەن لەناو کارگە و لەکاتی کارکردندا کە لە پێستی بەهێز دروست دەکرێن کە بەرگەی پلەی گەرمای بەرز و کاری قورس بگرێت یان لە مەتاتی بەهێز دروستدەکرێن بۆ ئیشوکاری مەوادی کیمیاوی یان لەجۆری مەتانتی بەهێزن کە ژێرەکانیان زبرە بۆ ئەوەی دژی هەڵخلیسکان بێت یان پێڵاوی جۆری ئەوەی کە بە ئاست داپۆشراوە لەسەرەوە بۆ

پاراستن لەکەوتنە خوارەوەی مەوادی گەورە و قورس و ئیشوکاری گەرمی و فڕنەکان و ...هتد.

٧.پارێزەی دەموچاو:

بریتین لە داپۆشراوی هەموو دەموچاو کە چاویلکەی تیادایە و پەیوەستە بە ئامێری هەناسەدانەوە و دابڕاویشە لە دەنگەکان بەپێی جۆری ئیشوکارەکان بەکاردێت.

٨.پارێزەی هەناسەدان:

کە پەیوەستە بە ئامێری ئۆکسجینەوە یان فلتەرەوە کە بەتایبەت لەو جێگەیانەدا بەکاردێت کە تەپوتۆز و غازاتی کیمیاوی تیادایە و کەمەترسیان هەیە بۆ سەر کۆئەندامی هەناسە.

- سەلامەتی لە کۆگاکانی مەوادی کیمیاویدا
- سیستەمی کۆگاکان

ئاشکرایە کە سیستەمی کۆگاکان پێشدەکەوێت بە پێشکەوتی زانست و تەکنەلۆجیا بۆ شێوازەکاتنی هەڵگرتن و ملمەڵەکردکە بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەستە بە مادەك هەڵگیراوەکانەوە یان بارودۆخی ژینگەیی هەڵگرتنەوە، دەتوانرێت بووترێت کە ئەم سیستەمانەی هەڵگرتن لەو جۆرانەنانە کە زیاتر بەکاردێن لە سیستەمی کۆگاکانی مەوادی کیمیاویدا:

١. سیستەمی کۆگای کیمیاوی:بریتیە لەو جێگەی کە مەوادجی کیمیاوی تیادا هەڵدەگیرێت لە بارودۆخی ژینگەیی گونجاودا و لە ژێر یاسا و ڕێنمایی سەلامەتی تایبەتن بە کۆگاکەوە بۆ ئەوەی مەوادەکان خراپ نەبن.

٢. سیستەمی کۆگای ناوەندی(( مركزية)): مەبەست لێی هەڵگرتنی هەموو جۆرە مەوادەکانە لە یەك کۆگاکادا کە لەنزیك کارگەکەوە بێت.

٣. سیستەمی کۆگای نا ناوەندی(( لامركزية)): مەبەست لێی دابەشکردنی مەوادەکانە هەریەکە لەنزیك یەکەی بەرهەمهێنانەوە بۆئەوەی تێچووی گواستنەوە ی کەمبێت.

٤. سیستەمی کۆگای نا ناوەندی کاتی (( لا مركزية المؤقتة)): مەبەست هەڵگ

٥. رتنی مەوادە لەناو بارهەڵگردا بە شێوەی کاتی بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا بگوێزرێتەوە و ئەم جۆرە لەو دامەزراوانەدا بەکاردێت کە لە قۆناغی دامەزراندن و دەسنپێکدان و جێگاکان دوورن لە یەکتریەوە.

- **بارودۆخی ژینگەیی و گرنگی سەلامەتی لە کۆنترۆڵکردنیدا لە کۆگاکانی مەوادی کیمیاویدا**

**ئاشکرایە بە تێپەڕبوونی کات کۆگاکانی تایبەت بە هەڵگرتنی مەوادی کیمیاوی کاریان تێدەکرێت بەهۆی کەشو هەوا و بارودۆخی ژینگەی دەوروبەرەوە، لەو کارێکەرانەش:**

**١. شیٚ / ڕێژەی شیٚ لەناو کۆرگاندا دەبێت لە ئاستی ڕێگە پێدرودا بێت لە پلەی گەرمی گونجاویشدا، ئاشکرایە کە شیٚ کاریگەری گەورە و ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر مەوادی هەڵگیراو لە کۆگادااندا و تەناتە تەنە ڕەقەکانیش کاریان تێدەکرێت بەهۆی شێوە.**

**٢. ئاگر: پێویستە ئەو بینایانە بۆ کۆگا دروست دەکرێن لەو دەوادجانە دروست بکرێت کە بە ئاسانی گڕ ناگرن و وەکو بەرد و چیمەنتۆ نەك کاغە ز و فلین و ..هتد. وە هەموو ئەو سەرچاوانەشی دەبنە هۆی ئاگرکەوتنەوەوە دوور بخرێنەوە وەکو : شقارتە و چەرخ و جگەرە کێشان و شەراەریەە کارەبا و کاری چاکسازی و لەحیمکاری و نەبوونی ڕێگری هەرەیبوروسکە و و نەبوونی گەیەنەری زەمینی. و پێویستە و کارێکی زێدە گرنگیشە کە هۆکاری و ئلامێلاەکانی ئاگر کوژانەندنوەی تەواو هەبێت لەناو کۆگاکلاندا بۆ کۆنترۆڵی هەر ئاگرکەوتنەوەیەك.**

**٣. گەرما: پێویستە بتوانرێت کۆنترۆڵی پلەی گەرمای ناو کۆگاکان بکرێت لەڕووی دیزاینی کۆگانانتەوە چونکە قپلەی گەرما یەکێگکە لبەو هۆکارە ژینگەییانەی کە کاریگەریان دەبێت و دەکرێت لەڕێگەی مەوادی دابڕلاندن و نەهێشتنی تیشکی گەیەنەری گەرما و بوونی هەوا گۆڕگێبوەوە کۆنترۆڵی پلەی گەرمای ناو کرۆگاکنان بکرێت.و پێویستە سیستەمی پێشکەوتووی هەواگۆڕکیٚ سارد و گەرمی گونجاو دابنرێت بۆ کۆگاکان و پاراستنی پلەی گەرمای ناو کۆگاکان.**

**٤. باڕەش : یەکێکە لە هۆکارە ژینگەییەکام کەکار دەکاتە سەر کۆگاکان بە تایبەتی لەناوچە بیابانیەکاندا کاتێك ڕەشەبا هەڵدەکات ئەوا لمێکی زۆر کۆدەکماتەوە و و دەیگەیەنێت ناو کۆگاکان و پاکوخاوێنی کۆگاکان پیس دەکات.و ڕێگەش لە هاتوچۆ دەگرێت بەهۆی کەکردنەوەی ماوەی بینینەوە.**

**٥. ڕووناکی: زۆر پێویستە کە ڕووناکی گوماجاوز هەبێت لەناو کۆگاکناد و دووجۆر ڕوناکیش هەن سروشتی و دروستکراو.کە هەریەکەیان کاریگەری هەیە لەسەر توخمە هەڵگیراوەکان لەناو کۆگامکاندا گەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بۆ ماوەی دجوورو درێژ**

بەر مەوادەکان بکەون و ئەو تیشکانەی کە زیان دەگەیەنن بەمەوادەکان لەناو کۆگاکاندا بریتین لە تیشکی ژێر سوور و  تیشکی سەروو بنەوشەیی.

- بەکورتی دەکرێت ئەم ڕێناییانە پیادە بکرێن لەناو دامەزراوە و کارگە پیشەسازیەکاندا بەهەموو جۆرەکانیەوە لە پێناو پاراستنی ئاسایش و سەلامەتی گیانی کرێکاران و تەکنیکی و ئەندازیار و تەنانەت خاوەن کارەکانیشدا، چونکە جێبەجێکردنی مەرجەکانی سەلامەتی لە جیهانی ئێستادا و لەسەرجەم بوارەکان و بەتایبەتیش پیشەسازیەکان بە بچوك و مام ناوەند و گەورەو ستراتیژیەکانەوە بۆتە مەرجی سەرەکی و یەکەم و پیادەنەکردنی و پشتگوێخستنی کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر ئاست و جۆری بەرهەم و بەرزی تێچوون و بەرکەوتنی زیانی گەورە بە ئابوری تاك و کۆمەڵگاو دەوڵەتیش، بۆیە پێویستە لەسەر خاوەنکار کە بە ووردی ڕەچاوی ئەم ڕێنماییانە بکات لە کارگە و دامەوزراوزە پێشەسازیەکانیاندا:

١. سیستەمی ئاگرکوژێنەوەی  گونجاوی تیادا بێت بەمەرجەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی و بەشێوەیەکی بەردەوام پشکنین و چاودێری بکرێت و چاکسازیشی تیادا ئەنجام بدرێت.وەك ئامێری ئاگادارکەرەوەی خێرا و بونی حەوزی ئاوی پێویست وبۆری و بەلوعەی ئاو و تۆڕی دابەشکردنی ئاوی پێویست لەناو کارگەدا.

٢. پێویستە بینای کارگێڕی لە جێگەیەکی گونجاودا بێت لەناو کارگەدا کە سەلامەتی کارمەندانی تیادا پارێزراو بێت.و لە مەوادێك دروستکرابێت کە بەرگری هەبێت بۆ ئاگر لانی کەم  بۆ ماوەی ٢ کاتژمێر و دەرگاو پەنجەکانیش تۆکمە و زوو نەشکێن.

٣. لەهەموو بیناکاندا پێویستە دەرگای دەرچوونی کتوپڕی تیادا بێت.

٤. پێویستە کارگە پیشەسازیەکان ڕێگاوبان و گۆڕەپانی گونجاوی تیادا بێت بۆ ئەوەی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر و ئاگر کوژێنەوە بە سانانیی هاتوچۆی تیادا بکەن.

٥. سەرجەم  ئەندازیار و تەکنیکی و کرێکارەکان، پێویستە هۆکارەکانی سەلامەتی بپۆشن لەکاتی کارکردندا، وەك (( بەدلەی کار و پێڵاوی تایبەتی و کڵاو و دەستکێش و کەمامە و عەینەك و...هتد)).

٦. سیستەمی ڕووناکی گونجاوی سروشتی و دەستکردی تیادا بێت.

٧. سیستەمی هەواگۆڕکێی مۆدێرن و شیاوی تیادا بێت.

٨. کۆگاکانی هەڵگرتنی مەوادجی سەرەکی بەرهەم و مەوادی بەرهەمهێنراو بەشێوەیەکی تەندروست و زانستی دروستکرابن و مەرجەکانی ڕوناکی و پلەی گەرما و شێ و سیستەمی هەواگۆڕکێی سارد و گەرمی پێویستی تیادا بێت.

٩. کۆگای هەڵگرتنی سووتەمەنی دەبێت بەشێوەیەکی سەلامەت دروستکرابێت و جێگەکەشی بەپێی پێویست دوور بێت لەناو کارگەوە لانی کەم بۆ ماوەی ٢٠ مەتر .

١٠. پاك و خاوێنی ناو کارگە و بەشەکانی پێویساتە گرنگی تەواوی پێبدرێت بە تایبەتی وەرشەی میکانیك و کارەبا و سیباکە.

١١. پێویستە خاوەن کار بەشێوەیەکی دەوری چاکسازی لە ئامێر و مەکینەکانی هێڵی بەرهەمدا بکات بۆئەوەی لەرینەوە و ژاوەژاو کەمبکاتەوە و کارنەکاتە سەر سەلامەتی کارمەدەکان. لەکاتی پێویستیشدا ئامێر و مەکینەکان نوێبکاتەوە.

١٢. پێویستە هەموو کارگەیەکی پیشەسازی ،تاقیگەی مۆدێرن و تەواوی تیادا دروستبکرێت کە سەرجەم ئامێر و کەلوپەلی تاقیگەی پێویستی تیادا بێت بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی کوالێتی کۆنترۆڵی بەرهەم و مەوادی خاوەی سەرەکەی بەرهەمهێنان.

١٣. کۆگاکانی تایبەتی بەهەڵگرتنی مەوادی کیمیاوی ،پێویستە مەرجی تایبەتی تێدا بێت و کۆنترۆڵی پلەی گەرما و شێ و فشاری کرابێت و دووریش بن لە جێگەی نیشتەجێبوون و کارکردنەوە.

١٤. سیستەمی ڕاکێشانی هێڵی کارەبای ناو کارگە و بەشەکانی پێویستە بەشێوەیەکی سەلامەت بن و نەبنە هۆی شۆرتکردن و دروستبوونی ئاگرکەوتنەوە.

١٥. سیستەمی ئاوەڕۆ و پاشەڕۆی کارگەکان پێویستە بەشێوەیەکی سەلامەت مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و نەبنە هۆی پیسبوونی ژینگە لە خاك و ئاو و هەوای دەوروبەر.

١٦. لەو کارگانەی کە کار تیایدا لەگەڵ مەودای کیمیاوی و غازی کوشندە و ژەهراویدا دەکرێت پێویستە بەشێوەیەکی دەوری مانگانە یان وەرزانە سەرجەم کارمەندان پشنکینی پزیشکیان بۆ ئەندجام بدرێت بۆ دڵنیابوون لە تەندروستیان.

١٧. ئەو کارگانەی کە بە سووتەمنی دیزڵ و نەوتی ڕەش کاردەکە پێویستە دوکەڵکێشەکانیان لانی کەم ٣ مەتر بەرزتر بێت لە بینای کارگە.

١٨. پێویستە لەهەموو کارگەیەکی پیشەسازیدا ، جێگەی خۆشاردنەوە هەبێت کە جێگەی سەرجەم کارمەندا بگرێت بۆ خۆپاراستن لەکاتی هێرشی ئاسمانیدا.

١٩. پێویستە لەهەموو کارگەکاندا لیژنەی چاودێری بەردەوام هەبێت بەسەر کارمەندان و ئامێر و مەکینەکانی و جێگەی بەرهەم و حەوانەوە بۆ ڕێگەگرتن لە ڕوودانی ڕووداو و کارەساتی ئاگرکەوتنەوە و شۆرتی کارەبا و پیسبوونی ژینگە و ...هتد.

٢٠. پێویستە لەناو کارگە پیشەسازیەکاندا ، یەکەی فریاکەوتنی خێرای تیادا بێت بە داودەرمان و پێداویستی سەرەتاییەوە و گرنگیی تەواویشی پێبدرێت.

٢١. پێویستە لەهەموو کارگە پیشەسازیەکاندا چێشتخانەی پاك و خاوێنی تیادا بێت و ژەمە خواردنی پێویست و تەندروست بدلاتە کارمەندان.

٢٢. لەهەموو کارگەیەکی پیشەسازیدا پێویستە پۆسەرات و وێنە و دروشمی سەلامەتی هەڵواسرابێت لە جێگەی تایبەت و دیاردا و بەزمانی کارمەندان.

٢٣. پێویستە لەهەموو کارگەیەکی پیشەسازیدا بەشێك تەرخان کرابێت بۆ خزمەتگوزاری وەك باخچە و سەوزایی و گۆڕەپانی وەرزش و یاریکردن بۆ ئەو کارمەندانەی لەدوای کارکردن لەناو کارگەدا دەمێننەوە.

٢٤. پێویستە کارگەی پیشەسازی بۆ ئەو کارمەندانەی کە بەبەردەوامی دەمێننەوە لەناو کارگەدا جێگەی حەوانەوە و پشووی گوناجاویان بۆ دابین بکرێت.

٢٥. پێویستە سەرجەم کارکمەندانی کارگە پیشەسازیەکان ، لانی کەمی هوشیاری مەرجەکانی سەلامەتیی و ئاگر کوژێنەوەیان هەبێت وبەشداری خولی مەشق و ڕاهێنانیان کردبێت.

٢٦. پێویستە لە جێگەی کارکردندا و بەتایبەتیش لەو جێگایانەی مەترسی ئاگرکەوتنەوە هەیە ، جگەرەکێشان و کاری لەحیمکردن بەهەموو شێوەیەك قەدەغە بکرێت.

٢٧. هەموو کارگە پیشەسازیەکان پێویستە ئامێۆری دژە هەورە بروسکەیان دانابێت بەشێوەیەکی زانستی و سەلامەت.

٢٨. ئەو کارگانەی کە مامەڵە لەگەڵ توخمە تیشکدەرەوەکاندا دەکەن، پێویستە مەرجی سەلامەتی و ئامێری تایبەتی دژە تیشکدانەوە بۆ کارمەندانی دابین بکات.

٢٩. پێویستە بەپێی ژمارەی کارمەندەکان ، پێداویستیان بۆ دابین بکرێت لە دۆڵابی جلوبەرگ و حەمامی خۆشۆردن و WC و ئاوی خواردنەوەو ...هتد.

---

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئەندازیاران ژمارە ٥٣ لە هاوینی ٢٠١٥دا بلاْوکراوەتەوە.

# لەدابەزینی بەردەوامی نرخی نەوتدا کورد گەورەترین زیانی بەردەکەوێت ! *

- ئاشکرایە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤وە نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا بەبەردەوامی تاکو ئێستا ماوەی یەك ساڵی ڕێکە لەدابەزینی بەردەوامدایە و لە ١١٥ دۆلارەوە بۆ یەك بەرمیل لە ئێستادا گەیشتۆتە نزمترین نرخی کە بۆ یەك بەرمیل نەوتی برنت تەنها ٤٩ دۆلارە و یەك بەرمیل نەوتی تەکساسیش تەنها ٤٢ دۆلارە ، وچاوەڕوانیش دەکرێت کە ئەم نرخانە دابەزێت بۆ ٢٥-٣٠ دۆلار.
- **هۆکارەکانی دابەزینی نرخی نەوت**

ئەم دابەزینی نرخی نەوتە وەك دەردەکەوێت کارێکی ئاسایی و بێهۆکار نەبوە ، بەڵکو سیاسەت و بەرژەوەندی و ململانێ سیاسی و ئابوری و سەربازی و جیۆسیاسیەکانیشی تێکەوتوە.بەداخەوە لەم سەردەمەدا نەوت وەك چەکێك بەکاردەهێنرێت لەنێوان زلهێزەکاندا و لەو میانەیەشدا وڵاتان و کۆمەڵگا بچووکەکان زیانی گەورەیان بەردەکەوێت و باجی ململانێ ناڕەواکانی ئەوان دەدەن، بە داتەپینی زیاتری ژێرخانی ئابوری و هەژارتربونی کۆمەڵگاکانیان و بەمەش بێکاری و دواکەوتویی و نەخۆشی و...هتد. لە دونیادا بڵاو دەبێتەوە، و جیاوازیەکانیش لەنێوان باکور و باشووری گۆی زەویدا زیاتر دەبێت و ماوەی نێوان شارستانێتی و کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان لە جیهانی یەکەمی دەوڵەمەندەوە بۆ جیهانی سێیەمی هەژار زیاتر دەبێت و لێکدوورکەوتنەوەی گەورەتریش ڕوودەدات.

- بەشێوەیەکی گشتی شارەزایانی بواری نەوت هۆکاری دابەزینی ئەم نرخانەی نەوت لەماوەی ئەم ساڵەدا بۆ ٥ هۆکاری سەرەکی دەگەڕێننەوە:

١. بڕیاری ڕێکخراوی ئۆپێك بە مانەوەیان لەسەر بڕی بەرهەمی نەوت لەم ئاستەی ئێستادا کە ڕۆژانە ٣٠ ملیۆن بەرمیل نەوتە.و دەکاتە سێیەکی هەموو نەوتی جیهان.

٢. زیادبوونی بڕی بەرهەمی نەوتی ئەو وڵاتانەی لە دەرەوەی ڕێکخراوی ئۆپیکن.

٣. ترسی گەڕانەوەی ئێران بە شێوەیەکی بەهێز بۆ ناو بازاڕی نەوتی جیهانی دوای واژۆکردنی ڕێکەوتنامەی نێوان ئێران و وڵاتانی زلهێزی ڕۆژئاوا.کە لە ئێستادا ڕۆژانە ٨ر٢ ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت.

٤. کەمبونەوەی داواکاری لەسەر نەوت وەك سەرچاوەیەکی وزە لە ئەنجامی وەستانی گەشەکردنی ئابوری جیهان.

٥. هەنگاونانی ئەمریکا بۆ بەرهەمهێنانی نەوتی بەردین و زیادبوونی بەرهەمی نەوتی ئەمریکا کە لە ئێستادا ڕۆژانە بڕی ٧٥ر١١ ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت.

بەم شێوەیە چاوەڕواندەکرێت کە ئەم بارودۆخە جیهانیە بەردەوام بێت و لەگەڵیشیدا دابەزینی نرخی نەوت بەردەوام بێت و تا کۆتایی ئەمساڵ و نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠١٦ ش بەردەوام بێت.

- **کێن ئەو وڵات و بوارانەی کە زیانیان پێدەگات لە ئە نجامی ئەم دابەزینی نرخی نەوتەدا :**

بەشێوەیەکی گشتی هەموو وڵاتانی دونیا زیانیان پێدەگات بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بەڵام ئەو وڵاتانەی کە خاوەن نەوتن و بەرهەمی نەوتیان هەیە و تاکە سەرچاوەی داهات و بودجەی وڵاتەکانیان لەنەوتەوە دەست دەکەوێت زیانی گەورەیان بەردەکەوێت(( لە قازانج نەك لە سەرمایە ))، بەڵام وڵاتانێك هەن کە نەوتیان نیە و دابەزینی نرخی نەوت بۆ ئەوان سوودبەخشە چونکە بەدابەزینی نرخی نەوت لەگەڵیشیدا نرخی کاڵاو پێداویستیەکانی تریش دادەبەزێت و ئەوانیش دەتوانن سوود لەم نرخە نزمانە ببینن و کورتهێنان لە بودجەی ساڵانەیاندا کەمتر دەبێتەوە و ئەوان چونکە نەوتیان نیە، پشتیان بەستۆتە سەر سەرچاوەکانی تری داهات، بۆ نمونە وڵاتانی کەنداوی عەرەبی و عێراق و ئێران و جەزائیر و لیبیا و فەنزەوێلا و ڕووسیا هەموانیان زیانی گەورەیان پێدەگات ، بەڵام وڵاتانێکی وەکو میسر و لوبنان و تورکیاو..هتد. کەخاوەن نەوت نین ئەو زیانە گەورەیەیان پێناگات.

ئەگەر نرخەکان هەروا بە نزمی بمێننەوە ئەوا ئەو بیرە نەوتانەی کە تێچووی دەرهێنانی نەوتیان بەرزە وەك بیرە نەوتەکانی ناو دەریاو ئاوە قوڵەکان لەسەر قازانج نامێننەوە، بەهەمان شێوە نەوتی دەریای باکوریش گەر نرخی یەك بەرمیل نەوت لە ١٠٠ دۆلار کەمتر

بێت لەسەر قازانج نابێت و بۆ ڕێژەی ٢٠٪ کەم دەبێتەوە.بەم هۆیەشەوە کاری لێدانی بیر لەناوچەی جەمسەری باکوردا ڕادەگیرێت. بەهەمان شێوە بیرە نەوتەکانی نەوتی بەردینی گەر نرخی یەك بەرمیل نەوت لەخوار ٦٠ دۆلارەوە بێت ئەوا زیان دەکەن و لەکار دەوەستن. بەهەمان شێوە لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوتدا نرخی غازی سروشتیش کەم دەبێتەوە کە سەرچاوەی وزە تازەبوەکانە لەجیهاندا بەمەش بواری وزەی دروستکراو لەسەرچاوە خاوێنەکانیشەوە زیان و زەرەری گەورەیان پێدەگات.

- **لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە ، ئایا لەگەڵ زیان گەیاندن بە ئابوری و داهاتیان بۆچی وڵاتانی ئۆپیك بڕی بەرهەم کەمناکەنەوە تا نرخەکان بەرزببێتەوە؟**

وەڵام بەکورتی ، ئەوەیە کە ململانێیەکی گەورەی ئاینی و مەزهەبی و جیۆسیاسی لە نێوان هەردوو گەورە وڵاتی بەرهەمێنی نەوت هەیە کە ئەوانیش ئێران و سعودیەن، ئێران لە ئێستادا زیانێکی گەورە دەکات لە دابەزینی نرخەکاندا و ناتوانێت تاسەر بەرگەی ئەم دابەزینە گەورەیە بگرێت، بەڵام سعودیە لەگەڵ ئەوەی زیانی پێدەگات بەڵام بەهۆی بوونی یەدەگێکی گەورەی نەختینەوە کە بڕەکەی ٧٠٠-٩٠٠ ملیار دۆلار دەبێت دەتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژتر بەرگە بگرێت و سعودیە (( کە لە ئێستادا ڕۆژانە بڕی ٩ر٥٣ ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت)) ڕایگەیاندوە کە گەر نرخی نەوت بێتە سەر ٢٠ دۆلاریش ئەوان بڕی بەرهەمیان کەم ناکەنەوە. بۆیە ئەم ململانێ و شەڕی ئابوریەی نێوان سعودیە و ئێران پەلی کێشاوە بۆ زلهێزەکانیش و نەوت وەك چەکێکی کاریگەر بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی بەرامبەرەکانیان سازش بکەن لەسەر مەسەلە سیاسی و سەربازیەکان.

بەڵام ڕێکەوتنی ئێران و وڵاتانی پێنجی ڕۆژئاوا دەرگا واڵا دەکات لەسەر ئێران بۆ ئەوەی بەهێزەوە بگەڕێتەوە بۆ ناو بازاڕی نەوتی جیهان و ئابوری ناوچەکە و دونیاش و بەمەش ئێران لە ئێستا زیاتر سوود و قازانج دەکات و دەبێتە هۆکارێکیش بۆ بوژاندنەوەی ئابوری دونیا و ناوچەکە بەهۆی کردنەوەی دەروازەکانی ئاوەدانکردنەوەی ئێران بە ڕووی کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکاندا کە ئەمەش پێویستی بەنەوت و دەستی کار و وەبەرهێنانی گەورەتر هەیە.

- **کورد لەکوێی ئەم ململانێ و بەرژەوەندیە ئابوریانەدایە؟ ئایا قازانج دەکات یان زیانی پێدەگات لەئە نجامی ئەم دابەزینی بەردەوامەی نرخەکانی نەوتدا؟**

بەدڵنیایی کورد وەکو گەمەکەرێکی تازە و لێنەزان لە گۆڕەپانی ئابوری و نەوتی ناوچەکە و دونیاشدا لەچەقی ئەو ململانێ و کێشمەکێشانەدایە بەهۆی هەڵکەوتە جیۆ سیاسیەکەیە و وەکو هەرێمێکی نیمچە سەربەخۆ لەناو دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا(( کە لە ئێستادا ڕۆژانە ٣٣ر٣ ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت)) ، چونکە ئەم هەرێمە تائێستا سەربەخۆ نیە و پابەندە بەدەستور و یاساکانی دەوڵەتی عێراقەوە، سەرەڕای بونی ژمارەیەکی زۆری کۆمپانیا نەوتیە بیانیەکان لە م هەرێمەدا و بونی یەدەگێکی گەورەی نەوت کە بە ٥٠ ملیار بەرمیل نەوت دادەنرێت و بە ٣ تریلیۆن مەتر سێجا غازی سروشتی دیاریدەکرێت کە ئەمە بۆ خۆی هەرێمی کوردستانی کردۆتە پێگە و هەڵکەوتەیەکی ئابوری گرنگ و خستویەتیە سەر نەخشەی جیهانی نەوت و غازی سروشتی دونیاش، چاوی زلهێزەکانی دونیا و ناوچەکەشی لەسەرە بۆ ئەوەی سوود و قازانجیان لێوە دەستبکەوێت و بیشیکەنە یاریزانێکی باشی گۆڕەپانەکە.

هەرێمی کوردستان لە ئێستادا وەك ئاشکرا کراوە ڕۆژانە ٦٠٠ هەزار بەرمیل نەوت هەناردە دەکات بەدەر لە عێراق کە بڕی هەناردەی گەیشتۆتە زیاد لە ٣ ملیۆن بەرمیل نەوت.

دابەزینی نرخی نەوت بۆ عێراق بەگشتی و بۆ کورد بەتایبەتی دەبێتە مایەی زیان گەیاندێکی گەورە چونکە تاکە سەرچاوەی داهات و ٩٥٪ ی بودجەی وڵات بریتیە لەنەوت ، و نرخی ١ بەرملیش لە بودجەی ساڵی ٢٠١٥دا دانراوە بە ٥٦ دۆلار، بۆیە هەر دابەزینی نرخی نەوت لە ٥٦ دۆلار دەبێتە مایەی زیادبوونی کورتهێنان لەبودجەی عێراق و هەرێمیشدا.

لە ئێستاشدا کە عێراق پشکی ١٧٪ هەرێم نانێرێت و یان بە شێوەیەکی کەموکورت دەینێرێت ، ئەوا فشارێکی گەورەی دارایی کەوتۆتە ئەستۆی هەرێم و ناتوانێت داهاتی پێویست دابین بکات بۆخەرجیەکانی و تەنانەت ناتوانێت موچەی فەرمانبەرانیش دابین بکات کە مانگانە پێویستی بە ٨٥٠ ملیار دینار هەیە.

- ئەوەی ئاشکرایە کە نرخی ئەو ٦٠٠ هەزار بەرمیل نەوتەی هەرێم ڕۆژانە دەیفرۆشێت گەر بە ٥٠ دۆلاریش دابنرێت لە ئێستادا ئەوا لەمانگێکدا دەکاتە ٩٠٠ ملیۆن دۆلار. بەڵام ئەم بڕە پارەیە هەمووی بۆ حکومەتی هەرێم نیە بەڵکو لەهەر بەرمیلێکدا

نزیکەی ٣٠٪ بۆ موستەحەقاتی کۆمپانیا نەوتیەکانە کە دەکاتە ١٥ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك و ئەوەی کە دەمێنێتەوە ٣٥ دۆلارە بۆ حکومەتی هەرێم . کەواتە ٦٠٠ هەزار بەرمیل بە ٣٥ دۆلار و لە مانگێکدا دەکاتە ٦٣٠ملیۆن دۆلارو بەمەش دەکاتە ٧٦٨٦٠٠٠٠٠٠٠٠ دینار کە ناتوانرێت تەنها موچەی مانگێکی فەرمانبەرانیشی پێ دابینبکرێت. ئەمە جگە لە خەرجیەکانی تر و پڕۆژەکان و وەبەرهێنان.

بەم شێوەیە هەر دابەزینی نرخێکی زیاتری نەوت بۆ هەرێمی کوردستان دەبێتە مایەی زیانێکی گەورەترکە لەماوەی ساڵ و نیوی ڕابووردوودا کاریگەریە خراپەکانی ئەو دابەزینی نرخی نەوتە دەرکەوتوە و بۆتە هۆی دواکەوتنی موچەی فەرمانبەران و ڕاوەستاندنی زیاد لە ٢٠٠٠ پڕۆژە و خراپی خزمەتگوزاریەکان و سەرهەڵدانی قەیرانی کەمی سووتەمەنی و کارەبا و ئاوو و ڕێگاوبان و...هتد. ئەمە سەرەڕای بارگرانی زیاتر لەسەر ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهۆی هاتنی زیاد لە ٢ ملیۆن ئاوارە و شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعش.کەهەموو ئەمانە بونەتە هۆی بەردەوامبونی قەیرانێکی قوڵی دارایی و ئابوری کوردستان.

کە بەداخەوە هەموو ئەمانەش بۆ سیاسەتی هەڵەی ئابوری و نەوتی هەرێم دەگەڕێتەوە لەگەڵ بەغداد و دەوروجیرانیشدا و نەمانتوانیوە بناغە و ژێرخانێکی ئابوری پتەو وبەهێز دابمەزرێنین لەچەند ساڵی ڕابوودردوودا بەهۆی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتەکان و نەبونی پلانی تۆکمەی ئابوری و نەبونی شەفافیەت و دروستبونی گەندەڵی ئیداری و دارایی لەهەموو جومگەکانی حکومەتدا و بونی ناعەدالەتی کە بونەتە خۆرکەی حکومەتەکەمان، گەر بە پلانێکی زانستی و واقعی دوور لە موزایەداتی سیاسی و غرورو خۆ بەزلزانین وەلأم نەدرێتەوە ئەوا ئەم قەیرانە داراییە درێژە دەکێشێت و ئەنجامی زۆر خراپتریشی لێدەکەوێتەوە.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی پێنوسەکان و ستاندارکورد و ناوەندی دەرەوە لە ٢٥ و٢٦ و ٢٠١٥/٨/٢٧ و هەواڵ ژمارە ٦٣١ لە ٢٠١٥/٨/٢٩دا بلأوکراوەتەوە.

# خاڵە لاوازەکانی
# یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٦ بۆ هەرێمی کوردستان! *

• ئاشکرایه له ڕۆژی ٤ شەممه بەرواری ٢٠١٥/١٢/١٦دا یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٦ی دەوڵەتی عێراقی لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا کە لە ٥٣ مادە پێکهاتوە، و بەم هەنگاوە حکومەت و پەرلەمانی عێراق توانیان لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا ئەم یاسا گرنگە پەسەند بکەن بۆئەوەی سەرەتای ساڵی نوێ کاری پێبکرێت و بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە کە ئەم خاڵە بۆ ڕاییکردنی کاری حکومەت و هەموو وڵاتێك زۆر گرنگە و کاریگەری گەورەی هەیە. و ناکرێت هیچ دەوڵەت و حکومەتێك بەبێ یاسای بودجەی ساڵانە هیچ خەرجیەك بکات ، بەپێچەوانەوە هەمووی دەبێتە زیادەڕەوی و کاری نایاسایی.

یاسای بودجە بریتیە لە بەرنامە و کار و فەلسەفەی هەر حکومەتێك بۆ گەشەپێدانی ئابوری و کۆمەلایەتی ، ئامانجی سەرەکی لە دابینکردن و دیاریکردنی بودجەی ساڵانەی هەر حکومەتێك بریتیە لەوەی کە سەرچاوەکانی داهات هەمەجۆر بکات و کۆشیان بکاتەوە و بەپێی پێویست و بە یاسا و ڕێسای ژمێریاری و پلانی زانستی وواقعیش خەرجیان بکاتەوە. هەر یاسایەکی بودجە توانی بە کەمترین داهات زۆرترین خزمەتگوزاری ئابوری و کۆمەلایەتی پێشکەش بکات ئەوا بودجە و یاسایەکی سەرکەوتوە و بەپێچەوانەشەوە گەر کورتهێنانی زۆر هەبوو ئەوا یاسا و بودجەیەکی سەرکەوتوو نیە.دیاریکردنی بودجەی هەر وڵاتێك گرنگی دەداتە لایەنی ئاوەدانکردنەوەی وڵات و گەشەکردنی سەرجەم بوارەکانی کۆمەڵگا لە ئەمنیەت و ئاسایش وسەربازی وپیشەسازی و کشتوکاڵ و نیشتەجێبون و تەندروستی و پەروەردە و خوێندن و ڕێگاوبان و کارەبا و ژینگە و ..هتد.بەشێوەیەکی گشتی بودجە دەخرێتە خزمەتی خۆشگوزەرانی و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگا و ئاشتی و ئارامی و پاراستنی ئەمنیەتی وڵاتەوە.

سەرەڕای چەسپاندنی پشکی ١٧٪هەرێمی کوردستان لە یاساکەدا بەهیمەت و خەمخۆری ئەندامانی کوردی پەرلەمانتار کە کارێکی ئاسان نەبوە و ناشبێت لەبەرامبەر داخ لەدڵانی عەرەبی سونە و شیعەی توندڕەو ودەمارگیردا، بەلام بەداخەوە خەرجکردنی ئەو بڕە پارەیە

بەسراوەتەوە بەچەند کۆت و بەندێکەوە کە هەر لە سەرەتاوە دیارە جێبەجێ ناکرێت و نادرێت وەکو ساڵانی ٢٠١٤ و ٢٠١٥. هەربۆیە نابێت خەونی ڕەنگاوڕەنگی لەسەر هەڵبچنرێت، چونکە پەسەندکرندن و جێگیرکردنەکەی بەهێندەی جێبەجێکردن و ناردنەکەی گرنگی نیە.

- لەیاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٦دا کۆمەڵێك خاڵی لاوازی تیادایە بۆ هەرێمی کوردستان کە بریتین لە :

١. یاساکە نرخی ١ بەرمیل نەوتی دیاریکردوە بە ٤٥ دۆلار ، کە لەڕۆژی پەسەندکردنی یاساکەدا لە ٢٠١٥/١٢/١٦دا نرخی ١ بەرمیل نەوت بە ٣٦ دۆلار بوە.واچاوەڕوانیش دەکرێت لەساڵی ٢٠١٦دا نرخەکە دابەزێت بۆ ٢٥-٢٩ دۆلار دوای هەناردەکردنی نەوت لە لایەن ئەمریکاوە.. کەواتە ئەم نرخەی کە دانراوە خەیاڵیەو دەبێتە هۆی زیادکردنی بڕی کورتهێنان لە بودجەدا.

٢. دیاریکراوە کە لە ساڵی ٢٠١٦دا ڕۆژانە عێراق ٣٦٠٠٠٠٠ بەرمیل نەوت هەناردە بکات بە ٥٥٠هەزار بەرمیلەکەی کوردستانیشەوە . کە ئەمەش بۆخۆی کارێکی نەکردەیە چونکە لە کۆتا مانگی ٢٠١٥/١٠دا عێراق توانیویەتی تەنها بڕی ٣٢٠٠٠٠٠ بەرمیل هەناردە بکات . کەواتە ئەم خاڵەش خەیاڵیە و جێبەجێناکرێت و بڕی کورتهێنان زیاتر دەکات.

٣. لەیاساکەدا بەڕێژەی ٩٥٪ و زیاتریش پشت بەسراوەتە سەر داهاتی نەوت . کە ئەمەش بۆخۆی خاڵێکی لاوازە و دەبوایە گرنگی بدرێت بە دۆزینەوە و هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات لە ڕێگەی گەشەپێدانی بوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتیاری و سەرچاوە مرۆییەکان و ..هتد.

٤. بڕی داهات دانراوە بە ٨١٧٠٠٨٠٣١٣٨ تریلۆین دینار و کۆی خەرجیەکانیش دانراوە بە ١٠٥٨٩٥٧٢٢٦١٩ تریلیۆن دینار. کەواتە بڕی کورتهێنان بریتیە لە ٢٤١٩٤٩١٩٤٨١ تریلیۆن دینار.کە بڕیارە بە قەرزی ناوخۆیی و دەرەکی و پارەی گەڕاوەی ساڵانی پێشوتر و بەرزبونەوەی نرخی نەوت و هەناردەکردنی زیاتر پڕ بکرێتەوە. کە لە بنچینەدا هەموو ڕێوشوێنەکان نایەنەدی و قەرزەکانیش هێندەی تر ئەستۆی حکومەت بارگرانتر دەکەن.

٥. ڕێژەی تەنها ٢٤٪ دانراوە بۆ پرۆژە و خەرجیەکانی وەبەرهێنان و ڕێژەی ٧٦٪ یش دانراوە بۆ خەرجیە تەشغلیەکان، کە ئەمەش وادەکات لەساڵی ٢٠١٦دا کەمترین پرۆژەی وەبەرهێنان و ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان جێبەجێبکرێت ، واتە ساڵی ئایندەش هەموو عێراق و کوردستانیش هەر بەرخۆردەبین نەك بەرهەمهێن.

٦. ڕاستە بڕی ١٧٪ وەك پشکی هەرێم دیاریکراوە کە پێش بڕینی خەرجیە حاکیمە و سیادیەکان دەکاتە ١٨ تریلیۆن دینار و لەدوای دەرکردنی ئەو خەرجیانەش دەبێتە ١٣ تریلیۆن و ٦٧ ملیار دینار . کە مانگانە دەکاتە بڕی ١ تریلیۆن و ١٣٩ ملیار دینار. بەڵام ناردنی ئەم بڕە پارەیە پەیوەستکراوەتەوە بە:

١. بەپێی مادەی ٩ و بڕگەی یەکەم ، دەسەڵاتی خەرجکردنی دراوەتەوە دەست سەرۆك وەزیرانی عێراق.

٢. بەپێی هەمان مادە و بڕگەی دووەم دوای دەرکردنی خەرجیە حاکیمەکان دەنێردرێت.

٣. بەپێی هەمان مادە و بڕگەی چوارەم ، لەدوای ووردبینیکردنی هەموو داهاتەکانی ساڵانی پێشووی هەرێم لەلایەن دیوانی چاودێری دارایی عێراقەوە بڕەکە کەم و زیاد دەکات.

٤. بەپێی مادە ١٠ و بڕگەی یەکەم / ا / هەموو مانگێك لەلایەن دیوانی چاودێری دارایی بەغداد و بەهاوکاری وەزارەتی دارایی هەرێم مانگانە داهاتە فیدڕاڵیەکان لەهەرێم وەردەگیرێت و دەنێردرێت بۆ بەغداد.

بەپێی هەمان مادە و بڕگەی دووەم/ هەرکاتێ هەرێم هەڵنەستا بە ناردنی داهاتە فیدڕاڵیەکان ئەوا وەزارەتی دارایی بەغداد بڕی ئەو داهاتانە لە پشکی ١٧٪ دەبڕێت.

٥. هەناردەکردنی بڕی ٥٥٠ هەزار بەرمیل نەوت لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە و ڕادەستکردنی بە کۆمپانیای سۆمۆ و گەڕاندنەوەی داهاتەکەی بۆ خەزینەی دەوڵەتی عێراقی بە پێی ڕێکەوتنامەی بەغداد و هەرێم لە ٢/١٢/٢٠١٤دا،

٦. بەپێی مادەی ١٠ وبڕگەی سێیەم/ ناردنی پشکی ١٧٪ ی هەرێم جارێکی تریش بەسراوەتەوە بە پابەندبوونی هەردوولا بە ڕێکەوتنی ٢/١٢/٢٠١٤ و ناردنی داهاتە نەوتی و داراییەکان بۆ بەغداد.

٧. بەپێی مادە ٢٠ ی یاساکە،لە پشکی ١٧٪ی هەرێم ، پێویستە هەرێم شایستە داراییەکانی کۆمپانیا نەوتیەکان بدات نەك لەسەر پشکی بەغداد. کە ئەمەش بڕێکی زۆر و قورسە لە ئێستای حکومەتی هەرێمدا.

٨. بەپێی مادە ٣٢ ی یاساکە، هەرێم پابەندکراوە بە ناردنی هەموو ئەو داهاتانەی کە لە فرۆشتنی زیادەی نەوتی هەرێمەوە دەستدەکەوێت کە زیاتر لە ٥٥٠ هەزار بەرمیل نەوتە و بەمەش هەرێم ناتوانێت مامەڵە بە داهاتی فرۆشی نەوتی زیاتر لە ٥٥٠ هەزار بەرمیلەوە بکات بۆ خۆی.

- بەم شێوەیە دەبینین کە ناردنی پشکی ١٧٪ هەرێم وەك دەرهێنانی پارویەك نانە لە قورگی شێردا و بە ئاسانی و سانایی نانێردرێت وەك ساڵانی پێشوو ، چونکە لای هەموان ئاشکرایە کە دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێم بەو مەرجانە ڕازینابن و نین، و نایانەوێت کە جارێکی تر فرۆشتنی نەوتی هەرێم بخەنەوە ژێر دەستی بەغداد، هەربۆیەش پێشبینی دەکرێت کە ساڵی ٢٠١٦ ش هیچ برە پارەیەك نەنێردرێت بۆ هەرێم و قەیرانی دارایی هەرێم قوڵتر ببێتەوە و کارەساتی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لێبکەوێتەوە، چونکە نزیکەی ٣ ساڵە هەرێم نەیتوانیوە هیچ پڕۆژەیەکی گەشەکردن و ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاری پێشکەش بکات کە ئەمەش بۆتە هۆی زیاتر وێران بوونی ژێر خانی ئابوری و پێشکەوتن و خزمەتگوزاریەکان.
- ئەوەی ماوەتەوە بیڵێین ئەوەیە کە گەر دەسەڵاتدارانی هەرێم گەرەکیانە لەم قۆناغە سەخت و دژوار و جەنگی داعش و مانەوەی نازحە عەرەبەکان و سەرجەم گۆڕانکاریەکانی ناوچەکە بەسەرکەوتوی دەرباز ببێت و جەماوەری میلەتەکەشمان لەنەبونی و برسێتی ڕزگار بکات ، پێویستە نەرمونیانی بنوێنێت و لەگەڵ بەغداد پێکبێت و بیانوەکانی بەغداد نەهێڵێت و ئیلتیزاماتی نەوتی و داراییەکانی خۆی جێبەجێ بکات بۆئەوەی بەغدادیش ئەرکی سەرشانی خۆی بهێنێتەدی.

ئاشکراشە حکومەت و دەسەڵاتی خۆماڵی و دڵسۆز و خەمخۆر ئەو دەسەڵاتەیە کە لەپێناو بەرژەوەندی میلەتدا هەموو کارێك بکات نەك بەرژەوەندی حیزب و سەرکردە و بنەماڵەیەکی دیاریکراو.

ئەو ڕاستیەش ڕوونە کە میلەتەکەمان دڵسۆزترین و خەمخۆرترینە بۆ حکومەت و دەسەڵاتەکەی و ڕۆژانە ڕۆڵەکانی دەکاتە قوربانی لە پێناو پاراستنی سنور و کەرامەتی تاك بەتاکی میلەت و سەرکردەکان، بۆیە دەبێت دەسەڵاتدارانیش پاداشتی ئەو قوربانی و خوێن و فرمێسکانە بدەنەوە بەخزمەتکردنیان نەك نانبڕین و برسیکردنیان.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی وتاری کورد و ئاڕاستە و سپی میدیا و مەکتەب ڕێکخستن و ناوەندی دەرەوە لە ١٢/٢١ و هەواڵ ژمارە ٦٤٧ لە ٢٠١٥/١٢/٢٦دا بڵاوکراوەتەوە.

# پیشەسازی چنین و قوماش*

- **کورتەیەکی مێژوویی:**

پیشەسازی چنین یەکێکە لە کۆنترین پیشەسازیەکان کە مرۆڤ ناسیویەتی، و هەروەك پیشەسازیە کۆنەکانی تر لەسەرهەڵدانیەوە گەلێك قۆناغ وپێشکەوتنی گەورەی بەخۆوە بینیوە لە ئەنجامی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیای تایبەت بەو بوارە لەسەردەمی شۆڕشی پیشەسازیەوە لە ئەوروپا کە زۆرێك لە سیماکانی ژیانی لەهەمووو دونیادا گۆڕی. ئاشکرایە مرۆڤ پێویستی بەجل وبەرگ هەبوە هەروەك چۆن پێویستی بەخواردن وخواردنەوە و جێگەی نیشتەجێبوون هەیە.جیاوازی چنینەکانیش ڕەنگدانەوەی جیاوازی شارستانێتی و ڕۆشنبیریەکانە.ئاشکرایە هەر کۆمەڵگا و وڵاتێك شێوازێکی جیاکەرەوەو و تایبەت بەخۆیان هەیە لە ڕەنگەکان وچنراوەکان لە جلو بەرگ و ڕاخەرەکانیشدا.

پرۆسەی چنین بریتیە لە دروستکردنی چنراو کە بەشێوەیەکی گشتی لە تێکەڵکردنی دوو گروپی داو پێکهاتوە لەگەڵ یەکتردا لەسەر شێوەی گۆشەیەکی وەستاو.کە داوەکانی ((تان)) لەسەر باری درێژی و داوەکانی ((پۆ))ش لەسەرباری پانی ڕێك دەخرێت و تێکەڵ بەیەك دەکرێن.

مرۆڤ لە مێژوویەکی زۆر دێرینەوە پیشەسازی چنینی ناسیوە،بەشێوەیەك ناسینی مرۆڤ بۆ یەکەم جار بۆ حەریر و لۆکە دەگەڕێتەوە بۆ ٥٠٠٠ ساڵ پێش زاین لەشارستانێتیە دێرینەکانی ئەو کاتەدا لە هند و میسر وچین.هەندێ وێنەی فیرعەونی دۆزراونەتەوە کە وێنەی دووکەس یان زیاتر بون کەلەسەر ئامێری تەون بوون،هەروەها داوی کۆنیش دۆزراونەتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فیرعەونی.

میسریە کۆنەکان لەپێش هەموو گەلانی کۆنی ترەوە ئاشنا بوون بە پیشەسازی چنین لە ٥٠٠٠ ساڵ پێش زاینەوە و ئەمەش لەوێنەی فیرعەونیەکانەوە دەردەکەوێت کە میسریەکان ئامێری تەونیان بەکارهێناوە.

ڕێگاو شێوازی کۆنیش گۆڕانی بەسەردا هاتوە بەتێپەڕبوونی کات،هەروەك چۆن تەکنەلۆژیاو پێشکەوتنەکانیش گۆڕانی گەورەیان بەسەر تێکڕای بەرهەمدا هێنا

بەشێوەیەك کە نەك تەنها پێداویستی ناوخۆ دابین بکات بەڵکو هەناردەی دەرەوەش بکرێت و ببێتە بازرگانیەکی بە قازانجیش.

لە ١١٤ ساڵ لەمەوبەرەوە لە چین ڕێگایەك هەبوو بەناوی (( ڕێگای ئاوریشم)) کە لێیەوە کەلوپەلیان دەگواستەوە و هاتوچۆیان دەکرد و ئەمەش بوە هۆی گواستنەوەی شارستانێتیەکان و ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیریەکان کەلە ئەنجامدا بونە هۆی دەرکەوتنی شارستانێتی زۆر گەورە لەدونیادا.لەسەدەکانی ناوەڕاستدا جلوبەرگ زۆر سادە و کەمتێچوو بوون کەئەمە سیمای خەڵکی بوو بە گشتی،بەلاّم پادشا و دەوڵەمەند و خانەدانەکان حەزیان بە جلوبەرگێك دەکرد کە ووردەکاری زۆریان تیادا بوو کەلە کەرەسەی خاوی گران بەها دروستدەکران وەکو حەریر و لینین.

دەستپێشخەری سەردەمی ئیسلامی بەسەر پێشکەوتنی دەزگای تەونەوە و گۆڕانی بۆ ئامێرێکی پێشکەوتووتر کە بە قاچەکان جوڵەی پێدەکرا کە ئەمەش تاڕادەیەك بوە هۆی خێراترکردن و ئاسانکردنی ئیشوکارەکان.

ئەم جۆرە تەونانە لە ژمارەیەك ولاّتانی ئاسیا و ئەفریقیا بلاّوبونەوە وەك سوریا و ئێران و ڕۆژهەلاّتی ئەفریقیا و لەدواتردا لە ڕێگەی ڕزگارکردنەکانی ئیسلامەوە گوازرایەوە بۆ مەغریب و ئیسپانیا و لەوێشەوە هەموو ولاّتانی دونیای گرتەوە.

لەسەدەی چواردەهەمەوە پێشکەوتن لە پیشەسازی بۆیاخ و دوورینندا لەهەمان کاتدا ڕوویدا،کە ئەمەش بوە هۆی پێشکەوتنی گەورە لە بواری چنیندا بە شێوەیەکی گشتی و دەرکەوتنی خانەی پیشاندان و مۆدەی سەردەمی کەبونە سیمایەکی جیهانی بەشێوەیەکی بەربلاّو. لەگەڵ ئەوەشدا بۆشاییەکی گەورەش دروست بوو لە نێوان سەرمایەدار و خەڵکی گشتیدا و بەشێوەیەك جلوبەرگی خانەدانەکان زیاتر بونە جێگەی سەرنج و ڕازانەوە و بوونی ووردەکاری و نەخش و داهێنان لە کاتێکدا هەژارەکان زیاتر هەژارتر دەبوون و جلەکانیشیان زیاتر دڕوا و کۆن و بێنرخ دەبوون.

پێشکەوتنی بەرچاو لە پیشەسازی چنیندا کاتێك هاتە دی کە ئامێری هەڵمی داهێنرا و شۆڕشی پیشەسازیش زیاتر فراوان بوو لەهەموو ئەوروپادا و لەهەمان کاتدا ڕێگاکانی بەرهەم و کارکردنیش بەشێوەیەکی بەرفراوان گۆڕانکارییان بەسەردا هات بەشێوەیەك بەرهەمە چنراوەکان بەبڕی گەورە بەرهەم دەهاتن بەڕەنگ و شێوازی جۆراوجۆرەوە

بەشێوەیەك هەرکەسێك چی بویستایە بە ئارەزووی خۆی لەبەردەستدا بوو بەو نرخەی کە لەتوانایدایە.

((ئادمۆند کارترایتی)) ئینگلیزی یەکەم کەس بوو کە ئامێری نوێی هێنایە پیشەسازی چنینەوە لەساڵی ١٧٨٥دا کاتێك تەونێکی داهێنا کە بەهەڵم کاری دەکرد بۆ چنینی لۆکە و هەرئەمەش بوە هۆی داهێنانی گەورەتر لە جۆری پێشکەوتووی تەوندا.

- **پرۆسەی چنین:**

چنین لە بنچینەدا بریتیە لە کەرەسەی خاو کە گۆڕانکاریان بەسەردا هاتوە بە کاریگەری کارلێك و چارەسەرییەکان بە شێوەیەك کە دەکرێت دروستبکرێت بە شێوەی جۆراوجۆر.

ئەو کەرەسە خاوانە لە بنچینەیەکی ڕوەکیەوە پەیدابوون وەك لۆکە و کەتان یان ئاژەڵی وەکو فەروە و پێست یان کانزای دەرهاتوو لەزەویەوە وەك ڕیشاڵی شوشە و ڕیشاڵی کانزا و ئەزبێست.ئەم کەرەسانە سروشتین کاتێك مرۆڤ بەشێوەیەکی سەرەتایی بەکاریهێناون لە چنین و پیشەسازیدا.بەرهەمە ئاژەڵیەکان وەك خوری و حەریر و پەشمینا هەمیشە لەمرۆڤەوە نزیك بوون.

بەڵام لەناوەڕاستی سەدەی بیستەوە مرۆڤ ئاشنا بوو بە چنینی دروستکراو کەلە توخمی کیمیاویەوە پەیدا دەکران کە ئەمەش بوار و هەلێکی گەورەی دەدا بە پیشەسازکاران بۆ هێنانە کایەی جۆراوجۆری لە بەرهەمهێنانی چنراوە تایبەتەکان بە پێی توانای وەدیهێنان و یاریکردن بە توخمە کیمیاوی و بەرهەمەکانیانەوە.

ئالێرەوە مرۆڤ ئاشنابوو بەتوخمی نوێ کە لەوەو پێش لەبەرینەکردبوون و تەنانەت ناویشی نەبیستبوون وەك پۆلیستەر و نایلۆن و ئەکریلیك و ڕیشاڵی لەدائن.

پۆلیستەر POLISTERS لە بەناوبانگترین ڕیشاڵە دروستکراوەکانە و لەهەموانیشیان زیاتر و بەرفراوانتر بەکار دەهێنرێت لەبوارە جیاوازەکاندا کە جۆرێکە لە پۆلیمەرەکان. یان وەکو مانا و شێوازی کیمیاویەکەی بریتیە لە ڕیشاڵی جۆراوجۆر لە ئەستەر (( یەکێکە لە شێوە کیمیاویە ئەندامیەکان)).

ڕیشاڵی پۆلیئەستەر دادەنرێت بە ڕیشاڵە دروستکراوەکان کە زۆر بڵاون.قوماشی پۆلیئەستەر بەکاردەهێنرێت لە جل وبەرگ و کوتاڵی ڕاخەر وەك پەردە و داپۆشێنەری

سیستەمی نوستن و بەرگەکاندا.هەروەك لە ئیشوکارە دروستکراوەکانیشدا بەکاردێت وەك صندوقی ئۆتۆمبێلەکان و قایشی سەلامەتی لەهەموو ئۆتۆمبێلەکاندا.

ڕیشاڵی پۆلیئەستەر بەهەمان شێوە وەکو کەرەسەی پڕکەرەوە بەکاردێت وەك پشتی و حەشوە و لێفە و...هتد. قوماشی پۆلیئەستەر واناسراوە کە کەمتر خۆشترە لەهاوشێوەکانی کە دروستکراون لە ڕیشاڵە سروشتیەکان وەکو لۆکە.بەڵام لەو جیاوازترە بەهەندێ سیفات وەك بەرگری دڕاندن و بەرگریکردن لە چرچ و لۆچ بوون و هەروەها سوود وەرگرتن لە سیفاتەکانی هەردوو جۆرەکە لە ڕیشاڵ.توانراوە هەندێ ڕێسراو بەرهەمبهێنرێت کە هەردوو جۆرەکەی تیادایە(( ڕیشاڵی سروشتی و دروستکراوەکانیش))بەڕێژەی جیاواز بەپێی سیفات و پێوەرە جیاوازەکان و گونجاندنیان لەگەڵ هەموو خواستەکاندا.

ناتوانرێت قوماشی پۆلیئەستەر بە ئاسانی ڕەنگ بکرێت بەهۆی هەڵنەئاوسان و کرانەوەی هەربۆیە پڕۆسەی ڕەنگکردنی پێویستی بەهەندێ توخمی یاریدەدەر هەیە بۆ هەڵئاوسان و هەندێ جار ڕەنگکردنی لە پلەی گەرمای بەرزدا بۆ یارمەتیدان لە شیبونەوەی توخمە ڕەنگکەرەکەدا لەناو بۆشایی ڕیشاڵەکاندا.

بەبەردەوامیش تەکنەلۆژیاو پێشکەوتنی زانستی هەموو ڕۆژێك تەکنیك و کاری نوێمان بۆ دەردەخەن لە بواری پیشەسازی چنیندا و لەوێشەوە بۆ دەستوپەنجەی دیزاینەری مۆدە و جوانی بۆ ئەوەی پێشکەوتن و داهێنان بکەن لەبەکارهێنانی باشترین کەرەسەی خاو و ڕەنگەکاندا..لەگەڵ ئەوەی جوانکاری دەرەکی پێویستە بەڵام هیچ کات جێگەی جوانی و خاوێنی ناوەڕۆك ناگرێتەوە.

- **باشترین جۆرەکانی قوماش** Textile :

١. **لۆکە:** ئەو قوماشانەی لە لۆکە دروست دەکرێن لە پلەی یەکەمدان بەهۆی جیاوازیەکانی لە قوماشەکانی تر،چونکە قوماشی لۆکە نەرم و لوس و توانایەکی گەورەی هەیە بۆ هەڵمژین،دەگونجێت لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی کەش و هەوادا بەشێوەیەك دەتوانرێت هاوین و زستانیش لەبەر بکرێت،هەروەها بە سانایی خاوێن دەکرێتەوە و خۆش دەستە،بەکارهێنانی لۆکەش لە جلوبەرگدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە دێرینەکان.

هیچ کەس بە ووردی مێژووی چاندنی لۆکە نازانێت لە ڕابووردوودا،بەڵام یەکەمین دۆزینەوەی لۆکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەشکەوتەکانی مەکسیك کە زاناکان پاشماوەی ناوکی لۆکە و پارچەی جلوبەرگی لۆکەیان تیادا دۆزیەوە کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ٧ هەزار ساڵ.لۆکەی ئاسیاش بۆ یەکەم جار گەشەی کرد لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیادا پێش نزیکەی ٥ هەزار ساڵ.و لەو لۆکەیە دەچێت کە لە کیشوەری ئەمریکا دەچێنرا تا ئەمڕۆش، لە ناوچەیەك کە ئێستا پێیدەوترێت پاکستان خەڵکی لۆکەیان چاندووە کاتێك لە دۆڵی ڕووباری سنددا لە پاکستان پاشماوەی هەندێ چنراو دۆزرانەوە کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ٣ هەزار ساڵ پێش زاین.لەهەمان مێژوودا خەڵکی دۆڵی نیلیش لە میسر جلوبەرگی لۆکەیان دروستکردوە و لەبەریان کردوە.

چاندنی لۆکە بە شێوەیەکی بەرنامەڕێژ لە ئەمریکا لە ڕووبەری فراواندا لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم دەستیپێکرد. لەساڵی ١٧٩٣زدا (( ئیلی ویتنی)) ئامێری هەلاجی داهێنا کە بوە مایەی خێراترکردنی جیاکردنەوەی ناوکی لۆکە لە ڕیشاڵەکان و بەمەش داواکاری لەسەر لۆکە زیادیکردو پیشەسازیەکەشی فراوانتر بوو.لەباشووری ئەمریکادا لۆکە گرنگیەکی گەورەی پەیداکرد و بەشێوەیەك خەڵکی لۆکەیان ناودەبرد بە (( پاشا لۆکە)).

بازرگانی کۆیلە ڕەشپێستەکان لە ئەفریقیاوە کۆیلەکانیان دەهێنا بۆ مەزراکانی لۆکە کە نرخیان هەرزان بوو.هەر ئەمەش لەدواتردا بوە هۆی هەڵایسانی شەڕی ئەهلی لە ئەمریکا لەساڵانی ١٨٦١-١٨٦٥زدا و بوە هۆی بەرزبونەوەی نۆخی لۆکە لە بازاڕە جیهانیەکاندا.

- **ناوچەکانی چاندنی لۆکە :**

لۆکە لەکەش و هەوایەکی گەرمدا گەشە دەکات،چین لەسەرووی لیستی ئەو وڵاتانەوەیە کە لۆکە بەرهەم دێنن بەشێوەیەك چارەکی بەرهەمی هەموو دونیا بەرهەم دێنێت.کە لەناوچەی ناوەڕاستی ڕۆژهەڵاتی چین لە نزیك پەکین و شەنگهای دەچێنرێت،هەروەها لە وڵاتانی تری کیشوەری ئاسیاش دەچێنرێت وەك ئەفغانستان و بۆرما و هند و ئێران و فەلەستین و پاکستان و تورکومانستان و سوریا و تایلەند و تورکیا و ئۆزبەکستان.

ئەمریکاش پێنج یەکی هەموو بەرهەمی دونیا لۆکە بەرهەم دێنێت و لە ولایەتەکانی تەکساس و کالیفۆرنیا و میسسپی پێکەوە نیوەی بەرهەمی لۆکەی ئەمریکا بەرهەم

دێنن،لە ئەمریکای لاتینیش لە ئەرجەنتین و بەڕازیل و کۆلۆمبیا و پاراگوای و پیرۆدا دەڕوێنرێت.

وڵاتانی ئەفریقیای ناوەڕاستیش کە لۆکە بەرهەم دێنن بریتین لە سلفادۆر و گواتیمالا و نیکاراگوا ، لە کیشوەری ئەفریقیاشدا وڵاتانی وەکو چاد ومیسر و مالی و باشوری ئەفریقیا و سودان و تانزانیا و زیمبابوێ و لە ئەوروپاش یۆنان و ئیسپانیا لۆکە دەڕوێنرێت و ئوسوتڕالیاش وڵاتێکی گرنگی بەرهەمهێنەری لۆکەیە.

- **جۆرەکانی لۆکە :**

چوار جۆری سەرەکی لۆکە هەیە ئەوانیش:

١.لۆکەی ناوچە بەرزەکانی ئەمریکا.

٢. لۆکەی میسری.

٣. لۆکەی سی ئایلندز .

٤. لۆکەی ئاسیا.

٢. **کەتان** : قوماشی کەتان لە داروچیلکەی ڕوەکی کەتان دروست دەکرێت،و بەوەش جیادەکرێتەوە کە لە قوماشی لۆکە بەهێزترە بەڵام کەمتر نەرم و نیانە،باشترین جۆرەکانی قوماشی کەتان بەکاردەهێنرێت وەك دیمەشقی و دانتێل و بەرگەکان و ...هتد.بەڵام جۆرە زبرەکانی بەکاردەهێنرێت بۆ دروستکردنی گوش و حەبل و ...هتد.قوماشی کەتان سارد و بەهێز و بریسکەیەکی سروشتی تیادایە ،بەڵام بە ئاسانی چرچ و لۆچ دەبێت، بەڵام لە قوماشی لۆکە چنینەکەی بەهێزترە.

- **سیفاتەکانی کەتانی سروشتی :**

١. بەهێزییەکەی گەورەترە لە بەهێزی لۆکە.
٢. بریسکەدارە بەڵام بەلابردنی ڕووپۆشە مۆمیەکەی بریسکەکەی نامێنێت.
٣. نەرم نیە و توانای چرچ و لۆچ بوونی هەیە.
٤. ڕەنگی سپی زەردباوە و خۆڵەمێشی هەیە.
٥. درێژییەکەی ٤٥–٥٠ ملم دەبێت.
٦. زۆر توانای هەڵمژینی شێ و ڕەنگەکانی هەیە.

- **سیفاتەکانی کەتانی کیمیاوی :**

وەکو سیفاتەکانی لۆکە وایە و بەکاردەهێنرێت بۆ پیشەسازی جلوبەرگ وەك کراس و دەسڕ و بەدلە و...هتد.بەهۆی درێژی ڕیشاڵەکانیەوە و نەرمیەکەیەوە.ڕیشاڵە مامناوەندی و کورتەکانیشی لە پیشەسازی بەلەم و چارۆکەدا بەکاردەهێنرێت. و ڕیشاڵە کورتەکانیش لە پیشەسازی دۆبار و حەبلدا بەکاردەهێنرێت.

٣. **حەریر:** داوی حەریری سروشتی دروستدەکرێت بەهۆی کرمی ئاوریشمیەوە،لەسەرەتادا لە لایەن کرمەکەوە لەسەر شێوەی داوی پرۆتینی دەڕژێنرێت و دواتر دەچنرێت لەسەر شێوەی قوماش و ڕەنگ دەکرێت.جیادەکرێتەوە بە نەرمی و ساف ولوسی و نایابی سیما و بریسکەدانەوەکەی و بە بەهێزترین قوماشە سروشتیەکان دادەنرێت.زۆر جۆری جیاوازی هەیە وەك شیفۆن و کرێب و ...هتد.

حەریر داوێکی سروشتیە پێکهاتوە لە پرۆتین و بەهۆی کرمی ئاوریشمیەوە دروست دەکرێت،حەریر قوماشێکە لەجۆری زۆر باش کە ئیسراحەت دەدات بەو کەسەی لەبەریدەکات لەهەموو وەرزێکدا و لەسەرماو گەرمادا گونجاوە. زۆر جۆری حەریر هەیە،لەوانە: شیفۆن و جورجێت و ئۆرگانزا و کرێپ دی شاین و دوبۆنی و نویل و بونجی و شانتۆنکو نوسار و ...هتد.

- **سیفاتەکانی حەریر:**

لوس و گران بەها و بریسکەدار و توانای بەرزی هەیە بۆ هەڵمژین و بەهێزترین قوماشی سروشتیە و بەرگرتنی نیە بۆ ڕووشان و چرچ و لۆچی و لە کێشیشدا سووکە.

٤. **خوری :** سەرچاوەی داوەکەی ئاژەڵن نەك ڕووەك جیاواز لە قوماشەکانی پێشووتر،قوماشی خوری بۆ کەش وهەوای زستانی و سارد گونجاون چونکە گەرم و نەرم و بەهێز و لەکێشیشیدا سوکن.

زۆر جۆری جیاوازی هەیە لە قوماشی خوری بەجیاوازی ئاژەڵەکان و لەوانە قوماشی کشمیر کە بەناوبانگترین قوماشی خوریە و گرانترینیشیانە و لەخوری بزن دروست دەکرێت لە کشمیر لە هندستان.مۆهیریش بە زۆری نەرمیەکەی جیادەکرێتەوە کە لە خوری بزنی ئەنگۆرا دروست دەکرێت،مارینۆس لەخوری مەڕی مارینۆسەوە دەستدەکەوێت.

خوری داوێکی سەرچاوە ئاژەڵیە و دەستدەکەوێت لە خوری مەڕەوە،بەڵام مەڕ تەنها سەرچاوەی دەسکەوتنی خوری نیە،بەڵکو چەند سەرچاوەیەکی تریش هەیە بۆ خوری وەك:

- کشمیر: لەخوری بزنەوە دەستدەکەوێت لە کشمیری هندستانەوە.
- ئەنگۆرا: لەخوری بزنی ئەنگۆراوە دەستدەکەوێت.
- موهیر: لەخوری بزنی ئەنگۆراوە دەستدەکەوێت.
- لامیسوول: لەخوری بەرخەوە دەستدەکەوێت.
- میرینۆ: لەخوری بەرخی میرینۆوە دەستدەکەوێت.
- ئەلباکا: لەخوری ئاژەڵی ئالباکاوە دەستدەکەوێت.
- **سیفاتەکانی قوماشی خوری:**

١.گەرمە

٢.نەرموشلە

٣. بەهێزە

٤.هەڵمژی شێیە

٥.لەگەرما دەتپارێزێت

٦. بەرگری لە چرچ و لۆچ بوون دەکات

٧. کێشی سوکە و تەمەن درێژە

٨.زوو خاوێن دەکرێتەوە

- **بەرهەمەکانی خوری**

ئەو بەرهەمانەی لە خوری دروستدەکرێت وەك:

- بەتانی
- جلوبەرگ
- ڕاخەر
- ڕەین کۆت و چاکەت و گۆرەوی و دەسکێش.
- لباد

- بەرهەمی جیهان لە خوری خاو نزیکەی بریتیە لە ١ر٣ ملیۆن تەن ساڵانە،ئەو وڵاتانەی کە بەناوبانگن لە بەرهەمهێنانی خوریدا، ئوستوڕالیا و نیویزلەندا و چین و ڕوسیا و ئۆرۆگوای و ئەرجەنتینن.

- **جۆرەکانی خوری:**

بەزۆری لەهەموو دونیادا خوری لەمەڕەوە بەرهەم دێت و بەمەش خوری مەڕەکان دەکرێتە پێنج بەشەوە لەسەر جۆری خوریەکانیان و ڕێژەی باشییان:

١. خوری نەرم: وەك مارینۆ و دیبۆلی و ڕامبۆی. کە باشترین جۆری خورین کە لە پیشەسازی جلوبەرگی گران بەهادا بەکاردێن.

٢. خوری تێکەڵ: وەك خوری کۆلۆمبیا و کۆبیداڵ کە لەتێکەڵەی خوری نەرم و تیسك درێژە، لە پیشەسازی جلوبەرگی زبر و بەهێزدا بەکاردێت.

٣. خوری مام ناوەندی: لە پیشەسازی قوماشی تنجیددا بەکاردێت،وەك مەڕی شیفوا،دۆرست هامشیار،اکسفۆرد،شروشایەر،ساوت داون،سفۆلك.

٤. خوری تیسك درێژ: مەڕی کۆنسۆڵد و لیستەر و لنکۆڵن و ڕۆمنی دەگرێتەوە، کە لە پیشەسازی بەڕە و ڕاخەردا بەکاردێت.

٥. خوری زبر یان خوری ڕاخەر: ئەم جۆرەیان مەڕی کاراکۆڵ و ئوسکوتلەندای دەموچاو ڕەش دەگرێتەوە کە لە پیشەسازی ڕاخەر و ئیشوکاری دەستدا بەکاردێت.

- باشترین و جوانترین خوری، خوری بەرخی ٦-١٢ مانگانەیە و هەروەها خوری چەماوەی مەڕی ١٢-١٤ مانگیە.

- **جۆری خوری:**

١. خوری تازە
٢. خوری بەکارهاتوو

- **چارەسەری خوری:**

بە چوار قۆناغ چارەسەری خوری دەکرێت:

١. لێکردنەوە یان بڕینەوە
٢. جیاکردنەوە و پۆلێنکردن
٣. ڕستنی داوەکان

٤. چنین

- **ئەو ولاتانەی لە بەرهەمهێنانی خوریدا پێشەنگن:**
- **کورتەیەکی مێژوویی:**

نزیکەی ١٠ هەزار ساڵ دەبێت کە مرۆڤ لەناوەڕاستی ئاسیادا دەستیکردوە بە بەخێوکردنی مەڕ بۆ خواردن و پیشەسازی و جلوبەرگ.کاری ڕستنی خوریش نزیکەی ٤ هەزار ساڵ پێش زاین ناسراوە. ئەمەش بۆتە هۆی هاندانی بازرگانی لەنێوان ولاتانی ناوچەی دەریای ناوەڕاست. لە ئیسپانیادا بەخێوکردنی مەڕی مارینۆ لەسەدەی دووەمی زاینیدا دەستیپێکردووە، بەم شێوەیە تا سەدەی هەژدەهەمی زاینی ئیسپانیا تاکە ولات بوە بۆ بەخێوکردنی ئەو جۆرە مەڕە.

ڕۆمانەکان یەکەم کارگەی خورییان دامەزراند لە ناوچەی ونشستر لە ئینگلتەرا لە ساڵی ٥٠ی زاینیدا و دواتر خوری ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە ئابوری ئەو ولاتەدا.بەشێوەیەك هەناردەی خوری لە ئینگلتەراوە لە ساڵی ١٦٦٠ ز بەنزیکەیی گەیشتە دوو لەسەر سێی قەوارەی بازرگانی دەرەکی.

لەسەدەی شانزەهەمەوە ئیسپانیەکان هەستان بە بردنی مەڕ بۆ ئەو جێگەیەی کە ئێستا پێی دەوترێت ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، بەلام ئینگلیزەکان ئەو کارەیان پێخۆش نەبوو بۆ ئەوەی جێگە داگیرکراوەکان تەنها پشت ببەستێتە سەر خوری ئینگلیزی،بەلام دانیشتوانی ئەو ناوچانە هەستان بەبردنی مەڕ لە ئینگلتەراوە بە قاچاغی بۆ ولاتەکانیان.لەگەڵ دەسپێکی سەدەی هەژدەهەمدا پیشەسازی ڕستن و چنینی خوری لە ئەمریکادا گەشەی سەندو بوژایەوە.

- **گەشەکردنی پیشەسازی خوری لە ئوستوڕالیا و نیویزلەندا:**

لەساڵی ١٧٩٧ز ئەفسەری دەریایی ئینگلیزی (( هێنری ووتر هاوس)) هەستا بەبردنی مەڕی مارینۆ لە ڕەئس ڕەجا صالحەوە لە باشووری ئەفریقیا بۆ ئوستوڕالیا. کە ئەمەش بوە سەرەتای پیشەسازی خوری لە ئوستوڕالیادا.وئیدی زۆر بەخێرایی لەدەیەی سیەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا پیشەسازی خوری بلاوبۆوە. لەساڵی ١٨٤٢ز کۆی هەناردەی خوری ئوستوڕالیا گەیشتە زیاتر لە ٦٠٠٠ تەن/مەتر ساڵانە. و کەشتیە چارۆکەدارەکانیش ڕێگەی ٩٠ ڕۆژیان دەبڕی تا خوری لە ئوستوڕالیاوە بگەیەننە بەندەری لەندەن.

لەساڵی ١٨٣٤زیشدا،جۆن ڕایان هەستا بە بردنی ڕانەمەڕێکی مارینۆ بۆ شاری سیدنی لە دورگەی ((مانا)) لە نزیك ولنگتۆن لە نیویزلەندا.

بەرهەمهێنانی خوری لە ئێستادا دادەنرێت بە یەکێك لە گرنگترین پیشەسازییەکان لە ئوستوڕالیا و نیویزلەندا.داهاتی ئوستوڕالیا لە هەناردەکردنی خوری دەگاتە ١١-١٥٪ لەکۆی

هەناردەکردنی و ئوستوڕالیا بەتەنها ١٦٪ هەموو مەڕی جیهانی هەیە. لەکاتێکدا نیویزلەندا بە سێیەم وڵات لەجیهاندا دادەنرێت لە بەرهەمهێنانی خوریدا و دووەم وڵاتیش لە هەناردەکردنی خوریدا.

بەڵام بازرگانی ناوخۆیی ئەو دوو وڵاتە لاوازە،لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستەوە،هەردوو وڵات توانیویانە ٩٥٪ بەرهەمی خوریان هەناردە بکەن. ئوستوڕالیا هەموو ساڵێك هەڵدەستێت بەهەناردەکردنی زیاد لە ٨٥٠ هەزار تەن/مەتر لە خوری.

لەکاتێکدا نیوزیلەندا ٣٢٠ هەزار تەن/مەتر هەناردە دەکات. یابانیش دادەنرێت بە کڕیاری سەرەکی خوری ئوستوڕالیا، هەروەها زۆر وڵاتیش خوری لە نیویزلەندا دەکڕن وەك وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات وەك ڕوسیا و پۆڵەندا و وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا وەك فەڕەنسا و ئینگلتەرا.

ئوستوڕالیا لەنەوەدەکانی سەدەی بیستدا بڕی ١٥٠ ملیۆن سەر مەڕی هەبوو کە بەسەر ٦ ولایەتدا دابەش بوون.گەورەترین ولایەت کە ٦٠ ملیۆن سەر مەڕی تیادایە بریتیە لە ولایەتی نیوساوس وێڵز.

لەنیویزلەنداش خاك زیاتر لەکەش و هەوا جێگەی گونجاوی پەروەردەی مەڕ دیاریدەکات،زۆربەی جێگەکان بریتین لە دەشتەکان کە نیوەی مەڕی نیزیلەندای تیادایە کە دەگاتە ٧٠ ملیۆن سەر مەڕ لەنیوەدورگەی باکورە.

پەروەردەی مەڕ بۆ خوریەکەی لە وڵاتانی عەرەبیدا تەنها لە هەندێ وڵاتدا هەیە وەك سعودیە و سوریا و صۆمال و جەزائیر و سودان و لەهەندێ وڵاتی وەکو میسر و عێراقیشدا هەرچەندە زۆرە بەڵام نەگەیشتۆتە ئاستێکی پیشەسازی گەشەکردوو.گەورەترین هۆکاری ئەوەش نەبوونی لەوەڕگای سرووشتییە کە بتوانێت بڕی خۆراکی پێویستی هەمیشەیی دابین بکات.

٥. **مەخمەڵ:** ئەم قوماشە لە جۆرەکانی تری داوەوە دروستدەکرێت.دەشێت دروستکراو یان سروشتیش بێت،سروشتیەکەی لە لۆکە یان خوری یان حەریر دروست دەکرێت و دروستکراوەکەشی لە پۆلیستەر و پۆلیمەر دروستدەکرێت.هەندێك جاریش لە تێکەڵاوکردنی هەردوو جۆری ڕیشاڵی سروشتی و دروستکراو دروستدەکرێت.قوماشی مەخمەڵ بە لوسی و گەرمی و نەرمیەکەی جیادەکرێتەوە.

٦. **نایلۆن:** ئەم جۆرە قوماشە لە پێکهاتە نەوتیەکانەوە دروست دەکرێت،کە بەسوکی و بەهێزی چنینەکەی و ئاسانی خاوێنکردنەوەی و وشککردنەوەی جیادەکرێتەوە و پێویست بە ئوتووکردن ناکات.لەم سەردەمەدا زۆرێك لە قوماش بڵاوبونەتەوە کە لە نایلۆن دروستکراون چونکە نرخەکەیان هەرزانترە لە نرخی قوماشی لۆکە و کەتان و حەریر.

٧. **پۆلیستەر:** قوماشێکە لە توخمی پۆلیمەری کیمیاوی دروستدەکرێت کە یەکێکە لە پێکهاتە نەوتیەکان،پۆلیستەر لەگەڵ خوریدا تێکەڵ دەکرێت بۆ ئەوەی ئووتووکردنی ئاسان بێت.قوماشی پۆلیستەر بەوە جیادەکرێتەوە کە بەرگری گەرما دەگرێت و بە ئاسانی دەشۆرێت بەڵام لە هاویندا لەبەرکردنی دەبێتە هۆی گەرمبوونی لەش.

٨. **فیسکۆز:** ناودەبرێت بە ئاوریشمی دروستکراو،قوماشێکە لە تێکەڵەی توخمی کیمیاوی دروست دەکرێت،بەهێزە و توانایەکی بەرزی هەڵمژینی هەیە و نەرمە و وەك ئاوریشم لوسە.

٩. **ئەکریلیك :** قوماشێکە لە پێکهاتەکانی نەوت دروستدەکرێت، کە بە سوکی و نەرمی و خۆش دەستی و ئاسان شۆردن جیادەکرێتەوە.

١٠. **لیکرا :** قوماشێکە دەچنرێت لە کەرەسەی خاوی دروستکراو،جیادەکرێتەوە بە باشی و خۆش دەستی و بەهێزی چنینەکەی. لەبەرئەوە داوی لیکرا تێکەڵ بە لۆکە و خوری و حەریر دەکرێت.

- **لە کۆتاییدا** ، پیشەسازی چنینی قوماش لە ئێستادا لەهەموو جیهاندا بۆتە یەکێك لە پیشەسازیە گرنگەکان و سەرچاوەیەکی گەورەی داهاتیش بۆ وڵاتان ،کوردستانیش دەکرێت سوود لە زەوی و کەش وهەوا گونجاوەکەی وەربگیرێت بۆ ڕواندنی لۆکە و کەتان و لە پاڵیشیدا بەخێوکردنی مەڕومالاٌت بۆ سوودوەرگرتن لە خوریەکانیان. کە ئەم جۆرە بەرهەمانە سەرچاوەی ئاژەڵی و ڕووەکین بۆ پیشەسازی قوماش.

کوردستان لە ڕووی کەش وهەوا و بونی لەوەڕگا و خاکی بەپیت و دەستی کاری هەرزانەوە، دەتوانێت کەرتی کشتوکاڵی و ئاژەڵی ببوژێنێتەوە و بیکاتە سەرچاوەیەکی داهاتی نیشتیمانی و نەتەوەیی و لەکێشە و قەیرانەکان و دابەزینی نرخی نەوتدا سوود لەو سەرچاوانە وەربگرێت و هەناردەی دەرەوەشیان بکات بەشێوەی کەرەسەی خاو یان بەرهەمی قوماش لە ڕێگەی دامەزراندنی کارگەی پیشەسازیەوە.

بەهیوای ئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەردوو وەزارەتی کشتوکاڵ و پیشەسازی پلان و بەرنامەیان هەبێت بەو ئاڕاستەیە بۆ دابینکردنی ئایندەیەکی گەش بۆ کۆمەڵگاکەمان.

سەرچاوە :

======

- **پێگە جیاوازەکانی ئەنتەرنێت.**

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئەندازیاران ژمارە ٥٤ لە پایزی ٢٠١٥دا بلاوکراوەتەوە.

# غازی سروشتی کوردستان نیعمەتێکی تالانکراو! *

- ئاشکرایە کە هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێك لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵیدا، خاوەنی سامانێکی سروشتی هەمەرەنگ و هەمەجۆری دەوڵەمەندە و لەهەموانیش زیاتر وەکو دوو سەرچاوەی گرنگی وزە نەوتی خاو و غازی سروشتی هەیە. کە لە ئێستادا هەرێمی کوردستان نزیکەی ٦٠ ملیار بەرمیل نەوتی خاوی یەدەگ و بڕی ٧ر٥ تریلیۆن مەتر سێجا غازی سروشتی یەدەگی هەیە. کە هەبوونی ئەم دوو بڕە لە سەرچاوەی وزە وای لە هەرێمی کوردستان کردوە کە ببێتە یەکێك لە هەرێمە دەوڵەمەندەکانی دونیا و ناو و ناوبانگی بچێتە سەر نەخشەی غاز و نەوتی جیهانی و پلەی هەشتەم بۆخۆی بگرێت لەسەر ئاستی دونیادا لە دەوڵەمەندیدا لەو دوو سەرچاوە گرنگەی وزە.
- هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠٠٢وە کەوتۆتە خۆی بۆ هەڵکەندن و لێدانی بیری نەوت و هاندانی کۆمپانیا نەوتیە بیانی و جیهانیەکان بۆ ئەوەی لە هەرێمدا سەرمایەگوزاری بکەن بەمەبەستی بوژاندنەوە و گەشەپێدانی ژێر خانی ئابوری هەرێمەکەمان و لەو میانەیەدا زیاد لە ٥٢ گرێبەستی نەوتی ئەنجامداوە لەگەڵ ٢٦ کۆمپانیای نەوتی گەورە و بچوك و مامناوەندا لە ئێستادا و لەساڵی ٢٠١٥دا بەرهەمی هەرێمی کوردستان وەکو ڕاگەیەنراوە ڕۆژانە بریتیە لە ٦٠٠-٧٥٠ هەزار بەرمیل و زیاتریش و لەپلانی وەزارەتی سامانە سروشتیەکانیشدایە کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٦دا بڕی بەرهەم بگەیەنێتە ١ ملیۆن بەرمیل و لە ساڵی ٢٠١٩شدا بیگەیەنێتە ٢ ملیۆن بەرمیل.
- هەروەها هەرێمی کوردستان توانیویەتی لە ساڵی ٢٠٠٧دا یاسای ژمارە ٢٢ی غاز و نەوتی هەرێمی کوردستان دەربکات بۆ ڕێکخستنی کاروبار و بواری نەوت لە کوردستاندا، کە بۆخۆی ئەمە هەنگاوێگی گرنگی یاسایی بوو کە لەمەدا هەرێم پێش دەوڵەتی عێراقی داوەتەوە کە تائێستا خاوەنی یاسایەکی غاز و نەوت نیە کە گرنگترین یاسایە و دەبێتە هۆی نەمان و کەمکردنەوەی کێشە و گرفتەکان لە نێوان بەغداد و هەولێریشدا.

- لە ئێستادا داهاتی نەوت تاکە سەرچاوەی داهاتی عێراق و هەرێمیشە و خەزێنەی وڵات بەڕێژەی ٩٥٪ پشت بەو داهاتە دەبەستێت ، بەڵام لەئێستادا بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا نەعێراق و نەهەرێمیش قازانجێکی گەورە لەو داهاتە ناکەن و توشی قەیرانێکی دارایی توند بونەتەوە.

لەهەرێمدا بەداخەوە سەرەڕای ئەو بڕە نەوتەی کە مانگانە دەفرۆشرێت لەساڵی ٢٠٠٢وە بەڵام بەهۆی خراپی ئیدارەدان و ناشەفافیەتی سیاسەتی نەوتی هەرێمەوە و قۆرخکاری و شاردنەوەی داهات و تاریکاندن و بە شەخصەنەکردنی ئەو بوارە گرنگە نیعمەتی نەوت لەلایەك بەتاڵانبراوە و هەرزان فرۆشکراوە و لەلایەکی تریشەوە ئەم نیعمەتە بۆتە نیقمەت و برسیکردن و زیاتر هەژارکردنی میلەتەکەمان.

- لە ئێستاشدا باسی دەرهێنان و فرۆشتن و گرێبەستکردن دەکرێت لەگەڵ کۆمپانیا بیانی و نێودەوڵەتیەکاندا بۆ غازی سروشتی هەرێمی کوردستان، وەك سەرچاوەی دووەمی گرنگی وزە و پێداویستیەکی گرنگی دونیای ئایندەی دوای چۆڕبڕبونی نەوت بەتایبەتیش ئەوروپا و ئەمریکاو وڵاتانی ناوچەکە.

- هەرێمی کوردستان بڕی ٧ر٥ تریلیۆن مەتر سێجا غازی سروشتی یەدەگی هەیە و کە تائێستا دەرنەهێنراوە و بڕیارە لە ساڵی ٢٠١٧وە دەست بکرێت بە فرۆشتنی بە کۆمپانیای بۆتاشی تورکی کە لە ٢٠١٣/٩/١٣وە گرێبەستێکی لەگەڵدا واژۆکراوە بۆ ماوەی ٢٦ ساڵ. ئاشکرایە تورکیا بۆخۆی خاوەنی بڕێکی زۆر کەمی نەوت و غازی سروشتیە ، بۆیە هەمیشە پێداویستیەکانی لەدەرەوەی خۆی دابین دەکات، بەم گرێبەستەی کەلەساڵی ٢٠١٧وە دەکەوێتە بواری جێبەجێکردن هەرێم ساڵانە دەتوانێت بڕی ١٠ ملیار مەتر سێجا غاز هەناردە بکات و تاساڵی ٢٠٢٢ دەیگەیەنێتە ٢٠ ملیار مەتر سێجا. کە ئەمە بۆخۆی بڕێکی بازرگانی زۆر باشە . ئاشکراشە نرخی ١ مەتر سێجا غازی سروشتی بەرز و نزم دەکات لەنێوان ٢-٥ دۆلاردا. هەرێم دەتوانێت بەم بڕە غازە سروشتیەی پێداویستی ٥٠ ساڵی تورکیا دابین بکات لەکاتێکدا تورکیا ساڵانە پێویستی بە ٥٠ ملیار مەتر سێجا غازی سروشتی هەیە، کە لە ئێستادا ڕێژەی ٥٥٪ پێداویستیەکانی لە ڕوسیاوە دابین دەکات لە غازی سروشتی. بەڵام ئەوەی کە تێبینی کراوە و بڵاوکراوەتەوە لە ماڵپەڕی بلۆمبێرگی ئەمریکیدا کە تایبەتە بە کاروباری وزە لە دونیادا ، هەرێمی کوردستان بە پێی ئەو گرێبەستەی کەلەگەڵ تورکیادا ئەنجامیداوە

٢٦ر٢٨مەترسێجا غازی سروشتی بە تەنها ٧ دۆلار بە تورکیا دەفرۆشێت لەکاتێکدا لە بازاڕەکانی دونیادا ١ مەتر سێجا غاز بە ١٦٧ر٢ دۆلار دەفرۆشرێت ، بەم پێیە هەرێمی کوردستان ٨ جار بە هەرزانتر غازەکەی دەفرۆشێتە تورکیا. کە ئەمەش بۆخۆی بەتالآنبردن و هەڕاجکردنی غازی سروشتیەکەمانە وەك نەوتەکە و غازەکەشمان جارێکی تر دەبێتە نیقمەت و مالوێرانی و هەژارترکردنی خۆشمان و نەوەکانی داهاتووشمان.

- **پرسیار لێرەدا ئەوەیە ، ئەرێ غازی سروشتی هەرێمی کوردستان دەبێتە جێگرەوەی غازی سروشتی ڕوسیا بۆ تورکیا ؟ ئایا هەرێم دەتوانێت ببێتە ڕکابەری ڕوسیا لە بازاڕەکانی دونیا بۆ فرۆشتنی غازی سروشتی؟**

وەلاّم ، گەر بەراوردێك بکەین لەنێوان ڕوسیا و هەرێمی کوردستاندا لە بون و بەرهەم و یەدەگی غازی سروشتیدا، ئەوسا بە سانایی دەتوانین وەلاّمێکی زانستی و واقعی بدەینەوە. ئاشکرایە ڕوسیا لە سەر ئاستی هەموو دونیا پلەی حەوتەمی هەیە لە یەدەگی نەوت و پلەی یەکەمی هەیە لە بونی یەدەگی غازی سروشتیدا کە بڕەکەی بریتیە لە ٤٤٦٥٠ تریلۆن مەتر سێجا و لەسەر ئاستی بەرهەمهێنانیش لە دونیادا هەر پلەی یەکەمی هەیە وبڕی بەرهەمی ساڵانەی بریتیە لە ٣٠٢١ تریلیۆن مەتر سێجا و بڕیاریشە لە ساڵی ٢٠٢٠دا بڕی بەرهەمی بگەیەنێتە ٤٥٠ ملیۆن تەن لە غازی سروشتی و بڕی هەناردەشی بۆ ئەوروپا بەرز بکاتەوە بۆ ١٦٠ ملیار مەتر سێجا ساڵانە، کە ئەم بڕە یەکسانە بە ٤٠٪ پێداویستی ئەوروپا و ڕێژەی ٥٥٪ پێداویستی تورکیا دابین دەکات.

لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان لەم سنورەی ئێستایدا تەنها خاوەنی ٧ر٥ تریلیۆن مەتر سێجا غازی سروشتیە و ئێستاش نەبۆتە خاوەنی پرۆسەی بەرهەمهێنانێکی زۆر و هەناردەی ناکات ، تەنها لە ساڵی ٢٠٠٨وە بەپێی گرێبەستێکی ٢٥ ساڵە لەگەڵ کۆمپانیای دانەغازی ئیماراتی و هاوبەشەکانیدا توانیویەتی ڕۆژانە بڕی ٣٠٠ ملیۆن مەتر سێجا غاز بەرهەم بهێنێت بۆ وێسگە کارەباییەکانی هەولێر و سلێمانی لەهەردوو کێڵگەی غازی سروشتی کۆرمۆر و چەمچەماڵدا.

ڕوسیا خاوەنی ٣ هێڵی بۆری گەیاندنی غازی سروشتیە لە ڕوسیاوە بۆ ئەوروپا کە بریتین لە هێڵەکانی:-

دوو هێڵی بۆری شین لە دەریای ڕەشەوە غازی سروشتی دەگوێزێتەوە بۆ تورکیا بەڕێژەی ٥٠٪ و یەك هێڵی بەلّقان لە ئۆکرانیا و مۆلّدافیا و ڕۆمانیا غازی سروشتی بۆ تورکیا دەگوێزێتەوە و هێڵی باکوری ئەوروپاش غازی سروشتی بۆ فێنلەندا و سوید و بەریتانیا دەگوێزێتەوە.

بەم شێوەیە دەبینین بڕی یەدەگی هەرێم و ڕوسیا جیاوازیەکی گەورەیان لە نێواندا هەیە کە دەکاتە ٥ ئەوەندەی یەدەگی هەرێمی کوردستان.

هەربۆیە هەرێم ناتوانێت ببێتە ڕکابەری ڕوسیا و جێگرەوەی بۆ دابینکردنی غازی سروشتی بۆ ترکیا و ئەوروپا بەڵکو تەنها دەتوانێت ببێتە سەرچاوەیەکی تر بۆ دابینکردنی غازی سروشتی تورکیاو ولاتانی ئەوروپا و ببێتە هاوبەشێکی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لەو بۆریە غازیانەی کە پلانە ڕابکێشرێت بۆ ئەوروپا لە ئاسیای ناوەڕاستەوە وەکو پرۆژەی بۆری غازی سروشتی نابۆکۆ کە بڕیار وابوو لە ساڵی ٢٠١٤دا تەواو ببێت بەڵام بەهۆی شەڕی داعشەوە پرۆژەکە وەستاوە.

- لە ئێستادا و بەهۆی گرژبونی پەیوەندیەکانی تورکیاو ڕوسیاوە لەدوای خستنەخوارەوەی فرۆکەیەکی جەنگی ڕوسیاوە لەلایەن تورکیاوە ، ڕوسیا لەلایەك وەکو کاردانەوە و گەمارۆدان و سزادانی ئابوری تورکیا بیر لە بڕینی گەیاندنی غازی سروشتی خۆی دەدات بۆ تورکیا و بە کردارەکیش پڕۆژەی ڕاکێشانی بۆریەکی غازی بۆ تورکیا ڕاوەستان و لەبەرامبەریشدا تورکیا لە هەوڵی دۆزینەوە و دابینکردنی سەرچاوەی جێگرەوەی ڕوسیایە لە غازی سروشتی ، هەربۆیە بەناچاری و لەبەر پێویستی زۆری تورکیا و هەرزانی نرخی غازی سروشتی هەرێم و نزیکی لەتورکیاوە هەرێم دەبێتە بەشێك لە چارەسەرەکانی دەردی کەمبونەوەی غازی سروشتی بۆ تورکیا کە گەرەکێتی لە ساڵی ٢٠١٦وە بەڕێژەی ٢٥٪ غازی سروشتی ڕوسیا کەمبکاتەوە و بەهەمان شێوە لەهەوڵدایە کە غازی سروشتی لە قەتەرەوە بۆ تورکیا ڕابکێشێت و خۆی لە تەنگژە و قەیرانی کەمی و نەبونی غازی سروشتی دەرباز بکات.

- لە کۆتایدا گرنگە کە دەسەلاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان درك بە گرنگی ئەو سەرچاوە سورشتیەی وزەی هەرێم و میلەتەکەمان بکەن و هەرزان فرۆش و بەتالانی نەبەن و بیکەنە چەکێکی گرنگ و کاریگەر لەبەرامبەر دۆست و دوژمناندا و سوود و کەڵکی لێوەربگرن و بیکەنە کارتی فشاری ئابوری و پتەوکردنی ژێرخانی ئابوری هەرێم و دابینکردنی ئایندەیەکی گەشیش بۆ وڵاتەکەمان و نەوەکانی داهاتوو.

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی وتاری کورد و پێنوسەکان و کوردیۆ و ڕادیۆ ناوخۆ و سپی میدیا و مەکتەب ڕێکخستن و ئاڕاستە لە ١٢ و ١٤ و ٢٠١٥/١٢/١٦ و هەواڵ ژمارە ٦٤٦ لە ٢٠١٥/١٢/١٩دا بڵاوکراوەتەوە.

# پیشەسازی مۆم*

# INDUSTRY OF WAX

- **پێشەکی**

مۆم یەکێکە لەبەرهەمە بەربڵاوەکان لە بەکارهێناندا لەهەموو وڵاتانی جیهاندا کە بریتیە لە دروستکراوێك لەبەرهەمی لاوەکی لەبەرهەمەکانی پاڵاوتنی نەوت کە بریتیە لە مۆمی پارافین کە بە بڕێکی زۆر هەیە و هەرزانیشە،ئەو مۆمانەی کە زۆر ناسراون بریتیە لە مۆمی شێوەی لولەیی و گەلێك شێوەی هونەری جۆراوجۆری هەیە.

- **مێژووی مۆمی ڕووناککردنەوە** Candle History

کاتێك مرۆڤی سەرەتایی لە ئەشکەوتەکاندا دەژیا،پێویستی بە ئاگر بوو بۆ خۆگەرمکردنەوە و ڕووناککردنەوەی ناو ئەشکەوتە تاریك و ساردەکان، هەربۆیە :

- مرۆڤی سەدەی بەردینی یەکەم Paleolithic یەکەم کەس بوون کە ئاگریان کردۆتەوە و بەکاریشیان هێناوە بۆ خواردن ئامادەکردن.بەتایبەتیش خواردنی گۆشتی ئاژەڵ.مرۆڤ لەکاتی خواردن دروستکردندا هەستی بەوەکردووە کە ڕۆن و چەوریەکان توانای سووتاندنیان هەیە وەکو سووتەمەنی. بۆیە پێدەچێت کە لێرەوە بیری لە دروستکردنی مۆمی ڕووناککردنەوە کردبێتەوە.

مۆمی مرۆڤە سەرەتاییەکان لەسەر شێوەی داروچیلکە و گژوگیا بوە کە لەناو چەوری ئاژەڵەکاندا چەقێنراون ودواتر ئاگریان پێوەنراوە و هەڵگیراون و گوازراونەتەوە لە جێگەیەك بۆ جێگەیەکی تر.ئەو ڕەشیانەی کە لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان بوون لە فەڕەنسا و ئیسپانیا کە دەگەڕێنەوە بۆ ژیانی سەردەمی مرۆڤی سەدەی بەردینی یەکەم بریتین لە دوکەڵی ئەو جۆرە مۆمانەی ئەو سەردەمە.

- میسریە کۆنەکانیش،یەکەمین کەسن کە مۆمیان بەکارهێناوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی مۆمی ڕووەکی Rush کە مۆم هەڵگرەکانیان لێدروستکراوە Torches لەڕێگەی هەڵکۆڵینی ناوی ئەو لقە دارانەوە و پڕکردنی لە چەوری ئاژەڵ و چەقاندنیان لە ناویدا.

- ڕۆمانەکانیش یەکەم کەسن کە مۆمیان بە فتیلەوە بەکارهێناوە کە چەوری هەڵدەمژێت و ئاگری لێدەکەوێتەوە.
- لەسەدەکانی ناوەڕاستدا Middle Ages ،شانەی هەنگ بەکارهاتوە لە دروستکردنی مۆمی ڕووناککردنەوەدا،چونکە شانەی هەنگ مۆمێکی بێ دووکەڵی بێ بۆنی هەیە.ئەم جۆرە لە مۆم تەنها لەلایەن دەوڵەمەندەکانەوە بەکاردەهێنرا لەبەر ئەوەی نرخەکەی گران بوو.
- لەسەردەمی داگیرکاراندا Colonial Time ،مۆم دروستدەکران لە مۆمی پالأفتەی بەرهەمهاتوو لە درەختی کەمیت Bayberry لە ڕێگەی کولأندنی بەری مێوی Berries وە.
- لەکۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا،مۆمی عەنبەر بەکارهاتوە لە پیشەسازی مۆمی ڕووناککردنەوەدا.مۆمی عەنبەر لە بنچینەدا بریتیە لە جۆرێك لە چەوری هەبوو لە بۆشایی سەری نەهەنگی عەنبەرداSPERM و ئەو چەوریانە کۆبونەتەوە و دەقیان گرتووە و بونەتە ئەوەی کە دەناسرێت بە مۆمی عەنبەر. ئەو جۆرە مۆمە بۆنی نیە و لە هەموو ئەو جۆرە مۆمانە ڕەقترە کە لە سەدەکانی پێشوودا بەکارهاتوون لە پیشەسازی مۆمی ڕووناککردنەوەدا لەبەرئەوەی ئەو ڕووناکیەی کە لەم مۆمەوە دەردەچێت زۆر ڕوون و تیشکدەر بوون.
- لەساڵی ١٨٥٠دا مۆمی ڕووناککردنەوە دروستکرا لە مۆمی پارافین Paraffin Wax کە لەکاتی هەڵکردنیدا بە خاوێنی و نەبونی بۆنی پیس دەناسرێتەوە.توخمی پارافینیش لە پاشماوەی بەرهەمەکانی پالأوتنی نەوتی خاوەوە دەستدەکەوێت و توخمی ترشی ئەستیارکیشی تێدەکرێت Stearic Asid بۆ زیاتر ڕەق بوونی مۆمەکە.وشەی مۆمCandlle لە وشەی لاتینیەوە candera وە هاتوە کە بەمانای هەڵهاتن دێت.
- بەکارهێنانی مۆمیش تەنها لەلایەن میسری و ڕۆمانەکانەوە نەبوە بە تەنها،بەڵکو چینیەکانیش کێبڕکێیان کردوون کە چەوریان لە تۆوی داری چەور Tallon Tree دەرهێناوە.
- لە ئاسیاشدا مۆم Wax دەرهاتوە لە مێرووییەکەوە بەناوی cocus سەرەڕای سەرچاوە ڕوەکیەکان،کە ئەم چەوریانە دەکرانە ناو لولە گەڵای ڕوەکەکانەوە.

- لە هندستانیش ، هندیەکان هەڵدەستان بە کوڵاندنی گوڵی قەرفە cinnamon و کڕاندنی مۆمە بە جێماوەکە لە دوای کوڵاندن و بەکارهێنانی لەکاری مۆمی ڕووناککردنەوەدا.بەڵام بەکارهێنانی مۆمی دروستکراو لە چەوری ئاژەڵی لە پەرستگاکاندا قەدەغە کرابوو.
- لەوسەری دونیاشەوە،دانیشتوانە ناوچەییەکان هەندێ بەروبومی وەکو بەری دەمانچەی ڕووەکی جوجوبا jojoba nuts کە درەختیلەیەکی بیابانە و جۆرە چەوریەك دەردەکات کە لە ئێستادا بۆ بەرهەمەکانی جوانکاری بەکاردێت بەکاریان دەهێنا کە جێگەی سەرەکی مەکسیك و ئەریزۆنا و کالیفۆرنیا بوو.
- بەرهەمە شیاوەکان بۆ خواردن زەیتی مۆمی wax oil بەرهەم دێنن کە لە پیشەسازی شامپۆکان و دروستکراوە جوانکاریەکاندا بەکاردێن.ئەو جۆرە دارەش ناودەبرێت بە ( Simmondsia chinensis) بۆ دەرهێنانی زەیت.هەروەها درەختیلەی وەکو مۆمی ئوس wax myrtle و کەمیت bayberries بەکاردەهێنا بۆ دەرهێنانی مۆم. کەلەسەر کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەمریکای باکور دەڕوێت.کە گەڵای بۆندار و بەری داپۆشراو بەچینێکی مۆمی هەیە و بەکاردەهێنرێت لە پیشەسازی مۆمدا. هەروەها مرۆڤ ئەوەی دۆزیەوە کە ئاژەڵەکانیش مۆمی زەیتی هەیە oil wax ،دانیشتوانی سەرەتایی ئەمریکا مۆمی ماسیان بەکارهێناوە candle fish ،بەشێوەیەك تەختەیەکیان دەخستە ناو ماسیەکەوە و ئاگریان پێوە دەنا و دەسووتا وەکو گڵۆپ.
- **مۆم گەلێك بەكارهێنانی هەیە لەوانە :**

١. مۆمی ڕووناککردنەوەی کلاسیکی:کە بەکاردێت بۆ ڕووناکردنەوەی ناو ماڵ و مزگەوت و کەنیسە و چێشتخانە و بۆنەکان و ..هتد.شێوە و قەوارەی جیاوازیشی هەیە کە دەستپێدەکات بە تیرەی ٣ملم بۆ ٤٠ ملم و درێژی ٤٠ملم بۆ ١٠٠٠ملم بەپێی بەکارهێنانەکەی.

٢. مۆمی جوانکاری: کە بۆنێکی جیاکەرەوە و جیاوازی هەیە بە بۆنی جیاواز و بەکاردەهێنرێت بۆ مەبەستی جوانکاری،زیادکردنی بۆنەکانیش یان بەمەبەستی بۆنخۆشکردنی جێگەکەیە یان بەمەبەستی دەرکردنی مێرووە فڕیوەکانە.کە لێرەدا مۆمی بەکارهاتوو نرخی گرانە بە بەراوورد بە مۆمی کلاسیکی و شێوەی هەمە جۆریشی هەیە لەسەر شێوە و هەیکەلی مرۆڤ یان ڕووەك یان ئاژەڵ یان هەر شێوازێکی هونەری تر.

٣. مۆمی دیاری و نایاب: کە هەمیشە پەیوەستە بە بەرهەمێکی ترەوە کە زیو یان خەزەف یان شوشەی تیادایە،بەشێوەیەك مۆمەکە بەشێکە لەبەرهەمە گشتیەکە کە هاوکار دەبێت بە پێدانی بەهایەکی جوانکاری و ڕەنگێتی بۆ بەرهەمە یاریدەدەرەکانی تر بە ئاسانکردنی فرۆشتنی و هەمە جۆر بەکارهێنانی.

- **توخمە سەرەکی و سەرەتاییەکانی بەرهەمهێنانی مۆم:**

گرنگترین توخمە سەرەتاییەکان بۆ دروستکردنی مۆم بریتین لە:

١. مۆمی پارافینی
٢. ترشی ستیریك
٣. بۆیەی ڕەنگەکان
٤. فتیلە

- **قۆناغەکانی دروستکردنی مۆم**

پرۆسەی بەرهەمهێنانی مۆم بەهەموو جۆرە جیاوازەکانیەوە دادەنرێت بە پرۆسەیەکی بەرهەمهێنانی ئاسان کە دەتوانرێت لەماوەیەکی کورتدا ڕاهێنانی لەسەر بکرێت و پێویستی بە شارەزایەکی هونەری تایبەت نیە،جگە لە ئامادەکردنی قاڵبەکان لە توخمە سەرەتاییە جیاوازەکان،قۆناغەکانی بەرهەمهێنان بەکورتی بریتین لە:

١.تواندنەوەی مۆمی خاو

مۆمی سەرەتایی لەسەر شێوەی بلۆکی پێچراوە هەیە کە کێشەکەی بریتیە لە ٣٠ کغم و دابەشدەکرێتە سەر بەشی جیاواز و دەتوێنرێتەوە لە حەوزی ستاینلێس ستیلدا یان ئەلەمنیۆمدا و باشتر وایە لە حەوزێکی ئاویدا بێت کە پلەی گەرمیەکەی لە ٥٠ پلە زیاتر نەبێت،و دەکرێت لە فڕنی تایبەتیشدا بتوێنرێتەوە.

٢. زیادکردنی ڕەنگەکان

ڕەنگی دیاریکراو زیاد دەکرێت بۆ بڕێکی کەم لە مۆمی تواوە، ڕەنگەکان بریتین لە ئۆکسیدەکان لەسەر شێوەی هاڕاوەن، و ڕەنگی زیاتر زیاد دەکرێت بۆ دەسکەوتنی پلە و چڕی داواکراو و دوای ئەوەش ڕەنگ زیاد دەکرێت دوای دروستبوونی بۆ مۆمی شل و تێکەڵ دەکرێت بەشێوەیەکی باش هەتا بە تەواوەتی تێکەڵ دەبن و ڕێك دەکەون لەگەڵ یەکتردا.

٣. زیادکردنی توخمی ڕەقکەر

توخمی ڕەقکەر زیاد دەکرێت کە دەبێتە هۆی زیاتر ڕەقکردنی مۆمەکە کە بریتیە لە ترشی سیتریك بە ڕێژەی دیاریکراو کە لە نێوان ٥-١٠٪ یە، بەپێی جۆری بەرهەمەکە و بەکارهێنانی کە ئەوەی کاریگەری دەبێت لەسەر تێچوونی کۆتایی بەرهەمەکە.

٤. داڕشتنی مۆم:

کە ئەمەش بە دوو ڕێگا دەکرێت:

- مۆمی کلاسیکی

کەناسراوە بە مۆمی شێوە لولەیی بەدرێژی و ئەستوری جیاواز کە دروستدەکرێت یان بە داڕشتن لە قاڵبدا بە ژمارەی بچوك یان لەسەر مەکینە کە بەرهەمی زیاتر دەدات،کەلەهەر ١٥ خولەکێکدا ١٠٠ پارچە مۆم دروست دەکرێت بە کوالێتیەکی بەرزیش.کەلەم ڕێگەیەدا مەکینە و ڕەنگ و درێژی مۆمەکە و دانانی داوەکە ڕێکدەخرێت و دواتر مۆمەکەی بەسەردا دادەڕێژرێت.

- مۆمی جوانکاری و دیاری

لەم ڕێگایەدا، مۆمەکە دادەڕێژرێتەوە ناو ئەو قاڵبانەوە کەلەسەر شێوەی جیاواز و داواکراو دروستدەکرێت،کە ئاسایی لە ئەلەمنیۆم یان فایبەرگلاس یان جۆرەکانی مەتات دروستکراون کە بەرگەی پلەی گەرمی دەگرن بەبێ ئەوەی شێوە گشتیەکەی ون بکات،قاڵبەکان لەسەر شێوەی بەرهەمە کۆتاییەکە دروست دەکرێت کە لە دوو بەش یان زیاتر پێکهاتوە بەهۆی بونی ئاڵۆزی لە شێوەی قاڵبەکەدا کەوا پێویست دەکات لە چەند بەشێك پێکبێت،قاڵبەکە چەوردەکرێت بە زەیتی گوێزی هندی یان زەیتی مێخەك پێش داڕشتنی مۆمەکە بۆ ئەوەی بەرهەمەکە دوای ساردکردنەوە بە ئاسانی دەربهێنرێت.

٥. ساردکردنەوە

قاڵبەکان بە ئاوی ئاسایی سارد دەکرێنەوە لە پلەی گەرمی هەوادا و ماوەی ساردکردنەوەکەش دەوەستێتە سەر ئەستوری مۆمەکە کە لە نێوان ٣٠-٩٠ خولەکدایە.

٦. لێکردنەوەی قاڵبەکان

بەرهەمی کۆتایی لە ماکینە یان قاڵبە جیاوازەکان دەردەهێنرێت و قاڵبەکان خاوێن دەکرێتەوە بە توخمێکی توێنەرەوە و ئامادەکردنی بۆ دەستکردن بەبەرهەمێکی نوێ.

٧. لابردنی زیادەکان

پارچە زیادەکان کە دروست دەبن بەهۆی قاڵبەکانەوە لەسەر مۆمەکە لادەبرێن بەهۆی(( چەقۆ))وە بۆ ئەوەی بەرهەمی کۆتایی شێوازێکی جوان و ڕێکو پێکی هەبێت.

٨. تێهەڵکێشان لە گیراوە بریقەدارەکان

مۆمەکە هەڵدەکێشرێت لە گیراوەی مۆمی تواوە کە توخمی بریقەدارکردنی ڕوەکانی تێکراوە،ئەمەش بۆ پاراستنی شێوەی مۆمەکە و ڕێگەگرتن لە کۆبونەوەی تۆزخۆڵ و پێوە لکاندنی.

٩. نەخشاندنی هەندێ مۆمی جوانکاری

هەندێ جۆری مۆمی جوانکاری دەنەخشێنرێت بە زیادکردنی وێنەی زەخرەفە و بەڕەنگی جیاواز بۆ ئەوەی بەهایەکی هونەری پێبدات،ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی فڵچەی ڕەنگکردنی ئاسایی و ئەو ڕەنگانەی کە بنەمایەکی پلاستیکیان هەیە.

- **چۆن پڕۆژەیەکی بچووکی دروستکردنی مۆم دادەمەزرێت؟**

١. ڕووبەری جێگەکە: پڕۆژەکە پێویستی بە ١٠٠ مەتر دووجا زەوی هەیە بۆ وەرشە و مەخزەن و پێویستی بەدووکەڵکێشێکی بەرزیش هەیە لەسەر وەرشەکە بۆ کردنە دەرەوەی دوکەڵی دروستبوو لە ئەنجامی پڕۆسەی تواندنەوەی مۆمەکە.

٢. پڕۆژەکە پێویستی بە کارەبای ٢٢٠ ڤۆڵتی بە توانای ٤ کیلۆوات هەیە.

٣. ئەو ئامێر و کەل و پەلانە کە پێویستن بۆ پڕۆژەکە:

- مەنجەڵی تواندنەوە: کە قەوارەی جیاوازیان هەیە و لەو کانزایانە دروستکراون کە درز نابەن یان ئەلەمنیۆم و ٤ دانە پێویستە.
- ئاگردانی غازی: کە بەغاز کاردەکەن و ٤ دانە پێویستە.
- مەنجەڵی داڕشتنی مۆم: کە دەمێکی تەسکی هەیە بۆ داڕشتنی مۆمە تواوەکە بۆ ناو قاڵبە ئەلەمنیۆمەکان بە ژمارەی ٨ دانە.
- مەکینەی دروستکردنی مۆمی ئاسایی: کە لە ئاسن دروستکراوە کە ژمارەیەك دەرچە و جێگەی دانانی فتیلەکانی تیادایە کە ٢ دانە پێویستە.
- قاڵب: قاڵب بە شێوازی جیاواز لە مۆمی جوانکاری کە لە ئەلەمنیۆم دروستکراون کە ٢٠ دانە پێویستە.
- ئامێری ڕێکخەر: کە لە ژمارەیەکی چەقۆی قەوارە جیاواز پێکدێت کە ١٠ دانە پێویستە.
- ئامێری ڕەنگکردن و نەخشەکردن: ژمارەیەك فڵچە و بە پێوانە و قەوارەی جیاواز کە ٢٠ دانە پێویستە.
- مێزی کارکردن: کە لە ستاینلێس ستیل دروستکراون بە قەبارەی ١*٢*٨ر٠م و ٤ دانە پێویستە.
- دۆڵاب: دۆڵاب کە لەتەختە دروستکراون بۆ پاراستنی مۆمەکە لە تەپوتۆز و ٤ دانە پێویستە.

٤. پێداویستی پرۆژەکە لە توخمە سەرەتاییەکان بۆ کارکردنی (( ١ مانگ)):

- مۆمی پارافینی/٣ تەن
- مۆمی کریستالید،دروستکراوی مەجەڕی ،١تەن
- ڕەقکەر(( ترشی سیتریك))،مەجەڕی،٢٠کغم
- ڕەنگەکان، ٥کغم
- فتیلە(( لۆکە)) ،١٠ کغم
- پێداویستی لە پاکەت و کارتۆن و نایلۆنی پێچانەوە،نیوتەن

٥. دەستی کار

لەم پرۆژەیەدا تەنها ١ بەڕێوەبەر و ٤ تەکنیکی و ٣ کرێکاری شارەزا پێویستن کە یەك وەجبە کاردەکەن بۆ ماوەی ١٠ کاتژمێر.

٦. بەرهەمەکانی ئەم پرۆژەیە لە مانگێکدا:

- مۆمی ڕووناککردنەوە،٣٠٠٠مۆم
- مۆمی جوانکاری و جۆری نایاب،١٥٠٠ مۆم
- مۆمی بۆندار،١٥٠٠مۆم

٧. لە پاکەتنان و پێچانەوە:

ئەم قۆناغە،گرنگە بۆ ئەم پیشەسازیە چونکە بەرهەمەکە دەکرێت بشکێت و بشێوێت لەکاتی گواستنەوە و هەڵگرتندا چونکە بەگەرما کاری تێدەکرێت بەشێوەیەکی گەورە کە دەبێتە هۆی خراپ بوون و فڕێدان.لەبەرئەوە بەرهەمەکە بەگرنگیەکی زۆرەوە دەخرێتە ناو کارتۆنی بەهێزەوە بۆ پاراستنی و لەهەمان کاتدا دەرخستنی شێوەی هونەری بەرهەمەکەش چونکە ڕووکەش و سیمای بەرهەمەکە یاریدەدەرە بۆ فرۆشتنی و مۆمە گرانەکانیش دەخرێتە پاکەتی ڕوو شەفافەوە بۆ دەرخستنی شێوە جوان و هونەری مۆمەکە.لەکاتێکدا مۆمی ئاسایی لە کیسی نایلۆنی شەفافدا هەڵدەگیرێت.

٨. توخمی کوالێتی: کوالێتی باش و بەرز لە دیزاینی باشی مۆمەکەدا دەردەکەوێت کە بەرزی ئاستی هونەری و جوانکاری و ڕێکخستنی قاڵبەکان لەخۆدەگرێت،هەروەها هەڵبژاردنی توخمە سەرەتاییە باشەکانیش کاریگەری گەورەیان دەبێت لەسەر شێوە و ڕەقێتی و بریقەداری بەرهەمەکە.

٩. فرۆشتن و بە بازاڕکردن

داواکاری لەسەر مۆمی ڕووناککردنەوە و جوانکاری زۆرە، و بازاڕ و کڕیاری باشی هەیە. ئەمەش دەوەستێتە سەر:

- هەرزانی نرخ
- داهێنان لە دیزایندا
- پێچانەوە بەڕێگایەك کە جوانی تیادا بێت کە ڕێگر بێت لە شکاندن یان شێواندنی مۆمەکە.

١٠. مەرجە تەندروستی و ژینگەییەکان:

- مەرجە گشتیەکان:

١. دابینکردنی سەرچاوەی هەواگۆڕکێی سروشتی پێویست.
٢. دابینکردنی هۆکارەکانی ئاگرکوژاندنەوەی پێویست.
٣. دابینکردنی سەرچاوەی هەمیشەیی ئاو.
٤. هەبوونی تۆڕی گشتی ئاوەڕۆی تەندروستی و پیشەسازی.

- مەرجە تایبەتەکان:

١.دابینکردنی سیستەمی هەواگۆڕکێ و ڕاکێشانی میکانیکی بۆ نزمکردنەوەی چڕی دەرچووەکان.

٢. خۆڕزگارکردنی سەلامەتی لە پاشماوە ڕەقەکان و نەکردنە ناو ئاوەڕۆی تەندروستیەوە و هەوڵدانیش بۆ بەکارهێنانەوەی.

- **جۆرەکانی مۆم**

١. مۆمی پارافینی : کە ئەم جۆرە یەکێکە لە پێکهاتەکانی نەوتی خاو،لەدوای جیاکردنەوەی لە پێکهاتەکانی تر دەستدەکەوێت لە ئەنجامی دڵۆپاندنی نەوتی خاوەوە.و پێی دەوترێت چەوری پارافینی پاڵافتە refind wax ،وشەی پارافینیش وشەیەکی لاتینیە و پێکهاتوە لە Paraum بەمانای کەم یان لەگەڵ، و وشەی affinis بەمانای پەیوەندی یان ڕاکێشان دێت.

لە بنچینەدا توخمی کیمیاوی کەم هەن کە کارلێك دەکەن لەگەڵ مۆمدا یان پێکەوە بلکێن، و لەسەر شێوەی پارچە پارچە یان پاودەر هەیە. کە ڕەنگدار یان بێڕەنگیشە.ئەم جۆرە لە مۆمە سروشتیەکان دادەنرێت.

٢. مۆمی هەنگ bees wax : ئەم جۆرە کەم بڵاوە بەڵام زیاتر بەناوبانگە لە پیشەسازی مۆمی ڕووناککردنەوەدا candle .و بەهەمان شێوە لە مۆمە سروشتیەکان دادەنرێت کە لە هەنگوینەوە دەست دەکەوێت بەهۆی بەکارهێنانی لەدروستکردنی حەپی هەنگوینیدا.

ئەم جۆرە لە مێوی هەنگوینی کەمە بەڵام گرانە و لە ئامادەکردنی پێداویستیە جوانکارییەکاندا بەکاردێت.ئەم جۆرە لە مۆم خاوێن و بێ دووکەڵ و بێ بۆنە، بە پێچەوانەی مۆمی دروستکراو لە چەوری ئاژەڵیەوە کە دوکەڵ و بۆنێکی ناخۆشی زۆر هەیە و ژینگەش پیس دەکات.لەم جۆرەدا پێویست بە زیادکردنی ڕەنگ و بۆن ناکات،چونکە بۆخۆی ڕەنگی سەوزێکی زەیتونی نەرمی هەیە. بەڵام گران بەهایە.

٣. مۆمی صۆیا Soy Wax :مۆمی پاقلەی صۆیا لە نوێترین جۆرەکانی مۆمە کە بەکاردەهێنرێت لە پیشەسازی مۆمی ڕووناککردنەوەدا، بەڵام لە ئێستادا بۆتە بەربڵاوترین مۆمی میللی.لەبەرئەوەی‌سەرچاوەیەکە دەتوانرێت نوێبکرێتەوە re newable هەروەها مۆمێکە توانای هەڵوەشانی هەیە biodegradable و دەتوانرێت لە فڕنی مایکرۆێڤدا بتوێنرێتەوە.ئەم جۆرە بەوە جیادەکرێتەوە زۆر نەرمە لەبەرئەوە لە مۆمی کۆنتێنەرەکاندا بەکار دەهێنرێت.دەتوانرێت فتیلەی گەورە یان فتیلەی کاغەزیشی تیادا بەکاربهێنرێت.

٤. مۆمی جێڵی Gel Wax: لەم جۆرەدا بڵقی ئاشکرا دەبینین لەناو مۆمەکەدا،ئەم جۆرە مۆمە دروستدەکرێت لە یەکگرتنی زەیتی کانزایی mineral oil لەگەڵ فاکتەری گلینج gelling agent .ئەم جۆرە مۆمە ڕوون وپێکهاتەیەکی مەتاتی هەیە.و ئەم جۆرە زۆر مەترسیدارە چونکە بەگرانی دەگەینە پلەی تواندنەوە بە بەکارهێنانی مەنجەڵی دووبەرگی double boiler و نابێت لەکاتی کوڵان و تواندنەوەدا چاوی لەسەر هەڵبگیرێت،چونکە گەر پلەی گەرمیەکەی بگاتە خاڵی گڕگرتن Flash Point ئەوا دەبێتە هۆی تەقینەوەیەکی بەهێز.هەربۆیە بەهێواشی و لەسەر خۆ گەرم دەکرێت و درێژ بونەوەی ماوەی گەرمکردنیش دەبێتە هۆی کەمبونەوەی بڵقەکان.

باشترە هیچ ڕەنگ و بۆنێك نەکرێتە ئەم جۆرە مۆمەوە چونکە کاردەکاتە سەر پلەی تواندنەوەی و خاڵی گڕگرتن. و زیادکردنی بۆنەکانیش باشترە بۆنە بنچینەییە ژەنگیەکان بێت نەك کحولیەکان،مۆمی جێڵی لە پلەی گەرمی ٩٠-٩٨ دەتوێتەوە بۆ ئەوەی بڵقی کەمی تیادا بێت، بەڵام لە پلەی ٧٦-٨٨ پلەی سەدی بڵقی زۆری تیادا دەبێت و فتیلەکانیش لە جۆری زینك دەبێت و لۆکە نەبێت.

- گرنگی بونی مۆم لە بونی ئاگرەکەیدایە،بۆ ڕووناککردنەوە و پیرۆزی و ئارام بەخشی لەکەش وهەوا ڕۆمانسی و ئاینیەکاندا. و هەر ئەم ئاگرە بە جوڵە و شەپۆلاویەکەی دەبێتە هۆی بڵاوبونەوەی بۆن و ئارامی دەبەخشێت.بۆیە گرنگە بزانین ئەو ئاگرە چیە و ئەو نهێنیە جادوییە چیە تیایدا؟ و چۆن ڕوناکی لێوە دەردەچێت؟

ئاگر شتێکی نامۆیە،شتێکە تێگەیشتنی قورسە،بەڵام ئەوەی هەستپێدەکەین لە ئاگری مۆمەوە ئاگری ڕاستەقینە نیە،بەهیچ شێوەیەك، کاریگەری ئاگر چیە؟ ئاگری ڕاستەقینە لەلایەنی

ڕاستیەوە شاراوەیە لە بینینی ڕووت،ئەو بریتیە لە گەرمیەکی تیژ و بەهێز کە دروستکراوە لە ئەنجامی کارلێکی کیمیاویەوە،ئەو ڕووناکیەی کە دەیبینین و پێیدەڵێن ئاگر Flame بریتیە لە درەوشانەوەی ئەو توخمانەی کە پلەی گەرمیان بەتوندی بەرزدەبێتەوە. بەڵام ناسوتێن.

گڕی ئاگری مۆم بریتیە لەو ڕوناکی و شەوقەی کە دروست دەبێت لە گەردیلەی کاربۆنی شاراوە کە لەکاتی ڕزرگابونیدا و توانای سووتاندنی نیە بەرزدەبێتەوە بۆ سەرەوە کە هەواکەی گەرمە و دەبێتە گەردیلەی کاربۆنی ڕۆشن.

- **لەکۆتاییدا**، پڕۆژە و پیشەسازی مۆم لە کوردستاندا بۆتە پێویستیەکی ئەم قۆناغە لەلایەك لەبەر کەمبونەوەی کارەبا و سووتەمەنی و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی ئەوەی ئەم پیشەسازیە پیشەسازیەکی سانایە و کەرەسەخاوەکانیشی بەهەرزانی دەستدەکەوێت. و کرێی دەستی کاریش هەرزانە و مۆمیش وەك بەرهەمێك بۆ ڕووناککردنەوە و جوانکاری و ...هتد.بەکارهێنان و بازاڕێکی پڕ فرۆشی هەیە و دەکرێت سوودی لێوەربگیرێت وەك هەنگاوێك بۆ بوژاندنەوە و گەشەپێدانی بواری پیشەسازی و کەمکردنەوەی بێکاری و دەسکەوتنی داهاتی زیاتر بۆ حکومەت و کەرتی تایبەتیش.

بەهیوای ئەوەی کە بەپلانی زانستی و ئابوری و واقعی هەوڵی بەگەڕخستنەوەی کارگە بەرهەمهێنە پیشەسازیەکان و پڕۆژە پیشەسازیە بچووکەکانی کەرتی تایبەت بدرێت و پیشەسازی بکەینەوە سەرچاوەیەکی داهات و پێشخستنی وڵات و کۆمەڵگاکەمان و چیدی بە شێوەیەکی ڕەها پشت نەبەستینە سەر داهاتی نەوت و غازی سروشتی کە بەداخەوە تاکو ئێستا نەبونەتە فریادڕەس و نیعمەت بەڵکو تا ئێستا هەر بونەتە مایەی برسیکردن و قاتوقڕی و نیقمەت لەسایەی نەزانین و بەڕێوەبردنێکی نازانستی و ناڕوون لەلایەن دەسەڵاتداران و بەڕێوەبەرانی ئەو کەرتە گرنگ و هەستیارەی پیشەسازی.

سەرچاوە :

======

- پێگە جیاوازەکانی ئەنتەرنێت

---

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئەندازیاران ژمارە ٥٥ لە زستانی ٢٠١٦دا بڵاوکراوەتەوە.

# پیشەسازی شەکر لە کوردستاندا... *

- **پێناسە**

شەکر: توخمێکی کریستاڵیە و بە سەربەستی دەجوڵێت و شێوەی وەك یەکی هەیە، تامی خۆشە و ڕوون و خاوێنە و بۆنی نیە، لە قامیشی شەکر و چەوەندەری شەکر دەردەهێنرێت، لە ڕووی کیمیاویەوە پێی دەوترێت سوکەرۆز Sucrose ، کە شەکرێکی دوانەیە و پێکدێت لە شەکری گلۆکۆز Glucose و فرەکتۆزFructose ، لێکهەڵدەوەشێت بە شیبونەوەی ئاوی بە هۆی ترش یان ئەنزیمی ئینفرتاز inverrtase، تێکەڵەی بەرهەمیش کە لە بەشی یەکسان پێکهاتوە لە گلوکۆز و فرەکتۆز ناودەبرێت بە شەکری هەڵگەڕاوە invert sugar.وشەی شەکر وەرگیراوە لە زمانی سانسکریتی کۆنەوە کە Sakkaraمانای (( لمی شیرین)) دەدات.

- **کورتەیەکی مێژوویی لە پیشەسازی شەکردا**

مرۆڤ لە مێژەوە قامیشی شەکری ناسیوە،بەڕوەکێکی کەمەری و نیمچە کەمەری دادەنرێت لە نێوان هێڵی پانی ٣٥ ی باکور و باشوری هێڵی ئیستیوادایە.ولاّتی بنەڕەتی بریتیە لە ولاّتی غینیای نوێ لە باشووری زەریای هێمندا،لەوێوە گوازراوەتەوە بۆ باشووری ڕۆژهەلاّتی ئاسیا و چین و باکوری هند،ڕواندنی بلاّوبۆتەوە لە ڕۆژئاواو و ڕۆژهەلاّتیشیدا. عەرەبەکانیش هێنایانە ناوچەی حەوزی دەریای ناوەڕاست و ئەندەلوس،کریستۆڤەر کۆلۆمبیش گواستیەوە بۆ کۆلۆنیالیەکانی ئەمریکا لە گەشتی دووەمیدا لە ساڵی ١٤٩٣دا.

گوشراوی قامیشی شەکر بەکاردەهێنرێت لە شیکردنەوەی هەندێك خواردنەوەدا لە هند و چین و ولاّتی فارسدا،عەرەبە مسوڵمانەکان یەکەم کەس بوون کە شەکریان پالاّوت و شەکری سپییان بەرهەم هێنا،شیرینیشیان لێدروست دەکرد،لەهەندێ داودەرمانیشدا بەکاریان دەهێنا،ئەم پیشەسازیە لە میسر و ولاّتی شامدا گەیشتە ترۆپکی لە سەدەکانی سیانزە و پانزەهەمی زاینیدا.عەرەبەکان گواستیانەوە بۆ ئەوروپاش لە ڕێگەی ئەندەلوسەوە لە قۆناغی جەنگی خاچپەرستەکاندا.لەگەڵ بەرەو پێشچوونی پرۆسەی

پالأوتنی شەکر و دۆزینەوەی نرخی خۆراکی و بلأوبونەوەی بەرهەمی چا و قاوە و ...هتد. پیشەسازی شەکرگەشەی زیاتری کرد.

هندستان لەسەدەی شانزەهەمدا یەکەم کارگەی دروستکردنی شەکری دامەزراند لەسەر ئاستی بازرگانی نێودەوڵەتی،ئەم کارەش هاوکات بوو لەگەڵ فراوانبوونی کۆلۆنیالیەکان لەهەردوو ئەمریکاکاندا،یەکەم گوشێنەری قامیشی شەکر لە ساڵی ١٥٠٩ لە ئەمریکا دانرا ئەوەی کە ئێستا پێی دەوترێت کۆماری دۆمەنیکان،ڕواندنی قامیشی شەکریش لە ساڵی ١٥١١دا گەیشتە کوبا.

میسریش یەکەم وڵاتی عەرەبیە کە لەسەردەمی هاوچەرخدا و لە ساڵی ١٨٥٦ دا کارگەی شەکری لە قامیشی شەکر دامەزراند.و ڕێژەی بەرهەمی شەکری میسری لە قامیشی شەکر لە کۆی بەرهەمی جیهانی دەگاتە ٧١٪.

بەلأم بەرهەمهێنانی شەکر لە چەوەندەری شەکر تا ڕادەیەك بەکارێکی نوێ دادەنرێت،ڕێچکەی گونجاوی خۆی وەرنەگرت تا ئەو کاتەی کە کیمیازانی ئەڵمانی ئەندریاس مارگراف A.Marggraph لە ئەکادیمیای زانستی لە بروسیا لە ساڵی ١٧٤٧دا گەیشتە ئەو بڕوایەی کە دەتوانرێت شەکر لە چەوەندەری شەکر دەربهێنرێت( چەوەندەری سپی)،بەلأم بڕی شەکری بەرهەم لەو سەردەمەدا بەشێوەیەکی ئابوری و بە قازانج نەبوو،تا ئەو کاتەی هاولأتی بەڕەگەز ئەڵمانی فریدریك ئەشار F.Ashar لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا گەیشتە ئەوەی کە بڕی شەکری دەرهاتوو لە چەوەندەر بەرزبکاتەوە،پرۆسەکەی پێشخست و کارگەیەکی دەرهێنانی شەکری لە چەوەندەری شەکر دامەزراند،بەلأم دەرهێنانی شەکر لە چەوەندەر بە شێوە زانسیتیەکەی لەلایەن لێکۆڵەری کشتوکاڵی لویس فێلمۆران L.Vilmoran وە بوو دوای ئەویش لێکۆڵەری تر ڕێچکەی ئەویان گرت و دەستیان کردە لێکۆڵینەوە بۆ دەرهێنانی شەکر لە چەوەندەر و بەرهەمهێنانی شەکر.چەروەندەری شەکری دادەنرێت لە ڕوەکەکانی ناوچە مام ناوەند و مام ناوەندە ساردەکان لەڕووی کەش و هەواوە.

- **سیفاتە فیزیاوی و کیمیاویەکانی شەکر**

کریستاڵەکانی سوکەرۆز بەوە جیادەکرێتەوە کە شێوەیەکی ئەندازیاری هەمەلایەن و لێوار و ڕووی هەیە،چڕی ڕێژەییەکەی بریتیە لە ١,٥٨٧٩،شەکر لە ئاودا دەتوێتەوە بەشێوەیەکی گەورە،شیبونەوەشی زیاد دەبێت بە بەرزبونەوەی پلەی گەرما،لە یەك

کیلۆگرام ئاودا و لە پلەی گەرمای ٢٠ س بڕی ١,٩٩٤ کگم شەکر دەتوێتەوە،لەپلەی گەرمای ٨٠س دا نزیکەی ٣,٧٥کگم دەتوێتەوە.

سوکەرۆز لە کحولی ئەثیلینی سەربەستدا ناتوێتەوە،هەروەها لە کلۆرۆفۆرم و چوارەم کلۆری کاربۆنیشدا ناتوێتەوە،بەلاَم لە گیراوە ئاویە کحولیەکاندا بەبڕێك دەتوێتەوە کە ڕاستەوانە دەگونجێت لەگەڵ ڕێژەی ئاوی هەبوو لەو گیراوانەدا، هەروەها سوکەرۆز لە گیراوەی ئاویدا بەکاریگەری ترشەکان بۆ گلۆکۆز و فرەکتۆز بە تێکردنی گەردیلەیەك ئاو هەڵدەوەشێت.

ئۆکسیدەرەکان وەك گیراوەی فەهلەنگ و یۆد کارناکەنە گەردی شەکر،بەلاَم ئۆکسجین بەشێوەیەکی لەسەرخۆ کار دەکاتە سەر شەکر لە ناوەندێکی تفتدا،لەکاتی تێپەڕکردنی ئۆکسجینی خاوێندا لە پلەی گەرمی ٨٠ س.لەگیراوەیەك کە خەستیەکەی ١٥٪ی سوکەرۆز بێت،بەبونی ئاوەکانی کالیسیۆم،ڕێژەی ١,٤٪ دەئۆکسێت لە ماوەی یەك کاتژمێردا.

شەکر دەتوانێت بترشێت بە کاریگەری هەندێ ترشێنەر و هەڵدەوەشێت بۆ گلۆکۆز و فرەکتۆز لە قۆناغی یەکەمدا،دواتر بۆ هەندێ جۆرەکانی کحول و ترشەکان لە قۆناغی دووەمدا،سوود لە شەکر دەبینرێت لە خۆراکەکانی ناوماڵ و خۆراکە دروستکراوەکاندا،هەروەها سوود لە خامەکانی شەکر و بەرهەمی گوشراوە لاوەکیەکان وەردەگیرێت لەدوای ترشاندنی بۆ بەرهەمهێنانی کحولی ئەثیلی و کحولی بیوتیلی و گلیسرین و ترشی لیمۆ و ...هتد.شەکر دەچێتە دروستکردنی هەندێ جۆر لە صابونی ڕوون، هەروەها دەتوانرێت بگۆڕدرێت بۆ ئەستەر و ئیثە رە کانیش و هەندێکیشی توانای شیبونەوەیان هەیە.

- **پێکهاتە کیمیاوی شەکر و پێوەرەکانی دروستکردنی و نرخی خۆراکی**

سیفاتە پێوانەییەکانی شەکری سپی ئەم خالاَنەی لای خوارەوە دەگرێتەوە:

- ئیستیقلاب ٩٩,٧٪ وەك کەمترین ئاست.
- شەکری هەڵگەڕاوە ٠,٠٤٪ وەك کەمترین ئاست.
- خۆڵەمێش ٠,٠٤٪ وەك کەمترین ئاست.
- شێ ٠,٠١٪ وەك کەمترین ئاست.

- ڕەنگ ٦٠ یەکەی ئیکۆمسا( Icumsa International Commission Uniform Method Of Sugar Analysis)) وەك نزمترین ئاست.کە یەکەیەکی نێودەوڵەتیە بۆ پێوانەی خاوێنی شەکری شیبۆوە لە ئاودا و پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە ڕەنگی شەکرەوە.
- دووەم ئۆکسیدی کبریت $SO_2$ ٢ ملگم/کگم وەك نزمترین ئاست.
- زەڕنیخ ١ ملگم/کگم وەك نزمترین ئاست.
- ڕەصاص ٢ملگم/کگم وەك نزمترین ئاست.
- مس ٢ ملگم/کگم وەك نزمترین ئاست.
- نابێت لە ١٠ گم شەکردا هیچ ڕیشاڵێکی ئشریکی کۆلۆنی دەربکەوێت.
- نابێت ژمارەی کۆلیفۆرمەکان لە ١٠ ڕیشاڵ لە ١٠ گم شەکر زیاتر بێت.
- نابێت لە ٢٥ گم شەکردا هیچ ڕیشاڵێکی سالمۆنێلا دەربکەوێت.
- نابێت لە بڕی ٥گم شەکردا هیچ گرێیەکی هەناوی دەربکەوێت.
- **قۆناغەکانی دروستکردنی شەکر**

پڕۆسەی دروسکردن و ڕێگاکانی پیادەکراو بۆ بەرهەمهێنانی شەکر لە قامیش و چەوەندەری شەکری هاوشێوەن و لەیەکتر دەچن، لەگەڵ هەندێك جیاوازیدا لە مەکینە و ئامێر و تەکنەلۆژیا بەکارهێنراوەکان لەو پڕۆسەیەدا،دەتوانرێت ئەو پڕۆسانە کورت بکرێنەوە بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

١. **قۆناغی شۆردنەوە و پاککردنەوە:** مەبەست لیی ڕزگارکردنی قامیش و چەوەندەرەکەیە لە هەموو خۆڵ و قوڕ و خاشاکێك(( گەڵای ڕووەکەکان ،چیلکە و چەوێڵ،بەرد، خۆڵ)).

٢. **قۆناغی دەرهێنانی شەربەت:** تەنها لەم قۆناغەدا پڕۆسەی بەرهەمهێنانی شەکر جیاوازە لە نێوان قامیش و چەوەندەری شەکردا،( دواتر هەموو قۆناغەکان هاوشێوەی یەکترن) ، دوای خاوێنکردنەوەی قامیشی شەکرەکە پارچە پارچە دەکرێت و دەهاڕدرێت،دواتر بەهۆی گوشەری فشاری هایدرۆلیکیەوە شەربەتی لێ دەردەهێنرێت،بەڵام چەوەندەری شەکر پارچە پارچە دەکرێت بۆ ئامادەکردنی بۆ کرداری دەرهێنان بە ڕێگەی پاڵاوتن leaching بۆ جیاکردنەوەی شەربەتی شەکری لە پارچەکان.

٣. **قۆناغی پاڵاوتنی شەربەت:**ئاوی کالیسیۆم زیاد دەکرێت بۆ شەربەتەکە بەمەبەستی ڕزگاربوون لەهەموو توخمە ناشەکریەکان( توخمی پرۆتین ،بەکتینی،ترشە ئەمینیەکان،خوێ و ترشە ئەندامیەکان و نائەندامیەکان،شەکری گەڕاوەکان))،پڕۆسە یەك لەدوایەکانی پاڵاوتن

ڕێگای چارەسەری جیاواز لە خۆدەگرن لە گەرمکردن و بەکاربۆن بوون و بەکبریتبوون و پالأوتن،هەموو ئەم کردارانە بەمەبەستی دەسکەوتنی شەربەتێکی خاوێن و بێ خەوشە.

٤. **بەهەڵمکردن :** شەربەتەکە گەرم دەکرێت بە بەکارهێنانی هەڵمی گەرم و هەڵمی لاوەکی بە ٤-٥ قۆناغ بەمەبەستی بەهەڵمکردنی زۆرترین ڕێژەی ئاوی هەبوو لەشەربەتەکەدا،و دەسکەوتنی شەربەتێکی چڕی ٦٥-٧٠٪.

٥. **لێنان و بەکریستاڵ کردن:** شەربەتە خەستەکە چارەسەر دەکرێت بە لێنان بۆ بەرزکردنەوەی چڕیەکەی بۆ سەروو تێربوون و تەواوکردنی کرداری بەکریستاڵکردنی گەردی شەکرەکە،بەشێوەیەکی گشتی ئەم کردارە پێکدێت لە سێ قۆناغی بەکریستاڵکردن( سیستەمی سێ لێنان) بۆ دەستخستنی شەکری سپی تەنها لە لێنانی یەکەمەوە و دواتر شەکری سوور لە قۆناغی دووەم و لە سێیەمدا بە بەکارهێنانی ئامێری دەرکەری ناوەندی کە هەڵدەستێت بە جیاکردنەوەی کریستاڵی شەکرەکە لە توخمی مۆلاس لە لێنانی سێیەمدا.

٦. **ئامادەکردنی شەکر و پێچانەوە و هەڵگرتن:** شەکری سپی بەرهەم هاتوو بە هەوای گەرم وشک دەکرێتەوە،دواتر دەگوێزرێتەوە، بۆ بەشی پێچانەوە، دواتر دەکێشرێت و دەخرێتە کیسی قوماشی لۆکەوە( کیسی خاوی سپی)،یان کیسی کاغەزی چەند چینی،یان کیسی پۆلی ئەثیلین یان پۆلی پرۆپیلین.وە ئەم کیسە شەکرانە هەڵدەگیرێن لە کۆگای خاوێن و وشك و هەواگۆڕکێدا.

- **شوێنگرەوەکانی شەکر**

هەنگوینی هەنگ دادەنرێت بە دێرینترین توخمی پالأوتەی جێگیرەوە کە مرۆڤ لە دێر زەمانەوە بەکاری هێناوە، سوکەرۆزیش دادەنرێت بە بەربلأوترین جۆری شەکر کە بەکاردەهێنرێت، لە پیشەسازیدا تێکەڵەی شەکری هەڵگەڕاوە چڕ دەکرێتەوە و دەگۆڕێت بۆ شروبی چڕکراوە کە بەکاردەهێنرێت لە دروستکردنی شیرینی و خۆراکی تردا... لە جێگرەوەکانی تریش شروبی گلوکۆزە کە لە گیراوەی نەشا دروست دەکرێت و پێی دەوترێت شروبی گەنمەشامی یان نەشا یان شروبی پەتاتە و ...هتد.

هەروەها کحولە شەکریەکان بەکاردێت لە ئامادەکردنی بنێشت و شەکری گەرمکەر و لە گرنگترینیان مانتینۆڵ و سۆربینۆڵ و ماثیتۆڵ و زایلیتۆڵ و لیکاسین و ئەسپەرتیم کە لە ئەنجامی هایدرۆجینەکردنی شروبی گەنمەشامیەوە ئامادەدەکرێت.

- **گرنگی ئابوری و پیشەسازی شەکر**

شەکر گرنگیەکی گەورەی ئابوری و کۆمەلأیەتی هەیە و بەوپێیەی کە توخمێکی گرنگی خۆراکیە بە پێدانی لەش بە وزە لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا. هەربەهۆی ئەمەشەوەیە کە شەکر یەکێکە لە پێکهاتەکانی ئاسایشی خۆراکی. بەلأم لە هەرێمی کوردستاندا هیچ کارگەیەکی

دروستکردنی شەکر نیە و هیچ گرنگیەکیش نادرێت بە بواری کشتوکاڵی بەگشتی و ڕواندنی چەوەندەری شەکری لە کوردستاندا،تابتوانرێت پێداویستی ناوخۆیی دابین بکات لە شەکر،لەگەڵ ئەوەی کە کۆمەڵگای کوردەواری کۆمەڵگایەکی کۆمەڵایەتیە و شەکر لەهەموو خواردن و خواردنەوەکانیدا و لە هەموو بۆنەکاندا بە بڕیکی زۆر بەکاردەهێنرێت.

ئەوەی ئاشکرایە لە ساڵی ١٩٧٦ وە بەردی بناغەی کارگەیەکی گەورەی شەکر لە پارێزگای سلێمانی دانراو تاساڵی ١٩٨٤-١٩٨٥ بەردەوام بوو لە بەرهەمهێنان ،بەڵام لە جەنگی عێراق – ئێراندا کەوتە بەر پەلاماری هێرشی ئاسمانی ئێرانیەکان و لەکارکەوت و تا ئێستا نەخراوەتەوە کار و بەڵکو ئامێر و کەلوپەلەکانیشی فرۆشراون و لە پلانیشدایە جێگەکەی بکرێتە جێگای نیشتەجێبوون.

لە عێراقدا بەگشتی یەکەم کارگەی شەکر لە موصلٌ دامەزراوە لە ساڵی ١٩٥٨دا کە کەرەسە خاوەکەی چەوەندەری شەکری بووە،لەگەڵ پالاوتنی شەکری خاوی هاوردەکراو،دواتر سێ کارگەی دروستکردنی شەکر دامەزرا لە پارێزگاکانی میسان بەقامیشی شەکر و سلێمانی بە چەوەندەری شەکر و کارگەیەکی شەکری شل لە هندیە بەهۆی خورمای زوهدیەوە.

**جۆرەکانی شەکر:**

ئەوەی ئاشکرایە شەکر دوو جۆری سەرەکی هەیە:

١. ***شەکری سپی*** :بەم شێوەیەی لای خوارەوە دروست دەکرێت:

شەکر دادەنرێت بە یەکێك لە توخمە خۆراکیەکان کە ناتوانرێت وازی لێبهێنرێت،شەکر ڕەنگی سپی هەیە، لەسەر شێوەی کریستاڵی سپی بریقەدارە و سەرچاوەی شەکر سەرچاوەیەکی ڕوەکیە،بەشێوەیەك لە قامیشی شەکر و چەوەندەری شەکری دروست دەکرێت، بۆ ئەوەی شەکری سپیمان دەستبکەوێت،پێویستە کەرەسە خاوەکان بە چەند قۆناغێکدا تێبپەڕێن هەر لە ڕواندنی قامیشی شەکر و دەرهێنانی و جیاکردنەوەی خاشاك و خاوێنکردنەوەی بۆ قۆناغی پالاوتن لە ڕەنگی بۆر بۆ ڕەنگی سپی،کە لە جیهاندا باوە.

- ***قۆناغەکانی پیشەسازی شەکری سپی:***

١. ***دەرهێنانی شەکری خام:*** بەقۆناغی یەکەم دادەنرێت،کە بریتیە لە دەستخستنی شەکری خام لە ڕوەکەوە،و قامیشی شەکریش بە سەرچاوەی یەکەمی شەکر دادەنرێت،کە ڕواندنەکەشی لە ناوچە گەرم و پڕ ئاویەکاندایە،دوای بڕینی بڕێکی زۆر لە قامیشی شەکر دەبێت بە ئاو بشۆرێتەوە و دواتر پارچە پارچە دەکرێت،دواتر دەشکێنرێت و دەهاڕدرێت بە ماکینەی هاڕینی تایبەت بۆ دەستخستنی شەربەتی قامیش،ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم شەربەتە دەسکەوتوە خۆڵ

و خاشاکی تیادایە،لەگەڵ گەڵای بچوك  هەروەها ڕیشاڵی ناوەڕۆکی قامیشەکەشی تیادا دەبێت،لەبەرئەوە پێویستە ئەو شەربەتە پاك بکرێتەوە لەو خاشاکانە.

٢. **قۆناغی خاوێنکردنەوەی شەربەتی شەکری خاو لە خاشاك**:( بەکاربۆنکردن) کە قۆناغێکی گرنگە بۆ ڕزگاربوون لە خۆڵ و خاشاك ئەویش لە ڕێگەی پیشاندانی خاشاکەکانە کە بە تێکردنی ماستی جیڕ یان تۆزی جیڕی پالأفتە،کە ناوە کیمیاویەکەی بریتیە لە هایدرۆکسیدی کالیسیۆم ، لەکاتی تێکەڵکردنی جیرەکەدا لەگەڵ گیراوەی شەکرە خاوەکەدا گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆنیشی تێدەکرێت بۆ ئەوەی کارلێك لەگەڵ جیڕەکەدا بکات کە توخمێکی مۆمی بەرهەم دێت وەکو قوڕ کە خاشاکەکەی لێ کۆدەبێتەوە،گیراوەکە خاوێن دەبێتەوە و ڕەنگەکەی کەمێك دەگۆڕێت،دواتر هەموو گیراوەکە تێپەڕ دەکرێت بە پاڵێوەرێکدا تا توخمە مۆمیە هەڵواسراوەکە جیاببێتەوە لە شلە خامەکە بۆ ئەوەی ئاسان بێت بۆ هەنگاوەکانی داهاتوو.

٣. **قۆناغی ڕوونکردنەوە و لابردنی ڕەنگی بۆر**: گیراوەی شلەی شەکرە خاوەکە تێپەڕ دەکرێت بەناو تۆپی کاربۆنی چالاکدا لە پاڵێوگەیەکدا کە پێکدێت لە ستوونی کاربۆنی کە کار دەکات بۆ لابردنی ڕەنگی بۆری تۆخ،هەرکات چالاکی کاربۆنەکە تەواو بوو جارێکی تر چالاك دەکرێتەوە و بەمەش ڕەنگە بۆرەکە تا ڕادەیەکی زۆر لادەبرێت.

٤. **قۆناغی بەهەڵمکردن و بەکریستاڵکردن** : گیراوەی شلەی شەکرەکە جارێکی تر خاوێن دەکرێتەوە بەهۆی کرداری بەهەڵمکردنەوە بۆ ئەوەی بگۆڕێت بۆ پێکهاتەیەکی ئەستور ئەوەش لە ڕێگەی خستنە بەر هەڵمێکی گەرم کە پلەی گەرمیەکەی بگاتە ٨٠ پلەی سەدی،دواتر دەخرێتە مەنجەڵێکی زۆر گەورەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر بکوڵێنرێتەوە بەهۆی هەڵمی پاڵپێوەنراوەوە بۆ دروستبونی کریستاڵی شەکر،هەروەها بەهەمان شێوە تۆزی شەکر زیاد دەکرێت بۆ دروستبونی کریستاڵی شەکری،بەم شێوەیە لەم قۆناغەدا تێکەڵەیەکی چڕمان لە کریستاڵی کەم یەکگرتوو دەست دەکەوێت کە تا ئەو کاتەش ئاوی پێوەیە،هەربۆیە پێویستە ئەو ئاوەش لە گیراوەکە دووربخرێتەوە.

٥. **قۆناغی جیاکردنەوە و وشکردنەوە**: دوای ئەوەی کە کریستاڵی شەکر دروستبوو دەبێت جیابکرێتەوە،ئەوەش بە دانانی شەربەتی چڕی شەکری تێکەڵ بە کریستاڵەکان لەناو ئامێری دەرکەری مەرکەزیدا،ئەم قۆناغە مەبەست لێی کەمکردنەوەی زیاترین ڕێژەی ئاو یان شێیە،لەبەرئەوە گیراوەکە زیاد لە جارێك بەناو ئامێرەکەدا دەبرێتەوە بۆ دەسکەوتنی زیاترین ڕێژە لە کریستاڵەکان،دوای ئەوەی کە تۆمارکەری شێ ڕێژەی ١٪ ی نیشاندا ئەوکات قۆناغی وشکردنەوە دەستپێدەکات،ئەوەی بە تێپەڕکردنی هەوایەکی گەرم بۆ ڕزگاربوون لە شێکە.لە

ئەنجامدا شەکرێکی ڕەنگ بۆر دەستدەکەوێت و پێویستە بپاڵێورێتەوە بۆ ئەوەی شەکری سپی دەستبکەوێت.

٦. **قۆناغی پاڵافتەکردن:** قۆناغەکانی دەستکەوتنی شەکری خاو هەمان قۆناغەکانی دەستخستنی شەکری سپییە لە شەکری بۆرەوە،بەڵام لەوەدا جیاوازە کە کریستاڵی شەکرە بۆرەکە کە تێکەڵ دەکرێت لەگەڵ شلەی شەکرە گەرمەکە کە پێی دەوترێت تواندنەوە،جارێکی تر دەخرێتەوە ئامێری دەرکەری مەرکەزیەوە،و لێرەدا هایدرۆکسیدی کالیسیۆمی بۆ زیاد دەکرێت و جارێکی تر بە ستونە کاربۆنیەکاندا تێپەڕ دەکرێتەوە تا ڕەنگە بۆرەکە کاڵ دەبێتەوە،دواتر کرداری بەهەڵمبوون و وشکردنەوە ئەنجام دەدرێت بۆ دەستخستنی کریستاڵی شەکری ڕەنگ سپی و دواتر لە کۆگای گەورەدا هەڵدەگیرێت.

- **قۆناغەکانی پیشەسازی شەکری بۆر((خاکی)):**

شەکر بە شێوەیەکی بەربلاو لەهەموو جیهاندا بلاوبۆتەوە، و دەرهێنانیشی لە چەوەندەر و قامیشی شەکرەوە دەبێت،شەکر بە توخمێکی بنچینەیی دادەنرێت و ناتوانرێت وازی لێبهێنرێت،شەکریش دوو جۆری هەیە لە ڕووی ڕەنگەوە،شەکری سپی و شەکری خاکی و ڕەنگەکانیش تۆخ و کاڵ و ئاستی جیاوازیان هەیە.

شەکری (خاکی) شەکرێکی وردە و ڕەنگی خاکیە و هۆکاری ئەم ڕەنگەشی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئاردی شەکر تیایدا،زۆربەی دروستکراوە شیرینیەکان شەکری خاکی دەچێتە دروستکردنیانەوە،ئەم شەکرە تام و چێژێکی جیاوازی نایابی هەیە جیاواز لە شەکری سپی،و ئامادەکردنیشی لە ماڵدا کارێکی ئاسان و زۆر تێچوو نیە،دەتوانرێت کۆنترۆڵی ڕەنگەکەشی بکرێت بە زیاد یان کەمکردنی هەنگوینی ڕەش لە تێکردنیدا،لەگەڵ ڕەچاوکردنی پاك و خاوێنی پێویستدا،هەروەك لە ڕووی تەندروستیشەوە سەلامەتترە لەشەکری سپی،لەبەرئەوە ئەوانەی نەخۆشی شەکرەیان هەیە ئامۆژگاری دەکرێن کە شەکری خاکی بەکاربهێنن لە جیاتی شەکری سپی.

هەروەها شەکری خاکی کاریگەری باشی هەیە لەسەر دابەزاندنی کێش بەشێوەیەکی بەرچاو،بە ئاسانیش و بەزۆریش لەهەموو مۆڵ و مارکێتەکاندا دەستدەکەوێت.

- **دروستکردنی شەکری خاکی**

پێکهاتەکانی بریتین لە کوپێك شەکری سپی،کەوچك و نیوێك هەنگوینی ڕەش.

- **ڕێگای ئامادەکردنی:**

کوپە شەکرەکە دەکەیتە مەنجەڵێکی قوڵەوە و برێك هەنگوینی ڕەشی تێدەکرێت و تێکدەدرێت و بەردەوام دەبیت بە شێوەیەکی لەسەرخۆ،لە ئەنجامدا شەکرێکی خاکی مام ناوەندیمان

دەستدەکەوێت کە داواکراوە.بەڵام بۆ دەستکەوتنی شەکری خاکی تۆخ،ئەوا ٣ کوپ شەکری سپی لەگەڵ کوپێك هەنگوینی ڕەش تێکەڵ دەکرێت و بۆ ماوەی ١٠ خولەك تێك دەدرێت تا بە تەواوەتی تێکەڵ دەبن بە باشی و لە ئەنجامدا شەکری خاکی تۆخمان دەستدەکەوێت.

شەکری خاکی بەکارهێنانەکانی زۆرن،بۆ چاو و قاوە و دروستکردنی شیرینەمەنی و هەروەها بەکاردێت بۆ نەرمکردن و لووسکردنی پێستی مرۆڤیش.باشترە بەکارهێنانی شەکر بەشێوەیەکی گشتی کەمبکرێتەوە بە تایبەتیش بۆ تووشبوان بە نەخۆشی شەکرە و خراپ نەبوونی ددانەکان،دەرنەکەوتنی پەڵە و زیپکە لەسەر دەمووچاو بە تایبەتیش بۆ کەسانی پێست چەور.

- **لە کۆتاییدا**، دەتوانرێت لە کوردستاندا،هەروەك چۆن لە ساڵەکانی حەفتاکانی سەدەی ڕابووردوودا کارگەیەکی گەورەی بەرهەمهێنانی شەکر لە پارێزگای سلێمانی دامەزراوە،ئاوهاش لە ئێستادا و بە پلانێکی زانستی و واقعی کارگەیەکی نوێی شەکر دابمەزرێتەوە،کە کەرەسە خاوەکەی بریتی بێت لە چەوەندەری شەکری کە بە ئاسانی لە ناوچەی شارەزوور و بیتوێن و دەربەندیخان و کەلار و کفری دەڕوێت و پێداویستی کارگەکەی لێ بەرهەمبهێنرێت و بتوانرێت لانی کەم پێداویستی ناوخۆی پێدابینبکرێت یان هاوبەشی بکات لە سووککردنی تێچوون و خەرجی کڕینی شەکر لەدەرەوەی وڵات.

وەك ئاشکراشە شەکر لە وڵات و کۆمەڵگای کوردەواریدا بەکارهێنانێکی بەربڵاوی هەیە کە بەبەردەوامی بازاڕێکی گەرمی دەبێت و بە خێرای نامێنێتەوە.و ئەمەش دەبێتە داهاتێکی باش بۆ گەنجینەی حکومەت.هەربۆیە پێویست دەکات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و کەرتی تایبەتیشەوە هەوڵی جدی بدەن بۆ بوژاندنەوە و گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی و پیشەسازی وەك دووکۆڵەکەی سەرەکی ئاسایشی خۆراك و ئابوری وڵات و سەرچاوەی داهاتی بەردەوام بۆ گەنجینەی حکومەت و بەمەش دەتوانرێت تاڕادەیەکی باش بێکاری کەمبکرێتەوە و هەژاری نەمێنێت و ئاست و گوزەرانی هاوڵاتیانیش بەرز ببێتەوە.بەتایبەتیش لەم قۆناغەدا کە هەرێمەکەمان بە قەیرانێکی دارایی توند و بێکاری و هەژاریدا گوزەر دەکات و پێویست دەکات کە حکومەت جگە لەداهاتی نەوت بەدوا سەرچاوەی داهاتی تریشدا بگەڕێت بۆ سووککردنی کاریگەریەکانی ئەم قەیرانە داراییە.

**سەرچاوە:**

=======

- پێگە جیاوازەکانی ئینتەرنێت

______________________________

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئەندازیاران ژمارە ٥٦ لە بەهاری ٢٠١٦دا بڵاوکراوەتەوە.

# پیشەسازی پاکژکەرەوەکان*

# Detergents

- **پێناسە:** پاکژکەرەوەکان بریتین لەو توخمانەی کە بۆ پاکژکردنەوەی چڵك و پیسیەکان بەکاردێن،پاکژکەرەوەکان بە زۆری تەنها لەسەر ڕووەکان کاریگەرییان هەیە.
- **چەمکی پاکژکەرەوەکان:**

پاکژکردنەوە بریتیە لە هەموو کارلێکێکی کیمیاوی و فیزیاوی کە دەتوانێت لەمپەڕی پیسیە شل و ڕەق یان تێکەڵە لەهەردووکیان لاببات لەسەر ڕووی توخمە ڕەقەکان وەك قوماش یان خوری. پاکژکەرەوەکان وشەیەکە کە هەموو پاکژکەرەوەکان دەگرێتەوە جا صابون بێت یان پاکژکەرەوە نا صابونەکان.هەروەها توخمێکە کە تووندبوونی ڕوویی کەم دەکاتەوە بۆ ئاو و وایلێدەکات کە بە شێوەیەکی بەش یان هەموو تێکەڵ ببێت لەگەڵ توخمە ئەندامیەکاندا وەکو چەورییەکان.

- **کورتە باسێکی مێژوویی:**

صابون وەك جۆرێك لە پاکژکەرەوەکان زۆر لە مێژە ناسراوە و نزیکەی ٥٠٠٠ ساڵ لەمەوپێش مرۆڤ ناسیویەتی،صابون یەکەم پاکژکەرەوەیە کە بۆ شۆردن بەکارهاتوە لەو کاتەدا،لەبەرئەوە لێکۆڵەرەوان کەوتنە خۆ بۆ دۆزینەوەی جۆرێکی تر لە پاکژکەرەوە،لەسەدەی نۆزدەهەمدا سۆلفای ڕێگەیەکی بۆ بەرهەمهێنانی کاربۆناتی صۆدیۆم دۆزیەوە و لەدوای ئەوە پاکژکەرەوەیەکی تێکەڵ لە صابون و Na2CO3 دەسکەوت.زانا هینگلیش هەستا بە پێشخستنی پاکژکەرەوەکان بە زیادکردنی توخمی سەرووبۆران( پاربۆران) بۆ پاکژکەرەوەکە کە بوە هۆی پێدانی بریسکدانەوەی زیاتر بە جلوبەرگەکان.

لە ساڵی ١٦٠٠دا لە پاریس خۆڵێك دەفرۆشرا بۆ شۆردن و لابردنی چەوریەکان،لەمەوە دەرکەوت کە تۆزی پاکژکەرەوەکان دۆزینەوەیەکی نوێ نیە،هەوروەها صابونیش داهێنانێکی نوێ نیە،بەڵام پاکژکەرەوە پیشەسازیەکان بە ڕاستی داهێنانی نوێن.

دۆزینەوەی تۆزی شۆردن دەدرێتە پاڵ زانا عزالدین کوڕی عەلی کوڕی ئیدریس کوڕی عەلی جەڵدەکی، کە خەڵکی شارۆچکەی جەڵدەکە لە خۆراسان، ناوبراو لە میسر ژیاوە و هەرلەوێش کۆچی دوایی کردوە لەساڵی ٧٤٣ ك.ئەو دەستپێشخەر بوە لە دانانی ڕێوشوێنی پێویست بۆ پاراستنی مرۆڤ لە مەترسیەکانی هەڵمژینی گازەکان و هەڵمی دروستبوو لەکارلێکە کیمیاویەکانەوە.

- **توخمی ڕاکێشانی ڕوویی**

ئەو پێکهاتەیەی کە توانایەکی گەورەی ڕوویی هەیە بریتیە لەو توخمەی کە کاردەکات بۆ لابردن یان کەمکردنەوەی ڕاکێشانی ڕوویی لە نێوان دوو دۆخدا کە توانای تێکەڵ بونیان نیە لەگەڵ یەکتردا.و کار دەکات بۆ ئاسانکردنی تێکەڵ بوونیان بە لابردنی ڕاکێشانی ڕوویی کە لە یەکتریان جیا دەکاتەوە.گەردی پاکژکەرەوە پێك دێت لە دوو بەش:

کلك: کە پێکدێت لە زنجیرەیەکی درێژ لەگەردی کاربۆن،کە چواردەورە دراوە بەگەردی هایدرۆجین(زنجیرەی هایدرۆکاربۆنی).

سەر: کە پێکدێت لە پێکهاتەیەك کە لە ئاودا دەتوێتەوە بە ئاسانی واتە پێکهاتەیەکی خۆشەویستە بۆ ئاو، لە لایەکی ترەوە دروستبوونی کلك لە پێکهاتە نەوتیەکان دەچێت کە ناتوێتەوە لەناو ئاودا،لەبەر ئەوە ڕقی لە ئاوە.

- **جۆرەکانی پاکژکەرەوە:**

**صابون:** پیشەسازی صابون بە یەکێك لە پیشەسازیە دێرینەکان دادەنرێت،بەڵام پێشکەوتنێکی هێواشی بەخۆوە بینیوە لەبەر ئەوەی گۆڕدرا بۆ نهێنی خێزانەکان لە زۆربەی کاتدا، بۆیە ئاسان نیە کە بنچینەکانی بناسیت تەنها لە ڕێگەی ئەزمون و تێبینیەکانەوە نەبێت، مارکلن کە ناسراوە بە(( مارسیلی)) یەکەم کەسە کە لەساڵی ١٩٠٦دا ئاشکرای کرد کە صابون بریتیە لە بەرهەمی هاوکێشەی کیمیاوی هاوسەنگ کە صابونی لێوە بەرهەم دێت.کە پشت دەبەستێتە سەر بنەمای بە صابون بونی ڕۆنی ڕوەکی یان ئاژەڵی یان ترشەکانیان،لەجۆرەکانی صابون:

- صابونی جوانکاری
- صابونی ڕیشتاشین

- صابونی شۆردن
- صابونی پزیشکی
- **کارلێکی صابون**

$$R\text{-}COO\text{-}R + H_2O \longrightarrow R\text{-}OH + R\text{-}COOH$$
$$R\text{-}COOK + H_2O \longrightarrow KOH + R\text{-}COOH$$

ترشی کاربۆکسیلی لێرەدا بریتیە لە چەوری ڕووەکی یان ئاژەڵی.

١. **شامپۆ:** وشەیەکە لە ئینگلیزیەوە وەرگیراوە shampoo بەڵام لە بنچینەدا وشەیەکی هندیە و لەسەدەی هەژدەهەمدا چۆتە ناو زمانی ئینگلیزیەوە لەسەردەمی کۆلۆنیلی بەریتانیا بۆ هندستان ،شامپۆ بریتیە لە یەکێك لە پاکژکەرەوە نوێیەکان،کە جێگەی صابونی ئاسایی گرتۆتەوە لەکرداری خۆشۆردندا ئەوەش بەهۆی ئەو سیفەتە جیاوازانەی کە هەیەتی و بە تایبەتیش کاریگەری تێناکرێت بەجۆری ئاوی بەکارهاتوەوە، و کەفە زۆرەکەی، شامپۆ بریتیە لە بەرهەمێکی کیمیاوی بەکاردێت بۆ گرنگیدان بە قژ و پاککردنەوەی،هەروەها جۆرێکی تری بۆ گرنگی دان بە لەش و پاکردنەوەی و جۆرێکی تر زیاد دەکرێت بۆ ناو ئاوی خۆشۆردن بریتیە لە تێکەڵەیەك لە پاکژکەرەوە ئایۆنیەکان بەتەنها یان تێکەڵەیەك لە نێوان شامپۆ وپاکژکەرەوە ئامفۆنیەکان،بڕی توخمە چالاکەکان تیایدا دەگاتە نێوان ١٠-٣٠٪. هەروەها دەتوانرێت توخمی پارێزەر زیادبکرێت بۆ شامپۆ بۆ ڕێگەگرتن لە خراپ بوونی هەروەها بۆن و ڕەنگ و هەندێك توخمی پزیشکی و دەرمانیشی بۆ زیاد دەکرێت.

- **جۆرەکانی شامپۆ:**

١. شامپۆ بۆ قژی سروشتی: زەردێنەی هێلکە و هەندێك توخمی گیایی بۆ زیاد دەکرێت بۆ تێرکردنی قژ و بەهێزکردنی.

٢. شامپۆ بۆ قژی وشك: هەندێك چەوری و زەیتی بۆ زیاد دەکرێت بۆ تەڕکردن و نەرمکردنی قژەکە.

٣. شامپۆ بۆ قژی چەور: بەکاردێت بۆ وشککردنی دەرکردەکانی قژ کە دەبێتە هۆی کەوتنی قژ.

٤. شامپۆ بۆ قژی مندالٚ و خاوەن پێستی هەستیار: نابێتە هۆی ئازاردانی چاو وەك جۆرەکانی تری شامپۆ.

٥. شامپۆ دژی کرێش: یارمەتیدەرە بۆ لەناوبردنی مشەخۆرەکان و دروستکەری کرێش و کەوتنی قژ.

- **پاکژکەرەوە دروستکراوەکان:**

پاکژکەرەوە نا صابونەکان لە بنچینەی پترۆکیمیاوین و پشت نابەستنە سەر چەوریەکان و هیچ پەیوەندیەکی نیە بە صابونەکان و لە نێوانیشیاندا تۆزی کایزیس سەرەڕای شلیەکەشی.

لەڕووی پێکهاتەی کیمیاویەوە: **پاکژکەرەوەکان پۆلێندەکرێن بۆ چوار جۆر بە پێی بەشی خۆشەویست بۆ ئاو (( هایدرۆفیل )):**

١.بارگەی سالب( ئایتۆن) و پێکدێت لە :

- Sulfate Alcool Sulfate
- Sulfonate Alcane Sulfonate Secondaire

٢.بارگەی موجەب( کاتیۆنی) پێکدێت لە پێکهاتەکانی چوارەم ئامۆنیۆم وەك Chlorure de Tetralky Iammonium

٢. نا ئایۆنی : بەرهەم دێت لە جۆرەکانی ئۆکسیدی ئەثیلین یان پرۆپیلین وەك alkylphenon ethatylata

٣. ئەمفۆتیری: دوو جۆر سیفات لە خۆدەگرێت بە پێی ناوەندی کارلێکەکە،وەك acide amine sub statue

- **گرنگی پاکژکەرەوەکان:**

لەم دواییانەدا بەکارهێنانی پاکژکەرەوەکان ڕوو لە زیادبونە لەسەر حسابی بازاڕی صابون و بەتایبەتیش صابونی شۆردن ئەوەش لەبەر ئەم سیفاتانە:

١. بریتین لە توخمی سەرەتایی نەوتی و نا نەوتی کە بونیان زۆرە.

٢.بەکاردێت لەهەموو دۆخێکی ئاودا بە بەراوورد بە صابون کە بەکارنایەت لە ئاوی ناپاکژدا.

٣.هەمە جۆر بەکارهێنانی ناوماڵ و پیشەسازی هەیە.

٤.نرخیشی هەرزانە.

- **کاریگەری پاکژکەرەوەکان لەسەر ژینگەی زیندەیی**

١.تێکچوونی هاوسەنگی بایۆلۆژی بۆ ئەو ڕووەك و ئاژەڵانەی کە ئەو ئاوانە بەکاردێنن کە پیس بون بە توخمە پاکژکەرەوەکان.

٢. تێکەڵ بوونی توخمە پاکژکەرەوەکان لە ڕێگەی ئاوەڕۆکانەوە بۆ ناو ئاوی ڕووبارەکان کە دەبێتە هۆی تێکدانی ژیانی ئاوی.

٣.ئاوی خواردنەوە قورس دەکات و تامی دەگۆڕێت و بۆنی ناخۆش دەکات وەك: فۆسفات کە دەبێتە هۆی گەشەکردنی قەوزەی سەوز.

٤. بەکارهێنانی زۆری توخمە پاکژکەرەوەکان کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر تەندروستی و دەبێتە هۆی سوتاندنەوە و قڵیشاندنی پێست و سووربونەوەی چاو و بۆری هەناسە و حەساسیەت بەهەموو جۆرەکانیەوە و لەوانەشە کاریگەریش بکاتە سەر کۆئەندامی دەماری ناوەندی و جگەر و گورچیلەش.

- **گرنگترین بەرهەمهێنەرەکانی پاکژکەرەوەکان لە جیهاندا:**

ژمارەیەکی زۆر کۆمپانیا هەن کە هەڵدەستن بە دروستکردنی پاکژکەرەوەکان لەسەر ئاستی جیهان بەتایبەتیش پاکژکەرەوە ناوماڵییەکان و کێبڕکێ دەکەن لە نێوانیاندا لەسەر باشی جۆر و ڕاکێشانی زۆرترین کڕیار و فرۆشتن .لەو کۆمپانیا جیهانیانش:

١.کۆمپانیای هنگڵ: کە ژمارەیەکی زۆر لقی لەهەموو جیهاندا هەیە. کۆمپانیای هەنگڵ: بریتیە لە کۆمپانیایەکی هەمە ڕەگەز کە بارەگاکەی لە شاری دۆسۆدۆڵفە لە ئەڵمانیا.کۆمپانیاکە لە ٣ بواردا کاردەکات:

- چاودێری ماڵەکان( لەگەڵ بەرهەمە پاکژکەرەوە ناوماڵیەکان وەك تۆزەکانی شۆردن (تاید) و پاکژکەرەوە شلەکانی قاپ و قاچاغ).
- گرنگیدانی کەسی( لەگەڵ جوانی و ئەو بەرهەمانەی گرنگیدەدەنە ناو دەم وەك شامپۆ و مەعجونی دەم و دان، ڕەنگەکانی قژ ،بەرهەمەکانی حەمام.
- توخمە لاستیکیەکان بۆ مەبەستی بەکارهێنان و پیشەسازیەکان.

ئەم کۆمپانیایە لق و بارەگای لە ١٢٥ وڵات و هەر ٥ کیشوەرەکەدا هەیە،بەڵام زۆربەی کارەکانی دەکەونە ئەوروپا و ئەمریکای باکورەوە.کۆمپانیای هەنگڵ کۆنترۆڵی مارکە بازرگانیە پێشەنگەکانی کردوە وەك:

١.بەرسیل:تایتی شۆردن،پاڵفتەی چنراو و صابونی شل .

٢.شوارزکۆف:بەرهەمی گرنگیدان بە قژ.

٣. فا:جێلی حەمام و لابردنی ئارەق.

بەلأم بەناوبانگترین ماركەی بازرگانی هەنگلٚ بریتیە لە بەرسیل یەكەم پاكژكەرەوەی شۆردنی بازرگانی.ئەم كۆمپانیایە گەلێك كۆمپانیای تر هەن كە كێبڕكێی لەگەڵدا دەكەن لەبواری پاكژكردنەوەدا وەك : كۆمپانیای یەنیلیفز و برۆكتەر و چامبل، و ڕیكیت بینكیزەر، و لەبواری جوانكاریشدا،كۆمپانیای یەنیلیفز، برۆكتەر و چامبل و لۆریال، لەبواری بەرهەمە پلاستیكیەكان و توخمە كیمیاویەكانیشدا كۆمپانیای بۆستیك و فۆلەر كێبڕكێی دەكەن.

٢.كۆمپانیای بڕۆكتەر و چامپلٚ: پێشەنگە لەسەر ئاستی جیهان لەدروستكردنی پاكژكەرەوە پیشەسازیەكاندا و زۆرێك لەماركە بازرگانیە بەناوبانگەكانی هەیە.

لەبواری دروستكردنی شامپۆشدا ژمارەیەكی زۆر كۆمپانیا لەو بوارەدا كار دەكەن و توانای زانستیان بەكارهێناوە و زۆر جۆری شامپۆیان بەرهەم هێناوە.

- **پاكژكەرەوە سەلامەتەكان كامانەن:**

بریتین لەو پاكژكەرەوانەی ئەم مەرجانەیان تیادایە:

١. بەدەستهێنانی خاوێنی داواكراو بەڕێگەیەكی زانستی و شێوازێكی سانا و نەرم و كاریگەر.

٢. ڕێزگرتن و لەبەرچاوگرتنی هەستیاری پێست و پاراستنی خانەكانی و پێكهاتە سروشتیەكانی.

٣. بەتاڵبوون لە توخمی زیانبەخش بە ژینگە لە مەودای دوور و نزیكدا.

- **لە كۆتاییدا**، دەكرێت و لەتواناشدا هەیە كە ئەم جۆرە پیشەسازیەش لە كوردستاندا پەرەی پێبدرێت و لەسەر بنچینەیەكی زانستی و ڕاست ودروست بنیاتبنرێت و ببێتە جۆرێك لە پیشەسازیە بە بەرهەم و بەقازانج و داهاتەكان،چونكە ئەم جۆرە پیشەسازیە بۆخۆی لەسەر ئاستی جیهان فرۆشیار و كڕیار و بازاڕێكی گەورەی هەیە و دەچێتە ناو هەموو ماڵ و خێزان و تاكەكان و ناتوانرێت بەبێ ئەم جۆرە پیشەسازیە و بەرهەمە هەموجۆرەكانی لە صابون و شامپۆكان ژیان بگوزەرێت، هەربۆیە گرنگە كە حكومەتی هەرێمی كوردستان و كەرتی تایبەت بیرێك لەم بوارە بكەنەوە و چەندین كارگەی گەورە و بچووك دابمەزرێنن چونكە بەدڵنیایی قازانج و دەسكەوتی باشی لێوەدەستدەخەن.

سەرچاوە:

------

پێگە جیاوازەکانی ئینتەرنێت

________________________________

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئەندازیاران ژمارە ٥٧ لە هاوینی ٢٠١٦دا بلاۆکراوەتەوە.

# پیشەسازی نەوتی بەردی*

- پێشەکی:

بەتێبینیکردنی دابەزینی بڕی یەدەگی نەوتی کلاسیکی و بەرزبونەوەی نرخەکان و زیادبوونی داواکاری لەسەر نەوت،کۆمپانیاکان بە ناچاری ڕوویان کردە وەبەرهێنان لەبواری نەوتی بەردیدا یان ئەوەی کە ناسراوە بە (( سجیل کە بەمانای قوڕی بەبەرد بوو دەگەیەنێت کە زۆر ڕەقە و وەك بەردێکی دڕکاویە)) هاوکات لەگەلٚ وەبەرهێنان لە کێلٚگەکانی نەوتی قورس و قاردا کە یەدەگێکی باش هەیە لەو جۆرە سووتەمەنیە.

نەوتی سجیل بریتیە لە نەوتی بەردی تەنانەت ناویش دەبرێت بە پترۆلٚی بەردی،کە بریتیە لە پێکهاتەیەکی ڕەقی گەشەکردوو بە شێوەی ئەندامی کە دروست دەبێت لە کەشو هەوای ئاویدا.

جیۆلۆجیەکان وای دەناسێنن کە بریتیە لە ( نەوتی بەردی) کە بریتیە لە بەردی نیشتوو کە لە بنچینەدا پێکدێت لە توخمی ئەندامی ( ئاژەلٚی و زیندەوەرانی دەریایی و ڕووبار) کە وایلێدەکات هاوشێوەی نەوت بێت و بە شێوەیەکی ئاسایی پێکهاتەیەکی تەنکی هەیە، لەکاتی گەرمکردنی نەوتی بەردیدا بە بیٚ بوونی هەوا هایدرۆکاربۆناتی شل یان غازیمان دەستدەکەوێت، توخمە نوێیە دروستبوەکە بەهۆی گەرمکردنەوە لە دۆخی نەبوونی ئۆکسجیندا بەرێژەی ٢٠-٧٠٪ ی قەوارەی یەکەمی دەنوێنێت.ئەو هایدرۆکاربۆناتە شلەی کە لە ئەنجامی گەرمکردنی( سجیل)( کە بەمانای قوڕی بەبەرد بوو دەگەیەنێت کە زۆر ڕەقە و وەك بەردێکی دڕکاویە)، بریتیە لە بەردی زەیتی ڕیشالٚی نزیك لە پێکهاتەی هایدرۆکاربۆناتی نەوتی خاو کە دەتوانرێت دابنرێت بە نەوتی ناکلاسیکی(سجیل کە بەمانای قوڕی بەبەرد بوو دەگەیەنێت کە زۆر ڕەقە و وەك بەردێکی دڕکاویە).

- **دروستبوونی نەوتی بەردی بە تێپەڕبوونی کات:**

بەپێی لێکۆڵینەوەکان،کرداری دروستبوونی نەوتی بەردی دەگەڕێتەوە بۆ ١٠٠ ملیۆن ساڵ لەمەبەر،کاتێك کیشوەری ئەمریکای باکور دابەشکرا بۆ دوو بەش بەهۆی ڕووبەرە فراوانەکانەوە لە دەریا،کاتێك لێژگەی دەریا کەمبۆوە ئەو ڕووبەرانە بۆ دواوە کشانەوە و لە ئەنجامدا لەوەڕگا بە پیتە باشەکان دروستبوون، و دەریاکان بونە هۆی مردنی زۆرێك لە بونەوەرە زیندوەکان کە تیایدا دەژیان،لەگەڵ تێپەڕبوونی کات ئەو بونەوەرانە گۆڕدران بۆ بە بەردبوەکان،ئەو بەردبوانەش بەڕۆڵی خۆیان ڕووبەڕووی پلەی گەرمی بەرز و فشاری ڕاکێشانی زەوی بونەوە و گۆڕدران بە نەوت،لەبەر نەبوونی ئەو هۆکارانەی کە وایلیێبکەن ببێتە نەوتی شل، لە ئەنجامدا بوە نەوتی بەردی.

- **بەرهەمهێنانی نەوتی بەردی:**

دوو ڕێگای سەرەکی هەیە بۆ دەسکەوتنی کەرەسەی خاوی پێویست لە زەیتی بەردی:

١. ڕێگای بەرهەمهێنانی زەیتی بەردی کراوە یان لەکانەکاندا : و دواتر چارەسەرکردنی لە وێسگەی تایبەتدا بە شێوەیەك کە زەیتی ( بەردی) دەدرێتە بەر گەرما ( گەرمکردن بەبێ بوونی هەوا) لە ئەنجامی ئەو کارەدا لە بەردەکەوە نەوتی بەردی دەردەچێت. ئەم ڕێگایە بە شێوەیەکی کاریگەر پێش دەخرێت لە ڕوسیا و هەروەها پرۆژەکانی دەرهێنانی زەیتی بەردی لە هەرێمی فۆشۆن لە چین و کێڵگەی ئیراتی لە بەڕازیل.

بەشێوەیەکی گشتی لەدواتردا وادادەنرێت کە ڕێگای بەرهەمهێنانی (سجیل کە بەمانای قوڕی بەبەرد بوو دەگەیەنێت کە زۆر ڕەقە و وەك بەردێکی دڕکاویە) و چارەسەرکردنی هۆکارێکی زۆر گرانە بەهۆی بەرزی تێچووی بەرهەمهێنانەوە.نرخی تێچووی بەرمیلێك نەوت لە سنوری ٧٥-٩٠ دۆلاردایە( بە پێی نرخەکانی نەوت لە ساڵی ٢٠٠٥)دا.

٢. ڕێگای دووەم بۆ بەرهەمهێنانی نەوتی بەردی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە چینەکەوە، ئەم ڕێگایە پێشنیاز دەکات بە هەڵکەندنی بیرەکان بە شێوەیەکی ئاسۆیی لەگەڵ درزتێبردنی دواتری هایدرۆلیکی هەمەجۆر. وادیارە ئەم جۆرە لە بەرهەمهێنان لە دۆخێکی زۆر ئاڵۆز و گرانبەهاتردا تەواو دەبێت بەبەراوورد بە پرۆسەی بەرهەمهێنانی نەوتی کلاسیکی بە چاوپۆشین لە ڕێگای بەکارهێنراو. تێچووی وەبەرهێنان لە بواری نەوتی بەردیدا بە شێوەیەکی گشتی زۆر بەرزتر دەبێت لە وەبەرهێنان لە بواری نەوتی کلاسیکیدا.

بەپێی خەملاندنی کۆمپانیاکان بەرهەمهێنانی نەوتی بەردی بەهەردوو ڕێگاکە گونجاوە و ئابوریە لە کاتێکدا نرخەکانی نەوت وەك نزمترین ئاست لە نێوان ٥٠-٦٠ دۆلاردا بێت بۆ یەك بەرمیل. هەردوو ڕێگاکە گیرۆدەی کۆمەڵێك دۆخی نەشیاو و بەربەستی سەرەکی دەبنەوە.

گەشەپێدانی بەرهەمهێنانی نەوتی بەردی و ئامادەکردنی و چارەسەرکردن لە قۆناغەکانی دواتردا بە شێوەیەکی گەورە ڕووبەڕووی کێشەی خۆڕزگارکردن دەبنەوە لە بوونی بڕێکی زۆر لە دووەم ئۆکسیدی کاربۆنی دەرچوو لەکاتی پرۆسەی دەرهێنانی ( نەوت) لە زەیتی بەردیدا. دەربازبوون لە دووەم ئۆکسیدی کاربۆن کێشەیەکە کە تا ئێستا چارەسەرنەکراوە و دەرکردنیشی بۆ ناو بەرگە هەوا هەڕەشەی کارەساتی ژینگەیی دەکات بەشێوەیەکی فراوان،بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بەم دواییانە زاناکان لە زانکۆی ستانفۆرد وا پێشنیاز دەکەن بەهۆی تەکنەلۆژیایەك کە لەیەك کاتدا کارەبایەکی زیاتر و ڕاگرتنی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لەکاتی دەرهێنانی نەوتی بەردی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە چینەکەوە کێشەیەکی تر سەر هەڵدەدات کە تێکڕای دابەزینێکی گەورەی بەرهەم لەخۆ دەگرێت بۆ بیرە بە بەرهەمەکان،لە قۆناغی یەکەمدا و بەهۆی تەواوکاری بۆ بیرە ئاسۆییەکان و شکاندنی زۆر ئەم قۆناغە بە قۆناغێکی بەرهەمی زۆر بەرز دەناسرێتەوە دوای ئەوە ( دوای ٤٠٠ ڕۆژ لەکارکردن) دابەزینێکی بەرچاو ڕوودەدات ( ٨٠٪) لەقەوارەی بەرهەمدا.

بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو دابەزینە زۆرە و بۆ جێگیرکردنی ئاستی بەرهەمی بیرە نەوتیە بەردیەکان،پرۆسەی هەڵکەندن و تێکردنی بیرە بە بەرهەمەکان بەشێوەیەکی لەسەرخۆ ڕوو دەدەن و بە هەنگاوی حساب بۆکراو دەبن.

- **پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای بەرهەمی نەوتی بەردی لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا :**

نمونەی هەرە دیار و بەرچاوی سەرکەوتوو بۆ پیادەکردنێکی سەرکەوتوو بۆ تەکنیکەکانی وابەستە بەدەرهێنانی بەردی زەیتی لەکێڵگەی باکن ڕوویدا لە باکور و باشووری داکۆتا.

وەبەرهێنانی ئەو کێڵگەیە هاتەدی لە ئەنجامی بوژاندنەوەی بازاڕی نەوتی لە ئەمریکای باکوردا،لە کاتێکدا کە بەرهەمی نەوت لە کێڵگەکانی بەردی زەیتی پێش ٥ ساڵی ڕابووردوو ٦٠ هەزار بەرمیل بوو لە ڕۆژێکدا،ئەوا ئەمڕۆ نزیکەی ٥٠٠ هەزار بەرمیل دەبێت بە پێی کارەکانی پشکنین و دۆزینەوەکان ، هەربۆیە بڕی یەدەگی نەوت لەو کێڵگەیەدا زۆر بوە لە ١١ بۆ ١٥٠ ملیۆن بەرمیل نەوت شان بەشان لەگەڵ کێڵگەی

باکندا،بەرهەمهێنانی (( بەردی زەیتی)) لە کێڵگەی ئیجل فۆرد لە ولایەتی تەکساسیشدا دەستیپێکردوە ،هەروەها لەکێڵگەی بۆن سیرینج لە مەکسیکۆ و ثری فۆرکس لە ولایەتی داکۆتای باکوریش بەرهەمهێنان ڕوودەدات.

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنانی غازی بەردی و گونجاندنی بۆ دەرهێنانی نەوت لەو جێگایانەی کە چڕبۆتەوە ڕێگەیدا بە ئەمریکا کە هەڵسەنگاندنێك بکات بۆ بڕی یەدەگی نەوت و لەگەڵیشیدا زیادبوونی بەرهەمی نەوت و کەمکردنەوەی پشت بەستن لەسەر نەوت و غازی هاوردەکراو بەهۆی تەکنەلۆژیای هەڵکەندنی ئاسۆیی و درزتێبردنی هایدرۆلیکی،ئەمریکا پلان دادەنێت لەساڵی ٢٠٣٥دا بۆ زیادکردنی بەرهەمی نەوت لەبەردی زەیتی دووجار چڕکراوە.

- **نەوتی بەردی ئەمریکا وەك دیاردەیەك کە بەردەوام دەبێت :**

سەرۆکی کۆمپانیای نەوتی ئەمریکا(( کۆنۆکۆ فیلبس)) لە کۆڕێکدا کە ئۆپیك ڕێکیخستبوو لە ڤیەننا ڕایگەیاند کە هەنگاو و بازدانی نەوتی بەردی ئەمریکا بەردەوام دەبێت سەرەڕای دابەزینی نرخەکانی نەوتی خاو،چونکە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا دەتوانرێت تێچوەکان کەم بکاتەوە بە شێوەیەکی گەورە.

هەروەها ڕاشیگەیاند کە یەدەگەکانی نەوتی دڵنیا بەردەوام دەبێت و ڕوونیشیکردەوە کە تێچوەکان کە بوە هۆی هێنانە دی خاڵی هاوسەنگ بۆ بەرهەمهێنانی نەوتی بەردی پاشەکشەی کردوە بە ڕێژەی نێوان ١٥-٣٠٪ لە چەند مانگی ڕابووردوودا.پێدەچێت زیاتریش دابەزێت بۆ ١٥-٢٠٪ ی تر بەهاتنی ساڵی ٢٠٢٠.

خاوبونەوەی گەشەی بەرهەمی نەوتی ئەمریکی لە چەند مانگی ڕابووردوودا.بوە هۆی دابەزینی ژمارەی سەکۆکانی گەڕان و هەڵکەندن بەدوای نەوتی خاودا بە شێوەیەکی گەورە.بەشێوەیەك گەر نرخەکان جێگیر بوون و دەستیان کرد بە باشبونێکی کەم لەو بڕوایەدام کە سەکۆکانی هەڵکەندن دەستدەکەنەوە بە زیادبوون لە ساڵی ٢٠١٦ و ٢٠١٧دا و دابینکردنی زیاتری یارمەتیەکان و پێشبینیش دەکرێت بۆ ئاسایبونەوەی گەشەی داواکاری جیهانی لەسەر نەوت بۆ ١ر١-٢ر١ ملیۆن بەرمیل ڕۆژانە.کە یەکسان دەبێتەوە بە دووهێندەی ئاڕاستەکەی لەماوەی چەند ساڵی ڕابووردوودا.

لەلای خۆشیەوە ئەمینداری گشتی ئۆپیك وتی کە نەوتی بەردی دیاردەیەکە کە بەردەوام دەبێت و پێویستە لەسەرمان مامەڵەی لەگەڵدا بکەین و هاوسەنگی بدۆزینەوە.

هەروەها وەزیری وزەی ئیماراتیش پێداگیری کرد لەسەر ئەوەی کە بڕواناکەین و بۆشی ناچین و خەونیش نابینین کە بەرهەمهێنەرانی نەوتی بەردی لەناو دەچن،بەڵکو دەمانەوێت بمێنننەوە و هاوسەنگی باش دروستبکەین لە بازاڕدا و دەمانەوێت هەر لایەك بەشێك لە لێپرسراوێتی لە ئەستۆ بگرێت لەگەڕانەوەی هاوسەنگیدا بۆ بازاڕەکان.

- **ئەو وڵاتانەی کە ٣٤٥ ملیار بەرمیل لە نەوتی بەردیان هەیە و دەتوانن دەریبێنن :**

خەملاندنی ئیدارەی زانیاریەکانی وزەی ئەمریکا ئاماژە بۆ ئەوە دەدات کەوا جیهان بڕی ٣٤٥ ملیار بەرمیل نەوتی بەردی هەیە کە دەکرێت دەربهێنرێت لە ڕووی تەکنیکیەوە و چڕ دەبێتەوە لە ١٠ وڵاتدا هاوشانی ٧ر٣ کوادرلیۆن پێ سێجا لە غازی بەردی بە پێی زانیاریەکان لەساڵی ٢٠١٣دا.

وڵاتانی ڕوسیا و ئوستوڕالیا و چین و ئەرجەنتین و مەکسیك لەهەرە دەوڵەمەندترین وڵاتەکانن لە هەبوونی ئەو یەدەگەدا،کە هەوڵ دەدەن بۆ کاراکردنی تەکنەلۆژیای شکاندنی هایدرۆلیکی کە کۆمپانیا ئەمریکیەکان بەکاری دێنن بۆ سوود وەرگرتن لەو جۆرە لە نەوت لەسەر ئاستی بازرگانی لە کاتێکدا کە زۆربەی وڵاتان دەستیان کردوە بەگەڕان بەدوای ئەوەی کە چەندیان لەو نەوتە هەیە و گریمانەی دەرهێنانی دەکەن بەلام دابەزینی نرخەکانی نەوت بە خراپی کاریگەری هەیە لەسەر قازانجی بەرهەمهێنان.

زانیاریەکانی ئۆپیکی ساڵی ٢٠١٣ ئاماژە بۆ ئەوە دەدەن کە یەدەگی نەوتی خاوی دڵنیا لە جیهاندا بریتیە لە ١٤٨٩ ملیار بەرمیل نەوت و ٨١٪ یشی دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتانی ئەندام لە ئۆپیکدا.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە ئەو بڕەی کە ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بۆ دەکات بەرزترە بە نزیکەیی ٤٥ ملیار بەرمیل نەوت کە بە تەنها فەنزەوێلا هەیەتی.

لەگەڵ پێشکەوتنی زیاتری تەکنەلۆژیا پێشبینی دەکرێت بڕی نەوتی بەردی بەرز ببێتەوە کە نیاز وایە دەربهێنرێت و تا چەندیش پاڵەپەستۆ لەگەڵ نەوتی کلاسیکدا دەکات لە بازاڕەکاندا.

ڕوسیا :

خەملاندنی نەوتی بەردی: ٧٥ ملیار بەرمیل

خەملاندنی غازی بەردی : ٢٨٥ تریلیۆن پێ سێجا

ئەمریکا :

خەملاندنی نەوتی بەردی: ٥٨ ملیار بەرمیل
خەملاندنی غازی بەردی : ٦٦٥ تریلیۆن پێ سێجا
چین:
خەملاندنی نەوتی بەردی: ٣٢ ملیار بەرمیل
خەملاندنی غازی بەردی : ١١١٥ر١ تریلیۆن پێ سێجا
ئەرجەنتین:
خەملاندنی نەوتی بەردی: ٢٧ ملیار بەرمیل
خەملاندنی غازی بەردی : ٨٠٢ تریلیۆن پێ سێجا
لیبیا:
خەملاندنی نەوتی بەردی: ٢٦ ملیار بەرمیل
خەملاندنی غازی بەردی : خەملاندن بەردەست نیە
ئوستوڕالیا:
خەملاندنی نەوتی بەردی: ١٨ ملیار بەرمیل
خەملاندنی غازی بەردی : ٤٣٧ تریلیۆن پێ سێجا
فەنزەوێلا:
خەملاندنی نەوتی بەردی: ١٣ ملیار بەرمیل
خەملاندنی غازی بەردی : بەردەست نیە
مەکسیك:
خەملاندنی نەوتی بەردی: ١٣ ملیار بەرمیل
خەملاندنی غازی بەردی : ٥٤٥ تریلیۆن پێ سێجا
پاکستان:
خەملاندنی نەوتی بەردی: ٩ ملیار بەرمیل
خەملاندنی غازی بەردی : بەردەست نیە
کەنەدا:
خەملاندنی نەوتی بەردی: ٩ ملیار بەرمیل
خەملاندنی غازی بەردی : ٥٧٣ تریلیۆن پێ سێجا

- **پێشبینیەکان بۆ دوو هێندەکردنی بەرهەمی نەوتی بەردی بەهاتنی ساڵی ٢٠٣٥ :**

کۆمپانیای زەبەلاحی نەوتی بەریتانی BP پێشبینی بۆ ساڵی ٢٠١٦ ئەوە بوو کە بەرهەمی نەوتی بەردی لە ئەمریکا ببێتە دوو هێندە لەماوەی ٢٠ ساڵی داهاتوودا. سەرەڕای دابەزینی نرخەکانی نەوت ئەوەش لەگەڵ پێشخستنی کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکان بۆ تەکنەلۆژیایەك کە توانای بەرزتر بێت بۆ وەبەرهێنانی سەرچاوەی نوێ.

کۆمپانیای BP لە ڕاپۆرتی خۆیدا پێشبینیەکانی خۆی ئاشکراکردوە تا ساڵی ٢٠٣٥ بەشێوەیەك بەرهەمی نەوتی بەردی لە ئەمریکادا دەبێتە دوو هێندە لەکاتێکدا لە ئێستادا ٤ ملیۆن بەرمیلە لە ڕۆژێکدا تا ئەو کات دەبێتە دەبێتە ٨ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا لە دەیەی سیەکانی داهاتوودا.کە بەمەش بەنزیکەیی ڕێژەی ٤٠٪ی هەموو بەرهەمی ئەمریکا پێکدێنێت.

بەپێی ڕاپۆرتەکەیBP واپێشبینی دەکات کە بەرهەمی نەوتی بەردی جیهانی گەشە بکات بە بڕی ٥ر٧ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا و بگاتە ١٠ ملیۆن بەرمیل بە هاتنی ساڵی ٢٠٣٥ بەڵام تەنها لە ئەمریکادا چڕ دەبێتەوە.

هەروەها ئاماژەشی بەوەداوە کە داواکاری جیهانی لەسەر وزە زیاد دەکات بە ڕێژەی ٣٤٪ بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و ئابوری جیهانەوە. و پشکی نەوتیش لە پێکهاتەی وزەی جیهانیدا کەم دەبێتەوە لەبەرامبەر بەرزبونەوەی بەکارهێنان و داواکاری لەسەر غازی سروشتی و وزەی نوێ بۆوە.

هەرچەندە سووتەمەنی هەڵهێنجراو(( دەرهێنراو)) بەجۆرەکانی لە ( نەوت و غاز و خەڵوز) هەژمونی خۆی لەسەر پێکهاتەی وزەی جیهانی بەڕێژەی ٨٠٪ دەمێنێتەوە لە ساڵی ٢٠٣٥ دا بەپێی ڕاپۆرتەکە،سەرەڕای پێشبینیەکان بۆ زیادبوونی وزەی خۆر و با لە ڕێژەی ئێستای کە ٣٪ بۆ ٩٪.

- **نەوتی بەردی و ڕووبەڕووبونەوەیەکی نادیار لەگەڵ ئۆپێکدا:**

بەرزبونەوەی بەرهەمی ئەمریکا لە نەوتی بەردی ڕۆڵێکی گەورە و سەرەکی بینی لە مەودای کورتدا لە دابەزینی و هارەکردنی نرخەکانی نەوتدا،بەڵام لەسەر دوور مەودا پیشەسازی نەوتی بەردی ئالنگاریەکی گەورەی نواند بۆ سیستەمی ئۆپیکی کۆن، بەڵکو هەندێ کەس هەن دەڵێن کەوا شۆڕشی نەوتی بەردی سیستەمی ئۆپیك بەکۆتا دەهێنێت،بێ گومان ڕێکخراوی ئۆپێك بە باشی لەگرنگی ڕۆڵی نەوتی بەردی تێگەیشتووە لەم قۆناغەدا و بەتایبەتیش لەو ماوەیەی کە دابەزین ڕوویدا لەسەر ڕێژەی زیادبوونی

داواکاری جیهانی،بەڵام بەهەرحاڵ هێشتا زووە کە بووترێت کە ئەم شۆڕشە دەتوانێت کۆتا بە سیستەمی کۆنی ئۆپیك بهێنێت. چونکە تا ئێستا وڵاتانی ئۆپیك سێیەکی داواکاری جیهانی لەنەوتی خاو بەرهەم دێنن، و هیچ کێبڕکێکەرێکیشی نیە تا ئێستا و هەروەها داواکاری جیهانیش لەسەر نەوت لە زیادبوندایە لەبەر گەشەکردنی ئابوری لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوودا.

لەپڕێکدا و لەناکاو نەوتی بەردی نەدۆزراوەتەوە، بەڵکو جیۆلۆجیەکان لە ئەمریکادا لەدەیەی چلەکانی سەدەی ڕابووردوەوە ئەو زانیاریانەیان هەبوە کە بڕێکی زۆر لە نەوتی پەنگخواردوو لە نێوان بەردەکاندا هەیە،بەڵام پیشەسازی بەم توانایەی ئێستاوە دەستیپێنەکردبوو، تا ئەوکاتەی کە هەردوو تەکنەلۆژیای نوێ لە هەڵکەندنی ئاسۆیی و شکاندنی هایدرۆلیکی بۆ بەردەکان تێکەڵکران.

ئەم تێکەڵکردنی دوو تەکنەلۆژیایە کە دەناسرێت بە (( فراکینگ )) یان شکاندنی بەردەکان بە ئاو بۆ کردنەوەی بۆ شاییەکان بوە هۆی دەرکەوتنی شۆڕشێکی نوێ لە جیهانی هەڵکەندنی نەوتدا لە ماوەی ٨ ساڵی ڕابووردوودا و وایکرد کە ئەمریکا ببێتە وڵاتێکی نەوتی گەورە.

دۆخەکان بەبێ پێشەکی و بەخێرایی گۆڕانیان بەسەردا هات بە شێوەیەك کە لە ڕاپۆرتی ساڵانەی ئیدارەی زانیاریەکانی وەزی ئەمریکادا باسی غازی بەردی بەهیچ شێوەیەك نەکراوە لە پێشبینەکانی ساڵی ٢٠٠٩دا،بەڵام لەدواتردا پێشبینی بوونی غازی بەردی کرا لەساڵی ٢٠١٢دا بە زیاد لە چارەکی بەرهەمی غازی ئەمریکا بۆ ئەو ساڵە و لەوانەشە زیاتریش بکات و پێشبینیەکان وای بۆ دەچن کە نیوەی بەرهەمی غازی ئەمریکی سەرچاوەکەی دەبێتە غازی بەردی بەهاتنی ساڵی ٢٠٣٥.

هەروەها بەرهەمی نەوتی ئەمریکا بەرزبۆوە لە ٦٣٦ر٥ ملیۆن بەرمیل ڕۆژانە لەساڵی ٢٠١١ بۆ ٨٧٠٠ ملیۆن بەرمیل ڕۆژانە لەساڵی ٢٠١٤دا.ئەو زیادبونەش هۆکاری سەرەکی بریتی بوو لە زیادبوونی بەرهەمی نەوتی بەردی، هەروەها جۆرێکی تری نەوتیش هەیە کە پێی دەوترێت (( نەوتی پەنگخواردوو)) کە بەهەمان شێوە پێی دەوترێت نەوتی بەردی. بەڵام لە ڕاستیدا نەوتی (( پەنگخواردوو)) لەجۆرەکانی تری بەرد دەردەهێنرێت.

ئیدارەی زانیاریەکانی وزەی ئەمریکا هیچ بەرهەمێکی دیارینەکردوە لە نەوتی پەنگخواردوو لە ساڵی ١٩٩٩دا. بەڵام بڕی بەرهەمی لە ساڵی ٢٠١٢دا گەیشتە ٢ ملیۆن

بەرمیل ڕۆژانە. هەروەها ئیدارەی زانیاریەکان پێشبینی دەکات کە نەوتی(( پەنگخواردوو)) کە تێکڕای بەرهەمی زیادی کردوە لەناوچە دەریاییەکانی ئەمریکادا لەساڵی ٢٠١٢دا، بەڵام بەرهەمی دەوەستێت لە وشکانیدا بەرامبەر نەوتی کلاسیکی پێش کۆتایی هاتنی ئەم دەیەیە.

پێشبینیەکانی ئیدارەی زانیاریەکان ئاماژە دەدەن بۆ بەرزبونەوەی توانای بەرهەمی نەوتی خاوی ئەمریکا (کلاسیکی و ناکلاسیکی) لەساڵی ٢٠١٦دا و دەکاتە ٩ر٦ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، هەروەها چاوەڕوان دەکرێت کە بەرهەمی ناوخۆ جێگیر ببێت و دواتر دابەزێت بەهێواشی لەگەڵ سەرەتای دەیەی نوێدا بەهۆی سروشتی پیشەسازی نەوتی بەردیدا بە شێوەیەك بۆشایەکانی بەردەکان دادەخرێت و لەبەرئەوە پێویست دەکات کە جارێکی تر کاری هەڵکەندن دووبارە بکرێتەوە.

دروشمی (( سەربەخۆیی وزەیی)) بۆتە بەندێکی بەردەوام لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا لەسەرەتای دەیەی حەفتاکانەوە دوای گەمارۆی نەوتی عەرەبی بۆ سەر ئەمریکا و هۆڵەندا لەبەر پشتیوانیکردنیان لە ئیسرائیل لە جەنگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٧٣دا و ئەو دروشمەش هەموو کاندیدەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا بەرزیان کردۆتەوە لەساڵەکانی حەفتاکانەوە بەبێ جیاوازی کە ئەمەش پشتیوانی جەماوەری و حکومەت دووپات دەکاتەوە بۆ پیشەسازی نەوتی بەردی لە ئەمریکادا. و بەمەش دروشمی(( سەربەخۆیی وزەیی)) ئەمریکا مانایەکی تریشی دەگەیاند کە بریتی بوو لەوەی چیدی پشت نەبەسترێتە سەر نەوتی وڵاتە عەرەبیەکان و ئەمەش مانای (( قورسایی )) دەگەیاند لەسەر سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا.

تێچووی بەرهەمهێنانی نەوتی بەردی لە نێوان ٣٠-٧٥ دۆلاردایە بۆ هەر بەرمیلێك،لە کاتێکدا تێچووی بەرهەمهێنان لە عێراقدا و وڵاتانی کەنداوی عەرەبی کەمترە لە ١٥ دۆلار،بەڵام زۆربەی میزانیە گشتیەکان بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە نرخی ٨٥ دۆلار هەیە بۆ هەر بەرمیلێك لە نێوان مەترسی داڕمانی نرخەکان لەسەر ئابوریەکانی وڵاتانی بەرهەمهێن بە تایبەتیش لە باری ناجێگیری وڵاتدا یان خراپی ئیدارە و نەبوونی یەدەگی پارەی پێویست بۆ کاتی تەنگانە و قەیرانەکان.

بەکارهێنانی ((فراکینگ)) دەبێتە هۆی دروستبوونی کاریگەری خراپ لەسەر ژینگە بە تایبەتیش ئاو،چونکە پێویستە کە ملیۆنان گاڵۆن ئاو بەکاربهێنرێت بۆ شکاندنی بەردەکان

لەیەك بیردا کە ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبونی ئاوی خواردنەوە و پیسبوونیشی،هەروەها مەترسی توخمە کیمیاویەکانیش هەیە کە تێکەڵ بە ئاو دەبێت کە دەچێتە ناو ئاوی ژێر زەویەوە،هەروەها کێشەی هەڵگرتنی ئاوی بەکارهاتووش هەیە پێش خۆلێڕزگارکردن لێی.

هەندێ ولاّتی تریش کێشەیان هەیە لەگەڵ بوونی نەوتی بەردی لە بیابانەکانیاندا،چونکە لە بیابانەکاندا لە بنچینەدا ئاو کەمە و بەکارهێنانی ئەو بڕە ئاوە کەمە و پیسکردنیشی دەبێتە هۆی ناڕەزایی دانیشتوانەکەی ، ئەوەش لە ڕاستیدا لە جەزائیر ڕوویدا لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٥دا،کاتێك دانیشتوانی بیابان هەستان بە خۆپیشاندان دژی بەرهەمهێنانی غازی بەردی لە باشووری بیاباندا چونکە ترسیان هەبوو لەسەر ئەو بڕە ئاوە کەمەی کە هەیە لە ناوچەکەیاندا.

سەرەڕای ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی کە پیشەسازی نەوتی بەردی وەدیهێناوە لە ئەمریکادا لەم ساڵانەی دواییدا،بەلاّم هێشتا کۆمەڵە پرسیارێك هەن کە پێویستە وەلاّم بدرێنەوە دەربارەی ئایندەی ئەو پیشەسازیە، وەك ئایا دەتوانرێت هەمان سەرکەوتن و بەهەمان خێرایش وەدیبهێنرێت لەولاّتانی تریشدا کە هۆکارەکانی هاوکاری و یارمەتیدانیان نیە وەك ئەوەی لە بازاڕە داراییەکانی ئەمریکادا هەیە؟ ئایا دامەزراوە ژێرخانییەکان بونیان هەیە لە ولاّتانی تردا وەك ئەوەی لە ئەمریکادا هەیە؟یان ئایا ئەو پیشەسازیە سەرکەوتن بەدەست دێنێت لە بارێکدا کە دابەزینی نرخەکانی نەوت بەردەوام بێت بۆ چەند ساڵێکی تریش یان بەرزبونەوەی بۆ ئاستە بەرزەکانی پێشوو وەك دامەزراوە ئابوریە ڕۆژئاواییەکان پێشبینی دەکەن؟ یان ئایا ئەو تێچوە چەندە کە پێویستە بۆ بەردەوامبوون لە دووبارە هەڵکەندنی بیری نەوتی بەردی بۆ گرەنتی کرانەوەی بۆشاییەکانی کێڵگەکان؟

**لەکۆتاییدا**، ئایا ولاّتانی(( ئۆپێك)) دەتوانن ئابوریەکانیان بگونجێنن لەگەڵ نرخە مام ناوەنجییەکانی نەوتدا و کەمکردنەوەی خەرجیەکانیان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سەرکەوتوو مامەڵە بکەن لەگەڵ کێبڕکێ نەوتیە نوێکەدا لە (( نەوتی بەردی)).

**لە ئێستادا** لە هەرێمی کوردستان و لە عێراقیشدا هیچ ئاماژەیەك نیە بۆ بوونی نەوتی بەردی و تەنها نەوتی خاوی کلاسیکی و غازی سروشتی بونیان هەیە بە بڕێکی زۆر و دڵخۆشکەر، کە گەر بە پلانی زانستی و ئیدارەیەکی سەرکەوتووی دوور لەگەندەڵی و ناشەفافیەت بەڕێوەببرێت دەبێتە مایەی گەشە و پێشکەوتنی ولاّت و کۆمەڵگا و دەبێتە نیعمەتێك بۆ خۆشگوزەرانی، بەلاّم لە عێراق و کوردستانیشدا بەداخەوە لەلایەك بەهۆی بوونی شەڕ و جەنگە بەردەوامەکانەوە و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی نائیدارەیی و شاردنەوە و نەبونی سیاسەتێکی نەوتی ڕوون و ئاشکرا

و نەبوونی یاسایەکی غاز و نەوتی مۆدێرن ، لە ئێستادا نەوت بۆتە هۆکاری قەیرانی دارایی و نەبوونی بودجە و برسیکردنی کۆمەڵگا و بۆتە هۆی قەرزاربارکردنی تاك بەتاکی میلەتەکەشمان، بەداخەوە لەهەرێمی کوردستاندا سەرەڕای بوونی نزیکەی ٤٥-٦٠ ملیار بەرمیل یەدەگی نەوت و ٥ر٧ تریلیۆن مەتر سێجا لە غازی سروشتی و پشتبەستن تەنها بەو داهاتانەی لەم دوو سەرچاوەی وزەوە دەستدەکەون هەرێم و عێراقیشیان کردۆتە ولاتێکی تاك سەرچاوە کە نەوتە و لە ئێستاشدا و بۆ ماوەی ٢ساڵ زیاترە کە نرخەکانی نەوت لەدابەزینی بەردەوامدایە و بەوهۆیەشەوە قەیرانێکی دارایی توند ڕوویکردۆتە هەرێمی کوردستان و عێراقیش، ئەم نەوتە زۆرو زەوەندەیە وایکردوە کە دەسەلاتداران بیر لە دۆزینەوە و گەڕان و پەیداکردنی سەرچاوەی تری داهات نەکەنەوە لە کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزار و مرۆیی و ...هتد. کە ئەم بێباکی و هەوڵنەدانەیان هێندەی تر قەیرانەکانی توند کردۆتەوە لەسایەی بەردەوامبونی دابەزینی نرخەکانیشدا هیچ ئاسۆیەکی ڕوون نابینرێت بۆ چارەسەر کردن. هەربۆیە پێویست دەکات کە سەرتاپای سیاسەتی نەوت لە کوردستان و عێرقیشدا چاوی پیادا بخشێنرێتەوە لە پێناو بەرژەوەندی کۆمەڵگە و دەوڵەت و ئایندەی نەوەکانی داهاتوشدا.

سەرچاوە :

- www.somooil.gov.iq/index.php
- https://ar.wikipedia.org/wiki

---

* ئەم بابەتە لە سایتی وزە نیوز لە ١٠/٢٤ و کوردستانی نوێ ژمارەکانی ٧١٠٤ و٧١٠٥ و٧١٠٦ و٧١٠٧ لە ٣٠ و١٠/٣١ و١ و٢٠١٦/١١/٢ و گۆڤاری ئەندازیاران ژمارە ٥٨لە پایزی ٢٠١٦دا بلاْوکراوەتەوە.

# ئەرکی دوای پەسەندکردنی بودجەی گشتی ساڵی ٢٠١٧ مان چیە ؟*

- ئاشکرایە یاسای بودجەی گشتی هەر ولاْتێك لە چوار چێوەی سیاسەتی ئابوری ئەو ولاْتەدا دادەڕێژرێت بەو ئامانجەی بتوانرێت کە زۆرترین خزمەتگوزاری بە هاولاْتیان و ولاْت بکرێت و هەنگاو بنرێت بەرەو بوژاندنەوەی سەرجەم کەرت و بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگا و ڕووەو ئاینده و ساڵێکی نوێ هەنگاو بنرێت، نەك وەك ئەوەی لە ولاْتانی دواکەوتوو یان گەشەکردوودا ڕوودەدات و زۆرینەی بودجەی ولاْت بۆ لایەنی ئەمنی و سەربازی و جەنگ دادەنرێت سەرەڕای نەبونی پلانی زانستی و واقیعی و بوونی دیاردەی گەندەڵی کوشندە و بە سیاسیکردنی بودجەی ولاْت لەلایەن حیزب و سەرکردە سیاسیەکانەوە. بەداخیشەوە لە ولاْتی عێراقیش بە کوردستانیشەوە سالاْنە ئەم هەڵە سیاسی و ئابوری و زانستیانە دووبارە دەکرێنەوە، هەربۆیەش کە هیچ کات ولاْت بەرەوە پێشەوە ناچێت بەڵکو ڕووبەڕووی چەندین مەترسی و قەیران و کارەساتی ئابوری دەبنەوە و هەمیشە بۆ دواوە دەگەڕێنەوە نەك بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێن.
- ئەوەتا ڕۆژی ٤ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٦/١٢/٧ یاسای بودجەی گشتی دەوڵەتی عێراقی فیدڕاڵی بۆ ساڵی ٢٠١٧ی دارایی پەسەندکرا کە لە ٥٩ مادە پێك هاتوە و لە ٢٠١٧/١/١وە کاری پێدەکرێت.... ئەمساڵ جیاواز لە سالاْنی پێشووتر یاسای بودجەی عێراقی بوە مایەی جیابونەوە و لێکترازانی ڕیزەکانی فراکسیۆنە کوردیەکان لە بەغداد و بەتەنها پارتی دیموکراتی کوردستان ناڕەزایی بەرامبەر ئەم یاسایە دەربڕیوە و ٤ فراکسیۆنەکەی تر لەگەڵیدا بون و کاریان بۆ پەسەندکردنی کرد. و ئەنجامیش هەوڵ و ماندووبونی ئەو ٤ فراکسیۆنە سەریگرت و پارتی بەتەنها مایەوە و خۆی کەنارگیر خست. و هەر ئەم هەڵوێستەی فراکسیۆنی پارتیش بوە مایەی ئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە ٢٠١٦/١٢/٦دا ڕوونکردنەوەیەك بدات لەسەر پشکی هەرێمی کوردستان.

- سەرەتا دەبێت دانبنێین بە چەند ڕاستیەکدا کە لە دەوڵەتی فیدڕاڵی عێراقیدا کاری پێدەکرێت و بەداخەوە لە هەرێمی کوردستاندا پشتگوێخراون و هیچ حسابێکیان بۆ ناکرێت،سەرەڕای بوونی جەنگ و بوونی ئاوارە و پشێوی سیاسی و ئابوری و سەربازی و کۆمەڵایەتی ،کە بریتین لە:

١. بۆخۆی پەسەندکردنی یاساکە پێش تەواوبونی ساڵی دارایی ٢٠١٦ و وەرزی یاسادانانی ٢٠١٦، مانای بونی پەرلەمانێکی کارا و ئاکتیڤ و بەدامودەزگایی دەوڵەت و حوکمڕانی عێراقی دەگەیەنێت لە دەوڵەتی عێراقدا.بەڵام لە هەرێمدا نە پەرلەمان کارایە و نە حکومەت ئاکتیڤە تا یاسای بودجە ڕێکبخەن و دەریشیبکەن و ئەوە ماوەی ٣ ساڵە هەرێم دوور لەیاسا هەموو داهات و خەرجیەکان کۆدەکاتەوە و خەرجیشیان دەکات دوور لە ووردبینی و بەدواداچوونی دامودوەزگا چاودێریە داراییەکان.

٢. دەوڵەتی عێراقی بەپێی یاسا داهات و خەرجیەکانی کۆدەکاتەوە و خەرجیشی دەکات.

٣. داهات و خەرجیەکان شەفاف و ئاشکران.

- لەیاساکەی ئەمساڵدا بە پێی ئەو ژمارە داهات و خەرجیانە بێت کە دیاریکراون ئەم یاسای بودجەیە بریتیە لە کەمترین بوجە لە دەوڵەتی عێراقیدا لەدوای ساڵی ٢٠٠٣وە، ئەمەش بۆخۆی هۆکاری خۆیی و بابەتی هەیە ،لەوانەش نزمی نرخەکانی نەوت کە بۆتە هۆی کەمی داهات و لەبەرامبەریشدا زۆری خەرجیەکان و بوونی جەنگی دژ بە تیرۆریستان و بوونی ژمارەیەکی ئاوارەی زۆر لەناوخۆدا و نەبوونی سەرچاوەی داهاتی تر جگە لە داهاتی نەوت، کە ئەمە بۆخۆی خاڵێکی لاوازی یاسای بودجەی دەوڵەتی عێراقی هەموو ساڵێکە کە نەتوانراوە سوود لە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزار و مرۆییەکان و ...هتد . وەربگیرێت. و هەربۆیە عێراق وەك وڵاتێکی تاك سەرچاوەی داهات حساب دەکرێت. نەك هەمەجۆر سەرچاوە کە لە وڵاتانی گەشەکردووی ئابوریدا هەمیشە گرنگی دەدەن بە گەڕان بەدوای سەرچاوەی داهاتی تردا.

- لە یاساکەی ئەمساڵدا هاتوە کە بڕی داهاتی گشتی بریتیە لە ٧٩٠١١٤٢١٠٠٠ تریلیۆن دینار کە لەسەر بنچینەی نرخی فرۆشتنی ١ بەرمیل نەوت بە ٤٢ دۆلار دانراوە کە ڕۆژانە دەبێت بڕی ٣٧٥٠٠٠٠ بەرمیل نەوت بفرۆشرێت بە (( ٥٥٠ هەزار بەرمیلەکەی

هەرێمیشەوە بەهەرێم (( ٢٥٠ هەزار بەرمیل )) و کەرکوك بە (( ٣٠٠ هەزار بەرمیل نەوت))ەوە)) و نرخی گۆڕینەوەی ١ دۆلاریش بریتیە لە ١١٨٢ دینار.

- داهاتی نەوتی بریتیە لە ٦٧٩٥٠٢٢٥٠٠٠ تریلیۆن دینار
- داهاتی جگە لەنەوت بریتیە لە ١١٠٦١١٩٦٠٠٠ تریلیۆن دینار
- لێرەدا دەردەکەوێت کە بەڕێژەی ٨٦٪ داهاتی عێراق پشتدەبەستێتە سەر نەوت و تەنها ڕێژەی ١٤٪ گریمانەکراوە بۆ داهاتی تر.
- بڕی خەرجی گشتی بریتیە لە ١٠٠٦٧١١٦٠٧٩٠ تریلیۆن دینار
- بڕی خەرجی بەکاربردن بریتیە لە ٧٥٢١٧١٤٢٧٩٠ تریلیۆن دینار کە دەکاتە ڕێژەی ٧١ر٧٤٪
- بڕی خەرجی وەبەرهێنانیش دەکاتە ٢٨ر٢٥٪
- بڕی کورتهێنان بریتیە لە ٢١٦٥٩٧٣٩٧٩٠ تریلیۆن دینار
- **ئاشکرایە کە ئەم یاسایەی ئەمساڵی ٢٠١٧ ش کۆمەڵێك خاڵی باش و خراپی تیادایە بەرامبەر هەرێمی کوردستان کە گرنگترینیان بریتین لە :**
- **لایەنە باشەکانی ئەم یاسایە :**

١. لەمادەی ٨/ یەکەم / پشکی ١٧٪ هەرێمی کوردستان چەسپێنراوە وەك ساڵەکانی پێشووتر.

٢. لەمادەی ٨ / پێنجەم/ ڕێژەیەك لە خەرجی هێزە وشکانیەکانی سوپای عێراقی بۆ هێزی پێشمەرگە دیاریکراوە.

٣. مادە ٩/ ا/ هەرێم و بەغداد هەموو داهاتەکانی دەوڵەتی ئیتیحادی لە هەرێمدا حساب دەکەن و دەبێت مانگانە بگێڕدرێتەوە بۆ بەغداد.

٤. مادە ٩/ ج / ڕێککردنەوە و چارەسەرکردنی شایستە داراییەکانی هەرێم و بەغداد لەساڵی ٢٠٠٤ وە بۆ ٢٠١٦ دوای ووردبینی کردن و پەسەندکردنی.

٥. مادە ٩/ سێیەم/ ا/ حکومەتی هەرێم دەبێت ڕۆژانە بڕی ( ٢٥٠ هەزار )) بەرمیل نەوتی هەرێم تەنها لەڕێگەی (( سۆمۆ)) وە بفرۆشێت و داهاتەکەی بۆ بەغداد بگەڕێتەوە.

٦. مادە/٩/ سێیەم /ب/ هەرێم ڕۆژانە بڕی (( ٣٠٠ هەزار)) بەرمیل نەوتی کەرکوك بفرۆشێت تەنها لەڕێگەی (( سۆمۆ)) وە و داهاتەکەی بگەڕێتەوە بۆ بەغداد.

٧. مادە ٩/ سێیەم/ج/ پێویستە حکومەتی هەرێم پێش هەر خەرجیەك مووچەی مووچەخۆران بەهەموو جۆرەکانیەوە بدات لەو میزانیەی ساڵی ٢٠١٧ بۆی دیاریکراوە لە میزانیەی بەکاربردن.

٨. مادە ٩/سێیەم/د/ ئەگەر حکومەتی هەرێم ئەو خاڵانەی مادەی ٩ی سەرەوەی جێبەجێکرد ئەوکات حکومەتی فیدراڵی ڕێژەی ١٧٪ پشکی هەرێم دەنێرێت و بە پێچەوانەوە هیچ ئیلتیزامێکی ناکەوێتە ئەستۆ.

٩. مادە ١٠/ هەر کەم وزیادێك ڕوویدا لە ئاماری دانیشتواندا لەهەرێم و پارێزگاکانی تریش ئەوکات ڕێژەی پشکەکانیش لە داهاتەکان کەم و زیاد دەکات.

١٠. هەرێمیش پێویستە ڕێژەی ٨ر٣٪ لە کۆی مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینان ببڕێت بۆ پێداویستی هەرێم و هێزی پێشمەرگە لە پشکی ١٧٪ کەی خۆی. بەڵام هەرێم لە ئێستادا تەنها چارەکە مووچە دەدات نەك مووچەی تەواو بۆیە ئەم خاڵە لەهەرێمدا ناتوانرێت جێبەجێبکرێت کە لە قازانجی هێزی پێشمەرگەی قارەماندا دەبوو.

١١. وەزارەتی نەوتی عێراقی دەبێت نەوتی خاو بە ڕێژەی ٣٠٪ لەنرخی بازاڕی نەوتی جیهانی کەمتر بفرۆشێت بە پاڵاوگەکان و نرخی بەرهەمە نەوتیەکانیش وەکو ئێستا بمێنێتەوە ، نەك وەك هەرێم بەهەمان نرخی دەرەوە دەداتە پاڵاوگەکان و کارگە پیشەسازیەکان.

١٢. لەمادەی ٥٦// هاتوە کە نیوەی داهاتی خاڵە گومرکیەکان دەدرێتەوە بەو پارێزگایانەی کە ئەو خاڵانەی تیادایە.

- **لایەنە خراپەکانی ئەم یاسایە :**

١. وەك دەردەکەوێت کە ڕێژەی ٧١ر٧٤٪ لە بودجەی گشتی دانراوە بۆ بودجەی بەکاربردن و تەنها ڕێژەی ٢٨ر٢٥٪ دانراوە بۆ بودجەی وەبەرهێنان . کەئەمەش گەورەترین خاڵی خراپ و لاوازی ئەم یاساییە و پێویست دەکات کە هەمیشە بەشی گەورەی بودجە لەهەر وڵاتێکدا بۆ وەبەرهێنان بێت نەك بەکاربردن ، چونکە نابێت لە وڵاتانی پێشکەوتوودا خەرجیەکانی حکومەت گەورەتربن هەربۆیە پەنا دەبەنە بەر کەرتی تایبەت و وەبەرهێنانی ناوخۆیی و دەرەکی و ئەوەی بۆ بەکاربردن خەرجی دەکەن دەیگێڕنەوە و دەیخەنە خزمەت پێشکەوتنی وڵاتەوە.

٢. مادە ٨/ دووەم / پشکی ١٧٪ هەرێم دوای دەرکردنی خەرجی فعلی دەوڵەتی فیدرالی دەنێردرێت واتە هەموو خەرجیە سیادیەکانی لێ دەردەکرێت کە ئەمەش برێکی زۆر لە پشکی هەرێم دەبات وەك سالانی پێشووتر.

٣. رێژەی پشکی پێشمەرگە لە خەرجی هێزە وشکانیە عێراقیەکان دیارینەکراوە و ژمارەی پێشمەرگەش دیاینەکراوە. کە دەکرێت یاری پێ بکرێت و بە یئیجتیهادی کەسی خەرج بکرێت.

٤. مادە/٨/ یەکەم /دەسەلاتی ناردنی بەشە پشکی هەرێم دراوەتە وەزیری دارایی بەلام بە رەزامەندی سەرۆك وەزیران .

٥. مادە ٩/ب/ لەکاتی نەدانی داهاتە ئیتیحادیەکان لەلایەن هەرێمەوە . دیوانی چاودێری بەغداد راستەخۆ لە رێگەی باجەکان و گومرکەکانەوە داهاتی دەوڵەتی ئیتحادی لەپشکی ١٧٪ ی هەرێم دەبرێت.

٦. ئەم بەشە پشکەی هەرێم ١٧٪ لە ئێستادا کە ژمارەی فەرمانبەرانی هەرێم ١ ملیۆن و ٤٠٠ هەزار کەسە بەش ناکات.. ئەی ئەو کات فەرمانبەرانی زیادە چۆن بودجەیان بۆ دابیندەکرێت و لەلایەن کێوە؟ کە دەبوایە بە ژمارەی تەواوی فەرمانبەرانی هەرێم یاساکە پەسەندبکرایە.یان ژمارەی فەرمانبەرانی هەرێمی راستەقینە چەندە و چۆن مووچەیان دەدرێت ؟ یان ئەوەتا ئەو ژمارە زۆرەی هەرێم راستەقینە نیە؟ کە ئەم خاڵە دەبوایە رۆشنتربوایە و گفتوگۆی زیاتری لەبارەوە بکرایە.کە لە ئێستادا بۆتە جێگەی جیاوازی لەنێوان بەغداد و هەرێمدا و هەریەکەیان ژمارەی فەرمانبەرانی هەرێم بە جیاواز لە یەکتری دادەنێن.

٧. بەپێی مادە ٩/ سێیەم / خاڵی ا و ب// فرۆشتنی نەوتی هەرێم و عێراقیش تەنها لەدەسەلاتی کۆمپانیای (( سۆمۆ))دایە و داهاتەکانیش هەمووی دەگەرێتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەتی فیدرالی. بۆیە هەرێم هیچ دەسەلاتێکی فرۆشتنی نەوتی نامێنێتەوە.

٨. برینی رێژەی ٨ر٣٪ لە کۆی مووچەی هەموو فەرمانبەرانی عێراق بۆ حەشدی شەعبی.کە ئەمەش تەنها بۆ بەهێزکردنی ئەم گردبونەوە چەکداریە (( شیعیەیە)) لە پاڵ سوپای نیزامی عێراقیدا.

٩. له مادەی ١٩// هاتوه كه شایسته داراییەكانی كۆمپانیا نەوتیەكانی كوردستانیش له پشكی ١٧٪ی هەرێم دەدرێت.كه لێرەشدا له بنچینەدا بەشه بودجەكه بەشی مووچەی فەرمانبەران ناكات ، ئیدی چۆن جێگەی ئەم خەرجیەش دەبێتەوە.

- له كۆتاییدا ، به ئاشكرا دیاربووكه پەسەندكردنی ئەم یاسایه ئاسان نیه و هەوڵ و ماندووبونی زۆری گەرەك بوە لەلایەن پەرلەمانتارە كوردەكانەوە، بۆیه مایەی دەستخۆشیه ، لەگەڵ ئەو تێبینی و خاڵه لاوازانەی كه لەیاساكەدا هەیه، بەڵام له ئێستادا و دوای پەسەندكردنی یاساكه ئەركی هەمووانه له هەرێمی كوردستان و بەغدادیش پابەندبن به جێبەجێكردنیەوە نەك وەك ساڵانی پێشووتر تەنها وەك مەرەكەبی سەر كاغەز بمێنێتەوە.

بۆئەم هەنگاوەش هەم فشاری سیاسی و حیزبی و جەماوەری یەكگرتوی گەرەكه لەناوخۆی هەرێم و لەسەر بەغدادیش و تابكرێت هەموان پێكەوە بن نەك دوور لەیەكتر و جیاواز له بیروبۆچوون ، پێویسته هەموان بەرژەوەندی میلەت و قوتی خەڵكی هەژار و برسی لەبەرچاو بگرن نەك دەسكەوتی تەسكی بچوكی حیزبی و سیاسی.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی خەندان و سپی میدیا و SNN و ناوەندی دەرەوە و ئاراستە و مەکتەب ڕێکخستن و وتاری کورد لە ٢٠١٦/١٢/٨دا بڵاوکراوەتەوە.

لە پەراوێزی ڕاز وگلەییەکان لە دواکەوتنی پرۆژەکاندا...

# دەبێت پەیوەندی نێوان ئەندازیاران و بەڵێندەران چۆن بێت ؟*

❖ ئاشکرایە ئەندازیاران و بەڵێندەران دوو جەمسەری هاوکێشەی ئاوەدانکردنەوەن و هیچ کاتێك ئەو هاوکێشەیە هاوسەنگ نابێت ئەگەر یەکێك لەو دوو جەمسەرە بوونیان نەبێت یان ئاکتیڤ و چالاك نەبن.کەواتە ئەندازیاران و بەڵێندەران تەواوکەری یەکترن نەك دژ بە یەکتر.

هەربۆیە حەتمیەتی ئەم پەیوەندیە دەیسەپێنێتە سەر هەردوولایان هاوکار و پشتگیر و کارئاسان کەر بن بۆ ئەویتریان.چونکە ئەندازیاران ڕۆڵیان ئاشکراو ڕوونە و ناکرێت بەکەم لێی بڕوانرێت، لەبەرئەوەی ئەندازیاران عەقڵی داڕێژەری پلان و نەخشە و دەرخستە و دیزاین و ڕێکخەر و دۆزەرەوەی بڕی تێچوونی هەموو پرۆژەیەکە و بەهەمان شێوەش سەرپەرشتیار و جێبەجێکاریشە، ئەو ڕاستیە دەبێت لای هەموان ڕوون بێت هیچ پرۆژەیەك لەهەر بوارێکی ئاوەدانکردنەوە و پیشەسازی و کشتوکاڵ و نەوت و ..هتد. بێت بەبێ بوونی ئەندازیار لەدایك نابێت و تەواوناکرێت و کۆتایشی پێناهێنرێت.کەواتە ئەندازیار خاڵی سەرەتا و کۆتای هەموو پرۆژەیەکە.هەموو ئەو فاکتەرانەی لای سەرەوە ڕۆڵ و کاریگەریان گەلێك گەورە و هەستیارە لە بۆ دەسپێك و دامەزراندنی هەر پرۆژەیەك و لەهەر بوارێکدا بێت.

لەجەمسەری ئەوسەری هاوکێشەکەشەوە ، بەڵێندەران بە توانا مادی و شارەزایی و کارامەیی و سەلیقەی خۆیان فاکتەرێکی گەلێك گرنگن بۆ خستنە بواری جێبەجێکردنی پرۆژەکان لەسەر زەمینەی واقع. چونکە هەموو پرۆژەیەك بەبێ بوونی لایەنی دارایی پێویست ناتوانرێت دەستپێبکرێت و بەردەوامیش بێت و کۆتایشی پێبهێنرێت.لەبەرئەوە

بەهەمان شێوە ناتوانرێت دەستبەرداری ڕۆڵی بەڵێندەرانیش بکرێت لە پڕۆسەی ئاوەدانکردنەوە و جێبەجێکردنی پڕۆژەکاندا.

**• ئایێرەدا ئەو پرسیارە خۆی دەسەپێنێت کە ئایا دەبێت پەیوەندی نێوان ئەم دوو جەمسەرە گرنگەی هاوکێشەکە (( ئەندازیاران و بەڵێندەران )) چۆن بێت؟ وە هەریەکەیان پێویستە چۆن مامەڵە لەگەڵ یەکتردا بکەن؟ و چۆنیش سەیری بەرامبەرەکەی بکات و ڕۆڵ و کاراکتەرەکەی هەڵبسەنگێنێت؟**

بەدڵنیاییەوە دەبێت هەردوولایان بەوپەڕی ڕێز و حسابکردن بۆ ئەویتریان مامەڵە بکات و وەك هاوکار و تەواوکەری خۆی لێی بڕوانێت و مامەڵەیەکی تەواو تەندروست و برایانە و تەباییانە بکات لەگەڵ ئەویتردا. ئاشکراشە ئەم مامەڵە هاوکار و تەواوکاریە نایەتە دی هەتا ڕێز لەماف و ئەرکی ئەویتر نەگیرێت، چونکە زۆرجاران حساب بۆکردن و ڕێزگرتن بۆ ڕۆڵ وکاریگەری مەعنەوی ئەویتر گەلێك کێشە و ناتەبایی و لێکتێنەگەیشتن و خراپ لێکحاڵی بوون لە نێوانیاندا چارەسەر دەکات، کە هیچ کات بە پێوانەی مادی و سەروەت و سامان چارەسەریان بۆ نادۆزرێتەوە.

کەواتە پێویستە لەسەر ئەندازیاران ڕێز و تەقدیری ڕۆڵ و دڵسۆزی و خزمەتکردنی گەل و وڵاتی بەڵێندەران بەهەند وەربگرن و وەك کەسێکی بەرژەوەندپەرست و خود پەرست لێیان نەڕوانن کە تەنها مەبەستیان کۆکردنەوەی سەروەت و سامان بێت و هیچی تر، چونکە بەڵێندەرانیش وەك هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە خۆی بەخاوەن و دڵسۆز و ڕۆڵەیەکی بە ئەمەکی ئەم گەل و نیشتیمانە دەزانێت و گەرەکیشێتی خزمەتیان بکات.

لەبەرامبەریشدا بەهەمان شێوە بەڵێندەرانیش پێویستە مامەڵە و ڕێز بۆ ڕۆڵ وکاریگەری و پێشەوایەتی ئەندازیاران دابنێت و مافەکانیان پێشێل نەکات و واشیان لێنەڕوانێت کە ڕێگر و بەربەستدروستکەرە لەبەردەم جێبەجێکردن و تەواوکردنی پڕۆژەکانیاندا. و هیچ کاتێك لە مامەڵەی توندی ئەندازیاران نیگەران نەبێت کاتێك داوای چەسپاندنی پێوانە و مەرجە ئەندازەییەکان دەکات لە پڕۆژەکاندا و هانی بەڵێندەران دەدات کە بە چاکترین و تۆکمەترین و بەرزترین کوالێتی ئامێر و کەل و پەل و کەرەسەکانی پڕۆژەکە هەڵببژێرێت لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکاندا،چونکە سەرەتاو کۆتا ئەو مەرج و مامەڵە زانستی و ئەندازیاریانە لەبەرژەوەندی خودی بەڵێندەر تەواو دەبێت و لە کۆتایشدا سەربەرزی و ڕووسووری و ناوونابانگی باش بۆ هەردوولایان دەمێنێتەوە.

جا هەرکات ئەندازیاران و بەڵێندەران لەسەر ئەم بناغە ڕاست و دروستە مامەڵەیان لەگەڵ یەکتردا کرد و ڕێز و تەقدیریان بۆ ڕۆڵی یەکتری دانا و خۆیان بە تەواوکەری یەکتری زانی،ئەوا بە دڵنیایی شاکاری ئەندازیاری زۆر گەورە و گرنگ و نەمر دەخوڵقێنن. بەپێچەوانەشەوە گەر هەردووکیان تەنها مەبەستیان دەسکەوتی مادی و هەڵپەی کۆکردنەوەی زیاتری سەروەت و سامان بێت ئەوا لە ئەنجامدا پڕۆژەی لاواز و بێکەڵك و ڕەخنە لێگیراویان بۆ دەمێنێتەوە کە بەداخەوە لەم چەند ساڵەی ڕابووردوودا گەلێك پڕۆژەی بێکەڵك و پڕ کەموکوڕی و لاواز جێبەجێکراون کە بونەتە مایەی نیگەرانی و ڕەخنەی توند بۆ ئەندازیارانیش و بەڵێندەرانیش کە تەنها بەهەدەردانی سەروەت و سامان و تواناکانی کوردستانیان لێکەوتۆتەوە،لەگەڵ پڕبوونی گیرفانی ژمارەیەکی زۆر کەمی ئەندازیاران و بەڵێندەران کە بەدڵنیاییەوە گوناه و کەمتەرخەمی بۆ هەردوولایان دەگەڕێتەوە،نەك بۆ لایەکیان.کەواتە گەر چاك بێت یان خراپ ئەوا ڕووی هەردوولایان دەگرێتەوە.

جابۆیە تەنها ڕێگا لەبەردەمیاندا تەنها هاوکاری و پێکەوەکارکردن و سەرخستن و پێشخستنی پڕۆژە و پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستانە. نەك سەنگەرلەیەکگرتن و دوژمنایەتی و یەکتر بێزارکردن. کە ئەو کەسانەی ئەو تێگەیشتن و مامەڵە هەڵەیە لەگەڵ یەکتردا دەکەن لە ئەندازیاران و بەڵێندەران کە بەداخەوە هەن و دەیان کێشەو گرفت دروستبوە بەلاّم خۆشبەختانە زۆرکەمن، بەبەراوورد لەگەڵ کەسە تێگەیشتوو و دڵسۆز و خاوەن ویژدانە زیندووەکاندا.

بەهیوای ئەوەی کە لە ئایندەدا ئەم پەیوەندیە و مامەڵەیە تاسەر هاوسەنگ بێت نەك لاسەنگ.و لەپێناو بەرژەوەندی گشتی و سەرخستن و پێشخستن و بە ئەنجامگەیاندنی پڕۆژەی نەمر و سەرکەوتودا بێت، چونکە ئەندازیاران و بەڵێندەران پێشمەرگەی سەنگەری پێشەوەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستانن و ئەرکێکی نیشتیمانی و مێژوویان لە ئەستۆدایە.

---

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئەندازیاران ژمارە ٤٧ لە زستانی ٢٠١٤دا بڵاوکراوەتەوە.

# چۆن ژینگەی دەوروبەرمان لە پیسبوون بپارێزین... *

**چەمکی ژینگە :**

دەتوانرێت ژینگە بەوە پێناسە بکرێت کە بریتیە لە چنراوێك لە کارلێکی جیاواز لە نێوان بونەوەرە ئەندامیە زیندوەکاندا لەنێوان خۆیاندا(( مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەك)) و لەنێوان خۆیان و توخمە سروشتیە نا زیندوەکان وەك (( هەوا و گەرما و ڕووناکی))، ئەم کارلێکانەش چێ دەبن بەپێی سیستەمێکی وورد و هاوسەنگ و تەواو کە لەڕێگەی سیستەمی ژینگەیی یان ڕێکخراوەی ژینگەییەوە دەناسرێت.

**هۆکارەکانی پیسبوونی ژینگەی شارەکان :**

پیسبوونی ژینگەی شارەکان پەیوەستە بە ئاستی پێشکەوتنی شارنشینی مرۆڤەکانەوە (چالاکیە مرۆییەکان،لایەنە لێپرسراوەکان،پێشکەوتنی ئابوری،دەزگا هەڵبژێردراوەکان)..

١. پیشەسازی
٢. پاشماوە ڕەقەکان
٣. ئاوەڕۆکان
٤. دروستکردنی ناڕێکو پێکی بیناکان
٥. کەلوپەل و توخمە بەکارهاتوەکان

**پیسبوونی ژینگەیی**

مەبەست لە پیسبوونی ژینگە بریتیە لە هەموو گۆڕانکاریە خراپەکان کە بەسەر ژینگەدا دێت(فیزیاوی یان کیمیاوی یان بایۆلۆژی)، جا لە زەوی بێت یان لە هەوادا یان لە ئاودا بێت.

١. تێکچوونی پێکهاتەی هەوا: لە ڕێگەی بەرزبونەوەی ڕێژەی هەندێ گاز و تۆز و دوکەڵ و توخمی تیشکدەر لە هەوادا.

٢. تێکچوونی ژینگەیی لە زەویدا: بەهۆی پاشەڕۆ پیشەسازیەکانەوە و فڕێدانی پاشەڕۆ جیاوازەکان و زیاد بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی و وێرانکردنی داپۆشێنەری سەوزایی و زۆری بەکارهێنانی توخمە کیمیاویەکان.

٣. تێکچوونی پێکهاتەی ئاو: بەهۆی فڕێدانی پاشەڕۆ پیشەسازیەکان و ئاوەڕۆکانەوە بۆ ناوی.

لە ئێستادا ئەم چەمکە فراوانتر بوە و هەموو ئەوهۆکارانە دەگرێتەوە کە دەبنە هۆکاری تێکدانی تەندروستی بونەوەرە زیندوەکان لە مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەك یان ئارامی مرۆڤ تێکدەدات وەك ژاوەژاو و بۆنی ناخۆش.

**کاریگەرییەکانی پیسبوونی ژینگە :**

١. کاریگەری خراپی پیسبوونی ژینگە: دەشێت لە ئێستادا دەربکەوێت یان لە ئایندەدا لەسەر ژیان و گوزەرانی مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەك و هەموو سەرچاوە سروشتیەکان،بۆ مرۆڤ ئەوا ڕاستەوخۆ کاری تێدەکات لە ڕێگەی دەرکەوتنی نەخۆشی خراپ لە ئەنجامی تێکچوونی هاوسەنگی توخمە جیاوازەکانی ژینگە و دەشێت ئەو پیسبوونە کاربکاتە سەر جینەکانی و توخمە بۆ ماوەییەکان کە ئەمەش دەبێتە هۆی گواستنەوەی کاریگەریە خراپەکان بۆ نەوەکانی ئایندە.

٢. کێشەی پیسبوون دەگۆڕێت بەپێی سیفاتی هەر لایەنێك یان هەرێمێك یان شارێك.

٣. کاریگەری هۆکارەکانی پیسبوون جیاوازدەبێت بەپێی هۆکارەکان،هەیانە کاریگەری زۆر توند بەجێدێڵێت لەسەر سروشت.

**چۆنێتی پارێزگاریکردن لە ژینگە :**

پارێزگاریکردن لە ژینگە گەلێك شێوازی جیاواز لەخۆ دەگرێت و هەموانیش باس لە دۆزینەوەی میکانیزمێك دەکەن کە یاساکانی ژینگە بەرزبکاتەوە بەشێوەیەك کە لەگەڵ سلوك و مامەڵەی ڕۆژانەدا بگونجێت بۆ ڕێگەگرتن لە پیسبوون و داڕمانی ژینگە.

**هۆکارەکانی پیسبوونی ژینگە :**

١. تێکەڵاوبونی ئاوەڕۆکان بە ئاو.

٢. تێکنەشکاندن و لەناونەبردنی پاشەڕۆ ڕەقەکان بەشێوەیەکی ڕاست و دروست.

٣. کەمی باخچە و سەیرانگاگان.

٤. زۆری بیناکان و کەمبونەوەی ناوچە سەوزەکان.

**پێشنیاز و چارەسەرەکان بۆ پاریزگاریکردن لەسەر پاکوخاوێنی ژینگە :**

١. سازدانی لێکۆڵینەوەی پێویست دەربارەی چۆنێتی بەکارهێنانی ئاوی بەکارهاتوو.

٢. لەناوبردنی پاشەڕۆ ڕەقەکان یان کارکردن بۆ بەکارهێنانەوەی.

٣. زۆرکردنی باخچە و سەیرانگاکان و ڕووبەری سەوزایی.

٤. دانانی یاسا و ڕێسای تایبەت کە ڕێگە بگرێت لە بڕینی دار و گۆڕینی ناوچە سەوزەکان بۆ پرۆژە خزمەتگوزاری و نیشتەجێکان.

٥. گرنگیدان بە پێگەیاندنی کادری پسپۆڕ لە چاودێریکردنی پیسبوونی ژینگە.

٦. کارکردن بۆ بلاوکردنەوەی هوشیاری ژینگەیی لە ڕێگەی سازدانی خول و کۆڕ و سیمینار و هەڵواسینی وێنە و ڕێکخستنی ئاهەنگی سالآنە لە ڕۆژی جیهانی ژینگەدا.

٧. کارکردن بۆ ئامادەسازی هوشیاری یاسایی و گرتنە بەری ڕێوشوێنی دژ بەهەر کەسێك کە بەئەنقەست کاردەکات بۆ پیسبوونی ژینگە.

٨. پڕوپاگەندە و ڕیکلامکردن لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو و بەتایبەتیش سازدانی بەرنامەی تایبەت بە ژینگە لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆندا.

٩. گرنگترین کاریش بۆ پاراستنی پاکوخاوێنی ژینگە بریتیە لە منداڵ: کە ئەرکی هەموانە کە کەشوهەوایەکی تەندروست و زانستی بێنینە کایەوە بۆ تێگەیاندن و ڕواندنی لە مێشکی منداڵاندا دەربارەی ژینگە و چۆنێتی پاکڕاگرتنی و بیانکەینە هاوڕێی ژینگە و هانیان بدەین بۆ خۆشویستنی ئەو ناوەند و سروشتەی کە تیایدا دەژین لە ڕێگەی:

- خوێندنگە و ماڵەوە.
- چاپکردنی نامیلکەو بڵاوکراوەی تایبەت بە ژینگە کە لەگەڵ تەمەنی منداڵدا بگونجێت.
- سازدانی بەرنامە و بڵاوکراوەی تایبەت بەژینگە لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بۆ منداڵان.بەشێوەیەك بێت کە بەزۆر نەبێت بەڵکو لەڕێگەی خۆشەویستی و ئارەزوی خۆیانەوە بێت و ئەوەش بە پێدان و بەخشینەوەی پاداشت و دیاری و هاندان و پێشبڕکێ بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان منداڵان و ژینگە توندوتۆڵ بکەین.

**سیماکانی پیسبوونی ژینگە :**

سیمای ئەو پیسبوونە زۆرن لەوانە:

- دووەم ئۆکسیدی کاربۆن،کە لە ئەنجامی سووتاندنەوە دروست دەبێت.لەکارگەکانەوە و مەکینەی ئۆتۆمبێلەکان و هۆکارەکانی تری گواستنەوەوە.
- یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن: کە زیاندەگەیەنێت بە کۆئەندامی هەناسە.
- پاشەڕۆ و هەڵمەکان وتوخمە هەڵواسراوەکان وەك : توخمەکانی زەڕنیخ و فۆسفۆڕ و کبریت وجیوە و ئاسن و زینك.
- توخمەکانی ( کلۆر و فلۆر و کاربۆن) کە بریتین لە گازەکان کە دەردەچن لە بەکارهێنانی سەلاجە و هەندێ لە لەناوبەرەکانی مێروەکان وهەندێ توخمی داهێنانی قژ و یان لابەرەکانی بۆنی ئارەق کە بە زۆری بەکاردەهێنرێن لەماڵەکاندا و هەروەها لە کێڵگەکانیشدا.
- ئەو پیسبونەوەی لە ئەنجامی بەکارهێنانی پاککەرەوە پیشەسازیەکانەوە و کانزا قورسەکان و توخمە تیشکدەرەکان و لەناوبەری مێرووەکان و پیتێنەرە کشتوکاڵیەکان و پاشەڕۆی بارهەڵگرەکانی نەوت و ئاوی ئاوەڕۆکان و ئاوی بەکارهێنراوە پیشەسازیەکان کە فڕێدەدرێنە ناو ڕوبار و دەریاچەکان و دەبنە هۆی دروستبونی چینێکی ئەستوور لە کەف، کە دەبێتە جیاکردنەوەی ئاو لە ئۆکسجینی هەوا.و ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبونی ئۆکسجینی تواوە لە ئاودا، کە دەبێتە لەناوبردنی هەموو مێروە زیندوەکانی ناویدا.
- مەترسی تاقیکردنەوە ئەتۆمیەکان،کەدەبێتە هۆی پیسبوونی ئاو و هەوا و بیابانەکانیش.
- ژاوەژاو: کە دەبێتە هۆی دروستبونی گەلێك زیانی تەندروستی و دەروونی. کە دەبێتە هۆی تێکدانی کاری لوت و گوێ و قوڕگ و دەبێتە هۆی دەردانی هۆرمۆناتی زیانبەخش لە لەشدا.و تێکدانی هەندێ کاری مێشك و لەهەمووشی مەترسیدار تر دەبێتە هۆی دروستبوونی هەستی ترس و ڕاڕایی و ناجێگری لای تاکەکان. هەروەها ئەو کەسانەی کەتوشی خەمۆکی بوون ئەوان زۆرترینی ئەو کەسانەن کە هەستیارن بە ژاوەژاو.
- زۆرێك لە سەرچاوە سروشتیەکان، وەك گێژەڵوکە و بومەلەرزە و گڕکان و گەردەلول و لافاو و ...هتد.
- **لەکۆتایدا** ، ئەرکی هەموو تاك و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیە کە هەستن بەکاری پاکڕاگرتنی ژینگەی سروشتی و هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگا، بۆئەوەی بتوانین کە ژینگەی سەوزی کوردستان بپارێزین و کەشوهەوایەکی ئارام و جێگیر و هێمنکەرەوە ببەخشین بەتاکەکان و نەوەکانی داهاتووشمان و وەك لەمێژە وتراوە ((کە مرۆڤی تەندروست لە ژینگەی تەندروستەوە پێدەگات)). جا بۆئەوەی تاکی کورد بیرو هۆش و تەندروست باش بێت دەبێت ژینگەی سەوز و جوانی کوردستان بپارێزین و لەتاکێکی مشەخۆر و بەرخۆرەوە بیانکەینە تاکێکی ساغڵەم و داهێنەر و دەستپێشخەر لەهەموو بوارەکانی ژیاندا، کە ئەمەش دەبێتە مایەی زیاتر

ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی وڵاتەکەمان و خۆشگوزەرانی تاك بەتاك و کۆمەڵگای کوردەواریمان.

---

* ئەم بابەتە لە یەکێك لە ژمارەکانی وەرزنامەیەکی بەڕێوەبەرایەتی باخچەکانی سلێمانی لەبەهاری ٢٠١٥دا بڵاوکراوەتەوە.

# ڕۆڵ وکاریگەری نەوت
# لەداگیر و دابەشکردنی کوردستان و هەنگاو بەرەو
# دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی*

## پێشەکیەکی مێژوویی

## پێناسەی نەوت :

نەوت (( پێترۆلیۆم )) : وشەیەکی لاتینیە و لە دوو بڕگە پێکدێت، (( پێترۆ )) بەمانای بەرد و بڕگەی ((ئۆلیۆم ))بەمانای ڕۆن دێت. هەردوو بڕگەکە بەمانای (( زەیتی بەرد)) دێت.یان پێی دەوترێت زەیتی خام و هەروەها بە (( ئاڵتونی ڕەش )) یش ناو دەبرێت.

نەوت : بریتیە لە شلەیەکی چڕ و توانای گڕگرتنی هەیە و ڕەنگەکەی بونییەکی تێر یان بونییەکی سەوزە. کە لەبەشی توێکڵی سەرەوەی زەویدا هەیە. کە لە تێکەڵەیەکی ئاڵۆزی هایدرۆکاربۆنات پێك دێت.

نەوت: یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکانی وزە لە جیهاندا.

نەوت :مادەیەکی خاوە بۆ پیشەسازی کیمیاوی و لە پەینی کیمیاوی و بکوژی مێرووەکان و لەدائنەکان بەکار دێت .

نەوت: لە ئەنجامی فشار و پلەی گەرمیەوە دروست دەبێت لەناخی زەویدا لەسەر پاشماوە ئاژەڵی و ڕووەکیەکان بە تێپەڕبوونی ملیۆنان ساڵ .

- **پێکهاتەی کیمیاوی نەوتی خاو**

نەوتی خاو دوو جۆر پێکهاتەی هەیە:

١. نەوتی پارافینی : کە پێکهاتەیەکی هایدرۆکاربۆنیە و لەجۆری زنجیرەی ڕێکن و بە پارافینی ئاسایی ناو دەبرێت یان پارافینی لقدار.

٢. نەوتی نەفثینی : ئەم جۆرە پێکهاتەیەکی بازنەیی هەیە. لەیەك بازنە یان زیاتر پێکدێت و بنەمای پێکهاتەکەشی کاربۆن و هایدرۆجینە.

نەوت جگە لەکاربۆن و هایدرۆجین توخمی تریشی تیادایە وەك (( کبریت و نایترۆجین و ئۆکسجین و کانزاکانی فەنادیۆم و نیکلٚ و ئاسن و کالیسیۆم و صۆدیۆم و مەگنیسیۆم و خوێ و ئاویش)).

نەوتی خاو لەسەر پێکهاتە کیمیاویەکەی دەکرێتە ٣ جۆرەوە:

١. نەوتی بنچینە پارافینی: مەوادی ئەسفەڵتی تیادایە.
٢. نەوتی بنچینە نەفثینی: بڕێکی زۆر مەوادی ئەسفەڵتی تیادایە.
٣. نەوتی بنچینە تێکەڵ: لەهەردوو جۆری پارافینی و نەفثینی و مەوادە عەتریەکانی تیادایە.

**•مێژووی کۆنی دۆزینەوەی نەوت**

لە قەڕنی چوارەمی میلادیدا یەکەم بیری نەوت لە ولاٚتی چین لێدراوە.

لەقەڕنی هەشتی میلادیدا لە بەغداد ڕێگاوبانەکانیان پێ قیرکردووە.

لە قەڕنی نۆهەمدا کێڵگەی نەوت لە باکۆ/ ئازەربایجان دۆزراوەتەوە بۆ یەکەم جار نەوت بەرهەم هات بە شێوەی ئابوری.

**•مێژووی نوێی دۆزینەوەی نەوت**

لە ساڵی ١٨٥٣ ز بۆ یەکەم جار نەوت پاڵێورا و نەوتی سپی بەرهەم هات لەلایەن زانا (( ئیژانسی لۆکاسفین)) لە پۆڵەندا.

لەساڵی ١٨٦١ ز دا لە ڕوسیادا/ باکۆ یەکەم کارگەی پالاٚوتنی نەوت لەلایەن هەمان زاناوە دامەزرا.

لە ساڵی ١٨٥٩زدا لە ئەمریکاش بۆ یەکەم جار لە ولایەتی پەنسلڤانیا دۆزرایەوە.

**•مێژووی دۆزینەوەی نەوت لە عێراق و کوردستاندا**

یەکەم هەوڵ بۆ دۆزینەوەی نەوت لە عێراقدا دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی دەسەلاٚتی دەوڵەتی عوسمانی.

نەوت بە شێوەی سروشتی نیشانەکانی لەسەر زەوی دەردەکەوت وەك قیر لە ناوچەکانی ناصریە و بەسرە و کەرکوك و گەیارە.کە باوباپیران ئەو قیرەیان بەکاردێنا بۆ سواغدانی

بەلەمەکانیان و قیرتاوکردنی ڕێگاوبانەکان وەك لە شاری بابلی کۆندا دەبینرێت پێش ٣ هەزار ساڵ.

یەکەم کۆمپانیا کە نەوتی لە عێراقدا دۆزیەوە کۆمپانیای ((شێڵ ))بوو.

یەکەم جار ئەڵمانەکان هەوڵی ئیمتیازی نەوتیاندا لە عێراقدا چونکە پەیوەندیان بەهێزتر بوو لە ((کۆڵبنکیان)).

بەڵام لە ساڵی ١٩٠٩دا کە (( حەرەکەی تورکیای فەتات)) هاتە سەر حوکم و لایەنگری بەریتانیا بوون لە تورکیادا، نفوزی بەریتانیا بەهێزتر بوو.

دوای ڕێکەوتننامەی (( سایکس بیکۆ)) لە ١٩١٦/٥/١٦ دا و دابەشکردنی میراتی دەوڵەتی عوسمانی. لە مانگی ١٩١٨/١٠دا ولایەتی موصڵ لە فەرەنسا وەرگیرایەوە و بەبەریتانیا درا لەبەر بوونی نەوت تیایدا.

بۆ یەکەم جار بەبڕێکی زۆر نەوت تەقیەوە لە مانگی ١٩٢٧/١٠ لە کێڵگەی بابا گوڕگوڕ لە کەرکوك. بەڵام بەرهەمی نەوت دواکەوت بۆ سەرەتای ساڵی سیەکان. تا تۆڕی لولەی نەوت دامەزرێنرا. بۆ یەکەم جار بەرەو لوبنان و سوریا نەوت گوێزرایەوە.

ئیمتیازاتی گەڕان بەدوای نەوت درا بە کۆمپانیای شێڵ و هاوبەشەکانی(( بەریتانیا،فەرەنسا، ئەمریکا، هۆڵەندا)).

کۆمپانیای نەوتی عێراق دامەزرا

کۆمپانیای وەبەرهێنانی نەوتی بەریتانیاش ئیمتیازی درایە

لەسەرەتادا پشکی دەوڵەتی عێراق تەنها چەند (( شلنگ)) یێك بوو دواتر بوە چەند ((دۆلار)) یێك بۆ هەر بەرمیلێك.

بەڵام لەساڵی پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا و دوای بزوتنەوەکەی (( محمد مصدق)) لە ئێران لەساڵی ١٩٥٣ز دا لە ئێران، پشکی عێراق بوە نیوە بەنیوە و داهاتی نەوتیان دابەشدەکرد لە نێوان عێراق و کۆمپانیاکاندا.

لەساڵی ١٩٣٨دا ئیمتیاز درایە کۆمپانیای نەوتی بەصرە.

بۆ یەکەم جار ئیمتیاز درا بە کۆمپانیای نەوتی عێراق و دوای ٢ ساڵ و لەساڵی ١٩٢٧ ز دا بۆ یەکەم جار نەوتێکی زۆر لە کەرکوك دۆزرایەوە.

دوای ١٢ ساڵ واتە لە ساڵی ١٩٣٩زدا کێڵگەی (( عین زالە)) لە موصڵ دۆزرایەوە. لەلایەن کۆمپانیای نەوتی موصڵەوە.

لەدوای ١٠ ساڵ واتە لە ساڵی ١٩٤٩ ز دا کێڵگەی نەوتی (( زوبێر)) لە بەصرە لەلایەن کۆمپانیای نەوتی بەصرەوە دۆزرایەوە.

ئەم ٣ کۆمپانیا نەوتە هەرسێکیان بەریتانیا تیایدا باڵادەست بوە و کۆنتڕۆڵی بواری نەوتی لە عێراقدا کردووە.

●ڕۆڵ و کاریگەری نەوت لە داهاتی عێراقدا

نەوت یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکیەکانی ئابوری عێراق و ساڵ بە ساڵ ڕۆڵی گەورەتر بوە ئەوەتا:

لەساڵی ١٩٥٣زدا ڕێژەی ٩ر٣٩٪ داهاتی هەبوە.

لەساڵی ١٩٥٥زدا بۆتە ٦ر٤١٪

لەساڵی ١٩٥٨زدا بۆتە ٨ر٣٦٪

لەساڵی ١٩٧٠زدا بۆتە ٦٠ر٢٨٪

بەم شێوەیە بەرزونزمی کردوە بەهۆی بارودۆخی سیاسی عێراق و ناوچەکەوە.

لەنێوان ساڵانی ١٩٩٨-٢٠٠٤ زدا ڕێژەی ٣ر٦٣-١ر٨٣٪ نەوت ڕۆڵ و کاریگەری هەبوە لەداهاتی عێراقدا.

لە ساڵانی ١٩٩٠-١٩٩٦ بەهۆی کاریگەری ئابڵۆقەی ئابوری سەر عێراقەوە لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە داهاتی نەوت تا نزمترین ئاست دابەزیوە.

لەساڵانی ١٩٩٦-٢٠٠٣ بڕی داهاتی نەوت بۆتە ٣٣ر٣٧ ملیار دۆلاری ئەمریکی.

●سیفاتەکانی نەوتی عێراقی

١. تاکە نەوتە لە جیهاندا کە بەخێرایی دەردەهێنرێت و بەنرخێکی هەرزانیش لەبەر نزیکی لە ڕووی زەویەوە و بەمەش بۆتە یەکەم نەوت لە دونیادا.

٢. عێراق کێڵگەی نەوتی زۆری تیادایە.( کە بەکێڵگەی بەیار)) ناودەبرێن. لەبەرئەوە بەهەرزانترین نەوت دادەنرێت لە جیهاندا.

٣. عێراق هەردوو کێڵگەی نەوتی (( ڕومێلە و کەرکوك )) ی هەیە کە کێڵگەی (( عیملاق)) ن کە تائێستاش بەیارن و دەرهێنانی نەوت تیایاندا ئاسان و هەرزانە.

٤. کێڵگەی نەوتی (( مەجنون ،قورنە،ڕوباری عمر،ڕۆژئاوای بەغداد و بیابانی ڕۆژئاوا)) هەموویان نەوتیان تێدایە و تا ئێستا دەرنەهاتوون یان زۆربەیان نەدۆزراونەتەوە.

٥. نەوتی عێراق دەتوانرێت بنێرێتە دەرەوە لە ڕێگەی دەریای سپی ناوەڕاستەوە هەرکاتێك تەنگەی هورموز داخرا.

٦. لەڕووی جیۆپۆلەتیکەوە نەوتی عێراق گرنگە. چونکە هێڵی ستراتیژی نەوتی باکور و باشوور پێکەوە دەبەستێتەوە.

٧. هەڵکەوتەی زەوی عێراق و کەشوهەواکەی گونجاوە.بۆیە کۆمپانیاکانی دونیا چاویان بڕیوەتە نەوتی عێراق.

**هەندێ زانیاری زیاتر لەسەر نەوتی عێراق و کوردستان**

عێراق ٧٣ کێڵگەی نەوتی هەیە و تا ئێستا تەنها ١٥ کێڵگە کاری تیادا دەکرێت.

ژمارەی بیرە نەوتەکانی عێراق کە بەرهەمیان هەیە لە نێوان ١٥٠٠-١٧٠٠ بیرە نەوتدان.پێشبینی دەکرێت کەدوای لێکۆڵینەوە بگاتە ١٠٠هەزار بیرە نەوت.

**دەرهێنانی نەوتی سەرەکی عێراق لە :**

١.کێڵگەی (( ڕومێلە)) یە لە باشوور کە ٦٦٣ بیری نەوتی تیادایە.

٢. کێڵگەی نەوتی (( کەرکوك)) لە باکوور کە ٣٣٧ بیرە نەوتی تیادایە.

پێش داگیرکردنی کوێت لە ساڵی ١٩٩٠زدا بەرهەمی نەوتی عێراق بریتی بوو لە ٥ر٣ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، بەڵام لەدوای جەنگی کوێتەوە بوە ٠ر٣ بەرمیل / ڕۆژێکدا.

وەزیری نەوتی عێراقی (( عبدالکریم لعێبی)) لە ٢/٢/٢٠١٤ زدا ڕایگەیاندا کە لە ئێستادا بڕی بەرهەمی نەوتی خاوی عێراق بەرزبۆتەوە وبریتیە لە ٣٢٥٤٠٠٠ بەرمیل/ ڕۆژ.

عێراق هەوڵدەدات داهاتە نەوتیەکانی بەرز بکاتەوە بۆ ٢٠٠ بلیۆن دۆلار/ ساڵ بە فرۆشتنی نەوت و دۆزینەوەی نەوتی نوێ.

بڕی یەدەگی نەوتی عێراق بەرزبۆتەوە بۆ ٣ بلیۆن بەرمیل دوای دۆزینەوەی کێڵگەی (( دێمە)) لە پارێزگای میسان لە باشووری عێراق.

تاساڵی ٢٠١٧ عێراق هەوڵدەدات کە بڕی بەرهەم بەرز بکاتەوە بۆ ٦ ملیۆن بەرمیل/ ڕۆژ بەهۆی ئیمزاکردنی گرێبەستی نوێ بە تایبەتی لە باشوور.

**کۆمپانیا نەوتیەکانی دونیا لە عێراق:**

١. ئەکسۆن مۆبیلی ئەمریکی لە کێڵگەی ڕۆژئاوای قوڕنە/١

٢. کۆمپانیای B.P بەریتانی لە کێڵگەی ڕومێلە /٢

٣. کۆمپانیای C.N.B.C چینی

٤. کۆمپانیای پترۆناسی مالیزی
٥. کۆمپانیای شێل لە باشور کە بە ١٧ ملیار دۆلار وەبەرهێنانی دەکات.

**پرۆسەی گەڕان و دەرهێنان و فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان**

بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٩٤زدا لەلایەن کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەسەرۆکایەتی بەڕێز کۆسرەت ڕەسول وە بیرە نەوتەکانی شیواشۆکی تەق تەق لە کۆیە سەریان هەڵدرایەوە و بەمەش بۆ یەکەم جار لەدوای ڕاپەڕین و هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە مێژووی دەسەلاتی کورد خۆیدا نەوتی خۆی بەدەستی خۆی دەرهێنا.

ئیدی لەو ساڵەوە وەك حکومەتی هەرێمی کوردستان و دواتر بەهۆی شەڕی ناوخۆ و دووکەرتبوونی دوو حکومەتی زەرد و سەوزەوە و لەبەر ئەوەی بیرە نەوتەکان کەوتبوە ناوچەی دەسەلاتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە پرۆسەی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوتی کوردی دەستیپێکرد.

لەبەرواری ١٩٩٧/١٢/٥زدا بۆ یەکەم جار پالاوگەیەکی نەوتی لەسەر دەستی ئەندازیار و تەکنیککاران و کرێکارانی کوردەوە دروستکراو و بۆ یەکەم جاریش نەوتی خاوی کوردی پالێوراو بەنزین و گازۆیل و نەوتی سپی لێدەرهێنرا.

لە ساڵی ٢٠٠٢وە یەکەم گرێبەستی نەوتی لە نێوان حکومەتی هەرێم بە سەرۆکایەتی بەڕێز د. بەرهەم ئیمزاکرا لەگەڵ کۆمپانیای جێنەڵ ئینێرجی تورکیادا.

لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٢-٢٠١١دا نزیکەی ٤٢ گرێبەستی نەوتی ئیمزاکراوە لەگەڵ کۆمپانیا جیاوازە نێودەوڵەتیەکاندا(( ماوەی ١٠ ساڵ)).

**ئەو جێگایانەی کە نەوتی لێدۆزراوەتەوە:**

لە کوردستان تا ئێستا لە ٤٢ جێگە دۆزراوەتەوە و کۆمپانیا بیانیەکان کاریان تێدا دەکەن:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ئاین سەفی | بێربەحر | گەرمیان | پۆلکانە | شێخان | شۆڕش |
| ئاگری بیجلل | بنەباوێ | حەریر | قەلادزێ | شەکرۆك | سندی ئامێدی |
| عەربەت | سەنتەری | هەولێر | قەرەداغ | سەنگاوی | سولیڤانی |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | دهۆك | | | باكور | |
| ئەتروش | چیای سورخ | كوردەمیر | قوشتەپە | سەنگاوی باشوور | تەقتەق |
| بەرانان | دینارتە | مەلاهۆمەر | ڕۆڤی | سەرتە | تاوكی |
| بەردەڕەش | دهۆك | میران | سەفین | شاخاڵ | تازە |
| بازیان | اربیل | پیرەمەگرون | سەرسەنگ | شێخ هادی | تۆپخانە |

**ناوی ئەو كۆمپانیا نەوتیانەی كە لەهەرێمی كوردستاندا كاردەكەن و گرێبەستیان واژۆ كردووە:**

١.كۆمپانیای جێنێڵ ئینێرجی توركی / لە ساڵی ٢٠٠٢زدا

٢. كۆمپانیای DNO نەرویجی لە زاخۆ كە توانای بەرهەمی ڕۆژانە بریتیە لە ٥٠٠٠ بەرمیل/ ڕۆژ لەساڵی ٢٠٠٣

٣. كۆمپانیای ئەكسن مۆبیلی ئەمریكی/ گەورەترین كۆمپانیانی نەوتی دونیایە و كاری گەڕان دەكات لە ٦ ناوچەی ئیمتیازاتدا.

٤. كۆمپانیای شیفرۆنی ئەمریكی دووەم گەورەترین كۆمپانیای نەوتی دونیایە و ٨٠٪ ی پشكەكانی كۆمپانیای ڕیلانیسی هندی كڕیوەتەوە لە ناوچەی سارتا و ڕۆڤی.

٥. كۆمپانیای توتاڵی فەڕەنسی پشكی بەبڕی ٣٥٪ كڕیوەتەوە لە ئیمتیازی حەریر و سەفین.

٦. كۆمپانیای گازپرۆمی ڕوسی بەشێكی ئیمتیازی كڕیوە لە گەرمیان لە كۆمپانیای وسترۆن زاگرۆسی كەنەدی.

٧. كۆمپانیای وسترۆن زاگرۆسی كەنەدی لەگەرمیان.

٨.هەریەكە لە كۆمپانیاكانی شەتات ئویلی نەرویجی و ئینی ئیتالی لەهەوڵی بەدەستهێنانی ئیمتیازاتی گەڕانن بەدوای نەوتدا.

٩.كۆمپانیای KNOC كۆریای باشوور.

لە ئێستادا ٤ كۆمپانیا لە كۆی ١٠ كۆمپانیای نەوتی زەبەلاح لە كوردستاندا كاردەكەن كە بریتین لە ((ئەكسن مۆبیل و شیفرۆنی ئەمریكی و گازپرۆمی ڕوسی و توتاڵی فەڕەنسی)).

لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستاندا زیاد لە ٤٠ کۆمپانیای نەوتی بیانی کاری گەڕان و هەڵکەندنی بیری نەوت دەکەن.

**یەدەگی نەوت و گازی سروشتی هەرێمی کوردستان:**

بڕی نەوتی یەدەگی کوردستان لە ئێستادا بریتیە لە ٤٥ ملیار بەرمیل.کە دەکاتە سێ یەکی یەدەگی نەوتی خاوی عێراق کە بریتیە لە ١٤٣ ملیار بەرمیل.

بەپێی ئاماری کۆمپانیای نەوتی B.P بەریتانی بڕی یەدەگی نەوتی عێراق بریتیە لە ٧ر٨٪ هەموو یەدەگی نەوتی جیهان.

بڕی یەدەکی گازی سروشتی هەرێمی کوردستان بریتیە لە ٣ تریلیۆن مەتر سێجا.

لە کێڵگە نەوتیەکانی چەمچەماڵدا بڕی ٧٧ بلیۆن مەتر سێجا غازی سروشتی هەیە کە بە دووەم کێڵگەی غازی سروشتی دادەنرێت لە عێراقدا لەدوای کێڵگەی منصوریە الجبل / لە نێوان تاجی و بێجیدایە. ئەم غازە H2S تیادا نیە کە زیانی هەیە بۆ داخوران و بەغازی شیرین ناودەبرێت.ئەم غازە H2S مەترسیدارە چونکە بێ بۆن و ژەهراویشە.غازی سروشتی لە ٣ غازی هایدرۆکاربۆنی پێکدێت:

١.میثان CH4 بەڕێژەی ٧٠-١٠٠٪ لەوەزنی غازی سروشتی.

٢.ئیثان C2H6 بەڕێژەی ١-١٠٪ لەوەزنی غازی سروشتی.

٣.پرۆپان C3H8 بەڕێژەیەکی کەم.

**سیفاتە باشەکانی غازی سروشتی:**

١.ژینگە پیس ناکات

٢.هەمووی بەکاردێت و پاشەڕۆی نیە

٣.ئابوریشە

٤.بەکاردێت لەبواری پیشەسازی و گەرمکردنەوەدا.

هەر ئەم یەدەگە زۆرەی نەوت و غازی سروشتی وایکردوە کە هەرێمی کوردستان بخرێتە سەر نەخشەی نەوت و غازی سروشتی جیهان و کە ئەمەش بۆخۆی دەسکەوتێکی گەورەیە.

کوردستان جگە لە غازی سروشتی ونەوت هەریەکە لە کانزاکانی (( کبریت و فۆسفات و یۆرانیۆم و ئاڵتون و مس و زیو و ئاسن و ڕەصاص و زنك و نیکڵ و مەڕمەڕ و ...هتد)) هەیە.

**ئاماژە بەو ژمارانەی کە باسکران :**

ئەگەر لە ڕۆژێکدا هەرێمی کوردستان ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت هەنارده بکات لەو ٤٥ ملیار بەرمیله ئەوا بەشی ١٨٠٠٠٠ ڕۆژ دەکات و کە ئەوەش یەکسانە بە ٤٩٣ ساڵ . کە ئەمەش مژدەی ئایندەیەکی گەش و دەوڵەمەندە بۆ نەوەکانمان.

نێچیر بارزانی لە کۆنفرانسی غاز و نەوتی کوردستان لە هەولێر ڕایگەیاند کە:

لەساڵی ٢٠١٤دا توانای هەناردەکردنی ٢٥٠ هەزار بەرمیل/ ڕۆژ هەیە.

لەساڵی ٢٠١٥ دەگەیەنرێتە ١ ملیۆن بەرمیل

لەساڵی ٢٠١٩ دەگەیەنرێتە ٣ ملیۆن بەرمیل

**سیفاتە باشەکانی نەوتی هەرێمی کوردستان:**

١. زۆربەی ناوچەکانی کوردستان نەوتی تیادایە.

٢.کێڵگەی دەریایی نین.

٣.زۆر قوڵنین.

٤. نرخی بەرهەمیان هەرزانە(( ٢ دۆلار)) بەبەراورد لەگەڵ تێچووی ١ بەرمیل نەوتی ئەمریکا کە نزیکەی ٧٠ دۆلارە.

**گرێبەستە نەوتیەکان:**

جۆری گرێبەستە نەوتیەکان لە کوردستان لە جۆری (( عقود موشارەکەن )). کە ڕێژەیەکی گەورەی قازانج دەداتە کۆمپانیاکان کە لە گرێبەستی کۆمپانیای DNO دا گەیشتۆتە ٤٠٪.بەڵام لە بەغداد لە جۆری (( عقود خدمەن)).کە تەنها ١ –٣ دۆلار دەداتە کۆمپانیاکان بۆ هەر بەرمیلێك.

عێراق بەکوردستانیشەوە بەڕێژەی ٩٣-٩٥٪ پشتدەبەستێتە سەر داهاتی نەوت بۆ دابینکردنی بودجەی ساڵانە.و کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزاری پشتگوێخستووە.

تەنها لە مانگی ١١/٢٠١٣دا بڕی نەوتی دەرکردە گەیشتۆتە ٧٨٫٦ ملیۆن بەرمیل و داهاتەکەی بریتیە لە ٨٢٠١٠٠٠٠٠٠ ملیار دۆلار.

لەکوردستانیش ئەگەر ڕۆژانە بڕی ٢٥٠٠٠٠ بەرمیل نەوت هەنارده بکرێت ئەوا داهاتەکەی بریتیی دەبێت لە ٧٥٠ ملیۆن دۆلار.

کوردستان هێڵێکی بۆری نەوتی گواستنەوەی ڕاکێشاوە بەرەو تورکیا بەبێ سەرپەرشتی عێراق کە ٤٠٠ کم و توانای گواستنەوەی ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی هەیە لە ڕۆژێکدا و دەکرێت زیاتریش بکرێت بۆ ٦٠٠ هەزار بەرمیل و پلان هەیە کە بۆری دووەمیش ڕابکێشێت.لەمانگی ٢٠١٤/٢وە نەوت لە کێڵگەی(( تاوکی)) زاخۆوە دەنێرێتە بەندەری جیهانی تورکیا و بڕیارە لە ئایندەشدا بیرە نەوتەکانی تەق تەق و ئەوانی تریشی پێوە ببەسرێتەوە.

بەم شێوەیە لەبەر گرنگی و دەوڵەمەندی عێراق بەنەوت و غازی سروشتی ئەمریکا جارێکی تر عێراقی داگیرکردەوە و ئەوەتا لێپرسراوێکی گەورەی ئەمریکی لە پێنتاگۆن بەناوی (( جێمس ئێکنز )) دەڵێت (( عێراقمان لەبەر بونی نەوت داگیرکرد، خۆ ئەگەر عێراق کاڵەك و شوتی تیادا بوایە هەرگیز داگیرمان نەدەکرد)). چونکە ئەمریکاو ڕۆژئاوا بەگشتی پێویستیان بە نەوت و غازی سروشتی هەیە لانی کەم بۆ ٥٠ ساڵی داهاتوو وەك سەرچاوەیەکی گرنگی وزە.

لەبەرامبەریشدا قاسم سولەیمانی ئێرانیش دەڵێت (( ٧٠٪ نەوتی عێراق لەناوچەی شیعەنشینەکانی عێراقە و دەڵێت عێراقمان لە ئەمریکا وەرگرتۆتەوە و کردومانەتە قەڵایەکی بەهێز بۆ ئێران)).

**یاسای غاز و نەوت**

پەڕلەمانی کوردستان بە یاسای ژمارە ٢٢ لە ٢٠٠٧/٨/٦ یاسای غاز و نەوتی کوردستانی دەرکرد.

هێشتا ئەو یاسایە لە دەوڵەتی عێراق دەرنەکراوە.

دەرکردنی ئەم یاسایە لە کوردستان هەم زیرەکیە و هەمیش دەستپێشخەریە. چونکە لە مادەی(( ١١٥)) دەستوری هەمیشەیی عێراق کە لە ساڵی ٢٠٠٥دا لەلایەن گەلەوە پەسەند کرا ،هاتووە ئەگەر کێشە دروست بوو لەنێوان بەغداد و هەر هەرێم و پارێزگایەکدا و دوو یاسا هەبوو ئەوا ئەولەویەتی جێبەجێکردن بۆ یاسای هەرێم و پارێزگاکە دەبێت. بۆیە ئەم یاسایە لەبەرژەوەندی کوردستان دەرکراوە و بۆتە ئەمری واقیع و دەبێت عێراق پابەند بێت پێوەی.

**تا ئێستا ٣ پرۆژە یاسا هەیە بۆ غاز و نەوت لە عێراقدا:**

١. یاسای غاز و نەوتی ژمارە ٢٢ ی لە ٢٠٠٧/٦/٨ی هەرێمی کوردستان،

٢. پرۆژەیەك كە لیژنەی یاسایی پەرلەمانی عێراق ئامادەیکردوە و ٢٦ مادەی لێگفتوگۆکراوە و ڕاوەستێنراوە.

٣. پرۆژە یاسایەك كە حكومەتی عێراقی ناردویەتی بۆ پەرلەمان، بەڵام لەبەر جیاوازی بنچینەیی لەگەڵ یاساکەی لیژنەی یاساییدا کاری پێنەکراوە.

**کێشەکانی بەغداد و هەولێر لەسەر هەڵکەندن و گەڕان و ناردنەدەرەوەی نەوت:**

١. عێراق دەڵێت دەبێت فرۆشتن و ناردنە دەرەوەی نەوتی هەموو عێراق بە کوردستانیشەوە لەڕێگەی کۆمپانیای SOMO ((کۆمپانیای بە بازڕاکردنی نەوتی عێراقە)) عێراقەوە بێت، هەولێر دەڵێت دەبێت لەڕێگەی کۆمپانیای COMO((کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی کوردستانە)) کوردستانەوە بێت.

٢. عێراق دەڵێت دەبێت داهاتی نەوتی عێراق هەمووی لە بانکی گەشەپێدانی عێراق دابنرێت لە نیویۆرك لە ئەمریکا کە بەبڕیارێکی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە لەساڵی ٢٠٠٣وە دامەزراوە بۆ قەرەبووکردنەوەی زەرەرو زیانەکانی کوێت و ئێران و دواتر بێتە بانکی مەرکەزی عێراق و کوردستان ١٧٪ پشکی خۆی پێدەدرێت. بەڵام هەولێر داوادەکات کە ڕاستەوخۆ داهاتی نەوت و پشکی ١٧٪ ی کوردستان بێتە بانکی مەرکەزی هەولێر و لەژێر دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتدا خەرج بکرێت.

٣. هەولێر داوا دەکات کە موستەحەقاتی کۆمپانیا نەوتیەکان بەغداد بیدات. بەغداش دەڵێت هەریەکەمان لە پشکی بودجەی خۆمان ئەو خەرجیانە دەدەین. کە بڕێکی زۆرە و بەرامبەر ٥٠ ملیۆن بەرمیل نەوت دەبێت.

کوردستان و تورکیا ڕێکەوتنێکیان واژۆ کردوە لە مانگی ٢٠١٣/١١دا بۆ ماوەی ٥٠ ساڵ بۆ فرۆشتنی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی تورکیاوە بەبێ ڕەزامەندی بەغداد.و بەغدادیش هەڕەشە لەتورکیاو ئەو کۆمپانیایانەش دەکات.

لە ئێستادا و لەمانگی ٢٠١٤/١ وە بەغداد هەڕەشەی بڕینی موچەی فەرمانبەران و پشکی ١٧٪ی هەرێم دەکات لە بودجە و بەفعلیش ئەو کارەی کردوە و تائێستاش بەردەوامە.ئەگەر کوردستان بەردەوام بێت لەسەر فرۆشتن و هەناردەکردنی نەوت بەبێ ئاگاداری عێراق.

**بۆچی کوردستان هەوڵی سەربەخۆ بونی ئابوری و ناردنە دەرەوەی نەوتی کوردستان دەدات؟**

١.بەمەبەستی زووتر بەهێزکردنی ژێر خانی ئابوری کوردستانە.

٢.هەوڵدەدات ئابوری کوردستان بە ئابوری و بازاڕی ناوچەکە و دونیاشەوە ببەستێتەوە.

٣.هەوڵدەدات لە ژێر فشار و هەڕەشەی بڕینی بڕە بودجەی ١٧٪ هەرێم لەلایەن بەغداوە دەربچێت و ڕزگاری ببێت.

٤.هەموو ئەم هەنگاوانە و پلان و بیرکردنەوانە گرنگن بۆ هەنگاونان بەرە و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی.

**کەموکوڕی و گلەییەکانی سەر پرۆسە و سیاسەتی نەوتی کوردستان:**

١. ناشەفافە،لەڕووی ئیمزاکردنی گرێبەستەکان کە گومانی حسابی تایبەتی لێدەکرێت.

٢.نرخی فرۆشتنەکەی ڕوون نیە.

٣.پارتی وەکو پارتی دەسەڵاتدار بەتەنها سیاسەتی نەوتی کوردستان بەڕێوە دەبات.

٤.لەهەندێ هەنگاودا زیادەڕەویە بەسەر دەستوری عێراقدا.

٥.گومانی بەتاڵان و هەرزان فرۆشی نەوتەکەی لێدەکرێت بەبەراورد بە نرخی ڕەسمی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا.

٦.کارئاسانی زۆر دەکرێت بۆ کۆمپانیاکان. لە جۆری گرێبەستەکان و ماوە و نرخی خەرجیەکاندا.

٧.گرێبەستەکان لە جۆری موشارەکەن و ڕێژەی سوودی بەرز دەدرێتە کۆمپانیاکان. و بۆ ماوەی ٥٠ ساڵ . بڕەکەشی عەدادی لەسەر نیە تا ڕوون بێت بۆ خەڵکی کوردستان و عێراقیش.

٨. پرۆسە و بواری نەوت و غازی سروشتی تەنها بریتی نیە لە گەڕان و دەرهێنان و فرۆشتنیان، بەڵکو دوای ئەو هەنگاوانە قۆناغی گرنگتر دێنە پێش کە بریتین لە دامەزراندنی پیشەسازی نەوتی و پترۆکیمیاویات و دانانی پاڵاوگەی جۆراو جۆر لەناوچە جیاوازەکان و دامەزاراندنی خەزاناتی گەورە بۆ هەڵگرتنی یەدەگی ستراتیژی و پێگەیاندنی کادری بواری نەوتی لە ئەندازیار و تەکنیککار و کرێکاری شارەزا و کردنەوەی کۆلێژ و پەیمانگای نەوتیە.

**پرۆژەی هێڵی نابوکۆ بۆ گواستنەوەی غازی سروشتی:**

پرۆژەیەکە بۆ گەیاندنی غازی سروشتی لە دەریای قەزوێنەوە بۆ ئەوروپا بە تێپەڕبون بە خاکی کوردستانی باکور و تورکیادا و سوود وەرگرتنیش لە غازی سروشتی هەرێمی کوردستان.کە پرۆژەیەکی گەورە و گرنگە بۆ کوردستان.

وشەی نابۆكۆ لە ناوی پارچە مۆسیقایەكی كلاسیكیەوە وەرگیراوە كە باس لە موعاناتی جولەكەكان دەكات و لەناوی (( شا نەبوخوسنەصری بابلیەوە)) هاتوە.

ڕوسیا دژایەتی ئەم پڕۆژەیە دەكات . چونكە تائێستا ڕوسیا سەرچاوەی دابینكردنی غازی سروشتی هەموو ئەوروپایە و بەم پڕۆژەیەش هەژمون و فشاری ڕوسیا لەسەر ئەوروپا كەمدەبێتەوە.چونكە سەرچاوەی غازەكە بریتین لە وڵاتانی (( جۆرجیا و ئازەربایجان و ...هتد)) ئەمەش دەبێتە زیانگەیاندن بە ئابوری ڕوسیا كە لە ئێستادا لە قۆناغی بوژاندنەوادایە بە هەوڵەكانی سەرۆك پۆتین.

ئەم پڕۆژەیە دەبوایە ساڵی ٢٠١٢-٢٠١٣ تەواو بكرایە بەڵام بەهۆی شەڕی لوبنانەوە دواخر بۆ ساڵی ٢٠١٤ و بەهۆی شەڕی سوریاشەوە دواخرا بۆ ساڵی ٢٠١٧ و ئەم پڕۆژەیەش پێویستی بە ٣١ ملیار مەتر سێجا غاز هەیە، كە هەرێمی كوردستان دەبێتە یەكێك لە سەرچاوەی دابینكردنی ئەو پڕۆژەیە و هەرئەمەش هۆیەكی ترە بۆ ئەوەی هەرێمی كوردستان بخرێتە سەر نەخشەی جیهانی غازی سروشتی و نەوت .

**پاڵاوگەی نەوتی بازیان:**

لەمانگی ١٢/٢٠٠٩دا كەوتۆتە بەرهەمهێنان بەتوانای ٢٠٠٠٠ بەرمیل / ڕۆژ كە ئەو كات بە نەوتی خاوی كەركوك كاری دەكرد.

دیزاینی پاڵاوگەكە لە لایەن كۆمپانیایەكی ئەمریكیەوە كراوە.

١. سەرەتا (( نەفتا)) ی بەرهەم دەهێنا كە ناتوانرێت بۆ ئۆتۆمبێل بەكار بێت لەبەر ئەوەی OC.NO. كەی نزمە و سەلفەر ((گۆگردی )) زۆرە.

نەفتا دەتوانرێت بگۆڕێت بۆ بەنزین / گازۆلین بەهەندێ پڕۆسەی كیمیاوی وەك موعالەجەكردنی هایدرۆجینی بۆ لابردنی گۆگردەكە.

دوو بەشی هەیە:

١. بەشی سوك بە عەمەلیەی ئەزمەرە.

٢. بەشی قورس بە عەمەلیەی ڕیفۆرمەرە چارەسەر دەكرێن.دواتر هەردووكیان تێكەڵ دەكرێنەوە و دەبێتە گازۆلین ((بەنزین)) كە OC.NO. بەرزە و دەتوانرێت بۆ ئۆتۆمبێل بەكاربهێنرێت.

٢.نەوتی سپی (( كیرۆسین)): سەلفەری كەمە.

٣.گازۆیل: لەبەرئەوەی لە ئێستادا نەوتی خاوی شیواشۆك بەکاردێت سەلفەری کەمە و سێتان نەمبەری بەرزە بەکاردێت بۆ ئۆتۆمبێلی گەورە و باهەڵگر.
٤.نەوتی ڕەش: بەکاردێت بۆ کارگەکانی چیمەنتۆ و گەچ و کەرتی تایبەت.
لە ئێستادا توانای بەرهەمی ٣٤٠٠٠ بەرمیل/ ڕۆژ.
کەرتی تایبەت(( کۆمپانیای قەیوان)) دەیبات بەڕێوە. و ژمارەی کارمەندانی لە نێوان ٣٥٠-٣٧٠ کارمەندە و پسپۆڕ و شارەزای بیانیشی تیادایە.
لە ئێستادا سەرقاڵی دامەزراندنی وەحدەی سێیەمن کە بە CCR ناسراوە کە دەبێتە هۆی باشترکردنی جۆری بەنزینەکە و دەتوانرێت دوو جۆر OC.NO. کە ٩٢ و ٩٥ بەرهەم بێت.
نەوتی کوردستان بە سروشتی لە جۆری نەوتی قورسە.سیفاتی ئەم جۆرە نەوتە بریتیە لە:
١.گۆگردی زۆرە کە خراپە.
٢.قیری زۆرە.
٣.خڵتە و ئاوی زۆرە.
ئەم جۆرە نەوتە لە بازاڕدا خراپن و نرخیان کەمە. هەربۆیە پێویستە بگۆڕدرێت بۆ جۆری نەوتی سووك.
لە ئێستادا ڕۆژانە ١٧٠ تانکەری قەبارە ٣٦٠٠٠ لیتری نەوتی خاوی شیواشۆك بەکاردەهێنرێت.
توانای هەڵگرتنی نەوتی خاو بریتیە لە ٥٠ هەزار بەرمیل.
توانای هەڵگرتنی بەنزین بریتیە لە ٢٠ هەزار بەرمیل
**پێداویستیەکانی پارێزگای سلێمانی لە سووتەمەنی لە رۆژێکدا :**
١.بەنزین ٥ر٢-٣ ملیۆن لیتر بەڵام تەنها ٢٢٠٠٠٠٠ لیتر دەگات
٢.گاز ٥ر٢ ملیۆن لیتر بەڵام تەنها ١ ملیۆن لیتر دەگات
٣.نەوت ٥٠٠ر١ ملیۆن لیتر بەڵام تەنها ڕێژەی ٣٠٪ دێت و ئەوی تر حکومەتی هەرێم دابینی دەکات

**نەوت و هەنگاو بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی**

- دوای ئەوەی کە هەموو پێداویستیەکانی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی توانرا دابین بکرێت و دەستەبەر بکرێت لە بواری سیاسی و ئابوری و سەربازی و پەیوەندیە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکان و بەدەستهێنانی پشتگیری نێودەوڵەتی و لەسەر ئاستی ناوخۆش ئامادەسازی میللی و سیاسی و مەدەنی کۆمەڵگای کوردەواری دەستەبەربوو.. دەکرێت نەوت و غازی سروشتیش وەکو دوو سەرچاوەی گرنگی وزەی دونیا ببنە هۆکار و کاراکتەرێکی بەهێز بۆ ئەو

مەبەستە، هەربۆیەش دەبێت سەرکردایەتی سیاسی کورد زۆر بە وریایی و دیقەتەوە کار لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا بکات، چونکە وەك چەکێکی دوو دەم وایەو وریایی و دیقەت و خوێندنەوەیەکی ووردی حسابات و هاوکێشە سیاسی و سەربازیەکان وسیاسەتە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکانی گەرەکە چونکە بچوکترین هەڵە دەبێتە مایەی لەدەستدانی ئەوەی کە هەشمانە و بەدەستمان هێناوە.لەبەر ئەوەی هەڵکەوتەی جیۆسیاسی و جیۆ ئابوری و جیۆ فەرهەنگی کوردستان و کۆمەڵگای کوردەواری لەناوەڕاستی ناوچەی ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست و لەنێوان هەردوو حەوزی جیۆستراتیژی قەزوێن و کەنداوی عەرەبیدا و لەناو جەرگەستانی دونیا و ئۆراسیادا ، بچوکترین گۆڕانکاری دەبێتە مایەی تێکچوونی سەرجەم هاوکێشە سیاسیەکانی ناوچەکە و دونیاش جا چ جای دامەزراندنی دەوڵەتێکی گەورەی وەکو کوردستانی گەورە کە زیاد لە ٥٥٠ هەزار کیلۆمەتر دووجا ڕووبەرەکەیەتی و ژمارەی دانیشتوانەکەشی نزیکەی ٤٠ ملیۆن کەسە و دەوڵەمەندیشە بە نەوت و غازی سروشتی و کانزا و سەرچاوە سروشتیەکانی تر و لەهەموانیش گرنگتر سەرچاوەی ئاوی شیرینە.

- لەسەر ئاستی نەتەوەش گرنگە کە کۆدەنگیەکی نەتەوەیی بۆ ئەو مەبەستە دابینبکرێت ئەوەش بە هەماهەنگی و کاری پێکەوەیی و داڕشتنی پلانی ووردو زانستی و واقعی لەنێوان هەمواندا بەمەبەستی پشتگیریکردنێکی فراوان لەسەر ئاستی هەر چوار پارچەکەی کوردستان چونکە ئەم هەنگاوە دەبێتە کرۆك و ناوکی دەوڵەتی گەورەی کوردی سەربەخۆ لەناوچەکەدا و بیَ پشتگیری براکانمان لەپارچەکانی تردا ناتوانرێت ئەو کارە بکرێت.
- هەرئەمەش نا بەڵکو لە دەرەوەی وڵات لە ئەوروپاو ئەمریکاشدا پێویست دەکات کە لۆبێکی فشاری بەهێز و کاریگەر دروست بکرێت بۆ پشتیوانی ئەو هەنگاوە و ئەمەش بە چالاکی نواندنی ڕاگەیاندنەکان و پەرلەمانەکانی ئەو وڵاتانە و کارکردن لەسەر سۆز و پشتیوانی سیاسی وجەماوەری و ڕێکخراوە مەدەنیەکان و خۆپیشاندان و ..هتد.
- هەربۆیە بەدڵنیاییەوە نەوت و غازی سروشتی کوردستان ڕۆڵێکی گەورە و گرنگ و یەکلاکەرەوە دەبینێت لە هەنگاونان بەرەو ڕاگەیاندن و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی، چونکە لەم سەردەمەدا هێندەی ئابوری و بەرژەوەندیە ئابوریەکان و داهات و قازانجەکان ڕۆڵ و کاریگەرییان هەیە لەسەر هاوکێشەی سیاسی و هێزەکان نیوهێندە بڕیارە سیاسیەکان و سنورە سیاسیەکان ڕۆڵیان نیە، بۆیە دەکرێت سەرکردایەتی سیاسی کوردیش کارتی نەوت و غازی سروشتی و ئابوری و بازاڕ وەك کارتێکی بەهێز و کاریگەر بەکاربهێنێت و نەوت لە سەرچاوەی ئاشوب و مەینەتی و قەیرانەوە بگۆڕێت بۆ هۆکاری ڕاگەیاندن و دامەزراندنی دەوڵەتی

سەربەخۆی کوردی و بەم شێوەیەش هەموو ڕۆژگارە سەخت و تاریك و نوتەکەکانمان لەبیر بەرێتەوە.

**دەرئە نجام و پێشنیازەکان :**

بەمەبەستی چارەسەری کێشەی نێوان هەولێر و بەغداد:

١.بەندەکانی دەستوور بکرێتە بنەما بۆ لێکتێگەیشتن و لە چوارچێوەی دەستوردا هەردوولا هەڵسوکەوت بکەن.

٢.هەوڵی دامەزراندن و گەشەپێدانی بواری پیشەسازی نەوتی بدرێت بە:

- ❖ دامەزراندنی پاڵاوگەی تر.
- ❖ دامەزراندنی پرۆژەی پترۆکیمیاویات.
- ❖ دامەزراندنی تۆڕی لولەی گواستنەوەی نەوت و غاز .
- ❖ پێشخستنی پیشەسازی غازی سروشتی.
- ❖ پێگەیاندنی کادری شارەزا لە بواری نەوت و غازدا.
- ❖ کردنەوەی کۆلێژ و پەیمانگای نەوتی و پیشەسازی نەوتی.

٣. ئاشکراکردنی داهات و خەرجی و فرۆشتنی نەوت.

٤.گرتنەبەری سیاسەتێکی شەفاف و سەرکەوتوانەی نەوت

٥.پیادەکردن و جێبەجێکردنی یاسای غاز و نەوتی هەرێمی کوردستان و دامەزراندنی کۆمپانیاکان و صندوقی داهاتە نەوتیەکان بە پێی یاسای ژمارە ٢٢ ی ساڵی ٢٠٠٧ی غاز و نەوتی هەرێمی کوردستان.

٦. بەمیللی کردنی نەوت و داهاتەکانی و دروستکردنی ئیجماعێکی سیاسی و جەماوەری لە دەوری سیاسەتی نەوتی هەرێم و دەرکردنی لە قۆرخکاری بنەماڵە و حیزب و سەرکردە.

٧. بەدڵنیاییەوە نەوت و غازی سروشتی کوردستان ڕۆڵ و کاریگەری گەورەیان دەبێت لە هەنگاونان و بیرکردنەوە لە ڕاگەیاندن و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی ئەگەر بەباشی و بەووردی مامەڵەی لەگەڵدا کرا، چونکە ئەو مەسەلەیە مەسەلەیەکی هەستیارە و پەیوەندی بە دەوڵەتانی ناوچەکە و هاوسەنگی سیاسیی و ئابوری و سەربازی دونیاو زلهێزەکانیشەوە هەیە.

**سەرچاوە:**


١. دەستوری عێراقی هەمیشەیی ساڵی ٢٠٠٥.
٢. یاسای غاز و نەوتی هەرێمی کوردستان ژمارە ٢٢ ساڵی ٢٠٠٧.
٣. پێگەی وەزارەتی نەوتی عێراقی.

٤. ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٥. پێگە جیاوازەکانی ئەنتەرنێت.

٦. سایت و ڕۆژنامە کوردی و عەرەبیەکان.

---

* ئەم بابەتە لە سمینارێکی زانستی لە زانکۆی کۆمار بۆ زانست و تەکنەلۆجیا لە سلێمانی لە بەرواری ٢٠١٧/٥/١٥دا پێشکەشکرا بە خوێندکاران و مامۆستایانی زانکۆکە.

# نوسەر لەچەند دێڕێکدا



## ( نەوزادی موهەندیس )

- لەدایك بووی ساڵی ١٩٧٠ لەگوندی کەڵەکنی سەر بەناحیەی سەرچنار لە سلێمانی
- قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی لەگوندی کەڵەکن و ناوەندی ودواناوەندی لەشاری سلێمانی و زانکۆی لەشاری بەغداد تەواوکردوە

- دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاری کیمیاوی / پسپۆڕ لە نەوت وپترۆکیمیاویاتدا لەزانکۆی تەکنەلۆژی لەبەغداد ساڵی ۱۹۹۰-۱۹۹۱
- سەرنوسەری گۆڤاری ئەندازیارانە لەساڵی ۲۰۰۲وە
- بەڕێوەبەری کارگەی جگەرەی سلێمانی سەر بە وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە ۲۰۱۳/۹/٤وە
- لەساڵی ۲۰۱٤دا کاندیدی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوە لە سنوری پارێزگای سلێمانیدا بۆ ئەندامی پەرلەمانی عێراق .
- چەند جارێك پاڵێوراوە بۆ پۆستی بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.
- لەساڵی ۲۰۱٦دا بۆتە ئەندامی ئەنجومەنی ئەکادیمیای هوشیاری و پێگەیاندنی کادران لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا.
- **لەکتێبە بڵاوکراوەکانی نوسەر:-**

١. ڕیفۆرم لەم قۆناغەی ئێستای کورددا بۆ ؟ ساڵی ۲۰۰٦

٢. کوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەردەم گۆڕانکاری گەورەو کتوپڕدا. ساڵی ۲۰۰٦

٣. کوردایەتی لەنێوان دروشم و واقیعدا .ساڵی ۲۰۰۷

٤. بیرۆدۆزەی فەوزای دروستکەر.ساڵی ۲۰۰۷

٥.ڕێبازی سۆشیال دیموکرات و کۆمەڵگای کوردەواری ساڵی ۲۰۰۸

٦.کرۆنۆلۆژیای خەبات و تێکۆشانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان . ساڵی ۲۰۰۸

٧. مێژووی هۆزی گەڵباخی لە سەرچاوە مێژووییەکانەوە .ساڵی ۲۰۱۲

٨. دومۆزی مەلەك تاووس / لێکۆڵینەوەیەك لە ڕەگ و ڕیشەی ئاینی دێرینی کوردی // وەرگێڕان ساڵی ۲۰۱۲

٩. خێڵ و نەتەوە لە تەرازووی دەسەڵاتی سیاسی کوردیدا .ساڵی ۲۰۱۲

١٠. یەکەمین سەرکێشی عەقل/ لێکۆڵینەوەیەك لە ئەفسانە، سوریا، وڵاتی دوو ڕووبار//وەرگێڕان ساڵی۲۰۱۳

١١.نیو سەدە لە مێژووی کارگەی جگەرە و پوختەکردن و ترشاندنی توتن لە شاری سلێمانی.ساڵی ۲۰۱۳

١٢. دەسەلأتی ئیسلامیەکان لەنێوان ترس و ئومێددا. سالّی ٢٠١٧

- خاوەنی دەیان بابەتی ( سیاسی و ئابوری وئیداری و زانستیە ) لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردوستان و سایتەکانی ئینتەرنێتدا بە زمانی کوردی و عەرەبی. لەسالّی ١٩٩٦وە.

********************************
******************************
************************
**************
*****
*